www.perawipepwle.com

تصویر ابو عبد الرحمن الکردي

# فرهنگ فارسی ـ کُردی

## دانشگاه کردستان

(سه جلدی)

جلد سوم

ع - ی

به سرپرستی

ماجد مردوخ روحانی

*Every other author may aspire to praise; the lexicographer can only hope to escape reproach, and even this negative recompense has been yet granted to very few.*

*Dr. Samuel Johnson*

# فرهنگ دانشگاه کردستان

## فارسی-کردی (سه جلدی، جلد سوم)

### به سرپرستی ماجد مردوخ روحانی


**ویراستاران**

ماجد مردوخ روحانی (سرویراستار)

مهدی سنندجی * محمد ژیان امینی * یدالله پشابادی * محی‌الدین کریمیان

**دستیار ویراستاران**

بهرام بهرامیان * وریا دیوانی * ایرج مرادی

**نمونه‌خوانی**

افشین بهاری‌زر

**حروفچینان**

محی‌الدین کریمیان * وریا و نسترن دیوانی * فخرالدین آمیدیان

**پشتیبانی نرم‌افزاری**

هیوا رستمی‌زاده

**دیگر همکاران و مراحل همکاری، به شرح جلد اوّل**

**نیز:** زکریا بزدوده، خلیل محمدی، زاهد کریمیان، مبین لطیفی

سرشناسه: مردوخ روحانی، محمدماجد، ۱۳۳۷
عنوان و نام پدیدآور:
فرهنگ فارسی ـ کردی/ ماجد مردوخ روحانی.
مشخصات نشر: سنندج: دانشگاه کردستان، ۱۳۸۷
مشخصات ظاهری: ۳ ج.
وضعیت فهرست نویسی: فیپا
یادداشت: پشت جلد به انگلیسی:
Majed M. R. Persian Kurdish dictionary
یادداشت: فارسی ـ کردی.
فهرستنویسی بر اساس جلد سوم
مندرجات: ج.۳.ع ـ ی
موضوع: فارسی ـ ـ واژه نامه ها ـ ـ کردی.
رده بندی کنگره: ۱۳۸۷ ۴ م ۲۳آ / ۳۳۵۶
رده بندی دیویی: ۳ ک / ۹ فا ۴
**شماره کتابشناسی ملی: ۱۳۰۴۵۴۰**

دانشگاه کردستان
فرهنگ فارسی ـ کردی دانشگاه کردستان
به سرپرستی ماجد مردوخ روحانی
جلد سوم ع ـ ی
چاپ اوّل: پاییز ۱۳۸۷
طراحی روی جلد: حمیدرضا زرّی
لیتوگرافی: تندیس

این کتاب در ۳۰۰۰ نسخه در چاپخانه‌ی تندیس نقره‌ای چاپ و
در صحافی گلستان صحافی شد.

بها ۱۲۰۰۰ تومان

حق چاپ محفوظ است.

www.uok.ac.ir/dictionary
مرکزپخش: سنندج، کتاب مهرگان، تلفن: ۲۲۲۵۲۵۹ ۸۷۱ ۹۸+

۱. واکه (مصوت)ها

| واکه | نشانه‌ی آوایی | مثال | آوانگاری |
|---|---|---|---|
| ـَـ(فتحه) | a | دَست | dast |
| ـِـ (کسره) | e | دِل | del |
| ـُـ(ضمّه) | o | گُل | gol |
| ا، ـا، ی | ā | رام | rām |
| | | بار | bār |
| | | کُبری | kobrā |
| ـیـ، ـی | î | شیر | šîr |
| | | باری (باربر) | bārî |
| ـیـ (کوتاه) | i | بلیت | bilît |
| ی (کشیده) | i: | باری (به‌هرحال) | bāri: |
| ـو | û | نور | nûr |
| ـو (کوتاه) | u | فروش | furûš |
| ُ (ضمه‌ی کشیده) | o: | پُلو | polo: |
| اَو | ow | پُلَو | polow |

www.perawipepwle.com

## ۲. همخوان‌ها(حروف بی‌صدا)

| همخوان | نشانه‌ی آوایی | نمونه | آوانگاری |
|---|---|---|---|
| ب | b | بار | bār |
| پ | p | پا | pā |
| ت ، ط | t | تار | tār |
| | | طبل | tabl |
| ث ، س، ص | s | ثبت | sabt |
| | | سال | sāl |
| | | صدا | sedā |
| ج | c | جوان | cavān |
| چ | č | چمن | čaman |
| ح ، ه | h | حرف | harf |
| | | هما | homā |
| خ | x | خوب | xûb |
| د | d | درس | dars |
| ذ ، ز ، ض ، ظ | z | ذهن | zehn |
| | | زیبا | zibā |

| همخوان | نشانه‌ی آوایی | نمونه | آوانگاری |
|---|---|---|---|
| | | ضَرب | zarb |
| | | ظُلم | zolm |
| ر | r | راه | rāh |
| ژ | j | ژاله | Jāle |
| ش | š | شیر | šîr |
| غ ، ق | q | غار | qār |
| | | قند | qand |
| ف | f | فردا | fardā |
| ک | k | کاخ | kāx |
| گ | g | گُرگ | gorg |
| ل | l | لاک | lāk |
| م | m | ماه | māh |
| ن | n | نان | nān |
| و | v | وزن | vazn |
| ی | y | یاد | yād |

### ۳. حروف همخوان /ء/ و /ع/

همزه و عین در زبان فارسی تلفظ یکسان دارند و در این کتاب با نشانه‌ی /'/ آوانگاری شده‌اند؛ مانند: اَلم (درد و رنج) و عَلَم (پرچم)؛ که هر دو «'alam» خوانده می‌شوند.

| حرف | نشانه‌ی آوایی | نمونه | آوانگاری |
|---|---|---|---|
| ء | ' | شیء | Šey' |
| أ | | أرز | 'arz |
| ـأ | | مأنوس | ma'nûs |
| ؤ | | رؤیا | ro'yā |
| ئـ | | رئوف | ra'ûf |
| ع | | عَکس | 'aks |
| | | عِلم | 'elm |
| | | عُرف | 'orf |
| | | عود | 'ûd |
| | | سعید | sa'îd |
| | | فعّال | fa''āl |
| | | وسیع | vasî' |

باید توجه داشت که هجا هیچگاه با واکه (مصوت) شروع نمی‌شود. به عبارت دیگر سَرِ هجا باید حرف همخوان (صامت) باشد. از این روست که صداها اگر در ابتدای واژه قرار گیرند، با همزه (کوتاهترین همخوان از نظر کششی) خوانده می‌شوند. مانند: آسان ('āsān)، اَبر('abr)، این ('în)، اِسم('esm) ، او('û)، و اُنس('ons).

## نشانه‌های به کار رفته در این فرهنگ

| نشانه | کاربرد |
|---|---|
| . (نقطه) | پایان سرواژه، پس از جایگاه دستوری |
| ؛ (نقطه‌بند) | بین کلمات و گاهی عبارات مترادف |
| ، (ویرگول) | توقف کوتاه |
| : (دو نقطه) | قبل از ریشه‌ی واژه و برای توصیف |
| [ ] (کروشه) | ریشه‌ی لغت |
| / / (کروشه خوابیده) | حوزه‌ی معنایی |
| ( ) (کمان) | توضیح بیشتر |
| ☜ | ارجاع یک واژه به واژه‌ی دیگر |
| ‹ › | شاهد یا مثال به کار رفته در تعریف‌ها |
| // // | صرف مصدر |
| / / | جدا کردن تلفظ و نشانه‌ی جمع |
| / | یا |
| * | مترادف بودن یک واژه با همه‌ی تعریف‌ها |
| ▣ | زیر مدخل فعلی |
| ▣ | زیر مدخل اسمی |
| □ | جدا کردن تعریف مصدرهای لازم و متعدی |
| ! | تعجب، خطاب، تأکید |
| ؟ | پرسش |
| ■ | صفت فاعلی، صفت مفعولی و مصدر منفی، در پایان مصدرها |
| - - | جمله‌ی معترضه |
| - | بین اجزای برخی ترکیب‌ها |

# ع

**ع** / '/: *حرف.* ع: ۱. نیشانەی بیستوویەکەمین پیتی ئەلفوبێتکەی زمانی فارسی کە لە وشە ڕەگەز عەرەبیەکاندا بەکار دەڕوا ۲. کورتکراوەی وشەی «علیه‌السلام» ڕێزناوێک بۆ پێغەمبەران یان پێشەوایانی دینی.

**عائد** / 'ā'ed/: [عربی] ☜ **عاید**

**عائله** / 'ā'ele/: [عربی] ☜ **عایله**

**عائله‌مند** / 'ā'elemand/: [عربی/ فارسی] ☜ **عایله‌مند**

**عائله‌مندی** / 'ā'elemandî/: [عربی/ فارسی] ☜ **عایله‌مندی**

**عابد** / 'ābed/ ، ـان/: [عربی]/*سم.* ۱. خواپەرست؛ خوداپەرەست؛ خواپێس؛ ئەوەی زۆرترین کاتی ژیانی بە پەرستینی خودا و ڕاز و نیاز دەباتە سەر ۲. پەرستیار؛ پەرستکار؛ کەسێ کە زۆر عیبادەت دەکا.

**عابر** / 'āber/ ، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی]/*سم.* ڕێبوار؛ ڕێوار؛ ڕێبگار؛ ڕاویار؛ ڕێوگار؛ ڕێڕەو؛ ڕێوینگ؛ ڕاگوزەر؛ کەسێ کە لە ڕێگا یان بگارێکەوە تێدەپەڕێ ‹عابر سواره: ڕێبواری سواره›.

**عابربانک** / 'āberbānk/ ، ـها/: [عربی/ فرانسوی] */سم.* سیستەمێکی کامپیوتەری لە دەرەوەی بانکدا کە خاوەن حساب دەتوانێ بە کارتێکی تایبەت کاری وەرگرتن و دانانی پارەی پێ جێبەجێ بکا.

**عاج** / 'āc/: [عربی]/*سم.* ۱. ☜ **آج ـ۱** ۲. شانەی ئێسکئاسای بەشی ناوەوەی ددان کە مینا دایپۆشیوە ۳. /ـها/ خیل؛ عاج؛ ئاج؛ شەلفە؛ بڕە؛ مەرقوول؛ مایی؛ شیرمایی؛ کەڵبە؛ گیرە؛ شفرە؛ ماکێکی ئێسقانی سپی یان شیری، ڕەق، ڕوون و دەنک وردە کە وەک ددانێکی دڕێژ لە دەمی فیل، بەراز و بڕێ گیانەوەری‌تر‌ەوە دەردێ.

**عاجز** / 'ācez/: [عربی] *صفت.* ۱. بێ دەسەلات؛ دەسەوسان؛ بێدەستودوو؛ دەس‌بەستە؛ دەستوپێ سپی؛ بێدەست؛ دەسەپاچە؛ ناتوان؛ بێتەشە؛ بێهێز؛ جووز؛ کەمتوانا ‹او از انجام دادن وظیفه‌های خود عاجز است: ئەو لە جێبەجێکردنی ئەرکی خۆیشیدا بێدەسەلاتە› ۲. /عَجزه/*[مجازی]* بێبەش؛ بێوەری؛ ئووف؛ کەمئەندام (وەک کوێر یان شەل) ‹پیرمرد بیچاره از چشم عاجز است: پیرەمێردی هەژار لە چاو بێبەشە› ۳. داماو؛ داماگ؛ تێماو؛ دەستەوسان؛ ئاس؛ دامای ‹از دست این مرد عاجزم: لە دەست ئەم کابرایە داماوم›.

▣ **عاجز شدن**: دامان؛ پەک کەفتن؛ دەرمەنە بوون؛ سیار بوون؛ دەستەوسان بوون؛ وەستیان؛ مەنایرە؛ لێ کەوتە/ لەکەفتە بوون.

هەروەها: **عاجز بودن؛ عاجز کردن؛ عاجز ماندن**

**عاجزانه** / 'ācezāne/: [عربی/ فارسی] *قید.* داماوانە؛

داماگانه؛ لێکەفتیانه؛ ڕاڤەکی: ١. لە ڕووی داماویەوە ٢. بە شێوەی داماوان و بێدەسەلاتان ‹عاجزانە تقاضا دارم کە بە درخواست ایـن جانـب توجـه شـود: داماوانـه داواکـارم سـەرنجێکی داخوازەکـەم بدەن›.

**عاجل** / ācel /: [عربی] *صفت. [ادبی]* بەپەلە؛ بەلەز؛ بە هەشتاو؛ خێـرا؛ گـورج؛ دەمـاودەم؛ کـرژ؛ بـە مەودای کاتی کەم.

**عـاد** / ād(d) /: [عربـی]/*سـم. [ریاضـی]* دابـەش؛ یەکێک لەو دوو ژمارە کە ئەویتریان بە سـەریدا دابەش دەبێ (وەک ٣ بۆ ١٢).

▣ **عـاد کـردن**: دابەشـین؛ دابـەشکـردن؛ بـە ژمارەیـەک، ژمارەیـەکیتـر دابـەش کـردن ‹مێگوییم ٣، عدد ١٢ را عـاد مـی‌کنـد: ئێـژین ٣، ژمارەی ١٢ دابەش دەکا›.

**عادات** / ādāt /: [عربی] جمعِ ☜ **عادت**

**عادت** / ādat /، ـها؛ عادات/: [عربی]/*سم.* ١. خـوو؛ خۆ؛ خدە؛ هووک؛ هووت؛ هەرش؛ چـاش؛ کـاری کە دوای پێ فێـر بـوونی، ناویسـتەکی دووپـات دەکرێتەوە ‹او عادت بدی داشت، همیشـه بـا گوشـش بازی می‌کرد: ئـەو خوویـەکی خراپـی گرتبـوو، هـەر دەستی بە گوێیەوە بوو› ٢. کار و ڕەوتی داهـاتن؛ ڕاهـاتن؛ هـین؛ هـووین؛ سـا؛ ڕز؛ هـۆگرەتی نەویستی بە وەرگرتنی شتێ بە هۆی چەند پاتە بوونەوە ‹به زندگی در این شهر عادت کرده‌ام: بە ژیـان لەم شارە ڕاهاتووم›.

▣ **عادت مألوف**: پیشە؛ کسم؛ خوو؛ ئامختە؛ ورد خەوەر؛ عادەتێ کە بووەتە بەشێ لـە ئاکـاری هەمیشەیی کەسێک.

**عادت ماهانه**: پۆن؛ مەهک؛ مەهکی؛ مـەهیک؛ بێنوێژی مانگانەی ژنان.

▣ **عادت دادن**: فێرکردن؛ هووکـارەکردن؛ متـو دان؛ شـێرەکە دان؛ ڕز دایـن؛ کەسـێک بـە خوویەکەوە گۆچ کردن ‹سُهره را عادت داده بـود اول صبح بخواند: سەیرەکەی فێر کردبوو سـەر لـە بەیانی بچرێکێنێ›.

عـادت داشـتن: فێـر بـوون؛ هووکـارە بـوون؛ عادەت بوون؛ لۆس بوون؛ چەشەخوەرە بـین؛ کارێک بـەبێ بـیر لـێکردنـەوە ئەنجامـدان.

**هەروەها: عادت کردن**

عادت کسی بودن: فێر بوون؛ خووی کەسـێک بوون؛ عادەتی کەسێک بوون؛ هووکی کەسـێ بوون ‹عادتش بود غروبها بنشیند جلو در: فێـر بـووە ئێواران لە بەر درگاوە دانیشێ›.

**از عادت افتادن**: لە خـوو کـەوتن؛ لـە هـووک کەوتن؛ لە هوکـارە چـین؛ دەس لـە عـادەت کێشان ‹وقتی بازنشسته شـد از عـادت سـحرخیزی افتاد: کاتێ وەنیشتە بوو لە خـوێی زوو هەسـتانی بەیانان کەوت›.

**عادتاً** / ādatan /: [عربی] *قید.* بە عادەت؛ لە ڕووی خوو و خدەوە ‹عادتـا صبح زود بیـدار مـی‌شـوم: بـە عادەت بەیانیان زوو ڕادەبم›.

**عادت‌شناسی** / ādatšenāsî /: [عربی/ فارسی]/*سم.* هووکناسی؛ خووناسی؛ ئەو زانستە کـە لـە سـەر خۆ و خدەی مرۆڤ و چۆنیـەتی سەرهەلـدان و گۆڕانیان دەکۆلێتەوە.

**عادل** / ādel /: [عربی] *صفت.* دادگەر؛ دادپەروەر؛ ڕاستخواز؛ دادپرس؛ خاوەن کـردەوەی گونجـاو بەرامبـەر بـە داد و قـانوون ‹حاکم عـادل: مـیری دادگەر›.

**عادلانـه**[1] / ādelāne /: [عربـی/ فارسـی] *صـفت.* دادپەروەرانـە؛ دادگەرانـە؛ سـازگار لەگـەل داد ‹تقسیم عادلانه؛ ڕأی عادلانه: دابەشینی دادپەروەرانە؛ ڕای دادگەرانە›.

**عادلانه**[2]: *قید.* دادپەروەرانە؛ دادگەرانە؛ لـە ڕووی داد یان سازگار لەگەل دادا ‹با کارگرانش عادلانـه رفتـار مـی‌کـرد و حـق همـه را مـی‌داد: لەگـەل کرێکارەکانیـدا دادگەرانـە دەجوولایـەوە و مـافی هەموویانی دەدا›.

**عـادی**/ ādî /: [عربـی] *صـفت.* ئاسـایی؛ ئـالوە:

۱. سازگار یان بەرامبەر لەگەڵ خوو یان نەریتدا ‹برنامەی عادی: بەرنامەی ئاسایی› ۲. بێ‌هیچ تایبەتمەندیەکی بەرچاو ‹حرفهای عادی مەزدیم: قسەی ئاساییمان دەکرد›.

**عار** / ār'/: [عربی]/سم. نەنگ؛ شەرم؛ شووەیی؛ شووەر؛ تەشک؛ کەشک؛ عەیب؛ خەوش؛ فەیت؛ عار؛ حار؛ هەستی شەرمەزاری لە کردنی کارێ یان قەبوڵکردنی دۆخێ.

▣ **عار آمدن:** پێ شووەیی/ عەیب/ نەنگ بوون؛ عار/ نەنگ لێهاتن؛ عار وەنە ئامای؛ کەشک ئاما ونەی ‹عارس می‌آمد از دیگران قرض بخواهد: پیی شووەیی بوو لە خەڵک دەستەواو وەرگرێ›.

هەروەها: **عار داشتن**

**عار نبودن:** شووەیی/ نەنگ/ عەیب/ عار نەبوون؛ عار نەبیەی؛ هۆی شەرمەزاری نەبوون ‹کار عار نیست: کار شووەیی نیە›.

**عارض** / ārez'/: [عربی]/سم. ۱. [ادبی] ڕوومەت؛ دیمەن؛ دیم؛ دەم و دیم؛ دەم و چاو؛ چار؛ دەمەچاو؛ چێرە؛ بیچم؛ قەلافەت؛ سیما؛ ڕوخسار ‹عارضش قرص قمر را به کناری زده بود: ڕوومەتی دەیگوت بە مانگی چوارده چیتر هەڵ مەیە› ۲. دادبەر؛ سکالابەر؛ سکالاگەر؛ ئەوەی بۆ بەرپرسێک داوخواز دەنووسێ و لە کەسێ یان شتێ سکالا دەکا ۳. تووشیار؛ دارەما؛ ئەوەی دێتە ڕوو ‹سردرد شدیدی عارضش شد: سەر ئێشەیەکی پیس تووشیاری بوو›.

▣ **عارض شدن:** ۱. تووشیار بوون؛ دارەما بوون؛ دیاریدان و تووش هاتنی بارێ بەتایبەت دەرد و نەخۆشی ‹مدتی چشمدرد عارض شد و بعد هم سردرد: ماوەیەک چاوئێشە تووشیار بووم و دواتریش سەرئێشە› ۲. داد/ شکات بردنەبەر؛ عەریزە نووسین ‹از دستش به دادگستری عارض شدم: لە دەستی شکاتم بردە بەر دادگا›.

**عارضه** / āreze'، ـها؛ عوارض/: [عربی]/سم. ۱. بەرژەنگ؛ کەت؛ ڕووداو؛ بەتایبەت ڕووداوێکی ناخۆش ۲. نەخۆشی؛ ناساغی ‹عارضەی قلبی: نەخوشی دل›.

**عارضی** / ārezî'/: [عربی] صفت. بەرژەنگی؛ سەرهەڵداو؛ لە دواییدا بەدیهاتوو. بەرانبەر: **طبیعی**

**عارف**[1] / āref'، ـان؛ عُرَفا/: [عربی]/سم. عارف؛ هۆگر و شوێنگری عیرفان.

**عارف**[2]: صفت. [ادبی] عارف؛ خاوەن ڕوانگە و بەرچاوڕووونی.

**عارفانه**[1] / ārefāne'/: [عربی/ فارسی] صفت. عارفانه؛ عیرفانی.

**عارفانه**[2]: قید. عارفانه؛ بە شێوە یان بە ڕەوشتی عارفان.

**عاری** / ārî'/: [عربی] صفت. ۱. [نامتداول] پەتی؛ ڕووت؛ ڕویس؛ ڕووس؛ زەلووت؛ تازی ۲. بێوەری؛ بەدوور؛ بەلا؛ خاڵی؛ هاڵی؛ بێبەش ‹عاری از خطر؛ عاری از درخت: بەدوور لە مەترسی؛ بێوەری لە دار›.

هەروەها: **عاری بودن؛ عاری شدن؛ عاری کردن**

**عاریت** / āriyat'/: [عربی] صفت. [ادبی] دەستخواز؛ ئەمانەتی.

**عاریتی** / āriyatî'/: [عربی] صفت. [گفتاری] ئامانەتی؛ ئەمانەتی؛ بە ئەمانەت.

**عاریه** / āriye'/: [عربی] صفت. خوازتەمەنی؛ خواستەمەنی: ۱. دەستخواز؛ دەستخواز؛ ئەمانەتی؛ ئامانەتی؛ بە دۆخ یان چۆناوچۆنی ئەمانەتی بوون ‹لباس عاریه: بەرگی دەستخواز› ۲. دەسکرد؛ بە دۆخ یا چۆنیەتی دەسکردی ‹دندان عاریه: ددانی دەسکرد›.

▣ **عاریه دادن:** [نامتداول] ئەمانەت دان؛ ئامانەت دای؛ بە ئەمانەت شتێک دان بە کەسێ بۆ ماوەیەک. هەروەها: **عاریه گرفتن**

**عاریه‌ای** / āriye'î'/: [عربی] صفت. [گفتاری] ئامانەتی؛ ئەمانەتی؛ دەستخواز.

**عازم** / āzem'/: [عربی] صفت. ڕوونیا؛ ڕوانە.

**عاشق**[1] / āšeq/: [عربی]/سم. ١. ـان؛ عشّاق/ ئەوینـدار؛ ئەڤیندار؛ بەنـدەوار؛ دڵـدار؛ عاشـق؛ ئاشق؛ ئاشقە؛ دڵبەستە؛ دلکەتی؛ دلدار؛ دڵداگ؛ دڵداده؛ هەڤیندار؛ هەزکـەر؛ ئـەراگیل؛ هـۆگر و دڵبەستەی یەکجار زۆر بە شـتێ یـان کەسـێک ٢. ـهـا/ سـترانبێژ؛ ژەنیـار و چیرۆکڤـانی نـاو کۆلانان کە چـیرۆک و دیرۆکـی ئازەربایجـان و تورکمان دەگێڕێتەوە.

▣ **عاشـق سـینەچـاک**: *[مجـازی]* ئەوینـداری سەوداسـەر؛ عاشـقی دڵبرینـدار؛ عاشـقی سووتاو؛ کەسێ کە دینی ئەوینە.

**عاشق**[2] / ـان/: *صفت.* دڵبەستە؛ ئەوییندار؛ ئەڤیندار؛ ئـەوینار؛ دڵـدار؛ دلکـەتی؛ عاشـق؛ دڵـداده؛ بـە هۆگری و دڵبەسـتەیی زۆرەوە بـە کەسـێ یـان شـتێ ‹او عاشـق کـارش بـود: (ئـەو) دلبـەسـتەی کارەکەی بوو›. هـەروەها: **عاشـق بـودن؛ عاشـق شدن**

**عاشـقانه**[1] / āšeqāne/: [عربـی/ فارسـی] *صـفت.* عاشقانه؛ ئەوینداراناـه؛ دڵـدارانه ‹نامـەی عاشـقانه؛ روابط عاشقانه: نامەی عاشقانه؛ پێوەندی دلدارانه›.

**عاشقانه**[2]: *قیـد.* ئەوینداراناه؛ دڵدارانه؛ عاشقانه؛ بـە ئـەوین؛ وەک یـان بـە شـێوەی عاشـقان ‹او را عاشقانه دوست داشت: نەویندارانه خۆشی‌دەویست›.

**عاشق پیشگی** / āšeqpîšegî/: [عربی/ فارسی]/سم. دڵداریتی؛ سەوداسەری؛ دڵپارسەکی ‹وقتـی سـر کار رفت و نان درآورد، عاشق‌پیشگی از سرش مـی‌افتـد: که چووه سەر کـار و نـانی دەرهێنـا، دلـداریتی لـه سەری دەکەوێ›.

**عاشق‌پیشه** / āšeqpîše/ ، ـها؛ ـگان/: [عربی/ فارسی] *صفت.* دڵدار: ١. سەوداسەر؛ دڵپارسەک؛ خاوەن خوو یان هۆگری عاشقی ئەم و ئەو بوون ‹جـوان عاشق‌پیشـه: لاوی دلـدار› ٢. خـاوەن عـادەت یـا هۆگری عیشقبازی.

**عاشـقی** / āšeqî/: [عربـی]/سـم. ئەوینـداری؛ ئەڤیندارى؛ عاشقی؛ بەنـدەواری؛ دلـداری؛ دۆخ یان چۆنیەتی عاشق بوون ‹گرسنگی نکشیدی کـه عاشـقی از یـادت بـرود: برسـیەتیت نەکێشـاوە کـه نەویندارى لە بیرت بچێتەوە›.

**عاشـورا** / āšûrā/: [عربـی]/سـم. عاشـوورا؛ رۆژی دەهـەمی مـانگی موحـەڕڕەم لـە سالـی مانگیدا.

**عاصـی** / āsî/: [عربـی] *صـفت.* ١. *[نامتـداول]* سـەرپێچی‌کـار؛ لاسـار؛ نافـەرمان؛ یـاخی؛ سـەرياخی؛ سـەرکێش؛ سـەربزێو؛ خـرس؛ نەگریس؛ سەهنە؛ سەهندە؛ سەهەند ٢. *[گفتاری]* یاس؛ گیانەسەر؛ گیرخـواردوو؛ حاسـیە؛ عاسـێ؛ جارِز؛ جارِس؛ هەراسان. هەروەها: **عاصی بـودن؛ عاصی شدن؛ عاصی کردن**

**عاطفه** / ātefe/ ، ـها؛ عواطف/: [عربی]/سم. ١. سۆز؛ خواستی دەروونی؛ هەسـت و نەسـت؛ توانسـت یـان لێهـاتوویی بـۆ نیشـاندانی ئـەوەی لـه دەروونداىه ٢. *[مجازی]* میهرەوانی؛ دڵۆڤانی.

**عاطفی** / ātefî/: [عربی] *صفت.* ١. سۆزدار؛ بەسۆز ‹رفتـار عـاطفی: جوولانـەوەی سـوزدار› ٢. خـاوەن میهرەوانی و دڵاوایی.

**عاطل** / ātel/: [عربی] *صفت. [ادبی]* بێکار؛ بێکـارە؛ بەتاڵ؛ حەتاڵ؛ مازور.

**عاطل و باطل** / ātel-o-bātel/: [عربی] *قید.* خوێڕی و بوێری؛ بەتاڵ و قەتاڵ؛ خوێڕیلـه و بـێ‌کەڵـک ‹نگذار پسرت عاطل و باطل بچرخد: حیف است این پول عاطل و باطـل بمانـد: مەهێڵـە کوڕەکـەت خوێـری و بوێری بسووڕێتەوە؛ حەیفە ئەم پارەیە بەتاڵ و قەتاڵ داکەوێ›.

**عافیـت** / āfiyat/: [عربـی]/سـم. تەندروسـتی؛ لەش‌ساغی؛ ئێڤنۆیەتی؛ سـاخی؛ دۆخـی ڕزگـار بوون لـه دەسـت چـەوتی یـان چەڵـەمەیەکەوە (وەک بەلا و نەخۆشی و ...).

**عافیت‌طلـب** / āfiyat.talab/ ، ـها؛ ـان/: [عربـی] *صفت.* لەش‌خۆشەویست؛ گیان‌خۆشەویسـت ‹آدم عافیت‌طلب هیچ کاری نمی‌کند تـا گربـه شـاخش نزنـد:

مرۆی گیان‌خۆشه‌ویست هیچ ناکا، نه‌کا گوڵی کاڵ بێته‌وه›.

**عافیت‌طلبی** / 'āfiyat.talabî ، ـها/: [عربی]/سم. له‌ش‌خۆشه‌ویستی؛ گیان‌خۆشه‌ویستی؛ ئاکاری که نیشانه‌ی خۆبوێری له مه‌ترسی و گه‌زنه ‹عافیت‌طلبی خیلی وقتها بار وجدان می‌شود: لەش‌خوشەویستی زۆرجاران دەبێتە سەرباری ویژدان›.

**عاق** / (q)āq/: [عربی]/سم. عاق؛ شیرلێ حه‌رام؛ ئه‌وی بێ‌فه‌رمانی دایک و بابی ده‌کا و به‌ر تووک و نفرینیان ده‌که‌وێ.

▣ عاق کردن: عاق‌کردن؛ منداڵ به هۆی نافه‌رمانی نفرین‌کردن ‹اگر بخواهی این دختر را بگیری تو را عاق می‌کنم: ئه‌گه‌ر بته‌وێ ئه‌م کچه بخوازی عاقت ده‌که‌م›.

**عاقبت**[1] / 'āqebat ، عواقب/: [عربی]/سم. ئاخر؛ ئاکام؛ دواهات؛ دوماخر: ۱. دواڕۆژ؛ سه‌رئه‌نجام؛ سه‌ره‌نجام؛ ئاقیبه‌ت؛ ئه‌نجام؛ دوماهی؛ پێژور؛ دمه‌ی؛ به‌شی دوایی یان ئاخری کار یان ڕووداوێ ‹عاقبت زندگی؛ عاقبت کار: سه‌رئه‌نجامی ژیان؛ ئاخری کار› ۲. [مجازی] ئاخر؛ شۆنهات یان سه‌ره‌نجامی کارێ ‹به عاقبت این کار فکر کردی؟: بیرت له دواهاتی ئەم کاره کردۆته‌وه؟›.

▣ عاقبت نداشتن: دواهات نه‌بوون؛ ئاخر نه‌بوون؛ دواڕۆژ نه‌بوون؛ ئاکام نه‌بوون؛ ئاقیبه‌ت نه‌بوون؛ فێڕۆ یان ئاخرشه‌ڕ بوون ‹این کار عاقبت ندارد: ئەم کاره ئاخری نیه›.

**عاقبت**[2]: *قید.* ئاخری؛ دواخری؛ دوماخری؛ دوایی؛ سه‌رنجام؛ ده‌ره‌نجام؛ دمایێ؛ له کۆتاییدا ‹عاقبت راضی شد با ما بیاید: ئاخری ڕازی بوو ڕگه‌ڵمان که‌وێ›.

**عاقبت‌اندیش** / 'āqebatandîš ، ـها؛ ـان/: [عربی/فارسی] *صفت.* تێ‌بین؛ دوورنواڕ؛ دووربین؛ دوابین.

**عاقبت‌به‌خیر** / 'āqebatbexeyr/: [عربی/فارسی/عربی] *صفت.* عاقیبه‌ت‌به‌خێر؛ ئاخرچاک؛ ئاخرخاس؛ به ئاکام و داهاتوویه‌کی باش و به‌خته‌وه‌ره‌وه ‹سارا با آرام ازدواج کرد و عاقبت‌به‌خیر شد: سارا شووی کرده ئارام و عاقیبه‌ت‌به‌خێر بوو›.

**عاقد** / 'āqed/: [عربی]/سم. ۱. ماره‌بڕ؛ که‌سێ ژنێ بۆ پیاوێ ماره ده‌بڕێ ‹عاقد خطبه‌ی عقد را جاری کرد: ماره‌بر ماره‌یانی بڕی› ۲. گرێده‌ر؛ په‌یمان‌به‌ست.

**عاقرقرحا** / 'āqerqarhā/: [معرب/آرامی؟]/سم. گوڵه‌ده‌وری؛ ڕه‌گه‌ڕووته؛ ده‌رمانه‌ئازار؛ گوڵه‌ئێش؛ گیایه‌کی ئالیکی و ڕازێنه‌یی، به لاسکی بچووک و زۆر، گه‌ڵای تووکن به ڕه‌نگی که‌سکی ئاماڵ شین و دوو جۆر گوڵه‌وه، ڕه‌گ و گه‌ڵاو گوڵه‌که‌ی بۆنخۆشه و که‌ڵکی ده‌رمانیشی هه‌یه: **مُخلّصه**

**عاقل** / 'āqel ، ـها؛ ـان؛ عُقَلا/: [عربی]/سم. ژیر؛ هیر؛ ژیرمه‌ند؛ به ئاوه‌ز؛ مژیوه‌ر؛ ئاوه‌زمه‌ند؛ ژیره‌ک؛ ژیرلێ؛ عاقڵ؛ ماموتک؛ چه‌که‌سوو؛ زه‌ین‌ساخ و لێهاتوو له دروست بیرکردنه‌وه‌دا ‹آدم عاقل چنین کاری نمی‌کند: مرۆی ژیر کاری وا ناکا›.

**عاقلانه**[1] / 'āqelāne/: [عربی/فارسی] *صفت.* ژیرانه؛ ژیرمه‌ندانه؛ ئاقلانه؛ ژیره‌کانه؛ خاوه‌نی دۆخ یان چۆنیه‌تی سازگار له‌گه‌ڵ ئاوه‌زدا ‹تصمیم عاقلانه: بڕیاری ژیرانه›.

**عاقلانه**[2]: *قید.* ژیرانه؛ ژیرمه‌ندانه؛ ئاقلانه؛ ژیره‌کانه به داب یان به شێوه‌ی ژیران ‹عاقلانه رفتار کن: ژیرانه بجوولێوه›.

**عاقل‌مرد** / 'āqelmard ، ـها؛ ـان/: [عربی/فارسی] *صفت.* ژیره‌پیاو؛ ماموتک؛ مێرژیر؛ کاڵ (له‌مەڕ پیاو) ‹در آن موقع هم عاقل‌مرد بود: له‌و کاته‌شدا ژیره‌پیاو بوو›.

**عاقله‌زن** / 'āqelezan ، ـها؛ ـان/: [عربی/فارسی] *صفت.* ژیره‌ژن؛ ژنه‌ژیره؛ کاڵ (له‌مەڕ ژن) ‹همسایه‌مان عاقله‌زنی بود: دراوسێکه‌مان ژیره‌ژنێک بوو›.

**عالم** / ālam'/: [عربی]/سم. دنیا؛ دونیا؛ عالەم: ١. جەهان؛ جیهان؛ گێتی؛ هەموو جەهان، زەوین و ئاسمان و گەلەستێرەکان ‹پیدایش عالم: بەدیهاتنی دنیا› ٢. جیهان؛ سەرزەوی ‹کشورهای عالم: ولاتانی دنیا› ٣. *[مجازی]* خەلک؛ خەڵکان؛ گشت مرۆڤ ‹عالم از آن خبر شدند: دنیای تێگەیی› ٤. *[زیست‌شناسی]* زنجیرە ‹عالم حیوانات: دنیای گیانەوەران› ٥. /عوالِم/*[مجازی]* ئاقار؛ کەش ‹عالم تجارت: دنیای بازرگانی›.

▣ **عالم اصغر:** *[فلسفه]* مرۆڤ؛ مرۆ؛ ئینسان؛ بنیادەم؛ بنیام.

**عالم اکبر:** *[فلسفه]* هەموو/ گشت دنیا؛ تەواو دنیا؛ سەرانسەری گێتی.

**عالم**[1] / ālem'/، ـان؛ عُلَما/: [عربی]/سم. مامۆستا؛ مامۆسا: ١. *[قدیمی]* زانستمەند؛ زانیار؛ زانا؛ حان؛ مەحلان؛ مامۆتک ٢. *[مجازی]* مەلا؛ مەلا؛ زانای دینی موسڵمان ‹از عالم پرسیدم، گفت حلال است: لە مەلام پرسی، گوتی ڕەوایە›.

**عالم**[2]: *صفت.* ئاگا؛ هاگا؛ زانا؛ زانیار؛ بەزانست؛ لێزان ‹خدا عالم است: خودا ئاگایە›.

**عالماً** / āleman'/: [عربی] *قید.* بە ئاگایی؛ بە ئاگا؛ ئاگایانە ‹عالماً و عامداً می‌خواست رفیقش را اذیت کند: بە ئاگایی و دەسانقەست دەیەویست هەوالەکەی ئازار بدا›.

**عالم افروز** / ālamafrûz'/: [عربی/ فارسی] *صفت. /ادبی/* دنیادرەوشێن؛ ڕووناک‌کەری سەرانسەری جیهان.

**عالمانه**[1] / ālemāne'/: [عربی/ فارسی] *صفت.* زانایانە؛ زانیارانە؛ زانستیانە؛ زانستمەندانە؛ خاوەن دۆخ یان چۆنیەتی زانستی ‹مقالەی عالمانه؛ تحقیق عالمانه: گوتاری زانایانە؛ لێکۆڵینەوەی زانیارانە›.

**عالمانه**[2]: *قید.* زانیارانە؛ زانایانە؛ زانستمەندانە؛ بە داب یان شێوەی زانایان.

**عالمتاب** / ālamtāb'/: [عربی/ فارسی] *صفت.* دنیاگەشێن؛ جەهان‌گەشێن؛ جیهان‌ڕەوشێن؛ ڕۆشن‌کەرەوەی دنیا.

**عالمسوز** / ālamsûz'/: [عربی/ فارسی] *صفت. /ادبی/* دنیاسۆچن؛ دنیاسووتێن؛ سووتێنەر یا لەناوبەری هەموو دنیا.

**عالمگیر** / ālamgîr'/: [عربی/ فارسی] ☜ **جهانگیر**

**عالمیان** / ālamiyān'/: [عربی/ فارسی]/سم. دنیا؛ گشت دنیا؛ عالەمیان؛ گشت خەڵکی؛ هەموو عالەم ‹عالمیان از دیدن چنین چیزی تعجب می‌کنند: دنیا لە دیتنی ئاوا شتێ سەریان سوڕ دەمێنێ›.

**عالی**[1] / ālî'/: [عربی] *صفت.* ١. بالا؛ بەرز؛ بان؛ هەڤیاز؛ سەر ‹آموزش عالی: هەڤۆتی بالا›: **عالیه** ٢. باش؛ باشی‌باش؛ هەرەباش؛ عال؛ چاک؛ چاکی‌چاک؛ زۆر چاک و لەبەرچاو.

**عالی-**[2]: *پیشوازه.* بلند-؛ بلن-؛ بالا-؛ بەرزە-؛ بەرزە-؛ بلیند-؛ بە چۆنیەتی چاک، شیاو و سەرەوە ‹عالی‌مرتبه: بلندپایه›.

**عالیه** / āliye'/: [عربی] ☜ **عالی**[1]**ـا**

**عام** / ām(m)'/: [عربی] *صفت.* هەموانی؛ گشتی؛ گشکی؛ بەربڵاو؛ هەمە لایەنە. بەرانبەر: **خاص** ‹بار عام: باری هەموانی›.

**عام‌المنفعه** / āmmolmanfa'e'/: [عربی] *صفت.* بە قازانجی هەموانی؛ بە کەڵکی گشتی/ هەموانیەوە.

**عامداً** / āmedan'/: [عربی] *قید. /ادبی/* ئەنقەست؛ دەسانقەس؛ دەسایقەس؛ ئەنقەسی؛ قەسایقەس؛ ئەنقەست؛ دەسقەس؛ ئەنقەستانە؛ دەسقەسانە ‹عالماً و عامداً این کار را کرده است: بە ئاگا و ئەنقەست ئەم کارەی کردووە›.

**عامل** / āmel'، ـها؛ ـان؛ ـین؛ عوامل/: [عربی]/سم. ١. هۆ؛ بۆنە؛ هۆکار؛ کەسێ کە دەبێتە هۆی کارێک ‹مادرشوهرم عامل جدایی ما بود: خەسووم هۆی جیایی ئێمە بوو› ٢. دانراوە؛ داناوە؛ دانیاگ؛ دانریاگ؛ دانیاو؛ ئەوی لە لایەن کەس یان

مەزرینگەیەکەوە کارێکی وەئەستۆ گرتووە ‹عامل بیگانە: داناوەی بیانی› ٣. کارگێڕ؛ کار بەڕێوەبەر ‹عامل فروش: کارگێڕی فرۆش›.

▣ **عامل فروش**: کارگێڕی فرۆش؛ نوێنەری فرۆش.

**عامل نفوذی**: ناردراوە؛ ئەوی لە لایەن دژمنانی تاقمێکەوە بۆ شۆفاری و بشێوەنانەوە، ناردرابێتە ناویان یان لەگەڵیاندا پێوەندی هەبێ.

**عامه** / āmme'/: [عربی]/سم. هەموو؛ گشت؛ گش؛ گشک؛ گرد؛ کۆ؛ پرایی؛ ئاپۆرە: ١. تەواو؛ تێکڕا ‹عامەی مردم: هەموو خەڵک› ٢. خەڵک؛ هەموان؛ کۆمەڵی خەڵکی ئاسایی ‹عامە پسند: خەڵک پەسند›.

**عامەپسند** / āmmepasand'/: [عربی/ فارسی] صفت. خەڵک پەسند؛ گش پەسن؛ هەموو ویست ‹فیلم عامەپسند: فیلمی خەڵک پەسند›.

**عامەفهم** / āmmefahm'/: [عربی] صفت. گونجاو لەگەڵ فام و تێگەیشتنی هەموو خەڵکدا.

**عامی** / ām(m)î'، عوام/: [عربی] صفت. ڕەمەکی؛ نەخوێندەوار؛ نەخوەنە؛ نەخوێندەوار؛ عەوام؛ بێخوێندەواری، بارهاتن یان ئاگایی کۆمەڵایەتی شیاو ‹مرد عامی؛ أدم عامی: پیاوی ڕەمەکی؛ مرۆڤی نەخوێندەوار›.

**عامیانه** / āmiyāne'/: [عربی/ فارسی] صفت. عەوامانە: ١. پێوەندیدار یان سەر بە عەوامەوە ‹گویش عامیانه: زاراوی عەوامانە› ٢. ڕەمەکی؛ بە شێوەی نازانستی یان نەنووسراوە ‹شعر عامیانه: هۆنراوەی ڕەمەکی›.

**عانه** / āne'/: [عربی]/سم. بانەگا؛ پانەگە؛ پانەگا؛ وەرتاسگە؛ ئێسکی ژێر گەدە کە لە دوو لاوە دەگاتەوە ئێسقانی سمت.

**عاید** / āyed'/: [عربی] صفت. دەسکەوت؛ دەستکەوت؛ بەدەستهاتوو؛ دەسهات ‹امسال از باغ چیزی عاید مردم نمیشود: ئەمسال باخ دەسکەوتێکی بۆ خەڵک نابێ›. هەروەها: **عاید شدن؛ عاید کردن؛ عاید گشتن** * **عائد**

**عایدات** / āyedāt'/: [عربی] جمعِ ☜ **عایدی**

**عایدی** / āyedî'، ـها؛ عایدات؛ عواید/: [عربی]/سم. داهات؛ دەرامەت؛ دەسهات؛ دەسکەوت؛ دەسکەفت؛ دەستکەوت؛ بارەچە؛ هۆرتە ‹عایدی امسال کفاف ما را نمیدهد: داهاتی ئەوسال بەشمان ناکا›.

**عایق** / āyeq'، ـها/: [عربی] صفت. بەرگرە؛ بەربەستکەر؛ بەرپێگر؛ بە تایبەتمەندی بەرگری لە بلاوە کردن، دەردان و دەلانی شتێ ‹عایق گرما؛ عایق صوت؛ عایق رطوبت: بەرگرەی گەرما؛ بەرگرەی دەنگ؛ بەرگرەی نم›.

▣ **عایق بودن**: بەرگرە بوون؛ هەبوونی هەموو تایبەتمەندیەکانی بەرگرە. هەروەها: **عایق شدن**

**عایق کردن**: بەرگرە لێدان؛ بەرگرەکردن؛ بەرگری لە بلاوەکردن، دەردان یا دەلانی شتێ بە ماکێکی بەرگرە.

**عایق کاری** / āyeqkārî'/: [عربی/ فارسی]/سم. بەرگرەکاری؛ کار و ڕەوتی بەرگرە لێدان. هەروەها: **عایق‌کار**

**عایله** / āyele'/: [عربی]/سم. ١. جمعِ ☜ **عیال** ٢. خێزان؛ مال و منداڵ؛ خا و خێزان؛ ژن و منال؛ ژەن و زاولە؛ کەسانی ژێر سەرپەرشتی گەورەی مال ‹باید شش سر عایله را نان بدهم: دەبێ نانی شەش سەر خێزان بدەم› * **عائله**

**عایله‌مند** / āyelemand'، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] صفت. خێزانبار؛ خێزاندار؛ ژن و منالدار؛ ژەن و زاولەدار؛ خاوەن خێزان و کەسانی ژێر سەرپەرشتی: **عائله‌مند**

**عایله‌مندی** / āyelemandî'/: [عربی/ فارسی]/سم. خێزانداری؛ خێزانباری؛ بە دۆخ یان چۆنیەتی ژن و زارۆڵەدار بوونەوە: **عائله‌مندی**

**عبا** / ābā'، ـها/: [عربی]/سم. شالک؛ عابا؛ لبادە؛

چووخا؛ چوغا؛ کرومزرهـ ؛ هـهورانی؛ سـهرتهن؛ کهساخه (کـورت)؛ جـاش بالـته (کـورت)؛ جـل پۆشێکی فش و فۆڵه زۆربهی مهلایانی موسڵمان به سهر شانیدا دهدهن.

**عباد** / ebād'/: [عربی] جمعِ ☜ **عبد**

**عبادات** / ebādāt'/: [عربی] جمعِ ☜ **عِبادَت**

**عبـادت** / ebādat'، ـهـا: عبـادات/: [عربـی]/سـم. بهندایهتی؛ کار یان ڕهوتی پهرستین؛ پهرستن؛ ههر کارێ که بۆ بـهرهو خـۆ کێشـانی سـهرنج، یارمـهتی یـان بـهزهیی هێزگـهلی بـهدهر لـه سروشـت ئـهنجام دهدرێ ‹عبـادت خـدا؛ عبـادت خورشـید: بهندایـهتی خـودا؛ پهرستینـی هـهتاو›.

**هەروەها: عبادت کردن**

**عبادتگاه** / ebādatgāh'، ـها: [عربی/ فارسی]/سـم. پهرسـتگه؛ پهرسـگه؛ پهرهسـتگا؛ پهرهسـینگه؛ پرێسـگا؛ پهرهسـیا؛ دێـوهڵ؛ جێگـای تایبـهتی پهرستین ‹مسجد عبادتگاه مسلمانان و کلیسا عبادتگاه مسیحیان است: مزگـهوت پهرسـتگهی موسـڵمانان و کلێسه پهرهستگای خاچپهرستانه›.

**عبـادی** / ebādî'/: [عربـی] صـفت. پهرسـتنی؛ پهرهستنی؛ پێوهندیدار یان سهر به پهرهستنهوه ‹آیین عبادی: ئایینی پهرستنی›.

**عبارات** / ebārāt'/: [عربی] جمعِ ☜ **عبارت**

**عبـارت** / ebārat'، ـهـا: عبـارات/: [عربـی]/سـم. ۱. سارِستە؛ دەستەواژە؛ دەسەوشە؛ کۆڵش؛ دوو یان چەند وشـه کـه سـهرجهمیان ناوهرۆکێکی دیـار نیشـان دهدا یـان وهک یهکهیـهکی تـا ڕادهیهک سـهربهخۆ، لـه چوارچێـوهی ڕسـتهدا بهشداری دهکا ‹«نان بیمنـت» یـک عبـارت اسـت: «نـانی بـێمنـهت» دهسـتهواژهیهکه› ۲. *[دسـتور]* سارِستە؛ دەستەواژە؛ دەسەوشە؛ تاقمێ (دوو یان چەند) وشه که وهک ناو، ئاوهڵناو یان ئاوهڵکردار به کار دهچن، بهڵام کردارێکی دیاریکراویان نیه ۳. *[مجازی]* واتا؛ وته؛ وتار؛ دەراو ‹به عبارت دیگـر: به واتایهکیتر› ٤. *[قدیمی]* زاراوه.

▣ **به عبارت دیگر**: به واتایهکیتر؛ به واتهیهکیتر؛ به قسهیتر.

عبارت است از: بڕێتیه له.

▣ **عبارت بودن**: بریتی/ بـڕێتی/ بریـهتی بـوون؛ داگر/ له خۆگر بوون ‹دارایی او عبارت بود از یـک دسـت کـتوشـلوار: داراییهکـهی بـریتی بـوو لـه کوتوشهلوارێک›.

**عبارت‌پردازی** / ebāratpardāzî'، ـها: [عربـی/ فارسی]/سم. زمانبـازی؛ کـار و ڕهوتی وڕ لێـدان؛ کهڵک وهرگرتنی زۆر و له ڕادهبهر لـه ساڕسـته، زاراوه و نهقڵ لـه نووسـراوه یـان وتارێکـدا ‹ایـن سرمقاله جـز عبـارتپـردازی چیـز دیگـری نـدارد: ئـهم سهروتاره بێجگه زمانبازی هیچیتر نیه›.

**عبـاس‌دوس** / abbāsedows'/: [عربـی]/سـم. *[کنـایی]* سوالـکهری چهقهسـۆ و پـێچـهقێن (سوالکهری بهناوبانگی دیرۆکانی ههزار و یهکشهو).

**عباسی** / abbāsî'/: [عربی]/سم. *[قـدیمی]* ههواسی؛ عهباسـی؛ یهکـهی دراوی ئێـران لـه پێشـوودا، بهرامبهر به ۲۰۰ دینار (۲ ڕیال).

**عبث** / abas'/: [عربی] صفت. بێخـۆ؛ فێـڕۆ؛ فیـڕۆ؛ ههوانته؛ بێهۆ؛ بێهوودە؛ بێکهڵک؛ تهرن؛ گهزاف؛ ئهلتۆش؛ عهلتۆش؛ حاش؛ بێداوی ‹این کـار عبـث است که پولت را زیر متکا قایم میکنی: ئهمـه کـارێکی بێخوێه پوولت له بن سهریندا دهشاریهوه›.

**عبـد** / abd'، عباد/: [عربـی]/سـم. *[ادبـی]* بهنـده؛ بهنه؛ بهند؛ کویلـه؛ کۆڵـه؛ کـۆل؛ کۆیلـه؛ بـهنی؛ وهنـه؛ لێـز ‹عبـد صـالح خـدا: بهنـدهی چـاکی خودا›.

**عبدوعبید** / abd-o-abîd'/: [عربی] صفت. *[گفتاری]* بهندەوبهنی؛ بهندە و بهنیدە؛ کۆیلهی ژێردەستان ‹خیال میکند همه باید عبد و عبید او باشند: وا دهزانـێ هەموو دەبێ بەندە و بەنی ئەو بن›.

**عبرانی** / ebrānî'/: [عربی]/سم. عیبرانی: ۱. هۆزی سامی له فهلهستینی کۆندا که به زمانی عیبری دهئاخاوتن و جوولهکهی ئێستا خۆیان لهو هـۆزه

دەزانن ۲. /ـها؛ ـان/ هەر یەکە لە کەسانی ئەو هۆزە.

**عبرت** / ebrat/': [عربی]/سم. پەند؛ تەرن؛ دەرسی تەمێکاری؛ کار یان ڕووداوێ کە دەبێتە هۆی وریا بوونەوە، ئاگایی یان فێر بوون ‹بهتر است از این شکست عبرت بگیری: باشتره لهم تێشکانه پهند وهرگری›.

▣ **عبرت گرفتن**: پەند وەرگرتن؛ ئامۆژگاری وەرگرتن؛ لە گوێگرتن. هەروەها: **عبرت بودن؛ عبرت شدن**

**عبرت‌آموز** / ebratāmûz/': [عربی/ فارسی] صفت. ئامۆژگار؛ ئامۆژگاری‌کەر؛ بە دۆخ یان چۆناوچۆنیەکەوە کە ببێتە هۆی پەند وەرگرتن.

**عبرت‌انگیز** / ebratangîz/': [عربی/ فارسی] صفت. ئامۆژیار؛ هۆی وریا بوونەوە و پەند وەرگرتن.

**عبرت‌بین** / ebratbîn/': [عربی/ فارسی] صفت. [ادبی] پەندوەرگر؛ پەندگر؛ لەگوێگر؛ گوێبیس؛ گۆشدار؛ لێهاتوو لە دیتنی شتانی ئامۆژگار.

**عبری** / ebrî/': [عربی]/سم. عیبری: ۱. لە زمانگەلی سامی کە خەلکی کەونارای فەلستین قسەیان پێدەکرد ۲. زمانی ئایینی جوو * **عبرانی**

**عبودیت** / 'ubûdîyyat, 'obûdîyyat/': [عربی] اسم. [ادبی] بەندەیی؛ کۆیلەیی؛ بەنیەگی؛ بەندایەتی؛ بەنیاتی؛ کۆلایەتی؛ کۆیلەتی ‹عبودیت غیر خدا را نپذیرفت: بەندەیی بێجگە لە خودای نەکرد›.

**عبور** / 'ubûr, 'obûr/': [عربی]/سم. بوار؛ بگار؛ ویەر؛ تێپەڕ؛ بۆر؛ کار یان ڕەوتی تێپەڕ بوون لە شوێنێکەوە.

▣ **عبور ممنوع**: دۆخی ناڕەوا بوونی تێپەڕین لە شوێنێکەوە.

▣ **عبور دادن**: پەراندنەوە؛ تێپەڕاندن؛ پەڕاننەوە؛ پڕنایوە؛ ئەوەپڕنای ‹پیرزن را از خیابان عبور داد: پیرەژنەکەی لە شەقامەکە پەراندەوە›.

**عبور کردن**: پەڕینەوە؛ پەڕانەوە؛ قەپەڕین؛ قەپەڕیان؛ تێپەڕین؛ پڕایوە؛ تێپەڕکردن؛ بگاردن؛ بوردن؛ ویەردەی؛ بووڕین؛ بۆڕین؛ بۆهارتن؛ تەورین ‹هر روز از آن پُل عبور می‌کرد: هەموو ڕۆژێ لەو پردە دەپەڕیەوە›.

**عبورومرور** / 'ubûr-o-murûr, 'obûr-o-morûr/: [عربی]/سم. هاتوچۆ؛ هاتوچوو؛ هاتن و چوون؛ ئامەوشۆ؛ ئامشۆ؛ ئاموشۆ؛ ئاماولوای؛ ئامەولوەی؛ بزاڤی دوابەدوای خەڵک یان کەرەسەی گواستنەوە لە بواریکەوە ‹عبورومرور ماشین‌ها را از خیابان مولوی بستند: هاتوچۆی ماشینەکانیان لە شەقامی مەولەویەوە بەست›.

**عبوری**[1] / 'ubûrî, 'obûrî/': [عربی] صفت. تێپەڕکەر؛ تێپەڕکردوو ‹ماشین‌های عبوری: ماشینە تێپەڕکەرەکان›.

**عبوری**[2]: قید. بە دەم ڕێوە؛ بە ڕێوە؛ لە ڕێدا؛ ڕانە؛ ڕابەڕا ‹عبوری سری هم به مغازه زدم: بە دەم ڕێوە سەرێکیشم لە دووکان دا›.

**عبوس** / abûs/': [عربی] صفت. تاڵ؛ مۆن؛ گرژ؛ ڕووگرژ؛ ڕوودرژ؛ ڕووترش؛ ڕووکرژ؛ گەمۆر؛ خملوو؛ نژمشۆڕ؛ مڕ؛ لمۆڕ؛ ڕووتاڵ؛ مژمۆڕ؛ مش‌ومۆڕ؛ خوس؛ تووکشین؛ تووش؛ نمرج؛ موج؛ ڕووهشیک؛ مڕ و موچ؛ گفن؛ مرچ؛ دژ؛ دوومێرکی ‹قیافه‌ی عبوس: تووزی گرژ›.

**عبیر** / abîr/': [عربی]/سم. عەبیر؛ ماکی بۆنخۆش تێکەڵی میسک، گوڵاو، سەندەل، زافەران و...

**عتاب** / etāb, atāb/': [عربی]/سم. [ادبی] ۱. ڕووشی؛ شاخە؛ درژ و گرژی؛ تووڕەیی؛ توندی ۲. گازن؛ گازندە؛ لەق؛ سەرفەدە؛ واوێژ؛ وڵە؛ لۆمە؛ سەرکۆنەی دۆستانە.

▣ **عتاب کردن**: ۱. بە سەردا قیراندن؛ لێ تووڕە بوون؛ لێ درژ و گرژ بوون؛ ڕوو لێگرژکردن؛ لێتوند بوون؛ لێئاڵۆز بوون؛ لێ زیز/ زویر

بوون؛ هەلشاخان؛ هەلشاخین ۲. سەرکۆنە کردن؛ واوێژکردن؛ ولەکەردەی؛ لۆمەکردن؛ کۆڕانەوە؛ ڤەچفاندن.

**عتاب‌آلود** / -'etābālûd, 'atāb/: [عربی/ فارسی] *صفت. [ادبی]* درژاوی؛ گرژاوی؛ ڕووشاوی؛ بە تووندی؛ گیزەلانە ‹سخن عتاب‌آلود: قسەی درژاوی›.

**عتاب‌آمیز** / -'etābāmîz, 'atāb/: [عربی] *صفت. [ادبی]* گرژانە؛ درژانە؛ ڕووشانە؛ پیشنانە ‹لحنی عتاب‌آمیز داشت: دەراوی دەمی گرژانە بوو›.

**عتاب و خطاب** / -'etāb-o-xatāb, 'atāb/: [عربی]/سم. درژ و گرژی؛ تونی و تووڕەیی ‹رئیس خیلی بە کارمندش عتاب و خطاب کرد: سەرۆک بە سەر کارگێڕەکەیدا ئێجگار درژ و گرژی دەکرد›.

**عتبات** / 'atabāt/: [عربی] جمع ☜ **عَتَبه**

**عتبه** / 'atabe ، ـها؛ عتبات/: [عربی]/سم. *[ادبی]* دەرگا؛ بارەگا؛ ئاسانە؛ دریا؛ دەرگانە؛ دەرمال؛ دەرچەک؛ دەرازینگ.

**عترت** / 'etrat/: [عربی]/سم. *[ادبی]* ۱. منداڵان؛ منالان؛ زارۆکان؛ زاروان؛ فرزەندان؛ بەچەیەل؛ منالەیل؛ منالگەل؛ زاوێ؛ زارۆڵێ ۲. بنەماڵە؛ خێزان؛ خانەدان؛ خانەوادە.

**عتیق** / 'atîq/: [عربی] *صفت. [ادبی]* دێرس؛ کۆن؛ کەون؛ کەڤن؛ کەڤنار؛ کەونارا.

**عتیقه**[1] / 'atîqe ، ـها؛ ـجات/: [عربی]/سم. کەونینە؛ کەڤنارک؛ ئەنتیکە؛ حەنتیکە؛ عەتیقە؛ گەوری؛ شونواری؛ کەلوپەلی زۆر کەونارا ‹دنبال عتیقه می‌گردد: بۆ کەونینە دەگەڕێ›.

**عتیقه**[2]: *صفت.* ۱. *[مجازی]* ئەنتیکە؛ کۆنە؛ کەونە ‹این خانەی عتیقه را چطور گیر آوردی؟!: ئەم ماڵە ئەنتیکەیەت چۆن گیر کەوت؟!› ۲. کۆکم؛ کەونارا؛ کەڤنار؛ کەڤنارا؛ کەڤنین؛ کەونین؛ کەونینە؛ دێرسی ‹اشیای عتیقه: شتومەکی کۆکم›.

**عتیقه‌جات** / 'atîqecāt/: [عربی] جمع ☜ **عتیقه**[1]

**عتیقه‌شناس** / 'atîqešenās ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی]/سم. کەڤنارکناس؛ کەڤنارناس؛ کەونارکناس؛ کارناسی کەلوپەلی کۆن و کەونارا.

**عتیقه‌فروش** / 'atîqefurûš ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی]/سم. کەڤنارکفرۆش؛ کەڤنەفرۆش؛ دێرس‌فرۆش؛ کۆنینەفرۆش؛ گەوری فرووش؛ کەسێ کە شتی کۆنی بایەخدار دەفرۆشێ.

**عتیقه‌فروشی** / 'atîqefurûšî/: [عربی/ فارسی]/سم. کەڤنارکفرۆشی؛ دێرس‌فرۆشی؛ کۆنینەفرۆشی: ۱. پیشە یان کاری کۆنینەفرۆش ۲. ـها/ فرۆشگای ئەنتیکەجات.

**عجائب** / 'acā'b/: [عربی] ☜ **عجایب**

**عجالتاً** / 'ecālatan/: [عربی] *قید.* جارێک؛ جارێکان؛ جارێکانێ؛ جاریو؛ جاریە؛ ئەمێستا؛ ئێستاکوونێ؛ ئێستەکانێ؛ جارێکەتێ؛ ئێستا و زۆرتر بۆ ماوەیەکی کورت یان بە شێوەی کاتی ‹عجالتاً اینجا کارکن تا بعد برایت فکری بکنم: جارێک لێرە کار بکە تا دوایی بیرێکت بۆ بکەمەوە›.

**عجایب** / 'acāyeb/: [عربی]/سم. سەیر و سەمەرە؛ گرتۆلە؛ سەیر و سوور؛ شتگەلی سەیر و سەرسووڕێنەر ‹در آنجا عجایب زیادی بود: ئەوێ سەیر و سەمەرەی زۆری لێ بوو›: **عجائب**

**عجب**[1] / 'acab/: [عربی] *صفت. [ادبی]* سەیر: ۱. سەمەرە؛ سۆسرەت؛ سۆزرەت ‹عجب آمدن: سەیر مان› ۲. سەرسووڕێنەر ‹عجب آبی بود: ئاوێکی سەیر بوو›.

▣ **عجب آمدن**: سەرسووڕ مان؛ سەرە سڕ مەنەی؛ واق وڕمان؛ سەیر مان؛ سەرسڕمان؛ تووشی سەرسووڕمان بوون ‹او را این سخن عجب آمد: لەو قسەیە سەری سوورما›: **در عجب ماندن**

**عجب بودن**: سەیر بوون؛ سەمەرە بیەی؛ بوونە هۆی سەیر مان ‹عجب است که پس از این همه سال برگشته است: سەیرە پاش ئەم هەموو سالە هاتۆتەوە›.

در عجب ماندن ☜ **عجب آمدن**

**عجب**[۲]: *صوت [گفتاری]* په‌کوو؛ ئه‌ک؛ ته‌ح؛ ته‌حا؛ عه‌کا؛ حا؛ حه‌ه ؛ پیه‌ح؛ پیاح؛ هه‌لا ــ هه‌لا پیا؛ پیک ‹عجب! چه آدمهایی پیدا می‌شوند: په‌کوو! چ که‌سانێ هه‌لده‌که‌ون›.

**عجب** / 'ocb/: [عربی]*/اسم. [ادبی]* لووت‌به‌رزی؛ ئاخایۆکی؛ ترزلی؛ ده‌مارزلی؛ خۆ به زل‌زانی.

**عجبا** / 'acabā/: [عربی] *صوت.* ئه‌ک؛ ته‌ح؛ حه‌ه ؛ ته‌حا؛ په‌کوو؛ پیه‌ح؛ پیاح؛ پیا؛ پیک؛ ئه‌حا؛ عه‌ک؛ ئاک؛ ده‌ک؛ عاک و داک ‹عجبا از این همه شجاعت: ئه‌ک له‌م هه‌موو ئازایه‌تیه›.

**عجز** / 'acz/: [عربی]*/اسم. [ادبی]* داماوی؛ داماگی؛ لێنه‌هاتوویی؛ لێنه‌هاتگی؛ بێ‌ده‌سه‌لاتی ‹اظهار عجز کرد و تن به مبارزه نداد: داماوی خۆی ده‌ربڕی و ملی نه‌دایه ململانێ›.

**عجز و التماس** / 'acz-o-eltemās,'ecz-/: [عربی] *اسم. [گفتاری]* تکا و لاله؛ شفا و لاله؛ لاله و پاڕه؛ ڕاڤه‌کی؛ ڕاڤه‌ر؛ پاڕانه‌وه‌ی له سه‌ر یه‌ک له‌گه‌ڵ گریاندا ‹دزد آن‌قدر عجز و التماس کرد که صاحبخانه دلش سوخت: دزه هێنده تکا و لاله‌ی کرد، خاوه‌ن‌ماله‌که دڵی بۆ سووتایه‌وه›.

**عجزه** / 'acaze/: [عربی] جمعِ ☜ **عاجز-۲**

**عجله** / 'acale/ ، ـها/: [عربی]*/اسم.* په‌له؛ پەل: ۱. له‌ز؛ له‌ژ؛ له‌پ؛ به‌ل؛ له‌ز ــ له‌ز؛ په‌له‌په‌ل؛ دێرادێره؛ خۆش؛ وه‌ش؛ له؛ له‌زاهی؛ هه‌ڵپرووز؛ له‌زێ؛ چلزیه؛ ده‌ستوبرد؛ ده‌س‌وبرد؛ بریو؛ بریڤ؛ تاو؛ هه‌ڕه‌مه ‹عجله کن! دیر شد: په‌له که‌! دره‌نگه› ۲. هه‌ڵپه؛ بێ‌تاقه‌تی ‹چقدر عجله داری؟: چه‌نده په‌له‌ته؟›.

▣ **عجله بودن:** *[گفتاری]* به په‌له بوون؛ به له‌ز بوون ‹این کار عجله است: ئه‌م کاره به په‌له‌یه›.

**عجله داشتن:** په‌له بوون؛ په‌له‌په‌ل هه‌بوون؛ به‌له‌ز بوون؛ له‌زاهی بوون ‹عجله داشت زودتر برود: په‌له‌ی بوو زووتر بڕوا›.

**عجله کردن:** له‌پین؛ له‌زین؛ له‌زاندن؛ په‌له‌په‌ل‌کردن؛ په‌له کردن/ که‌رده‌ی؛ هنجرانـدن؛ دێرادێره‌کـردن؛ لـه‌زکرن؛ به‌له‌سه بوون.

**عجم** / 'acam/: [عربی]*/اسم. [قدیمی]* عه‌جه‌م: ۱. فارس؛ ئێرانی ۲. غه‌یری عه‌ره‌ب؛ ناعه‌ره‌ب.

**عجوزه** / 'acûze/ ، ـها/: [عربی] *صفت. [گفتاری]* کۆنه‌فرتۆل؛ بی‌بی‌جان‌جادوو؛ پیره‌بووک؛ پیرعه‌بۆک؛ قاڕی؛ قاڕیه؛ قاڕیه‌کۆن؛ ده‌له‌قۆڕ؛ زۆر پیر و ناشیرین (له‌مەڕ ژنانه‌وه).

**عجول** / 'acûl/ ، ـها/: [عربی] *صفت.* به‌په‌له؛ هه‌وڵ؛ په‌له‌په‌ل؛ په‌له‌په‌لکه‌ر؛ هه‌ڵه‌شه؛ هه‌ڵه‌شه‌یی؛ زه‌پرتی؛ ناحه‌واو؛ نه‌چه‌لان؛ ودوده ‹آدم عجول یک کار را دو بار می‌کند: مرۆی به‌په‌له، کاری دووباره‌یه›.

**عجولانه**[۱] / 'acûlāne/: [عربی] *صفت.* په‌له‌په‌ل؛ به په‌له؛ هه‌ڵپه‌هه‌ڵپ؛ به هه‌ڵپه؛ به هه‌ڵه‌شه؛ هه‌ڵه‌شه‌یانه؛ بله‌ز و به‌ز؛ بریو ــ بریو؛ به هه‌ڵه‌داوان ‹کار عجولانه: کاری په‌له‌په‌ل›.

**عجولانه**[۲]: *قید.* به‌په‌له؛ په‌له‌په‌ل؛ به‌له‌سه؛ به‌هه‌ڵه‌شه‌یی؛ هه‌رشێته؛ به‌له‌ز؛ به تونـدی؛ له‌زاله‌ز ‹عجولانه تصمیم نگیر: به‌په‌له بڕیار مه‌ده›.

**عجیب** / 'acîb/: [عربی] *صفت.* سه‌یر؛ سه‌مه‌ره؛ هێدان؛ ئه‌لاجه‌وو؛ ئه‌لاجه‌وی؛ به‌لاجه‌وی؛ یه‌مان؛ سۆزره‌ت؛ سۆسره‌ت؛ مۆستره؛ حه‌په‌سێن؛ ئه‌لامه‌ت؛ هه‌ژه‌نـد؛ دایلان؛ هه‌مه‌ت؛ گرتۆله؛ ناوازه؛ عه‌جه‌و؛ عه‌جیب.

**عجیب‌الخلقه** / 'acîbolxelqe/ ، ـها/: [عربی] *صفت.* هۆڕ؛ پێژه‌ک؛ سه‌یروسه‌مه‌ره؛ به پێکهاته‌ی له‌شی یان ئه‌ندامانی نائاسایی ‹کودک عجیب‌الخلقه: کۆرپه‌ی پێژه‌ک›.

**عجین** / 'acîn/: [عربی] *صفت.* ئاوێته؛ ئامێته؛ تێکه‌لاو؛ تێکه‌ڵ؛ تێکڵ؛ ته‌ڤڵ.

▣ **عجین شدن:** تێکه‌ڵ بوون؛ که‌رچلین؛ ڤه‌ستران؛ تێکه‌لاو بوونی شتێک له‌گه‌ڵ

شتێکی‌تردا، بە جۆرێک کە ببنە یەک شت و لێک جیا نەکرێنەوە ‹آن عشق با جانش عجین شده است: ئەو ئەوینە تیکەڵی گیانی بووە›. هەروەها: **عجین بودن؛ عجین کردن**

**عداد** / edād'/: [عربی]/سم. /ادبی/ ئەژمار؛ هەژمار؛ ژمار ‹در عداد چند نفری بود کە بە آنجا رفت‌وآمد می‌کردند: لە ئەژماری چەن کەسێدا بوو کە ئاموشۆی ئەوێیان دەکرد›.

**عدالت** / 'edālat, 'adālat/: [عربی]/سم. داد؛ دادگەری؛ دادیەری؛ دادپەروەری؛ عەدالەت؛ ئەدالەت ‹انوشیروان در ادبیات فارسی بە عدالت معروف است: ئەنووشیروان لە وێژەی فارسیدا بە دادگەری ناسراوە›.

**عدالت‌پرور** / -'edālatparvar, 'adālat/: [عربی/فارسی] صفت. دادپەروەر؛ تایبەتمەندی کەسێ کە ببێتە هۆی سەرهەڵدان و گەشەکردنی داد. هەروەها: **عدالت‌پروری**

**عدالت‌پیشه** / -'edālatpîše, 'adālat/: [عربی/فارسی] صفت. دادپیشە؛ دادگێر؛ دادڤان ‹قاضی عدالت‌پیشه: دادوەری دادپیشە›.

**عدالتخواه** / -'edālatxāh, 'adālat/: [عربی/فارسی] صفت. دادخواز؛ دادواز؛ خوازیار و هۆگری داد و حوکمی ڕەوا. هەروەها: **عدالت‌خواهی**

**عدالت‌گستر** / -'edālatgostar, 'adālat/: [عربی/فارسی] صفت. دادپەروەر؛ ڕێ‌خۆشکەری پەرە سەندن و گەشەکردنی داد. هەروەها: **عدالت‌گستری**

**عداوت** / 'adāvat, 'edāvat، ـها/: [عربی] /سم. نەیاری؛ دژایەتی؛ دژمنی؛ دوژمنی؛ دژمەنی؛ دژمنایەتی؛ دشمنایەتی؛ دوژمنایەتی؛ بیڤک.

▣ **عداوت داشتن**: دژایەتی بوون؛ نەیاری هەبوون؛ دژمنایەتی هەبوون ‹سالها با آن خانواده عداوت داشت: ساڵەها لەگەڵ ئەو ماڵە دژایەتی بوو›.

**عداوت کردن**: دژمنایەتی/ دژایەتی/ دژبەری کردن؛ دژمنی‌کردن؛ دوژمنایەتی کردن ‹با هم عداوت می‌کردند: دژمنایەتی یەکیان دەکرد›.

**عدد** / 'adad، ـها؛ اعداد/: [عربی]/سم. ژمارە؛ شمارە؛ هەژمار؛ ئەژمارە: ١. هەر یەک لەو وشانە بۆ بژاردن بە کار دێن (وەک: یەک، هەشت، هەزار و...) ٢. هەر یەکە لەو نیشانانە کە بۆ ژمارە لێدان بە کار دێن ‹عددها را از ١ تا ١٠ مرتب کنید: ژمارەکان لە ١ تا ١٠ ڕیز بکەن› ٣. یەکەیێک لە زانستی بیرکاریدا ‹عدد اصلی: ژمارەی سەرەکی› ٤. نیشانە یان کۆمەڵێ لە نیشانە کە چەنیەتیەک دەناسێنن ‹عدد آوگادرو: ژمارەی ئاوۆگادرۆ›.

▣ **عدد اتمی**: ژمارەی ئەتومی؛ ژمارەی دیاریکەری هەندی پروتۆن لە ناوکی ئەتومی توخمێکدا.

**عدد اصلی**: ژمارەی سەرەکی؛ ژمارەی نیشاندەری جێگای سەرەکی شتێک.

**عدد اصم** ☜ **عدد گنگ**

**عدد اول**: ژمارەیەک کە تەنیا بە سەر یەک و خۆیدا دابەش ببێتەوە.

**عدد پی**: ژمارەی پی؛ ٣,١٤ کە بەرانبەرە بە دابەش‌کردنی دەوری جەغزێک بە سەر کۆپار(قوتر)یدا.

**عدد ترتیبی**: ژمارەی تەرتیبی؛ ژمارەیەک کە لە نێو کۆمەڵێکدا جێگا و پلەی یەکێکیان نیشان دەدا (وەک سێهەم، پەنجایەم...).

**عدد تک** ☜ **عدد فرد**

**عدد جرمی** ☜ وزن اتمی، **وزن**

**عدد جفت** ☜ **عدد زوج**

**عدد حقیقی**: ژمارەی ڕاستەقینە؛ هەر

www.perawipepwle.com
عدد

ژمارەیەک (لە تەواو یان لێڵ).

**عدد درست** ☜ **عدد صحیح**

عدد زوج: ژمارەی جووت؛ ژمارەیێ کە بە سەر دووداو دابەش بێ: **عدد جُفت**

عدد صحیح: ژمارەی تەواو؛ هەر ژمارەیێ کە نوێنەری چەندیەتیەکی تەواوە.

عدد طبیعی: ژمارەی یەک و ئەوی بە شوێنیدایە، بێبڕانەوە.

عدد فرد: ژمارەی تاک؛ ژمارەیێ کە نیوەی ناکاتە ژمارەیەکی تەواو، یان ژمارەیەک کە بەسەر دووداو دابەش نابێ: **عدد تک**

عدد گنگ: ژمارەی لێڵ؛ ژمارەی کوێر؛ ژمارەیەک کە بە هیچ بارێکدا نەچێتەوە سەر ژمارەیەکی تەواو: **عدد اصم**

عدد گویا: ژمارەی وێژا/ ڕوون؛ ژمارەیەک کە لە بە سەر یەک دابەش بوونی دوو ژمارەی تەواو هاتۆتەوە.

عدد منفی: ژمارەی کەمتر یان پچووکتر لە سیفر.

عددهای اصلی و ترتیبی

(ژمارەگەلی سەرەکی و تەرتیبی)

| | | | |
|---|---|---|---|
| ۰ | سیفر | — | — |
| ۱ | یەک | یەکەم | یەکەمین |
| ۲ | دوو | دووهەم | دووهەمین |
| ۳ | سێ | سێهەم | سێهەمین |
| ۴ | چوار | چوارەم | چوارەمین |
| ۵ | پێنج | پێنجەم | پێنجەمین |
| ۶ | شەش | شەشەم | شەشەمین |
| ۷ | حەوت | حەوتەم | حەوتەمین |
| ۸ | هەشت | هەشتەم | هەشتەمین |
| ۹ | نۆ | نۆیەم | نۆیەمین |
| ۱۰ | دە | دەیەم | دەیەمین |
| ۱۱ | یازدە | یازدەهەم | یازدەهەمین |
| ۱۲ | دوازدە | دوازدەهەم | دوازدەهەمین |
| ۱۳ | سێزدە | سێزدەهەم | سێزدەهەمین |
| ۱۴ | چواردە | چواردەهەم | چواردەهەمین |
| ۱۵ | پازدە | پازدەهەم | پازدەهەمین |
| ۱۶ | شازدە | شازدەهەم | شازدەهەمین |
| ۱۷ | حەڤدە | حەڤدەهەم | حەڤدەهەمین |
| ۱۸ | هەژدە | هەژدەهەم | هەژدەهەمین |
| ۱۹ | نۆزدە | نۆزدەهەم | نۆزدەهەمین |
| ۲۰ | بیست | بیستەم | بیستەمین |
| ۳۰ | سی | سیەم | سیەمین |
| ۴۰ | چل | چلەم | چلەمین |
| ۵۰ | پەنجا | پەنجایەم | پەنجایەمین |
| ۶۰ | شەست | شەستەم | شەستەمین |
| ۷۰ | حەفتا | حەفتایەم | حەفتایەمین |
| ۸۰ | هەشتا | هەشتایەم | هەشتایەمین |
| ۹۰ | نەوەد | نەوەدەم | نەوەدەمین |
| ۱۰۰ | سەد | سەدەم | سەدەمین |
| ۱۰۱ | سەدویەک | سەدویەکەم | سەدویەکەمین |
| ۲۰۰ | دووسەد | دووسەدەم | دووسەدەمین |
| ۳۰۰ | سێسەد | سێسەدەم | سێسەدەمین |
| ۴۰۰ | چوارسەد | چوارسەدەم | چوارسەدەمین |
| ۵۰۰ | پێنسەد | پێنسەدەم | پێنسەدەمین |
| ۶۰۰ | شەشسەد | شەشسەدەم | شەشسەدەمین |
| ۷۰۰ | حەوسەد | حەوسەدەم | حەوسەدەمین |
| ۸۰۰ | هەشسەد | هەشسەدەم | هەشسەدەمین |
| ۹۰۰ | نۆسەد | نۆسەدەم | نۆسەدەمین |
| ۱۰۰۰ | هەزار | هەزارەم | هەزارەمین |
| ۵۰۰۰ | پێنج‌هەزار | پێنج‌هەزارەم | پێنج‌هەزارەمین |
| ۱۰۰۰۰ | دە هەزار | دە هەزارەم | دە هەزارەمین |
| ۱۰۰۰۰۰ | سەدهەزار | سەدهەزارەم | سەدهەزارەمین |
| ۱۰۰۰۰۰۰ | یەک‌ملیۆن | یەک‌ملیۆنەم | یەک‌ملیۆنەمین |

▣ **عددی نبودن:** *[مجازی]* هیچ/ هیچێک نەبوون؛ بنیادەمێکی وا نەبوون؛ هیچ سەگێ نەبوون؛ خاوەن هیچ بایەخ و بەهایەک نەبوون ‹او که در برابر من عددی نیست: ئەو خۆ لە ئاست منداهیچ نیە›.

**عددشماری** / adadšomārî'/: [عربی/ فارسی]/سم. ژمارەبژێری؛ کار و ڕەوتی ژماردنی شت کە ڕەنگە دوانی، دەیی یا شەستدانەیی یان هەر جۆرێکی تر بێ.

**عددنویسی** / adadnevîsî'/: [عربی/ فارسی]/سم. ژمارەنووسی؛ ئەژمارنووسی: ۱. کار یان ڕەوتی نووسینی ژمارە ‹در کلاس اول عددنویسی را بە نوآموزان یاد می‌دهند: لە پۆلی یەکەمدا ژمارەنووسی فێری نۆفێران دەکەن› ۲. دەزگایێ بریتی لە نیشانە، ڕێ و ڕەوشت و چۆناوچۆنی دیاریکراو بۆ نووسینی ژمارە.

**عددی** / adadî'/: [عربی] صفت. ژمارەیی؛ شمارەیی؛ هەژماری؛ ئەژماری؛ پێوەندیدار یان سەر بە ژمارەوە.

**عدس** / adas'، ـها/: [عربی]/سم. نیسک؛ نسک؛ نیسکە؛ نژی؛ نوژی؛ نژوو؛ نووژی؛ نوویژی؛ نووژی؛ نوژووی؛ نوژوی؛ مژوی؛ میژوی؛ میژوێ؛ مژوی؛ مەرژی؛ مارژی؛ مەرجوو؛ مارجوو؛ مەرجی؛ میشەوش؛ ڕۆژیک؛ وانج: ۱. ڕوەکێک لە بنەمالەی نۆک و باقلە بە گەلای دریژ و کولکن و میوە وردیلەی خڕ و لووسەوە ۲. تووی ئەو ڕوەکە کە وردیلەیەکی لووس و خڕە و دانەوێلەیەکی خۆراکیە: **مَرجُمَک**

**عدس‌آبی** / adase'ābî'، ـها/: [عربی/ فارسی]/سم. بژاڵ؛ گیا مراوی؛ نیسکی ئاوی؛ تیرەیێ گیای ئالیکی ئاوژی، بەبێ کۆتە یان گەلای دیارەوە کە بە شێوەی کۆمەڵ بە دەوری چەم و زەلکاودا دەڕوێ.

**عدس‌پلو** / adaspolow, -polo:'/: [عربی/ فارسی] /سم. نیسک‌پلاو؛ نژێ‌پلاو؛ نیسکەپلاو؛ جۆرێک پلاوی تێکەڵ بە نیسک، گۆشت و جارجاریش کشمیشی سوورەوەکراو.

**عدسک**/ adasak'/: [عربی/ فارسی]/سم. ۱. نیسکە؛ نیسکی بەرژاو کە وەک چەرەس دەیخۆن ۲. *[گیاەشناسی]* نیسکۆکە؛ وردەخاڵی سەر لاسک و ڕیشەی بڕێ گیا کە لە گۆڕانەوەی گاز لە شانەگەلی ناوەکیدا دەوریان هەیە ۳. ☜ **لنز-۲**

**عدسی** / adasî'/: [عربی]/سم. ۱. ـها/ *[فیزیک]* نیسکە؛ مشراق؛ لەتە ماکێکی ڕوونی یەک یا هەر دوولا کەوانەیی، کە بە لێدرانی دەستەتیشکێکی هاوشان، تیشکەکان پێک کۆم یان لێک بلاو دەکاتەوە ۲. ـها/ *[کالبدشناسی]* نیسکە؛ ئەندامەیەکی ڕوون لە چاوی مۆرەداراندا کە کاری وێکهێنان لە چاودا دەکا: **عدسیّه** ۳. نیسکین؛ نیسکاو؛ نیسکەینە؛ نژیاو؛ نژیەو؛ مشەوشی؛ شۆرباونیسک؛ چێشتی نیسک.

**عدسیه** / adasîyye'/: [عربی] ☜ **عدسی ـ۲**

**عدل**[1] / adl'/: [عربی]/سم. ۱. داد. بەرانبەر: **ظلم** ۲. ـها/ عەدل؛ تا؛ لنگ؛ لنگە؛ لینگ؛ خەردە؛ قرناخ؛ کۆتک؛ تاسەوی؛ کالای پێچراو بۆ گواستنەوە یان بەستە کالای هەناردەیی ۳. عەدل؛ تا؛ لنگە؛ کالای لە سەر یەک چنراو.

▣ **عدل بستن** ☜ **عدل‌بندی**

**عدل کردن**: سەر یەک چنین؛ قەلاپەچن کردن؛ تا کەلە/ کەلەک کردن؛ ڕێک هەلچنین لە سەر یەکتر (سەبارەت بە کالا).

**عدل**[2]: *قید. [گفتاری]* ڕێک؛ ڕاست؛ ڕاس؛ ڕووتوڕاست؛ ڕێکوڕاس؛ بێ کەموکووڕی؛ وردبینانە و ڕێکوپێک ‹عدل شد هزار تومان؛ عدل خورد به پیشانی آزاد: ڕێک بووە هەزار تمەن؛ ڕاست دای لە سەر هەنیەی ئازاد›.

**عدل‌بندی** / adlbandî'/: [عربی/ فارسی]/سم. تابەندی؛ کار یان ڕەوتی تا چنین.

**عدلیه** / adlîyye'/: [عربی]/سم. *[قدیمی]* مەزرینگەی داد؛ دادگا.

**عدم**/ adam'/: [عربی]/سم. ۱. دۆخ یان چۆنیەتی نەبوون ‹عدم امنیت: نەبوونی هێمنایەتی› ۲. نەبوو؛ نەوو؛ نەوگ؛ نینۆ؛ چنا؛ نەبیەی؛ نابووری ‹دیار عدم: ولاتی نەبوو›.

**عدم** / adame'/: [عربی] *حرف.* نەبوونی؛ نەبیە؛ نەبوونی شتێ ‹عدم امکانات؛ عدم آشنایی: نەبوونی پێداویستی؛ نەبوونی ئاشنایی›.

**عدو** / adû'، ـها؛ اعدا/: [عربی]*/سم. /ادبی/* دوژمن؛ دژمن؛ دژمەن؛ دوشمن؛ دشمن؛ نەیار؛ خەنیم؛ قانڕ؛ گاڤبەر ‹عدو شود سبب خیر اگر خدا خواهد: دوژمن هۆی سەرکەوتن دەبێ، ئەگەر خودا بیەهوێ›.

**عدوان** / odvān'/: [عربی]*/سم. /ادبی/* دژمنی؛ دوژمنی؛ دشمنی؛ دوژمنایەتی؛ دژمنایەتی.

**عدوانی** / odvānî'/: [عربی] *صفت. /حقوق/* نەیارانە؛ دوژمنانە؛ دوشمنانە؛ دژمەنانە؛ دژمنئاسا؛ چەشنی دوژمن ‹تصرف عدوانی: داگیرکاری نەیارانە›.

**عدول** / udûl, 'odûl'/: [عربی]*/سم. /ادبی/* سەرپێچی؛ لادەری؛ مل‌پێچی؛ بێ‌گوێیی؛ ڕوو وەرگێڕی ‹عدول از قانون: سەرپێچی لە قانوون›.

**هەروەها: عدول کردن**

**عده** / edde'/: [عربی]*/سم.* ۱. ئەژمار؛ هەژمار؛ ژمار ‹عدەی ئانها زیاد بود: نەژماریان زۆر بوو› ۲. */فقه/* ئاڤێر؛ حەییە؛ ماوەیێ کە ژن پاش تەلاق یان شوو مردن مافی مێردکردنەوەی نیە:

**عُدّه**

**عده** / odde'/: [عربی] ☜ **عِدّه‌ـ۲**

**عده‌ای** / edde'î'/: [عربی] *ضمیر.* هێندێ؛ هێندێک؛ هەندێ؛ هەندێک؛ هندی؛ چەندێ؛ چەندێک؛ بڕێ؛ بڕێک؛ بڕێو؛ جەماعەتێو؛ ئەژمارێکی نادیار لەوەی کە هێمای پێکراوە ‹عدەای می‌گفتند او را نمی‌شناسند: هیندی دەیانگوت ناینانسن›.

**عدیده** / adîde'/: [عربی] *صفت.* ئێجگار زۆر؛ فراوان؛ فرە و فراوان؛ زۆر فرە؛ مشە؛ مشەمەر؛ زۆر و زەمەند؛ زۆر و زەبەند ‹کتابهای عدیده: کتێبی ئێجگار زۆر›.

**عدیل** / adîl'/: [عربی]*/سم. /ادبی/* هاوتا؛ هامتا؛ وێنە؛ چەشن؛ هاوشێوە؛ هاوچەشن؛ بانەدەس ‹او را در شجاعت و متانت عدیل و نظیری نبود: بۆ ئازایەتی و هێمنی هاوتا و وێنەی نەبوو›.

**عذاب** / azāb'، ـها/: [عربی]*/سم.* ۱. ئازار؛ ڕەنج؛ عەزاو؛ ئازاو؛ عەزاب؛ ئوزۆر؛ چەرمەسەری؛ چەرمەسەرێ؛ کرا و کۆش ‹خیلی عذاب کشیدم: زۆرم ئازار چەشت› ۲. سزا؛ ئەشکەنجە؛ شکەنجە؛ جەزرەبە؛ جەزرەوە؛ جەزیە ‹مرا عذاب داد: ئەشکەنجەی کردم›.

▣ **عذاب دادن:** ئەشکەنجە دان؛ ئازاردان؛ جەزرەبە دان؛ ئازاندن؛ گەهراندن؛ چەوساندنەوە؛ چرووساندنەوە؛ ئەنراندن؛ ئەرنانەدن؛ کرا و کۆش دان؛ تەرپلاندن؛ ئێشاندن؛ ئازار پێدان.

**عذاب کشیدن:** جەزرەبەکێشان؛ عەزاو کێشان؛ کرا و کۆش دیتن؛ ئەنرین؛ ئەشکەنجە چەشتن؛ ئازار چەشتن؛ ئازار دیەی؛ دەوسین.

**عذار** / ezār'، ـها/: [عربی]*/سم. /ادبی/* دیم؛ ڕوومەت؛ لاجانگ؛ جنیک؛ چار؛ سیما؛ ڕوو؛ چێرە؛ دەم و چاو.

**عذب** / azb'/: [عربی] *صفت. /نامتداول/* گوارا؛ خۆش؛ ڕانەرم؛ خۆش‌گەوار؛ زەلال.

**عذر** / ozr'، ـها؛ معاذیر/: [عربی]*/سم.* ۱. بیانوو؛ بیانک؛ بیانکە؛ بیانگر؛ گرنە؛ گرۆ؛ ویانی؛ ویانە؛ بیانی؛ لام؛ عوزر؛ دەسەک؛ دەسپێچک و بەلگەیێ کە بۆ پاسای گوناح یان هەلە دەیهێننەوە، بەشکوو داوەری دیتران بگۆڕێ ‹عذر من فوت یکی از خویشانم بود: بیانووم مردنی خزمێکمان بوو› ۲. لێبوردانە؛ داوای لێبوردن.

▣ **عذر بدتر از گناه:** ویانی لە تاوان خراتر؛ عوزر لە گونا بەترەفتر؛ بیانووی لە تاوان ناڕەوا و نەشیاوتر.

**عذر موجه:** بیانی ڕەوا؛ دەسپێچکی بەجێ.

▣ **عذر آوردن:** بیانوو هێنانەوە؛ بیانک

هاوردنەوە؛ عوزر هێنانەوە؛ لام هاوردن؛ بڕ و بیانک تاشین ‹وقتی خواستند برای تعمیر مدرسه پول جمع کنند، هر کسی عذری آورد و پول نداد: کاتێ ویستیان بۆ چا کردنەوەی قوتابخانه پاره کۆ وەکەن، هەر کەسێ بیانوویەکی هێنایەوە و پارەی نەدا›.

**عذر خواستن**: ۱. داوای لێبووردن کردن ۲. *[مجازی]* بیانوو هێنانەوە؛ بیانک هاوردنەوە؛ پێشنیارێک وەرنەگرتن.

**عذر کسی را خواستن**: کەسێ جواوکردن؛ دەرکردنی کەسێک؛ ڕەهەنانـدن؛ کەسێ لە جێگایەک وە لانان ‹کارش خوب نبود، امروز عذرش را خواستم: کاری باش نەبوو، ئەوڕۆ جواوم کرد›.

**عذرخواهی** / 'ozrxāhî ، ـها/: [عربی/ فارسی]/سم. عوزرمایی؛ کار و ڕەوتی داوای لێبووردن کردن.

▣ **عذرخواهی کردن**: داوای لێبووردن کردن؛ عوزر هێنانەوە ‹آزاد عذرخواهی کرد و گفت فردا شب مهمان دارد: ئازاد داوای لێبووردنی کرد و گوتی سبەی‌شەو میوانی هەیە›.

**عذوبت** / 'uzûbat, 'ozûbat/: [عربی]/سم. *[نامتداول]* گوارایی؛ خۆش‌گواری؛ ڕانەرمی؛ زەلالی.

**عر** / 'ar/: *صوت.* زەڕ؛ زەڕە؛ زڕە؛ سەڕ؛ سەڕە؛ هەڕە؛ زەڕەی کەر.

▣ **عر زدن**: سەڕاندن؛ هەڕاندن؛ سەڕەی: ۱. *[تعریض]* بە دەنگی بەرز گریان ۲. زەڕ لێدان؛ سەڕە لێدان؛ زەڕەزەڕکردن؛ زەڕاندن؛ سەڕانن؛ سەڕین؛ هەڕانن؛ زاتەنە کردن؛ سەڕای؛ سەڕنەی؛ زرایش؛ زڕی‌ئامایش؛ زرانینە؛ هەڕەهەڕکردن: **عرـ عر زدن**

**عرابه** / 'arrābe/: [معرب از فارسی] ☜ **ارّابه**

**عراده** / arrāde' ، ـها/: [عربی]/سم. ۱. ئەڕانە؛ عەڕانە؛ ئەڕادە؛ پاخێڵ؛ یەکەی ژماردنی تۆپ ۲. *[قدیمی]* ئارەوانە؛ عەرەبانە؛ عارەبانە؛ گوهێزۆک؛ کەرەستەی گواستنەوەی چەرخدار.

▣ **عراده‌ی کسی چرخیدن/ گشتن**: چۆپی دەستی کەسێ سووڕان؛ بژیوی کەسێ باش بوون ‹کارش بد نیست و عراده‌اش می‌چرخد: کاری خراپ نیە و چۆپی دەستی دەسووڕی›.

**عرایض** / arāyez' ، ـها/: [عربی] ۱. جمعِ ☜ **عریضه** ۲. جمعِ ☜ **عَرض**

**عرب** / arab' ، ـها؛ اعراب/: [عربی]/سم. عەرەب؛ عارەب؛ عەرەو؛ عارەو؛ تاتکی؛ تات: ۱. هۆزێکی گەورەی سپی پێستی سامی، لە دانیشتوانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ۲. هەر یەکە لە کەسانی ئەو هۆزە.

▣ **به هیچ عرب و عجمی بند نبودن**: *[مجازی]* دەس لە ئاسمان و زەوی بڕیان؛ دەس بە هیچ بەندەی خوایەکەوە بەن نەبوون؛ دەست بە هیچ لایەک نەگەیشتن؛ نەبوونی هیچ پشت و پەنایەک ‹دستم به هیچ عرب و عجمی بند نیست: دەستم لە ئاسمان و زەوی براوە›.

**عربده** / arbade' ، ـها/: [عربی]/سم. گوڕە؛ گوڕەگوڕ؛ گوڕمڕ؛ هەلا ـ هەلا؛ هەلا؛ نەڕەنەڕ؛ حەرا و حوول؛ هەرا و هوو؛ قاڵوقوو؛ قیڕەقیڕ؛ نیڕەنیڕ؛ نیڕەنیڕ؛ گاڵ و بوخڕ؛ قاڵ و واڵ؛ حەیچ و لوور؛ گاڵەگاڵ؛ دەنگ هەڵێنانی شەڕخوازانە بە مەبەستی هەڵگیرساندنی شەڕ و داوا.

▣ **عربده کشیدن**: نەڕاندن؛ گوڕاندن؛ قیڕاندن؛ نەڕەنەڕکردن؛ گاڵ و بوخڕ کردن؛ قیڕەقیڕ کردن؛ عرین؛ گالاندن ‹مست کرده بود و عربده می‌کشید: مەستی کردبوو، دەینەراند›.

**عربده‌جویی** / arbadecûyî': [عربی/ فارسی] /سم. شەڕلاتی؛ شەلاتی؛ مزاوری؛ کار و ڕەوتی نەڕاندن و قرمەقرم کردن بە مەبەستی شڵەژاندن و هەڵگیرساندنی شەڕ ‹با تهدید و عربده‌جویی مغازه‌داران را تلکه می‌کرد: بە هەڕەشە و شەڕلاتی دووکاندارەکانی تەلەکە دەکرد›. هەروەها:

**عربده‌جو**

**عربده‌کشی** / arbadekešî/': [عربی/ فارسی]/سم. نەڕ و نـۆڕ؛ قیـڕ و وار؛ قـال و قـوو؛ گـال و وال؛ مەراحوون؛ کار و ڕەوتی قێڕاندن ‹هـر شـب تـوی خیابانها به عربده‌کشی می‌پرداختند: هەموو شەوێ لە ناو شەقاماندا خەریکی نەڕ و نۆڕ بوون›.

**عربی**[1] / arabî/': [عربی]/سم. عـەرەبی؛ عـارەبی: ۱. لە زمانەکانی سـامی کـە خەڵـکێکی زۆر لـە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نزیـک و ئافریقـای بـاکووری قسەی پێ دەکەن ۲. ڕەگەزێک لە ئەسپ.

**عربی**[2]: صفت. عەرەبی؛ عارەبی؛ عـارەوی؛ سـەر بە عەرەب ‹رقص عربی: هەڵپەڕکێ عەرەبی›.

**عـرش** / arš/': [عربـی]/سـم. [ادبـی] تەشـق؛ کەشکەلان؛ عـەرش؛ قـورش؛ ئـەخش؛ بـەرزایی ئاسمان.

▣ **عرش اعلی**: سـاپیتە/ کەوکـەوە/ کەوکەوانـە/ کۆرەکـۆرەی ئاسمـان؛ تەشـقی عاسمـان؛ کەشـکەلانی فەڵـەک؛ بـەرزترین شـوێنی ئاسمان.

▣ **عرش را سیر کـردن**: [مجـازی] پـێ لـە زەوی نەکەوتن؛ گەزگەز بالاکردن؛ دنیا وە/ لـە خـۆ گرتن؛ زۆر دڵخۆش و شـادمان بـوون؛ زۆر بـە کەیف بوون؛ یەکجار گەش بـوون ‹آن شـب از خوشحالی عـرش را سیر مـی‌کـرد: ئـەو شـەوە لـە خۆشیان پیی لە زەوی نەدەکەوت›.

**بـە عـرش رسـاندن**: [مجـازی] سـەر گەیاندنـە ئاسمان؛ گەیاندنە کۆرکـۆرەی ئاسمـان؛ سـەر بردنە ئاسمانی حەفتـەمین؛ سـەر بردنـە بـان هەور؛ لە زەوی هەڵبڕین؛ زۆر تـاریفکـردن و پێدا هەڵگوتن ‹آن‌قـدر گفـت کـه او را بـه عـرش رساند: ئەوندەی گوت سەری گەیاندە ئاسمان›.

**عرشـه** / arše/': [عربـی]/سـم. عەرشـە؛ جێگـەی ڕووباز و تەخت و پانی سەر کەشتی.

**عرصـات** / arasāt/': [عربـی]/سـم. ۱. جمـعِ ☜ **عرصه** ۲. سـارای مەحشـەر؛ دەشـتی مەحشـەر ۳. [مجـازی] هەزارەزیلە؛ شوێنی زۆر قەرەبالـغ و زیاتر بێسەرەوبەرە و بە مەترسی.

**عرصه** / arse'، ـها؛ عَرَصات[نامتداول]/: [عربی]/سـم. گۆڕەپان؛ گـۆڕ؛ کـۆرڕ؛ نـاوان؛ مەیـدان؛ مـەیان؛ بەرفراوانی ‹عرصەی جنگ: گۆڕەپانـی شەڕ›.

▣ **عرصه به کسی تنـگ شـدن**: [مجـازی] سـەری هەموو کێوان لە کەسێک هاتنەیەک؛ دنیا لـە کەسێک بوون بە چەرمی چۆلەکـە؛ دەرەتـان لە کەسێک بڕان/ بەسیان؛ تـەنگ لـە کەسـێ هەڵـچنیان؛ زیـپ/ ڕیـپ بـۆ کەسـێ هـاتن؛ قەتیس مان؛ بە هۆی کۆسپ یـان ئاستەنگێ هەستی داماوی‌کردن ‹وقتی عرصـه بـه او تنـگ شد، کارخانـه را فروخت: کاتـێ دەرەتـانی لـێ بـڕا کارخانەکەی فرۆشت›.

**عرصـه را بـه کسـی تنـگ کـردن**: [مجـازی] تەنگ/ پشـوو لـە کەسـێ هەڵـچنین؛ گـۆڕی کەسـێ هێنانـە گۆڕخانـە؛ دەرەتـان لـە کەسـێ بـڕین؛ لـوانی ژیـان یـان چـالاکی دڵـخواز لـە کەسـێ گـرتن ‹بیمـاری مـادرش عرصه را بـه او تنـگ کـرده بـود: نەخۆشـی دایکـی تەنگی پـێ هەڵـچنیبوو›. هـەروەها: **عرصـه را تنگ دیدن**

**بـه عرصـه رسـیدن**: [مجـازی] دەس بـە دەم گەیشتن؛ دەس تێشتە گرتن؛ بالەوازە بوون؛ پـەڕەوازە بـوون؛ لـە ئـاو دەرهـاتن؛ بـە نانـێ گەیشتن؛ پێگەیشتن و پوختە بوون ‹بچەهایم دیگر به عرصه رسیده‌انـد و رفتـه‌انـد دنبـال زنـدگی خودشان: منداڵـەکانم ئیتـر دەسـیان بـە دەمیـان دەگا و چوونەتە دیار ژیانی خۆیـان›. هـەروەها: **به عرصه رساندن**

**عرض** / araz'، ـها؛ أعراض/: [عربی]/سم. ۱. [منطق] عەرەز؛ ئەوەی کە هەبوونی بە شـتێکی دیکـەوە بەسـراوە (وەکـوو ڕەشـی، گـەرمی، دڕێـژی) ۲. [نامتـداول] ڕووداو؛ کارەسات؛ پێشهات؛ ئەوەی کـە لـە شـتێکدا ڕووی دابـێ یـان بـە سـەریدا

داسەپابێ.

**عرض** / arz'/: [عربی]/سم. ١. ـها/ بەر؛ وەر؛ وەری؛ پایی؛ پانتایی؛ پاناتی؛ پێنایی؛ پەهنایی؛ بەرینایی؛ بەرینی؛ هەرایی؛ ڕادە و ئەندازەی بارست ‹عرض قالی؛ عرض اتاق: بەری قالی؛ پانایی دیو› ٢. کار یان ڕەوتی ڕانان؛ نواندن؛ ناساندن ٣. کار و ڕەوتی گوتن؛ وتن؛ واتەی؛ ڕاگەیاندن ‹خدمتشان عرض کردم که اطلاع ندارم: پێیانم گوت که ئاگام لێ نیە› ٤. ماوە؛ مەودا؛ کات ‹در عرض یک هفته کارش را تمام کرد: لە ماوەی حەوتوویکدا کارەکەی تەواو کرد› ٥. ـها؛ عرایض/ قسە؛ قسەیە؛ گوتە؛ وتە؛ پەیڤ؛ عەرز ‹عرض بنده این است که...: قسەی من ئەمەیە کە...›.

▣ **عرض اندام**: خۆنوێنی؛ کاری خۆ نواندن؛ خۆ ڕانان؛ خۆ وەدەرخستن: **عرض وجود**

**عرض جغرافیایی**: پانی/ بەری جوگرافیایی؛ مەودای شوێنێکی لە سەر گۆی زەوی تا هێڵی ئوستوا.

**عرض حال**: سکالانامە.

**عرض وجود** ☜ **عرض اندام**

▣ **عرض کردن**: وتن؛ گوتن؛ بە عەرزگەیاندن: **به عرض رساندن**

**به عرض رساندن** ☜ **عرض کردن**

**عرض** / 'erz ، ـها؛ أعراض *[نامتداول]*/: [عربی]/سم. *[ادبی]* ئاوڕوو؛ ئافڕوو؛ ئابڕوو؛ ئابوور.

▣ **عرض خود را بردن**: ئابڕووی خۆ بردن؛ خۆ بێئابڕووکردن؛ ئاوڕووی خۆ تکاندن؛ ڕووی خۆ دادڕین؛ حەیای خۆ بردن؛ ڕووی خۆ هەڵمالین؛ ناو خۆ زڕاندن ‹عرض خود می‌بری و زحمت ما می‌داری: ئابڕووی خوت دەبەی، ئێمەش تووش دەکەی›.

**عرضاً** / arzan'/: [عربی] *قید*. لە/ بە پاناوە؛ لە پانیدا؛ پانەیوە؛ لە هەراییەوە؛ بە باری پانایی‌دا ‹عرضاً برش داده شده است: لە پاناوە بڕاوە›.

**عرضه** / arze'/: [عربی]/سم. ١. کار یان ڕەوتی نواندن؛ ڕانان؛ نیشاندان، بەتایبەت نواندنی شتێک بۆ ڕاکێشانی داواکاری و دۆزینەوەی خوازیار. هەروەها: **عرضه داشتن**؛ **عرضه کردن** ٢. *[اقتصاد]* کار یا ڕەوتی پیشاندان؛ لە بەر چاو دانان بۆ فرۆتن. بەرانبەر: **تقاضا**

**عرضه** / orze'/: [عربی]/سم. لێهاتوویی: ١. کارایی؛ کارامەیی ‹باید عرضه داشته باشی مغازه را خوب اداره کنی: دەبێ لێهاتوویيت هەبێ دووکانەکە چاک بگەڕێنی› ٢. توانست؛ توانایی؛ تانست؛ زەرف ‹او عرضه این کار را نداشت: ئەو توانستی ئەم کارەی نەبوو›.

**عرضی** / arazî'/: [عربی] *صفت*. ڕووداو؛ دەرکەوتوو؛ تووشهاتوو.

**عرضی**[1] / arzî'/: [عربی] *صفت*. پانی؛ پانایی؛ بەر؛ لایەنی سەر بە پانایی ‹برش عرضی: خطهای عرضی: بڕشی پانی؛ هێڵی پانایی›.

**عرضی**[2]: *قید*. لە پاناوە؛ لە پانیەوە؛ لە باری پانیەوە ‹آن را عرضی برید: ئەوەی لە پاناوە بڕی›.

**عرعر**[1] / 'ar.'ar ، ـها/: [عربی]/سم. هەورس؛ هەوریس؛ هەوڕێس؛ هەڤریس؛ هەڤڕیسک؛ هاڤرسک؛ هەوێس؛ ئیرڤست؛ هێرڤست؛ عەرعەر؛ وەهل؛ ئەرز؛ مەرخ؛ دارێکی بەرزە لە تیرەی سماق بە گەلای پان، گوڵی تەکووز و جەوگی بۆگەنەوە، چێوەکەی لە دارتاشیدا بە کەڵک دێ.

▣ **عرعر چینی**: دارپیو؛ جۆرە درەختێکە ڕۆنێکی ڕوەکی لێ دەگرن، بۆ خواردن دەبێ.

**عرعر سوری**: هەڤریسکی ناوکی؛ جۆرێ درەختی هەڤریسکی جوان و گەلاپانە کە زۆر بەرز دەبێ.

**عر عر**[2]: *صوت*. زەڕەزەڕ؛ سەڕەسەڕ؛ هەڕەهەڕ؛ زارڕڕ؛ زڕازڕ؛ زڕەزڕ؛ زەڕە؛ زەڕ؛ سەڕە؛ دەنگی بەرزی گوێڕێژ.

▣ **عرـ عر کردن** ☜ **عر زدن**، **عر**

**عرف** / orf'، ـها/: [عربی]/سم. داب و نەریت؛ باو؛

گەلەمپەر؛ هۆرتە؛ دام؛ رێس؛ رێسا: ١. کردەوەیێ کە کۆمەڵگا پەسندی کردووە و زۆربەی کۆمەڵ گۆچی بووگن ‹نباید خارج از عرف رفتار کنی: نابێ بەدەر لە داب و نەریت بجوولێەوە› ٢. ئاکاری لە ڕووی داب‌ونەریتی ئاسایی خەڵکەوە (نە بە پێی ئایین یان قانوونی نووسراو).

**عرفا** / orafā'/: [عربی] جمعِ ☜ **عارف**

**عرفا** / orfan'/: [عربی] *قید.* بە داب و دەستوور؛ بەباو؛ بە داب و نەریت؛ بە پێی ئەوەی لە کۆمەڵگادا باوە ‹عرفاً این کار پذیرفته نیست: بە داب و دەستوور ئەم کارە ناپەسندە›.

**عرفان** / erfān'/: [عربی]/*سم.* عیرفان؛ بڕوا بە دۆزینەوەی ڕاز و نهێنی دنیا و ڕاست و ڕەوا بوونی بناغەی جەهان بە بیرکردنەوە و ڕامان و تێهەڵچوونی ڕۆح (نە لە ڕێی تاقی‌کردنەوە و بەڵگەی زانستیەوە).

**عرفانی** / erfānî'/: [عربی] *صفت.* عیرفانی؛ عاریفانە؛ سەر بە عیرفان ‹شعر عرفانی: هۆنراوەی عیرفانی›.

**عرفه** / arafe'/: [عربی]/*سم.* عەرەفە: ١. ڕۆژی پێش جێژنی قوربان؛ ڕۆژی نۆیەمی مانگی زیحەجە ٢. *[گفتاری]* ڕۆژی پێش جێژن.

**عرفی** / orfī'/: [عربی] *صفت.* ١. باو؛ گەلەمپەری؛ ڕێسایی ‹قواعد عرفی: بنەماگەلی باو› ٢. غەیرەدینی؛ جگە دینی؛ نادینی ‹حکومت عرفی: حکوومەتی نادینی›.

**عرق** / araq'/: [عربی]/*سم.* ئارەق؛ عارەق؛ ئەرەخ؛ ئارەقە: ١. *[فیزیولوژی]* لیزک؛ خۆهـ ؛ خێ؛ خۆ؛ خوویە؛ تراوێکی زەلاڵ و سوێر کە لە لووی ئارەق‌ڕێژی نێو پێستی گواندارانەوە دەدەڵێ و لە ئاو و چەند ماکی کانی و ئالی پێکهاتووە ‹عرق بدن: عارەقی لەش› ٢. خواردنەوەی ئەلکولی کە لە ترشاندن و تنۆکاندنی ئاوی میوە بەتایبەت ترێ بەرهەم دێ ‹عرق کشمش: عارەقی کشمیش› ٣. تراوێ کە لە تنۆکاندنی کولاتووی گڕ و گیا بەرهەم دێ ‹عرق بیدمشک: عارقی بیمشک› ٤. *[مجازی]* بۆق؛ هەڵم ‹عرق کردن شیشه: بۆق کردنی شیشە›.

▣ **عرق سگی:** *[مجازی]* ئارەق دەسی؛ عارەق سەگی؛ ئارەقی تیژ و تون، بە ڕێژەیەکی زۆری ئەلکولەوە.

▣ **عرق ریختن:** عارەق ڕشتن؛ ئارەق ڕژاندن/ تکاندن؛ هارەق متەی: ١. خۆ دان؛ خوهـ دان ‹همین‌طور داشتم شرشر عرق می‌ریختم: هەروا لە بەرێکەوە چۆرەـچۆڕ عارەقم دەڕشت› ٢. *[کنایی]* بە هەموو هێزەوە کارکردن؛ زۆر زەحمەت کێشان ‹من سالها روی زمین عرق ریخته‌ام: من چەنای‌چەن ساڵ لە سەر ئەم زەوینە ئارەقم ڕژاندووە›.

**عرق کردن:** ئارەق‌کردن؛ ئەرەق دەردان؛ هارەق‌کەردەی؛ نەقتاندن؛ خۆ دان؛ خوهـ دان؛ خوەهـ دان؛ دەرکەوتنی دڵۆپەی عارەق لە سەر شتێ.

**عرق کسی را درآوردن:** *[کنایی]* ١. ناوکی کەسێ گرتنەوە؛ زۆر بۆ کەسێک هێنان؛ گیان هێنانە نووک لووت کەسێ؛ زووخاو بە کەسێ هەڵهێنان؛ خوێن و ئاوی کەسێک کردنە یەک؛ کەسێ بە کاری گران ناچارکردن ‹این کولر تا درست شد عرق مرا درآورد: تا ئەم کوولیرە دروست بوو ناوکمی گرتەوە› ٢. *[مجازی]* ئارەق بە کەسێ دەردان؛ کەسێ شەرمەزارکردن؛ تەرێقەوکردن ‹بس که پذیرایی و محبت کرد، عرق ما را درآورد: ئەوندە میوانداری کرد، عارەقی پێ دەرداین›.

**عرق کشیدن:** ئارەق‌گرتن؛ تنۆکاندنی کولاتووی گڕ و گیا (وەک نەعنا) یان میوە و دەنکی ترشاو (وەک ترێ، سێو، برنج) و بەرهەم هێنانی ئارەقیان.

**عرق** / erq'، عروق/: [عربی]/*سم. [ادبی]* ڕەگ؛ ڕەک؛ ڕەهـ ؛ ڕەو؛ ڕا؛ ڕێ؛ دەمار.

**عرق‌النسا** /erqonnesā'/: [عربی] *اسم. [کالبدشناسی]* ☜ عصب سیاتیک، **عصب**

**عـرق‌جـوش** / araqcûš'/: [عربی/ فارسی] *اسم.* ئاگرە؛ ئاوڕە؛ ئاگرۆک؛ گرمژنە؛ گرمژە؛ جوانەژۆ؛ جوانەژۆ؛ جوانەزرۆ؛ جوانەزوە؛ جوانەزوە؛ جوانکە؛ زووە؛ جوانەزمە؛ زەک و جوانی؛ عازەبە؛ سنگەک؛ سنگک؛ جۆرێک وردە بلۆقی سەر پێستە کە هەوا و ئالۆشی زۆرە و پتر بە هۆی عارەق و تاوی ڕۆژ لە کوڕی جحێلدا دەردەکەوێ.

**عرقچین** / araqčîn'، ـها/: [عربی/ فارسی] *اسم.* ئارەقچن؛ تەقلە؛ تەقیلە؛ تاقیلە؛ ئارەقچین؛ عەڕەخشە؛ جۆرێ کلاوی بێشەپکەی نیوەگۆ لە جنسی پارچە یان چنراوە.

**عرقخور** / araqxor'، ـها/: [عربی/ فارسی] *صفت.* ئارەقی؛ ئارەقخۆر؛ مەیڤەخۆر؛ هارەقوەر؛ فێرەخواردنەوەی ئەلکول.

**عرقخوری** / araqxorî'، ـها/: [عربی/ فارسی] *اسم.* ئارەقخۆری؛ مەیخۆری؛ کاری خواردنەوەی خواردنەوەگەلی ئەلکولی ‹پس از آن افتاد به عرقخوری و روز به روز حالش بدتر شد: پاش ئەوە پلیکا بە ئارەقخۆریەوە و ڕۆژ لە دووی ڕۆژ حالی خراپتر بوو›.

**عـرق‌سـوز** / araqsûz'/: [عربی/ فارسی] *اسم.* گەرماژنەک؛ گەرماوژنەک؛ گەرمایژنەک؛ عەرەقسووز؛ چەشنێ سووتانەوەی پێست بە ئارەقی لەش کە دەبێتە هۆی دەرهاتنی وردەزیپکەی سوور لە سەر پێستەوە و پتر لە ناوگەل، بنبال و ژێر ملی منداڵاندا بەدی دێ.

هەروەها: **عرق‌سوز شدن؛ عرق‌سوز کردن**

**عرق‌فروشی** / araqfurûšî'، ـها/: [عربی/ فارسی] *اسم.* ئارەقفرۆشی؛ هارەقوورەشی: ۱. مەیخانە؛ فرۆشگای خواردنەوەی ئەلکولی ۲. کاری فرۆشتنی عارەق ‹از عرق‌فروشی معاش زندگی‌اش را تأمین می‌کند: به ئارەقفرۆشی بژیوی ژیانی دابین دەکرد›. هەروەها: **عرق‌فروش**

**عـرق‌کشـی** / araqkešî'/: [عربی/ فارسی] *اسم.* ئارەقگیری؛ عارەقگری: ۱. کار یا ڕەوتی عارەقگرتن ۲. کارگای عارەقگیری ❋ **عرق‌گیری**

**عرق‌گز** / araqgaz'/: [عربی/ فارسی] *اسم.* زپرکە؛ زیپک؛ شینۆک؛ تشپۆ؛ تشپۆک؛ تشپۆکە؛ پیرۆسکە؛ بلۆقێکی سپی کە بە هۆی کۆ بوونەوەی ئارەق لە ژێر پێستدا بەدیدێت.

**عرقگیر** / araqgîr'، ـها/: [عربی/ فارسی] *اسم.* ئارەقگیر: ۱. ژێرکراس؛ ژێرکراسی؛ ژێرشەوی؛ بلووزێکی هەراو و بێ یەخە کە لە ژێر جلەوە لە بەری دەکەن ۲. نەرمەزین؛ بنزین.

**عـرق‌گیـری** / araqgîrî'/: [عربی/ فارسی] ☜ **عرق‌کشی**

**عرقه** / arqe'/: [؟] ☜ **ارقه**

**عرقیات** / araqîyyāt'/: [عربی] *اسم.* ئارەقەمەنی؛ عارەقی جۆراوجۆر.

**عر و تیـز** / arr-o-tîz'/: *اسم. [تعریض، مستهجن]* ۱. نەڕ و نووڕ؛ نەڕەنەڕ؛ قرمەوقاڵ؛ قرمقاڵ؛ قاڵەقاڵ؛ قێڕەقێڕ؛ گاڵەگاڵ؛ قاڕ و واڕ؛ قاڕ و قوو؛ قاڵ و قوو؛ قیڕ و واڕ؛ قیژ و واژ؛ حەیچ و لوور؛ حەچ و لوور؛ گاڵ و بوخڕ؛ گوڕەگوڕ؛ هەرا و گوڕە؛ سڕساڕ؛ دەنگەدەنگ و قەپ و قاڵی بێهۆ ۲. هەڵچوویی؛ پەرفەش؛ ڕووشی؛ شاخە؛ قسەی تاڵ و ئاکاری دژبەرانە. هەروەها: **عر و تیز کردن**

**عروج** / 'urûc, 'orûc'/: [عربی] *اسم. [ادبی]* ڕەوتی بەرزەوە بوون؛ بەرز بوونەوە؛ سەرکەوتن؛ هەڵکشان: ۱. بۆ جێگایەکی بەرزتر و بایەخدارتر چوون ‹عروج به آسمان: بەرزەوە بوون بۆ ئاسمان› ۲. بەرەو پێشکەوتن و سەرتری چوون.

**عـروس** / arûs'/: [عربی] *اسم.* بووک؛ بیک؛ بوویک؛ بویک؛ بەو؛ بوەوی؛ وەهی؛ وەوی؛ وەیوە؛ وەیوو؛ ڤەیڤی؛ ڤەیەک؛ ڤێک: ۱. ـها/ ژنی تازە شوو ‹سارا هم عروس شد: سارایش بووە بووک› ۲. ـها/ پەیوەندی ژن لەگەڵ بنەماڵەی میردیدا

‹این خانم عروس ماست: ئەم خاتوونە بووکی ئێمەیە› ۳. *[مجازی]* هەر شتێکی زۆر جوان، ڕازاوە و شکۆمەند ‹دهوک عروس شەرهای کردستان است: دهۆک بووکی شارانی کوردستانە›.

▣ **عروس شدن**: شووکردن؛ مێردکردن؛ بوونە بووک؛ بیەی وەیوە.

**عروس کردن**: بە شوو دان؛ دانە شوو؛ بە مێرد دان؛ کچ کردنە بووک ‹دخترش را پارسال عروس کرد و پسرش را هم امسال داماد: کچەکەی پارەکە بە شوو دا و ئەمسالیش بۆ کوڕەکەی ژنی هێنا›.

**عروس‌دریایی** / 'arûsedaryāî ، عروسهای دریایی؛ عروسان دریایی/: [عربی/ فارسی]/سم. بووکی زەریا؛ کیژەدەریایی؛ گیانەوەرێکی چەترئاسای بێئێسقانی دەریاژیە.

**عروسک** / 'arûsak ، ـها/: [عربی/ فارسی]/سم. ۱. بووکەڵە؛ بووکیلە؛ بوکڵە؛ بەولکان؛ بەبۆکە؛ بووکەشووشە؛ بووکەسەماکەرە؛ بەبۆڵە؛ بەبلانە؛ کووکلە؛ وەویلە؛ وەویلکە؛ وەویە؛ وەیولێ؛ وەیووڵە؛ تەتە؛ تەتەبەخی؛ بیبی؛ خلنزەر؛ بیچبیجەخانم؛ بویکابچویک؛ جۆرێ لەیستۆک لە شێوەی مرۆ یان گیانەوەری بچووک ۲. *[مجازی]* بووکە؛ شاجوان؛ کچ یان ژنێ زۆر جوان و لەبار.

▣ **عروسک پس پرده** ☜ **کاکنج**

**عروسک خیمەشب‌بازی**: بوتەکێ؛ بووکە سەماکەرە: ۱. بووکەشانۆ؛ لەیزتۆکالڤەک؛ بووکەڵەی نمایشی بیبیجان ۲. *[مجازی]* گوێڵەمست؛ گوێڕایەڵ؛ بێدەسەلات و گوێ لە مستی دیتران ‹دولتمردانشان شده بودند عروسک خیمەشب‌بازی قدرتهای بزرگ: سەرانیان ببوونە بووکەسەماکەرەی زلهێزان›.

**عروسک‌بازی** / 'arûsakbāzî/: [عربی/ فارسی] /سم. بووکێن؛ بووکبووکێنە؛ بیکانێ؛ بووکەڵەبازی؛ وەویلەبازی؛ وەویلکەبازی؛ کاری کایەکردن بە بووکیلە ‹بچەها در گوشەی اتاق داشتند عروسک‌بازی می‌کردند: منداڵەکان لە سووچێکی دیوەکەدا بووکێنیان دەکرد›.

**عروسک‌گردان** / 'arûsakgardān ، ـها/: [عربی/ فارسی]/سم. بووکەڵەگەڕێن؛ وەویلکەگەڕێن؛ ئەوی لە شانۆی بووکیلەییدا، بووکیلەکان دەخاتە کایەوە. هەروەها: **عروسک‌گردانی**

**عروسی** / 'arûsî ، ـها/: [عربی]/سم. زەماوەن؛ زەماوەند؛ زەماوەنە؛ سوور؛ هەڤالا: ۱. شادیانە؛ داوەت؛ دۆوات؛ دەوەت؛ تۆی؛ شاهی؛ شایی؛ بەزم؛ ڕێوڕەسمێ کە بە بۆنەی زەماوەندی ژن و پیاوێک بەڕێوە دەچێ و وێڕای بەزم و هەڵپەڕکێیە ‹در کوچەی ما عروسی بود: لە کۆڵانی ئێمە زەماوەن بوو› ۲. پەیمانی ژن و مێردایەتی ‹آزاد با دختر حاج حسن عروسی کرد: ئازاد لەگەڵ کچەکەی حاجی حەسەن زەماوەندی کرد› ۳. جەژن؛ جێژن؛ گۆوەند؛ گۆبەند؛ شایی و خۆشی ‹مرگِ خر است و عروسی سگ: تۆپینی کەرە و جەژنی سەگ›.

▣ **عروسی بودن**: زەماوەند بوون؛ زەماوەن بیەی؛ بەرپا بوونی زەماوەن؛ بەڕێوە چوونی ڕێوڕەسمی زەماوەن.

**عروسی کردن**: زەماوەند/ زەماوەن‌کردن؛ زەماوەن‌کەردەی؛ شایی‌کردن؛ ژن هێنان یا شووکردن.

**عروسی گرفتن**: زەماوەند/ داوەتی/ شایی/ زەماوەن‌گرتن؛ زەماوەن‌گێڕان؛ شایی‌گێڕان؛ ئاهەنگێک کە بە بۆنەی زەماوەندەوە دەگیرێت ‹برایشان عروسی مفصلی گرفت: زەماوەندێکی قورسی بۆیان گرت›.

**عروض** / 'arûz/: [عربی]/سم. عەروز؛ تەرازووی هەڵبەست؛ بنەمای کێشی شیعر لە شیعری کۆنی وڵاتانی ئیسلامیدا.

**عروضی** / 'arûzî/: [عربی]/سم. عەروزی؛

پێوەندیدار یان سەر بە عەرووزەوە ‹شعر عروضی؛ وزن عروضی: هەڵبەستی عەرووزی؛ کێشی عەرووزی›.

**عروق** / 'urûq, 'orûq/: [عربی] جمعِ ☜ **عِرق**

**عروقی** / 'urûqî, 'orûqî/: [عربی]/سم. ڕەگی؛ دەماری؛ سەر بە ڕەگ ‹بیماری عروقی: نەخۆشینی ڕەگی›.

**عریان** / 'oryān/: [عربی] صفت. ڕووت؛ پەتی: ١. زەلووت؛ زلووت؛ زووت؛ لوەت؛ لوت؛ لووت؛ زلیت؛ هیلاو؛ تازی؛ بووت؛ ڕووس؛ چیپ؛ ئاونیش؛ ڕاتڕیت؛ ڕووت و قووت؛ ڕووت و عەمەنە ‹دشت عریان: دەشتی ڕووت› ٢. [مجازی] ئاشکرا؛ ڕوون؛ بێهیچ پەردە و لێلیەک ‹حقیقت عریان: ڕاستی ئاشکرا›. هەروەها: **عریان بودن؛ عریان شدن؛ عریان کردن**

**عریانی** / 'oryānî/، ـها: [عربی]/سم. [ادبی] ڕووتی؛ هیلاوی؛ زەلووتی؛ دۆخ یان چۆنیەتی ڕووت بوون.

**عریض** / 'arîz/: [عربی] صفت. پان؛ هەراو؛ ولە؛ بەرپان؛ پۆڕ؛ پەهن؛ بەرین؛ پێن؛ پەحن ‹کوچەی عریض: کۆڵانی پان›.

**عریض و طویل** / 'arîz-o-tavîl/: [عربی] صفت. [گفتاری] ١. پان و بەرین؛ بەربڵاو؛ دریژ و پان؛ پان و دریژ ‹حیاط عریض و طویل: حەوشەی پان و بەرین› ٢. دوور و دریژ؛ پان و پۆڕ ‹نامەی عریض و طویل: نامەی دوور و دریژ›.

**عریضه** / 'arîze/، ـها: ـجات؛ عرایض/: [عربی]/سم. سکالانامە؛ دادنامە؛ داخوازنامە؛ نووسراوەیێ پتر بۆ پێگەیێکی ڕەسمی یان کەسایەتیێکی گەورە سەبارەت بە شکات یان داخوازێک.

**عریضه‌جات** / 'arîzecāt/: [عربی] جمعِ ☜ **عریضه**

**عریضه‌نویس** / 'arîzenevîs/، ـها؛ ـان/: [عربی/فارسی]/سم. سکالانووس؛ نامەنووس؛ دادنامەنووس؛ داخوازینامەنووس؛ ئەوی کە نامە (بەتایبەت سکالانامە یان نامەی داخوازی) بۆ خەڵک دەنووسێ و پارە وەردەگرێ.

**عریضه‌نویسی** / 'arîzenevîsî/: [عربی/فارسی] /سم. دادنامەنووسی؛ داخوازنووسی؛ سکالانڤیسی: ١. /ـها/ کار یان ڕەوتی نووسینی داخواز و سکالا ٢. پیشەی سکالانووس.

**عز** / 'ez(z)/: [عربی]/سم. ١. بەڕێزی؛ ڕێزداری؛ هێژایی ٢. سەرفەرازی؛ سەربەرزی؛ سەربڵیندی.

▣ **عزّ وصول بخشیدن:** [ادبی] پێ خەڵات بوون؛ بە دەست هێنانی شتێکی بەنرخ؛ لە کەسێکی گەورە شتێکی بایەخدار پێ گەیشتن ‹نامەی جنابعالی دیروز عزّ وصول بخشید: نامەی بەڕێزتانم دوێنێ پێ خەڵات بوو›.

**عزا** / 'azā/: [عربی]/سم. پرسە؛ سەرەخۆشی؛ ئازیەت؛ عازیەتی؛ ئازیەتی؛ ئەزا: ١. شین؛ شیوەن؛ وەشەت؛ پەژارەی گەورە کە بە هۆی تیاچوونی کەسێکی خۆشەویست بە سەر کەسێکدا دێ ‹عزا گرفتن: پرسەگرتن› ٢. /ـها/ [مجازی] شینگێڕی؛ تازیەباری؛ عازیەتباری؛ ئازیەتباری؛ تازیمانە ‹به عزا نشستن: شینگێڕی کردن›.

▣ **عزا گرفتن:** ئازیەتی‌گرتن؛ تازیمانەگرتن؛ شینگێڕی‌کردن: ١. پرسەگرتن؛ شیوەن کردن/ گرتن ‹برایش یک هفته عزا گرفتند: حەوتوویەک پرسەیان بۆی گرت› ٢. [کنایی] زۆر ناڕەحەت بوون؛ پەڕیشان بوون ‹عزا گرفته‌ام که شهریه‌ی مدرسه‌ی بچه‌ها را از کجا بیاورم: نازیەتیم گرتووە، پارەی قوتابخانەی منداڵان لە کوێ بێنم›.

**از عزا درآوردن:** پرسە شکاندن؛ لە شینگێڕی دەرهێنان؛ ئازیەتی پێ‌بڕینەوە ‹همسایه‌ها جمع شدند و او را از عزا درآوردند: هاوسێکان کۆ بوونەوە و پرسەیان پێ‌شکاند›.

هەروەها: **از عزا درآمدن**

**به عزای کسی نشستن:** پرسە بۆ کەسێک گرتن؛

بـۆ کەسـێ ڕەش پۆشـان؛ تازیـه/ عازیـەتی/ شینگێڕی بۆ کەسێ گرتن؛ بە بۆنـەی مـەرگی کەسێکەوە پرسە و سەرەخۆشی دانان.

**کسی را به عزا نشاندن:** کوست کەسێ خستن؛ کەسێک ڕەشپۆش کردن؛ کەسێک تازیـەتبار کردن.

**عزاخانه** / 'azāxāne ، ـهـا/: [عربـی/ فارسـی]/سـم. پرسەخانە: ۱. ئەو شوێنە ڕێوڕەسمـی پرسـەی تێـدا بـەڕێوە دەچـێ ۲. شـێوەنگا؛ شـیوەنیا؛ خەمخانە؛ ئـەو شـوێنەی ئەبێتـە هـۆی خـەم و خەفەت.

**عزادار** / 'azādār ، ـهـا؛ ـان/: [عربـی/ فارسـی] صـفت. تازیـەتبار؛ پرسـەبار؛ تازیزمـەردە؛ مـرێدار ‹ایـن مصیبت را به خانوادەهای عزادار تسلیت می‌گوییم: ئـەم کۆسـتە لـە بنەمالـە تازیـەتبارەکان سەرەخۆشـی دەکەین›. هەروەها: **عزادار بودن؛ عـزادار شـدن؛ عزادار کردن**

**عزاداری** / 'azādārî ، ـهـا/: [عربـی/ فارسـی]/سـم. پرسە؛ تازیە؛ تازیەت؛ تازیەتباری؛ شینگێڕی.

**عزب** / 'azab ، ـهـا/: [عربی] صفت. سەڵت؛ ڕەبـەن (بۆ پیاو)؛ عازەو؛ تازەب؛ مانگوڕ (بـۆ ژن)؛ زگـورد؛ زوگـورد؛ زوگـورتی؛ قـازاخ ‹مـرد عـزب: پیـاوی سەڵت›.

**عزبخانه** / 'azabxāne ، ـهـا/: [عربـی/ فارسـی]/سـم. ڕەبەنخانە؛ ئەو شوێنە کە تەنیا پیاوانی بـێژنی تێدا دەژین.

**عزبی** / 'azabî/: [عربی]/سـم. سەڵـتی؛ دۆخ یـان چۆنیەتی سەڵـت بـوون ‹آرام هـم از عزبـی درآمـد: ئارامیش لە سەڵتی دەرهات›.

**عزت**/ 'ezzat/: [عربی]/سم. ۱. بەڕێزی؛ ڕێزداری؛ دۆخ یان چۆنیەتی بەڕێز بـوون ۲. سـەرفەرازی؛ سـەربەرزی؛ سەربڵـیندی ۳. *[گفتـاری]* کـار و ڕەوتی ڕێز نان؛ ڕێزگرتن؛ خەمنانەن.

▣ **عـزت نفـس:** بـەرزەخۆیی؛ سـەماخی؛ نەفسپێتی؛ بایەخ و حورمەتێ کە کەسـێ لـە ناو کۆمەڵگادا بۆ خـۆی دایـدەنێ و خـۆی لـە بێئاوڕوویی و زەبوونی دەپارێزێ.

▣ **عـزت گذاشـتن:** ڕێـز گـرتن؛ ڕێـز نـان؛ خەمنانەن؛ ڕێز دانان و بەرز ڕاگرتن ‹خیلی بـه ما عزت گذاشتند: زۆریان ڕێز لێ گرتین›.

**عزرائیل** / 'ezrā'îl/: [عربی]/سم. *[اسلام]* ئیزراییل؛ پێمێرد؛ گیانکەنکە؛ مەڵکەموت؛ مەلکەلمـەوت؛ گـۆنگیر؛ پێشـبرد؛ گیـان‌بـەر؛ گیـان‌کـێش؛ فریشتەی گیان‌کێشان.

**عزل** / 'azl/: [عربی]/سم. کـار و ڕەوتی لابـردن؛ ڕاقەتاندن؛ لە سەر کار هەڵـگرتن؛ بەرکـەردەی؛ دابڕین.

▣ **عـزل شـدن:** لابـران؛ دەرکـران؛ بەرکریـەی؛ لابریـای؛ لـە سـەر کـار و پیشـەی خـۆ وەلا خران ‹عاقبت آقـای وزیـر هـم عـزل شـد: ئـاخری جەنابی وەزیریش لابرا›. هەروەها: **عزل کردن**

**عزلـت** / 'ozlat ، ـهـا/: [عربـی]/سـم. *[ادبـی]* ۱. گۆشەنشـیـنی؛ لاکەفتـەیی؛ سـڵکاندی؛ ڤەقەتاندی ۲. دوورەپەڕێزی؛ گۆشەگیری.

▣ **عزلـت گزیـدن:** دوورەپـەڕێزی‌کـردن؛ دوور گرتن؛ گۆشەگرتن.

**عزم** / 'azm/: [عربی]/سـم. ۱. نیـاز؛ بـڕیار؛ تـەما؛ ئاهەنگ؛ بڕیاری کـە بـۆ کـردنی کـاری دەدرێ ۲. *[قدیمی]* زەبر؛ گەشتاوەر.

▣ **عزم داشتن:** لێبڕان؛ بڕیار دان؛ گەرەک بوون؛ بە تەمای کردنی کارێک بـوون ‹عـزم دارم هـر طور شده آن مغازه را بخرم: لێبڕاوم هەر جۆرێ بووە ئەو دووکانە بکڕم›. هەروەها: **عزم کردن**

**عزوبت** / 'uzūbat, 'ozūbat/: [عربی]/سـم. *[ادبـی]* سەڵتی؛ ڕەبەنی؛ بێهاوسەری؛ بێهاوژینی.

**عزیز** / 'azîz ،ـهـا؛ـان/: [عربی] صفت. خۆشەویست؛ خوەشـەویس؛ وەشـەویس؛ ئـازیز؛ ئـەزیز؛ وەشەسیاو؛ دڵپەسن؛ لەبەردڵان؛ نـازار؛ نوچـەو؛ نووچەو.

**عزیزدردانه** / 'azîzdordāne ، ـهـا/: [عربی/ فارسی]

صفت. نازار؛ منداڵی هەرە خۆشەویستی دایک و باب: **عزیزکرده**

**عزیزکرده** / azîzkarde/': [عربی/ فارسی] ☜ **عزیزدردانه**

**عزیزمرده** / azîzmorde' ، ـها/: [عربی/ فارسی] صفت. ئازیزمردوو؛ ئازیزمەردە؛ ئازیزمردە؛ عەزیزمردی؛ کۆس کەوتە؛ کۆستکەوتوو؛ کۆس کەفتی؛ دڵپیش؛ دڵبریندار؛ جەرگسووتاو؛ خۆشەویستمردوو.

**عزیزی** / azîzî/': [عربی]/سم. خۆشەویستی؛ خوەشەویسی؛ وەشەویسی؛ ئازیزی؛ گشکەسی؛ دۆخ یان چۆنیەتی لەبەردڵ و خۆشەویست بوون.

**عزیمت** / azîmat/': [عربی]/سم. ئاهەنگ؛ هەڵکۆچ؛ کار و ڕەوتی ڕۆیشتن؛ ڕۆشتن؛ کەوتنە ڕێ؛ ئەرەجمەی؛ داجمان؛ داجوین ‹قصد عزیمت به اربیل را داشت: ئاهەنگی ڕۆیشتن بۆ هەولێری کردبوو›.

▣ **عزیمت کردن**: ڕۆیشتن؛ ڕۆشتن؛ جمایرە؛ داجمان؛ داجوین؛ کەوتنە ڕێ لە شوێنێکەوە ‹دیروز از بانه عزیمت کردند: دوێنێ لە بانەوە ڕۆیشتن›.

**عسر** / osr/': [عربی]/سم. [ادبی] ١. ئاستەنگی؛ دژواری؛ گرانی؛ سەختی ٢. تەنگی؛ چەڵەمەیی ٣. دەستەنگی؛ داماوی؛ داماگی؛ دەرمەنەیی.

**عسرت** / osrat/': [عربی]/سم. [ادبی] چەرمەسەری؛ داماوی؛ داماگی؛ تەنگی؛ تەنگاتی؛ تەنگەوەری؛ ئەو چەڵەمە و سەختەتیانە کە لە بەر نەداری و دەستەنگی لە ژیاندا بە سەر کەسێکدا دێن.

**عسر و حرج** / osr-o-harac/': [عربی]/سم. [حقوق] دەستەنگی لە مال گرتندا؛ لێنەهاتوویی بۆ گرتنی مالێکی تر.

**عسس** / asas/': [عربی]/سم. [قدیمی] شەوبان؛ شەوڤان؛ شەوپاسەوان؛ عەسعەس؛ حەسحەس؛ چەرخەچی؛ جەزایەرچی؛ جەزایرچی؛ نۆبەکار؛ گەزمە؛ ئێشکداری شەوانەی ناوشار.

▣ **عسس مرا بگیر کردن**: [کنایی] خۆ بە گیردان؛ مل خۆ دانە پەتەوە؛ بە ئانقەست یان نەزانکاری خۆ تووشیاری ئاریشەکردن.

**عسل** / asal/': [عربی]/سم. هەنگوین؛ هەنگوێن؛ هەنگووین؛ هەنجۆین؛ هەنوین؛ هەمگین؛ هەنگەمین؛ هەنگوون؛ هەنگڤ؛ هنگووڤ؛ هنگوڤ؛ هەنگڤ؛ هنگمێن؛ هنگڤین؛ هەنگین؛ هەسەڵ؛ کوتەفڕ؛ بەرهەمی شیلە و شیرینی مێشەنگوین، بریتی لە چەند جۆر قەند.

**عسلی**[1] / asalî/': [عربی]/سم. ١. /ـها/ عەسەلی؛ تەپڵەک؛ مێزی نزم، بچووک و شیاوی ئەملاولا پێکردن ٢. کارەبایی؛ هەنگوێنی؛ هەنگوینی؛ ڕەنگی قاوەیی ڕۆشن.

**عسلی**[2]: صفت. ١. هەنگوینی؛ هەنگوێنی؛ هەنوینی؛ هنگووڤی؛ هەنگیناوی؛ هەنگوین‌دار یان بە هەنگوینەوە تلاو ‹سوهان عسلی: سەوهانی هەنگوینی› ٢. کارەبایی؛ عەسەلی؛ بە ڕەنگی قاوەیی ڕۆشن ‹چشمهای عسلی قشنگی داشت: جووتێ چاوی کارەبایی جوانی هەبوو› ٣. دۆڵەما؛ دولەما؛ تەواو نەگرساو.

**عشا** / ešā/': [عربی]/سم. خەوتنان؛ شێوانگا؛ شێوان؛ عیشا.

▣ **نماز عشا** ☜ **نماز**

**عشاق** / oššāq/': [عربی] جمعِ ☜ **عاشق**

**عشایر** / ašāyer/': [عربی] جمعِ ☜ **عشیره**

**عشایری** / ašāyerî/': [عربی] صفت. خێڵەکی؛ ڕەوەندی؛ کۆچەری؛ هۆزانی؛ خێڵاتی؛ خێڵەساتی؛ کۆچەراتی؛ عێڵاتی؛ عەشایەری؛ عەشرەتی؛ چووینی؛ سەر بە خێڵ و ڕەوەند ‹زندگی عشایری: ژیانی خیلەکی›.

**عشر** / ošr' ، ـها: اعشار/: [عربی]/سم. دەیەک؛ یەکلەدە؛ وشر؛ لە دە پاژ پاژێک.

**عشرات** / ašarāt/': [عربی]/سم. دەیان؛ ڕیزی

دوای یه‌کان.

**عشرت** / 'ešrat/: [عربی]/سم. خۆش‌بوێری؛ خوش‌گوزه‌رانی؛ ڕابوێری؛ وه‌شبه‌ری.

**عشرتکده** / 'ešratkade/، ـها/: [عربی/ فارسی]/سم. ڕابوێرگه؛ شوێنی ڕابواردن و خۆش‌گوزه‌رانی.

**عشریه** / 'ošrîyye/: [عربی]/سم. ده‌یه‌کی؛ وشری؛ یه‌ک له ده‌ی پوول یان سامانێکی دیاریکراو.

**عشق** / 'ešq/، ـها/: [عربی]/سم. ۱. ئه‌وین؛ ئه‌ڤین؛ هه‌ڤین؛ ڤیان؛ ڤین؛ خۆشه‌ویستی؛ خوه‌شه‌ویسی؛ وه‌شه‌سیای؛ دلین؛ عه‌شق؛ ئێشق؛ میهر و دڵبه‌سته‌یی سۆزدار به که‌سێ یان شتێک ‹عشق مادر؛ عشق به میهن: ئه‌وینی دایک؛ خوشه‌ویستی نیشتمان› ۲. گراوی؛ به‌نده‌واری؛ حه‌ز؛ واز؛ هه‌ز؛ هه‌ژ؛ دڵخوازی و ئۆگره‌تی زۆر هاوڕێ له‌گه‌ڵ پێدا هه‌ڵگوتن و خوازیار بوونداً ‹عشق به کار؛ عشق به پول: حه‌ز به کار؛ واز له پاره› ۳. *[گفتاری]* که‌یف؛ خۆشی؛ وه‌شی؛ شادی ‹عشق کردن: که‌یف‌کردن›.

▣ **عشق افلاطونی**: عیشقی پاک؛ ئه‌وینی پاک؛ ئه‌وینێ که تێکه‌ڵ به نیازی جنسی نیه.

**به عشق چیزی/ کسی**: به خۆشی شتێ/ که‌سێ؛ به بۆنه یان له ڕێی شتێ/ که‌سێکدا ‹به عشق مادرم شب تا صبح کار می‌کردم: به خوشی دایکمه‌وه شه‌و تا به‌یانی کارم ده‌کرد›.

▣ **عشق بودن**: که‌یف بوون؛ خۆش بوون؛ خوه‌ش بوون ‹امروز عشق است: ئێمڕۆ که‌یفه›.

**عشق داشتن**: *[گفتاری]* حه‌ز لێبوون؛ گراوی بوون؛ خوازیار بوون؛ دڵحه‌ز بوون ‹خیلی به موسیقی عشق داشت: زۆر حه‌زی له مووسیقا بوو›.

**عشق کردن**: که‌یف‌کردن؛ خۆشی‌کردن؛ حه‌ز کردن.

**عشق کسی کشیدن**: حه‌زی که‌سێ هه‌ستان؛ مه‌یلی که‌سێ‌کێشان؛ گمێز که‌سێ که‌ف‌کردن ‹فردا اگر عشقش کشید و خواست برود، تکلیف ما چیست؟: سبه‌ینێ ئه‌گه‌ر حه‌زی هه‌ستا و ویستی بڕوا، چارمان چیه؟›.

**عشق ورزیدن**: دڵ شنیان؛ ئه‌ویندارانه خۆش ویستن ‹او به مادرش عشق می‌ورزید: دڵی بۆ دایکی ده‌شنیا›.

**عشقبازی** / 'ešqbāzî/، ـها/: [عربی/ فارسی]/سم. ۱. ئه‌ویندداری؛ ئاکاری ئه‌ویندار بۆ نواندنی ئه‌وینه‌که‌ی ۲. *[مجازی]* پێوه‌ندی جنسی؛ هاوجێیی؛ نزیکی. هه‌روه‌ها: **عشقبازی کردن**

**عشق‌ورزی** / 'ešqvarzî/، ـها/: [عربی/ فارسی]/سم. ئه‌ویندداری؛ کار یان ڕه‌وتی دڵ شنیان؛ خۆش ویستن و ئه‌ویندار بوون.

**عشقه** / 'ašaq(q)e/: [عربی]/سم. مه‌شکه‌زه‌رگۆ؛ گوڵه‌سپانه؛ گوڵه‌واژ؛ گوڵه‌سه‌رکێش؛ باداک؛ ئالینک؛ ده‌وه‌نێکی ڕازێنه‌یی که به دار و گیادا پێچ ده‌خوا و هه‌ڵده‌کشێ.

▣ **عشقه داردوست**: لاڤلاڤک؛ له‌ولاوه؛ لێلافک؛ لاولاوه سه‌رکێش؛ له‌ولاوه دیواری؛ گیایه‌که سوور یان شین ده‌کا، به دار و گیاوه ده‌ئاڵێ، به ده‌ور و نێوانیاندا ده‌پشکوێ و زوو ده‌پووچێته‌وه.

**عشقی** / 'ešqî/: [عربی] صفت. ۱. ئه‌ویندداری؛ ئه‌ویندارانه؛ عاشقانه؛ ئه‌ڤیندداری ‹فیلم عشقی: فیلمی ئه‌ویندداری› ۲. حولحولی؛ وازوازی؛ که‌ڵکه‌ڵی؛ عیشقی؛ خۆ به ده‌م خولیا و ئاره‌زووی جۆراوجۆره‌وه داو ‹آدم عشقی به درد کار ما نمی‌خورد: مرۆی حولحولی بۆ کاری ئێمه نابێ›.

**عشوه** / 'ešve/، ـها/: [از عربی]/سم. که‌شم؛ ناز؛ عیشوه؛ ناز و نووز؛ لاره؛ له‌نج؛ له‌نجه‌ولار؛ خنچکه؛ قه‌ژمه‌ری؛ خۆ و خده‌ی تایبه‌تی ژنانه بۆ ڕاکێشانی سه‌رنجی خه‌ڵک. هه‌روه‌ها: **عشوه آمدن؛ عشوه کردن**

**عشوه‌گر** / 'ešvegar/، ـها؛ ـان/: [از عربی/ فارسی] صفت. به‌ناز؛ به لار و له‌نج؛ به که‌شم و ناز؛ عیشوه‌که‌ر؛ نازکه‌ر؛ نازفرۆش؛ ناز و نووزکه‌ر؛ به عینوان؛ به ته‌ور و تووز ‹زن عشوه‌گر: ژنی به‌ناز›.

**عشوه‌گری** / 'ešvegarî/، ـها/: [از عربی/ فارسی]

/سم. ناز و نووز؛ لەنجە و لار؛ کەشم و ناز؛ تەور و تووز؛ کاری عیشوەکردن؛ نازکردن.

**عشیره** / 'ašîre / ـها؛ عشایر/: [عربی]/سم. خێڵ؛ عێل؛ هۆز؛ تیره و تایفه؛ عاشیرەت؛ عاشیره؛ عەشرەت؛ خۆپان؛ کۆمار؛ عێل و عەشرەت؛ خۆپه؛ عەشیر؛ بەرە؛ بەشێک لە هۆز بریتی لە چەند بنەماڵە کە ئەندامانی پێکەوە پێوەندی ئابووری و نیشتمانیان هەیە.

**عصا** / 'asā ، ـها/: [عربی]/سم. گۆچان؛ گۆچانە؛ عاسا: ۱. گۆچەل؛ گۆپار؛ گورچنگ؛ کۆپار؛ قەیسک؛ داروەکاز؛ گالۆکە؛ گالۆک؛ گالۆک؛ وەلەک؛ کەواز؛ وەکاز؛ وەقاز؛ شەبیک (شوانی)؛ مەشاک (دەرویشی)؛ دارعاسا؛ چێوشەق؛ گووچانگ؛ گۆپاڵ؛ قەلانگ؛ شاکۆن؛ هەچک؛ هەچی؛ داردەست؛ دارلۆق؛ دارلۆف؛ چیو؛ چەم؛ کەرەستەی وەک داردەس بۆ ڕێگەچوون یان وەستان ۲. *[مجازی]* پاڵپشت؛ پشتیوان؛ جێی دڵگەرمی (چ مادی، چ مەعنەوی) ‹اگر پسری داشتم امروز عصای دستم بود: ئەگەر کوڕێکم بوایە ئەمڕۆ عاسای دەستم بوو›.

**عصار** / 'assār ، ـها؛ ـان/: [عربی]/سم. دۆشاوگر؛ ئەوی شیرە و ڕۆنی گیا دەگرێ.

**عصاره** / 'osāre ، ـها/: [عربی]/سم. ۱. شیلاو؛ ئاوگ؛ گویشک؛ گفیشک؛ کوشراو؛ ڕوب؛ دۆشاو؛ گوشەک؛ دمس؛ شۆک؛ خەستەوەکراوی ئاوی میوە و گژ و گیا ‹عصارەی انار؛ عصارەی سیب: دۆشاوی هەنار؛ ئاوگی سێو› ۲. پوختە؛ گیان؛ بەشی سەرەکی و هەڵبژاردەی نووسراوە یان وتەیێک ‹عصارەی حرفش این است که باید بر اساس برنامه کار کرد: پوختەی قسەکانی ئەمەیە کە دەبێ بە پێی بەرنامە کار بکرێ›.

**عصاری** / 'assārî/: [عربی]/سم. ۱. ئیسر؛ گویشکی؛ گفیشکی؛ کار و ڕەوتی دەرکێشانی شیلە و ڕۆنی گیا ۲. /ـها/ گووشینگە؛ کەرگە؛ کەرگان؛ کارگەی تایبەتی ئیسرکردن.

**عصازنان** / asāzanān'/: [عربی/ فارسی]قید. چۆپچۆپان؛ دەس/ دەست بە گۆچان؛ دەس‌کوتان؛ کوێرەکوێر؛ دەس‌ماشان؛ بە پەل‌کوتان ‹عصازنان پله‌ها را بالا رفت: چوب‌چوپان لە پلیکانەکانەوە چووە سەر›.

**عصا قورت‌داده** / 'asāqûrtdāde ، ـها/: [عربی/ ترکی/ فارسی] صفت. *[تعریض]* ۱. ڕەپ؛ قنج و قیت؛ قوت؛ چێوەڕەق؛ دارەڕەق؛ داربەڵەک؛ ڕەق و تەق و وشک و بێجووڵە ‹مثل عصا قورت‌داده شق و رق و ساکت و صامت نشسته بود، نه تکان می‌خورد و نه با کسی حرف می‌زد: ڕەپ و ڕاس و کپ و بێدەنگ دانیشتبوو، نە دەجووڵا و نە لەگەڵ کەس قسەی دەکرد› ۲. قەپۆزبەران؛ ئاخایۆک؛ فیزن؛ لووت‌بەرز؛ دەمارزل؛ ترزل؛ خۆ بە زل زان.

**عصاکش** / asākeš'/: [عربی/ فارسی]/سم. چاوساخ؛ چاوساغ؛ چەمەساغ؛ کەسێ کە دەستی کوێرێک دەگرێ و لە ڕێ ڕۆیشتندا یارمەتی دەدا.

**عصب** / 'asab ، ـها؛ اعصاب/: [عربی]/سم. دەمار؛ دامار؛ دەزووڵە ئاسای لەشی گیانەوەر کە کاری گەیاندنی هەموو دنەیەکە بە میشک و مۆخ و بردنەوەی وەرامە بۆ ئەندامەکان.

▣ **عصب سیاتیک**: دەماری ڕەهێش؛ دەماری سیاتیک؛ دەماری هەست و جووڵەی پا.

**عصبانی** / 'asabānî/: [عربی] صفت. تووڕە؛ توێڕە؛ دەمارگرژ؛ ڕقهەستاو؛ کەشتەنگ؛ قوشقی؛ قورەژیلک؛ جەحنی؛ زرز؛ زوێر؛ زوور؛ زویر؛ بەهەجۆک؛ دهۆ؛ جنگز؛ قەڵس؛ دەهری؛ سڵ؛ ڕابەل؛ ڕاگەش؛ ئەنگر؛ قیسکەتەنگ؛ تەنگەتیلک؛ تەنگەتیلکە؛ تەنگەتیلەکە؛ ئاگری؛ توشی قەڵسی و نارەحەتی.

▣ **عصبانی شدن**: تووڕە بوون؛ ڕک هەستان؛ پنگان؛ قەڵس بوون؛ نگرین؛ عنگرین؛ عێتگرین؛ بەهەجین؛ زویر بوون؛ خەزرین؛ خەنزرین؛ خەیدین؛ غەیدین؛ جووشدایین.

هەروەها: **عصبانی کردن**

**عصبانیت** / asabānîyyat/، ـها/: [عربی]/سم. تووڕەیی؛ توێڕەیی؛ کەشتەنگی؛ زرزی؛ خوریتی؛ ڕق‌هەستاوی؛ گەرووشەیی؛ جەحنینی؛ جنگزی؛ خوورژی ‹آرام باش! با عصبانیت کار پیش نمی‌رود: هێور بە! بە تووڕەیی کار ناچێتە پێشەوە›.

**عصب‌پایه** / asabpāye/: [عربی/ فارسی]/سم. زانستی ناسین و لێکدانەوەی پێکهاتە و چۆناوچۆنی کاری دەمار و نەخۆشی و دەرمانیان.

**عصب‌شناسی** / asabšenāsî/: [عربی/ فارسی]/سم. دەمارناسی؛ بەشێک لە زانستی پزیشکی کە لە سەر ناسینی کۆندامی دەماری، نەخۆشین و تێکچوونی دەکۆلێتەوە ‹این اواخر در زمینه‌ی عصب‌شناسی کار بسیار شده است: لەم دواییانەدا لەمەڕ دەمارناسیەوە کاری زۆر کراوە›: **نورولژی**

**عصبی** / asabî/: [عربی] صفت. ۱. دەماری؛ سەر بە دەمار ‹شوک عصبی: چلەکانەوەی دەماری› ۲. *[مجازی]* گێژەڵ؛ دەمارگرژ؛ جنگوزی؛ جنگز؛ تووڕە؛ تونەمەجاز؛ تونەمەزاج؛ تیزۆ؛ هەلتۆزێن.

**عصبیت** / asabîyyat/: [عربی]/سم. ڕک؛ ڕک؛ تووڕەیی؛ جنگزی؛ جنگوزی.

**عصر**[1] / 'asr/، ـها/: [عربی]/سم. ۱. ئێوار؛ ئێڤار؛ هێڤارە؛ هێوار؛ هەرێ؛ وەرگا؛ هەنجووڕە؛ هەنگوور؛ هەنگووڕە؛ هەنگۆرە؛ ئەنگۆری؛ ئەنگوری؛ هەیبۆر؛ هەنگڤار؛ هەنگۆرە؛ ئەنگۆرە؛ هنگوور؛ یەر؛ یەرە؛ یەری؛ عەسر؛ عەسران؛ سەرئێوارە؛ نێوان دوای‌نیوەڕۆ تا پێش خۆراوا بوون ‹الان عصر است و تو هنوز نهار نخورده‌ای: ئەوا ئێوارەیە و هێشتا فراوینت نەکردووە› ۲. /اعصار/ سەردەم؛ چاخ؛ دەورە؛ دەوران: *(الف)* دەورەی چالاکی کەسێک ‹عصر سنجرخان: سەردەمی سنجەرخان› *ب)* ڕۆژگار؛ ڕۆژیار؛ ڕۆژگار؛ کاتی بڕەو و پەرە سەندنی شتێ ‹عصر آهن: سەردەمی ئاسن› ۳. چەرخ؛ ماوەیەکی تایبەت لە مێژوو ‹عصر جدید: سەردەمی نوێ›.

**عصر آهن**: سەردەمی ئاسن؛ دەورانێ لە مێژوو کە بە دەسکەوتنی ئاسن (لە دەوری ٤٠٠٠ سال پێش) دەستی پێکردووە و ئێستاش دریژەی هەیە.

**عصر حجر**: ڕۆژگاری بەرد؛ سەردەمی کوچک؛ دەورەیەک لە ژیانی مرۆڤ کە بە دروستکردنی ئامێری لە بەرد دەستی پێکردووە.

**عصر حجر جدید**: نۆبەردی؛ ڕۆژگاری کەڤری نوێ.

**عصر حجر قدیم**: کۆن‌بەردی؛ ڕۆژگاری کەڤری بەری.

**عصر مفرغ**: ڕۆژگاری کانزا؛ خولێ لە مێژووی مرۆ کە بە چێکرنی ئامێری مفرەغیەوە دەستی پێکرد (نزیک بە ٦٠٠٠ سال پێش).

**عصر**[2]: *قید.* ئێوارێ؛ سەرئێوارە؛ دەمەعەسر؛ دەمەو عەسر؛ سەرئێوارە؛ سەر لە ئێوارە؛ سەرزێوارە؛ عەسر؛ عەسران؛ کاتی نێوان دوای نیوەڕۆ و ئێوارە ‹عصر رفتیم دیدن خاله: ئێوارێ چووینە سەردانی پوورم›.

**عصرانه** / asrāne/: [عربی/ فارسی]/سم. عەسرانە؛ هەنگۆرانە: ۱. خواردنی سەر لە ئێوارە ۲. کاتی خواردنی سەر ئێوارە.

**عصمت** / esmat/: [عربی]/سم. *[ادبی]* خاوێنی؛ پاکی؛ بێخەوشی؛ دووری لە گوناح؛ پواری؛ پاک و پواری.

**عصیان** / osyān, 'esyān/، ـها/: [عربی]/سم. لاساری؛ سەرپێچی؛ سەرپێچکاری؛ مل‌پێچی؛ یاخیەتی؛ کار یان ڕەوتی مل نەدان و بەرتەک دانەوە لە فەرمان، قانوون، یان ویستی خەڵک ‹سرانجام عصیان کرد و در برابر پدرش ایستاد: ئاخری لاساری کرد و لە ڕووی باوکیدا وەستاوە›.

**عضلات** / azolāt/: [عربی] جمعِ ☜ **عضله**

**عضلانی** / azolānî/: [عربی]/سم. ماسوولەیی؛ ماسوولکەیی: ۱. زەڤلەکی؛ وەرسەیی؛ سەر بە

www.perawipepwle.com

ماسوولکه ‹درد عضلانی: ئێشی ماسوولەیی› ۲. گرز؛ گرس؛ ماسوولکەی هەڵتۆقیو ‹ئەندام عضلانی: ئەندامی ماسوولەیی›.

**عضله** / azole' /، ـها؛ عضلات/: [عربی]/سم. ماسوولکه؛ ماسوولە؛ ماسیلکه؛ ماسیچه؛ مایچه؛ ماهیچه؛ لەملانه؛ وەرسه؛ وەرسەلە؛ زەبلەک؛ زیپەڕ؛ زەڤلەک؛ گردک.

**عضو** / ozv' /، ـها؛ اعضا/: [عربی]/سم. ئەندام: ۱. لەبات؛ بەشێ لە پێکهاتەی شتێ ‹چشم عضو بینایی انسان است: چاو ئەندامی بینایی مرۆڤه› ۲. پەل؛ هەر کام لە پێکهێنەرانی کۆمەڵێک ‹عضو جامعه: ئەندامی کۆمەڵگا› ۳. کەسێ کە لە لایەن پارت، کۆمەڵە یان دەستەیەکەوە گل دراوەتەوە ‹عضو تیم شنا؛ عضو جمعیت محیطزیست: ئەندامی تیپی مەلەوانی؛ ئەندامی کۆمەڵەی ژینگە›.

هەروەها: **عضو بودن؛ عضو شدن؛ عضو گرفتن**

**عضویت** / ozvîyyat /: [عربی]/سم. ئەندامەتی؛ دۆخ یان چۆنیەتی ئەندام بوون.

▣ **به عضویت جایی درآمدن:** بوونە ئەندامی جێگایەک؛ ئەندامەتی جێگایەک وەرگرتن ‹به عضویت تیم کوهنوردی درآمد: بوو بە ئەندامی تیمی شاخەوانی›. هەروەها: **به عضویت جایی درآوردن**

**عطا** / atā' /، ـها/: [عربی]/سم. بەخشش؛ خەلات؛ کار و ڕەوتی دانی شتێک بە کەسێ، بەتایبەت لە لایەن گەورەیەکەوە بۆ بچووکترێک.

▣ **عطای کسی را به لقایش بخشیدن:** *[تعریض]* خێری کەسێ بەخشینەوە؛ چاو لە خێری کەسێک پۆشین.

**عطار** / attār' /، ـها؛ ـان/: [عربی]/سم. عەتار؛ ئەوی بەهارات، دا و دەرمانی گیایی، تووی گوڵ و گیا و شتی وا دەفرۆشێ.

**عطارد** / atārod' /: [عربی] ☜ **تیر ۳**

**عطاری** / attārî' /: [عربی]/سم. عەتاری: ۱. ـها/ دوکانێک کە گژ و گیای دەرمانی و بەهارات و تووی گوڵ و... تێدا دەفرۆشن ۲. پیشەی عەتار.

**عطایا** / atāyā' /: [عربی] جمعِ ☜ **عطیّه**

**عطر** / atr' /: [عربی]/سم. عەتر: ۱. ـها/ بۆن؛ بۆنخۆشی؛ بۆنی خۆش ‹عطر گل‌ها؛ عطر غذا: بۆنی گوڵان؛ بۆنی چێشت› ۲. گوڵاو؛ گوڵاف؛ تراوێ کە بۆنی خۆشی لێوە دێت، بەتایبەت ئەو تراوە کە لە گوڵگوڵاوەوە دەگیرێ یان بە جۆرێکی پیشەیی لێ بەرهەم دێ.

**عطرآگین** / atrāgîn' /: [عربی/ فارسی] *صفت. [ادبی]* عەتراوی؛ بۆنخۆش؛ پڕگوڵاف ‹فضای باغ عطرآگین شده بود: نێو باخەکە عەتراوی ببوو›.

**عطرافشان** / atrafšān' /: [عربی/ فارسی] *صفت. [ادبی]* عەتراژن؛ لێهاتوو بۆ عەتراوی کردن ‹فضای باغ از گلها عطرافشان بود: نێو باخەکە لە بۆنی گوڵان عەتراژن ببوو›.

**عطرافشانی** / atrafšānî' /: [عربی/ فارسی]/سم. عەترپژێنی؛ عەتراژنی؛ کار یان ڕەوتی بڵاو کردنەوەی بۆنی خوش ‹گلها، باغ را عطرافشانی می‌کردند: گوڵەکان، باخەکەیان عەترپژێنی دەکرد›.

**عطرپاش** / atrpāš' /، ـها/: [عربی/ فارسی]/سم. عەترپاش؛ عەترپژێن؛ پژێنەکی عەتر؛ دەفرێکی چکۆلەی شیشەیی کە بە لووڵە و ترومپایەکەوە عەتر دەپژێنێ.

**عطرمایه** / atrmāye' /: [عربی/ فارسی]/سم. ئیسانس؛ ماکی بۆنخۆش یان خۆش چێژەی زۆرتر خواردەمەنی.

**عطری** / atrî' /: [عربی] *صفت.* بۆنخۆش؛ بێهن‌دار ‹صابون عطری: سابوونی بۆنخۆش›.

**عطریات** / atrîyyāt' /: [عربی]/سم. بۆنخۆشی؛ دەوا و دەرمانی بۆنخۆش.

**عطسه** / atse' /، ـها/: [عربی]/سم. پشمە؛ پژمە؛ پنژە؛ پێنژ؛ پێنیژ؛ پنژ؛ ئارۆشک؛ بێنشک؛ بێنژک؛ بینشت؛ هەپش؛ فشک؛ کژ؛ دۆخی لە ناکاو و بە تێکڕا دەرپەڕینی هەوای نێو سی لە

دەم و لووتەوە.

▣ **عطسە کردن:** پژمین؛ پشمین؛ پشکین؛ پنژین؛ پەنژین؛ پونژین؛ پژمەی؛ پژمای؛ کژین؛ فشکین؛ هلپشکین؛ هلپژکین؛ بێنژین؛ بێهنژین؛ بنشین؛ بهنژین؛ پێکژین؛ پشکان؛ کرچەنە؛ پژمەکردن: **عطسه زدن**

**به عطسه افتادن:** کەوتنە پژمەپژم؛ کەفتنە پژمە؛ کەوتەی پژمەی؛ تووشی پشمە هاتن ‹چیزی رفت توی بینی‌ام و به عطسه افتادم: شتێ چووە ناو لووتم و کەوتمە پژمەپژم›.

**عطش** / ataš/': [عربی]/سم. هاش: ۱. کەڕافی؛ گڕەتینوەتی؛ گڕەتینیەتی؛ گڕەتینگی؛ تینوەتی زۆر ‹عطش داشتم و هر چه آب می‌خوردم، سیر نمی‌شدم: گڕەتینوەتیم هەبوو هەر چی ئاوم دەخواردەوە تێر نەدەبووم› ۲. *[مجازی]* تامەزرۆیی؛ گڕە؛ گڕنە؛ گڕوو؛ گڕ؛ کفت؛ کفتوکۆڵ؛ تین و تاسەی زۆر بۆ دەسخستنی شتێک ‹عطش مطالعه؛ عطش دانستن: تامەزرۆیی خوێندن؛ گڕەی زانین›.

**عطف** / atf/': [عربی]/سم. ۱. ئاوڕ؛ کار و ڕەوتی لاکردنەوە؛ ئاوڕدانەوە ‹این عطف به ماسبق است: ئەمە ئاوڕ لە بگاردەیە› ۲. /ها/ پشت؛ عەتف؛ ئەو بەشە لە قەراخی پەرتووک کە لاپەڕەکانی پێکەوە لکاندووە ‹نام کتاب بر روی عطف هم چاپ شده است: نێوی کتێبەکە لە سەر پشتەکەشی چاپ بووە›.

▣ **عطف به ماسبق:** ئاوڕ لە بگاردە/ ڕابردوو؛ بە پێوەستی ئەوەی ڕابردوو؛ ڕەوتی ئاوڕ دانەوە بۆ دواوە؛ گەڕانەوە بۆ ڕابردوو.

**عطف توجه:** سەرنج دانەوە؛ تێڕوانی ‹با عطف توجه به مدرک ارائه شده: بە سەرنج دانەوە لە بەڵگەی ئاراستەکراو›.

**عطوفت** / otûfat, 'utûfat/': [عربی]/سم. *[ادبی]* مێهرەبانی؛ مێرەوانی؛ مێهرەڤانی؛ دڵۆڤانی؛ هێزی خۆش ویستن و بەزەیی.

**عطیه** / atîyye/'، ـها؛ عطایا/: [عربی]/سم. *[ادبی]* دیاری؛ پێشکەشی؛ خەڵات؛ دەسەدیاری؛ ئەو شتەی کە بە کەسێک دەبەخشرێ (بەتایبەت لە لایەن کەسێکی گەورەوە).

**عظام** / ezām/': [عربی] ☜ **عَظیم**

**عظمت** / azamat, 'azemat/': [عربی]/سم. گەورەیی؛ گەورایی؛ مەزنایەتی؛ مەزنی؛ بەشکۆیی؛ ژاژ و فەڕ؛ شکۆ و پایەبەرزی ‹عظمت کوه؛ عظمت تلاش دانشمندان: گەورەیی کێو؛ مەزنایەتی هەوڵی زانیاران›.

**عظیم** / azîm/'، عظام/: [عربی] صفت. بلەرمان؛ مەزن؛ مازن؛ بلەرمە؛ زۆر گەورە ‹کشتی عظیم؛ تلاش عظیم: گەمیەی بلەرمان؛ هەوڵی مەزن›.

**عظیم‌الجثه** / azîmoccosse/': [عربی] صفت. زەبەلاح؛ قەویلە؛ زلزەلام؛ فیلەتەن؛ قەبە؛ تەژە؛ گرس؛ گومرە؛ کەتە؛ گەپ؛ فیتەر؛ زل ‹سگ عظیم‌الجثه‌ای در گوشه‌ی باغ بسته شده بود: سەگێکی زەبەلاح لە گۆشەی باخەکەوە بەسرابۆوە›.

**عظیم‌الشان** / azîmošša'n/': [عربی] صفت. شکۆمەند؛ شکۆدار؛ ڕێزدار؛ ڕێزمەند؛ پلەبان؛ تایبەتمەندی کەسێ کە پلەی کۆمەلایەتی لە سەرەوەیە.

**عفاف** / efāf/': [عربی]/سم. *[ادبی]* داوێنپاکی؛ هێمۆیی؛ گوڵداوێنی؛ نارینی؛ خەنەکچانی.

**عفت** / effat/': [عربی]/سم. داوێنپاکی؛ داوێن‌خاوێنی؛ گوڵداوێنی؛ هێمۆیی؛ دۆخ یان چۆنیەتی بێگوناحی و ئاکارچاکی بەتایبەت لە باری ناموسیەوە.

**عفریت** / efrît/'، ـها/: [عربی]/سم. دێو؛ عیفریت؛ هەفرید؛ درنج؛ نرناش؛ دێوەلووکە؛ بوونەوەری درێو و زراوبەر.

**عفریته** / efrîte/'، ـها/: [عربی]/سم. دەلەدرنج؛ دەلەدێو؛ دەلەدێوە: ۱. دێوی مێوینە ۲. *[مجازی]* فرتۆل؛ پیرعەبۆک؛ ژنی ناحەز و گرێجان.

**عفن** / afen/': [عربی] صفت. *[ادبی]* گەنیو؛ گەنیگ؛

گەنی؛ گەنیە؛ گەن‌پیس؛ گەنناک؛ گەنیاگ؛ زۆر پیس و بۆگەن ‹مایعی عفن در ته جوی آب روان بود: تراوێکی گەنیو لە بنی جۆگە ئاوەکەوە دەڕۆیشت›.

**عفو** / afv'/: [عربی]/سم. چاوپۆشی؛ بەخشایشت؛ لێبووردوویی؛ نوخاف؛ عەفوو؛ عافوو؛ جەب؛ جەبە؛ کار یان ڕەوتی لێبووڕین؛ بووردن؛ بەخشین؛ وەخشین؛ لێبوردن لە هەڵە و تاوان؛ لێخۆش‌بوون.

▣ **عفو عمومی**: بەخشینی گشتی؛ بووردنی گشتی/ گلایی؛ لێبووردنی هەموو ئەو کەسانە کە قانوون بە شۆنیانەوەیە.

▣ **عفو به کسی خوردن**: بەخشین بەر کەسێک کەوتن؛ چاوپۆشی و بەخشین بە کەسێ گەیشتن ‹اگر به عفو می‌خورد، حالا پیش زن و بچەاش بود: ئەگەر بەخشین بەری بکەوتایە، ئێستا لای ژن و منداڵیەوە بوو›.

**عفو شدن**: بەخشران؛ بەخشیان؛ بەخشیای؛ لێخۆش بوون؛ عافووکردن؛ نوخاف‌کران ‹جمعی از زندانیان عفو شدند: کۆمەڵێ لە بەندیان بەخشران›.

**عفو کردن**: عافووکردن؛ گوزەشت‌کردن؛ بووردن؛ بوورین؛ بەخشین؛ بەخشای؛ بگردن؛ لێبوردن؛ خۆشبوون؛ لێخۆشبوون ‹دولت فراریان را عفو کرد: دەوڵەت هەڵاتوانی بەخشی›.

**عفونت** / 'ufûnat, 'ofûnat ، ـها/: [عربی]/سم. ۱. چڵک؛ چرک؛ کێم؛ زووخ؛ زیرگ؛ ئاشۆ؛ هەو؛ هەوا؛ ڕیم؛ زینجکاو یان برینێ کە لە هۆکارەکانی نەخۆشیزاوە بەدی‌دێت ۲. کفکۆ؛ بۆگەن؛ بۆنی پیس؛ بێهناگەنی.

▣ **عفونت کردن**: چڵک‌کردن؛ ئاوکردن؛ ئاوجز کردن؛ پەیدا بوونی زنچکاو لە برین و کوان.

**عفونی**/ 'ufûnî, 'ofûnî/: [عربی] صفت. ۱. چڵکی؛ زووخی؛ سەر بە چڵک یان سەرچاوە گرتوو لە چڵکەوە ‹بیماری عفونی: نەخۆشینی چڵکی› ۲. بۆگەن؛ بێهناگەن؛ بۆن‌پیس؛ بە بۆنی خراپ و ناخۆشەوە ۳. زووخهێناو؛ زۆخهێناو؛ چڵکی؛ زووخی ‹زخم عفونی شده: برینی زووخهێناو›.

**عفیف** / afîf'/: [عربی] صفت. ۱. داوێن‌پاک؛ گوڵداوێن؛ داوێن‌خاوێن ۲. گوڵپاک؛ پەڕەی گوڵ؛ شیرپاک؛ بە ئاکارێکی دوور لە هەرزەیی، هاری و بێشەرمی.

**عفیفه** / afîfe'/: [عربی] صفت. داوێن‌پاک؛ گوڵداوێن؛ ژنی داوێن‌خاوێن.

**عق** / oq'/: صوت. [گفتاری] هێڵنج؛ فرتک؛ هێق؛ حێق؛ ئێق؛ وێق؛ هیێح؛ هوێح؛ وێع؛ ئێع؛ یێع؛ ئۆع؛ وۆع؛ دەنگی ڕشانەوە: **اُق**

▣ **عُق زدن**: ڕشانەوە؛ هەڵاوردنەوە؛ هێنانەوە؛ هاوردنەوە؛ هەڵهاوردنەوە؛ ئێق‌کردنەوە؛ قەسیان؛ زێڵەوە شیویەی.

**عُق کسی گرفتن**: دڵی کەسێک هەڵشێوان؛ دل کەسێک هاتنە یەکا؛ دڵی کەسێک تێکەڵ بوون: ۱. تووشی ڕشانەوە بوون ۲. *[کنایی]* دڵی کەسێک پێکدا/ بە یەکداهاتن؛ هەستی بێزاری زۆرکردن ‹از دیدن قیافه‌اش عقم می‌گرفت: لە دیتنی سەر و پۆتکی دڵم بیکدا دەهات›.

**عقائد** / 'aqā'ed/: [عربی] ☜ **عقاید**

**عقاب** / 'oqāb/: [عربی]/سم. ۱. ـها: ـان/ هەڵۆ؛ هەڵوو؛ هکور؛ ئەڵو؛ ئەلە؛ ئلە ؛ ولە ؛ ئلهۆ؛ ئەلهۆ؛ ئەلۆ؛ ئالۆ؛ هولی؛ ئەلوو؛ ئەلوە ؛ هەرۆ؛ ئەیلۆ؛ سپر؛ کورت؛ سەرکنەک؛ هەر کام لەو پەلەوەرە گەورە و بەهێزانەی ڕۆژڕاو، بە باڵی دڕێژ و پان، سەر و دەندووکی زل، کلکی تەخت و پێی تووکنەوە، کە لە سەر دار و تاشەبەردی شاخان هێلانە دەکەن ۲. *[نجوم]* ☜ **شاهین ـ ۴**

**عقابی** / 'oqābî/: [عربی] صفت. هەڵۆیی؛ ئەلوویی؛ ئالۆیی؛ بە چەشنی هەڵۆ ‹بینی عقابی: کەپۆی هەلویی›.

**عقال** / 'eqāl/: [عربی]/سم. عەگال؛ پەتی سەری عارەبان.

**عقاید** / aqāyed/: [عربی] جمعِ ☜ **عقیده: عقائد**

**عقب**[1] / 'aqab ، ـها/: [عربی]/سم. دوا؛ دواوه؛ دما؛ دوما؛ دووماییک؛ دوویا؛ پشتهوه؛ پاش؛ نوا؛ پشتهو؛ پشت؛ لا و شوێنێ کە دەکەوێتە پشتەوەی بێژەر، بیسەر یان شتی ئاماژەپێکراو ‹عقب خیلی سنگین است: دواوە زۆر قورسە›.

**عقب**[2]: *صفت.* دوا؛ دوویا؛ پاش؛ دواوه؛ دما؛ نوا؛ دمایی؛ دوایی: ۱. پشتی؛ لە پشت سەر ئەوی‌تر یان دیترانەوە ‹درِ عقب: دەرکی پشتی› ۲. شێنەیی و هێواش‌تر لە ڕادەی پێویست یان لە دیتران ‹ساعت عقب است: کاتژمێرەکە لە دواوەیە› ۳. دوور؛ بە مەودایەکی کاتی یان جێگاییەوە ‹از آن عقب‌تر را نمی‌بینم: لەوە دوورتر نابینم›.

▣ **عقب بودن:** له دوا/ دواوه/ دوادا بوون؛ دماوه بیەی؛ دوور بوون لە ئاکام یان شوێنێکی تایبەت ‹هنوز از بقیه عقب است: هێشتا لە دوای ئەوانی‌ترە›.

**عقب**[3]: *قید.* دوا: ۱. دواوه؛ دماوه؛ پاشەوه؛ پشتەوه؛ لە بەشی دواوه ‹عقب ماشین نشست: لە دواوەی ماشێنەکە دانیشت› ۲. بە/ لە دوای؛ بە دمای؛ بە شۆن؛ بە شوون ‹فرستاد عقب معلم: ناردی لە دوای ماموستا›.

▣ **عقب افتادن:** دواکەوتن؛ مانەوە؛ وەدواکەوتن؛ کەوتنە دواوە؛ کەوتەی دماوە: ۱. درێژ بوونەوەی کاتی کار یان ڕووداوێ ‹دادگاه یک ماه عقب افتاد: دادگاکە مانگێ وەدوا کەوت› ۲. جێمان؛ بەجێمان؛ هێواش بوونەوەی ڕەوتی جوولانەوە یان پێشکەوتن ‹ساعت ۱۰ دقیقه عقب می‌افتاد: کاتژمێرەکە ۱۰ خولەک دەکەوتە دواوە›.

**عقب انداختن:** وەدوا خستن؛ دوا خستن؛ پەک وسەی؛ خستنە دواوە؛ وستەی دماوە؛ هاویشتنە پاشەوە؛ کاتی کار یان ڕووداوێ بردنە دواوە ‹سفرت را دو روز عقب بیانداز: سەفەرەکەت دوو ڕۆژ وە دوا خە›.

**عقب راندن:** دانە دواوە: ۱. خزاندنە دواوە؛ دواوە لێخوڕین؛ تەک‌پێدان؛ پاشەکشە پێ کردن؛ کشاندنە دواوە؛ بە پاشگەز بوونەوە ناچارکردن ‹دشمن را عقب راندند: دوژمنیان دا دواوە› ۲. دانە لاوە؛ کێشانە دواوە؛ بۆ دواوە لابردن و هەڵگەڕاندنەوە ‹سنگ و خاک را عقب راند و او را از زیر آوار درآورد: بەرد و خۆڵەکەی دایە لاوە و لە ژێر کەلاوەکە دەری هێنا›: **عقب زدن**

**عقب رفتن:** ۱. چوونە/ ڕۆشتنە دواوە؛ دواوە چوون؛ پاشڤە چوون؛ دواچین؛ دووماییک چوون؛ لوایوە دما؛ لوەوە دمای؛ بەرەو لای پاشەوە جمین ‹عقب برو، از آنجا دور بزن!: بڕۆ دواوە، لەوێ سوور بدەوە!› ۲. *[کنایی]* کشانەوە؛ تەک دانە دواوە؛ پاشگەزکردن؛ پاشەکشێ کردن؛ لە پێشکەوتن مانەوە ‹امسال آب دریا خیلی عقب رفته است: ئەوسال ئاوی دەریا زۆر کشاوەتەوە›: **عقب نشستن**

**عقب زدن** ☜ **عقب راندن ـ۲**

**عقب ـ عقب رفتن:** دوا/ دواوەدوا/ پشتاو پشت چوون؛ پشتەڵ پشتێ چوون؛ پشتاوپشت ڕۆیشتن؛ پەشتەروانێ لوەی.

**عقب کسی/ چیزی رفتن:** بە/ لە دوای/ دووی کەسێکدا چوون؛ دوای کەسێ یان شتێک چوون؛ چوونە شوێن کەسێ یا شتێ؛ وە دوای کەسێ یان چتێ چوون؛ شۆنۆ یۆی/ چێوێوی لوەی؛ بۆ دیتنەوە یان هێنانی کەسێ یان شتێ ڕۆیشتن ‹رفته بود عقب دکتر: لە دووی دوکتور ڕویشتبوو›.

**عقب کشیدن:** کشانەوە؛ کێشانە دواوە: ۱. پاشەکشێ کردن؛ تەک دانە دواوە؛ کێشتەیوە دما؛ چاوپۆشی کردن لە کارێ ‹آزاد خودش را عقب کشید و بقیه هم به دنبالش: ئازاد پاشەکشی کرد و ئەوانی دیکەش بە شوێنیدا

بـړی› ٢. هەڵکێشـان؛ هۆرکێشـتەی؛ بـەرەو دواوە بردن ‹پایت را عقب بکش!: پێت بکشێوە!›.
**عقب ماندن:** دوا کـەوتن؛ جێمـان؛ بـەجێمان؛ کەوتنـە دواوە: ١. بـە کـەس یـان تاقمـێ نەگەیشـتن ٢. *[کنـایی]* لـە دواوە بـوون؛ کەوتـەیوە دمـا؛ لـە مەبەسـتی دیـاریکراو بەجێمان ‹از کـارم عقـب مانـدەام: لـە کارەکـەم دواکەوتووم›.
**عقب نشستن** ☜ **عقب رفتن ـ٢**
**عقبا** / oqbā'/: [عربی] ☜ **آخرت؛ عقبی**
**عقـبافتـادە** / 'aqaboftāde, -'oftāde / ، ـها/: [عربـی/ فارسـی] *صـفت.* دواکـەوتوو؛ دواکەوتـە؛ دواکـەفتی؛ دواکـەفتگ؛ دواکـەتی؛ دماکـەوتی؛ دماکەوتە: ١. لـە کـاتی خـۆی تێپـەڕیو ‹بدهی عقبافتاده: قەرزی دواکـەوتوو› ٢. *لـگان/[مجـازی]* جێماو؛ بەجێماو ‹بچەهـای عقـبافتـادە: منـدالانی دواکەوتوو›.
**عقبگرد** / 'aqabgard/: [عربی/ فارسی]/*سم.* ١. کار یـان ڕەوتی بادانـەوە؛ هەڵـگەڕانەوە ٢. *[نظـامی]* بەرەوپاش؛ جووڵەی سەربازی بـۆ گەڕاندنـەوەی لەش بەرەو پێچەوانەی لای پێشوو.
**عقب‌مانـدگی** / 'aqabmāndegî ، ـها/: [عربـی/ فارسـی]/*سـم.* دواکـەوتوویی؛ دواکـەفتگی؛ دماکەوتەیی؛ بار و دۆخی دواکەوتن لـە گەشـە، پێشکەوت یان ڕەوتێکی دیاریکراو.
**عقب‌مانـده** / 'aqabmānde ، ـها؛ ـگان/: [عربـی/ فارسی] *صفت.* دواکەوتوو؛ دواکەفتگ؛ دواکـەفتی؛ دواکەوتە؛ دماکەوتـە؛ تووشـیاری دواکـەوتووێی ‹کشور عقب‌مانده: ولاتی دواکەوتوو›.
**عقب‌نشینی** / 'aqabnešînî ، ـها/: [عربـی/ فارسـی] *اسـم.* پاشەکشێ؛ پاشەکشە؛ پاشگەزێ؛ کشە؛ کار یان ڕەوتی کشانەوە لـە مەترسـی، دژواری یـان ئاستەمی بۆ تاوێک یان بۆ هەمیشە ‹دو طـرف بـه آن سوی مرزهای خود عقب‌نشینی کردنـد: دوو لایـەن بەرەو ئەو لای سنووری خۆیان پاشەکشییان کرد›.

▣ **عقـب‌نشـینی کـردن:** پاشەکشـێ/ پاشەکشـە کـردن؛ پاشـگەز بوونـەوە؛ پاشـگەزی‌کـردن؛ کشانەوە.
**عقبی**[1] / 'aqabî/: [عربی] *صفت. [گفتـاری]* پشـتی؛ پشتەسـەری؛ پشـتسـەری؛ دوایـی؛ دوایـین؛ دمایی؛ دمەین؛ دواوە ‹درِ عقبی: دەرکەی پشتی›.
**عقبـی**[2] / ـهـا/: [عربـی] *ضـمیر. [گفتـاری]* دوایـی؛ پشتەسەری؛ پشتی؛ دماین؛ دمەین؛ کەسێ کـە لە پشت یان لە دوای کەسێکەوە بـێ ‹آن عقبی لباس خاکی پوشیده بود: ئەوی دوایی جلکێ خاکی لـە بەر کردبوو›.
**عقبی** / oqbā'/: [عربی] ☜ **عقبا**
**عقد** / 'aqd ، ـها؛ عقود/: [عربی]/*سم.* ١. گرێـدانک؛ کـار و ڕەوتی پـەیمان بەسـتن ‹عقـد قـرارداد: گرێـدانکی بڕیارنامـه› ٢. *[اسـلام]* پـەیمان؛ ڕێوڕەسمێ کە لە گرێ خواردنی پـەیمان یـان بەڵێن دانێکدا و دەربڕینی بەڵێنی هەر دوو لا و بـوونی گـەواهان بـەڕێوە دەچـێ ‹وەکـوو ڕێوڕەسمی مارەیی کچ و کوڕ بۆ ژیانی هاوبەشی›.
▣ **عقد انقطاع:** گرێدانکی ماوەیی. بەرانبەر: **عقد دایم**
**عقـد جـایز:** گرێـدانکی ڕەوا؛ پـەیمانێ کـە هەڵوەشاندنەوەی تێدا ڕەوایە.
**عقد دایم:** گرێدانکی هەمیشەیی؛ پەیمانێ کـە ماوەی تێدا دیـاری نـەکراوە. بەرانبـەر: **عقـد انقطاع**
**عقد فاسد:** گرێدانکی گەندەڵـە؛ پـەیمانێ کـە هەڵوەمەرجی پێویستی تێدا ڕەچاو نەکرابێ.
▣ **عقد بستن:** *[ادبی]* پەیمان بەستن؛ دەسـتدان؛ بەڵێن دان ‹آن دو عقد بـرادری بسـته بودنـد: ئـەو دوانە پەیمانی برایەتیان بەستبوو›.
**عقد کردن:** مارە بڕین؛ مارەکردن؛ مـەهرکرن؛ مارکرن؛ ماربڕین؛ ژن و شـوو حەڵاڵـی یـەک کردن ‹عاقد آمـد و آنهـا را عقـد کـرد: مـەلا هـات مارەیانی بڕی›.

www.perawipepwle.com

**به عقد کسی درآمدن:** بۆ/ لە کەسێ مارەکران/ بڕیان؛ شوو کردنە کەسێ؛ بوونە هاوسەری کەسێ ‹بە عقد پسر عمویش درآمد: بو کوڕی مامەی مارە کرا›.

**به عقد کسی درآوردن:** بۆ/ لە کەسێک مارە کردن؛ بە هاوسەری کەسێک دەرهێنان؛ مارە کردن لە کەسێک ‹او را بە عقد پسر عمویش دراوردند: بو کوڕەمامی مارەیان کرد›.

**عقدکنان** / 'aqdkonān ، ـها/: [عربی/ فارسی]/سم. مارەبڕان؛ مارەبڕین؛ مارەبڕیەی؛ نیکەح ؛ ڕێ و ڕەسمی تایبەت بۆ لێک حەلاڵکردنی ژن و پیاو یان کچ و کوڕ ‹دیروز عقدکنان سارا بود: دوێکە مارەبڕانی سارا بوو›.

**عقدنامه** / 'aqdnāme ، ـها/: [عربی/ فارسی]/سم. مەهرنامە؛ بەڵگەیێکی ڕەسمی و قانوونی کە تێیدا ناوی ژن و مێرد و ڕێکەوت و دۆخی مارەبڕان نووسراوە.

**عقده** / 'oqde ، ـها/: [عربی]/سم. گرێ: ۱. *[کالبدشناسی]* لک؛ لوو؛ گرە؛ سفتی ژێر پێست یان ناوەوەی لەش ۲. *[روانشناسی]* گریمانە؛ بیر، بیرەوەری یان خوازەیەک کە بە تەواوی یان بەشێکی سەرکوتکراوە و هەست و سۆزی ئەو کەسەی ئاوێتە بووە و لەگەڵ بیر و بۆچوونەکانی دیکەیدا لە دژایەتی و مشتومڕدایە.

▣ **عقدەی أدیب:** گرێی ئودیپ؛ خۆش ویستنی ئێجگار زۆری دایک و ڕق لە باب (بۆ کوڕان).

**عقدەی الکترا:** گرێی ئیلکترا؛ خۆش ویستنی ئێجگار زۆری باب و ڕق لە دایک (بۆ کچان).

**عقدەی حقارت:** گرێی خۆ بە کەم زانی؛ گریمانەیێ کە بە هوی سووکی پێکردنی زۆر و لە سەر یەک لە کەسێکدا بەدیدێ.

**عقدەی خود بزرگبینی:** گرێی خۆ بە زلزانی/ ئاخایۆکی؛ گریمانەیێ کە دەبێتە هۆی ئەوە کابرا خۆی بان‌تر و سەرتر لەوەی کە هەیە بزانێ.

▣ **عقدەی دل باز کردن/ گشودن:** *[مجازی]* دەردی دل هەڵڕژاندن؛ سفرەی دل کردنەوە؛ خۆ سووک کردنەوە؛ گرێی ناو دل شی کردنەوە؛ داخ و خەفەتی دل هەڵڕژاندن و سووک بوونەوە.

**عقده دل کسی ترکیدن:** *[مجازی]* کوانی دڵی کەسێ درگا کردن؛ بلۆقی سکی کەسێک تەقین؛ ئاشکرا بوونی ڕەنج و ئازراوی کەسێک بە گوتنی ئەو نەهامەتیانە.

**عقده‌ای** / 'oqde'î ، ـها/: [عربی] *صفت.* ڕقەڵەسک؛ گریمانەیی؛ گرێ لە دڵ؛ تووشی تێکچوونی ئاکار و داوەری بە هۆی دڵشکاوی و پێشێل بوون ‹وقتی به یک آدم عقده‌ای مسئولیتی می‌دهند، پدر ارباب‌رجوع را درمی‌آورد: کاتێ مرۆیەکی ڕقەڵەسک دەکەنە بەرپرس، باوکی کارێنەر دێنێتە بەرچاوی›.

**عقدی** / 'aqdî/: [عربی] *صفت.* مارەبڕاو؛ مارەکراو؛ مارەبڕیاگ؛ مارەکراوی هەمیشەیی. بەرانبەر: **صیغه‌ای** ‹سارا زن عقدی من است: سارا ژنی مارەبڕاوی منە›.

**عقرب** / 'aqrab/: [عربی]/سم. دووپشک: ۱. ـها/ دوپشک؛ دووفیشک؛ دووڤشک؛ مارەکۆڵ؛ دومارەکۆڵ؛ دوومارەکۆڵ؛ دمارەکۆڵ؛ کولەنجی؛ کولاژدم؛ کەژدم؛ کەلاشدوم؛ کلاشدم؛ ژووشک؛ زووشک؛ کەشگە؛ کشگە؛ گادین؛ چزەپیلە؛ گیانەوەرێ بە لەشی درێژ، سەرسنگی چڕ و پان و چەسپاو بە سکەوە، پای گەورەی وەک شەویلاک، چزی قولاو ئاسا لە دوای کلکەوە کە لە ناوەوە دەگاتە دوو لووی ژەهر دەڵێن. ئەم گیانەوەرە ڕاوچیەکی گۆشتخۆر، هێلکەکەر (گەراداخەر) و زیندوزێیە و لە ناوچەی گەرم و مامناوەندیدا دەژی و زۆرتر شەوگەڕە ۲. *[نجوم]* وێنەیەکی گەورەی ئاسمانی * **کژدم** ۳. *[تقویم]*

هەشتەمین کەلوو لە دوازدە کەلووی سال کە بەرامبەرە بە مانگی خەزەلوەر.

▣ **عقرب جراره:** دووپشکی سەرپان؛ جۆرێ دووپشکی زل و زەردی زۆر ژاراوی کە کلکی لە دووی دەخشێ: **جرّاره**

**عقربک** / aqrabak'/: [عربی/ فارسی]/سم. دووی‌پشک؛ ناخوونەزێ؛ برینێ کە لە چلک کردنی نەرمەی دەوری نینۆکەوە بەدیدێ.

**عقربه** / 'aqrabe ، ـها/: [عربی]/سم. مێهەنگ؛ میهەنگ؛ دەسیلە؛ میل؛ نیشانکەر؛ میلەیەک لە نێو دەزگایەکدا کە سەرێکی بە تەوەرەیەکەوەیە و ئەو سەری لە نێو پەڕەیەکدا هەلدەسووڕێ و چەنێتی یان لایەنێک نیشان دەدا ‹عقربەی ساعت: مێهەنگی کاتژمێر›.

**عقل** / 'aql ، ـها؛ عقول/: [عربی]/سم. ئاوەز؛ ئەقل؛ هەقل؛ ئقل؛ مژی؛ مەژگ: ١. هزر؛ بیر؛ هش؛ ویر؛ هێزی تێگەیین، بۆچوون یان تێفکرین، بەتایبەت بە شێوەی گونجاو ٢. توانستی بەهرەگری ڕاست و باش لە هێزی زەینی.

▣ **عقل سلیم:** بیر/ ئەقلی پاراو؛ هێزی بیر و تێگەیشتنی مرۆی ساغ و ئاسایی.

**عقل کل:** ژیرە؛ بیر قوول؛ بیر تیژ؛ زۆر زانا و بیرمەند.

**عقل متعارف:** بیر/ ئەقل/ ژیری ئاسایی؛ تێگەیشتن و داوەری وەک مرۆیەکی ئاسایی.

**عقل معاش:** بیر/ ژیری بژیو؛ بیر/ ژیری ئابووری؛ لێهاتوویی کەسێ بۆ بەرنامە دارشتن و بەڕێوە بردنی ژیان.

▣ **عقل از سر کسی پریدن:** *[مجازی]* شێتی لە سەر/ کەلەی کەسێک دان؛ ئەقل لە سەر کەسێک دەرپەڕین/ بارکردن؛ شێت بوونی کەسێک؛ مێشکی کەسێک تێکچوون؛ لێوە بوونی کەسێک ‹مگر عقل از سرت پریده که این کارها را می‌کنی؟!: مەگەر شێتی داویە لە سەرت ئەم کارانە دەکەی؟!›.

**عقل خود را به دست کسی دادن:** *[مجازی]* ئەقڵی خۆ دانە دەستی کەسێکەوە؛ کەفتنە شوێن قسەی کەسێ؛ ئەقل خۆ گۆڕانەوە؛ خۆ سپاردنە کەسێکی‌تر ‹آخر چرا عقل خودت را می‌دهی دست دیگری؟: ئاخر بۆ ئەقلی خوت نەدەیتە دەستی کەسی‌تر؟›.

**عقل(ها) را روی هم گذاشتن:** بیر کردنەیەک؛ ئەقل نانە سەر یەکەوە ‹عقلمان را روی هم گذاشتیم و به این نتیجه رسیدیم: بیرمان کردەیەک و بەم ئاکامە گەیشتین›.

**عقل کردن:** ژیری کردن؛ ژیرانەکردن؛ ژیرانە کارکردن؛ کارکردن بە ئەقلەوە ‹خوب بود عقل کردم و زود آمدم: چابوو ژیریم کرد و زوو هاتم›.

**عقل کسی به چشمش بودن:** *[مجازی]* ئەقلی کەسێ لە چاویدا بوون؛ لە ڕووی ڕوالەتی بەرچاو بڕیار دان و داوەری‌کردن ‹خیلی‌ها عقلشان به چشمشان است: زۆرێک ئەقلیان لە چاویاندایە›.

**عقل کسی پاره سنگ برداشتن:** *[مجازی]* ئەقلی کەسێ سێ‌سووچ بوون؛ تەختەی کەسێک داکەوتن؛ کەم ئەقل بوون ‹این دوست ما عقلش پاره‌سنگ برمی‌دارد: ئەو دۆستەی ئێمە ئەقلی سی‌سووچە›.

**عقل کسی را دزدیدن:** *[مجازی]* چاوی کەسێک بەستن؛ لە کەسێ گۆڕاندن؛ ئەقلی کەسێک لە چنگی دەرهێنان؛ ئەقلی کەسێک دزین؛ بە دەست هێنانی متمانەی کەسێک لە ڕێی هەلفریواندنیەوە ‹عقل تو را دزدید و با چرب‌زبانی مغازه را از دستت درآورد: چاوتی بەست و بە زمان‌لووسی دووکانەکەی لە چنگت دەرهێنا›.

**عقل کسی رسیدن:** ئەقلی کەسێ پێشکیان؛ ئەقلی کەسێک پێ‌گەیشتن؛ ئەقلی کەسێک بۆچوون ‹هنوز بچه است عقلش نمی‌رسد: هێما منداله و نەقلی پێناشکێ›.

**عقل کسی قد ندادن:** *[مجازی]* ئەقڵی کەسێ پێ نەشکیان؛ ئەقڵ کەسێ نەبڕین؛ بە ڕێجارپشا نەچوون؛ توانستی فامی شتێک نەبوون ‹عقل تو به این چیزها قد نمی‌دهد: ئەقڵی تو بەم شتانە ناشکێ›.

**عقل کسی گرد بودن:** *[مجازی]* مێشکی کەسێ پووچڵ بوون؛ بیری کەسێک تەسک بوون؛ کەم ئاوەز بوون ‹مگر عقلت کرد است که ترک تحصیل کنی؟: مەگەر مێشکت پووچڵە دەس لە خوێندن بەردەی؟›.

**به عقل درست/ راست آمدن: لەگەڵ ئەقڵدا ڕاست هاتنەوە؛** لە تەک عەقلا دەرهاتن؛ **لەتەک عەقلا خوێندن/ خواردن** ‹حرفش با عقل درست می‌اید: قسەکەی لەگەڵ نەقڵدا ڕاست دێتەوە›.

**به عقل کسی نرسیدن: ئەقڵی کەسی پێ نەشکیان؛ بە ئەقڵی هیچ کەسێک نەگەیشتن** ‹به عقل کسی نرسید زودتر به پلیس زنگ بزند: کەس بەقڵی پی نەشکا زوو پولیس دەنگ کا›.

**به عقل نگنجیدن: مێشک/ ئەقڵ هەڵنەگرتن؛ ئەقڵ نەوڕین** ‹به عقل کسی نمی‌گنجید که او بتواند این کار را بکند: مێشکی کەس هەڵینەدەگرت ئەو بتوانێ ئەم کارە بکا›.

**عقلا** / 'oqalā/: [عربی] جمعِ ☜ **عاقل**

**عقلانی** / 'oqalā'î/: [عربی] ☜ **عقلایی**

**عقلانی** / 'aqlānî/: [عربی] *صفت.* هزری؛ ئاوەزی ‹قوه‌ی عقلانی: هێزی هزری›.

**عقلانیت** / 'aqlānîyyat/: [عربی]/*سم.* ژیریەتی؛ دۆخ یان چۆنیەتی ژیر بوون.

**عقلایی** / 'oqalāyî/: [عربی] *صفت.* ژیرانە؛ ژیرمەندانە؛ ژیرمەندی؛ ژیرۆکی؛ ژیرۆڵی؛ ژیرلێی؛ عاقلانە ‹تصمیم عقلایی: بڕیاری ژیرانە›: **عُقلائی**

**عقلی** / 'aqlî/: [عربی] *صفت.* ئاوەزی؛ ئەقڵی؛ هزری.

**عقوبت** / 'oqûbat, 'uqûbat/، هـا/: [عربی]/*سم. [ادبی]* سزا؛ جزیا؛ وەرامی خراپە یان کاری خراپ ‹عقوبت دیدن: سزا دیتن›.

**عقود** / 'oqûd, 'uqûd/: [عربی] جمعِ ☜ **عقد**

**عقول** / 'oqûl, 'uqûl/: [عربی] جمعِ ☜ **عقل**

**عقیدتی** / 'aqîdatî/: [عربی] *صفت.* بڕوایی؛ باوەڕی؛ سەر بە بیر و بڕوا ‹بحث عقیدتی: باسی بڕوایی›.

**عقیده** / 'aqîde، هـا؛ عقاید/: [عربی]/*سم.* بڕوا؛ باوەڕ؛ باوڕ؛ هەنی: ۱. بیر و بڕوا؛ دۆز؛ بیر و بۆچوون؛ داوەری یان هزرێ کە وەک خوو و خدە یان حالەتێکی زەینی لێهاتووە ‹عقیده‌ی اسلامی: باوەری ئیسلامی› ۲. بۆچوون؛ بیر و بۆچوونێ کە ئاوێتەی هەست و نەست بووە ‹عقیده‌ی شما در مورد ازدواج آرام چیست؟: بۆچوونی ئێوە لەمەڕ ژن‌خواستنی ئارامەوە چیە؟›.

▣ **عقیده داشتن:** بڕوا هەبوون؛ باوەڕ پێبوون؛ بە بڕوا بوون؛ پێوا بوون؛ باوەڕ بیەی ‹من به کار این آدم عقیده داشتم: من بروام بە کاری ئەم کابرایە هەبوو›.

**عقیق** / 'aqîq/: [عربی]/*سم.* ئاقیق؛ یاقیق؛ جۆرێ کانی جوان و بەنرخ لە کوارتز (سیلیکا) کە هەندێ ئوکسیدی ئاسنی تێدایە، بە ڕەنگی خۆڵەمێشی مەیلەو زەرد، سوور یان شین کە وەکوو بەردێکی بەنرخ یان بۆ دروستکردنی ئامرازی زانستی بەکار دێت.

**عقیقه** / 'aqîqe/: [عربی]/*سم.* هەقیقە؛ حەفتم؛ حەوتم؛ کاوڕ یان شەکێ کە لە حەفتەی لە دایکبووندا قوربانی دەکەن.

**عقیم** / 'aqîm/: [عربی] *صفت.* ۱. نەزۆک؛ نەزووک؛ نەزێ؛ نەزا؛ مەزا؛ هەرکان؛ خرش؛ بەیچەڵ؛ پەیشەل؛ بێبەر؛ بێتوانایی منال بوون ۲. *[مجازی]* بێ‌کەڵک؛ زڕ؛ بێبەر؛ بێوەچ؛ بەبێ ئاکامی ڕەچاوکراو ‹تلاشهای دشمن برای پیروزی عقیم ماند: هەوڵی دوژمن بۆ سەرکەوتن بێ‌کەڵک

مایه‌وه›.

▣ **عقیم بودن:** نەزۆک بوون؛ نازا بوون؛ هەرکان بوون؛ بەبێ توانایی زاوزێ کردن بوون ‹همسر دوم شاه عقیم بود: ژنی دووهەمی شا نەزۆک بوو›.

**عقیم شدن:** ۱. نەزۆک بوون؛ لە دەست دانی توانایی زاوزێ ‹بر اثر مصرف برخی داروها عقیم شد: بە بۆنەی بەکار بردنی بڕێ دەواوە نەزۆک بوو› ۲. لە پیاوەتی‌کەوتن؛ هێلک بڕیان؛ لە دەست دانی توانایی منالدارکردن ۳. بە فشە دەرچوون؛ بەتاڵ بوونەوە ‹تلاش مخالفان عقیم شد: هەولی نەیاران بە فشە دەرچوو›.

**عقیم کردن:** ۱. هەرکاندن؛ نەزۆک‌کردن؛ لە توانستی زاوزێ خستن ۲. بەتاڵ کردنەوە؛ بە فشە دەرکردن؛ بێئاکام کردن.

**عقیم گذاشتن:** بەتاڵ‌کردنەوە؛ لە کار خستن ‹فقر همه‌ی تلاشهای او را برای تحصیل عقیم گذاشت: هەژاری هەموو هەوڵ و کۆشەکانی بۆ خوێندن بەتاڵ کردەوە›. هەروەها: **عقیم ماندن**

**عقیم‌سازی** / 'aqîmsāzî/: [عربی/ فارسی]/سم. کار و ڕەوتی بەرگری‌کردن لە زاوزێ گیاندارێک.

**عکاس** / 'akkās ، ـها؛ ـان/: [عربی]/سم. وێنەگر: ۱. ئەو کەسە کاری گرتنی وێنەیە ‹دخترش عکاس است: کچەکەی وێنەگرە› ۲. ئەو کەسەی لە هونەری وێنەگریدا لێهاتووە.

**عکاسخانه** / 'akkāsxāne ، ـها/: [عربی/ فارسی] /سم. *[قدیمی]* وێنەگری؛ عەکاسی؛ کارگەی عەکاسی و وێنەگرتن.

**عکاسی** / 'akkāsî/: [عربی]/سم وێنەگری؛ عەکاسی: ۱. کار و ڕەوتی وێنەگرتن ‹از منظره‌ی طبیعت عکاسی می‌کند: لە دیمەنی سروشت وێنەگری دەکا› ۲. کاری وێنەکێش ‹از عکاسی پول خوبی درمی‌آید: لە وێنەگری پارەیەکی باش دەردێ› ۳. /ـها/ شوێنی وێنەگرتن؛ کارگەی وێنەگری ‹عکاسی بسته بود: وێنەگری داخرابوو›.

**عکس**[1] / 'aks ، ـها/: [عربی]/سم. وێنە؛ عەکس؛ ڕەسم: ۱. وێنەیێ کە بە کامێرا گیراوە ۲. سوخەت؛ وێنەیێ کە لە سەر ڕووبەرێکی ڕوون یان بریکەدارەوە بەدیدێ ‹عکس درختان در آب افتاده بود: وێنەی دارەکان کەوتبووە سەر ئاوەکەوە› ۳. *[مجازی]* وێنەیێ کە بە کوپی، چاپ یان نیگارکێشی لە شتێ، پێکهاتووە.

▣ **عکس انداختن** ☜ **عکس گرفتن**

**عکس برداشتن** ☜ **عکسبرداری**

**عکس گرفتن:** وێنەگرتن؛ ڕەسم‌کێشان؛ وێنەی شتێک لە سەر فیلمی وێنەگری یان بە هەر شێوەیەکی تر تۆمار کردن ‹داشت تند و تند عکس می‌گرفت: خەریک بوو پەسایپەس وینەی دەگرت›: **عکس انداختن**

**عکس**[2]: *صفت.* پێچەوانە؛ بەرەواژ؛ بەراوەژوو؛ ئاوەژوو؛ بەرەڤاژ؛ پێچەوانەی شتێک لە باری پێکهاتە یان چۆنیەتیەوە ‹امروز حرفی می‌زد و فردا عکس آن را می‌گفت: ئەمڕۆ قسەیەکی دەکرد و بەیانی پێچەوانەکەی دەگوتەوە›.

**عکس‌العمل** / 'aksol'amal ، ـها/: [از عربی]/سم. کاردانەوە؛ بەرپەرچ؛ کاری بەرپەرچ دانەوە.

**عکسبرداری** / 'aksbardārî/: [عربی/ فارسی]/سم. وێنەگری؛ کار و ڕەوتی تۆمارکردنی وێنە لە سەر فیلم بۆ دەرهێنانی وێنە.

**عکس‌برگردان** / 'aksbargardān ، ـها/: [عربی/ فارسی]/سم. بەرگەردان؛ جۆرێک کاغەزی تایبەتە وێنەیەکیان خستۆتە سەری کە بە تەڕکردن، چەسپاندن، مالین (دەست پێدا هێنان) یان گەرم کردن، وێنە یان نووسراوەکەی لە سەر شوێنی پێویست بەجێ دەمێنێ.

**علائق** / 'alā'eq/: [عربی] ☜ **علایق**

**علائم** / 'alā'em/: [عربی] ☜ **علایم**

**علاج** / 'alāc, 'elāc ، ـها/: [عربی]/سم. ۱. چارە؛ چار؛ عیلاج؛ هاول؛ هاویل ‹علاجش پول است: چارەی پارەیە› ۲. دەرمان؛ چارەسەر؛ چارەسەری ‹علاج ریزش مو: دەرمانی قژ وەرین›.

هەروەها: **علاج داشتن؛ علاج شدن؛ علاج کردن**

**علاف**[1] / allāf'/ ، ـها؛ ـان/: [عربی]/سم. عـەللاف؛ عەلاف؛ ئالیک‌فرۆش؛ کەسێک چیلکە و خەڵووز و کا و وێنجە دەفرۆشێ.

**عـلاف**[2]: *صفت. [مجـازی، گفتـاری]* سـەرگەردان؛ عەللاف؛ ئەلاف؛ وێـڵ؛ تووشـیاری چـاوەڕوانی و هاتوچۆی بێ‌کەڵک ‹چهار ماه توی این شهر علاف شدم: چـوار مانـگ لـەم شـارە سـەرگەردان بـووم›.

هەروەها: **علاف بودن؛ علاف شدن؛ علاف کردن**

**علافی** / allāfī'/: [عربی]/سم. عـەلافی: ۱. کـار و پیشەی عەللاف ۲. /ـها/ ئالیک‌فرۆشی؛ دووکـان یان شـوێنی کـاری عـەللاف ۳. /ـهـا/*[گفتاری]* سەرگەردانی؛ وێڵی؛ بەتاڵ‌پایی.

▣ **علافی کشیدن**: عـەلاف بـوون؛ سـەرگەردان بوون؛ ماتڵ بوونی بێسوود.

**علاقمند** / alāqmand'/: (!) [عربـی/ فارسـی] ☜ **علاقەمند**

**علاقـه** / alāqe'/ ، ـهـا؛ علایـق/: [عربـی]/سـم. ۱. هۆگری؛ ئۆگری؛ هۆگرەتی؛ حـەز؛ واز؛ هـەز؛ شەوق؛ پەیوەنـدی؛ پـەیوەن؛ پەیوەنـد؛ پێـوەن؛ لاقە؛ قمشی ۲. دارایی و ملک و مال.

▣ **علاقه داشتن**: واز لێ بوون؛ هۆگر/ ئۆگر بوون؛ حـەز بـوون؛ شـەوق لـە سـەر شـتێ بـوون؛ ویستن؛ خۆش ویستن؛ دڵ پێوە بوون ‹خیلی به موسیقی علاقه داشت: زۆر وازی لە مۆسیقا بوو›.

**علاقەبند** / alāqeband'/ ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسـی] *صفت.* ۱. قـەزاز؛ زەنگیانـەهۆن؛ هۆنـەری وردە موورو و زەنگیانە ۲. زەنگیانەفرۆش؛ فرۆشیاری خشل و زرق و برقـی جـڵوبـەرگ (وەک کڵانـە، پووڵەکە و...). هەروەها: **علاقەبندی**

**علاقەمند** / alaqemand'/ ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] *صفت.* ۱. دەربایسـت؛ دەربـایس؛ دەربەسـت؛ دەربەستە؛ دەربەن؛ دەربەند؛ پابەند؛ پێبەند؛ بـە گرینگ؛ گوێدەر بە کار ۲. ئـۆگر؛ هـۆگر؛ پابەنـد یان دڵبەستەی شتێ ‹علاقەمند به موسیقی: ئۆگری موووسیقا› ۳. لایەنگر؛ لاگیر؛ خاوەن هۆگرەتی بە شتێ ‹علاقەمند به خوابیدن بـود: لایـەنگری خـەوتن بوو› * **علاقمند**

**علامات** / alāmāt'/: [عربی] جمعِ ☜ **علامت**

**علامت** / alāmat'/ ، ـها؛ علامات؛ علائم/: [عربی]/سم. نیشانه: ۱. درۆشم؛ دورف؛ درف؛ هنارە؛ نیشـان؛ هێما؛ هەوە؛ نیشـانەی تایبـەتی ‹عطسـەی پیـاپی علامـت سـرماخوردگی اسـت: پژمـەی لەسـەریەک نیشانەی هەلامەتە› ۲. نماد؛ نمانا ‹لبخنـد علامـت دوستی است: بزە نیشانەی دۆستیە› ۳. *[گفتاری]* ئالا؛ ئالا؛ بەیاخ؛ بەیداخ؛ عەلەم؛ پەرچەم.

▣ **علامـت دادن**: نیشـاندانی درۆشـم یـان نیشانەیەک بۆ دەربڕینی بیر یان فرمانێک.

**علامت گذاشتن**: مۆر نان؛ شەقڵ‌کردن؛ دیاری کردن؛ نیشان‌کردن؛ درۆشم دانان.

**علامتگـذاری** / alāmatgozārī'/ ، ـهـا/: [عربـی/ فارسی]/سم. نیشانکاری؛ کـار یـان ڕەوتی نیشـانە کردن؛ نیشانە دانان.

**علامـه** / allāme'/ ، ـهـا/: [عربـی]/سـم. هـۆزان؛ زانایۆخ؛ فریەزان؛ فرەزان؛ زۆرزان؛ ئەوی زانیاری زۆر و زەبەندی لە هەموو بواریکدا هەیـە ‹علامـه دهخدا: هۆزان دیهخودا›.

**علاوه** / alāve'/: [عربی] *صفت.* زیادە؛ زیا.

▣ **علاوه بر این**: سەرەڕای ئەوە؛ سەرەڕای ئەمە؛ زیاد لەمە ‹علاوه بر این مقداری پول به او داده شد: سەرەرای ئەوەش بڕێ پارەی پێ درا›.

▣ **علاوه شدن**: پێزیـاد بـوون؛ زیـا بـوون؛ فـرە بوون؛ هاتنە سەر ‹بعداً پنجاه نفر هم بـه جمعشـان علاوه شد: دواتر پەنجا کەسیان پـێ زیـاد بـوو›.

هەروەها: **علاوه کردن**

**علایق** / alāyeq'/: [عربی] جمعِ ☜ **علاقه: علائق**

**علایم** / alāyem'/: [عربی] جمعِ ☜ **علامت: علائم**

**علت** / ellat'/ ، ـها؛ علل/: [عربـی]/سـم. هـۆ؛ هـاوا: ۱. سـەمەد؛ هجـران؛ سـۆنگە؛ هـۆی کـار یـان دۆخێـک ‹علّت دیـر آمـدن شـما چیسـت؟: هـۆی

www.perawipepwle.com

دێرهاتنی ئێوه چیه؟› ۲. ئەوەی کە ئاکام یان داهاتێکی بە دواوەیە ‹علت اصلی: هوی سەرەکی› ۳. کەس یان شتێ کە هۆکاری کردەوەیەکە یان شتێک بەدیدێنێت ‹نگهداری مواد آتش‌زا علت آتش‌سوزی بوده است: هەڵگرتنی ماکی ئاگربەر هوی سووتمانەکە بووە› ٤. *[مجازی]* زەدە؛ عەیب.

▣ **علت اصلی ☜ علت اولی**

**علت اولی:** هۆی سەرەکی؛ هۆیێ کە بەدیهێنەری هەموو سۆنگەکانی تر: **علت اصلی؛ علت‌العلل**

**علت‌العلل** / 'ellatolelal/: [عربی] ☜ علّت اولی، **علت**

**علف** / alaf'، ـها؛ علوفه/: [عربی]/سم. ئاڵف؛ ئالیک: ۱. *[گفتاری]* لەوەڕ؛ سمەری؛ چێرە؛ تفاق؛ لەودە؛ لۆدە؛ واشە؛ ئاژاڵ؛ خۆراکی پاتاڵ و مالات ۲. *[مجازی]* گیا؛ گیواو؛ گژ و گیا ‹بیابان بی‌آب و علف: دەشتی وشک و بێ‌گیا› ۳. ئاژاڵ؛ ناوی گشتی بۆ دەستەیەکی گەورە لە گژ و گیای خۆڕسک و پتر یەک‌ساڵە کە لاسکی چێوییان نیە.

▣ **علف بلادن:** ڕەزڵە؛ تووڵەزەڕە؛ تریٚمارانە؛ ڕوەکێکە لە کۆمەڵەی باینجان بە ڕەگی ئەستوور و گۆشتن، گوڵی پەمەیی مەیلەو زەرد، بەری سووری وەک تریٚ کە ماکێکی سڕکەری تێدایە بۆ دەرمان بەکار دەچێ.

**علف بواسیر:** گای مایەسیری؛ گیایێکی دەشتەکی بچووک، بە گەڵای وەک لەپی دەست و گوڵی زەردەوە، لە نزمانیدا دەڕوێ و ئاوی ڕەگەکەی بۆ نەخۆشی مایەسیری باشە.

**علف جالیز:** گیاکەڵە؛ گوڵە بێسان؛ بوومەترکە؛ بۆمترەکە؛ گیا کوژەک؛ گوڵەک؛ ڕوەکێکی مشەخۆرە کە ماکی کلۆروفیلی تێدا نیە، بەڵام گوڵ دەگرێت و بە ڕەگی ڕوەکانی‌ترەوە دەنووسێنێت و ئاوەکەیان دەمژێ.

**علف چشمه:** کووزەڵە؛ کویزەڵە؛ بەرگەمێ؛ بەریەمێ؛ بێزەڕوو؛ بێزروو؛ تەڕەتیزە کێویلە.

**علف خرس:** ۱. گوێورچە؛ جۆزناق؛ ڕوەکێ گەڵاگەورەیە بە گوڵی زەرد و هێشووئاساوە، تەمەنی درێژە و تایبەتی ناوچەی گەرمە، بۆ ئازاری جومگە و کۆکە و سەرما چاکە ۲. *[مجازی]* بەڵاش؛ هەر شتێکی مشەی بێبایەخ و لەبەردەست.

**علف شوره:** بەڵوچە؛ کەفکەفۆک؛ حوژە؛ ئەسپۆن؛ زروێ؛ زرۆ؛ گیایێکە بە بنی سپیەوە دەکوتریٚ و لە جیاتی سابوون بەکاردێ.

**علف شیر:** گیاشیر؛ شیرگرسێن؛ گیا هەوێن؛ ئامیان پەنیر؛ سۆتیچکە؛ کەوڵە گیا؛ ڕۆناسە گیا؛ ڕوەکێک بە قەدی باریک و چەپکی، گەڵای درێژ و باریکەڵە و گوڵی وەک گوڵەگەنم، شیری هەیە و بۆ لەوەڕ باشە.

**علف گربه:** سم‌لەتیف؛ گیاکتک؛ گیاکەتک؛ ئەشەدبۆ؛ ڕێخەداروو؛ ئاوڕێژەک؛ گیا بوونەدار؛ گیایەکی دەرمانە، پشیلە زۆر حەزی لە بۆنەکەیەتی.

**علف هرز:** هەرێز؛ ئالاخ؛ هەژاڵە؛ فریز؛ فریزوو؛ هەرێس؛ هەڵیس؛ هەلیز؛ فرس؛ فرێز؛ فروزوو؛ فروزی؛ گیای بێکەڵک کە دەبێ بژار بکرێ.

**علف هفت‌بند:** گیا گرێچک؛ گرێچکە؛ سیچکە؛ دووگوێبەرخە؛ گیابژارێکی مەزرا و بێستانە بە لاسکی گرێ-گرێ ڕەق و گەڵای ورد و ڕیشە و بنۆکی پتەو و قایمەوە.

▣ **علف زیر پای کسی سبز شدن:** *[مجازی]* کەسێ چەکەرە دان؛ کەسێ چەکەرە دەرکردن؛ چاوەڕوانی و تەمای زۆر و بێهۆکردن ‹آن‌قدر بایست تا علف زیر پایت سبز شود: ئەوەندە ڕاوەستە تا چەکەرە بدەی›.

**علف‌چر** / alafčar'، ـها/: [عربی/ فارسی]/سم. لەوەڕگە؛ لەوەڕگا؛ ئالفجار؛ فریزە؛ پەرێز؛ چایەر ‹گوسفندها را برده بود علف‌چر: پەزەکانی بردبووە

لەوەرکە›.

**علف‌چینی** / alafčînî/': [عربی/ فارسی]/سم. کۆکەن؛ کار و ڕەوتی گیا چنین؛ گیا دووریـن؛ بڕین و باقەکردنی ئالف ‹فردا بـرویم علف‌چینی: بەیانی بڕۆین بۆ کۆکەن›.

**علفخـوار** / alafxār/'، ـها: ـان/: [عربی/ فارسی] صفت. گیاخۆر؛ ئالفخۆر؛ بە تایبەتمەنـدی دابـین بوونی پێخۆر لە ئالف.

**علفدان** / alafdān/'، ـها: ـان/: [عربی/ فارسی]/سم. مەرەک؛ لەوەڕدان؛ تفاقدان.

**علفزار** / alafzār/'، ـها: ـان/: [عربی/ فارسی]/سم. ئالـفجار؛ گیاجـار؛ گیـازار؛ لـەوەڕگا؛ لەوەڕگـە؛ لۆجـار؛ چـیم؛ چێرگـە؛ چایـەر؛ وشـکەپەل؛ جارەگیای خۆڕسک.

▣ **علفزار بی‌آب**: بـوویش؛ زەمەنـد و قشـلاقی بێئاو.

**علف‌کش** / alafkoš/'، ـها/: [عربی/ فارسی]/سم. پێبژار؛ دەوابژار؛ گیاکوژ؛ هەر جـۆرە مـاک یـان ئامرازێک بۆ لە ناو بردنی گژ و گیای بژار.

**علفـی** / alafî/': [عربـی] صفت. ئالـفی؛ ئـالیکی: ۱. سمـەرین؛ وەکـوو ئالـف ۲. سمـەرین؛ لـە جنسـی ئالـف ۳. *[گیاەشناسی]* پووشـینە؛ کـەم تەمـەن و بـەبێ ئەنـدامی ڕەق و چێـوی ٤. *[گفتاری]* ئالفخۆر؛ گیاخۆر.

**علقـەمضـغه** / alaqemozqe/': [عربـی] صـفت. *[مجـازی]* پـووت؛ پووتـە؛ پووتـەک؛ پووتەکـە؛ مەلەمیزە؛ مەلەمیسە؛ ڕەقوتەق؛ بەرچاونەگەر و بێنموت.

**علل** / elal/': [عربی] جمعِ ☜ **علت**

**علـم**[1] / alam/'، ـها: [عربـی]/سم. *[قـدیمی]* ئـالا؛ بەیاخ؛ بەیداخ؛ بەندێر؛ کۆتەل؛ پەرچەم؛ عەلەم.

▣ **علـم کـردن**: دامەزرانـدن؛ بـەرپا کـردن: ۱. هەلدان؛ داکوتان؛ هەلداشتن؛ هەلواسـین؛ شەکاوەکردن؛ هۆردەی؛ هۆردای ‹چادر را علـم کـردیم: چادرەکـەمان هەلـدا› ۲. سـازکردن؛ وناردن؛ داچنین؛ تەیار و ئامـادەکردن ‹بساط چای را علـم کردنـد: پسـاتی چایـان دامەزرانـد›.

هەروەها: **علم شدن**

**زیر علم کسی سینه زدن**: *[تعـریض]* بلەـ بلـەی کەسێ کردن؛ خۆمالـە خۆمالـە بـۆ کەسـێ وتن؛ بە سـاز کەسـێ سـەما کـردن؛ شـوێنی کەسێ کەوتن و پشتیوانی لێکردنی.

**علم**[2]: *صفت.* ناسراو؛ ناودار؛ بەناو ‹اسم علـم: نـاوی ناسراو›.

**علم** / elm'، ـها: علوم/: [عربی]/سم. زانست؛ زانس؛ زانیاری: ۱. زانـایی؛ دۆخ یـان چۆنیـەتی زانـین ‹دربارەی موضوعی که نسبت به آن علم کـافی نـداریم، نباید حرف بزنیم: سەبارەت بـە بابـەتێ کـە زانسـتی ئەوتۆمان لێـی نیـە، نابـێ بـدوێین› ۲. بەشـێ لـە زانیاریگەلی ڕێکخراو وەکوو لقی خوێنـدن ‹علـم زمین‌شناسی: زانسـتی زەویناسـی› ۳. ڕێوشـوێن؛ داب؛ ئەوی بشێ وەک ئاگایێکی هەموانی فێری بین یان لە ڕێخراوەیەکدا بگوترێتەوە ‹علم معاش: زانسـتی ژیان›.

▣ **علـم اجتمـاع**: کۆمەڵناسـی؛ کۆمەڵگاناسـی؛ زانسـتێ کـە لـە تایبەتمەنـدی کۆمەڵـەگەلی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە.

**علم اخلاق**: ئاکارناسـی؛ زانسـتی لێکدانـەوەی فەلسەفی بابەتگەلێکی وەک چاکـە و خراپـە، دروستی و نادروستی ماف و ئەرک.

**علم اصوات**: دەنگناسـی؛ فونێتیـک؛ زانسـتی لێکۆڵینەوە و ڕێزبەندی دەنگەکانی زمانێ یان بڕێ لە زمانگەل.

**علم اصول**: زانیاری سەر بە بنەماگەلی فیقهی کە بە دەستی گەورەکانی دین دانراوە.

**علـم الهـی**: خواناسـی؛ زانیاریگـەلی سـەر بـە ئامۆژەی دینی یان دینێکی تایبەت، سەبارەت بە خوو و ئافراندن.

**علم غیب**: عیلمی غەیب؛ پیوارناسی؛ ئاگەداری لە ڕازگەلی نهێنی و ئەوەی لە خەڵک پیوارە.

**علم کلام**: زانستی کەلام؛ زانینێ کە لە سەر بنەمای بەڵگەی ئەقڵی، لاگری لە ئامۆژەی دینی دەکا.

**علم لَدُنّی**: زانستی لە خواوە؛ زانستێ کە لە دەروونی کەسێکدا خولقاوە و لە کەسێکەوە فێر نەبووە.

**علم نجوم**: ئەستێرەناسی؛ زانستی دۆزینەوە و لێکدانەوەی تەنگەلی ئاسمانی.

**علم نفس**: دەروونناسی؛ ڕەوان‌ناسی؛ زانستی ناسین و لێکدانەوەی دیاردە و کارکردگەلی دەروونی.

**علم وراثت**: ژینیتیک؛ زانستێ کە لە سەر دیاردەی وەراسەت، هۆکارگەلی ئێرسی و شوێنەواریان دەکۆڵێتەوە.

**علما** / 'olamā/: [عربی] جمعِ ☜ **عالم**

**علم‌الاشیا** / 'elmol'ašyā/: [عربی]/سم. *[قدیمی]* دیاردەناسی؛ زانستی دیاردەگەلی سروشتی؛ زانستێ کە لە سەر ڕووداو و دیاردەگەلی سروشتی دەکۆڵێتەوە.

**علمدار** / 'alamdār ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی]/سم. *[قدیمی]* ئالاهەڵگر؛ ئالاگر؛ پەرچەمدار؛ هەڵگری ئالا.

**علم‌دوش** / 'alamdûš/: [عربی/ فارسی] ☜ **علمک ـ۲**

**علم‌شنگه** / 'alamšange/: [؟] ☜ **آلم‌شنگه**

**علمک** / 'alamak ، ـها/: [عربی/ فارسی]/سم. ۱. عەلەم؛ لوولەیەکی ئەستوونی لە دەری مالەوە کە بە تۆڕی گازی شاریەوەیە و شێر و ڕێگلاتوڕی لە سەرە ۲. لوولەی چەماوەی دووشی حەمام: **علم دوش**

**علمی** / 'elmî/: [عربی] *صفت*. زانستی؛ زانسی؛ پێوەندیدار یان سەر بە زانستەوە ‹همایش علمی: کۆ بوونەوەی زانستی›: **علمیّه**

**علمیه** / 'elmîyye/: [عربی] ☜ **علمی**

**علناً** / 'alanan/: [عربی] *قید*. ئاشکرا؛ بەئاشکرا؛ ئاشکار؛ ڕاشکاوانە؛ بە ڕاشکاوی؛ سوور سوور؛ ڕوون؛ بەپانەوە؛ بەبێ دزە و قایمکاری ‹علنا دزدی می‌کرد: ئاشکرا دزی دەکرد›.

**علنی** / 'alanî/: [عربی] *صفت*. ئاشکرا؛ ڕاشکاو؛ بەرچاو و بەبێ شاردنەوە ‹جلسەی علنی: دانیشتنی ئاشکرا›.

**علو** / 'olov(v)/: [عربی]/سم. بەرزی؛ بڵیندی؛ هەڤیازی ‹علو مقام: بەرزی جێگا›.

**علوفه** / 'olûfe, 'ulûfe/: [عربی] جمعِ ☜ **علف**

**علوم** / 'olûm, 'ulûm/: [عربی]/سم. ۱. جمعِ ☜ **علم** ۲. زانست؛ سەرجەمی زانستگەلی ئەزموونی.

▣ **علوم آزمایشگاهی**: زانستی ئەزموونگەیی؛ بنەما، شێواز و زانیاریگەلی سەبارەت بە چۆنیەتی ئەنجامدانی ئەزموونگەلی بژیشکی.

**علوم اجتماعی**: زانستی کۆمەڵایەتی؛ زانستێ کە لە سەر بنکە و کردەوەگەلی کۆمەڵگایی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە (وەک زانستی ئابووری و خەڵکناسی).

**علوم اداری**: زانستی کارگێڕی/ مەزرینگەیی؛ زانست و زانیاری لەمەڕ پێکهاتە، چالاکی و شێوەگەلی بەڕێوەبەرایەتی لە ڕێخراوەی کارگێڕیدا.

**علوم ادبی**: زانستی وێژە و وێژەوانی.

**علوم انسانی**: ئەو زانستانە کە لە سەر خولقاوەکانی بیر و هەزری مرۆ دەکۆڵنەوە (وەک فەلسەفە، ئاکار یان زمان).

**علوم پایه**: زانستی بنەمایی؛ لقە سەرەکیەکانی زانست کە بنەمای زانستگەلی‌ترن، وەک فیزیک، کیمیا و بیرکاری.

**علوم پزشکی**: زانستی بژیشکی؛ زانست، شێواز و بنەماگەلی سەر بە ناسین، دەرمان و بەرگری لە نەخۆشی.

**علوم تجربی**: زانستی ئەزموونی؛ زانستێ کە بابەتەکانی بە پێی ئەزموون و تاقی‌کردنەوەیە.

**علوم خفیه**: زانستی شاراوه؛ کۆی زانیاری و بنەما و شێوەگەلی غەیببێژی، لێکدانەوەی خەو، جادوو و... : **علوم غریبه**

**علوم دینی**: زانستی دینی؛ کۆمەڵە زانیاری و بنەماگەلی سەر بە ناسینی دین، بایەخگەلی دینی، بەندایەتی، قانوونی شەرع، ژیان و ئامۆژگاری گەورەگەلی دین.

**علوم رفتاری**: زانستی کردەوەیی؛ زانستێ کە لە هاندەر و هۆی کردەوەی گیانەوەران دەکۆلێتەوە.

**علوم ریاضی**: زانستی بیرکاری/ ڕیازی.

**علوم زیستی**: ژیناسی؛ ژینەوەرناسی؛ زانستی ناسین، ڕیزبەندی و تۆژینەوەی ژیانی ژینەوەران.

**علوم سیاسی**: زانستی سیاسی/ ڕامیاری؛ سەرجەمی بنەما و زانیاری سەر بە ڕژیمگەلی سیاسی، ماف و پێوەندی نێو گەلان.

**علوم طبیعی**: زانستی سروشتی؛ زانست و زانیاریگەلی سەر بە سروشت (وەک ژینەوەرناسی، زەویناسی و...).

**علوم عقلی**: زانستی بیرمەندی؛ ئەو زانست و زانیاریانە کە دەپەرژێتە سەر بەڵگە هێنانەوە و تێڕامان: **علوم معقول**

**علوم غریبه** ☜ **علوم خفیه**

**علوم کاربردی**: ئەو زانستانە کە زۆرتر دەپەرژنە سەر باری لێزانی کارەوە (وەک ئەندازیاری، بژیشکی و...).

**علوم معقول** ☜ **علوم عقلی**

**علوم منقول** ☜ **علوم نقلی**

**علوم مهندسی**: زانستی ئەندازیاری؛ زانست، بنەما و زانیاریگەلی سەر بە پیشەسازی، نەخشەکێشی و پێکهاتەی ماشێن و ئامراز و کەرستە و بەکار هێنان و بەرهەمەکانیان.

**علوم نقلی**: بنەما و زانیاریگەلێ کە لە ڕابڕدوانەوە ماوەتەوە (وەک حەدیس، میژوو و...): **علوم منقول**

**علوی** / alavî/': [عربی] *صفت*. عەلەوی: ۱. سەر بە حەزرەتی عەلی ۲. /ـها؛ ـان/ لە وەج و بەرەی حەزرەتی عەلی.

**علوی** / elvî/': [عربی] *صفت*. *[ادبی]* ئاسمانی؛ بانی؛ بالایی؛ سەرووی؛ ژوورگ؛ سەر بە ژوورەوە.

**علی** / ellî/': [عربی] *صفت*. *[ادبی]* ۱. هۆیی؛ پێوەندیدار یان سەر بە هۆوە ۲. هۆدار؛ بەهۆ؛ خاوەن هۆ.

**علیا** / olyā/': [عربی] *صفت*. سەروو؛ سەری؛ ژوورەوە؛ ژوورگ؛ ژووڕنگ؛ جێگرتوو لە لای ژوورینەوە ‹میرآباد علیا: میراوای سەروو›.

**علیاحضرت** / olyāhazrat'، ـها/: [عربی]/*اسم*. ڕێزناوێ بۆ شاژن، ژن یان دایکی شا.

**علی الاتصال** / alal'ettesāl/': [عربی] *قید*. *[ادبی]* بێبڕانەوە؛ لە سەر یەک؛ یەک لە دووی یەک؛ وە شۆن یەکا؛ پشت سەر یەک؛ سەرمڕ؛ سەرەمڕ؛ بەردەوام؛ لێکداـلێکدا؛ شوێن‌بەشوێن ‹سە روز تمام علی‌الاتصال می‌بارید: سێ ڕۆژی تەواو بێبڕانەوە دەبارى›.

**علی‌الاجمال** / alal'ecmāl/': [عربی] *قید*. بە کورتی؛ کورت و کرمانجی ‹علی‌الاجمال وضع را تشریح کرد: بە کورتی بار و دۆخەکەی لێکدایەوە›.

**علی الاحتیاط** / alal'ehtîyāt/': [عربی] *قید*. بۆ دڵنیایی؛ بۆ دڵقایمی؛ بۆ متمانە ‹علی‌الاحتیاط پول بیشتری بردار: بۆ دڵنیایی پارەیەکی زۆرتر هەڵگرە›.

**علی‌الاصول** / alal'osûl, -'usûl/': [عربی] *قید*. لە بنەڕەتدا؛ لە بناغەوە؛ لە بنەڕەتەوە؛ بنەڕەتەنە ‹علی‌الاصول این کار درست نیست: ئەم کارە لە بنەڕەتدا دروست نیە›.

**علی‌الاطلاق** / alal'etlāq/': [عربی] *قید*. بەبێ‌قسە؛ بێقڕە؛ بەبێ سێ و دوو.

**علی‌البدل** / alalbadal/': [عربی] *صفت*. جێگر؛ جێنشین ‹عضو علی‌البدل: ئەندامی جێگر›.

**علی التحقیق** /'alattahqîq/: [عربی] *قید.* به جوانی؛ به دروستی؛ به ڕاستی؛ لە ڕاستیدا؛ لەڕاسیا؛ ڕاسەکەی؛ ڕاستیەکەی؛ ڕاسیەکەی؛ لە ڕووی تویژینەوە و ڕاستیەوە ‹علی‌التحقیق معلوم شد حق با اوست: به جوانی دەرکەوت کە حەق بەوە›.

**علی‌الحساب** /'alalhesāb/: [عربی] *قید.* لە سەر حیساب؛ بە شێوەی بەشێ لە حسێو (وەک قەرز، مز و...).

**علی‌الخصوص** /'alalxusûs, 'alalxosûs/: [عربی] *قید.* بەتایبەت ‹علی‌الخصوص از شما گلە داشت: بەتایبەت گلەیی لە ئێوە هەبوو›.

**علی‌الدوام** /'aladdavām/: [عربی] *قید.* بێوچان؛ یەکسەر؛ یەکسەرە؛ بەردەوام؛ دایمە و دەرهەم؛ لە سەر یەک؛ بە دووی یەکدا ‹علی‌الدوام تا صبح می‌نوشت: بێوچان هەتا بەیان دەینووسی›.

**علی‌الرسم** /'alarrasm/: [عربی] *قید.* بە پێ داب و نەریت؛ بە پێی داب؛ بە گوێرەی داب؛ بە گوێرەی ڕەسم؛ وا کە باوە ‹علی‌الرسم باید به دیدنش برویم: بێ پێی داب و نەریت دەبێ بڕۆین بۆ لای›.

**علی‌السویه** /'alassavîyye/: [عربی] *قید.* وەکوو یەک؛ وەک یەک؛ یەکسان؛ پێسەو یۆی؛ بەبێ جیاوازی ‹بودن و نبودنش برایم علی‌السویه است: بوون و نەبوونی بۆم وەکوو یەکە›.

**علی‌الصباح** /'alassabāh/: [عربی] *قید.* سەر لە بەیان؛ بەربەیان؛ لە کاتی بەیاندا؛ لە بەرە بەیاندا؛ پێش گزنگ ‹علی‌الصباح راه افتادیم: سەر لە بەیان کەوتینە ڕێ›.

**علی‌الطلوع** /'alattulû', 'alattolû'/: [عربی] *قید.* خۆرکەوتنان؛ خۆرکەوتن؛ خوەرکەفتن؛ گزنگ دان؛ لە کاتی هەلاتنی ڕۆژدا؛ لە کاتی خۆر کەوتندا ‹صبح علی‌الطلوع به شهر رسیدیم: بەیانی خۆرکەوتنان گەیشتینە شار›.

**علی‌الظاهر** /'alazzāher/: [عربی] *قید.* وا دیارە؛ وەک‌دیارە؛ بە ڕواڵەت؛ پاسە دیارە ‹علی‌الظاهر باید شب را در آنجا بگذرانیم: وا دیارە دەبێ شەو لەوێ بەرینە سەر›.

**علی‌الله** /'alallāh/: [عربی] *دعا. [گفتاری]* لە سەر خودا؛ تەوەکول بە خوا ‹علی‌الله برویم، ببینیم چە می‌شود: لە سەرخودا بڕۆین بزانین چ دەبێ›.

**علیامخدرات** /'olyāmoxaddarāt/: [عربی] جمعِ

☜ **علیامخدره**

**علیامخدره** /'olyāmoxaddare/ ، علیامخدرات/: [عربی] */اسم. [قدیمی]* خاتوون؛ خاتوو؛ خات؛ ڕێزناوێکی ژنانە.

**علی‌ای‌حال** /'alā'ayyohāl/: [عربی] *حرف.* بە هەرحال؛ وە هەرحال؛ هەرچۆنێک بێ ‹علی‌ای‌حال اگر از تو چیزی پرسیدند، راستش را بگو: بە هەرحال شتێکیان لێت پرسی ڕاستیەکەی بڵێ›.

**علیت** /'ellîyyat/: [عربی] */اسم.* ۱. هۆیەتی؛ پێوەندی نێوانی هۆ و بەرهۆ ۲. پێوەندی نێوان هۆکارێک لەگەڵ ئەو ڕووداو و دیاردەیانە بە دوویدا دێن.

**علی‌حده**[1] /'alāhadde, 'alāhedde/: [عربی] *صفت.* جیاواز؛ جیاکار؛ تایبەتی ‹هر کدام اتاق علی‌حده داشتند: هەر کام دیوێکی جیاوازیان هەبوو›.

**علی‌حده**[2]: *قید.* بەجیا؛ جیا؛ جیاواز؛ جیاییانە؛ جیا-جیا؛ بە شێوەی جیاواز ‹از هر یک علی‌حده احوال‌پرسی کرد: لە هەرکام بە جیا هەواڵپرسی کرد›.

**علی‌رغم** /'alāraqme/: [عربی] *حرف.* پێچەوانە؛ بە پێچەوانە؛ لە دژی ‹علی‌رغم میل او رفتار می‌کرد: پێچەوانەی ویستی ئەو دەجوولاوە›.

**علیق** /'alîq/: [عربی] */اسم.* ئالیک؛ ئالک؛ ئیم؛یێم؛ ئێم؛ کا و جۆ؛ عەلیق؛ پێخۆری ئاژەلان.

**علیک** /'aleyk/: [عربی] *دعا. [گفتاری]* عەلەیک؛ وەرامی سەلام و چاک و خۆشی.

**علیک‌الاسلام** /'aleykassalām, 'aleyke-/: [عربی] *دعا. [گفتاری]* عەلەیکەسەلام/ سلام؛ سلاو بۆ تۆ/ لە خۆت.

www.perawiepwle.com

**علیکم‌السلام** /-'aleykomassalām, 'aleykomo/: [عربی] *دعا.* سڵاو لە خۆتان/ بۆ ئێوە؛ عەلەیکمەسەلام (تێبینی: لە وەرامی سەلامدا دەگوترێ).

**علیل** / 'alîl/: [عربی] *صفت.* ۱. سەکەت؛ سەقەت؛ گەزنگاز؛ زەدە (بۆ ئەندامی لەش) ۲. ڕەنجاو؛ داماو؛ داماگ؛ داکەوتوو.

**علی‌موجود** / 'alîmowcûd, -mo:cûd/: [عربی] *اسم. [گفتاری]* مەشاک؛ عاسا؛ گۆچان؛ دارەدەستی دەرویشان.

**علی‌ورجه** / 'alîvarce/ ، ـها/: [عربی/ فارسی]*اسم.* ۱. *[قدیمی]* لەیستۆکێک بە شێوەی پەیکەر یان وێنەی کوڕێ پەتێک بە پشتیەوە بەسرابوو کە پەتەکەیان دەکێشا، دەست و پێی دەجووڵاوە ۲. *[مجازی]* بزۆز؛ هار و هاج؛ جرت و فرتکەر؛ کەسێ کە زۆر جم و جووڵ دەکا ۳. مێرووی لە تیرەی کوڵە و سیسرک کە بە بازدان دەڕوا.

**علیه** / 'aleyhe/: [عربی] *حرف.* دژ بە؛ دژ؛ لە دژ ‹علیه کسی حرف زدن: دژ بە یەکێ قسەکردن›.

**علیه‌السلام** / -'aleyhessalām, 'aleyha/: [عربی] *دعا.* سلاوی لێ بێ (تێبینی: سارستەیێ کە پاش ناو بردن لە پێغەمبەران و گەورەپیاوانی ئایینی دێتە سەر زار).

**علی‌هذا** / 'alāhāzā/: [عربی] *حرف.* لەو ڕووەوە؛ کەوابوو؛ سا؛ دەیسا؛ دەسا ‹علی‌هذا باید هوشیار باشیم: کەوابوو دەبێ وشیار بین›.

**عم** / 'am(m)/: [عربی] ☜ **عمو**

**عمارات** / 'emārāt/: [عربی] جمعِ ☜ **عمارت**

**عمارت** / 'emārat ، ـها: عمارات/: [عربی]/*اسم.* بالەخانە؛ تەلار؛ ئابیدە؛ مال؛ عەمارەت؛ خانوبەرەی زل و بلیند.

**عمأقریب** / 'ammanqarîb/: [عربی]*قید.* بەم زوانە؛ بەزوویی؛ ئیسە و تاوێتر؛ بە زووترین کات؛ بەم زووییانە/ نزیکانە ‹عمأقریب مهمانها می‌رسند: بەم زوانە میوانەکان دەگەن›.

**عمال** / 'ommāl/: [عربی] جمعِ ☜ **عامل**

**عمامه** / 'ammāme ، ـها/: [عربی]/*اسم.* ۱. /عمایم/ مێزەر؛ مێزەرە؛ مەیزەر؛ پێچ؛ سەرپێچ؛ سەروپێچ؛ پێچ و مێزەر؛ کەشیدە؛ شاش؛ شاشیک؛ شاشک؛ مەندیل؛ پووتک؛ ئەردی؛ کلاوەچک؛ مشکی؛ سەروێن؛ پۆشی؛ عەمامە؛ پارچەیەکی دڕێژە کە لە وڵاتانی ئیسلامیدا، بەتایبەت مەلایان بە سەریانەوە دەبەستن ۲. گوڵوڵە بەنێ کە وەک مێزەرە (چەپ و ڕاست) بە دەور گلیلێکدا ئالاوە.

**عمایم** / 'amāyem/: [عربی] جمعِ ☜ **عمّامه**

**عمد**[1] / 'amd/: [عربی]/*اسم.* قەستی؛ بەبڕیار؛ دەسمەبەست؛ دەسانقەسی ‹اقدام او از روی عمد بود: ئەو کارەی قەستی بوو›.

**عمد**[2]: *صفت.* بە قەستی؛ دەسانقەس؛ دەسەنقەس؛ بەتایبەتی؛ بە دەستی ئەنقەست ‹قتل عمد: کوشتنی بەقەستی›.

**عمداً** / 'amdan/: [عربی]*قید.* قەستی؛ دەستی؛ دەسی؛ قەسە؛ وەقەسی؛ بە قەستی؛ دەسانقەست؛ دەستانقەست؛ دەسانقەس؛ دەسقەس؛ دەقەس؛ ئەنقەس؛ ئەنقەست؛ ئانقەست؛ دەسمەبەست؛ ژدل؛ حەموەن؛ بە ویست و زانینەوە ‹عمداً شیشه را شکست: قەستی شیشەکەی شکاند›.

**عمدتاً** / 'omdatan/: [عربی]*قید.* زۆرتر؛ زیاتر؛ زێدەتر؛ پتر؛ بەزۆری؛ فرەتر؛ فرەتەر ‹عمدتاً از آنجا خرید می‌کردیم: زۆرتر لەوێ شتمان دەکڕێ›.

**عمده** / 'omde/: [عربی] *صفت.* زەبەند؛ بۆش؛ بەکۆ؛ کۆ؛ کۆم؛ بە چەند و چۆنیەکی زۆرەوە ‹صادرات عمده: هەناردەی زەبەند›.

**عمده‌فروشی** / 'omdefurûši/: [عربی/ فارسی] *اسم.* کۆفرۆشی؛ کۆمفرۆشی: ۱. کار و ڕەوتی فرۆشتن لە قەبارەیێکی زۆردا. هەروەها: **عمده‌فروش** ۲. ـها/ شوێنێک کە کالای تێدا بە کۆ دەفرۆشن.

**عمـــدی** / 'amdî/: [عربـــی] *صـــفت.* قه‌ســـتی؛ ده‌سانقه‌ســی؛ ده‌سه‌نقه‌ســی؛ ده‌ســتی؛ ده‌ســی؛ ده‌سنه‌قه‌ســی؛ ده‌سقه‌ســی ‹کـم‌کـاری عمـدی: کەمکاری قەستی›.

**عمر** / 'omr/: [عربی]/سم. عومر؛ تەمەن: ۱. /ـها/ ژیان؛ تامان؛ ماوەی ژیان ‹عمر کردن: ژیان بردنـه ســەر› ۲. تامـان؛ دریژایـی تەمــەن ‹عمـر دراز: تەمەنـی دریـژ› ۳. *[مجـازی]* بـڕ؛ بەرگـە؛ مـاوەی وەک خۆی مانەوە یان بەکەڵک بوون ‹این کفشها دو ماه عمر نمی‌کند: ئەو کەوشە دوو مانگ بڕ ناکا›.

▣ **عمر خود را به کسی دادن:** *[مجـازی]* عـومری خۆ بە کەسێ دان؛ بەر لە کەسێ مردن ‹پـدرم عمرش را داد به شما: باوکم عومری دا بە ئێوە›.

**عمـر خـود را کـردن:** عـەمری خـۆ کـردن: ۱. بەشی خۆ سال لە خـوا سـاندن/ سـەندن؛ ژیانی ئاسایی و دڵخواز کردن ‹پدرش هشتاد و دو سال داشت و دیگر عمر خود را کـرده بـود: بـابی هەشتا و دوو سالی هەبوو، بەشی خۆی سالی لـە خودا ساندبوو› ۲. کۆن بوون و لە کار کەوتن.

**عمر کردن:** ۱. ژیان؛ ژیوای؛ ژین بردنـه سـەر ۲. بەرگەگرتن؛ دەوام هێنان؛ هەڵکردن.

**عمر کسی وفا نکردن:** عـەمری کەسـێک پێـوە نەمان؛ ڕۆح دەرنەبردن؛ ڕێواسـی سالـێکی‌تـر نەخواردن؛ زیندوو نەمان.

**عمراً** / 'omran/: [عربـی] *قیـد. [گفتـاری]* هـەرگیز؛ هەرگیزاوهەرگیز؛ بە هیچ شـێوەیەک/ کلۆجـێ؛ قەت؛ قەت ـ قەت.

**عمـران** / 'omrān/: [عربـی]/سـم. ۱. ئـاوەدانی؛ ئاوانی؛ ئاوەیانی ‹عمران روستاها: ئاوەدانی دێهـات› ۲. ☜ مهندسی عمران، **مهندسی**

**عمرانی** / 'omrānî/: [عربی] *صفت.* ئاوەدانکـاری؛ ئاوانکاری؛ ئاوەدانی؛ ئاوانی؛ پێوەندیدار یان سەر بە ئاوەدان کردنەوەوە ‹برنامەی عمرانـی: بەرنامـەی ئاوەدانکاری›.

**عمر و زید** / 'amr-o-zeyd/: [عربی] *ضمیر. [ادبـی]* ئەم و ئەو؛ کەسانی دیاری نەکراو و بێ‌بایەخ ‹مـا به تو مشغول و تو به عمر و زید: من دڵم لای تۆیە تـۆ لای ئەم و ئەو›.

**عمـره** / 'omre/: [عربـی]/سـم. عـەمرە؛ عـومرە: ۱. سەرجەمی ئەو کارانە کە حاجیان لە حەجـدا دەیکەن (وەک بەسـتنی ئیحـرام، تـەواف، ڕەفـتی سەفا و مـەروە و سەرتاشـین) ۲. حـەج نـەک لـە کاتی خۆیدا.

**عمـــری**[1] / 'omrî/: [عربـــی] *صـــفت. [گفتـــاری]* هەمیشەیی؛ زۆر دەوامدار؛ بە دریژایـی تەمـەنی کەسێک ‹ساعتی به تـو مـی‌دهـم کـه عمـری باشـد: سەعاتێکت دەدەمێ هەمیشەیی بێ›.

**عمری**[2]: *قید.* بۆ هەمیشە؛ هەمیشەیی؛ بـە دەوام؛ بە دریژی عومرێک ‹عمری کار می‌کند: بۆ هەمیشـه کار دەکا›.

**عمق** / 'omq/ ، ـها؛ اعماق/: [عربی]/سـم. بـن؛ نـاخ؛ قوولایی: ۱. قویلی؛ قوولی؛ کووری؛ نـق؛ چاڵـی ‹عمق آب: بنـی ئـاو› ۲. بـێخ؛ نـاوەڕۆک؛ بەشـی ناوەوە یان دەروونی شوێنێک ‹عمـق غـار: بیخـی ئەشـکەوت› ۳. بەشـی سـەرەکی، ڕاسـتەقینە و داپۆشراوی شـتێ ‹آن روز بـود کـه عمـق فاجعـه را دریـافتم: ئـەو ڕۆژە بـوو کـه لـه نـاخی کارەسـاتەکە تێگەیشتم›.

**عمقـزی** / 'amqezî/ ، ـها/: [عربـی/ ترکـی]/سـم. *[گفتـاری]* کچەمام؛ کچی مـام؛ دوتـمـام؛ کنـاچۆ مامۆی.

**عمق‌سنج** / 'omqsanc/ ، ـها/: [عربی/ فارسـی]/سـم. ناخپێو؛ قوولایی‌پێو: **ژرفاسنج**

**عملقی** / 'amoqlî, 'amqolî/: [عربی/ ترکـی] ☜ **عمواوغلی**

**عمقی** / 'omqî/: [عربـی] *صفت.* قوولـی؛ نـاخی؛ قـوول یـان لـه قوولاییـدا ‹بـرش عمقـی: بڕشـتی قوولی›.

**عمق‌یاب** / 'omqyāb/ ، ـها/: [عربـی/ فارسـی]/سـم. ناخدۆز. هەروەها: **عمق‌یابی**

**عمل** / amal'/: [عربی]/سم. ۱. /ـها؛ اعمال/ کار؛ هەرمان؛ هەرمانە؛ شوول؛ فرمان؛ ئیش؛ گورە؛ گوروە ‹عمل کردن: کار کردن› ۲. /ـها/ گوشار؛ هێزێ کە شتێ دەیخاتە سەر شتێکی‌تر ‹جای عمل دست روی فرمان: جێ گوشاری دەست بە سەر فەرمانەوە›. ۳. /ـها؛ اعمال؛ عملیات/ هەر کام لە ڕەوتانەگەلی بیرکاری بۆ بە دەست هێنانی چەنێتیەک لە چەنێتیگەلی‌تر ٤. /ـها؛ اعمال/ برینکاری؛ برینگاری؛ نەژداری؛ عەمەل؛ عەمەلیات؛ نشتەرکاری؛ نشتەرگەری ‹قرار است پایش را عمل بکنند: بڕیارە پای برینکاری بکەن› ٥. /ـها؛ اعمال/ کار؛ ئیش.

▣ **عمل جراحی**: نەژداری؛ برینکاری؛ نشتەرکاری؛ عەمەل؛ عەمەلیات.

**عمل جنسی**: عیلاقە؛ هاوباوەشی؛ کار و ڕەوتی جووت بوونی نێر و مێ.

**عمل خیر**: دزگوون؛ کاری باش/ چاک/ خێر.

**عمل منافی عفت**: کاری بێ‌ناموسی؛ شوال‌چەپەلی.

▣ **عمل آمدن**: هاتنەکار: ۱. دروست بوون؛ پێکهاتن؛ بەرهەم هاتن؛ بە عەمەل هاتن ۲. پەروەردە بوون؛ بارهاتن؛ بوون ‹در این زمین گوجەفرنگی خوب عمل می‌آید: لەم زەوینەدا تەماتەی باش دێتە کار› ۳. بارهاتن؛ گەیشتن؛ گەیین. هەروەها: **عمل آوردن**

**عمل کردن**: ۱. بەجێهێنان؛ کردنی کارێ بە پێی ڕێسا و بنەمای دیاریکراو ۲. کارکردن؛ کەوتنە کار ‹مینِ کارگذاشتە شدە عمل نکرد: مینە دانراوەکە کاری نەکرد› ۳. عەمەل کردن؛ نەشتەرگەری‌کردن ‹چشمش را عمل کردند: چاویان نژداری کرد›.

**به عمل آمدن**: ۱. بە ئەنجام گەیشتن؛ کردن؛ بەڕێوە چوون ۲. ئامادە بوون؛ سازکران؛ هاتنە کار؛ گەورە بوون؛ بە کەڵک هاتن؛ هاتنە عەمەل.

**عملاً** / amalan'/: [عربی]قید. ۱. لە کاردا؛ لە ناو کاردا؛ لە کاتی بەڕێوە چوونداً ‹تکنیک‌ها را باید عملاً یاد گرفت: ڕێکارەکان دەبێ لە کاردا فێر ببێ› ۲. لە ڕاستیدا؛ ئەوەی ڕاستی بێ ‹عملاً او هیچ‌کاره است: لە ڕاستیدا هیچ‌کارەیە› ۳. لە کاردا؛ لە باری چلۆن کارکردنەوە ‹عملاً کارش خوب است: لە کاردا زۆر باشە›.

**عملجات** / amalecāt'/: [عربی/ از عربی] جمع عمله ☜

**عملکرد** / amalkard,-kerd'، ـها/: [عربی/ فارسی] /سم. کارکرد؛ کارکۆ؛ ئاکامی کردەوە ‹عملکرد سالیانەی شرکت: کارکوی سالانەی شیرکەت›.

**عملگر** / amalgar'، ـها/: [عربی/ فارسی]/سم. کاربەر؛ ئوپیراتور.

**عمل‌گرایی** / amalgerāyî'/: [عربی/ فارسی]/سم. کردەوەگەری؛ بیر و بۆچوونێک کە کار و تێکۆشان بۆ گەیشتن بە ئامانج و سەرکەوتن، گرینگ‌تر لە هەموو شتێکی‌تر دەزانێ: **اصالت عمل**. هەروەها: **عملگرا**

**عملگی** / amalegî'/: [عربی/ فارسی]/سم. کرێکاری؛ کاریگەری؛ پیشەی کرێکار ‹سە ماە عملگی کردم: سێ‌مانگ کرێکاریم کرد›.

**عمله** / amale'، ـها؛ عملجات/: [عربی]/سم. ۱. کرێکار؛ کاریگەر؛ بەرکار؛ کارگەر؛ کارکەری ئاسایی بەبێ لێزانیەکی تایبەت ۲. [قدیمی] دەسە و دایرە؛ دەستە و بەستە؛ دەسە و بەسە؛ کارکەران و هۆکارانی کارێکی زۆرتر نارەوا یان ناشیرین.

**عمله‌واکره** / amale-vo-akare'، ـها/: [عربی] /سم. [تعریض] دەست و پێوەند؛ هەموو خزمەتکاران و نۆکەران و ژێردەستان.

**عملی** / amalî'/: [عربی] صفت. ۱. کردنی؛ کردەوەیانە؛ شیاو و ڕەخساو بۆ کردن و جێبەجێ بوون ‹پیشنهاد عملی: پێشنیاری کردنی› ۲. خوازیاری کاری بە دەست و پێ. بەرانبەر:

**فکری** ۳. *[گفتاری]* تریاکی؛ مەفەنگی.
▣ **عملی شدن:** جێبەجێ بوون؛ ئەنجام دران؛ پێکهاتن؛ کران؛ بەڕێوە چوون. هەروەها: **عملی کردن**
**عملیات** / amalîyyāt/': [عربی]/سم. ۱. جمع ☜ **عمل** ۲. کۆکار؛ چالاکی؛ کار و ڕەوت؛ زنجیرەکارێکی سەربەیەک بۆ مەبەستێکی دیاریکراو ‹عملیات بانکی: کۆکاری بانگی› ۳. چالاکی چەکداری؛ کار و خەبات.
**عمو** / amû'، ـها؛ اعمام/ادبی/: [عربی/ فارسی]/سم. مام؛ مامە؛ مامۆ؛ مەمۆ؛ ئام؛ ئامۆ؛ ئاپ؛ ئاپۆ؛ تانک؛ تاتک؛ تاتە؛ هاپۆ؛ هاپ؛ برای باوک: **عم**
**عمواوغلی** / amoqlî'، ـها: [عربی/ فارسی/ ترکی] /سم. *[گفتاری]* کوڕەمام؛ پسمام؛ کوڕئاپ؛ مامۆزا: **عَمقُلی**
**عمود** / amûd'، ـها: [عربی]/سم. ۱. دیرەک؛ کۆڵەکە؛ ئەستوون؛ ئەستوندەک؛ ستوون ۲. *[هندسه]* هێڵ یان پەڕەیێ کە لەیەل هێڵ یان پەڕەیەکی تردا سووچێکی ۹۰° دروست پێک بێنێ ۳. *[ادبی]* گورز.
**عمودی** / amûdî/': [عربی] صفت. ۱. کۆڵەکەیی؛ ئەستوونی؛ ستوونی؛ ئەستوندەکی؛ ڕاست؛ بەباری وێستاو ۲. بە سووچی ۹۰° لەگەل هێڵی ئاسۆییدا ۳. *[کنایی]* ڕاوەستاو؛ وێستیاگ؛ بەوەستاوی.
**عموزاده** / amûzāde'، ـها؛ ـگان/: [عربی/ فارسی] /سم. ئامۆزا؛ مامۆزا؛ ئامۆزاگ؛ هامۆزا؛ ئامۆزاو؛ کوڕ یان کچی مام.
**عموم** / omûm, 'umûm/': [عربی] ضمیر. هەموو؛ هەموان؛ حام؛ گشت؛ گش؛ گرد؛ هەموو کەس.
**عموماً** / omûman, 'umûman/': [عربی] قید. بەگشتی؛ گشت؛ هەموو؛ کترمی؛ وێکڕا؛ گرد؛ بە تێکڕایی ‹اهالی عموماً باسواد بودند: خەڵکی بەگشتی خوێندەوار بوون›.
**عمومی** / omûmî, 'umûmî/': [عربی] صفت. هەموانی؛ هەمەلایەنە؛ تێکڕایی؛ تێگڕایی؛ گشتی؛ گشتلایی؛ گشتگیر؛ خەرجی ‹گرمابەی عمومی: حەمامی هەموانی›. بەرانبەر: **شخصی**
**عمومیت** / omûmîyyat, 'umûmîyyat/': [عربی] /سم. هەموانیەتی؛ گشتیەتی؛ هەمەلایەنەیی؛ بار و دۆخی هەموانی بوون.
▣ **عمومیت دادن:** هەمەلایەنە کردن؛ گشتی کردن.
**عمومیت داشتن:** هەمەلایەنە بوون؛ بۆ هەموان بوون.
**عمومیت یافتن:** بوونە هەمەلایەنە.
**عمه** / amme'، ـها/: [عربی]/سم. پوور؛ پووریّ؛ پوورکە؛ میمی؛ میمک؛ میمگ؛ میمگە؛ مەت؛ مەتی؛ مەتیە؛ مەتە؛ مەتک؛ ماتک؛ تیتک؛ ئامک؛ کچچی؛ کچی؛ پلک؛ پلکە؛ پیلک؛ پلە؛ پل؛ عەتە؛ دەدە؛ دێد؛ ئاییە؛ ئاییا؛ ئایە؛ بتی؛ خوشکی باوک.
**عمه‌زاده** / ammezāde'، ـها؛ ـگان/: [عربی/ فارسی]/سم. پووزا؛ میمکەزا؛ میمزا؛ مەتێزا؛ مەتیەزا؛ منالی مەت؛ زارۆی پوور؛ خوشکەزای باوک.
**عمیق** / amîq'/: [عربی] صفت. قوول: ۱. نەقر؛ کوور؛ سووتار؛ قوویل؛ باهۆ ‹درّەی عمیق: دۆڵی قوول› ۲. ورد؛ تیژ؛ گرینگ و ئاتاجی سرنج و هەوڵی زەینی زۆر ‹بررسی عمیق: لێکدانەوەی ورد› ۳. سەرچاوەگرتوو لە ناخەوە؛ لە قوواڵییەوە دەرهاتوو ‹نفس عمیق: هەناسەی قوول›.
**عمیقاً** / amîqan/': [عربی] قید. ۱. بە گاودی؛ بە قوواڵی؛ بە کووڕی؛ بە نەقری ۲. سوور- سوور؛ بە شێلگیرییەوە.
**عن** / an/' ☜ **آن**
**عناب** / onnāb, 'annāb'، ـها/: [عربی]/سم. عەناب؛ عەننات؛ عەناو؛ ئەناو؛ ونوو؛ عناڤ؛ سووراڤ؛ سنجی؛ سینجەی؛ سنجەی: ۱. دەوەنێکی دڕکاوی بە گەڵای گچکەی جوان

و لووس و ڕەنگی سەوزی تۆخەوە ۲. بەری ئەو دارە کە ئامال سوور و لووسە، بە قەد دەنکە زەیتوونێ دەبێ، دەخورێ و بۆ دەرمانیش دەشێ.

**عنابی**[1] / 'onnābî, 'annābî/: [عربی]/سم. عەنابی؛ دۆوی؛ سووری تۆخ؛ سووری ئامال بنەوش. هەروەها: **عنابی‌رنگ**

**عنابی**[2]: صفت. عەنابی؛ سوورتۆخ؛ بە ڕەنگی سووری ئامال بنەوشەوە.

**عناد** / 'enād/: [عربی]/سم. [ادبی] دژمنی؛ دوژمنی؛ ناتەبایی؛ دژایەتی؛ ناکۆکی؛ نەیاری.

▣ **عناد ورزیدن**: دژایەتی کردن؛ دوژمنایەتی کردن؛ شەڕوسواڕکردن؛ نەسازان؛ نەیاری کردن.

**عناصر** / 'anāser, 'anāsor/: [عربی] جمعِ ☜ **عنصر**

**عناق** / 'annāq/: [عربی]/سم. [نجوم] کارژۆلە؛ سیاگۆش؛ ئەستێرەدوانەی کەلووی ورچی گەورە.

**عنان** / 'enān/: [عربی]/سم. [ادبی] هەوسار؛ هەڤسار؛ ئەفسار.

▣ **عنان تافتن**: [مجازی] چوونەوە سەر کۆنە قایە؛ هاتنەوە سەر گونەبۆرە؛ هەڵگەڕانەوە؛ هاتنەوە؛ گەڕانەوە؛ پاشەکشێ‌کردن: **عنان گردانیدن**

**عنان رها کردن**: [مجازی] بە پەڵە ڕۆیشتن؛ بە خێرایی ڕۆیشتن؛ بە پرتاو چوون؛ لنگاردان؛ بە هەڵەداوان ڕۆیشتن؛ بە تاو چوون.

**عنان کشیدن**: ڕاوەستان؛ وێستان؛ وەستان؛ وێسیان؛ هەوسارکێشان؛ چیتر بەرەو پێش نەچوون.

**عنان گردانیدن** ☜ **عنان تافتن**

**عنان‌گسسته** / 'enāngosaste/: [عربی/ فارسی] ☜ **افسارگسیخته**

**عنان گسیخته** / 'enāngosîxte/: [عربی/ فارسی] ☜ **افسارگسیخته**

**عناوین** / 'anāvîn/: [عربی] جمعِ ☜ **عنوان**

**عنایات** / 'enāyāt/: [عربی] جمعِ ☜ **عنایت**

**عنایت** / 'enāyat/: [عربی]/سم. ۱. سەرنج؛ سەرنجە؛ کار و ڕەوتی ورد بوونەوە و تێڕامان ‹لطفاً عنایت بفرمایید: تکایە سەرنج بدەن› ۲. /ها/ عنایات/ چاوەدێری؛ چاودێری؛ بە تەنگەوە بوون؛ بایەخدان؛ پێڕاگەیشتن وێڕای بەزەیی و دڵۆڤانی ‹به ما عنایت دارند: چاوەدێری ئێمە دەکەن›.

**عنبر** / 'ambar, 'anbar/: [عربی]/سم. عەنبەر؛ عەمبەر: ۱. ماکێکی بۆنخۆشی ڕەشە کە لە ورگی جۆرە ماسیەکدا بەرهەم دێ ۲. /ها/ دەوەنێکی درکاویە بە گوڵی زەردی زێڕینەوە کە عەترێکی خۆشی لێ دروست دەبێ: **فتنه**

**عنبرماهی** / 'ambarmāhî, 'anbar-/: [عربی/ فارسی] ☜ **کاشالوٚت**

**عنبری** / 'ambarî, 'anbarî/: [عربی] صفت. عەنبەری؛ عەنبەراوی؛ بە عەنبەرەوە.

**عنبرین** / 'ambarîn, 'anbarîn/: [عربی/ فارسی] صفت. [ادبی] عەنبەری؛ عەنبەرین؛ عەنبەراوی؛ تێکەڵ بە عەنبەر.

**عنبیه** / 'enabîyye، ـها/: [عربی]/سم. گلێنە؛ ڕەشێنە؛ ڕەشک؛ بیلبیلە؛ ڕەشکێنە؛ ڕەشڕەشک؛ پێکهاتەیەک لە چاودا کە ڕێژەی تێڕۆچوونی نوور ڕادەگرێ و لە ناوەڕاستەکەیدا گلارەیە کە تیشک لەوێوە دەگاتە تۆرپەردەی چاو.

**عنتر** / 'antar، ـها/: [عربی]/سم. عەنتەر؛ ئەنتەر؛ حەمتەر: ۱. فلفل؛ قونسوور؛ مەیموونی لۆتی؛ چەشنێ مەیموون بە قوونی ڕووت و سوور و کلکی درێژەوە ۲. [مجازی] دزێو؛ نەچێ؛ مرۆی زۆر ناحەز و ناشیرین * **اَنتَر**

**عنتری** / 'antarî/: [عربی]/سم. لۆتی؛ ئەوی مەیموون و ورچ هەڵدەپەڕێنێ و پارە لە خەڵکی دەستێنێ.

**عندالاقتضا** / 'endal'eqtezā/: [عربی]قید. لە کاتی خۆیدا؛ لە وەختی خۆیدا؛ لە کاتی شیاودا؛

کاتی خۆی؛ وەخت خـوەی؛ لـە کـاتی بـاش و لەباردا ‹عندالاقتضا پول لازم تامین می‌شود: لـە کـاتی خۆیدا پارەی پێویست دابین دەکرێ›.

**عندالامکان** / 'endal'emkān/: [عربی] *قید.* هـەر دەس‌بدا؛ کاتی لوان؛ هەلی جوان؛ لە کاتێدا کـە بڕەخسێ ‹عندالامکان بـە تقاضـای ایشـان رسیدگی شود: هەر دەس‌بدا به داخوازیان ڕابگەن›.

**عندالزوم** / 'endallozûm/: [عربی] *قید.* کـاتی پێویست؛ لە کـاتی نیـازدا ‹عنـدالزوم مـی‌توانیـد از کارگران روزمزد استفاده کنید: کاتی پێویسـت دەتـوانن لە کرێکارانی ڕۆژمز کەڵک وەربگرن›.

**عندالله** / 'endallāh/: [عربی] *قید.* لە ڕێـی خـودا؛ ڕاوخواینە؛ بۆڕەزای خـودا؛ بـۆ ڕەزامەنـدی خـوا ‹عندالله کار خیری صورت گرفته است: لـە ریـی خـوا کارێکی خەیر کراوە›.

**عندالمطالبـه** / 'endalmotālebe/: [عربـی] *قیـد.* کاتی داخوازی؛ لە کاتی داخوازدا؛ لـە کـاتی داوا کـردن و گـەرەک بوونـدا ‹عندالمطالبـه کارسازی خواهد شد: کاتی داخوازی کارسازی دەکرێت›.

**عندلیب** / 'andalîb ، ـها؛ ـان/: [عربی] */سم. /ادبی/* بلـبل؛ بولـبول؛ بیلبیـل؛ شـالوور؛ پەلـەوەرێکی چکۆلەی دەنگخۆش و خـۆشڕەنـگ و جوانـە، بەهاران دێتە خوێندن.

**عن‌دماغ** / 'andamāq/: [؟] ☜ **آن‌دماغ**

**عنصر** / 'onsor ، ـها؛ عناصر/: [عربی] */سم.* ۱. توخم؛ هێمان؛ هەر کام لە چوار هێمانە، واتە: ئاو، ئـاور، با و خۆڵ کە لـە کۆنـدا بـە بنـەمای بـەدیهاتنی بوونەوەرانیان دەزانی ۲. هێمان؛ هـەر کـام لـەو هۆکارانە کە ئاکـامی کـاری بەوانـەوە بەسـتراوە ‹عنصر مذهب را نباید نادیده گرفت: هێمانـی ئـایین نابێ لەبیرکەین› ۳. *[مجازی]* کەس؛ کەسی نادیار و نەناسـراو ‹عنصـر نامشـخص: کەسـی نـەناس› ٤. *[شیمی]* توخم؛ هێمان؛ هەر یەکە لەو یەکسەد و چەن ماکـە بنەڕەتیانـەی کـە لـە ئەتومگـەلی یەکسـان پێـکهـاتوون و بـە شـێوەی ئاسـایی ناشکێن و شی نابنەوە.

**عنـف** / onf'/: [عربـی] */سـم.* ۱. درشـتی؛ گـرژی ۲. زۆر؛ زۆری؛ زۆرداری؛ زۆرەملێ؛ زەبر و زەنگ؛ زۆرەکانی ‹تجاوز به عنف: دەسدرێژی به زور›.

**عنفوان** / onfovān'/: [عربی] */سم. /ادبی/* هـەڕەت؛ هەڕەمە؛ جەنگە؛ قەبزە؛ گەرمە؛ تاف؛ دوخیانەت؛ دۆخیان؛ بن‌دەق؛ بەرایی؛ هەنگ؛ هنگ.

▣ **عنفوان شباب/ جوانی:** هەڕەتی لاوی/ لاوەتی؛ تافی جوانی.

**عنق** / onoq'/: [عربی] *صفت. /گفتاری/* مۆن؛ گـرژ؛ گەمۆر؛ ناوچاوتاڵ؛ مۆڕ؛ مۆچ؛ ئەخماوی؛ ڕووگرژ؛ ڕووش ‹از خواب که بلند شد، خیلی عنق بـود: کـە لـە خەو هەستا، زۆر مون بوو›.

**عنقا** / anqā'، ـها؛ ـان/: [عربی] */سم. /ادبی/* سیرنگ؛ سیمر؛ سیمورغ؛ هوما.

**عنقریـب** / anqarîb'/: [عربـی] *قیـد.* بـەزوویی؛ زووبەزوو؛ خێرا؛ بە زووترین کات ‹عنقریب وسایل لازم فرسـتاده مـی‌شـود: بـەزوویی پێداویسـتیەکان دەنێردرێن›.

**عنکبـوت** / 'ankabût ، ـها؛ ـان/: [عربـی] */سم.* جاڵجاڵۆکە؛ جاڵجاڵووکە؛ کاکڵەمووشـان؛ مـروا؛ داپیرۆشک؛ پیرپیرۆشک؛ جۆڵاتەنە؛ جۆڵاکـەرە؛ جۆڵاویکەرە؛ جاتەنە؛ داوتەنە؛ داوتەنکە؛ جاوتەنە؛ جۆڵایی‌تەنە؛ جۆڵایی‌کەرە؛ جیلاباف؛ تەقنیپرک؛ تەقـنەپیرک؛ کارتێنـک؛ کارتێنـە؛ تەقـن‌پـێچ؛ کەروو؛ داوداوی؛ کەقـنی؛ تەبـەتۆر؛ مێشـەگیرە؛ مێشەگرە؛ بڵۆ؛ برۆ؛ هەڕە؛ بچـە؛ پنـد؛ پنـدەپیر؛ پیرعەقۆک؛ پیرهەقـووک؛ گونـدوڕەک؛ ماماڵـە؛ ماماڵەهەڵاوێ؛ کارتینگەر؛ ناوی گشتی بـۆ هـەر کام لە مێروانی جاڵجاڵـۆکەیی بـە سەرسـنگ و سکی بێگرێ، پای شاویلکەیی و شەش جومگە، برێ بە چوار جووت چاو و برێ بێچاو، بـرێکیان لە ناو خۆڵدا دەژین و برێکیان لە ئـاودا و زۆرتـر نێرەکانیان لە مێوینەکان بچووکترن: **کارتُنک**

**عـنن** / anan'/: [از عربـی] */سـم.* کـەمێـردی؛

خەساوی؛ خەسیاوی؛ خەسیاگی.

**عنوان** / 'onvān, 'envān/ ، ـها؛ عناوین/: [عربی] /سم. سەرناو؛ سەردێڕ؛ ناو و نیشان: ١. پێناسە؛ سەرتۆپ؛ ئەوەی بۆ ناساندنی کەسێ یان جێگایەک بە کار دێ (وەک: کوردستان، سەرۆک‌کۆمار، شارەوانی و...) ٢. نووسراوەیەک لە سەر ڕۆژنامە، گۆڤار یان پەرتووکێ کە پێناسەکانی (وەک ناو، نووسەر، بلاڤۆک، مێژوو،...) پیشان دەدا ‹عنوان کتاب: سەردێری کتێب› ٣. دێڕێ لە سەرووی گوتار یان نووسراوەیەکدا کە دەربڕی چەمک یان مەبەستەکەیە ‹عنوان مقاله: سەردێری گوتار› ٤. ناو؛ وشە یان دێڕێ کە نیشاندەری پلە، جێگە یان کاری کەسێکە (وەک: نژیارڤان، سەرۆک، فێلباز) ٥. ئەوەی وەکوو بابەتێک بەرچاو دەخرێت.

▣ **عنوان شدن**: خرانە بە رچاو/ باس؛ کەوتنە بەر باس/ چاو؛ بەر باس خران؛ کەوتنە بەر لێدوان؛ دەرخستن و کەوتنە بەر باس و لێکۆڵینەوەی شتێ ‹مسئله انحلال شرکت از سوی یکی از حاضران عنوان شد: بابەتی هەلوەشاندنەوەی بەشدارگە لە لایەن یەک لە ئامادەبوانەوە خرایە بەرچاو›. هەروەها: **عنوان کردن**

**عنوان‌بندی** / 'onvānbandî, 'envān-/: [عربی/ فارسی]/سم. سەردێڕبەندی؛ سەرناوبژێری: ١. کار یان ڕەوتی ڕێکخستن و پەرتاوتنی سەرناوگەلی پێوەندیدار بە فیلم، بلاڤۆک یان پاژەکانی پەرتووکێکەوە ٢. نووسراوە، وتار، وێنە یان مووسیقایێ کە بۆ ناساندنی فیلم، بەرنامەی تلەڤیزیۆن یان ڕادیۆ بە کار دەچێ (وەک ناوی بەرنامە یان فیلم، نووسەر، دەرهێنەر و...).

**عنیف** / anîf/: [عربی] صفت. ١. ناخۆش؛ ناحەز؛ دزێو ٢. گرژ؛ درشت؛ زۆرەکی؛ بە زۆری؛ وێڕای زۆر و توند و تیژی.

**عنین** / anîn/: [عربی] صفت. لە مێردی کەوتوو؛ کەمێرد.

**عوا** / avvā/: [عربی]/سم. /نجوم/ عەوا: ١. کەلوویەک لە ئاسمانی نیوەگۆی باکووری کە سەماکی ڕامیح ڕۆشنترین ئەستێرەیەتی ٢. ناوی پێنج ئەستێرەی وێنەی گەردوونی هێشوو.

**عوائد** / avā'ed/: [عربی] ☜ **عواید**

**عوارض** / avārez/: [عربی]/سم. ١. جمعِ ☜ **عارضه** ٢. پیتاک؛ باج؛ چەشنێ خوویک کە ڕێکخراوەگەلی دەوڵەتی لە هەمبەر ڕاژەیەکی تایبەتەوە وەریدەگرن ‹عوارض نوسازی: پیتاکی نوێسازی›.

**عوارضی** / avārezî/: [عربی]/سم. پیتاکی؛ باجگرخانە؛ جێگەی وەرگرتنی پیتاک ‹جلو عوارضی توقف کردیم: لە بەر پیتاکیەکەدا ڕاوەستاین›.

**عواریه** / avārîy(y)e/: [عربی] ☜ **آواریه**

**عواطف** / avātef/: [عربی] جمعِ ☜ **عاطفه**

**عواقب** / avāqeb/: [عربی] جمعِ ☜ **عاقبت**

**عوالم** / avālem/: [عربی] جمعِ ☜ **عالَم**

**عوام**[1] / avām/: [عربی]/سم. ١. جمعِ ☜ **عامی** ٢. مرۆی ئاسایی؛ عەوام؛ کۆمەڵی خەڵکی ئاسایی، بەبێ هیچ چەشنە سەرتریەکی تایبەت. بەرانبەر: **خواص**

**عوام**[2]: صفت. ڕەمەکی؛ بەبێ زانیاری، زانست و بۆچوونی کۆمەڵایەتی ‹وقتی روزنامه‌نویس عوام باشد، تکلیف روزنامه‌خوان معلوم است: کاتێ ڕۆژنامەوان ڕەمەکی بێ، ئاکامی ڕۆژنامەخوێنیش دیارە›.

**عوام‌الناس** / avāmonnās/: [عربی]/سم. حەشامات؛ نزمەخەڵک؛ خەڵکی ئاسایی؛ مرۆی ئاسایی و ڕەمەکی.

**عوامانه**[1] / avāmāne/: [عربی/ فارسی] صفت. ڕەمەکیانە؛ بە شێوە یان ڕێبازی مرۆی ئاسایی ‹این تفسیرهای عوامانه از چنته‌ی چه کسی در آمده است؟: ئەم ڕافە ڕەمەکیانە لە هەمانەی کێوە

دەرهاتووە›.

**عوامانه**[٣]: *قید.* ڕەمەکیانە؛ بە ڕەوشتی عەوام ‹عوامانه حرف می‌زد و اسباب تفریح حاضران شده بود: ڕەمەکیانە قسەی دەکرد و ببووە گالتە و گەمەی ئامادەبووان›.

**عەوامپسند** / avāmpasand/': [عربی/ فارسی] *صفت.* خەلک‌پەسند؛ بە پەسنی خەلکی ئاسایی ‹قصه‌ی عوام‌پسند: چیرۆکی خەلک‌پەسند›.

**عەوامفریب** / avāmfarîb/' ، ـهـا: ـان/: [عربی/ فارسی] *صفت.* خەلک‌خڵەتێن؛ خڵەتێنەری حەشامات و خەلکی ئاسایی ‹شیخ عوام‌فریب: شێخی خەلک‌خڵەتێن›.

**عوامفریبی** / avāmfarîbî/' ، ـها/: [عربی/ فارسی] *اسم.* خەلک‌خڵەتێنی؛ خەلک‌فریوی؛ کار یان ئاکاری کە بە مەبەستی فریودان و هەڵەخستنی خەلک دەکرێ (وەک بەڵێنی درۆیی دان، فرۆشتنی بەهەشت و ...).

**عوامفهم** / avāmfahm/': [عربی] *صفت.* گلافام؛ گشفام؛ شیاوی تێگەیشتنی خەلکی نەخوەندە و ئاسایی.

**عوامل** / avāmel/': [عربی] جمعِ ☜ **عامل**

**عوایەد**/ avāyed/': [عربی] جمعِ ☜ **عایدی: عوائد**

**عود** / owd, 'o:d/': [عربی]/*اسم.* ڕەوتی گەڕانەوە؛ سەرهەڵدانەوە؛ گەڕیاوە؛ بەراوگەڕ؛ هاتنەوە؛ ئەواگێڵ.

▣ **عود کردن**: سەرهەڵدانەوە؛ هەڵدانەوە؛ هەڵەودان؛ بۆ هاتنەوە؛ هەڵگەڕانەوە؛ هەڵگەڕیانەوە (لەمەڕ ژان و نەخۆشی)؛ کۆلانن؛ ئەواگێڵ بیەی؛ هۆڕەوەدەی ‹باز پادردم عود کرد: دیسان پائیشەکەم سەری هەڵداوە›.

**عود** / ûd/': [عربی]/*اسم.* بەربەت؛ ڕوباب؛ عوود؛ عوودە؛ ئامێرێکی موسیقایی ژێدار بە کاسەیەکی گەورەی وەک لەتی هەرمێ، دەسکی زۆر کورت و دەتاڵ یان پێنج جووتە ژێوە کە بە پێژەن دەژەنرێ.

**عودت** / owdat, 'o:dat/': [عربی]/*اسم.* وەرگەڕ؛ بەراوگەڕ؛ ئەواگێڵ؛ هەڵوەگەڕ؛ هەڵەوگەڕ؛ کاری گەڕانەوە؛ وەرگەڕانەوە.

▣ **عودت دادن**: هەناردنەوە؛ دانەوە؛ گەڕاندنەوە؛ دایەوە؛ دەش دانەوە ‹پولی را کە فرستاده بود عودت داده شد: ئەو پارەیە ناردبووی نارد‌رایەوە›.

**عور**[١] / ûr'/ ، ـها/: [عربی]/*اسم. [گفتاری]* عینوان؛ ناز؛ کریشمە: **أور**

**عور**[٢]: [عربی] *صفت. [گفتاری]* پەتی؛ قووت؛ پشرووڵ؛ زەلووت؛ زلووت؛ چەکە؛ زلیت؛ ڕووس؛ ڕویس؛ ڕیس؛ کوت؛ لوت؛ ڕووت؛ ڕوێچ؛ تازی؛ عەمەنە ‹لخت و عور: ڕووت و پەتی›: **أور**

**عورت** / owrat, 'o:rat/': [عربی]/*اسم.* عەورەت؛ شەرموا؛ شەرمگا؛ شەرمیا؛ بەشێ لە لەشی مرۆڤ کە ئەندامانی زاوزێی تێدایە و زۆرتر خەلکی دایدەپۆشن.

**عورتین** / owrateyn, 'o:rateyn/': [عربی]/*اسم. [ادبی]* بەر و پشت؛ بەر و دوا؛ گەڵوقنگ؛ شەرمگا و سمت.

**عوض** / avaz/': [عربی]/*اسم.* دەسەوا: ١. ئەوەی لە جێی شتێکە ‹عوض داشتن: دەسەوا بوون› ٢. دەسوام؛ دەسەوام؛ دەسبایی؛ هەڤگەڵ؛ ئەوەی لە بەرامبەر شتێکەوە دەیدەن یان دەیکەن ‹عوض دادن: دەسەوا دان› ٣. *[حقوق]* کرێ؛ کرێها؛ کراها؛ کراهە.

▣ **عوض دادن**: دەسەوا دانەوە؛ دەسبایی دانەوە؛ دەسوام دان؛ بە جێگە یان لە بایی شتێک دانەوە ‹خدا به تو عوض دهد: خودا دەسەوات بداتەوە›. هەروەها: **عوض گرفتن**

**عوض داشتن**: دەسەوا بوون؛ دەسەوام بوون ‹چیزی که عوض دارد، گله ندارد: ئەوی دەسەوا بی، گلەی نابێ›.

**عوض شدن**: گۆڕان؛ گووریان؛ وارپەی ‹شهر

خیلی عوض شده است: شار زۆر گۆراوە›.

**عـوض کـردن**: گـۆڕین؛ گـۆڕان؛ گۆڕانـدن؛ گوهەڕین؛ گوهەڕاندن؛ گوهارتن ۱. گۆڕانەوە؛ ئەوەواڕەی؛ واڕایـوە؛ گۆڕینـەوەی شـتێک بـە شتێکی تر ۲. ئاڵ‌وگۆڕ کـردن؛ ئاڵشـت‌کـردن؛ واڕای؛ واڕتەی ‹صـدایش را عـوض کـرده بـود تـا نشناسم: دەنگ خۆی گۆرابوو نەیناسم›.

**عوض بدل** / avazbadal'/: [عربی]/سم. *[گفتاری]* ئاڵ‌ووێـر؛ ئاڵشـت؛ ئاڵیشـت؛ ڕشـت؛ ئـاڵ‌وگـۆڕ؛ واڕوگـۆڕ؛ ئـاڵ‌وگـۆڕی؛ گوهێـڕەک؛ هەڤـگلی؛ ئاڵش‌وێـرش؛ هەڤگەلی ڕەوتی پێکـەوە گـۆڕان ‹محصولشان را می‌آوردند و مثل هزاران سال پیش با هم عوض‌بدل می‌کردند: بەرهەمەکانیان دەهێنـا و وەکـوو هەزار ساڵ لەمەو پێش ئاڵ‌ووێریان دەکرد›.

**عوضی**[1] / avazî'/: [عربی] صفت. ۱. جێوەجـێ؛ جێگەوەجێگە؛ جێ‌لەجێ ‹ایـن دارو عوضـی اسـت: ئـەم دەرمانـە جیوەجیبـە› ۲. *[گفتاری]* نالـەبار؛ نائاسایی؛ نەگونجاو؛ هەرچی-پەرچی ‹آدم عوضی: مرۆی نالەبار›.

**عوضـی**[2]: قیـد. جێوەجـێ؛ جێگەوەجێگـە؛ جێ‌لەجێ؛ وێـڕای هەڵـە و پەڵـە ‹عوضـی دیـدم؛ عوضـی گفـت: جیوەجـی دیم؛ جیگەوەجیگـە گوتی›.

▣ **عوضی گرفتن**: لێ گۆڕان؛ لێ تێک‌چـوون؛ بـە هەڵەدا چـوون؛ نابـەجێ گـرتن؛ کەسـێ یـان شتێ، بە هەڵە لە جێی کەسێ یان شتێکی‌تـر زانین ‹ببخشید! شما را با آرام عوضی گرفتم: ببوورن! ئێوەم لەگەڵ ئارام لێ گۆڕا›.

**عـو ــ عـو** / ow.'ow/': صـوت. حەپەحـەپ؛ حەوــحـەو؛ حەوەحـەو؛ حەمپەحـەمپ؛ عـەف؛ حەپ؛ حەپە؛ گەف؛ گەفە؛ عـەفت؛ عـەف‌عـەف؛ وەڕە؛ ڕەوە؛ وەڕ- وەڕ؛ وەڕەـوەڕە؛ ڤراسە؛ دەنگی سەگ.

▣ **عوعـو کـردن**: حەپەحـەپ‌کـردن؛ وەڕیـن؛ حـەپین؛ حـەپان؛ حەپانـدن؛ گـەپین؛ کەوتانـدن؛ گەفـەی؛ گـەفای؛ وەڕانـن؛ ڕەیین؛ ڕەوین.

**عون** / own'/: [عربی]/سم. *[ادبی]* یـاری؛ یاریـدە؛ یاریدەیی؛ ئاریکاری؛ هاریکاری؛ یارمەتی؛ یاریـە؛ یاردەی ‹به عون الهی این کار را تمـام مـی کنـیم: بـە یاری خودا ئەم کارە تەواو دەکەین›.

**عهد** / ahd'، ـها/: [عربی]/سم. ۱. /عُهود/ پـەیمان؛ پەیمانە؛ بەڵـێن؛ سـۆز؛ سۆسـت؛ مـەرج؛ بـڕیار؛ میجاز؛ قەوڵ؛ گفت ‹عهد بستن: پـەیمان بەسـتن› ۲. ڕۆژگـار؛ ڕۆژیـار؛ سـەردەم؛ دەوران؛ ڕۆژان؛ سەردەمان؛ ڕۆژ؛ دەورە ‹عهد شاه‌عباس: ڕۆژگـاری شاعەباس›.

▣ **عهـد بـوق/ دقیـانوس**: *[کنـایی]* قـەڕنی بـۆق/ دەقیانووس؛ ساڵ بەفرە قورسـەکە؛ ڕۆژگـاری زۆر لە مێژینە و دوور.

**عهـد جدیـد**: دەورانی نـوێ؛ کۆمەڵـە نووسراوەگەلی پیرۆزی خاچپەرسـتان (بـریتی لە ئینجیلەکان، نامیلکـەکانی پـولس، کـردەوەی ڕەسوولان و...).

**عهد عتیـق**: دەورانی کـۆن؛ تـەورات؛ کۆمەڵـە نووسراوەگەلی پیرۆزی جوولەکان.

▣ **عهـد بسـتن**: بەڵـێن دان؛ پـەیمان بەسـتن؛ پەیمان دانان؛ پەیمان دان؛ پـەیمان بینتـەی؛ سۆست/ سۆز بەستن؛ پەیمان گرێدان ‹با هـم عهد بستند که این راز را بـه کسـی نگوینـد: پێکـەوە بەڵێنیان دا ئەم ڕازە بە کەس نەڵێن›.

**عهدشکن** / 'ahdšekan، ـها/: [عربی/ فارسی]/سـم. پەیمان‌شکێن؛ بێ‌بەڵـێن؛ کامباخ؛ کەمباخ.

**عهدشـکنی** / 'ahdšekanî، ـها/: [عربـی/ فارسـی] /سـم. پـەیمان‌شـکێنی؛ بـێ‌بەڵـێنی؛ کامبـاخی؛ کەمباخی.

**عهدنامه** / 'ahdnāme، ـها/: [عربـی/ فارسـی]/سـم. پەیمان‌نامە؛ بڕیارنامە؛ بەڵێن‌نامە؛ سۆسـت‌نامـە؛ نووسراوەیەک وێڕای گرێـدانکی دوو یـان چـەن دەوڵەت.

**عهده** / ohde'/: [عربی]/سم. ئەستۆ؛ پا؛ سەر؛ مل؛ عۆدە ‹خرید میوه به عهدەی من: سەندنی میوە لە ئەستۆی من›.

▣ **از عهده برآمدن:** لە عۆدە هاتن؛ دەرعەوە هاتن؛ باشار هاتن؛ چار کردن/ هاتن؛ دەرقەت هاتن؛ توانین (لەمەڕ پەیمان یان بڕیارەوە) ‹او از عهده این کار برنمی‌آید: ئەو بێت و لە عودەی ئەم کارە نایەت›.

**بر/ به عهده داشتن:** بە/ وە/ لە ئەستۆ بوون؛ بە ملەوە بوون ‹ریاست جلسه را او برعهده داشت: سەرۆکایەتی دانیشتنەکە لە ئەستۆی ئەو بوو›.

**بر/ به عهده گرفتن:** وە/ بە/ لە ئەستۆگرتن؛ لە مل‌گرتن؛ بە دەستگرتن؛ خۆ لە قەرەی کارێک دان؛ ئەنجامدانی کارێک پەزێران ‹نگهداری بچه‌ها را بر عهده گرفت: ڕاگرتنی منداڵەکانی وە ئەستۆ گرت›.

**عهده‌دار** / ohdedār/: [عربی/ فارسی] صفت. وەستۆگر؛ ئەستۆگر؛ بە بەڵێن بۆ جێبەجێ کردنی کارێک ‹او عهده‌دار خرید است و من عهده‌دار پخت و پز: ئەو ئەستۆگری سەندنە و من وەستۆگری چێشت لێنان›. هەروەها: **عهده‌داری**

**عهود** / 'uhûd, 'ohûd/: [عربی] جمعِ ☜ **عهد**

**عیادت** / 'iyādat, 'ayādat/، ـها/: [عربی]/سم. دیدار؛ دیدەنی؛ کار و ڕەوتی سەردان؛ بە سەرکردنەوە؛ ڕۆیشتن بۆ لای کەسێ ‹عیادت بیمار: سەردانی نەخۆش›.

▣ **عیادت کردن:** سەردان؛ دیدارکردن؛ بەسەر کردنەوە؛ بۆ دیدەنی ڕۆیشتن؛ بۆ لای کەسێ چوون؛ دیدەنی/ دیەنی کردن ‹از آسیب‌دیدگان سیل اخیر عیادت کرد: سەری لە گەزنلێ کەوتوانی ئەم لافاوە دواینە دا›.

**به عیادت آمدن:** بۆ سەردان هاتن؛ هاتن بۆ بەسەرکردنەوە؛ دیدار لێ کردن؛ بۆ دیدەنی هاتن؛ هاتن بۆ لای کەسێ. هەروەها: **به عیادت رفتن**

**عیاذبالله** / 'ayāzobellāh/: [عربی] دعا. ١. پەنا بە خودا؛ پەنا بۆ خوا؛ پەنا بە خوای ٢. خوای نەکردە؛ خوانەکەردە؛ خوانەخواستە؛ خوا ئەو ڕۆژە نەکا/ نەیرێ؛ حەف قورعان لە بەینا بێ * **العیاذبالله**

**عیار** / 'ayār، ـها/: [عربی]/سم. عەیار؛ عیار: ١. ڕێژەی کانزایەکی گرانبایی لە کانە یان ئالیاژێکدا ‹طلای ٢۴ عیار: زێڕی ٢٤ عەیار› ٢. [شیمی] ئەوەندە لە ماکێ کە بۆ بەدیهێنانی کاردانەوە یان وێکهاتن لەگەڵ بارستێکی دیاریکراو لە ماکێکی‌تر، پێویستە ٣. مەزەننە؛ مەزندە؛ پێوەر؛ پێوانە؛ ڕادەی ناوین ‹حالا عیار دستت آمد؟: ئێستا مەزندەت هەیە؟›.

**عیار**[1] / 'ayyār، ـها؛ ـان/: [عربی]/سم. [قدیمی] چەتە؛ گۆران؛ عەییار؛ کەسێ کە ڕێگری و دەسبڕی دەوڵەمەندانی دەکرد و دەستی نەدارانی دەگرت.

**عیار**[2]: صفت. تەڕدەست؛ چاوبەست؛ زیرەک؛ چالاک؛ مەزبووت؛ دەس‌سووک؛ دەس‌سۆک؛ بە دەست و برد؛ گورج و گۆڵ؛ چازان؛ شازا؛ فێڵەزان.

**عیارسنجی** / 'ayārsanci، ـها/: [عربی/ فارسی] /سم. عەیارپێوی؛ دەسنیشان کردنی ڕێژەی کانزایەکی گرانبایی لە شتێکدا.

**عیاری** / 'ayyārî/: [عربی]/سم. چەتەیی؛ گۆرانی؛ عەییاری؛ کاری چەتەگەری ‹می‌گویند یعقوب لیث در آغاز عیاری می‌کرد: دەڵێن یەعقووبی لەیس سەرەتا چەتەیی دەکرد›.

**عیاش** / 'ayyāš/: [عربی] صفت. خۆشگوزەران؛ وەشبەر؛ دڵچەرێن؛ خۆشڕۆژ؛ خۆشڕابوێر؛ چەشتی خوشگوزەرانی و ڕابواردن ‹آدم عیاش با فردا کاری ندارد: مرۆڤی خوشگوزەران گوێی لە بەیانی نیە›.

**عیاشی** / 'ayyāšî ، ـها/: [عربی]/سم. دلـچەڕێنی؛ خۆش‌ڕۆژی؛ خـۆش‌ڕابـوێری؛ خوەشـگوزەرانی؛ وەشبەری؛ زێدەڕۆیی لە خۆش‌ڕابوێری بەتایبەت گوێنەدان لە بایەخگەلی ئاکاری و کۆمەلایـەتی ‹بە جای درس خواندن، با این دوستان نابـاش مشـغول عیاشی است: لە بـاتی دەرس خوێنـدن، لەگـەل ئـەو دۆستە بێئاکارانەیەدا خەریکی دلچەڕێنیە›.

**عیال** / 'ayāl/: [عربی]/سم. خێزان: ۱. کـەیوانوو؛ کەیبانوو؛ هـەڕەم؛ کابـان ‹بـا عیـال دعوامـان شـد: لەگەل کەیوانوو بوو بە شەڕمان› ۲. /عایله//[قـدیمی] خا و خێزان؛ مال و منال؛ کەسانی ژێر خێـوەتی مالێک ‹ای گرفتار پایبند عیـال / دگـر آسـودگی مبنـد خیال: ئەی گیرۆدە و تووشـیاری خـاوخێزان / چیتـر بیر مەکەوە لە خۆشی و سەیران›.

**عیالوار** / 'ayālvār ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسـی]/سم. خێزانبـار؛ خێزانـدار؛ منالـبار؛ ژن و منالـدار؛ هەڕەمدار؛ بـژن و زارۆک؛ عایلەمـەن؛ خـاوەنی ژن و منداڵ ‹آدم عیالوار کـه آسـودگی نـدارد: مـرۆی خێزانبار خۆ ئاسایشی بۆ نیە›.

**عیـالواری**[1] / 'ayālvārî/: [عربـی/ فارسـی]/سـم. خێزانبـاری؛ خێزانـداری؛ ژن‌ومنالـداری؛ منالـباری؛ دۆخ یـان چۆنیـەتی خێزانبـار بـوون ‹عیـالواری و نـان درآوردن نگذاشـت درسـش را ادامـه دهـد: خێزانبـاری و نـان دەرهێنـان نەیهێشـت دریژە بە خوێندنەکەی بدا›.

**عیـالواری**[2]: صـفت. خێزانـداری؛ خێزانبـاری؛ منالباری؛ گونجاو بۆ کەسی خێزاندار ‹یک خانەی عیالواری برایت پیدا کردەام: مالێکی خێزانداریـم بـۆت دۆزیوەتەوە›.

**عیـان** / 'ayān/: [عربـی] صـفت. ئاشـکرا؛ ڕوون؛ ڕووناک؛ ڕۆشناک؛ ڕۆشن؛ دیار؛ ڕاشکاو ‹آن را که عیـان است چـه حاجـت بـه بیـان اسـت: ئـەوەی کـه ئاشکرایە کوا پێویستی بە چرایە›.

▣ **عیـان بـودن**: دیـار بـوون؛ ڕاشـکاو بـوون؛ ئاشکرا بوون. هـەروەها: **عیـان شـدن**؛ **عیـان کردن**

**عیب** / 'eyb ، ـها؛ معایب/: [عربـی]/سـم. ۱. /عیـوب/ زەدە؛ خەش؛ کەمایەسی؛ خەوش؛ ئاسیو؛ ئـەیو؛ ئێڤ؛ ئشکیل ‹چشمش عیب داشت: چـاوی زەدەی بوو› ۲. شووڕەیی؛ شووڕە؛ پیتک؛ کەترە؛ عەیب؛ ئلا؛ ئەوەی کە لەگەل داب وبایەخی کۆمەلـگادا یەک ناگرێتەوە ‹این کارها که می‌کنـی عیـب اسـت: ئەم کارانە کە دەیکەی شووڕەییە›.

▣ **عیب پیدا کـردن**: ۱. خـراپ بـوون؛ لـه کـار کەوتن؛ عەیب لێ پەیدا بوون ‹ماشین عیب پیـدا کـرد: ماشـینەکە خـراپ بـوو› ۲. عـەیب لـێ دۆزینەوە؛ کـەمۆکـووڕی دۆزینـەوە؛ خـەوش دۆزینەوە ‹می‌گشت توی لباس‌ها دو تـا عیـب پیـدا می‌کرد و بهانه می‌گرفت: دەگەڕا بـه نـاو جلەکانـدا دوو عەیبی لی دەدۆزینەوە و بیانووی دەگرت›.

**عیب کردن**: خراپ بوون؛ خراو بوون ‹ترمـزش عیب کرده: تورمزەکەی خراپ بووە›.

**عیب گذاشتن روی کسی/ چیزی**: عەیب پێـوە نـان؛ عـەیب لکانـدن بـه کەسـێ/ شـتێکەوە؛ عەیب بۆ کەسێ/ شتێک دەرهێنـان؛ خـەوش بە سەر کەسـێ/ شـتێکەوە نـان؛ کەمایەسـی درۆینە دانە پاڵ کەسـێ یـان شـتێکەوە ‹آقـا نمی‌خری نخر، چـرا عیـب روی جـنس مـی‌گـذاری؟: کاکە ناسێنی مەسێنە، بۆچی عەیب بە شـتەکەوە دەنیی؟›.

**عیب گرفتن**: عەیب‌گرتن؛ خـەوش هەڵـگرتن؛ خراپی یان نابەجێیی شتێک گێڕانەوە ‹از چنـد جای خانه عیب گرفت و خواست آنها را برایش درست کنیم: لـه چەنـد جێـی مالـەکه عـەیبی گـرت و ویستی بۆی چا بکەینەوە›.

**عیبجو** / 'aybcû ، ـها؛ ـیان/: [عربی/ فارسـی] صـفت. عەیبگر؛ لێگـر؛ ئیرادگـر؛ خووگرتـوو بـه عـەیب گرتن.

**عیبجـویی** / 'aybcûyî ، ـها/: [عربـی/ فارسـی] صـفت. لێگـری؛ عـەیبگری؛ کـار و ڕەوتی

پەرِاندنە قوڕوو ‹آمدی و با این خبرت عیش ما را کور کردی: هاتی و بەم هاوالەت خۆشیت لیمان شیواند›.

**عیش‌ونوش** / 'eyš-o-nûš، ـهـا/: [عربی/ فارسی] *اسم* عەیش‌ونۆش؛ خواردن و خواردنەوە؛ ڕابواردن و خۆش‌گوزەرانی وێڕای خواردنەوەی ئەلکولی.

**عیلامی** / 'îlāmî/: [؟] ☜ **ایلامی**

**عین** / eyn/: [عربی] *اسم* ۱. عەین؛ ناوی عەرەبی بیست و یەکەمین پیتی ئەلفوبێتکەی فارسی ۲. بژیک؛ ئەوەی کە هەبوونێکی سەربەخۆی هەبێت ۳. خود؛ خۆ؛ وێژی؛ وژی؛ خودی شت ‹عین شناسنامه و رونوشت آن: خودی پێناسەکە و کوپیەکەی›.

**عین** / eyne/: [عربی] *حرف. [گفتاری]* وەک؛ وەکوو؛ وەکی؛ کوتومت؛ چەشن؛ دەردی؛ عەین و مەین؛ عەین و مەغان؛ کفت؛ کفتی؛ وەکەتێ؛ هەر وەکوو؛ هەر کوتوو ‹عین گرگ گرسنه: وەک گورگی برسی› ۵. *[فلسفه]* دنیا؛ جەهان؛ جیهان.

▣ **عین خیال کسی نبودن**: *[گفتاری]* بای خەیالی کەسێک نەبوون؛ سەر خەیاڵ کەسێ نەبوون؛ هیچ گوێ نەدان ‹هفتاد ضربه شلاق خورد و عین خیالش نیست: حەفتا دانە شەلاخی خوارد و بای خەیالی نیە›.

**عیناً** / eynan/: [عربی] *قید.* کوتومت؛ وەک؛ وەکوو؛ وەکی؛ ڕاست وەک؛ هەر وەکوو؛ تەواو وەک؛ عەین و مەعان؛ عەین و مەین؛ هەر وەکوو خۆی.

**عین‌الثور** / eynossowr/: [عربی] ☜ **دبران**

**عینک** / eynak'، ـهـا/: [عربی/ فارسی] *اسم* چاویلکە؛ چاویلە؛ چاڤک؛ چەعڤک؛ گۆزلک؛ بەرچاڤک؛ گوێزلک؛ عەینەک؛ عەینەکێ؛ کەرەستەیەک بۆ یاریەدانی سۆمای چاو یان بەرگری لە وەزەنگی هۆکارگەلی دەرەکی، پێکهاتوو لە دوو نیسکە (شیشەی ڕەنگی یان دەڵق) لە نێو قاپێکدا کە لە سەر لووت و لە بەرامبەر چاودا دادەنرێ و بە دوو دەسکی گێرەوە لە پشت گوێ قایم دەکرێ.

▣ **عینک زدن**: چاویلکە لێدان؛ چاڤک لێدان؛ چاویلکە کردنە چاو؛ عەینەک نیان؛ چاویلکە لە چاوکردن.

**عینکی** / eynakî'، ـهـا/: [عربی/ فارسی] *صفت.* چاویلکەیی؛ چاڤکی؛ بەرچاڤکی؛ بەرچاڤکری: ۱. چاویلکە لە چاو ‹آن آقای عینکی را ببین: چاو لەو پیاوە چاویلکەییە کە› ۲. خووگرتوو بە چاویلکە ‹تو هم عینکی شدی: تۆیش بوویتە چاویلکەیی›.

**عین‌گرایی** / eyngerāyî/: [عربی/ فارسی] ☜ **برون‌گرایی**

**عینهو** / eynahû/: [از عربی] *حرف. [گفتاری]* هەر وەک؛ هەر وەکوو؛ وەکوو؛ وەک؛ وەکی؛ وێنەی؛ هۆسە؛ پێسەو ‹عینهو دختر چهارده ساله: هەر وەک کچی چواردە ساله›.

**عینی** / eynî/: [عربی] *صفت.* ۱. دیتنی؛ بەرچاوی؛ پێش‌چاڤی؛ دیار؛ خاوەنی هەبوونی شیاوی دیتن. بەرانبەر: **ذهنی** ۲. بەرچاو؛ ئاشکرا؛ ئاشکار.

**عینی‌گرایی** / eynîgerāyî/: [عربی/ فارسی] ☜ **برون‌گرایی**

**عینیت** / eynîyyat/: [عربی] *اسم* دیاریەتی؛ ئاشکرایەتی؛ بەرچاویەتی؛ پێش‌چاڤەتی: ۱. دۆخ یان چۆنیەتی بەرچاو بوون ۲. دۆخ یان چۆنیەتی بوونی سەربەخۆ و شیاوی دیتن.

**عیوب** / 'oyûb, 'uyûb/: [عربی] جمعِ ☜ **عیب**

**عیوق** / 'ayyûq/: [عربی] *اسم. [نجوم]* پێنجەمین ئەستێرەی درەوشاوەی ئاسمان، لە کەلووی گاریچی.

# غ

**غ** / q/: حرف. غ؛ نیشانه‌ی بیست‌ودووهه‌مین پیتی ئه‌لف‌وبێته‌کەی زمانی فارسی.

**غ** / qe/:/سم. غێ؛ ناوی بیست‌ودووهه‌مین پیتی ئه‌لف‌وبێته‌کەی فارسی.

**غائب** / qā'eb/: [عربی] ☜ **غایب**

**غائط** / qā'et/: [عربی] ☜ **غایط**

**غائله** / qā'ele/: [عربی] ☜ **غایله**

**غائی** / qā'î/: [عربی] ☜ **غایی**

**غـار** / qār ، ـها/: [عربی]/سم. ۱. ئه‌شکه‌وت؛ ئه‌شکه‌فت؛ ئشکه‌فت؛ شکه‌فت؛ نـوا؛ زاخـۆر؛ زایه‌ند؛ غار؛ خار؛ مەڕ؛ مەڕە؛ کاو؛ کاف؛ قـەوارت؛ مغـار؛ مغـارە؛ مـەغارە؛ مـەخرا؛ وەرمـا؛ کەلـما؛ کەلوەز؛ کافک؛ کـۆف؛ قـەف؛ زقـنگ؛ کـەوەر؛ کـەوور؛ کـەوڕ؛ کـەورک؛ کـەورگ؛ کـەوەرگ؛ کوونرەخ؛ کومزەخ؛ کوول؛ هوولولیف؛ غولۆلیـف؛ خوولولیف؛ تون؛ هلۆل و ڕەهۆلی سروشـتی لـه کێودا ۲. ☜ **برگ بو**

**غارت** / qārat ، ـها/: [عربی]/سم. چـەپۆ؛ چـەپاو؛ تالان؛ تاراج؛ چـرپ‌وچـاپ؛ پـوویر؛ پـووڕ؛ پـویر؛ پویـر؛ یاخمـە؛ زاخـۆران؛ پوپـر؛ تالـوو؛ گلاهـە؛ کالات؛ کالەت؛ فەرهوود؛ تالان و مالان؛ تالان و بڕۆ؛ پەلیسە؛ کارەڕەهاتی ستاندن به زۆر و بردن ‹ریختند و بسیاری از خانه‌ها را غارت کردند: هێرشـیان هێنا و مالێکی زۆریان تالان کرد›. هەروەها: **غارت شدن؛ غارت کردن**

**غارتگر** / qāratgar ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] صفت. نڕدە؛ تالانکەر؛ چەپاوکەر؛ خواس؛ قەرەپشی؛ بـه خۆ و خدەی تالان‌کردنەوە.

**غـارتگری** / qāratgarî/: [عربـی/ فارسـی]/سـم. ڕێگری؛ نڕدەیی؛ تالانکەری؛ بـار یـان چۆنیـەتی تالانکەر بوون.

**غارتی** / qāratî/: [عربی] صفت. تالانی؛ تـالانکراو؛ چـەپلاو؛ چـەپاوی؛ دزراو؛ گلاهـە؛ دامـەلاغاس؛ پوڕکری؛ شەلی؛ شەلیای؛ بـه تـالان بـراو ‹مـال غارتی: مالی تالانی›.

**غارشناسـی** / qāršenāsî/: [عربـی/ فارسـی]/سـم. ئەشکەوت‌ناسی؛ غارناسی؛ زانسـتی ناسـینەوەی ئەشـکەوت لـه ڕووی شـوێنی جوگرافیـایی، پێکهاتەی زەویناسی، ڕێ تـێبـردن، ئەنـدازە و تایبەتمەندیەکانی‌تری.

**غار ـ غار** / qārqār/ ☜ **قار ـ قار**

**غارنشـین** / qārnešîn ، ـها؛ ـان/: [عربـی/ فارسـی] صـفت. ئەشـکەوتنشـین؛ غارنشـین؛ بـه تایبەتمەندی یان ئۆگرەتی نیشتەجێ بـوون لـه ئەشکەوتدا ‹هنر مردم غارنشین: هونـەری خەلـکی ئەشکەوتنشین›.

**غارنشـینی** / qārnešînî/: [عربـی/ فارسـی]/سـم. ئەشـکەوتنشـینی؛ غارنشـینی: ۱. لـه نێـو

ئەشکەوتدا ژیان ۲. قۆناغێک لە ژیانی سەرەتایی مرۆ کە خەڵک لە ئەشکەوتدا دەژیان.

**غارنوردی** / qārnavardî/: [عربی/ فارسی]/سم. ئەشکەوتەوانی؛ شکەوتوانی؛ نواوانی؛ کار و ڕەوتی ڕۆشتن بۆ ناو ئەشکەوت بە مەبەستی گەڕان، شتی تازە دۆزینەوە یان وەرزش.

**غاروغور** / qār-o-qûr/ ☜ **قار و قور**

**غاز** / qāz ، ـها/: [ترکی]/سم. قاز؛ قازی؛ هەر یەکە لە پەلەوەرانی مەلەوان و پا پەڕەیی، بە جەستەی مامناوەندیەوە کە نێر و مێیان وەکوو یەکن و لە سەر زەوی هێلانە دەکەن.

▣ **غاز چراندن**: *[کنایی]* مێش گرتن/ خەساندن/ قەپاندن/ بژاردن؛ مل/ گون تەقاندن؛ خۆ خلافاندن لە بەر بەتالی و بێکاری ‹تو را چە بە این کارها؟، بهتر است بروی غاز بچرانی: تۆ چت داوە لەم کارانە؟، باشترە بڕۆی میش بگری›.

**غازپا** / qāzpā ، ـها/: [ترکی/ فارسی]/سم. قازیاخە؛ قازیانە؛ قازیاوە؛ پاقازە؛ قازیاوە خوەشە؛ قازئاخە؛ لێشرێ؛ ئالفەگیایەکی لە تیرەی ئەسپەناخە.

**غازه** / qāze/: *[سم. قدیمی]* سوهراف؛ سۆراف؛ سووراو؛ سووراڤک؛ غازە؛ دەرمانی سووری خۆ جوان کردن.

**غاسول** / qāsûl ، ـها/: *[سم.* زریزانە؛ زیزانە؛ مرۆر؛ کەفێنە؛ دەرمانەدیان؛ گیایەکی ئالیکی یەکسالانە بە گەلای دووبەدوو پێکەوە لکاو، کە لە قەراخی مەزرا و ڕێگا و بانەوە دەڕوێ، گەلا و ساقەتە و ڕیشەی وشکەوە بووی لە ئاودا کەف دەکەن: **صابونی ـ۳**

**غاصب** / qāseb ، ـها؛ ـان/: [عربی] صفت. داگیرکەر؛ بەزۆرسێن؛ دەستدرێژکەر؛ زۆرکار؛ بسێن؛ بستێن ‹می‌گویند او غاصب است و در این خانه هیچ حقی ندارد: وەک دەڵێن ئەو داگیرکەرە و هیچی بەسەر ئەم ماڵەوە نیە›.

**غاصبانه** / qāsebāne/: [عربی/ فارسی] *قید.* داگیرکەرانە؛ داگیرکارانە؛ زۆرکارانە؛ بەزۆری؛ بە شێوەی داگیرکاری ‹خانەی مرا غاصبانه تصاحب کرد: داگیرکەرانە ماڵەکەمی لە چنگم دەرێنا›.

**غا ـ غا** / qāqā/ ☜ **قا ـ قا**

**غافث** / qāfes ، ـها/: [عربی]/سم. گیاجگەر؛ ئەگریمۆنی؛ دەواجەرگە.

**غافل** / qāfel ، ـها؛ ـان/: [عربی] صفت. ۱. بێئاگا؛ بێهاگا؛ غافڵ؛ هێڤژاندی؛ باروتە؛ بێخەبەر و بێمبالات سەبارەت بە ڕووداوان ‹او نیت بدی دارد از او غافل نشو!: مرازێکی خراپی هەیە لێی بێئاگا مەبە!› ۲. نەزان؛ نیازان؛ خاویلکە؛ گێل؛ گەمژە؛ دەبەنگ؛ ڕەمتەلە؛ ڕەوتەلە؛ لە گوێگاداخەوتوو.

▣ **غافل شدن**: بێئاگا بوون؛ ئاگا لێبڕان/ نەمان؛ غافڵان؛ غافڵ بوون؛ دوور بوونەوە لە وریایی و سەرنج لە کەس یان شتێک ‹یک لحظه از او غافل شدم، افتاد توی رودخانه: ساتێک لێی بێئاگا بووم، کەوتە نێو چۆمەوە›. هەروەها: **غافل بودن**

**غافلگیر** / qāfelgîr/: [عربی/ فارسی] صفت. غافڵگیر؛ بێئاگاداری؛ تووشی بار و دۆخی پێشبینی نەکراو هاتوو.

▣ **غافلگیر شدن**: غافلگیر بوون؛ ئامادە نەبوون بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ڕووداوێکدا ‹با دیدن پدرش غافلگیر شد و نتوانست سیگار را پنهان کند: کە بابی دیت خافڵگیر بوو نەیتوانی جگەرەکەی بشارێتەوە›. هەروەها: **غافلگیر کردن**

**غافلگیرانه**[1] / qāfelgîrāne/: [عربی/ فارسی] صفت. کوتوپڕی؛ بە کتوپڕ؛ غافڵگیرانە؛ بە دۆخ یان چۆنیەتی غافلگیریەوە ‹عملیات غافلگیرانه برای به دام انداختن سارقان: چالاکی کوتوپڕی بۆ خستنە داوی دزەکان›.

**غافلگیرانه**[2]: *قید.* غافلگیرانە؛ کوتوپڕ؛ ناگەهان؛ لەناکاو؛ بێتەقە ‹غافلگیرانه حمله کردند و سارقان را گرفتند: غافلگیرانە هێرشیان برد و دزەکانیان گرت›.

**غافلگیری** / qāfelgîrî/: [عربی/ فارسی]/سم. غافلگیری: ۱. دۆخ یان چۆنیەتی ڕووبەڕوو بوون دەگەڵ ڕووداوێکی کتوپڕی بە هۆی بێئاگایی و

سەرنج نەدانەوە ‹تغییر ناگهانی آب و هوا باعث غافلگیری همه شد: گۆڕانی لەنەکاوی کەش بوو بە هۆی غافلگیری هەموان› ۲. هۆش‌لێ‌بڕاوی؛ لە کوت‌وپڕا کەوتنە بار و دۆخێکی ڕەچاونەکراوەوە ‹از غافلگیری ما استفاده کرد و گریخت: کەلکی لە هۆش‌لێ‌براوی ئێمە گرت و دەرچوو›.

**غال** / qāl/ ☜ **قال**

**غالب** / qāleb/: [عربی] *صفت.* سەرکەوتوو؛ زاڵ؛ چیر؛ چێر؛ سوار؛ تهێل ‹تیم غالب: تیمی سەرکەوتوو›

▣ **غالب آمدن/ شدن:** سەرکەوتن؛ زاڵ/ چیر/ چێر/ تهێل/ سوار بوون ‹تیم کردستان بر حریف غالب آمد: تیمی کوردستان بە سەر هاوملەکەیدا سەرکەوت›.

**غالب** / qālebe/: [عربی] *حرف.* زۆربەی؛ زۆرتری؛ زۆرینەی؛ زۆراتی؛ فرەتری؛ زۆرمەی ‹غالب افراد: زۆربەی کەسان›.

**غالباً** / qāleban/: [عربی] *قید.* زۆرتر؛ بە زۆری؛ زۆرجار؛ زۆرکەڕەت؛ لە زۆر کاتدا؛ فرە ڕا؛ فرەتەر؛ فرەتر؛ فرەوجار؛ لە زۆر دەمدا ‹میوەها غالباً شیرین بودند: میوەکان زۆرتر شیرین بوون›.

**غالیدن** / qālîdan/: *مصدر. لازم. متعدی. [قدیمی]* □ *لازم.* ۱. گلمان؛ پلکان؛ پەرخان؛ گەوزان؛ تلدان؛ تل خواردنەوە □ *متعدی.* ۲. گلماندن؛ گلملاندن؛ پلکاندن؛ پەرخاندن؛ گەوزاندن؛ تلاندنەوە؛ تلنەی؛ تلنای؛ پلکاندن؛ پلاندن؛ تل پێدان.

**غامض** / qāmez/: [عربی] *صفت.* ئاڵۆز؛ دژوار؛ ئاریشە؛ پێچەڵاوپێچ؛ پێچەڵپێچ؛ گران؛ سەخت ‹مسألەی غامض: گرفتی دژوار›.

**غان‌وغون** / qān-o-qûn/: *صوت.* گڕ و گاڵ؛ گغ و بڤ؛ گاڵ و بوغر؛ گاڵ و بوغ؛ دەنگ و قسەی زارۆی ساوا کە تازە زمان دەگرێ.

**غاوشنگ** / qāvšang/: *اسم.* ۱. گارام؛ گارم؛ گاڕان؛ گاڕانە؛ گالۆک؛ تەیاخ؛ پەیاخ؛ پەیاغ؛ مساس؛ مساسک؛ مساسە؛ مەساسە؛ داردەستی جووتیار کە گاجووتی پێ لێدەخوڕن ۲. نەقیزە؛ زەخت؛ زەختە؛ شەبیک؛ داری میخ لە سەرێک کراو بۆ لێخوڕنی کەر و گا.

**غایات** / qāyāt/: [عربی] جمع ☜ **غایت**

**غایب** / qāyeb/: [عربی] *صفت.* ۱. ـها؛ ـان؛ ـین/ غایب؛ نەهاتوو ‹آزاد دیروز غایب بود: ئازاد دوێنێ غایب بوو› ۲. گوم؛ گم؛ ون؛ بزر؛ پێوار؛ بەرپێوار؛ نادیار؛ نەدیار؛ بەزرە؛ لە بەر چاو نەماو ‹در یک لحظه از جلو چشمم غایب شد: لە چاو نووقانێکدا لە بەر چاوم گوم بوو› * **غائب.** هەروەها: **غایب بودن؛ غایب شدن**

**غایبانه**[1] / qāyebāne/: [عربی/ فارسی] *صفت.* لە دوورەوە؛ دووراودوور؛ غایبانە.

**غایبانه**[2]: *قید.* لە دوورەوە؛ دووراودوور؛ لە نەبوونی خۆدا؛ بێ بوونی خۆ؛ غایبانە ‹غایبانه محاکمه شد و محکومش کردند: لە دوورەوە دادگایی کرا و تاوانباریان کرد›.

**غایت** / qāyat ، ـها: غایات/: [عربی]/*اسم.* ئەوپەڕ؛ دەرەنجام؛ گاڤین؛ هەدرەش؛ ئاخرین ڕادەی هەر شتێ ‹وقتی بدبختی به غایت رسید: کاتێ چارەڕەشی گەیشتە ئەوپەڕی›.

**غایت‌شناسی** / qāyatšenāsî/: [عربی/ فارسی] ☜ **فرجام‌شناسی**

**غایط** / qāyet/: [عربی]/*اسم. [ادبی]* قژو؛ پیسی؛ چەپەڵی؛ گوو: **غائط**

**غایله** / qāyele ، ـها/: [عربی]/*اسم.* ئاژاوەلە؛ ئاژاوە؛ ئاژاوەلە؛ گاشە؛ کێشە؛ بشێوە؛ خارۆرە؛ هەرا ‹با نرمش و سیاست غایله را خواباند: بە نەرم و نیانی ئاژاوەلەکەی کوژاندەوە›: **غائله**

**غایی** / qāyî/: [عربی] *صفت.* دوایی؛ دوایین؛ ئاخری؛ ئاخرین؛ دواگین؛ دوماین؛ دمایین؛ بنین؛ ئاخرینە؛ دمەین ‹هدف غایی: ئامانجی دوایی›: **غائی**

**غبار** / qobār ، ـها/: [عربی]/*اسم.* تۆز؛ تەپ؛ تەم؛ تۆخ؛ ڕتام؛ خوڵە؛ خۆڵ؛ گەرد: ۱. وردیلەی زۆر

ورد (بـه تایبـهت هـی خـاک) کـه بـه دەم بـاوه هەڵدەستێ ۲. *[مجازی]* ئەوی وەک تۆز لە سـەر شتێک بنیشێ ‹غبار غم؛ غبار فراموشی: تۆزی خەم؛ تەمی لە بیر چوونەوە›.

**غبـارآلود** / qobārālûd/: [عربـی/ فارسـی] *صفت.* تـۆزاوی؛ تـۆزاوین؛ تـۆزین؛ تـۆزاوتن؛ خـۆڵاوی؛ خاکاوی؛ خۆڵینە؛ خوڵەین؛ وەلنە؛ وەلن؛ ڕتامی؛ تەپ و تۆزاوی؛ بە تەپ و تۆز یان تۆز و خۆڵ لە سەر نیشتوو ‹هوای غبارالود: هەوای تۆزاوی›.

**غبـارروبی** / qobār.rûbî/: [عربـی/ فارسـی]/*سم.* تۆزتـەکێنی؛ کـار و ڕەوتی تەکانـدن، سـڕین و خاوێنکردنەوەی تەپ و تۆز لە سەر شتێ.

**غبطـه** / qebte ، ـها/: [عربـی]/*سم.* ئـاواتخوازی؛ ئاواتـــەخوازی؛ ئاواتـــەوازی؛ مرێکـــاری؛ ئارەزوومەندی؛ ڕەوتی خۆزگە پێبردن/ خواردن؛ ئاواتی بە دەست هێنانی شتێک کـە دەس نـادا بەڵام کەسی‌تر هەیەتی ‹دیگران به جوانی و زیـایی او غبطه می‌خوردند: خەڵکی تر ئاواتخوازییان بە جوانی و لەباری ئەو بوو›. هەروەها: **غبطه خوردن**

**غبـغـب** / qabqab ، ـها/: [عربـی]/*سم.* بەرچێلـە؛ بەرچیلە؛ بەرچەنە؛ بەرخەبەبە؛ خەبەبە؛ بـەرکور؛ ژێر چەناگە؛ ژێـر چەنـە؛ شـولەمە؛ غـەبغەبـە؛ غەوغەوە؛ گەوگـەوە؛ گـاوگ؛ بەبەغـە؛ چۆلەمـە؛ گۆشـتی ژێـر چەنـە، کـە لـە مـرۆی قەڵـەوی بەتەمەندا شلک و شۆڕە.

**غـبن** / qabn/: [عربـی]/*سم.* زەرەر؛ زیـان؛ زان؛ خەسار؛ چۆنیەتی کڵاو سەر چوون لـە مامەڵـەدا بە بۆنەی نائاگایی یان ساویلکەییەوە.

**غثیان** / qasayān/: [عربی]/*سم. [ادبی]* هێق؛ ئێـق؛ ڕەوتی ڕشـــانەوە؛ هەڵاوردنـــەوە؛ قەڕشـــیان؛ هێنانەوە؛ قەی‌کردنەوە.

**غد** / qod/ ☜ **قُد**

**غدار** / qaddār/: [عربی] *صفت. [ادبی]* بێبەیـنـەت؛ بـێبەڵـێن؛ کامبـاخ؛ کـەمباخ؛ پـەیمان‌شـکێن؛ غەددار ‹روزگار غدار: ڕۆژگاری بێبەینەت›.

**غدد** / qodad/: [عربی] جمعِ ☜ **غدّه**

**غدر** / qadr ، ـها/: [عربی]/*سم. [ادبی]* بـێبەڵـێنی؛ پەیمان‌شـکێنی؛ بـێوەفـایی؛ کامبـاخی؛ قـەفر؛ غەدر.

**غده** / qodde ، ـها؛ غدد/: [عربی]/*سم.* لک؛ لوو؛ لۆ؛ لوی؛ لکە؛ مابەک؛ بەرزەک؛ برزک؛ لوک؛ لڤـک؛ مادە: ۱. *[پزشکی]* گرێ؛ ئالگ؛ گومتیل؛ دوپشی؛ گرووز؛ تووموڕ؛ کۆمەڵە شانەی نائاسایی کـە لـە ڕوالـەتدا لـە شـانەی ئاسـایی دەچـێ بـەڵام بێ‌کەڵکە و بەدهیمەکەی پـەلامار دەباتـە سـەر شانەکانی‌تر و پەرە دەستێنێ ‹زیر بغلش یک غـده درآمـده بـود: لکـێ لـە بـن بالـیەوە دەرهـاتبوو› ۲. *[پزشکی]* دژێن؛ خوشخوشک؛ ڕژێـن؛ گلانـد؛ ئەنـدام، شـانە یـان خانـەی بەرهـەمهـێن و دەڵێنەری ماکی کیمیایی تایبەت ‹غدەی اشکی: لووی فرمێسـک› ۳. *[زیست‌شناسی]* هـەر جـۆرە ئەندامێکی دەڵێنەر (وەک کیسەی شیلە لە گیادا) ٤. خڕ؛ هەر پێکهاتەیەکی وەک لک.

▣ **غـدەی اشـکی**: لـوو/ دژێـنـی فرمێسـک؛ کیسەئاسایەک پڕ لـە فرمێسـک لـە گۆشـەی دەرەوەی چاو لە ژێر پێلوودا، بۆ تەڕ ڕاگـرتنی چاو.

**غدەی باز** ☜ **غدەی برونریز**

**غدەی برونریز**: لوو/ دژێنی دەرڕێژ؛ ڕژێنێ کـە دەڵاوەکەی لە دەراوێکەوە دەڕژێتە دەرەوەی لەش: **غدەی باز**

**غـدەی بزاقـی**: لـوو/ دژێـنـی لیـک؛ دژێـنـی لیک‌ڕێژ لە بن‌گوێ، بن‌شـەویلە و ژێـر زمانـدا کە لە ماردا دەبێتە کیسەی ڕژاندنی ژار.

**غدەی بسته** ☜ **غدەی درونریز**

**غدەی تناسلی** ☜ **غدەی جنسی**

**غدەی جنسی**: لوو/ دژێنی زایەنـدی؛ ئەنـدامی بەرهەمهێنەری ماکی زایەندی، کـە لـە بـرێ گیاندارانـدا هورمـونیش دەر دەدات: **غـدەی تناسلی**

**غده‌ی درونریز:** لوو/ دژێنی ناوڕێژ؛ ڕژێنێ کە هورمون دروست دەکا و گشت یان بەشێکی دەڕژێتە نێو خوێن و لە خوێنەوە دەگاتە ئەندامی خۆی و کاردانەوەیەک بەدی دێنێ: **غده‌ی بسته**

**غـده‌ی زیرزبـانی:** لـوو/ دژێـنی ژێرزمـانی؛ جووتێک ڕژێنی لیکە لە ژێر زماندا.

**غده‌ی زیرزمینـی:** سـەلک؛ سـەلکە؛ سـەرک؛ لکی بنەرزی؛ بنی هەڵتۆقاوی ڕیشە و لاسکی ژێر زەوییدا.

**غـده‌ی عـرق:** لـوو/ دژێـنی ئـارەق؛ ڕژێـنی بن‌پێستی گواندارانە کە ئارەق دەردەدا.

**غـده‌ی فـوق کلیـه:** لـوو/ دژێـنی سەرولـک؛ جووتێـک لـووی نـاوڕێژ کـە لـە بڕبڕەدارانـدا دەکەوێتە سەر هەردووک گورچیلەوە.

**غدیر** / qdîr/ [عربی] ☜ عید غدیر، **عید**

**غـذا** / qazā ، ـها؛ اغذیـه/: [عربـی]/سـم. خـۆراک؛ خـوەراک؛ خـواردن؛ خـواردنی؛ وارده؛ بژیـو: ۱. غەزا؛ خواردەمـەنی؛ وارده‌مـەنی؛ هـەرچیک بخـورێ ‹غـذای خرگـوش هـویج اسـت: خـۆراکی کەرووشک گیژەرە› ۲. چێشت؛ چشت؛ چاشـتی؛ گـرار؛ گیرمـی؛ گێرمـی؛ گـرارا؛ ئـەوەی وەک خـواردنێکی سـەرەکی (تاشـت، فـراوێن و شـێو) دەخـورێ و زیـاتر تێکەڵـێک لـە چەنـد خواردەمەنیە ‹تا یک ماه غذای ما شده بود نان و دوغ: تا مانگێک خواردنمان هەر نان و دۆ بوو›.

▣ **غذای روح:** *[مجازی]* ئارامی گیـان؛ سـوکنایی دڵ؛ خۆراکی گیان؛ هۆی خۆشی و دڵنیایی.

▣ **غـذا کشـیدن:** چێشـت/ غـەزا تـێ‌کـردن؛ چاشتەرە کەردەی؛ چێشت داکردن بۆ دانـان لە سەر سفرە.

**غذائی** / qazā'î/: [عربی] ☜ **غذایی**

**غذائیت** / qazā'îyyat/: [از عربـی]/سـم. بژیـەنی؛ دۆخ و چۆنیـەتی خـۆراک، لـە بـاری بایـەخی خۆراکیەوە ‹غذائیت گوشت خیلی زیاد است: گۆشـت بژیەنێکی باشە›.

**غذاخوری**[1] / qazāxorî ، ـها/: [عربی/ فارسی]/سم. چێشـتخانە؛ خواردنگـە؛ شـوێنی تایبـەت بـۆ خـواردن و خواردنـەوە بـە پـارە (وەک کافـە، قاوەخانە، ڕەستوران و ...).

**غذاخوری**[2]: *صفت.* چێشـتخۆری؛ غـەزاخـۆری؛ چاشتواردەی؛ پێوەندیـدار یـان سـەر بـە نـان خواردن ‹میز غذاخوری: میزی چیشتخۆری›.

**غـذایی** / qazāyî/: [عربـی] *صـفت.* خـۆراکی؛ پێخۆری؛ چێشتی؛ وەرکوت؛ سـەر بـە خـۆراک ‹مواد غذایی؛ کمک غذایی: ماکی خـوراکی؛ یارمـەتی خوراکی›: **غذائی**

**غر** / qor/: *[اسم/ گفتاری]* ۱. /ـها/ بۆلـە؛ بۆلـەبۆل؛ پرتە؛ پرتەپرت؛ خوتە؛ خوتـەخوت؛ قـۆڕ؛ قوتـە؛ خوتەوبۆلە؛ گازە؛ لندە؛ پرتەوبۆلە؛ قسەیەک بـە نیشانەی وەڕەزی یان دڵئێشاوی‌کە لەبەر خۆوە دەگوترێ و کەسی تێناگا: **غر-غر** ۲. ☜ **قُر**

▣ **غر زدن:** بۆلاندن؛ بۆلەبۆل کـردن؛ پرتەوبۆلـە کـردن؛ بۆلـنەی؛ بۆلـنای؛ قۆڕەقـۆڕکردن؛ وەڕەزی یان دڵئێشاوی خۆ دەربـڕین ‹مرتب غـر مـی‌زد کـه چـرا کـار را راه نمـی‌اندازیـد: هـەر دەیبۆلاند کە بۆکارەکە ڕێناخەن›: **غر-غرکردن**

**غـرا** / qarrā/: [عربـی] *صـفت.* *[ادبـی]* بەقـەوەت؛ بەبڕشت؛ سەرنجڕاکێش؛ شـاراندی (تـەنیا لەمـەڕ وتاربێژی و قسە کردنەوە بە کـار دەڕوا) ‹نطـق غـرا: وتاری بەبڕشت›.

**غرائب** / qarā'eb/: [عربی] ☜ **غرایب**

**غرائز** / qarā'ez/: [عربی] ☜ **غرایز**

**غراب** / qorāb/: [عربی]/سم. ۱. /ـها/ ☜ **کـلاغ سـیاه** ۲. *[نجـوم]* وێنەیـەکی گـەردوونی و کەمتیشک لە ئاسمانی باشووری کـە بـریتی لـە چوار ئەستێرەیە.

**غرابـت** / qarābat ، ـها/: [عربـی]/سـم. *[ادبـی]* ۱. سـەیری؛ سەرسـووڕماوی ۲. *[نامتـداول]* بێگانەیی؛ نامۆیی؛ غەوارەیی.

**غراره** / qarāre ، ـها/: [معرب ازکردی]/سم. *[قدیمی]* خەرار؛ خرار؛ خەشە؛ جەوالی لە موو.

**غرامات** / qarāmāt/: [عربی] جمعِ ☜ **غرامت**

**غرامت** / qarāmat ، ـها؛ غرامات/: [عربی]/سم. تاوان؛ تاوانە؛ سەوس؛ خورۆمە؛ پووڵێ کە لە جیاتی خەسار دەدرێ یان وەردەگیردرێ.

**غرامت‌نامه** / qarāmatnāme/: [عربی/ فارسی] ☜ **تاوان‌نامه**

**غران**[1] / qorrān/: صفت. بەگوڕە؛ بە نەڕە؛ بەگرمە؛ بەگرمە و هۆڕ؛ بە خوو یان لێهاتوویی نەڕاندن ‹شیر غڕان: شێری بەگوڕە›.

**غران**[2]: *قید.* بەگرمە؛ بەگوڕە؛ بەگوڕەگوڕ؛ بەگرمەگرم؛ بە نەڕەنەڕ ‹سیل غڕان و خروشان پیش می‌تافت: لافاو بەگرمە و هۆڕەوە و لنگی دەدا›.

**غرایب** / qarāyeb/: [عربی] جمعِ ☜ **غریب؛ غرائب**

**غرایز** / qarāyez/: [عربی] جمعِ ☜ **غریزه؛ غرائز**

**غرب** / qarb/: [عربی]/سم. ڕۆژاوا؛ ڕۆژاڤا؛ ڕۆئاوا؛ هۆراوا؛ خۆراوا؛ خۆرئاوا؛ خۆرنشین؛ خوەرپەڕان: ۱. یەکێک لە چوار لای سەرەکی کە خۆر لەوێوە ئاوا دەبێ ۲. ولاتانی ڕۆژاوا: *الف) [مجازی]* ناوی گشتی ولاتانی ئوروپایی و ئەمریکایی *ب)* بەشێک لە گۆی زەوین کە دەکەوێتە لای ڕۆژاوای هێڵی نیوەڕۆی گرینویچەوە.

**غربا** / qorabā/: [عربی] جمعِ ☜ **غریبه**

**غرباً** / qarban/: [عربی] *قید.* لە ڕۆژئاواوە؛ لە ڕۆژاوادا؛ لە لای خوەرنشینەوە ‹غرباً محدود است به رودخانه: لە ڕوژئاواوە دەگاتە ڕووبار›.

**غربال** / qarbāl ، ـها/: [عربی]/سم. کارماخ؛ کەو؛ کەمە؛ کەم؛ کاکێژ؛ گلگیر؛ کەرستەی دابێژتن؛ کەرستەی کونکون بۆ جیا کردنەوەی درشت لە ورد؛ هێلەگێک بە کونی درشتەوە: **غربیل**

▣ **غربال شدن**: دابێژران؛ بێژران: ۱. وێژیان؛ شەردین؛ لە بێژنگ دران؛ لە هێلەک دران؛ دابێژان؛ وێژان؛ بێژان؛ وێچیەی؛ جوێ بوونەوەی ورد لە درشت بە بێژنگ، کەو یان... ۲. *[مجازی]* وەلانرانی نالەبار لە کۆمەڵێک ‹در عرض یک هفته افراد نامناسب غربال شدند و در کلاس فقط ۱۲ نفر ماندند: لە حەفتەیەکدا گەند و گۆتاڵ دابێژران و تەنیا ۱۲ کەس لە کەلاسدا مانەوە›.

**غربال‌بند** / qarbālband ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] /سم. ۱. بێژنگەر؛ بێژنگساز؛ کەوپێچ؛ کەسێ کە کاری دروستکردنی بێژنگە ۲. *[مجازی]* قەرەچی؛ کۆڵی؛ کاوڵی؛ کاولی * **غربیل‌بند**

**غربت** / qorbat/: [عربی]/سم. ۱. دوورەوڵات؛ دوورولات؛ غوربەت؛ جێگەی دوور لە زێدی کەسێک ۲. غەریبی؛ دوورولاتی؛ دوورەوڵاتی.

**غربتی** / qorbatî ، ـها/: [عربی] *صفت. [تعریض، گفتاری]* نامۆ؛ نەناس؛ نەشناس؛ بێگانە.

**غربزدگی** / qarbzadegî/: [عربی/ فارسی]/سم. ڕۆژاوابردەیی؛ ڕۆژاوابردوویی؛ دۆخ یان چۆنیەتی ڕۆح چوون و هەڵخەڵەتان بە ڕوالەت و زەرق و بەرقی ڕۆژاوا.

**غربزده** / qarbzade ، ـها؛ ـگان/: [عربی/ فارسی] *صفت.* ڕۆژاوابردە؛ ڕۆژاوابردوو؛ تووشی هوروژمی ڕامیاری، فەرهەنگی یان ئابووری ولاتانی ڕۆژاوا.

**غرب‌ستیزی** / qarbsetîzî/: [عربی/ فارسی]/سم. کار یان ڕەوتی دژایەتی‌کردن لەگەڵ دەسەلاتی ڕامیاری یان بایەخگەلی کۆمەلایەتی ڕۆژاوادا. هەروەها: **غرب‌ستیز**

**غرب‌گرایی** / qarbgerāyî/: [عربی/ فارسی]/سم. هۆگری و شۆنەڕایی لە شێوازی ژیان، بایەخی فەرهەنگی یان ڕوانگەی ڕامیاری ڕۆژاوا. هەروەها: **غربگرا**

**غرب‌محوری** / qarbmehvarî/: [عربی]/سم. دۆخ و چۆنیەتی هەڵسەنگاندنی هەموو بایەخ و فەرهەنگێک بە پێی سەنگ و پێوانەی ڕۆژاوا. هەروەها: **غرب‌محور**

**غربی** / qarbî/: [عربی] *صفت.* ڕۆژاوایی؛

ڕۆژئاڤایی؛ ڕۆژاواینە: ۱. ـها؛ ـان/ پێوەندیدار یان سەر بە ڕۆژئاواوە ‹موسیقای غربی: مۆسیقای ڕۆژئاوایی› ۲. لە ڕۆژئاوادا ‹کشور غربی: ولاتی ڕۆژئاوایی›.

**غربیل** / qarbîl/: [از عربی] ☜ **غربال**

**غربیل‌بند** / qarbîlband/: [از عربی/ فارسی] ☜ **غربال‌بند**

**غربیلک** / qarbîlak ، ـها/: [از عربی/ فارسی]/سم. ئالقە/ کەمەی فەرمان؛ کەرستەی پێ هەڵسوڕانی ماشێن بۆ بە ڕاست یان چەپدا چوون.

**غرس** / qars/: [عربی]/سم. /ادبی/ فەرک؛ کار یان ڕەوتی نان؛ ناشتن؛ چاندن؛ چەقاندن؛ ڕۆنایش؛ نایشڕۆ؛ چۆکانن؛ نیانی دار یان نەمام ‹به مناسبت روز درختکاری هزار نهال را در سقز غرس کردند: بە بۆنەی ڕۆژی دارنیانەوە هەزار نەمامیان لە سەقزدا نا›.

**غرش** / qorreš ، ـها/: /سم. گوڕە؛ گوڕە؛ گوڕ؛ گورمڕ؛ گورمە؛ گرمە؛ نەڕە؛ نارە؛ مڕە؛ مەڕڕ؛ تاف؛ تەندووڕە؛ خومخوم؛ گوڕە و هاڕە؛ نەعرەتە ‹غرش تندر؛ غرش شیر: گرمەی هەور؛ گوررەی شێر›.

**غرض** / qaraz ، ـها/: [عربی]/سم. ۱. نیاز؛ مەبەست؛ هەنگێزە؛ مەبەستی نهێنی ‹غرض من این است که شاید بتوانم کمکی بکنم: مەبەستم ئەوەیە بەڵکوو بتوانم یارمەتیەک بدەم› ۲. /اغراض/ /مجازی/ قین؛ ڕق؛ غەرەز؛ جونگ؛ دوژمنایەتی ‹او نسبت به من غرض دارد: ئەو قینی لە منە›.

**غرض آلود** / qarazālûd/: [عربی/ فارسی] صفت. ڕقاوی؛ قیناوی؛ وێڕای خواست و نیازی نهێنی و پتر ناڕەوا ‹کسی به این حرفهای غرض‌آلود توجه نمی‌کند: کەس گوێ بەم قسە ڕقاویانە نادا›.

**غرض‌ورزی** / qarazvarzî ، ـها/: [عربی/ فارسی] /سم. ڕقەبەرایەتی؛ قینبەرایەتی؛ ڕقەبەری؛ ڕکەبەری؛ قین و قینکاری؛ دووری لە ڕاستی و دروستی لە بەر دژمنایەتی کەسێک یان لایەنگری لە کەسێکی‌تر ‹او به غرض‌ورزی مشهور است: لە ڕقەبەرایەتیدا بە ناوبانگە›.

**غرغر** / qorqor/ ☜ **غُر**

▣ **غرغر کردن** ☜ غر زدن، **غُر**

**غرغرو** / qorqorû ، ـها/: صفت. /گفتاری/ بۆڵەکەر؛ گازەکار؛ خوتە و بۆڵەکەر؛ بۆڵەبۆڵکەر؛ فێر بووی نالێن و ناڕەزایەتی دەربڕین: **قرقرو**

**غرغره** / qerqere, qarqare/: [عربی]/سم. غەرغەرە؛ غەڕغەڕە: ۱. کاری ئاو یان تراوی دەرمان لە دەم و گەروو وەردان و شۆردنی قوڕگ و بنزار ‹شب‌ها پیش از خواب غرغره کنید: شەوان پێش خەو غەرغەرە بکەن› ۲. تراوی تایبەت بۆ شۆردنی دەم و گەروو ‹برایتان غرغره هم نوشته‌ام: غەرغەرەشم بۆ نووسیون›.

▣ **غرغره کردن**: ۱. غەرغەرەکردن؛ ئاو لە دەم و گەروو وەردان ‹شب‌ها غرغره می‌کرد: شەوانە غەرغەرەی دەکرد› ۲. /مجازی/ کاوێژکردن؛ لاژەلاژکردن؛ ڕینگانەوە؛ دووپاتکردنەوەی قسەی بێسەرەوبەرە و بێمانا.

**غرفه** / qorfe ، ـها/: [عربی]/سم. چاوە؛ هەر کام لە باجە، مێز، هۆدە، ژوور یان هۆڵەکانی پیشانگایەک کە بۆ ڕانانی کالایەکی تایبەتی تەرخان کراوە ‹غرفه‌ی کتاب‌های دانشگاه کردستان: چاوەی کتێبانی زانستگای کوردستان›.

**غرق** / qarq/: [عربی] صفت. نوقم؛ نقوم؛ نقم؛ نقووم؛ قوم؛ نخرۆ؛ نووق؛ نۆق؛ نقۆ؛ نقوو؛ نۆقا؛ قیپ؛ چۆم؛ نقور؛ نوقمەسار: ۱. ژێرئاوکەوتوو بە جۆرێ کە ئیتر دەرچوونی نەبێ ‹غرق شدن کشتی: نقوم بوونی کەشتی› ۲. /مجازی/ خڵتان؛ خەڵتان؛ خڵپان؛ خەڵپان؛ قەڵوای؛ بە تەواوی لەگەڵ شتێکدا تێکەڵ بووگ ‹لباسش غرق خون بود: گنجەکەی خڵتانی خوێن بوو› ۳. /کنایی/ یەکجار دەسەویەخە یان گیرۆدەی شتێک ‹غرق کار: نوقمی کار› ٤. /کنایی/ تووشیاری ئەوپەڕی

کارتێکەری شتێک ‹غرق لذّت: نوقمی خۆشی›.

▣ **غرق شدن:** قوم/ قووم بوون؛ نووقان؛ نقوم بوون؛ نقووم بردن؛ نقم بیەی: ۱. نوقمەسار بوون؛ ڕۆچوونە ناو تراوێک و دەرنەهاتنەوە ۲. *[کنایی]* زۆر لە بەر شتێکدا بوون ‹غرق آن افکار پریشان شدم: نوقمی ئەو بیرە ناسۆرانە بووم›.

هەروەها: **غرق کردن**

**غرقاب** / qarqāb/: [عربی/ فارسی]/سم. گێژاو؛ گێژنگە؛ گێژگێژاو؛ گێژینە؛ گۆم؛ گۆمژ؛ گێجیێ؛ تەنوورە؛ گەراف؛ گەڕاف؛ زڤرەک؛ زڤرک؛ زڤرۆک؛ ڤز؛ شوێنێک لە ئاو کە لە بەر قوولی سوور دەخوا و بۆ خوارەوە دەکشێ و شیمانەی تێدا نوقم بوون زۆرە.

**غرقدره** / qarqdarre/: [عربی/ فارسی]/سم. دۆڵێ کە بە هۆی تەپینی زەوی یان هەلکشانی ئاو، چووبێتە ژێر ئاو.

**غرقه** / qarqe/: [عربی/ فارسی] صفت. نوقم؛ نوقوم؛ نووقووم؛ نقم؛ قووم؛ نخرۆ؛ نوگوم؛ نگوم؛ نگم؛ نووقاو؛ خنکاو؛ خنکیاگ؛ نوقمەسار؛ سەرنقۆت.

**غرمبیدن** / qorombîdan/ ☜ **غرنبیدن**

**غرنبیدن** / qoronbîdan, qorombîdan/: مصدر. لازم. // **غرنبیدی:** گرماندت؛ **می غرنبی:** دەگرمێنی؛ **بغرنب:** بگرمێنە// گرماندن؛ گرمان؛ گورماندن؛ گرمین؛ گورین؛ گرمنەی؛ گرمنای؛ هرمین؛ هورمین؛ شقین؛ هارەکەردەی؛ خورین؛ خورمین؛ شرێخنەی؛ شرێخنای؛ گرمووهۆرکردن؛ لرمەکردن؛ گرمە کردن؛ شریخاندن؛ وەک هەورەگرمە یان بووم دەنگ لێهەلسان: **گرنبیدن؛ گرمبیدن؛ غرمبیدن**

**غروب**[1] / qurûb, qorûb/: [عربی]/سم. ۱. لا/ خۆرنشین؛ ڕۆژئاوا؛ ڕۆژاوا؛ ڕۆژافا؛ هۆراوا؛ زەردەپەڕ؛ زەردەلێپەڕ؛ ڕۆژپەڕ؛ وێرە؛ وێرەگا؛ وێرگە؛ خۆراوا؛ خوەراوا؛ خروو؛ ئەنگۆرێ؛ ئەنگۆرە؛ تەنگی نوێژی شێوان؛ کۆتایی ڕۆژ، لە نیشتنی هەتاو تا تاریک بوونی هەوا ‹غروب دلربای دریا: خورنشینی دلڕفێنی زەریا› ۲. ڕەوتی ئاوا بوون؛ گوم بوونی تەنگەلی ئاسمانی لە ئاسماندا ‹غروب ماه: ئاوابوونی مانگ› ۳. *[کنایی]* دوایی؛ ئاخر و ئۆخر؛ دۆخ یان چۆنیەتی بڕانەوە و تەواو بوونی ڕەوتێک ‹غروب زندگی: دوایی ژیان›.

▣ **غروب شدن:** خۆر ئاوا بوون؛ ڕۆژاوا بوون؛ خۆرنیشتن؛ خوەراوا بوون؛ ئێوارە بوون؛ وێرەگا بیەی ‹عجله کن غروب شد: خێرا کە خۆر ئاوا بوو›.

**غروب کردن:** ئاوا بوون؛ ئاڤا بوون؛ وەر پڕەی؛ نیشتن؛ نیشتەی؛ داووسیان؛ پێوار بوونی تەنی ئاسمانی لە ئاسۆی ئاسماندا.

**غروب**[2]: *قید.* ئێوارە؛ هێوارە؛ هێڤار؛ ئێڤار؛ خۆراوا؛ زەردەپەڕ؛ هۆراوا؛ خۆرنشین؛ ڕۆژپەڕ؛ وێرەگا؛ خوەراوا؛ ئەنگۆرێ؛ ئەنگۆرە؛ هەنگۆر؛ هەنگۆرە؛ هەنگڤار؛ لە کاتی ڕۆژ ئاوا بووندا ‹غروب بیا پولت را بگیرا: ئێوارە وەرە پارەکەت وەرگرە!›.

**غرور** / qurûr, qorûr/: [عربی]/سم. ۱. هەستی سەربەرزی، هەڤیازی یان خۆشحالی کە بە بۆنەی دەستکەوتنی شتێک بەدی دێت ۲. سەرفەرازی؛ سەربەرزی؛ هورم و بایەخێک کە شیاوە هەر کەسێک بۆ خۆی دابینێ ۳. *[مجازی]* خۆبینی؛ خۆبەزلزانی؛ خۆپەسەندی؛ قۆرەدەماخی؛ گەڤەزەیی؛ دەمار؛ گەوەزەیی؛ فیس؛ فیز؛ قوبز؛ بایی؛ هەوا؛ کیمخا؛ بستەهی؛ قاپانی؛ لووتبڵندی؛ لووتبەرزی؛ مەنەر؛ ئاخایۆکی؛ کەپ ‹غرور برش داشته بود و دیگر خدای خودش را هم بنده نبود: خۆبینی کەوتبووە سەری و تازە خودای خۆشی بە حەق نەدەناسی›.

▣ **غرور ملی:** سەرفەرازی نەتەوەیی؛ هەستی ڕێز و سەربەرزی بە بۆنەی لێهاتوویی و بایەخی گەلی خۆوە.

**غرورآفرین** / qurûrāfarîn, qorûr- ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] صفت. سەربەرزیهێن؛ سەرفرازیدەر؛ بەدیهێنەری هەستی

بەرزەدەماخی و شانازی.

**غرورآمیز** / -qurûrāmîz, qorûr/: [عربی/ فارسی] *صفت.* سەرفەرازانە؛ سەربەرزانە؛ سەربڵندانە؛ وێڕای هەستی سەربەرزی و بەرزەدەماخی ‹رفتار غرورآمیز: ئاکاری سەرفەرازانە›.

**غرورانگیز** / -qurûrangîz, qorûr/: [عربی/ فارسی] *صفت.* سەربەرزکەر؛ بە دۆخ یان چۆنیەتیەک کە هۆی بزواندنی بەرزەدەماخی بێ ‹پیروزی غرورانگیز: سەرکەوتنی سەربەرزکەر›.

**غرولند** / qor-o-lond، ـها/: *اسم. [گفتاری]* بۆڵەبۆڵ؛ پرتەوبۆڵە؛ کوفەنی؛ بڕمە؛ بڵمە؛ ورتە؛ پرتە؛ ختە؛ خوتەوبۆڵە؛ پرتەپرت؛ لووتوپووت؛ لووتەلووت؛ مق‌ـمق؛ ڕینگە؛ ڕینگەڕنگ؛ فرتە؛ پتەپت؛ ڕیوەڕیو؛ پت؛ پتـــپت؛ وتـــوت؛ ختەخت؛ پرتەپرت؛ نق؛ بۆمە؛ بڵمەبڵم؛ برمەبرم؛ خوتەخوت؛ ختخات؛ ڕینگەڕینگ؛ وردەقسەی بە تووڕەیی یان دڵمەندی لە بن لێوەوە.

▣ **غرولند کردن:** بۆڵاندن؛ بۆڵانن؛ بڵماندن؛ فڵتاندن؛ فرتاندن؛ بۆڵنەی؛ بۆڵنای؛ کورکان؛ کورکاندن؛ کورکانن؛ پرتە و بۆڵە کردن؛ ورتەورت کردن؛ کورکیان؛ گمایش؛ پرتاندن؛ ملنایەنە؛ چووقین؛ مڕژاندن (بۆ سەگ)؛ مڕاندن (بۆ سەگ). هەروەها: **غرولند شنیدن**

**غره** / qarre/: [عربی] *صفت.* پشتئەستوور؛ پشتگەرم؛ لە خۆ بایی؛ غەڕە؛ بایی‌هوا ‹او به برادرش غره بود و فکر می‌کرد می‌تواند هر کاری بکند: بە براکەی پشتئەستوور بوو، وای دەزانی دەتوانێ هەموو کارێک بکا›.

**غره** / qorre/: [عربی]/*اسم.* ۱. مانگی نوێ؛ مانگی تازە ۲. سەرەتای مانگی هەیڤی ‹غُرّەی ماه شعبان: سەرەتای مانگی شابان›.

**غریب** / qarîb/: [عربی] *صفت.* ۱. /غرایب/ سەیر؛ سەمەرە؛ سەمەر؛ سەرسووڕێن؛ سەرسووڕێنەر؛ سەرسامکەر؛ هەژەند؛ سۆزەرەت؛ سەرزڤڕێن ‹رفتارش غریب بود و توجه همه را جلب می‌کرد: ئاکاری سەیر بوو، سەرنجی هەمووی ڕادەکێشا› ۲. /ـان/ نەشناس؛ نەناس؛ نەژناس؛ نامۆ؛ نائاشنا؛ غەریب ‹توی آن شهر غریب و بی‌کس بود: لەو شارەدا نەشناس و بێکەس بوو›.

**غریب‌گز** / qarîbgaz ، ـها/: [عربی/ فارسی]/*اسم.* غەریب‌گەز؛ چەشنێ گەنە کە چز پێوەدانی لە کەسانی نامۆدا دەبێتە هۆی یاو و نەخۆشی.

**غریبگی** / qarîbegî/: [عربی/ فارسی]/*اسم.* نامۆیی؛ غەریبی؛ دۆخ یان چۆنیەتی نەناس بوون.

**غریب‌نوازی** / qarîbnavāzî ، ـها/: [عربی/ فارسی]/*اسم.* غەریبداری؛ کار و ڕەوتی ڕاگرتن و خزمەتکردنی نامۆیان. هەروەها: **غریب‌نواز**

**غریبه** / qarîbe ، ـها/: [عربی] *صفت.* نەناس: ۱. نامۆ؛ غەوارە؛ هاڤی ‹در آنجا غریبه بود و کسی را نمی‌شناخت: دەوێدا نامو بوو، کەسی نەدەناسی› ۲. /غربا/ بیانی؛ بیانە؛ نەناسراو؛ نەناسیاو؛ غەریبە ‹آدم غریبه را به خانه راه نده!: دەرگا لە مرۆی بیانی مەکەوە!›.

**غریبی** / qarîbî/: [عربی]/*اسم.* غەریبی؛ نەناسیاوی؛ دۆخ یان چۆنیەتی نامۆ بوون.

▣ **غریبی کردن:** غەریبی/ نامۆیی‌کردن: ۱. بە هۆی کەس‌نەناسینەوە، بێ‌تاقەت و دڵتەنگ بوون ۲. بە هۆی نەناسینی شوێن و جێگای دەور و بەرەوە، مات و کز بوون و دوورگرتن.

**غریدن**/ qorrîdan/: *مصدر لازم.* // **غریدی:** نەڕاندت؛ **می غرّی:** دەنەڕێنی؛ **بغر(غرش کن):** بنەڕێنە// نەڕاندن؛ نەڕانن؛ نەڕان؛ گرمان؛ گرماندن؛ گرمانن؛ گرمین؛ گورمین؛ گوڕاندن؛ گوڕران؛ گوڕان؛ گومین؛ مەڕژین؛ هرمژاندن؛ گوڕژان؛ هرمژین؛ گورژین؛ گورمژین (بۆشێر)؛ مڕان؛ مڕاندن؛ مڕانن؛ خوڕیان؛ گومگومین؛ نەڕەی؛ نەڕای؛ نڕڕین؛ دەنگی بۆڕ و بەرز دەرهێنان.

■ **صفت فاعلی: غرّنده** (ـ)/ **صفت مفعولی: غریده** (ـ)/ **مصدر منفی: نغرّیدن** (نەنەڕاندن)

**غریزه** / qarîze ، ـها؛ غرایز/: [عربی]/سم. خۆماک؛ غەریزە: ۱. توانایی، لێهاتووی و باری سروشتی یان میراتی لە هەر شتێکدا ۲. هۆکاری سروشتی یان ژینیتیکی بۆ کردەوە و کاردانەوەگەلی خۆبەخۆیی.

**غریزی**[1] / qarîzî/: [عربی] صفت. خۆماکی؛ غەریزی؛ پێوەندیدار یان سەر بە غەریزەوە ‹عمل غریزی: کاری خوماکی›.

**غریزی**[2]: *قید.* خۆماکی؛ غەریزی؛ بە بۆنەی غەریزەوە ‹او غریزی عمل می‌کرد: خوماکی دەجوولاوە›.

**غریق** / qarîq/: [عربی] صفت. نقوم؛ نوقوم؛ نوقمەسار؛ نوقمبوو: ۱. خنکاو؛ نووقاو ۲. *[کنایی]* یەکجار نزیک و تێکەلاوی شتێک ‹غریق رحمت: نوقمی ڕەحمەت›.

**غریو** / qarîv/:/سم. هاڕە؛ گوڕە؛ هەرا؛ گرمە؛ هاوار؛ هۆل؛ زەنا؛ نەڕە؛ قریپ؛ هەرا و هاوار؛ دەنگی بەرز و بە هەیبەت ‹غریو رودخانه: هاڕەی چەم›.

**غزا** / qazā/: [عربی]/سم. *[ادبی]* غەزا؛ شەڕ بۆ موسڵمان کردنی خەڵک.

**غزال** / qazāl ، ـها؛ ـان/: [عربی]/سم. کەژاڵ؛ خەزاڵ؛ خەزال؛ کەژەڵ؛ غەزال؛ غەزاڵ؛ مەڕاڵ؛ ئاسک؛ ئاس؛ مامز؛ کارمامز؛ مامبز؛ بانبز؛ ئاهوو؛ ئاهی؛ مەبرە؛ جەیران؛ گیانداڕێکی گواندری گیاخۆری جووت سمە، بە قەد بزنێک دەبێ، دەست و پێی بڵند و باریک و لەشی کەمتووکە.

**غزل** / qazal ، ـها؛ غزلیات/: [عربی]/سم. غەزەڵ: ۱. هەڵبەستەیەک پتر بە ۷ تا ۱۳ بەیتەوە، هەموو لە سەر یەک کێش و یەک سەروا ۲. شیعری ئەویندارانە.

▣ **غزل خداحافظی را خواندن:** *[کنایی]* مالاوایی یەکجاری‌کردن؛ ڕوو کردنە ڕەشەبا؛ بۆ هەمیشە چوون یان مردن ‹شاعر ما هم غزل خداحافظی را خواند: شاعیری ئێمەش مالاوایی یەکجاری کرد›.

**غزلسرا** / qazalsarā ، ـها؛ ـیان/: [عربی/ فارسی] صفت. غەزەڵبێژ؛ غەزەڵهۆن ‹شاعر غزلسرا: شاعیری غەزەڵبێژ›. هەروەها: **غزلسرایی**

**غزلیات** / qazalîyyāt/: [عربی] جمعِ ☜ **غزل**

**غزنوی** / qaznavî/: [عربی] صفت. غەزنەوی؛ پێوەندیدار یان سەر بە غەزنە (غەزنەین) لە ئەفغانستان.

**غزوات** / qazavāt/: [عربی] جمعِ ☜ **غزوه**

**غزوه** / qazve ، ـها؛ غَزَوات/: [عربی]/سم. غەزوە؛ هەر یەکە لە شەڕەکانی پەیغەمبەری ئیسلام لەگەڵ دوژمناندا.

**غژب** / qojb/:/سم. بۆڵ؛ بۆڵە؛ گەبەڵ؛ گلارە؛ دەنکەترێ؛ لەپترێ؛ گلوەترێ؛ بۆڵە هەنگوور؛ تلیاتری.

**غژ ـ غژ** / qejqej/: صوت. قژقژ؛ ڤژەڤژ؛ ژەوژ؛ کرچەکرچ؛ قرچەقرچ؛ دەنگی خولانەوەی شتێک لە سەر تەوەرەی خۆی (وەک لاولا یان چەرخ و...): **قژ ـ قژ**

**غژگاو** / qajgāv/:/سم. غەژگا؛ گای زلی ناوچەی تەبەت و بەرزاییەکانی ئەو ولاتە، بە ڕەنگی قاوەیی مەیلەو ڕەش، کەویەکانی جەستەیان چکۆلەترە و باریشیان پێ دەکێشن: **یاک**

**غسال** / qassāl ، ـها؛ ـان/: [عربی] صفت. مردووشۆر؛ مردەشۆر؛ مەردەشۆر؛ کەسێک کە مردوان دەشوات.

**غسالخانه** / qassālxāne ، ـها/: [عربی/ فارسی]/سم. مردووشۆرخانە؛ مردەشۆرخانە؛ مەردەشۆرخانە؛ بینایەکی سەرگیراو لە سەر قەبران یا خۆ لە مزگەوت، مردووی تێدا دەشۆن و غوسڵی دەدەن.

**غسل** / qosl ، ـها/: [عربی]/سم. غوسڵ؛ کاری خۆ شتن بە ئاو بە ڕێوڕەسمێکی تایبەتی بۆ پاکی و نزیکی بە خوداوە.

▣ **غسل ارتماسی:** غوسڵ بە شێوەی قوم بوون لە

ئاودا.

**غسل ترتیبی:** غوسڵ بە شێوەی شۆردنی سەر و مل، پاشان نیوەی ڕاست و دواخر نیوەی چەپی لەش.

**غسل تعمید:** شۆردنی لەش بە ئاو پێدا کردن یان پرشانی ئاوی پیرۆز بە ڕێوڕەسمێکی تایبەت بۆ وەرگرتنی دین بە تایبەت دینی مەسیح.

▣ **غسل دادن:** غوسڵ کردن/ دان؛ شۆردن ‹تا او را غسل بدهند بقیه ترتیب قبرش را داده‌اند: هەتا غوسڵی بکەن، ئەوانی‌تر قەبریان بۆ کەندووە›.

**غسل کردن:** غوسڵ‌کردن؛ لەش‌پیسی دەرکردن ‹غسل کرد و آماده‌ی نماز خواندن شد: غوسڵی کرد و بۆ نوێژ ساز بوو›.

**غش** / qaš/: [عربی]/سم. ۱. کەوش؛ شۆبە؛ غەش؛ خەش؛ گوهش؛ لە هۆش چوون بە هۆی ترس، نەخۆشی یان ماندوویەتی ۲. فێ؛ فەرکەم؛ پەرکەم؛ خوو؛ خووداری؛ خوداری؛ گەشکە؛ سەرع.

▣ **غش کردن:** بوورانەوە؛ بووردنەوە؛ بوردنەوە؛ بووریەوە؛ دڵ بووراندەوە؛ دڵ بووریەوە؛ کەوشین؛ بێهۆش بوون؛ لە هۆش خۆ چوون؛ دڵچوون؛ ویەردەیوە؛ دڵ‌تەپین؛ چ وێ شیەی؛ لێویان(لە فێدا)؛ لەسەرخۆ چوونی کتوپڕی و کەم‌خایەن.

**غش** / qeš, qaš/: [عربی]/سم. خەوش؛ خەش: ۱. تێکەڵاوی؛ ئاوێتەیی؛ دۆخی تێچوون و لێزیاد بوونی شتی قەڵب و بێبایەخ لەگەڵ شتێکی گرانبایید ۲. غەوش؛ دڵۆ؛ خەوشداری.

▣ **غش داشتن:** بە خەوش بوون؛ خەوشدار بوون؛ خەشدار بوون.

**غشا** / qešā/: [عربی]/سم. کاژ؛ تۆخ؛ تویک؛ تۆژاڵ؛ تویژاڵ؛ لۆخ: ۱. /ـها/ پێستی زۆر ناسک ۲. کاژی؛ ناوپەنچک؛ پەردەیەکی ناسک کە ئەندامانی ناو سک (وەک سی، دڵ، گورچیلە) داده‌گرێ.

**غشائی** / qešā'î/: [عربی] ☜ **غشایی**

**غشایی** / qešāyî/: [عربی] صفت. کاژی؛ تۆخی؛ تۆژاڵی؛ تویژاڵی؛ لۆخی: ۱. پێوەندیدار یان سەر بە کاژەوە ‹بافت غشایی: شانەی کاژی› ۲. [گیاەشناسی] ناسک، ڕوون و پتر نەرم ۳. پێستئاسا؛ وەکوو پێست * **غشائی**

**غش‌غش** / qašqaš/: صوت. [گفتاری] قاقا؛ تریقەتریق؛ دەنگی بەرزی پێکەنین.

**غشگیر** / qašgîr ، ـها/: [عربی/ فارسی]/سم. کتێبگر؛ ئامێرێک بە شێوەی دوو پەڕەی پاڵ بە پاڵی یەک، لە چێو، کانزا یان پلاستیک بۆ ڕاست ڕاگرتنی ڕزنی کتێبان لە کتێبخانەدا: **فرازه؛ کتابگیر**

**غش و ریسه** / qaš-o-rîse/: [عربی/ فارسی]/سم. [گفتاری] پیران؛ ئاڵە؛ دۆخ یان چۆنیەتی ناو زک بڕان و پێچ لە خۆدانی لە پەستا لە بەر پێکەنین یان گریانی زۆر.

▣ **غش و ریسه رفتن:** پیران‌کردن/ بردنەوە؛ ناو سک بڕیان؛ تووشی پیران هاتن ‹داشتند از تماشای سر و وضع من غش و ریسه می‌رفتند: لە تەماشای سەر و سەکوتم خەریک بوون پیرانیان دەکرد›.

**غشی** / qašî ، ـها/: [عربی] صفت. [گفتاری] فێدار؛ خووداری؛ سەرعی؛ تووشیاری نەخۆشینی فێ ‹معلوم شد داماد غشی است: دەرکەوت زاواکە فیدارە›.

**غصب** / qasb/: [عربی]/سم. داگیر؛ واگیر؛ ڕاسەر؛ زەوت؛ زەبت؛ قتووت؛ چوپ؛ یارەوز؛ کار و ڕەوتی دەست گرتنە سەر شتێکدا بەبێ ڕەزای خاوەنەکەی.

▣ **غصب کردن:** داگیرکردن؛ لەهاندن؛ زەوت کردن؛ قەچماندن؛ ڕاسەرکردن؛ بە زۆر ساندن؛ ئەرەگێرتەی؛ دەست بە سەردا گرتن.

هەروەها: **غصب شدن**

**غصبا** / qasban/: [عربی]قید. بە زۆر؛ زۆری؛ زۆرەکی؛ داگیرکەرانە؛ زۆرکارانە ‹غصبا آنجا را مالک شد: بە زور بوو بە خاوەنی ئەوێ›.

**غصبی** / qasbî/: [عربی] صفت. داگیرکراو؛ قەگرتی؛ هیستۆک؛ ئەستێندراو؛ زەوتی ‹مال غصبی: مالی داگیرکراو›.

**غصه** / qosse ، ـها/: [عربی]/سم. خەم؛ غەم؛ خەفەت؛ خەمگینی؛ جخار؛ جەخار؛ جغار؛ مەینەت؛ مەینەتی؛ کەسەر؛ کول؛ کول؛ مۆژە؛ گژم؛ مق؛ کۆڤان؛ ئەندۆ؛ ئەنوو؛ ئەنۆ؛ پەژارە؛ خوسە؛ موروز؛ تانۆت؛ ئالووز؛ ئالوز؛ ئالووس؛ حەژمەت؛ کەرب؛ کوزیرک؛ پەریشانی بە هۆی لە دەسدانی شتێک یان کەوتنە ناو باریکی نالەبارەوە.

▣ **غصه خوردن**: خەفەت خواردن؛ خەم خواردن؛ تەمیان؛ خەفەت/ خەم چوونە دل ‹به خاطر پسرش خیلی غصه می‌خورد: بۆ کورەکەی زۆری خەفەت دەخوارد›.

**غصه دادن**: خەفەت/ خەمکردنە دل؛ خەفەت (پێ)دان؛ دلتەنگکردن؛ خەفەتبارکردن؛ مەینەت دان ‹خیلی پدر و مادرش را غصه داد: زۆر خەمی کردە دلی دایک و بابی›.

**غصه داشتن**: خەفەت هەبوون: ۱. خەفەتبار بوون؛ خەمبار بوون؛ خەم لە دل بار بوون ‹قدر یک کوه غصه دارم: بە قەد کێویک خەفەتبارم› ۲.خەم/ خەفەت/ پەژارە/ ئەندۆ ویستن؛ بوونە هۆی خەم و خەفەت ‹آخر این هم غصه دارد؟!: ئاخەر ئەمەیش خەمی دەوێ؟!›.

**غصه‌ی کسی شدن**: خەمبار/ خەفەتبار بوون؛ پەژارە داگرتن؛ پێ ناخۆش بوون ‹وقتی خبر ناخوشی‌اش را شنیدم خیلی غصه‌ام شد: کاتێ هەوالی ناساغیەکەیم بیست زۆر خەمبار بووم›.

**غصه‌دار** / qossedār/: [عربی/ فارسی] صفت. خەمین؛ خەمێن؛ خەفەتبار؛ خەفەتدار؛ خەمبار؛ تەمبار؛ دلتەنگ؛ پەرۆش؛ جەرگاوس ‹داستانش خیلی غصه‌دار بود: داستانەکەی زۆر خەمین بوو›.

هەروەها: **غصه‌دار بودن؛ غصه‌دار شدن؛ غصه‌دار کردن**

**غضب** / qazab ، ـها/: [عربی]/سم. تووڕەیی؛ ئاژر؛ ئەرناڤ؛ خەزر؛ بەهەج؛ بروت؛ جونگ؛ شیپۆر؛ هێرس؛ خەسم؛ خشم؛ خەید؛ قین؛ قینی؛ ڕق؛ ڕک؛ گژ؛ غەیز؛ وەرد؛ خەزر؛ ڕاگەشی.

▣ **غضب کردن**: (لێ) تووڕە بوون؛ ئالۆز بوون؛ قەلس بوون؛ خەیدین؛ غەیدین؛ خەزرین؛ غەزرین؛ ڕق هەستان؛ وە ڕقەوە چوون؛ ڕک‌گرتن ‹دیروز رییس به ما غضب کرد: دوێنێ سەرۆک لێمان تووڕە بوو›.

**غضب‌آلود** / qazabālûd/: [عربی/ فارسی] صفت. ڕقاوی؛ قەلسانە؛ بە ڕقەوە؛ بە ڕکەوە؛ بە قینەوە؛ بە تووڕەییەوە؛ بە تیکوڕگ؛ خەزریو؛ بەهەجۆک؛ ڕک‌هەستاو؛ ڕک‌ئەستوور؛ قرمپڕ ‹صدای غضب‌آلود: دەنگی ڕقاوی›.

**غضبناک** / qazabnāk/: [عربی/ فارسی] صفت. تووڕە؛ ئاژری؛ گرگین؛ سل؛ مۆڕ؛ ڕقاوی؛ ڕقن؛ ڕقدار؛ ڕکن؛ ڕکۆ؛ ڕکدار؛ قینندار؛ قەلس؛ بەهەجۆک؛ ڕقهەستاو؛ بەڕک؛ قەرس؛ جارز؛ قالس؛ ڕک‌هەستای ‹با لحنی غضبناک پرسید: بە زمانێکی تووڕەوە پرسی›.

**غضروف** / qozrûf ، ـها/: [عربی]/سم. کرۆژنە؛ کرۆژە؛ کرۆژنە؛ کرۆچەنە؛ کرۆچەنە؛ کرمەچۆلێ؛ کڕاکڕاکە؛ کراکە؛ کرۆژەلە؛ کڕکڕاگە؛ کرکرتۆکە؛ کڕکرۆکە؛ کرکرۆچکە؛ کرکرۆکە؛ قرتێنکە؛ قرتێنە؛ قرقرتۆک؛ قرقلتۆک؛ قرقروویچک؛ خرۆچک؛ خرێنچکە؛ خرتە؛ خرموتک؛ خرموتە؛ خرمووچک؛ خرتنەک؛ خرتێنک؛ زەنگەلۆر؛ کەرکەریک؛ کورکورۆژە؛ کڕکرە؛ کرتک؛ کرتە؛ کڕاگ؛ کرکرۆک؛ کڕوکڕوکە؛ هەستی‌کۆژ؛ چەشنێک شانەی پێوەندی نەرمتر لە ئێسک کە سەرچاوەی شانەی ئێسکە.

**غضروفی** / qozrûfî/: [عربی] صفت. کرکرۆکەیی؛

کرکراگه‌یی؛ کرکرک؛ کروژنه‌یی؛ کروچه‌نه‌یی؛ خرمووچکی؛ کرکروچکه‌یی: ۱. له جنسی کروژنه ۲. له بیچمی کروژنه.

**غفران** / qofrān/: [عربی]/سم./ادبی/ لێبواری؛ لێخۆشبوویی؛ لێبوردوویی؛ لێبورده‌یی.

**غفلت** / qeflat, qaflat، ـها/: [عربی]/سم. بێهۆشی؛ بێئاگایی؛ دۆخ یان چۆنیه‌تی خافلان؛ سه‌وخان ‹غفلت موجب پشیمانی است: ئاخری بێهۆشی په‌شیمانیه›.

▣ **غفلت کردن**: خافڵ بوون؛ ئاگا/ هۆش (لێ) بڕان؛ بێئاگایی‌کردن؛ بێ‌های‌کردن ‹اگر غفلت بکنم، از دستم می‌رود: ئه‌گه‌ر هوشم لێ ببری له کیسم ئه‌چێ›.

**غفلتاً** / qeflatan, qaflatan/: [عربی]قید. له‌پڕا؛ له‌پڕ؛ له‌پڕتا؛ ناکاو؛ ناکا؛ ناگا؛ ناگه‌هان؛ بێخه‌به‌ر؛ بێئاگا؛ کوت‌پڕ؛ کوت‌وپڕ؛ نه‌کاو؛ گز و گوم؛ گز و گومبه‌ت؛ ناخلاف ‹غفلتاً پایم لیز خورد: له‌پڕا قاچم هه‌ڵخزا›.

**غفیله** / qofeyle/: [عربی] ☜ نماز غفیله، **نماز**

**غل** / qol، ـها/: [عربی]/سم./قدیمی/ کۆت؛ سندم؛ پێوه‌ند؛ په‌یوه‌ند؛ پابه‌ند؛ پاشبه‌ن؛ خه‌لیلی؛ به‌ندێکی ئاسنین که له مل و ده‌ست و پای دیلیان ده‌کرد ‹این عکس، میرزا رضا کرمانی را با غل و زنجیر نشان می‌دهد: ئه‌م وێنه، میرزا ڕه‌زا کرمانی به کۆت و زنجیره‌وه پیشان ده‌دات›.

**غلا** / qalā/: [عربی]/سم./ادبی/ قاتی؛ قات و بڕی؛ قات و قڕی؛ نێز؛ سۆف؛ گرانی به بۆنه‌ی نه‌بوونی پێته‌وا، به‌تایبه‌ت خوارده‌مه‌نیه‌وه.

**غلات** / qallāt/: [عربی] جمعِ ☜ **غلّه**

**غلاف** / qalāf، ـها/: [عربی]/سم. قڵێف؛ قڵاف؛ کاڵان؛ کێڵان؛ کافڵان: ۱. پۆشه‌ن یان به‌رگی ئامرازی تیژ (وه‌ک شیر، خه‌نجه‌ر یان چه‌قۆ) ۲. تۆپکڵ و پۆشه‌نی له چه‌رم، په‌لاستیک یان مقه‌با بۆ کتێب، عه‌ینه‌ک و... ۳. *[گیاه‌شناسی]* تۆکڵ؛ تۆپکڵ؛ پۆشه‌نی بڕێ دانه وێڵه (وه‌ک باقله و لوبیا) ٤. *[جانورشناسی]* جێی کۆبوونه‌وه‌ی چنگ و ناخونی بڕێ له گیانه‌وه‌ران (وه‌ک پشیله و شێر) له سه‌ر په‌نجه‌یاندا.

▣ **غلاف کردن**: ۱. کاڵان‌کردن؛ قڵێف کردن ‹شمشیرت را غلاف کن!: شیره‌که‌ت کاڵان‌که!› ۲. *[کنایی]* متەق بڕان؛ ده‌مکوت بوون؛ قوڵف کردن؛ له ترسان یان له هه‌ڕه‌شه و گوڕه‌شه، بێده‌نگ بوون و پاشگه‌ز کردن ‹تا دوستانم را دید، غلاف کرد: هه‌ر هه‌والەکانمی دیت، متەقی برا›.

**غلافی** / qalāfī/: [عربی]صفت. کاڵانی؛ قڵێفی: ۱. وه‌کوو قڵێف ۲. کاڵاندار؛ به کاڵانه‌وه.

**غلام** / qolām، ـها؛ ـان/: [عربی]/سم. خولام؛ غولام؛ لێز؛ خولکه: ۱. کۆیله؛ کۆله؛ کۆیله؛ کۆڵی؛ به‌نده؛ به‌نی؛ به‌رده ۲. *[قدیمی]* نۆکه‌ر؛ هژمه؛ هه‌شمه‌ت؛ خزمه‌تکار.

▣ **غلام حلقه به گوش**: *[مجازی]* نۆکه‌ری ده‌سته‌سینه؛ ئه‌وه‌ی ڕاده‌ستی ده‌ستوور و خزمه‌تی که‌سێک بێ و له خۆیه‌وه هیچ ده‌سته‌لاتێکی نه‌بێ.

**غلام خانه‌زاد**: خانه‌زا؛ خانه‌زاد؛ خانه‌زاو؛ خانه‌زای؛ کوێله و خولامێ که ماله ئاغادا هاتۆته دنیاوه و گه‌وره بووه.

**غلامانه** / qolāmāne/: [عربی/ فارسی]/سم. شاگردانه؛ هبوودی؛ ئاوه‌ڵانه؛ چێشتانه؛ ده‌ستخۆشانه؛ ده‌سخوه‌شانه؛ پاره‌یه‌ک بۆ به‌رده‌ست یان شاگردی دووکان.

**غلام‌بچه** / qolāmbačče، ـها؛ ـگان/: [عربی/ فارسی]/سم./قدیمی/ لێز؛ به‌رده‌ست؛ وه‌رده‌س؛ کوڕیژگه یان تازه‌لاوێ که له مالێکدا خزمه‌تکاری ده‌کرد و به تایبه‌ت چاوه‌دێری له منداڵانی به ئه‌ستۆ بوو.

**غلام‌گردش** / qolāmgardeš، ـها/: [عربی/ فارسی]/سم./قدیمی/ به‌رهێوان؛ خولام‌گه‌رده‌ش؛ به‌هیوانی؛ بانێژه؛ بانجێله؛ ئه‌نوا؛ بێرایی؛

www.perawipepwle.com


هەیوانێک لە پێشەوەی ماڵ کە دەلاقەی ژوورەکانی پێ بخوا و بڕوانێتە سەر حەوش و دەر و باندا.

**غلامی** / qolāmî/: [عربی]/سم. خولامی؛ خولامەتی: ۱. کۆیلەیی؛ کۆیلەتی؛ کۆلەیی ‹یوسف را در مصر به غلامی فروختند: یووسفیان بە کویلەیی لە میسردا فرۆت› ۲. نۆکەری؛ خزمەتکاری؛ بار یان چۆنیەتی خولام بوون.

▣ **غلامی کسی را کردن**: نۆکەری کەسێک کردن؛ خولامی کەسێک کردن ‹اگر این کار درست بشود غلامی‌تان را می‌کنم: ئەگەر ئەم کارە ڕێکی بێت، نۆکەریتان دەکەم›.

**غلبکن** / qalbkan ، ـها / : [؟]/سم. [قدیمی] دەرمەجێل؛ دەرمەجێلە؛ دەروەنجەلە؛ پەنجەرەی کون-کون لە دار کە ئەودیوی لێ دیارە.

**غلبه** / qalabe/: [عربی]/سم. سەرکەوتوویی؛ زاڵی؛ زاڵیەتی؛ چیری.

▣ **غلبه داشتن**: زاڵ بوون؛ هەڤیاز بوون؛ چیر/ چێر بوون ‹رنگ قرمز غلبه داشت: ڕەنگی سوور زاڵ بوو›.

**غلبه کردن/ یافتن**: سەرکەوتن: ۱. بردنەوە ‹تیم ما غلبه کرد: تیمی ئێمە بردیەوە› ۲. زۆر گرتن/ سەندن؛ زاڵ بوون؛ چێرکردن ‹آب غلبه کرد و وارد خانه شد: ئاو زۆری گرت و هاتە نێو ماڵەوە›.

**غلت** / qalt/:/سم. تل؛ گل؛ خل؛ خەول؛ خلار؛ خلۆر؛ خولۆر؛ گندر؛ گلۆر؛ گلۆل؛ گرۆر؛ باگلۆر؛ بانگلۆر؛ خولۆپ؛ گەوز؛ گەڤز؛ بانگرۆز؛ بانگلۆز؛ بالۆر؛ ئوتۆز؛ خلێر؛ تلۆر؛ تلێر؛ گوڕیل؛ گرێل؛ گلێر؛ گەوزە؛ گل‌پل؛ لاتراسکە؛ لاترووسکە؛ لاتریسکە: **غلط**

▣ **غلت خوردن**: گەوزان؛ گەڤزان؛ خلۆر بوونەوە؛ تل بوونەوە؛ خل بوونەوە؛ گل بوونەوە؛ گلار بوونەوە؛ گلۆل بوونەوە؛ گلێر بوونەوە؛ گلۆر بوونەوە؛ تلەو بوون؛ جالە بوون؛ تلانەوە؛ تلیانەوە؛ گرێل بین؛ خلێرەو بوون؛ گوڕیل بین؛ گل خواردن؛ تلتای؛ تلەوە بیەی؛ تلاوتلێ کەردەی؛ تل/ تلێ واردەی.

**غلتان** / qaltān/: صفت. خلار؛ خل؛ خلۆر؛ خولۆر؛ دۆڵ؛ تلۆر؛ گلۆر؛ گلێر؛ گولۆر؛ بە خول؛ بە گل و خول؛ خل‌خۆر؛ گل‌خۆر؛ وتووز؛ ئوتوز؛ ئوتوس؛ تلار؛ گلارەوەبوو ‹دانەی غلتان: دەنکی خلار›: **غلطان**

**غلتاندن** / qaltāndan/: مصدر. متعدی. //**غلتاندی**: تلاندتەوە؛ **می غلتانی**: دەتلێنیەوە؛ **بغلتان**: بتلێنەوە// تلاندنەوە؛ تلاننەوە؛ تلاندن؛ تلانن؛ هەڵپلانن؛ بزاوتن؛ پلاندن؛ پلانن؛ پلانن؛ پلاننەوە؛ پلکانن؛ گلاندن؛ تل‌کردن؛ گرێل‌کرن؛ جالەکردن؛ گلارکردنەوە؛ خلۆرکردنەوە؛ وتووز کردنەوە؛ گێڕان؛ گەوزاندن؛ گەڤزاندن؛ گلماندن؛ گلگەوزاندن؛ خولۆپاندن؛ خولۆپانن؛ خەولاندن؛ گندراندن؛ قەزلاندن؛ وەرتاندن؛ غەڵتانن؛ تلنەی؛ تلنای؛ ئەوەتلنەی؛ تلنایەوە؛ ڤڕڤراندن؛ جوولاندن و ڕێخستنی شتێکی خڕ یان گرۆڤەر لە سەر ڕووپەڕێک: **غلطاندن**. هەروەها: **غلتاندنی** ■ صفت فاعلی: **غلتاننده** (تلێنەرەوە)/ صفت مفعولی: **غلتانده** (تلێنراوە)/ مصدر منفی: **نغلتاندن** (نەتلاندنەوە)

**غلتک** / qaltak ، ـها/:/سم. قەنەک؛ گرێل: ۱. کەرەسەیەک بریتی لە یەک یان چەن گرۆڤەر کە بە تلانەوە بە سەر ڕووبەرێکدا تەختی دەکا یان دەیپەستێوێ: **نورد-۱** ۲. کەرەسە یان ئامێرێکی وا بۆ جوولاندنەوەی شتێک ❋ **غلطک**

**غلتکی** / qaltakî/: صفت. قەنەکی: ۱. بە بیچمی قەنەک ۲. بە قەنەکەوە؛ قەنەکدار ❋ **غلطکی**

**غلت و واغلت** / qalt-o-vāqalt/:/سم. [گفتاری] تلاوتل؛ تلاوتلێ؛ گل‌وخول؛ گلورگل؛ خلەخل؛ گلان و خولان؛ تل بەم لا و بەو لادا: **غلط و واغلط**. هەروەها: **غلت و واغلت زدن**

**غلتیدن** / qaltîdan/: مصدر. لازم. // **غلتیدی**:

تلای؛ **می‌غلتی**: ده‌تلی؛ **بغلت**: بتله// تلان؛ تلانه‌وه؛ تلینه‌وه؛ تلیانه‌وه؛ گلاره‌وه بوون؛ خلۆر بوونه‌وه؛ خل بوونه‌وه؛ گل بوونه‌وه؛ گلار بوون؛ گلار بوونه‌وه؛ گلیر بوونه‌وه؛ گرۆز بوونه‌وه؛ خلۆپان؛ خولۆپیان؛ خولۆپیانه‌وه؛ گه‌وزین؛ گه‌ڤزین؛ خه‌ولان؛ گندرایش؛ گلان؛ گلیان؛ پلکیان؛ پلکان؛ پلان؛ وه‌گیریایش؛ وره‌تان؛ جالە بوون؛ گه‌فزان؛ گه‌ڤزدان؛ گه‌وزان؛ گه‌ڤلین؛ گه‌رسین؛ گلمانه‌وه؛ گل‌پل خواردن؛ گلگه‌وزاین؛ گیزین؛ په‌رخین؛ غه‌لتیان؛ تلیه‌ی؛ تلیای؛ ئه‌وه‌تلیه‌ی؛ تلیایوه؛ تلتای؛ گلانه‌وه؛ خلیانه‌وه: ۱. سووڕ خواردنه‌وه‌ی شتێکی خڕ یان گرۆڤه‌ر له سه‌ر ڕووبه‌ڕێک ۲. جووڵان به‌و شێوه‌یه * **غلطیدن**.

هەروەها: **غلتیدنی**

■ صفت فاعلی: **غلتنده** (ـ)/صفت مفعولی: **غلتیده** (تلاو)/ مصدر منفی: **نغلتیدن** (نه‌تلان)

**غلج** / qalc/: /اسم. *[قدیمی]* گرێشک؛ گرفنج؛ گرفنج؛ گریچک؛ گرێ‌کوتک؛ گرێ‌کۆره؛ گرێ‌پووچکه؛ لکه‌کۆرێ.

**غلط**[1] / qalat ، ـها/: [عربی]/اسم. هەڵە؛ پەڵە؛ فاست؛ سەهو؛ غەڵەت: ۱. کار یان ئاکاری ناته‌با له‌گه‌ڵ قانوون، شێواز یان پێوانه‌ی جێ‌بڕوای گشتیدا ‹فکر من غلط بود: بیرم هەڵە بوو› ۲. /اغلاط/ به‌رهەمی کاری وا ‹دیکته‌اش غلط داشت: ئیملاکه‌ی هەڵەی هەبوو›.

▣ **غلط کردن**: بێجا کردن؛ گوو خواردن؛ غەڵەت/ قەڵەت‌کردن (چەشنێ جنێو) ‹غلط می‌کند پشت سر تو حرف می‌زنند: بێجا ئەکا لە پشتەسەرتەوە قسە بکا›.

**غلط**[2]: صفت. هەڵە؛ غەڵەت و پەڵەت؛ ناته‌با له‌گه‌ڵ قانوون و شێوازی جێ‌بڕوای گشتیدا ‹کار غلط؛ فکر غلط: کاری هەڵە؛ بیری هەڵە›.

**غلط** / qalt/ ☜ **غلت**

**غلطان** / qaltān/ ☜ **غلتان**

**غلط‌انداز** / qalatandāz/: [عربی/ فارسی] صفت. دوورکوژ؛ چاوخڵەتێن؛ به ڕواڵەتێکی ڕازاوه و جوان به‌ڵام درۆیی ‹قیافه‌اش خیلی غلط‌انداز بود: سەر و سه‌کوتی زۆر دوورکوژ بوو›.

**غلطاندن** / qaltāndan/ ☜ **غلتاندن**

**غلط‌غلوط** / qalatqulût, -qolût/: [عربی/ از عربی] صفت. *[گفتاری]* هەڵەوپەڵە؛ به هەڵەی زۆره‌وه ‹یک صفحه غلط‌غلوط آورده که چاپش کنم!: لاپەڕەیەکی هەڵەوپەڵەی هێناوه له چاپی بدەم!›.

**غلطک** / qaltak/ ☜ **غلتک**

**غلطکی** / qaltakî/ ☜ **غلتکی**

**غلط‌گیری** / qalatgîrî/: [عربی/ فارسی]/اسم. هەڵەگری؛ هەڵەگیری: ۱. کار و ڕەوتی ده‌سنیشان‌کردنی هەڵەی نووسراوه‌یەک و ڕاست‌کردنه‌وه‌یان ‹غلط‌گیری مقاله‌ات را شروع کرده‌ام: هەڵەگری نووسراوه‌که‌تم ده‌ست‌پێکرده‌وه› ۲. کاری ڕاست‌کردنه‌وه‌ی هەڵەگه‌لی نووسراوه‌یه‌کی پیت‌چنراو یان تایپ‌کراو ‹این چند صفحه را هم غلط‌گیری بکن، بفرست چاپخانه: ئەم چەن لاپەڕەش هەڵەگری که، بینێره بۆ چاپخانه›.

**غلطنامه** / qalatnāme ، ـها/: [عربی/ فارسی]/اسم. هەڵەنامه؛ غەڵەت‌نامه؛ نووسراوه‌یێ که به ڕیز هەڵەکانی کتێب یان به‌رهەمێکی تێدا ڕاست کراوه‌ته‌وه.

**غلط‌وواغلط** / qalt-o-vāqalt/ ☜ **غلت‌وواغلت**

**غلطیدن** / qaltîdan/ ☜ **غلتیدن**

**غلظت** / qelzat/: [عربی]/اسم. تیری؛ خەستی؛ خەسی؛ هەسی؛ چڕی؛ نایه؛ پەیتی: ۱. دۆخ یان چۆنیەتی خەست و تیر بوون ۲. ڕێژه‌ی بارستایی شتی تووا‌وه به ماکی توێنه‌ره‌وه (وەک خوێ و ئاو).

**غلظت‌سنج** / qelzatsanc ، ـها/: [عربی/ فارسی] /اسم. خەستی‌پێو؛ ئامرازی پێوانی خەستی و تایبەتمەندیه‌کانی دیکه‌ی تراو.

**غلظت یابی** / qelzatyābî/: [عربی/ فارسی] ☜ **عیارسنجی-۲**

**غلغلک** / qelqelak/ ☜ **قلقلک**

**غلغلکی** / qelqelakî/ ☜ **قلقلکی**

**غل ـ غل** / qolqol/ ☜ **قل ـ قل**

**غلغله** / qolqole/:/سم. ۱. چرپەبەندان؛ گۆرمۆرە؛ گورمۆرە؛ گوردەم؛ غولغولە؛ قەرەبالغ؛ دەنگ و هەرای زۆر و بێسەرەوبەرە ‹خیابانها غلغلەای بود، که نگو!: شەقامەکان چرپەبەندانێک بوو، مەپرسە!› ۲. زلە؛ زەلە؛ زلهە؛ هەرا ـ هەرا؛ زەنا ـ زەنا؛ هەرا و هوریا؛ دەنگەدەنگ؛ دەنگ و هەرایەک کە زۆرتر لەگەڵ پێکەنین، ئاواز یان وتووێژی دۆستانەدا هاورێیە ‹توی سالن غلغله بود و صدا تا سر کوچه می‌رفت: لە نێو سالۆندا زلەیەک بوو دەنگ تا سەر کۆلانەکە دەچوو›. هەروەها: **غلغله بودن؛ غلغله شدن؛ غلغله کردن**

**غلفتی**[1] / qelefti/: [عربی] صفت. کالانی؛ تۆپکڵئاسا ۲. ڕەشۆکی؛ قەڵبینە؛ زڕ؛ زرە * **قلفتی**

**غلفتی**[2]:/گفتاری/ قید. بە تەواوی؛ بێ کەم و کووڕی ‹پوستش را غلفتی کند: پێستەکەی بە تەواوی داکەند›.

▣ **غلفتی حرف زدن:**/مجازی/ هەڵبەستن؛ درۆ کردن؛ درۆگوتن؛ درۆ وتن.

**غلفتی زدن:**/مجازی/ ساختەکردن؛ گزدان؛ گزی‌کردن؛ لابادن؛ فریودان.

**غلفتی کردن:**/مجازی/ تەتەپەخێ‌کردن؛ سەرشکێن‌کردن؛ هەروا و بە درۆ سەر و بنی کارێک هێنانە یەک.

**غلفتی کندن:** گرووون؛ گوروون؛ گورانن؛ گروان؛ کەوڵ‌کردن/ کەندن؛ ساخ، بە تەواوی و یەکپارچە هەڵکەندن و پێست لێ‌کردنەوە.

**غلو** / qolov ، ـها/: [عربی]/سم. زێدەڕۆیی؛ لە ناساندنی شت یان گوزارشی ڕووداوێک، بەتایبەت لە پەسنیدا لە ڕادە دەرکردن.

▣ **غلو کردن:** زێدەڕۆیی‌کردن؛ لە تام دەرکردن ‹در مورد هواداران آن شخص غلو کرده بود: لەمەڕ هۆگرانی ئەو کەسەوە زێدەڕۆیی کردبوو›.

هەروەها: **غلو شدن**

**غل و غش** / qal-o-qaš, -qeš/: [عربی]/سم. شێلەوبێلە؛ شێل و بێلە؛ گزە؛ گزی و فزی؛ درۆ و دەلەسە؛ فاک و فیک؛ فەن و فێل ‹غل و غش در کار ما نیست: لەکاری ئێمەدا شیلەوبیلەیەک نیە›.

**غله** / qalle ، ـها؛ غلات/: [عربی]/سم. دەغل؛ دەخڵ؛ دەغل؛ دان؛ خەلە؛ غەلە؛ خەلیە؛ هەب؛ داناش؛ دانەوێر؛ دانهێرک؛ دخلەدان؛ ناوی گشتی بۆ دەنک و دانی گیاگەلی تیرەی گەنم (وەک گەنم، جۆ، برنج، هەرزن و گەنمەشامی).

**غلیان** / qalayān/: [عربی]/سم. /ادبی/ کوڵ؛ کوڵە؛ کەف و کوڵ؛ قرژ؛ قرژەقرژ؛ کوڵەکوڵ؛ قوڵپە؛ قوڵپەـ قوڵپ؛ قوڵتە؛ قوڵتەقوڵت ‹غلیان آب؛ غلیان احساسات: کوڵی ئاو؛ کوڵەی هەست›.

▣ **غلیان کردن:**/مجازی/ هاتنە کوڵ؛ وەکوڵ هاتن؛ هەڵقوڵان؛ جۆشیان؛ جۆشان؛ کوڵان؛ کوڵیان؛ کەلان؛ کەلین؛ ئامایوە قوڵێ ‹باز احساساتش غلیان کرد: دیسان هەستی هاتە کوڵ›.

**غلیان** / qalyān/: [؟] ☜ **قلیان**

**غلیظ** / qalîz/: [عربی] صفت. خەست و خۆڵ؛ هەس و هۆڵ؛ کەسکون؛ کسکون: ۱. خەست؛ خەس؛ هەس؛ خەستاو؛ تیر؛ گران؛ کولکن؛ کەڕ ‹دوغ غلیظ: دۆی خەست› ۲. /مجازی/ تونند و پێداگر ‹فحش غلیظ: دژوێنی کەسکوون›.

**غلیواج** / qalîvāc/ ☜ **زَغَن**

**غلیواژ** / qalîvāj/ ☜ **زَغَن**

**غم** / qam ، ـها/: [عربی]/سم. خەم؛ غەم؛ خەفەت؛ کەسەر؛ مەینەت؛ قار؛ مەراق؛ هەزن؛ داخ؛ جخار؛ جەخار؛ جغار؛ هەژمەت؛ سوو؛ ئالوز؛ ئالووس؛ ئەنوو؛ داغ؛ پەژارە؛ وەژارە؛ پەرۆشی؛ کەدەر؛ شاییش؛ ڕاخ؛ کول؛ کوڵ؛ موروز؛ دڵتەنگی.

▣ **غم خوردن:** خەم خواردن؛ خەفەت خواردن ‹غم نخور، درست می‌شود: خەم مەخۆ، چا دەبێ›.

**غم کسی را خوردن:** خەمی کەسێک خواردن؛

خەفەت بۆ کەسێک خواردن؛ بۆ کەسێک بە پەژارە بوون: ۱. بە بۆنەی کەسێکەوە خەمین بوون ۲. لە بیری کەم کردنەوەی باری ڕەنج و ئازاری کەسێکدا بوون ‹غم کسی را بخور کە غم تو را بخورد: خەمی کەسیک بخۆ بۆت بە خەفەت بێ›.

**غم‌آلود** / qamālûd/: [عربی/ فارسی] *صفت.* خەماوی؛ جخاراوی؛ هاوڕێ لەگەل خەم و کەسەردا ‹داستان غم‌آلود: چیرۆکی خەمبارانە›.

**غماز** / qammāz ، ـها؛ ـان/: [عربی] *صفت. [ادبی]* دووزمان؛ دووزوان؛ شۆفار؛ شووڤار؛ تێچن؛ چول؛ چولەئاشوو؛ قسەهەلچن؛ قسەهێن؛ قسەبەر؛ پێکولچێن؛ خەفیە؛ زوان‌گیر.

**غم‌افزا** / qamafzā/: [عربی/ فارسی] *صفت.* دلگیر؛ خەمێن؛ خەمهێنەر؛ تەمهێنەر ‹محیط غم‌افزا: شوێنی دلگیر›.

**غم‌انگیز** / qamangîz/: [عربی/ فارسی] *صفت.* خەمبزوێن؛ خەمهەوێن؛ هۆی خەم و کەسەر ‹آهنگ غم‌انگیز: بەستەی خەمبزوین›.

**غمباد** / qambād/: [عربی/ فارسی]/*اسم.* خەمبا؛ خانەبا؛ خانەما؛ گواتر؛ نەخۆشینی گەورە بوونەوەی لۆی تیرۆئید.

**غمبرک** / qambarak/ ☜ **قنبرک**

**غم پرور** / qamparvar/: [عربی/ فارسی] *صفت.* خەمبار؛ خەمپەروەر؛ دایمەخەمین.

**غمخانه** / qamxāne ، ـها/: [عربی/ فارسی]/*اسم.* خەمخانە؛ خەفەتخانە؛ جێگایەک کە هۆی خەم و پەژارە بێ.

**غمخوار** / qamxār ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] *صفت.* دڵسۆز؛ خەمخۆر؛ خەمەوەر؛ خەمخوار؛ هەڤسۆڕ؛ هەڤدەنگ؛ دەردەهەر؛ جگەرسۆز: ۱. چاوسوور؛ خەمان؛ مامەخەمە؛ خاڵەخەمە؛ هاوبەش لە خەمی دیتراندا ‹دوست غمخوار: دۆستی دلسۆز› ۲. دەربەند؛ لە ئەندێشەی ئاسایش و باشتر بوونی ژیانی کەس یان کەسانی‌تردا ‹همیشه غمخوار مادرش بود: هەمیشە خەمخۆری دایکی بوو›. هەروەها: **غمخواری**

**غمخورک** / qamxorak ، ـها/: [عربی/ فارسی] */اسم. [گفتاری]* شاهۆ؛ شینەشاهۆ؛ شینەشاوە؛ شاوەشینە؛ شاوەبەلەک؛ شاوەشینکە؛ شاوە؛ شافاشین؛ شافەشین؛ شاڤ؛ شافە؛ واق؛ بۆتیمار؛ چرک؛ خەمخۆرە؛ خەمەخۆرە؛ بالداڕێکی گەورەی مل و قول درێژە، لە قەراخ ئاوان دەژی، لە تاریکانی بەیانی و ئێواران دەخوێنی و دەنگی وەکوو هەنیسکەی گریانە.

**غمدیده** / qamdîde ، ـها؛ ـگان/: [عربی/ فارسی] *صفت.* خەمین؛ خەمبار؛ بە کول؛ تووشیاری کول‌وکەسەر ‹دل غمدیده: دڵی خەمین›.

**غمز** / qamz ، ـها/: [عربی]/*اسم. [ادبی، قدیمی]* ۱. چاوداگری؛ کاری ڤەهلدان؛ قەرپاندن؛ ئاماژە بە بزواندنی چاو و برۆ ۲. دووزمانی؛ دووزوانی؛ شووڤاری؛ قسەهەلچنی؛ قسەهێنی؛ قسەبەری؛ شۆفاری.

**غمزدا** / qamzodā, qamzedā/: [عربی/ فارسی] *صفت.* خەمڕەوێن؛ خەملابەر؛ خەفەتبەر؛ لە نێوبەری خەم و پەژارە ‹موسیقی شاد و غمزدا: مووسیقای شاد و خەمڕەوین›.

**غمزده** / qamzade ، ـها؛ ـگان/: [عربی/ فارسی] *صفت.* خەمین؛ خەمگین؛ خەمبار؛ خەفەتبار؛ ماتەمین؛ جخاراوی ‹قیافه‌ی غمزده: ڕوالەتی خەمین›.

**غمزه** / qamze ، ـها/: [عربی]/*اسم.* هەنگ: ۱. خەمزە؛ چاوبڕکێ؛ چاوبڕکە؛ چاوبازی؛ چاوبڕکانێ؛ کزونیز؛ چەششەنە؛ چەشوەنە؛ بزاوی چاو و برۆ و ئەندامانی لەشی ژن، بۆ سەرنج ڕاکێشانی جینسی پیاو ۲. ناز؛ ناز و گۆز؛ شاخ و بەلەک؛ ئینجە و فینجە.

**غمکده** / qamkade ، ـها/: [عربی/ فارسی]/*اسم. [ادبی]* خەمخانە؛ خەفەتخانە؛ خەمگە؛ مالی خەم؛

جێگای خەم و خەفەت.

**غمگسار** / qamgosār / ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] *صفت.* خەمخۆر؛ خەمان؛ خەمەوەر؛ هاودەم؛ هامدەم؛ هەڤدەنگ. هەروەها: **غمگساری**

**غمگین** / qamgîn/: [عربی/ فارسی] *صفت.* خەفەتبار؛ خەمین؛ خەمگین؛ خەمبار؛ پەژار؛ ناشاد؛ مرۆز؛ مرۆچ؛ قژژۆک؛ مەجووجە؛ خدۆک؛ کولۆفان: ۱. لێوبەبار؛ سەرکز؛ زوێر؛ زویر؛ زوور؛ زووپر؛ دڵبریندار؛ زیر؛ دهۆ؛ دڵبکول؛ مات؛ مەینەتبار؛ خەمخوار؛ کۆلیل؛ دڵ بەخەم ‹مرد غمگین: پیاوی خەفەتبار› ۲. خەمناک؛ کولدار؛ ئاخدار؛ دڵ پەشێوکەر ‹داستان غمگین: چیرۆکی خەمین›.

**غمگینی** / qamgînî/: [عربی/ فارسی]/*سم.* ماتی؛ پەژاری؛ خەمباری؛ خەمینی؛ خەمیناکی؛ خەفەتباری؛ دۆخ یان چۆنیەتی خەمین بوون.

**غمناک** / qamnāk/: [عربی/ فارسی] *صفت.* مات؛ خەمناک؛ خەمین؛ خەمگین؛ بە کوڵ؛ خەمبار؛ دەستەوئەژنۆ؛ دەستەئەژنۆ؛ دەست بە ئەژنۆ ‹صدای غمگین: دەنگی مات›.

**غمنامه** / qamnāme، ـها/: [عربی/ فارسی]/*سم.* خەمنامە؛ سۆزنامە: ۱. نووسراوەیەک کە خەم و پەژارەی تێدا نووسراوە ۲. تراژێدیا.

**غمین** / qamîn/: [عربی/ فارسی] *صفت.* *[ادبی]* خەمین؛ خەمگین؛ خەمبار؛ پەژار؛ خەمناک؛ دڵ بە خەم.

**غنا** / qanā/: [عربی]/*سم.* *[ادبی]* دارایی؛ دەوڵەمەندی؛ دەوڵەمەنی.

**غنا** / qenā/: [عربی]/*سم.* *[فقه]* ۱. ئاوازی خۆش ۲. ساز و ئاواز.

**غنائم** / qanā'em/: [عربی] ☜ **غنایم**

**غنائی** / qanā'î/: [عربی] ☜ **غنایی**

**غنائم** / qanāyem/: [عربی] جمعِ ☜ **غَنیمَت**: **غنائم**

**غنایی** / qenāyî/: [عربی] *صفت.* *[ادبی]* ۱. ئەوینداریانە؛ سەر بە ئەوین ۲. ئاوازی؛ شیاو و لەبار بۆ ئاواز ‹شعر غنایی: شیعری ئاوازی› * **غنائی**

**غنج** / qanc/: *سم.* ۱. [عربی] خەمزە و ناز ۲. [عربی] پڵ؛ پێچ و تاو؛ پێچ و خول؛ قەمچ و پێچ؛ قەمچ و خول؛ با و خول؛ پێچ و با ۳. *[قدیمی]* جەوان؛ جوان؛ کورزە؛ کیسەی گەورە.

▣ **غنج زدنِ دل**: *[مجازی]* فنچق کردنی دڵ؛ دڵ بۆ شتێک دەرهاتن ‹دلم برای یک لیوان آب خنک غنج می‌زد: دڵم بۆ لیوانێک ئاوی سارد فنچقی کردبوو›.

**غنچه** / qonče، ـها/: *سم.* خونچە؛ غونچە؛ گۆچک؛ گۆپکە؛ کولووک؛ گولووک؛ گولیک؛ کلووک؛ بیرۆڤ؛ چم؛ جۆش؛ ولی؛ پژک؛ پێژەک؛ گولباف؛ فنچقە؛ سۆلینە؛ گوڵدەم؛ چوزە؛ گوڵی هێشتا نەپشکووتوو.

▣ **غنچه دادن/ کردن**: غونچەکردن؛ گول کردنەوە؛ هەڵپشکووتنی گوڵ.

**غنچه‌دهان** / qončedahān، ـها؛ ـان/: *صفت.* دەم تەنگ؛ دەم خونچە؛ خونچەدەم؛ نوقڵەدەم؛ نوقڵدەم؛ زار تەنگ؛ بە دەمێکی وەک خونچە بچووک و جوانەوە. هەروەها: **غنچه‌لب**

**غنده** / qonde/: *سم.* *[قدیمی]* ۱. جالجالووکە؛ جاوتەنە؛ داوتەنە؛ پند؛ پندەپیر؛ پیرۆشکە؛ کاکڵەموشان؛ تەبەتۆر ۲. قۆزاخە؛ کەلو؛ کەلوو؛ گاڵ؛ گۆزک؛ گودە؛ گێچەڵی؛ شرش؛ کلۆی پەموو.

**غنودن** / qonûdan, qunûdan/: *مصدر لازم* *[ادبی]* // **غنودی**: خەوتی؛ **می غنوی**: دەخەوی؛ ـــ// ۱. خەوتن؛ خەفتن؛ نووستن؛ وتەی؛ دەخەو ڕاچوون (وێڕای هێمنی و ئاسایش) ۲. سەروتن؛ سەروین؛ حەسانەوە؛ سانەوە؛ سەرەوەی؛ سیایوە؛ هێورین؛ هێوران؛ هەدرین؛ ئاسوودە بوون و سەقامگرتن ۳. *[کنایی]* خەوی یەکجاری کردن؛ مردن. هەروەها: **غنودنی**

■ صفت مفعولی: **غنـوده** (خـه‌وتوو)/ مصـدر منفـی: **نغنودن** (نه‌خه‌وتن)

**غنی** / qanî/: [عربی] *صفت.* ۱. */اغنیا//ادبی/* دارا؛ ده‌ولەمەن؛ ده‌ولەمەند ۲. ته‌ژی؛ تژی؛ پڕ؛ پەڕ.

**غنیمـت** / qanîmat ، ـها؛ غنـائم/: [عربـی]/سـم. ۱. ده‌ســکه‌وت؛ ئــه‌وه‌ی بشــێ که‌لــکی لــێ بگیردرێ ۲. تـالان؛ ئـه‌وه‌ی کـه لـه شـه‌ڕدا لـه دوژمن ده‌ست ده‌که‌وێ.

⊡ **غنیمت بودن:** بـه قـازانج بـوون؛ بـه کەلـک بوون.

**غنیمت دانستن/ شمردن:** به قـازانج زانـین؛ بـه باش زانین.

**غنیمت گرفتن:** تالانی گرتن؛ له شەڕدا شتێک له دوژمن وەرگرتن: **به غنیمت گرفتن**

**به غنیمت بردن:** به تالان بردن؛ تالان‌کردن.

**به غنیمت گرفتن** ☜ **غنیمت گرفتن**

**غنیمتـی** / qanîmatî/: [عربـی] *صـفت. [گفتـاری]* تالانی؛ به تالان‌گیراو؛ گیرکەوتوو ‹سلاح غنیمتـی: چەکی تالانی›.

**غواص** / qavvās ، ـها؛ ـان/: [عربی]/سـم. نوقمـان؛ نقورقـان؛ بناولێـده‌ر: ۱. مەلـەوانی بـن‌گـۆم ۲. ژێرئاوگەڕ؛ کەسێ که کاری مەله‌کردن له ژێر ئاوه بۆ دۆزینەوه‌ی شت ‹غواص مروارید: نوقمانـی مرواری›.

**غواصـی** / qavvāsî/: [عربی]/سم. نوقمانی؛ کـاری مەله‌کردن له ژێر ئاودا ‹برای به دست آوردن مروارید غواصی می‌کردند: بۆ دۆزینـەوه‌ی مـرواری نوقمـانیان دەکرد›. هەروەها: **غواصی کردن**

**غوچ** / qûč/: [ترکی] ☜ **قوچ**

**غور** / qowr, qo:r/: [عربی]/سم. کنه؛ منێ؛ کار و ڕەوتی ڕامان؛ تێڕامان؛ هشاندن؛ قـوول‌بوونـەوه؛ بن ده‌رهێنان؛ تێفکرین یـان لێکۆلـینەوه‌ی زۆر بەوردی. هەروەها: **غور کردن**

**غورباغه** / qûrbāqe/: [ترکی] ☜ **قورباغه**

**غوررسـی** / qowr.rasî, qo:r-/: [عربـی/ فارسـی] /سم. بـن‌کۆلـی؛ کـار و ڕەوتی بـن ده‌رهێنـان؛ هشاندن؛ کنـه‌کردن؛ منـێ‌کـرن؛ لێکۆلـینەوه و تێڕامان له قوولایی شتێک.

**غوره** / qûre ، ـها/: /سم. قۆزه؛ به‌رسیله؛ پەسیره؛ پەرسـیله؛ پەسـیله؛ به‌سـیله؛ بسـیره؛ بێسـیره؛ پێسیره؛ ژوور؛ ژێله؛ ژێلـێ؛ هالـه؛ هـال؛ هالـێ؛ هاله‌ژێله؛ سڕەمۆک؛ هارسم؛ ترێی کالی سەوز و ترش.

⊡ **غوره نشده مـویز شـدن:** *[کنـایی]* هێشـتا لـه شاگردی نه‌خه‌لسان و ده‌م له وەستایی کوتان ‹بچه‌های امروزی غوره نشده می‌خواهند مویز بشوند!: مندالی ئەوڕۆکه هێشتا لـه شـاگردی نه‌خه‌لسـاوه دەم له وەستایی ده‌کوتی!›.

**با یک غوره سردی و با یک مویز گرمی شدن:** *[کنـایی]* بـه پفێـک داگیرسـان و بـه تفێـک کوژانەوه؛ به بایه‌ک داریانەوه؛ بـه کشـەمەرێ مردن؛ به ترێ بەن بوون؛ زۆر گەزنگاز بوون.

**غوزه** / qûze ، ـها/: /سم. *[گیاه‌شناسی]* گـوزک؛ قۆزاخه؛ قولاخ؛ قۆلاخ؛ قـۆزلاخ؛ خـۆز؛ قۆزلاخـه؛ شرش؛ به‌ری وشک و پشکۆتووی بڕێ گیا (وەک پەموو).

**غوشـا(ی)** / qûša(y)/: /سـم. *[قـدیمی]* کـەمره؛ که‌پره؛ گەمڕه؛ گەڕمه؛ سڕه؛ سـڕ؛ ده‌وه‌ده‌شـتی؛ ده‌وه‌کێوێله؛ ڕیخ و شیاکه‌ی وشکه‌لاتوو.

**غوطـه** / qûte/: [عربـی]/سـم. قـوم؛ نقـم؛ نـوقم؛ نقووم؛ قولت؛ قولـته؛ چۆنیه‌تی وەژێـر ئاوکـەوتن به‌بێ نیشتن ‹در میان آب غوطه مـی‌خـورد: لـه نێـو ئاودا قوم ببوو›.

⊡ **غوطه خوردن:** قوم بوون؛ بناو بوون؛ قولـتان؛ قولـتیان؛ قولـت خـواردن؛ چوونـه ژێـر ئـاو؛ بنیه‌کێش بوون.

**غوطه زدن:** هەلاتن؛ قولتان؛ چوونه ژێر ئاو (و دیسان ده‌رهاتن).

**غوطه‌ور** / qûtevar/: [عربی/ فارسی] *صفت.* ژێراف؛ ژێراو؛ بناو؛ قورت؛ قوم؛ نوقم؛ نـه‌وق؛ نقـوو؛ نقـۆ؛

مرتک؛ به دۆخ یان چۆنیەتی قوڵت خواردنەوە ‹جسم غوطەور در یک سیال: ماکی ژیراڤی تراوێک›.

**غوغا** / qowqā, qo:qā/: [عربی]/سم. زڵە؛ هەرا؛ هەڵلا ـ هەڵلا؛ هەمهەمە؛ زەنا؛ هەرا ـ هەرا: ۱. هەرا و هوریا؛ هێل‌هێلەک؛ چەقە و گوڕە؛ هەلمەلە؛ گیرە و نیرە؛ هەقلی‌مەقۆ؛ خوخا؛ قاڵ‌قوو؛ قواقوو؛ کار و باریّ کە دەبێتە هۆی هەڵخرانی شۆر و شەوق ۲. زەنا ـ زەنا؛ زنا ـ زنا؛ گێلەشۆ؛ گێلەشۆک؛ چرەبەندان؛ زڵە؛ گورمۆرە؛ جمکوت؛ هەمهەمە و تێکەڵ ـ پێکەڵی بە هۆی زۆری جەماوەرەوە.

**غوغاسالار** / qowqāsālār, qo:qā- ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] صفت. ئاژاوەگێڕ؛ خوازیاری ئاژاوە و کێشە و هەرا.

**غوغاسالاری** / qowqāsālārî, qo:qā- ، ـها/: [عربی/ فارسی]/سم. ئاژاوەگێڕی؛ حکوومەت و دەسەلاتی کەسانی هەرچی و پەرچی.

**غوغاطلب** / qowqātalab, qo:qā- ، ـها؛ ـان/: [عربی] صفت. بشێوەخواز؛ ئاژاوەگێڕ؛ هۆگر و خووگرتووی ئاژاوله نانەوە.

**غوک** / qûk ، ـها؛ ـان/: /سم. [ادبی] بۆق؛ بەق؛ وەق؛ قرواق؛ قوڕواق؛ قورباق؛ قڕباق؛ قڕبۆق؛ قەرباقە؛ قوڕباقە؛ قرپک؛ قڕپۆک.

**غول** / qûl ، ـها؛ ـان/: [عربی]/سم. غوول: ۱. دێو؛ ئەرژەنگ؛ درنج؛ بوونەوەرێکی خەیالی ۲. [مجازی] مێردەزمە؛ مێردئەزمە؛ دێوەزمە؛ پیرهەڤۆک؛ پیرهەڤی؛ هلێن؛ بوونەوەرێکی زل و زەبەلاح و ناحەز ۳. [مجازی] ئەوەی کە زۆر زل و بەرچاوە، بەتایبەت کەسێ کە لە هاوتاکانی خۆی سەرترە.

▣ **غول بیابانی**: [مجازی] ڕموزن؛ هلێن؛ پیرهەڤۆک؛ دێوەزمە؛ مێردەزمە؛ پژرهەڤی؛ کەسی زل و ناحەز و سەر و سەکوت شێواو.

**غول بی‌شاخ و دم**: [مجازی] تەژە؛ حەپۆل؛ زەبەلاح؛ کەلان؛ مەندەبۆر؛ مەندەبوور؛ بم؛ گۆڵە؛ کەسی زلی نەپۆڕ و ناحەز ‹در باز شد و یک غول بی‌شاخ و دم وارد شد: درگا کرایەوە و تەژەیەک خۆی کرد بە ژووردا›.

**غول آسا**/ qûlāsā/: [عربی/ فارسی] صفت. دێوئاسا: ۱. وەکوو دێو ۲. گەورە؛ کەلەگەت؛ بە قەوارەی گەورەوە ‹ساختمان غول‌آسا: خانووبەرەی دێوئاسا›.

**غول پیکر** / qûlpeykar/: [عربی/ فارسی] صفت. بلەرمان؛ بالەبان؛ بە پەیکەری زۆر گەورەوە ‹ماشین غول‌پیکر: ماشینی بلەرمان›.

**غول‌پیکری** / qûlpeykarî/: [عربی/ فارسی]/سم. [پزشکی] بلەرمانی؛ بالەبانی؛ زل بوونەوەی نائاسایی لەش بە هۆی نەخۆشی هیپۆفیز و زۆر دەردانی هورمۆنی گەشەوە.

**غولسنگ** / qûlsang ، ـها/: [عربی/ فارسی]/سم. تاشەبەرد؛ تەڵسەنگ؛ بەردی زلی نەتاشراو کە زۆرتر بۆ بینای ڕێز نان یان خانووبەرە بە کار دەچێ.

**غیاب** / qiyāb/: [عربی]/سم. نەبوونی؛ دۆخ یان چۆنیەتی نەبوون. بەرانبەر: **حضور** ‹در غیاب من خبری نشد؟: لە نەبوونی منda باسێک نەبوو؟›.

**غیاباً** / qiyāban/: [عربی] قید. لە نەبوونیدا؛ لە نەبوونی کەسێکدا ‹غیاباً محاکمه شد: لە نەبوونیدا دادگایی کرا›.

**غیابی**[1] / qiyābî/: [عربی] صفت. پشتەسەر؛ پشتەمل؛ لە پشتە سەر؛ بە دۆخ یان چۆنیەتیەک کە کەسی پێویست یان خوازراو لەوێ نەبێ ‹حکم غیابی؛ دادگاه غیابی: حوکمی پشتەسەر؛ دادگای پشتەمل›.

**غیابی**[2]: قید. بە نەبوونی؛ بەبێ هەبوونی ئەو کەس یان کەسانە کە پێویستە ببن ‹فراریان غیابی محاکمه شدند: هەلاتووان به نەبوونی دادگایی کران›.

**غیب** / qeyb/: [عربی] صفت. ۱. پیوار؛ پێوار؛ بەرپێوار؛ نادیار؛ نەدیار؛ پەنام؛ نە لەبەر چاو ‹غیب شدن: پیوار بوون› ۲. غەیب؛ خەف؛ دوور لە

دەوەری ئاگایی و زانست ‹عالم غیب: جەهانی غەیب›.

▣ **غیب دانستن:** غەیب زانین؛ لە ڕازگەلی نهێنی ئاگادار بوون.

**غیب شدن:** غەیب/ نادیار/ پێوار بوون؛ لە بەر چاو نەمان؛ پەنام بیەی؛ لە بەر چاو ون بوون ‹مثل این‌که کلید من غیب شده: وادیارە کلیلەکەم غەیب بووە›.

**غیب کردن:** پێوار/ غەیب/ نادیارکردن؛ لە بەر چاو ون‌کردن ‹کبوترها را غیب کرد: کۆترەکانی پێوار کرد›.

**غیب گفتن:** غەیب‌گوتن؛ لە نادیار ئاگایی دان؛ لە ڕازگەلی نهێنی خەبەر دان.

**از غیب خبر دان:** هەوالی غەیب دان؛ لە شتی بەرپیوار و نادیار خەبەر دان‹می‌گویند از غیب خبر می‌دهد: ئێژن هەوالی غەیب ئەدات›.

**غیبت** / qeybat ، ـها/: [عربی]/سم. غەیبەت: ۱. پاشملە؛ پاشەملە؛ لەمەت؛ گالەگورت؛ خوسپ؛ خراپەبێژی ئەم و ئەو لە نەبوونیاندا ‹غیبت تو را می‌کرد: پاشەملەی تۆی دەگوت› ۲. دۆخی نەبوونی کەس یان شتێک لە جێگەی دیاریکراودا.

▣ **غیبت داشتن:** ئامادە نەبوون؛ غایب بوون ‹دیروز غیبت داشتی: دوێنێ ئامادە نەبووی›.

**غیبت کردن:** ۱. پاشملە گوتن؛ لەمەت/ خوسپ کردن؛ لە دەمەودان؛ ناو بە خراو بردن ‹غیبت مدیر را می‌کردیم: پاشملەی بەڕێوبەرمان دەگوت› ۲. ئامادە نەبوون ‹از اداره غیبت کرده بود: لە مەزرینگە ئامادە نەبوو›.

**غیبگو** / qeybgû ، ـها؛ ـیان/: [عربی/ فارسی]/سم. خەفزان؛ غەیب‌وێژ؛ زانا بە نادیاران؛ ئەوەی لە نهێنی هەوال دەدا.

**غیبگویی** / qeybgûyî ، ـها/: [عربی/ فارسی]/سم. خەفزانی؛ کاری خەبەر لە نهێنی دان ‹از مردم پول می‌گرفت و برایشان غیبگویی می‌کرد: لە خەڵکی پارەی وەردەگرت و خەفزانیانی دەکرد›.

**غیبی** / qeybî/: [عربی] صفت. غەیبی؛ لە نادیارەوە ‹امداد غیبی: یارمەتی غەیبی›.

**غیر**[1] / qeyr/: [عربی] صفت. نامۆ؛ بیانی؛ بێگانە ‹تو خودی هستی وگرنه این حرف را به غیر نمی‌شود گفت: تۆ لە خۆمانی دەنا ئەم قسە بۆ نامۆ ناکرێ›.

**غیر**[2]: قید. جگە؛ بڵ؛ بێجگە؛ بێژگە؛ خەیر؛ بێرژە؛ غەین؛ خەین؛ خێنجی ‹غیر از این چیزی ندارم: جگە لەمە هیچم نیە›.

**غیر** / qeyre/: [عربی] پیشواژە. نا ؛ بێ ؛ نە ؛ لا ‹غیرانسانی؛ غیرعاقلانه: ناکەسانە؛ بێعەقڵانە›.

**غیرت** / qeyrat/: [عربی]/سم. جامێری؛ جوامێری؛ مێرخاسی؛ کانێسە؛ کانیسە؛ غیرەت؛ کەیفەرات؛ جەربەزە؛ هەستێ کە لە کاتی پاراستن و چاوەدێڕی لەوەی هۆی دڵبەستەیی و خۆشەویستیە، دەبزوێ ‹مردم غیرت به خرج دادند و آزادیشان را به دست آوردند: خەڵک جوامێریان نیشان دا و ئازادی خۆیان خستە چنگ›.

▣ **غیرت کسی به جوش آمدن:** دەماری کەسێک جووڵان؛ غیرەتی کەسێک زیخان؛ ڕەگی غیرەتی کەسێ هەستان: **سرغیرت‌آمدن سر غیرت آمدن** ☜ **غیرت کسی به جوش آمدن**

**غیرتمند** / qeyratmand ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] صفت. مێرخاس؛ جوامێر؛ جامێر؛ سەماخ؛ بە ناموس؛ ناموس‌پارێز؛ بە غیرەت ‹جوان غیرتمند: لاوی میرخاس›.

**غیرتمندی** / qeyratmandî/: [عربی/ فارسی]/سم. مێرخاسی؛ جامێری؛ جوامێری؛ دۆخ یان چۆنیەتی ناموس‌پارێز بوون ‹مردم کوەنشین به غیرتمندی معروفند: خەڵکی کوێستان بە میرخاسی ناوبانگیان دەرکردووە›.

**غیرتی** / qeyratî ، ـها/: [عربی] صفت. [گفتاری] ناموس‌پارێز؛ ‹شوهر غیرتی: شووی ناموس‌پارێز›.

▣ **غیرتی شدن:** خوێن بەر چاو گرتن؛ چاو پەرینە تەوقی سەر؛ بە خیرەت هاتن ‹از

شنیدن این حرف غیرتی شد و چاقویش را درآورد: هەر ئەم قسەی بیست خوین بەرچاوی گرت و دەستی برد بۆ چەقۆ›.

**غیرعادی** / qeyre'ādî/: [عربی] صفت. نائاسایی؛ بێژۆک؛ لۆق؛ پێچەوانەی داب و نەریتی سەلماو ‹در این روستا این طرز رفتار شما غیرعادی است: لەم گوندەدا ئەم شێوە جوولانەوەی ئێوە نائاساییە›.

**غیرفلز** / qeyrefelez/: [عربی] ☜ **نافلز**

**غیرقابل اجرا** / qeyreqābele'ecrā/: [عربی] صفت. نەکردنی ‹برنامەی غیرقابل اجرا: بەرنامەی نەکردنی›.

**غیرقابل استماع** / qeyreqābele'estemā'/: [عربی] صفت. نەبیستنی؛ نەبیسراو: *الف)* بە بار و دۆخێکەوە کە نەبیسرێت ب) بە بار و دۆخێ کە شیاوی گوێبۆگرتن نەبێ.

**غیرقابل اعتماد** / qeyreqābele'etemād/: [عربی] صفت. باوەرپێنەکراو؛ بە دۆخێک کە جێبڕوا نەبێ.

**غیرقابل انتظار** / qeyreqābele'entezār/: [عربی] صفت. چاوەڕوان نەکراو؛ کوتوپڕی.

**غیرقابل انکار** / qeyreqābele'enkār/: [عربی] صفت. حاشاهەلنەگر؛ وا کە نەشێ خۆی لێ لادەی.

**غیرقابل قبول** / qeyreqābeleqabûl/: [عربی] صفت. وەرنەگیراو؛ نابەجێ؛ ڕێپێ نەدراو؛ ناڕەوا.

**غیرمترقبه**/qeyremotaraqqebe,-moteraqqebe/: [عربی] صفت. لەپڕ و نەکاو؛ لە ناکاو؛ کتوپڕی؛ دوور لە چاوەڕوانی ‹رویداد غیرمترقبه: ڕووداوی لەپڕ و نەکاو›: **نامترقّب؛ نامترقّبه**

**غیرمستقیم** / qeyremostaqîm/: [عربی] صفت. تیان؛ ناڕاستەوخۆ.

**غیرمنتظره** / qeyremontazere/: [عربی] صفت. چاوەڕوان نەکراو؛ دوور لە چاوەڕوانی ‹خبر غیرمنتظره: هەوالی چاوەڕوان نەکراو›.

**غیرنظامی** / qeyrenezāmî ، ـها/: [عربی]/سم. شەخسی؛ مەدەنی؛ کەسێ کە لە هیچ هێزێکی چەکداریدا نیە.

**غیره** / qeyre/: [عربی] ضمیر. ئیتر؛ هیتر؛ هیتد؛ ئیدی ‹کاسە، بشقاب و غیره: بایە، دەوری و ئیتر›.

**غیژ** / qîj(j)/: صوت. گیڤە؛ کیفە؛ گڤ؛ گیڤ؛ وژە؛ هوژە؛ دەنگی بڕینی هەوا بە هۆی تێپەڕینی شتێک (وەک تیر یان مووشەک).

**غیظ** / qeyz ، ـها/: [عربی]/سم. تووڕەیی؛ قین؛ ڕک؛ ڕق؛ قینی؛ پیش ‹از فرط غیظ رنگش کبود شده بود: لە بەر تووڕەیی زۆر ڕەش و شین هەلگەڕابوو›.

▣ **غیظ کردن**: *[گفتاری]* ڕق داگرتن؛ قین کردن؛ قین لێ‌هەلگرتن؛ ڕق خواردنەوە؛ پیش کردن؛ غەزرین؛ بە تووڕەیی و قینەوە جوولانەوە ‹خیلی به ما غیظ کرد: زۆر ڕقی لێ داگرتین›.

**غیظ آلود** / qeyzālûd/: [عربی/ فارسی] صفت. قیناوی؛ ڕقاوی؛ خەزیو؛ بەهەجۆک؛ ڕک‌هەستاو؛ ڕک‌ئەستوور؛ قرمڕپ ‹صدای غیظآلود: دەنگی قیناوی›.

**غین** / qeyn/: [عربی]/سم. غێ؛ غەین؛ ناوی عەرەبی بیست‌ودووهەمین پیتی ئەلفوبێتکەی زمانی فارسی.

**غیور** / qayûr/: [عربی] صفت. جامێر؛ جوامێر؛ بەدەمار: ۱. مێرخاس؛ مەرخوز ‹برادر غیور: برای جوامیر› ۲. دلێر؛ دلیر؛ ئازا؛ دل‌ستوور؛ بەجەرگ ‹سرباز غیور: سەربازی دلیر›.

**غیورانه**[1] / qayûrāne/: [عربی/ فارسی] صفت. جامێرانە؛ جوامێرانە؛ بە مێرخاسی ‹رفتار غیورانه: ئاکاری جوامیرانە›.

**غیورانه**[2]: قید. جوامێرانە؛ جامێرانە؛ بە ڕەوشت و شێوازی کەسێکی مێرخاس ‹آزاد غیورانه پایداری کرد: ئازاد جوامیرانە خۆی ڕاگرت›.

**غیه** / qîyye/:/سم. قیژە؛ زریکە؛ دەنگی زێق و زۆر بەرزی لە ناکاو بە بۆنەی کەسەر یان خۆشی زۆرەوە: **قیّه**. هەروەها: **غیه کشیدن**

# ف

**ف** / f/: *حرف.* ف؛ نیشانەی بیستوسێیەمین پیتی ئەلفوبێتکەی زمانی فارسی.

**ف** / fe/:/*سم.* فێ؛ ناوی بیستوسێیەمین پیتی ئەلفوبێتکەی فارسی.

**فا** / fā/:/*سم.* ۱. ناوی عەرەبی بیستوسێیەمین پیتی ئەلفوبێتکەی فارسی ۲. [فرانسوی] *[موسیقی]* فا؛ چوارەمین نۆتی مووسیقا.

**فائده** / fā'ede/: [عربی] ☜ **فایده**

**فائق** / fā'eq/: [عربی] ☜ **فایق**

**فائقه** / fā'eqe/: [عربی] ☜ **فایقه**

**فابریک** / fābrîk/: [فرانسوی]/*سم. [گفتاری]* کارخانه.

**فابریکی** / fārîkî/: [فرانسوی] *صفت. [گفتاری]* کارخانەیی؛ فابریکی: ۱. چێکراو لە کارخانەدا ۲. سەر بە کارخانه.

**فابل** / fābl/: [فرانسوی]/*سم.* ڕاز؛ نەزیرە؛ نەزیلە؛ فابڵ؛ کورتە حیکایەتی ئەخلاقی کە پتر قارەمانەکانی گژ و گیا و گیانەوەرانن.

**فاتالیست** / fātālîst/: [فرانسوی] *صفت.* فاتالیست: ۱. قەدەری؛ بڕوامەند بە چارەنووس و قەزا و قەدەر ۲. کۆنەپەرست؛ کۆنەپرێس؛ خورافاتی؛ پووچەڵپەرست.

**فاتالیسم** / fātālîsm/: [فرانسوی]/*سم.* فاتالیسم؛ بڕوا بە چارەنووسێکی ئەزەلی کە ڕووداوەکانی ژیانی هەموو گیاندارانی لە پێشدا بڕیوەتەوە.

**فاتح** / fāteh ، ـهـا؛ ـان؛ ـین/: [عربی] *صفت.* سەرکەوتوو؛ سەرکەوتە؛ سەرکەفتگ؛ چێر.

**فاتحانه**[1] / fātehāne/: [عربی/ فارسی] *صفت.* سەرکەوتوانە؛ سەرکەوتانە ‹نبرد فاتحانه: شەڕی سەرکەوتوانە›.

**فاتحانه**[2]: *قید.* سەرکەوتوانە؛ سەرکەوتانە؛ بە سەرکەوتوویی ‹فاتحانه پیشروی می‌کردند: سەرکەوتوانە دەچوونە پێشەوە›.

**فاتحه** / fātehe/: [عربی]/*سم.* ئەلحەمد؛ فاتیحە؛ یەکەمین سوورەتی قورئان کە لە پرسەدا بۆ ڕۆحی مردووی دەخوێنن.

▣ **فاتحه‌ی چیزی را خواندن:** *[کنایی]* خەیر شتێ بەشەو کردن/ بەشینەوە/ بەخشینەوە؛ فاتیحای شتێ خوێندن؛ لانی شتێ بەتاقەوە نان؛ هەواڵی ڕۆشتن و نەمانی شتێک دان ‹رفت دنبال کاسبی و فاتحه‌ی درسش را خواند: چووە شوێن کسم و کاردا و خەیری خوێندنی بەخشیەوە›.

**برای کسی/ چیزی فاتحه نخواندن:** *[کنایی]* کەسێ/ شتێ بە هیچ زانین؛ پووشی شتێ/ کەسێ فڕە دان؛ بە کەسێ/ شتێ هیچ بایەخێک نەدان.

**فاتحه‌خوانی** / fātehexānî/: [عربی/ فارسی]/*سم.*

www.perawipepwle.com


پرسه؛ پەرسە؛ فاتحەخوێنی؛ سەرەخۆشی؛ کار، ڕەوت یان ڕێوڕەسمی فاتحە خوێندن بۆ مردوو و سەرەخۆشی کردن لە خاوەن مردوو.

**فاجر** / fācer/: [عربی] *صفت. [ادبی]* ۱. بەدکار؛ بەوکار؛ بەدکردار ۲. داوێنتەڕ؛ داوێنپیس؛ سۆت؛ خراپکار؛ زیناکار؛ فلیتە.

**فاجعە** / fāce'e ، ـهـا؛ فجایع/: [عربی]/*سم.* کارەسات؛ کارەڕەهات؛ کار و ڕەهات؛ گرگاشە؛ چۆرتم؛ کەت؛ تەمەرە؛ قەترەمە؛ ڕووشە؛ فەتارەت؛ تاوێڕ؛ کۆلاو؛ کۆلاو؛ هێڵان؛ هەوتوویش؛ ڕووداوی زۆر ناخۆش و دڵتەزێن.

**فاجعەآفرینی** / fāce'e'āfarînî ، ـهـا/: [عربی/ فارسی]/*سم.* کارەسات‌سازی؛ کار یان ڕەوتی کارەسات نانەوە؛ چۆرتم خۆش کردن؛ کارەسات ساز کردن. هەروەها: **فاجعەآفرین**

**فاجعەآمیز** / fāce'e'āmîz/: [عربی/ فارسی] *صفت.* کارەساتی؛ تێکەڵ بە کارەسات؛ هاوڕێ لەگەڵ چۆرتمدا.

**فاحش** / fāheš/: [عربی] *صفت.* ۱. زەق؛ دیار؛ گەت؛ زۆپ ‹خطای فاحش: هەڵەی زەق› ۲. *[نامتداول]* دزێو؛ نەچێ؛ سک؛ ناحەز؛ نالەبار.

**فاحشگی** / fāhešegî/: [عربی/ فارسی]/*سم.* بەستۆکی؛ گاندەری: ۱. ڕووسپیەتی؛ جندەیی؛ چۆنیەتی خۆفرۆش بوون ۲. ڕووسپیگەری؛ جندەگەری؛ کار و پیشەی خۆفرۆش.

**فاحشە** / fāheše ، ـهـا؛ فواحش/: [عربی]/*سم.* بڤکێ؛ خراپە؛ ڕووسپی؛ جوننە؛ سۆزمانی؛ سووزمانی؛ حیز؛ حیزە؛ قەحبە؛ گاندە؛ گاندەر؛ گەنەوڵ؛ فەلیت؛ فەلهیتە؛ فەڵتۆیی؛ گوزلی؛ بۆل؛ پۆڵ؛ خۆفرۆش؛ ژنێ کە بۆ پووڵ خۆ دەخاتە بەر حەزی پیاوان.

**فاحشەخانە** / fāhešexāne ، ـهـا/: [عربی/ فارسی] /*سم.* جوننەخانە؛ قەحبەخانە؛ کەرخانە؛ مالێ کە ژن و پیاوی داوێنپیسی لێ جووت دەبن.

**فاختە** / fāxte ، ـهـا/: [عربی]/*سم.* فاتنگ؛ تفێرک؛ تفێلک؛ تفتیلک؛ کەفوکووک؛ کۆترەباریکە؛ ترێنە؛ ترێنکە؛ ترنیسق؛ تووبل؛ کووکوو؛ کەپوو؛ گاپێڵ؛ گاپڵ؛ کۆترەگایە؛ مەلێکی دەنگ خۆش لە تیرەی کۆتران، بچووکتر و بۆرتر لە کۆتر، بە پشتی شینی مەیلەو کەوە و دووچکی کورتەوە کە لە تڵیشی تاشە شاخ و کونەبەرد و قلێلەداراندا دەژی.

**فاخر** / fāxer/: [عربی] *صفت.* بەشکۆ؛ شکۆدار؛ هەیدەدان؛ مایەی شانازی.

**فارس** / fārs ، ـهـا/: *اسم.* فارس؛ کەسێ کە زمانی زگماگی فارسیە.

**فارسی**[1] / fārsî/: *اسم.* فارسی: ۱. لە دەستە زمانگەلی ئێرانی کە زاراوەکانی لە ئێران، تاجیکستان، ئەفغانستان و پاکستان باوە ۲. زمانێ کە ئەورۆ بەشێکی گەورە لە خەڵکی ئێران قسەی پێ دەکەن ۳. خەڵکی پارێزگای فارس.

▣ **فارسی امروز:** فارسی ئەمڕۆ/ هاوچەرخ؛ زمانێ کە فارسی زمانانی ئەم سەردەمە قسەی پێ دەکەن.

**فارسی باستان:** زمانی فارسی سەردەمی هەخامەنشیان.

**فارسی دری:** فارسی دەری: ۱. زمانی فارسی لە سەدەکانی سێ تا شەشی کۆچیدا ۲. زمانی فارسی باو لە ئەفغانستان: **دَری**

**فارسی میانە:** فارسی ناوین؛ زمانی فارسی سەردەمی ساسانی.

**فارسی**[2]: *صفت.* فارسی: ۱. سەر بە فارس ۲. شەفتوور؛ قیچەڵقاچ.

**فارسیبری** / fārsîborî/: *اسم. [نجاری]* شەفتووربڕی؛ بڕشتی شەفتوور.

**فارسیزبان** / fārsîzabān ، ـهـا؛ ـان/: *صفت.* فارسیزمان؛ فارسیزوان.

**فارغ** / fāreq/: [عربی] *صفت.* ڕزگار؛ بەدەر؛ بێ‌گرفت؛ تەنا؛ ئازاد و ڕزگار لە بار و دۆخێکی

دژوار و ناخۆش.

▣ **فارغ بودن:** خاترجەم بوون؛ ئازاد بوون؛ ئاسووده بوون؛ گیرۆدەیی نەبوون؛ بێخەم بوون؛ ڕزگار بوون؛ ڕەها بیەی.

**فارغ شدن:** ڕزگار بوون: ۱. خەلستن؛ خەلسان؛ خاترجەم بوون؛ ئاسووده بوون؛ خەفەت لە لا نەمان؛ خەم لێ ڕەوین ‹از بدهکاری فارغ شدن: له قەرزداری خەلستن› ۲. زایین؛ زارۆ هێنان؛ منال بوون؛ نجات بیەی ‹دیشب سارا فارغ شد: دوێشەو سارا زایی›.

**فارغ‌التحصیل** / fārreqottahsîl ، ـها؛ ـان/: [از عربی]/سم. دەرچوو؛ ئەوی خولێکی دەرسی دیاریکراوی تەواو کردووە ‹فارغ‌التحصیل دانشکدەی مهندسی: دەرچووی زانکۆی ئەندازیاری›.

**فارغ التحصیلی** / fārreqottahsîlî/: [از عربی]/سم. بار و دۆخ یان چۆناوچۆنی تەواو بوونی دەرس.

**فارغ بال** / fārreqbāl/: [از عربی] صفت. *[مجازی، ادبی]* خاترجەم؛ دڵنیا؛ بێخەم.

**فاماکوپه** / fārmākope ، ـها/: [فرانسوی]/سم. *[پزشکی]* فارماکوپە؛ کتێب و نووسراوەی سەبارەت بە دەوا ودەرمان.

**فارماکولژی** / fārmākolojî/: [فرانسوی]/سم. *[پزشکی]* دەواناسی؛ دەرمان‌ناسی؛ فارماکولۆژی.

**فارنهایت** / fārenhāyt/: [آلمانی] ☜ درجەی فارنهایت، **درجه**

**فاروئی** / fāro'î/ ☜ **فارویی**

**فاروس** / fārûs/: [انگلیسی]/سم. فانووسی دەریایی.

**فارویی** / fāroyî ، ـها/:/سم. فارۆیی: ۱. هەر یەکە لە خەلکی دوورگەکانی فارۆ لە دانمارک کە بە ڕەگەز ژیرمەنن ۲. زمانی خەلکی فارۆ، لە زمانگەلی ژیرمەن: **فاروئی**

**فاز** / fāz/: [فرانسوی]/سم. فاز: ۱. بار و دۆخێکی تایبەتی لە خولێکی گۆڕانکاریدا ۲. بەشێکی دیاریکراو لە ڕەوتانەیێک ۳. بەشێکی هاوجۆر لە دەزگایەکی چەن‌جۆردا ٤. قۆناخێک لە بزاوێکی بازنەییدا ٥. بەش؛ بەشێکی دیاریکراو لە زنجیرە چالاکیەکی خانووبەرەسازیدا.

**فازسنج** / fāzsanc ، ـها/: [فرانسوی/ فارسی]/سم. فازپێو؛ فازمیتر؛ جۆرێ پێچ‌کوشتی بە لامپێکی بچووکەوە بۆ دەرخستنی گەڕانی کارەبا.

**فازمتر** / fāzmetr ، ـها/: [فرانسوی]/سم. فازمیتر؛ فازپێو.

**فازنما** / fāznemā ، ـها/: [فرانسوی/ فارسی]/سم. فازپێو.

**فاژه** / fāje ، ـها/:/سم. *[قدیمی]* ☜ **خمیازه**

**فاستونی** / fāstonî ، ـها/: [روسی]/سم. فاسۆن؛ فاسۆنی؛ فاستۆنی؛ فاسۆنیا؛ فارسۆنی؛ جۆخ؛ چۆخ؛ پارچەی لە هەودای دریژ و ناسکی خوری داهێنراو بە ڕووبەرێکی لووس و بێ‌پرزەوە کە نەخشی تەیزاوەکانی لێ دیارە.

**فاسد** / fāsed/: [عربی] صفت. ۱. گەنیو؛ کتکی؛ زنخ؛ بۆگنخ؛ خەلێخە؛ خمخمۆتە؛ گەند ‹میوەی فاسد: میوەی گەنیو› ۲. *[پزشکی]* گەندەڵ؛ گەندەژ؛ گەناژۆ؛ تووشیاری نەخۆشیەکی چلکی ۳. ـها؛ ـان/ گەندەڵ؛ فاسد؛ فەتکار؛ فەتکەر؛ گەندکار؛ بە ڕەوشت و ئاکاری دزێو و دژ بە کۆمەڵ. هەروەها: **فاسد بودن؛ فاسد شدن؛ فاسد کردن**

**فاسق**[1] / fāseq ، ـها؛ ـان/: [عربی]/سم. سۆتە؛ داوشکەستی؛ فاسق؛ زیناکار؛ پیاوێ کە پێوەندی نارەوای لەگەڵ ژنی پیاوێتر دامەزراندووە.

▣ **فاسق گرفتن:** پیاوێ جگە شووە بۆ سەرجێیی خۆ ڕێدان.

**فاسق**[2]: صفت. داوێنتەڕ؛ داوێنپیس؛ فاسق؛ هۆگری چێژ و حەزی حەرام.

**فاش**[1] / fāš/: [عربی] صفت. ئاشکرا؛ لە بەرچاو؛ دیار؛ خویا؛ شتیار؛ خوانە؛ خوانی؛ هاینە؛ ڕوهند.

▣ **فاش شدن:** ئاشکرا/ هاینە/ خویا/ بەردەز

بـوون؛ دیـاری‌دان؛ ڕوو بوونـەوە؛ ڤێڤـرین؛ دەرکەوتنی نهێنی.

فـاش کـردن: ئاشـکرا کـردن؛ دەرخسـتن؛ ڤەوڕاندن؛ قچاندن؛ ڤیڤڕاندن؛ قەیچەڕاندن.

**فاش**[۲]: *قید.* ئاشکرا؛ به ئاشکرایی؛ بـه ڕوونی؛ بـه بارەبار؛ به ڕاشکاوی ‹فاش مـی‌گـویم و از گفتـەی خود دلشـادم: ئاشـکرا دەیلـێم وخۆشحالـم لـەوەی باسی دەکەم›.

**فاشـرا** / fāšerā / ـهـا/: *اسـم.* دەرمانـەمار؛ سێوامارانی؛ تریٚمارانه؛ میوەمارانه؛ ڕێخەبـەرازه؛ تەماتەمارانه؛ گوڵەپتەو؛ گیایەکی ئالـفی قیـت و هەڵچووە بـە ڕیشـەی ئەسـتووری هەمیشـەیی، گەلای زبر و گوڵی سەوزەوە: **الاملیک**

**فاشیست** / fāšîst ، ـها/: [فرانسـوی] *اسـم. [سیاست]* فاشیسـت: ۱. هـۆگر و لایـەنگری ئـامۆژەی فاشیسم ۲. فاشیستی.

**فاشیسـتی** / fāšîstî/: [فرانسـوی] *صفت. [سیاست]* فاشیستی؛ فاشیست؛ پێوەندیدار به فاشیسـمەوە ‹نظام فاشیستی: ڕژیمی فاشیستی›.

**فاشیسـم** / fāšîsm/: [فرانسـوی] *اسـم. [سیاسـت]* ڤاشیزم؛ ئامۆژە، ڕاپەڕین یان ڕژیمێکـی سیاسـی لایـەنگری ڕەگەزپەرسـتی یـان گەلپەرسـتی، زۆرەملی و توند و تیژی له ئاست نەیارانەوە.

**فاصـله** / fāsele ، ـهـا؛ فواصـل/: [عربـی] *اسـم.* ۱. مـەودا؛ بـەین؛ مابـەین؛ نێـوان؛ دورینـگ؛ دۆمـەی؛ دۆڕ؛ ناڤـبەر؛ بەنـدک؛ وەرهـەنگ؛ هەی‌مـەی؛ کـڕ؛ فاسڵـه؛ ئەنـدازەی دووری دوو شت یان دوو جێگا له یەکتر ‹فاصـلەی ارومیـه تـا مهاباد: مەودای ورمێ تا مەهاباد› ۲. بـەین؛ نێـوان؛ کـەلێنی دوو شـت ‹دنـدانهایش فاصـله داشـت: ددانەکانی بەینـی بـوو› ۳. *[موسـیقی]* مـەودا؛ دۆڕ؛ بەنـدک؛ دورینـگ؛ لێـک‌دووری زایەڵـەی دوو دەنـگ ٤. *[مجـازی]* دووری؛ مـەودا؛ بـەین؛ دوورینگ؛ نێوان؛ دۆمەی؛ لێـک‌بـڕانی دلان ‹آن مـاجرا میـان مـا فاصـله انـداخت: ئـەو ڕووداوە دووری خسته نێوانمانەوە›.

**فاصـله‌ی زمـانی**: مـەودا؛ مـاوە ‹میـان رفـت و برگشـت او فاصـلەی زیـادی نبـود: نێـوان هـاتن و چوونی ماوەیەکی زۆر نەبوو›.

**فاصـله انـداختن**: بـەین (تـێ)خسـتن؛ ژەڤ/ ژهـەڤ کـرن؛ بـەین وسـەی؛ بـەین دانـان ‹میانشان فاصله انداخت: بەینی خسته نێوانیان›.

**فاصله داشتن**: دوور بوون؛ دوویر بوون ‹ایـن دو شهر ۳۰۰ کیلومتر از هم فاصله دارند: ئەم دوو شـاره ۳۰۰ کیلۆمیتر لێک دوورن›.

**فاصله گذاشتن**: بەین خستن؛ بەین دانان؛ نـاو کردن؛ جیایی خستن؛ نێوان هێلانەوە؛ بـەین هێشتنەوە؛ بەین ئاسەی ‹کمی فاصله بگذار بعد کلمه‌ی بعدی را بنـویس: نـەختێ بـەین بخـه جـا وشەی تر بنووسه›.

**فاصله گرفتن**: دوور بوونەوە؛ دوورکەوتنەوە ‹از بخاری فاصله بگیر، لباسـت مـی‌سـوزد: لـه سـۆبەکه دوور بەوە، جلەکانت دەسووتێ›.

**فاصله بندی** / fāselebandî/: [عربی/ فارسی] *اسـم.* بـەین‌بەنـدی؛ کـار و ڕەوتی بـەین دانـان؛ دەسنیشـان کـردنی بـەینی نێـوان ئەنـدامانی تاقمێک یان هێمانـەی کۆمەڵـەیەک لـه ئاست یەکدا ‹فاصله‌بندی سطرها: بەین‌بەندی دێڕەکان›.

**فاصله‌سنج** / fāselesanc ، ـهـا/: [عربـی/ فارسـی] *اسـم.* مەوداپێو؛ کەرەسـتەیێ بـۆ پێـوانی دووری شت له بینەر: **تله‌متر**

**فاصله گـذاری** / fāselegozārî/: [عربـی/ فارسـی] *اسم.* کار و ڕەوتی مەودا هێشتنەوە؛ بەین دانـان؛ بەین ئاسەی؛ دانانی مەودا له نێـوان ئەنـدامانی تاقمێ یان بەشگەلی کۆمەڵەیەکدا ‹بـین سـطرها فاصله بگذارید: له نێوان دێڕەکاندا مەودا بهێڵنەوە›.

**فاضـل** / fāzel ، ـها؛ ـان؛ فُضَلا/: [عربی] *صفت. [ادبی]* زانا؛ زانایۆخ؛ هۆزان؛ زانای ئاگـادار ‹اسـتاد فاضـل: مامۆستای زانا›.

**فاضـلاب** / fāzelāb ، ـهـا/: [عربـی/ فارسـی] *اسـم.*

۱. پیساو؛ وازاو؛ گەناو؛ نەقم؛ ئاوی تێکەڵ بە پیسایی ۲. ئەیاغ؛ ڕەهەند؛ ڕەهەن؛ ئاوەڕۆ؛ ئاوڕەو؛ ئاوەڕوێ؛ ئاڤرێژگە؛ ژێراوی ئاوی پیس.

**فاعل** / fā'el ، ـها/: [عربی]/سم. ۱. ـان؛ ـین/ *[نامتداول]* کەسێ کە کارێک دەکا ۲. *[دستور]* کرگار؛ کرکار؛ کرۆک؛ بکەرد؛ کەس یان شتێ کە کارێک دەکا یان کردارێکی وەپاڵ دەنرێ.

**فاعلاتن** / fā'elāton/: [عربی]/سم. *[ادبی]* فاعیلاتون؛ بناغەیەکی کێشی شیعری عەرووزی.

**فاعلن** / fā'elon/: [عربی]/سم. *[ادبی]* فاعیلون؛ لە کۆڵەکەکانی کێشی شیعری عەرووزی.

**فاعلی** / fā' elî/: [عربی] صفت. *[دستور]* کرگاری؛ سەر بە کرگار ‹صفت فاعلی: ئاوەڵناوی کرگاری›.

**فاق** / fāq ، ـها/: [از عربی/ ؟]/سم. فاق: ۱. شەق؛ قەڵش؛ قەڵشت؛ شکەف؛ تەرکە؛ مێچک؛ درز و تڵیشی سەر یان بنی شتێک ۲. دریژی شوال لە نافەکەوە تا ناوقەد.

**فاقد** / fāqed ، ـان؛ ـین/: [عربی] صفت. بێبەری؛ بێوەر؛ بێبەش؛ بێ‌بارە ‹فاقد روشنایی: بێبەری لە ڕۆناهی›. هەروەها: **فاقد بودن؛ فاقد شدن**

**فاقە** / fāqe/: [عربی]/سم. *[ادبی]* دەسکورتی؛ هەژاری؛ نەداری.

**فاکت** / fākt ، ـها/: [انگلیسی از لاتینی]/سم. *[نامتداول]* ڕاستەقینە؛ ڕاستەقانی؛ فاکت؛ ڕاستیەکی بەرچاو کە ئاماژەی پێ بکرێ.

**فاکتور** / fāktor ، ـها/: [فرانسوی]/سم. فاکتۆر: ۱. پسوولە؛ سیاهە؛ بەرگەی کڕین؛ هێمان؛ بەڵگەی تێدا نووسینی نرخ و چەندێتی فرۆشراوە و ناو و نیشانی فرۆشیار ۲. هۆکار؛ هەر یەکە لەو هۆیانە کە لە کار یان دیاردەیەکدا دەوریان هەیە ‹فاکتور اقتصادی: هۆکاری ئابووری›.

▣ **فاکتور گرفتن:** فاکتۆرگرتن: ۱. دەرهێنانی پسوولە. هەروەها: **فاکتور دادن؛ فاکتور نوشتن** ۲. *[مجازی]* کوتکردنەوە؛ پوختەکردن ‹بحث‌های دیگر را فاکتور بگیر: قسەکانیتر کوت بکەوە›.

**فاکس** / fāks/: [انگلیسی]/سم. فەکس؛ فاکس؛ دوورنڤیس: **فکس**

**فاکس‌مدم** / fāksmodem/: [انگلیسی]/سم. فەکس‌مودێم؛ دەزگایەک بریتی لە فەکس و مودێم کە زانیاری لە کەمپیوتەرەوە دەگوێزێتەوە سەر فەکس یان لە فەکسیەوە وەردەگرێ: **فکس‌مودم**

**فاکسیمایل** / fāksîmāyl/: [از انگلیسی]/سم. فاکسیمایل؛ پۆستی وێنەیی.

**فاگوسیت** / fāgosît ، ـها/: [فرانسوی]/سم. *[زیست‌شناسی]* بێگانەخۆر؛ نامۆخۆر؛ خانووکەیەک کە دەوری ماکی بیانی دەدا و دەیخوا (وەک گولوبوولی سپی خوێن).

**فاگوسیتوز** / fāgosîtoz/: [فرانسوی]/سم. *[زیست‌شناسی]* بێگانەخۆری؛ نامۆخۆری؛ کار و ڕەوتی دەورەدان و خواردن ماکی بیانی.

**فال** / fāl ، ـها/: *سم.* ۱. [از عربی] فال؛ مروا؛ ڕۆدا؛ داخورت؛ داخوورت؛ بەخت خوێندنەوە؛ کارێک بۆ پێش‌بینی داهاتوو ۲. مارکە؛ ڕاوکە؛ ڕامە؛ مارە؛ ڕاوە؛ مووتاوا؛ مووتاوە؛ فال؛ ئەو هێلکە دەبن مریشکی هێلکەکەری دەنێن بەشکوو هێلکەکەی لە پالیدا بکا ۳. *[گفتاری]* لاس؛ نیودەست؛ یەکەی بژاردن و دابەش کردنی بڕێ شت (وەک گوێز) بەرامبەر بە پێنج دانە.

▣ **فال پرنده:** فالی بە پەلەوەر؛ فالی چاپکراو کە پەلەوەری دەسەمۆ دەیداتە دەستی مشتەریەوە.

**فال قهوه:** فالی قاوە؛ دوابینی داهاتووی کەسێک لە ڕووی ئەو نەخشانە لە لمتی قاوەی خوراوە، لە پیالەدا بەدی دێ.

**فال نخود:** فالی نۆک؛ دوابینی داهاتووی کەسێک بە چنینی نۆک و جێ‌گۆڕانیان.

**فال ورق:** فالی وەرەق/ پەڕە؛ دوابینی داهاتووی کەسێک بە چنینی پەڕەی کایە بە

شێوەیەکی تایبەتی و جێگۆڕکێیان.
**هم فال و هم تماشا:** *[مجازی]* هەم دیداری دۆست، هەم شکاری پۆست؛ هەم زیارەت، هەم تیجارەت؛ کار و سەیران پێکەوە.
▣ **فال دیدن:** بەخت خۆیندنەوە؛ فاڵ گرتنەوە.
**فال زدن:** دوابینی کردن.
**فال گرفتن:** فاڵ گرتنەوە؛ داخورت/ داخووڕت گرتنەوە؛ ڕەمڵ ئاوێژتن؛ فاڵ ڤەگرتن؛ بۆ زانینی ئاکامی کار یان ڕووداوێک فاڵ لێدان ‹با دیوان حافظ فال گرفتیم، خوب آمد: بە دیوانی حافز فاڵمان گرتەوە، باش هات›.
**به فال نیک گرفتن:** به چاکه دانان؛ بە خاس زانین ‹آمدن او را به فال نیک گرفتم و امیدوار شدم: هاتنیم بە چاکە دانا و هیوام هاتەوە بەر›.
**فالانژ** / fālānj / ـها /: [فرانسوی]/سم. *[سیاست]* فالانژ؛ لات و چەقۆکێشی نێو ڕێکخراوەیەکی فاشیستی.
**فالانژیست** / fālānjîst / ـها/: [فرانسوی]/سم. *[سیاست]* فالانژیست: ۱. هەر یەکە لە لایەنگرانی پارتە فاشیستەکان، بەتایبەت لە ئیتالیا، سپانیا و لوبنان ۲. فالانژ.
**فال‌بین** / fālbîn ، ـها؛ ـان/: [از عربی/ فارسی]/سم. گیرزان؛ فاڵگرەوە؛ فاڵگەر؛ فاڵگر؛ فاڵگیر؛ فالاوێژ؛ فاڵبێژ؛ قەپاڵگر؛ فاڵچی؛ ڕەمڵ گرەوە؛ فیە؛ تاڵحبین؛ خێرە؛ خیفزان؛ خیڤزان؛ خیپک؛ ئەوەی گوایە بە فاڵ داهاتوو دەبینێتەوە: **فالگیر**
**فال‌بینی** / fālbînî/: [از عربی/ فارسی]/سم. فاڵگەری؛ گیرزانی؛ کار و ڕەوتی لێکدانەوەی داهاتوو بە فاڵ: **فالگیری**
**فالگوش**/ fālgûš/: [از عربی/ فارسی]/سم. شەمالێ؛ شەماڵە؛ شەمۆلە؛ شەوشەمەکێ؛ کەڵە؛ کوڵە؛ گوێتەقێ؛ کاری دوابینی و لێکدانەوەی داهاتوو بە گوێگرتن لە قسەی ئەم و ئەو.
▣ **فالگوش ایستادن:** کەڵەکردن؛ کوڵەگرتن/ ڕاوەستان؛ کۆڵگرتن: ۱. خۆ مات دان بۆ گوێگرتن لە قسەی خەڵکی بۆ دوابینی کردن ۲. *[کنایی]* بە دزیەوە گوێدان بۆ شۆفاری و دووزمانی.
**فالگیر** / fālgîr/: [از عربی/ فارسی] ☜ **فال‌بین**
**فالگیری**/ fālgîrî/: [از عربی/ فارسی] ☜ **فال‌بینی**
**فالنامه** / fālnāme ، ـها/: [از عربی/ فارسی]/سم. فاڵنامە: ۱. پەرتووکێ لە بابەتگەلی جۆراوجۆر لەمەڕ داهاتوو کە خەڵک بە خوێندنەوەی پەڕەیەکی، گوایە داهاتوو دەبینەوە ۲. پەڕەی چاپکراوێ کە ئەو شتانەی تێدا نووسراوە.
**فالوده** / fālûde/ ☜ **پالوده**[1]
**فام** / fām ، ـها/:/سم. ئامال؛ بەش؛ واش؛ بام؛ باو؛ شێوە؛ یەکێ لە سێ هێمانی پێکهێنەری ڕەنگ (ئەو دووی‌تر بریتین لە تۆخی و تیشکدەری).
**فام‌نمایی** / fāmnemāyî/:/سم. جیاوازی نێوان ڕەنگی هاوتیشک لە تەلەڤیزیۆنی ڕەنگیدا: **رنگتابی**
**فامیل** / fāmîl ، ـها/: [فرانسوی]/سم. ۱. بنەماڵە؛ خێزان؛ خاوخێزان ‹همه‌ی فامیل آمده بودند: هەموو بنەماڵە هاتبوون› ۲. خزم؛ فامیل؛ خوێش؛ لێزم؛ خنام؛ کەس‌وکار؛ قەوم ‹آنجا فامیل داریم: لەوێ خزمەمان هەیە›.
**فامیلی** / fāmîlî/: [فرانسوی] صفت. خزمایەتی؛ قەومایەتی؛ فامیلی؛ خزمی؛ قەومی ‹زن و شوهر نسبت فامیلی دارند: ژن و شووەکە خزمایەتیان هەیە›.
**فانتزی**[1] / fāntezî/: [فرانسوی]/سم. فانتێزی: ۱. نەزیلەیەکی کورتی هەڵبژێردراو لە لایەنێکی پێکەنینی و ناعەقڵانی ژیان لە بارودۆخێکی خەیاڵیدا ۲. بەرهەمی هونەری لە خەیاڵاتی ئازادانە و بە دوور لە شێواز و ڕێبازگەلی ناسراو.
**فانتزی**[2]: صفت. تازەباو؛ نۆباوە؛ فانتێزی ‹رنگ‌های فانتزی: ڕەنگگەلی تازەباو›.
**فانسقه** / fānosqe ، ـها/: [روسی]/سم. ڕەخت؛

www.perawipepwle.com

فانسقه؛ فانسقیێ؛ فانۆسقیێ؛ پشتێنەیەکی چەرمی یان بریزنتی بۆ هەڵواسینی فیشەکدان، سەرەنێزە، قومقومە و چەکی کەمەری: **فانوسقه**

**فانوس** / fānûs / ، ـها/: [یونانی]/سم. فەنەر؛ فەنەرک؛ فەند؛ فانۆس؛ لەنتەر؛ لەنتەری؛ کلچان؛ فانۆز؛ فانووس؛ چرادەستی؛ چرایەکی پتر نەوتی، سەرپۆشدار و دەستی، بۆ ڕووناکی دان لە دەر و دەشتدا.

▣ **فانوس دریایی**: فانۆسی دەریایی؛ چرایەکی ڕووناکی سەر بورج، بۆ ڕێنوێنی گەمیە و پاپۆران لە دەریادا.

**فانوس شیطان**: ئاوری زەلکاو؛ تروکەترووکی شەوانەی سەر زەلکاوان.

**فانوسقه** / fānûsqe/: [روسی] ☜ **فانسقه**

**فانوسه** / fānûse/: [یونانی/ فارسی]/سم. فانووسە؛ هەر کەرەستەیێ کە بیچمی لە فانۆس بکا (وەک دەمنەی ئاسنگەری).

**فانوسی** / fānûsî/: [یونانی] صفت. دەمنەیی؛ فانووسی؛ بە دیوارەی دەرەکی چین ــ چین و لۆ ــ لۆوە بۆ کرانەوە و چوونە ناو یەک.

**فانی** / fānî/: [عربی] صفت. فانی: ۱. بێبنیا؛ نەپایدار؛ بێدرێژە؛ بێدەوام؛ لە ڕێی نەماندا ‹دنیای فانی: دنیای بێبنیا› ۲. مرا؛ بمر؛ نەمێن؛ نەمەن ‹آدم فانی: مرۆی مرا›.

▣ **فانی بودن**: بێبنیا بوون؛ فانی بوون؛ نەپایدار بوون؛ بێدەوام بوون. هەروەها: **فانی شدن**

**فاووس** / fāvûs/: /سم. [پزشکی]/ کەچەڵی؛ نەخۆشیەکی کارگی لە سەر پێستی سەرە کە موو خۆرکە و کەچەڵی لە دووداید.

**فاویسم** / fāvîsm/: [فرانسوی]/سم. [پزشکی] فاویسم؛ کەمخوێنی تیژی هێمولیزی کە لە خواردنی باقلەی تازە یان هەڵمژینی تۆزەکەی، یان لە برێ کەسدا بە هۆی نەخۆشی ژینیتیکی یان کەمایەتی ئانزیمەوە سەرهەڵدەدا.

**فایبرگلاس** / fāyberg(e)lās/: [انگلیسی]/سم. فایبرگلاس؛ ڕیشاڵەی شیشەیی ناسک کە لە چێکردنی بەرهەمگەلی پیشەییدا (وەک پەشمشیشە، دەزگ، پارچە و...) بە کەڵک دێت.

**فایده** / fāy(e)de ، ـها؛ فواید/: [عربی]/سم. سوود؛ کەڵک؛ بەهرە؛ سۆ؛ کەراو؛ فایدە؛ فێدە؛ بێر؛ هاڤل: ۱. قازانج؛ بەستە؛ بەسە ‹در این معامله چقدر فایده بردی؟: لەم مامەلەیەدا چەندت سوود کرد؟› ۲. مفا ‹اگر نشنوی فایدەی گوش چیست؟: ئەگەر نەبیسی گوێ بە کەڵکی چی دێ؟› * **فائده**

▣ **فایده داشتن**: بە قازانج بوون؛ بە کەڵک بوون؛ بەهرە دان. هەروەها: **فایده کردن**

**فایق** / fāyeq/: [عربی] صفت. سەرکەوتوو؛ زاڵ؛ چیر؛ چێرە: **فائق**

▣ **فایق آمدن/ شدن**: سەرکەوتن؛ زاێ بوون؛ چیر بوون.

**فایقه** / fāyeqe/: [عربی] صفت. باشتر؛ چاکتر؛ هەڤیاز: **فائقه**

**فایل** / fāyl ، ـها/: [انگلیسی]/سم. فایل: ۱. پووشە؛ دۆسیە؛ پەروەندە ۲. *[کامپیوتر]* کۆمەڵێک زانیاری سەر بە یەک کە بە یەک ناو تۆمارکراون ۳. *[مخفف]* کابینێت.

**فایل کابینت** / fāylkābînet ، ـها/: [انگلیسی/ فرانسوی]/سم. فایل کابینێت؛ کومێد یان کابینێتی جێ پووشە.

**فئودال** / fe'odāl ، ـها/: [فرانسوی]/سم. بەگ: ۱. دەرەبەگ؛ خاوەن زەوی و زاری زۆر و زەبەند کە لە ڕەنجی وەرزێرانی سەر ئەو زەوینانە دەخوا ۲. ئاغا؛ خان.

**فئودالی** / fe'odālî/: [فرانسوی] صفت. دەرەبەگی؛ دەرەبەگایەتی.

**فئودالیسم** / fe'odālîsm/: [فرانسوی]/سم. دەرەبەگایەتی؛ فئودالیسم: ۱. دووزەنەی ئاغا و ڕەعیەتی؛ شێوازێکی ئابووری کۆن کە زەوی و زار لە بەردەست ئاغادایە و ڕەنجبەران بە سەریەوە کار دەکەن و هەر وەک زەویەکە

سەودایان پێدەکرێ ۲. *[قدیمی]* شێوازێکی ڕامیاری لە ئوروپای پێش ڕوونیسانسدا.

**فبها** / fabehā/: [عربی] حرف. چباشتر؛ چخاستر؛ چچاکتر؛ چخاستەر؛ چعالتەر ‹اگر خریدی فبها، نخریدی من می‌خرم: ئەگەر ساندت چباشتر، نەشت ساند من دەیکرم›.

**فتادن** / fotādan/: *مصدر. [مخفف، ادبی]* کەوتن؛ کەفتن؛ کەتن؛ کەوتەی؛ کەوتش.

**فتان** / fattān/: [عربی] *صفت. [ادبی]* ئاژاوەچی؛ بشێونە؛ خەمشێوێن؛ سەرسوڕدەرە؛ گێرەشێوێن.

**فتاوی** / fatāvî/: [عربی] جمعِ ☜ **فتوا**

**فتح** / fath ، ـها؛ فتوح؛ فتوحات (!)/: [عربی]/*سم.* ۱. *[نامتداول]* کار و ڕەوتی کردنەوە؛ بازکردن؛ ئەوەکەردەی ۲. پیرۆزی؛ سەرکەوتن.

▣ **فتح باب:** ۱. کردنەوەی درگا ‹فتح باب گفتگو: کردنەوەی درگای قسە› ۲. *[کنایی]* دەسپێکردن.

▣ **فتح شدن:** ۱. داگیر بوون؛ داگیرکران؛ گیریان؛ فرستقین ۲. ڕزگار بوون؛ ئازاد بوون؛ کرانەوە؛ ئەوە کریەی.

**فتح خیبر کردن:** *[تعریض]* پشتی فیل شکاندن؛ سەری شا هێنان؛ بانە نیانە بان بەڕۆژەو؛ کارێکی یەکجار گەورە و دژوارکردن؛ کۆ/کەشکەنتەی ‹با این دو تا نان خریدن انگار فتح خیبر کرده: بەم دوو نان سەندنیەوە دەڵێی پشتی فیلی شکاندووە›.

**فتح کردن:** گرتن؛ داگیرکردن؛ پێ بەرکردن؛ لەهاندن؛ فرستقاندن؛ شوێنێ بەیدەست کردن ‹مائو در سال ۱۹۴۹ پکن را فتح کرد: مائۆ لە سالی ۱۹۴۹دا پیکەنی گرت›.

**فتحه** / fathe/: [عربی] ☜ **زبر-۱**

**فتراک** / fetrāk ، ـها/: *اسم. [ادبی]* شۆپا؛ گۆرزال؛ سامۆتە؛ سامۆرتە؛ سامۆتک؛ گورنیک؛ تەرکبەند؛ بەن سامۆرتە؛ بەن سامۆتە؛ بەن سامۆرتکە؛ بەندی پاشکۆ؛ ئالقە و بەندی پاشکۆی زین.

**فترت** / fatrat/: [عربی]/*سم.* گت؛ مەودایەک لە ناو زەنجیرە کارێکی لە پەستا ‹فعالیت شرکت چند ماهی دچار فترت شد: کار و باری بەشدارگە چەن مانگێک تووشی گت بوو›.

**فتق** / fatq/: [عربی]/*سم. [پزشکی]* قۆڕی؛ غۆڕی؛ کووپت؛ وەتەبا؛ فەت؛ فتق؛ فەتق: ۱. خزانی نائاسایی ئەندامێک بۆ دەرەوەی شوێنی خۆی (وەک فەتقی میشک) ۲. دەرپەڕینی ئەندامێکی ناوسک لە دیوارەی ماسوولکەیی زگەوە (وەک قۆڕی بەرگەدە).

**فتق‌بند** / fatqband ، ـها/: [عربی/ فارسی]/*سم.* فەتقبەن؛ جۆرێ پۆشەن بۆ بەرگری لە داهێزان و ژانی قۆڕی.

**فتنه**[1] / fetne ، ـها/: [عربی]/*سم.* ۱. ئاژاوە؛ بشێوە؛ بشێوی؛ پشێوی؛ ئاشۆ؛ ئاشوو؛ ئاشێو؛ گاشە؛ گەردش؛ گەردەش؛ خارۆرە؛ گۆتاوەڕۆ ‹فتنەی مغول: ئاژاوەی مەغول› ۲. هەرا؛ هەللا؛ زلە؛ قرە؛ زەنا ــ زەنا؛ جەنجاڵ؛ زلەزل؛ چەقەوگورە؛ هەقلیمەقۆ؛ ویل ‹وقتی مریم داستانش را گفت فتنه‌ای برپا شد: کاتێ مریەم حیکایەتی خۆی گێڕاوە بوو بە هەرا› ۳. ☜ **عنبر ـ ۲**

▣ **فتنه انگیختن:** ئاژاوەگێڕان؛ گەردش نانەوە؛ هەللا هەلایساندن؛ شەڕ هەلخڕاندن.

**فتنه به پا کردن:** ئاژاوەگێڕان؛ گەردەشگێڕان؛ بشێوە بەڕپا کردن.

**فتنه**[2]: *صفت. [گفتاری]* ئاژاوەچی؛ ئاژاوەگێڕ؛ گەردەشگێڕ؛ بشێونە؛ شێوەژنە؛ گێرەشێوێن؛ خومەشێونە ‹این یارو خیلی فتنه است: ئەم کابرایە زۆر ئاژاوەچیە›.

**فتنه‌انگیز** / fetne'angîz ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] *صفت.* قنگ بە گێچەڵ؛ شەڕبەشاران؛ ئاژاوەگێڕ؛ ئاژاوەچی؛ شەڕهەلایسێن؛ شەڕدادگرسێن؛ ئاوری بن کا؛ ئاوژێرکا؛ فتنە؛ وەیشووم؛ وەیشوومە؛ کتکە نەفتینە؛ کلکەنەفتینە؛ سەرەسۆدرە؛ چنگن؛ گولکە؛ هەڤان؛ شێوەژنە؛ هێوچی؛

ئاشـۆکەر؛ بشـێونە؛ گێرەشـێوین؛ هلوەشـیار؛ عەوان؛ مایە فیتنە و شوڤار.

**فتنـەجـو** / fetnecû ، ـهـا؛ ـیـان/: [عربـی/ فارسـی] *صفت.* کەتن‌گێڕ؛ هێوچی؛ تایبەتمەنـدی کەسـێ کە حەز بە قڕە و ئاژاوە دەکا.

**فتنـەگر** / fetnegar ، ـهـا؛ ـان/: [عربی/ فارسی] *صفت.* بن گلـتە؛ مایەفتنـە؛ سەرەسـۆدرە؛ گۆبەندگێـڕ؛ گۆتالکەر؛ شەڕهەڵخرێن؛ بشێونە؛ ئاشۆکەر.

**فتو** / foto/: [فرانسوی]/*سم. [گفتـاری]* ۱. وێنـەگر؛ عەکاس ۲. وێنەگرخانە؛ عەکاس‌خانە * **فوتو**

**فتوا** / fatvā, fetvā ، ـهـا؛ فتاوی/: [عربی]/*سم.* فتـوا؛ دینـا: ۱. ئیجـازە؛ بـڕیار یـان داوەری بـە پیـێ قـانوونی شـەرع ۲. *[مجـازی]* داوەری و بـڕیاری کەسێک لەمەڕ بابەتێکی دیاریکراوەوە * **فتوی**

**فتوالکتریـک** / foto'elektrîk/: [فرانسـوی]/*سـم.* کارەبای بەرهەمهاتوو لە تیشک: **نورابرق**

**فتوبیوتیـک** / fotobiyotîk/: [فرانسـوی] *صـفت. [زیسـت‌شناسـی]* تیشـکژی؛ ئاتـاج و خوازیـاری تیشک بۆ ژیان و گەورە بوون.

**فتوبیـولژی** / fotobiyolojî/: [فرانسـوی]/*سـم. [زیست‌شناسی]* تیشکژی‌ناسی؛ لقێک لـە زانسـتی ژیناسی کە لە چۆناوچونی کـارتێکردنی تیشـک بە سەر گیاندارانداً دەتوژێتەوە.

**فتوت** / fotovvat/: [عربی]/*سم. [ادبی]* لاوچـاکی؛ جوامێری؛ میرخاسی.

**فتوتروپیسم** / fotot(e)ropîsm/: [فرانسـوی]/*سـم. [زیست‌شناسی]* تیشکوازی؛ تیوازی؛ ڕەوتی هەڵدان یان بار گۆڕان بەرەو شوێنی تیشکدەر، بەتایبەت لە ڕووەکدا.

**فتوح** / futûh, fotûh/: [عربی]/*سم.* ۱. جمعِ ☜ **فتح** ۲. *[نامتداول]* کراوەیـی؛ فردقـی؛ گوشـایش؛ فەرەحانی؛ فەرحانی؛ فەرعانەتی.

**فتوحـات** / futûhāt, fotûhāt/: (!)[عربـی] جمـعِ ☜ **فتح**

**فتور** / futûr, fotûr/: [عربـی]/*سم. [ادبی]* سسـتی؛ سیسی؛ سسـی؛ کەهالـی؛ کاهێلـی؛ خلیسـکی؛ خاوی؛ نەبەگەیی.

**فتوسفر** / fotosfer/: [فرانسـوی]/*سم.* فوتۆسـفیر؛ تیشکەگۆ؛ بەشی هەرە گەشـی خـۆر یـان هـەر گۆیەکی‌تر کە بە چاو ببینرێ.

**فتوسل** / fotosel/: [انگلیسی]/*سم.* باتری نـووری؛ پیلی تیشکی؛ جۆرێ باتری کـە تیشـکی هـەتاو دەکاتە هێزی کارەبایی.

**فتوسـانتز** / fotosantez/: [فرانسـوی]/*سـم. [گیاه‌شناسی]* فوتۆسەنتیز؛ ڕەوتێ کە گیا ـ وێـرای تیشکی هەتاوـ لە کەربون و هەڵمی ئاو، هیدراتی کەربون چێ دەکا: **نورساخت**

**فتوشـیمی** / fotošîmî/: [فرانسـوی]/*اسـم. [شـیمی]* فوتۆشـیمی؛ لقێـک لـە زانسـتی کیمیـا کـە دەپەرژێتە سەر کار تێکردنی هێزی تیشـک لـە گۆڕانکاری کیمیاییدا.

**فت و فراوان** / fatt-o-farāvān/: *صفت. [گفتاری]* فـرە و فـراوان؛ زۆر و زەمەنـد؛ زۆر و زەبەنـد؛ مشەمەر.

**فتوکپی** / fotokopî/: [فرانسوی]/*سم.* فوتۆکـوپی: ۱. کار یان ڕەوتی وێنە هەڵگرتن لە بەڵـگەیەک بە دەزگای تایبەت بەو کارە ۲. دەزگایێ کە بـە هۆی کاردانەوەی کیمیایی (فوتۆکوپی تـەڕ) یـان فیزیکی (فوتۆکـوپی وشـک، زیـراکس) بـە هـۆی تیشکەوە، لە بەڵگە وێنـە هەڵـدەگرێ ۳. /ـهـا/ کوپی؛ وێنەیێ کە بە دەزگای فوتۆکوپی گیرابێ.

**فتـوکرم** / fotok(o)rom/: [فرانسـوی] *صـفت.* فوتۆکرۆم؛ خاوەن ئاڵوگۆڕی ڕەنگ لە بەرانبـەر تیشکەوە.

**فتـوگرافی** / fotog(e)rāfî/: [فرانسـوی]/*سـم.* فوتۆگرافی؛ عەکاسی؛ وێنەگری.

**فتـوگرام** / fotog(e)rām/: [فرانسـوی]/*سـم.* فوتۆگرام؛ وێنەیێ کە لە دانانی شـتێک لـە بـەر کاغەزی هەستۆک و لێدانی تیشک بەدی دێ.

**فتوگرامتری** / fotog(e)rāmetrî/: [فرانسوی]/*سم.*

فوتۆگرامیتری؛ زانستی پێوانی ڕێز و درشت بە یارمەتی وێنە، بەتایبەت بە وێنە هەڵگرتنی هەوایی.

**فتومتر** / fotomettr ، ـها/: [فرانسوی]/سم. تیشک‌پێو؛ ئامرازی پێوانی ڕادەی تیشک و ڕۆشنایی.

**فتون** / foton ، ـها/: [انگلیسی]/سم. فوتۆن؛ گەردیلەی بێجرمی هەڵگری تیشک: **فوتون**

**فتوی** / fatvā, fetvā/: [عربی] ☜ **فتوا**

**فته** / fate ، ـها/: /سم. پتە: ۱. بەڵگە؛ نووسراوە ۲. فیش؛ لەتە کاغەزی پچووکی تێدا نووسراو.

▣ **فته‌ی طلب**: بەڵگەی قەرزداری؛ پسوولەیەک کە قەرزدار دەیداتە خاوەن قەرز.

**فتیش** / fetîš/: [فرانسوی]/سم. ۱. تاپۆ؛ شتێ کە بە مەکۆی ڕۆحێکی بەهێز یان نیشانەی هێزێکی جادوویی دابنرێ ۲. /روانشناسی/ شت، ئەندام یان بەشێکی لەش کە بوون یان خەیالی هەبوونی بۆ دامرکانی ڕەوان پێویستە.

**فتیشیست** / fetîšîst ، ـها/: [فرانسوی] صفت. فتیشیست؛ باوەڕمەند بە فتیشیسم.

**فتیشیسم** / fetîšîsm/: [فرانسوی]/سم. فتیشیسم؛ بڕوا بە هەبوونی هێزی سیحراوی لە بڕێ شتدا.

**فتیله** / fetîle ، ـها/: [معرب از آرامی]/سم. ماسول؛ پلیتە؛ فتیلە؛ فتیلە؛ فتیلک؛ ئیفت: ۱. لەتە گوریس یان پارچەیەکی لۆکەیی کە بە هەڵمژینی سووتەمەنی گڕ دەگرێ و دەسووتێ ۲. گوریسێ بۆ تەقاندنەوەی تەقەمەنی لە ڕێی دوورەوە ۳. گوریسێک لە تۆپ و چەکە کۆنەکاندا بۆ ئاگردانی باروت ٤. بەنی بادراوی تاڵ‌پێچ ٥. /پزشکی/ ماکیکی نەرم و خاوێن وەک لۆکە یان باند بۆ هەڵمژینی چلک و کیمی برین.

**فتیله‌ای** / fetîle'î/: [معرب] صفت. فتیلەیی؛ خاوەن فتیلە ‹چراغ سە فتیلەای: چرای سێ فتیلەیی›.

**فجایع** / facāye'/: [عربی] جمعِ ☜ **فاجعه**

**فجر** / facr/: [عربی]/سم. /ادبی/ بەیان؛ تاوهەلات؛ ئەلند؛ بەرەبەیان؛ بەربەیان؛ سیسان؛ بەیانی ڕوون؛ مەلابانگدان.

**فجور** / focûr, fucûr/: [عربی]/سم. فناز؛ فناس؛ ڕەفتاری نالەبار؛ کردەوەی دزێو و گونا.

**فجیع** / facî'/: [عربی] صفت. دڵتەزێن؛ زۆر ناخۆش؛ هۆی کوڵ و کەسەری زۆر ‹مرگ فجیع: مردنی دڵتەزێن›.

**فحاش** / fahhāš/: [عربی] صفت. دەمچەپەڵ؛ زمان‌پیس؛ دەمپیس؛ بیسکار؛ زڕجان؛ جنێوفرۆش؛ دژوێن‌فرۆش؛ سخیف‌بێژ؛ دەڤچێژ؛ دژمان‌دەر؛ دژمان‌وەرش؛ جوێن‌فرۆش.

**فحاشی** / fahhāšî/: [عربی]/سم. باوگرەوازی؛ باوکبازی؛ جوێن‌فرۆشی؛ دەڤچێژی؛ کاری جنێو دان؛ ناسزا وتن.

▣ **فحاشی کردن**: جنێو/ جوێن دان؛ ناسزا وتن؛ دژمان‌دەی/ دای؛ سەکانن؛ چیرین؛ پەلاختن؛ پەلچڤاندن.

**فحش** / fohš ، ـها/: [عربی]/سم. جنێو؛ جوێن؛ جمین؛ جوون؛ جڕوێن؛ دژوێن؛ دژمێن؛ دژوون؛ دوشمین؛ دشمان؛ دژمانی؛ دشمێن؛ دژنام؛ خەڵەت؛ سخێف؛ خوسن؛ خۆسن؛ خوەسن؛ خراو؛ بیسکانی؛ بیسکاری؛ خەبەر؛ وتەی نارەوا و ناشیرین.

▣ **فحش آب‌نکشیده/ چاروداری**: جنێوی پیس.

**فحشا** / fahšā/: [عربی]/سم. ڕووسپیگەری؛ حیزی؛ سۆزمانێتی.

**فحش‌کاری** / fohškārî ، ـها/: [عربی/ فارسی]/سم. /گفتاری/ جنێوفرۆشی؛ بیسکاری؛ کارەرەهاتی جنێو دان؛ ناسزا وتن.

**فحص** / fahs/: [عربی]/سم. /ادبی/ کنە؛ منێ؛ کار و ڕەوتی توێژینەوە؛ کۆڵینەوە.

**فحل** / fahl/: [عربی] صفت. کەڵ: ۱. گیانەوەری نێری خۆ تاوداو بۆ جووت بوون لەگەڵ مێوینەدا ۲. /مجازی/ هەڵکەوتوو؛ هێژا (بۆ مرۆ).

**فحوا** / fahvā/: [عربی]/سم. ناوەرۆک؛ ناوئاخن؛ کاکڵە؛ مانای نهێنی لە نێوان وتاردا ‹از فحوای کلامش پیدا بود کە پشیمان شدە است: لە ناوەرۆکی قسەکانیدا دیار بوو پەشیمان بۆتەوە›: **فحوی**

**فحول** / fohûl, fuhûl/: [عربی]/سم. [ادبی] هەڵکەوتوان؛ هەڵبژێراوان؛ هەڵبژاردەیان؛ هۆرکەوتێ.

**فحوی** / fahvā/: [عربی] ☜ **فحوا**

**فخار** / faxxār ، ـها؛ ـان/: [عربی]/سم. [قدیمی] ۱. کۆزەکەر؛ گۆزەکەر؛ هۆرەکەر؛ هەورگەر؛ ئیربارگەر ۲. کووڕەپەز.

**فخامت** / faxāmat/: [عربی]/سم. گەورەیی؛ مەزنایی؛ مەزنی؛ دۆخ و چۆنیەتی گەورە بوون.

**فخر** / faxr ، ـها/: [عربی]/سم. شانازی؛ سەربڵندی؛ سەرفەرازی؛ فەخر؛ هەستی هەڤیازی کە لە دارا بوونی شتێ یان جێبەجێکردنی کارێکەوە سەر هەڵدەدا.

▣ **فخر فروختن**: شانازیکردن؛ ناز فرۆتن؛ فیزکردن؛ بە خۆوە نازین؛ فەخر فرۆشتن.

**فخر کردن**: نازین؛ نازەی؛ شانازیکردن.

**فخرفروشی** / faxrfurûšî ، ـها/: [عربی/ فارسی] /سم. فیز؛ پۆزنوێنی؛ خۆنوێنی؛ خۆهەڵکێشی؛ کار و ڕەوتی پیشاندانی سەرکەوتنی ڕاستەقینە یان خەیاڵاوی خۆ ‹آدم نوکیسە و تازە بە دوران رسیدە، بە دیگران فخرفروشی می‌کند: مرۆی دەوڵەمەن چڵکنی تازەپیاکەوتوو بە سەر خەڵکدا فیز دەکا›.

**فخیم** / faxîm/: [از عربی] صفت. [ادبی] ۱. گەورە؛ هێژا؛ بەڕێز؛ مەزن؛ مازن ۲. سەربڵند؛ سەرفەراز؛ سەرفیراز؛ سەربەرز.

**فخیمه** / faxîme/: [از عربی] صفت. [ادبی] ۱. گەوریٚ؛ هێژا؛ بەڕێز ۲. سەربڵند؛ سەربەرز؛ سەرفەراز. (ئەم وشە بۆ ژنان دەگوترێ).

**فدا** / fadā/: [عربی]/سم. قوربان؛ سەرگەرد؛ گۆری؛ ساقە؛ سەدەقە؛ فیدا؛ فدا؛ خڕ؛ کار و ڕەوتی لە پێناو کەس یان شتێکدا تیدا چوون ‹فدای شما: قوربانی ئێوە›.

▣ **فدا شدن**: فیدا بوون؛ گۆری بین؛ خڕ بین؛ فدا بیەی؛ (بە) سەرگەرد بوون؛ لە پێناو کەس یان شتێکدا بەخت بوون.

**فدا کردن**: فیدا کردن؛ بە قوربان‌کردن؛ گۆری کرن؛ لە پێناو کەس یان شتێکدا بەخت کردن ‹جانش را در راه میهن فدا کرد: گیانی لە ڕێی نیشتمانداً فیدا کرد›.

**فدائی** / fadā'î/: [عربی] ☜ **فدایی**

**فداکار** / fadākār ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] صفت. خۆبەختکەر؛ فیداکار؛ گیانلەسەر دەست.

**فداکارانه** / fadākārāne/: [عربی/ فارسی] قید. فیداکارانە؛ بە فیدارکاریەوە ‹همه فداکارانه کمک کردند: هەموو فیداکارانە یارمەتیان دا›.

**فداکاری** / fadākārî ، ـها/: [عربی/ فارسی]/سم. فیداکاری؛ گیان‌بەختی؛ کار و ڕەوتی بەخت کردنی شتی بەنرخ (وەک مال و گیان) لە پێناو کەس یان شتێکدا ‹فداکاری در راه میهن: فیداکاری لە پێناوی نیشتمان›.

**فدایی** / fadāyî ، ـها؛ ـان/: [عربی]/سم. فیدایی: ۱. هژمە؛ گۆری و قوربان؛ گیان‌فیدا؛ جان‌گۆری؛ سەرگۆری ۲. ناوی شەرکەرانی داوخوازی پێشمەرگە لە حکوومەتی نەتەوەیی ئازەربایجان (۱۳۳۵ـ۱۳۲٤) ۳. ئەندام یان هۆگری سازمانی فیداییانی خەلق * **فدائی**

**فدراتیو** / federātîv/: [فرانسوی] صفت. فدرالی؛ فدراتیو؛ سەر بە فدرال.

**فدراسیون** / federāsyon, fedrās(i)yon ، ـها/: [فرانسوی]/سم. فدراسیون؛ ڕێخراوەیێ کە لە چەن ڕێخراوەی بچووکتر پێکهاتووە ‹فدراسیون بین‌المللی کار: فدراسیونی نێونەتەوەیی کار›.

**فدرال** / federāl/: [فرانسوی] صفت. ۱. فیدارتیو؛ فیدرالی؛ حکوومەتێکی پێکهاتوو لە چەن دەوڵەتی سەربەخۆی ئەیالەتی و دەوڵەتێکی ناوەندی کە هەڵبژاردەی خەڵکی

www.perawipepwle.com

هەموو ئەیالەتەکانە ۲. سەر بە دەوڵەتی فیدرال ‹پلیس فدرال: پولیسی فیدرال›.

**فدرالی** / federālî/: [فرانسوی] *صفت.* فیدرال.

**فـدوی** / fadavî/: [عربـی] *ضـمیر.* ئەزبـەنی؛ گیان‌فیدا؛ گیانباز؛ ئەزقوربان (وشـەی ڕێزنـان لـە جێی ڕاناوی یەکەم کەسی تاک) ‹فدوی آمادەی هـر نوع خدمتی هستم: ئەزبـەنی ئامـادەی هـەموو جـۆرە خزمەتێکم›.

**فدیه** / fedye ، ـها/: [عربی]/*سم.* فدیـە؛ دارایـی و مالێ کە بۆ ئازادی کەسێک دەدرێ.

**فـر** / far(r)/:/*سـم.* شـکۆ؛ مـەزناهی؛ هنـد؛ هنگ‌وونگ؛ هینگ‌ودەنگ؛ فەڕ.

**فر-** / far/: *پیشوند.* ـخاس؛ فەر- ؛ فەڕـ ؛ چـاک؛ باش؛ سەر؛ لەسەر ‹فرنام: ناوخاس›.

**فر** / fer ، ـها/: [فرانسوی]/*سم.* فڕ: ۱. فڕۆن؛ فـڕن؛ جـۆرێ کـووڕەی سەربەسـراو ۲. فـڕموو؛ کەرەستەیەکی کانزایی گەرم بۆ چین و دەقدانی قژ ۳. کەرەستەیەکی وەهـا کـە لـە گوڵسـازیدا بەکار دێت ٤. چین و دەق.

▣ **فر دادن/ زدن:** فڕدان؛ لوول‌کردن؛ گرنژاندن؛ بادان؛ تاپان؛ نامەتش؛ لوول کەردەی.

**فرا-** / farā/: *پیشوند.[ادبی]* ۱. بەرەوە ؛ بەرەـ ؛ ڕووەوە ؛ بەربـەژوور؛ ژوورتـر ‹فـراتر: بـەرەوڕوو› ۲. لەـ؛ داـ ؛ لە نێوان‌ ‹فراچنگ؛ فراگیر: لـەچنگ؛ داگر› ۳. ژوورـ ؛ سەرتر ‹فـرابنفش: ژوورەبنـەوش› ٤. دەور؛ دەوراندەور ‹فرابر: دەوروبەر›.

▣ **فـرا خوانـدن:** خواسـتنەوە؛ ڤـەخواندن؛ ڤـەخوەندن؛ بانگێشـتن؛ بانگهێشـتن؛ بانـگ‌کردنـەوە؛ چڕیـەی؛ داوای گەڕانـەوەی کەسێک بۆ شـوێنی کـردن ‹فراخوانـدن سـفیر: خواستنەوەی سەفیر›.

**فرا دادن:** هەڵخستن؛ بـەرەو باریـک ڕاگـرتن ‹گوش فرا دادن: گوێ هەڵخستن›.

**فرا داشتن:** ڕاگرتن؛ چاوەدێری‌کردن ‹گوش فرا داشتن: گوێ ڕاگرتن›.

**فرا رسیدن:** لە ڕێوە هـاتن؛ هـاتن؛ گەیشـتن؛ هاتنـە بـەرەوە؛ گەیشـتنە بـەرەوە؛ یـاوەی وەرەوە؛ یاوا وەرەوەی ‹بهار فرا رسید: بـەهار لـە ڕێوە هات›.

**فرا گـرفتن:** ۱. فێـر بـوون؛ مسـەی؛ هـۆزین؛ مسایش؛ **هەڤۆتن** ‹فراگرفتن رانندگی: فێر بـوونی شۆفێری› ۲. داگرتن؛ ئەرەگێرتەی؛ گێرتـەیرە ‹آب همه جا را فرا گرفت: ئاو دنیای داگرت›.

**فرائض** / farā'ez/: [عربی] ☜ **فرایض**

**فرابار** / farābār/:/*سـم.* ئەو بەشە لە کەش کە لە چاو دەوروبەری پڕتەوژمترە.

**فرابـر** / farābar/:/*سـم.[گیـاەشناسـی]* تویکڵـی دەرەوەی بەر؛ تۆزی گـۆڕدراو و بەرهـەمهاتووی ناوکە کە دیواری میوە پێکدێنی و بڕێکی وشک و ڕەق (وەک هـی گـوێز) و بـڕێکی گۆشـتن و ئاوداره (وەک هی هەڵووژە) دەبێتەوە.

**فـرابنفش** / farābanafš/:/*سـم.[فیزیـک]* ژوور بنەوش؛ سەرتر لە تیشکی بەنەوش و خوارتر لـە تیشکی ئیکس، کە بە چاو نابینرێ: **فوق بـنفش؛ ماورای بنفش؛ فرابنفش**

**فراپوش** / farāpûš/ ☜ **گُلپوش**

**فراتـاب** / farātāb/:/*سـم.* پرۆژیکتـۆر؛ ئـامرازی نیشاندانی فیلم و سلاید.

**فراتجربـی** / farātacrobî, -tacrebî/: [فارسـی/ عربی] *صفت.* ژوورئەزموونی؛ نـەک وەهـا کـە بـە زانستی ئەزموونی تاقی بکرێتەوە (وەک موعجیزە، کەرامەت و...).

**فراتخم** / farātoxm/:/*سم.[گیاەشناسی]* تۆمپۆش؛ پۆشەنی دەرەوەی تۆوی گڕ و گیا.

**فراتر** / farātar/: *صفت.[ادبی]* ۱. سەرتر؛ ژوورتـر؛ بانتر؛ بەرزتر؛ بەرزتەر؛ باڵاتر؛ سەرتەر ‹فراتر از جو: سەرتر لە کـەش› ۲. دوورتـر؛ دوورتـەر؛ دویرتـر ‹فراتر از دسترس: دوورتر لە دەسکەوت›.

**فراحسـی** / farāhessî/: [فارسـی/ عربـی] *صـفت.* ژوورهەسـتی؛ بەدەرلـە هەسـت؛ بـە دوور لـە

دەسەلاتی هەست.

**فراخ** / farāx/: *صفت. [ادبی]* هەراو؛ هەرا؛ گوشاد؛ هیرا: ۱. فەرەھ ؛ فرەھ ؛ مەبەھ ؛ پان؛ فرەوان؛ هەڕ و هەراو؛ پان و بەرین؛ بەربلاو؛ بەردار؛ بەرفرەھ ؛ پەحن ۲. زڕ؛ هەوا؛ ئاواق؛ وڕاق؛ ڤال؛ ولا؛ تاک ‹دهان فراخ: دەمی هەراو›.

**فراخاندیشی** / farāxandîš ، ـها/: *اسم.* بیربازی؛ بیرهەراوی؛ بیربەردایی؛ کار و ڕەوتی بیرکردنەوە بە دوور لە بەرچاوتەنگی و بیرتەسکی بە ڕەچاوکردنی هەموو بەش و لایەنێک. هەروەها: **فراخاندیش**

**فراخنا** / farāxnā ، ـها/: *اسم. [ادبی]* پانایی؛ بەرینی؛ هەراوی.

**فراخوان** / farāxān ، ـها/: *اسم.* بانگهێشت؛ بانگێشت؛ پیووری؛ کار و ڕەوتی بانگکردنی خەڵکی بۆ بەڕێوەبردنی کارێک بە شێوەی داوخواز.

**فراخود** / farāxod/: *اسم. [روانشناسی]* یەکێ لە سێ بەشی زەین لە ڕوانگەی ڕەوانکاویەوە: **منِ برتر**

**فراخور** / farāxor/: *صفت.* شیاو؛ لەبار؛ گونجاو؛ ڕاهاتوو لەگەڵ کەس یان شتێکدا ‹فراخور حال هر کس: شیاوی بار و دۆخی هەر کەسێک›.

**فراخی** / farāxî ، ـها/: *اسم. [ادبی]* ۱. هەراوی؛ بەرینی؛ بەربلاوی؛ هیرایی ۲. گوشادی؛ تاکی.

**فرادست** / farādast ، ـها؛ ـان/: *صفت. [ادبی]* ۱. سەرتر؛ هەڤیاز ۲. بانتر؛ بەرزتر؛ بەرزتەر.

**فرادید**[1] / farādîd/: *اسم.* کار و ڕەوتی دیتنەوە؛ پێدا هاتنەوە.

**فرادید**[2]: *صفت.* ئاشکرا؛ دیار؛ خویا.

**فرار** / farār ، ـها/: [عربی] *اسم.* ڕەڤ؛ هەڕا؛ ڕا؛ فنار؛ ڕەو؛ باز؛ گازە؛ گوزە؛ وا؛ هوونە؛ کار و ڕەوتی هەڵاتن؛ هلاتن؛ هەڵهاتن؛ ڕا کردن؛ ڕەتان؛ دەرچوون؛ دەرچین؛ وایین؛ ڕەڤان؛ تەورین؛ فەلتین؛ بازدان؛ بەرشیەی؛ ڕەمەی؛ ڕەمای: ۱. دوور کەوتنەوەی لە ناکاو و خێرا لە شوێنی مەترسی ۲. دەرچوون لە بەر دەست یان چاوەدێری ‹دو تا از مرغها فرار کردند: دوان لە مریشکەکان دەرچوون› ۳. خۆ لە کار یان دۆخێکی دیاریکراو دزینەوە ‹فرار از خدمت: ڕەو لە خزمەت›. هەروەها: **فرار کردن**

▣ **فرار مغزها:** دیاردە یان ڕەوتی دەرچوونی پسپۆڕان لە دامەزراوە، شار یان (بەتایبەت) ولاتێک.

▣ **فرار را بر قرار ترجیح دادن:** تێتەقاندن؛ پا پیا هاوردن؛ هەڕا کردن؛ هەلاتن؛ دەرچوون.

**فرار** / farrār/: [عربی] *صفت. [شیمی]* هەڵچوو؛ هەڵچووگ؛ هەڵبچۆ؛ بە تایبەتمەندی بوونە هەڵم لە گەرمای ئاساییدا (وەک ئەلکول و ئیتیر).

**فراراً** / farāran/: (!)[عربی] *قید.* بە هەلاتن؛ بە هەڵا؛ بە هەلات؛ هەلات ـ هەلات؛ بە ڕا کردن؛ بەڕەمەی؛ ڕەماینە ‹فراراً خودش را به منزل رساند: بە هەلاتن خۆی گەیاندە ماڵەوە›.

**فرارو** / farārow/: *صفت.* سەرڕۆ؛ بالاچۆ؛ ژوورڕۆ؛ بە ڕۆشتنی بەرەو ژوور ‹باد فرارو: بای سەررو›.

**فرارو** / farārû/: *قید. [ادبی]* لە پێشەڕوو؛ لە پێش؛ لە هەمبەر؛ بەرەوڕوو؛ وەرەنە؛ بەردەم؛ وەرەدەم؛ بەرانبەر ‹مشکلات زیادی را فرارو داشت: گیر و گرفتێکی زۆری لە پێشەڕوو هەبوو›.

**فراروند** / farāravand/ ☜ **فرایند**

**فراری** / farārî ، ـها؛ـان/: [عربی] *صفت.* ۱. هەلاتوو؛ ڕاکردوو؛ وایینی؛ وایەنی ‹زندانی فراری: بەندی هەلاتوو› ۲. *[مجازی]* بێزار؛ وەڕەز؛ جارِز؛ وێرس ‹از مردم فراری است: لە خەلک بێزارە›.

▣ **فراری بودن:** ۱. لە هەلاتندا بوون ‹دو سال از سربازی فراری بود: دوو سال لە سەربازی هەلاتبوو› ۲. *[مجازی]* بێزار بوون؛ وەڕز بوون ‹از کار فراری است: لە کار بێزارە›. هەروەها: **فراری شدن**

**فراری دادن:** دەرکردن: ۱. یارمەتی دان بە کەسێ بۆ دەرچوون ‹زندانی را فراری دادند:

بەندیەکەیان دەرکرد› ۲. ڕەواندنەوە؛ ڕەڤاندن؛ ڕەواندن؛ بوونە هۆی دەرچوونی کەسێ یان شتێک ‹مشتریها را فراری دادی: مشتەریەکانت ڕەواندەوە›.

**فراز** / farāz ، ـها/: *اسم. [ادبی]* ۱. هەوراز؛ هۆراز؛ ئەرفاز؛ ئەرواز؛ ئەڤراز؛ ئەڤرازی؛ ئەڤرا؛ هەڤراز؛ فیناز؛ وەزەی؛ بەرزی؛ بڵندی؛ هەڵ؛ ڕکە؛ بەرزا؛ بەرزایی ‹نَشیب و فراز: هەوراز و نشێو› ۲. سەر؛ بەرزایی؛ بان؛ ژوور ‹فراز بام: سەر بان› ۳. [فرانسوی] ڕستە؛ هەڤۆک.

**فرازا** / farāzā ، ـها/: *اسم. [ادبی]* بەرزایی؛ بڵندایی: ۱. بەرزی؛ گازرە؛ گازارە؛ بەرزی لە چاو دەوروبەر ۲. بەرزایی لە ئاست ڕووبەری دەریاوە.

**فرازاب** / farāzāb/: *اسم.* سەراو؛ بەشی سەروو یان دژ بە بزاوی ئاو. بەرانبەر: **فرودآب**

**فرازاسنج** / farāzāsanc ، ـها/: *اسم.* بەرزایی‌پێو؛ هەورازپێو؛ ئامرازی پێوانی بەرزایی شوێنێک لە ئاستی دەریاوە.

**فرازایاب** / farāzāyāb ، ـها/: *اسم.* هەورازدۆز؛ ئامرازی نیشاندانی بەرزایی شوێنێک لە چاو ئاسۆوە.

**فرازبان** / farāzabān ، ـها/: *اسم.* زمانێ کە بۆ لێدوان لە زمانێکی‌تر بە کار دێت.

**فرازمینی** / farāzamînî/: *صفت.* ژوورزەوینی؛ بە دەر لە زەوی؛ سە ر بە دەرەوەی گۆی زەوی.

**فرازه** / farāze/ ☜ **غشگیر**

**فراساخت** / farāsāxt ، ـها/: *اسم. [زیست‌شناسی]* ئانابولیسم؛ ڕەوتی بەرهەم هێنانی ماکی پێویستی لەشی گیانەوەر لەوەی خواردوویە.

**فراست** / ferāst, farāsat/: [عربی] *اسم.* ۱. وریایی؛ هۆشیاری؛ وشیاری؛ زیرەکی؛ هێژایی؛ بزیوی؛ زیتی ۲. ژیری؛ وردی؛ توانای ناسینی شتێک بە هۆی ڕوالەتیەوە ‹بە فراست مقصودش را از این کار دریافت: بە ژیری زانی مەبەستی لەم کارە چیە›.

**فراسنج** / farāsanc ، ـها/: *اسم.* پێناسە؛ نیشاندەر.

**فراسو** / farāsû/: *قید. [ادبی]* ۱. ئەوبەر؛ ئەولا؛ ئەوپەڕ ‹فراسوی دیوار: ئەوبەری دیوار› ۲. لە پشتەوە؛ پشتەسەر؛ پەشتەسەر ‹فراسوی گفتار دلنشین: لە پشتەوەی قسەی دڵبزوێن›.

**فراش** / farrāš ، ـها؛ ـان/: [عربی] *اسم.* فەڕاش؛ بەردەست؛ سەرایدار؛ پیاوی خزمەتکار.

▣ **فراش پُست**: *[قدیمی]* نامەبەر.

**فراش مدرسه**: خزمەتکاری قوتابخانە؛ خزمەتکارێ کە چاوەدێڕی و پاکەوانی قوتابخانەی لە ئەستۆدایە.

**فراشد** / farāšod/ ☜ **فرایند**

**فراصوت** / farāsowt, -so:t/: [فارسی/عربی] ☜ مافوق صوت، **مافوق**

**فراعنه** / farā'ene/: [عربی] جمعِ ☜ **فِرعَون**

**فراغ** / farāq/: [عربی] *اسم. [ادبی]* ئارخەیانی؛ بێخەموخەیاڵی.

▣ **فراغِ بال**: ڕاحەتی خەیاڵ؛ ئاسوودەیی. هەروەها: **فراغِ خاطر**

**فراغت** / farāqat ، ـها/: [عربی] *اسم.* ئارخەیانی؛ ئەرخەیانی؛ سونکە؛ سۆنکە؛ ئاشەیسە؛ بار و دۆخی بێخەم و خەیاڵ بوون.

▣ **فراغت داشتن**: ئاسوودە بوون؛ ئارخەیان بوون؛ بێخەم و خەیاڵ بوون. تالا

**فراغت یافتن**: لە کۆڵ کەوتن؛ ئاسوودە بوون؛ دەست خاڵی بوون؛ پابوونەوە؛ لە مل بوونەوە.

**فرافکنی** / farāfekanî ، ـها/: *اسم. [روانشناسی]* دۆخی بیر و بۆچوونی خۆ لە سەرووی هەموو شتێکەوە زانین، بەتایبەت تاوانبارکردن و لۆمەی خەڵک بە هۆی ئەو شێوە بیرکردنەوە.

**فراق** / farāq, feraq ، ـها/: [عربی] *اسم. [ادبی]* جودایی؛ جیایی؛ دووری؛ لێکجیایی؛ لێک‌دووری؛ چۆنیەتی دوورکەوتنەوە لە کەس یان شوێنی خۆشەویست.

**فراقانونی** / farāqānûnî /: [فارسی/ معرب از یونانی] *صفت.* ژوورقـانوونی؛ بـه دەر لـه قـانوون؛ بـه تایبەتمەندی یـان دارا بـوونی دەسـەلاتی بـانتر (ژوورتـر) لـه قـانوون ‹سـازمان‌هـای فراقـانونی: ڕێکخراوەگەلی ژوورقانوونی›.

**فراک** / f(e)rāk ، ـهـا/: [فرانسـوی]/*سم.* فـراک؛ جۆرێ کۆتی شۆڕ و ڕەشی پیاوانە کە لە وڵاتانی ڕۆژاوایـی لـه ڕێوڕەسمـی فەرمیـدا لـه بـەری دەکەن.

**فراکسـیون** / ferāksiyon, frāksyon ، ـهـا/: [فرانسوی]/*سم. [سیاست]* فراکسیون؛ تاقم؛ دەستە؛ دەستەبەندیەکی دیـاریکراو لـه نـاو بنکەیـەکی سیاسی لە لایەن تاقمێکی هاوبیرەوە بـۆ بـەڕێوە بردنی بەرنامە یان سەلماندنی ئامانجەکانیان.

**فراکشـند** / farākešand ، ـهـا/: *سم.* هەڵکشـە؛ مەد؛ بەرزترین ڕادەی هەڵکشانی تۆپکڵی زەوی، ڕووبەری ئاو و کەش بە هـۆی هێـزی ڕاکەشـی مانگ و خۆرەوە. بەرانبەر: **فروکشند**

**فراگرد** / farāgard/ ☜ **فرایند**

**فراگشت**/ farāgašt ، ـهـا/: *سم. [ادبی]* گۆڕانکاری؛ هەڵوەگەڕی؛ داگەڕی ‹فراگشت ادبی زبـان کُـردی: گۆڕانکاری وێژەیی زمانی کوردی›.

**فراگیر**[1] / farāgîr ، ـان/: *سم.* خوێندکار؛ کەسـێ کـه خـەریک فێـر بوونـه (وەک قوتـابی یـان بەردەستی کاری پیشەسازی و هونەری).

**فراگیر**[2]: *صفت.* ۱. هەمەلایەنە؛ هەمەلاگر؛ داگـر ۲. بەربڵاو؛ پان و بەرین؛ بەرین ‹تحـولات فراگیـر: گۆڕانکاری بەربڵاو›.

**فراگیـری** / farāgîrî ، ـهـا/: *سم.* ۱. داگـری؛ ڕەژتنەوە؛ بار و دۆخـی هـەموو لا گرتنـەوە؛ لـه هەموو لا ڕاگەیشتن؛ هەموو لا گرتن ‹باید میـزان فراگیری خدمات رفاهی مورد بررسی قـرار گیـرد: دەبـێ ڕێـژەی داگـری ڕاژە ئاسایشـیەکان بخرێتـه بـەر لێکۆڵینەوە› ۲. کار و ڕەوتی فێر بوون ‹مـدتی بـه فراگیری زبـان فرانسـه پرداخـت: ماوەیـەک خـەریکی فێربوونـی زمانی فەڕانسه بوو›.

**فراماسون** / f(e)rāmāson ، ـهـا/: [فرانسوی] *صفت.* فراماسون؛ ئەندامی ڕێخراوەی فراماسونێری.

**فراماسونری** / f(e)rāmāsonerî/: [فرانسوی]/*سم.* فراماسـونێری؛ تـۆڕێکی پـان و بـەرین لـه کۆمەڵەگەلی نهـێنی برایـەتی لـه سەرانسـەری دنیادا کە خۆیان بڕوادار بە هێـزی ژوورئاسـایی، کتێبی ئاسمـانی، ملکـەچی بـۆ قـانوونی وڵات، برایەتی جەهانی، ئازادی بیر و بۆچـوون دەزانـن بـەڵام لـه بـەر ئـەوەی ناوبـانگی شـۆفاریان دەرکردووە، لە زۆربەی وڵاتانی دنیادا بە دزێـوی ناویان لێدەبەن.

**فراملیتـی** / farāmellîyyatî/: [فارسـی/ عربـی] *صفت.* گەلانی؛ چەن‌گەلی؛ چەن‌نەتەوەیی؛ سـەر بە چەند وڵات.

**فراموش** / farāmûš/: *صفت.* لە بیرچوو؛ لـه بـیر کراو؛ لە بیر نەماو؛ لە بیرەو چووگ؛ فەرامۆش.

▣ **فراموش شدن**: لە بیرکران/ چوون؛ فەرامۆش بوون؛ لە هۆش چـوون؛ کـۆرەوە بـوون؛ ژبـیر چوون؛ لە یـاد (دەر)چـوون/ چوونـەوە؛ ژبـیر ڤەچوون؛ ژبیرکەتن؛ هۆشەوە شیەی.

**فراموش کردن**: لە بیر بردن؛ لە بیرەو چوون/ بردن؛ فەرامۆش‌کردن؛ ویر شیەیوە.

**فراموشـکار** / farāmûškār ، ـهـا؛ ـان/: *صفت.* فەرامۆشکار؛ ژبیرکەر؛ بێبیر؛ بێهۆش؛ کەم بـیر و هـۆش؛ بەتایبەتمەنـدی لـه بـیر چـوونی پەیتاپەیتا. هەروەها: **فراموشکاری**

**فراموش نشدنی** / farāmûšnašodanî/: *صفت.* لە بیر نەکردنی؛ هەمیشە لە بیر؛ بە تایبەتمەنی لـه بیر مان بە هۆی گرنگ بوونی زۆرەوە.

**فراموشـی** / farāmûšî ، ـهـا/: *سم.* فەرامۆشـی؛ ژبیرکـەری؛ دۆخـی شـت لـه بـیر چـوون؛ لـێنـەهاتوویی لـه وەبـیر هێنانـەوەی ڕووداو و ئەزموونگەلی ڕابردوو.

▣ **فراموشـی آوردن**: ۱. تووشـیاری نەخۆشـی

فەرامۆشی بوون ۲. هۆی فەرامۆشی بوون.
**به فراموشی سپردن:** لە بیرکردن؛ لە بیرەو بردن؛ لە بیر خۆ بردنەوە؛ بە ئانقەست فەرامۆش‌کردن ‹دەواهای گذشته را به فراموشی سپردند و با هم کاری را شروع کردند: شەڕ و ناکۆکی ڕابردوویان لە بیر کرد و پێکەوە کارێکیان دەست پێ‌کرد›.

**فرامین** / farāmîn/: [معرب از فارسی] جمعِ ☜ **فرمان**

**فرانسوی**[1] / farānsavî/: [فرانسوی]/سم. فەڕانسەوی: ۱. /ـها؛ ـان/ خەڵکی فەڕانسە ۲. زمانی ئەو خەڵکە، لە زمانگەلی هێندوئوروپایی.

**فرانسوی**[2]: صفت. فەڕانسەوی؛ سەر بە فەرانسە ‹غذای فرانسوی: چێشتی فەرانسەوی›.

**فرانسیسکن** / f(e)rānsîskan/: [فرانسوی] ☜ **فرانسیسی**

**فرانسیسی**[1] / f(e)rānsîsî/: [فرانسوی]/سم. فرانسیسی؛ لقێک لە ڕەبانی مەسیحی کاتولیک کە بە دەستی فرانچسکۆی ئاسیسی دامەزرا: **فرانسیسکَن**

**فرانسیسی**[2]: صفت. فرانسیسی؛ سەر بە لقی فرانسیس.

**فرانسیم** / f(e)rānsiyom/: [فرانسوی]/سم. فرانسیۆم؛ توخمی کیمیایی کانزایی ڕادیۆئەکتیو بە ژمارەی ئەتومی ۸۷ کە بە شێوەی دەسکرد و بۆ بوردمانی توریۆم بەرهەم دێ.

**فرانشیز** / f(e)rānšîz ، ـها/: [فرانسوی]/سم. بەشێ لە خەرج (وەک پارەی دەرمان) کە بە پێی هەل‌ومەرجی بیمەنامە، بە ئەستۆی بیمەدەرە.

**فرانک** / f(e)rānk/: [فرانسوی]/سم. فرانک؛ پارەی ولاتانی فەڕانسە، بلژیک (پێش یورۆ)، سویس و چەند ولاتی ئەفریقی؛ بەردەستی پێشووی فەڕانسە.

**فراوان** / farāvān/: صفت. زۆر؛ زەبەند؛ فرە؛ فەرە؛ فراوان؛ فریە؛ مشەمەر؛ چەڵ ــ چەڵ؛ کواکوو؛ بە چەندێتی زیاتر لە ڕادەی ئاسایی.

**فراوانی** / farāvānî ، ـها/: /سم. زۆری؛ فرەیی؛ فرەهی؛ لەبەونی: ۱. فراوانی؛ مشەمەری ۲. [آمار] دووپاتە بوونەوەی دیاردەیێ ‹فراوانی باران: زۆری باران›.

▣ **فراوانی مطلق:** زیاتر دەرکەوتنی دیاردەیەک لە چاو هەموو دیاردەکانی‌تر.

**فراوانی نسبی:** زیاتر دەرکەوتنی دیاردەیەک لە چاو دیاردەیەکی‌تر.

**فراورده** / farāvarde ، ـها/: /سم. بەرهەم؛ داهات؛ هاورد؛ بەروبۆ؛ ئەوەی کە بەرهەم هاتووە.

▣ **فرآوردەی صنعتی:** بەرهەمی پیشەسازی؛ ئەوی بە کاری پیشەسازیەوە دروست بووە.

هەروەها: **فرآوردەی کشاورزی**

**فراهم**[1] / farāham/: /سم. [گیاەشناسی] بازنە؛ ئالقەیەک لە بەشگەلی هاوچەشن (وەک گول) لە دەرەوەی لاسک یان لقێکدا.

**فراهم**[2]: صفت. ۱. بەرهەم؛ بەرهەف؛ فەرهەم؛ بەرهەمهاتوو؛ فەراهەم؛ وەبەرهاتوو؛ ئامادە؛ تەیار؛ ئابوور؛ دابین ۲. کۆوەبوو؛ کۆمەڵکراو؛ خڕبوو؛ سەریەک‌خراو؛ لەسەریەک‌نراو.

▣ **فراهم آمدن:** [نامتداول] کۆوە بوون؛ کۆمەڵ بوون؛ خڕ بوون؛ بەرگهین؛ بەرهەف هاتن؛ گلێر بیەیوە.

**فراهم آوردن:** نانە یەکەوە؛ ڤەهەواندن؛ کۆ/خڕکردنەوە؛ گلێرکەردەیوە؛ لێک کۆکردنەوە؛ هەو خستن؛ وەرەی ئامایش؛ بەرهەفکرن؛ بەرگهاندن.

**فراهم شدن:** جۆر بوون؛ تەیار بوون؛ ئابووران؛ بەرهەم هاتن؛ پێکهاتن؛ ساز بوون؛ ئەیڤەزین ‹پول مورد نیاز فراهم شد: پارەی پێویست جۆر بوو›.

**فراهم کردن:** سازکردن؛ جۆرکردن؛ ئابوور کرن؛ پێکهێنانی کار؛ بەرهەفکرن؛

ئەیڤەزاندن؛ پێکنان؛ نانە یەکەوە؛ نیای وریو؛ ڕێک وسەی ‹هر طور بود سرپناهی فراهم کردند: هەر چۆنێک بوو کولێنێکیان ساز کرد›.

**فراهمایی** / farāhamāyî ، ـهـا/: /سم. کۆڕ: ۱. وتاربێژی ڕەسمی لە لایەن چەن کەسەوە یان بۆ ماوەیەک، لەمەڕ بابەت یا بابەتگەلێکی دیاریکراوەوە ۲. شوێنی بەڕێوە چوونی ئاوا وتاردانێک.

**فرایض** / farāyez/: [عربی] جمعِ ☜ **فریضه: فرائض**

**فرایند** / farāyand ، ـهـا/: /سم. ڕەوت؛ گەڕانە؛ ڕەوتانە: ۱. دیاردەیەکی ئاسایی کە گۆڕانکاریەکانی بەرەو ئاکامێکی دیاریکراو دەڕوا و بەوە کۆتایی دێت ۲. زنجیرە چالاکی و کردارگەلێ بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو: **فراروند؛ فراگرد؛ فراشد**

**فرئون** / f(e)re'on/: [فرانسوی]/سم. فرێئۆن؛ ناوی بازرگانی دەستەیەک هیدرۆکەربونی هالۆژیندار (پتر لە دارستەی میتان) بە یەک یان چەن ئەتومی فلۆئوورەوە کە لە دەزگاگەلی سەرماسازدا بە کار دێت.

**فربه** / farābe(h) ، ـها؛ ـان/: صفت. [ادبی] چاخ: ۱. گۆشتن؛ گۆشتین؛ گۆشتێن؛ تێرگوشت؛ پڕگۆشت؛ بگۆشت؛ قەلەو؛ قەلەڤ؛ کۆلارە؛ هەملک؛ سێروونی ؛ چاخچڵ؛ مەس؛ گلوول؛ پاسۆتی؛ تێردۆن؛ بەزدار؛ تێربەز؛ چەوور ۲. [ادبی] ساق؛ ساخ؛ ساغ؛ لەشساغ. هەروەها: **فربه بودن؛ فربه شدن؛ فربه کردن**

**فربهی** / farbehî/: /سم. ۱. چاخی؛ قەلەوی ۲. [ادبی] ساقی؛ ساخی؛ ساغی.

**فرتن** / fortran/: [انگلیسی]/سم. فورترەن؛ یەکێ لە زمانگەلی بەرنامەنووسی کەمپیوتەر: **فُورترن**

**فرت ـ فرت** / fertfert/: صوت. مشەمش؛ مشە؛ دەنگێ کە لە کاتی ئەنجامدانی کارێکدا لە لووتەوە دەردێ ‹هەماش داشت فرت‌فرت می‌کرد: هەر مشەمشی دەهات/ دەکرد›.

**فرتوت** / fartût/: صفت. [ادبی] فەرتووس؛ فەڕتووت؛ پەکەوتە؛ پەکەوتوو: ۱. /ـها؛ ـان/ زورهان؛ ڕەندۆڵ؛ ڕەندول؛ لاکەوتە؛ هەریمەندش ‹پیر فرتوت: پیری زورهان› ۲. [نامتداول] لەکارتە؛ پرتۆک؛ ڕزیو؛ ڕندۆڵ؛ تیتلە؛ لە کار کەوتوو.

**فرتوتی** / fartûtî/: /سم. زورهانی؛ فەرتووتی.

**فرج** / farac/: [عربی]/سم. ڕۆشنایی؛ گوشادی؛ فردقی؛ فەرحانی ‹صبر کن! شاید فرجی بشود: سەبر کە! ئەوخوایە ڕۆشناییەک بکرێتەوە›.

**فرج** / farc ، ـها/: [عربی]/سم. ۱. [ادبی] پز؛ قوز؛ کوز؛ کوسی؛ کوس؛ کس؛ قرچک؛ شەرمگا؛ شەرمگە؛ شەرمی ژن ۲. زهێ؛ زەها؛ زێ؛ خەمشە؛ بۆچ؛ سیت؛ هووله مال؛ مالە؛ ئەندامی زاوزێی گوانداری مێینە.

**فرج** / forac/: [عربی] جمعِ ☜ **فرجه**

**فرجام** / farcām/: /سم. ۱. ئاکام؛ سەرئەنجام؛ دوایی؛ دمایێ؛ پەڕتاڵ؛ پرتۆڵ؛ چەخەر؛ هەدەرەش؛ شەوت؛ دویماهیک؛ ئاخری هەر کارێ ‹خوش فرجام: خۆش ئاکام› ۲. [حقوق] دواپێدا چوونەوە؛ ئاخر پێدا هاتنەوەی حوکمی دەرکراو لە دادگای لێکۆڵینەوەدا.

▣ **فرجام خواستن**: داوای لێکۆڵێنەوەکردن بۆ ئاخرجار لە دادگادا.

**فرجام یافتن**: تەواو بوون؛ بڕانەوە؛ دوایی هاتن؛ دمەین ئامەی؛ قەدان؛ هەرادیای؛ تەمامیەی.

**فرجام‌شناسی**/ farcāmšenāsî/: /سم. ئاکام‌ناسی: ۱. ئاموژەیێک کە دیاردە بەبۆنەی هۆکارەکەیەوە ڕوون دەکاتەوە ۲. ئاموژەیێ کە سروشت و ڕەوتە سروشتیەکان وەکوو ئامانجێکی لە پێش دیاریکراو دادەنێت * **غایت‌شناسی**

**فرجه** / force ، ـها/: [عربی]/سم. ۱. / فُرَج/ تلیش؛ قلش؛ قەلش؛ قەلشت؛ درز؛ دەرز؛ تڕەکە؛ مەودا یان هەڕۆڵی نێوان دوو لێوارە ۲. دەرفەت؛ هەل؛

مۆڵەت ‹ده روز فرچه بدهید تا پولتان را پس بدهم: ده رۆژم دەرفەت بدەن تا پارەکەتان بدەمەوە› ۳. *[ریاضی]* کونجی بەینی دوو پەڕە.

**فرچه** / ferče ، ـها/: [ترکی]/سم. فلچه؛ فرچه؛ بەتارە؛ گزکچە؛ گزکەچە؛ بەفش؛ کەرەستەیەک بە چەپکێ ڕیشاڵە و دەسکێکی بچووکەوە بۆ پێداساوین یان گزگ دان ‹فرچەی ریش‌تراشی: فلچەی ڕیش‌تاشین›.

**فرح** / farah/: [عربی]/سم. *[ادبی]* شادی؛ شادومانی؛ شادمانی؛ دڵخۆشی؛ دلخوەشی؛ شایی.

**فرح‌افزا** / farahafzā/: [عربی/ فارسی] *صفت.* گەشێنەر؛ گەش‌کەر؛ ڕشادی.

**فرح‌انگیز** / farahangîz/: [عربی/ فارسی] *صفت.* شادی‌هێن؛ شادی و خۆشی بزوێن.

**فرحبخش** / farahbaxš/: [عربی/ فارسی] *صفت.* شادی‌دەر.

**فرحزا** / farahzā/: [عربی/ فارسی] *صفت.* وەدیهێنەری شادی.

**فرخ** / farx/ ☜ **سوف‌ماهی**

**فرخ** / farrox/: *صفت. [ادبی]* بە ودم؛ فەڕدار؛ پیرۆز؛ مبارەک؛ ممبارەک؛ فەرخ؛ هەزەخ.

**فرخندگی** / farxondegî/: /سم. پیرۆزی؛ مبارەکی؛ بەودمی؛ هەزەخی.

**فرخنده** / farxonde/: *صفت.* بەودم؛ پیرۆز؛ هەزەخ؛ بەفەڕ؛ مبارەک؛ هومایون ‹جشن فرخنده: جەژنی بەودم›.

**فرخی** / farroxî/: /سم. *[ادبی]* پیرۆزی؛ هەزەخی؛ مبارەکی؛ ممبارەکی.

**فرد**[1] / fard/: [عربی]/سم. تاک: ۱. / افراد/ کەس؛ تا؛ تەن؛ یۆ؛ مرۆڤ بێ‌ڕەچاوکردنی تایبەتمەندیەکانی ‹هر فرد بالغ حق دارد مستقل زندگی کند: هەر کەسێکی پێگەیشتوو مافی ژیانی سەربەخۆی هەیە› ۲. *[ادبی]* فەرد؛ شیعرێ کە تەنیا تاقە بەیتێکە ۳. / افراد/ *[زیست شناسی]* تا؛ تەن؛ یۆ؛ هەر کام لە ئەندامانی کۆمەڵێک ٤. *[نجوم]* ئەستێرەیەکی ڕووناک لە کەلووی ئاوماردا.

**فرد**[2]: *صفت.* تاک؛ تاق: ۱. تاکانە؛ بێ‌هاوتا؛ تاقانە ۲. ژمارەیەک کە نەبێتە دوو بەشی بەرامبەری ساقەوە؛ بەرامبەر جووت.

▣ **فرد اعلی**: بێ‌هاوتا؛ تاکانە؛ بێ‌هاومال لە چاکیدا ‹ گز فرداعلی: گەزی بێ‌هاوتا›.

**فردا**[1] / fardā/:/سم. بەیانی؛ سبەی؛ سەبەی؛ سوبێ؛ سوبە؛ سبەینێ؛ سبەونە؛ سبێ؛ سبە؛ سبیانێ؛ سوبیانێ؛ سبحەی؛ سحا؛ سۆح؛ سۆحا؛ سبحا؛ سبحە؛ سبحەینێ؛ سۆ؛ سو؛ سوو؛ سووا؛ سەوا؛ سوبا؛ سارە؛ سەبا؛ سوە؛ سوەی؛ سۆیە؛ سوب؛ سۆزی؛ سەیزوو؛ مەشت؛ مەشتە؛ مەشتی؛ مەشیت؛ مەست؛ مەستە؛ سینەو؛ ڕۆژی دوایی: ۱. ڕۆژی پاش ئەمڕۆ ‹فردا روز دیگری است: بەیانی ڕۆژێکی دیکەیە› ۲. دوا؛ ڕۆژی پاش ڕووداوێک ‹فردای عروسی: سوحای زەماوەن› ۳. /ـها/ *[مجازی]* داهاتوو ‹باید به فکر فردا هم بود: دەبێ سبەیشمان لە بیر بێ›.

**فردا**[2]: *قید.* بەیانی؛ سۆزی؛ سبەینێ؛ سوا؛ سبە؛ سۆحا؛ سەبەی؛ سوەی؛ مەشتە؛ مەستە؛ سەوا؛ سینە: ۱. لە ڕۆژی دوای ئەمڕۆدا ‹فردا با هم می‌رویم گردش: بەیانی پێکەوە ئەڕۆین بۆ سەیران› ۲. لە کاتی داهاتوودا ‹اگر فردا پشیمان شوی و بخواهی برگردی، فایده ندارد: ئەگەر سۆزی پەشیمان بیەوە و بتەوێ بگەڕێیتەوە، کەڵکی نیە›.

**فرداشب**[1] / fardāšab/:/سم. سبەی‌شەو؛ سۆزی‌شەو؛ سەبەی‌شەوێ؛ سەوای‌شەوێ؛ شۆڤیتر؛ شەوێ دوای ئەمشەو ‹فرداشب، شب دوشنبه است: سبەی شەو، شەوی دووشەمبەیە›.

**فرداشب**[2]: *قید.* سۆزی‌شەو؛ سبەی‌شەو؛ سەبەی شەوێ؛ لە شەوی دوای ئەمشەودا ‹فرداشب برمی‌گردد: سۆزی‌شەو دێتەوە›.

**فردأفرد** / fardanfard/: [عربی] *قید.* یەک بەیەک؛

ئێک- ئێک؛ یەکە بە یەکە؛ کەس‌بەکەس؛ یۆ-یۆ؛ یوە-یوە؛ یەکە-یەکە؛ تاکە-تاکە؛ تەک‌بە‌تەک؛ دانەبەدانە ‹فردأفرد مورد بازرسی قرار گرفتند: یەک‌بەیەک سەنگ و سۆژن کران›.

**فردسم** / fardsom ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] *صفت.* یەکسم؛ یەکسمە؛ بەشی لە چوارپێیان (وەک ئەسپ و کەر) کە سمیان یەک تیکەیە.

**فردگرا** / fardgerā ، ـها؛ ـیان/: [عربی/ فارسی] *صفت.* تاکەخواز؛ تاکواز؛ خاوەنی خۆ یان هۆگری تاکەخوازی.

**فردگرایی** / fardgarāyî/: [عربی/ فارسی]/*سم.* تاکەخوازی؛ تاکوازی: ۱. ئاموژەیێ کە قازانجی تاکەکەس و کۆمەڵگا بەرامبەر دەزانێ و ڕێگای بەخت بوونی تاک بۆ کۆمەڵ نادا ۲. ئاموژەیێ کە تاکەکەس بە سەرچاوکەی هەموو بایەخ، ماف و ئەرکێک دەناسێ ۳. ئاموژەیێ کە بۆ تاکەکەس، سەربەخۆیی ڕامیاری و ئابووری و بۆ داهێنان و قازانج و کردەوەکانی بایەخێکی زۆر دادەنێ ❋ **اصالت فرد** ٤. واز لە کار و بڕیاری تاکەکەسی بەبێ هاوکاری و هاوبیری.

**فردوس** / fedows, ferdo:s/: [معرب از فارسی] *اسم. [ادبی]* بەهەشت؛ بەهشت؛ بوهشت؛ بهەشت؛ فردەوس؛ فیردەوس.

**فردی**[1] / fardî/: [عربی] *صفت.* تاکەکەسی: ۱. کەسی؛ فەردی؛ سەر بە تاک یان پێوەندیدار بە تاکەوە ۲. تەنیا ‹این نتیجەی اقدام فردی است: ئەمە ئاکامی کاری تاکەکەسیە›

**فردی**[2]: *قید.* بە تەنێ؛ تەنیایی؛ تاکەکەسی؛ تەنیابالی؛ تەنیا؛ بە تاک؛ بۆ خۆ ‹فردی عمل کردم: بە تەنێ کارم کرد›.

**فردیت** / fardîyyat/: [عربی]/*سم.* تاکێتی؛ تاکیەتی.

**فرز** / ferz ، ـها/: *صفت. [گفتاری]* کرژ؛ توند؛ گورج؛ فرز؛ فێرز؛ لەش‌سووک؛ چوست؛ چست؛ تاشک؛ لۆپت؛ لۆبت؛ گوربز؛ گورجوگۆل؛ کرژ و کۆل ‹آزاد واقعاً فرز است: ئازاد بەڕاستی کرژە›.

**فرز** / f(e)rez ، ـها/: [فرانسوی]/*سم.* فرێز؛ جۆرێک ماشینی بڕین و تاشینی ئامێرگەلی کانزایی.

**فرزان** / farzān/: [از کردی]/*سم. [نامتداول]* فەلسەفە؛ حیکمەت.

**فرزانگی** / farzānegî/: [از کردی]/*سم.* مژیوەری؛ ژیری.

**فرزانه**[1] / farzāne ، ـها؛ ـگان/: [از کردی]/*سم.* ۱. *[ادبی]* کەسێ کە خاوەنی هۆش و عەقل و زانستی باشە ۲. حەکیم؛ فیلەسووف ‹فرزانەی نیشابور: ژیری نەیشابور›.

**فرزانه**[2]: *صفت.* ژیر؛ مژیور؛ چاوکراوە؛ لە دنیا زان؛ تێگەیشتوو؛ ئاوەزمەند؛ فرە زانا.

**فرزکاری** / f(e)rezkārî ، ـها/: [فرانسوی/ فارسی] *اسم.* فرێزکاری؛ ڕەوتی کارکردن بە ماشینی فرێز. هەروەها: **فرزکار**

**فرزند** / farzand ، ـها؛ ـان/: *اسم.* ڕۆلە؛ ڕوولە؛ چێلە؛ بێچوو؛ فرزەند؛ لامی؛ منال؛ منداڵ؛ مەندال؛ ئەولاد؛ شاخە؛ زارۆ؛ زاڕۆ؛ زارو؛ زارۆلە؛ زاولە؛ زا؛ زار؛ زادە: ۱. بێچووی کەسێک ۲. ئەوەی لە دایک و باوکێکەوە دەبێ ۳. *[مجازی]* لە دایک بووی شوێنێک ‹فرزند شاهو: ڕۆلەی شاهۆ›.

**فرزندخواندگی** / farzandxāndegî/: *اسم.* زرمندالی؛ گۆزەیی ‹او را به فرزندخواندگی پذیرفت: بە زرمندالی خۆی وەریگرت›.

**فرزندخوانده** / farzandxānde ، ـها؛ ـگان/: *اسم.* زرمندال؛ یەخەکێشیاگ؛ کەسێ کە لە لایەن ژن و پیاوێکەوە بە منداڵی وەرگیراوە.

**فرزندسالاری** / farzandsālārî/: *اسم.* زارۆمەزنی؛ منداڵسالاری: ۱. بەدەم منداڵەوەدانی زۆر و ناڕەوا لە لایەن دایک و باوکەوە ۲. بار و دۆخی کۆمەڵگای وا کە دەبیتە هۆی سەربزێوی منداڵان.

**فرزندی**[1] / farzandî/: *اسم.* منداڵی؛ منالی؛

زاوڵەیی؛ زارۆیی؛ بار یان دۆخی منداڵ بوون ‹بە فرزندی پذیرفتن: بە منداڵی وەرگرتن›.

**فرزندی**[۲]: *صفت.* منداڵی؛ لەمەڕ منداڵەوە ‹مهر فرزندی: خۆشەویستی منداڵی›.

**فرزی** / ferzî/: *اسم.* گورجی؛ کرژی؛ تاشکی؛ گوربزی؛ گورج‌وگۆڵی؛ کرژ و کۆڵی؛ لۆپتی؛ لۆبتی؛ توندی؛ فرزی؛ لەش‌سووکی.

**فرزین** / farzîn/: *اسم.* فەرز؛ فەرزین؛ وەزیری مۆرەی شەترەنج.

**ـ فرسا** / farsā/: *پیوازە.* ـ پرووکێن؛ ـ داوەشێن؛ ـداڕزێن؛ ـدافەتێن ‹جان‌فرسا: گیان‌پرووکین›.

**فرساب** / farsāb/: *اسم. [زمین‌شناسی]* ڕەوتی ساویانەوە؛ لووس بوونی ڕووی بەفرەچاڵ یان بەردی چۆم بە هۆی بزاوی ئاوەوە.

**فرس‌اعظم** / farasea'zam/: [عربی] *اسم.* کەلوویەکی گەورەی ئاسمانی لە ئاسمانی لەتەگۆی باکووریدا.

**فرسایش** / farsāyeš/: *اسم.* ۱. کار و ڕەوتی پرتووکان؛ پۆزنکان؛ داڕزان؛ داوەشان؛ پوان؛ پووکان ۲. *ل‌ها/ [زمین‌شناسی]* چۆنیەتی گۆڕانی بیچمی تۆپکلی زەوی بە هۆی با و باران و سەرما و گەرماوە.

**فرسایشی** / farsāyešî/: *صفت.* داڕزێنانە؛ تایبەتمەندی وردەـوردە لە بەرێکەوە پرتووکان.

**فرساینده**/ farsāyande ، ـها؛ ـگان/: *صفت.* پوێنەر؛ پووکێنەر؛ پرتووکێنەر؛ داڕزێنەر؛ داوەشێنەر ‹کار فرساینده: کاری پوێنەر›.

**فرسپس** / forseps ، ـها/: [فرانسوی/ انگلیسی] *اسم. [پزشکی]* پێگر؛ ئامرازێ وەکوو پەنس یان ئامووردەستی بۆ گرتن یان ڕاگرتن، بەتایبەت لە برینگەریدا.

**فرستادن** / ferestādan/: *مصدر. متعدی.* //**فرستادی**: ناردت؛ **می‌فرستی**: دەنێری؛ **بفرست**: بنێرە// ناردن؛ بەڕێ‌کردن؛ شاندن؛ شەهاندن؛ هنارتن؛ هەناردن؛ ڕەوانەکردن؛ کل کردن؛ ڕەوان؛ کیاستەی؛ کیاستن؛ کیانای؛ سانەی؛ کیاسەی. هەروەها: **فرستادنی**

■ صفت فاعلی: **فرستنده** (ـــ)/ صفت مفعولی: **فرستاده** (ناردراو)/ مصدر منفی: **نفرستادن** (نەناردن)

**فرستاده** / ferestāde ، ـها؛ ـگان/: *اسم.* ڕاسپارده؛ ڕاسپاره؛ ڕاسپێراو: ۱. ناردراو؛ نێردراو؛ بەڕێ‌کراو؛ ڕەوانەکراو؛ نارياگ؛ هنارتی؛ فرستاده؛ هەناردوو؛ هەناردی؛ هەناری؛ کەسێ کە بۆ ئەنجامدانی کارێک بەتایبەت وتوویژ لە لایەن دامەزراوەیەکەوە بۆ شوێنێک دەنێردرێت ۲. سەفیر؛ بالوێز.

**فرستنده** / ferestande ، ـها/: *اسم.* بنێر؛ دەزگایەک کە بە کەڵک وەرگرتن لە شەپۆلی ئلیکترومیغناتیسی، دەنگ یان دیمەنی لەبار بۆ گرتن، بلاو دەکاتەوە.

▣ **فرستنده‌ی تلویزیونی**: دەزگایێ کە دەنگ و ڕەنگ بە شێوەی شەپۆلی ئلیکترۆمیغناتیسی دەنێرێتە سەر وەرگری تەلەڤیزیۆنیەوە.

**فرستنده‌ی رادیویی**: دەزگایێ کە هەواڵ یان بەرنامەی ڕادیۆیی بە شێوەی شەپۆلی ئلیکترۆمیغناتیسی دەنێرێتە سەر وەرگری ڕادیۆییەوە.

**فرسخ** / farsax ، ـها/: [معرب از فارسی] *اسم.* فرسەخ؛ فرسەق؛ فرسەنگ؛ مەودایەکی مێژینەی ڕێگایە بەرانبەر بە شەش کیلۆمیتر.

**فرسک** / f(e)resk ، ـها/: [؟] *اسم.* نەخشەدیوار؛ نیگارکێشی سەر دیوار.

**فرس‌ماژور** / forsmājûr/: [؟] *اسم.* زەبر و زەنگ؛ گوشار؛ تەوژم.

**فرسنگ** / farsang ، ـها/: *اسم. [ادبی]* فرسەخ؛ فرسەنگ.

**فرسودگی** / farsûdegî ، ـها/: *اسم.* کروچی؛ سواوی؛ پواوی؛ داڕزاوی؛ کۆنەیی؛ کۆنەیی؛ لەکارکەوتەیی.

**فرسودن** / farsûdan/: *مصدر. لازم. متعدی*

//**فرسودی**: سـوای؛ **می‌فرسـایی**: دەسـوی؛ **بفرسـا**: بسوو// □*لازم.* ۱. سوان؛ پوان؛ داڕزان؛ کرووچان؛ کرچیان؛ کرمنشین؛ فەتان؛ دافەتان؛ دافـەتیان؛ پۆزنکان؛ داوەشان؛ داوەشیان؛ قنانەوە؛ (دا)قنان؛ پچکان؛ پرووسکان؛ ڕێزایرە؛ ئەرەڕێزەی؛ وریایرە؛ شـنیایرە؛ ژەفکـەتن؛ بـە هـۆی کـاری زۆر و دژوارەوە لە کارکەوتن ۲. پڕوسـکان؛ بـە هـۆی تەوژمی جەسـتەیی و ڕۆحیـەوە، هێـز و گـوڕ و گەشـەی خـۆ لـە دەسـتدان ۳. پڕووسـکان؛ داقنان؛ بە هۆی کارکردنی زۆر یان هۆکارگـەلی لە پەستا، نژم و دۆخی ئاسایی خـۆ لـە دەسـت دان □*متعدی.* ٤. کەس یـان شـتێک بـە هـۆی کاری زۆر و دژوارەوە لە کار خستن ٥. بە هـۆی تـەوژمی جەسـتەیی و ڕۆحیـەوە کەسـێک لـە نەشەوگەشە خستن ٦. پەلەخاندن؛ بـە کەلـک وەرگرتن لە هۆکارگەلی لەپەستا، نـژم و دۆخـی ئاسایی شتێک نەهێشتن. هەروەها: **فرسودنی**

■ صـفت فـاعلی: **فرسـاینده** (ـــ)/ صـفت مفعـولی: **فرسوده** (سواو)/ مصدر منفی: **نفرسودن** (نەسوان)

**فرسوده** / farsûde ، ـها/: *صفت.* ۱. سواو؛ کرووچ؛ کڕووز؛ کڕووزە؛ پەڕپووت؛ پاسـفندە؛ کەرخـەپ؛ ڕووزە؛ ڕووزەڵە؛ پوترگە؛ چلیس‌کسە؛ قەشـیای؛ لەکارکەوتوو بە هۆی کاری زۆر دژوارەوە ۲. شـڕ و شیتاڵ؛ شڕ و شیواڵ؛ ڕووزە؛ ڕووزەڵە؛ سست و داپڵۆخاو بە هۆی وە بەر هێز و گوشـارِ کـەوتنی لەپەستا ۳. بێنەشە و گەشە بە هـۆی گوشـاری جەسـتەیی یان دەروونی بەردەوامەوە. هەروەها: **فرسوده بودن؛ فرسوده شدن؛ فرسوده کردن**

**فرش** / farš ، ـها/: [عربی]/*سم.* فەرش: ۱. ڕایەخ؛ گەوە؛ چنراو یان تەنراوی تایبەت بۆ ڕاخستن ۲. تـەختپـۆش؛ ئـەوەی تـەختی شـوێنێکی پـێ دادەپۆشن (وەک: بەرد، سـیمان، مووزاییـک و...) ۳. ☜ **قالی**

▣ **فرش ماشینی**: قالی ماشینی.

▣ **فـرش انـداختن**: قالـی ڕاخسـتن؛ فـەرش داخستن؛ قالیەرە وسەی؛ قالی یاوایرە.

**فرش کردن**: ڕاپۆشین؛ فەرش‌کـردن؛ شـوێنێ بە فەرش داپۆشین.

**فرش** / forš ، ـها/: *سم.* لم؛ لمت؛ خاکەبـەردێک وردتر لە خیز و درشتتر لە خۆڵ (وردتر لە ۰،۰۳ میلی‌میتر) کە لە بەستێنی چۆم، گـۆم و زەریـادا دەنیشێ.

**فرشباف** / faršbāf/: [عربی/ فارسی] ☜ **قالیباف**

**فرشبافی**/ faršbāfî/: [عربی/ فارسی] ☜ **قالیبافی**

**فرشته** / ferešte ، ـها؛ ـگان/: *سم.* پـەری؛ فرشـتە؛ فریشته: ۱. *[دین]* بوونەوەرێکی ئاسمانی کە هێز و عەقڵی زۆرتر لە مرۆیە و گوناشـی پـێ نـاکرێ ۲. *[مجـازی]* مـرۆی خـوێنشـیرین و بـاش ۳. *[مجازی]* زەری؛ کچی جوان و بێکەمایەسی.

**فرش‌فروشی** / faršforûšî/: [عربی/ فارسی] ☜ **قالی‌فروشی**

**فرشـینه** / faršîne ، ـها/: [عربـی/ فارسـی]/*سم.* ۱. فەرش‌ئاسا؛ ژێرڕاخەر؛ لە سەر دارقالی تـەنراو (وەک: بەڕە، سوجادە و...) ۲. موکیت.

**فرصـت** / forsat ، ـها/: [عربـی]/*سم.* دەرفـەت؛ هەل؛ هەڤـراز؛ هوڵـل؛ فرسـەت؛ قانـگ؛ کـێس؛ کیس؛ کەیس؛ فەرسەند؛ پەردێژ؛ هـۆ؛ هـەڕەت؛ ئەختان؛ قیس؛ چـەل؛ دەلـف؛ دەلیڤـە؛ وچـان؛ لـیڤ؛ بـواره؛ مـەزال؛ بـیڤ؛ سـۆنکه؛ سـۆنگه؛ هەلـکەوت؛ ورنـەک؛ بـاو؛ ڕاو؛ ئـەوڕاو؛ دەرب؛ هەرات: ۱. ماوەیێ کە بـۆ کـەس یـان کارێـک تەرخان دەکرێ ‹تا انتخابات ده روز فرصت باقیسـت: بۆ هەڵبژاردن دە ڕۆژ دەرفەت ماوە› ۲. قـان؛ قـام؛ قاف؛ گورد؛ پلـە؛ پـەرژ؛ کـەلێن؛ کـاتی گونجـاو ‹امروز فرصت خوبی بـرای اسـتراحت اسـت: ئـەوڕۆ بـۆ حەسانەوە هەلێکی باشە›.

▣ **فرصت پیدا کردن** ☜ **فرصت کردن/ یافتن**

**فرصـت دادن**: دەرفـەت دان؛ دوڤ بـەردان؛ ماوە پێدان ‹باید به او فرصت داد تـا آمـاده شـود: دەبێ دەرفەتـی بدرێتێ تا ساز ببێ›.

فرصت داشتن: پەرژان؛ پەرژین؛ پەردەژیان؛ پەریژیان؛ پەردەچیەی؛ پەردەچیای ‹فرصت ندارم: نامپەرژی›.

فرصت را غنیمت شمردن: هەل بە دەرفەت زانین؛ کات بە هەل زانین ‹فرصت را غنیمت شمردیم رفتیم دیدن موزە: هەلمان بە دەرفەت زانی و چووینە سەیری مۆزە›.

فرصت سر خاراندن نداشتن: *[کنایی]* وەختی سەرخوراندن نەبوون؛ کات بۆ نەمان؛ زۆر سەرقاڵ بوون.

فرصت کردن/ یافتن: دەست گەیشتن؛ فرسەت هەبوون؛ بۆ پەرژان؛ لێ ئانین؛ هەل ڕەخسان؛ بۆ ڕەخسین؛ بۆ هەلکەوتن؛ کێس ئانین؛ پەردەچیای؛ دەرفەت دەسکەوتن ‹اگر فرصت کردی این مقاله را بخوان: ئەگەر دەستت گەیشت ئەم وتارە بخوێنەوە›: **فرصت پیدا کردن**

**فرصت‌طلب** / forsat.talab / ـها؛ ـان/: [عربی] *صفت.* هەل‌پەرست؛ هەل‌خواز؛ کەیسۆ.

**فرصت‌طلبی** / forsat.talabî / ـها/: [عربی]/*سم.* هەل‌خوازی؛ هەل‌پەرستی؛ کار و ڕەوتی کەلک وەرگرتنی ناڕەوا لە بار و دۆخ و ڕووداوان.

**فرض** / farz / ـها/: [عربی]/*سم.* فەرز: ۱. بابەتێ کە بۆ مەبەستێک بە ڕاستی دانین بێ ئەوەی سەلمابێ؛ کار و ڕەوتی دانان؛ گرتن ‹فرض کن تابستان است: وادانە هاوینە› ۲. پێویست؛ واجب ‹این کار بر من فرض است: کردنی ئەم کارە بۆ من پێویستە›.

▣ بر فرض: بگرە؛ بە فەرز؛ وەبزا؛ وابزا؛ وەبزانە ‹بر فرض نخواستی، می‌توانی پس بدهی: بگرە نەتویست، دەتوانی بیدەیەوە›.

▣ فرض بودن: لە سەر بوون؛ ئەرکی سەرشان بوون؛ فەرز بوون؛ واجب بوون ‹بر همه فرض است که به همنوع خود کمک کند: لە سەر هەموو کەسێکە یارمەتی هاوماڵی خۆی بدا›.

فرض دانستن: ئەرکی سەرشان زانین؛ فەرز زانین؛ واجب زانین.

فرض کردن: وا دانان؛ واگرتن؛ دانان؛ فەرز کردن ‹فرض کنیم فردا تو را از کار بیرون کردند: وادانین بەیانی لە کار دەریان کردی›. هەروەها:

**فرض شدن**

**فرضاً** / farzan/: [عربی] *قید.* گریمان؛ کردمان؛ بگرە؛ هما؛ هاما؛ تەقا؛ تەقوو؛ هاتوو؛ ئەگەرکوو؛ گری؛ بەفەرز؛ فەرزەن؛ با وای دانێین ‹فرضاً چهار نفر مهمان آمد، باید کجا بنشینند؟: گریمان چوار میوان هات، لە کوێ دانیشن؟›.

**فرضی** / farzî/: [عربی] *قید.* گریمانەیی ‹دشمن فرضی: دژمنی گریمانەیی›.

**فرضیات** / farzîyyāt/: [عربی] جمعِ ☜ **فرضیه**

**فرضیه** / farzîyye ، ـها؛ فرضیات/: [عربی]/*سم.* گریمانە: ۱. بۆچوونێ کە بۆ بەدەستهێنانی بەرهەم یان ئەزموونێک پەسن کراوە ‹او به فرضیه‌ی توطئه معتقد است: ئەو بڕوای بە گریمانەی پیلانە› ۲. بڕوا یان حوکمی نەسەلمێندراو کە بۆ دۆزینەوەی سەرچاوە یان هۆی دیاردەیەک پەسند دەکرێ ‹فرضیه‌ی سرآغاز جهان: گریمانەی سەرەتای جەهان›.

**فرط** / fart/: [عربی]/*سم.* زۆری؛ فرەیی؛ ئەوپەڕ ‹از فرط گرسنگی داشت از پا در می‌آمد: لە زۆری برسیەتیدا خەریک بوو دەمرد›.

**فرع** / far' ، ـها؛ فروع/: *سم.* ۱. لق‌وپۆ؛ فەرع؛ لک؛ پەل؛ ئەوەی پاشکۆ یان بەشێک لە شتێکی دیکە بێ ‹باباجان شیرینی و میوه فرع است، فکر نهار باش!: کاکەگیان میوە و شیرینی لق و پۆپە، بیر لە فراوین بکەوە!› ۲. دەسکەوت؛ قازانج؛ خێر؛ دەسهات؛ هاڤل ‹اصل و فرع سرمایه سوخت: دەسمایە و دەسکەوت فەوتا› ❋ بەرانبەر: **اصل**

**فرعون** / fer'own, fer'o:n ، ـها؛ ـان؛ فراعنه/: [معرب از یونانی]/*سم.* فیرعەون؛ فرعەون؛ ناوی پاشایانی میسری کەونارا.

**فرعونی** / fer'ownî, fer'o:nî/: [معرب] *صفت.*

فیرعەونی؛ سەر بە فیرعەون.

**فرعی** / far'î/: [عربی] *صفت.* ناسەرەکی؛ فەرعی؛ پەلی؛ لقی: ۱. بەستراو بە شتێکەوە یان پاژێک لە شتێک ‹عضو فرعی: ئەندامی ناسەرەکی› ۲. سەرچاوەگرتوو یان دروستبوو لە شتێکی تر ‹خیابان فرعی: شەقامی فەرعی› ۳. *[مجازی]* ناگرینگ؛ کەمبایەخ ‹کارهای فرعی: کاروباری ناسەرەکی› * بەرانبەر: **اصلی**

**فرعیات** / far'îyyāt/: [عربی]/*سم.* لق‌وپۆ؛ شتانی کەمبایەخ و ناسەرەکی.

**فرغاریدن** / farqārîdan/: *مصدر. متعدی. [قدیمی]* گەوزاندن؛ خووساندن؛ فیساندن؛ پلنگانن؛ ئالشتەی؛ شتێ لەناو تراوێکدا نوقم‌کردن.

**فرغردن** / farqardan/: *مصدر. لازم. [قدیمی]* گەوزان؛ خووسان؛ خووسیان؛ فیسیان؛ فیسیەی؛ تێکەلاو بوونی شتێ لەگەل تەوشێکدا.

**فرغن** / forqon/: [از فرانسوی] ☜ **فرغون**

**فرغون** / forqûn ، ـها/: [از فرانسوی]/*سم.* عەرەبانە؛ فرغوون؛ ڤالاکەر؛ گوهێز؛ ئامرازێکی گچکەی یەک کەسی بە چەرخێک و دووپایە و دوو دەستەوە بۆ گواستنەوەی خاک و بەرد و زبڵ و زاڵ: **فرغُن؛ فرقون؛ فرقُن**

**فرفره** / farfare/:/*سم.* تەپڵەڕەش؛ گیایەک بە ڕیشەی پتەوی گۆشتن و گەلای گەورە و پانەوە کە بۆ دەرمان دەشێ.

**فرفره** / ferfere ، ـها/:/*سم.* سوڕسوڕە؛ خولخولە؛ خولخولۆکە؛ خولۆتە؛ خولەوتلە؛ هەر کام لەو لەیستۆکانە وا بە دەوری خۆیاندا سووڕ دەخۆن: *الف)* گوزمیچک؛ گوزمیرچک؛ شێلاقە؛ کۆڵەتراش؛ گاوەبۆڕگێ؛ بۆڕیە؛ نەعۆر؛ لەیستۆکی زۆرتر لە چێو تاشراو، هەیەتی ناوی هەڵکۆشاوە، پەتی بە دەوردا دەپێچێتەوە و بە تەوژمەوە دایدەدەن سووڕ دەخوا و دەبۆڕێنێ (وەک مەرزێج و گیزگیزە) هەیشە بە قەمچی لێدەدەن سووڕ دەخوا (وەک کەرخول) ب) گێژەگ؛ فرفرە؛ فرفرۆکە؛ فرفرۆک؛ فرفرۆک؛ بارێسە؛ گەڕ؛ گیزگیزە؛ گڤگڤە؛ گڤگڤە؛ زڤرۆک؛ بافرنەک؛ خزینگ؛ جۆرێ ئامزاری گەمەیە بە کاغەز و مقەبای ڕەنگی دروست دەبێ، با لێی بدا دەسووڕێتەوە.

**فرفری** / ferferî/: [فرانسوی] *صفت.* لوول؛ کرژ؛ گرژ؛ فرفری ‹پسر مو فرفری: کوڕی قژ لوول›.

**فرفیون** / farfîyûn ، ـها/: [لاتینی]/*سم.* شۆتیلە؛ خوشیلە؛ خوشیلک؛ خوشیل؛ خوژیل؛ خوژیلک؛ خشیلک؛ خشیلکە؛ خوشولک؛ خوشوول؛ قوشیلک؛ شیرقولی؛ شیرخوژیلک؛ شیرشیرۆکە؛ شیرمار؛ قەلەشۆتی؛ شوتکیلە؛ ماموووتە؛ گیایەکی ئالفی پایایە بە شیلەی سپی ژاراوی و گولی چەتریەوە.

**فرق** / farq ، ـها/: [عربی]/*سم.* فەرق: ۱. جیاوازی؛ تۆفیر؛ تەوفیر؛ نابەرامبەری نێوان دوو یان چەند شت، لە باری چەندێتی یان چۆنیەتیەوە ‹قیمتشان فرق دارد: نرخیان جیاوازی هەیە› ۲. تەوق سەر؛ بوولیە؛ بۆلی؛ تەوقەتە؛ تەپل؛ تۆقیلە؛ تەوقەسەر؛ تۆقەسەر؛ تەپڵەسەر؛ تەپڵی سەر ۳. ناوەڕاستی سەر؛ هێڵێ کە لە داهێنانی قژە سەر بە دوو لادا بەرچاو دەکەوێ: **فرق سر**

▣ **فرق سر** ☜ **فرق ـ ۳**

⊡ **فرق باز کردن:** فەرق‌کردنەوە؛ قژ دوو قاش کردن؛ فەرق ڕاسەوکردن؛ جۆکلە ڕاسەوە ئاسەی ‹از پهلوی سر فرق باز کرده بود: لە پاڵەوە فەرقی سەری کردبووە›.

**فرق داشتن:** جیاوازی بوون؛ فەرق هەبوون.

**فرق کردن:** گۆڕان؛ فەرق‌کردن ‹قیافه‌اش خیلی فرق کرده بود: سەر و سیمای زۆر گۆڕا بوو›.

**فرق گذاشتن:** جیاوازی دانان؛ دووچاوەکی ڕوانین؛ فەرق خستن؛ تەوفیر نانین؛ وەک یەک نەڕوانین لە شت/ کەسانێک ‹او میان بچه‌هایش فرق می‌گذاشت: لە نێوان منداڵەکانیدا

جیاوازی دادەنا›.

**فرق** / feraq /: [عربی] جمعِ ☜ **فرقه**

**فرقان** / forqān /: [عربی]/سم. فورقان؛ یەکێ لە ناوەکانی قورئان.

**فرقدان** / farqadān /: [عربی]/سم. [نجوم] جووتەی کەو؛ جووتەی کەوان؛ دووبرالە؛ ناوی دوو ئەستێرە لە کەلووی ورچی بچووکدا.

**فرقن** / forqon /: [از فرانسوی] ☜ **فرغون**

**فرقون** / forqûn /: [فرانسوی] ☜ **فرغون**

**فرقه** / ferqe ، ـها؛ فرق /: [عربی]/سم. کۆمەڵە؛ دەستە: ۱. گرۆیەک لە خەڵک کە شوێنکەوتووی ئایین یان بڕوایێکی دیاریکراون ۲. ڕێکخراوە و بنکەی سەر بە دەستەیەکی وا.

**فرقه‌گرایی** / ferqegerāyî ، ـها/: [عربی/ فارسی] /سم. دەستەخوازی؛ دەستەوازی؛ واز بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵێکی نوێ پتر بە جیا بوونەوە لە گرۆی پێشوو.

**فرکانس** / f(e)rekāns ، ـها/: [فرانسوی]/سم. فرێکانس؛ لەرە؛ ژمارەی ئەو جارانە کە دیاردەیەکی گەڕۆک لە یەکەیەکی کاتیدا دەگاتەوە سەر شوێنی سەرەتایی خۆی.

**فرکند** / farkand ، ـها/: /سم. [زمین‌شناسی] ڕەندۆڵ؛ کەناو؛ ئاودڕی گەورەی لە دۆڵ چکۆلەتر.

**فرگشت** / fargašt ، ـها/: /سم. تەواوکاری؛ ڕەوتی گووران.

**فرم** / form ، ـها/: [فرانسوی]/سم. فۆرم؛ فورم؛ فرم: ۱. بیچم؛ نژم؛ شێوە یان حالەتی شتێ ‹فرم موهایش را عوض کرده بود: بیچمی قژی گۆڕابوو› ۲. یونیفورم؛ جلکی فەرمی یەکدەست ۳. بەرژەنامە؛ پرسیارنامە؛ پەڕەیێکی چاپی بۆ نووسینی زانیاری داواکراو لەمەڕ کەس یان شتێکەوە ٤. چەند (١٦یان ٨) لاپەڕەی کتێب کە پێکەوە چاپ دەبن.

▣ **فرم پرکردن**: فۆرم/ بەرژە پڕکردنەوە؛ نووسینی زانیاریگەلی داواکراوی ناو پرسیارنامە.

**فرم دادن**: فۆرم پێدان؛ شێوە پێدان؛ بە شێوە یان حالەتێکی تایبەت دەرهێنان. هەروەها:

**فرم گذاشتن**

**ـ فرما** / farmā /: پیواژە. ـ فەرما؛ ـ فرما؛ فرماندەر ‹کارفرما؛ حکمفرما: کارفەرما؛ حوکمفەرما›.

**ـ فرمائی** / farmā'î / ☜ **ـ فرمایی**

**فرمالدئید** / formālde'îd /: [فرانسوی]/سم. [شیمی] فورمالدیئید؛ گازێکی بێڕەنگە بە بۆنێکی تایبەتەوە کە پتر وەک پێکۆژی میکڕۆب لە دژگەنکاری و هەڵگرتنی نموونەی شانەییدا کەڵکی لێ وەردەگرن: **فرمیک آلدئید**

**فرمالیته** / formālîte /: [فرانسوی]/سم. فۆرمالیتە: ۱. تەشریفاتی ۲. [مجازی] ڕوالەتکاری؛ ڕوالەتسازی * **فورمالیته**

**فرمالین** / formālîn /: [فرانسوی]/سم. [شیمی] فورمالین؛ ناوی بازەرگانی گیراوەی ٤٠٪ی فورمالدئید لە ئاودا، کە نەختێ متانولیشی تێکەڵ کراوە: **فُرمِل**

**فرمان** / farmān ، ـها/: /سم. فەرمان؛ فرمان: ۱. / فرامین/ فەروار؛ فەرک؛ فەرکان؛ ئەمر؛ دەستوور؛ قسە یان نووسراوەیەک کە بە پێی ئەوە کارێک لە ژێردەستێک داواکراوە ۲. فەرمانە؛ کەرەسەیەک لە ماشیندا کە ئاژۆر بە سووڕدانی ئەملا و ئەولا دەکا.

▣ **فرمان بردن**: گوێ شل بوون؛ فەرمان بردن؛ قەوڵ کردن ‹آزاد از کسی فرمان نمی‌برد: ئازاد گوێی بۆ کەس شل نیە›.

**فرمان دادن**: دەستوور دان؛ فەرمان دان/ داین؛ فەرکاندن ‹به سربازان خود فرمان حمله داد: بە سەربازەکانی فەرمانی دا هێرش بەرن›.

**پشت فرمان نشستن** ☜ **پشت**[۲]

**دست به فرمان داشتن** ☜ **دست**

**فرمانبر** / farmānbar ، ـها؛ ـان/: /سم. ئەمربەر؛ بەربار؛ فەرمانبردار؛ فەرمانبەر؛ فرمانبەر؛

ژێـردەس؛ ژێردەسـت؛ ژێردەسـتە؛ ژێردەسـە؛ کەسێ کە بەر فەرمانی کەسێکی‌تر‌ە.

**فرمـانبردار** / farmānbordār ، ـهـا؛ ـان/:/سـم. بەرفـەرمان؛ فەرمانبـەردار؛ گـوێ بەفـەرمان؛ گوێڕایەل.

**فرمـانبرداری** / farmānbordārî ، ـهـا/:/سـم. گوێڕایەلی؛ بەفەرمانی؛ بەرفەرمانی.

▣ **فرمانبرداری کردن:** بە قسە کردن؛ گوێ شل کردن؛ مل‌دان؛ فەرمانبەری‌کردن.

**فرماندار** / farmāndār ، ـها؛ ـان/:/سـم. فەرماندار؛ فرماندار؛ هۆمان: ۱. ئەوەی سەرۆکایەتی هێـزی بەڕێوەبەری شارێکی لە ئەستۆدایە ۲. سـەرۆکی هیزی بەڕێوەبەری پارێزگایەک (لە ئەمریکادا).

▣ **فرماندار کل:** فەرمانداری گشـتی؛ نوێنـەری شای بریتانیا لە بـرێ وڵات (وەک ئوسترالـیا و کانادا).

**فرمانـدار نظـامی:** سـەرپەلێکی چەکـدار کـە حکوومـەت یـان ئاسایشـی ناوچەیـەکی لـە ئەستۆیە.

**فرمانـــداری** / farmāndārî ، ـهـا/:/سـم. فەرمانداری؛ فرمانـداری: ۱. پیشـەی فەرمانـدار ۲. مەزرینگەی کارکردنی فەرماندار ۳. ناوچـەی ژێر دەسەلاتی فەرماندار.

**فرمانده** / farmānde(h) ، ـان/:/سـم. سـەرکردە؛ سەرپەل؛ فەرماندە؛ فەرماندەر؛ فرمانڕوا؛ فرماندار؛ کەسێ کە سـەرۆکایەتی و ڕێبـەری گرووپێکـی چەکداری وەئەستۆیە.

**فرماندهی** / farmāndehî/:/سـم. ۱. کار و ڕەوتی فـەرمان دان ۲. سـەرکردایەتی؛ پیشـە یـان مـەقامی فەرمانـدەر ۳. سـەرکردایەتی؛ شـوێنی کاری سەرکردە.

**فرمـانروا**[1] / farmānravā ، ـیـان/:/سـم. ڕاژۆر؛ ڕاسـەر؛ حـاکم؛ فەرمانـڕەوا؛ خونکـەر؛ خونکـار؛ سان؛ پاتشای گەورە؛ خاوەن فەرمان ‹فرمـانروای یونان: ڕاژۆری یۆنان›.

**فرمانروا**[2]: *صفت.* زاڵ؛ چێر؛ چیر ‹سکوت بـر خانـه فرمانروا بود: بێدەنگی بە سەر ماڵەکەدا زاڵ بوو›.

**فرمـانروایی** / farmānravāyî ، ـهـا/:/سـم. دەسـەلاتداری؛ دەسـداری: ۱. کـار و ڕەوتی حکوومـــەت‌کـــردن ۲. دەســـڕۆیوی؛ دەستڕۆیشتوی؛ چێری و زاڵی.

**فرمانفرمـا** / farmānfarmā ، ـهـا؛ ـیـان/:/سـم. *[قـدیمی]* پـاریزەر؛ ئوسـتاندار؛ فەرمانـدەر و بەڕێوەبەری پارێزگا یان ئەیالەتێک.

**فرمـایش** / farmāyeš ، ـهـا؛ ـات/:/سـم. لـەبز؛ فەرمایشت؛ فـەرمایش؛ وارم؛ گوتـە؛ فـەرموودە؛ فەرمودە؛ کەلام؛ قسـە یـان فـەرمانی کەسـێکی گەورەی خاوەن ڕێز.

▣ **فرمـایش فرمـودن:** فـەرموون؛ فەرمایشـت کردن؛ قسەکردن ‹فرمـایش فرمودنـد فعـلاً صبر کنید: فەرموویان جارێ ڕاوەستن›.

**فرمایشـی** / farmāyešî/: *صـفت.* هەڵبەسـتراو؛ ڕاسپارە؛ ڕاسپاردە؛ ئامادەکراو بە پێـی فـەرمانی کەســێ ‹انتخابـات فرمایشـی: هەڵـبژاردنی هەڵبەستراو›.

**ـفرمایی** / farmāyî/: *پیواژە.* ـفەرمایی؛ ـفرمایی؛ فەرمان دان: **ـ فرمائی**

**فرمل** / formel/: [فرانسوی] ☜ **فُرمالین**

**فرمنـد** / farmand/: *صـفت. [ادبـی]* خـاوەن دەسـەلات و هێـزی ڕاکێشـانی هـۆگری، گـوێڕایەلـی و متمانـەی دیتـران. هـەروەهـا: **فرمندی**

**فرمودن** / farmûdan/: *مصدر متعدی.* // **فرمودی:** فەرموود؛ **می فرمایی:** دەفەرموویی؛ **بفرما:** بفـەرموو// فـەرموون؛ فـەرمین؛ فـەرماوەی؛ فـەرماوای؛ وارمای: ۱. وتن؛ گوتن (ڕێزگرانـە) ‹فرمودنـد فـردا بیایید: فەرموویان بـەیانی وەرن› ۲. سـەبارەت بـە کەسێ یان بە گوێرەی شتێ، کارێکردن ‹تأکید فرمودند: جەختیان فەرموو›. هەروەها: **فرمودنی**

■ **صفت فاعلی: فرماینده** (ـ)/ **صفت مفعولی: فرموده**

(فەرمواو)/ مصدر منفی: **نفرمودن** (نەفەرموون)

**فرموده** / farmûde ، ـها/: /سم. فەرمایشت؛ دەستوور؛ فەرموودە ‹بە فرمودەی آقای مدیر: بە فەرمایشتی ئاغەی بەڕێوەبەر›.

**فرمول** / formûl ، ـها/: [فرانسوی]/سم. فورمووڵ: ۱. /ریاضی/ بنەمایێ کە پتر بە نیشانەگەلی بیرکاری دەردەبڕدرێ ‹فرمول دوجملەای: فورمووڵی دووڕستەیی› ۲. /شیمی/ شاندانی پێکهاتەیەکی شیمیایی بە شێوەی نیشانە ‹فرمول اسید سولفوریک: فرمووڵی سوولفوریک ئەسید› ۳. ڕێچارە؛ شێوەی چارەسەری گرفت و پرسێک ‹هنوز فرمولی برای این کار نداریم: هێشتا ڕێچارەیەکمان بۆ ئەم کارە نیە› ❋ **فورمول**

▣ **فرمول ساختاری/ ساختمانی/ گسترده:** /شیمی/ فورمووڵی بڵاو/ ساختومانی؛ فورمووڵێکی وا کە زیاد لە ژمارە و جنسی ئەتومەکان، چۆناوچۆنی پێکەوە لکانیشیان نیشان دەدا.

**فرمول‌بندی** / formûlbandî ، ـها/: [فرانسوی/ فارسی]/سم. فرمووڵڕێژی؛ ڕێکخستنی شێوە و دەستوورێکی تایبەت بۆ دیاردە یان کارێک.

**فرمیکا** / formîkā/: [انگلیسی]/سم. فورمیکا؛ جۆرێک فیبری ڕووکێش‌کراوی بریکەدار: **فورمیکا**

**فرمیک‌آلدئید** / formîk 'ālde'îd/: [فرانسوی] ☜ **فرمالدئید**

**فرمیم** / fermiyom/: [فرانسوی]/سم. فرمیوم؛ تۆخمی کیمیاوی کانزایی ڕادیۆئەکتیف بە ژمارەی ئەتۆمی ۱۰۰ کە بە شێوەی دەسکرد و لە بوردومانی پلۆتونیوم دێتە بەرهەم.

**فرنج** / ferenc ، ـها/: [انگلیسی]/سم. کۆتی نیوەبەژنی چەکداری بە چوار گیرفانەوە.

**فرنجمشک** / farancmešk, farancmešg ، ـها/: /سم. فاتمەدارو؛ فاتمەهاروو؛ هەنگەبەر؛ ڕێحانەمێخەکی؛ گوڵەبەنۆشەک؛ گوڵەبۆنەشکە؛ گیایەکی یەکساڵەی هەمیشە سەوزی عەتراوی بە گەلای هێلکەیی و گوڵی بنەوشەوە کە گەلاکانی بۆ دەرمان دەشێ.

**فرنگ** / farang/: [از فرانسوی]/سم. ۱. ڕۆژاوا؛ فەرەنگ؛ ناوی گشتی هەر کام لە ولاتانی ئوروپا (و بڕێ جار ئەمریکا) ۲. /موسیقی/ گۆشەیێ لە دەسگای هومایون و ڕاستپەنجگا.

**فرنگستان** / farangestān/: [از فرانسوی/ فارسی] /سم. ولاتی ڕۆژاوا؛ هەر کام لە ولاتانی ئوروپا.

**فرنگی**[1] / farangî ، ـها؛ ـان/: [از فرانسوی]/سم. ڕۆژاوایی؛ فەرەنگی؛ هەر کام لە خەڵکی ولاتە ئوروپاییەکان (و بڕێ جار ئەمریکا).

**فرنگی**[2]: صفت. ڕۆژاوایی؛ فەرەنگی؛ سەر بە فەرەنگ ‹آداب و رسوم فرنگی: ڕێوڕەسمی فەرەنگی›.

**فرنگی‌مآب** / farangîma'āb ، ـها/: [از فرانسوی/ عربی] صفت. ئوروپاییانە؛ بە ئاکار و شێوەی فەرەنگیان.

**فرنی** / fer(e)nî/: /سم. فرنی؛ محەللەبی؛ شۆتینە؛ خواردەمەنیەکی شل لە ئاردەبرینج (یان نشاستە)، شیر و شەکر و گولاو و بڕێ جاریش وانیل بۆ بۆنخۆش‌کردنی.

**فرو ـ** / furû, forû/: پیشوند. /ادبی/ ۱. خوار ـ ؛ ـخوار؛ وار ـ ؛ ـوار؛ ـنزم ‹بخش فرودست رودخانه: بەشی خوارەدەستی ڕووبار› ۲. دا ـ ؛ ئەرە ـ ؛ ـ بن؛ ـ ژێر؛ ـخوار؛ بەرەوخوار ‹فروافتادن: داکەفتن› ۳. تێ ـ ؛ تێوە ـ ؛ تێهەڵ ـ ؛ تێڕۆ ـ ؛ ئەنە ـ ؛ ـ نا؛ بۆ ناوەوە یان بەرەو ناخ ‹فروبردن: تێبردن› ٤. ژێر ـ ؛ خوار ـ ؛ وار ـ ؛ چێر ـ ؛ بن ـ ؛ خاوەن بارودۆخی ژێردەست بوون ‹فرودست: ژێردەست›.

▣ **فرو افتادن:** کەوتنە خوار؛ داکەوتن؛ داکەفتن؛ کەوتەیرە؛ کەوتەرەی؛ وەرسان؛ وەرسیان ‹سیبی از درخت فروافتاد: سێوێک لە دارەکە داکەوت›. هەروەها: **فرو افکندن**

**فرو بردن:** ۱. کردنە ناو؛ تێخستن؛ ڕۆکردن؛ پێداکردن؛ ڕۆچواندن؛ چقنن؛ وانن؛

www.perawipepwle.com

ئەنەکەردەی ‹سرش را در آب فرو برد: سەری کردە ناو ئاوەکەوە› ۲. *[گفتاری]* قووت دان؛ داعویران؛ داعووران؛ هاپنەی؛ لەپنەی؛ هشاڤتن؛ داقورچاندن؛ داقورتاندن؛ قورچاندن؛ داقورتان؛ قورتاندن؛ ڕۆهێشتن؛ حەپەلووش کردن.

**فرو بستن:** قونجاندن؛ قووچاندن؛ لێکنان؛ نەگاندن؛ قووجنەی؛ بەستن ‹دم فرو بستن: دەم قونجاندن›.

**فرو پاشیدن:** هەڵوەشانەوە؛ لێکهەڵوەشان؛ لێکبەر بوون؛ لە یەک بوونەوە؛ بڵاو بوونەوە؛ پژیان؛ زەنگار-زەنگار بوون ‹ فرو پاشیدن اتحاد شوروی: هەڵوەشانەوەی یەکیەتی سۆڤیەت›.

**فرو خوردن:** خواردنەوە؛ قووت دانەوە؛ واردەیوە؛ نیشان نەدانی هەستی خۆ ‹خشم خود را فرو خوردن: ڕقی خۆ خواردنەوە›.

**فرو رفتن:** تێچوون؛ تێڕۆچوون؛ ئەنەلوەی؛ لواینە: ۱. پێدا چوون؛ چوونە نێو یان نێوانی شتێکەوە ‹سوزن فرورفتن: دەرزی تێچوون› ۲. بە شتێک داگیران یان وەبەر کارتێکەری شتێ کەوتن ‹در افکار دور و درازی فرورفتە بود: چووبووە ناو خەیالاتێکی دوور و درێژەوە›.

**فرو ریختن:** ۱. داڕمان؛ داڕمیان؛ ڕمیان؛ ڕووخیان؛ ڕووخان؛ خاپوور بوون؛ هاتنە/ ڕژانە خوار؛ وڕای؛ تێکچوون ‹ساختمان بە آن بزرگی یکباره فرو ریخت: ساختومانی وا گەورە بەجارێک داڕما› ۲. داکەوتن؛ وەرین؛ داوەرین؛ داوەریان؛ وەرهین؛ ئەرەڕێژنەی؛ ڕێژنایرە؛ جیا بوونەوە لە بەرزاییەک و هاتنە خوار ‹سنگهای زیادی از کوه فروریختە بود: بەردێکی زۆر لە کێوەکەوە داکەوتبوو›.

**فرو شدن:** ۱. ڕۆچوون؛ تێچوون؛ لوایرە؛ نوقم بوون؛ قوم بوون؛ چوونە خوار و گم بوون ‹باران بند آمد و آب در عمق زمین فرو شد: باران وێستایەوە و ئاو ڕۆچوو بە ناخی ئاخا› ۲. ئاوا بوون؛ داچوون؛ نیشتەی؛ وەستەیرە ‹خورشید در پس کوهها فرو شد: تاو لە پشتی کێوانەوە ناوا بوو› ۳. داوەراندن؛ داوەرانن؛ هەڵڕژاندن؛ هەڵڕژانن؛ هەڵڕژتن؛ هەڵڕشتن؛ دابارانن؛ دابارانن ٤. داڕماندن؛ داڕمانن؛ داڕووخاندن؛ هەرفاندن؛ هەرفتاندن؛ هەرافتن ٥. داڕژاندن؛ ڕژاندن؛ ڕژانن؛ بەردانەوە؛ بەرەودان ‹اشک فرو ریختن: فرمێسک داڕژاندن›.

**فرو کردن:** تێچەقاندن؛ پێدا/ پیا چەقاندن؛ پێداکردن؛ تێڕۆکردن؛ ئەنەوسەی؛ ئەنەکەردەی؛ تێبردن؛ کردنە ناو؛ بردنە ناو؛ وستەینە؛ کەردەینە؛ بە زۆرەوە بردنە ناو ‹سوزن را به دستش فرو کرد: دەرزیەکەی چەقاندە دەسیا›.

**فرو گذاشتن:** بەرەڵلا کردن؛ بەرهەڵدا کردن؛ هێشتنەوە؛ وێڵکردن؛ ئاستەیوە؛ ئەوەئاسەی؛ هەروا لێی گەڕان و لێنەپرسین ‹کار را فرو گذاشت و رفت: کارەکەی بەرەڵلا کرد و ڕۆیشت›.

**فرو ماندن:** دامان؛ تێداماندن؛ تێمان؛ ئەنەمەنەی؛ مەنایوە ‹فرو مانده در قیمتش مشتری: کڕیار لە نرخاندنیدا داماوە›.

**فرو نشاندن:** دامرکاندن؛ داتەمراندن؛ داسەکاندن؛ داسەکنانن؛ نیشنایوە؛ کوشنایوە ‹آتش فرو نشاندن: ئاور دامرکاندن›.

**فرو نشستن:** نیشتنەوە؛ دامرکان؛ داتەمران؛ نیشتەیوە؛ کوشیایوە ‹فرو نشستن طوفان: نیشتنەوەی گژەبا›.

**فرو هشتن:** ۱. داهێلان؛ داهێشتن؛ ڕۆهێشتن؛ دائینان؛ داڕۆچکاندن؛ دالۆچانن؛ شۆڕکردنەوە ۲. دالۆچان؛ نکسین؛ لەفین؛ شۆڕ بوونەوە.

**فروارد** / forvārd ، ـهـا/: [انگلیسی]/*سم. [ورزش]* پێشڤە؛ فوروارد؛ یاریزانی لە پێش و هێرشبەری یاری: **فوروارد**

**فروافتادن** / furûoftādan/ ☜ **فرو ـ**

**فروبار** / furûbār/:/*سم.* شوێنێ لە کەش کە لە

چاو شوێنه‌کانی‌تر ته‌وژمی که‌متره.

**فروبردن** / furûbordan/ ☜ **فرو ـ**

**فروبستن** / furûbastan/ ☜ **فرو ـ**

**فروپاشی** / furûpāšî ، ـهـا/: *اسم.* تێکڕووخاوی؛ هه‌ڵوه‌شاوی؛ هه‌ڵشێواوی؛ تێکشێواوی؛ تێکچوویی؛ کار و ڕه‌وتی هه‌ڵوه‌شانه‌وه؛ ڕووخان؛ تێکچوون و پڕژ و بڵاو بوونه‌وه‌ی شتێک ‹فروپاشی قدرت: تێکڕووخاوی ده‌سه‌لات›.

**فروپاشیدن** / furûpāšîdan/ ☜ **فرو ـ**

**فروتر**[1] / furûtar/: *صفت. [ادبی]* خوارتر؛ وارته‌ر؛ نزمتر؛ نزمته‌ر؛ نه‌وی‌تر.

**فروتر**[2]: *قید. [ادبی]* بۆ لای خواروو؛ به‌ره‌و خوار؛ خوارتر؛ وارته‌ر.

**فروتن** / furûtan, forûtan ، ـهـا؛ ـان/: *صفت.* خاکه‌سار؛ خاکی؛ خۆشکێن؛ بێ‌منیز؛ بێ‌فیز.

**فروتنی** / furûtanî, forûtanî ، ـهـا/: *اسم.* خاکه‌ساری؛ خۆشکێنی؛ بێ‌ده‌ماری.

**فروختن** / furûxtan, forûxtan/: *مصدر. متعدی.* // **فروختی:** فرۆشتت؛ **می‌فروشی:** ده‌فرۆشی؛ **بفروش:** بفرۆشه// فرۆشتن؛ فرۆتن؛ وره‌ته‌ی؛ فرووشین: ۱. شتێک به که‌سێ دان له به‌رامبه‌ر گرتنی دراو یان شتێکی بایه‌خداره‌وه ‹کتاب را ده هزار تومان فروختم: کتێبه‌که‌م فروشت به ده هه‌زار تمه‌ن› ۲. شتێک بۆ فرۆشتن خستنه به‌ر چاو ‹قصد دارد خانه را بفروشد: ده‌یه‌وێ ماله‌که بفرۆشێ› ۳. نواندن؛ نیشاندان؛ پیشاندان ‹اِفاده فروختن: ئه‌توار نواندن› ٤. شتێ به هیوای شتێ‌تر یان له به‌رانبه‌ی شتێ‌تره‌وه به‌تایبه‌ت به شێوه‌یه‌کی ناشیرین و ناڕه‌وا دان ‹خود را فروختن: خۆ فرۆشتن›. هه‌روه‌ها: **فروختنی**

■ **صفت فاعلی: فروشنده** (فرۆشه‌ر)/ **صفت مفعولی: فروخته**(فرۆشراو)/**مصدر منفی: نفروختن**(نه‌فرۆشتن)

**فروخوردن** / furûxordan/ ☜ **فرو ـ**

**فرود** / furûd, forûd ، ـهـا/: *اسم.* نزمی؛ نزمان ‹فراز و فرود: به‌رزی و نزمی›.

■ **فرود آمدن:** ۱. نیشتنه‌وه؛ نیشتن؛ نشایش؛ نزم بوونه‌وه؛ نیشته‌یوه؛ وارنایش؛ هاتنه خوار ‹هواپیما در صحرا فرود آمد: فڕۆکه‌که له ساراداا نیشته‌وه› ۲. *[ادبی]* دابه‌زین؛ داوه‌زین؛ داخۆزین؛ ئه‌ره‌وه‌سه‌ی؛ وه‌سته‌یره؛ هاتنه خوار؛ ئامایره وار.

**فرودآب** / furûdāb, forûdāb/: *اسم.* به‌شی ژێره‌وه‌ی ئاو که هاولایه‌نی ئاوه. به‌رانبه‌ر: **فرازاب**

**فرودست** / furûdast ، ـهـا؛ ـان/: *صفت. [ادبی]* خواردەست: ۱. ژێرده‌ست؛ به‌رده‌ست؛ به‌رده‌س ۲. ژێرین؛ خوارین؛ وارین.

**فرودگاه** / furûdgāh, forûd- ، ـها/: *اسم.* فڕگه؛ نهشتۆک؛ فڕۆکه‌خانه؛ فڕۆکخانه؛ نیشتنگا؛ دام و ده‌زگایه‌ک به ئاقارێکی به‌رباز، بورجی چاوه‌دێری، ده‌زگاگه‌لی هه‌وال ڕاگوێز و شتی وا بۆ نیشتنه‌وه و هه‌ستانی فڕۆکه و سوار بوون و دابه‌زینی ڕێبوارانی هه‌وایی.

**فروردین** / farvardîn/: *اسم.* نه‌وڕۆز مانگ؛ خاکه‌لێوه؛ ئاخه‌لێوه؛ ئاخلێفه؛ ئاخلێف؛ ئاخلێفه؛ قاته‌لێوه؛ قاته‌ولێوه؛ هه‌رمێ پشکوان؛ یه‌که‌مین مانگی ساڵی جه‌ڵالی، هه‌وەڵ مانگی به‌هار.

**فرورفتگی** / furûraftegî ، ـهـا/: *اسم.* قوپاوی؛ تێڕۆچوویی؛ داچوویی؛ قوولکایی؛ فیس؛ چاڵی به‌دیهاتوو له ڕووبه‌ڕێکدا ‹روی گونه‌اش فرورفتگی به چشم می‌خورد: له سه‌ر گۆنایه‌وه قوپاویه‌ک به‌دی ده‌کرا›.

**فرورفتن** / furûraftan/ ☜ **فرو ـ**

**فرورو** / furûrow/: *صفت.* دابه‌ز؛ به جوولەی به‌ره‌وخوار.

**فروریختن** / furûrîxtan/ ☜ **فرو ـ**

**فروزان** / furûzān, forûzān/: *صفت. [ادبی]* گه‌ش؛ ڕۆشن؛ ڕووناک به هۆی داگرسانه‌وه ‹آتش فروزان: ئاوری گه‌ش›.

**فروزنده** / furûzande, forûzande/: *صفت. [ادبی]*

گەش؛ ڕۆشن؛ ڕووناک؛ دەروشاوە؛ پرشنگدار.

**فروسرخ** / furûsorx,forûsorx/:/سم. خوارسوور؛ لە ژێر تیشکی سوور کە بە چاو نابینرێ: **مادون قرمز**

**فروش**[1] / furûš, forûš ، ـها/:/سم. فرۆش؛ فرووش: ۱. کار یان ڕەوتی فرۆشتن؛ فرۆتن ‹فروش نقد: فرۆشی نەخت› ۲. داهاتی فرۆشتنی کالا ‹فروش این مغازه در ماه ۱۰۰ هزار تومان است: فرۆشی ئەم دووکانە لە مانگدا ۱۰۰ هەزار تمەنە›.

▣ **فروش داشتن**: فرۆش هەبوون؛ خاوەن کڕیار بوون ‹این مغازه فروش خوبی دارد: ئەم دووکانە فرۆشی باشی هەیە›.

**فروش رفتن**: فرۆشیان؛ فرۆشران؛ وەرشیەی؛ وەرشیای ‹همەی کتابها فروش رفت: کتێبەکان هەموو فرۆشران›.

**فروش کردن**: فرۆشکردن ‹امروز فروش خوبی کردیم: ئەورۆ فرۆشێکی باشمان کرد›.

**به فروش رساندن**: فرۆشتن ‹هر چه داشت به فروش رساند: ئەوەی هەبووی، فرۆشتی›.

**به فروش رسیدن**: فرۆشران ‹این خانه به فروش می‌رسد: ئەم خانووە دەفرۆشرێ›.

**ـ فروش**[2]: *پیواژە.* ـ فرۆش؛ ـ فرووش؛ ـ وەرش؛ فرۆشەر ‹پارچه‌فروش: پارچەفرۆش›.

**فروشدن** / furûšodan/ ☜ **فرو ـ**

**فروشست** / furûšost ، ـها/:/سم. *[زمین‌شناسی]* کار و ڕەوتی تێرۆچوون؛ شۆریانەوە و ژێر خاک چوونی خوێ و ماکە ئالیەکان بە هۆی ئاو و بارانی سەر زەویەوە.

**فروشگاه** / furûšgāh, forûšgāh ، ـها/:/سم. فرۆشگە؛ موغازە؛ دووکان ‹فروشگاه لوازم خانگی: فرۆشگەی کەل‌وپەلی ناومال›.

**فروشندگی** / furûšandegî, forûšandegî/:/سم. فرۆشیاری: ۱. کار و ڕەوتی فرۆشتن ۲. پیشەی فرۆشیار.

**فروشنده**/ furûšande, forûšande ، ـها؛ ـگان/:/سم. فرۆشیار؛ فرۆشەر؛ فرۆتوخ: ۱. کەسێ کە لە فرۆشگەدا شتومەک دەفرۆشێ ۲. کەسێ کە شتێک دەفرۆشێ. بەرانبەر: **خریدار**

**فروشی**[1] / furûšî, forûšî ، ـها/: *صفت.* فرۆشی؛ وەرشی؛ فرووشی؛ بۆ فرۆش دانراو ‹خانەی فروشی: مالی فرۆشی›.

**ـ فروشی**[2]: *پیواژە.* ـ فرۆشی؛ ـ وەرشی؛ ـ فرووشی: ۱. کاری فرۆتن ‹کم‌فروشی: کەم‌فرۆشی› ۲. فرۆشگە ‹طلافروشی: زێڕفرۆشی›.

**فروع** / furû', forû'/: [عربی] جمعِ ☜ **فَرع**

**فروغ** / furûq, forûq/:/سم. *[ادبی]* ڕووناکی؛ ڕۆناهی؛ گەشاتی؛ نوور؛ ڕۆشنایی؛ دروشم ‹فروغ آفتاب: ڕووناکی هەتاو›.

**فروکتوز** / f(e)rûktoz/: [فرانسوی]/سم. *[شیمی]* فروکتوز؛ قەندی میوە؛ هیدراتی کەربونی هەنگوین و مێوەگەلی شیرین (وەک تری و هەنجیر) کە ماکێکی بێ‌ڕەنگە و دوو ئەوەندەی قەند شیرینە: **لِوولُز**

**فروکردن** / furûkardan/ ☜ **فرو ـ**

**فروکش** / furûkeš/:/سم. بنیش؛ کار و ڕەوتی داتەمریان؛ دامرکیان؛ نیشتنەوە؛ دامرکان؛ کەم بوونەوەی هێز و گوڕی شتێک ‹سیل فروکش کرد: لافاو بنیشی کرد›. هەروەها: **فروکش کردن**

**فروکشند** / furûkešand ، ـها/:/سم. خوارترین ڕادەی داکشانی توێکڵی زەوی، ڕووبەری ئاو و کەش بە هۆی هێزی ڕاکێشی مانگ و خۆرەوە. بەرانبەر: **فراکشند**

**فروگذار** / furûgozār/:/سم. دریخی؛ دریغ؛ کار یان ڕەوتی لە جێ هێشتن؛ دەس لێ بەردان؛ کەم دانان؛ کۆتایی‌کردن؛ نیوەکارە داخستن؛ بەجێ هێشتنی کار و دەس لێ بەردانی ‹آرام از هیچ تلاشی در این راه فروگذار نکرد: ئارام لە هیچ هەوڵێک لەم ڕێگایەدا دریخی نەکرد›.

**فروگذاشتن** / furûgozāštan/ ☜ **فرو ـ**

**فروماندن** / furûmāndan/ ☜ **فرو ـ**

**فرومایگی** / furûmāyegî ، ـها/: /اسم/ پەستی؛ ناکەسی؛ سەرشکەستی؛ بار و دۆخ یان چۆنیەتی هیچ و پووچ بوون.

**فرومایە** / furûmāye ، ـها؛ ـگان/: صفت. پەست؛ ناکەس؛ سەرشکەست؛ تەرەس؛ هۆڤەبەر؛ سووک؛ بە ئاکار و کردەوەی سووک و دزێو و کەمتەرخەم لە ئاست مرۆڤایەتیەوە.

**فروند** / farvand/: /اسم/ یەکەی ژماردنی گەمیە، فڕۆکە و ژێر دەریایی و مووشەک.

**فرونشاندن** / furûnešāndan/ ☜ **فرو-**

**فرونشستن** / furûnešastan/ ☜ **فرو-**

**فرویدیسم** / f(e)roydîsm/: /اسم/ فرۆیدیسم؛ ڕێبازێکی دەروونناسی کە لە لایەن بژیشکی بەنابانگی ئوتریشی، زیگموند فرۆیدەوە (۱۸۵۶-۱۹۳۹ ز.) دامەزرا.

**فرە** / farre/: /اسم/ [ادبی] فەڕ؛ شکۆ؛ مەزناهی.

**فرهنگ** / farhang ، ـها/: /اسم/ فەرهەنگ: ۱. ڕست؛ هۆرتە و بەرە؛ دیاردەیەکی کۆمەلایەتی لە داب و نەریت، بیر و بۆچوون، هونەر و لێهاتوویی و شێوازی ژیان کە لە درێژەی ئەزموونی مێژوویی گەلاندا ڕەنگ دەگرێ و بۆ بەرەی داهاتوو دەمێنێتەوە ۲. وشەنامە؛ کتێبێک کە وشە و دەستەواژەی زمانێکی تێدا ڕیز کراوە و شێوەی خوێندنەوە و ڕەگەز و باری ڕێزمانی و ... هەرکامی ڕوون کراوەتەوە و هەر بەو زمانە یان بە زمانێکی تر مانای لێدراوەتەوە ۳. [گفتاری] سەرجەمێک زانیاری لە مەڕ هونەر، وێژە، زانست، سیاست و...ەوە کە کەسێک بۆ گەشە دان بە هزر و لێهاتوویی خۆی فێری دەبێ ٤. [گفتاری] چاند؛ ئاکاری شیاو و گونجاو بەپێی داب و نەریتی کۆمەلگا ۵. [مجازی] نەریتی کۆمەلگایی.

▣ **فرهنگ مردم**: کەلەپوور؛ کولتوور؛ فەرهەنگی گەل: ۱. سەرجەمی داب و نەریت، چیرۆک، مەتەل، ڕست و خووی هۆزێک ۲. لقێک لە زانست کە لەم بابەتەوە دەکۆڵێتەوە.

**فرهنگ‌آموزی** / farhangāmûzî/ ☜ **فرهنگ‌پذیری**

**فرهنگ‌پذیری** / farhangpazîrî ، ـها/: /اسم/ ۱. ڕەوتی پێکگۆڕینەوەی داب و نەریتی نێوان هۆز و گەلانی جۆراوجۆر کە دەبێتە هۆی داهاتنی شێوەگەلی نوێ ۲. ڕەوتێ کە دە منالیەوە دەست پێدەکا و هۆی فێر بوون و گۆڕانکاری بیر و ڕا و کەسایەتیە * **فرهنگ‌آموزی**

**فرهنگ‌زدایی** / farhangzedayî ، ـها/: /اسم/ ڕەوتی لە نێو بردنی بایەخ و دەسکەوتی فەرهەنگی هۆزێک.

**فرهنگستان** / farhangestān ، ـها/: /اسم/ کۆڕی زانیاری؛ چاندگە؛ کۆزمان؛ کۆڕێ لە زانیاران، وێژەوانان یان هونەرمەندانی ولاتێک، بۆ پەرە پێدانی زانست، وێژە یان هونەری ئەو ولاتە. هەروەها: **فرهنگستان ادبیات؛ فرهنگستان زبان؛ فرهنگستان علوم**

**فرهنگستیزی** / farhangsetîzî ، ـها/: /اسم/ شەڕ و بەربەرەکانێ لەگەل چالاکی و بەرهەمی فەرهەنگی میللەتێکدا. هەروەها: **فرهنگستیز**

**فرهنگسرا** / farhangsarā ، ـها/: /اسم/ یانەی فەرهەنگ؛ دامەزراوەیەک بۆ چالاکی فەرهەنگی.

**فرهنگنامە** / farhangnāme ، ـها/: /اسم/ فەرهەنگنامە؛ فەرهەنگی بەرفراوان: ۱. فەرهەنگی زانستی؛ ئینسایکلۆپیدیا ۲. فەرهەنگێک بریتی لە واتای وشە و ناساندی ناونامە.

**فرهنگ‌نویس** / farhangnevîs ، ـها؛ ـان/: /اسم/ فەرهەنگنووس؛ فەرهەنگنڤیس؛ نووسەر، کۆکەر و بەدیهێنەری فەرهەنگ.

**فرهنگ‌نویسی** / farhangnevîsî/: /اسم/ فەرهەنگنووسی؛ فەرهەنگنڤیسی؛ لقێک لە زانستی وێژەوانی کە بە کۆکردنەوە، تۆژینەوە، پۆلێن و واتانووسینی وشەی زمانێک یان لقێکی

زانستیەوە خەریک دەبێ.

**فرهنگی** / farhangî ، ـها؛ ـان/: *صفت.* فەرهەنگی: ۱. کاری فەرهەنگی ‹فعالیت فرهنگی: چالاکی فەرهەنگی› ۲. ئەندامی وەزارەتی پەروەردە ‹شوهرش فرهنگی است: میردەکەی فەرهەنگیە›.

**فرهیختگی** / farhîxtegî ، ـها/: *اسم.* ژیری؛ ئاوەزمەندی؛ فرەزانی؛ دۆخ یان چۆنیەتی بە فەرهەنگ بوون.

**فرهیختن** / farhîxtan/: *مصدر متعدی. [قدیمی]* ژیرکردن/ کەردەی؛ کردنە خاوەن فام و فەرهەنگ.

**فرهیخته** / farhîxte ، ـگان/: *صفت.* تێگەیشتوو؛ خاوەن فەرهەنگ.

**فریاد** / faryād ، ـها/: *اسم.* هاوار؛ هەوار؛ قوو؛ قاو؛ فەریا؛ فریا؛ فریاد؛ قووڵە؛ هنا؛ هاوار و دا؛ وەیل؛ قولا؛ هەرا؛ داد؛ داو؛ گازـگاز: ۱. دەنگێکی بەرز کە لە گەروو گیاندارێکەوە دەردێ ‹فریاد فروشندەی دورەگرد را می‌شنید: هاواری وردەوالە فرۆشەکەی دەبیست› ۲. زیرە؛ گالە؛ زریکە؛ ئەنین؛ دەنگی دەربڕینی ژان و خەفەت ‹فریاد مردم از دست ماموران بلند شد: زیرەی خەڵک لە دەستی ژاندارمەکانەوە هەستا›.

▣ **فریاد زدن:** هاوار/ هەوارکردن؛ گالە و نالە کردن؛ قووڵاندن؛ ویلان؛ هەرا کردن؛ قولانن؛ قێڕاندن؛ گالین؛ ژارین؛ قێڕنەی؛ قێڕنای؛ قێڕەکردن؛ بانگ هەڵێنان؛ هاواری کەردەی؛ بە دەنگی زۆر بڵندەوە قسە کردن ‹من کر کە نیستم چرا فریاد می‌زنی؟: خۆ من کەڕ نیم بۆچی هاوار دەکەی؟›. هەروەها: **فریاد کشیدن**

**به فریاد کسی رسیدن:** فریای کەسێ کەوتن؛ بە هانای کەسێکدا چوون؛ گەینە داو کەسێکا؛ یاوای دادوو یۆیرە ‹اگر به فریادش نرسیده بودند خفه می‌شد: ئەگەر فریای نەکەوتبان دەخنکا›.

**فریادرس** / faryādres ، ـها؛ ـان/: *اسم.* ۱. فریاڕەس؛ ئەوەی دەگاتە فریای هاوارکەرەوە ۲. دادڕەس؛ کەسێ کە بە شکات و سکالای خەڵک ڕادەگا.

**فریب** / farîb ، ـها/: *اسم.* فریو؛ گزی؛ فێڵ؛ گۆڵ؛ گول؛ گوول؛ لابان؛ خاپ؛ لیپ؛ لیت؛ لەپۆک؛ تیزتەلەکە؛ گرو؛ گر؛ لاس؛ ئوین؛ هەپە؛ ئاوانتە؛ پەنگ: ۱. درۆ یان ناڕاستێ کە بە جێی ڕاست نیشان بدرێ یان بگوترێ ۲. کاری خڵەتاندنی کەسێک بۆ ئەوەی درۆ بە ڕاست بناسێ.

▣ **فریب خوردن:** فریو خواردن؛ خڵەتان؛ خەڵەتان؛ هەڵخەڵەتان؛ هەڵفریوان؛ خلافان؛ خڵەفان؛ خەڵەفان؛ خاپان؛ خاپیان؛ خاپین؛ غەرین؛ لێپخارن؛ گول وارەی؛ خەڵەتیەی؛ خڵەتیای؛ تەفرە خواردن؛ دەسخەڕۆ بوون؛ بەفریو چوون؛ لەخشتە چوون؛ فریبیان؛ هەربلین ‹گمان نمی‌کرد از یک بچه فریب بخورد: پێی وا نەبوو فریوی منداڵێک بخوا›.

**فریب دادن:** خەڵەتاندن؛ خڵەتانن؛ هەڵخڵەتاندن؛ خەڵەتنەی؛ خەڵەتنای؛ لاسدان؛ گول دەی؛ فریو/ فریب دان؛ خڵەتنان؛ هەڵفریواندن؛ هەڵفریوانن؛ هەڵخەڵەتانن؛ تەفرەدان؛ گووڵ دایەن؛ غافڵاندن؛ غەڵەتنەی؛ غەڵەتنای؛ لابانەن؛ خاپاندن؛ نالکردن؛ هەربلاندن؛ هەپەنان؛ غەڕاندن؛ بەسەردا برن؛ لاڕێ کردن؛ بە هەڵە بردن؛ لە خشتە بردن ‹یک بچه هم تو را فریب داد: منداڵێک خەڵەتاندتی›.

**فریب کسی/ چیزی را خوردن:** کلاو شتێ یان کەسێ چوونە سەر؛ فریوی کەسێ/ شتێ خواردن؛ گولوو یۆی/ چێوێوی وارەی ‹من فریب کارهایش را خوردم: من کلاوی کارەکانی چووە سەرم›.

**فریبا** / farîbā/: *صفت.* ۱. خاپینۆک؛ هۆی فریو خواردن ۲. *[مجازی]* خومخوم؛ شەنگ و شۆخ؛ زۆر جوان و دلگر.

**فریبکار** / farîbkār ، ـها؛ ـان/: *صفت.* فریودەر؛

www.perawipepwle.com


هەڵخەڵەتێن؛ خاپینۆک؛ مەلاق؛ خاپۆک؛ خـاپۆ؛ فریوباز؛ لە خشتەبەر؛ قۆڵشکێن؛ کەلاجۆیـە؛ زۆر دەسبڕ و بە فریو.

**فریبکاری** / farîbkārî ، ـهـا/: *اسم.* خـاپینۆکی؛ فریوکاری؛ کار یان ڕەوتی خڵەتاندن.

**فریبـنـدگی** / farîbandegî/: *اسم.* خاپێنـەری؛ فریودەری.

**فریبنده** / farîbande/: *صفت.* خاپێنەر؛ فریـودەر؛ خاوەن ڕوالەتی هەڵخەڵەتێن.

**فریزر** / firîzer, f(e)rizer ، ـهـا/: [انگلیسی]/*اسم.* فریـزر؛ قەرسـینک؛ بـەفریک؛ کەرەسـتەیەکی ڕچێنەری کارەبایی وەک یـەخچاڵ، کـە مـاکی خۆراکی (زۆرتر گۆشت) دەڕچێنێ و ڕایدەگرێ.

**فـریس** / farîs /: *اسم.* فـرس؛ فریـزوو؛ فریـزوو؛ فریز؛ فرووزوو؛ فروزی؛ هـەریز؛ گیـای چیمـەن کە بژاریکی زۆر دژوارە.

**فریضه** / farîze ، ـها؛ فرایض/: [عربی]/*اسم.* ئـەرکی سەرشان؛ کارێ کە لە سەر مرۆڤە.

**فریفتن** / farîftan/: *مصدر. متعدی. لازم.* // **فریفتی:** خاپاندت؛ **می‌فریبی:** دەخـاپێنی؛ **بفریب:** بخاپێنـە// □*متعدی.* ۱. خاپاندن؛ فریو دان؛ خڵەتاندن؛ گوڵ دەی؛ خڵـەتنان؛ فێـرانن؛ تـەفرەدان؛ هەپـەنان؛ هەربلاندن؛ خەڵەتنەی؛ غەڵەتنای؛ خڵەتنای؛ لە خشتە بـردن؛ گـۆڵ دان؛ لابانـدن؛ خەڵـەتاندن؛ درۆ و ناڕاست لە جیاتی ڕاست بە خەڵک نیشان دان ۲. *[مجازی]* هـۆگر کـردن؛ دڵ بـردن؛ بـە کردەوە، جوانی یا لێهاتوویی، کەسـێک بـۆ لای خۆ ڕاکێشان □*لازم.* ۳. *[قدیمی]* خاپـان؛ خـاوان؛ خەڵـەتان؛ خڵـەتان؛ خەڵـەتیەی؛ غەڵـەتیای؛ خڵەتیای؛ گوڵ واردەی؛ لە خشتە چوون.

■ صفت فاعلی: **فریبنده** (خاپێنەر)/ صفت مفعولی: **فریفتـــه** (خـــاپێنراو)/ مصـدر منفـی: **نفـــریفتن** (نەخاپاندن)

**ـ فزا** / fazā/: *پیوازه. [مخفف]* ـــگەشـێن؛ ـ ئـەفزا؛ ـهەڤوورێن؛ هەڤیاز ‹جانفزا: گیان گەشین›.

**فزاینده** / fazāyande/: *صفت. [ادبی]* لە زێدە؛ بـە لێهاتوویی یان تایبەتمەندی فرەوە بوون ‹نیـروی فزاینده: هێزی لە زێدە›.

**فزرتی** / fezertî/ ☜ **زپرتی**

**فزع** / 'faza ، ـها/: [عربی]/*اسم. [ادبی]* نالە و زاری؛ نالان و گریان؛ کاز- کاز؛ شین؛ شەپۆر؛ گریـان و شین؛ شین و هاوار.

**فـزودن** / fozûdan/: *مصـدر. متعـدی. [مخفـف]* هەڤووراندن؛ زیاد/ فرەکردن.

**فزون** / fozûn, fuzûn/: *قید. [مخفف]* پتر؛ فرەتـر؛ زۆرتر؛ زیاتر؛ زیادتر؛ زیاتەر.

**فزونخواهی** / fozûnxāhî, fuzûn- ، ـها/: *صفت.* زیادەخوازی؛ فرەخوازی؛ فرەوازی.

**فزونـی** / fozûnî, fuzûnî ، ـهـا/: *اسم.* زۆری؛ فرەیی؛ فراوانی؛ فرەبـوونی؛ زۆربـوونی؛ زیـادی؛ هەڤیازی؛ ڕەوتی زۆر بوونـەوە و ڕوو لـە فرەیـی نان.

**فس** / fes(s)/: *صوت.* فس؛ دەنگی دەرچوونی بـا لە کونێکەوە ‹تا آمدم سوار دوچرخـه شـوم فـس، بـاد لاستیکش در رفت: تـا هـاتم سـواری دووچەرخـە بم فس، بای لاستیکەکەی دەرچوو›.

**فساد** / fasād, fesād ، ـها/: [عربی]/*اسم.* گەندەڵی: ۱. کرمۆڵی؛ خراپی ‹مواد قندی باعث فساد دنـدانها می‌شود: ماکی قەندی دەبێتە هـۆی کرمۆڵـی ددان› ۲. فەت؛ خراوکاری؛ کار یان ڕەوتی کەرخانـدن ‹فساد اقتصادی: گەندەڵی ئابووری›.

**فسـانه** / fasāne, fesāne ، ـهـا/: *اسـم. [مخفـف]* ئەفسانە؛ دیرۆک؛ چیڤانۆک.

**فســتیوال** / festîvāl ، ـهـا/: [فرانسـوی]/*اسـم.* میهرەگان؛ ئاهەنگ؛ فیستیڤال.

**فسـخ** / fasx/: [عربـی]/*اسـم.* کـار یـان ڕەوتی هەڵوەشـاندنەوە؛ پووچـەڵ کردنـەوە. هـەروەها: **فسخ شدن؛ فسخ کردن**

**فسرده** / fesorde/: *[مخفف]* ☜ **افسرده**

**فسـفات** / fosfāt ، ـهـا/: [فرانسـوی]/*اسـم. [شیمی]*

فوسفات؛ هەر کام لە خوێکانی ئەسید فوسفوریک کە پتر وەک کووت بە کار دەچن.

**فسفر** / fosfor/: [فرانسوی]/سم. فوسفور؛ توخمی کیمیایی ناکانزا بە ژمارەی ئەتۆمی ۱۵ و کێشی ئەتومی ۳۰،۹۷، کە لە بەرهەمهێنانی ئالیاژ و شەمچە و کووتدا بەکاردێت. بێجگە فوسفوری ئاسایی، فوسفوری سپی و سوور و زەرد و بنەوشیش هەیە.

**فسفرتابی** / fosfortābî/: [فرانسوی/ فارسی]/سم. فوسفورتاو؛ فوسفورسانس.

**فسفرسانس** / fosforsāns/: [فرانسوی]/سم. فوسفورتاو؛ فوسفورسانس: ۱. *[ئیمی]* سۆسەتیشکێکی سەوز کە لە ئوکسیدە بوونی ئارامی فوسفوری سپی لە هەوادا بەدی دێ ۲. *[فیزیک]* تیشکدانەوەی لە پەستای ماکێک پاش ئەوەی وەبەر گەرما، تیشک یان کارەبا بخرێ ۳. *[جانورشناسی]* ڕەوت یان دۆخی بەدیهێنانی تیشک لە لایەن ژینەوەرێکەوە (وەک گولەستێرە).

**فس ـ فس** / fesfes/: *صوت.* ۱. هنەهن؛ مشەمش؛ موشەموش؛ دەنگی هەناسە کێشان لە کاتی گیرانی لووتدا.

▣ **فس ـ فس کردن:** *[کنایی]* فسەفس کردن؛ خاوەخاوکردن؛ سنەسن کردن؛ بە خاوی و شێنەیی کارکردن.

**فسفین** / fosfîn/: [فرانسوی]/سم. *[ئیمی]* فوسفین؛ گازی بێڕەنگ و ژاراوی فوسفور بە بۆنێکی تایبەتەوە کە بۆ قانگدانی دەخل و دانی نێو هەمار بە کەلک دێت.

**فسق** / fesq ، ـها/: [عربی]/سم. گەناوەری؛ گەندەڵەکاری؛ خراپەکاری؛ کاری کە کردنی حەرامە، بەتایبەت زینا.

**فسقلی** / fesqelî ، ـها/: [از کردی] *صفت. [تعریض، گفتاری]* فیسقەلی؛ فیسقلی؛ تیسقل؛ تسقەلی؛ زۆر بچووک ‹بچە فسقلی: منداڵی فیسقەلی›.

**فسق و فجور** / fesq-o-fucûr, -focûr ، ـها/:/سم. خراپەکاری؛ گەندەڵکاری؛ نابەکاری؛ کاری تاوان و حەرام بە تایبەتی عەیش و نۆش و ڕابواردن.

**فسن** / fesen، ـها/:/سم. سان؛ بەردەسان؛ کوچکەسان؛ هەسان؛ هسان؛ بەردەساو؛ جۆرێک بەردی سیلیسی کە بۆ ساو کردنی بەرد و کانزا و تیژ کردنی کارد و چەقۆ بەکاری دێنن.

**فسنجان** / fesencān/:/سم. فسنجان؛ جۆرێک خۆرشت کە بە گۆشت، هاڕاوی گوێز، ڕووبەنار و تامەچێشتی تر لێدەنرێ.

**فسون** / fusûn, fosûn/:*[مخفف]* ☜ **افسون**

**فسونگر** / fusûngar, fosûngar ، ـها؛ ـان/:/سم. *[مخفف]* سێحرباز؛ سێحربەند؛ ئەفسوونکار.

**فسیل** / fosîl ، ـها/: [فرانسوی]/سم. فوسیل؛ بەردینە؛ قاپلۆخەی وەک بەرد هەلاتووی لەش یان پاشماوەی گیانەوەری زۆر کۆن کە لە نێو زەویدا وەک خۆی ماوەتەوە.

**فش** / feš/: *صوت.* فیچق؛ فشقە؛ فیشقە؛ دەنگی هاتنە دەری ئاو یان هەلم لە کونێکەوە (وەک لووڵە یان شێری ئاو) ‹تا شیر آب را باز کردم، آب فش پاشید به سر و صورتم: تا شێرەکەم باز کرد ئاو فیچق پڕژا بە سەر و چاومدا›.

**فشار** / fešār ، ـها/:/سم. تەوژم؛ تەوشم؛ گوشار؛ وشار؛ خوشار؛ گوش؛ گوڤاش؛ گەرمش؛ زیپ: ۱. نهێم؛ لێش؛ هێزێ کە بە کەرەستەیەکەوە دەخرێتە سەر شتێک ‹فشار انگشت: تەوژمی قامک› ۲. هەمەت؛ کاردانەوەی هێزێک بە سەر شتێکدا ۳. زۆر؛ ئازار و گرانی ڕەنجی زەینی یان لەشی ‹فشار گرسنگی: زۆری برسیەتی› ٤. *[سیاست]* کار و ڕەوتی زۆر هێنان و تەنگ پێهەلچنین لە لایەن دەوڵەتەوە بەسەر ڕخنەگران و نەیارانداد ‹فشار بر مطبوعات: زور هینان بۆ چاپەمەنیەکان›.

▣ **فشار جَوّ:** گوشاری کەش؛ تەوژمێ کە کەشی زەوین دەیخاتە سەر ئەو شتانەی لە نێویدان.

**فشار خون:** تەوژمی خوێن؛ گوشاری خوێن:

۱. گوشاریّ که خوێن دەیخاته سەر دیوارەی ڕەگەکانەوە ۲. دۆخێکی نەخۆشی که به هۆی نالەباری کاری دڵ، ڕەقی سووڕەڕەگەکان، بەرگری مووڕەگەکان لە ئاست گەڕانی خوێن و ڕێژە و خەستی خوێنەوە بەدی دێت.

**فشار روانی**: گوشاری دەروونی؛ تەوژمی ڕەوانی؛ گوشارێکی زۆر کە دەبێتە هۆی بەدیهاتنی ترس، دڵەڕاوکێ، زیچ و هەڵچوونی دڵۆڤانی و ئازاری دیکەی دەروونی.

▣ **فشار آوردن**: زۆر هێنان؛ سەر داگرتن؛ گەرمشاندن؛ تەوژم هێنان: ۱. گوشار بۆ هێنان ‹آب فشار آورد و پل را خراب کرد: ئاو گوشاری هێنا و پردەکەی ڕووخاند› ۲. تەنگ لێهەڵچنین؛ تەنگ پێهەڵچنین؛ هەراس پێهەڵگرتن ‹به همسرش فشار می‌آورد که ماشین بخرد: زۆری بۆ مێردەکەی نەهێنا ماشین بکڕێ›.

**هەروەها: فشار وارد کردن؛ زیر فشار گذاشتن**

**فشار دادن**: گووشان؛ گووشین؛ گفاشتن؛ گوشین؛ کوشین؛ گلۆقین؛ هەڵگووشین؛ گوشار دان؛ تەوژم دان؛ هەڵپشافتن؛ هەڵپشاوتن؛ شوارەی؛ شوارای ‹فشار بده آبش درمی‌آید: بیگووشە ئاوەکەی دەردێ›.

**فشار وارد کردن** ☜ **فشار آوردن**

**زیر فشار گذاشتن** ☜ **فشار آوردن**

**فشارسنج** / fešārsanc / ـها/: *اسم.* تەوژمپێو؛ گوشارپێو؛ بارومیتر؛ کەرەستەیەک بۆ پێوانی تەوژمی کەش.

**فشارنگار** / fešārnegār / ـها/: *اسم. [هواشناسی]* باروگراف؛ کەرەستەیەک بۆ کێشانی گۆڕانکاری تەوژمی کەش لە ماوەیەکی دیاریکراودا.

**فشاری** / fešārî/: *صفت.* ۱. گوشاری ‹شیر فشاری: شێری گوشاری› ۲. گووشاو؛ گووشراو؛ گووشیاگ ‹آجر فشاری: خشتی گووشاو›.

**ـــ فشان** / fešān/: *پیوازه.* ۱. ـــ پژێن؛ پژێنەر ‹آتش‌فشان: ئاگرپژێن› ۲. ـــ باز؛ بەخت‌کەر ‹جان‌فشان: گیانباز›.

**فشاندن** / fešāndan/: *[مخفف]* ☜ **افشاندن**

**فشانیدن** / fešānîdan/: *[مخفف]* ☜ **افشاندن**

**فشردگی** / fešordegî ، ـها/: *اسم.* گوڵۆفی؛ گوفاش؛ کوشراوی؛ میچڕاوی؛ گووشراوی؛ گووشیاگی.

**فشردن** / fešordan/: *مصدر. متعدی.* // **فشردی**: گووشیت؛ **می‌فشاری**: **بفشار**: بگووشە// گووشین؛ گوشین؛ گوشان؛ گوشانن؛ کوشین؛ هەڵگوشان؛ هەڵگوشین؛ هەڵپشافتن؛ پواندن؛ گواشن؛ گواشتن؛ گفاشتن؛ وستمین؛ گلۆفین؛ هەڵگلۆفان؛ هەڵگلۆفتن؛ هەڵگلۆفین؛ هەڵکوشین؛ تەوژمدان؛ حەشکاندن؛ وشین؛ ڕێک‌گوشین؛ هەڵپشتافتن؛ پشافتن؛ هەڵپشاوتن؛ گوفاشتن؛ شوارەی؛ شوارای؛ شوارتەی؛ تەژاندن؛ تێک‌هەڵگوشین؛ وشاردن؛ پشاوتن؛ گوفشاندن؛ پەساندن؛ بە هێزی میکانیکی بە ڕووبەری دەرەکی شتێ گوشار هێنان. **هەروەها: فشردنی**

■ **صفت فاعلی: فشارنده** (گووشەر)/ **صفت مفعولی: فشرده** (گووشراو)/ **مصدر منفی: نفشردن**: (نەگووشین)

**فشرده**[1] / fešorde/: *صفت.* ۱. تۆکمە؛ گووشراو؛ کوشراو؛ وشاو؛ گلۆفیاگ؛ گوفاشتی؛ گران؛ توند و پڕ ‹جسم فشرده: شتی تۆکمە› ۲. کورت؛ کورتەوەکراو ‹گفتار فشرده: کورتە وتار›.

**فشرده**[2]: *قید.* بەکورتی؛ هەڵگوش؛ هەڵکوش ‹خیلی فشرده نوشته شده بود: زۆر بە کورتی نووسرابوو›.

**فشفشه** / fešfeše ، ـها/: *اسم.* فیشەکەشێتە؛ فشفشە؛ تۆق تۆقە؛ هاژەک؛ وژەک؛ مەشەک ئەو تەقەمەنیە مندال لە جێژنا دەیتەقێننەوە.

**فشنگ** / fešang ، ـها/: *اسم.* فیشەک؛ فشەک؛ فیشەنگ؛ بەر؛ شەنگ؛ قالک؛ لووڵەیەکی گچکە داگری بارووت و گوللە و تەرێقە.

**فشنگی**[1] / fešangî/: *صفت.* فیشەکی؛ وەکوو

فیشەک ‹قلم فشنگی: قەلەمی فیشەکی›.

**فشنگی**[۲]: *قید. [گفتاری]* گورج؛ خێرا؛ تونـد و تیـژ؛ وەکوو فیشەک ‹فشنگی بروا: گورج بچۆ!›.

**فصـاحت** / fesāhat, fasāhat/: [عربـی]/سـم. دەم‌پاراوی؛ قسەڕەوانی؛ خرۆبێژی؛ سفکزمانی؛ ڕەوان‌بێژی؛ وتەپاراوی؛ زمان پاراوی؛ قسەپاراوی؛ گوتاری ڕەوان و ورد و جوان.

**فصـح** / fasah/: [معـرب از عبـری]/سـم. فەسـەح؛ جێژنی فەتیر؛ جێژنێکی گرینگی جـووە کـە لـە شەوی چواردەی مانگی نیسانەوە دەس پێـدەکا و بە ماوەی حەوتەیەکە.

**فصحا** / fosahā/: [عربی] جمعِ ☜ **فصیح**

**فصـد** / fasd/: [عربـی]/سـم. حیجامـەت؛ کـاری دەمار لێدان بۆ هاتنە دەرەوەی خوێن؛ کەلەشاخ لێ نان.

**فصل** / fasl ، ـها؛ فصول/: [عربـی]/سـم. ۱. وەرز؛ کەژ؛ کەژە؛ کەش؛ کژ؛ پشکسال؛ گۆنەر؛ گۆنەڵ؛ هەڤـڕۆنگ؛ فەسـڵ؛ کژەسـال؛ بەشـێک لـە چواربەشی سال بە هەوای تایبەت بە خۆیەوە کە سێ مانگە ‹فصل تابستان: وەرزی هاوین› ۲. وەرز؛ سەردەم؛ هەڕەت؛ ئەنگۆرە؛ گۆنگەڵ؛ هاڤـڕۆنگ؛ جەنگە؛ جەرگە؛ کانگە ‹فصل انار: هەڕەتـی هەنار› ۳. بەش؛ پاژ؛ بابـەتێکی جیـاواز لـە کتێـب کـە لەگەڵ بابەتەکانی تـردا پێوەنـدی هەیـە ‹فصل پنجم، در عشق و جوانی: بەشی پێنجم سـەبارەت بـە ئەوین و جوانی› ٤. *[ادبی]* کار یان ڕەوتی یـەکـلا کردنـەوە؛ جـوێ‌کردنـەوە؛ لێـک‌کردنـەوە؛ جیـا کردنەوە ‹حـل و فصـل معاملـه: یـەکـلا کردنـەوەی مامەڵە›.

▣ **فصل مشترک**: کەرخی هاوبـەش؛ هێڵـێ کـە دوو ڕووبەر یان دوو شتی لە پەنا یـەک لێـک جیا دەکاتەوە و هەر دوو تێیدا هاوبەشن.

**فصلنامه** / faslnāme ، ـها/: [عربـی/ فارسـی]/سـم. وەرزنامـە؛ گۆڤـاری کـە وەرزێ (سـێ مانـگ) جارێک دەردەچێ.

**فصـلی**[۱] / faslî/: [عربـی] صـفت. وەرزی ‹بیکـاری فصلی: بێکاری وەرزی›.

**فصـلی**[۲]: *قیـد.* وەرزانـە؛ وەرزی ‹در نشـریه‌ای کـه فصلی منتشر می‌شود باید پیوند مطالب حفـظ گـردد: لـه بلافۆکێکدا کە وەرزانە دەردەچـێ، دەبـێ پێوەنـدی بابەتەکان بپارێزرێ›.

**فصول** / fusûl, fosûl/: [عربی] جمعِ ☜ **فصل**

**فصـیح** / fasîh/: [عربـی] صـفت. ۱. پـاراو؛ ڕەوان ‹گفتار فصیح: وتاری پاراو› ۲. ـها؛ فُصحا/ دەم‌پـاراو؛ دەماوەر؛ وتەپاراو؛ قسەزان؛ زماندار؛ زمـان‌ڕەوان؛ ڕەوان‌بێژ؛ بـەدەم و پـل؛ قسـەڕەوان؛ لەبلـەبان؛ دەمەوەر ‹مرد فصیح: پیاوی دەم‌پاراو›.

**فضا** / fazā ، ـها/: [عربی]/سم. بۆشایی؛ گشـێوش؛ گشیوس: ۱. ئاسمان؛ ناوچەی ئەو پەڕی کـەش ‹در فضـای لایتنـاهی: لـە ئاسمانـی بـێ‌سـنووردا› ۲. حەوا؛ پانەیەکی بێ‌سنووری سێ‌ڵا کە هەموو شتێکی تێدایە ‹فضای سه‌بعدی: بۆشـایی سـێ‌ڵا› ۳. ڤالایی؛ پانەیـەکی بـە یـەک، دوو یـان سـێ بەرەوە (وەک مەودا، پانتایی، بارستایی) ٤. کـەش؛ بار و دۆخ؛ ئاقار، بەتایبەت چۆنیەتیەکەی ‹فضای سیاسی: بار و دۆخی ڕامیاری›.

**فضائل** / fazā'el/: [عربی] ☜ **فضایل**

**فضائی** / fazā'î/: [عربی] ☜ **فضایی**

**فضاپیما** / fazāpeymā ، ـها/: [عربی/ فارسـی]/سـم. ئاسمان‌پێو؛ ماشینێ کە بۆ ناو بۆشـایی ئاسمـان بڕوا.

**فضاحت** / fezāhat, fazāhat ، ـها/: [عربـی]/سـم. بێ‌ڕوومـەتی؛ بـێ‌ئابـڕوویی؛ لەکـەداری؛ فهێـت؛ ئابڕووتکاوی؛ شووڕەیی؛ شەرمەکاری.

**فضاسازی** / fazāsāzî ، ـها/: [عربـی/ فارسـی]/سـم. کەش‌سازی؛ بەڕپاکانێ؛ کـار و ڕەوتی سـاز دانی بار و دۆخێک بۆ باش تێگەیانـدنی بیسـەر یـان بینەر لە مەبەستی ڕەچاوکراو ‹فضاسـازی داسـتان ضعیف است: کەش‌سازی داستانەکە لاوازە›.

**فضانورد** / fazānavard ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسـی]

/سم. کەشوان؛ کەشڤان؛ ئەوی بۆ ناو (بۆشایی) ئاسمان دەڕوا ‹یوری گاگارین نخستین فضانورد بود: یووری گاگارین یەکەمین کەشوان بوو›.

**فضانوردی** / fazānavardî /: [عربی/ فارسی]/سم. کەشوانی؛ کەشڤانی: ۱. کار و ڕەوتی چوون بۆ ناو بۆشایی ئاسمان ۲. کار و پیشەی کەشوان.

**فضایح** / fazāyeh /: [عربی] جمعِ ☜ **فضیحت**

**فضایل** / fazāyel /: [عربی] جمعِ ☜ **فضیلت**: **فضائل**

**فضایی** / fazāyî /: [عربی] صفت. ۱. ئاسمانی؛ حەوایی ‹سفرهای فضایی: سەفەری ئاسمانی› ۲. سێ پالی؛ سێ لایی ‹شکل فضایی: شکلی سێ پالی› * **فضائی**

**فضل** / fazl /: [عربی]/سم. هەڤیازی؛ سەرتری مەعنەوی کە بە هۆی تێگەیشتوویی و زانیاریەوە بەدیدێ.

**فضلا** / fozalā /: [عربی] جمعِ ☜ **فاضل**

**فضل‌فروش** / fazlfurûš ، ـها؛ ـان /: [عربی/ فارسی] صفت. خۆنوێن؛ هۆگری خۆ نواندن. هەروەها: **فضل‌فروشی**

**فضله** / fazle ، ـها؛ فُضولات /: [عربی]/سم. ڕیخ: ۱. ڕێقنە؛ ریقنە؛ چیرت؛ چیرپت؛ چۆقلی؛ جیقنە؛ ڕتیق؛ پیسی پەلەوەر ‹فضلەی کبوتر: ریقنەی کۆتر› ۲. شیاکە؛ سەنێر؛ ڕەم؛ پیسی ئاژەڵ ‹فضلەی اسب: شیاکەی ئەسپ› ۳. *[نامتداول]* تلتە؛ پلتە؛ تفلە؛ سپلە؛ زبل؛ زال؛ شەغەل.

**فضول** / fuzûl, fozûl ، ـها؛ ـان /: [عربی] صفت. فزوول؛ هەلقوتێن؛ هەلقورتێن؛ خۆتێهەلقوتێن؛ لاپەرەسەن؛ لاپەرەسەنگ؛ لاپلەرسەنگ؛ لاپلار؛ لاپواز؛ دڕدۆک؛ دڕدوک؛ لابەلا؛ لابەلایی؛ لاکوت؛ لاوەلا؛ دەم تێوەدەر؛ تیکەچن؛ دەست‌بشۆل؛ سەنگەڵ قۆ؛ ڕەگەڵ ـ ڕەگەڵ؛ هۆگری خۆ هەلقوتاندنە ناو کاری وا کە فڕی بە سەریەوە نەبێ.

**فضولات** / fuzûlāt, fozûlāt /: [عربی] جمعِ ☜ **فُضله**

**فضولی** / fuzûlî, fozûlî ، ـها /: [عربی]/سم. لاپەرەسەنی؛ سەرەتاتکێ؛ فزوولی؛ قوتەقوت؛ کار یان ڕەوتی تێهەلقوتان؛ خۆ تێهەلقوتان؛ قوتان؛ هەلقوتان؛ هەلقورتان؛ هەلقورتیان نایبش‌سەر؛ چول کیشان؛ خۆ خەرە ناو کارێکەوە کە فڕی بە سەرەوە نیە. هەروەها: **فضولی کردن**

**فضیحت** / fazîhat ، ـها؛ فضایح /: [عربی]/سم. کلکلە؛ ڕسوایی؛ بێئابڕوویی؛ بەدناوی؛ بێڕوومەتی.

**فضیلت** / fazîlat ، ـها؛ فضایل /: [عربی]/سم. سەرڤانی؛ هەڤیازی؛ سەرتری بەتایبەت ئەوی لە ئاوەز و زانست و تێگەیشتوویەوە سەرچاوەی گرتووە.

**فطانت** / fetānat, fatānat /: [عربی]/سم. *[ادبی]* وریایی؛ هێژایی؛ زیرەکی؛ ژیرڤانی؛ هینایی.

**فطر** / fetr /: [عربی] ☜ عید فطر، **عید**

**فطرت** / fetrat ، ـها /: [عربی]/سم. نیهاد؛ بارە؛ خۆ؛ تەبیەت؛ خێم؛ هێم؛ سرشت ‹خوش فطرت: پاک نیهاد›.

**فطری** / fetrî /: [عربی] صفت. نیهادی؛ خۆیی؛ تەبیەتی؛ خێمی؛ هێمی؛ سرشتی. بەرانبەر: **اکتسابی**

**فطریه** / fetrîyye ، ـها /: [عربی]/سم. سەرفیترە؛ سەروترە؛ پارە یان مالێ کە لە ڕۆژی جێژنی ڕەمەزاندا بە هەژار و فەقیر دەدرێ.

**فطیر** / fatîr ، ـها /: [عربی]/سم. فەتیرە؛ لۆش؛ نانێ کە هەویرترشیان لە هەویرەکەی نەدابێ یان پێش لە هەلاتنی کرابێ.

**فعال** / fa'āl ، ـها /: [عربی] صفت. کاری؛ بەکار؛ کارا: ۱. /ان/ کۆشا؛ کارکۆ؛ کۆشەر؛ تێکۆشەر؛ زۆر شوولکەر ‹دانشجوی فعال: خوێندکاری کۆشا› ۲. سەرگەرم؛ لە حالی کارکردندا ‹آن کارخانه هنوز فعال است: ئەو کارخانەیە هێشتا بەکارە›

۳. لێهاتوو؛ کارکۆ؛ کارتێکەر ‹نیروی فعال: هێزی لێهاتوو›.

**فعالانه** / fa'ālāne/: [عربی/ فارسی] *قید.* چالاکانه؛ تێکۆشەرانه؛ کارکۆیانه؛ بە چالاکیەوە ‹فعالانه برای پیشرفت کار تلاش می‌کرد: چالاکانه بۆ پێشکەوتنی کار تێدەکۆشا›.

**فعال‌ساز** / fa'ālsāz ، ـها/: [عربی/ فارسی] *صفت. [سیمی]* چالاکساز؛ به تایبەتمەندی یان توانایی خستنە کار یان زۆرکردنی ڕادەی کارکۆیی ‹مادەی فعال‌ساز: ماکی چالاکساز›. هەروەها: **فعال‌سازی**

**فعالیت** / fa'ālîyyat ، ـها/: [عربی]/*اسم.* چالاکی؛ کارکۆیی ۱. دۆخ یان چۆنیەتی کارا بوون ‹مانع فعالیت کارخانه شد: بەر چالاکی کارخانەکەی گرت› ۲. کار و ڕەوتی پەرژان بە کارێک ‹در کار ساختمانی فعالیت دارد: لە کاری خانووبەرەدا چالاکی هەیە› ۳. شێوەیەکی تایبەت لە کار ‹فعالیت سیاسی: چالاکی ڕامیاری›. هەروەها: **فعالیت داشتن؛ فعالیت کردن**

**فعل** / fe'l ، ـها؛ افعال/: [عربی]/*اسم.* کار: ۱. ئیش ‹فعل حرام: کاری حەرام› ۲. *[دستور]* کردار؛ وشەیێ کە بەڕێوە چوونی کار یان بار و دۆخێک لە ڕابردوو، ئێستا یان داهاتوودا نیشان دەدا ‹فعل ماضی: کاری ڕابردوو›.

▣ **فعل امر:** *[دستور]* کاری فەرمان.

**فعل حرام:** *[اسلام]* کاری ناڕەوا؛ کاری حەرام؛ کارێ کە دین قەدەغەی کردووە.

**فعل ساده:** کاری سادە؛ کارێ کە ڕوالەتی یەک وشەیە.

**فعل لازم:** *[دستور]* کاری تێنەپەڕ؛ کارێ کە پێویستی بە بەرکار نیە (وەک خەوتن، هەلاتن).

**فعل ماضی:** *[دستور]* کاری ڕابردوو.

**فعل متعدی:** *[دستور]* کاری تێپەڕ؛ کارێ کە ئاکامەکەی ڕوو لە بەرکار کات (وەک خەواندن، غارپێدان).

**فعل مجهول:** *[دستور]* کارێ کە بە کرگاری نادیار بێ (وەک نووسرا). هەروەها: **فعل معلوم**

**فعل مرکب:** *[دستور]* کاری لێکدراو؛ کارێ کە لە دوو وشە پێکهاتبێ (وەک بار هاوردن).

**فعل مضارع:** *[دستور]* کاری ئێستا/ ڕانەبردوو.

**فعل معین** ☜ **همکرد**

**فعل واجب:** *[اسلام]* کاری واجب؛ فەرز؛ کارێ کە بە پێی دین دەبێ بکرێ.

**فعل همکرد:** *[دستور]* کرگاری هاوکرد؛ کاری هاوکار؛ کارێ کە لە دووی ناو یان ئاوەڵناوەوە دێ و کارێکی‌تر دروست دەکا (وەک «خواردن» لە «سوێند خواردن» دا): **فعل معین**

**فعلاً** / fe'lan/: [عربی] *قید.* ۱. هێشتا؛ هێشتان؛ ئێستا؛ تا ئێستا؛ تا وێستا؛ جارێ؛ جارێک؛ جارێکان؛ جارێکانێ؛ هێما؛ هەڵەی؛ هەڵای؛ هێشتەر؛ هێشتاکوو؛ هێستا؛ هێسا؛ هێژ ‹فعلاً نیامده: هیشتا نەهاتووە› ۲. جارێ؛ جارێک؛ جارێکان؛ جارێکانی؛ جارێو؛ جاریە ‹فعلاً می‌خواهم بخوابم: جاری دەمەوێ بنووم› ۳. تاوێ؛ ساتێ؛ هێندێک؛ ماوەیێک ‹فعلاً منتظر باش، تا برمی‌گردد: تاوی چاوەڕوان بە، تا دێتەوە›.

**فعلاتن** / fa'alāton/: [عربی]/*اسم. [ادبی]* فەعیلاتون؛ کۆڵەکەیەکی شیعری عەرووزی.

**فعلگی** / fa'legî ، ـها/: [عربی/ فارسی]/*اسم. [قدیمی]* کرێکاری؛ کارگەری؛ ڕەنجبەری ‹با فعلگی روزگار می‌گذرانم: بە کرێکاری ژیان دەبەمە سەر›.

**فعل و انفعال** / fe'l-o-'enfe'āl ، ـها؛ ـات/: [عربی] *اسم.* ۱. کار و کاردانەوە ‹فعل و انفعال شیمیایی: کار و کاردانەوەی کیمیاوی› ۲. *[مجازی]* ئازوگۆز؛ ئاڵوگۆڕ؛ گۆڕانکاری ‹فعل و انفعال نیروهای بیگانه در مرز مشهود است: ئازوگوزی هێزی بێگانە لە سنووردا دیارە›.

**فعله** / fa'le ، ـها/: [عربی]/*اسم. [قدیمی]* کرێکار؛ کارگەر؛ ڕەنجبەر.

**فعلی** / fe'lî/: [عربی] *صفت. [دستور]* ۱. کاری؛

کرگاری؛ کارینه؛ سەر بە کردار ‹ریشەی فعلی: ڕەگی کاری› ۲. *[دستور]* کاری؛ کرگاری؛ بە کار گیراو لە ڕستەدا وەکوو کار یان چاوگ ‹حالتەای فعلی را در این جملەها مشخص کنید: باری کرکاری لەم چەند ڕستەیەدا دیارده بکەن› ۳. ئێستاکە؛ هی ئێستا؛ ئەوێستا؛ ئێستایی؛ ئێستەکە ‹نشان فعلی آزاد کُجاست؟: جێگە و شوێنی نیستاکەی ئازاد کوێیە؟›.

**فعولن** / fa'ûlon/: [عربی]/*اسم. [ادبی]* فەعوولون؛ بناغەیەکێ شیعری عەرووزی.

**فغان** / faqān ، ـها/: *اسم. [ادبی]* هاوار؛ هەوار؛ هەڤار؛ داد؛ داو؛ سۆژە؛ فەغو؛ گاز-گاز؛ وار؛ کاری کازتین؛ نالە و گریان بە نیشانەی سکالا لە شتێ ‹فغان از این روزگار: هاوار لەم ڕۆژگارە›. هەروەها:

**فغان داشتن؛ فغان کردن**

**فقاهت** / faqāhat, feqāhat/: [عربی]/*اسم.* مەلایەتی؛ کار و پیشەی زانای ئایینی.

**فقد** / faqd/: [عربی] ☜ **فقدان-۱**

**فقدان** / foqdān, feqdān/: [عربی]/*اسم.* ۱. دۆخ یان چۆناوچۆنی نەبوون ‹فقدان دلیل: نەبوونی بەڵگە› ۲. *[مجازی]* مەرگ؛ نەمان ‹فقدان اسفانگیز استاد دانشگاه: مەرگی خەماوەری مامۆستای زانستگا›.

**فقر** / faqr/: [عربی]/*اسم.* ۱. کەمایەتی؛ کەمایسی؛ کەمایەسی؛ دۆخی کەم بوونی شتێک ‹فقر آهن در بدن موجب کم‌خونی می‌شود: کەمایەتی ئاسن لە لەشدا دەبێتە هۆی کەم‌خوێنی› ۲. هەژاری؛ دەستەنگی؛ کەمدەستی؛ بێدەستی؛ نەداری؛ دەست‌کورتی؛ بێمالی؛ ژاری ‹از شدت فقر گدایی می‌کرد: لە تاوی هەژاری سوالی دەکرد›.

**فقرا** / foqarā/: [عربی] جمعِ ☜ **فقیر**

**فقرات** / faqarāt/: [عربی] جمعِ ☜ **فقره**

**فقرزدایی** / faqrzedāyî, -zodāyî/: [عربی/فارسی]/*اسم.* کار و ڕەوتی نەهێشتنی هەژاری و سڕینەوەی شوێنەوارەکانی.

**فقره** / faqare/: [عربی]/*اسم.* ۱. ـها؛ فَقَرات/ *[قدیمی]* مۆرەغە؛ موورەغە؛ مورەغە؛ موغەرە؛ مۆغەرە؛ مازە؛ مۆرتخە؛ مورتخە؛ بڕبڕە؛ مۆرەی پشت ۲. بابەت؛ یەکەی کار یان ڕووداوێک ‹دو فقره جنس فرستاده شد: دوو بابەت جنس ناردرا› ۳. بەرگ؛ دانە؛ یەکەی ژماردنی بەڵگە و نامە ‹دو فقره چک بانکی: دوو بەرگ چەکی بانکی›.

**فقط** / faqat/: [عربی] *قید.* تەنیا؛ تەنها؛ بە تەنێ؛ بتنێ؛ بتنن؛ بەس؛ هەر؛ هەمما؛ فەقەت ‹فقط یک بار به خانه‌ی ما آمد: تەنیا جارێک هاتە مالی ئێمە›.

**فقه** / feqh/: [عربی]/*اسم.* قانوونی شەرع؛ سەرجەمی زانیاری سەبارەت بە چۆناوچۆنی بەڕێوە بردنی کار و باری ژیان بە پێی ئاموژەی دینی.

**فقها** / foqahā/: [عربی] جمعِ ☜ **فقیه**

**فقه‌اللغه** / feqholloqe/: [عربی] ☜ **فیلولژی**

**فقید** / faqîd/: [عربی] *صفت.* خوالێخۆشبوو؛ خواعەفووکردوو؛ نەماو؛ کۆچ‌کردوو؛ لەدەس چووگ؛ مردوو ‹همسر فقید ایشان: هاوسەری خوالێخوشبوویان›.

**فقیر**[1] / faqîr ، ـها؛ ان؛ فقرا/: [عربی] *صفت.* هەژار؛ ژار؛ بەلەنگاز؛ لات؛ فەقیر؛ قیتەل؛ نەدار؛ نەخرێ؛ خزان؛ خێزان؛ دەستەنگ؛ دەستتەنگ؛ دەس‌تەنک؛ دەستتەنک؛ کەمدەست؛ دەستهیشک؛ بێمال؛ بێتووک؛ بێدەست؛ بێسامان؛ بێتوک؛ بڕێتی لە نەدار و نزار؛ ڕووت و ڕەجال ‹کشور فقیر: ولاتی هەژار›.

**فقیر**[2]: *صفت. [ادبی]* ئەمن؛ من ‹آن مرد بزرگوار به فقیر عنایت داشت: ئەو پیاوە گەورە ئەمنی دەحاواندەوە›.

**فقیرانه**[1] / faqîrāne/: [عربی/فارسی] *صفت.* هەژارانە ‹زندگی فقیرانه: ژیانی هەژارانە›.

**فقیرانه**[2]: *قید.* هەژارانە؛ دەستەنگانە؛ بە هەژاری ‹در آن خرابه‌ی فقیرانه زندگی می‌کردند: لەو کەلاوەدا

هەژارانە دەژیان›.

**فقیه** / faqîh ، ـان؛ فُقَهـا/: [عربـی]/سـم. مـەلا؛ شارەزای فیقە .

**فک** / fak(k)/: [عربی]/سم. ۱. ـ ـها/ شـەویلکە؛ شـەویلاکە؛ شـەویلاک؛ شـەویلە؛ شـەویلەکـە؛ شەوی؛ هەر کام لە دوو پێشـەی بـان و خـواری دەم ۲. ـها/ دەم؛ دەمە؛ دەمی ئەو کەرستانە کە (وەک هاچەر) دەکرێنەوە و دەبەسرێن ۳. کـار و ڕەوتی بەردان؛ جوێکردنەوە؛ لێکـکردنەوە ‹فک ڕەهن: بەردان لە گرێو›.

▣ **فک اسفل**: آروارەی زیرین ☜ **آروارە**

**فک اعلی**: آروارەی زبرین ☜ **آروارە**

**فـک ڕەهـن**: *[حقـوق]* بـەردان لـە گرێـو؛ هەڵوەشاندنەوەی پێش بڕیاری ڕەهن و ئـازاد کردنی ئەوەی لە گرێودایە.

**فـک** / fok ، ـها/: [فرانسـوی]/سـم. فـوک؛ گیانەوەرێکی گواندارە ئاوژیە بە لەشی گەورەی نەرم و گوشتن، دەست و پێ وەک باڵی ماسی و مووی زبر و کورتەوە: **سیل**

**فکاهی**/ fokāhî ،ـها؛ـات/: [عربی] *صفت*. حەنەکی؛ هەنەکی؛ تیزانە؛ گەپچارانە، بەتایبەت سـەبارەت بـە وتـار و نووسـراوە ‹مجلـەی فکـاهی: گۆڤـاری حەنەکی›.

**فکر** / fekr ، ـها؛ افکـار/: [عربـی]/سـم. بـیر؛ ویـر: ۱. هزر؛ هیزر؛ هۆز؛ چالاکی ئاگەدارانـەی زەیـن ‹فکـر کـردن: بـیر کردنـەوە› ۲. هـزر؛ ئەندێشـە؛ بەرهەمی ئەو چالاکیە ‹فکر روشـن: بـیری ڕوون› ۳. باوەڕ؛ بڕوا؛ بۆچوون ‹فکر آزادیخـواهی: بـاوەڕی ئازادیخوازی› ٤. ڕەت؛ نەخشە یان بەرنامە بۆ کار یان ئامانجێکی تایبەت ‹خریدن خانـه، فکـر خـوبی بود: سەندنی مال، بیرێکـی بـاش بـوو› ٥. خـەیاڵ؛ یاد؛ خەم ‹فکر فردایت هم باش! فکر نکن همـه چیـز درست می‌شود: لـه بـیری سبەینێشـدا بـبـه! خـەیاڵ مەکە هـەموو شـتێ دروس دەبێـت› ٦. *[گفتـاری]* زەین؛ هۆش ‹فکر من کار نمی‌کند: بیرم کار ناکا›.

▣ **فکر بکر**: بیری دەژ؛ بیر و بڕوایـەکی سـەیر و بەکەڵک کە پێشتر بە بیری کەسدا نەهاتبێ.

▣ **فکر چیزی/ کسی را نکـردن**: خـەمی شـتێ/ کەسێ نەبوون/ نـەخواردن؛ لـە بـیری شـتێ/ کەسـێکدا نـەبوون؛ بـیر لـە شـتێ/ کەسـێ نەکردنەوە ‹فکر پول را نکن، من آمادەاش می‌کـنم: خەمی پارەت نەبێ، من سازی دەکەم›.

**فکر خود را به کار انداختن**: بیری خۆ خستنە کار.

**فکـر کـردن**: بیرکردنـەوە؛ بیرەوکـردن؛ ویـر کەردەیوە؛ پۆنجین ‹فکر کن ببین اشکال کـار از کجاست: بیر کەرەوە بزانە گرفتی کار لە کوێدایە›.

**فکر کسی به جایی رفتن**: هۆشی کەسـێک بـۆ لایەک چوون؛ بیری کەسێ بـەرەو شـوێنێک چوون ‹فکرم رفت به اعلانی که به دیوار زده بودند: هوشم چـوو بـۆ لای ئـەو ئاگادارێـه دابوویـان بـه دیواردا›.

**فکر کسی پیش چیـزی/ کسـی بـودن/ مانـدن**: بیری کەسێ بە لای شتێ/ کەسێکەوە بـوون؛ کەسێ/ شتێک لە خەیاڵدا بوون ‹فکرش پـیش زن و بچەاش بود: بیری بە لای ژن و منداڵەکەیەوە بوو›.

**فکـر کسـی را خوانـدن**: نـاو چـاوی کەسـێ خوێندنـەوە/ دیتنـەوە؛ لـە مـراز و ئـارەزووی کەسێ ئاگادار بوون ‹قبل از اینکه چیـزی بگویـد، فکرش را خواندم که چه مـی‌خواهـد: پـێش ئـەوەی شتێ بڵێ، ناوچاوبم خوێندەوە چی دەوێ›.

**از فکر چیزی/کسی بیرون آمدن**: بیری شـتێ/ کەسێک لە سـەر دەرکـردن؛ بـیر لـە شـتێ/ کەسێ نەکردنەوە ‹باید از فکر مغازه خریدن بیرون بیایی: دەبـێ بـیری دووکـان کـرین لـە سـەرت دەرکەی›.

**از فکـر کسـی گذشـتن**: بـە بـیری/ خەیاڵـی/ کەسێکدا هاتن/ تێپەڕین ‹از فکر او نمی‌گذشـت که برادرش فریبش بدهـد: بـە بیرنـەیدا نـەدەهات

براکەی فریوی بدا›.

**به فکر افتادن:** کەوتنە پەل و پۆ؛ کەوتنە بیر ‹بە فکر افتاد کارخانە بسازد: کەوتە بەل و پۆ، کارخانە دانێ›.

**بە/ در فکر کسی/ چیزی بودن:** لە بیری کەسێ/ شتێکدا بوون؛ لە شتێ/ کەسێ بیرکردنەوە ‹بە فکر این بودم بیایم با تو مشورت کنم: لەو بیرەدا بووم بێم و تەگبیرێکت پێبکەم›.

**به فکر کسی رسیدن:** بە بیری کەسێکدا هاتن ‹بە فکرم رسید آدرسش را بپرسم: بە بیرمدا هات ناونیشانی داوا بکەم›.

**توی/ در فکر رفتن:** ۱. بیرکردنەوە؛ چوونەوە نێو فکرەوە؛ ڕامان ‹مدتی توی فکر رفت تا جوابی پیدا کند: ماوەیێک بیری کردەوە تا وەلامێک بدۆزێتەوە› ۲. دژ دامان؛ دڵپەڕۆش بوون ‹وقتی فهمید از کارش خبر دارم توی فکر رفت: کاتێ کە زانی لە کارەکەی ئاگادارم دژداما›.

**فکرت** / fekrat/: [عربی]/سم. /ادبی/ بیر؛ ئەندێشە؛ ویر ‹هر که فکرت نکند نقش بود بر دیوار: کەسێکی بیر نەکاتەوە نەخشێکی لە سەر دیوارە›.

**فکر و خیال** / fekr-o-xiyāl ، ـها/: /سم. خەم و خەیاڵ؛ هەسەر؛ بیر و خەیالات؛ واتەویرە؛ بیر و خەیاڵ؛ بیر و خەم؛ بیر و نیگەرانی ‹شب تا صبح فکر و خیال مریضی مادرم نگذاشت چشم روی هم بگذارم: شەو تا بەیانی خەم و خەیالی نەخۆشی دایکم خەوی لێ حەرام کردم›.

**فکری**[1] / fekrî/: [عربی] صفت. هزری؛ بیری؛ هشکی ‹کار فکری: کاری هزری›.

**فکری**[2]: قید. /گفتاری/ لە بیردا؛ لە فکردا؛ بە تێداماوی ‹فکری مانده بودم چه بکنم: لە بیردا مابوومەوە چ بکەم›.

**فکس** / faks/: [انگلیسی] ☜ **فاکس**

**فکس‌مودم** / faksmodem/: [انگلیسی] ☜ **فاکس‌مدم**

**فکسنی** / fakasanî/: صفت. /گفتاری/ ۱. کۆنە؛ شڕە؛ لەکارتە ‹خانەی فکسنی: مالە کۆنە› ۲. مەراش؛ بێبایەخ ۳. لاواز؛ بێهێز ‹آدم فکسنی: مرۆی لاواز›.

**فکل** / fokol ، ـها/: [فرانسوی]/سم. /قدیمی/ ۱. فوکول؛ ملیوانێ کە بە کلانە دەلکێتە کراسەوە ۲. فوکلە؛ خولامانە؛ کاکۆل؛ کاکوڕ؛ فلکە؛ فەکلە؛ کوودیلە؛ کوودلە؛ قژی فڕدراوی پێشەسەر ۳. /گفتاری/ کەراوات؛ کراوات؛ پروانک؛ بۆینباخ ٤. /گفتاری/ پاپیۆن.

**فکلی** / fokolî ، ـها/: [فرانسوی] صفت. /گفتاری/ فوکولی؛ کەراوات یان پاپیۆن لە مل.

**فکندن** / fekandan/: مصدر. /مخفف/ خستن؛ داخستن؛ وستەی؛ وسەی؛ ئێخستن.

**فکور** / fakûr ، ـان/: [عربی] صفت. /ادبی/ ۱. بیرمەند؛ هزرڤان؛ ژیروان؛ مژیوەر ‹شخص فکور: کەسی بیرمەند› ۲. دڵپەڕۆش ‹با حالت فکور نگاه می‌کرد: بە دڵپەڕۆشی دەیڕوانی›.

**فک‌وفامیل** / fak-o-fāmîl ، ـها/: [؟/ عربی]/سم. /گفتاری/ کەس و کار: ۱. خزم و کەس؛ قەوم و خوێش ۲. سەرجەمی قەوم و قەبیلە ‹فک و فامیل خود را برد: کەس و کاری خۆی برد›.

**فکه** / fakke/: /سم. کەلووی باکووری؛ گولبەندی باکووری؛ کۆ هەسارەیێکە لە ئاسمانی باکووریدا.

**فکی** / fakkî/: [عربی] صفت. شەویلاکی؛ شەوی؛ شەویلەیی؛ شەویلگەیی ‹استخوان فکّی: پێشەی شەویلاکی›.

**فکین** / fakkeyn/: [عربی]/سم. شەویلەکان؛ شەویلاکەکان؛ شەویەکان ‹فکین خود را به هم می‌فشرد: شەویلەکانی بەیەکدا دەنا›.

**فلاپی‌دیسک** / f(e)lāpîdîsk ، ـها/: [انگلیسی] /سم. فلاپیدیسک؛ پەڕەیەکی پلاستیکی بچووک بۆ نیانەکردنی زانیاری کەمپیوتەری: **دیسک؛ دیسکت**

**فلات** / falāt ، ـها/: [عربی]/سم. بان؛ بانی؛ بانو؛ دەشتی بەرز؛ بانە؛ ناوگەڕ؛ بۆڕگە؛ قیش؛

دەشتایی بڵندتر لە دەور و بەری خۆی.
▣ **فلات قارە**: بەشێک لە ئاوی کناریَنی هەر وڵاتێ تا قووڵایی ۱۲۰ میتر.
**فلاح** / falāh/: [عربی]/سم. [ادبی]/ ڕزگاری.
**فلاح** / fallāh ، ـان/: [عربی]/سم. [قدیمی]/ وەرزێر؛ وەرزێڕ؛ کەشاوەرز؛ جووتیار؛ فەلا؛ جووتبەندە.
**فلاحت** / falāhat/: [عربی]/سم. [قدیمی]/ وەرزێڕی؛ وەرزێری؛ کەشاوەرزی؛ جووتیاری؛ فەلایی؛ جووتبەندەیی.
**فلاخن**/falāxan, falāxon ، ـها/: /سم. قەلماسک؛ قەلماس؛ قالماسک؛ قەلماسگ؛ قەلماسک؛ قەلماسن؛ قەلماسەنگ؛ قەلماسکە؛ بەرکانی؛ کەفکانی؛ کۆچکانی؛ کۆچک؛ کەفچی؛ قۆچەقانی؛ کەوانپیتک؛ کەلەسونگ؛ کەهینک؛ کەهنیک؛ کانیک؛ کانک؛ بەردەقانی؛ بەرزەقانیە؛ کەڤکانۆک؛ کەهنی؛ بەرەقانی؛ قانک؛ هەفجار؛ سەپان؛ دارلاستیک؛ کەڤڕکانی؛ کەرەسەیێ بۆ فڕێدانی وردەبەرد، بە شێوەی تیکەچەرم یان قوماشێکی قایم و دوو بەنی درێژ لە هەر دوو سەریەوە: **قلابسنگ؛ قلماسنگ**
**فلاسفه** / falāsefe/: [عربی] جمعِ ☜ **فیلسوف**
**فلاسک** / f(e)lāsk ، ـها/: [انگلیسی]/سم. مەتارە؛ مەتارێ؛ فلاسک؛ فەلاکس؛ فەلاکسە؛ سارد و گەرم؛ دەفرێکی دوو دیوارە بۆ ڕاگرتنی تینی ئەوی تێدەکرێ ‹فلاسک چای: مەتارەی چای›.
**فلاش** / f(e)lāš ، ـها/: [انگلیسی]/سم. [عکاسی]/ فلاش؛ چرا یان لامپێ بۆ بەدیهێنانی تیشکێکی ڕووناک و زۆر، وێڕای گرتنی وێنە.
**فلاش‌بک** / f(e)lāšbak ، ـها/: [انگلیسی]/سم. کار و ڕەوتی بادانەوە؛ هەڵگەڕانەوە (لە فیلم یان چیرۆکدا).
**فلاش‌تانک** / f(e)lāštānk ، ـها/: [انگلیسی]/سم. کۆگە ئاوی سیفون.
**فلافل** / falāfel/: [عربی]/سم. فلافل؛ فەلافل؛ خۆراکێ لە ئاردەنۆک و سیفەزەمینی و بیبەری تیژ کە لە نانی دەپێچن و لە ڕۆندا سووری دەکەنەوە.
**فلاکت** / falākat ، ـها/: [از عربی]/سم. داماوی: ۱. زەبوونی؛ زەلیلی ۲. فەلاکەت؛ هەژاری؛ دەس‌کورتی؛ بەلەنگازی.
**فلاکتبار** / falākatbār/: [از عربی/ فارسی] صفت. داماوانە؛ هەژارانە؛ بە ئەوپەڕی داماویەوە ‹زندگی فلاکتبار: ژیانی داماوانە›.
**فلامینگو** / f(e)lāmîngo ، ـها/: [اسپانیایی]/سم. ماسی‌خۆرە؛ سورەقولنگ/ قولینگ؛ سوورەقاز؛ فلامینگۆ؛ پەلەوەرێکی گەورەیە بە قول و ملی درێژ و دەندووکی وەک سۆنە بەلام چەماوەوە کە بۆ خۆراک قوڕ و چلپاوی پێ دەکۆڵێ. بە کۆمەڵ دەژی و لە سەر قوڕ و ئاوی کەرخاودا هێلانە دەکا: **مرغ‌آتشین؛ مرغ حسینی**
**فلان** / folān, felān/: [عربی] ضمیر. فلان؛ فلان؛ فران؛ فلانە؛ جایی؛ هەرامەواک؛ فیسکە؛ ئەوەی ناوی نابەن ‹فلان کس؛ فلان چیز؛ فلان شهر: فلان کەس؛ فلانە شت؛ فیسکە شار›.
**فلاندری** / f(e)lāndarî/:/سم. فەلاندەری؛ فلاندەری: ۱. /ـها؛ ـان/ هەر یەکە لە دانیشتووانی فەلاندەر لە باکووری وڵاتی بلژیک ۲. لە زمانەکانی ژێرمەنی کە لە فەلاندەردا باوە.
**فلانژ** / f(e)lānj/: [فرانسوی]/سم. [صنعت]/ لێوارە؛ لێوارەی ئامراز یان پاژێکی میکانیکی (زیاتر کانزایی) وەک بان و خوارەی تیرئاسن.
**فلان‌کس** / folānkas, felān-/: [عربی/ فارسی] ضمیر. فلان‌کەس؛ فلانەکەس؛ فلانی؛ لۆ؛ کاورا؛ جایی؛ کەسێ کە ناوی نابەن ‹بگو فلان‌کس با شما کار دارد: بڵێ فلان‌کەس کاری پێتانە›.
**فلانل** / f(e)lānel/: [انگلیسی]/سم. ۱. پۆپەشمین؛ پۆپەژمین؛ پارچەی پەشمی شلچن و پرزدار ۲. شەمەد؛ پارچەی بەنی نەرم و پل وەک پارچەی پەشمی.
**فلانی** / felānî, folānî/: [عربی] ضمیر. فلانی؛

www.perawipepwle.com


فلانه‌کەس؛ چەتور؛ تاین؛ کەلپا؛ ئاماژە بە کەسێک کە نەیانەوێ نێوی بەرن ‹بە آقا بگو فلانی آمده: بە ئاغا بڵێ فلانی هاتووە›.

**فلج**[1] / falac/: [عربی]/سم. فالێنج؛ ئیفلیج؛ شەپڵە؛ شپڵە؛ شیک؛ کوچ؛ کوچی؛ کود؛ لەمس؛ قرۆت؛ قڕۆپ؛ هەو؛ شەهتی؛ دۆخی کەم بوون یان نەبوونی چالاکی دەماری لە بەشێکی لەشدا، کە دەکرێ هەستی، جوواڵەیی یان پێکەوە بێ.

▣ **فلج اطفال**: فالێنجی منداڵان؛ دۆخی چڵک کردنی چەتوونی ماکی بۆری مێشک لە منداڵاندا کە سەرەتا یاو و پاشان فالێنجی ماسوولە بار دێنێ.

**فلج تشنجی**: پارکینسۆن؛ شەپڵەیەک کە سەر و چاوی نەخۆش دادەگرێ و ئەندامەکانی دەخاتە لەرەوە: **بیماری پارکینسُن**

**فلج**[2] / ـها/: [عربی] *صفت*. گۆچ؛ کوچ؛ کۆچ؛ گۆت؛ شات؛ شەخت؛ ئیفلیج؛ گوڵۆڵە؛ گڵۆڵە؛ داملە؛ لەپۆل؛ لەسم؛ لەمس؛ شەپڵە؛ گەپۆل؛ قڕۆپ؛ شەپڵە لێدراو ‹پای فلج: پای گۆچ›.

**فلدسپات** / feldespāt/: [فرانسوی/ از آلمانی]/سم. فیلدسپات؛ بەردی ئاگرینی بلۆری کە پتر لە سیلیکاتی ئالومینیۆمە لەگەڵ سووەد، پوتاس یان ئاهەکدا: **فلدسپار**

**فلدسپار** / feldespār/: [فرانسوی] ☜ **فلدسپات**

**فلز** / felez(z) ، ـها؛ ـات/: [عربی]/سم. کانزا؛ ویرە؛ ماکێکی زۆرتر قورس و ڕەق کە دەتاوێتەوە، چەکوشخۆرە، وەک تەلی لێدێ، بۆ سوان و لووس‌کردن دەبێ، کارەبا و گەرما لە خۆی ڕادەگوێزێ و بە لە دەست دانی یۆن باری کارەبایی هەڵدەگرێ و ئۆکسید و هیدروکسید بەرهەم دێنێ.

▣ **فلز بابیت**: کانزای بابیت؛ کانزای یاتاقان کە لە ئالیاژی قەلا و ئانتیموان و مس پێکدێت.

**فلز پست**: کانزایێ کە لە خۆوە ژەنگ دێنێ (وەک ئاسن).

**فلز نجیب**: کانزای نەجیب؛ کانزایەک کە ژەنگ ناهێنێ و تەنانەت لە ئەسیددا ناتوێتەوە (وەک زێڕ و پلاتین).

**فلز نرم**: کانزای نەرم؛ کانزایێ کە بەبێ گەرم کردن لە ژێر چەکوچدا نەرم دادێ (وەک سرپ).

▣ **فلز کسی خراب بودن**: *[کنایی]* وەک گوریسی ناو هەنبانە بوون؛ تەقەڵ لەسەر یەک نەبوون؛ بەگرێ وگۆڵ بوون؛ جنسی کەسێ خراو بوون؛ تۆم کەسێ حەرام بوون؛ گەڕباز و نادروس بوون.

**فلزکاری** / felezkārî/: [عربی/ فارسی]/سم. کانزاگەری؛ کار و ڕەوتی بیچم دان بە کانزا و کار و باری جۆراوجۆری پیشەیی و هونەری.

**فلزگری** / felezgarî/: [عربی/ فارسی] ☜ **متالورژی**

**فلزنگاری** / feleznegārî/: [عربی/ فارسی]/سم. تۆژینەوە لە پێکهاتەی کانزا بەتایبەت بە کەلک وەرگرتن لە میکروسکۆپ.

**فلزی** / felezî/: [عربی] *صفت*. کانزایی: ۱. سەر بە کانزا ۲. لە جنسی کانزا ۳. بە ڕەنگ یان بیچمی کانزاوە.

**فلس** / fals ، ـها/: /سم. پوولەکە؛ پوولەکە؛ پوولەکێ؛ پوولک؛ پوولەکەماسی؛ قرش؛ پەڕە وردەی پشتی ماسی.

**فلسفه** / falsafe/: [معرب از یونانی]/سم. فەلسەفە: ۱. زانستی قانوونگەلی زاڵ بە سەر هەستی (سروشت و کۆمەڵگا)، بیر و ڕەوتی وریاییدا ۲. باس و لێدوان لەمەڕ نیشانەگەلی هەستی و بایەخەکانەوە ۳. *[کنایی]* هۆی کار یان ڕووداوێک ‹فلسفەی این کار چه بود؟: فەلسەفەی ئەم کارە چ بوو؟›.

**فلسفه‌بافی** / falsafebāfî ، ـها/: [معرب/ فارسی] /سم. دریژدادڕی؛ بەلگە و شانەک هێنانەوەی دوور و دریژ بۆ پاکانەی کار یان دیاردەیەک.

**فلسفی** / falsafî/: [معرب] *صفت.* فەلسەفی؛ سەر بە فەلسەفە ‹مکتب فلسفی؛ استدلال فلسفی: قوتابخانەی فەلسەفی؛ بەڵگە هێنانەوەی فەلسەفی›.

**فلش** / f(e)leš/: [فرانسوی] ☜ **پیکان-۳**

**فلفل** / felfel ، ـها/: [معرب از سنسکریت]/سم. ئاڵەت؛ ئیسۆت؛ ئیسیوەت؛ فلفل؛ بیبار؛ بیوار؛ بیبەر؛ گیزک؛ بەری چەن گیای تون و تیژ کە وەک سەوزی، بەهارات یان دەرمان بە کار دێن.

▣ **فلفل آبی:** بیباری ئاوی؛ گیایەکی ئاڵفی وێنەی ڕێواس، تایبەتی ناوچەی شێدارە بە گەلای ڕوونی دەندووکەیی یان دریژ و تامی تووندەوە کە بۆ دەرمان دەشێ.

**فلفل برّی** ☜ **پنج‌انگشت ـ ۲**

**فلفل حقیقی** ☜ **فلفل هندی ـ ۱**

**فلفل درختی:** گەندەبیبار؛ داربیبار؛ دەرختێکی هەمیشە سەوز و جوانە بە بەری پەمەیی و گوڵی سپی مەیلەو زەردەوە، بیباری نیە و هەر بۆ جوانی ڕایەدەگرن.

**فلفل دلمه‌ای:** بیباری دۆڵمە؛ بیبار دۆڵمەیی؛ کاڵە بیبار؛ جۆرێک بیباری گەورە، بە ڕەنگی سەوز، زەرد و بڕێ جار سوور کە تامی هێندێک تووندەوە و وەک سەوزی دەخورێ و دۆڵمەشی لێ دروست دەکرێ.

**فلفل سبز** ☜ **فلفل قرمز**

**فلفل سفید:** بیباری سپی؛ بەری گەیوی بیباری هیندی بە ڕەنگی بۆری مەیلەو سپی و تیژی و تووتی زۆرەوە.

**فلفل سیاه:** گووزەک؛ بیباری ڕەش؛ بەری نەگەیوی بیباری هیندی کە پێش لە گەیین دەچنرێ و وشک دەکرێتەوە، ڕەشە و کوتراوەکەی وەک بەهارات بە کار دەچێ.

**فلفل شیرین:** بیباری شیرین؛ بەری باریک و دریژی جۆرێک بیباری سەبزی کەمتوونە کە وەک سەوزی دەخورێ.

**فلفل فرنگی** ☜ **فلفل قرمز**

**فلفل قرمز:** هچار؛ هیچار؛ بیباری سوور؛ بیبەرۆکە؛ گیایەکی ئاڵفی بە ساقەتەی بێ‌کولک، گەلای ناسک، گوڵی سپی مەیلەو زەردی بچووک، میوەی گۆشتنی بۆنخۆش و توون و تۆمی سپی زۆرەوە کە سەرەتا سەوزە و پاشان سوور دەبێ و وەکوو سەوزی لە چێشت و سالاد دەکرێ: **فلفل سبز؛ فلفل فرنگی**

**فلفل هندی:** ۱. دەوەنێک بە لاسکی نیوەچێوی، گوڵی کۆ، بەری بچووکی خڕ و زۆرەوە کە پاش پێ گەیین وەکوو هێشوو بەر دەبێتەوە ۲. بەری وشکەوە بووی ئەم دەوەنە: **فلفل حقیقی**

**فلفل نمکی** / felfelnamakî/: [معرب/ فارسی]/سم. ۱. خۆڵەمێشی؛ بۆرکار ۲. بازگ؛ بازی؛ ڕەش و سپی؛ بەڵەک؛ ڕەش ـ بەڵەک؛ برنجی.

**فلفلی** / felfelî/: [معرب] *صفت. [مجازی]* کوتەڵە؛ زرکەتاڵە؛ وردیلە و بزێو.

**فلق** / falaq/: [عربی]/سم. سپێدە؛ کازێوە؛ تاوهەلات؛ بەیان.

**فلک** / falak/: [عربی]/سم. ۱. ـها؛ افلاک/ فەڵەک؛ فەلەک؛ چەرخ؛ خولگەی هەریەکە یان کۆمەڵێک لە تەنگەڵی ئاسمانی ۲. *[مجازی]* گەردوون؛ ئاسمان؛ ئەسمان؛ ئاسیمان؛ ئاسمێن؛ ئاسمیە؛ ئەزمان؛ ئازمان؛ ئازمین؛ ئازمێن؛ ئەزموو ۳. فەلاقە؛ فەراقە؛ چێوفەڵەک؛ نەستەق؛ پەت و داربڕکە لە پای تاوانباری دەپێچن و دارکاری دەکەن: **چوب‌فلک**

▣ **فلک کردن:** فەلاقەکردن؛ نەستەقکردن؛ لە فەلاقە دان و لێدان.

**فلک‌البروج** / falakolburûc, -borûc/: [عربی] ☜ **دایرةُالبروج**

**فلک‌زده** / falakzade ، ـها؛ ـگان/: [عربی/ فارسی] *صفت. [مجازی]* داماو؛ دەرمەنە؛ کڵۆل؛ قوڕەماو؛ چارەڕەش؛ سیاچارە ‹مرد فلک‌زده را از خانەاش

بیرون انداختند: پیاوه داماوەکەیان لە مالەکەی خستە دەرەوە›.

**فلکلور** / folk(e)lor /: [انگلیسی/ فرانسوی]/سم. فولکلۆر؛ فەرهەنگی خەڵک؛ فەرهەنگی مەردم؛ کەلەپووری کولتووری میللەتێک: **فولکلور**

**فلکلوریک** / folk(e)lorîk /: [فرانسوی] صفت. فولکلۆری؛ سەر بە فەرهەنگی خەڵک: **فولکلوریک**

**فلکه** / falake ، ـها/: [عربی]/سم. فەلەکە: ۱. گرد؛ مەیدان؛ خولگە؛ جێی پێکگەیشتنی چەند شەقام ۲. شێر فەڵەک؛ شێرێکی جەغز لە سەر بۆ بەستن و بەردانی تراوێک ۳. پوولی؛ چەرخێ کە هێندی گەڕانی موتۆر ڕادەگوێزێ.

**فلکی** / falakî/: [عربی] صفت. ئاسمانی؛ گەردوونی؛ چەرخی ‹جرم فلکی: تەنی ئاسمانی›.

**فلنگ** / feleng /:/سم. ۱. پاڵمەنگ؛ پاڵەهەنگ؛ کۆت و زنجیری پای زیندانی ۲. *[قدیمی]* پێڵاو؛ کەوش؛ پێوەرە.

▣ **فلنگ بستن:** *[مجازی]* پێچکردنەوە؛ باریکەوبوون؛ دووچکە نانە سەرشان؛ جووچکە نیانە سەرکۆڵ؛ کۆچەوکردن؛ فیسمالک/ فیزمالک دان؛ خۆ دزینەوە؛ تێ تەقاندن ‹تا پلیس را دید فلنگ را بست: هەر چاوی بە پولیس کەوت پیچی کردەوە›.

**فلنگ در رفتن:** *[مجازی]* داکشان؛ دریژبوونەوە؛ بوورانەوە؛ لە سەر خۆ چوون ‹تا خون می‌بینم فلنگم در می‌رود: هەر خوێن دەبینم دادەکشێم›.

**فلوئور** / f(e)lo'ûr /: [فرانسوی]/سم. فلوئور؛ توخمی کیمیایی ناکانزا بە ژمارەی ئۆتمی ۹ و کێشی ئوتومی ۱۸،۹۹ لە دەستەی هالوژینەکان کە لە بار و دۆخی ئاساییدا بە ڕەنگی سەوزی کاڵە و لە ئاو و ئەلکولدا دەتوێتەوە و بۆ بەرهەمهێنانی پلاستیکی باش لە دەزگاگەلی سەرماوەز و هەویری ددانشۆری دژی کرمۆڵی بە کار دێت.

**فلوئورسان** / f(e)lo'ûrsān /: [فرانسوی] ☜ **فلورسین**

**فلوئورسانس** / f(e)lo'ûrsāns /: [فرانسوی] ☜ **فلورسانس**

**فلوت** / fulût, folût ، ـها/: [فرانسوی]/سم. فلووت؛ فلووتە؛ سازێکی باژەنی لوولەیی، پتر چێوی یان پلاستیکی و بێزمانە، کە هەناسەی ژەنیار لە کونەکانی سەریەوە دەچێتە ناو و بە قامک لە سەر کونەکان دانان و لابردن و نۆتی مووسیقای پێ دەژەنرێ.

**فلورسانس** / f(e)loresāns /: [فرانسوی]/سم. فلورسانس؛ تایبەتمەندی بڕێ شت کە پاش تیشک لێدانیان تیشک دەدەنەوە: **فلوئورسانس**

**فلورسنت** / f(e)loresent /: [فرانسوی] صفت. تیشکدەرەوە؛ فلوڕێسێنت؛ خاوەنی تایبەتمەندی فلورسانس: **فلوئورسان**

▣ **لامپ فلورسنت** ☜ **لامپ**

**فلورن** / f(e)loran /: [فرانسوی]/سم. فلورەن؛ یەکەی پارەی ولاتی هولەند پێش یورۆ.

**فلوس** / fulûs, folûs ، ـها/: [عربی]/سم. فلوس: ۱. جۆرێک داری سەمەر لە ناوچەی گەرمیان بە گەڵای گەورە و گوڵی زەردەوە ۲. میوەی ئەو دارە کە شیرین و هێندێک بۆسارە و بۆ ڕەوانکردنی سک بە کەڵک دێ.

**فله** / falle /: [؟] صفت. فەلە؛ شفتە؛ دانگۆ؛ بەبێ بەستە و دەفر ‹سیمان فلّه: سیمانی فەلە›.

**فله‌ای** / falle'î /: [؟] قید. فەلەیی: ۱. شفتە؛ بە شفتە؛ وە دانگۆ ‹این ماکارونی را فلّه‌ای خریدم: ئەم ماکارۆنیەم شفتە کڕی› ۲. *[تعریض]* بەبڕە؛ بەبێ وردبوونەوە و تێڕوانین ‹همه را فلّه‌ای توقیف کردند: هەموویان بەبڕە گرت›.

**فله‌بر** / fallebar /: [؟/ فارسی] صفت. فەلەبەر؛ شفتەبەر؛ لێهاتوو بۆ بردنی شت و مەکی فەلە ‹کشتی فلّه‌بر: گەمیەی فەلەبەر›.

**فم‌المعده** / famolme'de /: [عربی]/سم.

*[کالبدشناسی]* دەم‌گەدە؛ شوێنی کرانەوەی سۆرانچک بۆ ناو گەدە.

**فمینیسم** / femînîsm/: [فرانسوی]/سم. فێمینیسم: ١. لایەنگری لە یەکسانی مافی ژن و پیاو لە کۆمەڵگادا ٢. بیرۆکەی یەکسانی ڕامیاری، ئابووری وکۆمەڵایەتی ژن و پیاو.

**فن** / fan(n) ، ـها؛ فنون/: [عربی]/سم. لێزانی؛ لمر؛ لمرە؛ فەن؛ دەگەر: ١. ئادا؛ ڕێ‌وشوێنی کردنی کارێ کە فێر بوون و ئەزموونی پێویستە ‹فن کشاورزی: لێزانی کشت‌وکاڵ› ٢. زانیاریگەلی سەر بە پیشەسازی ‹علم و فن: زانست و لێزانی›.

**فن** / fan ، ـها/: [انگلیسی]/سم. باوەشێن؛ پەڕە؛ پانکە؛ فەن؛ کەرەستەیەک بۆ بەدیهێنانی با کە بە وزەی کارەبا کار دەکا.

**فنا**[1] / fanā/: [عربی]/سم. نستی؛ بالمیش؛ شۆلگەنە؛ قرپ؛ ئاسەوارپراوی؛ نابوودی.

**فنا**[2]: *صفت.* نسک؛ کلێس؛ نەماو؛ نابوود.

▣ **فنا شدن:** قرتێچوون؛ قران؛ ئاسەوار بران؛ بنبڕ بوون؛ بنەبڕ بیەی؛ نەمان ‹هرچه داشت همه یک شبه فنا شد: هەرچێکی هەبوو هەمووی بەشەوێ قرێتێچوو›. هەروەها: **به باد فنا دادن؛ به باد فنا رفتن**

**فناپذیر** / fanāpazîr/: [عربی/ فارسی] *صفت.* مرۆک؛ بەرمەرگ؛ نەمێن؛ نەمەن؛ بە تایبەتمەندی نەمان و فەوتانەوە.

**فناتیک** / fenātîk, fanātîk ، ـها/: [فرانسوی] *صفت.* سەرسەری؛ تێکوڵی؛ بەبێ توانستی لێکدانەوە و باش تێگەیشتن.

**فناناپذیر** / fanānāpazîr/: [عربی/ فارسی] *صفت.* بمێن؛ مانا؛ بە دوور لە مردن و فەوتان.

**فناور** / fanāvar ، ـان/: [عربی/ فارسی]/سم. لێزان؛ تیکنولۆژیست؛ سەردەرچوو لە تیکنولۆژیدا.

**فناورانه** / fanāvarāne/: [عربی/ فارسی] *صفت.* لێزانانە؛ تیکنولۆژیکی؛ سەر بە تیکنولۆژی.

**فناوری** / fanāvarî/: [عربی/ فارسی]/سم. لێزانی؛ تیکنولۆژی.

**فنجان** / fencān ، ـها/: [معرب از یونانی]/سم. پیاڵە؛ کووپ؛ فینجان؛ گمگمە؛ شەبک؛ فنجان؛ موتک: ١. دەفری بچووکی دەمهەڵراوی دەسکدار بۆ خواردنەوەی شتی گەرم ٢. دەفر و ناوەڕۆکەکەی ‹یک فنجان قهوه: پیالەیەک قاوە› ٣. *[قدیمی]* جۆرێک یەکەی ئاودێری کۆن: **پَنگان**

**فنداسیون** / fendāsiyûn/: [فرانسوی]/سم. بنەڕەت؛ بناخە؛ بناغە؛ هیم؛ خیم؛ بنڕەخ؛ بنگە؛ بنواشە: ١. هەر شتێ (وەک بیتون و ئارماتور و...) کە بنچینەی خانووبەرەی پێ دەچنن ٢. چۆنیەتی چوونە کاری ئەو شتانە * **فُوندانسیون**

**فندق** / fandoq ، ـها/: *سم.* فنق؛ فنەق؛ فنۆق؛ فنقی؛ فندق؛ کەلووز: ١. دارۆچکەیەکی گەلا گنجڕی کولکنە بە گوڵی پەلداری سوور و سپی و میوەی خڕەوە ٢. بەری داری کەلووز کە خڕ و گچکەیە و تۆپکلی قاوەیی و ڕەقە و کاکلەکەی تەژی لە ڕۆنە و وەکوو چەرەز دەخورێ.

**فندق‌شکن** / fandoqšekan ، ـها/: *سم.* ١. فنەق‌شکێن؛ کەرەستەی ئەمۆڕئاسای تایبەت بۆ شکاندنی فندق و گوێز و... ٢. ناوی بالداڕێکی وەک قەل کە زۆرتر گوێز و فندق و شتی وا دەخوا.

**فندقه** / fandoqe ، ـها/: *سم. [گیاەشناسی]* میوەی وشکی ناشکۆفا بە دەنکێک کاکلەوە (وەک فندق و پستە).

**فندقی** / fandoqî/: *صفت.* فنەقی؛ فندقی؛ فنقی؛ فنۆقی: ١. فنقدار؛ بە فنق ‹شکلات فندقی: شوکولاتی فنەقی› ٢. بەرەنگی فندق؛ بە ڕەنگی قاوەیی نزیک بە سوور ‹چوب فندقی: چێوی فنقی› ٣. بە بیچمی فنق ‹دانه تسبیح فندقی: دەنکە تەزبێحی فنۆقی› ٤. *[کنایی]* گوێزەبیل؛ بووچک و ورد بە ئەندازەی فنق ‹آدم فندقی: بنیادەمی گوێزەبیل›.

**فندک** / fandak ، ـها/: /سم. فەنەک؛ فەندەک: ۱. چەرخ؛ چەخماخ؛ ئامرازێکی چکۆلەی بریتی لە دەستە و بەردەچەخماخ و سووتەمەنیەک بۆ هەڵکردنی خێرای ئاور ۲. هەر ئامرازێکی کارەبایی یان باتریخۆر بۆ هەڵکردنی ئاور.

**فنر** / fanar ، ـها/: [ترکی]/سم. فەنەر؛ فەنەرە؛ کەڤان؛ کەرەستەیەکی کێشسانی کە پاش نەمانی هێزی دەرەکی، بۆ دۆخەکەی خۆی دەگەڕێتەوە، بەتایبەت لەتە کانزاییێ کە بە هۆی بادران و مووچانەوە وای لێ هاتبێ.

**فنربندی** / fanarbandî ، ـها/: [ترکی/ فارسی]/سم. ۱. کار و ڕەوتی دابەستنی تۆڕێک لە فەنەر لە ژێر دیوی ماشێن بۆ کەمکردنەوەی هەڵخە و داخە و جیا نەبوونەوەی تەگەرەکانی لە زەوی ۲. تۆڕی فەنەری ژێر کەرەستەی ماشێن.

**فنری** / fanarî/: [ترکی] صفت. فەنەری: ۱. وەکوو فەنەر ۲. فەنەردار ۳. کێشسان؛ بە تایبەتمەندی کێشسانیەوە.

**فن‌سالار** / fansālār ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی]/سم. کارامە؛ لە کار زان؛ تیکنوکرات.

**فن‌سالاری** / fansālārî/: [عربی/ فارسی]/سم. کارامەیی؛ تیکنوکراتی.

**فنک** / fanak/: [عربی]/سم. ونەک؛ گووزە؛ جۆرێ ڕێوی بچووکی درندە، بە گوێی گەورە وەک هی سەگ، پێستی خاکی مەیلەو سوور و کلکی ڕەشەوە کە پێست و تووکەکەی بە نرخن و زۆرتر لە باکووری ئەفریقادا دەژی

**فن‌کوئل** / fankû'el ، ـها/: [انگلیسی]/سم. فەن‌کوەیل؛ دەزگای باگۆڕ بریتی لە باوەشێن و کلافێ لوولەی ئاوی سارد یان گەرم کە با بە نێو کلافەکەدا دەگەڕێ و سارد یان گەرم دەبێتەوە:

**فن‌کویل**

**فن‌کویل** / fankoyl/: [انگلیسی] ☜ **فن‌کوئل**

**فنل** / fenol/: [فرانسوی]/سم. [شیمی] فینول؛ ماکی بلۆرینی بێڕەنگ کە لە ئاو و ئەلکول و گلیسریندا دەتوێتەوە، دژگەنێکی بەهێزە و لە بەرهەمهێنانی ڕەنگ، داودەرمان و پلاستیکدا بە کەڵک دێ: **کربولیک‌اسید؛ فنیک‌اسید**

**فنل فتالئین** / fenolfetāle'în/: [فرانسوی]/سم. [شیمی] فینول‌فیتالێئین؛ ماکێکی بلۆرینی سپی کە لە ئەلکولدا باش و لە ئاودا هێندێک دەتوێتەوە و سک ڕەوان دەکا و لە ڕەنگسازیدا بە کەڵک دێ.

**فنوتیپ** / fenotîp/: /سم. [زیست‌شناسی] فینوتیپ؛ کۆمەڵە پێناسەگەلی ڕواڵەتی کە بوونەوەرێکی زیندوو بە ئەندامی دەستەیەک دەناسێنێ، هەروەها دەستەیەک لە گیانداران کە لە ڕواڵەتدا وەکوو یەک وان، بەڵام لە پێکهاتەی ژینەتیکیدا جیاوازن.

**فن‌ورز** / fanvarz/: [عربی/ فارسی]/سم. لێزان.

**فنومن** / fenomen ، ـها/: [فرانسوی]/سم. دیاردە؛ دیاردی: ۱. بەرچاوە؛ ئەوی دەبیندرێ یان هەستی پێدەکرێ ۲. نۆرسک؛ شتی تازە دەرهاتوو.

**فنومنولوژی** / fenomenolji/: [فرانسوی]/سم. دیاردەناسی: ۱. لێکۆڵینەوە لە چۆناوچۆنی هزری مرۆ وەکوو پێشەکیەک بۆ چوونە ناو باسی فەلسەفیەوە ۲. ڕێزکردنی هەموو دیاردەی سەر بە ناسینەوەی شتێک.

**فنون** / funûn, fonûn/: [عربی] جمعِ ☜ **فن**

**فنی** / fannî/: [عربی] صفت. ۱. پێوەندیدار یان سەر بە فەنەوە ۲. /ـها؛ ـان/ فەنزان؛ لێزان؛ زانا بە فەن.

**فنیقی**[1] / fenîqî, finîqî/: /سم. فینیقی: ۱. هۆزێ کە لە وڵاتی کۆنی فینیقیەدا دەژیان ۲. /ـها؛ ـان/ هەر کام لە خەڵکی ئەو هۆزە ۳. زمانی ئەو هۆزە، لە زمانگەلی سامی.

**فنیقی**[2]: صفت. فینیقی؛ سەر بە وڵاتی فینیقیە.

**فنیک‌اسید** / fenîk asîd/: [فرانسوی] ☜ **فنل**

**فنیل** / fenîl/: [انگلیسی]/سم. [شیمی] فینیل؛

بەرهەمهاتوو لە فینول.

**فنیل‌آلانین** / fenîl ālānîn/:[انگلیسی]/سم. فینیل‌ئالانین؛ لە ئەسید ئامینەگەلی زۆر پێویستی ژیانی مرۆ.

**فواحش** / favāheš/: [عربی] جمعِ ☜ **فاحشه**

**فواره** / favvāre ، ـها/: [عربی]/سم. فیشکە؛ فیچقە؛ فیجقە؛ فوارە؛ کوفارە؛ کفارە؛ کولکولە؛ فوویرەک؛ پیت: ۱. کەرستەیێ کە ئاو و ماکی تراو بەرەو سەر دەپژێنێ ۲. شێرێ کە بۆ ئەم کارە بە کار گیراوە.

▣ **فواره زدن**: پرشیان؛ پرشان؛ فیچقەکردن؛ پرشانی تراوێک بە تەوژمەوە ‹تا شیر آب را باز کردم آب فواره زد به سر و صورتم: تا شێرەکەم کردەوە ئاو پرشیا بە سەر و چاومدا›.

**فواصل** / favāsel/: [عربی] جمعِ ☜ **فاصله**

**فواید** / favāyed/: [عربی] جمعِ ☜ **فایده**

**فوب** / fob/:[انگلیسی]/سم. *[مخفف، بازرگانی]* فۆب؛ ڕەوتی ڕادەست کردنی کالا لە ترمینالی بارگری سەرەتادا.

**فوت** / fo:t, fowt/: [عربی]/سم. ۱. ڕووداوی مردن؛ تێدا چوون ‹فوت پدرش سه سال پیش بود: مردنی بابی سێ‌سالی پێش بوو› ۲. کارەساتی لە دەس دان؛ لە دەس چوون ‹فوت وقت: لە دەس‌دانی کات›.

▣ **فوت وقت**: لە دەس چوونی کات؛ تێپەڕ بوونی کات.

▣ **فوت شدن/ کردن**: مردن؛ تێدا چوون؛ فەوتان.

**فوت** / fût/:/سم. ۱. فوو؛ پف؛ پفوو؛ با یان هەوایێ کە لە دەمەوە فت دەکرێ ۲. [انگلیسی] فووت؛ پا؛ یەکەی دریژایی ئینگلیسی و ئەمریکی، بەرامبەر بە ۳۰,۴۸ سانتی‌میتر (۱۲ ئینچ): **پا**

▣ **فوت مربّع**: فووتی چوارگۆشە؛ یەکەی ڕووبەری ئینگلیزی و ئەمریکایی بەرامبەر بە ۹۲۹ سانتی‌میتری چوارگۆش.

**فوت مکعّب**: فووتی چوارپاڵوو؛ یەکەی بارستایی ئینگلیزی و ئەمریکی بەرامبەر بە ۲۸,۳۲ دسیمیتری چوارپاڵوو.

▣ **فوت آب بودن**: *[گفتاری]* ڕەوان بوون؛ باش زانین.

**فوت کردن**: ڤەزین؛ فووکردن؛ پفکردن؛ بە گوشارەوە با لە دەم دەرکردن.

**فوتبال** / fûtbāl/: [انگلیسی]/سم. فووتبال؛ تۆپان؛ گۆگاپێ؛ تۆپی‌پێ؛ یاریەکی مەیدانیە لە نێوان دوو تیمدا، بە تۆپێکەوە، کە هەر کام لە سەرێکی مەیدانەوە دەروازەیان هەیە و مەبەستیان بە پێ خستنی تۆپەکەیە بۆ نێو دەروازەی بەرامبەریان.

**فوتبالیست** / fûtbālîst ، ـها/: [از انگلیسی]/سم. فووتبالیست؛ یاریزانی فووتبال.

**فوتسال** / fûtsāl/: [انگلیسی]/سم. فووتسال؛ یاری فووتبال لە شوێنی سەرگیراو، بە تۆپێکی گچکە لە مەیدانێکی بەرتەسکدا.

**فوتک** / fûtak ، ـها/:/سم. پژینە؛ کەرەستەی پژاندنی تراو، بەتایبەت ڕەنگ بە سەر ڕووبەرێکدا، بریتی لە دەمنەیەک بۆ فوو تێکردن و دوو لوولە کە یەکیان لە نێو تراوەکەدایە و لەوی دیشەوە تراوەکە دەپژێ.

**فوتو** / foto/: [فرانسوی] ☜ **فُتو**

**فوتوریست** / fûtûrîst ، ـها/: [فرانسوی] *صفت*. فوتوریست؛ لایەنگری فوتوریسم.

**فوتوریسم** / fûtûrîsm/: [فرانسوی]/سم. فوتوریسم: ۱. ڕاپەڕینی هونەری و وێژەیی سەرەتای سەدەی بیستەم، بەتایبەت لە ئوروپادا، کە لە سەر ڕانانی هێزی بزێو و کار و ڕەوتی ماشینی جەخت دەکا و ناپەرژێتە سەر بزواندنی هەست و نەستەوە ۲. جەخت لە سەر گرینگی داهاتوو و دەسکەوتەکانی.

**فوت‌وفن** / fût-o-fan ، ـها/: [فارسی/ عربی]/سم. *[گفتاری]* فەن‌وفێل؛ وردەکاریگەلی پێویست بۆ

بەڕێوەبردنی کارێک.

**فوتون** / foton/: [انگلیسی] ☜ **فُتُون**

**فوتـه** / fûte ، ـها/: [معـرب از کـردی]/سـم. فۆتـه؛ فۆتک؛ بەربالاف؛ پێشگیرە؛ پارچەی تایبـەت بـۆ بە خۆدا دان زۆرتر لە گەرماو و زۆرخانەدا: **فوطه**

**فوتینـا** / fûteynā/: صـوت. *[گفتـاری]* هـەوک؛ وشەیێ کە منداڵان بۆ تیز پێکردن یان بەرتەک دانەوە لە وەرامی هاوتەمەنانیان دەیڵێن ‹فوتینا! اگر توانستی بیا بگیرا: هەوک! ئەی نایگری!؟›.

**فوج** / fo:c, fowc، ـها؛ افواج/: [عربی]/سـم. پـۆل؛ دەستە؛ گـرۆ؛ گـەل؛ چـین؛ ڕەپـەڵ؛ بەتایبـەت دەستەیەک لە خەڵک.

**فـوراً** / fo:ran, fowran/: [عربـی] *قیـد*. لـەجێ؛ گورجێ؛ دەس‌بەجێ؛ دەست‌بەجێ؛ جێ‌بـەجێ؛ هەرلەجێ؛ دەستەولەجێ؛ جێ‌قەرجێ؛ جاوەجـا؛ جاوەرجـا؛ گـورج؛ کـرژ؛ ژدەم؛ دەمودەسـت؛ دەمودەس؛ لـەدەما؛ لـە دەمـدا؛ لـەزکی؛ بێدرەنگ؛ فەورەن؛ هادر؛ هـادری؛ هەرئیسـتە؛ هەئیسـتە؛ هـەنهۆ؛ ڕێـورا؛ دگاویـدا؛ هـەرنهۆ؛ حادری؛ هەمما؛ بەبێ فەوتانی کات.

**فـوران** / favarān ، ـها/: [عربـی]/سـم. فیچقـە؛ فیشـقە؛ بازرەقـە؛ فـووپر؛ چۆنیـەتی جۆشـیان؛ جۆشـان؛ قولـین؛ هەڵقولـین؛ هەڵقولـتان؛ هەڵقولـتیان؛ فووپریـان؛ هلاویـتن؛ گاڤـە؛ لـە کونێکەوە بە نهێم هاتنە سەری تراو.

**فورانی** / favarānî/: [عربـی] صـفت. بازرەقـەیی؛ تایبەتمەندی شتێ کە بتوانـێ بـە تـەوژم بێتـە دەرێ.

**فورترن** / fortran/: [انگلیسی] ☜ **فُرترَن**

**فورم** / form/: [فرانسوی] ☜ **فُرم**

**فورمالیته** / formālîte/: [فرانسوی] ☜ **فُرمالیته**

**فورمول** / formûl/: [فرانسوی] ☜ **فُرمول**

**فورمیکا** / formîkā/: [انگلیسی] ☜ **فُرمیکا**

**فوروارد** / forvārd/: [انگلیسی] ☜ **فُروارد**

**فـوری**[1] / fo:rî, fowrî/: [عربـی] صـفت. کـرژ: ۱. گـورج؛ ئـازا؛ یەکاویـەک؛ دەسـبەجێ؛ گەرماوگەرم؛ بە تایبەتمەندی زوو بە زوویی ‹کار فوری: کاری گورج› ۲. بێنیـاز بـە کـاتی زۆر بـۆ ئاماده بوون ‹چسب فوری: چەسپی کرژ›.

**فوری**[2]: *قید*. بـەپەلـە؛ گـورج؛ کـرژ؛ ئـازا؛ قیـپ؛ دەفی؛ بلەز ‹فوری رفت یک لیـوان آب آورد: بەپەلـە ڕۆی و پەرداخێ ئاوی هێنا›.

**فوریـت** / fo:rîyyat, fowrîyyat ، ـها/: [عربـی] /سم. گورج‌وگۆڵی؛ بار و دۆخێ کە پێویسـتی بـە هەوڵدانی بە پەلەیە.

**فوریـه** / fevrîye/: [فرانسـوی]/سـم. فیوریـیـه؛ شوبات؛ دووهەمین مانگی زایـینی کـه ۲۸ ڕۆژە (لـەسالـی کەبیسـەدا ۲۹ ڕۆژ) و لـە دوازدەی ڕێبەندانەوە دەس پێدەکا.

**فوطه** / fûte/: [معرب از کردی] ☜ **فوته**

**فوفـل** / fûfel ، ـها/:/سـم. فووفـل: ۱. داریکـی جوانە بە ساقەتەی بڵیند و لقی کورت و گـەڵای پانەوە، چێوەکەی بـۆ نـازکـکـاری بـە کـار دێ ۲. تـۆمی بـەری داری فووفـل کـە درشـت، هێلکەیی، خورمایی و لەخۆگری ئالکالۆئیدە.

**فـوق** / fo:q, fowq/: [عربـی] صـفت. *[مخفـف]* سەرەوە؛ سەروو؛ نـاوبراو ‹کتاب فـوق از انگلیسـی ترجمه شده است: کتـێبی سـەرەوە لـە ئینگلیزیـەوە وەرگێڕدراوە›.

**فوق** / fo:qe, fowqe، ـها/: حـرف. ژوور؛ ژووری؛ ژووروو؛ لە سەروو ‹فوق بنفش: ژوور بنەوش›.

▣ **فوق برنامـه**: زیـاد لـە بەرنامـە؛ زێدەسـەری بەرنامە؛ زۆرتر لەوەی لە بەرنامەدا ڕەچاوکراوە ‹تلاش فوق برنامه: تێکۆشانی زیاد لە بەرنامە›.

**فوق بنفش** ☜ **فرابنفش**

**فوق تصـوّر**: لـە سـەروو خـەیاڵ؛ ژووتـر و سەرتر لەوەی بیری بۆ بچێ.

**فوق دیپلم**: ژوور دیپلۆم؛ کارزانی.

**فوق لیسانس**: ژور لیسانس؛ کارناسی بالادەس.

**فوق‌الذکر** / fowqozzekr, fo:q-/: [عربی] صفت.

ناوبراو؛ سەرەوە؛ سەرۆ؛ ئاماژە پێ‌کراو لە سەرەوە ‹در کتاب فوق‌الذکر چنین نوشته شده است: لە کتێبی ناوبراودا ئاوا نووسراوە›.

**فوق‌العاده**[1] / fowqol'āde, fo:qol'āde, fo:qal'āde/: [عربی]/سم. سەربەشانە؛ پارەیێ کە جگە لە مز، لە بەرامبەر کارێکی تایبەتەوە دەدرێ ‹فوق‌العادەی خارج از مرکز: سەربەشانەی نەبوون لە پاتەخت›.

**فوق‌العاده**[2]: صفت. یەکجار زۆر؛ ئێجگار زۆر؛ زۆر زۆر؛ یەکجار؛ فراوان ‹ثروت فوق‌العاده: دارایی یەکجار زۆر›.

**فوق‌العاده**[3]: قید. یەکجار؛ لە ڕادەبەدەر؛ گەلەک؛ ئێجگار؛ فرە؛ زۆر؛ بێ‌شۆ ‹فوق‌العاده خوشحال بود: یەکجار خۆشحاڵ بوو›.

**فوقانی** / fowqānî, fo:qānî/: [عربی] صفت. سەروو؛ ژوورەوو؛ ژوورگ؛ سەرین؛ سەرگین؛ سەرگ؛ بانگین؛ جافگین ‹طبقه‌ی فوقانی: نهۆمی سەروو›.

**فول** / fowl, fol/: [انگلیسی]/سم. [ورزش] فۆل؛ فەول؛ هەڵە؛ خەتا.

**فول** / fûl/: [انگلیسی] صفت. پڕ؛ پەڕ؛ تژی.

**فولاد** / fûlād/:/سم. پۆلا؛ پوولا؛ پەرەندا؛ پۆلاد؛ چلک؛ ئالیاژی ڕەق و چەکوشخۆری ئاسن بە ڕێژەیەکی کەمی کەربونەوە.

**فولادی**[1] / fûlādî/:/سم. پۆلایی؛ ڕەنگی نوقرەیی مات.

**فولادی**[2]: صفت. پۆلایی: ۱. پۆلاییین؛ لە پۆلا ‹چاقوی فولادی: چەقۆی پۆلاییین› ۲. لە ڕەنگی پۆلا؛ بە ڕەنگی زێوی مات.

**فولادین** / fûlādîn/: صفت. پۆلاینە: ۱. پۆلاییین؛ پوولادین؛ چێ‌کراو لە پۆلا ۲. [مجازی] نەبەز؛ خۆڕاگر؛ وەک پۆلا.

**فولکلور** / folk(e)lor/: [فرانسوی] ☜ **فُلکلور**

**فولکلوریک** / folk(e)lorîk/: [فرانسوی] ☜ **فُلکلوریک**

**فولیکول** / folîkûl، ـها/: [فرانسوی]/سم. فولیکوول: ۱. [زیست شناسی] تووەکە ئاسایەک بریتی لە چەند خان کە لە هێکدانی گواندارانداـ بەدی دێ و جێگەی گووڕانی هێلکۆکەیە ۲. [زیست‌شناسی] کۆمەڵە خانەی دەوراندەوری بنی موو ۳. [گیاه‌شناسی] میوەی وشک و شکۆفای لە یەک بەرچە (خرزک) پێکهاتوو، کە دوای پێگەیشتن، بە باری دڕێژیدا دەپشکوێ.

▣ **فولیکول گراف**: کلۆی وردی نێو هێکدان کە هەر کام هێلکۆکەیەکیان هەیە.

**فوم** / fom/: [انگلیسی]/سم. فووم؛ چەشنێک ماکی پلاستیکی سۆکی وەک هەوری پفکراو کە لە پێشەسازیدا کەڵکی لێ وەردەگرن.

**فونتیک**[1] / fonetîk/: [فرانسوی]/سم. فونیتیک؛ دەنگناسی.

**فونتیک**[2]: صفت. فونتیکی؛ دەنگناسانە.

**فونتیکی** / fonetîkî/: [فرانسوی] صفت. فونتیکی؛ پێوەندیدار یان سەر بە دەنگە سەرزاریەکانی وشەگەلی زمانێک.

**فونداسیون** / fondāsiyûn/: [فرانسوی] ☜ **فنداسیون**

**فونم** / fonem/: [فرانسوی] ☜ **واج**

**فونمیک** / fonemîk/: [فرانسوی] ☜ **واج‌شناسی**

**فوویسم** / fovîsm/: [فرانسوی]/سم. فوڤیسم؛ ڕاپەڕینێک لە هونەری نیگارکێشیدا، کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە بە هۆی هانری ماتیس (۱۸۶۹ـ۱۹۵٤ ز.) نیگارکێشی فەرانسەویەوە سەری هەڵدا و تایبەتمەندیەکانی بریتی بوون لە: ڕەنگی زەق و تۆند، تێکدانی ئەندازە و بیچمی ئاسایی و بزواندنی هەست و زیچی دەم و دەستی مرۆڤ.

**فهارس** / fahāres/: [عربی] جمعِ ☜ **فهرست**

**فهرست** / fehrest، ـها/: [معرب از پهلوی] /سم. پێڕست؛ پێرست؛ فیهرست؛ فێرست: ۱. نووسراوەیێ بریتی لە زانیاری تایبەت لەمەڕ

ئەندامانی کۆمەڵێکەوە ‹فهرست اسامی: پێرستی ناو› ۲. نووسراوەیێ کە کتێب و بلاڤۆکی شوێن یان بابەتێکی تێدا هاتووە ‹فهرست کتابهای زیستشناسی: پێرستی کتێبگەلی ژینناسی›.

▣ **فهرست اعلام:** ناونامە؛ پێرستی ناوان؛ پێرستی ناوگەلی تایبەت (کەسان، شوێنگەل، کتێبگەل و...) کە بە گوێرەی پیتی ئەلفوبێ ڕێزکراون.

**فهرست الفبایی:** پێرستی ئەلفوبێتکەیی؛ پێرستێ کە بە ڕیزی ئەلفوبێ ڕیزکراوە.

**فهرست انتشارات:** پێرستی پەخشانگە؛ پێرستی ئەوەی لە لایەن دامەزراوەیەکەوە دەرچووە.

**فهرست راهنما:** پێرستی ڕێنوین؛ پێرستی ئەوەی لە کتێبێکدا ناوی براوە.

**فهرست کتاب:** پێرستی پەرتووک؛ پێرستی بابەت یان بەشگەلی کتێب، بە ژمارەی لاپەڕەیانەوە.

**فهرست مأخذها/ منابع:** پێرستی سەرچاوەکان؛ پێرستی ئەو نووسراوانە کە نووسەر کەڵکی لێوەرگرتوون.

**فهرست موضوعی:** پێرستی بابەتی؛ پێرستێ کە بە گوێرەی بابەت ڕیزکراوە.

▣ **فهرست کردن:** پێرستکردن؛ نووسین و ئامادە کردنی پێرست. هەروەها: **فهرست شدن**

**فهرست‌نویسی** / fehrestnevîsî ، ـهـا/: [معرب/ فارسی]/سم. پێرستنووسی؛ کار و ڕەوتی نووسینی ناو و تایبەتمەندیگەلی ئەندامانی کۆمەڵەیەک (کتێب، وتار و...).

**فهرست وار** / fehrestvār/: [معرب/ فارسی] قید. پێرستی؛ بە شێوەی فێرست نووسین؛ فێرستئاسا: *الف)* بە کورتی؛ پوختە *ب)* بە ڕیزی ئەلفوبێتکە یان ژمارەوە.

**فهلویات** / fahlavîyyāt/: [عربی]/سم. ستران و دووبەیتی بە زاراوەی ناوچەیی.

**فهم** / fahm/: [عربی]/سم. ئاوەز؛ ئاوز؛ فام؛ فەهم؛ فێم؛ دەرک؛ هۆش؛ سەرەدەر؛ سەرودەر؛ سەرودەروو: ۱. لێهاتوویی بیر و زەین بۆ زانین ۲. هێز و توانستی تێگەیشتن.

**فهماندن** / fahmāndan/: [عربی/ فارسی] مصدر. متعدی. // **فهماندی:** فاماندت؛ **می‌فهمانی:** دەفامێنی؛ **بفهمان:** بفامێنە// (پێ)فاماندن؛ گەشتاندن؛ تێگەیاندن؛ حاڵی کردن؛ ڤەپێچرین؛ دانسەح کرن ‹به او فهماندم که دیگر برایش کار نخواهم کرد: پێم فاماند چیدی کاری بۆ ناکەم›. هەروەها: **فهماندنی**

■ مصدر منفی: **نفهماندن** (نەفاماندن)

**فهمیدن** / fahmîdan/: [عربی/ فارسی] مصدر. لازم // **فهمیدی:** تێگەیشتی؛ **می‌فهمی:** تێدەگەی؛ **بفهم:** تێبگە// تێگەیشتن؛ زانین؛ حاڵی بوون؛ تێگەین؛ گەشتن؛ پەی بردن؛ ئاوزان؛ ئاوزیان؛ ئاوەزیەی؛ ئاوەزیان؛ ئاوزین؛ فامین؛ فەمسن؛ فامەی؛ فامای؛ سەر لێدەرچوون؛ سەر لێدەرکردن: ۱. تێگەیین لە کاکڵە و ناوەڕۆکی پەیامێک ‹حرفش را فهمیدم: قسەکەی تێگەیشتم› ۲. لەمەڕ بابەتێکەوە زانیاری باش وەچنگ خستن ‹فهمیدم چطور درس می‌خواند: حاڵی بووم چۆن دەرس دەخوێنێ› ۳. هەڵینجان؛ هەڵکڕاندن؛ گرد و کۆ کردن یان داوەری‌کردن لەمەڕ شتێکەوە ‹از رفتارش این طور فهمیدم که آماده‌ی رفتن است: لە هەڵسوکەوتی وا تێگەیشتم کە تەیاری چوونە›.

هەروەها: **فهمیدنی**

■ صفت مفعولی: **فهمیده** (تێگەیشتوو)/ مصدر منفی: **نفهمیدن** (تێنەگەیشتن)

**فهمیده** / fahmîde ، ـهـا/: [عربی/ فارسی] صفت. تێگەیشتوو؛ تێگەییو؛ دەگەر؛ تێەیشتی؛ فامیدە؛ فاما؛ فامی؛ دانا؛ زانا؛ فامیە؛ بە ئاوەز؛ حاڵی؛ بە زانست؛ سالۆر؛ ژیر ‹یک آدم فهمیده بفرست که بتواند حرف بزند: کەسێکی تێگەیشتوو بنێرە بتوانێ قسە بکا›.

**فهیم** / fahîm/: [عربی] *صفت. [ادبی]* فامیده؛ تێگەیشتوو؛ خاوەن‌فام.

**فی** / fî/: [عربی] *اسم. [بازرگانی]* نرخ؛ بەها؛ بایی؛ ئەرزش؛ قیمەت.

▣ **فی زدن:** ناو نیان؛ قیمەت لێدان؛ قیمەت دانان؛ دانانی نرخی شتێ ‹گفتم بیاید قالی‌ها را فی بزنند: گوتم با بێت قالیەکان ناو بنێ›.

**فیاض** / fayyāz/: [عربی] *صفت. [ادبی]* خێردەر؛ سوودگەیێن؛ سوودهێنەر ‹منبع فیاض: چاوکەی خێردەر›.

**فی‌الجمله** / felcomle, feccomle/: [عربی] *قید. [ادبی]* بەکورتی؛ خولاسەی کەلام ‹فی‌الجمله اعتماد مکن بر ثبات دهر: بەکورتی دڵت خۆش مەکە بە دنیا›.

**فی‌الفور** / felfo:r, felfowr/: [عربی] *قید. [ادبی]* خێرا؛ گورج؛ ئازا؛ کرژ؛ بێدرەنگ ‹فی‌الفور رفت و همراه پسرش برگشت: خێرا چوو و لەگەڵ کوڕەکەی هاتەوە›.

**فی‌المثل** / felmasal/: [عربی] *قید. [ادبی]* بۆ وێنە؛ وەکوو ‹فی‌المثل فردا چو دیدی کار سامان یافته: بۆ وێنە هاتوو بەیانی کارەکان کەوتنە سەر بار›.

**فی‌المجلس** / felmacles/: [عربی] *قید.* هەرلەجێ؛ لە ئەو مەجلیسەدا؛ لەو جێگا و لەو کاتەدا ‹آمد و فی‌المجلس کار را تمام کردیم: هات و هەرلەجێ کارەکەمان بڕیەوە›.

**فی‌الواقع** / felvāqe'/: [عربی] *قید. [ادبی]* بەڕاستی؛ لە ڕاستیدا ‹فی‌الواقع جای زیبایی بود: بەڕاستی جێگایکی جوان بوو›.

▣ **قبلەی حاجات:** *[کنایی]* جێ نیازان؛ دەرگانەی ڕەحمەت؛ ئەوەی کە ئاتاجان بۆ پێداویستی خۆیان بەرەو لای دەچن.

**قبلەگاه** / qeblegāh/: [عربی/ فارسی]/سم. ڕووگە؛ قیبلە؛ قیبلەگەه ؛ قبلەگا؛ قیبلەگا.

**قبلەنما** / qeblenemā ، ـها/: [عربی/ فارسی]/سم. قیبلەنوێن؛ قیبلەنما؛ ئامرازی نیشاندانی لای کەعبە.

**قبلی**[1] / qablî/: [عربی] *صفت.* پێشوو؛ بەرگین؛ وەڵین: ۱. بەرین؛ بەرگ ‹او دیگر آن آدم قبلی نبود: ئەو ئیدی ئەو مرۆڤەی پێشوو نەبوو› ۲. بەری؛ بەروو؛ لە شوێنێ پێش لەم شوێنە ‹خیابان قبلی: شەقامی بەرگین›.

**قبلی**[2] / ـ ـها/: [عربی] ضمیر. پێشوو؛ بەرگین؛ وەڵین؛ ئەوەی کە پێش لە دیتر یان دیترانە ‹قبلی بهتر بود: پێشوو باشتر بوو›.

**قبور** / qobûr, qubûr/: [عربی] جمعِ ☜ **قَبر**

**قبوض**/ qobûz, qubûz/: [عربی] جمعِ ☜ **قَبض**

**قبول** / qabûl/: [عربی]/سم. قەبووڵ؛ قووڵ؛ قەویل؛ کار و ڕەوتی وەرگرتن؛ هەڵگرتن؛ گلدانەوە ‹پول قبول نمی‌کند: پارە وەرناگرێ›.

▣ **قبول شدن:** دەرچوون؛ دەرهاتن؛ قەبووڵ بوون؛ هەڵبژێردران؛ پەژێران؛ وەرگیران ‹در کنکور قبول شد: لە کونکوور دەرچوو›.

**قبول کردن:** وەرگرتن؛ قەبووڵ کردن؛ گلەودان؛ هەڵگرتن ‹پیشنهادم را قبول کرد: پێشنیارەکەمی وەرگرت›.

**قبولاندن** / qabûlandan/: [عربی/ فارسی] *مصدر متعدی.* // **قبولاندی:** سەلماندت؛ **می‌قبولانی:** دەسەلمێنی؛ **بقبولان:** بسەلمێنە// سەلماندن؛ سەلەمنەی؛ سەلەمنای؛ قەبووڵاندن؛ قبڵاندن؛ قەبیلاندن؛ پێ‌پەژیراندن.

■ **صفت مفعولی: قبولانده** (سەلمێنراو)

**قبولی**[1] / qabûlî/: [عربی]/سم. قەبووڵی؛ کار و ڕەوتی پەژیران؛ وەرگرتن ‹لطفاً قبولی دعوت را اطلاع دهید: تکایە پەژیرانی داوەتەکە ڕاگەیێنن›.

**قبولی**[2]: *صفت.* دەرچوو؛ قەبووڵ بوو؛ قەبووڵ کراو؛ وەرگیراو؛ پەژێراو. بەرانبەر: ردّی ‹نامش در میان قبولی‌ها نبود: ناوی لە نێوان دەرچووەکاندا نەبوو›.

**قبه** / qobbe ، ـها/: [عربی]/سم. ۱. قوب؛ قوبە؛ گومەز؛ هەوق ۲. قوبکە؛ قوپکە؛ تۆپەڵ؛ هەر چی لە بیچمی گومەز بێ ۳. قوپچە؛ قوپکە؛ پشکووژ ٤. گومەز؛ گومبەز؛ گومەزە؛ گومەزی سەر قەبر ٥. *[قدیمی]* چەق؛ ناوەڕاست؛ جەرگە.

**قبیح** / qabîh/: [عربی] *صفت. [ادبی]* دزێو؛ نەچێ؛ ناپەسن؛ ناشیرین؛ قۆڕ ‹کارِ قبیح: کاری دزێو›.

**قبیحه** / qabîhe/: [عربی] *صفت.* ناشیرین؛ دزێو؛

نەگونجاو؛ نەچێ؛ نەباش.

**قبیل** / qabîl/: [عربی]/سم. جۆر؛ چەشن؛ وێنە ‹این قبیل کتابها: ئەم جۆرە کتێبانە›.

**قبیله** / qabîle ، ـها؛ قبایل/: [عربی]/سم. قەبیلە؛ بەرەباب؛ تیرە؛ ئێڵ؛ خێڵ؛ عێل؛ ماکاش؛ خێڵەسات؛ تاقمێ لە خەڵکی کە زاراوە، داب و نەریت و دەستووری هاوبەشیان هەیە و لە یەک پشتن و لە ناوچەیەکدا دەژین.

**قبیله‌ای** / qabîle'î/: [عربی] صفت. خێلاتی؛ ئێڵی؛ خێڵی؛ قەبیلەیی؛ قەویلەیی؛ تیرەیی ‹جنگ قبیله‌ای: شەڕی خێلاتی›.

**قپان** / qapān ، ـها/: [از لاتینی]/سم. گرانکێش؛ قەپان؛ قەپانە؛ قاپان؛ جۆرێ تەرازوو بۆ کێشانی شتی گەورە یان قورس.

**قپاندار** / qapāndār ، ـها؛ ـان/: [از لاتینی/ فارسی] /سم. قەپانچی؛ قەپاندار؛ خاوەن‌قەپان؛ کەسێ کە شت لە قەپان دەدا. هەروەها: **قپانداری**

**قپه** / qoppe/: [از عربی]/سم. [گفتاری] قوپکە؛ نیشانەیەکی پلەکی چەکداری، لە بیچمی هەسارەی هەشت‌پەل.

**قپی** / qopî ، ـها/: [؟]/سم. [گفتاری] لاف؛ گەزاف؛ شات‌وشووت؛ بافیش؛ فشە.

▣ **قپی آمدن**: بە قسە ئالی زەنگان و بە کردەوە ڕیخ لە لنگان بوون؛ لافوگەزاف لێدان؛ خۆ هەڵکێشان؛ هەڵشڵەنگاندن؛ شات و شووت کردن.

**قتال** / qattāl/: [عربی] صفت. [ادبی] کوژەر؛ کوشندە؛ کشتوخ؛ بکوژ.

**قتال** / qetāl/: [عربی]/سم. [ادبی] کوشت و بڕ؛ کوشت و کوشتار.

**قتل** / qatl ، ـها/: [عربی]/سم. قەتل؛ خوێن؛ ونی؛ قەتڵە؛ کاری کوشتن نەخوازە کوژتنی مرۆ.

▣ **قتل عام**: گەڵکوژی؛ کۆکوژی؛ کۆمەڵکوژی؛ کوشتاری بە کۆمەڵ.

**قتل عمد**: دەسانقەست کوژی؛ کوشتنی بە قەست. بەرانبەر: **قتل غیرعمد**

**قتل غیرعمد**: کوشتنی نادەسانقەست؛ کوشتنێ کە لە کوتوپڕا و بەبێ ویستی پێشوو ڕوو بدا. بەرانبەر: **قتل عمد**

**قتل نفس**: کوشتنی گیاندار.

▣ **قتل کردن**: کوشتن؛ قەتڵکردن؛ خوێنکردن.

**قتلگاه** / qatlgāh ، ـها/: [عربی/ فارسی]/سم. کوشتنگە؛ شوێنی کوژران/ کوشتن.

**قتله** / qatale/: [عربی] جمعِ ☜ **قاتِل**

**قحبه** / qahbe ، ـها؛ ـگان/: [عربی]/سم. [مستهجن] بڤکێ؛ قەحبە؛ بەستۆک؛ سۆزانی؛ جندە؛ جوننە؛ گوزلی؛ دەویت؛ بەدناو.

**قحط** / qaht/: [عربی] صفت. قات؛ قەحت؛ کولپ؛ قاتوقڕ.

▣ **قحط بودن**: قات بوون؛ قەحت بوون؛ نەبوون؛ قت بوون ‹مگر کار قحط بود رفتی سراغ دستفروشی؟!: ئەڕێ قات کار بوو بوویە دەسفرۆش؟!›.

**قحط‌الرجال** / qahtorrecāl/: [عربی]/سم. قاتەپیاو؛ پیاوقاتی؛ دۆخی دەس نەکەوتنی پیاوی شیاو.

**قحط‌سالی** / qahtsālî/: [عربی/ فارسی]/سم. وشکەسالی؛ قاتسالی؛ ڕەشەسالی؛ سیاسالی؛ هشکسالی؛ ئیشکەسالی.

**قحطی** / qahtî ، ـها/: [عربی]/سم. کولب؛ کولپ؛ قاتی؛ قڕی؛ قات و قڕی؛ قاتی و قڕی؛ خەڵا؛ قتی؛ مەلی؛ تومین؛ قاتەلێو؛ گرانی (بەتایبەت خواردەمەنی).

**قحف** / qehf/: [عربی]/سم. لاتەوێل؛ هەر کام لە دوو ئێسکی لاپاڵی تەوێل.

**قد** / qad(d) ، ـها/: [عربی]/سم. ۱. بالا؛ بەژن؛ قام؛ قەد؛ قەو؛ قەی؛ ئەخد؛ ئەقد؛ چڵ ‹قد بلند: بالا بەرز› ۲. [گفتاری] ئەندازە؛ ئەنازە؛ ئەناز؛ شۆ؛ بارست؛ بارسا؛ گۆرەبا؛ ڕەی؛ چاپان؛ تیەن؛ ڕادە ‹حیاطش قد یک قدم بود: حەوشەکەی ئەندازەی

www.perawipepwle.com


هەنگاوێک بوو›.

▣ **قـد دادن:** پـێشـکان؛ پێگەیشـتن؛ شـکان؛ بڕکردن؛ یاوای ‹عقلش قـد نـداد خانـەاش را نگـه دارد: عەقڵی پێ نەشکا ماڵەکەی ڕاگرێ›.

**قد علم کردن:** *[مجازی]* وەستانەوە؛ وێسیانەوە؛ ڕاستەوە بـوون؛ بـەرەنگار بوونـەوە؛ ئامـادەی بەربەرەکانێ بـوون ‹آزاد تنهـا کسـی بـود کـه در برابرش قد علم کرد: ئـازاد تاقـه کەسـێک بـوو لـه بەرامبەریدا وەستایەوە›.

**قد کسی/ چیزی بودن:** بـه قـەد/ قـەو/ قـەی کەسێ/ شـتێ بـوون؛ ئینـەو یـەوی/ چێوێـوی بیـەی؛ لـه ڕادەی کەسـێ/ شـتێکدا بـوون؛ ئەوەندەی کەسێک/ شتێک بوون ‹شکمش قـد یک بشکه بود: زگی به قەد بەرمیلێک دەبوو›.

**قـد کسـی/ چیـزی را گـرفتن:** بـەژن/ بـاڵای کەسـێ پێـوان؛ ئەنـدازەگرتن؛ قـەد/ قـەوی کەسێ/ شتێ گرتن؛ قامکرن ‹قـد آرام را گرفـت، کمـی از آزاد بلنـدتر اسـت: بـەژنی ئـارامی پێـوا، هێندێک لە ئازاد بەرزترە›.

**قد کشیدن:** باڵاکردن؛ هەڵچوون؛ بـەرز بـوون؛ درێژ بوون؛ بەرز بیەی؛ قەبڵین (بۆ ڕوەک) ‹در این یک سال چقدر قد کشیده‌ای!: لـەم یـەکسالـه چەندت باڵا کردووە!›.

**قد** / qod(d) ، ـها/: *صفت. [گفتاری]* قوڵـم؛ قیـت؛ قوت؛ جک؛ سەرشەق؛ کەمۆت؛ سـەرڕەق؛ مقـڕ؛ لابەلا؛ گەدگیر ‹یارو خیلی قُد بود و کوتـاه نمـی‌آمـد: کابرا زۆر قوڵم بوو، دەستی هەڵنەدەگرت›.

**قداره** / qaddāre ، ـها/: [سنسکریت]/*سم.* قـەداره؛ غـەداره؛ قەسـەتۆرە؛ قەمـە؛ کـەتاره؛ جـۆرێ شمشێری کورت و دەم پان.

**قداره‌بند** / qaddāreband ، ـها؛ ـان/: [سنسکریت/ فارسی] *صفت.* ۱. قەدارەبەن؛ کەتارەکێش؛ کەسێ کە کەتارە لەگەڵ خۆی هەڵـدەگرێ ۲. *[کنـایی]* زۆربێژ؛ زاڵم؛ مارز.

**قداست** / qedāsat, qadāsat ، ـها/: [عربـی]/*سم.* پیرۆزی؛ مومبارەکی؛ هورمی؛ پاکی.

**قدامی** / qodāmî/: [عربی] *صفت. [ادبـی]* بـەروو؛ پێشوو؛ بەرگین؛ وەرین؛ وەڵین؛ لە بـەرەوە؛ لـه پێشەوە ‹استخوان قدامی: ئێسکی پێشوو›.

**قدبلنـد** / qadboland ، ـها؛ ـان/: [عربـی/ فارسـی] *صفت.* باڵابەرز؛ بەژنبەرز؛ کەڵەگەت؛ بەژنبڵـند؛ بڵندباڵا؛ باڵابڵند؛ شـاگە؛ شـیک؛ قۆڵـێ؛ کیـف؛ درێـژن؛ درێـژە؛ شـووش و لـەبار و بـەژنزراف. بەرانبەر: **قدکوتاه**

**قدح** / qadah ، ـها/: [عربی]/*سم.* ۱. بایـه؛ باییـه؛ بادیـه؛ جـامی گـەورە ۲. ئـەوەی لـه نـاو ئـەو دەفرەدایە ۳. پێک؛ پیک؛ پیاڵەی شەراب.

**قدح** / qadh/: [عربـی]/*سم. [ادبـی]* خراپـەوێژی؛ ڕەوتی ناو زڕاندن؛ خراپەگوتن. بەرانبەر: **مدح**

**قـدر**[1] / qadar/: [عربـی]/*سـم.* چـارەنووس؛ چـارەنویس؛ ناوچـاو؛ تەقـدیر؛ سەرنڤشـت؛ سەرنڤیشت؛ بەخت و هات؛ چارەنڤیس.

**قدر**[2] / ـها/: [عربـی] *صفت. [ورزش]* بـەهێز؛ توانـا؛ نەبەز؛ گوریخ؛ گورخ.

**قدر** / qadr/: [عربی]/*سم.* قەدر؛ قـەیر: ۱. /ـهـا/ ڕادە؛ قاس؛ هێند؛ هەند؛ حەد ۲. بایەخ؛ ئەرزش؛ ڕێـز؛ شـیاوی؛ هێژایـی ۳. *[نجـوم]* ئەنـدازەی دەرەوشاوەیی تەنێکی ئاسمانی.

▣ **قدر مسلّم:** ئەوەی ڕاستی بـێ؛ بـێشـک؛ بـه دروستی ‹قدر مسلم آن است که کار به ایـن زودی تمام نمی‌شود: ئەوەی ڕاستی بێ ئەوەیـه کـار بـەم زووانه کۆتایی نایێ›.

▣ **قدر دانستن:** قەدر زانین؛ پـێزانـین؛ قـەدری کەسێ یـان شـتێک زانـین. هـەروەها: **قـدر شناختن**

**قدرت** / qodrat ، ـها/: [عربـی]/*سم.* دەسـەلات؛ دەستەلات؛ کەلێژ؛ کەلیژ؛ توان؛ تەوان؛ توانـایی؛ ستین؛ شنگ؛ هێز؛ هاز؛ تاقەت؛ قووەت؛ قۆرەت؛ هـەرەنگ؛ هـورمێن؛ تەشـه؛ دەگـەر؛ بڕسـت؛ توانست؛ بڕە ؛ هـازی؛ نـیرەوان؛ قـەژمن؛ گـوڕ؛

هیل؛ حێل: ۱. توانستی جێبەجێ کردنی کارێ یان کار تێکردن ‹قدرت تکان خوردن نداشت: دەسەلاتی جوولانەوەی نەبوو› ۲. دۆخ یان چۆناوچۆنی زاڵ بوون یان بەرەودار بوون ‹او با قدرت، همه را اداره می‌کرد: بە زەبر، هەمووی دەگەڕاند› ۳. *[سیاسی]* دەولەتێ کە وەها زاڵێتی یان کارتێکریەکی هەیە ‹قدرت‌های منطقه: هێزەکانی ناوچە› ٤. تین؛ تاو؛ وره؛ تابشت؛ تاوش؛ دەست و دوو.

▣ **قدرت تجسم**: توانایی هێنانە بەرچاو و وێنا کردن.

**قدرت‌پرستی** / qodratparastî / ـها/: [عربی/ فارسی]/*سم.* دەسەلات‌پەرستی.

**قدرت‌طلبی** / qodrat.talabî / ـها/: [عربی]/*سم.* دەسەلاتخوازی. هەروەها: **قدرت‌طلب**

**قدرتمند** / qodratmand / ـان/: [عربی/ فارسی] *صفت.* هۆمام؛ پرزوو؛ توانا؛ بەهێز و توان؛ بەهێز و تابشت؛ دەسەلاتدار؛ دەس‌ڕۆیشتوو.

**قدرت‌نمایی** / qodratnemâyî / ـها/: [عربی/ فارسی]/*سم.* دەسەلات‌نوێنی؛ قۆرەت‌نوێنی؛ کار یان ڕەوتی نواندنی دەسەلات و هێز بۆ ترساندن.

**قدردان** / qadrdân /: [عربی/ فارسی] *صفت.* قەدرزان؛ قەدردان؛ پێزان.

**قدردانی** / qadrdânî / ـها/: [عربی/ فارسی]/*سم.* ڕێزگری؛ پێزانی؛ ڕەوتی خەمناندن.

**قدرشناسی** / qadršenâsî / ـها/: [عربی/ فارسی] /*سم.* پێزانی؛ قەدرناسی؛ ئەمەگداری. هەروەها: **قدرشناس**

**قدرقدرت** / qadarqodrat / ـها؛ ـان/: [عربی] *صفت.* زل‌هێز؛ لێهاتوو بۆ بەرەنگاری چارەنووس.

**قدرنشناسی** / qadrnaš(e)nâsî / ـها/: [عربی/ فارسی]/*سم.* سپڵەیی؛ سفڵەیی؛ ناسپاسی؛ هەق‌نەناسی؛ ئەمەگ‌نەناسی؛ پێ‌نەزانی. هەروەها: **قدرنشناس**

**قدروقیمت** / qadr-o-qeymat, qadr-o-qîmat /: [عربی]/*سم.* بڕ؛ ڕێز؛ وەج؛ حورمەت؛ ئەرزشت.

**قدری** / qadarî /: [عربی] *صفت.* جەبری؛ بڕوامەند بە چارەنووس.

**قدری** / qadrî /: [عربی] *ضمیر.* هێندێک؛ هندێ؛ قەدەرێک؛ بڕێ؛ بڕێک؛ چەندێتیەکی وا کە زۆر یان کەمی دیار نەبێ ‹قدری آب خوردم: هیندیک ئاوم خواردەوە›.

▣ **به قدری**: هێندە؛ زۆرزۆر؛ یەکجار؛ ئێجگار؛ تا ڕادەیەکی زۆر ‹به قدری زیبا بود که از گفتن نمی‌آید: هینده جوان بوو له وتن نایه›.

**قدس** / qods /: [عربی]/*سم.* پاکی؛ بێ‌گوناهی؛ هورمی؛ پیرۆزی؛ ممبارەکی؛ پاک و پواری؛ بێ‌خەوشی.

**قدس‌سره** / qoddesaserroh /: [عربی] *دعا.* نوور لە قەبری ببارێ؛ ڕەحمەت لە قەبری؛ گۆڕی پیرۆز بێ.

**قدسنج** / qadsanc / ـها/: [عربی/ فارسی]/*سم.* بەژن‌پێو؛ بالاپێو؛ ئامرازی ئەندازەگرتنی بەژن و بالا.

**قدسی** / qodsî /: [عربی] *صفت.* پاک؛ هورم؛ پیرۆز؛ هەزەخ؛ ممبارەک.

**قدغن** / qadaqan /: [ترکی] *صفت.* قاخە؛ قەدەغە؛ قەدەخە؛ ڕێ‌نەدراو؛ بەند؛ بەندە؛ یاساخ؛ یەساخ ‹ورود خارجیان را قدغن کرد: هاتنی لاوەکیانی قاخە کرد›.

▣ **قدغن کردن**: هەماندن؛ قەدەغەکردن؛ قاخە کردن؛ قۆرغ‌کردن؛ پاوان‌کردن؛ یاساخ‌کردن. هەروەها: **قدغن بودن؛ قدغن شدن**

**قد ـ قد** / qodqod /: *صوت.* قەدقد؛ قرتەقرت؛ دوورقەدوورق؛ قد‌ـقد؛ قید‌ـقید؛ قوت‌ـقات؛ دەنگی مرێشک.

**قدک** / qadak /: *سم.* قەدەک؛ قوماشێکی دەسچنی ڕەنگاوەیە زۆرتر لە پەموو.

**قدکوتاه** / qadkûtâh /: [عربی/ فارسی] *صفت.*

کۆتەل؛ بالابچووک؛ کورت؛ کورتەبالا؛ کەمبالا؛ کۆتابالا؛ کول؛ کولنده؛ کولنده. بەرانبەر: **قدبلند**

**قدم** / qadam ، ـها/: [عربی]/سم. پێ؛ پا: ۱. /ئەقدام؛ قُدوم/ پەی ‹از سر تا قدم: له سەر تا پێ› ۲. هەنگاو؛ هەنگام؛ گۆم؛ گام؛ گاف؛ شاقا؛ شاقاو؛ شاقام؛ شەقاو؛ شەقام؛ شەقا؛ لاقۆرە؛ پێگاف؛ پێنگاف؛ پێنگاو؛ گامە؛ هنگاو؛ هنگاف؛ هەنگاف؛ گاو؛ قولەنج؛ قام؛ قاو؛ لۆقاو؛ لۆق؛ قەدەم ‹صد قدم فاصله داشت: سەد هەنگاو دوور بوو›.

▣ **قدم به قدم**: *[مجازی]* وردە- وردە؛ هەنگاو بە هەنگاو؛ رێزە-رێزە؛ قۆناغ-قۆناغ؛ قەدەم بە قەدەم.

▣ **قدم از قدم برنداشتن**: *[مجازی]* هەنگاو نەنیان؛ پا هەلنەگرتن؛ پا نەگۆزانەوە؛ جم نەخواردن؛ تەکان نەخواردن؛ رێ نەچوون؛ لە جێی خۆ مانەوە؛ پا نەنیای ‹من دیگر قدم از قدم برنمی‌دارم: ئەمن چیدی هەنگاو نانیم›.

**قدم تند کردن**: پا هەلخستن؛ پا هەلگرتن؛ بە پەلە چوون؛ توند چوون؛ ئازا کردن ‹قدم تند کردم به او برسم: پام هەلخست پێی بگەم›.

**قدم رنجه فرمودن**: *[مجازی]* تەشریف هێنان؛ هاتن (بۆ خێراتنی میوان دەگوترێ).

**قدم زدن**: پیاسەکردن؛ پیارسەکردن؛ قەدەم لێدان؛ قام لێدان؛ رێڤە چۆن؛ لوە ڕانەی؛ گاڤ دان؛ هێدی- هێدی رێوە چوون بۆ وەرزش، گەڕان یان هێور بوونەوە.

**قدم کسی خوب بودن**: پای کەسێک خێر بوون؛ پای کەسێ خاس بوون.

**قدم کسی سبک بودن**: *[مجازی]* پای کەسێک سووک بوون: ۱. قەدەمی کەسێک خێر بوون ۲. هاتنی کەسێک بوونە هۆی بڕەو پێدرانی شوێنێ. بەرانبەر: **قدم کسی سنگین بودن**

**قدم کسی سنگین بودن**: *[مجازی]* پای کەسێک قورس بوون؛ هاتنی کەسێک بوونە هۆی لە بڕەوکەوتنی شوێنێ. بەرانبەر: **قدم کسی سبک بودن**

**قدم کسی شور بودن**: *[مجازی]* پای کەسێ خراپ بوون؛ پای کەسێک بێخێر بوون؛ بە هاتنی کەسێ، کەس یان کەسانی تر لەوێ تاران.

**قدم گذاشتن**: هاتنە ناوەوە؛ پا نیەی/ نیای.

**در قدم کسی افتادن**: کەوتنە سەر/ مل پای کەسێکدا.

**سر قدم رفتن** ☜ **سر**[۳]

**قدم** / qedam/: [عربی]/سم. کۆنی؛ پێشینەیی.

**قدما** / qodamā/: [عربی] ضمیر. پێشینیان؛ پێشینان؛ وەلینا؛ وەرینان؛ قەدیمیێ؛ خەلکی ڕۆژگارانی زوو.

**قدمت** / qedmat/: [عربی]/سم. کۆنەیی؛ کۆنی.

**قدمرو** / qadamrow/: [عربی/ فارسی]/سم. *[نظامی]* کەوتنەڕێ یان هەنگاو نان بەڕێکوپێکی و نەزمەوە.

**قدمزنان** / qadamzanān/: [عربی/ فارسی] *قید.* بە پیاسە؛ وە پا؛ بە پێ؛ بە پا؛ بە پەی؛ بە دەم ڕێوە.

**قدمزنی** / qadamzanî/: [عربی/ فارسی]/سم. *[گفتاری]* پیارسە؛ پیاسە؛ گاڤان؛ کاری بەڕێگەدا چوون.

**قدمگاه** / qadamgāh ، ـها/: [عربی/ فارسی]/سم. جێپێ؛ جێگەپا؛ یاگەپا؛ جێگای پا نیان بەتایبەت جێپای کەسێکی پیرۆز.

**قدوس** / qoddûs, quddûs/: [عربی] *صفت. [ادبی]* هورم؛ پیرۆز؛ ممبارەک؛ دوور لە گوناح و خراپی.

**قدوم** / qodûm,qudûm/: [عربی] جمعِ ☜ **قدم**

**قدومه** / qodûme, qudûme ، ـها/: /سم. وردینەک؛ وردینە؛ وەروینک؛ شیررێژ؛ گیایەکی ئالفی خۆگر بە گولی سپی درشت و دەنکی لیقنەوە کە لە گیادەرمانیدا بە کار دێ.

**قد و نیمقد** / qad-o-nîmqad ، ـها/: [عربی/ فارسی/ عربی] *صفت.* ورد و درشت؛ گەورە و گولانە؛

گەورە و گچکە؛ گەورە و بچووک ‹بچەهای قد و نیمقد: منداڵانی ورد و درشت›.

**قدی** / qaddî/: [عربی] *صفت.* ۱. تەواوبالا؛ بالاپیاو ۲. بالانوێن؛ بالانەما ‹ئایینەی قدی: ئاوێنەی بالانوێن›.

**قدی** / qoddî ، ـها/: *اسم. [گفتاری]* قوڵمی؛ قوتی؛ قیتی؛ تێکی؛ جکی؛ سەرشەقی؛ سەررەقی؛ لابەلایی؛ خرسی ‹پسرم این همه قُدّی درست نیست: کوڕی خۆم هێندە قوڵمی باش نیە›.

**قدید** / qadîd/: [عربی]/*اسم. [ادبی]* قاورمە؛ گوشتی سوورەوەکراوی هەڵگیراو بۆ تفاق.

**قدیس** / qeddîs ، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی] *صفت.* یارسان؛ پیر؛ وەلی؛ خاوەن پێوەندی دەگەڵ خوا، فریشتە یان هێزی ئاسمانیدا.

**قدیسه** / qeddîse ، ـها؛ ـگان/: [عربی] *صفت.* یارسان؛ کچ یان ژنی خاوەن پێوەندی لەگەڵ خوا و فریشتەکانیدا.

**قدیفه** / qadîfe/: [از عربی] ☜ **قطیفه**

**قدیم**[۱] / qadîm/: [عربی] *صفت.* ۱. کۆن؛ کەونارا؛ قەدیم؛ قەییم؛ سابق؛ ئەوسا؛ زوو؛ پێشوونە ‹زمان قدیم: سەردەمی کۆن› ۲. *[فلسفه]* هەربوویی؛ ئەزەلی؛ بێسەرەتا. بەرانبەر: **مُحْدِث**

**قدیم**[۲] / ـها/: *قید.* ئەوسا؛ ئەوساکە؛ جاران؛ زوو؛ چەلان؛ ئەوجا؛ ئەوگا؛ قەدیم؛ لە کۆندا؛ جاری جاران ‹قدیم مردم از نعمت سواد برخوردار نبودند: ئەوسا خەلکی سەوادیان نەبوو›.

**قدیم‌الایام** / qadîmol'ayyām/: [عربی]/*اسم.* ڕۆژگاری ڕابردوو؛ زەمانی کۆن؛ قەدیم.

**قدیم‌ونَدیم** / qadîm-o-nadîm ، ـها/: [عربی/ فارسی]/*اسم. [گفتاری]* ڕابردووی کۆن؛ کەونارا؛ جاری جاران ‹این‌جا از قدیم و ندیم گذرگاه بوده: ئێرە لە ڕابردووی کۆنەوە بوارگە بووە›.

**قدیمها** / qadîmhā/: [عربی/ فارسی] *قید. [گفتاری]* جاران؛ لە ڕابردوودا؛ زوو؛ ئەوسا ‹قدیمها تلویزیون نبود: جاران تەلەڤزیۆن نەبوو›.

**قدیمی** / qadîmî ، ـها/: [عربی] *صفت.* قەدیمی؛ قەیمی؛ کۆنە؛ کوهۆن؛ کۆن؛ کەڤن؛ دێرین؛ کەعن؛ کان؛ کەون؛ کەهەن؛ لە میژینە.

**قر** / qer ، ـها/: *اسم.* قڕ؛ قڕوفڕ؛ قەلبیر؛ قەلبیرە؛ تەکان و پێچ و قەمچێ کە بۆ سەرنج ڕاکێشانی دیتران بەتایبەت لە هەڵپەڕکێدا بە لەشی دەدەن.

▣ **قر شتری:** *[مجازی]* کەر ناز؛ سوور و خولدانی نەزانانە و ناشیرینی لەش.

▣ **قر دادن:** قڕ دان؛ قنگ بادان؛ سوور دان؛ وێ شۆکنایوە؛ بۆ سەرنج ڕاکێشانی دیتران لەشی خۆ پێچ و قەمچ دان.

**قر**[۱] / qor/: *اسم* قۆڕە؛ بۆڵە؛ پرتە؛ بۆڵەبۆڵ؛ قۆڕەقۆڕ؛ قوتەوبۆڵە؛ پرتەوبۆڵە.

**قر**[۲]: *صفت.* ۱. قۆڕ؛ قیرە؛ قێڕە ۲. تەپق؛ قوپاو.

▣ **قر زدن:** *[کنایی]* نیشتنە ژێر پا؛ هەڵگرتن؛ هۆرگێرتەی؛ فریو دانی کەسێک و بردنی بۆ جێگایێک یان ڕاکێشانی بۆ لای خۆ ‹حالا دیگر زن و دختر مردم را قر می‌زنی؟!: ئێستا وات لێ هاتووە نەنیشیتە ژێر پای ژن و کچی خەلک؟!›.

**قر شدن:** *[گفتاری]* ۱. قێڕە بوون؛ قۆڕ بوون/ بیەی ۲. قوپان؛ قوپیان؛ قوپیەی؛ قوپیای؛ قۆپان؛ قوبان؛ کووپان؛ تەپقین؛ ڕۆچوون.

**قر کردن:** قوپاندن؛ قوباندن؛ قۆڕکردن.

**قرا** / qorā/: [عربی] ☜ **قُری**

**قراء** / 'qorrā/: [عربی] جمعِ ☜ **قاری**

**قرائت** / qarā'at ، ـها/: [عربی]/*اسم.* ۱. کار یان ڕەوتی خوێندنەوە ‹قرائت قرآن: خوێندنەوەی قورئان› ۲. *[مجازی]* خوێندنەوەی بە دەنگی بەرز ۳. بۆچوون؛ خوێندنەوە؛ تێگەیشتنی مرۆڤ لە بابەتێکی فیقهی یان حقووقی ‹او قرائت تازه‌ای از آزادی عرضه کرده است: ئەو بۆچوونێکی تازەی لە ئازادی هێناوەتە ئاراوە›.

**قرائتخانه** / qarā'atxāne ، ـها/: [عربی/ فارسی] *اسم.* خوێندنگە: ۱. جێگایەکی گشتی بۆ

خوێندنەوە ۲. دیوی خوێندنەوە لە کتێبخانەدا.

**قرائن** / qarā'en/: [عربی] ☜ **قراین**

**قرابادین** / qarābādîn/: [معرب از یونانی]/سم. [قدیمی] قرابادین؛ کتێبی دەواناسی کە تایبەتمەندی دەرمان و ڕێژە و شێوەی بە کار بردنی زۆر دەوای تێدا نووسراوە.

**قرابت** / qarābat ، ـها/: [عربی]/سم. نزیکی؛ نێزیکی: ۱. دۆخی نزیک بوون؛ بەرامبەری دووری ۲. خزمایەتی؛ قەومایەتی.

▣ **قرابت سببی**: ژن و ژنخوازی؛ پەیڤەن؛ خنامی؛ خزمایەتی لە ژن خواستن و شوو کردنەوە بەدیهاتوو.

**قرابت نسبی**: خزمایەتی خوێنی (لە دایک و بابەوە).

**قرابه** / qorābe ، ـها/:/سم. قەرابە؛ قورابە؛ دەفری گەورەی مل درێژ و دەمتەنگی شووشەیی.

**قراد** / qorād ، ـها/: [عربی]/سم. کرنگ؛ قرنوو؛ قرنە؛ کرنوو؛ کرنی؛ قرنی؛ کەولە؛ مێرووێەکی پانکەلەی سوورە بە ئاژەلەوە دەنووسێ.

**قرار** / qarār/: [عربی]/سم. قەرار: ۱. بنەجێ؛ جێگیر؛ بنەگیر؛ ڕەوتی مانەوە؛ بوون؛ ئەوەمەنەی ‹قرار داشتن؛ قرار دادن: بنەجێ بوون؛ جێگیر کردن› ۲. ـها/ بڕیار؛ بەڵێن؛ وەعد ‹قرار گذاشتیم هر جمعه برویم کوه: بڕیارمان دا هەموو هەینییەک بڕۆین بۆ کێو› ۳. ژوان؛ ژوانگە؛ جێژوان ‹دیروز سر قرار حاضر نشد: دوێنێ نەهاتە سەر قەرار› ٤. بڕیار؛ بەڵین؛ پەیمان ‹قرار کفالت: بڕیاری سەرپەرستی› ٥. چۆنیەتی؛ چۆناوچۆنی؛ چلۆنایەتی ٦. قەرا؛ هەدا؛ هێدان؛ هەدان؛ ئۆقرە؛ وەقرە؛ ئۆخژن؛ هەراس؛ توتکە؛ توێتکە؛ دابین ‹آرام و قرار ندارم: نوقرە و ئارامم نیە›.

▣ **از قرار معلوم**: وا دیارە؛ ئەو جۆرە کە دیارە؛ وا دەردەکەوێ؛ ئاوا کە دیارە؛ پاسە دیارا؛ پاسە مشۆشەوە ‹از قرار معلوم برنمی‌گردد: وادیارە ناگەڕێتەوە›.

**به قرار زیر**: وەها؛ بەم جۆرە؛ ئاوا؛ ئاوەها؛ ئاوها؛ پیسە؛ ئەپێسە؛ پێجۆرە؛ بەو جۆرە.

▣ **قرار بودن**: بڕیار وابوون؛ قەرار بوون ‹قرار بود اینجا مدرسه‌ای بسازند: بڕیار وابوو لێرەدا قوتابخانەیەک دروست کەن›.

**قرار دادن**: نان؛ نیان؛ دانان؛ دانیان؛ نیایرە؛ بەلیاندن ‹گلدان را روی میز قرار داد: گوڵدانەکەی نایە سەر مێزەکەوە›.

**قرار گذاشتن**: بڕیار دان/ دانان؛ بەڵێن دان؛ پەیمان بەستن ‹قرار گذاشتیم تا سر ماه پولش را پس‌بدهیم: بڕیارمان دا تا سەری مانگ پارەکەی بدەینەوە›.

**قرار گرفتن**: ۱. دانران؛ دانریان؛ جێ گرتن؛ بنەگیر بوون؛ جێ بوونەوە؛ یاگەوە بیەی؛ دەبنەگرتن ‹گلدان روی میز قرار گرفت: گوڵدانەکە دانرایە سەر مێزەکەوە› ۲. هەدا دان؛ ئارام گرتن؛ داسرەفتن؛ داسرەوتن؛ داسرەوین؛ داکاسان؛ داکاسیان؛ داکاسین؛ ئەرەکاسیەی؛ کاسیایرە؛ داسەکیان؛ دامرکان؛ دامرکیان؛ دامرکین؛ داتەمریان؛ داکەسان؛ داکەسین؛ داسەکنان؛ هێور بوونەوە؛ داسەکنین؛ قریان؛ هێورین؛ هەدرین؛ هەدیایش؛ ئۆقرەگرتن؛ وەقرەگێرتەی؛ کوپین؛ لە شوێنێک مانەوە.

**قرارداد** / qarārdād ، ـها/: [عربی/ فارسی]/سم. بڕیار؛ پەیمان؛ گرێدانک؛ بڕیارنامە؛ پەیمان‌نامە؛ گرێبەست؛ هەڤبەست؛ بەڵێنامەیێ (پتر نووسراوە) کە بە پێی ئەوە دوو یان چەند لایەن مافێ بۆ یەکتر بە ڕەسمی دەناسن یا لە هەمبەر یەکترەوە کار و ئەرکێ وە ئەستۆ دەگرن.

▣ **قرارداد بستن**: بڕیارنامە نووسین؛ بەڵێن‌نامە نووسین؛ پەیمان‌نامە نووسین.

**قراردادی** / qarārdādî/: [عربی/ فارسی] صفت. بڕیاری؛ پەیمانی؛ هەڤبەستی؛ بڕیارنامەیی؛ پەیمان‌نامەیی ‹استخدام قراردادی: دامەزرانی بڕیاری›.

www.perawipepwle.com

**قرارگاه** / qarārgāh ، ـها/: [عربی/ فارسی]/سم. بنکه؛ نگت؛ بنه؛ مەکۆ؛ مەکۆگە؛ قەرارگا؛ بنەگا؛ شوێنی نیشتەجێ بوون و دامەزرانی هێزێکی چەکداری.

**قرارومدار** / qarār-o-madār ، ـها/: [عربی]/سم. *[گفتاری]* قەتع و بڕ؛ قەرارمەدار؛ قەولوبڕ؛ قەول و قەرار؛ کار و ڕەوتی پێکهاتن و بڕیار دان بۆ جێبەجێ کردنی کارێک.

**قراص** / qorās ، ـها/: [از فرانسوی]/سم. قوڕاس؛ یەکەی ژماردنی کالا، بریتی لە ۱۲ دوجین (۱۴۴ دانە): **قراصه**

**قراصه** / qorāse/: [از فرانسوی] ☜ **قراص**

**قراضه** / qorāze ، ـها/: [عربی] *صفت.* کوخار؛ ئاسنجاو؛ قوڕازە؛ قەڕازە؛ سەقەت؛ کۆن و لەکارکەوتە (بۆ کەرستە و ئامراز) ‹ماشین قراضه: ماشینی کوخار›.

**قراقوروت** / qarāqurût/: [ترکی]/سم. قەرەقرووت؛ خواردنێکی ڕەش و ترش کە لە کولاندنی ئاوی ماستەوە بەرهەم دێ: **قره‌قوروت**

**قراکل** / qarākol/: [؟]/سم. قەرەکوڵ: ۱. ـها/ جۆرێ مەڕی لەڕ و باریک کە دووەکەی سفت و خوریەکەی زرو و لوولە ۲. کەوڵ و کوڵکی بەرخی ئەو مەڕە.

**قران** / qerān/: [عربی]/سم. ۱. ـها/ *[گفتاری]* قەران؛ قڕان؛ ڕیال؛ یەکەی پارەی ئێران ۲. *[نجوم]* بار و دۆخی جێگرتنی دوو یان چەند گەڕۆک لە کەلوویەکدا ۳. *[قدیمی]* دەورەی ۲۵، ۵۰ یان ۱۰۰ سالەی حکوومەتی کەس یان زنجیرەیەک.

**قراول** / qarāvol ، ـها؛ ـان/: [ترکی]/سم. چاتمە؛ قەرەوڵ؛ پێشدار؛ پەهڤان؛ قەلاویز؛ کێشکچی؛ نیابان.

▣ **قراول رفتن**: نیشانەگرتن؛ قەرەوڵ گرتن.

**قراول گذاشتن**: نگابان دانان؛ قەرەوڵ دیاری کردن ‹دم در خانه‌اش دو نفر قراول گذاشته بودند: بەر دەرکی ماڵەکەی دووکەسیان نگابان دانابوو›.

**قراین** / qarāyen/: [عربی] جمعِ ☜ **قرینه**[1]: **قرائن**

**قرب** / qorb/: [عربی]/سم. ۱. *[نامتداول]* نزیکی؛ نێزیکی؛ چۆنیەتی لێک نزیک بوونی دوو شت. بەرانبەر: **دوری** ۲. *[نامتداول]* نێزیکی؛ نزیکی بە بۆنەی دۆستی یان خزمایەتیەوە ۳. *[مجازی]* پلە و پێگە؛ شان و ڕێزی کۆمەلایەتی.

**قربان** / qorbān/: [عربی]/سم. ۱. *[ادبی]* سەرگەرد؛ گۆری؛ گوهری؛ قوربانی ۲. قوربان؛ قوروان؛ وشەی ڕێز لێنان ‹بله قربان: بەڵێ قوربان›.

▣ **قربان کسی/ چیزی**: بە قوربانی کەسێ/ شتێک؛ شیاوی ڕێز و حورمەت لێنان؛ وە/ بە سەرگەردی کەسێ/ شتێ ‹قربان شما: بە قوربانتان›.

▣ **قربان کسی رفتن**: بە قوربانی کەسێک بوون؛ لە دەوری (سەری) کەسێک گەڕان؛ وە/ بە سەرگەردی کەسێ بوون؛ بە ساقەی کەسێک بوون؛ لە بەری کەسێک مردن ‹قربان پسرم بروم کە لنگە ندارد: بە قوربانی کورەکەم بم وا هاوتای نیە›.

**قربان ـ صدقه** / qorbānsadaqe/: [عربی]/سم. *[تعریض]* قوربان و ساقە؛ گفت و لفتی بە میهرەبانی.

▣ **قربان ـ صدقه رفتن**: لە دەور گەڕان؛ بە قوربان بوون؛ لە بەر مردن؛ وە/ بە سەرگەرد بوون.

**قربانگاه** / qorbāngāh ، ـها/: [عربی/ فارسی]/سم. کوشتارگە؛ کوشتنگە؛ جێگای قوربانیکردن.

**قربانی** / qorbānî ، ـها/: [عربی]/سم. قوربانی؛ قوروانی: ۱. گیانەوەرێکی گۆشت حەلاڵ کە بە بۆنەیەکی تایبەتەوە سەری دەبڕن و گۆشتەکەی دەبەخشنەوە ۲. /ـان/ کەسێ کە بێ‌گونا دەکوژرێت ‹قربانی جنگ: قوربانی شەڕ›.

▣ **قربانی دادن**: قوربانی دان؛ قوروانی دان؛ گۆری دان؛ لە دەست دانی کەس یان

کەسانێ وەکوو قوربانی ‹مردم برای کسب آزادی قربانی داده‌اند: خەڵک لە پێناو ئازادیدا قوربانیان داوە›.

**قربانی کردن**: گۆری کردن؛ به قوربان کردن؛ **قوربانی**/ قوروانی کردن: ۱. گیانەوەرێک (گۆشت‌حەڵاڵ) به بۆنه‌یه‌کەوە سەرژێ کردن و گۆشته‌کەی لە نێو خەڵکدا بەش کردنەوە ۲. گیانەوەرێک بۆ ڕەزای خودا و بەڕێوە بردنی ڕێوڕەسمێکی دینی سەر بڕین ۳. بوونه هۆی مردن یان تێدا چوونی نارەوا یان بێهۆی کەس یان شتێک. هەروەها: **قربانی شدن**

قربانی گرفتن: قوربانی گرتنەوە؛ کوشتنی نارەوا یان بێقانوونانه‌ی مرۆڤ ‹زمین‌لرزه هزاران قربانی گرتەوە›.

**قربوس** / qarbûs ، ـها/: [عربی]/سم. کەڵوە؛ کەلبە؛ کەڵبەزین؛ بەرکۆ؛ پێشکۆ؛ قەڵپۆز؛ قەڵپووز؛ سەرقاچ؛ سەرقاچگ؛ گووزگریک؛ بەرزایی پێشەوەی زین: **قرپوس**

**قرپوس**/ qarpûs/: [از عربی] ☜ **قربوس**

**قرتی**/ qertî ، ـها/: صفت. جلف؛ خونک؛ قرت؛ قرتی؛ هەرزە؛ یارمباز؛ سووک و چرووک؛ هەرچی و پەرچی؛ دلسڤک؛ جیوەڵەک؛ گرزە؛ ئاکار ناشیرین.

**قرتی‌بازی** / qertîbāzî ، ـها/: /سم. جلفی؛ هەرزەکاری و سووکی.

**قرچ-قوروچ** / qerečqûrûč/: صوت. خرمەخرم؛ خرچەخرچ؛ قرتەقرت؛ قرچەقرچ؛ خرپەخرپ؛ دەنگی ورد بوونی شتێکی تورت (وەک دەنگی نانی ڕەق له ژێر ددان یان بەفر له ژێر پێدا).

**قرحه** / qorhe ، ـها/: [عربی]/سم. [پزشکی] زام؛ برین؛ زەخم، بەتایبەت زامێ که دەمی بازە.

**قردمانا** / qordomānā/: [؟]/سم. تەڕەتیزە تاڵە؛ گیایەکی دەشتەکی بە تۆوێکی ورد و زەرد و تووندەوە، بۆ مەبەستی بژیشکی به کار دێ.

**قرشت** / qarašat/: [عربی]/سم. نێوی شەشەمین دەستەی پیتی ئەبجەد.

**قرشمال** / qerešmāl ، ـها/: [؟] صفت. کاوڵی؛ بێشەرم؛ بێحەیا؛ قیچمەز.

**قرص**[1] / qors ، ـها/: [عربی]/سم. قورس: ۱. خرت؛ قورسە؛ ئەوەی بیچمی جەغزئاسایە ‹قرص خورشید: خرتی خۆر› ۲. حەب؛ حوب؛ هەب؛ گزموولەی دەرمان ‹قرص سرماخوردگی: حەبی پەتا› ۳. ئەستورکە؛ ماکێکی کیمیاوی یان خۆراکی وەک حەب ‹قرص نعناع: قورسی نەعنا›.

▣ **قرص خواب**: حەبی خەو؛ قورسوو وەرمی؛ قورسی خەوهێنەر.

**قرص سرماخوردگی**: حەبی پەتا؛ حەبی زوکام؛ قورسی چارەسەری هەڵامەت.

**قرص**[2]: [؟] صفت. [گفتاری] قورس؛ هێقم؛ قورس و قوول: ۱. قایم؛ پتەو؛ تۆڵا؛ گورخ. بەرانبەر: **شُل** ۲. قایم؛ جێگرتوو؛ بێڵەرە و شەکە. بەرانبەر: **لق** ‹پایەی قرص؛ دهن قرص: بنەڕەتی پتەو؛ دەمی قایم›. هەروەها: **قرص بودن**

**قرص**[3]: قید. قورس: ۱. پتەو؛ گورخ ‹روی حرفش قرص ایستاده بود: لە سەر قسەی خۆی قورس وەستابوو› ۲. تون؛ سفت؛ مەحکەم ‹در را قرص بست: درگاکەی تون داوە› * بەرانبەر: **شُل**

**قرص و قایم** / qors-o-qāyem/: [؟/ عربی] قید. تون و تۆڵ؛ سفت و سۆڵ؛ قورس و قایم ‹دهنه‌ی اسب را قرص و قایم نگهدار!: لەغاوی ئەسپەکە تون و تۆڵ بگرە!›.

**قرض** / qarz ، ـها؛ قُروض/: [عربی]/سم. قەرز: ۱. بەدەیی ‹قرضش را نمی‌دهد: قەرزەکەی ناداتەوە› ۲. وام ‹پول خانه را از بانک قرض گرفتیم: پارەی خانووەکەمان له بانگ قەرز کرد›.

▣ **قرض دادن**: ۱. قەرز دان؛ قەرد دان؛ وام دان ‹پول داری به من قرض بدهی؟: پارەت لایە به قەرز

بمده‌یتی؟› ۲. ئه‌مانه‌ت دان؛ ئه‌مانه‌تی شتێ به که‌سێ دان ‹کتابت را چند روز به من قرض بده!؛ کتێبه‌که‌م بۆ چه‌ند ڕۆژ به ئه‌مانه‌ت بده‌یه!›.

هه‌روه‌ها: **قرض گرفتن**

**قرض داشتن:** قه‌رزدار بوون؛ قه‌رزار بوون؛ بده‌کار بوون ‹هرچه قرض داشت همه را پرداخت: هه‌رچی قه‌رزدار بوو هه‌مووی داوه›.

**قرض کردن:** قه‌رزکردن؛ قه‌رزگرتن؛ وام‌گرتن.

**قرض‌الحسنه** / qarzolhasane/: [عربی]/سم. قه‌رزی بێسوو که له به‌ر ڕه‌زای خوا یان خێرخوازی، به که‌سێک ده‌درێ.

**قرض‌وقوله** / qarz-o-qûle ، ـها/: [عربی/ فارسی] /سم. *[گفتاری]* قه‌رز و قۆله؛ قه‌رز و فه‌رز ‹اول باید قرض و قوله‌مان را بدهیم: پێشه‌کی پێویسته قه‌رز و قوله‌مان بده‌ینه‌وه›.

**قرضه** / qarze ، ـها/: [عربی]/سم. وام؛ واو.

▣ **قرضه‌ی ملی:** وامێ که ده‌وڵەت له خه‌ڵکی وه‌رده‌گرێ.

**قرطاس** / qertās/: [معرب از یونانی]/سم. *[قدیمی]* کاغەز؛ قاغەز.

**قرطاس بازی** / qertāsbāzî/: [معرب/ فارسی]/سم. *[قدیمی]* کاغەزبازی.

**قرع** / qar' ، ـها/: [عربی]/سم. قه‌رع؛ ده‌فرێکی شیشه‌یی بۆ په‌شکاندن که له کووله‌که‌ی مل‌گیڕ ده‌چێ.

**قرعه** / qor'e ، ـها/: [عربی]/سم. پشک؛ قورعه؛ لاتار؛ پسوولەی خۆ و به‌خت.

▣ **قرعه افتادن:** پشک ده‌رهاتن؛ پشک که‌وتن ‹قرعه به نام من اُفتاد: پشک به نێوی منه‌وه ده‌رهات›.

**قرعه انداختن/ کشیدن:** پشک خستن؛ لاتار کێشان.

**قرعه‌کشی** / qor'ekešî ، ـها/: [عربی/ فارسی]/سم. ڤڕانگ؛ ڤڕاگ؛ لاتاری؛ کار و ڕه‌وتی هه‌ڵبژاردنی به‌خته‌کی ژماره، ناو یان نیشانێ بۆ وه‌رگرتنی پشک یان به‌ڕێوه بردنی کارێک.

**قرق** / qoroq ، ـها/: [ترکی]/سم. پاوان؛ کۆده؛ پاکژ؛ قۆرغ؛ قۆرخ؛ په‌له‌خ: ۱. *[قدیمی]* جێگایه‌ک که نامۆیان نه‌توانن بچن ‹این منطقه قرق خان بود: ئه‌م ناوچه‌یه پاوانی خان بوو› ۲. *[قدیمی]* قه‌ده‌غه بوونی هاتوچۆ ‹همینکه هوا تاریک می‌شد خیابان‌ها قُرق بود: هه‌ر تاریکی ده‌کرد شه‌قامه‌کان قورخ بوون› ۳. قه‌ده‌غه؛ قه‌ده‌خه؛ کاری هه‌ماندن؛ چۆڵ کردنی شوێنێک له خه‌ڵک ‹پوتین داشت می‌آمد مسیر را قُرق کرده بودند: پووتین ده‌هات شه‌قامه‌کانیان قورغ کردبوو›. هه‌روه‌ها: **قرق بودن؛ قرق شدن؛ قرق کردن**

**قرقاتی** / qarqātî/: [ترکی] ☜ **قره‌قاتی**

**قرقاول** / qarqāvol ، ـها؛ ـان/: /سم. قه‌رقاوڵ؛ ته‌رەزوو؛ مره‌کێفی؛ مریشکه کێوی؛ مریشکی کووڤی؛ چۆڕه؛ چۆڕپۆڕ؛ که‌له‌شێری دارستان؛ باڵداڕێکی سه‌ر به کاکۆڵی کڵک‌دڕێژ و ڕەنگامه‌ی له مریشک گه‌وره‌تره که له لێڕەواردا ده‌ژی و گۆشتی زۆر خۆشه.

**قرقبان** / qoroqbān ، ـها؛ ـان/: [ترکی/ فارسی]/سم. قۆرخچی؛ قه‌ده‌غه‌وان؛ کۆده‌وان؛ پاکژوان: **قرقچی**

**قرقچی** / qoroqčî/: [ترکی] ☜ **قرقبان**

**قرقر** / qerqer/: /سم. جیره‌جیڕ؛ جیڕ و هۆڕ: ۱. ده‌نگی چه‌رخانی چه‌رخ ۲. جیره؛ ده‌نگی له‌ولاوه‌ی ده‌رگا.

**قرقرو** / qorqorû/ ☜ **غرغرو**

**قرقره** / qerqere ، ـها/: /سم. قڕقڕه؛ غه‌ڕغه‌ڕه؛ غه‌رغه‌ره؛ غه‌ڕه‌غه‌ڕه؛ قه‌نه‌ک؛ کاژ؛ مه‌کاره؛ به‌کره؛ ماقرنه؛ گه‌ڕگه‌ڕه؛ کڕکڕه؛ خڵۆکه؛ خڵۆک؛ خوڵ‌خوڵۆکه؛ خڵێنکه؛ خڕخڕه؛ خلووته؛ خڕنه‌ک؛ گاج؛ ته‌شیله؛ دارتوون؛ چڕێک؛ چڕک؛ چه‌رخه‌ک؛ لوولک؛ لا؛ گلیلێکی دوو سه‌ر پان، بۆ هه‌ڵکردن و هه‌ڵگرتنی ڕیسه (به‌ن، ته‌ل و...).

**قرقی** / qerqî ، ـها/: [ترکی]/سم. واشه؛ باشه؛

باشـووکه؛ باشـوو؛ باشـووک؛ بـازۆڕی؛ تۆرتنـه؛ تورمته؛ بازۆر؛ کەوزەنەک؛ پەلەوەرێکی ڕاوکـەر، بـه لەشـێکی بچـووک، لاقـی درێـژی زەرد، دووچکـەی درێـژ و بالـی کـول و خـرەوە: **باز گنجشک‌خوار؛ باشه**

**قرقیز** / qerqîz/: *اسم.* قرقیز: ۱. هـۆزی تـورکی نیشتەجێی ئاسیای ناوەندی ۲. ـها؛ ـان/ هەرکام لە کەسانی ئەو هۆزە ۳. زمانی ئەو هۆزە کـه لـه زمانگەلی تورکیه.

**قرمـز**[1] / qermez/: [سنسـکریت]/*اسـم. [گفتـاری]* سوور؛ سویر؛ سۆر؛ سوەر؛ خاز؛ قرمز.

**قرمز**[2]: *صفت. [گفتاری]* سوور؛ سویر؛ سـۆر؛ قرمـز؛ قورمز؛ بە ڕەنگی سوور.

**قرمزدانـه** / qermezdâne ، ـها/: [سنسـکریت/ فارسی]/*اسم.* ۱. دووپـایی؛ جـۆرە مێرووێکـه بـه شـیلەی دار دەژی و لـه وشـکەوەکردنی مێوینەکانیان چەشنێک ماکی سووری سروشتی بەرهەم دێ ۲. ئەو ماکه.

**قرمزی** / qermezî/: [سنسـکریت]/*اسـم. [گفتـاری]* قرمزی؛ سووری.

**قرمساق** / qoromsâq ، ـها/: [ترکی]/*اسم.* گـەواد؛ گـەووا‌د؛ گـەوات؛ قورمسـاخ؛ دەویـت؛ دویـت؛ دەیـووس؛ جاکـەش؛ جـاکێش؛ ژنبـەمز؛ کوسکەش؛ کوسک؛ کۆدۆش؛ کەشیش؛ قەلـته؛ قەلتەبان؛ پیاوێ کە بۆ پوول، ژنە خزمـی خـۆی بۆ پیاوانیتر جۆر دەکا.

**قرمـه** / qorme/: [ترکـی]/*اسـم.* قەیلـه؛ قاورمـه؛ قەلی؛ قەلیە؛ گۆشتی سوورەوەکراو وشکەوبووی لە هەمانەدا بۆ تفاقی زستان: **قورمه**

**قرمه‌سبزی** / qormesabzî/: [ترکی/ فارسی]/*اسـم.* سەوزی‌قاورمه؛ قاورمەسـەوزی؛ خۆرشـتێکی لـه پله گۆشت، سەوزی جنراو و لوبیا.

**قرن** / qarn ، ـها؛ قُرون/: [عربی]/*اسم.* سەتە؛ سەدە؛ چەرخ؛ گەڕ؛ یەکەی ژماردنی کات بەرامبـەر بـه سەد سال.

**قرنطینـه** / qarantîne ، ـها/: [معـرب از فرانسـوی] *اسـم.* پاوانه؛ شوێنی ڕاگرتنی کەسانی بەرشک بە مەبەستی دڵنیا بوون لـه پێـوه نـەبوونی ئـاهۆ و پەتا و بەرگری لە تووش بوونی خەڵک.

▣ **قرنطینه کردن**: پاوانەکردن؛ پاوان‌کردن.

**قرنفـل** / qaranfol ، ـها/: [معـرب از یونـانی]/*اسـم.* مێخـەک؛ مێخـەکی؛ قەنـەفڵ؛ قەنـەفل؛ گـوڵ مێخـەک؛ گوڵـه ئەسـریل؛ گوڵـه ئەسـریلەک؛ گریشک؛ پنچکه گیایەکی ڕازێنـەیی بـه گوڵـی بچووکی جەمکۆ و بۆنخۆشەوە کە لـه سـوور تـا ئەرخەوانی هەیە.

**قرنی** / qaraney/: [ترکی/ فارسی] ☜ **قرەنی**

**قرنیـز** / qarnîz ، ـها/: [؟]/*اسـم.* هێـرە؛ قـەرنیز: ۱. لەندێکی بچووک بە سەر لێوارى دیوار، درگـا یان دەلاقەوە، پتر بۆ بەرگری لە داچۆڕانی باران ۲. ڕزنێکی باریک لە بەرد، کاشی یان موزاییک بە پەڕانپەڕی لای خواروو‌ی دیوارەوە بۆ جوانی و هەروەها بەرگری لە پیس بوون.

**قرنیـه** / qarniye ، ـها/: [عربـی]/*اسـم.* کـاژە؛ تۆژاڵێکی ڕوونی کۆم لە سەر بیبیلـه و گلێنـەی چاو.

**قروض** / qurûz, qorûz/: [عربی] جمعِ ☜ **قَرض**

**قـر و غربیلـه** / qer-o-qarbîle ، ـها/: [فارسـی/ از عربی]/*اسم. [گفتاری]* ناز و نیمناز؛ قەلبیرە؛ خلنگ؛ عیشوە و ناز؛ قڕ و خەمزە.

**قر و غمزه** / qer-o-qamze ، ـها/: [فارسی/ عربـی] *اسم. [تعریض]* ناز و نیمناز؛ ناز و خەمزە؛ خەمزە و ناز؛ عیشـوە و نـاز؛ خلنـگ؛ قـەلبیرە؛ ئاکـارێکی تایبـەت بـۆ خـۆ نوانـدن و بزوانـدنی هەسـتی جینسی بینەر: **قر و غربیله؛ قر و قمیش**

**قر و فر** / qer-o-fer ، ـها/:*اسم. [تعریض]* قڕ و فـڕ؛ قیتەقیت؛ قڕ و نیمقڕ؛ کـار و ڕەوتی خـۆ جـوان کردن بۆ سەرنج ڕاکێشانی دیتران.

**قر و قمیش** / qer-o-qamîš/: [فارسی/ ترکی] ☜ **قر و غمزه**

**قرون** / qurûn, qorûn/: [عربی] جمعِ ☜ **قَرن**

**قره‌قاتی** [۱] / qareqātî/: [ترکی] *صفت. [گفتاری]* تێکەڵ- پێکەڵ؛ تێکەڵوپێکەڵ؛ شێواو و شڵەژاو؛ شپرز؛ ئاڵۆز-پڵۆز؛ تەفڵەهەڤ؛ تەفڵدم ‹همه چیز قره‌قاتی شده بود: هەموو شتێ تێکەڵ-پێکەڵ ببوو›.

**قره‌قاتی** [۲]: *قید.* تێکەڵ- پێکەڵ؛ بە شێواوی و پەشێوی؛ بە شپرزی ‹همه را قره‌قاتی بریز روی هم: هەمووی تێکەڵ-پێکەڵ بکە بە سەر یەکدا›:

**قرقاتی؛ قره‌قاطی**

**قره‌قاط** / qereqāt/: [ترکی]/*اسم.* تەرێشین؛ تەرێشینکە؛ تریۆکە؛ گرێگەیلان؛ گیایەکی گەلا دەندووکی، بە گوڵی سپی یان پەمەیی و بەری ڕەشەوە: **قرقاتی؛ قره‌قاطی**

**قره‌قاطی** / qereqātî/: [ترکی] ☜ **قره‌قاتی**

**قره‌قوروت** / qarequrût/: [ترکی] ☜ **قراقوروت**

**قره‌نی** / qaraney, qareney ، ـها/: [ترکی/ فارسی] *اسم.* قەرەنەی؛ نەیارەش؛ سازێکی باژەنی دریژ بە سەری دەندووکەیی، بنی گوشاد و ژمارەیەکی زۆر کون و کلیلەوە: **قرنی**

**قری** / qorā/: [عربی] جمعِ ☜ **قریه: قُرا**

**قری** / qerî/: *صفت.* بە قڕەوە؛ بە ئاکاری سووک و جلفەوە.

**قری** / qorî/: *اسم.* قۆڕی؛ قوپاوی؛ دۆخ یان چۆنیەتی قۆڕ بوون.

**قریب** / qarîb/: [عربی] *صفت. [ادبی]* نزیک؛ نێزیک.

**قریب‌الوقوع** / qarîbolvuqû', voqû'-/: [عربی] *صفت.* نزیکەو ڕوودان؛ نێزیک بە ڕوودان.

**قریحه** / qarîhe ، ـها/: [عربی]/*اسم.* زەوق؛ چێژە؛ لێهاتووی سروشتی بەتایبەت لە کارێکدا کە سەر بە داهێنانی هونەری و فیکری بێ ‹قریحه‌ی شعر: زەوقی شیعر›.

**قرین** / qarîn/: [عربی] *صفت. [ادبی]* هاوڕێ؛ هامڕا؛ هاوآل؛ هاوکات؛ هاوچەرخ یان هاوڕێ لەگەڵ شتێک ‹تلاش او قرین موفقیت بود: تێکۆشانی هاوڕی لەگەڵ سەرکەوتندا بوو›.

**قرینه** [۱] / qarîne/: [عربی]/*اسم.* ۱. ـها؛ قراین/ شوێن، ڕووداو، دیاردە یان واتایەک کە بە پێی ئەو شتێکی‌ترمان بۆ ڕوون بێتەوە و ئەو دووە وەکوو هاوڕێ وابن (وەک «بێشە» بۆ «شێر» کە شوێنە بۆ ئەوەی کە مەبەست شێری جەنگەلە) ۲. لف؛ جووت؛ ئەوی کە لە باری ئەندازە، بیچم و چۆناوچۆنیەوە وەکوو وێنەی شتێکە لە نێو ئاوێنەدا (وەک دەستی ڕاست بۆ چەپ یان چەپ بۆ ڕاست) ۳. *[ریاضی]* بەرانبەر؛ بەرامبەر؛ ئەندازەیەک هاوتای ئەندازەیەکی‌تر بەلام بە نیشانەی پێچەوانە (وەکوو ۲+ و ۲-).

**قرینه** [۲]: *صفت.* لف؛ جووت؛ هاوتا؛ هاوقەد؛ هاودەق؛ خاوەن دەقاودەقی لەگەڵ یەکێکی‌تردا ‹دست راست قرینه‌ی دست چپ است: دەستی ڕاست لفی دەستی چەپە›.

**قریه** / qar(î)ye ، ـها؛ قُری/: [عربی]/*اسم.* لادێ؛ دێهات؛ دەگا؛ لادەگا؛ شارەدێ؛ ئاوایی، بەتایبەت گەورە.

**قز** / qaz(z)/: [معرب از کردی]/*اسم. [قدیمی]* قەز؛ کەژ؛ گرک؛ ئاوریشمی خاو.

**قزاق** / qazzāq/: [ترکی]/*اسم.* قەزاق: ۱. ـها؛ ـان/ خەڵکی دانیشتووی ناوچەی قەزاقستان ۲. زمانی ئەو خەڵکە کە تێکەڵێ لە زمانی تورکی و موغولیە ۳. هێزێکی چەکداری تایبەتی لە ئێران لە نیوەی دووهەمی سەدەی پێشوودا.

**قزاقی** / qazzāqî/: [ترکی]/*اسم.* آجر قزاقی ☜ **آجر**

**قزان** / qazān/: [ترکی] ☜ **قَزغان**

**قزغان** / qazqān ، ـها/: [ترکی]/*اسم.* قازان؛ قازانگ؛ قازانە؛ قەزان؛ بەرۆش؛ نەقل؛ قاولەمەی زۆر گەورەی مسین: **قزان**

**قزل‌آلا** / qezel'ālā, qezelālā ، ـها/: [ترکی]/*اسم.* خاتوونەک؛ قزلئالا؛ جۆرێ ماسی پووڵەکداری ئاوی شیرینە کە گەرا دەخا و گۆشتی بەتامە:

www.perawipepwle.com


**ماهی قزل‌آلا**

**قـــزل‌قـــورت** / qozelqort /: [ترکـــی] *دعـــا.* قوزه‌لـــقوڕت؛ دەرد؛ قـــزه؛ زلـــفنج؛ زلـــفنجاو؛ کـنـدڕووس؛ ژەقنـــه؛ ژەقنـــەموت؛ زەبرەبەنـد؛ سندان؛ وشـــەیێ کـــە بـۆ دەربـــڕینی ڕق و قـــین دەگوترێ.

**قزمیـــت** / qozmît /: [ترکـــی] *صـــفت. [گفتـــاری]* مـــەراش؛ گـــورگـنـــەخۆر؛ دزنەبـــەر؛ دزگـــین؛ بـــێ‌کەڵـــکە؛ هیچەکـــە و پووچەکـــە؛ بـــێ‌دەوام؛ بێ‌بەرگە؛ دەردنەخۆر؛ بێ‌بایی؛ کار لێ‌نـــەهاتووی بێ‌بایەخ ‹یک ساعت قزمیت آورده بود گرو بگذارد: ساعەتێکی مەراشی هێنابوو بینێتە گرێو›.

**قزن‌قفلی** / qazanqoflî ، ـها/: [ترکی/ عربی]/*سم.* بەڵەزوانە؛ بەرەزوانە؛ ئـاوزووون؛ قرتێنـە؛ تەڕەقـە؛ قازانقوڵفی؛ قۆپچەی نێر و مێ؛ دەرزی بەرکۆژە؛ دوو قـــولاپی بچـــووک کـــە دەچنـــە نـــاو یـــەک و هەڵدەپێکرێن و وەکوو دوگمە بە کار دێت.

**قژ ـ قژ** / qejqej/ ☜ **غژ ـ غژ**

**قـــاوت** / qasāvat ، ـها/: [عربـــی]/*سم. [ادبـــی]* دڵڕەقی؛ بێ‌ڕوحمی؛ بێ‌بەزەییەتی.

▣ **قاوت داشتن:** دڵڕەق بوون؛ بێ‌ڕوحم بوون.

**قاوت کـــردن:** دڵڕەقـــی‌کـــردن؛ بـــێ‌ڕوحمـــی کردن.

**قســـر** / qeser /: [ترکـــی] *قیـــد. [گفتـــاری]* بـــێ‌وەی: ۱. بـــێ بردنـــەوە و دانـــان لـــە ڕەوتێکـــی قومـــاردا ۲. بێ‌گەزن و زیان لە ڕووداوێکی پڕ مەترسیدا.

▣ **قسر در رفتن:** *[مجازی]* لە مەنجـــەڵ گەڕانـــەوە؛ کفـــن دڕیـــن؛ پەڕینـــەوە؛ لـــە بـــەڵا و تووشـــی بێ‌وەی دەرچوون ‹این بار هم قسر در رفت: ئـــەم جارەش لە مەنجەڵ گەڕایەوە›.

**قسط** / qest /: [معرب از یونانی]/*سم.* ۱. ـها؛ اقساط/ قســـت؛ قـــنس؛ پـــاژ؛ بەشـــێک لـــەوەی کـــە لـــە ماوەگەلی یەکساندا دەبێ بدرێ یان وەربگیردرێ ۲. ـها/ بەرانبـــەری؛ بەرامبـــەری، بەتایبـــەت لـــە گرتن یا دانی شتێکدا.

▣ **قسط بستن:** پاژ/ قست بەستن؛ دیاری‌کـــردنی هەندی دانەوە لە هەر جاردا.

**قسط دادن:** پاژ دانەوە؛ قست دانەوە؛ دانـــەوەی قیمەت بە پاژ. هەروەها: **قسط گرفتن**

**قسط** / qost ، ـها/: [معرب از یونانی]/*سم.* هەڵـــەزە؛ هەڵز؛ گیاگەڕی؛ زەنجەفێڵەشامی؛ بنەگیایـــەکی گەرمەســـێرە بـــە ســـاقەتەی هەڵکشـــاو و گوڵـــی ئاڵـــۆزەوە، دوو جـــۆری تـــاڵ و شـــیرینی هەیـــە، هەردوویان بۆ دەرمان دەبن.

**قسط‌بنـــدی** / qestbandî ، ـها/: [معـــرب/ فارســـی] /*سم.* پاژەبنـــدی؛ قســـتبـــەنی؛ کـــار و ڕەوتی دیاری‌کردنی هەند و کـــاتی دانـــەوەی پاژەکـــانی قەرزێک.

**قسطی**[1] / qestî/: [معرب] *صفت.* قیستی؛ قســـتی؛ پـــاژی؛ فـــرۆش بـــە شـــێوەی ســـەندنەوەی بەرەبەرەی پارەی شتەکە ‹فروش قسطی: فرۆشی قیستی›: **اقساطی**

**قسطی**[2]: *قید.* قیستی؛ قستی؛ پاژی؛ بە قیست؛ بە شێوەی وەرگـــرتن یـــا دانی بەرەـــ بـــەرەی پـــارە ‹خانـــه را قسطی خریـــده بـــود: مالـــەکەی قیســـتی کڕیبوو›: **اقساطی**

**قسم** / qasam ، ـها/: [عربی]/*سم.* ســـوێند؛ سـۆند؛ سوێن؛ سوێنگ؛ قەسەم؛ قەستەم.

▣ **قسم ناحق:** سوێندی بەناحەق؛ ســـوێندی درۆ ‹قسم ناحق نخور!: سوێندی بەناحەق مەخۆ!›.

▣ **قســـم خـــوردن:** ســـوێند خـــواردن؛ قەســـەم واردەی ‹قسم خورد کـــه چیـــزی نگفتـــه: ســـوێندی خوارد کە هیچی نەگووتووە›.

**قسم دادن:** سوێند دان؛ قەسەم دان/ دای ‹مرا قسم داد چیزی نگویم: سوێندی دام هیچ نەیژم›.

**قسم** / qesm ، ـها؛ اقسام/: [عربـــی]/*سم.* ۱. جـــۆر؛ چەشن؛ تەرز ‹این قسم آدمها را تو نمـــی‌شناسـی: تـــۆ ئەم جورە کەسانە ناناسی› ۲. *[ادبی]* بـــەش؛ بەشـــە؛ بێش؛ پارچە ‹نان را سه قسم کرد و به سه فرزنـدش داد: نانەکـــەی کـــردە ســـێ بـــەش و دایـــە ســـێ

منداله‌که‌ی›.

**قسمت** / qesmat ، ـها/: [عربی]/سم. به‌ش؛ به‌شه ۱. بێش؛ به‌هره یان به‌رکه‌وتووی هه‌ر که‌سێ ‹شاید قسمت این‌طور باشد که اینجا را بخری: ڕه‌نگه به‌ش وابێ ئێره بستێنی› ۲. چاره‌نووس؛ کابه‌شاک؛ قسمه‌ت؛ ڕووداوێ که چاره‌نووس ده‌ینووسێ ‹قسمت ما هم از زندگی این بود: به‌شی ئێمه‌ش له ژیان ئه‌مه بوو› ۳. به‌ش ــ به‌ش؛ پار؛ په‌ل؛ پشک؛ دابه‌ش؛ هیسا؛ پای؛ باره؛ پاره؛ فه‌لق؛ قه‌ت؛ قه‌تۆ؛ قارت؛ سه‌پگ؛ گوێچ ‹قسمت کردن: به‌ش کردن›.

▣ **قسمت شدن**: ۱. دابه‌ش بوون؛ به‌ش ــ به‌ش بوون ‹۱۱ به ۵ قسمت نمی‌شود: ۱۱ به مل ۵دا دابه‌ش نابێ› ۲. قسمه‌ت بوون؛ بوونه قسمه‌ت؛ نووسران؛ وه‌ک چاره‌نووس ده‌رهاتن ‹اگر قسمت شد می‌آییم: ئه‌گه‌ر قسمه‌ت بوو دێین›.

هه‌روه‌ها: **قسمت کردن**

**قسمنامه** / qasamnāme ، ـها/: [عربی/ فارسی]/سم. سوێندنامه؛ قه‌سه‌منامه.

**قسم و آیه** / qasam-o-āye ، ـها/: [عربی]/سم. *[گفتاری]* سوێند و قورئان؛ سوێند و ئایه؛ قه‌سه‌م و قورئان ‹چقدر قسم و آیه خورد که اصلاً او را ندیده است: چه‌ندی سوێند و قورئان خوارد که هه‌ر نه‌یدیوه›.

**قسی** / qasî(y)/: [عربی] *صفت. [ادبی]* بێ ڕوحم؛ بێ‌به‌زه‌یی؛ بێ‌به‌زه؛ دل‌ڕه‌ق.

**قسی‌القلب** / qasîyyolqalb/: [عربی] *صفت. [ادبی]* بێ‌به‌زه‌یی؛ بێ‌به‌زه؛ دل‌ڕه‌ق؛ دل‌کوچکین؛ بێ‌ڕوحم؛ بێ‌ڕه‌حم؛ دلبه‌رد.

**قشخون** / qošxûn/: [ترکی]/سم. پالوو؛ پالۆ؛ پالدوو؛ پاردوو؛ قوشقن؛ قوشقنه؛ قشقنه؛ قشقونه؛ قوشقونه؛ قوێشه؛ که‌ژووی بن کلکی باره‌به‌ر.

**قشر** / qešr ، ـها/: [عربی]/سم. ۱. توێکل؛ تێکول؛ تۆکل؛ تێخول؛ تیخول؛ تۆخل؛ توێخل؛ تیخل؛ تویک؛ تێڤکل؛ تیڤل؛ تۆفل؛ قه‌پێلک؛ شکولک؛ که‌واخه؛ کاژه؛ قاپۆڕ؛ قاپێلک؛ قه‌پیچک؛ په‌لک؛ قال؛ قالشت؛ قاشل ۲. *[نامتداول]* پێست؛ پۆس؛ پۆست؛ قه‌پێلک؛ قاپێلک؛ که‌واخه؛ سه‌ره‌کی‌ترین به‌شی له‌شی گیانه‌وه‌ر ۳. تۆژاڵ؛ توێژاڵ؛ توێژ؛ تۆ؛ لۆ؛ تۆلاشه؛ تۆژ؛ تۆخ؛ توێخ؛ تۆژک؛ مه‌ره‌ق ‹قشر نازک یخ: تۆژالی ناسکی یه‌خ› ٤. *اقشار/[جامعه‌شناسی]* توێژ؛ چین؛ تاقمێ له خه‌لک به تایبه‌تمه‌ندی کاری یان کۆمه‌لایه‌تی هاوبه‌شه‌وه ‹قشر دانشجو: قشر روشنفکر: چینی خوێندکار؛ توێژی ڕۆشنبیر›.

▣ **قشر مخ**: *[کالبدشناسی]* کورتێکس؛ کاژه‌ی مێشک؛ تۆژاڵێکی خۆله‌مێشی و چین له سه‌ر چین که مێکشی داپۆشیوه.

**قشری** / qešrî/: [عربی] *صفت*. ۱. ــها؛ ـان؛ ـون/ سه‌رسه‌ری؛ ڕواله‌تی؛ لاگر و ڕه‌شه‌هۆگر له به‌ڕێوه بردنی ئایین و ڕێوڕه‌سمی ڕواله‌تی یان بیر و بۆچوونی بێ‌بناغه و له گۆتره، به‌بێ بیر کردنه‌وه له مه‌به‌ست و کاکله‌ی ئه‌و ئاموژه‌یه ۲. ڕووکار؛ ده‌ره‌کی؛ سه‌ر به توێژ.

**قشعریره** / qoša'rîre/: [عربی]/سم. ته‌زوو؛ ته‌ز؛ حاڵ و دۆخێ که له ترس و زیچی کوتوپڕدا به‌دی دێ و ده‌بێته هۆی گرژ و سێخ بوونی قژ، هه‌ڵپێکرانی ده‌م و ددان و شل و فل بوونه‌وه‌ی ماسوولکه‌ی له‌ش.

**قشقرق** / qešqereq ، ـها/: [ترکی]/سم. *[گفتاری]* جاڕ و جه‌نجاڵ؛ هه‌را و هوریا؛ زه‌نازه‌نا؛ هاوار و فریا.

▣ **قشقرق راه انداختن**: کردنه زله؛ هه‌را و هوریا کردن ‹سر آن حرف قشقرقی راه انداخت که نگو: له سه‌ر ئه‌و قسه‌یه کردیه زله‌یێ نه‌بێته‌وه›.

**قشلاق** / qešlāq ، ـها/: [ترکی]/سم. ۱. ئاران؛ گه‌رمیان؛ گه‌رمێن؛ گه‌رمانی؛ گه‌رمه‌سێر؛ گه‌رمه‌سیر؛ قشلاخ؛ قشلاق؛ زڤنگ؛ زستانه‌وار؛ زستانه‌هه‌وار؛ هه‌وارگه‌ی زستان ۲. جێ ژیانی

زستانه * به‌رانبه‌ر: **ییلاق**

▣ **قشلاق کردن**: قشلاخ/ گرمێن‌کردن؛ گه‌رمیان چوون؛ زستانه‌هه‌وار چوون.

**قشلاقی** / qešlāqî/: [ترکی] *صفت.* گه‌رمێن؛ گه‌رمیان؛ گه‌رمیانی؛ گه‌رمه‌سێر؛ قشلاخی؛ قشلاقی؛ شیاوی ئاکنجی بوون له زستاندا. به‌رانبه‌ر: **ییلاقی**

**قشمشم** / qašamšam ، ـها/: [از عربی] *صفت.* قه‌شه‌مشه‌م؛ قوشه‌مشه‌م؛ به ئارایشت و جل‌وبه‌رگی تایبه‌ت بۆ گرینگ نیشاندانی خۆ ‹آبجی قشمشم: باجی قه‌شه‌مشه‌م›.

**قشنگ**[1] / qašang/: *صفت. [گفتاری]* جوان؛ ده‌لال؛ شه‌پال؛ خوشیک؛ خشکوک؛ قه‌شه‌نگ؛ قه‌شه‌ن؛ سپه‌هی؛ قازاخ؛ خرنگ؛ قه‌نج؛ فوودل؛ که‌لان؛ زێوا ‹چشم قشنگ: چاوی جوان›.

**قشنگ**[2]: *قید. [گفتاری]* ڕێک؛ ڕاست؛ یه‌ک‌ڕاس؛ ڕاس ‹قشنگ آمد نشست کنار من: ڕێک هاته لای منه‌وه دانیشت›.

**قشنگی** / qašangî/: /سم. باشی؛ جوانی؛ قه‌شه‌نگی؛ قه‌شه‌نی؛ که‌یلانی؛ خرنگی؛ قه‌نجی ‹جای به آن قشنگی را گذاشتی آمدی این‌جا؟!: شوێنی به‌و باسیه‌ت به‌جێ هێشت و هاتیه ئێره؟!›.

**قشو** / qašow, qašo: ، ـها/: [ترکی]/سم. پژنچه؛ قاشاو؛ قاشاق؛ قه‌شاو؛ قه‌شۆ؛ سه‌پکه؛ محرس؛ محه‌س؛ ڕنه‌ک؛ که‌ره‌سته‌یه‌کی ددانه‌داری کانزایی وه‌ک بڕۆس، چاروای پێ خاوێن ده‌که‌نه‌وه.

▣ **قشو زدن/ کردن/ کشیدن**: پژنچه دان؛ سه‌پکه کردن؛ قاشاو کێشان.

**قشون** / qošûn, qušûn/: [ترکی]/سم. *[قدیمی]* قۆشه‌ن؛ هۆردوو؛ ئوردوو؛ له‌شکه‌ر؛ له‌شکر؛ سپا.

**قشون‌کشی** / qošûnkešî, qušûn- ، ـها/: [ترکی/ فارسی]/سم. *[گفتاری]* له‌شکه‌رکێشی؛ له‌شکرکێشی.

**قصاند** / qasā'ed/: [عربی] ☜ **قصاید**

**قصاب**[1] / qassāb ، ـها؛ ـان/: [عربی]/سم. قه‌ساو؛ قه‌ساب: ۱. گۆشت‌فرۆش ۲. گورێن؛ سه‌ربڕ؛ ئه‌سکه‌ر؛ سه‌رژێکه‌ر؛ که‌سێ که حێوان سه‌رده‌بڕێ.

**قصاب**[2]: *صفت. [کنایی]* قه‌ساو؛ مرۆکوژ؛ پیاوکوژ؛ خه‌ڵک‌کوژ ‹علی شیمیایی قصّاب کردستان: عه‌لی کیمیایی قه‌ساوی کوردستان›.

**قصابخانه** / qassābxāne ، ـها/: [عربی/ فارسی] /سم. کوشتارگا؛ قه‌ساوخانه؛ قه‌سابخانه؛ شوێنێ که مالاتی تێدا سه‌ر ده‌برن.

**قصابی** / qassābî/: [عربی]/سم. قه‌سابی؛ قه‌ساوی: ۱. کاری قه‌ساب ‹مدتی قصّابی می‌کرد: ماوه‌یه‌ک قه‌سابی ده‌کرد› ۲. فرۆشگای گۆشت ‹در سردشت قصّابی داشت: له سه‌ردشت قه‌سابی هه‌بوو› ۳. *[کنایی]* قه‌ڵاچۆ؛ کوشت‌وبڕ ‹در آن جریان عده‌ی زیادی را قصّابی کردند: له‌و کاره‌ساته‌دا قه‌ڵاچویان خسته خه‌ڵکێکی زۆره‌وه›.

**قصار** / qassār ، ـها/: [معرب از کردی]/سم. قه‌سار؛ گازر؛ جلشۆر؛ ئه‌وی جل ده‌شوا.

**قصاص** / qesās ، ـها/: [عربی]/سم. سزای هاوسه‌نگی تاوان (وه‌ک ئه‌وه‌ی کوژه‌ر بکوژن و کوێرکه‌ر کوێر که‌ن).

▣ **قصاص کردن**: تۆڵه‌سزا کردن؛ خۆشه‌وکردن؛ خۆشه‌وه‌کردن؛ تۆڵه و قه‌ره‌بووی خراپه‌کردن.

**قصاید** / qasāyed/: [عربی] جمعِ ☜ **قصیده: قصائد**

**قصبات** / qasabāt/: [عربی] جمعِ ☜ **قصبه**

**قصبه** / qasabe ، ـها؛ قصبات/: [عربی]/سم. شارۆچکه؛ شاره‌ێ؛ شارۆکه؛ کۆدێنێ له گوند گه‌وره‌تر و له شار چکۆله‌تر.

**قصبه‌الریه** / qasabatorrîye/: [عربی]/سم. *[قدیمی]* کرکرۆک؛ زه‌نگه‌لوور؛ نای؛ لووله‌ی نێوان سی و گه‌روو.

**قصد** / qasd ، ـها/: [عربی]/سم. نیه‌ت؛ نیاز؛ قه‌ست؛ قه‌س؛ مخه‌ت؛ مه‌به‌ست؛ قه‌رم؛ مرخ؛

مراز؛ سەرنج و بیری ئاگەدارانە بۆ جێبەجێ کردنی کارێ.

▣ **از قصد:** *[گفتاری]* دەسانقەست؛ دەسانقەس؛ ئەنقەست؛ دەسقەس؛ لە قەستی.

▣ **قصد جان کسی را داشتن/ کردن:** کەوتنە تەمای گیانی کەسێکەوە؛ تەمای گیانی کەسێک کردن ‹دشمنانش قصد جانش را داشتند: نەیارانی کەوتبوونە تەمای گیانیەوە›.

**قصد داشتن:** بەنیاز بوون: ۱. ویستن؛ گەرەک بوون/ بیەی؛ هەرەک بوون ‹قصد داشت خانه بخرد: بەنیاز بوو خانوو بکرێ› ۲. خوازیار بوون؛ بە قەستەوە کارێ کردن؛ بە مەبەست بوون ‹تو قصد داشتی دعوا راه بیندازی: تۆ بەنیاز بووی شەڕ هەلگرێنی›. هەروەها: **قصدی نداشتن**

**قصدمندی** / qasdmandî/: [عربی/ فارسی]/سم. لەقەستی؛ دەسانقەست؛ دەسقەسی.

**قصر** / qasr ، ـها؛ قُصور/: [عربی]/سم. کۆچک؛ کۆشک؛ قەسر؛ قەسرە؛ تەلار؛ سەرا؛ کاخ؛ مالی گەورە و شکۆدار.

▣ **قصر یخ:** کۆشکی سەهۆڵ؛ مالێ بە پێداویستگەلی شیاو بۆ شەمیتۆکی سەر سەهۆڵ.

**قصرنشین** / qasrnešîn ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] *صفت.* ۱. کۆشکنشین؛ تەلارنشین؛ نیشتەجێی کۆشک ۲. *[کنایی]* ساماندار؛ دەولەمەند؛ دارا؛ بوودە.

**قصص** / qesas/: [عربی] جمعِ ☜ **قِصّه**

**قصور** / qusûr, qosûr/: [عربی]/سم. ۱. جمعِ ☜ **قصر** ۲. کۆتایی؛ دریخی؛ درێغ؛ کاسوولی؛ قسوور؛ سستی یان کەمتەرخەمی لە ئەنجامدانی کارێکدا ‹برای این قصور عذر می‌خواهم: لە بەر ئەم کوتاییە داوای لێبووردن دەکەم›.

▣ **قصور کردن:** هێڤشاندن؛ کۆتایی کردن؛ پاش خستن؛ ئاراستن. هەروەها: **قصور داشتن؛ قصور شدن**

**قصه** / qesse ، ـها؛ قِصَص/: [عربی]/سم. داستان؛ داسان؛ داسانە؛ چیرۆک؛ چیرچیرۆک؛ نەقل و نەزیلە؛ حەکایەت؛ مەرسەلا: ۱. بەسەرهاتێکی هۆنراوە بۆ سەرگەرمی یان فێرکاری خەلک ۲. ڕاز؛ ڕازە؛ ئەفسانە؛ دیرۆک؛ بەسەرهاتێکی خەیالی کە بەڕێوەبەرانی جڕ و جانەوەر، گیا و شتی خەیالی بن ۳. نووسراوەیێ کە سەربهوردەی وای تێدابێ ٤. *[مجازی]* قسە ‹ئینها کە مێگویی قصه است، من از تو جواب می‌خواهم: ئەمانەی باسی دەکەی چیرۆکە من وەلامم دەوێ›.

**قصه‌پردازی** / qessepardāzî ، ـها/: [عربی/ فارسی]/سم. چیرۆکهۆنی؛ کاری داهێنان یان نووسینی داستان. هەروەها: **قصه‌پرداز**

**قصه‌خوان** / qessexān ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] /سم. چیرۆکبێژ؛ حەقایەتبێژ؛ ڕازبێژ. هەروەها: **قصه‌خوانی**

**قصه‌گو** / qessegû ، ـها؛ ـیان/: [عربی/ فارسی]/سم. چیرۆکڤان؛ حەکایەتخوێن؛ حەقایەتوان؛ مێژبێژ. هەروەها: **قصه‌گویی**

**قصه‌نویس** / qessenevîs ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی]/سم. چیرۆکنووس؛ داستانـنووس. هەروەها: **قصه‌نویسی**

**قصیده** / qasîde ، ـها؛ قصاید/: [عربی]/سم. *[ادبی]* قەسیدە؛ بیچمێ لە شعری عەرووزی بە زۆرتر لە ۲۰ بەیتی یەک قافیەوە.

**قصیده‌سرا** / qasîdesarā ، ـها؛ ـیان/: [عربی/ فارسی] *صفت.* قەسیدەبێژ؛ قەسیدەوان؛ قەسیدەهۆن.

**قضا** / qazā/: [عربی]/سم. ۱. دادوەری؛ داوەری؛ دادپرسی؛ کاری داوەری ۲. چارەنووس؛ چارەنویس؛ ئەو شتەی کە بە ویستی خودا دەبێ ببێ ‹با قضا نمی‌شود جنگید: شەڕ لەگەل چارەنووس ناکرێ› ۳. قەزا؛ ڕەوتی فەوتان؛ فەوتیان؛ چوون ‹صبح دیر از خواب بلند شدم، نمازم

قضا شد: بەیانی دێر لە خەو هەستام، نوێژەکەم چووە قەزا‌ی.

▣ قضای حاجت: *[مجازی]* دەس‌ئاو؛ دەس‌بەئاو؛ بۆ مەستەراو چوون.

از قضا: بە هەڵکەوت؛ بە شێوەیەکی ڕەچاو نەکراو ‹از قضا مرا دید: بە هەڵکەوت چاوی پێم کەوت›.

**قضائی** / qazā'î/: [عربی] ☜ **قضایی**

**قضائیه** / qazā'îyye/: [عربی] *صفت.* داوەری؛ دادوەری؛ دادپرسی.

**قضات** / qozāt/: [عربی] جمعِ ☜ **قاضی**

**قضاقورتکی** / qazāqûrtakî/: [عربی/ ترکی/ فارسی] *قید. [تعریض]* ناخەڵاف؛ کت‌وپڕ؛ کوت‌وپڕ؛ نشک؛ بەختەکی؛ هاکۆیی؛ لەپڕ؛ نشکافک؛ نشکافی؛ نشگاف؛ نشکا؛ نشکاف؛ نشکێفە؛ گز و گومەت.

**قضاوبلا** / qazā-vo-balā/: [عربی]/*سم. [گفتاری]* قەزا و بەڵا؛ نەزە ؛ ڕووداوێکی ناخۆش کە لە دەستی کەسدا نیە.

**قضاوت** / qazāvat/: [عربی]/*سم.* داوەری: ۱. دادوەری؛ دادپرسی؛ کاری قازی (دادوەر) ‹مقام قضاوت: پلەی دادوەری› ۲. /ها/ ڕەوتی بڕیاردان ‹خودت قضاوت کن: خۆت داوەری بکە›.

**قضاوقدر** / qazā-vo-qadar/: [عربی]/*سم.* قەزا و قەدەر؛ قەدەر؛ وەلەجاخ؛ قافل‌قەدا؛ چارەنووسی خوایی.

**قضایا** / qazāyā/: [عربی] جمعِ ☜ **قضیه**

**قضایی** / qazāyî/: [عربی] *صفت.* دادوەری؛ داوەری؛ سەر بە پیشەیان کاری داوەری: **قضائی**

**قضیه** / qazîyye، ها/: [عربی]/*سم.* ۱. ڕووداو؛ مەسەلە ‹دیروز قضیه‌ای پیش آمد: دوێنێ ڕووداوێک قەوما› ۲. *[ریاضی]* سەر بە یەکتری بوون و پێک گەییشتنەوەیەک لە نێوان دو یان چەند شتدا کە لە باری بیرکاریەوە سەلماوە.

**قطاب** / qottāb، ها/: [از عربی]/*سم.* قوتاب؛ شەکەرلەمە؛ لەبزینە؛ جۆری شیرینی کە لە ئاردی سپی، هێلکە، ڕۆن، گوڵاو، گوێز و خاکەقەن دروستی دەکەن.

**قطار** / qatār، ها/: [عربی]/*سم.* قەتار: ۱. تەرەن؛ شەمەندەفەر؛ کەرەستەیەکی گواستەنی بە شێوەی کۆمەڵە واگونی ڕیزکراو کە بە لکوموتیوێکەوە بەستراون و دەکێشرێن ۲. ڕیز؛ قەتارە؛ ڕزن؛ کاروان؛ سان؛ کۆمەڵە شتێکی لە شوێن یەک.

▣ قطار خیابانی: تراموا.

▣ قطار شدن: قەتار بوون؛ قەتارە بەستن؛ قەتار بەستن؛ ڕیز بەستن؛ ڕزن بەستن؛ ڕیز بوون.

قطار کردن: قەتارکردن؛ قەتارەکردن؛ ڕیز کردن؛ بەڕیزکردن.

**قطارگرفتگی** / qatārgereftegî/: [عربی/ فارسی] *سم.* تووشی داگیراوی، سەرئێشە و ڕشانەوە بە هۆی لە نێو قەتاردا بوون.

**قطاع** / qetā'، ها/: [عربی]/*سم.* کووز؛ قاش؛ قاچ؛ پێڵە؛ کەوانە؛ بەشێک لە جەغز کە لە دوو لیزگ و کەوانەیەک پێک دێت.

**قطاع‌الطریق** / qattā'ottarîq، ها/: [عربی]/*سم. [قدیمی]* چەتە؛ جەردە؛ ڕێگر؛ ڕابر؛ ڕێبر؛ گۆران؛ چەتەوڵ.

**قطاع‌الطریق** / qottā'ottarîq/: [عربی] جمعِ ☜ **قَطّاعُ‌الطّریق**

**قطب** / qotb، ها/: [عربی]/*سم.* ۱. جەمسەر؛ جەوسەر؛ چەسپەر؛ هێتم؛ پیتە؛ کوڕەک؛ پلسک؛ تەوەرا؛ بیجم؛ سەر و بنی شتێکی تۆپەڵ بەتایبەت گۆی زەوی ۲. بەرانبەر؛ هەر کام لە دوو شتی دژ بە یەک و پێوەندیدار بە یەکەوە ۳. هەر یەکە لە دوو سەری باتری یان دینام ٤. /اقطاب/ پێشەوا؛ قوتب؛ پیر؛ سەرە.

▣ قطب آسیاب: تفری؛ دفری؛ بستوو؛ بست؛ بستە؛ بستک؛ بەندەقە؛ تەوەرە؛ ئاسنی نێوان

www.perawipepwle.com


گەرووی بەرداش.

**قطب‌نما** / qotbnemā ، ـها/: [عربی/ فارسی]/سم. لانما؛ لانوێن؛ جەمسەرنما؛ جەمسەرنوێن؛ کەرەستەیەک بۆ ناسینەوەی چوار لایەنی باکوور، باشوور، ڕۆژهەلات و ڕۆژاوا و نێوانیان بە پێی ناسینەوەی لای جەمسەر.

▣ **قطب‌نمای ڕادیویی**: جەمسەرنوێنی ڕادیۆیی؛ هەر یەکە لە کەرەستە و ئامێرگەلی ناسینەوەی لایەنی شەپۆلی ڕادیۆیی.

**قطبی** / qotbî/: [عربی] صفت. جەمسەری؛ بیجمی؛ پێوەندیدار یان سەر بە جەمسەر.

**قطبین** / qotbeyn/: [عربی]/سم. دوو جەمسەر؛ دوو جەوسەر.

**قطر** / qotr ، ـها/: [عربی]/سم. کۆتەر؛ تیرە: ۱. ڕیس؛ گێپەڕ؛ کۆتەرە؛ کۆپەڕە؛ ڕەوق؛ بارست؛ ڕادەی ئەستووڕایی دەوری هەر شتێک ۲. /اَقطاب/ لەتە هێلێکی ڕێک کە لە ناوەندی تەشکێکی کەوانەییەوە تێدەپەڕێ و دوو خاڵ لە کەوانەکە دووسەریەتی.

▣ **قطر اَطول**: کۆتەری درێژ؛ ڕیسە درێژ؛ درێژترین ڕیس.

**قطر اَقصَر**: کۆتەری کوورت؛ ڕیسە کوورت؛ کوورتترین ڕیس.

**قطر خارجی**: کۆتەری دەرەکی؛ مەودای نێوان دوو خاڵی بەرامبەر بە یەک لە سەر تونێکلی دەرەکی جەغزێکدا. هەروەها: **قطر داخلی**

**قطرات** / qatarāt/: [عربی] جمعِ ☜ **قَطره**

**قطران** / qatrān/: [عربی]/سم. [شیمی] قەتران؛ تراوێکی نیوە سفت و لینجی قاوەیی تا ڕەش، بریتی لە تێکەلاوی چەند ماکی هیدرۆکەربونی چەور کە لە ئەنجامی دڵۆپاندنی بەردەخەڵووز و چێو بەرهەم دێ و بە کوڵاندنی، گەلێ ماکی بەکەڵک وەک نەوت جوێ دەبێتەوە.

**قطره** / qatre ، ـها؛ ـقَطَرات/: [عربی]/سم. تنۆک؛ تنۆکە؛ تووپەک؛ تکە؛ چکە؛ چیک؛ چپ؛ وت؛ لۆک؛ دڵۆپە؛ دروپ؛ دڵۆپ؛ درۆپ؛ درۆپە؛ چۆڕ؛ چول؛ پەشک؛ پرووشنگ؛ زەنگوڵ؛ تیف؛ قەترە: ۱. ئەوندە لە تراوێ کە بە شێوەی خڕ و گرۆفەر دەڕژێ ‹قطرەی ئاو: تنۆکی ئاو› ۲. [مجازی] کەمترین هەندی تراوێ ‹یک قطرە آب پیدا نمی‌شود: تنۆکێک ئاو دەس ناکەوێ› ۳. دەرمانێ کە بە تکاندن بە کار دەبرێ ‹قطرەی چشم: قەترەی چاو›.

**قطره‌چکان** / qatrečekān ، ـها/: [عربی/ فارسی] /سم. ئابدۆزەک؛ ئاودۆزەک؛ ئاودزەک؛ قەتارە؛ قەترەکێش؛ دڵۆپتکێن؛ قەترەچەقان؛ لوولە شووشەی دەم تەنگ بە کلاوی پلاستیکەوە بۆ تکاندنی دەرمان.

**قطری**[1] / qotrî/: [عربی] صفت. کۆتەری؛ کۆپەڕەیی؛ کۆتەرەیی؛ تیرەیی؛ سەر بە کۆتەرە ‹برش قطری: بڕینی کوتەری›.

**قطری**[2]: قید. کوتەری؛ کۆتەرەیی؛ کۆپەڕەیی؛ بە باری کۆتەرەدا ‹تخته را قطری برید: تەختەکەی کوتەری بڕی›.

**قطع** / qat'/: [عربی]/سم. ۱. قەرت؛ قەت؛ قەد؛ بڕ؛ دابڕ؛ لەت؛ کەرت؛ گن؛ کار و ڕەوتی بڕین ‹قطع عضو: بڕینی ئەندام› ۲. دڵنیایی تەواو ‹با قطع و یقین: بێشەک و بە دڵنیایی تەواوەوە› ۳. /ـها/ ئەندازە؛ ڕادەی (پانی و درێژی) شتی پەڕەیی ‹قطع کتاب: ئەندازەی کتێب›.

▣ **قطع امید**: دۆخی ناهمێ بوون؛ ناهومێد بوون؛ دل بڕین؛ هیوا لێبڕین.

**قطع بغلی**: ئەندازەیەک لە کاری چاپەمەنیدا، بۆ کتێب یان دەفتەر کە لە دەوروبەری ۱۲×۸ سانتیمیتردایە.

**قطع بیاضی**: بیچمێک بۆ پەڕاو و کتێب کە بە باری درێژیدا بکرێتەوە.

**قطع تماس**: نەمانی پێوەندی؛ پێوەندی بڕان/ پسان/ پچڕان.

**قطع جیب پالتویی**: ئەندازەیەک لە کاری

چاپەمەنیدا، بۆ کتێب یان دەفتەر کە لە دەوروبەری ۱۱,۵×۲۱ سانتیمیتردایە.

**قطع جیبی** ئەندازەیەک لە کاری چاپەمەنیدا، بۆ کتێب یان دەفتەر کە لە دەوروبەری ۱۱,۵×۱۶ سانتیمیتردایە.

**قطع خشتی**: ئەندازەیەک لە کاری چاپەمەنیدا، بۆ کتێب یان دەفتەر کە لە دەوروبەری ۱۶,۵×۲۱ سانتیمیتردایە.

**قطع رابطە**: دۆخی لێک بڕان؛ لە یەک بڕیان؛ نەمان و پچڕانی پێوەندی.

**قطع رحلی** ئەندازەیەک لە کاری چاپەمەنیدا، بۆ کتێب یان دەفتەر کە لە دەوروبەری ۲۱×۲۸ سانتیمیتردایە.

**قطع رحلی بزرگ**: ئەندازەیەک لە کاری چاپەمەنیدا، بۆ کتێب یان دەفتەر کە لە دەوروبەری ۲۳×۳۳ سانتیمیتردایە.

**قطع رقعی**: ئەندازەیەک لە کاری چاپەمەنیدا، بۆ کتێب یان دەفتەر کە لە دەوروبەری ۱٤×۲۱ سانتیمیتردایە.

**قطع سلطانی** ئەندازەیەک لە کاری چاپەمەنیدا، بۆ کتێب یان دەفتەر کە لە دەوروبەری ٤۳×۵۸ سانتیمیتردایە

**قطع عضو**: بڕینی ئەندام؛ قەڵەمی ئەندام.

**قطع وزیری**: ئەندازەیەک لە کاری چاپەمەنیدا، بۆ کتێب یان دەفتەر کە لە دەوروبەری ۱۶,۵×۲۳ سانتیمیتردایە.

▣ **قطع شدن**: ۱. قرتان؛ قرتیانش؛ قەتان؛ قەرت بوون؛ گەزخان؛ پسان؛ پەڕین؛ پڕەی؛ پڕای؛ کەتان؛ قەڵەم بوون ‹دو انگشتش قطع شد: دوو قامکی قرتا› ۲. بڕان؛ دابڕیان؛ بڕانەوە؛ بڕیایوە؛ درێژەدار نەبوون ‹صدایش قطع شد: دەنگی بڕا›.

**کپی کردن:** کوپی کردن؛ ڕایش کردن: ۱. لە بەر نووسینەوە؛ فەرکان؛ ڕوونووسی کردن ‹از روی ورقەی بغل‌دستی کپی کرد: لە ڕووی پاڵدەسیەکەی کوپی کرد› ۲. لە ڕووی وێنەیەک کێشانەوە ۳. لە وێنەیەک دیسانەکە چاپ کردن ‹دو نسخه از این عکس کپی کن!: دوو بەرگ لەم وێنەیە کوپی کە!›.

**کپی گرفتن:** ڕایش گرتن؛ کوپی گرتن؛ بە ماشینی فتوکوپی لە بەڵگەیەک ڕۆنفێس گرتن ‹از این صفحه کپی بگیر بیاور!: لەم لاپەڕە ڕایش بگرە و بیهێنە!›.

**کپیدن** / kapîdan/: مصدر. لازم. [گفتاری] //**کپیدی:** دارایتەوە؛ **می‌کپی:** دەداریەوە؛ **بِکپ:** بدارەوە// دارانەوە؛ داریانەوە؛ لار بوونەوە؛ لارەو بوون؛ کپین؛ وەرکەتن؛ خپ/ کپ بوون؛ خپ/ کپ هەڵاتن؛ پەنەموس کەردەی؛ خپ کەوتەی؛ خەوتن؛ نووستن (ئەم وشە تەنیا بۆ سووکایەتی پێکردن بە کار دەبرێ) ‹تا شامش را خورد کپید: هەر شێوەکەی خوارد دارایەوە›.

■ **صفت مفعولی: کپیدە** (داراوەوە)/ مصدر منفی: **نَکپیدن** (نەدارانەوە)

**کپی رایت** / kopîrāyt/: [فرانسوی/ انگلیسی]/سم. کوپی‌ڕایت؛ مافی بەدیهێنەر بۆ کەڵک گرتن لە ئاسەوارەکەی (هونەری، وێژەیی یان پیشەیی).

**کپیە** / kopiye/: [فرانسوی] ☜ **کُپی**

▣ **کاغذ کپیە:** کاغذ کاربن ☜ **کاغذ**

**کت** / kat/: /سم. [گفتاری] شان؛ باهۆ؛ پیل؛ هەرمە.

▣ **کت کسی را از پشت بستن:** دەستی کەسێ لە پشتەوە بەستن: ۱. کەسێک قۆڵبەس کردن ۲. [مجازی] لە کەسێ بردنەوە؛ لە کەسێ پێشکەوتن ‹آزاد در ریاضی کت همه را از پشت بسته بود: ئازاد لە بیرکاریدا دەستی هەمووی لە پشتەوە بەستبوو›.

**توی کت کسی کردن:** [مجازی] کەسێک فاماندن؛ بە مێشکی کەسێکدا کردن؛ کەسێک تێگەیاندن ‹چقدر زور زدم توی کت آرام بکنم کە این دختر بە دردش نمی‌خورد: چەندە تێکۆشام تا ئارام بفامێنم ئەو کچە بۆ ئەو نابێ›.

**توی کت کسی نرفتن:** [مجازی] بە سەری/ گوێی کەسێکدا نەچوون؛ ڕازی نەبوونی کەسێک ‹این حرفها توی کت من نمی‌رود: ئەم قسانەم بە سەردا ناچێ›.

**کت** / kot ، ـها/: [انگلیسی]/سم. سترە؛ کۆت؛ کوت؛ چەشنێ پۆشەن کە لە پێشەوە بە دووگمە دەبەسرێ و زۆرتر ئاستەڕ، قۆڵ و گیرفانی هەیە.

**کتاب** / ketāb ، ـها؛ کُتُب/: [عربی]/سم. کتێب؛ کتێژ؛ کتاف؛ کتاو؛ پەرتووک: ۱. کۆمەڵێک نووسراوە لە سەر پەڕەی کاغەز، پێست یان پاپیرووس و وەکوو ئەوانە ۲. نووسراوەیەکی چاپی جزوبەندی‌کراو و بەرگ‌گیراو بە لانی کەم ٤٨ پەڕەوە ۳. کتێبی دینی، بەتایبەت قورئان ٤. هەر یەکە لە بەشگەلی بەرهەمێکی زانستی یان وێژەیی ‹کتاب دوم از بخش اول تاریخ مشاهیر

کُرد: کتێبی دووهەم لە بەشی یەکەمی مێژووی ناوداڕانی کورد›.

▣ **کتاب آسمانی**: کتێبی ئاسمانی؛ کتێبی دینی کە بە بڕوای شوێنکەوتوانی لە لایەن خواوە بۆ پەیامنێڕی ئەو دینە هاتۆتە خوار.

**کتاب آشپزی**: کتێبی شێوەکەری؛ کتێبی ئاشپەزی؛ کتێبێ کە شێوەی لێنان و ئامادە کردنی چێشتی تێدا نووسراوە. هەروەها: **کتاب خیاطی؛ کتاب گلدوزی**

**کتاب خطی**: کتێبی دەس‌نووس؛ کتێبێ کە بە دەست نووسراوە.

**کتاب خودآموز** ☜ **خودآموز**

**کتاب درسی**: کتێبی وانەیی؛ کتێوی دەرسی؛ کتێبێ کە نووسراوەکانی لە یەک یان چەند ڕێخراوەی فێرکاریدا دەگوترێتەوە.

**کتاب دینی**: کتێبی دینی/ ئایینی؛ کتێبێ سەبارەت بە ڕاهێنانی دینێک.

**کتاب راهنما**: کتێبی ڕێنما؛ پەرتووکی ڕێنوێن؛ کتێبێ کە ئاگادارێگەلێکی بۆ ڕێنوێنی خوێنەر لە بوارێکی تایبەتدا تێدا نووسراوە ‹کتاب راهنمای تلفن: کتێبی ڕێنمای تەلەفوون›.

**کتاب ضالّه**: کتێبی شەیتان؛ کتێبێ کە نووسراوەکانی بە هۆی سەرلێشێواوی خوێنەر دەزانن.

**کتاب کودک**: کتێبی منداڵان؛ کتێبوو زاولا/ زاولەی؛ کتێبی تایبەتی خویندنەوەی منداڵان.

**کتاب گویا**: کتێبێ کە نووسراوەکانی لە سەر شریت تۆمارکراوە.

**کتاب** /kottāb/: [عربی] جمعِ ☜ **کاتب**

**کتاب‌آرایی** /ketābārāyî/: [عربی/ فارسی]/سم. کتێب‌ڕازێنی؛ کار، ڕەوت، فەن یان هونەری ڕازاندنەوەی کتێب بە وێنە، سەرناو، خشتە و پەڕەچنینی شیاو.

**کتاب‌باز** / ketāb.bāz/، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] صفت. کتێب‌باز؛ کتێوباز؛ هۆگری خڕکردنەوە و هەڵگرتنی کتێب: **کتابدوست ـ۳**. هەروەها: **کتاب‌بازی**

**کتاب‌بر** / ketāb.bar/، ـها/: [عربی/ فارسی]/سم. کتێب‌بەر؛ ئامێرێ بە شێوەی قەفەسەی چەرخدار بۆ گواستنەوەی کتێب لە شوێنێکی وەک کتێبخانەدا.

**کتابت** / ketābat/: [عربی]/سم. [ادبی] کار و ڕەوتی نوسرانەوە یان نووسینەوە؛ نووسین ‹پس از آنکه قرارداد کتابت شد، همه آن را امضا کردند: دوای ئەوە کە بڕیارنامەکە نووسرایەوە، هەموو واژۆیان لێدا›. هەروەها: **کتابت شدن؛ کتابت کردن**

**کتابچه** / ketābče/، ـها/: [عربی/ فارسی]/سم. کتێبۆک: ۱. [گفتاری] سیپارە؛ کتێبی چکۆلە ‹کتابچه‌ی مشق: کتێبۆکی مەشق› ۲. نامیلکە؛ کتێبێکی چکۆلە کە لە ٤٨ لاپەڕە کەمتر بێت ‹کتابچه‌ی راهنما: کتێبۆکی ڕێنما›.

**کتابخانه** / ketābxāne/، ـها/: [عربی/ فارسی]/سم. کتێبخانە؛ کتێوخانە: ۱. جێگایەک کە تاقمێ کتێبی تێدا هەڵدەگرن ۲. بینایەک بە ئامێری پێویست (وەکوو کتێب، قەفەسە، پێڕست، ئەسکەمل و...) بۆ کۆکردنەوە و ئاگاداری‌کردن لە کتێبان و کەڵک وەرگرتنی کەسانێ کە هات‌وچۆی ئەوێ دەکەن ‹کتابخانه‌ی دانشگاه: کتێبخانەی زانستگا› ۳. قەفەسەی کتێب ٤. [قدیمی] کتێب‌فرۆشی؛ پەرتووک‌فرۆشی.

▣ **کتابخانه‌ی تخصصی**: کتێبخانەی پسپۆڕی؛ کتێوخانەیەک کە کتێبانی بوارێکی تایبەتی تێدا هەڵدەگرن.

**کتابخانه‌ی خصوصی**: کتێبخانەی تایبەت؛ کتێوخانەیەک کە هی کەس یان کەسانێکی تایبەتە: **کتابخانه‌ی شخصی**

**کتابخانه‌ی سیار**: کتێبخانەی گەڕۆک؛ ماشینێکی گەورە (زۆرتر پاس) کە لە ناوەوە

وەک کتێبخانە قەفەسەبەندی کراوە و زۆرێک کتێبی تێنراوە و بۆ دەرکی مالان یان هەر شوێنێکی پێویستی دەبەن.

**کتابخانەی شخصی** ☜ **کتابخانەی خصوصی**

**کتابخانەی عمومی**: کتێبخانەی گشتی؛ کتێوخانەیێ کە بۆ کەلک وەرگرتنی هەموان دانراوە: **کتابخانەی همگانی**

**کتابخانەی همگانی** ☜ **کتابخانەی عمومی**

**کتابخوان** / ketābxān ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] *صفت*. کتێبخوێن؛ کتاوخوین: ۱. خوێندنەری کتێب ۲. هۆگری خوێندنەوەی کتێب. هەروەها: **کتابخوانی**

**کتابدار** / ketābdār ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی]/*سم*. کتێبدار؛ کتێودار؛ پەرتووکدار: ۱. کەسێ کە کاری پۆلبەندی، تەرتیبکردن، ئاگاداری و پێرست دانانی کتێبگەلی کتێبخانەیە ۲. کەسێ کە بەڕێوە بردنی کتێبخانە و وەرامدانەوەی خەلکی وەئەستۆیە.

**کتابداری** / ketābdārī/: [عربی/ فارسی]/*سم*. کتێبداری؛ کتێودار؛ پەرتووکداری؛ زانست و لێزانی ئاگاداری لە کتێب و بەڕێوە بردنی کتێبخانە.

**کتابدوست** / ketābdûst ، ـان/: [عربی/ فارسی] *صفت*. کتێبدۆست؛ کتاودۆس؛ کتێبیار؛ کتێویار: ۱. هۆگر بە کتێب خوێندنەوە ۲. خوازیاری بڵاو بوونەوەی کتێب و گەشەکردنی کتێب خوێندنەوە ۳. ☜ **کتاب‌باز**. هەروەها: **کتابدوستی**

**کتابسرا** / ketābsarā/: [عربی/ فارسی]/*سم*. کتێبفرۆشی؛ کتێوفرۆشی؛ پەرتووکفرۆشی؛ دووکان و شوێنی فرۆشتنی کتێبان.

**کتاب‌شناس** / ketābšenās ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] *صفت*. کتێبناس؛ کتێوناس؛ پەرتووکناس؛ خاوەن ئاگاداری لە بواری کتێب، نووسەر، جێگای بڵاو بوونەوە و شوێنی دەسکەوتنیان.

**کتاب‌شناسی** / ketābšenāsî/: [عربی/ فارسی]/*سم*. کتێبناسی؛ کتێوناسی؛ پەرتووکناسی: ۱. زانستی ناسینی سەرجەمی کتێبانی سەبارەت بە نووسەر، بابەت یان ولاتێک و پێکهێنانی پێرستێک لەوانە ۲. ☜ **کتابنامه**

**کتابفروش** / ketābfurûš ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی]/*سم*. کتێبفرۆش؛ پەرتووکفرۆش؛ کتێبورەش؛ کتاوفرووش؛ کەسێ کە کاری کڕین و فرۆشتنی کتێبە.

**کتابفروشی** / ketābfurûšî/: [عربی/ فارسی]/*سم*. کتێبفرۆشی؛ کتێوفرۆشی؛ کتێبورەشی؛ کتاوفرووشی؛ پەرتووکفرۆشی: ۱. پیشەی کتێبفرۆش ‹مدتی جلو دانشگاه کتابفروشی می‌کرد: ماوەیەک لە بەرامبەر زانستگادا کتێبفرۆشی دەکرد› ۲. /ـها/ فرۆشگای کتێب ‹چند هفته است به کتابفروشی سر نزده‌ام: چەند حەوتەیە سەرم لە کتێبفرۆشی نەداوە›.

**کتابگیر** / ketābgîr/: [عربی/ فارسی] ☜ **غَشگیر**

**کتابنامه** / ketābnāme ، ـها/: [عربی/ فارسی]/*سم*. کتێبنامە؛ پەرتووکنامە: ۱. پێرستێ لە کتێبگەلی نووسەر، کتێبخانە یان بابەتێک، وێڕای ئاگاداریگەلێک لەمەڕ کاتی نووسین و چۆنیەتی چاپ و بڵاو بوونەوەیان ‹کتابنامه‌ی علوم: کتێبنامەی زانست› ۲. پێرستێ لە سەرچاوەگەلێ کە لە نووسینی کتێب یان وتارێکدا کەلکێ لێوەرگیراوە ‹کتابنامه را ببینید: کتێبنامەکە چاو لێ بکەن› * **کتاب‌شناسی ـ۲**

**کتابی**[1] / ketābî/: [عربی] *صفت*. کتێبی؛ کتێوی: ۱. بە شێوە یان چۆنیەتی نووسین ‹کتابی حرف زدن: کتێبی قسە کردن› ۲. بە شێوەی چوارپاڵوو ‹شیشه‌ی کتابی: شووشەی کتێبی›.

**کتابی**[2]: *قید*. پاڵبەپاڵ؛ لە تەنیشت؛ شانبەشان؛ لە لای یەک بەبێ مەودا ‹کتابی بنشینید!: پاڵبەپاڵ دانیشن!›.

**کتابیار** / ketābyār/: [عربی/ فارسی]/*سم*.

کتێب‌ڕاگر؛ ئامرازێکی لە چێو، پەلاستیک یان کانزا بۆ ڕاست لەبەر چاو ڕاگرتنی کتێب.

**کتام** / katām ، ـها/: *اسم. [قدیمی]* سخر؛ سخرک؛ زنج؛ دیوی لە قامیش و حەسیر لە قەراخی کشتوکاڵ و کیاردا.

**کتان** / katān/: [اکدی]*اسم.* کەتان: ۱. ـ/ـها/ هەلاوە؛ لۆکەکێوی؛ گیامێروول؛ گیامرۆژە؛ گیای ئالیکی یەکسالان و بێ‌پرز، بە گەلای سەوزی باریک و درێژ و نووک‌تیژ، گوڵی ئاوی درشت و لقی ڕیشاڵ ـ ڕیشاڵی نەرم و بڵندەوە ۲. پارچە یان بەنی دروستکراو لە ڕیشاڵ و هەودای ئەو گیایە.

**کتانی**[۱] / katānî/: [اکدی] ☜ گُل کتانی، **گل**

**کتانی**[۲]: *صفت.* کەتانی: ۱. دروستکراو لە کەتان یان لە چەشنی کەتان ۲. پەمۆیی؛ لۆکەیی؛ دروستکراو لە هەودای لۆکە.

**کتب** / kotob/: [عربی] جمعِ ☜ **کِتاب**

**کتباً** / katban/: [عربی]*قید.* بە نووسراوەیی؛ بە نووسین؛ بە شێوەی نووسراوە ‹کتباً تقاضا کرد: بە نووسین داخوازی کرد›.

**کت‌بسته** / katbaste/:*قید.* قۆڵبەست؛ بالبەس؛ قۆڵبەستە؛ قۆڵبەست‌کراو ‹او را کتبسته تحویل زندان دادند: قۆڵبەست ڕادەستی بەندیخانەیان کرد›.

**کتبی** / katbî/: [عربی] *صفت.* نووسراو؛ نووسراوە؛ نڤیسی؛ نڤیسکی ‹امتحان کتبی؛ تقاضای کتبی: ئەزموونی نووسراو؛ داخوازی نووسراوە›.

**کتره** / katre/: *صفت.* ۱. شڕ و شیتاڵ؛ شڕ و وڕ؛ شڕ و درِ؛ لەت‌ـلەت؛ کەت‌کەتە؛ لەتار ـ لەتار؛ تیکە‌ـتیکە؛ کوت‌ـکوت؛ شەقاروەقار ۲. [ترکی؟] شێواو؛ بێ‌سەروبەرە؛ بێ‌سەروبەر؛ ئاڵۆز؛ منتەوەش؛ ژەلمسەیە؛ شیڤیا؛ شێویاگ؛ بێ‌ڕێک‌وپێکی (زۆرتر بۆ قسە).

**کتره‌ای** / katre'î/: [ترکی؟]*قید.* بە گۆتره؛ بە ڕەمەکی؛ بڕە؛ هەروا؛ (بە) هاکۆ؛ بە شێوەیەکی نەگونجاو و بێ‌تێفکرین ‹کتره‌ای حرف زدن: گۆتره قسە کردن›.

**کتری** / ketrî ، ـها/: [از انگلیسی]*اسم.* کتری؛ کەتری؛ کەتلی؛ کتریە؛ دەفری کانزایی بە سەرە و دەستە و لوولەوە بۆ تراو تێدا کولاندن.

**کت‌شلواری**[۱] / kotšalvārî ، ـها/: [انگلیسی/فارسی]*اسم. [گفتاری]* کۆنەسێن؛ فرۆشەری گەڕۆک کە کاری کڕین و فرۆشتنی جل‌وبەرگی کۆن و هەروەها کەل‌وپەلی دەستەدووی ماڵە.

**کت‌شلواری**[۲]: *صفت.* کۆت‌وشەلواری؛ کوت و شوال لە بەر ‹عبا و قبا را کنار گذاشت و کت و شلواری شد: عابا و میزەرەی وەلا نا و بوو بە کوت و شەلواری›.

**کتف** / ketf/: [عربی]*اسم.* شان؛ شان و پیل؛ دۆش؛ ئەنگل؛ هنگڵە؛ هەرمە؛ ستۆ؛ پۆل؛ کووڵ؛ شوو: ۱. شەپیلک؛ سەرپیل؛ ئێسکێکی گەورەی پان و سێ سووچە لە پشتدا پێشەی باسک ڕادەگرێ ۲. ناوشان؛ بەشێ لە پشت، نێوان پشتەمل و سەرشان و ناوقەد.

**کتک** / kotak ، ـها/: [ترکی]*اسم.* کوتەک؛ تێلاکوش؛ تێلاکاری؛ تەپڵەکۆ؛ کاری بە دەست یان بە شتێک پەیتا ـ پەیتا لە کەسێک دان بە مەبەستی ئاراندنی.

▣ **کتک خوردن**: کوتران؛ لێ‌دران؛ قوتان؛ هاتنە قوتان؛ کوتش؛ تەپڵەکۆ بیەی. هەروەها: **کتک زدن**

**کتک‌کاری** / kotak.kārî ، ـها/: [ترکی/فارسی]*اسم. [گفتاری]* سۆرەک؛ تێلاتڕێن؛ خگ؛ خک؛ کۆزەر؛ کۆزەربەر؛ شەق و لەق؛ ڕمکوت؛ کار و ڕەوتی کوتان؛ قوتان؛ لێدان و لێدران.

**کتگر** / katgar ، ـها؛ ـان/:*اسم. [قدیمی]* مەرەنگۆز؛ دارتاش؛ چێوتاش؛ چۆتاش؛ نجار؛ نەجار.

**کتل** / kotal ، ـها/: [ترکی]*اسم.* ۱. تەپۆلکە؛ تەپۆکە؛ تەپۆلکە؛ گردووک؛ گردولک؛ قوتکەی سەر زەوی ۲. کۆتەڵ؛ بەیداخی گەورەی ڕازاوە

که به‌تایبەت له تازەباری ئایینیدا هەلیدەگرن.

**کتلت** / kotlet / ـها/: [فرانسوی]/سم. کوتلیت؛ کوتیلک؛ کوتل؛ خۆراکێ لە تێکەڵی گۆشتی چەرخکراو، سێفەزەمینی کوتراو و تۆزێ ئارد کە وەک هەویرێکی لێ دێ و پارچەـپارچە لە ڕۆندا سووری دەکەنەوە.

**کتمان** / ketmān/: [عربی]/سم. کەتمان؛ کەتمانە؛ کاری داشاردن؛ شاردنەوە؛ داپۆشین؛ وەشاردنی شتێ (بەتایبەت ڕاز) ‹سعی می‌کرد نگرانی‌اش را کتمان کند: تێدەکۆشا دڵپەڕۆشیەکەی داشاری›.

**کتو** / katû/:/سم. کەتەو؛ کەتو؛ کەدەو؛ نەخۆشیەکی گیرۆی یەکسمانە لە سەرمای زۆر تووش دەبن.

**کت و کلفت** / kat-o-koloft/: صفت. [گفتاری] پان‌وپۆڕ؛ قوت‌وقەوی؛ قت (و) قایم؛ زل و زەبەلاح؛ قەوی و قۆڵ؛ بە ئەستووری زۆرتر لە ڕادەی ئاساییەوە.

**کت و گنده** / kat-o-gonde/: صفت. [گفتاری] پان و پۆڕ؛ پان و پڕ؛ گەپ؛ کەت؛ زل؛ زەلام؛ زلام؛ بە بارستایی یان گۆڤدەی زۆرەوە ‹چوب کت و گنده؛ ئادم کت و گنده: چێوی پان و پور؛ مرۆی پان و پر›.

**کته** / kate/:/سم. ۱. کەتە؛ وشکەپلاو؛ مەکەش؛ برنجێ کە بێ نانەشان و ئاوکێشکردن لێنراوە ۲. ـها/[معماری] پێکهاتەیەک لە بڕێ مالی کۆندا بە شێوەی جێگایەک لە ژێر سەکۆی ئاشپەزخانە بۆ هەڵگرتنی پیتەوای پێویستی مال (وەک دەفر و ئاوکێش و...) ۳. کەت؛ کەتە؛ دەفری قووڵ و دەم ئاوەڵا بۆ جێگەی ئاردی نانەوا ٤. هێشخان؛ خەڵوەتی؛ وچخانە؛ هەمارێکی چکۆلە بۆ جێی سوخاڵ و دار و... لە مالانی پێشوودا.

**کتیبه** / katîbe/ ، ـها/: [از عربی]/سم. کەتیبە: ۱. نووسراوی زۆر قەدیم لە سەر بەرد، کاشی، ئاجۆر یان کانزا ۳. [معماری] نیوجەغزی سەر دەرگا و پەنجەرە بە شێوەی کاشیکاری، ئاجۆرچنی یان بە گێچ، بۆ جوانی.

**کتیبه‌ای** / katîbe'î/: [از عربی] صفت. کەتیبەیی؛ وەکوو کەتیبە.

**کتیر** / katîr ، ـها/:/سم. [قدیمی] تراویلکە؛ لەیلان؛ هاڵ؛ ئاونما؛ بەردەڕێژگە؛ دیمەنی درۆینەی ئاو لە بیاواندا.

**کتیرا** / katîrā/: [سریانی]/سم. کەتیرە؛ کەتیرا؛ کترە؛ جەباری؛ شیلەی زەردەگوێنی؛ جەوی ساقەتەی تاقمێ گەون، کە لە کۆتایی بەهاردا بە خۆیەوە یان بە لەلە دان دێتە دەرەوە و وشک دەبێتەوە، بۆ دەرمان دەشێ و لە پیشەسازیدا بە کار دەچێ، هەروەها ژیلی سەری لێ دروست دەکەن.

**کثافات** / kesāfāt, kasāfāt/: [عربی] جمعِ ☜ **کثافَت**

**کثافت** / kesāfat, kasāfat ، ـها؛ کثافات/: [عربی] /سم. پیسی؛ پیسایی؛ پیساتی؛ چلک؛ چرک؛ چەپەڵی؛ قرێژ؛ گەمار؛ کێخ؛ تەنوایی؛ لەیم؛ کرێژ؛ کرێش؛ گەند و گرو.

**کثافت‌کاری** / kesāfatkārî, kasāfat- ، ـها/: [عربی/ فارسی]/سم. گەنەکاری؛ چەپەڵکاری: ۱. کار و ڕەوتی پیس‌کردنی جێگا یان شتێک ‹دم در کثافت‌کاری کرده بودند: لە بەر درگا گەنەکاریان کردبوو› ۲. پیس‌کاری؛ کار یان ئاکارێ کە دەبێتە هۆی پیسی ‹به جای تمیز کردن کثافت‌کاری می‌کند: بە جێی خاوێن کردنەوە پیس کاری دەکا› ۳. [مجازی] کار و کردەوەی دوور لە مرۆڤایەتی ‹با این کثافت‌کاری آبروی ما را می‌بری: بەم گەنەکاریانەت ئابڕوومان دەبەی› ٤. بە نەزانی کارێک دەس پێوەدان و تێکدانی، بەتایبەت ئەگەر دیمەنێکی ناشیرین و پیس و پۆخڵ بەدی بێنێ. هەروەها: **کثافت‌کاری کردن**

**کثـرت** / kesrat, kasrat/: [عربـی]/سـم. زۆری؛ زێـدی؛ زەوەنـدی؛ زەبەنـدی؛ فرەیـی؛ فریـەیی ‹کثرت کار: زۆری کار›.

**کثرت‌گرایی** / kesratgerāyî, kasrat-/: [عربـی/ فارسی]/سم. فرەخوازی: ۱. ڕێبازێ کە بڕوای بـە زۆرتـر لـە دوو ڕاسـتەقینـەی سـەرەکی هـەیـە ۲. ڕێبازێکی ڕامیـاری خوازیـاری کۆمەڵـگای وا کـە هـەموو کەسـێک بـە هـەر جـۆرە بـیر و بۆچوونێک، لـە سـەر هـەر مـەرام و ئایینێـک و خاوەن هەر زمان و فەرهەنگێک، ڕێی هەبێ بیر و بۆچوونی خـۆی دەربـڕێ و بەشـی خـۆی لـە کۆمەڵگاکەیدا چـالاکی هـەبێ: **اصـالت کثـرت؛ جمع‌گرایی؛ پلورالیسم**

**کثیر** / kasîr/: [عربی] *صفت. [ادبی]* زۆر؛ فرە؛ فریە؛ فراوان؛ زاف؛ زیاد؛ زێدە؛ زەحف؛ مشە؛ مشەمەر؛ ئێجگـار؛ یـەکجار ‹جمعـی کثیـر گـرد آمـدە بودنـد: خەڵکێکی زۆر کۆ ببوونەوە›.

**کثیرالاضلاع** / kasîrol'azlā ، ـhā/: [عربـی]/سـم. *[هندسـە]* چەنـدپـەڵ؛ چەندلابـەر؛ چـەن‌بـەر؛ چەن‌سووچ؛ بیچمی هەندەسی بەسـراوە کـە لـە پێنج هێڵ یان زۆرتر دروست بووە.

**کثیرالانتشـار** / kasîrol'entešār/: [عربـی] *صفت.* پڕتیراژ؛ بە ژمارەی زۆرەوە.

**کثیـرالاولاد** / kasîrol'owlād, -o:lād/: [عربـی] *صفت.* خێزانبار؛ خاوەن منداڵی زۆر.

**کثیرالتـألیف**/ kasîrotta'lîf/: [عربـی] *صـفت.* خاوەن نووسراوەی زۆر.

**کثیرالجمله** / kasîrolcomle, -ccomle/: [عربی] *اسم. [ریاضی]* چەندڕستەیی؛ ڕستەیەکی گەورەی بیرکاری کە لە چەند ڕستە پێکهاتووە.

**کثیرالملـه** / kasîrolmelle/: [عربـی] *صـفت.* چەندنەتەوەیی؛ فرەنەتەوە ‹کشور کثیرالملـه: ولاتی چەندنەتەوەیی›.

**کثیرالوجوه** / kasîrolvocûh, -vucûh/: [عربـی] *اسم.* چەندپاڵوو؛ بیچمی هەندەسی بە زۆرتـر لـە چوار ڕووبەرەوە.

**کثیـف** / kasîf/: [عربـی] *صفت.* پـیس؛ گـلاو؛ چەپـەڵ؛ گـەمار: ۱. چڵـکن؛ چـرکن؛ پۆخـل؛ پۆخڵ؛ زیرگن؛ چڕگەن؛ چڕکین؛ گنـار؛ پەلـۆخ؛ ناپوخت؛ تەنوا؛ ژەژ؛ قریژ؛ قەریژ؛ قلیر؛ قەلیر؛ قز؛ نەپاک؛ کەسیف؛ چەقڵە؛ لیتۆکە؛ ڕیڤـن؛ گەڤـار؛ گەن؛ گەندلخە؛ گۆل ‹دست کثیـف؛ لبـاس کثیـف: دەستی پیس؛ گنجی چڵکن› ۲. *[مجـازی]* لـەوت؛ پنجل؛ کۆتی؛ گلاڤ؛ خاوەن ئاکاری نەگونجاو و دوور لە مرۆڤایەتی ‹آدم کثیف؛ موجود کثیف: مـرۆی پیس؛ بوونەوەری گلاو›.

▣ **کثیـف شـدن**: سـەنمین؛ هـەڕمین؛ لـەوتان؛ لـەوتین؛ پـیس/ چەپـەڵ بـوون؛ گـلاو بـوون ‹دستم کثیف شد: دەستم پیس بوو›.

**کثیف کردن**: سەنماندن؛ هەڕماندن؛ چەپـەڵ کـردن؛ لەوتانـدن؛ گـەنانن؛ پـیس‌کـردن؛ ڤەزختاندن.

**کثیفی** / kasîfî/: [عربی]/سم. پیسـی؛ گـەماری؛ چڵکنی؛ چەپەڵی؛ ناپـاکی؛ دۆخ یـان چۆنیـەتی پیس و پۆخڵ بوون ‹انگار بعضیها از کثیفی خوششان می‌آید!: وا دیارە بڕێک وازیان لە پیسییە!›.

**کج** / kac/: *صفت.* لار؛ گێڕ: ۱. چەوێڵ؛ چەوت؛ چەفت؛ هەلەک؛ خوار؛ قیچ؛ ڤـیچ؛ فـیچ؛ خـێچ؛ کەچ؛ کەج؛ کـەفچ؛ لـەنگ؛ تێـل؛ تیـل؛ کـەمچ؛ چەپ؛ چەپت؛ چەبت؛ خـوەهر؛ خـۆهر؛ خوێـل؛ هەل؛ خار؛ دۆلکان؛ هێل؛ هویـەل؛ شـەڤ؛ ڤـال؛ وار ‹کج کردن: لار کردن› ۲. وێـڕ؛ خـوار؛ وار؛ بـە شێوە و بیچمێکی نائاسایی و نـەخوازراو ‹دهـنش کج شد: دەمی لار بووە› ۳. خـوار؛ بـە خالـگەلێک کە لە یەک ڕاستادا نـین ‹دیـوار کـج؛ چـوب کـج: دیواری خوار؛ چێـوی لار› ٤. *[مجـازی]* نادروسـت ‹دست کج: دەستی لار› * **کژ** *[ادبی]*

▣ **کج افتادن**: *[مجـازی]* کەوتنـە قینـەوە؛ نـەیار بوون.

**کج تا کردن**: *[مجـازی]* لار جوولانـەوە؛ خـراپ

هاتنه پێشەوه؛ بەدکرداری‌کردن ‹با مردم کج تا می‌کرد: لەگەڵ خەڵکدا لار دەجووڵایەوە›.

**کج رفتن:** خوار/ لار ڕۆیشتن؛ چەوت چوون: ۱. لارەلار بە ڕێدا چوون ۲. *[کنایی]* ناڕاستی و نادروستی‌کردن؛ بە ڕاستەڕێدا نەچوون.

**کج شدن:** داهاتن؛ خوار بوون؛ خار بین؛ لار بوون؛ خوار/ لار بوونەوە؛ خوار و خێچ بوون؛ داکەتن؛ لەپین؛ چەوتانەوە؛ بە لادا هاتن؛ لە دۆخ یان دریژایی ئاسایی دەرهاتن ‹چوبپردە کج شدە بود: چێوپەردەکە داهاتبوو›.

**کج کردن:** قۆپاندن؛ لارکردنەوە؛ لارکردن؛ لارەوکردن؛ خماندن؛ لارەوەکەردەی؛ لارکەردەیوە؛ خوارکردن؛ گێڕ کردن؛ داهێنانەوە؛ چەفت کردن؛ نۆمەتش.

**کج گذاشتن:** لار دانان؛ لار نیای؛ کەچ دانیان ‹پایم را کج گذاشتم، نزدیک بود بیفتم: پام لار دانا، وەخت بوو بکەوم›.

**کج نگاه کردن:** *[مجازی]* لاچێر لێکردن؛ تێڕ لێبردنەوە؛ لار لێڕوانین؛ لاخێس ڕوانین؛ لار تواشا کردن؛ لە سەر تووڕەیی یان بە نیازی خراپەوە ڕوانین ‹کسی نمی‌تواند بە تو کج نگاه کند: کەس ناتوانێ لاچێرت لێبکا›.

**کج ـ**[۲]: *پیشواژه.* ـ چەوت؛ چەوت ـ ؛ لار ـ ؛ ـ لار؛ خوار ـ ؛ گێڕ ـ ؛ چەوێڵ؛ بە دۆخی نالەبار و ناحەزەوە ‹کج‌اندیش: بیرچەوت›.

**کجا**[۱] / kocā/: *قید.* کوێ؛ کۆ؛ کوو؛ کووڕە؛ کوێنە؛ کۆگە؛ کوینە؛ کوێندەرێ؛ کوێندەر؛ کوێن؛ کۆمجا؛ کۆش؛ کۆتا؛ کامشوێن؛ کانجا؛ کین؛ کێن؛ کێندەر؛ کێندەرێ؛ کامجێ: ۱. لە کوێ؛ چکۆ؛ کووش؛ کوەنە؛ کاتا؛ کدێ؛ لکیدەرێ؛ لە کوو؛ لە کام جێدا ‹کجا می‌خوابی؟: لە کوێ دەخەوی› ۲. کوە؛ کوەوە؛ کوێوە؛ کوێدا؛ کوێیا؛ کویڤە؛ ئەنەکۆ؛ کوێدەرێ؛ بۆ کۆێ؛ بۆ کام جێ؛ بە کام جێدا ‹کجا می‌روی؟: کجا بردەاند؟: کوێ دەچی؟؛ بردوویانە بۆ کوێ؟› ۳. کوە؛ هیچ کوێ ‹کجا را دارم بروم؟: کجایش را دیدەای؟: کوێم هەیە بڕۆم؟: کوینەت دیوە؟› ٤. لەکوێ؛ کەی؛ کەنگێ؛ چکۆ؛ کوا؛ کووش؛ نیشانەی بەرهەڵستی، دژایەتی یان حاشا ‹پول کجا بود؟: کجا همچو حرفی زدم؟: پووڵ لەکوێ بوو؟: کەی وام گوتووە؟›.

▣ **کجا را داشتن:** کوێ هەبوون؛ کوێنە بوون؛ بێجێوڕێ بوون ‹آن وقتِ شب کجا را داشتم کە بروم؟: ئەوجار شەو کوێم هەبوو بڕۆم؟›.

**کجا را گرفتن:** *[کنایی]* بە کوێ گەیشتن؛ هیچ نەکردن؛ کار لێ پێش نەچوون ‹گفت: این همه درس خواندی، کجا را گرفتی؟: گوتی: ئەم هەمووە دەرسەت خوێند بە کوێ گەیشتی؟›.

**کجایش را دیدن:** جارێ/ هێشتا/ تازە کوێ دیتن؛ ئێستا جارێ باش نەبینین ‹گفتم: عجب شهر قشنگی است! گفت: «کجایش را دیده‌ای؟»: گوتم: چەند شارێکی جوانە! گوتی: «جارێ کوێت دیوە؟»›.

**کجای کاری بودن:** *[مجازی]* لە کوێ بوون؛ بێخەبەر بوون ‹کجای کاری؟ آزاد یک سال است که از اینجا رفته: لە کوێی؟ ئازاد ساڵێکە لێرە ڕۆیشتووە›.

**کجا**[۲] / ـها/: *ضمیر.* کوێ؛ کوێندەرێ؛ کوێن؛ کین؛ کۆگە؛ کووڕە؛ کۆ؛ کوێنە؛ کانێ؛ وشەی پرسیار بۆ جێگا ‹اینجا کجاست؟: ئێرە کوێیە؟›.

**کجائی** / kocā'î/ ☜ **کجایی**

**کج‌اندیش** / kacandîš/ ، ـان/: *صفت. [مجازی]* بیرچەوت؛ خاوەن تێفکرین یان بیری نادروست و نەگونجاوەوە.

**کج‌اندیشی** / kacandîšî/ ، ـها/: *اسم. [مجازی]* بیرچەوتی؛ ڕەوتی بیرکردنەوە بە شێوەی نادروست و نەگونجاو.

**کجاوه** / kacāve/ ، ـها/: *اسم. [قدیمی]* کەژاوە؛ کەجاوە؛ مەئافە؛ تەڵمیت؛ هۆدەیەک بە سێبەرەوە بۆ دانیشتنی مسافر کە بە چوارپێ

یان بارەبەر ئەگۆزرایەوە.

**کجایی** / kocāyî/: *صفت.* کوێندەری؛ کوێنەری؛ کوێنەیی؛ کۆگەیی؛ سەر بە کوێ؛ خەڵکی کوێ ‹شوهرت کجایی است؟: میێردەکەت کوێندەرییە؟›:

**کجائی**

**کج‌بین** / kacbîn/: *صفت. [مجازی]* ڕەشبین؛ بە هەڵسەنگاندنی نادروست و هاوڕێ لەگەڵ بیری خراپدا.

**کجتابی** / kactābî ، ـها/: *اسم. [مجازی]* لاساری؛ ناتەبایی؛ قیچمەزی؛ بەدئاکاری و نەسازی ‹مدتی است با برادر کوچکترش کجتابی می‌کند: ماوەیەکە لەگەڵ برا چکۆلەکەیدا لاساری دەکا›. هەروەها:

**کجتابی کردن**

**کج‌خلق** / kacxolq/: [فارسی/ عربی] *صفت. [مجازی]* گرژ؛ مۆن؛ گەمۆر؛ ناوچاوتاڵ.

**کج‌خلقی** / kacxolqî/: [فارسی/ عربی] *اسم. [مجازی]* ناوچاوتالی؛ گرژ و مۆنی؛ گەمۆری؛ دۆخ و ئاکاری نالەبار و دژبەرانە.

**کج‌خیال** / kacxîyāl/: [فارسی/ عربی] *صفت. [مجازی]* بیرخراپ؛ بیرخراو.

**کج‌خیالی** / kacxîyālî/: [فارسی/ عربی] *اسم. [مجازی]* بیرخراوی؛ بیرخراپی؛ بیر و گومانی نادروست و ڕەشبینانە.

**کجدارومریز** / kacdār-o-marîz/: *اسم. [گفتاری]* پشوودرێژی و پارێزکاری لە ئاکاردا لەمەڕ دیترانەوە.

**کج‌دست** / kacdast/: *صفت. [مجازی]* دەست لار؛ دەس‌کەج؛ بە خۆ و هۆگرەتی دزی‌کردن.

**کجراهه** / kacrāhe ، ـها/: *اسم. [ادبی]* لاڕێ؛ ڕێچەوت؛ شەیتانەڕێ؛ تاریکەڕێ؛ ڕێگایەکی هەڵە کە هۆی سەرلێشێواوی بێ: **کژراهه**

**کج‌رفتار** / kacraftār/: *صفت. [مجازی]* کانج؛ ئاکارچەوت؛ کەچ‌ڕەفتار؛ بەدڕەفتار؛ خاوەن کار و کردەوەی نادروست و نەگونجاو.

**کجرو** / kacrow ، ـان/: *صفت. [کنایی]* هەڵە؛ لاڕێ؛ ڕێچەوت؛ ڕێ‌لار؛ بە هۆگرەتی لاڕێگەڕیەوە.

**کجروی** / kacravî ، ـها/: *اسم.* ۱. کلاڕۆیی؛ دۆخی ڕۆیشتن لە سەر هێلێکی چەماوە ۲. *[کنایی]* لاڕێیی؛ کار و ڕەوتی ڕۆیشتن لە ڕێگای هەڵەوە ۳. *[کنایی]* لاڕێگەیی؛ لاڕێگەری؛ لاڕێیی؛ دۆخ یان چۆنیەتی دارا نەبوونی ئاکارێکی شیاو و گونجاو.

**کج‌سلیقه** / kacsalîqe ، ـها/: [فارسی/ عربی] *صفت.* بێسەلیقە؛ خاوەن حەز و هەڵسەنگاندنی نائاسایی ‹در انتخاب لباس خیلی کج‌سلیقه است: لە هەڵبژاردنی گنجدا زۆر بێسەلیقەیە›.

**کج‌فکر** / kacfekr/: [فارسی/ عربی] *صفت. [مجازی]* بیرچەوت؛ بە بیر و هزری هەڵەوە.

**کج‌فهم** / kacfahm/: [فارسی/ عربی] *صفت. [مجازی]* هزرئاڵۆز؛ بە دەرک و تێگەیشتنی نادروست و نەگونجاوەوە.

**کج‌کلاه** / kackolāh/: *صفت. [گفتاری]* ۱. کۆفی‌کێل؛ کڵاولار؛ شەدەلار ۲. *[کنایی]* لووت‌بەرز؛ فیزن؛ قاپان؛ بە دەمار؛ بە دەعیە؛ بە خۆی خۆبەزل‌زانیەوە.

**کجکی** / kacakî/: *قید. [گفتاری]* لار: ۱. خوار؛ چەوت؛ چەپ؛ بە شێوەی لار و لەوێر ‹کلاهش را کجکی گذاشته بود: کلاوەکەی لار لە سەر کردبوو› ۲. بە شێوەی نادروست و نەگونجاو ‹تو همه چیز را کجکی می‌بینی: تۆ هەموو شتێک لار دەبینی›.

**کج‌وکوله** / kac-o-kûle, -kowle, -ko:le/: *صفت. [گفتاری]* لار و لەوێر؛ لار و گێڕ؛ لار و خوار؛ چەفت و چەوێڵ؛ چڵ‌چەفت؛ یەوکشت؛ چەپ و چێڕ؛ چەوت و چێڵ؛ چەوت و چەوێڵ: ۱. خوار و خێچ؛ خوار و خیچ؛ خوار و وێچ؛ خێچ و خوار؛ گێڕگوار؛ گێڕ و وێڕ؛ شووورک؛ بەرتوڕ؛ لاترقەوچ؛ لاترقەوچە؛ لاترقەوچەپێچ؛ لاترقەوچەڵفاچ؛ قیل و قاچ؛ خوار و گێڕ؛ لار و خوار؛ کەڵ‌وکۆم؛ قێڕ؛ هێڕ؛ گێڕ؛ گڤاند؛ پڵۆچ؛ خێچ و پاچ؛ قیچەڵفاچ؛

www.perawipepwle.com


پێچ و پڵۆچ؛ قۆپ؛ به بیچم یان دریژایی ناڕێک و نالەبارەوە ‹درخت کج و کوله: داری لار و لەوێر› ۲. *[مجازی]* بە چۆنیەتی نارەوا و نادروستەوە ‹فکر کج و کوله: بیری چەفت و چەوێل› ❋ **کج و مُعوَج**

**کج و معوج** / kac-o-mo'vac/: [فارسی/ عربی] ☜ **کَجْ و کُوله**

**کجی** / kacî/: *اسم.* لاری؛ خوار و خێچی: ۱. خواری؛ گێڕی؛ چەوتی؛ خۆهری؛ کەلایی؛ خوارایی؛ کەچی؛ کەچایی؛ چەفتی؛ کەڤچی؛ دۆخ یان چۆنیەتی گێڕ بوون ‹کجی قالی به چشم نخورد: لاری قالیەکەم نەکەوتە بەر چاو› ۲. /ـها/ *[مجازی]* ئاوان؛ نادروستی؛ ناڕاستی ‹من از او هیچ کجی ندیدم: من قەت لاریم لێ نەبینیوە›.

**کجی** / kocî/: *اسم.* مورا؛ کووژەکە؛ کانالەکۆڵێ؛ موورووی لە سواڵەت و ڕەنگی و پتر کەوە کە بۆ خشڵ و جوانی یان چاوەزار بە کار دەڕوا.

**کچل** / kačal ، ـها؛ ـان/: *صفت.* کەچەڵ؛ کەچەر؛ کەلەش: ۱. گەڕ؛ کەل؛ سەرگەنیگ؛ تووشیاری نەخۆشی کەچەڵی ۲. *[کنایی]* تاس؛ هەوێز؛ تایبەتمەندی سەرێک کە وردە- وردە بەشێ یان زۆربەی مووی وەریوە.

▣ **کسی را کچل کردن:** کەسێک کەچەڵ کردن: ۱. سەری کەسێ تاشین؛ قژی کەسێک لە بنەوە تاشین ‹سر همه را از ته کچل کردند: سەری هەمووان لە بنەوە تاشی› ۲. *[کنایی]* مێشکی کەسێک بردن؛ یاس و هەراس/ هەراسان کردنی کەسێک؛ بە بۆنەی پا داگرتنی زۆر لە سەر شتێک، کەسێک وەڕەزکردن ‹از دیروز مرا کچل کرده که کی برایم کفش می‌خری؟: لە دوێنێوە مێشکی بردووم کەی کەوشم بۆ دەکڕی؟›.

**کچلی** / kačalî/: *اسم.* کەچەڵی؛ کەچەڵەی: ۱. سەرداقناوی؛ بێتووکی؛ دۆخ یان چۆنیەتی کەچەڵ بوون ۲. هەر یەکە لەو نەخۆشینە قارچی و ئەنگەلیانەی کە دەبنە هۆی گەزن دیتنی پیازی مووی سەر و پاشان داوەرینی.

**کچوا** / kečovā/: *اسم.* کیچۆوا: ۱. هۆزی سوورپێستی نیشتەجێی ولاتی پیرۆ، کە ئیمپراتووری ئینکایان دانا ۲. /ـها/ هەر یەکە لە کەسانی ئەو هۆزە ۳. زمانی سوورپێستانی پیرۆ، بوولیڤی، ئیکوادۆر، شیلی و ئارژانتین.

**کچوله** / kočûle/ ☜ **آذاراقی**

**کحل** / kohl/: [عربی]/*اسم. [ادبی]* سورمە؛ کل؛ کلە؛ کڵ؛ کڵە؛ ئەو ماکە چاوی پێدەڕژێن.

**کد** / kadd ، ـها/: [عربی]/*اسم.* کۆشش؛ کۆش؛ تەقالا؛ هەوڵ؛ حەوڵ.

**کد** / kod ، ـها/: [فرانسوی]/*اسم.* کود: ۱. کۆمەڵێک لە نیشانەگەلی پێوەندایەتی ۲. دەسگایەک لە نیشانە (ژمارە، پیت یان وشە) کە بۆ واتاییکی دیاریکراو (زۆرتر نهێنی) بە کار دەڕوا.

▣ **کد اقتصادی:** کودی ئابووری؛ ژمارەیەک کە پێناسەی دەسهاتی کەس یان مەزرینگەیەکە لە لایەن وەزارەتی داراییەوەیە.

**کد پستی:** کودی پۆستی؛ ژمارەی پێناسەی جێوشوێنی پۆستی.

**کد ملی:** ژمارەی نەتەوەیی؛ ژمارەی پێناسەی کەسێک لە وڵاتێکدا.

**کدام**[1] / kodām/: *صفت.* کام؛ کامە؛ کێهە؛ کیک؛ کیشک؛ کیژان؛ کیژک؛ هەرامە؛ وشەیەک بۆ ناسینەوەی ئەندامێکی نێو کۆمایەک ‹کدام کتاب را دوست دارید؟: لە کامە کتێب خۆشتان دێ؟›.

**کدام**[2] / ـها/: *ضمیر.* کامە؛ کام؛ کێهە؛ کێهە؛ کامەتا؛ کامەتە؛ کامەتانێ؛ کامەتانی؛ کیژان؛ کیژک؛ کیشک؛ کانجی؛ کامدەر؛ کامدەری؛ چێش؛ کای؛ کیژ؛ وشەی پرسیار بۆ ڕوون بوونەوەی دۆخی شتێ یان کەسایەتی کەسێک ‹کدام را دوست دارید؟: کامەتان خۆش ئەوێ؟›.

**کدامین** / kodāmîn/: *صفت. [ادبی]* کێها؛ کێهانه؛ کێهه‌یان؛ کیژکی؛ کامه؛ کاجین؛ کیشکا؛ کامیان؛ هه‌رامه؛ کام یه‌ک له چه‌ند شت یان که‌س ‹به کدامین گناه کشته شدی؟: به کیها تاوان کوژرای؟›.

**کدئین** / kode'în/: [فرانسوی]/سم. *[شیمی]* کودیئین؛ بلۆرئاسایه‌کی مه‌یله‌و سپیه له خاشخاش ده‌گیرێ، سڕ ده‌کا و ده‌رمانێکی کۆخه‌یه: **کودئین**

**کدبانو**[1] / kadbānû ، ـها؛ ـان/: /سم. کابان؛ که‌یوانوو؛ که‌یوانه؛ که‌یبانوو؛ که‌وانوو؛ که‌بانوو؛ که‌یوان؛ که‌بان؛ که‌ڤانی؛ کێڤانی؛ کێڤانیه؛ که‌بانی؛ داشیار؛ به‌رمالّه؛ زه‌ریان؛ سه‌ره‌ژن؛ سه‌لار؛ بنه‌وان؛ بناوان؛ بنه‌وانه؛ خاتوونێ که به‌ڕێوه بردنی مالّی له ئه‌ستۆیه ‹کدبانوی خانه در مسافرت بود: کابانی مال له سه‌فه‌ر بوو›.

**کدبانو**[2]: *صفت.* کابان؛ که‌یبانوو؛ که‌وانوو؛ که‌بانوو؛ کێنوو؛ که‌یوان؛ که‌بان؛ که‌ڤانی؛ کێڤانی؛ کێڤانیه؛ که‌بانی؛ داشیار؛ زه‌ریان؛ به‌رمالّه؛ سه‌ره‌ژن؛ سه‌لار؛ بنه‌وان؛ به توانا و لێزان له مالّداریدا ‹سارا باید خیلی کدبانو باشد: ده‌بێ سارا کابانی چاک بێ›.

**کدخدا** / kadxodā ، ـها؛ ـیان/: /سم. قوێخا؛ کوێخا؛ قێخا؛ قه‌یخا؛ که‌یخا؛ کیخا؛ کێخوا؛ که‌یخوا؛ که‌یخودا؛ که‌دخودا؛ کێخا؛ کخی؛ کۆخه؛ که‌فخوێ؛ که‌فخۆی؛ قۆخا؛ کۆخا؛ که‌یا؛ که‌هیا: ۱. سه‌رگوند؛ میره؛ توشمال؛ کاربه‌ده‌ستی گوند بۆ به‌ڕێوه بردنی کاری خه‌لک ۲. *[کنایی]* ڕیش‌سپی؛ ڕیسپی؛ ڕی‌چه‌رموو؛ ڕیش‌چه‌رموو؛ ڕیش‌چه‌رمه؛ ڕیچه‌رمگ؛ که‌لو؛ پیره‌باب؛ که‌سێ که به هۆی پشووداڕیژی، لێزانی و توانایی له چاره‌سه‌رکردنی گیر و گرفتان، دراوسێ و هاوکار و خزمان، هه‌موو قسه‌ی لێ‌ده‌بیستن.

**کدخدائی** / kadxodā'î/ ☜ **کدخدایی**

**کدخدامنشی** / kadxodāmanešî ، ـها/: /سم. ڕیش‌سپیه‌تی؛ شێوازی به‌ڕێوه بردنی کار، لابردنی ناکۆکی و چاره‌سه‌رکردنی گیر و گرفت له ڕێگه‌ی سپاردنی به بیر و ڕای پیره‌بابان و ڕیش‌سپیان ‹اختلافها را با کدخدامنشی حل می‌کنند: ناکۆکیه‌کانیان به ڕیش‌سپیه‌تی چاره‌سه‌ر ده‌که‌ن›.

**کدخدایی** / kadxodāyî/: /سم. کوێخایه‌تی؛ قێخایی؛ قوێخایه‌تی؛ کخیتی؛ کێخاگه‌ری: ۱. دۆخ یان چۆنیه‌تی کوێخا بوون ۲. پیشه‌ی کوێخا * **کدخدائی**

**کدر** / keder, kader/:[عربی] *صفت.* لێل؛ خه‌ور؛ غه‌ور: ۱. مات؛ دۆخ یان چۆنیه‌تیێ که تیشکی لێوه تێپه‌ڕ نه‌کا ‹رنگ کدر؛ شیشه‌ی کدر: ڕه‌نگی لیل؛ شیشه‌ی مات› ۲. شلۆێ؛ شێلوو؛ شلوو؛ تێگل؛ شیلۆ؛ شێلو؛ لیخناو؛ به‌بێ زولالی پێشوو ‹هوای کدر؛ آب کدر: هه‌وای لیل؛ ئاوی شلوی›.

**کدرم** / kodrom/: /سم. *[قدیمی]* داروجان؛ داڕووجان؛ دانه‌وێله‌یه‌کی وه‌ک هه‌رزن که له کێڵگه‌ی برنجدا ده‌ڕوێ.

**کدری** / kederî, kaderî/: [عربی]/سم. لێلی؛ ناڕۆشنی؛ ماتی؛ دۆخ یان چۆنیه‌تی تیشک لێوه تێپه‌ڕ نه‌کردن.

**کدری** / kodarî/: [؟]/سم. کووده‌ری؛ چه‌شنێ پارچه‌ی به‌نی نه‌رم که زۆرتر بۆ ژێرپۆشی ژنانه و به‌رگی منداڵان به کار ده‌ڕوا: **کودری**

**کدگذاری** / kodgozārî ، ـها/: [فرانسوی/ فارسی] /سم. کار یان ڕه‌وتی کود لێدان؛ کود لێنان: ۱. دانانی کود بۆ شتێک ۲. ئاگاداری به کود ده‌رهێنان.

**کدو** / kadû ، ـها/: /سم. که‌دوو؛ کدوو؛ کودی؛ کودوو؛ کوو؛ کوی؛ کووی؛کووله‌که؛ گوندۆر؛ کولندر؛ کولند؛ کولنده‌ر؛ کوله‌نده‌ر؛ کولیندک؛ کولند؛ قولند؛ قه‌باخ؛ کوندر؛ کوندڕ؛ کریتی؛ کوندک؛ قوندک: ۱. گیای ئالیکی به چه‌ن جۆری جیاواز، ساقه‌تی خزۆک و به‌ری

درشتەوە ۲. بەری ئەو گیایە کە بە کولاوی یان سوورەوەکراوی دەخوریت.

▣ **کدوی تخم:** کەدووی تووە؛ چەشنێ کەدوو بە گەلای گەورە و ساقەتی ئەستوورەوە کە تۆمەکەی دەخۆن.

**کدوی دلمە:** کۆسە؛ کووسە.

**کدوی سفید:** کودوو بەرووڵە؛ کودوو هاروێ؛ کووڵەکە چەرمە؛ چەشنێ کەدووی خۆراکی وەک خەیار کە بە کاڵی سپیە: **کدوی مُسمّایی**

**کدوی قلیانی:** کەدووی قلیانی؛ چەشنێ کەدوو کە سەرێکی باریک و سەرێکی پان و لە ناوەڕاستەوە وەکوو گۆزە تەسک بۆتەوە.

**کدوی مُسمّایی** ☜ **کدوی سفید**

**کدوئی** / kadûʾî/ ☜ **کدویی**

**کدوتنبل** / kadûtambal, -tanbal/ ☜ **کدوحلوایی**

**کدوحلوائی** / kadûhalvāʾî/: [فارسی/ عربی] ☜ **کدوحلوایی**

**کدوحلوایی** / kadûhalvāyî ، ـها/: [فارسی/ عربی]/سم. کووڵەکە؛ کووڵەکێ؛ کووڵەکەسەراوی؛ مقەور؛ کدووبارزانی؛ کوندکێ ئاڤی؛ شاقەباغی؛ شاقەپاغی؛ کوندرێ میرانی؛ جۆرێ کەدووی پێست ئەستووری زەرد یان مەیلەو نارنجی، هێندێک شیرین و ناوهڵوڵی پڕ لە تۆمی سپی و چەور: **کدوتنبل؛ کدوحلوائی**

**کدورت** / kudûrat, kodûrat/: [عربی]/سم. ۱. لێڵی؛ ماتی؛ شلوێیی؛ لیخنی؛ تێگڵی؛ دۆخ یان چۆنیەتی لێڵ بوون ‹کدورت آب؛ کدورت رنگ: لیلی ئاو؛ ماتی ڕەنگ› ۲. ـها/[مجازی] ناکۆکی؛ نێوانناخۆشی؛ دڵئێشاوی؛ ئازراوی؛ نقاری؛ قاری ‹سعی کردم از ایجاد کدورت جلوگیری کنم: تێکۆشام بەر بە ناکۆکی بگرم›.

**کدویی** / kadûyî/: صفت. کووڵەکەیی؛ کەدوویی؛ کدوویی؛ کوندکی؛ کووڵەکەیی؛ بە شێوە و بیچمی کووڵەکە ‹کلەی کدویی: سەری کووڵەکەیی›: **کدوئی**

**ـ کده** / kade/: پسوند. ـگا؛ ـگە؛ ـگەھ ؛ ـکەدە؛ ـ خانە؛ ـکات؛ جێگای شتێ ‹آتشکده؛ میکده: ئاتەشگا؛ مەیخانە›.

**کذا** / kazā/: [عربی] قید. ئاوها؛ ئاوەها؛ ئاوا؛ وا؛ وەی؛ وە؛ ئەمجۆر؛ بەو چەشنە؛ بەم جۆرە؛ پیسە؛ پێسە؛ وەوتۆ؛ هێدینا.

**کذائی** / kazāʾî/: [عربی] ☜ **کذایی**

**کذاب** / kazzāb ، ـان؛ ـین/: [عربی] صفت. [ادبی] فیشاڵباز؛ تۆپچی؛ کەرزک؛ قرکەر؛ قڕۆنەک؛ قڕۆکەر؛ قڕقڕە؛ دەرەوین؛ دەرەوچین؛ هۆفاڵ؛ ڕاستنەبێژ؛ یەکجار درۆزن.

**کذایی** / kazāyî/: [عربی] صفت. ئاوهایی؛ ئاوەهایی؛ وەهایی؛ خۆی وەک خۆی: **کذائی**

**کذب** / kezb/: [عربی] صفت. [ادبی] درۆ؛ دروو؛ دروێ؛ درەو؛ درۆی؛ قڕ؛ قڕی؛ قرکا ‹سخنان کذب: قسەی درۆ›.

**کر**[1] / kar ، ـها؛ ـان/: اسم. ۱. کەڕ؛ کەهەڕ؛ کەهەڕۆ؛ کڕێڵ؛ گوێکپ؛ نەژنەو؛ نەبیس؛ کەڕکاس؛ کەسێ کە هەستی ژنەوایی کار ناکا.

▣ **کر مصلحتی:** خۆ (بە) کەڕ کردوو؛ خۆ لە کەڕی داو؛ کەسێ کە لە کاتی پێویست وا نیشان دەدا کە نابیسێ یان نەیبیستووە.

**کر**[2]: صفت. کەڕ؛ کەهەڕ؛ نەژنەو؛ نەبیس؛ بەبێ توانایی بیستن.

**کر** / kor/: ۱. [عربی] ☜ آب کر، **آب** ۲. [فرانسوی] ☜ **هَمسَرایی**

**کرات** / karrāt/: [عربی] جمعِ ☜ **کَرَّت**

▣ **به کرات:** زۆر جار؛ زۆر جاران؛ فرە ڕا؛ فرەوجارا؛ زۆر کەڕەت؛ گەلەک چەلان؛ بە شێوەی پەیتا ـ پەیتا ‹به کرات او را دیدهام: زۆر جار بینیومە›.

**کرات** / korāt/: [عربی] جمعِ ☜ **کُرە**

**کراتین** / kerātîn/: [فرانسوی]/اسم. [زیستشناسی] کراتین؛ ماکی سفت و ڕەقی نینۆک، شاخ، موو،

پەڕ و بەشێک لە ددانی مۆرغەداران.

**کراراً** / kerāran/: [عربی] *قید.* زۆر جاران؛ زۆر جار؛ فرە ڕا؛ جار لە دووی جار؛ پەیتا ـ پەیتا؛ لە پەستا.

**کراشیدن** / karāšîdan/: *مصدر. متعدی. [قدیمی]* شێواندن؛ تێکدان؛ پەرۆش کردن؛ پەرێشان کردن؛ پەشۆکاندن؛ پەشۆکنەی.

**کراکینگ** / kerākîng/: [انگلیسی]/*اسم. [شیمی]* کراکینگ؛ کار و ڕەوتی شکاندنی مولکوولێکی گەورە و بەرهەم هێنانی چەند مولکوولی چکۆلە.

**کرال** / kerāl/: [انگلیسی]/*اسم.* باسکەمەلە؛ مەلەباسکە؛ باسکە؛ کرال؛ خێراترین مەلەیە کە هەر جارە دەستێک لە پشتەوە لە ئاو دێتە دەر و لە پێشەوە دەچێتەوە نێو ئاو و هاوکات پێ لە بن ڕانەوە پەیتا ـ پەیتا لە سەر ئاوەکە دەبزوێ.

**کرام** / kerām/: [عربی] *صفت. [ادبی]* پایەبەرز؛ بەڕێز؛ ڕێزدار؛ خاوەن شان و شکۆ ‹مهمانان کرام: میوانانی پایەبەرز›.

**کرامات** / kerāmāt, karāmāt/: [عربی] جمعِ **کِرامَت** ☜

**کرام الکاتبین** / karāmolkātebîn/: [عربی]/*اسم. [اسلام]* فریشتەی سەر شانان؛ فریشتەی سەر دوو شان؛ ئەو فریشتانە کە کاری چاکە و خراپەی هەر کەسێک تۆمار دەکەن ‹تو پنداری که بدگو رفت و جان برد؟/ حسابش با کرام‌الکاتبین است: تۆ پێت وایە خراپەبێژ بۆی دەرچوو؟/ کاری لە لای فریشتەی سەر شانانە›.

**کرامت** / kerāmat, karāmat/، ـها: کرامات/: [عربی]/*اسم.* ۱. پایەبەرزی؛ بڵێندپایەیی؛ گەورەیی؛ مەزنی؛ مازنی ۲. بەخشش؛ بەخششت؛ گیهەڤ ۳. کەرامەت؛ کەشف؛ کاری نائاسایی و سەرسووڕێنەر کە لە پیاوچاکان دەبێتەوە.

**کران** / karān, kerān/ ☜ **کرانه**

▣ **کران تا کران**: ئاقار ـ ئاقار؛ پەڕانپەڕ؛ ئەمپەڕ تا ئەوپەڕ؛ ئیسەر تا ئەوسەر؛ ئیپەڕ و ئەوپەڕ؛ ئەمپەڕ و ئەوپەڕ؛ زنار ـ زنار؛ هەلار ـ هەلار؛ لەم سنوورەوە تا سنووری ئەوپەڕ ‹کران تا کران از جنگل پوشیده بود: ئاقار ـ ئاقار لە جەنگەڵ داپۆشرابوو›.

**کراندار** / karāndār, kerān-/: *صفت.* بە پەرێز؛ ئاقاردار؛ بە ئاقار؛ بە سنووی دیاریکراوەوە.

**کرانماسه** / karānmāse, kerān-، ـها/: *اسم.* کەرساخ؛ تەپۆلکەیەک لە ماسەی دەریا کە لە کاتی داکشەدا دەردەکەوێ.

**کرانه** / karāne, kerāne، ـها/: *اسم.* کەنار؛ کەناوە؛ قەراغ؛ قەراخ؛ لێوار: ۱. لێڤک؛ پەڕ؛ خالی کۆتایی یان جێگای کۆتایی هاتنی شتێ ۲. هێش؛ کەرخاو؛ بەستێن؛ بەستۆڕە؛ هیشی؛ ڕۆخ؛ لێوارە؛ ڕەخ؛ سنووری ئاو لەگەڵ وشکانیدا ✻ **کران**

**کرانه‌ای** / karāne'î, kerāne'î/: *صفت.* لێواری؛ بەستێنی؛ کەرخاوی: ۱. سەر بە/ سەبارەت بە قەراخی ئاو ۲. *[زیست‌شناسی]* بەستۆڕەیی؛ هێشی؛ نیشتەجێ یان تایبەتی ناوچەی نێزیک بە کەرخاو (لە گیا و گیانەوەر).

**کراوات** / k(e)rāvāt، ـها/: [فرانسوی از آلمانی] *اسم.* بەندک؛ کراوات؛ کەراوات؛ بۆینباخ؛ کەرەوێتە؛ پارچەی باریک و درێژی تایبەت پیاوان کە بۆ جوانی بە دەوری ملیەوە دەبەستن و لە ژێر یەخەی کراسەوە گرێی دەدەن تا لە پێش سینەوە ئاوێزان ببێ.

▣ **کراوات زدن**: کەراوات بەستن؛ بەندک لێدان ‹کراوات آبی زده بود: کەراواتی شینی بەستبوو›.

**کراهت** / karāhat, kerāhat/: [عربی]/*اسم.* دڵنەخوازی؛ ناپەسندی؛ کرێتی؛ کەرخ؛ فرۆز؛ پێناخۆشی؛ پێتاڵی.

▣ **کراهت داشتن**: ۱. کەرخین؛ کەرخ بوون؛ بێزار بوون؛ پێتاڵ بوون؛ پێخراپ بوون

۲. *[اسلام]* مەکرووه بوون؛ کرێت بوون؛ نارەوا بوون.

**کرایه** / kerāye ، ـها/: [از عربی]/*اسم.* کرێ؛ کرایه؛ کراهـا؛ کرهـا؛ کـەرها؛ کـرا؛ ئیجـاره؛ ئیجـار؛ پارەیەک کە لە بایی کەلک وەرگرتن لە شتێک بە خاوەنی دەدرێ.

▣ **کرایـه دادن:** کـرێ دان؛ کرایـه دان؛ کراهـه دان: ۱. بە کرێ دان؛ مافی کەلک وەرگـرتن لە شتێک بۆ ماوە یان کارێ لە بری پـارە بـە کەسێک دان ‹بە بچەها کتـاب کرایـه مـی‌داد: بـه منـدالان کتـێبی کـرێ دەدا› ۲. دانی پـارەی دیاریکراو ‹کرایه تاکسی را دادم و پیاده شدم: کـرێ تاکسیەکەم دا و دابەزیم›.

**کرایه کردن:** کرێگرتن؛ بە کرێگرتن؛ کرایه کردن؛ کراهەگرتن؛ کرها کردن؛ مافی کەلک وەرگرتن لە شتێک کە هی یـەکێکی‌تـرە، بـە دانی پارەیەک بۆ کار یان ماوەیەکی دیاریکراو بە دەست هێنـان ‹یـک ماشـین کرایـه کـردیم و رفتیم بانه: ماشینێکمان بە کرێ گرت و چووین بۆ بانه›.

**کرایه گرفتن:** کرایـه سـەندن؛ کـرێ سـاندن؛ کراهە سانەی؛ وەرگرتنی کرایه؛ بـه سـەندنی پارەیەک، مافی کەلک بردن لـه شـتێک، بـۆ کار یان ماوەیەک بـه کەسـێک دان ‹راننـده از من کرایه نگرفت، گفـت: حسـاب شـده: شـۆفیرەکە کرێی لێ نەساندم، گوتی: دراوە›.

**کرایه‌ای** / kerāye'î/: [از عربی] *صفت.* کرایـەیی؛ بە کرها؛ کراهەیی: ۱. بە کرها گیراو ۲. شیاوی کرێگرتن ‹تمام ظرفها کرایه‌ای بودند: تـەواو قـاپ و قاچاخەکان کرایەیی بوون›.

**کرایه‌خانه** / kerāyexāne ، ـها/: [از عربی/ فارسی] *اسـم. [گفتـاری]* کـرێمـال؛ کرایـەمال؛ کرایانـه؛ کراهەیانه؛ پارەیـەک کـه لـه بـری کرێـی مـال دەسێندرێ یان دەدرێ ‹دو مـاه اسـت کرایـه‌خانـه عقب افتاده: دوو مانگە کرێمالەکە کەوتۆتە دواوە›.

**کرایه‌نشین** / kerāyenešîn ، ـها؛ ـان/: [از عربـی/ فارسی]/*اسم.* کرێنشین؛ کرانشـین؛ کرێهانشـین؛ کرێگـرتی؛ کرێگرتـه؛ کرێچـی؛ ئیجارەنشـین؛ مالگر؛ کەسێ کە لە خانووی ئیجارە دادەنیشێ.

**کرباس** / karbās/: *اسـم.* جـاوگ؛ جـاو؛ جانـگ؛ کرواس؛ پارچەی بـەنی درشـتچـن و زبـر کـه زۆرتر بە دەسگای دەستی دەچنرێ.

▣ **سر و ته یک کرباس بودن** ☜ **سر و ته**[1]

**کرباس‌محلـه** / karbāsmahalle ، ـها/: [فارسـی/ عربی]/*اسم. [کنایی]* گۆڕستان؛ قـەبران؛ قەورسـان؛ زیارەتان.

**کربشه** / karbaše/ ☜ **مارمولک**

**کـربن** / karbon/: [فرانسـوی]/*اسـم.* کـەربون؛ توخمی کیمیاوی ناکانزا، بە ژمارەی ئەتومی ٦ و کێشی ئەتومی ۱۲,۰۱۱، کە بـه شـێوەی چەنـد بیچمـی جۆراوجـۆر (وەک ئەلـماس، گرافیـت، خەلووز و دووده) پەیدا دەبـێ. کـەربون تـوخمی سەرەکی ژیانی گیا و گیانەوەرە: **کاربن**

▣ **کربن دیوکسید** ☜ دیوکسید کربن، **دیوکسید کربن منوکسید** ☜ منوکسید کربن، **منوکسید**

**کربنیفـر** / karbonîfer/: [فرانسـوی]/*اسـم.* کەربونیفر؛ چوارەمین خـولی دەورانی هەوەڵـی زەوی‌ناسـی. لـەم خولـەدا چـینی خەلـووز بەدی‌هات: **کربُونیفر**

**کربور** / karbûr/: [فرانسوی] ☜ **کاربید**

▣ **کربور کلسیم** ☜ کاربید کلسیم، **کاربید کربور هیدروژن** ☜ **هیدروکربون**

**کربولیک اسید** / karbolîkasîd/: [فرانسوی] ☜ **فِنُل**

**کربونیفر** / karbonîfer/: [فرانسوی] ☜ **کَربُنیفر**

**کربوهیـدرات** / karbohîdrāt/: [انگلیسـی] ☜ هیدرات کربن، **هیدرات**

**کرپ** / kerep/: [فرانسوی]/*اسم.* کریـپ؛ کرێـپ؛ چەشنێ پارچەی زبری لۆچ و پۆچ کە زۆرتـر لـه هەورێشم (سروشتی یان دەسکرد) دەیچنن.

www.perawipepwle.com


**کرت** / kart ، ـها/: *اسم.* کردو؛ کەرد؛ کەرت؛ کەتو؛ پارگە؛ پارکە؛ دوکان؛ گەلیش؛ گۆل؛ قارخ: ۱. پەلە؛ تەختەزەوی؛ بەشێ لە زەوینی کشت و کاڵ کە دەوراندەوری بە دیوارێکی خاکی نزم لە بەشەکانیتری جیا کراوەتەوە ۲. گۆلەمەرزە؛ لامە؛ دیوارێکی خاکی نزم کە بۆ جیا کردنەوەی داهاتی جۆراوجۆر یان ئاودێری بەشگەلی جیاوازی باخ یان مەزرایەک دامەزراوە.

**کرت** / karrat ، ـها؛ کرّات/: [عربی]/*اسم. [ادبی]* جار؛ کەرەت؛ کەشە؛ ڕا؛ گلە؛ گلۆنگ؛ کووڵ؛ ڕەو؛ تەنگ.

**کرتاسە** / k(e)retāse/: [فرانسوی]/*اسم.* کرتاسە؛ سێیەمین دەورە لە دەورانی دووهەمی زەوی‌ناسی.

**کرت‌بندی** / kartbandî ، ـها/: *اسم.* کەرت‌بەندی: ۱. کار و ڕەوتی تەختەتەختەکردنی زەوی کشتوکاڵ (باخ، بێسان و...) بە کەرتی جودا-جودا ۲. کاری دروست‌کردنی کەرت لە پەلە زەمینێکدا.

**کرتن** / kretan/: [؟] ☜ **کرتین**

**کرتن** / korton/: [انگلیسی]/*اسم.* ماکێ کە لە کورتیزۆنەوە بەرهەم دێ: **کورتن**

**کرتنیسم** / kretanîsm/: [؟] ☜ **کرتینیسم**

**کرتیزون** / kortîzon/: [فرانسوی]/*اسم. [فیزیولژی]* ماکێ کە لە لووی سەر گورچیلەوە دەدەلێ: **کورتیزون**

**کرتین** / kretîn/: [؟]/*اسم. [پزشکی]* باوەقۆرەت؛ باواقۆرەت؛ کریتین؛ تووشیاری نەخۆشی کرتینیسم: **کرتَن**

**کرتینیسم** / kretînîsm/: [؟]/*اسم. [پزشکی]* کرتینیسم؛ نەخۆشی کورتەبالا و بیرشاش مانەوە بە هۆی کار نەکردنی لووی تیرۆئید: **کرتنیسم**

**کرجی** / karacî ، ـها/: *اسم.* قوفە؛ قوفە؛ کەرەجی: ۱. کەشتی پاروویی چکۆلە ۲. لۆتکەی گەورە.

**کرچ** / korč/: *صفت.* کڕ؛ کڕە؛ وەکڕ؛ کڕکەفتە؛ کڕکەوتوو؛ کڕکەوتە؛ کەرک؛ قورک؛ کورک؛ قورپ؛ قەپک؛ بە دۆخ یان چۆنیەتی کڕی ‹مرغ کرچ: مریشکی کڕ›.

▣ **کرچ بودن**: کڕ بوون؛ وەکڕ/ قورک/ کورک/ قورپ بوون؛ قورمین؛ کڕکەوتەی؛ کڕ بیەی؛ ئامادەی لە سەر هێلکە هەڵنیشتن. هەروەها: **کرچ شدن**

**کرچال**/ korčāl/: [؟]/*اسم.* کورچاڵ؛ ڕێوڕەسمی کەوتنە نێو جێگە و گوایە لە ئێش نالاندنی مێرد لە کاتی زاییندا ژنەکەیدا، کە لە ناو تاقمێ هۆزدا باوە.

**کرچک** / karčak ، ـها/: *اسم.* گەرچەک؛ کەلال؛ گەرچە؛ گەنەک؛ گەنەی؛ کڕنگ؛ کرنی؛ کڕنووک؛ کرنوو؛ کرچک؛ کەرچەک؛ گێنە؛ گیایەکی گەلا پەنجەی گوڵهێشووی میوە درکاویە کە تۆمێکی چەوری هەیە و ڕۆنێکی تایبەتی لێدەگرن.

**کرچی** / korčî/: *اسم.* کڕی؛ کورکی؛ تەیاری گیانەوەری هێلکەکەر (وەکوو مریشک) بۆ لە سەر هێلکە نیشتن و هەڵێنانی.

**کرخ** / kerex/ ☜ **کرخت**

**کرخت** / kerext/: *صفت.* سڕ؛ قەسر؛ قەڕس؛ قەسف؛ قەڕم؛ قەڕمتی؛ کەسیرە؛ قوتف؛ قەیسەر؛ قولف؛ کەرخ؛ تەزیو؛ پەنج؛ کونگ؛ دۆخی هەست و جوولە لێبڕان ‹دستهایم از سرما کرخت شده بود: دەستم لە سەرما سر ببوو›: **کرخ**

▣ **کرخت شدن**: تەزان؛ تەزین؛ کەرخ بوون؛ لە گۆ چوون(لە سەرمان)؛ قەسرین؛ قەسران؛ قەڕمتین؛ قەڕسین؛ قەڕسان؛ قوفلین؛ قەفالتن؛ قوتفین؛ تەزین؛ گوت بوون؛ سڕ بوون؛ قولفین؛ قەسفین؛ قەفلان؛ قەفلین؛ قەیسەر بوون؛ هەست و جوولە لێبڕان (زۆرتر

بۆ دەست و پێ دەگوترێ).

**کرختی** / kerextî /:/سم. داهێزراوی؛ سڕی: ۱. کەرخی؛ قەڕسی؛ قەڕمتی؛ چۆنیەتی خاو بوونەوە یان لە جم و جوول کەوتن بۆ تاوێک ۲. وڕی؛ گێژی؛ کاسی؛ دۆخی هەست لێبڕان و هۆش نەمان.

**ــ کرد** / kard, kerd /: *پیواژە.* ــکرد؛ ـکەرد؛ ئەنجامدراو ‹دیرکرد: دێرکرد›.

**کرد** / kord /:/سم. کورد: ۱. هۆزی سپی‌پێستی، زاگەبەری نێوچۆمان و دەوروبەری ۲. ـها؛ ـان؛ أکراد/قدیمی/ هەر یەکە لە کەسانی هۆزی کورد.

**کردار** / kerdār /:/سم. کردەوە؛ کردار؛ ئاکار؛ کەردە: ۱. خوو؛ ڕەوشت؛ کرگار؛ ئەوی لە کەسایەتی، هەست، خۆ یان بیر و بۆچوونی کەس یان تاقمێک لە بەر چاوە ‹کردار نیک: ئاکاری باش› ۲. ـها/[ادبی] کار؛ ئیش.

▣ **کردار کسی را درآوردن:** *[مجازی]* کەسێک گیانەسەر کردن ؛ باوک کەسێ دەرهاوردن؛ کەسێک ئاراندن و تووشی زەحمەت‌کردن ‹کردار مرا درآورد تا درست شد: گیانەسەری کردم تا دروست بوو›.

**کردارپریشی** / kerdārparîšî /:/سم. *[روان‌شناسی]* ئاکارئاڵۆزی؛ نەمان یان کەم بوونەوەی توانایی جوولاندنەوەی هاوسەنگی ئەندامان: **آپراکسی**

**کردارشناسی** / kerdāršenāsî /:/سم. ئاکارناسی: ۱. لقێک لە زانست کە لە سەر ئاکاری مرۆڤ و چۆنیەتی بەدیهاتن و گووڕانی دەکۆڵێتەوە ۲. زانستی لێکۆڵینەوە لە ئاکاری گیانەوەران. هەروەها: **کردارشناس**

**کردبیات** / kordbayāt /: [کردی/ ترکی؟]/سم. بەیاتی کورد؛ گۆشەیەک لە موسیقای ئێراندا.

**کردگار** / kerdegār /:/سم. *[ادبی]* کردگار؛ بینایی چەهفان؛ خواوەن؛ خوا؛ خودا.

**کردن**/ kardan /: *مصدر. متعدی. لازم.* // **کردی:** کردت؛ **می کنی:** دەکەی؛ **بکن:** بکە// کرن؛ کەردەی؛ کەردش: □ *متعدی.* ۱. کاری هاوکرد: *الف)* ئەنجامدانی کارێک ‹کار کردن؛ دعوا کردن: کار کردن؛ شەڕ کردن› *ب)* لە دۆخێکدا دانان ‹خراب کردن: خراپ کردن› *ج)* ئەرکێ لەمەڕ کەسێکەوە ئەنجامدان ‹پدری کردن؛ خدمت کردن: باوکی کردن؛ خزمەت کردن› *د)* پۆشین؛ کەردەینە ‹بە تن کردن: لە بەر کردن› هـ ) تێکردن؛ کردنە نێو دەفرێکەوە ‹کتری را پر کردن: کتری پڕ کردن› *و)* گۆڕان؛ کردنەوە؛ کەردەیرە ‹بزرگ کردن؛ پول خرد کردن: گەورە کردن؛ پوول وردکردنەوە› *ز)* کردنەوە؛ ئەوەکەردەی؛ کات بە سەر بردن؛ ڕابواردن ‹شب را روز کردن: شەو بە ڕۆژ کردن› ۲. *[مستهجن]* سەرجێیی‌کردن؛ گان‌کردن □*لازم* ۳. کاری هاوکرد: *الف)* بە دۆخ یان حالەتێک دەرهاتن ‹تب کردن: یاو کردن› *ب)* دەرکردن؛ خستن ‹خستگی درکردن؛ تیر درکردن: ماندوویەتی دەرکردن؛ تیر هاویشتن› *ج)* دووپاتەکردنەوە ‹خدا ـ خدا کردن: خودا ـ خودا کردن› *د)* لە لایەک گیرسانەوە ‹به کسی رو کردن: ڕوو کردن به کەسێ›. هەروەها: **کردنی**

■ صفت فاعلی: **کُننده** (ــ)/ صفت مفعولی: **کرده** (کراو)/ مصدر منفی: **نکردن** (نەکردن)

**کرده** / karde ، ـها/:/سم. *[ادبی]* کردەوە؛ کردە؛ کەردە؛ کردار؛ کار؛ ئاکار ‹از کردەی خود پشیمان است: لە کردەوەی خۆی پەژیوانە›.

**کردی**[1] / kordî /:/سم. کوردی؛ دەستە زمانی نەتەوەی کورد، کە چەند وەچەزمانی جۆراوجۆری لێ دەبێتەوە و بریتین لە: ۱. کرمانجی باکوور بە زاراوەگەلی بادینی، بۆتانی، هەکاری، بایزیدی، شەمدینی، جزیری، قووچانی و... ۲. کرمانجی باشوور یان سۆرانی بە زاراوەگەلی موکوریانی، ئەردەلانی، بابانی، جانی و ... ۳. کلهڕی ـ لری بە زاراوەگەلی لەکی، فەیلی، بەختیاری و ... ٤. گۆرانی (هەورامی)ـ زازایی، ئەمیش بە چەند زاراوە و

زۆریٚ بن‌زاراوەوە.

**کردی**[۲]: *صفت.* کوردی؛ پێوەندیدار یان سەر بە نەتەوەی کوردەوە ‹لباس کردی: جل‌وبەرگی کوردی›.

**کرسان** / karsān/: *اسم. [قدیمی]* نانداٚن؛ نانداٚن؛ تەبەکی نان یان میوە.

**کرست** / korset ، ـها/: [فرانسوی] *اسم.* کورسیت: ۱. بەردلک؛ مەمکەبەند؛ مەمکبەن ۲. پۆشەنی چەسپئاسا بۆ بەرگری لە شل بوونەوە و داهێزانی ماسوولکە یان ئەندامانی لەش.

**کرسی** / korsî ، ـها/: *اسم.* کورسی: ۱. [چینی/ ژاپنی] قورسی؛ قورسین؛ کورسی؛ چوارپایەیێکی پان و کورت و چواربەر کە زستانان کوانووی لە ژێر دەنێن و لێفەی لە سەر دەخەن و لە ژێریدا خۆ گەرم دەکەنەوە ۲. [معرب از آرامی] ئەسکەملە؛ ئەسکەممەل؛ ئەسکەممەلی؛ چواربەن؛ چواربەندە؛ ئامێرێک بە چوار پایەوە بۆ دانیشتن لە سەری ۳. [معرب از آرامی] بوار یان وانەیەکی پسپۆری لە زانستگادا ‹کُرسی جامعەشناسی: کورسی کۆمەڵناسی› ٤. [معرب از آرامی] *[مجازی]* پایە؛ پێگە؛ جێگا؛ مەقام ‹کرسی وزرات: پایەی وەزارەت› ٥. [معرب از آرامی] *[قدیمی]* ناوەندی مەزرینگەیی پارێزگا یان شارێک ٦. [معرب از آرامی] دندان کرسی ☜ **دندان** آسیا، **دندان** ۷. هەند و درێژی پیت و نیشانەکانی زمان لە خۆشنووسیدا.

▣ **کرسی گذاشتن**: کورسی دانان؛ قورسی نیان؛ قورسین نیای؛ ئاماەکردنی قورسی بۆ گەرم کردنی ماڵ ‹زمستانها کرسی می‌گذاشتیم: زستانان کورسیمان دەنا›.

**حرف خود را به کرسی نشاندن** ☜ **حرف**

**کرشمه** / kerešme ، ـها/: *اسم. [ادبی]* گریشمە؛ گرشمە؛ کز و نیز؛ کاکشیر؛ کەشم و نەشم: ۱. خەمزە؛ عیشوە؛ هەنگ؛ قەمزە؛ چاوبازی؛ قەلبیر؛ قەلبیرە؛ قەهلدان؛ شاخ و بەڵەک؛ بزاوی بەنازی چاو و برۆ و ئەندامانی لەشی ژن، بۆ سەرنج ڕاکێشانی جنسی پیاو ۲. ناز؛ خنج؛ خنجکە؛ خنچکە؛ ئەدا؛ شەلەنگی؛ لەنجە و لار.

**کرشه** / kerše/: [ترکی؟] ☜ **کریشه**

**کرفس** / karafs ، ـها/: *اسم.* کەرەوس؛ کەرەوز؛ کەرووس؛ کەرفس؛ کەرەفس؛ کەرەسب؛ کەرەسپ؛ گیایەکی ئالیکی دوو ساڵە بە گەڵای بریقەدار و لقی ئەستوورەوە کە نەرم و بۆنخۆشە و دەخورێ.

**کرفش** / karafš/ ☜ **مارمولک**

**کرک** / karak/ ☜ **بلدرچین**

**کرک** / kork/: *اسم.* کولکە؛ کولک؛ کورک؛ کوورووا؛ کیرک: ۱. لوا؛ بەرگن؛ سالوق؛ هەری؛ هری؛ تەفتیک؛ تووک؛ بژ؛ مووی نەرمی بنی خوری و لەشی بەرخ و کاژیلە و کەرۆشک ۲. هەری؛ هری؛ سالۆق؛ تووک؛ موو یان وردەپەڕی نەرم و زۆر کورتی بالندە ۳. تووک؛ پرزی سەر تاقمێ لە گیا و میوە.

**کرکپر** / korkpar ، ـها/: *اسم.* کولکە؛ تووک؛ پەل؛ پەڕی زۆر ورد و نەرمێ کە هەموو جەستەی پەلەوەری داپۆشیوە و گەرمی دەکاتەوە.

**کرکر** / kerker/: *صوت.* پریکە؛ تریکە؛ تریقە؛ هیرـ هیر؛ هنگ؛ فیلکەفیلک؛ حیلکەحیلک؛ حیلکە؛ دەنگی نزمی پێکەنێنی درێژەدار.

**کرکره** / kerkere ، ـها/: *اسم.* دەڕابە؛ کڕکڕە؛ ئەڕابە؛ چەشنێ دەرگا یان پەردە کە بە دەوری خۆیدا دەپێچرێ یان لە سەر یەک کۆ دەبێتەوە.

**کرکره‌ای** / kerkere'î/: *صفت.* کڕکڕەیی؛ دەڕابەیی؛ بە بیچمی کڕکڕە ‹در کرکره‌ای: دەرگای کڕکڕەیی›.

**کرکری** / korkorî/: *اسم. [گفتاری]* شات وشووت؛ لاف‌وگەزاف؛ هاشەوهووشە؛ تڕ و تۆپ؛ فڕ و فیشاڵ؛ فیشار؛ خۆهەلکێشی؛ بافیش؛ وتەگەلێ کە لە پەسنی باشی و لێهاتووی خۆدا

دەگوترێن.

▣ **کرکری خواندن**: شات و شووت‌کردن؛ لاف و گەزاف کردن/ لێدان؛ بافیش‌کردن؛ خۆ هەلکێشان؛ بە خۆ خورین؛ هەلشنگاندن؛ هەلشلنگاندن؛ هەلشلێنگاندن ‹حالا هی کرکری بخوان، وقتی باختی می‌فهمی: ئێستە هەر شات‌وشووت کە، کە داتنا دەزانی›.

**کرکس** / karkas/:/سم. ۱. ☜ **لاشخور**[1] ۲. ـها؛ ـان/ سیسارک؛ سیسارگ؛ سیسالەک؛ سسارک؛ سیسالەک؛ سیسالک؛ سمسارک؛ سمیارک؛ سەرگەڕ؛ سیسارگەکەچەلە؛ سیسارکەکەچەلە؛ سیسالەکەکەرکەس؛ تاسکەچەلە؛ کەرگەز؛ کەپەنەکدال؛ کەچەلۆک؛ تەیرێ کەلەخا؛ بالندەیەکی لە تیرەی لاشخۆرە بەلام هێندێک گچکەتر بە پەڕی ڕەش و سپی و جووچکەی سێ‌سووچی سپی و دەندووکی کورت و ئەستوور و سەر و ملی ڕووتەوە.

**کرکف** / karkaf ، ـها/:/سم. کێفک؛ کێکف؛ کێکوو، کێکۆ؛ کاکیف؛ هەڤرستە کێوی؛ داڕێکی کوێستانی گەلا پەنجەیی وەک هەنجیرە.

**کرکم** / karkam/:/قدیمی/ ☜ **رنگین‌کمان**

**کرکی** / korkî/: صفت. ۱. کولکی؛ کورکی؛ دەرجەو؛ دەرجاو؛ بە هەودای شل و نەرم و تووکنەوە ‹پارچەی کرکی: پارچەی کولکی› ۲. مەرەز؛ چنراو لە کولک ‹شال کرکی: شالی مەرەز› ۳. کولکن؛ تووکن؛ تیسکن.

**کرکیت** / kerkît/:/سم. کەلکیت؛ کەرکیت؛ دەفە؛ هەپە؛ هەپک؛ کوویشک؛ شە؛ ئامرازی کانزایی شانەئاسا، پۆی تەونی پی دەکوتنەوە.

**کرگدن** / kargadan ، ـها/: [از آرامی]/سم. کەرگەدەن؛ کەرگەدەنگ؛ گیانەوەرێکی گیاخۆری زۆر زلە شاخێک یان دووی لە سەر کەپۆ هەیە، پێستی زۆر ئەستووە و دەیانکردە سپەر بۆ شەڕە شمشێر.

**کرگی** / korregî/:/سم. کوڕەگی؛ جانوویی (ئەسپ)؛ جاشی (کەر)؛ هۆلیەتی؛ دۆخ یان چۆنیەتی ساوا بوونی ڕەشەولاخ.

**کرم** / karam/: [عربی]/سم. [ادبی] ۱. پایەبەرزی؛ گەورەیی؛ گەورایی؛ مەزنی؛ مازنی؛ کەرەم ‹کرم بفرمایید و به داد ما برسید: گەورەیی بکەن و بگەنە فریامان› ۲. بەخشش؛ بەخششت؛ دەهندەیی؛ دلاوایی ‹کرم بین و لطف خداوندگار: چاو لە بەخشش و دلۆڤانی خودا›.

**کرم**[1] / k(e)rem ، ـها/: [فرانسوی]/سم. ۱. کرێم؛ پێکهاتەیەک بە شێوەی خامەی تازە کە وەکوو دەرمان یان ماکی ئارایشتی بە ئەندامێکیدا دەمالن ۲. خامە؛ هەویر یان تراوێک لە شیر، شەکر، عەتری خۆراکی و جارێ جاریش زەردێنەی هێلکە کە لە ئاشپەزی و شیرینی‌پەزیدا بە کاری دەبەن ۳. سبات؛ سپات؛ سپی‌واش؛ سپی‌واژ؛ کرێم؛ شەکەری؛ ڕەنگی زەردی ئامال سپی.

**کرم**[2]: صفت. سپات؛ سبات؛ سپی‌واش؛ سپی‌واژ؛ شەکەری؛ کرێم؛ بە ڕەنگی زەردی ئامال سپی.

**کرم** / kerm ، ـها؛ ـان/:/سم. کرم؛ کرمی؛ کەلم؛ کارم؛ کورم؛ قورم؛ کەرم: ۱. نێوی هەر یەکە لە جانەوەرانی بێ‌مۆرەغە بە لەشی نەرم و درێژەوە ۲. کورمل؛ ساوای بڕێ مێرروو کە وەک کرم وان.

▣ **کرم ابریشم**: تەتلەمیوە؛ کرمی ئاوریشم؛ کرمێکە لیکاوەکەی دەبێتە هەودای ئاوریشم.

**کرم خاکی**: کرمە سوورکە؛ کرمەسوورە؛ کرمی گل؛ گلەخۆرکە؛ گلخۆرکە؛ خاکلەوەرە؛ خاکەوەرە؛ کرمێکە لە بن خاکی شەدارا دەژی.

**کرم خوک**: تریشین؛ کرمی بەراز؛ جانەوەری ڕیخۆلەی گواندارانِ (بەتایبەت بەراز و مڕۆ).

**کرم رشته** ☜ **فیلاریا**

**کرم روده**: مەلە؛ گۆلال؛ گولالاگی؛ کرمی ڕیخۆلە؛ کرمی ناوزگ.

**کرم سبزی:** مەیرەک؛ هاڕپە؛ ترتڕە؛ کرمی دار و شینایی.

**کرم سنجاقی** ☜ **کرمک**

**کرم سیب:** لیس؛ قەرەونە؛ کرمینەی جۆرێ دار بیە، کە بگاتە میوەی کاڵی سێو، هەرمێ یان بەی، بەرەو تۆمەکەی دەڕوا و کرمۆڵی دەکا.

**کرم شباب** ☜ **شباب**[1]

**کرم کدو:** زووری؛ زەروو؛ کورمێ پەهن؛ کرمەپانە؛ مۆلک؛ مومار؛ مارمارک؛ کرمێکی پان و زۆر دریژە، چوار قولاوی بە سەرەوە، ئەگەر گەراکەی بگاتە ناوزگی گیانەوەر، لەوێدا خۆی دەگرێ و گەورە دەبێ.

**کرم میوه (نباتات):** گازیز؛ کرمی ناو دار و میوە.

▣ **کرم از خود درخت بودن:** *[کنایی]* هۆرەی دار/ پوازی دار لە خۆیەوە بوون؛ ئاسن بە ژەنگی خۆیەوە داڕزین؛ خۆ تاوانبار بوون ‹کرم از خود درخت است: هەرچیکمان بەسەر دێ تاوانبار خۆمانین، پوازی دار لە خۆیەتی›.

**کرم خوردن:** کرمۆڵ بوون؛ کرم خواردن؛ کرم لێدان؛ کرم تێدان؛ کرمۆلیەی؛ گەزنگاز بوونی شتێ بە هۆی کارتێکەری گیانەوەرانی وردیلە و چکۆلەوە (کرم، مێروو، باکتری) ‹یکی از دندانهایش کرم خورده بود: ددانێکی کرمول ببوو›.

**کرم داشتن:** کرم هەبوون؛ کرمن بوون؛کرم بیەی: ۱. *[نامتداول]* کرم/ جانەوەر لە زگدا هەبوون ۲. *[کنایی]* هار و هاج بوون و سەر نانە سەر هەر شتێک و هەر کەسێکەوە ‹مگر کرم داری یک دقیقه آرام نمی‌گیری؟: مەگەر کرمت هەیە کە ساتێک ناسرەوی؟›.

**کرم ریختن:** ۱. کرم خستن؛ کرم داوەراندن؛ لێبوونەوەی کرم بە بۆنەی دەرمان یان هەر هۆیەیەکی‌ترەوە ۲. *[کنایی]* خت دانە خت؛ ئازار گەیاندن؛ عەزیەت‌کردن؛ بۆ زیخاندنی کەسێک کاری ناڕەوا و ناشیرین کردن ‹آن‌قدر کرم ریخت کە صدای خواهرش را درآورد: ئەوندە ختی دایە خت خۆشکەکەی دەنگی دەرهێنا›.

**کرم کار بودن:** *[مجازی]* خورە/ خوەرەی کار بوون؛ کارامە و لێزان بوون ‹آرام کرم این کار است: ئارام خورەی ئەم کارەیە›.

**کرم کاری را داشتن:** *[مجازی]* خورە/ خوەرەی کاریێ هەبوون؛ سەر بۆ کاریێ خوریان؛ هۆگرەتی و دڵخوازی زۆر بە کارێک هەبوون ‹کرم این را دارد که هر چه به دستش افتاد بازش کند: خورەی ئەوەی هەیە کە هەر چی بگاتە دەستی بیکاتەوە›: **خورەی کاری را داشتن**

**کرم گذاشتن:** کرم تێدان؛ کرم هەڵێنان؛ کورمژین؛ کەرمجین؛ کەرمژین؛ کرم هۆرئاردەی؛ کرم داوەنەی؛ دەرکەوتنی کرم لە شتێکدا بە بۆنەی خراو بوونی ‹پنیر مانده کرم گذاشته: پەنیرەکە مابۆوە کرمی هەڵینابوو›.

**کرم** / k(o)rom/: [فرانسوی]/*اسم.* کورۆم؛ توخمی کیمیاوی کانزا، بە ژمارەی ئەتومی ۲٤ و کێشی ئەتومی ۵۱،۹۹، کانزایەکی زێوینی سپی، تورت و سەختە بۆ سفت‌کردنەوەی پۆلا و بەرگری لە ژەنگ لێدانی تێکەڵیان دەکەن و لە زۆر ئالیاژی‌تردا بە کار دەچێ، پێکهاتەکانی هەموو ژەهراوین: **کروم**

**کرم‌خوردگی** / kermxordegî/: *اسم.* کرمێونی؛ کرمۆڵی؛ کرمەژنی؛ کرم‌خواردوویی؛ کرم‌لێداوی؛ کرم‌تێداوی؛ دۆخ یان چۆنیەتی خەسار بوونی شتێ بە هۆی لێدانی باکتری یان بەچکەی بڕێ مێروو ‹کرم‌خوردگی درخت: کرم‌خوردگی دندان: کرمێونی دار؛ کرمۆلی ددان›.

**کرم‌خورده** / kermxorde/: *صفت.* کرمۆڵ؛ کرمێون؛ کرم‌خواردوو؛ کرمەژن؛ کرموژن؛ کرمەژەن؛ کرمەژەنە؛ کورمژ؛ کرمژنە؛ کەرمک؛ کرمێ؛ کەرمجین؛ کرماوی؛ کرمی؛ خەسار بوو

www.perawipepwle.com


به بۆنەی هەبوونی باکتری یان کرمەوە ‹ئەم سیبەیانە کرمخواردە را چرا خریدی؟: ئەم سێوە کرمولانەت بۆچی کڕیوە؟›.

**کرمک** / kermak / ـها/: /اسم/ ۱. فنتیل؛ سووپاپی لاستیکی دووچەرخە کە لە کاتی با تێکردندا خۆمەش باز و بەستە دەبێ و پێش بە دەرچوونی با دەگرێ ۲. کرمەک؛ کرمێکی چکۆلەی سپی‌ڕەنگە مێوینەکەی لە ڕێخۆلە گەورەی مرۆ بەتایبەت منداڵدا دادەمەزرێ: **کرمک** ۳. کرمۆکە؛ کرمی چکۆلە.

**کرم‌کارامل** / k(e)remkārāmel /: [فرانسوی] /اسم/ کرێم‌کارامیل؛ خواردنێکی سارد لە زەردێنەی هێلکە، شیر، کارامیل و وانیل دروست دەبێ.

**کرمکی** / kermakî /: *صفت. [مجازی، گفتاری]* ۱. گجگ؛ خاوەن خۆ و هۆگرەتی سەر نانە سەر دیتران و سەرنجیان بەرەو خۆ ڕاکێشان ۲. دەس‌نەوێساو؛ دەس‌نەوێسیاگ؛ زەرەردەر؛ بە هۆگرەتی خۆ لە شتێک دان و خراپ‌کردنی.

**کرمو** / kermû / ـها/: *صفت. [گفتاری]* پیت؛ کرمەژن؛ کرمژنە؛ کرمەژەن؛ کرمەژەنە؛ کارمژن؛ کرمۆل؛ کرمێ؛ کرمی؛ کرماوی؛ کرموو؛ کەرمک؛ کرم‌تێداو؛ کرم‌لێداو؛ کرمێون؛ کرموژن؛ کورمژ؛ کرمەڕێژ؛ کرم‌خواردوو؛ کرم تێکەوتوو ‹سیب کرمو؛ دندان کرمو: سێوی پیت؛ ددانی کرمەژن›.

**کرمینه** / kermîne / ☜ **لارو**

**کرنا** / karnā /، ـها/: /اسم. [موسیقی]/ بۆڕی؛ کەڕەنا؛ شەیپوور؛ سازێکی بایی دریژ و گرۆڤەر بەبێ شاسی کە دەنگێکی بەرز و گڕی هەیە.

**کرنج** / koranc /: /اسم. [قدیمی]/ گرنج؛ قورنج؛ زبر.

**کرند** / karand /، ـها/: /اسم/ ئاڵ؛ ئەسپێ کە ڕەنگی پێستی زەرد، خەنەیی یان قاوەیی ڕۆشنە.

**کرنر** / korner /: [انگلیسی]/اسم. [ورزش]/ سووچ؛ کورنیر؛ دۆخێک لە یاری فووتباڵدا.

**کرنش** / korneš /، ـها/: /اسم/ ۱. [ترکی] کڕنۆش؛ کورنووش؛ کورنوشت؛ کورنۆ؛ کورنوو؛ پانتە؛ سەرکۆپ؛ کاری داهاتنەوە و سەر دانەواندن بۆ ڕێزگرتن ۲. *[فیزیک]* گۆڕانی بیچم و بە یەکدا هاتنی تەنێک بە هۆی هێزێ کە بە سەریدا هاتووە.

**کروات** / k(o)rovāt /، ـها/: /اسم. کرۆوات: ۱. /ـها/ هەر یەکە لە کەسانی زاگەبەری کرۆواسی یان لە تۆرەمەیان ۲. هۆزێ لە ڕەچەڵەکی سڵاوی باشووری کە بە زمانی سیرب و کرۆوات قسە دەکەن.

**کروچ-کروچ** / korûčkorûč /: *صوت.* کرمەکرم؛ خرمەخرم؛ کرچەکرچ؛ کرتەکرت؛ دەنگێ کە لە داکرمینی شتی وشک و ڕەق بەدی دێ.

**کرور**[۱] / kurûr, korûr /، ـها/: [هندی]/اسم. کروور؛ کوللوور؛ پێنسەد هەزار.

**کرور**[۲]: *صفت.* کروور؛ کوروور؛ بە چەندیەتی یان هەندی پێنسەد هەزارەوە.

**کروشه** / k(e)roše, koroše /، ـها/: [فرانسوی]/اسم. کرۆشە؛ قوڵاو؛ نیشانەیەک بە وێنەی دوو خەتی ڕاستی چەماوە: [ ] کە: ۱. *[ریاضی]* بۆ تێخستنی چەند کەوان ۲. لە پەرتووکێکی وەرگێڕاودا، بۆ جێگای ئەوی وەرگێڕ لێی زیاد دەکا.

**کروفر** / karr-o-far(r) /: [عربی/ فارسی]/اسم. ۱. شات و شووت؛ نومایشی درۆینەی شان و شکۆ ۲. دەبەدەبەوکەبکەبک؛ دەبەدەبە و فورت؛ ئینجەوفینجە؛ تەنتەنەوسەنسەنسە؛ تەمتەراق؛ تەشریفاتی بە زەرق و بەرق.

**کروک** / kurûk, k(o)rûk /، ـها/: [روسی]/اسم. کوروک؛ میچی لە چەرم یان پارچە بۆ ماشین کە لەکاتی پێویستدا دەق دەبێ و خڕ دەبێتەوە.

**کروکودیل** / korokodîl, k(e)rokodîl /، ـها/: [فرانسوی]/اسم. تیمساح؛ کروکودیل.

**کروکی**[۱] / kurûkî, k(o)rûkî /، ـها/: [فرانسوی]

/سم. کرووکی؛ نەخشەیەک کە شوێن و دەور و بەری جێگایەک دیار دەکات ‹کروکی خانە؛ کروکی خیابان: کرووکی مال؛ کرووکی شەقام›.

**کروکی**[۲]: *صفت.* کرووکی؛ بە کرووک ‹اتومبیل کروکی: ماشینی کرووکی›.

**کروم** / k(o)rom/: [فرانسوی] ☜ **کُرم**

**کرومـــــاتوگرافی** / ko(e)romātografi/: [فرانسوی] *[شیمی]* کرۆماتوگرافی؛ شێوەیەک بۆ جیاکردنەوەی ماکی ناو تراوێکی تێکئالاو، بەپێی ڕەنگیان.

**کرومـــانیون** / k(e)romān(i)yon/: [فرانسوی] کرۆمانیون؛ مرۆی کرۆمانیون؛ وێنەیەک مرۆی

**کرومـــوزوم** / koromozom, k(e)romozom، ـها/: [فرانسوی] */سم. [زیستشناسی]* کرومۆزۆم.

**کرومـوسـفر** / koromosfer, k(e)romosfer/: [فرانسوی] ☜ **رنگین‌کُره**

**کرومیـت** / koromît, k(e)romît/: [فرانسوی] */سم. [کانی‌شناسی]* کرۆمیت؛ جۆرێ بەردی کانگایی بلووری، کە سەرچاوەی سەرەکی کورۆم و پێکهاتەکانیە.

**کرون** / koron/: [؟] */سم.* کرۆن؛ یەکەی پارەی ولاتانی سوئید، نورڤیژ و دانمارک.

**کرونومتر** / koronometr, k(e)ronometr، ـها/: [فرانسوی] */سم.* کات‌بژێر؛ کورنۆمیتر؛ ئامێرێ ژماردنی مەودای کاتی زۆر کورت.

**کـروی** / koravî، ـها؛ ـان/: [عربی] *صفت.* خڕ؛ گرد؛ گردە؛ تۆپی؛ گر؛ گندۆلەک؛ گود؛ گلۆر ‹سرش مثل توپ کروی است: سەری وەکوو تۆپ خڕە›.

**کره** / kare/: */سم.* کەرە؛ کەرێ؛ فەریکەڕۆن؛ ڕۆنەکەرە؛ ئونیشک؛ نویشک؛ نقشک؛ نقیشک؛ نیقشک؛ ماکێکی خۆراکی لە شیرە کە بە ژەندن یان شڵەقاندنی خامە، شیر یان بەتایبەت دۆ بەرهەم دێ.

▣ **کرەی کاکائو**: کەرەی کاکاهوو؛ ڕۆنی تەڕ و زەلالی دەنکی کاکاهوو.

**کرەی مصنوعی**: مارگارین؛ کەرەی نەواتی؛ کەرەی گیا؛ جۆرێ کەرە کە لە ڕۆنی پالێوراوی بڕێ گیا دروست دەکرێ.

**کرەی نباتی**: کەرەی گیایی؛ مارگارین.

**کره** / kore، ـها/: [عربی] */سم. [هندسه]* ۱. بیچمێ کە لە چەرخینی جەغز بە دەوری گێپەڕەکەیدا بەدی دێ ۲. /کُرات/ تەنێ کە وەها بیچمێکی هەبێ، بەتایبەت ئەستێرە و گەڕۆکان ‹کرەی زمین؛ کرەی ماه: گوی زەوی؛ گوی مانگ›.

▣ **کـرەی جغرافیـایی**: گـۆی زەوی؛ گۆیەکی چکۆلەی نێوخالی (لە کانزا، پلاستیک یان مقبا) کە نەخشەی گۆی زەوینی لە سەر کێشراوە.

**کـرەی چشـم**: گلێنە؛ پێکهاتەی گۆناسای چاوی مۆغەرەداران بریتی لە سپێنە و بەشەکانیتری چاو: **تخم چشم**

**کرەی فلکی** ☜ **کرەی نجومی**

**کرەی نجومی**: گۆیەکی چکۆلەی نێوبەتاڵ کە ئەستێران و وێنە ئاسمانیەکانی لە سەر کێشراوە: **کرەی فلکی**

**کره** / korre، ـها/: */سم.* کورگ؛ کور؛ کوڕی؛ جانیک؛ کورە؛ جاشک؛ داش؛ جاش (کەر)؛ جوانوو؛ جانی؛ جانوو (ئەسپ)؛ داشک؛ هۆل/ هۆلی/ هۆڵی (یەکسالە)؛ دووبڕ (دوو سالە)؛ بەچکەی چوارپێیانی بارەبەر ‹کرەی اسب؛ کرەی خر: کورگی ئەسپ؛ جاشکی کەر›.

**کره‌اسب** / korre'asb، ـها؛ ـان/: */سم.* جوانوو؛ جانوو؛ کورگ؛ جانی؛ هەولی (یەکسالە)؛ قوتتە (دوو سالە)؛ نۆما (دووسالە) بێچووە ئەسپ.

**کـره‌الاغ** / korre'olāq/: [فارسی/ ترکی] ☜ **کرّەخر**

**کره‌ای** / kare'î/: *صفت.* کەرەیی؛ کەرەدار؛ بە کەرەوە تلاو یان لە کەرەدا خووساو ‹نان کره‌ای: نانی کەرەیی›.

**کـرەای**[۱] / kore'î /:/سم. کـورەیی؛ کۆریـایی: ۱. /ھا/ ھەر یەکە لە کەسـانی زاگەبـەری ولاتی کورە یان منداڵەکانیان ۲. زمانی ئەو خەڵکە، لە زمانگـەلی چـین و تەبـەتی کـە ھەنـدێ لـە زمان‌ناسان بـە بەشـێک لـە زمانگـەلی ئالـتایی دەزانن ۳. شێوە نووسینی ئەو زمانە.

**کرەای**[۲]: *صفت.* کورەیی؛ کوریـایی؛ پێوەندیـدار یان سەر بە ولاتی کورەوە.

**کرەخر** / korrexar ، ـھا/:/سم. جـاش؛ جاشـک؛ جەحش؛ جەحشک؛ کـورک؛ کـورووڵە؛ کورِری؛ کورِش؛ دەچش؛ دەھشـک؛ دەحشـک؛ داشـک؛ کـەرکۆڵ؛ کـەرەکۆڵ؛ خـەرکورِی؛ کـەرکورِی؛ کـەرکورِوو؛ نۆمـا (یەکسالـە)؛ کـرِیھـەرێ؛ ھـەمتر؛ بەچکەکـەر؛ ھۆلـیکەر؛ ھۆلیەر: **کرّەالاغ**

**کرەقاطر** / korreqāter ، ـھا/: [فارسـی/ از سـغدی] /سم. فنک؛ جاشئیستر.

**کری** / karî /:/سم. کـەرِی؛ نەژنـەوی؛ نەبیسـی؛ ھـەر چەشـنە نەخۆشـینێ کـە ئەبێتـە ھـۆی نەبیستن.

**کریاس** / keryās /: [عربـی]/سـم. /ادبـی/ ئاسـانە؛ شیپانە؛ شیپان؛ ژێرەرانە؛ ژێـردەر؛ دەرازوونـە؛ دەریـزان؛ دەرازیـن؛ دەرازوون؛ دەرازینـک؛ دەریزانک؛ بەشی ژێرەوەی دەرگا.

**کریپتن** / k(e)rîpton /: [فرانسوی]/سـم. کریپتون؛ توخمی کیمیاوی لە دەستەی گازە نەجیبەکان، بە ژمارەی ئەتومی ۳٦ و کێشی ئەتومی ۸۳,۸۰، بێرەنگ، بێبار کە لە ھەوادا ھەیە و لـە لامپـی ئیلکتریکیدا بە کار دەبرێ: **کریپتون**

**کریپتون** / k(e)rîpton /: [فرانسوی] ☜ **کریپتُن**

**کریدور** / korîdor ، ـھا/: [فرانسـوی]/سـم. ڕاڕەو: ۱. دالان؛ دالـوو؛ ڕێگـەی سەرداپۆشـراو ۲. پێشخان؛ پێشخانە.

**کریستال** / kirîstāl, k(e)rîstāl ، ـھا/: [فرانسـوی] /سم. بلوور؛ بلۆر؛ کریستاڵ.

**کریستالوئید** / kirîstālo'îd, k(e)rîstālo'îd ، ـھا/: [فرانسوی]/سم. بلوورنوێن؛ بلۆرئاسا؛ وەک بلوور.

**کریسـمس** / kirîsmas, k(e)rîsmas ، ـھـا/: [انگلیسی]/سم. کریسمەس؛ جێژنی خاچپەرستان لە ڕۆژی ۲۵ی دیسـامبر (لـە نێـو خاچپەرسـتانی ڕۆژھەلات ۷ی ژانویە) بە بۆنەی لە دایـک بـوونی عیسا مەسیح: **نوئل**

**کریشـە** / k(e)rîše /: [ترکـی؟]/سـم. کرێشـە؛ چەشنێ پارچەی بەنی سـووک کـە بـۆ کراسـی ژنانە بە کاری دەبەن: **کِرشە**

**کریکـت** / k(e)rîket /: [انگلیسـی]/سـم. /ورزش/ کریکێت؛ گەمەیەکی بە کۆمـەڵ لـە نێـوان دوو گرۆ بە تۆپ و ڕاکێتەوە.

**کـریم** / karîm ، ـان/: [عربـی] *صفت.* دەھنـدە؛ دڵاوا؛ دەھەندە؛ دەسڤاز؛ دەسواز؛ دایندە؛ کەریم؛ بە خۆ و ھۆگرەتی بەخشین ‹خدا کریم است: خودا دەھندەیە›.

**کریوژنیـک** / k(e)ryojenîk /: [فرانسـوی]/سـم. ۱. سەرمادەری؛ دۆخ یان چۆنیەتی بـەدیھێنانی سـەرما ۲. سـەرمازانی؛ زانسـتی لێکۆڵـینەوەی دیاردەگەلی سەرما.

**کریولیت** / k(e)ryolît /: [فرانسوی]/سـم. /شـیمی/ کریۆلیت؛ ماکێنکی کانزایی خۆڵەمێشـی ڕەنـگ، کە سەرچاوکەی سەرەکی بەرھەمھێنانی فافۆن، زاخ و ھیدروکسیدی سودیومە.

**کریه** / karîh /: [عربی] *صفت.* دزێو؛ نەچێ؛ ناحەز؛ سک؛ کرێت: ۱. زشت؛ ناشـیرین؛ بـە دیمـەنی نەگەوبسەوە ‹قیافەی کریه: چـاری ناحـەز› ۲. زۆر ناڵەبار ‹صدای کریه: دەنگی ناحەز›.

**کز** / kez /: [کردی]/سم. کز؛ کـرژ؛ درژ؛ دۆخ یـان چۆنیەتی چرچ و لۆچ و کۆوە بوون.

▣ **کز خـوردن**: کزیـان؛ ھەلـکزان؛ ھەلـکزیان؛ ھەلکزین؛ گرنژین؛ ھەلـقرچان؛ ھەلـچرچان؛ ھەلکرووزان؛ بە ھۆی ئاور یان گەرماوە چـرچ و لۆچ بوون.

**کـز دادن**: کزانـدن؛ کزرانـدن؛ هەلـکزاندن؛ هەلکزانن؛ پرووزانـدن؛ پـرووزانن؛ پرووزنـەی؛ پـرووزنای؛ هەلـپرووزاندن؛ پردووخـانن؛ خەنزرانـدن؛ هەلـکرووزاندن؛ پەردۆخنـەی؛ هەلـپرووکاندن؛ هەلـپرووکانن؛ بـە ئـاور یـان گەرمای زۆر، چرچ و لۆچ کردن.

**کـز کـردن**: کزکـردن؛ کزکۆلـەکردن؛ کزکـە کـردن؛ داپسـکان؛ داپسـیان؛ چنگـزین؛ کۆشـکەلاتن؛ کرووشمـەکردن؛ هەلـکورمان؛ هەلـکوروشمان؛ کـوروۆژەوەکردن؛ کـوروۆژم/ کرووژم هەلاتن؛ کـورش هـەلاتن ‹از تـرس در گوشەی اتاق کز کرده بود: لە ترسان لە سـووچێکی ژوورەکەوە کزی کردبوو›.

**کزاز** / kozāz/: [عربی]/سم. کوزاز؛ دەردەکۆپانـە؛ زکـرەقی؛ نەخۆشینێکی چلکی کە لە چەشـنێ باکتری تووش دەبـێ و رەگـرتـوویی و سـفت بوونەوەی ماسوولکەی لەش لە نیشانەکانیەتی.

**کزکـردە** / kezkarde/: [کـردی/ فارسـی] صـفت. کزکردوو؛ کزەلۆک؛ کزولکـە؛ کزووڵکـە؛ کزکـە؛ کزکۆلە؛ هەلکورماو؛ کسکە؛ کسکۆلـە؛ کزوولـە؛ هەلکوروشماو؛ کۆشکەلاتوو؛ کروشمەکردوو.

**کژ** / kaj/ ☜ **کج**

**کژدم** / kajdom/ ☜ **عقرب**

**کژراهه** / kajrāhe/ ☜ **کجراهه**

**کژنه**/ kajne ، ـهـا/: /سم. *[پزشکی]* پەترۆ؛ پەترۆک؛ پەترۆکە؛ تویکڵی لە خوێنی وشکەوە بوو لە سەر زام.

**کـژی** / kajî ، ـهـا/: /سم. *[ادبی]* لاری؛ خـواری؛ گێـڕی؛ کـەجی؛ کـەچی؛ کـەچایی؛ چـەوتی؛ خـۆهری؛ ئـاوان؛ کـەلایی؛ خـوارایی؛ چـەفتی؛ کەفچی؛ خوار و خێچی؛ لار و گێڕی

**کس** / kas, kes/: /سم. کـەس؛ کـێس؛ کـەش: ۱. مرۆڤ؛ مرۆ؛ بنیادەم؛ ئینسان ‹هـر کـس؛ هیچ کس: هەر کەس؛ هـیچ کـەس› ۲. *[ادبی]* یەکـەی بـژاردنی مـرۆڤ ‹دو کـس: دوو کـەس› ۳. ـان/ *[مجـازی]* کـریڤ؛ کـریڤ؛ خـزم و خـوێش یـان دۆستی نزیـک ‹در آن شـهر کسـی را نداشـت: لـەو شارەدا کەسێکی نەبوو›.

**کس** / kos/: /سم. *[مستهجن]* قـوز؛ کـوز؛ کـوس؛ کوسی؛ کس؛ کسسا؛ زێ؛ پز؛ ڤرچک؛ بۆچ؛ زه ؛ زەهـا؛ مـاڵ؛ مالـە؛ هوولـە؛ ئەنـدامی زا و زێـی گوانداری مێوینە، بەتایبەت مرۆڤ.

▣ **کس شعر**: *[مستهجن]* هەلبەستوپەلـیت؛ قسـەی قۆڕ و لابەلا.

**کسـاد** / kesād, kasād/: [عربـی] صـفت. کەسـاد؛ کەسات؛ کەساس؛ بێبڕەو؛ بێبڕەو؛ مەڕۆ؛ نفـت؛ لپـاش؛ نـاڕەواج؛ بـێڕەواج: ۱. بـەبێ مشـتەری ‹مغازەی کساد: دووکانی کەساد› ۲. بێگەشە ‹بازار کساد: بازاڕی کەساد›. هەروەها: **کساد بودن؛ کساد شدن؛ کساد کردن**

**کسـادی** / kesādî, kasādî ، ـهـا/: [عربـی]/سـم. کەسـادی؛ کەسـاتی؛ کەساسـی؛ بـێبـڕەوی؛ بێبڕەوی؛ کزی؛ مالەفـێن؛ دۆخ یـان چۆنیـەتی بێڕەواج بوون.

**کسـالت** / kesālat, kasālat/: [عربـی]/سـم. ۱. خـاوی؛ فـرۆز؛ داهێـزاوی؛ لـۆژە؛ بـارگرانی؛ شەکەتی ‹هوای ابری کسالت می‌آورد: هەوای هەوری خـاوی دێنـێ› ۲. ـهـا/ *[مجـازی]* لـەش‌گـرانی؛ لەش‌بەباری؛ لـەش‌داهێـزاوی؛ نەخۆشـی ‹زۆرتـر سووک›.

**کسـالت‌آور** / kesālatāvar, kasālat-/: [عربـی/ فارسی] صفت. خاوکەرەوە؛ وەڕەزکەر؛ وەڕسـکەر؛ هـۆی جـارزی ‹سـخنرانی کسـالت‌آور: وتـاربێژی خاوکەرەوە›: **کسالت‌بار**

**کسـالت‌بـار** / kesālatbār, kasālat-/: [عربـی/ فارسی] ☜ **کسالت‌آور**

**کسب** / kasb/: [عربی]/سم. *[ادبی]* ۱. ـهـا/ کسـم؛ کەسب؛ کسپ؛ پیشەیەک بۆ بەڕێوەبردنی ژیـان ‹کسب خوبی دارد: کسمێکی باشی هەیە› ۲. کـار و ڕەوتی وەرگرتن؛ گـرتن؛ گێرتـەی ‹کسـب علـم:

وەرگرتنی زانست›.

▣ **کسب تکلیف کردن:** پرس و ڕا/ پرس و ڕاوێژ کردن؛ لە کەسێک لەمەڕ کاری داهاتوو یان ئەرکی سەر شانەوە پرسین ‹باید از رییس کسب تکلیف کنم: ئەبێ پرس و ڕای سەرۆک بکەم›.

**کسب‌وکار** / kasb-o-kār/: [عربی/ فارسی]/سم. کار و کاسبی؛ پیشە؛ ئیش؛ کسم و کار؛ کار، بەتایبەت کاری کڕین و فرۆشتن.

**کسبه** / kasabe/: [عربی] جمعِ ☜ **کاسِب**

**کس‌خل** / kosxol/: صفت./مستهجن/ خول؛ گەمژە؛ بلح؛ گەلحۆ؛ کەلهوو؛ تەپۆ: **کُس‌مَشَنگ**

**کسر**[1] / kasr/: [عربی]/سم. ۱. کەمایەسی؛ دۆخ یان چۆنیەتی کەم بوون و داشکان لە هەندی ئاسایی یان خوازراو ۲. /ـها؛ کُسور/ کەرت.

▣ **کسر اعشاری:** یەکەیێ کە بە ۱۰، ۱۰۰ یان ۱۰۰۰و... دابەش کراوە: **کسر دهدهی**

**کسر دهدهی** ☜ **کسر اعشاری**

**کسر شأن:** کێمایی؛ کاشکی؛ کەم بوونەوەی هورمی کۆمەلایەتی.

**کسر**[2]: صفت. کەم؛ کەمتر لە هەندی پێویست یان پێش‌بینی‌کراو ‹صد تومان از پولش کسر بود: سەد تمەن لە پارەکەی کەم بوو›.

▣ **کسر آمدن:** کەم هاتن؛ بەش نەکردن؛ نەگەیشتنە هەندی پێویست. هەروەها: **کسر آوردن**

**کسر کردن:** کەم‌کردنەوە؛ کەمەوکردن؛ کێم کرن؛ لە هەندی پێویست یان بەراوردکراو هێنانە خوار.

**کسره** / kasre/: [عربی] ☜ **زیر**[1]**ـ۳**

▣ **کسره‌ی اضافه:** ژێرەیی کە دووبەشی سەرەکی ڕستە (موزاف و موزافون ئیلەیهـ) پێوەند دەدا (وەکوو دستِ آزاد) ئەم نیشانەیە لە دیالیکتە کوردیەکاندا بە «ی»، «ا» و «وو» و ... دەردەکەوێ (دەستی ئازاد).

**کسری**[1] / kasrî ، ـها/: [عربی]/سم. کەمی؛ کێمی؛ کەسری؛ کەمایەسی؛ دۆخ یان چۆنیەتی کەم بوون ‹کسری بودجه: کەمی بووجە›.

**کسری**[2]: صفت. کەرتی؛ پێوەندیدار یان سەر بە کەسرەوە ‹عدد کسری: ژمارەی کەرتی›.

**کسل** / kesel, kasel/: [عربی] صفت. فل؛ خاو؛ خلی؛ کەشەنگ؛ لەش‌گران؛ گرتە؛ کوسر؛ مەست؛ کوش؛ پرووزگار؛ لەش‌داهێزاو.

▣ **کسل شدن:** داهێزان؛ خەوخان؛ قەڕملین؛ هەجنین؛ لەش‌گران بوون. هەروەها: **کسل بودن؛ کسل کردن**

**کس‌مشنگ** / kosmašang/ ☜ **کس‌خُل**

**کسمه** / kasme/: [ترکی]/سم. [قدیمی] ۱. تیت؛ ئەگریجە؛ بسک؛ بەشێ لە زوڵف کە کەوتووەتە سەر ڕوومەت ۲. کەسمە؛ جۆرێ کولوچە.

**کسوت** / kesvat/: [عربی]/سم. [ادبی] ۱. هنجگ؛ کنج؛ گنج؛ جل؛ جل‌وبەرگ؛ تەن‌پۆش ۲. [مجازی] پلە؛ پایە؛ زێ؛ جێگە و پێگە یان کاری دیار.

**کسور** / kusûr, kosûr/: [عربی] جمعِ ☜ **کَسر**[1]

**کسورات** / kusûrāt, kosûrāt/: [عربی]/سم. کەم و کووڕی؛ کەم و کورتی؛ سەرجەمی ئەو پووڵ و پارەیە کە بە شێوەی جۆراوجۆر یان بەرە- بەرە لە مووچەی کارمەند یان کرێکار کەم دەبێتەوە (وەک پیتاک، پوولی بیمە و...).

**کسوف** / kusûf, kosûf ، ـها/: [عربی]/سم. دۆخی ڕۆژگیران؛ خۆرگیران؛ خوەرگیریان؛ وەر گیریەی؛ جێگرتنی مانگ لە نێوان زەوی و خۆردا، بە شێوەیەک کە سێبەری مانگ بکەوێتە سەر بەشێک لە زەوی و ئەو بەشە بۆ تاوێک تاریک دابێ.

**کس‌وکار** / kas-o-kār, kes-/: /سم. کەس‌وکار؛ خزم و خوێش؛ میروچێر؛ دەور و بەر؛ خزم و دۆستانی نێزیک ‹کس‌وکار آرام بە دیدنش آمدند: کەس‌وکاری ئارام هاتنە سەردانی›.

**کسی**[1] / kasî, kesî/: /سم. [گفتاری] کەسێک؛

www.perawipepwle.com



کەسێ؛ کەسێو؛ کەسیە؛ کەسایەتی بە پلە و پایە و شان و شکۆ ‹در آن شهر برای خودش کسی بود: لەو شارە بۆ خۆی کەسێک بوو›.

**کسی**[۲]: *ضمیر.* کەسێک؛ کەسێ؛ کەسێو؛ کەسیە؛ یۆ؛ یەوە؛ یەوەک؛ یەکێک: ۱. کەسێ کە پێویست نیە بناسرێت یان بۆ بێژەر نەناسە ‹کسی این نامه را داد و رفت: کەسێک ئەم نامەیەی دا و ڕۆیشت› ۲. کەس؛ هیچ‌کەس ‹کسی نیامد: کەس نەهات› ۳. *[مجازی]* کەسێکی نامۆ ‹کسی نیست، همه از خودمانند: کەسێک نیە، هەموو خۆمانین›.

▣ **کسی به کسی نبودن:** کەس لە کەس (نە)بوون؛ هەرکی ـ هەرکی بوون؛ کێ‌بەکێ بوون؛ زۆر شڵەژاو بوون ‹در اینجا کسی به کسی نیست، هر کس باید فکر خودش باشد: لێرەدا کەس لە کەسە، هەر کەس دەبێ لە بیری خۆی بێ›.

**کسیلوفن** / k(e)sîlofon ، ـها/: [فرانسوی]/*اسم.* کسیلوفون؛ لە سازە زەربیەکان بە شێوەی ڕزنێ میڵەی دارین کە بە دوو چەکوچ لێدەدرێ: **زیلوفُن**

**کش**[۱] / keš/: *اسم.* کێش: ۱. کەژ؛ ساو ‹کش جورابش وارفته بود: کێشی گۆرەوێکەی خاو ببووەوە› ۲. کار و ڕەوتی کێشان ‹کش دادن: کێش هاوردن› ۳. *[گفتاری]* کێشباف؛ جورێک پارچەی تایبەت چنراو کە کێشی دێ.

▣ **کش آمدن:** کێش هاتن؛ کەش هاتن؛ کێشیان؛ بە هۆی کێشان درێژ بوونەوە ‹هرچه می‌کشی کش می‌آید: هەرچی دەیکێشی کێشی دێ›.

**کش پیدا کردن:** *[مجازی]* درێژە پەیدا کردن؛ درێژەدار بوونەوە ‹دعوایشان کش پیدا کرد: شەڕەکەیان درێژەی پەیدا کرد›.

**کش دادن:** *[مجازی]* کێش هاوردن؛ کێش دان؛ درێژە پێدان؛ کێشتەیرە؛ کشاندن؛ درێژ کردنەوە ‹حرفش را آن‌قدر کش داد که حوصله‌ی همه سر رفت: قسەکەی ئەونده کێش هاورد، هەموو وەڕەز بوون›.

**کش رفتن:** *[مجازی]* بە دزییەوە هەڵگرتن؛ بە نهێنی بردن ‹گاه پولی از صندوق مغازه کش می‌رفت: جار ـ جار پارەیەکی لە دەخڵی دووکانەکە بە دزییەوە هەڵدەگرت›.

**ـ کش**[۲]: *پیواژه.* ـکێش: ۱. ـ هەڵگر؛ ـکێشەر ‹دردکش؛ زحمت‌کش: دەردکێش؛ زەحمەتکێش› ۲. ـهەڵگر؛ ڕاگوێزەر ‹بارکش؛ مسافرکش: بارهەڵگر؛ مسافرکێش› ۳. درێژەدەر ‹خط‌کش؛ سیم‌کش: خەتکێش؛ سیم‌کێش› ٤. ـدەر؛ ـڕامان؛ ـمانەر ‹جاروکش: گەسک‌دەر› ٥. ـدەر؛ ـ دەرهێنەر ‹نفس‌کش: هەناسەکێش› ٦. ـ پۆشەر ‹دستکش: دەستکێش› ۷. دووکەڵکەر ‹سیگارکش: جگەرەکێش›.

**ـ کش** / koš/: *پیواژه.* ـکۆژ؛ ـکوش؛ ـ بڕ؛ کوژەر؛ لە بەین بەر ‹آدم‌کش؛ دردکش: مرۆکوژ؛ ئێشکوش›.

**کشاکش** / kešākeš, kašākeš/ ☜ **کِشمَکِش**

**کشاله** / kešāle/: *اسم.* سووچ؛ گۆشە؛ تێڕۆچوویی کونج ئاسا.

▣ **کشاله‌ی ران:** کورماتیخ؛ تەڕاد؛ بەتالایی ژوور ڕان؛ جێگەی یەکگرتنی ڕان و ژێر زگ.

▣ **کشاله خوردن:** کێشەکێش پێکران؛ ڕاکێش بوون؛ ڕاکێشران؛ خڕکین؛ ڕەکێش بوون؛ کێشەماڵ بیەی؛ بە سەر زەویدا کێشران.

**کشاله رفتن:** خشکان؛ خشیان؛ خشان؛ کشان؛ کشین؛ بە سەر زەویدا خزین.

**ـ کشان** / kešān, kašān/: *پیواژه.* ـکێشان؛ بە کێشەکێش ‹پای‌کشان: پاکێشان›.

**ـ کشان** / košān/: *پیواژه.* ـکوژان؛ ڕێوڕەسم یان ڕەوتی کوشتن ‹بره‌کشان: بەرخ‌کوژان›.

**کشاندن** / kešāndan, kašāndan/: *مصدر. متعدی.* // **کشاندی:** کێشاندت؛ **می کشانی:** دەکێشێنی؛ **بِکشان:** بکێشێنە// کێشاندن؛ ڕاکێشان؛ کێشانن؛

کشـانن؛ کشـاندن؛ کێشـتەی: ۱. ڕاکـێش/ ڕەکێش‌کردن؛ کەس یان شتێک بە زۆر و گـزی بۆ جێگایەک بردن ‹در موقع انتخابات روستاییان را بـە پـای صـندوقهای رأی مـی‌کشـاندند: لـە کـاتی هەڵبژاردندا گوندنشینانیان بۆ دەنگـدان رادەکێشـا› ۲. بوونە هۆی کێشرانی کەسێ یان شتێک ‹میز را کنار پنجره کشاندن: مێز بۆ لای دەڵاقە کێشـاندن› ۳. ڕەقاندنـەوە؛ دۆمانـدن؛ کشکشـاندن؛ درێـژە پێدان ٤. گەیاندن بە ئاکام یان پێشهاتێک ‹کار را به جای باریک کشاندن: کـار بـۆ جێگـەی باریـک کێشاندن› * **کشانیدن**. هەروەها: **کشاندنی**

■ صفت فاعلی: **کشاننده** (کێشێنەر)/صفت مفعولی: **کشـانده** (کێشـێنراو)/ مصـدر منفـی: **نکشـاندن** (نەکێشاندن)

**کشان‌ـکشان** / kešānkešān/: *قید*. کێشـەکێش؛ کەشان‌ـکەشان؛ کشـان‌ـکشـان؛ خێشـەخێش؛ ڕەکێش‌ـڕەکێش؛ خشکە‌ـخشکە؛ کێشەماڵەی؛ بە خشکە؛ لە باری ڕاکێشاندا ‹جعبه را کشان‌ـکشان برد: جابەکەی کێشەکێش برد›.

**کشانه** / kešāne ، ـها/: *اسم*. ۱. ئامێرێـک (وەکـوو لوولـە) کە تراوێکی پـێ‌هەڵـگۆزرێت ۲. *[قـدیمی]* کێشانە؛ کار و ڕەوتی کێشان و سەنگ‌کردن.

**کشانیدن**/ kešānîdan,kašānîdan/ ☜ **کشاندن**

**کشـاورز** / kešāvarz ، ـهـا؛ ـان/: *اسم*. وەرزێـر؛ وەرزیار؛ وەرزیـەر؛ جووتیـار؛ جـووتێر؛ جۆتکـار؛ جووتکـەر؛ جـووت‌بەنـدە؛ کشـتیار؛ کەشـاوەرز؛ کشاوەرز؛ کێڵـکار؛ هیتیـار؛ هیتـەوان؛ هیتکـار؛ فەلەخوێ؛ فەلا؛ کەسێ کە کاری کشت و کاڵـی زەوی و بە دەست هێنانی داهاتە.

**کشـاورزی** / kešāvarzî/: *اسـم*. کەشـاوەرزی؛ کشاوەرزی: ۱. کشت‌وکـاڵ؛ جووتیـاری؛ کـاری کـێڵانی زەوی و بـە دەسـت هێنـانی داهـات، بەتایبـەت بـۆ مـاکی خـۆراکی ۲. وەرزێـری؛ جووت‌بەندەیی؛ پیشە و کاری وەرزێر ۳. زانست یان لێزانینی شێوەی کشت‌وکـاڵ و بـە دەسـت هێنانی داهات و کەڵک وەرگرتن لە زەوی.

▣ **کشـاورزی صـنعتی**: کەشـاوەرزی ماشـینی؛ کشت و کاڵی بە یارمـەتی ماشـینی تایبـەت (وەکوو تەراکتور و کومبـاین) و هـاوڕێ لەگـەڵ چالاکی پیشەیی (وەک بارهێنانی داهاتی کشت و کاڵ بە شێوەی ماشینی).

**کشباف** / kešābāf/: *اسم*. کێشباف: ۱. پارچـەی لە کێش چنراو ۲. جۆرێک چنینی تایبـەت کـە چنراوەکە کێشـی دێ و بـۆ سـەرقۆڵ و دەوری یەخە دەبێ ۳. پارچەیەک کە وەها چنراوە.

**کشبافی** / kešābāfî/: *اسم*. کێشـبافی: ۱. /ـهـا/ کارگەی چنـینی پارچـەی کێشـباف ۲. کـاری چنینی پارچەی کێشی.

**کشت** / kešt/: *اسم*. کشت؛ کێشت: ۱. کشـت و کاڵ؛ کشت و کێڵ؛ کشـت و کـار؛ کـار و ڕەوتی کێڵان؛ چاندن؛ نان ‹کشـت کـردن: کشـت و کـاڵ کـردن› ۲. کـار یـان ڕەوتی گەشـە پێـدانی میکرۆب یان یاختەی زیندوو لـە جیگایـەک بـۆ باشتر ناسینەوەیان ۳. /ـهـا/ *[ادبی]* مەزرا؛ کێڵگـا؛ کێڵگە؛ هێگا؛ هیگا؛ موچە.

▣ **کشت پاییزه**: نەوەندە؛ نەوەند؛ پـایزە؛ چنـەی پایزی.

▣ **کشت دادن**: کشت دان؛ بارهێنان و گەشـکە پێدانی نموونەی وردیلەی وەک میکـرۆب لـە تاقیگەدا.

**کشت کردن**: چاندن؛ چەندن؛ کێڵان؛ نـاژتن؛ ناشتن؛ نان؛ نیان؛ توو وەشاندن؛ تۆم وەشانن؛ کاشتن ‹در آنجا گلهای زینتی کشت می‌کنند: لەوێ گوڵی ڕازێنـەیی دەچێنن›. هـەروەها: **کشـت شدن**

**کشت** / košt/: *اسم*. کوشـت؛ کـوژ؛ کارەڕەهـاتی کوژتن؛ مراندن؛ گیان لە لەش وەدەرنان ‹او را به قصد کشت زدند: بۆ کوشت لێیاندا›.

**کشتار** / koštār ، ـها/: *اسم*. کوشتار: ۱. ڕەشـکوژ؛ کارەڕەهـاتی کوشـتن، بەتایبـەت کـوژتنی بـە

ئەنقەستی تاقمێ ‹کشتار مردم بی‌گناه: کوشتاری خەلکی بێتاوان› ۲. کار و ڕەوتی سەر بڕینی چوارپێیان و باڵندە، بۆ کەڵکگرتن لە گۆشتیان.

**کشتارگاه** / koštārgāh ، ـهـا/:/سم. کوشتارگه؛ قەساوخانه؛ قەسابخانه؛ جێگای سەر بڕین، قەڵخ کردن، دەرهێنانی ناو سک، لەت ـ لەتکردن و بەستەبەندی گۆشتی چوارپێیانی وەک گا و پەز و بزن، به ئامراز و کەرستەی تایبەت: **سڵاخخانه** *[قدیمی]*

**کشتبان** / keštbān ، ـهـا؛ ـان/:/سم. پاسەوانی کێڵگه؛ دەشتەوان؛ ئاگاداری مووچه و مەزرا.

**کشتزار** / keštzār ، ـها؛ ـان/:/سم. *[ادبی]* کێڵگه؛ هیگا؛ هێگا؛ مووچه؛ مەزرا؛ یادگه؛ کێشت؛ زەوی‌زار؛ زەوی‌وزار؛ زەوینێ کە تووی تێدا دەکێڵێن، بەتایبەت جێ کێڵانی گیای ئالیکی (وەک دانەوێله).

**کشتکار** / keštkār ، ـهـا/:/سم. *[ادبی]* تووچێن؛ تۆمەوەشێن؛ کەسێ کە کاری چاندنی تووی کشت و کاڵه: **کشتگر**

**کشتگر** / keštgar/ ☜ **کشتکار**

**کشتگرد** / keštgard/:/سم. *[کشاورزی]* وەرزەکێڵ؛ وەرزاوەرز؛ کار و ڕەوتی گۆڕانی تۆمێ کە لە زەوینێکدا دەکێڵدرێ بۆ گوورانی خاک، لە ناو بردنی بژار و...

**کشتن** / keštan/ ☜ **کاشتن ـ ۱**

**کشتن** / koštan/: *مصدر. متعدی.* // **کشتی: می‌کشی:** دەکوژی؛ **بِکش:** بکوژه// کوشتن؛ کوژتن؛ کوژین؛ گوژتن؛ گوژان؛ کوشتەی؛ کشتش؛ کستەنه: ۱. مراندن؛ ئەوژەنین؛ بێگیانکردن؛ کۆتایی هێنان بە ژیانی گیانەوەرێک ‹کشتن یک مورچه هم آسان نیست: کوشتنی مێرووێه‌کیش هاسان نیه› ۲. لە بەین بردنی هەست یان چالاکیەکی زەینی یان عاتیفی ‹ترس را کشتن؛ شادی را کشتن: ترس کوشتن؛ خۆشی کوشتن› ۳. *[ادبی]* کوژاندنەوە؛ تەمراندن؛ ڤەمراندن؛ کوشنایوە؛ ئەوەکوشنەی؛ ئەرەمرنەی. هەروەها: **کشتنی**

■ صفت فاعلی: **کُشنده** (کوژەر)/ صفت مفعولی: **کُشته** (کوژراو)/ مصدر منفی: **نَکُشتن** (نەکوشتن)

**کشت‌وصنعت** / kešt-o-san'at/: [فارسی/ عربی] /سم. ۱. کار و ڕەوتی بەدیهێنان و ئامادەکردنی داهاتی کشتوکاڵ به کەڵکگرتن لە زانست و کەرەسەی پیشەیی ۲. ـهـا/ ڕێخراوەیەک کە بەم کارەوە خەریکه.

**کشت‌وکار** / kešt-o-kār ، ـهـا/:/سم. کشتوکار؛ کشتوکاڵ؛ کەشتوکاڵ؛ کشتوکێڵ؛ کشتکێڵ؛ چالاکی کەشاوەرزی.

**کشت‌وکشتار** / košt-o-koštār/:/سم. قەڵتوبڕ؛ کوشتوبڕ؛ کوشتوکوشتار؛ کارەڕەهاتی کوشتنی خەڵکێکی زۆر ‹مردم هنوز کشت‌وکشتار جنگ را به یاد دارند: خەڵک ئێستاش قەڵتوبڕی شەڕەکەیان لە بیرە›.

**کشته**/ kešte/:/سم. *[ادبی]* کاشت؛ چاندراو؛ کێڵاو؛ کێڵدراو؛ کێڵیاگ؛ تووی لە زەوی چێندراو.

**کشته** / košte/: *صفت.* کوشته: ۱. ـهـا؛ ـگان/ کوژراو؛ کوژیاو؛ کوژاو؛ کوژیاگ؛ کوشیا؛ کشتا؛ کشیایا؛ کشیایه؛ مرێندراو؛ کوشتوو؛ بە کوشت چوو ‹چند کشته و زخمی داشتیم: چەن کوژراو و بریندارمان بوو› ۲. لە هێزکەوتوو ‹آهک کشته: قسلی کوشته› ۳. کوژراو؛ کوژیاو؛ کوژاو؛ کوشیا؛ کوژیاگ؛ له کایه دەرچوو به دەستی هامبازەوە (له بڕێ یاری وەک شەترەنج و تەختەدا).

▣ **کشته شدن:** کوژران؛ کوژیان؛ کشیایش؛ کوشیەی؛ کوشیای؛ هاتنه کوشتن؛ گیان لە لەش دەرچوون.

**کشتی** / keštî/:/سم. کەشتی؛ کەشتیه: ۱. ـهـا/ گەمی؛ گەمیه؛ گەمێ؛ سوماری؛ پاپۆڕ؛ ئامێری پێڕاگوێزی گەورە، بەتایبەت به عەرشه، کابین، هەمار و هەموو ئامێرێکی تایبەتەوە بۆ کار و

پشـــووداني دەریاوانـــان و مســـافران ۲. *[نجـوم]* گـــەورەترین وێنـــەی ئاسمـــانی لـــە لەتـــەگۆی باشووریدا: **سفینه**

▣ **کشتی اتمی:** کەشتی ئەتومی؛ گەمیەیەک کە هێزی موتورەکەی لە قەڵشی نـاوەکی ئـەتوم بە دەست دێ.

**کشتی بادبانی:** کەشتی باژۆ؛ کەشتی بایەوانی؛ کەشتی بادەوەدار.

**کشتی باری:** کەشتی باری؛ گەمیـەی تایبـەت بۆ گواستنەوەی بار.

**کشتی بخار:** کەشتی هەفار؛ گەمیەیەک کە بە هێزی هەڵم کار دەکا.

**کشتی پارویی:** کەشتی پـارووییِ؛ گەمیەیـەک کە بە پاروو لێدان لە سەر ئاودا دەڕوا.

**کشتی جنگی:** ناو؛ کەشتی جـەنگی؛ گەمیـەی شەڕێ.

**کشتی فضایی:** ناو کیهانی ☜ **ناو**

**کشتی مسافری:** کەشـتی مسـافری؛ گەمیـەی تایبەتی ڕاگواستنەوەی مسافر.

**کشتی نفتکش:** کەشتی نەوتکـێش؛ گەمیـەی تایبەتی ڕاگواستنەوەی نەوت.

**کشتی نوح:** *[کنـایی]* گەمیەی نووح؛ تووڕەکەی سوالکەر؛ تریتی شێت؛ جێگایەک کە کەسـان یان بوونەوەرانی تێکەڵـپێکەڵی ناتەبایان تێدا کۆ بۆتەوە.

**کشتی هواپیمابر:** ناو هواپیمابر ☜ **ناو**

**کشـــتی** / koštî ، ـها/:/*اسم* زۆران؛ زۆرەبـانی؛ زۆرەبانێ؛ زۆرانی؛ بنکەفشانێ؛ عـەردانێ؛ ملانـە؛ ململانە؛ ململانـێ؛ گولـەش؛ گـوراش؛ گـولاش؛ گـــەمش؛ گمـــش؛ دەفـــرە؛ عـــەفرە؛ کۆچـــە: ۱. وەرزشێکی دوو کەسیە هەر کەس ئەوی‌تری بە زەویدا دا بردوویەتەوە ۲. *[مجازی]* تێکۆشان و خـەباتی تـەنی یـان زەیـنی زۆر دژوار ‹از صبح داشت با کولر کشتی می‌گرفت: لـە بەیانیـەوە خـەریک بوو لەگەڵ کوولیرەکەدا زۆرانـی دەگرت›.

▣ **کشتی گـرفتن:** زۆران گـرتن؛ زۆران گێرتـەی؛ زۆرەبانێ گرتن: ۱. بۆ بە زەویـدا دانی یـەکتر، ئاوقای یەک بـوون ۲. *[مجـازی]* گێرەوکێشـە/ بەرەبەرەکانێ کردن؛ تێـک هەڵـچڕژان؛ پێـک هەڵپڕژان؛ شەڕکردن.

**کشتیار** / koštiyār/: *صفت* پێداگر؛ پێچەقێن.

▣ **کشتیار کسی شدن:** پێ لە کەسێک داگـرتن ؛ داکۆکی لە سەر کەسێک کردن ‹چقـدر کشـتیار دخترم شدم، بلکه به این کـار رضـایت دهـد: چەنـدە پیم لە کچەکەم داگـرت، بەڵـکوو مـل بـەم کـارە بدا›.

**کشـــتیبان** / kaštîbān ، ـان/:/*اسـم* *[ادبـی]* کەشتیەوان؛ کەشتیوان؛ کەشتیڤان؛ پـاپۆڕەوان؛ پاپۆڕوان؛ گەمیەوان؛ گەمیوان؛ گەمێوان؛ ناخودا؛ زریڤان؛ زرێوان؛ ئەوەی کە کەشتی داژۆێ.

**کشـــتیدم** / keštîdom/:/*اسـم* ۱. *[نامتـداول]* قنگەکەشتی؛ کلکی کەشتی ۲. *[نجوم]* بەشێ لە وێنەی ئاسمانی کەشتی لە نێوان سەگی گـەورە و خـاچی باشـووری لـە ئاسمـانی لەتـەگۆی باشووریدا: **حمّال**

**کشـتیرانی** / keštîrānî/:/*اسـم* ۱. زانسـت یـان لێزانی بـەڕێوە بـردنی گەمیـە ۲. کـار و ڕەوتی ئـاژۆتنی کەشـتی ۳. ڕاگواسـتنەوەی بـار یـان مسافر بە ڕێگا یان تـۆڕێکی دیـاریکراوی ئاویـدا ٤. /ـها/ ڕێخراوەی تایبەتی ئەو کارە.

**کشتی‌گیر** / koštîgîr ، ـها/:/*اسم* زۆرەبان‌بـاز؛ زۆران‌بـاز؛ زۆران‌گـر؛ زۆرانی‌گـر؛ کۆچـەگر؛ زۆرەوانی‌گر؛ ملانێ‌کـەر؛ گەمشـۆ؛ کوشـتی‌گیر ‹کشـتی‌گیـر کردسـتانی حریفـان خـود را شکسـت داد: زۆرەبان‌بازی کوردستانی لە هەمبازەکانی بردەوە›.

**کشدار** / kešdār/: *صفت* کێشـدار: ۱. قـەکێش؛ بە کـێش؛ دریـژەدار؛ بـە دریـژە ‹صـدای کشـدار: دەنگی کێشدار› ۲. *[مجازی]* بۆدار؛ ئاوهەڵگر ‹این جملـه خیلـی کشـدار اسـت: ئـەم ڕسـتە زۆر بـۆدارە› ۳. گیر؛ چڕ؛ چێڕ؛ نەکێش؛ چیر ‹جـوراب کشـدار:

گۆرەوێی کێشدار›.

**کشسان** / kešsān/: *صفت.* کێش‌ئاسا؛ ئیلاستیک؛ تایبەتمەندی کێش‌هاتن و چوونەوە سەر دۆخی خۆ.

**کشسانی** / kešsānî/:/سم. کێش‌ئاسایی؛ تایبەتمەندی ماک بۆ کێش هاتن و چوونەوە سەر دۆخی خۆی.

**کشش** / kešeš/:/سم. کێش؛ ڕاکێش؛ ڕاکێشی؛ ڕاکشی: ۱. کار و ڕەوتی کێشان؛ ڕاکێشان ‹قدرت کشش: هێزی ڕاکێشی› ۲. چاوگری؛ تایبەتمەندی شت یان کەسێک کە سەرنج و هۆگرەتی بەرەخۆ دەبا ۳. هۆگرەتی؛ حەز؛ واز ‹نسبت به او در خود هیچ کششی احساس نمی‌کرد: لەمەڕ ئەوەوە هیچ هۆگرەتیەکی لە خۆیدا هەست نەدەکرد› ٤. دۆخی دێران؛ هەڵگرتن و جێ کردنەوە و وەرگرتنی شتێک ‹بازار کشش این‌همه کالا را ندارد: بازار ڕاکێشی ئەم هەموو پیتەوایەی نیە› ٥. دۆخی تەناف، سیم یان میلەیەک کە لە دوو سەرەوە کێشراوە ٦. *[فیزیک]* هێزێ کە تەن لە کاتی کێشرانیدا بە پاڵپشتەکەی دەگەیێنێ.

**کشف** / kašaf ، ـها/:/سم. ڕەقە؛ ڕەق؛ ڕەقیاو؛ کیسەڵی ئاوی.

**کشف** / kašf ، ـها/: [عربی]/سم. کار و ڕەوتی دۆزینەوە: ۱. هەڵاوردن؛ ئەوەیۆسەی؛ پێزانینی شتێک کە پێشتر نەزانراوە، بە تێکۆشان و حەولدان (نە هەوال و ڕاپۆرتی دیتران) ‹کشف میکروب سل: دۆزینەوەی میکرۆبی سیل› ۲. کار یا ڕەوتی دەرکەوتن یان دەرخستنی ئەوی نادیار بووە یان شاردراوەتەوە ‹کشف جسد: دۆزینەوەی لاشە›.

▣ **کشف ابیات** ☜ **کَشف‌الأبیات**

**کشف آیات** ☜ **کَشف‌الآیات**

**کشف حجاب:** لابردنی چارشێو و لەچک لە سەر ژنان.

**کشف رمز:** دۆزینەوەی ڕەمز.

**کشف عورت:** دەرکەوتنی شەرم؛ عەیب کەوتەی سارا.

**کشف لغات** ☜ **کشف‌اللغات**

▣ **کشف شدن:** دەرکەوتن: ۱. کەوتنە دەرەوە؛ ئاشکرا بوون؛ کەوتەی بەر؛ کەوتەی سارا؛ ئاشکار بوون ‹حفره‌ای در آنجا کشف شد: چاڵێ لەوێ دەرکەوت› ۲. دۆزرانەوە؛ دۆزیانەوە؛ یۆزیایوە؛ پەیدا بوون ‹در آن مقداری سکه‌ی قدیمی کشف شد: بڕێ سکەی کۆنی تێدا دۆزرایەوە›. هەروەها: **کشف کردن**

**کشف‌الابیات** / kašfol'abyāt/: [عربی]/سم. خشتە، پێڕست یان نووسراوەیەک بۆ دۆزینەوەی چامێک لە دیوانی شیعرێکدا.

**کشف‌الآیات** / kašfol'āyāt/: [عربی]/سم. خشتە، پێڕست یان نووسراوەیەک بۆ پەیدا کردنی ئایەتێکی قورئان.

**کشف‌اللغات** / kašfolloqāt/: [عربی]/سم. خشتە یان پێڕستێ بۆ پەیدا کردنی وشەی ڕەچاوکراو لە نووسراوە یان کتێبێکدا.

**کشفتن** / košoftan/: *مصدر. لازم. متعدی. [قدیمی]* □*لازم.* ۱. ژاکان؛ چرمسین؛ چلمسین؛ چەلمسین؛ گەچران؛ چزمرین؛ چلمیسان؛ سیسیان؛ گەچلان؛ گەچلان؛ پەرمووچان □ *متعدی* ۲. پژاندن؛ پەرژ و بلاوکردن؛ تێک و مەکان دان.

**کشفی** / kašfî/: [عربی] *صفت. [گفتاری]* دۆزراوە؛ وەدۆزراو؛ دۆزیاوە؛ پەیداکراو، بەتایبەت لەمەڕ ماڵ یان شتی دزراو یان قاچاخەوە ‹اتومبیل کشفی: ماشینی دوزراوە›.

**کشفیات** / kašfîyyāt/: [عربی]/سم. دۆزراوەگەل؛ دۆزراوەیەل؛ دۆزیاوەگەل؛ کۆمەڵی ئەو شتانەی ماوەیەک ون بوون و ئێستا دۆزرانەتەوە ‹کشفیات پلیس: دوزراوەگەلی پولیس›.

**کشک** / kašk, kašg/:/سم. کەشک؛ کەشکی: ۱. چۆرتان؛ لوف؛ شیرێژی بە تەڕی گوشراوی

www.perawipepwle.com


وشکەوەکراو ۲. *[مجازی]* هیچ‌وپووچ؛ شتی بێ‌هۆ و بێ‌بایەخ.

▣ **کشک خود را ساییدن:** *[کنایی]* قنگ دانە سەر شوالی خۆ؛ دەست بە کلاوی خۆوە گرتن؛ بە ڕێی خۆدا چوون؛ فزوولی نەکردن ‹تا خواست حرفی بزند، پدرش از آن طرف گفت: تو کشک خودت را بساب: هەر کە ویستی قسەیێک بکا، بابی لەو لاوە گوتی: تۆ قنگ بدەرە سەر شوالی خۆت›.

**کشک ساییدن:** کەشک ساوین؛ کەشک ساوینەوە؛ لە ئاودا نەرم‌کردنەوە و ناوینی کەشک.

**کشکاب** / kaškāb/:/سم. *[قدیمی]* ۱. سیراج؛ سیراجی؛ شیرێژ؛ شیراز؛ ژاژی؛ دۆی کولاوی خەستەهلاتوو ۲. زورچە؛ کەشکاو؛ کەشکین؛ چێشتی کەشک ۳. کەشکەک؛ هەرمیسە؛ چێشتی گەنمەکوتاو بە گۆشتەوە.

**کشک‌بادنجان** / kaškebādemcān, kašgebādencān/:/سم. کەشک‌وباینجان؛ کەشک‌وبامجان؛ خۆراکی باینجانی سووڕەوەکراو و پیواز و جار-جاریش گۆشتی چەرخکراو کە پاشان کەشک و نەعناداخی بە سەردا دەکەن.

**کشکرک** / kaškarak, kašgarak/: [از کردی] /سم. کلاغ زاغی ☜ **کلاغ**

**کشکک** / kaškak, kašgak/ ☜ استخوان کشکک، **استخوان**

**کشکول** / kaškûl, kašgûl ، ـها/:/سم. کەشکۆل: ۱. قاپێلکی جۆرێ میوەی وەکوو نارگیلە دەرویشان دەسگرەی زنجیری لێ دەخەن و دەرۆزەی پێوە دەکەن ۲. کتێبێ کە نووسراوەی کورت و جۆراوجۆری تێدا کۆ کراوەتەوە (وەک شیعر، چیرۆک، قسەی نەستەق، مێژوو، ...) ‹کشکول محمد علی قرداغی: کەشکۆلی محەممەد عەلی قەرەداغی›.

**کشکی** / kaškî, kašgî/: *صفت. [گفتاری، مجازی]* کەشکی؛ درۆیی؛ درۆیینە؛ ناڕاست ‹خبر کشکی: هەوالی کەشکی›.

**کشمش** / kešmeš ، ـها/:/سم. کشمیش؛ کشمش؛ کشمیشی؛ کوشمیشی؛ مەویژ؛ مەووژ؛ ئیشکەوەکراوی ترێی بێدەنک.

**کشمکش** / kešmakeš, kešmekeš/:/سم. کێشماکێش؛ کەشاکەش؛ کەشماکەش؛ کەشمەکەش؛ کێشنکێش؛ کێشمەکێش؛ کێشەکێش؛ کێشە؛ گێرمەکێش: ۱. کار و ڕەوتی کێشرانی هاوکاتی شتێک بە دەستی دوو یان چەند کەس، هەرکام بە لایەکدا ۲. /ـها/ قەرقەشە؛ خەرخەشە؛ کێشە و بەردە؛ کێشە و بەرە؛ گێرە و کێشە؛ قەرقەش؛ گەلش؛ بگرە و قەکێش؛ بگرە و بەردە؛ کێشە و هەرا؛ ناکۆکی هاوڕێ لەگەڵ شەڕ و قڕە و دژبەرایەتی و...دا ✻ **کشاکش**

**کشمنی** / kešmanî/: *قید. [گفتاری]* کێشانەیی؛ بە کێشانە ‹آقا اینجا شهر هرت است، کتاب را کشمنی می‌فروشند، نخود را دانه‌ای!: کاکە ئێرە هەرکەبۆخۆیە، کتێب بە کێشانە دەفرۆشن و نۆک بە دانە!›.

**کشند** / kašand ، ـها/:/سم. هەڵکشە و داکشە؛ بان و خوارکردنی نۆبەتی ئاوی سەر گۆی زەوی بە هۆی هێزی ڕاکێشی مانگ و خۆرەوە.

**کشندان** / kašandān/:/سم. بەستێن؛ ئاوڕێژی ڕووبار کە لە ژێر کارتێکەری هەڵکشە و داکشەدایە و لەوێدا ئاوی شیرینی چەم و ئاوی سوێری زەریا تێکەڵ دەبن.

**کشنده** / kešande, kašande/ ☜ **اسب-۴**

**کشنده** / košande ، ـها/: *صفت.* کوژەر؛ کوشندە؛ کوشنەر؛ بکوژ؛ کوژەک؛ کوژنە؛ کوژندە؛ کوژە؛ مرۆک؛ بە تایبەتمەندی و توانایی کوشتن ‹زهر کشنده: ژاری کوژەر›.

**کشو** / kešow, kešo:/ ، ـها/:/سم. کەشاو؛ کەشاف؛ کەشەو؛ چەکمەجە؛ جابەیەکی سەربازی لە نێو قەفەسە، کومید یان مێزدا کە دەر و ناو دەکا.

**کشوث** / kašûs/: [معرب از آرامی] ☜ **اَفتیمون**

**کشـــور** / kešvar ، ـها/: *اسم.* ولات؛ وەلات؛ کیشوەر؛ یەکەی سیاسی و جوغرافیایی بریتی لـە جێگایـەک بـە دەولـەت و پاتـەخت و نەتەوەیەکەوە کـە تێیـدا دەژیـن ‹کشـور ألمـان: ولاتـی ئالمان›.

**کشورداری** / kešvardārî ، ـها/: *اسم.* ولاتـداری؛ وەلاتـداری؛ زانسـت، فـەن یـان شـێوازی بەڕێوەبردنی ولاتێک.

**کشورگشـایی** / kešvargošāyî ، ـهـا/: *اسـم.* ولاتداگری؛ کار و ڕەوتی داگیرکردن و دەسـت بە سەردا گرتنی ولاتانی‌تر.

**کشـوری** / kešvarî/: *اسـم.* ولاتی؛ حوکـوومی: ۱. پێوەندیدار یان سـەر بـە ولاتـەوە ‹تقسیمات کشـوری: دابەشـکاری ولاتی› ۲. ناچەکـداری ‹کشوری و لشکری: ناچەکداری و چەکداری›.

**کـش‌وقـوس** / keš-o-qows, -qo:s/: [فارسـی/ عربی]/*اسم.* ۱. تـرۆکێش؛ کـاری خـۆ کێشـانەوە؛ پێچـدان و ڕەپکـردنی لـەش بـۆ دەرکـردنی ماندوویـەتی ۲. گـیروداو؛ دۆخـی بگـۆڕ لـە ڕەوتێکدا (وەک بگرە و بەردە، پشتگری و دژایـەتی، شەڕ و ئاشتی پەیتا- پـەیتا) ‹کـش و قـوس مقـررات اداری: گیر و داوی یاسای مەزرینگەیی›.

**کـش‌ووا‌کـش** / keš-o-vākeš/: *اسـم. [گفتـاری]* کەشـاکەش؛ کەشماکـەش؛ کێشـماکیش؛ کەشمەکەش؛ خەرخەشە؛ کێشەکێش.

**کشوی**[۱] / kešovî ، ـها/: *اسم.* دراویـر؛ کەشـاوی؛ مجەر؛ مجەڕ؛ چەشنێ کومیدی تەنیا بـە چەنـد کەشاوەوە: **کشویی**

**کشـــوی**[۲]: *صـفت.* کەشـــاوی؛ کەشـــەوی؛ چەکمەجەیی؛ لـە بـار بـۆ دەر و نـاو کـردن ‹در کشوی: درگای کەشاوی›: **کشویی**

**کشویی** / kešoyî/ ☜ **کشوی**

**کشـی**[۱] / kešî/: *صفت.* کێشـی: ۱. بـە کـێش ‹آبنبات کشـی: شـەکرۆکەی کێشـی› ۲. کـەژی؛ وەکوو کێش ‹جوراب کشی: گۆرەوێی کەژی›.

**ـ کشی**[۲]: *پیواژه.* ـکێشـی؛ کێشـان ‹خـط‌کشـی: هێل‌کێشی›.

**ـ کشی** / kešî/: *پیواژه.* ـکوژی؛ ـکوشی؛ کوشتن ‹آدم‌کشی: مرۆکوژی›.

**کشیدگی** / kešîdegî, kašîdegî/: *اسم.* ۱. زراڤی؛ هەڵکشاوی؛ بەرزی؛ بڵیندی؛ دۆخ یان چۆنیەتی بە قەد و بالا بوون ‹کشیدگی قامت: زراڤـی بـەژن› ۲. کێشراوی؛ ڕاکشاوی؛ درێـژی ‹کشـیدگی صدا: کێشراوی دەنگ›.

**کشـیدن** / kešîdan, kašîdan/: *مصـدر. متعـدی، لازم.* // **کشیدی**: کێشات؛ **می‌کشی**: دەکێشی؛ **بِکش**: بکێشە// کێشان؛ کێشتەی؛ کێشەی؛ کێشـیاین: □ *متعدی.* ۱. دەرهێنان؛ دەرێنـان؛ دەرهـاوردن؛ بەرئاردەی؛ هۆرکێشتەی؛ هەڵکێشان؛ لـە جێـی خـۆ دەرهێنـان ‹دنـدان کشـیدن: ددان کێشـان› ۲. نگارین؛ نـەخش‌کـردن ‹نقاشی کشـیدن؛ خط کشـیدن: نەقاشـی کێشـان؛ هـێل کێشـان› ۳. پۆشاندن؛ داپۆشان؛ داپۆرەی؛ پۆرەدای ‹پـرده کشـیدن: پـەرده کێشـان› ٤. لادان؛ لابـردن؛ داکێشان ‹روبنـدش را کشـیدم: ڕووبەندەکـەیم لادا› ٥. کێشانەکردن؛ سەنگ‌کەردەی ‹گنـدم کشـیدن: گەنم کێشان› ٦. تێکردن؛ داکـردن؛ کردنـە نێـو دەفـرەوە ‹غـذا کشـیدن: چێشـت تیکـردن› ۷. ڕاکێشان؛ هەڵمژین؛ بـەرەوخۆ کێشـان ‹ایـن بادنجان همه‌ی روغن را کشید به خودش: ئەم باینجانە هەموو ڕۆنەکەی ڕاکێشـایە خـۆی› ۸. هەڵـکردن؛ هەڵگرتن ‹درد کشیدن؛ سختی کشیدن: ئێش کێشان؛ سەختەتی کێشان› ۹. شتێک بە گوشارەوە بەرەو خۆ هێنان ‹موی کسی را کشـیدن: قـژی کەسـێک کێشان› ۱۰. کـاری هـاوکرد: *الـف)* بـردن یـان گواستنەوە ‹بار کشیدن: بار کێشـان› *ب)* شـیلاوی شـتێک گـرتن ‹روغـن کشـیدن: ڕۆن کێشـان› *ج)* لێـدان؛ دان؛ ڕووبـەڕێ بـە مالـینی شـتێک پاک‌کردنەوە ‹جارو کشیدن؛ کیسه کشیدن: گسک

دان؛ کیسه کیشان› د) دروست‌کردن یان به‌دیهێنانی شتێک له یه‌ک ڕاسته‌دا ‹خیابان کشیدن: شه‌قام کیشان› هـ) دووکه‌ڵ بردنه نێو زار و گه‌رووه‌وه ‹سیگار کشیدن: سیگار کێشان› و) شتێک به سه‌ر ڕووپه‌ڕێکدا هێنان ‹دست بر سر کسی کشیدن: ده‌ست به سه‌ر که‌سێدا کێشان› ز) سه‌رقاڵ‌کردن به کارێکه‌وه ‹به کار کشیدن: کێشانه ژێر کاره‌وه› ح) تێوه‌دان؛ له‌وتاندن؛ هه‌ڕماندن ‹به گند کشیدن: گوو تێوه‌دان› ط) دانه به‌ر؛ گرتنه ژێر؛ له به‌ر شتێکی ئازارده‌ردا دانان ‹به فحش کشیدن: دانه به‌ر جنێو› ی) به شتێکه‌وه کردن ‹به سیخ کشیدن: به سێخه‌وه کردن› □لازم. ۱۱. کوێره‌وه‌ری دیتن ‹هرچه می‌کشیم از دست خودمان است: هه‌رچی ده‌کێشین له خۆمانه› ۱۲. خایاندن؛ تێپه‌ڕ بوون؛ بردن؛ به سه‌ر چوون ‹مسافرتم فقط دو هفته طول کشید: سه‌فه‌ره‌که‌م ته‌نیا دوو حه‌وته‌ی خایاند› ۱۳. کاری هاوکرد: الف) لێدان؛ دان؛ ده‌نگی به‌رز و درێژه‌دار ده‌رهێنان ‹نعره کشیدن: نه‌عره‌ته لێدان› ب) کێشیان؛ درێژه‌دار/ به درێژه بوون؛ خایاندن ‹به درازا کشیدن: درێژه‌دار بوونه‌وه› ج) دڵ پێوه بوون ‹عشق کسی کشیدن: دڵی که‌سێک پێوه بوون› د) دیتن؛ له به‌ر ڕه‌نج و ئازاره‌وه بوون ‹بدبختی کشیدن: چه‌رمه‌سه‌ری کێشان› هـ) گه‌یین؛ به ئاکامێک گه‌یشتن ‹به دعوا کشیدن: کێشانه شه‌ڕ›.

هه‌روه‌ها: **کشیدنی**

■ صفت فاعلی: **کشنده** (کێشه‌ر)/ صفت مفعولی: **کشیده** (کێشراو)/ مصدر منفی: **نکشیدن** (نه‌کێشان)

**کشیده**[۱] / kešîde ، ـها/: *اسم. [گفتاری]* زلله؛ زیللە؛ زله؛ چه‌پلاخه؛ چه‌پلاغه؛ چه‌پاله؛ که‌شیده؛ که‌شیله؛ که‌شیدێ؛ که‌شیه؛ چه‌ک؛ شرن؛ شرماپ؛ شه‌قام؛ شه‌پازله؛ شه‌قه‌زله؛ شه‌پەزلله؛ شه‌قه‌زلله؛ شه‌پال؛ شه‌پاله؛ شه‌پەلاخه؛ شه‌پلاغه؛ شه‌پلاخ؛ شه‌پلاخه؛ شه‌پیله؛ لامات؛ ده‌خش؛ سه‌تره ‹یک کشیده‌ی محکم خواباند بیخ گوشم: زلله‌یه‌کی تووندی دا بناگوێما›.

**کشیده**[۲]: *صفت.* زراف؛ کێشراوه؛ هه‌ڵکشاو؛ درێژ؛ بڵیند ‹قامت کشیده: بەژنا زراف›.

**ـ کشیده**[۳]: *پیوازه.* ـ دیتوو؛ ـ چه‌شتوو؛ شتێکی ئازارده‌ر به سه‌ردا هاتوو ‹بلاکشیده؛ ستم‌کشیده: به‌لاچه‌شتوو؛ ناحه‌قی دیتوو›.

**کشیش** / kešîš ، ـها؛ ـان/: [سریانی]/*اسم.* قه‌شه؛ که‌شه؛ که‌شیش: ۱. مه‌لای خاچپه‌رستان (به گشتی) ۲. که‌سێ که پله و پایه‌ی سه‌رتر له شه‌مماس و خوارتر له ئوسقوفه.

**کشیش‌نشین** / kešîšnešîn ، ـها/: [سریانی/ فارسی] *اسم.* که‌شه‌نشین؛ ئاقاری کار و چالاکی قه‌شه‌یه‌ک.

**کشیشی** / kešîšî/: [سریانی]/*اسم.* که‌شه‌یی؛ قه‌شه‌یی؛ کار و پله‌ی که‌شیش.

**کشیک** / kešîk ، ـها/: [ترکی]/*اسم.* کێشک؛ هێشک؛ ئێشک؛ پاس: ۱. نگابانی؛ پاسه‌وانی ‹کشیک دادن: کێشک دان› ۲. نگابان؛ دیاردی؛ پاسه‌وان ‹کشیک شب: ئیشکی شه‌وانه› ۳. نۆبه‌ت؛ چاوه‌دێر و ئاگادار به‌تایبه‌ت له شه‌واندا ‹پزشک کشیک: بژیشکی کێشک›.

□ **کشیک بودن**: کێشک بوون؛ ئێشک بوون؛ وه‌ئه‌ستۆ بوونی ئاگاداری یان چاودێری ‹آن شب من در بیمارستان کشیک بودم: ئه‌و شه‌وه من له خه‌سته‌خانه‌دا کێشک بووم›.

**کشیک دادن**: کێشک دان؛ ئێشک دان؛ چاویاری دان؛ که‌توانی‌کردن.

**کشیک داشتن**: کێشک بوون؛ ئێشک بوون؛ چاوه‌دێری وه‌ئه‌ستۆ بوون ‹آن شب سارا کشیک داشت: ئه‌و شه‌وه سارا کێشک بوو›.

**کشیک کشیدن**: کێشک دان؛ ئێشک دان؛ پاس دان؛ ئاگاداری و چاویاری‌کردن ‹پشت دیوار کشیک می‌کشید تا همین که مستأجر آمد، یقه‌اش را بگیرد: له پشتی دیواره‌که‌وه کێشکی ده‌دا که هه‌ر کرێنشینه‌که هات، یه‌خه‌ی بگرێ›.

**کعب** / ka'b/: [عربی]/سم. ڕیشەی سێهەم؛ کەعب ‹کعب ۲۷ می‌شود ۳: ریشەی سێهەمی ۲۷ دەبێتە ۳›.

**کعبتین** / ka'bateyn/: [عربی] ☜ **کَلبَتین**

**کف** / kaf/: /سم. کەف: ۱. /ـها/ [عربی] سەر؛ تەخت؛ ڕووپەڕی ساف کە لە بانی زەوی یان بەرامبەری میچەوەیە ‹کف اتاق؛ کف خیابان: تەختی دیو؛ سەری شەقام› ۲. [عربی] لەپ؛ لەم؛ شەپ؛ لەواسە؛ بەر؛ چەپ؛ بەشی ڕاست و سافی تاقمێ لە ئەندامان ‹کف دست: لەپی دەست› ۳. کەو؛ کۆمایەک لە تۆقلەی وردیلەی گاز لە تراوێکدا ‹کف صابون: کەفی سابوون› ٤. ماکێ کە وەکوو تۆقلەی چکۆلەی لێهاتووە ‹کف روی آبجو: کەفی سەر ئاوجۆ›.

▣ **کف پا**: لەواسە؛ بەری پێ؛ بەشی ژێرەوەی پا، نێوان پاژنە و قامکانی پا.

**کف دریا**: ۱. بنی زەریا؛ بێخ دەریا ۲. لەپکە؛ قاوغ؛ قالک؛ گوێ ماسیلکە.

**کف دست**: لەپ؛ لەم؛ هەبەک؛ قوڵمشت؛ قەپاڵ؛ چەپاڵ؛ ماپوک؛ بەری دەست.

**کف صابون**: کەفی سابوون.

▣ **کف به دهان آوردن**: *[کنایی]* کەف چەراندن؛ کەف پڕژاندن؛ ئاگر لە چاو بارین؛ زۆر تووڕە بوون.

**کف دست خود را بو کردن/ نکردن**: *[کنایی]* موو هەڵکزاندن/ هەڵنەکزاندن؛ لە پێشەوە خەبەردار بوون/ نەبوون ‹مگر من کف دستم را بو کرده بودم که تو قرار است امروز بیایی؟: مەگەر من موویان هەڵکزاندبووم کە تۆ بڕیارە ئەمڕۆ بێی؟›.

**کف دست کسی گذاشتن**: نانە ناو لەپی دەستی کەسێکەوە؛ نیانە قوڵ مشت کەسێک: ۱. پێدان(بە سووکایەتیەوە) ‹صد تومان گذاشت کف دستش: سەد تمەنی نایە ناو لەپی دەستی› ۲. بە کەسێک خەبەر دان ‹هر چه را شنیده بود، برد گذاشت کف دست پدرش: هەرچێکی ژنەفتوو بردی نیایە قوڵ مشت باوکی›.

**کف رفتن**: نانە/ نیانە قوڵ مشت و بردن؛ شتێک لە نێو لەپی دەستی خۆدا شاردنەوە و دزین ‹موقع شمردن پولها، یک اسکناس را کف رفت: کاتی بژاردنی پارەکان، ئەسکەناسێکی نایە قوڵ مشتی و بردی›.

**کف زدن**: چەپڵە لێدان؛ چەپ تەقاندن؛ چەپڵەڕێزان.

**کف کردن**: کەفکردن؛ تۆقلەی وردیلەی گاز بەدیهاتن ‹چرا نوشابه این‌قدر کف کرده است؟: بۆچی نووشابەکە ئەوندە کەفی کردووە؟›.

**از کف دادن**: *[کنایی، ادبی]* لە دەست دان؛ دەسەنە شیەی؛ لە کیس دان. هەروەها: **از کف رفتن**

**به کف آوردن**: *[کنایی، ادبی]* بە دەست هێنان؛ وە دەس هاوردن؛ دەست خستن؛ دەس وسەی.

**کف‌آلود** / kafālûd/: *صفت*. کەفاوی؛ کەفی؛ بە کەفەوە (تۆقلەی بچووکی گاز) ‹آب کف‌آلود دریا: ئاوی کەفاوی زەریا›.

**کفائی** / kefā'î/: [عربی] ☜ **کفایی**

**کفار** / koffār/: [عربی] جمعِ ☜ **کافِر**

**کفاره** / kaffāre ، ـها/: [عربی]/سم. کەفارەت؛ کەفارە؛ تۆڵەی تاوان؛ کارێ کە تاوانبار بۆ پا بوونەوە ئەنجامی دەدا (وەکوو سەدەقە دان یان قوربانی کردن).

▣ **کفاره دادن**: کەفارە/ کەفارەت دان؛ دانی پارەیەک بە نەداران بۆ بەخشرانی تاوان.

**کفاره داشتن**: کەفارە/ کەفارەت هەبوون؛ شیاوی تاوانی کەفارەت دان بوون (بۆ کاری نالەبار دەگوترێ).

**کفاش** / kaffāš ، ـها؛ ـان/: [از کفش به قاعده‌ی عربی]/سم. پێڵاودروو؛ پێڵاوکەر؛ کەوشدوور؛ کەوشدروو؛ کەوشدۆز؛ گۆشکار؛ کەسێ کە پێڵاو

دروست دەکا یان دەیفرۆشێ.

**کفاشی** / kaffāšî /:/سم. گۆشکاری؛ پێلاودووری؛ کەوشدووری؛ کەوشدۆزی: ۱. کار و ڕەوتی قۆندەرەکردن؛ دروونی کەوش ‹مدتی هم کفاشی می‌کرد: ماوەیەکیش پیلاودووری دەکرد› ۲. /ها/ کارگە یان دووکانی پێلاودووری یان کەوش‌فرۆشی ‹سر همین خیابان کفاشی داشت: لە سەر ئەم شەقامە گوشکاری هەبوو›.

**کفاف** / kafāf, kefāf /: [عربی]/سم. بەسندەیی؛ دۆخ یان چۆنیەتی بەس بوون.

▣ **کفاف دادن**: بەش‌کردن؛ بەس بوون؛ وەس کەردەی؛ داخواز بەجێهێنان ‹این پول کفاف خرج یک ماه را هم نمی‌دهد: ئەم پارەیە بۆ خەرجی مانگێکیش بەش ناکا›.

**کفال** / kafāl ، ـها/: [روسی]/سم. کەفاڵ؛ چەشنێ ماسی خۆراکی کە لە کەرخاو و زەلکاوی سوێردا دەژی، جەستەی درێژ و گەدەی سیکەتۆرەئاسای هەیە: **ماهی کفال**

**کفالت** / kefālat, kafālat /: [عربی]/سم. ۱. کار یان ڕەوتی وەئەستۆگرتنی کارێ بە جێی یەکێکی تر: *الف)* دەستەبەری؛ مسۆگەری؛ بڕیار لە سەر ئامادەکردنی کەسێک لە شوێنێکدا بۆ کاتێکی دیاریکراو ‹برایش قرار کفالت صادر شد: بڕیاری دەستەبەری بۆ دەرکرا› ب) بریکاری؛ وەئەستۆگرتنی ئەرکی کەسێک لە مەزرینگە لە کاتی نەبوونیدا ‹کفالت اداره را به آزاد دادند: بریکاری مەزرینگەیان بە ئازاد دا› ۲. سەرپەرشتی؛ مشوورخۆری؛ خوێداری ‹کفالت بچەهای برادرش را به عهده گرفت: سەرپەرشتی برازاکانی وە ئەستۆ گرت›.

**کفاندن** / kafāndan /: *مصدر. متعدی. [قدیمی]* ۱. قەلاشتن؛ قەلاشدن؛ قلاشتن؛ قەلشاندن؛ قلیشاندن؛ کەلاشتن؛ کەلاشتن؛ تلیشاندن؛ تلیشنەی؛ تەرەکنەی؛ دەرزاندن ۲. پاشین؛ پژاندن؛ پژگنەی.

**کفایت** / kefāyat /: [عربی]/سم. ۱. بەسندەیی؛ دۆخی بەس بوون ‹کفایت مذاکرات: بەسندەیی وتوویژ› ۲. وردبینی؛ ڕاوێژ؛ مشوور.

▣ **کفایت کردن**: بەش‌کردن؛ تێراکردن؛ بەس بوون؛ وەس‌کەردەی؛ پێویستی بەجێهێنان ‹برای یک ماه کفایت می‌کند: بۆ مانگێک بەش دەکا›.

**کفایی** / kafāyî /: [عربی] ☜ واجب کفایی، **واجب**

**کف‌بین** / kafbîn ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی]/سم. کەفبین؛ قەپاڵ‌گر؛ کەسێ کە گوایە لە ڕووی نەخش و نیگاری لەپی دەستەوە دەتوانێ داهاتووی هەرکەسێک بڵێتەوە و لەمەڕ ژیانیەوە ئاگاداری بدا. هەروەها: **کف‌بینی**

**کفپوش** / kafpûš ، ـها/: [عربی/ فارسی]/سم. کەفپۆش؛ پۆشەنێکی ڕازێنەیی یان پاکژیکاری کە زۆرتر لە پێشەوە دروستکراوە و بۆ داپۆشینی تەختی شوێنێکی سەرگیراو بە کار دەڕوا ‹اتاق کفپوش چوبی داشت: دیوەکە کەفپۆشی چێوی هەبوو›.

**کفتار** / kaftār ، ـها؛ ـان/:/سم. کەمتار؛ کەمتیار؛ کەلەکەمتار؛ قەمتار؛ کەفتار؛ کەڤتار؛ کەفتارۆ؛ کەوتێر؛ گۆڕنەباش؛ گۆڕکەنکە؛ دەستە گیانەوەرێکی گواندار، گۆشتخۆر، شەوگەڕ، سەر زل، ددان سفت و شاویلکە بەهێز و دەست لە حاندی پا دریژترن کە زۆرتر کەلاک دەخۆن.

**کفتر** / kaftar/ ☜ **کبوتر-۲**. هەروەها: **کفترباز؛ کفتربازی**

**کفچلیز** / kafčelîz ، ـها؛ ـان/:/سم. دەمکەچە؛ کەشکەسەرە؛ کەچکەقوڵە؛ ڕەودەک؛ کەوچکەسەرئاوی؛ چەمچەقوڵە؛ سەرمێکوتە؛ زارۆی ئاوژی هەر یەکە لە دووژینان کە دوای لە هێلکە هەڵجووقان لە سیاوەوە هەناسە دەدەن، پایان نیە و بە بزواندنی کلکیان بەرەو پێش دەڕۆن.

**کفچــه** / kafče / ـهـا/: *اسـم.* ۱. ☜ **کفگیــر** ۲. کەوجێژ؛ کەوچکە چێوینە؛ کەوچکی داریـن ۳. چەمچە؛ کەوچکی گەورە ٤. بەشی کانزایی و پانی پێمەڕە.

**کفچەمار** / kafčemār / ـهـا؛ ـان/: *اسـم.* قولـەمار؛ چەشنێ لـە مـارانی خـاکژی و ژەهـراوی (وەک ماری کوبرا) بە کلکی خڕ، گلێنە چاوی هێلکەیی، ڕەنگـی زەردی تـۆخ، قـاوەیی کـاڵ یـان خۆڵەمێشی مەیلـەو ڕەش و مـل وەک کـەوگیر کە دووژینان و پەلەوەرانی بچووک دەخۆن.

**کفخواب** / kafxāb / ـهـا/: [عربـی/ فارسـی]/*اسـم.* گونج؛ گۆنج؛ گونجـە؛ گۆنجـە؛ ئـاوەڕۆ؛ لوولـەی کورت بە لێواری پانەوە بۆ دەرچوونی ئاو کە لـە بەر پلووسک یان سەربانانەوە دایدەنێن.

**کفـر** / kofr/: [عربـی]/*اسـم.* کفـر؛ کـوفر؛ نـاوە: ۱. ناموسلـمانی ۲. دژبەرایـەتی لەگـەڵ خـودا ۳. زانینی ڕاستەقینە و مل لێ بادانی.

▣ **کفر کسـی را درآوردن:** *[مجـازی]* کەسـێ لـە دین دەهری کـردن؛ کەسـێک شـێت‌کـردن؛ کەسێک زۆر تووڕەکردن ‹با حرفهایش کفر همـه را درآورد: بە قسەکانی هەمووی لـە دیـن دەهـری کرد›.

**کفر گفتن:** کفرکـردن/ گـوتن؛ قسـەی دژ بـە دین گوتن ‹چرا کفر می‌گویی؟ تو کار نمی‌کنی خدا چه بکند؟: بۆچی کفر دەکەی؟ تـۆ بـۆ خـۆت کـار ناکەی خودا چی بکا؟›.

**از کفـرابلیس مشـهورتر بـودن:** *[مجـازی]* زۆر بەناوبانگ بوون (بەتایبەت بە خراپە).

**کفرآمیـز** / kofrāmîz/: [عربـی/ فارسـی] *صـفت.* تێکەڵ بە کفر.

**کفـران** / kofrān/: [عربـی]/*اسـم.* ناسپاسـی؛ بێئەمەگی؛ سپڵەیی؛ پێنەزانی.

▣ **کفران نعمت کردن:** ناسپاسی‌کـردن؛ کفـری نیعمەت‌کردن ‹نان به این خوبی، چرا کفران نعمت مـی‌کنـی؟: نـان بـەم باشـیە، بـۆچی ناسپاسـی دەکەی؟›.

**کفرستیز** / kofrsetîz ، ـان/: [عربی/ فارسی] *صفت.* دژ بە کفر؛ بە خوو و هۆگرەتی شەڕکردن لەگەڵ کفردا.

**کفـرو** / kafrow ، ـان/: [عربـی/ فارسـی] *صـفت. [جانورشناسی]* بە تایبەتمەنـدی ڕێگـە ڕۆیـین لـە سەر تەواوی بەری پێوە (وەک ورچ).

**کفری** / kofrî/: [عربی] *صفت. [گفتـاری]* قـرم‌پـڕ؛ کفری؛ زیز؛ زۆر تووڕە.

▣ **کفری شدن:** *[گفتاری]* کفـری بـوون؛ قـرم‌پـڕ بوون؛ زۆر تووڕە.

**کـفزن** / kafzan ، ـهـا/: [عربـی/ فارسـی]/*اسـم.* گیرفان‌بڕ؛ دزێ کە شتێک، بەتایبـەت پـارە، بـە فرزی لە گیرفانی خەڵک دەردێنـێ و لـە لـەپی دەستیدا دەیشارێتەوە و دەیبا.

**کفزنی** / kafzanî ، ـهـا/: [عربـی/ فارسـی]/*اسـم.* گیرفـان‌بـڕی؛ دەرهێنـانی پـارە و شـتی بایەخداری‌تر لە گیرفانی خەڵکی و شاردنەوەی لە لەپی دەستدا.

**کفسـابی** / kafsābî ، ـهـا/: [عربـی/ فارسـی]/*اسـم.* کەفساوی؛ کـار و ڕەوتی سـاوینەوەی تـەختی جێگایەک (وەکـوو مـاڵ) بـۆ خـاوێن‌کردنـەوە و بریقە لێخستن. هەروەها: **کفساب**

**کفساز** / kafsāz ، ـهـا/: *اسـم.* کەفسـاز؛ کەفکـەر؛ هەر یەکە لەو ماکە کیمیاییانە کە کەف دروست دەکەن.

**کفسازی** / kafsāzî/: *اسـم.* کەفسازی: ۱. [عربـی/ فارسـی] کاری دروست‌کردنی تەختایی بینایـەک ‹کفسـازی اتاقهـا تـازه شـروع شـده اسـت: کەفسـازی دیوەکان تازە دەستی پێکـردووە› ۲. کـار و ڕەوتی دروست‌کردنی کەف، بەتایبەت بۆ کوژاندنـەوەی ئاگر.

**کفش** / kafš ، ـهـا/: *اسم.* پێڵاو؛ پێڵاف؛ پێڵا؛ پـالا؛ پالاو؛ پێڵـە (ژانـە)؛ شـەکال؛ کـەوش؛ کـەفش؛ سۆل؛ سۆلک؛ تسەک؛ قۆنگرە؛ قۆندرە؛ قۆنـدەرە؛

چەمیش؛ تایاخ؛ مووزک؛ پۆشەنی دەرەکی پای مرۆڤ، زۆرتر لە چەرم یان ماکێکی نەرم، بە ژێرە و سەرەوە.

▣ **کفش اسکی**: کاشکان؛ کاشیکان؛ پێلاوی خلیسکێن.

**کفش بچەگانە**: پاپووچە؛ پاپەجانە؛ پاپاجانە؛ پێ بە جانی؛ پێچلە؛ شمشمک؛ تەقتەقیلە.

**کفش برقی**: کەوشی بریقەدار؛ پێلاوێ کە سەرەکەی ساف و بریقەدارە: **کفش ورنی**

**کفش پاشنەدار**: کەوشی پاژنەدار؛ قۆندرە؛ قۆندەرە؛ کەوشێکی تەخت کە پاژنەکەی بەرزە. بەرانبەر: **کفش تخت**

**کفش تخت**: کەوشی تەخت؛ پێلاوێ کە پاژنەی جیای نیە و تەختی زەویە. بەرانبەر: **کفش پاشنەدار**

**کفش تنگ و پای لنگ**: *[کنایی]* نانی کەم و میوانی زۆر؛ دەستی بەتال و زگی بەتاو؛ دۆخی نەبوونی هیچ پێداویستیەک.

**کفش غواصی**: پافین؛ کەوشی مەلەوانی؛ پێلاوی لاستیکی پاڕووئاسا بۆ خێرا مەلە کردن.

**کفش کنانی**: کەوشی کەتانی؛ پێلاوێ کە رووەکەی لە پارچەیەکی پتەوە.

**کفش ماشینی**: کەوشی ماشینی؛ پێلاوێ کە بە ماشین دووراوە.

**کفش ورنی** ☜ **کفش برقی**

▣ **کفش پارە کردن**: *[کنایی]* کاڵە دڕان و هیچ پێ بەبڕان؛ ڕاکردنی بێهۆ.

**کفش کسی را پیش پایش جفت کردن**: *[کنایی]* دەست نانە پشت چاوی کەسێکدا؛ دەستێکی تەڕ هێنانە قنگی کەسێکدا؛ خوێ/ ئاو کردنە کەوشی کەسێک؛ کەسێک وەدەرنان ‹کفش او را پیش پایش جفت کن و بگو خوش آمدی: دەست بنێ پشت چاویدا و بڵێ بە خێر چی›.

**کفش و کلاه کردن** ☜ شال و کلاه کردن، **شال**

**پا توی کفش کسی کردن** ☜ **پا**[1]

**ریگی به کفش داشتن** ☜ **ریگ**

**هر دو پا را در یک کفش کردن** ☜ **هر**

**کفشدار** / kafšdār / ـها/: *اسم*. کەوشدار؛ کەسێ کە لە مزگەوت و زیارتگەکاندا ئاگای لە پێلاوی خەڵکە. هەروەها: **کفشداری**

**کفشدوز** / kafšdûz / ـها/: *اسم*. ۱. ـان/ کەوشدروو؛ کەوشدوور؛ کەوشدۆز؛ پالاوراز؛ پێلاودروو؛ پێلاودوور؛ سۆلکەر؛ سۆلدروو ۲. ☜ **کفشدوزک**

**کفشدوزک**/ kafšdûzak / ـها/: *اسم*. خاڵخاڵۆکە؛ خاڵخاڵۆکە؛ خاڵخاڵۆک؛ خاڵخاڵک؛ مامەلە؛ مامەلێ؛ مامالە؛ سپل؛ مالمالەسووڕە؛ مامالەسووڕێ؛ مالخاڵوو؛ مالهاڵوو؛ فاتەڕەشە؛ شەمامە؛ گوێرەکەسووڕە؛ جۆری مێرووی ژێر زگ و پا ڕەشی قاپ سووڕە کە خاڵی ڕەشی تێدایە: **کفشدوز ـ۲**

**کفشک** / kafšak / ـها/: *اسم*. کەفشەک؛ نیوجەغزێک کە لێنتی تورموزی لە سەر پەرچ دەکەن.

**کفشک ماهی**/ kafšakmāhî/ ☜ ماهی پهن، **ماهی**[1]

**کفشکن** / kafškan / ـها/: *اسم*. کەوشکەن؛ پێشخانە؛ مالماشت؛ پاکەنە؛ پالاوەژ؛ پالاوەش؛ جێگەی کەوش داکەندن لە پەنای درگاوە.

**کفشور** / kafšûr / ـها/: [عربی/ فارسی]/*اسم*. گونج؛ لوولەیەکی چکۆلە بە لێواری پان و هەڵگەڕاوەوە کە لە سەر لوولەی ئاوڕۆوە دایدەنێن.

**کفک** / kafak/ ☜ **کپک**

**کفگیر** / kafgîr / ـها/: *اسم*. مەفسک؛ مفسک؛ هسکیف؛ موخل؛ ئەستێفک؛ کەوگیر؛ قەواش؛ کەفگیر؛ موچ؛ ئامێرێ کە ناوەکەی تۆزێ قوولە، بە دەستەیەکی درێژەوە کە بنی چێشت یان خواردەمەنی بێئاوی پێهەڵدەگرن:

**کفچه‌ـا**

▣ **کفگیر به ته دیگ خوردن:** *[کنایی]* کەوتنە پیسی؛ بێپوول و نەدار داکەوتن ‹وقتی کفگیر به ته دیگ خورد، مجبور شدم بروم کار کنم: کاتێ کەوتمە پیسی، ناچار بووم بچم کار بکەم›.

**کفگیرک** / kafgîrak/: *اسم. [پزشکی]* هانەکوانە؛ جۆرێ نەخۆشی پێستی کە چەند پیازی موو و دەور و بەری دا دەگرێ و لە چەند کونیەوە چلک دێتە دەرەوە.

**کفل** / kafal ، ـها/: [عربی]/*اسم.* کەماخ؛ کاماخ؛ کاموخ؛ کلۆت؛ کلۆمت؛ کەلۆت؛ کورۆت؛ تەرمال؛ نێهک؛ نێک؛ تەراف؛ کەفەل؛ کەفەل؛ هێفەل؛ سوورین؛ پاشل؛ قالچە؛ سمت؛ سمتە؛ سمتۆل؛ لاران؛ زۆپی ژێر ناوقەد و ژووری ران: **کَپَل**

**کفلمه** / kaflame/: [عربی/ ترکی]/*اسم.* هاردەقووت؛ کەفلەمە؛ کاری ڕژاندنی شتێکی ورد (وەک قاووت و ئاردەتوو) لە سەر لەپی دەست و هەڵمژینی بۆ ناو زار. هەروەها: **کفلمه کردن**

**کف‌مال** / kafmāl/: [عربی/ فارسی]/*اسم.* لەپساو؛ کەفمال؛ کاری بە دەست ساوین و ورد کردنی شتێک (وەکوو سەوزی وشک) لە لەپی دەستدا. هەروەها: **کف‌مال کردن**

**کفن** / kafan ، ـها/: [عربی]/*اسم.* کفن؛ کەفەن؛ کەپەن؛ جامەمەرگ؛ قەرقە؛ قەرقەل؛ خەلات؛ خلات؛ جیاز؛ بەرگی مردوو؛ پارچەیەک (زۆرتر جاوە) کە مردووی تێدا دەپێچنەوە و لە قەبری دەنێن.

▣ **کفن پوشیدن:** کفن پۆشین؛ ئامادەی مەرگ بوون.

**کفن کردن:** کفن/ کەفەن‌کردن؛ کەفەنانەدن؛ بەرگی مەرگ لە بەر مردوو کردن.

**از بی‌کفنی زنده بودن:** *[کنایی]* لە بێقەوری نەمردن؛ زۆر هەژار و نەدار بوون ‹مرا که می‌بینی از بی‌کفنی زنده‌ام: وا دەمبینی لە بێقەوری نامرم›.

**کفن‌دزد** / kafandozd ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی]/*اسم.* کفن‌دز: ۱. دزێ کە قەبر دەداتەوە بۆ کفن دزین ۲. *[کنایی]* کەوش‌دز؛ مرۆی زۆر گۆسارتمە و بێچاو و ڕوو ‹در مورد رییس تازه باید گفت، صد رحمت به کفن‌دزد اولی: لەمەڕ سەرۆکی تازەوە دەبێ بێژین، هەم شوکر بە کفن‌دزی پێشوو›.

**کفن‌ودفن** / kafn-o-dafn ، ـها/: [عربی]/*اسم.* کەفن و دەفن؛ کفن و دفن؛ کار و ڕەوتی کەفەناندن؛ کفن لەبەر کردن و لە قەبر نانی تەرم.

**کف‌نفس** / kaffenafs/: [عربی]/*اسم. [قدیمی]* خۆڕاگری؛ ڕەوتی بەرخۆگرتن و تووشی هەڵە یان گوناهـ نەبوون.

**کفه** / kafe ، ـها/: [عربی]/*اسم.* ناوە؛ تا؛ ئەوەی کە لە تەختانی ناو دەست دەکا.

▣ **کفه‌ی ترازو:** تای تەرازوو؛ تا ترازوو؛ ڕووپەر یان دەفرێک لە تەرازوودا کە سەنگ یان کالای لەسەر دەنێن.

**کفه‌ی جنس:** تای کالا؛ ئەو پەلەی تەرازوو کە شتی تێ دەنێن.

**کفه‌ی سنگ:** تای سەنگ و بەرد؛ ئەو پەلەی تەرازوو کە سەنگی لەسەر دەنێن.

**کفی** / kafî ، ـها/: [عربی]/*اسم.* کەفی؛ بەشی بارهەڵگری تەریلی کە بە هۆدەی پشتی ئاژۆوانەوە دەبەسترێ.

**کفیر** / kafîr/: [؟] ☜ **کومیس**

**کفیل** / kafîl ، ـها؛ ـان/: [عربی]/*اسم.* دەستەبەر؛ کەسێ کە سەرپەرشتی کەس، شت یان شوێنێکی وەئەستۆیە ‹کفیل استانداری کرکوک: دەستەبەری پاریزگای کەرکووک›.

**کک** / kak ، ـها/:/*اسم.* کێچ؛ چێچ؛ قێچ؛ کەیک؛ کەک؛ کەکی؛ کەکەیی؛ میروویەکی چکۆلەی خۆشبەزە، پێگەیشتووەکەی لە خوێنی

پەلەوەران و مۆرغەداران دەژی: **کێک ـ۲**

▣ **کک بە تنبان کسی افتادن:** *[کنایی]* کێچ کەوتنە کەول/ شوالی کەسێک؛ کرمی سەری کەسێک جوولان: ۱. خراپ تووشی ڕاپایی بوون ‹چند روز است کک به تنبانش افتاده که برود موبایل بخرد: چەن ڕۆژە کێچ کەوتۆتە کەولی بڕوا موبایل بکڕێ› ۲. پیس شلەژان؛ تووشی دڵەخورپێ و ترسی زۆر بوون.

**کک کسی (را) نگزیدن:** *[کنایی]* مووی کەسێک نەلەرینەوە؛ میشیش بە لای کەسێکەوە میوان نەبوون؛ نە با پێدا هاتن نە بۆران؛ نەکەوتنە ژێر کارتێکەری شتێکەوە ‹وقتی خبر جنگ را شنید ککش هم نگزید: کاتێ هەوالی شەڕی بیست هەر مووشی نەلەریەوە›.

**کک** / kok/: [انگلیسی]/سم. کوک؛ چەشنێ بەردەخەلووزە زۆرتر بە شێوەی دەسکرد دروست دەبێ.

**کک‌کوچ** / kak.kûč ، ـها/: *سم.* ڕەشادۆک؛ تووزەفەرەنگی؛ دێژنک؛ تەشنەک؛ گیایەکی یەکسالەیە لە تاقمی تەڕەتیزە.

▣ **کک‌کوچ خوراکی:** ڕشادۆکە فەرەنگی؛ جۆرێک تەڕەتیزەیە لە تۆمەکەی ڕۆن دەگرن.

**کک‌مک** / kakmak ، ـها/: *سم.* نمووس؛ پەلەی سەر ڕوخسار؛ وردەخاڵی قاوەیی سەر پێستی لەش بەتایبەت ڕوومەت، کە لە بەر هەتاوەوە زۆرتر دیاری دەدا.

**کک‌مکی** / kakmakî ، ـها/: *سم.* نموسی؛ نمووساوی؛ بە نموسەوە.

**کل**[1] / kal ، ـها/: [کردی]/سم. کەل؛ کەلەکێوی؛ کەلەکێفی؛ حەچەکێوی؛ نێریەکێوی؛ بزنی کێوی نێر کە لە شاخاندا دەژی.

**کل**[2]: *صفت. [گفتاری]* کەچەل؛ کەچەر؛ گڕ؛ گەڕۆڵ.

**کل** / kel/: *سم.* لوو؛ کلوو؛ دەنگێکی تایبەتی وەک قیژە، کە لە جێژن و زەماوەندا ژنان بۆ خۆشی بە دەست و زاریان دەریدێنن. هەروەها: **کل کشیدن**

**کل** / kol/: [از کردی] *صفت. [گفتاری]* ۱. کوڵ؛ کەلی؛ کورتەوە بوو بە هۆی شکان یان بڕانەوە ‹ڤم‌کل: کلک‌کۆڵ› ۲. کول؛ نەتیژ. بەرانبەر: **تیز** ‹چاقوی کل: چەقۆی کول›.

**کل** / kol(l)/: [عربی] *صفت.* ۱. هەموو؛ گشت؛ تەواو؛ تواو؛ تەڤ؛ گ؛ گرد؛ تێکڕا؛ گردین؛ هەمە ‹کل عالم از این ماجرا باخبرند: هەموو خەلک لەم ڕووداوە ئاگاداران› ۲. گشتی؛ هەموانی؛ بە تایبەتمەندی لە ژێر پەلدا بوونی تەواوی ئەندامان ‹اداره‌ی کل: بەڕێوەبەرایەتی گشتی›.

**کلا** / kolā/: [؟] ☜ **کولا**

**کلاً** / kollan/: [عربی] *قید.* یەکسەر؛ تێکڕا؛ سەرهەم؛ سەرجەم: ۱. تەواو؛ تواو؛ تەواوەتی؛ پاک؛ ساف ‹کلاً همه را بنداز دور: یەکسەر هەموو فڕێ بدە› ۲. پێکەوە؛ گردەوە؛ سەریەک؛ یەوە؛ یەکەژە؛ بە گشتی ‹کلاً می‌شود گفت کار خوبی نیست: سەرجەم دەتوانین بێژین کارێکی باش نیە›.

**کلاپیسه** / kalāpîse/: *سم.* چاوحەوایی؛ چاوحەواوی؛ دۆخی چاو هەلگەڕانەوە؛ چاو سپی بوونەوە؛ خزانی گلێنەی چاو و ون بوونی لە پشت سپیێنەی چاودا.

**کلاته** / kalāte ، ـها/: *سم.* ۱. پاچەقوڵێ؛ پێ لە پێ پێچان لە زۆرەبانیدا ۲. *[قدیمی]* کەلاوەکۆن؛ کاولەکۆن؛ کاولاش؛ کەلاوە؛ مالی زۆر بچووک و لە دەم ڕووخان ۳. *[قدیمی]* کەلا؛ قەلا؛ کەلەهـ ؛ کەلات؛ قەلات؛ مالی شا لە نێوەڕاستی شاردا.

**کلاج** / kelāc/: [انگلیسی] ☜ **کلاچ**

**کلاچ** / k(e)lāč ، ـها/: [انگلیسی]/سم. کەلاج؛ ئامێری گەیاندن و بەردانی هێزی موتور بۆ گیربوکس: **کلاج**

**کلارینت** / k(e)lārînet ، ـها/: [فرانسوی]/سم.

قەرەنەی؛ کلارینێت.

**کلاژ** / kolāj/: [فرانسوی]/سم. کولاژ: ۱. کار و هونەری چەسپاندنی لەتەکاغەزی ڕەنگی، پارچە، چێو و... بۆ دروستکردنی وێنەیەک ۲. /ها/ وێنەیەک کە بەم شێوە دروستکراوە * **کۆلاژ**

**کلاژن** / kollājen/: [فرانسوی]/سم. سریش؛ سرێش؛ ستووک؛ ماکێکی چەسپنە لە ئێسکدا کە بە کولاندنی زۆری ئێسک لە ئاودا، لێی دەبێتەوە و دەبێتە چەسپێکی سروشتی: **کولاژن**

**کلاس** / kelās، ـها/: [فرانسوی]/سم. کلاس؛ کەلاس؛ کلاس: ۱. وانگە؛ دیوی خوێندن لە خوێندنگا ‹کلاس درس: وانگەی خوێندن› ۲. پۆل؛ قۆناغێکی دیاریکراو لە خوێندن ‹دانش‌آموز کلاس پنجم: خوێندەواری پۆلی پێنجەم› ۳. زانین یان هونەری دیاریکراو کە لە جێگایێ دەرس دەدرێ ‹کلاس شنا: کلاسی مەلە› ٤. دانیشتنی وانە ‹امروز در کلاس استاد شرکت کردم: ئەورۆ لە کلاسی ماموستا بەشدار بووم› ٥. *[زیست‌شناسی]* لە یەکەگەلی ڕزن‌کردنی گیانەوەران و گیاگەل، بریتی لە چەند ڕاستە، کە خۆی بەشێکە لە لقێک ٦. پلە؛ جێگا؛ پایە.

▣ **کلاس آمادگی**: پێش سەرەتایی؛ کلاسێکی تایبەتی بۆ تەیارکردن و ڕێخستنی قوتابی، بەتایبەت بۆ منداڵانێ کە تازە دەچنە قوتابخانەوە.

**کلاس بالا** / kelāsbālā/: [فرانسوی/ فارسی] ☜ **باکلاس**

**کلاس پایین** / kelāspāyîn/: [فرانسوی/ فارسی] ☜ **بی‌کلاس**

**کلاسداری** / kelāsdārî/: [فرانسوی/ فارسی]/سم. کلاسداری؛ کار و ڕەوتی بەڕێوە بردنی کلاسی دەرس ‹در یک دورەی کلاسداری شرکت کرده بود: لە خولێکی کلاسداریدا بەشداری کردبوو›.

**کلاسور** / k(e)lāsor، ـها/: [فرانسوی]/سم. کلاسور؛ بەرگێ کە دوو یان چوار فەنەری تێدا بە کار هێنراوە بۆ دەستە ـ دەستەکردنی کاغەز یان مقەبا.

**کلاسە** / k(e)lāse/: [فرانسوی]/سم. ڕزن؛ ڕیز؛ ڕەج؛ سەف؛ پێڕە.

▣ کلاسە شدن: ڕزن — ڕزن بوون؛ ڕیز بوون؛ چین‌بەندی بوون.

**کلاسەبندی** / k(e)lāsebandî، ـها/: [فرانسوی/ فارسی]/سم. ڕیزبەندی؛ ڕیزگری؛ پۆل‌بەندی؛ دەستەبژێری؛ پۆلێن؛ کار و ڕەوتی ڕیزکردنی شتان بە پێی تایبەتمەندیان.

**کلاسی** / kelāsî/: [فرانسوی] صفت. وانگەیی؛ پۆلی؛ کلاسی؛ سەرکلاسی؛ پێوەندیدار یان سەر بە کلاسەوە ‹تکلیف‌های کلاسی: مەشقی کلاسی›.

**کلاسیسیسم** / k(e)lāsîsîsm/: [فرانسوی]/سم. کلاسیسیسم: ۱. شوێنگری لە شێوازی هونەر، شیعر یان نووسینی کۆن ۲. بنەما و دیاردەکانی وێژە و هونەری یۆنان و ڕۆمی کۆن.

**کلاسیک** / k(e)lāsîk، ـها/: [فرانسوی] صفت. کلاسیک: ۱. کۆن؛ گرێخواردوو بە کاتی گەشەی هونەر و وێژە لە ڕابردوودا ‹عصر کلاسیک در تاریخ اروپا به دوره‌ی امپراتوریهای یونان و روم گفته می‌شود: سەردەمی کلاسیک لە میژووی ئوروپادا بە دەورانی دەسەلاتداری یۆنان و ڕۆم دەگوترێ› ۲. وانەیی؛ پێوەندیدار بە وانەی فێرگەییەوە ‹معلومات کلاسیک: ئاگاداری کلاسیک›.

**کلاش** / kallāš، ـها/: صفت. دەسبڕ؛ شەللات؛ خاپان؛ قەلاش؛ داوباز؛ خاوەن هۆگرەتی و خۆی دەست بڕین.

**کلاشی** / kallāšî، ـها/: /سم. داوبازی؛ دەسبڕی؛ شەللاتی؛ خاپانی؛ قەلاشی؛ کاری ساندنی شتێک لە دیتران بە گزی و فزی.

**کلاغ** / kalāq، ـها؛ ـان/: /سم. قەل؛ قالاو؛ قالاو؛ قڕاک؛ قڕک؛ قژاک؛ قلاق؛ قلا؛ قەلاو؛ قلاچە؛

www.perawipepwle.com


قلاژیله؛ قڕ؛ قژاک؛ قژیاک؛ قووياک؛ قارقارۆک؛ قارپچۆک؛ قیژک؛ قڕارک؛ چیق؛ کژیک؛ قەرپلاش؛ قەلاسیلکە؛ تیرەیەک باڵندەی ڕەش، ڕەش و سپی یان بۆرە بە باڵ و پێ و دەندووکی ئەستوور و بەقەوەتەوە کە هەموو شت خۆر و بەکۆمەڵ ژین و مێ و نێریشیان وەک یەکە.

▣ **کلاغ ابلق** ☜ **کلاغ معمولی**

کلاغ زاغی: قەلاسیلکە؛ قشقەڕە؛ قشقارۆ؛ قژگ؛ قژگە؛ قشقەڵە؛ قەلە؛ چکە؛ قەرەباچکە؛ قەلەبازەڵە؛ کەلەباشن؛ خۆمەژێرە؛ قاژوو؛ قاژک؛ جۆرێ قالاوی نووک و کلک درێژ، پەڕ و دووچکە ڕەش، سەوز یان ئەرخەوانی کە تایبەتی دەشت و سارایە.

کلاغ سیاه: قەلەڕەش؛ قەلەڕەشە؛ قالاوەڕەشە؛ قەلەڕەشکە؛ کەلەڕەش؛ سیاوقەلاو؛ قەلاوە سیاوە؛ قەرک؛ قەراک؛ کۆربەلا؛ قالاخ؛ گەورەترین باڵندە لە ناو تیرەی قالاواندایە کە هەموو شتێک دەخوا، هەموو گیانی ڕەشە و پەڕەکانی بریقەدارن و سێبەرێ وەک کۆلکەزێرینە دەخەن، فڕینی ڕاست و بە قەوەتە، یەکجار تەمەن درێژە و جووت‌ـجووت دەژین و هێلانەی گەورە دروست دەکەن: **غراب**

کلاغ معمولی: بۆرەپنە؛ قالاوە بوولینە؛ قەلەسابوونی؛ قەلەسابوونە؛ جۆرێ قەل بە ڕەنگی ڕەش و خۆڵەمێشی کە زۆرتر لەگەڵ قالاوانی‌تر هەڵدەفڕێ: **کلاغ ابلق**

▣ **یک کلاغ چهل کلاغ کردن** ☜ **یک**[۲]

**کلاغ‌پر** / kalāqpar/: *اسم.* ۱. ☜ **گنجشک‌پر** ۲. *[بنایی]* چەشنێ ئاجورچنی کە لێواری ئاجۆرەکان وەک قۆنگەرە دەدرێ ۳. *[بنایی]* تێغەیەک لە ئاجۆر کە وەکوو بەرگرێک لە سەر دیواری سەرەکی دروست دەبێ ٤. *[بنایی]* ئاجۆرێ کە لایەکیان خوار شکاندووە ٥. قەلباز؛ قەلفڕ؛ چەشنێ پەڕین کە قنیچکە دەکەن و دەست لە پشتی مل دەنێن و بەرەو پێش هەلدەبەزن ٦. *[گفتاری]* سەلای سوح؛ مەلابانگدان؛ کازیۆەی بەیانی؛ دەمەوبەیانی ۷. *[گفتاری]* ئەنگۆرە؛ هەنگۆرە؛ ئەنگۆری؛ هەنگفار؛ درەنگان؛ تەنگی ئێوارە؛ نزیک خۆراوا؛ زەردەی خۆراوا؛ یەرەوۆتەنگ؛ وێرەگا؛ وەرەگا؛ تاریکان؛ تاریکەی؛ ڕۆژپەڕ؛ ئێوارەی درەنگ.

**کلاغچه** / kalāqče/: *اسم.* ☜ **کلاغ زاغی**

**کلاغک** / kalāqak ، ـها/: *اسم.* عەمرۆکە؛ عەمرووکە؛ قالاوخوەرک؛ قالاوخوەرە؛ گورالە موسایی؛ گیایەکی پایای لە تیرەی سوێسنەیە بە گوڵی شەش ددانەی سپی یان بنەوشەوە.

**کلاغی** / kalāqî ، ـها/: *اسم.* هەوری؛ پارچەیەکی ئاوریشمی ناسکە بۆ سەرپێچ و ڕووبەندی ژنان بە کار دێ.

**کلاف** / kalāf ، ـها/: *اسم.* ۱. پار؛ کلاف؛ کلافە؛ کەلاف؛ کەلافە؛ کلف؛ بەن یان شریتی لە دەوری جەغزێک پێچراو و لە ناوقەدەوە بەسراو ۲. گلۆڵە؛ گولۆلە؛ گولۆلک؛ گولۆک؛ گرۆف؛ کەلو؛ قاتمە؛ قاروو؛ کۆمایەکی تۆپەڵ‌پێچراو لە بەن، شریت یان شتی‌تر ۳. کلاف؛ شریت یان سیرمێک (لە چێو یان کانزا) کە بۆ بەستنەوە و شەتەکدانی بەستەیەک بە کار دەبرێ ٤. ☜ **کارگاه ـ۳**

▣ **کلاف سردرگم**: ۱. تەزبێح کوێر؛ ڕشتەیەکی وا ئاڵۆز کە بە سانایی نەکرێتەوە ۲. *[کنایی]* گیر و گرفتێک کە ڕێگای چارەسەر کردنی بۆ نەدۆزرابێتەوە.

**کلافرنگی** / kolāfarangî ، ـها/: [فارسی/ از فرانسوی]/*اسم.* کلاوفەرەنگی؛ ژووریکی گرد (شەش‌سووچ یان هەشت‌سووچ) کە دەورانەدەوری دەرگا و دەلاقەیە و بە دەوری میچەکەیدا سابات کراوە: **کلاه‌فرنگی**

**کلافگی** / kalāfegî/: *اسم. [مجازی، گفتاری]* ئاڵۆزی؛ وەڕەزی؛ وەڕسی؛ وەڕەسی؛ بێتاقەتی؛

دۆخ یان چۆنیەتی جارڕ و تووڕە بوون.

**کلافه**[1] / kalāfe ، ـها/: *اسم. [گیاەشناسی]* ڕیشاڵە؛ تاڵگەلی دریژ و بەئاسای لاسکی کارگ.

**کلافە**[2]: *صفت.* گلۆڵە؛ گرۆڵە؛ تێکەڵاو؛ تێکەوەپێچراو ۲. *[گفتاری]* وەڕەز؛ وەڕس؛ جارڕ؛ بێئۆقرە و هەدا بە هۆی ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ دۆخێکی ئازاردەرەوە (وەکوو ئێش، هەرا و هوریا، گەرما) ‹صدای دزدگیر همه را کلافه کرده بود: دەنگی دزگیرەکە هەمووی وەڕەز کردبوو›. هەروەها:

**کلافه بودن؛ کلافه شدن؛ کلافه کردن**

**کلاکموش** / kalākmûš ، ـها؛ ـان/: *اسم.* دووپایلە؛ دوپایلکە؛ دووپا؛ مشک کەرۆشک؛ گیانەوەری گواندارى جوێنەر، لە چەشنی مشک کە پای لە دەستی زۆر زلتر و دریژترە و هەڵدەبەزێ: **کَلاهوُ؛ یَربوع**

**کلاله** / kolāle ، ـها/: *اسم.* ۱. پۆپە؛ پۆپکە؛ کاکۆڵ ۲. تەوقەتە؛ تەوقە؛ گەوە؛ بازنەیەکی نەواری لە زێڕ و زیو یان گوڵ و پەڕ و پۆ و... کە لە هەندێک جێژناندا بۆ پیرۆزبایی دەینێنە سەر کەسێکەوە ۳. *[گیاەشناسی]* کلاوە؛ کولاوە؛ کولیلک؛ تانجیک؛ بەشێک لە مێوینەی گوڵ کە گەردەی لە سەر دەنیشێ.

**کلام** / kalām ، ـها/: [عربی]/*اسم.* ۱. وتە؛ واتە؛ قسە؛ قسەیە؛ قسێ؛ گوتە؛ لەغوم ‹کلام آخر و ختم کلام را بگویم: وتەی دوایی و دوایین واتە بێژم› ۲. کەلام؛ زانیاری تایبەت بۆ سەلماندنی ڕاست و ڕەوا بوونی دین بە یارمەتی زۆرێک بەڵگەی ئاوەزپەسند و دەرخستنی هۆی سەرکی بەدیهاتن و گۆڕانکاری جەهان.

▣ **کلام بلیغ:** وتەی پاراو؛ قسەی جوان و ڕوون.

**کلامی** / kalāmî/: [عربی] *صفت.* ۱. وتەیی؛ قسەیی؛ واتەیی؛ گوتەیی؛ پێوەندیدار یان سەر بە قسە و پەیڤەوە ‹ارتباط کلامی: پێوەندی وتەیی› ۲. کەلامی؛ سەر بە زانیاری کەلام.

**کلان** / kalān/: *صفت. [ادبی]* مەزن؛ مازان؛ مازن؛ گەورە؛ گاورە: ۱. بەربڵاو. بەرانبەر: **خُرد** ‹اقتصاد کلان: ئابووری مەزن› ۲. زۆر؛ فرە؛ فریە؛ بە چەندیەتی زۆرەوە ‹پول کلان: پارەی زۆر›.

**کلانتر** / kalāntar ، ـها؛ ـان/: *اسم.* کەلانتەر: ۱. سەرۆکی کەلانتەری ۲. سەرۆکھۆز؛ سەرەکھۆز؛ گەورەی هۆزێ کە لە بناری کێو و چیادا دەژین ۳. *[قدیمی]* کوێخا؛ قێخا؛ کەیخودای گەرەک ٤. بەرپرسی بەڕێوەبەری قانوون لە شار یان پارێزگایەکدا (لە ئەمریکا).

**کلانتری** / kalāntarî ، ـها/: *اسم.* کەلانتەری: ۱. مەزرینگەیەک کە بەرپرسی بەڕێوەبردنی قانوون لە شار یان بەشێک لە شارە ۲. ساختومانی ئەو مەزرینگەیە ۳. پیشەی کەلانتەر.

**کلانخوار** / kalānxār/ ☜ **دُرُشتخوار**

**کلانسال** / kalānsāl ، ـها؛ ـان/: *صفت.* کاله؛ کال؛ کامل؛ گەورەسال، بەتایبەت بە تەمەنی زۆرتر لە ٤٠ سال.

**کلانسالی** / kalānsālî/: *اسم.* کالەیی؛ کالی؛ دۆخ یان چۆنیەتی گەورەسال بوون.

**کلانشهر** / kalānšahr ، ـها/: *اسم.* شارمازن؛ گەورەشار؛ کەلەشار؛ شاری پڕئاپۆرە کە چەن شاری گرتۆتە بەر.

**کلاوسن** / k(e)lāvsan ، ـها/: [فرانسوی]/*اسم.* کلاوسین؛ سازی ژێداری بشکوژدار کە لە پیانۆ دەچێ.

**کلاه** / kolāh ، ـها/: *اسم.* ۱. کلاو؛ کولەھ ؛ کولاو؛ کولاوە؛ کۆلار؛ کووتۆز؛ کولاف؛ کولۆز؛ کور؛ کووم؛ کوم؛ کوومک؛ پۆشەنێ کە دەکرێتە سەر و زۆرتریش لێوار و دەورەی هەیە ۲. *[گیاەشناسی]* کلاوە؛ سەری کارگ؛ کلاوەی قارچک.

▣ **کلاه آهنی** ☜ **کلاهخود**

**کلاه ایمنی** ☜ **کاسک**

**کلاه بره:** کلاوی پارچەیی بێلێو و تەخت.

**کلاه بوقی:** کلاوبۆقی؛ کلاوی وەکوو

کەلەقەند.

**کلاه بی‌لبه:** کوومزڕ؛ کلاوی بێلێوارە.

**کـلاه پهلـوی:** کـلاوی پالـەوی؛ کلاوپالـەوی؛ کلاوێکـی گرۆڤـەر کـە لـە سـالانی ۱۳۰٦-۱۳۱٤ی هـەتاوی لـە ئێـران کـلاوی فـەرمی پیاوان بوو.

**کلاه حصیری:** کلاوقۆری؛ کلاوقووری؛ کـلاوی لە پووش چنڕاوی لێوارەدار بۆ بـەرگری لـە تیشکی خۆر.

**کلاه زرین:** کـلاوزەڕ؛ کلاوئالـتوون؛ کلاوزێـڕ؛ کلاوزێڕین؛ تەپلەزێڕین؛ خشلـێکی ژنانـە بـە شێوەی کلاوێ کە لە سکە زێڕی پێکەوە لکاو دروست بووە.

**کلاه شب:** شـەوکلاو؛ کلاوقـووچ؛ مینـا؛ فینـا؛ کمک؛ کوومک: **کلاه شبانه**

**کلاه لبه‌دار:** شەبقە؛ شەبکە؛ شـەپقە؛ شـەپکە؛ کلاوپاساری.

**کلاه شرعی/ قانونی:** *[مجـازی]* کـلاو شـەرعی؛ ڕێچاری بـە ڕوالـەت بەرامبـەر بـە شـەرع و ئایین.

**کلاه نمدی** ☜ **کلاه‌نمدی**

▣ **کلاه بـرای سـر کسـی گشـاد بـودن:** *[کنـایی]* پـاروو‌ی دەمـی کەسـێک نـەبوون؛ گیـای کەسـێک نـەبوون؛ زۆرتـر لـە ڕادە و شـیاوی کەسێک بوون ‹من نمی‌توانم، این کلاه برای سرم گشاد است: من ناتوانم، ئەمە پـاروو‌ی دەمـی مـن نیە›.

**کلاه خود را بـالاتر گذاشـتن:** *[تعـریض]* قیـت ڕاوەستان؛ هەست بە سـەربەرزی‌کـردن و لـە ڕاستیدا جێ شەرمەزاری بوون.

**کلاه خـود را بـر زمـین زدن:** *[کنـایی]* جامانـە کوتانە زەویدا؛ تووڕەیی خۆ نیشان دان.

**کلاه خود را به هـوا انـداختن:** *[کنـایی]* سـەما بۆکردن؛ کلاو خستنە ئاسمانا؛ زۆر خۆشـحال بوون ‹البته که قبول می‌کند، کلاهش را هم به هـوا می‌اندازد: ئەی چۆن قەبوولی ناکـا، سەمایشـی بـۆ دەکا›.

**کلاه خود را دودستی چسبیدن:** *[کنایی]* دەست بە کلاوی خـۆوە گـرتن/ بـوون؛ لـە بەرانبـەر مەترسیەوە هەر ئاگاداری خۆ بوون ‹کار به کار کسی نداشته باش! کلاه خودت را دودستی بچسب!: کارت بە کاری کەسەوە نەبێ! دەست بـە کـلاوی خۆتەوە بگرە!›.

**کلاه خود را قاضی کردن:** *[مجـازی]* خـۆ نانـە جێی کەسێک؛ بە ویژدانی خۆ دادوەری‌کردن ‹کلاهت را قاضی کن! ببین انصاف است او را بیـرون کنی؟: خۆت بنـە جێـی ئـەو! بزانـە ڕەوایـە دەری بکەی؟›.

**کلاه سـر کسـی رفـتن:** *[کنـایی]* کـلاو چوونـە سەر(ی) کەسێک؛ فریو خواردن ‹کـلاه سـرش رفت که این ماشین را خرید: کلاو چووە سەری ئـەم ماشینەی کڕی›.

**کلاه سر کسی گذاشتن:** *[کنایی]* کلاو نانە سـەر کەسـێک؛ کەسـێک خاپانـدن/ فریـو دان ‹فروشنده کلاه سرش گذاشت: فرۆشیارەکە کـلاوی نایە سەری›.

**کلاه کسی با دیگری توی هـم رفـتن:** *[کنـایی]* کلاو تێک‌گیران/ تێکچـوون؛ لەگـەڵ کەسـێ تووشی شەڕ بوون ‹اگر به ایـن کـار ادامـه بـدهی کلاهمان توی هم می‌رود: ئەگـەر دەس لـەم کـارە بەر نەدەی کلاومان تێکدەگیرێ›.

**کلاه کسی پس معرکـه بـودن:** *[کنـایی]* دامـان؛ کەوتنە بن کەنوو؛ کاری کەسێک بەرەو پێش نەچوون ‹اگر دیر بجنبی کلاهت پس معرکه است: ئەگەر دێر بجوولیەوە دادەمێنی›.

**کـلاه کسـی پشـم نداشـتن:** *[کنـایی]* داری دەمانچەی کەسێک شکان؛ بە ڕبەی کەسێک نەپێوان؛ قسەی کەسێک بێبڕەو بـوون ‹کـلاه کدخدا پشم نداشت و کسی بـه او اهمیـت نمـی‌داد: داری دەمانچەی کوێخا شکابوو، کەس بـە گـوێی

نەدەکرد).

**کلاه کسی را برداشتن:** *[کنایی]* کلاو نانه سەری کەسێک؛ کەسێک فریو دان و زۆرتر شتێکی لێدزین.

**کلاه کسی را سر دیگری گذاشتن:** *[کنایی]* کلاوی مەلوێ کردنە سەر جەلوێ؛ سەت سەری بێ دەلاک تاشین؛ کلاوی کەسێک نانه سەر یەکێکی‌تر؛ به فریو دانی خەلک یان به گرتنی شتێک له کەسێ و دانی به دیتری گرفتی خۆ چارەسەر کردن: **کلاه ـ کلاه کردن** ☜ **کلاه ـ کلاه کردن** ☜ **کلاه کسی را سر دیگری گذاشتن**

**کلاهبردار** / kolāhbardār، ـها؛ ـان/: *صفت.* دەسبڕ؛ دەزبڕ؛ گوێبڕ؛ گووشبڕ؛ جامباز؛ گەلاج؛ گەلاچ؛ ڕیپۆ؛ ڕیپۆکار؛ خوافڕۆش؛ ئاوانتەچی؛ ساختەچی؛ ساختەکار ‹معلوم شد فروشنده کلاهبردار است: دەرکەوت فرۆشیارەکە دەسبڕە›.

**کلاهبرداری** / kolāhbardārî، ـها/: *اسم.* دەسبڕی؛ گزیکاری؛ جامبازی؛ کار و ڕەوتی فریو دانی خەلک زۆرتر به مەبەستی تەلەکە کردنی شتێک لێیان ‹در بازار کلاهبرداری کرده است: له بازاڕدا دەسبڕی کردووە›.

**کلاه‌پشمی** / kolāhpašmî، ـها/: *اسم.* لاتیە؛ لاتێ؛ دووقۆچکە؛ کلاوی له خوری چێکراو یان له خوری ئاخنراو.

**کلاه‌پوست** / kolāhpûst، ـها/: *اسم.* شەکە؛ قەلپاخ؛ قەپلاخ؛ کلاوی له پێستە مەڕ.

**کلاهخود** / kolāhxûd، ـها/: *اسم.* کلاوخوود؛ کلاوزرێ؛ خوود؛ کووم‌زرخ؛ تاسکلاو؛ کلاوی وەک کاسەیەکی کانزایی بۆ بەرگری له گەزن دیتنی سەر، که له شەڕدا له سەری دەکەن: **خود؛ کُلاه آهنی**

**کلاهدوز** / kolāhdûz، ـها؛ ـان/: *اسم.* کلاوچن؛ کلاودوور؛ کلاودروو؛ کەسێ که کلاو بۆ فرۆشتن دەدروێ.

**کلاه‌دوزی** / kolāhdûzî/: *اسم.* کلاوچنی؛ کلاودووری: ۱. کار و ڕەوتی دووریتی کلاو ۲. /ها/ کارگەی کلاوچنی.

**کلاه‌فرنگی** / kolāhfarangî/: [فارسی/ از فرانسوی] ☜ **کلافرنگی**

**کلاهک** / kolāhak، ـها/: *اسم.* کلاوکە؛ کلاوە: ۱. بەشێ له ئامێر که وەک کلاوێک وایە و له سەر نووک یان سەریەوە دادەنرێ ‹کلاهک موشک: کلاوەی مووشەک› ۲. سەرکلاو؛ بان کلاوە؛ سەرکلاوە؛ ئەوەی که وەک کلاو کونێک دادەپۆشێ ‹کلاهک دودکش: سەرکلاوی دووکەڵکێش›.

**کلاهگیس** / kolāhgîs، ـها/: *اسم.* کلاوقژ؛ مووچاچ؛ مووچاخ؛ پرچی بەدەڵ؛ پرچی دەسکار؛ پۆشەنی دەسکردی قژ که بۆ داپۆشانی تاسی یان گۆڕانی چار له سەر دەکرێت ‹داماد کلاهگیس داشت: زاوا کلاوقژی هەبوو›.

**کلاه‌مخملی** / kolāhmaxmalî، ـها/: [فارسی/ عربی] *اسم. [مجازی]* جاهێل؛ لاتی به ماریفەت ‹چند تا کلاه‌مخملی نشسته بودند و داشتند چای می‌خوردند: چەن جاهێل دانیشتبوون و چاییان دەخواردەوە›.

**کلاه‌نمدی** / kolāhnamadî، ـها/: *اسم.* کلۆز؛ کلۆس؛ کلاوبۆرە؛ کلاوبۆرکە؛ کلاوبۆرگە؛ کلاوگەڕە؛ کولاف؛ کلاوی له بەرگن چێکراو.

**کلاهو** / kalāhû/ ☜ **کلاکموش**

**کلاهی**[1] / kolāhî/: *اسم. [گفتاری]* کلاوچن؛ کلاودروو؛ کلاودوور؛ کەسێ کە کلاو دەچنێ یان دەیفرۆشێ.

**کلاهی**[2]: *صفت. [گفتاری]* کلاوبەسەر؛ کلاولەسەر؛ بەرامبەری مێزەر به سەر ‹یک آقای کلاهی کنارشان نشسته بود: کابرایەکی کلاوبەسەر له لایان دانیشتبوو›.

**کلب‌اصغر** / kalbe'asqar/: [عربی] ☜ سگ کوچک، **سگ**

**کلب‌اکبر** / kalbe'akbar/: [عربی] ☜ سگ بزرگ، **سگ**

**کلبتین** / kalbateyn, kalbatîn ، ـها/: [عربی] /سم. گاز؛ گازک؛ ماشەرز؛ کەلبەتان: ۱. ئامرازی بزمار کێشانەوە ۲. ئامرازێکی ددانبژیشکی بۆ دەرکێشانی ددان: **کەبتین**

**کلبە** / kolbe ، ـها/: /سم. کۆخ؛ کۆخک؛ کۆختە؛ قۆختە؛ کولوە؛ کۆلیت؛ قولیت؛ قۆخل؛ قوخل؛ کێپل؛ کاز؛ مالۆچکە؛ یانەکلە؛ مالک؛ خانوچکەی زۆر بچووک و فەقیرانە.

**کلبی** / kalbî ، ـها؛ ـان؛ ـون/: [عربی]/سم. ۱. کەلبی؛ شوێنکەوتووی ئامۆژەیەکی کۆنی یۆنان کە دەڵێ دوورگرتن لە دنیا و گوێ نەدان بە داب و نەریتی کۆمەڵگا، ئەبێتە هۆی ڕزگاری ۲. *[مجازی]* سەگسار؛ کەسێ کە لە ئاکار و وتاردا بێچاوڕۆیە.

**کلپترە** / kalpatre/:/سم. هەڵیتوپەڵیت؛ هەلەق ـ مەلەق؛ وڕکەوڕک؛ کەڵپەترە؛ قسەی هیچ و پووچ و بێمانا.

**کلت** / kolt ، ـها/: [فرانسوی]/سم. کولت؛ ناوی جۆرێ چەکی کەمەری.

**کلچیدن** / kalčîdan/: مصدر. لازم. بزرکان؛ بزرقیان؛ هەڵبڕکیان؛ هەڵبزڕکان؛ پڕووسقان؛ پڕوسقیان؛ بروسقیان؛ بزرقیەی؛ بزرقیای؛ بڕان/ بڕیانی شیر.

■ صفت مفعولی: **کلچیدە** (بزڕکاو)/ مصدر منفی: **نکلچیدن** (نەبزڕکان)

**کلخوز** / kolxoz ، ـها/: [روسی]/سم. کەلخۆز؛ خرپە؛ ڕێخراوەی هەرەوەزی کشتوکاڵ لە سەردەمی یەکیەتی سۆڤیەت (شۆرەوی)دا.

**کلدانی**[1] / kaldānî/: [سامی]/سم. کەلدانی: ۱. تاقمێک لە خاچپەرستانی ئاسووری کە پاپ بە پێشەوای دینی خۆیان دەزانن ۲. ـها؛ ـان/ هەر یەکە لە خڵکی زاگەبەری ووڵاتی کەڤنارای کەلدە لە بەینچۆمان ۳. زمانی ئەو هۆزە، لە زمانگەلی سامی.

**کلدانی**[2]: *صفت.* کەلدانی: ۱. پێوەندیدار یان سەر بە ووڵاتی کەونارای کەلدە ۲. شوێنکەوتووی دەستەی کەلدانی.

**کلر** / k(o)lor/: [فرانسوی]/سم. کولۆر؛ توخمی کیمیاوی ناکانزای لە دەستەی هالۆژنەکان، بە ژمارەی ئەتومی ۱۷ و کێشی ئەتومی ۳۵,٤٥، گازێکی ژەهراوی بە ڕەنگی زەردی مەیلەو سەوز و بۆنی ناحەزە، کە بە شێوەی کلوروور لە ئاوی دەریا، سەوزی و شانگەلی گیانەوەریدا هەیە. لە دروستکردنی دەوا و دەرمان، ماکی پیسیلابەر، ڕەنگلابەر و هەروەها بۆ پاڵاوتنی ئاو بە کار دەڕوا.

**کلروفرم** / k(o)loroform/: [فرانسوی]/سم. کلورۆفۆرم؛ تراوی قورسی بێڕەنگ و هەڵچوو بە چێژەی شیرین و ناتێکەڵ لە ئاو کە لە بژیشکیدا وەکوو دەوای هۆشبەری بەکاردەچێ و لە پیشەسازیشدا کەڵکی هەیە.

**کلروفیل** / k(o)lorofîl/: [فرانسوی]/سم. سەوزینە؛ کلۆرۆفیل؛ ماکی سەوزی نێو شینایی و بنەمای دروستکردنی هیدراتی کەربون بە فوتۆسەنتیز.

**کلزا** / kolzā ، ـها/: /سم. کولزا؛ گیای ئالیکی لە چەشنی کەلەرم بە تۆمی چەورەوە کە بۆ دروستکردنی ڕۆنی گیایی بەرهەمی دێنن.

**کلسترول** / kol(l)est(e)rol, kolestrol/: [انگلیسی]/سم. کولیسترۆل؛ جۆری ئەلکولی بلۆری سپی یان زەردە کە لە ئاودا ناتوێتەوە و لە خوێن و مێشک و دەمار و جەرگ و سەفرادا دەورێکی گرینگی بۆ سووت و ساز هەیە و ویتامین «دێ»شی لێ بەرهەم دێ.

**کلسیم** / kalsiyom/: [فرانسوی]/سم. کەلسیوم؛ توخمی کیمیاوی کانزا، بە ژمارەی ئەتومی ۲۰ و کێشی ئەتومی ٤۰,۰۸، بە ڕەنگی سپی نەرم و تێکەڵ لە ئاودا کە خوێکانی لە سروشتدا زۆرە و

www.perawipepwle.com



ماکی سەرەکی و گرنگی ژیانی گیانەوەران، سازینەری ئێسک، ددان، گەلای داران و سەدەفە: **کالسیُم**

▣ **کلسیم کاربید:** ☜ کاربید کلسیم، **کاربید**

**کلش** / kolaš، ـهـا/:[کردی]/سم. کولەش؛ کولۆش؛ کلۆش؛ قرش؛ لاسکی‌دروێنەکراو و وشکی خەلە، بەتایبەت گەنم و جۆ کە هێشتا نەکوتراوە.

**کلف** / kalaf، ـهـا/: [عربی]/سم. پەلە؛ خاڵ، بەتایبەت خاڵێ کە لە سەر خۆرەوە دەبینرێ.

**کلفت** / kolfat، ـهـا/: [عربی]/سم. کلفەت؛ کلفەتە؛ تەیان؛ جێری؛ کارەکەرە؛ کارەکەر؛ قەرەواش؛ قەرواش؛ قەرەباش؛ خزمەتکار؛ ناڤمالی؛ کەنیز؛ دەستەمۆ؛ خدامە؛ خەدامە؛ کچ یان ژنێک کە لە بەرانبەر وەرگرتنی پارەوە کاری ماڵداری و یانەوانی بۆ ماڵێک ئەنجام دەدا یان بەردەستی کەیوانووی ماڵ دەکا.

**کلفت**[۱] / koloft/:*/سم. [گفتاری]* قسەی ڕەق؛ قسەی ناشیرین و ناخۆش.

▣ **کلفت بار کسی کردن:** قسەی سووک لە پارسەنگی کەسێک نان؛ پلار لە کەسێک گرتن؛ قسەی تفت و تاڵ بە کەسێ گوتن ‹دو ماه اجارەخانه عقب افتاده، صاحبخانه هر روز کلفت بارمان می‌کند: دوو مانگە کرێ‌ماڵەکە کەوتۆتە دواوە، هەموو ڕۆژێ خاوەن ماڵ قسەی سووکمان لە پارسەنگ دەنێ›.

**کلفت**[۲]: *صفت.* ۱. ئەستوور؛ ستوور؛ قەبە؛ قۆڵ؛ قەبا؛ قەوی؛ قایم؛ قەیم؛ قەڵەو؛ کلفت؛ کولوفت؛ کلوفت؛ بە کۆتەری زۆرەوە ‹چوب کلفت: داری ئەستوور› ۲. ئەستوور؛ ستوور؛ قۆڵ؛ قایم؛ هوڕ؛ بە مەودای زۆر لە نێوان دوو خاڵی بەرانبەر لە ڕووپەڕێکدا ‹پارچەی کلفت؛ کاغذ کلفت: پارچەی ئەستوور؛ کاغەزی ستوور› ۳. گڕ؛ زل؛ کلفت؛ بۆڕ؛ قۆڕ؛ بەم ‹صدای کلفت: دەنگی گڕ› ٤. *[مجازی، گفتاری]* مل‌ئەستوور؛ ئەستوور؛ بە هێز و توانا یان خاوەن پلەی کۆمەلایەتی ‹پارتی آزاد خیلی کلفت است: پارتی ئازاد زۆر مل‌ئەستووره› ۵. *[مجازی]* درشت؛ دشت؛ ڕەق؛ زل؛ ناخۆش؛ ناحەز ‹متلک کلفت: پلاری درشت›.

**کلفتی** / kolfatî/: [عربی]/سم. کارەکەری؛ قەرەواشی؛ کلفەتی: ۱. پیشەی خزمەتکاری ژن ‹پنج سال در آن خانه کلفتی می‌کرد: پێنج ساڵ لەو ماڵەدا کارەکەری دەکرد› ۲. *[مجازی]* کاری زۆر و بە زەحمەت و بێ‌پارە و مووچەی ژن یان کچێک ‹کار سارا شده بود کلفتی مادر و خواهر شوهرش: کاری سارا ببووە کارەکەری دوش و خەسووی›.

**کلفتی** / koloftî/:*/سم.* ئەستووری؛ ستووری؛ قەڵەوی؛ کلفتی؛ کولوفتی؛ قۆڵایی؛ قایمی؛ قەیمی؛ گزارە؛ دۆخ یان چۆنیەتی کولفت بوون ‹کتاب به این کلفتی را چطور تمام کردی؟!: کتێبێ بەم ئەستووریەت چۆن تەواو کرد؟!›.

**کلک**[۱] / kalak، ـهـا/:*/سم.* کەلەک: ۱. کەلێ؛ کەلەس؛ کەلەس؛ ئامێری پەرینەوە لە سەر ئاو کە لە بەستنەیەکەوەی چەند کۆتەدار، خیگە یان بەرمیل دروست دەکرێ ۲. *[گفتاری]* فێڵ؛ گزی؛ ڕەتم؛ ڕیوم؛ کەلەکە؛ گەژی؛ زیچک؛ لێپ؛ لیپ؛ خاپ؛ گزە؛ ئەروەند؛ گەڕ؛ ڕاو؛ دەهۆ؛ فەن؛ بەن؛ فەند؛ فەنە؛ هەنگ؛ هوقە؛ گزی و فێڵ ۳. مەنگەڵی لە سوالەت.

▣ **کلک چیزی را کندن:** *[مجازی]* ۱. گێچەڵی شتێک بڕینەوە؛ کارێک تەواوکردن‹ کلک کار را کندن: گیچەڵی کارەکە بڕینەوە› ۲. بێخی شتێک دەرهێنان؛ قرتک/ چۆڕ لە چتێک بڕین؛ تاقی شتێک نەهێشتن؛ ئاو دانە بێخ چتێکا؛ دەس لە ئاخری شتێکەوە دەرهێنان؛ خواردن یان تەواو کردنی شتێک ‹در عرض یک هفته کلک پول‌ها را کند: لە حەوتەیەکدا بێخی پووڵەکانی دەرهێنا›.

**کلک خوردن:** فریو خواردن؛ خەڵەتان؛

خلـــەتان؛ خاپـــان؛ خاپیـــان؛ خـــاپین؛ هەلخەلەتان؛ غەرین؛ لێپ خارن؛ خەلەتیەی؛ گوڵ واردەی؛ خلەتیای؛ تـەفرە خـواردن؛ بـە فریـو چـوون؛ لـە خشـتە چـوون؛ فریبیـان؛ خلافان؛ خلەفان؛ هەربلین ‹باور نمی‌کردم به این سادگی کلک بخورد: بڕوام نـەدەکرد بـەم هاسـانیە فریو بخوات›.

**کلک زدن**: فێڵ کردن؛ گزیکاری کـردن؛ گـەڕ/ گزی کردن ‹دیدی چطور به پدرش کلک زد: دیتت چۆن فیلی له بابی کرد›.

**کلک سـوار کـردن**: *[مجـازی]* فـێڵ دیتنـەوە؛ فێڵەبازی کردن؛ فڕوفێڵ کـردن ‹هـر روز کلـک تازه‌ای سوار می‌کرد و از کار در می‌رفت: هەر ڕۆژێک فیلـیکی تـازەی دەدیتـەوە و لـە ژێـر کـار دەردەچوو›.

**کلک کسی را کندن**: *[مجازی]* فەراقی ڕەش له کەسێک بڕین؛ به ڕیشـەی کەسـێکدا چوونـە خوار؛ تەفر و تووناـ خسـتنی کەسـێک؛ سـەر کەسێک کردنە گۆمدا؛ کوشتن، بەزاندن یـان دەرکردن و دوور خستنەوەی کەسێک ‹سه تا چاقوکش ریختند سر آرام و کلـک او را کندنـد: سـێ چـەقۆکێش بـەر بوونـە گیـانی ئـارام و فـەراقی ڕەشیان لێبڕی›.

**کلک**[۲] / ـها/: *صفت. [گفتاری]* فێڵباز؛ زۆڵ؛ فریوباز؛ کەلاجۆیـە؛ فـێڵاوی؛ گزیکـەر؛ کەلـەکبـاز؛ گڕنی‌باز؛ حەکەباز؛ ناقس؛ گەڕساز ‹خیلی کلـک است، سر همـه کـلاه مـی‌گـذارد: زۆر فیلـبازە سـەری هەموان کلاو دەنێ›.

**کلـک** / kelk ، ـها/: *اسم. [ادبـی]* ۱. پێنـووس؛ قەلەم؛ قامیش؛ بنـووس؛ قەلـەمزەل ۲. کـەلپ؛ کـەلم؛ کەلـپ؛ کەلـپە؛ کەلبـە؛ کلـب؛ کەلـب؛ کەلـــبە؛ کەلـــوە؛ درۆک؛ قیـــل؛ چـــوار ددانی پێشەوەی گیانەوەرانی درندە.

**کلکسیون** / kol(l)eksiyon ، ـها/: [فرانسوی] *اسم.* بەرهەڤۆک؛ کولیکسـیۆن؛ کۆمەلـی خـرکراوەی شتێک (وەک بەرهەمی هونـەری، مێژوویـی، تـەمر یان شەمچە).

**کلکسـیونر** / kol(l)eksiyoner ، ـها/: [فرانسـوی] *اسم.* کەسـێ کـە بەرهەڤـۆک خـر دەکاتـەوە و ئاگاداریان لێوە دەکات.

**کلگی** / kallegî ، ـها/: *اسم.* کـلاوە؛ سـەرکلاوە؛ سـەرکلاو؛ شـتێکی وەکـوو کـلاو لـە سـەرووی دەسگایەکەوە.

**کلم** / kalam ، ـها/: *اسم.* کەلەم؛ کەلەرم؛ لەهانە؛ لەهەن؛ لانە؛ گیای یـەک یـان دوو سـالان، بـە گەلای پانی سپی، سەوز یان بنەوشەوە.

▣ **کلـم بروکسـل**: کەلـەرمی بنـەوش؛ جـۆری کەلەرمی گەلا بنەوشی پان و ئەستوور کە بـۆ سالاد دەبێ: **کلم بنفش**

**کلم بنفش** ☜ **کلم بروکسل**

**کلم پیچ**: کەلەم پێچ؛ جۆری کەلەرمی تۆپـەل بە گەلای چرچ و لۆچ و تورتەوە.

**کلـم قمـری**: قـومری؛ داش‌کەلـەم/ کەلـەرم؛ کەلەمووک؛ کەلەمۆ؛ کەلەمی؛ جۆری کەلـەرم کە لە تەختی خاکەوە خڕ هەلدێ و گەلاکانی بە سەریدا دەڕوێ.

**کلم گل**: گوڵەکەلەم؛ گوڵ‌کەلەرم.

**کلمات** / kalamāt, kalemāt/: [عربی] جمعِ ☜ **کلمه**

▣ **کلمات قصار**: قسەی نەستەق؛ سارستە؛ ڕستە یان زاراوەیەکی کورت و ئامۆژگاریدەر.

**کلمبیم** / kolombiyom/: [فرانسوی] ☜ **نیوبیُم**

**کلم‌پلـو** / kalampolow, -polo:/: *اسم.* کەلـەم/ کەلەرم‌پلاو؛ چەشنێ پلاو کە گۆشت، کەلەرمـی جنراو و مزرەمەنی تێدەکەن.

**کلمن** / kalaman/: [عربی] *اسم.* کەلەمەن؛ نێوی چوارەمین گرۆی پیتی ئەبجەد.

**کلمـــن** / kolman ، ـها/: [؟] *اسم.* کولمـــەن: ۱. ناوی بازرگـانی چەشـنێ یەخـدان ۲. نـاوی بازرگانی کەرستەیێک بـۆ هەلـگرتنی یـەخاو و

خواردنەوەی سارد کە زۆرتر دەرگا و شێری هەیە و لە سەفەردا بە کار دەڕوا.

**کلموک** / kalmûk /:/سم. کەلموک: ۱. هۆزی زەردپێست لە تۆرەمەی مەغوول کە ئێستە زۆرتر لە باکووری دەریای خەزەر نیشتەجێن ۲. /ـها/ هەر یەکە لە کەسانی ئەو هۆزە ۳. زمانی ئەو هۆزە لە زمانگەلی مەغولی.

**کلمە** / kalame, kaleme ، ـها؛ کلمات /: [عربی] /سم. وشە؛ وتە؛ گوتە؛ کوتە؛ واژە؛ وێژە؛ بێژە؛ لێمە؛ لێما؛ دروشە: ۱. چکۆلەترین یەکەی وتار یان نووسراوەیەک کە بە تەنیایی مانایەکی پێیە ‹یک کلمه با من حرف نزد: وشەیەکی لەگەڵم دووڵەت نەکرد› ۲. هەر یەکە لە بەشگەلی ڕستەیەک کە بە مەودا یان نیشانەی خالبەندی لێک جودا دەبنەوە ‹این سطر ۸ کلمه است: ئەم دێرە ۸ وشەیە›.

**کلمەسازی** / kalamesāzî, kaleme- ، ـها/: [عربی/ فارسی]/سم. وشەسازی؛ کاری دروست کردن و داهێنانی وشە بە پێتی ئەلفوبێتکە.

**کلنجار** / kalancār /:/سم. کار و ڕەوتی سەر نیانە سەر؛ کردەوەی هاوڕێ لەگەڵ کۆششت، شەڕ و هەرا و مەزات لەگەڵ شتێ یان کەسێکدا ‹یک روز تمام با کولر کلنجار رفت تا درستش کرد: ڕۆژێکی تەواو سەری نایە سەر کوولیرەکە تا خاسی کرد›. هەروەها: **کلنجار رفتن**

**کلنگ** / kolang ، ـها/:/سم. قوڵنگ؛ قوڵەنگ: ۱. قولنگە؛ قولینگ؛ قولەنگە؛ قولنگە؛ کۆڵەک؛ زەنگن؛ زەنگەن؛ قەزمە؛ قازمە؛ سنکۆڵک؛ کولینگ؛ پاچ؛ پارچ؛ نالجاخ؛ پاچی دووسەر؛ قازمە؛ ئامێری کانزایی بۆ زەوی کەندن و بەرد شکاندن و... بە دەمێکی تیژ و دەمێکی پان و دەستەیەکی دارینەوە ‹کلنگ را برداشت و شروع کرد به زمین کندن: قولنگەکەی هەڵگرت و دەستی کرد بە زەوی کەندن› ۲. قولنگ؛ قورینگ؛ قورنگ؛ قازیقولنگ؛ قازیقولینگ؛ شینەقورینگ؛ قولینگە؛ قەتارقولینگ؛ پەلەوەری کێوی بە لەش و مل و پەلی درێژ، دندووکی بلیند و ئەستوورەوە.

▣ **کلنگ جایی را به زمین زدن:** بنەڕەتی جێگایەک دانەوە؛ کردنەوەی جێگایەک دەست پێکردن ‹رییس‌جمهور کلنگ بیمارستان را برای سومین بار به زمین زد: سەرۆک‌کۆمار بنەڕەتی نەخوشخانەکەی بۆ سێهەمین جار دایەوە›.

**کلنگی** / kolangî /: *صفت.* کۆنەماڵ؛ ماڵی کۆنەی شیاوی ڕووخاندن.

**کلنل** / kol(o)nel ، ـها/: [فرانسوی]/سم. سەرهەنگ؛ ئەفسەری خاوەن پلە و پایەی سەرهەنگی.

**کلنی** / kolonî ، ـها/: [فرانسوی]/سم. ۱. *[نامتداول]* موستەعمیرە؛ ووڵاتی دەست بە سەردا گیراو ۲. کۆچنشین؛ کۆچەرنشین ۳. کۆمەڵە خەڵکی هەندەرانی دانیشتووی شارێک ٤. *[زیست‌شناسی]* سەرجەمی باکتری هەڵهاتوو لە شوێنێک کە بڕی جار لە ملیۆنیش پتر.

**کلوئید** / kol(l)o'îd ، ـها/: [فرانسوی]/سم. *[شیمی]* کولۆییدە؛ تێکەڵاوی چەند جۆر وردەماکی هاوچەشن لە باری قورسیەوە (زۆرتر) لە تراوێکدا.

**کلوئیدی** / kol(l)o'îdî /: [فرانسوی] *صفت.* کولۆییدی؛ بە دۆخ یان چۆنیەتی کولۆییدەوە ‹شیر یک ماده‌ی کلوئیدی است: شیر ماکێکی کولۆییدیە›.

**کلوب** / kulûb ، ـها/: [فرانسوی]/سم. گازتین؛ گاستین؛ یانە؛ یانی؛ یان؛ جێ کۆ بوونەوە بۆ سانەوە: **کلوپ**

**کلوپ** / kulûp /: [از فرانسوی] ☜ **کلوب**

**کلوته** / kolûte ، ـها/: [از کردی]/سم. *[قدیمی]* ۱. کلێتە؛ کلیتێ؛ سەرکلاوەی بەن ۲. کۆچکە؛ قۆچکە؛ کۆچک؛ قۆچک؛ قۆلەقۆچکە؛ سەرپۆشێ کە لە بەرچەنەوە دادەخرێ، زۆرتر بۆ زارۆکی

دەبەستن و هێندێک ژنی عێلاتیش بە سەریدا دەدەن.

**کلوچە** / kulûče, kolûče ، ـها/: *اسم.* کولیچە؛ کلۆچ؛ کلیچ؛ کلیچە؛ کلێچە؛ کلووچە؛ کولووچە؛ کولووچێ؛ چەشنێ نانی شیرینی وشک کە لە ئارد، ڕۆن، هێلکە و تۆزێ شەکر دروستی دەکەن.

**کلوخ** / kulûx, kolûx/: *اسم.* کلۆ؛ کەستەک؛ کەستک؛ کێستەک؛ کەرسەک؛ کەرسەگ؛ کولات؛ کرێت؛ کولۆ؛ کولوە؛ کلۆگل؛ کەلمتە؛ گورمک؛ کەملتە؛ گلمەت؛ گلمت؛ گلمتک؛ گونده؛ مەدەر؛ گوومتل؛ کلۆسن؛ سمتەگل؛ سندەگل؛ سندەگل؛ سندە؛ سن؛ خەرسەک؛ تۆزلاخ؛ کۆمای پێکەوە لکاوی گلی وشکەلاتوو.

**کلوخ کوب** / kulûxkûb, kolûx- ، ـها/: *اسم. [کشاورزی]* کلۆکوتە؛ سندەکوت؛ ئامێرێکی وەک حورتەکی گەورە بە دەستەیەکی دریژەوە بۆ ورد کردنی کەستەک و تەختکردنی زەوی.

**کلوخە** / kulûxe, kolûxe ، ـها/: *اسم.* ۱. کولۆ؛ کولوە؛ کەلپ؛ کەلب؛ پرت؛ گومتل؛ کول؛ پارچۆکە؛ کومتل؛ کەلبە؛ کۆمایەکی خۆگر بە بیچمی ناڕێکەوە ‹کلوخەی قند: کولوی قەند› ۲. *[بنایی]* کەلووک؛ کەلووکە؛ لەتە ئاجۆرێک بە ئەندازەی یەک لە هەشتی ئاجۆرێکی ساق.

**کلوک؛ کلوکە**

**کلوزآپ** / k(e)lowzāp/: [انگلیسی] *اسم.* وێنە (ڕەسم یان فیلم) لە مەودای نزیکەوە.

**کلوزار** / kolûzār ، ـها/: *اسم.* کەرکیت؛ کەلکیت؛ دەف؛ دەفە؛ ئامرازێکی کانزایی شانەئاسا بۆ کوتاندنەوەی پۆی قالی.

**کلوش** / keloš/: [فرانسوی] *اسم.* کەلەوش؛ چەشنێ برێشتی لە سەرەوە تەنگ و لە خوارەوە هەڕاو ‹دامن کلوش: دامێنی کەلەوش›.

**کلوک** / kulûk, kolûk/ ☜ **کلوخە ـ۲**

**کلوکە** / keloke/: [؟] *اسم.* ئەشک؛ پارچەی سووکی لە بەن، پەموو یان هەودای دەسکرد بە نەخشی زۆپەوە کە زۆرتر بۆ چارشێوی ڕەش بەکاری دەبەن.

**کلوکە** / kulûke, kolûke/ ☜ **کلوخە ـ۲**

**کلون** / kulûn, kolûn ، ـها/: *اسم. [قدیمی]* کۆم؛ کولۆم؛ کلۆم؛ فەراشتە؛ فەراشە؛ شەوژەن؛ کلیل و گۆلە؛ کلیل و گۆل؛ کلێل و کۆم؛ کلیل و کۆم؛ ئالقەی دارین یان کانزایی درگا داخستن.

**کلە**[1] / kalle ، ـها/: *اسم. [گفتاری]* سەر: ۱. پۆپە؛ چلەپۆپە؛ قەلەپۆپە؛ سەرقەل؛ دوچک؛ قووچکە؛ تروپک؛ تڕۆپک؛ سڵتان؛ بانترین خالی جێگا یان شتێک ‹کلەی درخت: پۆپەی دار› ۲. کەلە؛ کلۆخ؛ کەلێ ‹با کلەی تراشیدە مەی‌رقصید: بە سەری تاشراوەوە هەلدەپەڕی› ۳. *[مجازی]* کەلە؛ کەلێ؛ زەین؛ بیر؛ وێر ‹نمی‌دانم در کلەی تو چە می‌گذرد: نازانم چت لە سەردایە› ٤. *[مجازی]* هۆش؛ کەلە؛ توانایی زەینی ‹باکلە: بەهوش› ۵. کەلە؛ کاتات؛ کاتک؛ کات؛ کاژە؛ کاژەلە؛ کاژەڕە؛ کاژەلاک؛ قاف؛ قەحف؛ سەری چوارپێیانی حەلاڵ‌گۆشت، بەتایبەت مەڕ ‹دو تا کلە خریدیم و چهارتا پاچە: دوو سەر و چوار پێمان کڕی›.

▣ **کلەی سحر**: کازیوە؛ کازیوە؛ سپێدەی بەیانی؛ سەلای سوح؛ دەمی بەیان؛ سەر لە بەیانی.

▣ **کلەی خود را بە کار انداختن**: *[مجازی]* عەقڵی خۆ گردەوکردن؛ بیری خۆ گلێرکردنەوە؛ لە هزر و بیری خۆ کەلک گرتن ‹کلەات را به کار بیانداز!: عەقڵت گردەوکە!›.

**کلە کردن**: ۱. هەڵگەڕاندنەوە؛ هەڵەوگەڕاندن؛ سەرەوخوارکردن؛ هۆرووڵنایوە؛ وەڵودیم کەردەی ‹فرغون را پای دیوار کله کرد: فیرغوونەکەی لە پەنا دیوارەکەدا هەڵگەڕاندەوە› ۲. *[مجازی]* ڕاونان؛ ڕەواندن؛ تاراندن ‹اول صبح مشتری را کله نکن!: سەر لە بەیانی مشتری ڕاو مەنێ!›. هەروەها: **کله‌شدن**

**کلەی کسی باد داشتن**: *[مجازی، گفتاری]* سەر

به‌ته‌م بوون؛ بادی هه‌وا بوون ‹هنوز کله‌ات باد دارد و با تو نمی‌شود حرف زد: هێشتا سه‌رت به‌ته‌مه و قسه‌ت له‌گه‌ڵ ناکرێ›.

**کله‌ی کسی بوی قرمه سبزی دادن:** *[مجازی]* سه‌ری که‌سێک بۆ گۆنگه‌لان خوران؛ سه‌ری که‌سێک لێ خوران/ جوولانه‌وه؛ قسه‌ی مه‌ترسیدار (زۆرتر دژ به حکوومه‌ت) گوتن ‹آقا کله‌اش بوی قرمه‌سبزی می‌دهد: کاکه‌م سه‌ری بۆ گونگه‌لان ده‌خوری›.

**کله‌ی کسی خوب کار کردن:** *[گفتاری]* مێشکی که‌سێک باش کارکردن؛ ئاقڵ و هۆشیار بوونی که‌سێک.

**کله‌ی کسی داغ شدن:** *[مجازی]* چاوی که‌سێک په‌رینه ته‌وقی سه‌ری؛ سه‌ری که‌سێک داخ‌کردن؛ دین له لا که‌سێک نه‌مان؛ زۆر تووڕه بوون ‹وقتی این منظره را دیدم کله‌ام داغ شد: کاتێ ئه‌و دیمه‌نه‌م بینی چاوم په‌ریه ته‌وقی سه‌رم›.

**کله‌ی کسی گرم شدن:** *[مجازی]* سه‌رخۆش بوونی که‌سێک؛ مه‌ست/ مه‌س‌کردن ‹وقتی چند استکان خورد و کله‌اش گرم شد، افتاد به پرحرفی: هه‌ر که چه‌ند پیاڵه‌ی خواردەوه و سه‌رخۆش بوو، ده‌ستی کرد به چه‌نه‌بازی›.

**به کله‌ی کسی زدن:** *[مجازی]* به سه‌ری که‌سێکدا هاتن؛ ژیری و توانی لێکدانه‌وه لا نه‌مان ‹یک دفعه زد به کله‌اش و شروع کرد به داد زدن: له‌پر به سه‌ریدا هات و ده‌ستی کرد به هاوار و داد›.

**کله**[۲]: *قید.* ۱. به سه‌ردا؛ به ڕاوه‌ستاو. به‌رانبه‌ر: **راسته** ‹آجرها را کله بچین!: ئاجۆره‌کان به‌سه‌ردا بچنه!› ۲. چڵه‌پۆپه؛ پۆپه؛ ترۆپک؛ تروپک؛ دوند؛ زه‌نگول؛ سه‌رقه‌ل ‹نشسته بود کله‌ی درخت: له چڵه‌پۆپه‌ی داره‌که‌وه دانیشتبوو›.

**کله** / kele/: *اسم.* ۱. ته‌قه‌ڵ؛ کاری جارێک تێڕۆکردن و ده‌رهێنانی شتێک (وه‌ک ده‌رزی) ۲. *[مستهجن]* کوت؛ په‌یکوت؛ گۆت؛ حینچکه؛ فنچک؛ فرچک؛ سووک؛ سۆک؛ ته‌کان و شه‌کانی کاتی هاوجێیی.

**کله پا** / kallepā/: *صفت. [گفتاری]* واژۆ؛ نقۆت؛ قڵپ؛ سه‌ر و ژێر؛ سه‌رنخوون؛ سه‌رنه‌خوون؛ سه‌رنه‌خووین؛ سه‌رنوخوون؛ سه‌رنوخین؛ سه‌ره‌ونخوون؛ سه‌ره‌ونگوون؛ سه‌رنگووم؛ سه‌ره‌ونگوم؛ ژێره‌وژوور؛ ژێروڕوو؛ ژێروبان؛ وه‌ڵودیم؛ سه‌ره‌ونوون.

▣ **کله پا شدن:** ۱. هه‌ڵگه‌ڕانه‌وه؛ سه‌رنخوون بوون؛ واژۆ بوون؛ ئه‌وه‌نوونیه‌ی؛ نوونیایوه؛ هۆروێڵیه‌ی ‹مواظب باش سماور کله‌پا نشود: وریا به سه‌ماوه‌ره‌که هه‌ڵنه‌گه‌ڕێته‌وه› ۲. *[کنایی]* ڕه‌ت بردن؛ قۆرت دان؛ ساتمه بردن؛ هه‌ڵه‌نگووتن؛ هاوسه‌نگی و ساغی خۆ له ده‌ست دان ‹چند قدم نرفته بود که کله‌پا شد و سرش خورد به دیوار: چه‌ند هه‌نگاوێک نه‌ڕۆیشتبوو ڕه‌تی برد و سه‌ری دای به دیواردا› ۳. *[مجازی]* که‌وتنه لای مااڵ؛ تووشی نه‌خۆشی گران بوون ‹بعد از آن اتفاق یک ماه کله‌پا شد: دوای ئه‌و ڕووداوه مانگێک که‌وته لای ماڵ›.

**کله پاچه** / kallepāče/: *اسم.* سه‌روپێ؛ سه‌روپا؛ سه‌روپاچک؛ سه‌ره‌وپا؛ سه‌روپێچک؛ که‌له‌پاچه؛ که‌ل‌وپا؛ که‌ل‌وپاچه؛ که‌ل‌وپاچکه؛ که‌لله‌پاچه؛ که‌لپاچه: ۱. ـها/ پاچکه؛ پاچه؛ پایه؛ په‌ل و سه‌ری ئاژه‌ڵ به برژاوی ۲. چێشتی سه‌روپێ.

**کله‌پز** / kallepaz ، ـها/: *اسم.* که‌له‌په‌ز؛ که‌سێ که کاری لێنانی سه‌روپێیه.

**کله‌پزی** / kallepazî/: *اسم.* که‌له‌په‌زی: ۱. کاری لێنانی سه‌ر و پێ ۲. ـها/ دووکانی لێنان و فرۆشتنی چێشتی سه‌روپێ.

**کله‌پوک** / kallepûk ، ـها/: *صفت. [مجازی، گفتاری]* سه‌رخلۆل؛ سه‌رکوێر؛ سه‌رپووت؛ ده‌به‌نگ؛ بێمێشک؛ بێمه‌ژگ.

**کله‌جوش** / kallecûš/ ☜ **کالجوش**

www.perawipepwle.com


**کله‌خر** / kallexar ، ـها/: *صفت. [مجازی، گفتاری]* سەرەوڕۆ؛ گاگوو؛ نەترسی بێئاوەز. هەروەها: **کله‌خری**

**کله‌خشک** / kallexošk, -xošg/: *صفت. [مجازی، گفتاری]* مێشکوشک؛ دڵفەرسیای؛ بەبێ هێزی زەینی بۆ نوێکردنەوە و بەدیهێنان.

**کله‌دار** / kalledār ، ـها/: *صفت. [گفتاری]* زیرەک؛ زرنگ؛ زرینگ؛ زانا؛ ئاقڵ.

**کله‌شق** / kallešaq(q) ، ـها/: [فارسی/ عربی] *صفت. [گفتاری]* لاسار؛ سەررەق؛ کەلەڕەق؛ کەلەشەق؛ خاوەن هۆگرەتی بە لاساری و گوێنەبیسی ‹خیلی کلەشق است، جواب همه را با فحش می‌دهد: زۆر لاسارە، وەلامی هەموو بە جنێو دەداتەوە›.

**کله‌شقی** / kallešaq(q)î ، ـها/: [فارسی/ عربی] *اسم. [گفتاری]* لاساری؛ سەررەقی؛ کەلەڕەقی؛ کەلەشەقی؛ سەربزێوی و پێچەقێنی لە بەرانبەر نەویستەوە ‹این‌قدر کلەشقی نکن! بیرونت می‌کنند: ئەوندە لاساری مەکە! دەرت دەکەن›.

**کله‌قند** / kalleqand ، ـها/: [فارسی/ معرب]/سم. کەللەقەند؛ کەلەقەن؛ کەلەشەکر؛ کەللەشەکر؛ شیلە شەکری دە قاڵبکراوی وشکەوەبوو.

**کله‌قندی** / kalleqandî/: [فارسی/ معرب] *صفت.* کەللەقەندی؛ بە شێوەی کەللەقەند.

**کله‌کوت** / kallekût/: *صفت. [مجازی]* قەلاپەچن؛ قەلاچین؛ قەلاتە؛ لە سەر یەک هەڵچنراو.

**کله‌گنجشک** / kallegoncešk, -goncešg/: *اسم.* سەرەچۆلەکە؛ سەرمەلیچک. هەروەها: **کلّەماهی**

▣ **کله‌گنجشک خوردن:** *[مجازی]* ئەلفەلەیلە خوێندن؛ مێشکی کەر خواردن؛ زۆربلێیی کردن؛ فرەویژی/ چەنەبازی کردن ‹چقدر حرف می‌زنی! مگر امروز کله‌گنجشک خوردی؟: چەندە قسە دەکەی! مەگەر ئەورۆ نەلفەلەیلەت خواردوە؟›.

**کله‌گنده** / kallegonde ، ـها/: *صفت. [تعریض]* سەرزل؛ سەرتۆپز؛ کەلەزل؛ مەلپان؛ بە هێز و کارتێکەری کۆمەڵایەتیەوە ‹هر چیز خوب نصیب آن همسایه‌ی کله‌گنده می‌شد: هەموو شتێکی باش دەبووە بەشی ئەو دراوسێیە سەرزلە›.

**کله‌معلق** / kallemo'allaq/: [فارسی/ عربی] *صفت. [گفتاری]* سەرنخوون؛ نخوون؛ واژۆ؛ سەرەوخوار.

▣ **کله‌معلق زدن:** سەرمەقوڵات لێدان؛ سەپلەقوڵاتێ کردن.

**کله‌معلق شدن:** سەرەونخوون بوون؛ سەرنخوون بوون؛ نخوون بوونەوە؛ وەرگەڕان؛ ژێروڕوو بوون؛ واژی بوون؛ بەراوەژوو بوون؛ ئاوەژوو بوون؛ سەرەونوون بیەی؛ ئەوەنوونیەی؛ وەڵدیم بیەی؛ قڵپ بوونەوە؛ نوقم بوونەوە؛ قولەوژوور بوون؛ قولب بوون؛ دەمەوخوار بوون ‹از بالای درخت کله‌معلق شد، سرش شکست: لە سەر دارەکەوە سەرەونخوون بوو، سەری شکا›.

**کلی** / kolî ، ـها/: [؟]/سم. ۱. کارتونی بچووک ۲. بەستە؛ بەسە.

**کلی**[1] / kollî/: [عربی] *صفت.* ۱. مشەمەر؛ زۆر و زەبەند؛ فرە و فراوان. بەرانبەر: **جزئی** ‹خرید کلی: کڕینی مشەمەر› ۲. گشتی؛ هەموانی؛ سەرجەم ‹تصویر کلی: وێنەی گشتی›.

**کلی**[2]: *قید.* ۱. زۆرێک؛ گەلەک؛ فرەیێک؛ زۆر و زەبەن؛ زۆر و زەوەند؛ فرە و فراوان ‹کلی خرید کردم: زۆریک شتم کڕی› ۲. سەرجەم؛ بە گشتی؛ بەبێ وردکردنەوە و تا و توێ دەرهێنان.

**کلیات** / kollîyyāt/: [عربی]/سم. ۱. جمع **کُلّیّت** ۲. سەرجەمی بەرهەم؛ کۆی نووسراوەی نووسەر یان شیعری شاعیرێک.

**کلیپس** / kilîps, kelîps ، ـها/: [از انگلیسی]/سم. کلیپس: ۱. ئامێرێکی کانزایی یان پلاستیکی بە شێوەی مێڵەیەکی چەماوە بۆ گیر دانی چەند لاپەڕە کاغەز و مقەوا لە سەر یەک ۲. گیرە.

▣ **کلیپس زدن:** گیرە لێدان؛ کلیپس دان؛ بە

کلیپس به یه‌که‌وه چه‌سپاندن.

**کلیت** / kolit/: [فرانسوی] ☜ **تُولیت**

**کلیت** / kollîyyat ، ـها؛ کلیّات/: [عربی]/سم. سه‌رجه‌می؛ مشه‌مه‌ری؛ دۆخ یان چۆنیه‌تی گشتی بوون.

**کلیتاً** / kollîyyatan/: (!)[عربی] قید. به تێکڕایی؛ سه‌رجه‌م؛ به گشتی.

**کلیجه** / kolîce ، ـها/: [کردی]/سم. [قدیمی] کولیجه؛ کوله‌جه؛ کولجه؛ کوله‌نجه؛ کوله‌جه؛ کلجه؛ کلۆجه؛ کولۆنجه؛ کولنجه؛ کولیژه؛ کوله‌جی؛ بالاپۆشێکی له خوری چێ‌کراو.

**کلید** / kilîd, kelîd ، ـها/: [یونانی]/سم. کلیل؛ کلێل؛ کلێل: ۱. ئاچه‌ر؛ هاچه‌ر؛ هاچار؛ ئامێری کردنه‌وه و به‌ستنی قوفل ‹کلید در: کلیلی ده‌رگا› ۲. ئامێری وه‌گه‌ڕ خستن و قت‌کردنی ڕه‌وتی کاره‌با له خولگه‌یه‌کدا ‹کلید برق: کلیلی کاره‌با› ۳. [موسیقی] نیشانه‌یه‌کی تایبه‌تی بۆ ده‌سپێکی نوت له سه‌ر دێڕی نوت‌نووسی (وه‌ک کلیلی سول، کلیلی فا) ٤. شتێک بۆ بازکردنی ڕه‌مز یان هه‌لێنانی مه‌ته‌لێک.

▣ **کلید انداختن**: کلیل (تێ)خستن؛ به کلیل قوفل کردنه‌وه.

**کلید زدن**: ڕۆشن کردن؛ ترازنه‌ی؛ هه‌لکردن؛ به کار خستنی ئامێر یان ده‌سگایه‌ک (وه‌ک ڕێخستنی دووربینی وێنه‌هه‌لگری).

**کلید کردن**: قوفل کردن: ۱. سفت و سۆڵ به‌ستن ‹دندانهایش را کلید کرده بود: ددانی قوفل کردبوو› ۲. کلیل کردن؛ داخستن؛ کرێڵ که‌رده‌ی؛ گاڵه دان؛ به‌ستن به کلیل ‹در را کلید کردی؟: دڕگاکه‌ت قوفل کرد؟›. هه‌روه‌ها: **کلید شدن**

**کلیدسازی** / kilîdsāzî, kelîd-/: [یونانی/ فارسی] /سم. کلیل‌سازی؛ کلێل‌سازی: ۱. ـها/ کارگای دروست‌کردنی کلیل ۲. کاری دروست‌کردنی کلیل. هه‌روه‌ها: **کلیدساز**

**کلیدی** / kilîdî, kelîdî/: [یونانی] صفت. [مجازی] سه‌ره‌کی؛ گرنگ؛ گرینگ ‹پست کلیدی: پایه‌ی سه‌ره‌کی›.

**کلیس** / kolis ، ـها/: [فرانسوی]/سم. کولیس؛ جۆری ئامرازی پێوانی زۆر به وردی مه‌ودا.

**کلیسا** / kilîsā, kelîsā/: [یونانی]/سم. کلیسا؛ کڵێسه؛ که‌نیسه: ۱. ـها/ په‌رستگای خاچپه‌رستان: **کلیسیا** ۲. مه‌زهه‌بی خاچپه‌رستی، به‌تایبه‌ت له ئاماژه به ڕێخراوه و پێکهاته‌که‌یدا ‹کلیسای کاتولیک: کلیسه‌ی کاتولیک›.

▣ **کلیسای ارتدکس** ☜ مذهب ارتدکس، مذهب. هه‌روه‌ها: **کلیسای آنگلیکان؛ کلیسای پرتستان؛ کلیسای کاتولیک**

**کلیسای جامع**: کڵێسه‌ی سه‌ره‌کی؛ ئوسقوف‌نشینێک، که زۆرتر ئوسقوف یان سه‌رئوسقوف تێیدا نوێژ ده‌کا.

**کلیسای روم**: مه‌زهه‌بی کاتولیک.

**کلیسای شرق**: مه‌زهه‌بی ئورتودوکس.

**کلیسائی** / kilîsā'î, kelîsā'î/: [یونانی] ☜ **کلیسایی**

**کلیسایی** / kilîsāyî, kelîsāyî/: [یونانی] صفت. کلیسایی؛ کڵێسه‌یی؛ که‌نیسه‌یی؛ پێوه‌ندیدار یان سه‌ر به کلیساوه ‹آموزشهای کلیسایی: فێرکاری کلیسایی›: **کلیسائی**

**کلیسیا** / kilîsiyā, kelîsiyā/: [یونانی] ☜ **کلیسا ـ ۱**

**کلیشه** / kilîše, kelîše ، ـها/: [فرانسوی]/سم. کلیشه: ۱. پارچه کانزایه‌ک له ئالیاژی ڕۆح، که وێنه یان نووسراوه‌یه‌ک بۆ چاپ له سه‌ری هه‌ڵهاتووه ۲. [مجازی] وێنه‌ی چاپی.

▣ **کلیشه کردن**: کلیشه‌کردن؛ به شێوه‌ی وێنه‌یی چاپ‌کردن.

**کلیشه‌ای** / kilîše'î, kelîše'î/: [فرانسوی] صفت. کلیشه‌یی؛ کلێشه‌یی: ۱. به شێوه‌ی کلیشه

‹چاپ کلیشه‌ای: چاپی کلیشه‌یی› ۲. *[مجازی]* قالبی؛ به شێوه‌ی له پێشه‌وه دانراو و بێ‌ئه‌وه‌ی هیچ‌جۆره نوێکارییکی تێدا هه‌بێ.

**کلیشه‌ساز** / -kilîšesāz, kelîše، ـها؛ ـان/: [فرانسوی/ فارسی]/سم. کلیشه‌ساز؛ که‌سێ که کاری دروست‌کردنی کلیشه‌یه.

**کلیشه‌سازی** / -kilîšesāzî, kelîše/: [فرانسوی/ فارسی]/سم. کلیشه‌سازی: ۱. کاری دروست کردنی کلیشه ۲. پیشه‌ی کلیشه‌ساز ۳. ـها/ کارگای کلیشه دروست‌کردن.

**کلیک** / kilîk, kelîk، ـها/: /سم. تووته؛ گولێ؛ قامکی چکۆله؛ چکۆله‌ترین ئه‌نگوستی ده‌ست یان پێ.

**کلیمی** / kalîmî، ـها؛ ـان/: [عربی]/سم. که‌لیمی؛ یه‌هوودی؛ مووسایی؛ جوو.

**کلینکس** / kilîneks, k(e)lîneks/: [انگلیسی] /سم. کیلینیکس؛ ناوی بازرگانی بۆ ده‌سمالی قاقه‌زی.

**کلینیک** / kilînîk, k(e)lînîk، ـها/: [فرانسوی] /سم. ده‌رمانگا؛ ده‌رمانگه؛ ده‌رمانخانه.

**کلینیکی** / kilînîkî, k(e)lînîkî/: [فرانسوی] صفت. ده‌رمانگایی؛ ده‌رمانخانه‌یی؛ پێوه‌ندیدار یان سه‌ر به ده‌رمانگاوه ‹معالجات کلینیکی: هه‌توانی ده‌رمانگایی›.

**کلیوی** / kolyavî/: [عربی] صفت. گورچیله‌یی؛ گورچه‌ویله‌یی؛ گرچکی؛ ولکی؛ پێوه‌ندیدار یان سه‌ر به گورچه‌ویله‌وه ‹بیماری کلیوی: نه‌خۆشینی گورچیله‌یی›.

**کلیه** / kolye، ـها/: [عربی]/سم. گورچیله؛ گورچه‌ویله؛ گورچه‌ویلە؛ گورچیلک؛ گورچک؛ گرچک؛ گرچوو؛ گورچوو؛ گورچێ؛ گولچیسک؛ گولچیله؛ گوچیلک؛ گوردالە؛ گەرگوو؛ ولک؛ قلک؛ خناوکە؛ دوو ئەندامی لووبیائاسا لە جەستەی مۆرغەدارانداً که کاری پالاوتنی خوێن و دەلاندنی پێشاو بۆ میزەلدانه.

**کلیه** / kollîyye/: [عربی] قید. هەموو؛ هەموان؛ گشت؛ گشک؛ گرد ‹کلیه‌ی حاضران برخاستند: هەموو ئامادەبوان هەستان›.

**کم**[1] / kam/: صفت. کەم؛ کێم؛ کم؛ هنک؛ هندک؛ هۆندەک؛ هۆندەکە؛ پیچ؛ حەیب؛ ئنج؛ جگلە؛ بە چەندیەتیەکی کەمەوە ‹پول کم؛ وقت کم: پارەی کەم؛ کاتی هندک›.

▣ **کم آمدن**: کەم هاتن: ۱. بە هەندی ڕەچاوکراو نەگەیشتن ‹دیروز پولها را شمردم، حالا صد تومان کم آمد: دوێنێ پارەکانم بژارد، ئێستە سەد تمەن کەم هاتووە› ۲. هەندی پێویست لە دەستدا نەبوون ‹می‌خواستم ماشین بخرم پول کم آمد: دەمویست ماشین بکڕم پارە کەم هات› ۳. *[تعریض]* کەم بوونەوە؛ لە هورمی کەس یان شتێک کەم بوونەوە ‹اگر به دیدنش بروی چیزی از تو کم می‌آید؟: ئەگەر بچی بیبینی لێت کەم دەبێتەوە؟›.

**کم آوردن**: کەم هاتن؛ کەم هاوردن: ۱. کەمایەسی هێنان ‹صد تومان کم آورد: سەد تمەنی کەم هات› ۲. بڕ نەکردن؛ هەل، ئامێر یان توانایی پێویست نەبوون ‹در مبارزه کم آوردن: لە شەڕدا بڕ نەکردن›.

**کم بودن**: کەم بوون؛ کەم بیەی: ۱. بەس نەبوون؛ بەش نەکردن ‹غذا کم بود سیر نشدیم: چێشت کەم بوو تێر نەبووین› ۲. *[تعریض]* زۆر بوون ‹خودت کم بودی، یکی دیگر را هم برداشتی آوردی؟!: خۆت کەم بووی، یەکێکی‌تریشت هێنا؟!›.

**کم داشتن**: کەم بوون؛ کەمی هەبوون: ۱. هەندی پێویست نەبوون ‹هنوز یک میلیون کم داریم: هێشتا میلیۆنێکمان کەمە› ۲. نەبوون ‹اگر چیزی کم داشتی بگو برایت بیاورم: ئەگەر شتێکت کەم بوو بڵێ بۆتی بێنم›.

**کم شدن**: کەم هاتن؛ کەمکردن: ۱. بە هەندی پێویست نەگەیشتن ‹غذامان کم شد

همه گرسنه ماندند: چێشتمان کەم هات هەموو برسی مانەوە› ۲. نانە کزی؛ کەوتنە کزی؛ کز بوون؛ کەم بوونەوە ‹آب خیلی کم شده: ئاو زۆری کەم کردووە›.

**کم کردن**: کەمکردنەوە؛ کەمکردن؛ هندکاندن؛ هەلساندن؛ فتکردن ‹ده درصد از حقوقمان کم کردند: دە لە سەدی موچەمانیان کەم کردەوە›.

**کم کسی یا چیزی نبودن**: کەسێ یان شتێک کەم نەبوون؛ تا ڕادەیەک گرنگ بوون ‹یک میلیون کم پولی نیست: میلیۆنێک پوول کەمیک نیە›.

**کم**[2]: *قید.* کەم؛ کێم: ۱. بە کەمی؛ لە چەندیەتیەکی چکۆلەدا ‹کم گرفت: کەمی گرت› ۲. بە شێوەی ناتەواو و لەتوکوت ‹کم می‌دید؛ کم می‌خوابم: کەمی دەدیت؛ کەم دەنووم›.

**کم-**[3]: *پیشواژه.* کەم- ؛ کێم- ؛ ـ کەم : ۱. بە هەندی کەمەوە ‹کم‌کار: کەمکار› ۲. بە کارتێکەری کەمەوە ‹کم‌جان: کەمگیان›.

**کم** / kam(m)/: [عربی]/*سم.*/*ادبی*/ هەند؛ هێند؛ هند؛ ئەند؛ ئەندازە؛ ئەنازە؛ شۆ؛ ڕادە؛ قاس؛ گۆرە؛ گۆرەبا ‹کم و کیف: هەند و چۆنیەتی›.

**کم** / kom/: *سم.* کوم؛ ئالقەی دەرەکی چەرخ و تەگەر (گاریە، فایتوون،...): **قاسناق**

**کما** / kamā/: *سم.* ۱. [کردی] کەما؛ کەمێ؛ کەمیر؛ هەنگوان؛ بەڕەژە؛ ئالفەگیایەکی خۆڕسکی کویستانیە کە لە پالان دەڕوێ، خۆراکی چوارپێیە.

**کما** / komā/: *سم.* ۱. [فرانسوی]/*پزشکی*/ لەپش؛ لەپژ؛ شۆبە؛ کوما؛ بێهۆشی تەواو کە نەخۆش تەنیا نەفەسی ماوە و هەست بە هیچ شتێک ناکا.

**کماب** / kamāb/: *صفت.* کەماو؛ کەمئاو: ۱. بە ئاو یان تراوی کەمەوە ‹خوراک کماب: چێشتی کەماو› ۲. بە سەرچاوەکەی ئاوی شیرنی (وەک باران، کانی، ڕووبار و...) کەمەوە ‹سرزمین کماب: مەلبەندی کەماو›.

**کمابی** / kamābī/: *سم.* کەماوی؛ کەمئاوی؛ دۆخ یان چۆنیەتی کەمئاو بوون.

**کمابیش** / kamābīš/: *قید.* کەم تا زۆر؛ کەم تا کورت؛ کەم تا فرە؛ کێم و زێدە؛ دەور و بەر؛ تۆزێ کەمتر یان زۆرتر لە هەندی ڕەچاوکراو یان ناوبراو ‹کمابیش صد هزار تومان خرجشان شد: کەم تا زۆر سەد هەزار تمەنێک خەرجیان تێچوو›.

**کماج** / komāc ، ـها/: *سم.* کۆماج؛ لووەل؛ چەشنێ کولێرەی تورت و ئەستوور کە لە دەفری تایبەت بە خۆیدا (کۆماجدان) دروستی دەکەن.

**کماجدان** / komācdān ، ـها/: *سم.* کۆماجدان؛ جۆرە قاولەمەیەکی گەورەی دەرگاداڕە کە خۆراک یان کۆماجی تێدا دروست دەکەن.

**کمافی السابق** / kamāfessābeq/: [عربی]*قید.* (هەر) وەک پێشوو؛ وەکوو جاران؛ هەر وەکوو جاران؛ پێسەو جارا؛ هەر بەو جۆرە وا بوو ‹کمافی‌السابق در اداره کار می‌کند: وەکوو پیسوو لە مەزرینگەدا کار دەکا›.

**کماکان** / kamākān/: [عربی]*قید.* هەر وەک هەبوو؛ هەروا؛ هەروەها؛ هەرپاسە ‹سارا کماکان تدریس می‌کند: سارا هەر وەک هەبوو دەرس دەداتەوە›.

**کمال** / kamāl/: [عربی]/*سم.* کەمال: ۱. دۆخ یان چۆنیەتی پێگەیشتن؛ گوران؛ تەواو و بێکەمایەسی بوون ‹انسان در جستجوی کمال است: مرۆ لە دووی پیکەیشتندایە› ۲. ئەوپەڕ؛ بانترین هەندی دروستی و چاکی ‹در کمال سلامت بود: لە ئەوپەڕی ساغیدا بوو› ۳. /ات/ *[گفتاری]* ژیری؛ مژیوەری ‹ کمال در این است: ژیری لەوەدایە›.

▣ **کمال مطلوب**: ئارمان؛ کاربەند؛ ئەوی دڵخوازە.

**کمـالات** / kamālāt /: [عربی]/سم. لـەباری و لەباوی؛ هێژایی و لێهاتوویی.
**کم‌التفات** / kameltefāt /: [عربی] ☜ **کم‌لطف**
**کم‌التفاتی** / kameltefātî /: [عربی] ☜ **کم‌لطفی**
**کمـال‌طلبـی** / kamāltalabî /: [عربی] ☜ **کمال‌گرایی ـ۳**
**کمال‌گرایـی** / kamālgerāyî /: [عربی/ فارسی] /سم. ۱. ئامۆژەیـەک کـە کەمالـی کەسـایەتی ئـەخلاقی مـرۆڤ بـە باشـترین شـت دەزانـێ ۲. ئامۆژەیەکی کـەلامی کـە دووڕەپـەڕێزی لـە گوناهـ لە سەر زەوی بە شتێکی گونجاو دەزانـێ ۳. هـۆگرەتی یـان تێکۆشـان بـۆ گەیشـتن بـە بانترین شۆی کەمال: **کمال‌طلبی**
**کمـان** / kamān ، ـها/: /سم. کـەوان؛ کـەمان؛ کەڤان؛ کەموو: ۱. لبـوودی؛ ئامرازێـک بـۆ تـیر هاویشتن، بریتی لە چێو یان کانزایەکی چەماوە کە دوو سەرەکەی بە ژێ توندکراوە ۲. ئـامرازی شی‌کردنەوەی ڕیشاڵی خوری و پەمۆ، بریتی لـە دارێکی گەورەی سـەرچەماوە کـە بـە پـەتێکی ئەستوور بەسراوەتەوە ۳. *[هندسە]* پاژێکی گـەورە یان پچووک لە جەغز.
▣ **کمـان بازتـاب**: *[فیزیـۆلۆژی]* شـۆێنی بـزاوتنی گەڕانێکی دەماری لە ڕەوتی هەڵگەڕانەوەدا.
**کمان رستم**: *[گفتاری]* پرچی ئایشـە و فاتمـان؛ کۆلکە زێڕینە.
**کمـان‌ابـرو** / kamān'abrû /: *صـفت. [ادبـی]* ئەبرۆکەوان؛ بە برۆی کەوانی و پێکەوە لکـاوەوە: **ابروکمان**
**کمـان‌ارە** / kamānarre, kaman'arre /: /سم. ارەی کمانی ☜ **ارّە**
**کمانچە** / kamānče ، ـها/: [کردی]/سم. کەمانچە؛ کەماچـە؛ تـال؛ کـەمان؛ شاشـەک؛ مـووزەن؛ میکەش؛ سازێکی ژێدارە بە شێوەی لەتەگۆیەک بە دەستەیەکی باریکەوەکراو و چوارتاڵ سیمەوە کە بـە ئارشـە دەژنـدرێ. تایبـەتی لوڕسـتانە و لـەوێوە هاتۆتـە نێـو مووسـیقای ئێـران و دەوروبەرەوە.
**کمانچـە کـش** / kamānčekeš ، ـها/: /سم. کەمانچەژەن؛ کەمانژەن؛ کەسـێ کـە کەماچـە دەژەنێ.
**کماندار** / kamāndār ، ـها؛ ـان/: /سم. تیرەنـاز؛ تیرئەناز؛ تیرشان؛ تیرهاوێژ؛ کەسێ کە کاری تیر هاویشتنە، بەتایبەت بە تیر و کەوان.
**کمانـدان** / komāndān ، ـها/: [فرانسوی]/سم. فەرماندە؛ فەرماندەر؛ سەرکردە؛ سەرپەل.
**کمانـدو** / komāndo ، ـها/: [فرانسـوی]/سم. چریـک؛ کومانـدۆ؛ گـریلا؛ گـەریلا؛ سـەربازی چالاک و ڕاهاتوو بۆ دابەزان، شەڕ و داپڕسکانی ناکاو.
**کمانک** / kamānak ، ـها/: /سم. کـەوان؛ کەوانـە؛ کەوشە؛ پەرانتیز: ( ).
**کمانه** / kamāne ، ـها/: /سم. ۱. ئارشە؛ چێـوێکی ڕێـک و باریـک بـە دەسـتەیەک ڕیشاڵـی وەک داموسک لەم سەر و لەو سـەریەوە بـۆ ژەنـدنی بڕێ لـە سـازە ژێـدارەکان ۲. کەوانـە؛ کەڤـانە؛ کەمانە؛ ئەوی وەکوو کەوان وایە.
▣ **کمانه کردن**: کەوانەکردنـەوە؛ کەمانـەکردن؛ بازرە کردن؛ تەتەڵە کـردن؛ پـەرت بـوون بـە هۆی کوتان بە شتێکدا ‹تیر کمانه کرد و به پایش خورد: تیرەکە کەوانەی کردەوە و دای لە پای›.
**کمـانی** / kamānî /: *صـفت.* کـەوانی؛ کـەمانی؛ کەڤـانی؛ چـەماوە؛ چـەمیوە؛ نووشـتاوە ‹ابـروی کمانی: برۆی کەوانی›.
**کماهوحقـه** / kamāhûhaqqe /: [عربـی] *قیـد. [نامتـداول]* وەک شـیاوە؛ وەکـوو پێویسـتە؛ بـە شێوەیەک کە دەبێ وابێ ‹مزد زحمتش کماهوحقه پرداخت نمی‌شد: مووچـەی کارەکـەی وەک شـیاوە نەدەدرا›.
**کمبـاین** / kombāyn ، ـها/: [انگلیسـی]/سـم. کومباین؛ کامپا؛ ماشینی دروێنە، خڕکردنـەوە و

کوتانی خەله.

**کمبزه** / komboze ، ـها/: /سم. خرچه؛ خرچک؛ خرچکه؛ قەرەخرچه؛ عەنجوور؛ قریک؛ کوهیزه؛ کالەکی کال.

**کمبود** / kambûd ، ـها/: /سم. کەمایەسی؛ کێماتی؛ کەمایەتی؛ دۆخ یان چۆنیەتی نەبوون یان کەم بوونی شتێک کە هەبوونی پێویستە ‹کمبود خوراک: کەمایەسی خۆراک›.

**کمپ** / kamp ، ـها/: [فرانسوی]/سم. ئوردووگا؛ هوردووگا؛ کەمپ.

**کمپانی** / kompânî ، ـها/: [فرانسوی]/سم. کومپانی؛ بەشدارگە؛ شیرکەتێکی زۆرتر دەرەکی کە چالاکی دروستکردن، خزمەت یان کارێکی مالی بەربلاوی هەیە.

**کمپرس** / komp(e)res/: [فرانسوی]/سم. کار یان ڕەوتی پەستاوتن.

▣ **کمپرس کردن**: دانانی پارچەی تەڕ (گەرم یان سارد) لە سەر ئەندامی گەزن دیتوو یان بەژان.

**کمپرسور** / komp(e)resor ، ـها/: [فرانسوی]/سم. پەستێنەر؛ کومپریسور: ۱. ئامرازی پەستاوتنی با لە دەفرێکی وەک بەرمیلدا بۆ کەلک‌گرتن لە بای بە تەوژم (وەک با کردنە ناو تەگەرە و...) ۲. کەرستەی تایبەت بۆ تێکەل‌کردنی با و سووتەمەنی و فوو کردنە ناو کوورەوە.

**کمپرسی**[1] / komp(e)resî/: [فرانسوی]/سم. کومپریسی؛ جۆزێ کامیۆن کە جێ‌بارەکەی خۆمەش دەڕواتە سەر و بارەمەی هەلدەڕژێنێ.

**کمپرسی**[2]: صفت. کومپریسی؛ بە کومپریسورەوە.

**کم‌پشت** / kampošt/: صفت. تەنک؛ شاش؛ کەم‌پشت؛ بێ پڕی‌وچڕی.

**کمپلت**[1] / kompelet/: [فرانسوی] صفت. [گفتاری] تەواو؛ تواو؛ سەر و بەر؛ تەخت و تواو؛ تەمام؛ بێ‌کەمایەسی؛ بێ‌کەمێتی ‹یک دست کمپلت لباس خرید: دەستێک تەواو جل‌وبەرگی کڕی›.

**کمپلت**[2]: قید. یەکجارەکی؛ یەکجارە؛ یەکسەر؛ یەکڕا؛ پاک؛ تەواو؛ تواو؛ بە تەواوی ‹بولدوزر آوردند و خانه را کمپلت خراب کردند: بولدۆزیریان هێنا و ماڵەکەیان یەکجارەکی تەخت کرد›.

**کمپلکس**[1] / komp(e)leks/: [فرانسوی]/سم. [روان‌شناسی] گرێ؛ گریمانە؛ گرێمانە؛ بیر، داخواز یان بیرەوەریەک کە تەواو یان بەشێکی ژێر پێ بووە و بۆتە گرفتێک لە ژیاندا.

**کمپلکس**[2]: صفت. تێکەڵ؛ لێکدراو.

**کمپوت** / kompût, kompot/: [فرانسوی]/سم. کومپووت؛ کەمپووتە؛ خۆشاو؛ وەشاو؛ میوەی تۆزێک لە شەربەتدا کولاوی سەردەوە بوو.

**کمپوزیسیون** / kompozisyon ، ـها/: [فرانسوی] /سم. ڕیزبەندی؛ کار و ڕەوتی لە پاڵ یەک چنین بە پێی ڕێژە و پێوەندیگەلی تایبەت، زۆرتر لە ئاسەوارێکی هونەریدا.

**کمپوست** / kompost/: [فرانسوی/ انگلیسی]/سم. کومپوست؛ کوودی گیایی؛ کوودی بەدیهاتوو لە ماکی گیایی دارزاو: **کُومپُوست**

**کم پیدا** / kampeydā/: صفت. نەدیار؛ نادیار؛ کەم‌پەیدا؛ کەم‌پەیا؛ بە دۆخ یان چۆنیەتی کەم دەرکەوتنەوە ‹گفتم کم‌پیدایی، گفت مدتی مریض بودم: گوتم نادیاری، گوتی ماوەیەک نەخۆش بووم›.

**کمتر**[1] / kamtar/: صفت. کەمتر؛ کەمتەر؛ کێمتر؛ بە هەند یان چەندیەتی خوارتر لە چاو ئەوانی‌تر؛ بەرامبەر زۆرتر ‹کار اینجا کمتر است: کاری ئێرە کەمترە›.

**کمتر**[2]: قید. کەمتر؛ کەمتەر؛ کێمتر؛ بە هەلکەوت؛ جار و بار؛ بە هەند، ڕادە یان ژمارەی خوارتر لە چاو ئەوانی‌تر ‹کمتر حرف می‌زند: کەمتر قسە دەکا›.

**کمترین** / kamtarîn/: صفت. کەمترین؛ کەمتەرین؛ کێمترین: ۱. بە خوارترین هەند، پلە یان بایەخەوە ‹من کمترین نمرەی کلاس شدم:

ئەمن کەمترین نمرەی وانگە بووم› ۲. هیچ؛ یەکجار کەم ‹کمترین حرفی نزد: هیچ قسەیەکی نەکرد› ۳. هەژار؛ فەقیر؛ لەقەمێک کە بێژەر بۆ خاکەساری، کاتی قسە کردن بە خۆیەوە دەنێ ‹من کمترین می‌خواهم بە اطلاع برسانم...: ئەمنی هەژار بە نیازم ڕابگەیەنم...›.

**کم‌چرب** / kamčarb/ ☜ **کم‌چربی**

**کم‌چربی** / kamčarbî/: *صفت.* کەم‌چەور؛ کەم‌چەوری؛ کەم‌چەربی؛ بە چەوری کەمەوە ‹شیر کم‌چربی؛ غذای کم‌چربی: شیری کەم‌چەوری؛ چێشتی کەم‌چەوری›: **کم‌چرب**

**کمچه** / kamče ، ـها/: *اسم.* کەمچە؛ هەسک؛ هەسکێ؛ ئامێرێکی دەستی چکۆلە بریەتی لە ڕووپەڕێکی سێ‌سووچی کانزایی بە دەستەیەکی بەرزەوە، بەنایان بۆ هەلگرتن و پەستاوتن و تەخت کردنی قوڕ و ماسەوسیمان بە کاری دەبەن.

**کم‌حافظه** / kamhāfeze ، ـها/: [فارسی/ عربی] *صفت.* کەمبیر؛ کەم بیر و هۆش؛ فەرامۆشکار؛ ژبیرکەر؛ بە تایبەتمەندی دێر لەبەرکردن یان زوو لە بیر چوونەوە.

**کم‌حال** / kamhāl ، ـها/: [فارسی/ عربی] *صفت.* ۱. کەهال؛ تەوەزەل؛ لەشقورس؛ بە لەشی داهێنراوی کەم‌جوولەوە ۲. *[گفتاری]* بێ‌گیان؛ خاو؛ کال؛ بە ماک، مایە، ڕەنگ یان کارتێکری کەمەوە ‹قرمز کم‌حال: سووری بێ‌گیان›.

**کم‌حرف** / kamharf/: [فارسی/ عربی] *صفت.* متن؛ نتم؛ کەمقسە؛ کەمدوو؛ بەرامبەر وڕاج.

**کم‌حواس** / kamhavās ، ـها/: [فارسی/ عربی] *صفت. [گفتاری]* بیربلاو؛ بیرشاش؛ کەمهۆش؛ بە تایبەتمەندی پڕژ و بلاو بوونی هزر و بیرەوە.

**کمخا** / kamxā/: *اسم. [قدیمی]* کیمخوا؛ کیمخا؛ کێمخە؛ پارچەیەکی گول‌ـگوڵین و ڕەنگاوڕەنگ بە تۆزێ پرزەوە.

**کمخونی** / kamxûnî/: *اسم.* کەمخوێنی؛ کەمخێنی؛ کەمونی؛ نەخۆشینی کەمی خرۆکەی سووری خوێن و هیموگلوبین.

**کمد** / komod ، ـها/: [فرانسوی]/*اسم.* کومید؛ کومود؛ کانتۆر؛ دۆلاب؛ دۆلاو؛ دۆلابی؛ یوک: ۱. جابەئاسایەکی چێوی یان کانزایی بە دەرگا، قەفەسە و کەشاوەوە بۆ تێنانی جلوبەرگ و شتومەک ۲. گەنجە؛ کومیددیواری؛ جێگای کومیدئاسای گەورەی درگادار لە دیواردا بۆ هەلگرتنی شت.

**کمدی** / komedî/: [فرانسوی]/*اسم.* کومیدی؛ بەرهەمی نومایشی پێکەنینی یان حەنەکاوی ‹فیلم کمدی: فیلمی کومیدی›.

**کمدین** / komediyan ، ـها/: [فرانسوی]/*اسم.* کومیدیەن؛ ئەکتەری کومیدی؛ هونەرمەندێ کە بینەران پێدەکەنێنێ.

**کمر** / kamar/: *اسم.* کەمەر؛ کەمبەر: ۱. ناوقەد؛ ناوقەو؛ ناوقەی؛ نێوقەد؛ ناڤقەد؛ قەد؛ سێوەنگ؛ کەمبەرە؛ سێبەندە؛ میانە؛ پش؛ نەوق؛ نۆق؛ قەڵ؛ بەشێ لە جەستەی مرۆڤ و چوارپێیان، نێوان ئاخرین دەندە و زۆپی کەلەکە ‹کمرم درد می‌کند: کەمەرم دێشێ› ۲. تەتەلە؛ بەشێ لە جلوبەرگ کە کەلەکە و دەور و بەری دادەپۆشێ ‹کمر دامن؛ کمر شلوار: کەمەری دامەن؛ کەمەری شوال› ۳. مل؛ پلە؛ بەشی ناوەڕاست، بەتایبەت هی ئەو شتەی کە ڕاست وەستاوە ‹کمر کوه: کەمەری کێو› ٤. گاشەبەردی سەخلەت و ئاستەم ‹کوه و کمر: کێو و کەمەر› ٥. ـها/ *[گفتاری]* کەمەربەن.

▣ **کمر کوه:** قەدپاڵ؛ قەوپاڵ؛ قەدپار؛ گەوە؛ بڕدار؛ لاپاڵ؛ لاپا؛ لاپار؛ تیلەشان؛ ناو قەدی کێو.

▣ **کمر به کاری بستن:** *[کنایی]* قۆڵ لە کارێ هەلکردن؛ قول لە کارێ هەلماڵین؛ چاکی لێ بە لادا کردن؛ بۆ کارێ وەخۆ کەوتن ‹کمر به قتل او بسته بود: قولی بۆ کوشتنی هەلماڵیبوو›.

**کمر خم نکردن:** *[کنایی]* نەچەمانەوە؛ کۆل نەدان؛ دانەهاتنەوە؛ مل نەدان؛ پایەداری‌کردن ‹در زیر بار آن‌همه مشکلات کمر خم نکرد: لە ژێر ئەو هەموو گیر و گرفتە نەچەمایەوە›.

**کمر راست کردن:** *[کنایی]* سەر هەلێنانەوە؛ پشت ڕاسەو کردن؛ ڕاست بوونەوە ‹وقتی قرضهایش را داد توانست کمر راست کند و دوباره زندگی‌اش روبراه شد: کاتێ قەرزەکانی دایەوە توانی سەر هەلێنێتەوە و دیسان بووژایەوە›.

**کمر کاری شکستن:** *[مجازی]* پشتی کارێک شکان؛ زۆرتری کارێک ئەنجام بوون ‹ساختمان دارد تمام می‌شود دیگر کمر کار شکسته است: ماڵەکە خەریکە تەواو دەبێت ئیتر پشتی کار شکاوە›.

**کمر کسی را شکستن:** *[کنایی]* پشتی کەسێک شکاندن؛ مازیو یۆی ماڕتەی؛ کەسێک یەکجار زۆر ئازار دان ‹مرگ پسرش کمر او را شکست: مەرگی کوڕەکەی پشتی شکاند›.

**کمر کسی شکستن:** *[کنایی]* پشتی کەسێک شکان؛ مازیو یۆی مڕیەی؛ گەزن و ئازاری زۆر دیتن ‹با مرگ پسرش کمر او شکست: بە مەرگی کوڕەکەی پشتی شکا›.

**از کمر افتادن:** *[کنایی]* لە شان و مل/ پەڕ و پۆ کەوتن؛ دژ دامان؛ پرووکیان؛ پرووکیەی؛ زۆر ماندوو بوون، بەتایبەت کەمەر ئێشان ‹تا خانه را جارو کردم پاک از کمر افتادم: تا ماڵەکەم گەسک دا تەواو لە شان و مل کەوتم›.

**به کمر کسی زدن:** *[کنایی]* لە کەمەری کەسێک دان؛ دان بە ناو قەد کەسێکدا؛ بە کەلەکەی کەسێکدا دان؛ لە بەین بردن و کوشتنی کەسێک ‹الهی جدش به کمرش بزنند: یاخوا جەددی با لە کەمەری›.

**کمربند** / kamarband ، ـها/: *اسم.* کەمەربەند؛ کەمبەرە؛ کەمەربەن؛ کەمەربەنە؛ کەبەند: ۱. پشتێن؛ پشتێند؛ پشتان؛ پشتوێن؛ پشتبێن؛ پژتێن؛ پژبێن؛ پشپێنت؛ شاڵ؛ کوژەیا؛ کوژەیش؛ کوژەیە؛ شیتک؛ شووتیک؛ شووتک؛ شوتک؛ شینک؛ بیبن؛ بیبین؛ قەلبەن؛ قەدبەن؛ قەدبەند؛ مەینە؛ موندی؛ شریتەی لە چەرم، پارچە و... کە بە دەوری ناوقەدیا دەبەستن ۲. ئەوەی کە وەکوو پشتێند دەوری شتێک دەگرێ.

▣ **کمربند اطمینان** ☜ **کمربند ایمنی**

**کمربند امنیتی:** ناوچەیەک کە بۆ هێمنایەتی ولاتێک پێویستە ئاگاداریەکی تایبەتی لێبکرێ.

**کودکستان** / kûdakestān ، ـها/:/سم. باخچەی منداڵان؛ دامەزراوەیەک بۆ ئاگا لێبوون و ڕاهێنانی منداڵانی ۳ تا ۵ سالان لە چەن کاتژمێری ڕۆژدا.

**کودکی** / kûdakî /:/سم. منداڵی؛ منالی؛ منداری؛ زارۆکی؛ زارۆڵەیی؛ زاوڵەیێ؛ کاتی منداڵ بوون ‹در کودکی چند بار بیمار شد: لە منداڵیدا چەن جار نەخۆش کەوت›.

**کودکیار** / kûdakyār ، ـان/:/سم. دایەن؛ پەرستارێ کە لە باری ئاگاداری‌کردن و فێر کردنی زارۆکاندا شارەزایە.

**کودکیاری** / kûdakyārî /:/سم. ۱. بنەما و شێوەی زانستی ئاگاداری‌کردن لە منداڵان، بەتایبەت لە نەخۆشخانە، دایەنگە و باخچەی منداڵان ۲. پیشەی ئەو کەسەی کە وەها کارێک دەکات.

**کودگل** / kûdgel /:/سم. قوڕەڕەشە؛ هەڕگەڕەشە؛ قوڕ و چڵپاوێ کە لە پاشماوەی گیانەوەر و گیای وردیلەی ئاوی دروست بووە و ماکی قیری لێ بەرهەم دێ.

**کودن** / kowdan, ko:dan ، ـها/: [عربی] *صفت*. سەرکوێر؛ سەربەتاڵ؛ زەین‌کوێر؛ بێهۆش؛ سەروشک؛ هۆشسڤک؛ ئاقڵسووک؛ لپاش؛ شاوێر؛ شافێر؛ خەپلە؛ تێنەگەیشتوو؛ لۆقلۆق؛ دەبەنگ: ۱. بەبێ توانایی وەرگرتن و لێکدانەوەی دروستی شتان ۲. بە تواناییەکی کەمەوە بۆ تێگەیشتنی قسە یان هەڵسەنگاندنی هۆی ڕووداوان.

**کور** / kavar ، ـها/:/سم. شەفەلە؛ شێفە؛ شیفەلەتە؛ کەبەر؛ شەفەلاح؛ کفر؛ تەروو؛ بتەگیایەکی چڕ و پڕە بە لقی کوڵکن و گەلای کەسک و گوڵی درشتی سپیەوە. شکۆفەی نەتروواکاوی ئەم بتەیە بۆ بۆنخۆشی بڕێ ترشی بە کار دەچێ.

**کور**[1] / kûr ، ـها؛ ـان/:/سم. کوێر؛ کۆر؛ کوور؛ کۆرە؛ نابینا؛ بێچاو؛ لۆر؛ نەوین؛ قلاپووک؛ کەسێ کە هەستی بینایی کار ناکا ‹کور از خدا چه می‌خواهد؟ دو چشم بینا: کوێر لە خودا چی دەوێ؟ دوو چای ساغ›.

**کور**[2]: *صفت*. کوێر؛ کۆر؛ کۆرە: ۱. بێچاو؛ نابینا؛ نەوین؛ مجرۆ؛ بێبەهرە لە هەستی بینایی ۲. بەسراو؛ لە کارکەوتوو ‹اجاق کور: وجاخ کوێر› ۳. *[مجازی]* بەبێ توانایی داوەری یان هەڵسەنگاندنی دروست ‹بی‌سواد کور است: بێخەت کوێرە›.

▣ **کور خواندن**: *[تعریض]* سوار ئەسپی با بوون؛ به هەڵە(دا) چوون؛ نەپێکان؛ نەپێکەی ‹کور خواندی آن‌قدرها هم خنگ نیست: سوار ئەسپی با بووی ئەوندەش گێژ نیە›.

**کور کردن**: ۱. کوێرکردن؛ کۆرکەردەی؛ نابینا کردن ۲. بەستن؛ لوولەی ترا و یان گازێک

کپ‌کردن ۳. کوێرەوکردن؛ کوێرکردنەوە؛ کۆرەوەکەردەی؛ سەتماندن؛ ڕەدماندن؛ بە خاک، بیر یان کارێز پڕ کردنەوە ‹چاە را کور کرد: بیرەکەی کویر کردەوە› ٤. *[مجازی]* کوێرکردنەوە؛ لە کار خستن ‹این شیوەی درس خواندن ذهنش را کور کرده: خوێندن بەم شێوازە زەینی کویر کردوتەوە› ٥. *[مجازی]* تێکدان؛ شیواندن ‹عیشمان را کور کردند: خۆشیەکەیان لێ تێکدایین›.

**کوراب** / kûrāb، ـها/: *اسم.* جۆلەی سەرداپۆشراو یان لوولەی ئاوی گەورە لە زێر زەویدا.

**کورار** / korār/: [؟]/*اسم.* کورار؛ ماکێکی ژەهراوی لە برێ گیای ئامریکای باشووریدایە، هۆی فەلەجی ماسوولکەی لەشە و بە هەندی زۆر کەم دەرمانە.

**کوران** / kûrān/: [فرانسوی] ☜ **جریان ـ۱**

**کوربـاطن** / kûrbāten/: [فارسی/عربی] ☜ **کوردل**

**کورتاژ** / kurtāj/: [فرانسوی]/*اسم. [پزشکی]* کورتاژ؛ کاری تاشین و هەلکلۆشانی ناوەوەی ئەندامێکی لەش بە ئامرازێکی وەک کەوچک، بەتایبەت تاشینی پزدان و دەرهێنانی تۆل.

**کورتکس** / korteks/: [فرانسوی]/*اسم.* قشر مخ ☜ **قشر**

**کورتن** / korton/: [انگلیسی] ☜ **کُرتُن**

**کورتیزون** / kortîzon/: [فرانسوی] ☜ **کُرتیزوُن**

**کورچـاتووییم** / korčātov(i)yom/: [انگلیسی] *اسم.* کورچاتۆفیوم؛ توخمی کیمیاوی ڕادیۆئەکتیڤ بە ژمارەی ئەتومی ١٠٤، کە لە دارشتەی ناوکی پروتاکتینیومی ٢٤٢ و نیئونی٢٢ بە دەست دێ و نیوەتەمەنێکی زۆر کورتی هەیە.

**کوردل** / kûrdel، ـان/: *صفت. [مجازی]* کوێردل؛ کۆردل؛ دڵکوێر؛ کەمفام؛ دەبەنگ؛ ناتێگەیشتوو؛ بەبێ توانایی وەرگرتنی هەستی عاتیفی (وەک میهر، دۆستایەتی، ئەوین، ...): **دل‌کور؛ کورباطن**. هەروەها: **کوردلی**

**کوررنگی** / kûr.rangî، ـها/: *اسم.* کوێرەڕەنگی؛ نەخوشینێکی چاو کە دەبێتە هۆی بەدی نەکردنی ڕەنگی سوور و سەوز یان هەموو ڕەنگێک. هەروەها: **کوررنگ**

**کورس** / kûrs/: [فرانسوی]/*اسم.* کوورس: ١. سەر؛ یەکەی بژاردنی جاری سوار بوون لە ماشینی هەموانی بۆ ڕۆیشتن بۆ جێگایەک ‹برای رفتن تا اداره باید دو کورس اتوبوس سوار شوم: بۆ ڕۆیشتن تا مەزرینگە دەبێ دوو سەر سواری پاس بم› ٢. کێبەرکێ؛ ڕکەبەرکێ؛ بەتایبەت بۆ خێرایی ‹ماشینها با هم کورس گذاشته بودند: ماشینەکان پێکەوە کوورسیان دانابوو›.

**کورسو** / kûrsû/:/*اسم.* تروسکە؛ چروسکە؛ چریسکە؛ تریسکە؛ بروسکە؛ زریوەی کەم ‹کورسویی ز چراغی رنجور، قصه‌پرداز شب تنهاییست: تروسکەیەک لە زەردەدلۆپێکی کز، ئاودەنگیلەی شەوانی تەنیاییمە›.

▣ **کورسو زدن**: چروسکە دان؛ تروسکە دان؛ زریوەیەکی کەم دانەوە ‹چراغی کورسو می‌زد به نیزار: چروسکەی دەدا چرایەک بە سەر قامیشەلاندا›.

**کورسی** / kûrsî/: [فرانسوی] *صفت.* کوورسی؛ تایبەت بۆ کێبەرکێ ‹ماشین کورسی: ماشینی کوورسی›.

**کورک** / kûrak، ـها/:/*اسم.* ئارێنج؛ کوان؛ کونک؛ کۆن؛ کەوەن؛ ئاشین؛ کونێر؛ قونێر؛ گۆنر؛ چافک؛ پەڤیژۆک؛ مادە؛ لۆک؛ هاڵی؛ دومەڵ؛ دمەڵ؛ دومەڵە؛ دومل؛ دومڵ؛ بلۆقی چڵکینی بەژان کە لە ژێر پێستەوە دەردێ.

**کور-کور** / kûrkûr، ـها/: [کردی]/*اسم.* کوڕ-کوڕ؛ قەتێ؛ قەتا؛ ڕێخەخۆرە؛ پەلەوەرێکە بە باڵی دڕێژ و گۆشەدار، جووچکەی دوولق و هەڵفڕینی

سووکەوە، کە لە سەر دار هێلانە دەکا و جار-جاریش لە لاشەی گیانەوەرانی‌تر دەخوا.

**کورکورانە**[1] / kûrkûrāne/: *صفت.* کوێرانە؛ کۆرانە؛ بەبێ بینش و ئاگاییەوە ‹اطاعت کورکورانه: گوێڕایەڵی کوێرانە›.

**کورکورانە**[2]: *قید.* کوێرانە: ۱. کوێرەکوێر؛ کۆرەکۆر؛ وەکوو کوێران ‹کورکورانه روی میز دست مالیدم: کوێرەکوێر دەستم بە سەر مێزەکەدا ساوی› ۲. بەبێ بینش، تێفکرین و ئاگادارییەوە ‹کورکورانه از او پیروی می‌کرد: کوێرانە کەوتبووە شوێنی›.

**کورمار** / kûrmār/ ☜ **بوآ**

**کورمال** / kûrmāl/: *قید.* بە پەلەکوتێ؛ پەل‌کوت؛ پەلەماشێ؛ بە شێوەی پەل کوتان و کەڵک وەرگرتن لە دەست بە جێگەی چاو ‹کورمال از پله‌ها پایین آمدم: بە پەلەکوتێ لە پلیکانەکانەوە هاتمە خوار›.

**کورە**[1] / kûre/: *اسم.* ۱. /ـها/ داش؛ کووڕە؛ کویرە؛ ئاگرخانە؛ چەشنێ کوانووی سەرداپۆشراو بۆ بەدیهێنانی گەرمای زۆر ‹کورەی آجرپزی: کووڕەی ئاجورپێژی› ۲. *[نجوم]* وێنەی ئاسمانی لە لەتەگۆی باشووری نێوان قەیتووس و نەهردا ۳. /ـها/ ڕاڕەوی کاریز.

▣ **از کوره دررفتن:** چاو پەرینە تەوقی سەر؛ دین لە لا نەمان؛ هەڵچوون؛ زۆر تووڕە بوون ‹بالاخره پدر از کوره دررفت و زد شیشه را شکست: ئاخری بابم چاوی پەریە تەوقی سەری و دای لە شیشە و شکاندی›.

**کوره ـ**[2]: *پیشواژە.* کوێرە ـ؛ کۆرە ـ؛ کەم یان سست ‹کوره‌راه؛ کوره‌سواد: کوێرەڕێ؛ کورەسەواد›.

**کوره‌پز** / kûrepaz ، ـها؛ ـان/: *اسم.* کووڕەپەز؛ کووڕەپێژ: ۱. خاوەن یان بەرپرسی کووڕەخانە ۲. کرێکارێ کە لە کووڕەپێژیدا کار دەکا ❋ **آجرپز**

**کوره‌پزخانه** / kûrepazxāne ، ـها/: *اسم.* کووڕە؛ کووڕەخانە؛ کووڕەپەزخانە؛ جێگایەک کە بۆ پێژانی ئاجور، کاشی و... کووڕەیان تێدا دروست کردووە.

**کوره‌پزی** / kûrepazî/: *اسم.* کووڕەپەزی؛ کار و ڕەوتی پێژان و بەرهەم هێنانی دەسهاتی وەکوو ئاجۆر و کاشی لە کووڕەدا.

**کوره‌راه** / kûrerāh ، ـها/: *اسم.* کوێرەڕێ؛ کۆرەڕا؛ کووڕەڕێ؛ تووڵەڕێ؛ باریکەڕێ؛ ڕێچکە؛ شڤارێ؛ شڤەرێ؛ شڤیلە؛ ئاهەڕا؛ ڕەپێڵگە؛ بزنەڕێ؛ وڵاخەڕێ؛ ڕێگەی تەسک و بە پێچ و پڵۆچ کە بە هۆی هاتوچۆی خەڵک و چوارپێیان بەدیهاتووە.

**کوره‌سواد** / kûresavād/: [فارسی/ عربی]/*اسم.* کوێرەسەواد؛ سیواتی کەم.

**کوری** / kûrî/: *اسم.* کوێری؛ کۆری؛ کوێریەتی؛ کوێرێتی؛ لیلوی: ۱. مجرۆیی؛ دۆخ یان چۆنیەتی کوێر و بێچاو بوون ۲. هەر نەخۆشینێ کە ببێتە هۆی نابینایی.

▣ **به کوری چشم کسی:** *[تعریض]* بە کوێرایی چاوی کەسێک؛ بۆ دوژمن کوێری؛ وە کوێری چاو کەسێک ‹به کوری چشم تو همین امسال می‌روم دانشگاه: بە کوێری چاوی تووە هەر ئەو ساڵ دەڕۆم بۆ زانستگا›.

**کوری** / kurî/: [فرانسوی]/*اسم.* کووری؛ یەکەی کاردانەوەی ماکی ڕادیوئەکتیڤ، بەرامبەر بە $۳,۷ \times ۱۰^{۱۰}$ جار لێکبوونەوە لە چرکەیەکدا.

**کوریم** / kûr(i)yom/: [فرانسوی]/*اسم.* کوریۆم؛ توخمی کیمیایی کانزایی ڕادیۆئەکتیڤ، لە دەستەی ئاکتینیدەکان، بە ژمارەی ئەتومی ۹۶، کە ناپایەدارە و بە شێوەی دەسکرد دروست دەبێ و لە بەر هەواوە زۆر زوو دەپووچێتەوە.

**کوز** / kavaz/ ☜ **خَرچُسونه**

**کوزل** / kozal ، ـها/: [کردی]/*اسم.* کۆزەڵ؛ کۆزەر؛ کۆزر؛ کوێزر؛ کۆزەرە؛ گوێزر؛ چەت؛ چەڵۆک؛ چەڵووک؛ قەبەس؛ درشتەی لە گێرەدا

نەهارِدراو

**کوزه** / kûze ، ـها/: [از کردی]/سم. گۆزه؛ گوزک؛ گۆزێ؛ کووزه؛ کووز؛ کۆز؛ هالووه؛ مەر؛ قوم؛ جەرە؛ تنگلی؛ دەفرێکی گرۆڤەر بە سکی هەلاتوو و زۆرتر لە سوالەت بۆ هەلگرتنی تراو ‹کوزەی آب؛ کوزەی عسل: گوزەی ئاو؛ کووزی هەنگوین›.

**کوزه‌گر** / kûzegar ، ـها؛ ـان/: [از کردی/ فارسی] /سم. گۆسکەر؛ گۆزەکەر؛ کووزەکەر؛ هەورگەر؛ پیرۆت؛ کاسەکەر؛ ئیربارکەر؛ هەورگەر؛ ئیربارگەر؛ پرۆت؛ کاسەوکووزەکەر؛ هۆستای ئامانان؛ کەسێ کە دەفری سوالەت چێ دەکا.

**کوزه‌گری** / kûzegarî/: [از کردی/ فارسی]/سم. گۆسکەری؛ گۆزەکەری؛ هەورگەری؛ کاسەکەری: . کار و ڕەوتی دروستکردنی گۆزە ۲ پیشەی هەورگەر ۳. /ـها/ کارگەی گۆزە دروست کردن.

**کوژ** / kûj/: صفت. [ادبی] قۆز؛ کۆم؛ کۆڤ؛ کوور؛ قۆخ؛ خووز؛ خوز؛ قۆپ؛ قەمبوور؛ داچەماو: ۱. بە پەڕانپەڕی چەماوە بەرەو ناوەوە ۲. زۆپ؛ قوت؛ بە هەلاتوویی ڕوو بە دەرەوە.

**کوژپشت** / kûjpošt ، ـها؛ ـان/: صفت. پشتکوور؛ پشتکۆم؛ پشتچەماو؛ پشتچەمیای؛ پشتخوویل؛ پشتقۆز؛ کوور؛ کۆر؛ خوز؛ خووز؛ خووژ؛ خوول؛ کۆم؛ قلووج؛ گوڤ؛ کۆڤل؛ قۆغ؛ چەمیو؛ قۆق؛ قولووز؛ قەلووز؛ نووخ؛ قەمبوور: . بە هەلاتوویی لە پشتدا (وەک جۆرێ نەخۆشی) ۲. خاوەن پشتی چەماوە (زۆرتر لە بەر پیری): **گوژپشت**

**کوژی** / kûjî/: /سم. کۆمی؛ کووڕی؛ چەماوەیی؛ قۆزی؛ قۆپی؛ دۆخ یان چۆنیەتی کۆم بوون.

**کوس** / kûs ، ـها/: /سم. کۆس؛ تەپڵی گەورە کە لە پێشوودا، بەتایبەت بۆ شەڕ دەیانژەند.

▣ **کوس بستن**: پلار بۆ بردن؛ دابەڕزین؛ هەڵبەزین؛ تەیار بوون بۆ هەلمەت بردن بەرەو شتێک ‹گربەای کوس بست کە قناری را بگیرد: پشیلەیەک پلاری بۆ قەناریەکە برد بیگرێ›.

**کوسن** / kûsan ، ـها/: [فرانسوی]/سم. بالنج؛ بالشتێکی چکۆلە بۆ پاڵ پێوە دان و دانان لە ژێر ئانیشکدا.

**کوسه** / kûse ، ـها/: /سم. کۆسە؛ کووسە: ۱. سەماسی؛ کۆسەماهی؛ هەر یەکە لەو ماسیانە کە لە زەریاکان بەتایبەت ئاوی گەرمدا دەژین و گۆشتخۆرن و زۆرتر ماسی ڕاو دەکەن: **ماهی کوسه** ۲. هورم؛ دەکەل؛ پیاوی بێ ڕیش و سمێڵ یان بە ڕیش و سوێڵی زۆر تەنکەوە.

▣ **کوسه و ریش پهن**: *[مجازی]* کەر و کولەنجە؛ ورچ و عابا؛ کۆسە و ڕیش پان (بۆ دوو شتی دژ بە یەک دەگوترێ).

**ـکوش** / kûš/: *پیواژه.* کۆش؛ کۆشەر ‹سختکوش: سەختکوش›.

**کوشا** / kûšā/: صفت. کۆشا؛ تێکۆشەر؛ خاوەن خۆ و هۆگرەتی تێکۆشان ‹پسر کوشا؛ کارگر کوشا: کوڕی کوشا؛ کرێکاری تێکۆشەر›.

**کوشش** / kûšeš ، ـها/: /سم. کۆششت؛ کۆشش؛ کرد و کاش؛ کرد و کۆش؛ کاش؛ وێ؛ حەوڵ؛ هەوڵ؛ هاڤل؛ کار؛ کرد؛ تەپشت؛ کەفتولەفت؛ پەڵوپۆ؛ متملو؛ داکۆکی؛ خەبات: . کار و ڕەوتی کۆشان ۲ کاری درێژخایەن، زەینی یان بە لەش.

▣ **کوشش کردن**: کۆشان؛ کۆشین؛ کۆششت کردن؛ هەوڵدان؛ تەقالا دان؛ کرد و کۆش کردن؛ خەباتکردن؛ خەبتین؛ پێکول کرن؛ پەڵوپۆ کردن.

**کوشک** / kûšk ، ـها/: /سم. کۆشک؛ کوشک؛ کۆشکە؛ کاخە؛ کوچک؛ کاخ؛ خانووی گەورە و بەشکۆ لە نێوان باخێکدا.

**کوشی**[1] / kûšî/: /سم. کووشی؛ گرۆیەک لە زمانگەلی حامی باو لە ئافریقای ڕۆژهەلاتی بەتایبەت ئیتیۆپی و سوومالیدا.

**ـکوشی**[۲]: *پیواژه.* ـکۆشی؛ کۆشان ‹سختکوشی: سەختکۆشی›.

**کوشیدن** / kûšîdan/: *مصدر. لازم.*// **کوشیدی:** تێکۆشای؛ **می‌کوشی:** تێدەکۆشی؛ **بکوش:** تێکۆشە// تێکۆشان؛ تێکۆشین؛ کۆشین؛ کۆشان؛ کۆشەی؛ کۆشای؛ ولایین؛ خەبتان؛ خەبتین؛ تەقالا دان؛ هەوڵدان؛ خەباتکردن؛ بۆ گەیشتن بە مەبەستێک بەردەوام کارکردن.

■ صفت فاعلی: **کوشنده** (تێکۆشەر)/ صفت مفعولی: **کوشیده** (تێکۆشاو)/ مصدر منفی: **نکوشیدن** (تێنەکۆشان)

**کوف** / kûf/: *اسم.* ۱. چەشنێ لە پەلەوەرانی دەستەی کوند، بە بالای مامناوندی و گوێی درێژ و چاوی گەورەوە ۲. /ـها/ کوندەقوتە؛ کوندی دارستان؛ پەلەوەرێکی لێرەواری کە دەگمەن لە هێلانەی دەردەکەوێ، بال و پەلەکانی وەکوو گەلای دار وایە و مشکی سارا ڕاو دەکا.

**کوفت** / kûft/: *اسم.* ۱. سفلیس؛ فەڕنگی؛ هالۆق؛ بای بوور؛ نەخۆشیەکی کۆنی پەتایە کە تووشی ئەندامانی شەرم دێ ۲. گەڕانی؛ سنان؛ قوزولقورت؛ قزەلقورت؛ قوزولقورت؛ دەرد کاری؛ جنێوێکە.

▣ **کوفت کردن:** *[تعریض]* ژەقنەموت کردن؛ کردنە زەهری مار؛ خواردن ‹یک قابلمە پلو را کوفت کردی، باز می‌گویی گرسنەام؟!: مەنجەلێک پلاوت ژەقنەموت کرد، هەر ئێژی برسیمە؟!›.

**کوفتگی** / kûftegî/: *اسم.* ۱. کوتراوی؛ کوتیاگی؛ تلکوو؛ ئێشی ماسوولکەیی بە هۆی ماندوویی و کوتران یان پەتاوە ۲. هیلاکی؛ شەکەتی؛ مانیایی؛ ماندوویەتی زۆر.

**کوفتن** / kûftan/ ☜ **کوبیدن-۲**

**کوفته**[۱] / kûfte ، ـها/: *اسم.* کفتەشۆربا؛ کفتەشۆروا؛ کفتەوشۆروا؛ خۆراکێک لە گۆشتی چەرخکراو، سەبزی، برنج، ئاردی نۆکەقەنی یان نەخوەشەر و... کە پێکەوە تێکەڵی دەکەن و وەکوو هەویرێکی لێ دێ، تۆپەڵ- تۆپەڵی دەکەنەوە و کاکلە و خورما و هێلکە و... تێ دەخەن و لە ئاوێکی بە هێندێک برنج و چێژەوە دەیکوڵێنن: **کوفته‌تبریزی**

**کوفته**[۲]: *صفت.* ۱. کوتراو؛ کوتیاگ ۲. کەشەنگ؛ شەکەت؛ مانیا؛ ماندوو و هیلاک بە هۆی کار و چالاکی زۆرەوە.

**کوفته‌تبریزی** / kûftetabrîzî/ ☜ **کوفته**[۱]

**کوفته‌ریزه** / kûfterîze ، ـها/: *اسم.* کفتەڕێزە؛ کفتەڕیزە؛ چەشنێ کفتەی چکۆلە و تۆپەڵ کە دوای سووورکردنەوە لە ڕۆندا لە نێو ئاوێکی بە هێندیک برنج و چێژەوە دەیکوڵێنن.

**کوفته‌شامی** / kûftešāmî ، ـها/: *اسم.* کفتەشامی؛ کفتەشامیێ؛ چەشنێ کفتە وەکوو کوتلێت کە دوای سووورکردنەوە لە ئاوێکی کەمدا دەیکوڵێنن.

**کوفته‌قلقلی** / kûfteqelqelî ، ـها/: *اسم.* کفتەقلقلی؛ گۆشتی بە پیوازەوە چەرخکراوی وەک هەڵمات لێهاتوو کە لە ڕۆندا سووری دەکەنەوە و بۆ تام دەیکەنە نێو چێشتی‌تره‌وه.

**کوفتی** / kûftî/: *صفت. [گفتاری]* میراتی؛ خەیبەمەردە؛ خاوەنمردی؛ خەیبکەوتە؛ جۆری جنێو و ناسزا ‹این کتاب کوفتی را بینداز دور!: ئەم کتێبە میراتیە فڕێ دە!›.

**کووفی**[۱] / kûfî/: [عربی]/*اسم.* کووفی: ۱. ڕێنووسێکی کۆنی عەرەبی کە لە ڕابردوودا بۆ نووسینی دەفتەر و بەیاز بە کار دەبرا ۲. /ـها؛ ـان/ خەڵکی شاری کووفە.

**کوفی**[۲]: *صفت.* کووفی؛ پێوەندیدار یان سەر بە شاری کووفەوە.

**کوفیه** / kûfiye ، ـها/: [عربی] /*اسم.* چەفیە؛ چەپیە؛ ڕووبەندێکی چوارگۆشە کە پیاوانی عارەب بە سەریدا دەدەن.

**کوک**[۱] / kûk ، ـها/: *اسم.* کۆک: ۱. قورمیش؛

www.perawipepwle.com


پێچ، کلیل یان ئامێرێک بۆ تەیارکردنی ئامراز یان دەسگایەک ‹کوک ساعت؛ کوک پیانو: کوکی کاتژمێر؛ کوکی پیانۆ› ۲. *[خیاطی]* قوومامە؛ کت؛ چەشنێ دروومانی درشت کە بۆ ماوەیەکی کورت لە بەرگی دەدەن.

▣ کوک زدن: کۆک لێدان؛ قوومامە لێدان؛ بە بەنی ئەستوور و کەم‌بەرگە تەقەل لێدان ‹سرآستین را کوک بزن بده من تا چرخ کنم: سەرقۆلەکە کوک لێدە و بیدە من تا چەرخی کەم›.

تەوی کوک کسی/ چیزی رفتن: *[مجازی]* تێرامان؛ ورد بوونەوە و لێکۆلینەوە لەمەڕ کەسێ/ شتێکەوە.

**کوک**[۲]: *صفت.* ۱. کۆک؛ ڕێک‌وپێک؛ بە دۆخ یان چۆنیەتی مرێسەوە ۲. *[مجازی، گفتاری]* گرگین؛ گرژ؛ زوێر؛ تووڕە؛ درژ؛ قەڵس؛ بەهەجۆک؛ بەقین؛ هێچی؛ هیچ ۳. *[مجازی]* کۆک؛ بەدەماخ؛ میزان؛ کەیف‌ساز ٤. *[مجازی، گفتاری]* تەیار؛ ئامادە؛ گیڤ.

▣ کوک بودن: کۆک بوون؛ مرێس بوون.

هەروەها: **کوک شدن؛ کوک کردن**

کوک بودن از دست کسی/ چیزی: *[مجازی]* قرم لە کەسێ/ شتێک پڕ بوون؛ لە کەسێک تووڕە بوون ‹معلم خیلی از دستمان کوک است: مامۆستا قرمی لیمان زۆر پرە›.

کوک بودن کیف کسی: *[مجازی]* کەیفی کەسێک ساز بوون؛ کۆک بوونی کەسێک؛ زۆر سەرخۆش بوون ‹پیداست کیفت حسابی کوک است: دیارە کەیفت تەواو سازە›.

از کوک افتادن: کۆک شێوان؛ ترازیان؛ لە میزانی خۆ دەرچوون ‹ساعت از کوک افتاده است: کاتژمێرەکە کۆکی شێواوە›.

**کوکا** / kokā, kukā/: [فرانسوی]/سم. کوکا؛ دارچکێکی خۆڕسکی ئامریکای باشووری، بەتایبەت کۆساڕانی ئاند، بە گەڵای هێلکەیی و بۆی وەک چای و تامی تاڵەوە کە ماکی کوکائینی لێ بەرهەم دێنن.

**کوکائین** / kokā'în/: [فرانسوی]/سم. کوکایین؛ ئالکالۆییدێکی خۆگر و سپی ڕەنگی بێ‌هەستکەرە کە لە گەڵای گیای کوکا دەگیریت و ماکێکی خاوکەرە.

**کوکب** / kowkab, ko:kab، هـا/: [عربی]/سم. ۱. /کَواکب/ هەسارە؛ ئاسارە؛ تەنی ئاسمانی درەوشان (وەکوو هەتاو و ئەستێران) ۲. کەوکەو؛ گوڵەبژوێن؛ گوڵەئەستەمبوولی؛ گیایەکی ڕازێنەیی هەمیشەیی بە ڕیشەی ئەستوور و گوڵێکی پڕ و جوانەوە ۳. کەوکەو؛ گوڵی ئەو گیایە.

**کوکتل** / koktel/: [فرانسوی]/سم. کوکتیل: ۱. خواردنەوەیەکی ئەلکولی کە لە تێکەڵ‌کردنی چەند نووشابە دروست دەبێ ۲. جۆرێ سۆسیسی پرگوشتە.

**کوکتل پارتی** / koktelpārtî، هـا/: [فرانسوی] /سم. میوانی دوای نیوەڕۆیان هاوڕێ لەگەڵ بەخێر هێنانی میوانان بە خواردنەوەی ئەلکولی.

**کوکتل‌مولوتف** / koktelmolotof، هـا/: [فرانسوی]/سم. کوکتیل‌مولوتوف؛ چەکی ئاورزای دەسکردی ساکار بە شێوەی بوتلێک پڕ لە ماکی ئاورگر (وەکوو بەنزین) کە فتیلەیەکی لە نێو دەنێن و پێش فڕێ دان ئاوری دەدەن.

**کوکر** / kûkar/: /سم. کووکوکەرە؛ تیرەیەک باڵندەی لە بیچمی کەو بەڵام گچکەتر، فڕینی وەک کوتر، بە باڵی درێژ و پای کورتەوە.

**کوکنار** / kûknār، هـا/: /سم. کۆکەنار؛ ئالفەگیایەکی گوڵ‌بنەوشی میوەچکۆلەی وەک هێلکەی کون‌کون و دەنک ڕەشە.

**کوکو** / kûkû، هـا/: /سم. کووکوو؛ خواردەمەنیەک لە تێکەڵی سەوزی یان سێفەزەمینی و ئارد و هێلکە کە لە ڕۆندا سووری دەکەنەوە ‹شام کوکو داشتیم: شێو

کووکووەمان بوو›.

**کـوکی** / kûkî/: صـفت. کـۆکی؛ قورمیشـی؛ قورمیشـیە؛ کۆکـدار ‹ماشـین کـوکی: ماشـینی کۆکی›.

**کوگار** / kûgār/: [؟] ☜ شیر کوهی، **شیر**

**کول** / kûl/: اسم. [گفتاری] کۆڵ؛ کووڵ؛ ناوشـان؛ سەرشـان؛ شـانەدوش؛ قلمـدوش؛ قەلانـدوش؛ کلیتە؛ پشت، بەتایبەت بەشی سـەرووی پشـتی مرۆ.

▣ **کـول کـردن/ گـرفتن**: گرتنـە کۆڵـەوە؛ بـە کۆڵـەوەگرتن؛ لـە کـۆڵکـردن؛ کـۆڵکـردن؛ گێرتـەی کۆڵـێ؛ وەگیریـایش؛ لـە سـەر قەلاندوش نان ‹پیرمـرد را کـول کـرد و بـرد بـالا: پیرەمێردەکەی گرتە کۆڵەوە و بردیە بان›.

**بە کول کشیدن**: بە کۆڵ کێشان؛ لە سەر شان و ملی خۆ بردن ‹همـه را بـه کـول کشـید و آورد: هەمووی بە کۆڵ کێشا و هێنای›.

**کـولا** / kolā ، ـها/: اسم. کـۆلا: ۱. [؟] داریکـی تایبەتی ئافریقای ڕۆژئاوایی بە گـەلای سـاکار و ناوەناو، گوڵێ کە لە سەر لاسکی تـازەوە بـەدی دێت و دانـەی وردیلـە کـە بـۆ دارووو و دەرمـان دەشـێ: **کُـلا** ۲. [انگلیسـی] هـەموو جـۆرە خواردنەوەی گازداری بێئەلکول.

**کولاژ** / kolāj/: [فرانسوی] ☜ **کُلاژ منت**

**کولاژن** / kollājen/: [فرانسوی] ☜ **کُلاژن**

**کولاک** / kûlāk/: [ترکی]/سم. ۱. کڕێوە؛ کلێلە؛ کەڤیلە؛ کلافـە؛ کڕێڤـە؛ کروڤـە؛ کەڕۆڤـە؛ بـاوە؛ باووە؛ بـاهووە؛ بـادەوە؛ بـادەڤ؛ بـاداوە؛ بانـدەر؛ ڕۆڤە؛ باسریشک؛ وەلەک؛ وەللک؛ هێشی؛ هۆل؛ چڕەچەمان؛ کەویەبەفر؛ شاپە؛ تۆفە؛ تۆف؛ پوک؛ پەلەتاتـە؛ باپوسـکە؛ بـاپوک؛ بـابووک؛ بلێـک؛ باکوت؛ بەفر و بۆرانی هاوڕێ لەگەڵ با و باگژەی بەقەوەتدا ۲. باسریشکی دەریا کە دەبێتە هـۆی بەرز بوونەوەی شەپۆلان.

▣ **کولاک شدن**: بوونە کڕێوە؛ باوە بـوون ‹تـوی ڕاە کە آمدیم کولاک شد: لە ڕێدا کە دەهاتین بـووە کڕێوە›.

**کولاک کـردن**: [مجـازی] گالـەکردن؛ حەشـر کردن؛ تەقاندنەوە؛ کـاریکی سەرسـووڕێنەر و بـاش‌کـردن ‹ورزشـکاران کـولاک کردنـد: وەرزشکارەکان گالەیان کرد›.

**کولبـار** / kûl(e)bār ، ـها/: اسم. کـۆل؛ کۆڵـە؛ کۆڵەپشت؛ کۆڵەبار؛ پشتە؛ تێلەکە؛ بارگە؛ بـاری کە لە سەر پشتی دەبەستن: **کولەبار**

**کـولر** / kûler ، ـها/: [انگلیسـی]/سم. کـوولێر؛ ئامرازێکی زۆرتر کارەبایی بـۆ فێنـک‌کردنـەوەی جێگایەک.

▣ **کولر آبی**: کـوولێری ئـاوی؛ ئـامێرێ کـە بـە هەڵمژینی هەوا لە جێگایەکی شۆدارەوە، بای فێنک دروسـت دەکـا و بـۆ جێگایـەکی‌تـری دەنێرێ.

**کـولر گـازی**: کـوولێری گـازی؛ ئـامێرێکی کارەباییە کـە هـەوا بـە سـەر چەنـد ڕزنێـک لووڵەی بە گـاز سـاردەوەبودا دەنێـرێ و بـەم شێوە بای سارد بەدی دێنێ.

**کولن** / kûlon/: [فرانسوی]/سم. کوولون؛ یەکەی باری ئیلیکتریکی بەرانبەر بـە بـارێ کـە ڕەوتی یەک ئامپیر لە یەک چرکەدا هەڵیدەگرێ.

**کوله** / kûle/: [از کـردی]/سم. کولـە: ۱. بەشـی سەرەکی ڕەندە کە تێغەکە لە سەری سوار دەبێ ۲. /ـها/ کـۆڵ؛ تێلەکـە؛ تێلەگـە؛ کۆڵەپشـت؛ کۆڵبەند ۳. کول؛ شارگە؛ بەرگە؛ کەلێن؛ کۆزک؛ کالیت؛ بنەی ڕاوچی کە خۆی تێدا پەنا دەدا ٤. کۆڵە؛ خۆڵەمێشی تەندوور.

**کوله‌بار** / kûlebār/ ☜ **کولبار**

**کوله‌پشتی** / kûlepoštî ، ـها/: اسم. کۆڵەپشـتی؛ کۆڵەپشت؛ کۆل؛ کۆڵ؛ کۆڵە؛ کۆڵبەند؛ تێلەکـە؛ تێلەگە؛ بارکووڵە؛ کیف یـان تووڕەکەیـەک کـە کەژوانان لە سـەر پشـتی دەبەسـتن، بەتایبـەت کیفی بەندار کە بە شانەوەی دەکەن.

**کـولی** / ko:lî, kowlî ، ـها/: *اسم.* قـەرەچی؛ قـەرەچ؛ قـەرەج؛ قەراجـەدار؛ کۆچـەر؛ کاولـی؛ کاولی؛ کاوەلی؛ کەولی؛ کوولی؛ کێوەلی؛ دۆمی؛ کەجەر؛ نەوەر؛ هەر یەکە لە کەسانی زاگەبـەری خێوەتنشین یان گەڕۆک لە هـۆزی هینـدی و لە تۆرەمەی هیندو- ئێرانی کـە بـە دنیـادا بـلاو بوونەتەوە و زۆرتـر لـە رێگـەی ئـاواز خوێنـدن، مۆسیقا ژەندن، بەڕێوە بردنی شانۆی گـەڕۆک و کاری دەستی و ئاژەلداریوە دەژین.

**کولی** / kûlî/: *اسم. [گفتاری]* کۆلی؛ کۆلی-کـولـی؛ کـۆل‌کـۆلانی؛ سـواری لـە سـەر قەلاندووشـانی مرۆڤ.

▣ **کـولی دادن:** کـۆل دان؛ کۆلـی دان؛ سـوار کردنی کەسێک لە سەر کۆلی خـۆ ‹هـر وقـت می‌باخت کولی می‌داد: کاتێ دایدەنا کولی دەدا›.

**کـولی گـرفتن:** کۆلـی سـەندن؛ لـە سـەر قەلادووشـکانی کەسـێک سـوار بـوون؛ سـوار بوون لە سەر کۆلی کەسێک ‹اما هر وقت می‌برد کـولی مـی‌گرفـت: کـاتێکیش دەیـبردەوە کولـی دەدەسەند›.

**کولیت** / kolît/: [فرانسوی]/*اسم. [پزشکی]* کولیت؛ نەخۆشینی هەڵماسینی دواپین بەشی ڕیخۆڵەی گەورە (قوولون): **کُلیت**

**کولیـدن** / kûlîdan/: [از کـردی] *مصـدر. متعـدی.* کۆڵـین؛ کۆڵـینەوە؛ بـن‌کۆڵـی‌کـردن؛ دانـەوە؛ هلکەواشتن.

**کولیس** / kulîs/: [فرانسوی] ☜ **کُلیس**

**کومپوست** / kompost/: [فرانسوی/ انگلیسی] ☜ **کُمپوست**

**کومه** / kûme/ ☜ **کوخ**

**کـومیس** / komîs/: [؟]/*اسم.* کـۆمیس؛ جـۆرێ خواردنەوەی ئەلکولی گازدار کـە لـە هەڵـهاتنی شیری مایین دروست دەبـێ: **قـومیز؛ قـومیس؛ کِفیر؛ کُمیز**

**کـون** / kûn/: *اسم. [مستهجن]* ۱. کنـگ؛ کـن؛ قوون؛ قنگ؛ قین؛ قینگ؛ قـووین؛ قونـگ؛ قـن؛ کینگ؛ عننه؛ کونی پشتی گیاندار کـه پیسـایی پێدا دەچێتە دەرەوە ۲. کەماخ؛ کامـاخ؛ کلـۆت؛ کلـۆمت؛ کەلـۆت؛ کـورۆت؛ کلـۆک؛ کەفـەڵ؛ کەفەڵ؛ هێفەڵ؛ سوورین؛ پاشڵ؛ قالچە؛ سمـت؛ سمتـه؛ زۆپـی زێـر ناوقـەد و ژووری ڕان ۳. *[تعریض]* بن؛ خوارترین بەشی هەر شتێ.

**کـونخیزه** / kûnxîze/: *اسم. [گفتاری، مستهجن]* قنگەخشکێ؛ قوونەخشکێ؛ قوونەقوون؛ کاری بە دانیشـتن و لـە سـەر قـوون ڕۆیشـتن (وەک ڕۆیشتنی زارۆی قنگەنشینە).

**کون‌سوزه** / kûnsûze/: *اسم. [گفتاری، مستهجن]* قنگەسۆڵە؛ ڕەوتی قـوون سـۆڵانەوە؛ تـووڕەیی و ڕەقی زۆر لە بەر ئێرەیی و ناتەواوی.

**کـون‌گشـاد** / kûngošād ، ـها/: *صفت. [کنـایی، مستهجن]* قنگ‌قورس؛ قـوون‌گـران؛ قـوون‌فـش؛ لەوس؛ تەوەزەل؛ تەپلمۆس؛ تەمبەڵی بێکارە.

**کـون‌گشـادی** / kûngošādî/: *اسم. [مستهجن]* قنگ‌قورسی؛ قوون‌گرانی؛ قـوون‌فشـی؛ لەوسـی؛ تەپلموسی؛ تەوەزەلی؛ تەمەڵی و بێکارەیی.

**کـون‌وپیـزی** / kûn-o-pîzî/: *اسـم. [گفتـاری، مستهجن]* قـوون؛ قنـگ؛ لێهـاتوویی؛ توانـایی ‹او کون‌وپیزی کار کردن نداشت: کابرا قوونـی کار کـردنی نەبوو›.

**کـون‌ومکـان** / kown-o-makān, ko:n- ، ـها/: [عربی]/*اسـم. [ادبـی]* جیهـان؛ ئاسمـان و زەویـن؛ هەمو دنیا و ئەوەی کە تێیدایە.

**کونه** / kûne/: *اسم. [گفتاری]* قنگـه؛ قـن؛ بەشـی ژێرین یان دواپینی شتێک ‹کونەی خیار؛ کونـەی تفنگ: قنگەی خەیار؛ قنـی چەک›.

▣ **کونەی آرنج:** قنانیسـک؛ قنگانیسـک؛ زۆپـی ئێسکی پشتی باهۆ.

▣ **کونەی ترازو زمین زدن:** *[کنایی]* خۆگرتن؛ بـۆ هاندانی کەسێک، نـازکردن و خـۆ بـێ‌مـەیل نیشاندان ‹پدر دختره اول قدری کونەی ترازو زمـین

زد اما خیلی زود نرم شد: بابی کچەکە هەوڵ کەمێک خۆی گرت، بەڵام زۆر زوو نەرم بوو›.

**کونە کردن:** سەرک/ سەرەک‌کردن؛ ڕەگ و پنج داکوتان؛ لە ڕیشەی گیا لۆ دروست بوون ‹اول بگذار پیازها کونه بکند، بعد آب بده: سەرەتا با پیوازەکان سەرەک بکەن، پاشان ئاویان بدە›.

**کونی** / kûnî/: *صفت. [مستهجن]* قوونەدەر؛ خوزگ؛ بەپشت؛ نێری گاندەر.

**کوه** / kûh ، ـها/: *اسم.* کێو؛ کێف؛ کۆ؛ کەژ؛ کوو؛ کوویە؛ کوێ؛ کەش؛ کاش؛ کاژ؛ کەل؛ کێڤ؛ کاو؛ چیا؛ چا؛ بەندەن؛ بەنەن؛ جەوەڵ؛ کۆمایەکی گەورە و هەڵهاتوو لە تۆپکڵەی زەوین کە لە زەوینگەلی دەور و بەری و لە تەپۆلکە بەرزترە.

▣ **کوه آتشفشان** ☜ **آتشفشان**

**کوه قاف** ☜ **قاف**

**کوه یخ:** ۱. چیای سەهۆڵ؛ کۆمای گەورەی یەخی سەر ئاو کەوتوو کە لە یەخچاڵێ جوێ بۆتەوە ۲. *[مجازی]* سارد؛ سار؛ سەرد؛ ساردوسڕ؛ کەسی بێهەست و دڵسارد.

▣ **کوه کندن:** *[تعریض]* بەردکێشان؛ کوچەککێشان؛ شەغرەکێشان؛ کێو/ کێفکەندن؛ کۆکەنکردن؛ کۆڵکێشان/ کێشتەی؛ کەش کەنتەی؛ تەوەنکێشتەی؛ کاری دژوار کردن ‹چه خبرت است؟ مگر کوه کندەای که این‌قدر آخ و اوخ می‌کنی؟: چتە؟ مەگەر بەردت کێشاوە ئەوندە ئاخ و ئۆف دەکەی؟›.

**کوهان** / kowhān, ko:hān, kûhān ، ـها/: *اسم.* کۆپار؛ کۆپارە؛ کۆپانە؛ پێڵ؛ دووگ؛ ملک؛ هەنج؛ زۆپی گۆشتی لە سەر پشتی تاقمێ گوهانداری گەورە (وەک وشتر، مانگا، وال) کە زۆرتر چەوری و ئاوی تێدا کۆ دەبێتەوە.

**کوهپایه** / kûhpāye ، ـها/: *اسم.* پێدەشت؛ بنار؛ پنار؛ گۆڕەپان؛ گەڕ؛ پای کەش؛ تەختانی بەرزی داوێنی چیا.

**کوه‌پیکر** / kûhpeykar/: *صفت.* گەورە؛ گاورە؛ گرد؛ زەلام: ۱. بە هەیکەلی زۆر درشتەوە ‹اسب کوه‌پیکر: هەسپی گاورە› ۲. بە بارستایی زۆر زلەوە ‹ساختمان کوه‌پیکر: ساختومانی کەورە›.

**کوه‌پیمایی** / kûhpeymāyî ، ـها/: *اسم.* کەشەوانی؛ کەژوانی؛ کەژەوانی: ۱. کاری ڕێ پێوان لە کێو و چیادا ۲. خولانەوە و هەڵچوون بە شاخ و داخدا.

**کوهزایی** / kûhzāyî/: *اسم. [زمین‌شناسی]* ڕەوتی پێکهاتن و بەدیهاتنی کێو.

**کوه‌زدگی** / kûhzadegî/ ☜ **کوه‌گرفتگی**

**کوهسار** / kûhsār/ ☜ **کوهستان**

**کوهستان** / kûhestān ، ـها/: *اسم.* کوێستان؛ کوێستان؛ کێفسان؛ کووەیسان؛ کێوسار؛ کێوستان؛ شاخستان؛ کێوات؛ کێولان؛ زۆزان؛ کۆسار؛ کێفسار؛ کۆسان؛ کۆیوسان؛ مەڵبەندی کێوات؛ سەرزەوینی پڕ لە کەژ و کێو.

**کوهستانی** / kûhestānî/: *صفت.* کوێستانی؛ کۆساری؛ کێفسانی: ۱. کەشی؛ هاوگەر بە چیاوە ‹آب و هوای کوهستانی: ئاو و هەوای کوستانی› ۲. شاخاوی؛ خاوەن شاخ و داخ ‹سرزمین کوهستانی: سەرزەوینی کوساری›.

**کوه‌گرفتگی** / kûhgereftegî/: *اسم. [قدیمی]* نەخۆشینی بەرزایی کە بەتایبەت لە بڵندایی ۳۰۰۰ میتر بەرەو ژووەرە، بە هۆی کەم بوونەوەی ئوکسیژن بەدی دێ: **کوه‌زدگی**

**کوه‌نشین** / kûhnešîn ، ـها؛ ـان/: *اسم.* کێونشین؛ کێفنشین؛ ئەوەی کە لە کەژ و کۆیان دەژی.

**کوهنورد** / kûhnavard ، ـها؛ ـان/: *اسم.* کەشەوان؛ کەژەوان؛ کەژوان؛ چیاڤان؛ زەردەوان؛ کۆگەرد؛ کەسێ کە بە کەژ و کۆدا سەر دەکەوێ ‹چهار کوهنورد به قله‌ی آرارت صعود کردند: چوار کەشەوان لە چیای ئاراراتەوە سەرکەوتن›.

**کوهنوردی** / kûhnavardî ، ـها/: *اسم.* کەشەوانی؛ کەژوانی؛ شاخەوانی؛ زەردەوانی؛

چیاڤانی؛ کاری چوونه سەر کێو و پێدا گەڕانی ‹بۆ کوهنوردی بە چەل‌چشمە رفتە بودند: بۆ کەشەوانی چووبوونە چل‌چەمە›.

**کوهه** / kûhe ، ـهـا/: اسم. کۆمە؛ بەرزی؛ هەر شتێکی بەرز و هەڵهاتوو ‹کوهەی ابر: کۆمەی هەور›.

**کوهی** / kûhî/: اسم. کێوی؛ کوویەی؛ کەشی؛ کیفی؛ کیفی؛ کۆڤی؛ کووی؛ کەیی: ۱. کێفیلە؛ شاخی؛ پێوەندیدار یان سەر بە کێو و چیاوەوە ‹گیاه کوهی: گیای کێوی› ۲. [گفتاری] کێونشین؛ نیشتەجێی کێوان.

**کوه‌یخ** / kûheyax/ ☜ **کوه**

**کوی** / kûy/: اسم. گەڕەک؛ تاخ: ۱. بەشێ لە شار، بریتی لە چەند شەقام و کۆڵان ۲. شاکووچە؛ کۆڵانێکی گەورە کە چەن کووچەی چکۆلەی لێ دەبێتەوە ۳. کۆمەڵێک لە ماڵان لە جێگایەکی دیاریکراودا ‹کوی معلمان: تاخی مامۆستایان›.

**کویر** / kavîr ، ـهـا/: اسم. شافر؛ وشکارۆ؛ ئیشکارۆ؛ بیاوان؛ هۆل؛ کەویر؛ سارا؛ چۆڵی قاقڕ و بێئاو.

**کویرزدایی** / kavîrzedāyî/: اسم. کار و ڕەوتی لە نێو بردنی قسڵ و خوێی وشکارۆ و بەرهەڤ کردنی بۆ کشتوکاڵ.

**کویری** / kavîrî/: صفت. وشکارۆیی؛ شافری؛ بیاوانی؛ کەویری: ۱. پێوەندیدار یان سەر بە ساراوە ‹آب و هوای کویری: ئاو و هەوای وشکارویی› ۲. بیاوان‌دار ‹مناطق کویری: ناوچەی بیاوانی›.

**کویز** / kavîz/: [از کردی] اسم. [قدیمی] کەویج؛ کەویژ؛ قەفیز؛ کێشێک بووە بۆ پێوان.

**کویل** / koyl ، ـها/: [از انگلیسی] اسم. سیم‌پێچ؛ سیملوول؛ سیمێکی لوولپێچ کە بە هۆی تێپەڕینی کارەباوە، مەیدانی میگناتیسی بەدیدێنێ: **کوئل**

**کوینتت** / kûvîntet/: [انگلیسی] اسم. [موسیقی] کوینتیت؛ ئاهەنگێ بۆ پێنج ساز یان پێنج ستران‌بێژ.

**که**[1] / ke ، ـها/: ضمیر. کێ؛ کی؛ چ‌کەسێ ‹که بود؟ که گفت؟: کێ بوو؟؛ کی گوتی؟›.

**که**[2]: حرف. که: ۱. وشەیەک بۆ پێوەندی وشە یان لێمایەک بە ڕاڤە یان هەوالی سەر بە ئەو ‹وقتی رسیدم که او رفته بود: کاتێ گەیشتم کە ئەو ڕۆیشتبوو› ۲. [گفتاری] وشەیێ بۆ پێداگری و پەسەندی قسەی پێشوو ‹نه که نمی‌شود: نە کە نابێ› ۳. ئەگەر؛ ئەگە ‹آدم که به درد دیگران نخورد، برای لای جرز خوب است: بنیادەم کە بە دەم خەڵکەوە نەبێ، هەر نەبوونی باشە› ٤. چونکاتێ؛ چونکوو؛ چونکە ‹فرار کن که دارند می‌رسند: دەرچۆ کە خەریکن بگەن› ۵. بۆ؛ بۆیە؛ بۆ ئەوەی کە ‹بلند شد که آب بخورد: هەستا کە ئاو بخواتەوە› ٦. تا؛ لە ئاکامدا ‹تو زدی که او هم زد: تۆ دەستت وەشاندت کە ئەویش وەشاندی› ۷. کاتێ کە؛ ساتێ کە ‹به خانه که رسیدم برق رفته بود: کە گەیشتمەوە ماڵ بەرق نەبوو›.

**کهاد** / kehād/: صفت. ۱. کەمبایەخ‌تر ۲. سەبارەت بە پاژ یان لایەنی گچکەتر.

**کهتر** / kehtar ، ـان/: صفت. [ادبی] چکۆلە؛ بچووک؛ بووچک: ۱. بچووکتر؛ گچکەتر؛ بووچکتر؛ وردیتەر؛ کەمتەمەن‌تر ۲. ژێردەست.

**کهر** / kahar/: اسم. کوێت؛ کوێتە؛ کەهەر؛ کەرەبا؛ کیەر؛ کەهر؛ ئەسپی سوور.

**کهربا** / kahrobā, kahrabā/: اسم. کارەبا؛ کەرەبا؛ کاروا؛ کارەب؛ کەرەب؛ کەرەبە؛ کەهڕوبان؛ کەهڕوبا؛ کەهرەبا؛ جۆری جەوی وشکەهەڵگەڕاو بە ڕەنگی زەردی کاڵە کە زۆرتر هەموو یان پاژێک لە لەشی میروویەکی تیدا ساغ ماوەتەوە و مۆروو، مۆمەقەند، وردەخشڵ و تەزبێحی لێ دروست دەکەن.

▣ **کهربای سیاه**: شەڤە؛ شەوە؛ شەوڕەنگ؛ شەوگ؛ شەوێ؛ شیا؛ بەردێکی کانگایی لە

جـۆری لیگنـیتی ڕەق بـە ڕەنگـی ڕەش و بریقـەداره کـە هێلەسـاو دەدرێ و لـە گەوهەرسازیدا بە کەڵک دێ

**کهربائی** / kahrobā'î, kahrabā'î/ ☜ **کهربایی**

**کهربـایی**[1] / kahrobāyî, kahrabāyî/:/سـم. کارەبـایی؛ کـەهرەبایی؛ ڕەنگـی زەردی مـات: **کهربائی**

**کهربـایی**[2]: *صفت.* کارەبـایی؛ کـەهرەبایی؛ بـە ڕەنگی کارەبا؛ بە ڕەنگی زەردی مات: **کهربائی**

**کهریـز** / kahrîz ، ـهـا/: *اسم. [گفتاری]* کـاریز؛ کەریز؛ کەهریز؛ کەهریز؛ کاریزە؛ ئاوەڕۆی بـەژێر زەویدا کێشراو.

**کهکشان** / kahkešān, kahkašān/:/سم. ۱. ـها/ کاکێشـان؛ کاکەشـان؛ کەشکەشـان؛ کـاکێش؛ کـادز؛ کۆمکاسـێویان؛ سـەرجەمی بـێئـەژمار ئەستێرە و مانگ و خۆر لە ئاسمان کـە پێکـەوە خولگەیەکیان هەیە ۲. ڕەیاکـاروان؛ کاکەشـانی ڕێگەی شیری، کە زەوی تێدایە.

▣ **کهکشـان راه شـیری**: ڕەیاکـاروان؛ سـپیایی ناوەندی ئاسمان کە لە تاریکە شـەودا وەکـوو کەمەربەندێکی گەورە دیارە.

**کهمـوج** / kehmowc, -mo:c/: [فارسـی/ عربـی] ☜ **مایکروویو**

**کهـن** / kohan/: *صفت. [ادبـی]* ۱. کـۆن؛ کۆنـە؛ کهـۆن؛ کەفـن؛ دێـرین؛ کـەعن؛ کـان؛ کـەون؛ قەدیمی ‹بنـای کهـن: بینـای کـۆن› ۲. دانسـاڵ؛ بەتەمـەن؛ پـیر؛ بەسـاڵاچوو ‹درخـت کهـن: داری دانسال›.

**کهـن** / kohen/: [عربی] ☜ **کاهن ـ۱**

**کهنسال** / kohansāl ، ـان/: *صفت.* دانسـاڵ؛ پـیر؛ کۆنسـاڵ؛ کۆنەسـاڵ؛ کەفنسـال: ۱. کـال؛ بـە تەمەنی زۆرەوە؛ بەسالاچوو ۲. بە تەمەنی زۆرتـر لە ۷۰ ساڵ (لە مرۆڤدا).

**کهنسـالی** / kohansālî/:/سـم. کـالێنی؛ کـالی؛ دانسالـی؛ پـیـری؛ بەسـالاچوویی؛ دۆخ یـان چۆنیەتی پیر و زورهان بوون.

**کهنگـی** / kohnegî/:/سـم. کۆنـەیی؛ کـۆنی؛ کەونی؛ بەتەمەنی؛ دۆخ یان چۆنیەتی کۆنە بوون ‹خانە بـوی کهنگـی مـی‌داد: مالـەکە بـۆنی کۆنـەیی دەدا›.

**کهنه** / kahane/: [عربی] جمعِ ☜ **کاهِن**

**کهنه**[1] / kohne ، ـها/: *اسم. [گفتاری]* کۆنە؛ کوانـە: ۱. پەڕۆ؛ تیتۆل؛ پڕژۆل؛ پاتـاڵ؛ شـیقال؛ بزگـوڕ؛ ڕیتک؛ لەتە پارچەی بـۆ سـڕینەوەی شـت یـان جێگایەک ‹کهنەای را برداشت و ظرفها را خشک کرد: کۆنەیەکی هەڵگرت و دەفرەکـانی وشـک کـردەوە› ۲. کۆنەی منـدال؛ لەتـە پارچەیـەک کـە وەک پۆشکەی منداڵ بە کار دەڕوا ‹داشت کهنەی بچـه می‌شست: خەریک بوو کۆنەی منداڵەکەی دەشۆرد›.

**کهنـه**[2]: *صفت.* کـۆن؛ کۆنـە؛ کەفـن؛ کەیـەن: ۱. کـان؛ کـەون؛ کەهـەن؛ کوانـە؛ کـەونارا؛ پێوەندیدار یان سەر بە کاتی پێشوو ‹زخم کهنـه؛ کتاب کهنه: زامی کۆن؛ کتێبی کۆنە› ۲. شڕ؛ شـڕ و وڕ؛ کڕووز؛ کۆخار؛ پلەڕوو؛ قەشپای؛ لەکارتە، بـە هۆی تێپەڕینی کات ‹ماشین کهنه: ماشینی کۆنە›.

▣ **کهنه شدن**: کۆن بوون؛ کۆنـە بـوون/ بیـەی: ۱. ژەفکـەتن؛ بـە هـۆی کاربـەری زۆر یـان تێپەڕینی کات، لە کارکەوتن ‹این لباسها دیگـر کهنه شده است: ئـەم جلانـه ئیتـر کۆنـه بـووکن› ۲. لە باوکەوتن؛ قرم و بایەخی خۆ لە دەسـت دان ‹این حرفها و اداها دیگر کهنه شده است: ئـەم قسە و باسانە ئیتر کۆن بوون›.

**کهنه کـردن**: کۆنـەکردن؛ کـۆنکـردن؛ کۆنـە کەردەی: ۱. دارزاندن؛ بە هۆی کەڵکگرتنی زۆرەوە لەکارتـەکردن ۲. ئـەزموونی زۆر هـەبوون ‹ما سالها پیش این کلکها را کهنـه کرده‌ایم: ئێمە لەمێژە ئەم فێڵ و تەڵەکانەمان کۆنە کردووە›.

**کهنـه‌پرسـت** / kohneparast ، ـها؛ ـان/: *صفت. [مجازی]* کۆنەپەرست؛ کۆن‌پەرست؛ هۆگری داب

و نـەریت و باوەڕگـەلی قـەدیمی. هـەروەها: **کهنه‌پرستی**

**کهنه‌شور** / kohnešûr ، ـها/: /سم. کۆنەشۆر؛ ئامێر یان دەسگایەک بۆ شتنی کۆنەی منداڵ.

**کهنـه‌فـروش** / kohnefurûš ، ـها؛ ـان/: /سم. خرمالّ؛ کۆنەفرۆش؛ کۆنـەورەش؛ کەڤـنەفرۆش؛ کەڤنەگیر؛ وەتراخچی؛ کەسێ کە جل‌وبـەرگ و ئـامێری کـۆن دەفرۆشـێ ‹ایـن قلمـدان را از یـک کهنه‌فروش خریدم: ئەم قەڵەمدانەم لە کۆنەفرۆشـێک کڕی›.

**کهنه‌فروشی** / kohnefurûšî/: /سم. کۆنەفرۆشی؛ کۆنەورەشـی؛ خرمالّـی: ۱. کـاری فرۆشـتنی پیتەوای کۆن ‹یک وقتی هم کهنه‌فروشی مـی‌کـردم: سەردەمێکیش کۆنەفرۆشـیم دەکـرد› ۲. پیشـەی کۆنەفرۆش ‹کارم کهنه‌فروشی بود: کارم کۆنەفرۆشی بوو› ۳. ـها/ دووکانێ کە پیتەوای کۆنـەی تێـدا دەفرۆشن ‹اینها را در یک کهنـه‌فروشـی پیـدا کـردم: ئەمانەم لە کۆنەفرۆشـیەکدا دۆزیەوە›.

**کهنه‌کار** / kohnekār ، ـها؛ ـان/: صفت. /گفتاری/ کۆنەکار؛ کارئەزموو؛ بە ئەزموونی زۆر لە کارێـک (زۆرتر نارەوا) ‹دزد کهنه‌کار؛ قمارباز کهنـه‌کار: دزی کۆنەکار؛ قوماربازی کارئەزموو›.

**کهولت** / kohûlat, kuhûlat/: [عربی] /سم. /ادبی/ پـیری؛ زورهـانی؛ لەکارتـەیی؛ بەسـالاچوویی؛ دانسالی ‹دوران کهولت: چاخی زورهانی›.

**کهیر** / kahîr/: /سم. لـیر؛ لـیرک؛ لـیرگ؛ هـیر؛ لەپەر؛ نەخۆشی هەستۆکی بە تاقمێ لە خـۆراک یان دەوا، گەسـتنی جـڕ و جانـەوەر، هـەبوونی کرمی کەدوو یان گرفتی ڕۆحی، کە ئەبێتە هۆی بەدیهاتنی زیپکە و لکی سوور لە سەر پێسـت و هاتنە خوریانی.

▣ کهیر زدن: لیرکردن؛ لـیرگ دەردان؛ زیپکـە دەردان.

**کی** / key ، ـها/: ضمیر. کەی؛ کـەنگێ؛ کـەنگی؛ کدێ؛ کام‌کات؛ کام‌دەم؛ کینگا؛ کەینێ؛ چ دەم؛ چ وەخت؛ وشەی پرسیار لە کـات و سـات ‹کـی آمدی؟: کی رفت؟: کەی هاتی؟ کەنگێ ڕۆیشت؟›.

**کی** / kî ، ـها؛ ـان/: ضـمیر. /گفتـاری/ کـێ؛ کـی؛ چ‌کەس؛ چ‌کەسێ؛ وشەی پرسـیار لەمـەڕ تاکـە کەسێکەوە ‹کی آمد؟: کێ هات؟›.

**ـکی** / akî/: پسوند. /گفتاری/ ـ یین؛ ـ ینە؛ ـ ئەکی؛ بە شێوەی ‹دروغکی؛ آبکی: درۆیین؛ ئاوەکی›.

**کیابیا** / kiyābiyā/: /سم. /گفتـاری/ بـرۆ ـ بـرۆ؛ کەبکەبە و دەبدەبە؛ تەنتەنە و سەنسەنە؛ دۆخـی کەسێک کە هەمیشە کەسانێ لە خزمەتیـدان و هاوڕایی دەکەن ‹این همسایه‌ی مـا آن روزهـا بـرای خودش کیابیایی داشت: ئەم دراوسێیەمان لەو ڕۆژانـەدا بۆ خۆی برو ـ برۆیەکی هەبوو›.

**کیاسـت** / kiyāsat/: [عربـی] /سـم. /ادبـی/ ۱. دەگـەلی؛ هۆشـیاری؛ بیرتیـژی؛ بیرتێـژی؛ زیرەکی ۲. زانایی؛ سەردەرچوویی؛ لێزانی.

**کیالک** / kiyālak ، ـها/: /سم. کیالەک؛ چەشـنێ گوێیژ؛ جۆرێ بلچ.

**کیـان** / kiyān/: /سم. /مجـازی، ادبـی/ ۱. [عربـی] بنەما؛ بنیاد؛ پایە؛ بنەڕەت؛ بنیـات؛ پێـز؛ بنـڕەخ ‹کیان خانواده: بنـەمای خـا و خێـزان› ۲. [سـریانی] سروشت؛ سرووشت.

**کیـانی** / kîyānî/: صـفت. کیـانی؛ کـەیانی؛ پێوەندیدار یان سەر بە کیانیان، سانی پاشایەتی ئەساتیری ئێران ‹تاج کیانی: تاجی کیانی›.

**کیبرد** / kîbord ، ـها/: [انگلیسی] /سم. ۱. کیبورد؛ ڕزنی قوپچـەی سـازێک (وەک پیـانۆ) ۲.

**صفحه‌کلید**

**کیپ**[1] / kîp/: صفت. /گفتاری/ کپ؛ کیپ؛ مووبـڕ؛ بەبێ مەودا و بۆشایی ‹در شیشه کیپ است: سـەری شووشەکە کپە›. هەروەها: **کیپ بودن؛ کیپ شدن**

**کیـپ**[2]: قیـد. کـپ؛ کیـپ؛ مووبـڕ؛ بـە شـێوەی بێ‌بۆشایی ‹حـاج خـانم صـورتش را کیـپ مـی‌بسـت: حاجی خانم ڕوومەتی کپ دەگرد›. هەروەها: **کیپ کردن**

**کیت** / kît ، ـها/: [انگلیسی]/سم. کیت: ۱. بەستەیەک کە بڕێک ئامێر و شتی گرنگی بۆ کارێک تێدایە ‹کیت جراحی: کیتی برینکاری› ۲. کۆمەڵێک لە شتانی جیا-جیای ئامێڕێک بۆ خستنە یەک و وەکار خستنی ‹کیت رادیو: کیتی رادیۆ›.

**کیتین** / kîtîn/: [فرانسوی]/سم. کێتین؛ ماکی ڕەق و پتەوی تونکڵی مێروویان و ڕەق‌پێستان و...

**کیخ** / kîx/: /سم. [قدیمی] ڕیپۆق؛ ڕیق؛ پێخ؛ لچ؛ قلموویچ؛ قەتا؛ کیلک؛ کلمش؛ کلمیش؛ ڕیخنە؛ چلکی چاو.

**کید** / keyd/: [عربی]/سم. [ادبی] ئاوانتە؛ فێڵ‌وفەرەج؛ حیلە و تەشقەلە.

**کیر** / kîr/: /سم. [مستهجن] کیر؛ کێر؛ کر؛ دم؛ چووک؛ سیرەت؛ گون؛ ئەندامی زاوزێی گوهاندارى پێگەیشتووی نێرینە، بەتایبەت مرۆڤ کە پێشاو و ئاوی پشتی لێ دێتە دەرەوە.

**کیروندی** / kîrûndî/ ☜ **روندی**

**کیس** / kîs ، ـها/: /سم. گنج؛ چرچ؛ لۆچ؛ کۆل؛ چینێکی چکۆلە کە بە هۆی نووشتانەوەی پارچە کاغەز و... بەدی دێت.

**کیست** / kîst ، ـها/: [فرانسوی]/سم. [پزشکی] کیست؛ کۆمەڵێک تراوی خەست لە ئەندامێکدا بە کیسە ئاسایەک بە دەوریەوە کە دەکرێ سروشتی یان لە نەخۆشی بێ.

**کیسک** / kîsak/: [؟]/سم. [کالبدشناسی] ساکوول؛ یەکێ لە دوو کیسەی پێکەوە لکاوی گوێی ناوین (ئەوی‌تریان ئەتریکوول) کە سەرچاوەی ئەندامی بیستنە.

**کیسه** / kîse ، ـها/: [از عربی]/سم. کیسە: ۱. تووڕە؛ ئامێری ناوبۆشی چوارگۆش (لە چەرم، پارچە، نایلۆن و...) بۆ هەڵگرتن و جێبەجێ کردنی شت ‹کیسەی قند؛ کیسەی برنج: کیسەی قەن؛ کیسەی برینج› ۲. بۆشاییەک لە جەستەی زۆرێک لە بڕبڕەدارانـدا کە تونکڵێکی نەرم گرتوویەتیە بەر و ماکێکیش دەدەڵێنێ ‹کیسەی صفرا: کیسەی زەرداو› ۳. *[جانورشناسی]* بۆشاییەکی گیرفان‌ئاسا لە ژێر سکی تاقمێ لە گیانەوەراندا (وەک کانگۆرۆ) کە تۆل و بێچوویانی تێدا بەخێو دەکەن ٤. *[گیاهشناسی]* دەسزگایەک وەکوو کیسە لە بن کارگدا کە هەموو گیاکە دادەپۆشێ ٥. *[پزشکی]* کیست؛ کیسەئاسایەک پڕ لە تراوێکی خەست لە ئەندامێکدا کە دەکرێ سروشتی یان لە نەخۆشی بێ ٦. *[مجازی]* دزدان؛ جزدان؛ کیفی جێی پارە.

▣ **کیسەی آب:** *[کالبدشناسی]* پاوڕ؛ ناوەکی‌ترین پەردەی پزدان کە تۆلی دەورە داوە و بەسراوە بە ناوکەوە: **کیسەی آمنیوتیک**

**کیسەی آب گرم:** کیسەی ئاوی گەرم؛ ئامێرێکی لاستێکی کە ئاوی گەرمی تێدەکەن، بۆ گەرمکردنەوەی ئەندامێک.

**کیسەی آمنیوتیک** ☜ **کیسەی آب**

**کیسەی بکس:** کیسەی بوکس؛ کیسەیەکی گەورە وەکوو هەرمێ بۆ مستەکۆڵە لێدان.

**کیسەی حمام:** کیسە؛ کیسەی حەمام؛ کیسەیەک لە ماکێکی زبر بۆ شۆردنی لەش.

**کیسەی صفرا:** *[کالبدشناسی]* کیسەی زەرداو؛ سیکلانۆچکەی زراو؛ تووڕەکەی زراو.

**کیسەی نایلونی:** دەڵق.

**کیسەی یخ:** کیسەی یەخ؛ ئامێرێ بە شێوەی کیسەیەکی لاستیکی خڕ کە سەهۆڵی تێدەکەن بۆ سارد کردنەوەی ئەندامێک.

▣ **کیسه دوختن برای چیزی** ☜ جیب دوختن برای چیزی، **جیب**

**کیسه کشیدن:** کیسەکێشان؛ شتنی لەش بە کیسەی حەمام ‹آن‌قدر کیسەام می‌کشید که پوست تنم سرخ می‌شد: ئەوندە کیسەی دەکێشام پێستم سوور هەڵدەگەڕا›.

از کیسه‌ی خلیفه بخشیدن: *[کنایی]* له کیسه‌ی شێخ به‌خشین؛ لـه ئـاوی حـه‌مام تـه‌عارف کـردن؛ لـه سـه‌ر حیسـابی که‌سـێک بـه که‌سێکی‌تر دان ‹داری خودت بده! چرا از کیسه‌ی خلیفه می‌بخشی؟: ئه‌گه‌ر هه‌ته خۆت بیـده! بـۆچی له کیسه‌ی شیخ ده‌به‌خشی؟›.

از کیسه خوردن ☜ از جیب خوردن، جیب

از کیسه رفتن ☜ از جیب رفتن، جیب

سر کیسه را شل کردن ☜ سر[1]

**کیسـه‌ای** / kîse'î/: [از عربـی] *صفت.* کیسـه‌یی؛ کیسه: ۱. بـه کیسـه ‹سیمان کیسـه‌ای: سیمانی کیسه‌یی› ۲. ئاماده‌کراو به کیسه ‹ماست کیسه‌ای: ماستی کیسه›.

**کیسه‌جیب** / kîsecîb ، ـها/: [از عربی/ عربـی]/*سم.* کیسه‌باخه‌لی؛ تووره‌که‌یه‌کی چکۆله کـه زۆرتـر چوارگۆش یان خڕه و لێواره‌کانی له ژێر یان لـه سه‌ره‌وه ده‌دروونه ده‌رگای باخه‌له‌وه.

**کیسه‌خواب** / kîsexāb ، ـها/: [از عربـی/ فارسـی] /*سم.* کیسه‌خه‌و؛ کیسـه‌خاو: ۱. کیسـه‌یه‌کی زۆر گه‌وره له پارچه‌ی نه‌ده‌ڵێن و زۆرتر به زیپـه‌وه و لایه‌دووری‌کراو که له ده‌شـت و کێـو، شـه‌وان و کـاتی سـه‌رما و سـه‌هۆل تێبـدا ده‌خـه‌ون ۲. کیسه‌یه‌کی زیپدار بۆ جێبه‌جێ‌کردنی ساوای نووستوو له ده‌ره‌وه‌ی مال.

**کیسه‌کش** / kîsekeš ، ـها/: [از عربی/ فارسی]/*سم.* کیسه‌کێش؛ ناتر؛ دلاک؛ ده‌لاک؛ که‌سێ کـه لـه حه‌مامی هه‌موانیدا له‌شی خه‌ڵک ده‌شوا.

**کیش**[1] / kîš ، ـها/: *سم. [ادبی]* ۱. ـلـها/ دیـن؛ ئایین؛ ئائین ‹کیش مسیحیت: دینـی خاچپه‌رستی› ۲. ☜ **شمشاد**

**کیش**[2]: *صوت.* کـش: ۱. کـیش؛ وشـه‌یه‌ک لـه شه‌ترەنجدا که بۆ ده‌ربڕینی له مه‌ترسیدا بـوونی شای هامبـاز ده‌گـوترێ ۲. وشـه‌ی ده‌رکـردنی پەله‌وەر، به‌تایبه‌ت باڵنده‌ی مالی.

▣ کیش دادن: کش دان؛ کش‌کردن؛ له کایـه‌ی شـه‌ترەنجدا ڕاگه‌یانـدنی مه‌ترسـی بـه شـای هامباز ‹کیش داد و فیل او را گرفت: کشـی دا و فیله‌که‌ی خوارد›.

کیش شدن: کش بوون؛ لـه کشـدا بـوون؛ لـه مه‌ترسی بوونی شا، له یاری شه‌ترەنجدا ‹اگـر سرباز را بـازی کنـی، کـیش مـی‌شـوی: ئه‌گـه‌ر بـه سه‌ربازه‌که کایه بکه‌ی، کش ده‌بی›.

کیش کردن: ۱. کش‌کـردن؛ کـش‌کـه‌رده‌ی؛ ده‌رکردنی په‌له‌وەر و باڵنده و میرووی باڵـدار ‹برو مرغها را کیش کـن!: بـڕۆ مریشـکه‌کان کـش کـه!› ۲. کـس دادان؛ کـس که‌رده‌ونـه‌ی؛ وشه‌یه‌ک بۆ هاندانی سه‌گ ‹بچه‌ها سگ را بـه طرف گـدای بیچـاره کـیش مـی‌کردنـد: منداڵـه‌کان سه‌گیان به‌ره‌و ده‌رۆزه داماوه‌که کس ده‌دا›.

**کیـف** / keyf ، ـها/: [عربـی]/*سم.* ۱. *[گفتاری]* خۆشی؛ وەشی؛ شـادی؛ هـووت؛ کـه‌یف‌خۆشـی ۲. چۆنیه‌تی؛ چلۆنایه‌تی؛ چلۆنه‌تی.

▣ کیف دادن: که‌یف سازکردن؛ خۆشی پێـدان ‹گردش دیـروز خیلـی بـه مـن کیـف داد: سـه‌یرانی دوێنێ زۆر که‌یفی ساز کردم›.

کیف داشتن: به کـه‌یف بـوون؛ خـۆش بـوون؛ وەش بیه‌ی ‹دیدن کارهای آنها خیلی کیف داشـت: بینینی کاره‌کانیان زۆر به که‌یف بوو›.

کیف کردن: که‌یف‌کـردن؛ خـۆش ڕابـواردن؛ شه‌وق‌کردن؛ وەشی/ حه‌زکه‌رده‌ی؛ به خۆشی ڕابواردن ‹نمی‌دانی چه کیفی مـی‌کـرد: نـازانی چ که‌یفێکی ده‌کرد›.

کیف کسی کوک بودن ☜ کوک بودن کیـف کسی، **کوک**[2]

**کیـف** / kîf ، ـها/: *سم.* کیـف: ۱. ئـامێرێکی ناوبۆشـی زۆرتـر چوارگـۆش کـه ده‌کرێتـه‌وه و ده‌به‌سترێ و له ماکێکی نه‌ده‌ڵێن (وەک چەرم و بریزینـت و...) دروسـت ده‌کـرێ بـۆ تـێ‌نـانی شت‌ومه‌کی پێویست و ئامرازی کار ‹کیف مدرسه؛ کیف مهندسی: کیفی قوتابخانه؛ کیفـی ئەنـدازیاری›

۲. وەها شتێک لە ئەندازەی چکۆلەتردا بۆ هەلگرتنی پارە و کارت و بەلگە لە گیرفاندا ‹کیف بغلی: کیفی باخەلی› ٤. جانتا؛ جنتە؛ هەگبە؛ چەنتک؛ چانتە؛ ساک؛ کیسەئاسای دەستەدار بۆ تێنانی کەلپەلی سەفەر یان ئەو شتانەی دەکرێدرێن.

**کیفر** / keyfar ، ـها/: [عربی]/سم. تۆلە؛ سزیا؛ سزا؛ جزیا؛ قەساس؛ تاوانی کاری خراپە.

**کیف‌ربا** / kîfrobā ، ـها؛ ـیان/: /سم. کیفدز؛ گیرفان‌بڕ؛ کیف‌بڕ؛ کیسەبڕ؛ کەسێ کە کیفی خەڵکی دەڕفێ و هەڵدێ: **کیف‌قاپ** *[گفتاری]*

**کیف‌ربایی** / kîfrobāyî/: /سم. کیفدزی؛ کیف‌بڕی؛ کیسەبڕی؛ کار و ڕەهاتی دزینی کیفی دیتران: **کیف‌قاپی** *[گفتاری]*

**کیفرخواست** / keyfarxāst ، ـها/: [عربی/ فارسی] /سم. خوازەنامە؛ داوانامە؛ سکالایێ کە دادئەستێن دژ بە تاوانی، بە دادگای دەدا و بە پێی ئەوە خوازیاری جزیا دانی دەبێ.

**کیفری** / keyfarî/: [عربی] صفت. سزایی؛ سزیایی؛ جزیایی.

**کیف‌زن** / kîfzan ، ـها/: /سم. کیفدز؛ گیرفان‌بڕ؛ کیف‌بڕ؛ کیسەبڕ؛ دزێک کە کیفی خەڵکی یان شتی ناو کیفەکانیان دەدزێ. هەروەها: **کیف‌زنی**

**کیف‌قاپ** / kîfqāp/: [فارسی/ ترکی] ☜ **کیف‌ڕبا**

**کیف‌قاپی** / kîfqāpî/: [فارسی/ ترکی] ☜ **کیف‌ڕبایی**

**کیفور** / keyfûr/: [عربی/ فارسی] صفت. *[گفتاری]* خۆش‌کەیف؛ کەیف‌خۆش؛ کەیف‌وەش؛ بەکەیف؛ بەدەماخ؛ دڵخۆش؛ سەرخۆش ‹آزاد از اینکه در کنکور قبول شده بود خیلی کیفور بود: ئازاد لەوەی کە لە کونکووردا سەرکەوتووە زۆر خۆش‌کەیف بوو›.

**کیفی** / keyfî/: [عربی] صفت. جلۆنی؛ چۆنی؛ پێوەندیدار بە جلۆنایەتی شتێکەوە.

**کیفی** / kîfî/: صفت. کیفی: ۱. بە بیچمی کیف ‹ساک کیفی: جەنتەی کیفی› ۲. بە تایبەتمەندی دانان یان جێ بوونەوە لە ناو کیفدا ‹کامپیوتری کیفی: کەمپیوتری کیفی›.

**کیفیات** / keyfîyyāt/: [عربی] جمعِ ☜ **کیفیت**

**کیفیت** / keyfîyyat ، ـها؛ کیفیات/: [عربی]/سم. چۆنیەتی؛ چلۆنایەتی؛ چلۆنیەتی؛ چلۆنەتی: ۱. کتێبی؛ دارەت؛ دۆخ یان تایبەتمەندی شتێک یان کەسێک ‹کیفیت کار: چۆنیەتی کار› ۲. *[مجازی]* لۆر؛ بار؛ ڕادەی چاکی ‹کیفیت بالا: چۆنیەتی باش›.

**کیک** / keyk ، ـها/: /سم. ۱. [انگلیسی] کەیک؛ کەیکە؛ کێک؛ کادە؛ هەر جۆرە نانێکی شیرین کە لە هەویری ئارد، ڕۆن، شەکر، هێلکە، وانیل، جۆشی شیرین و... لە قاڵبی تەخت و بە بیچم و ئەندازە و تامی جۆراوجۆرەوە دروست دەکرێ ۲. ☜ **کَک** ۳. گلێنە؛ گلار؛ گزینگ؛ کێلکی؛ کەچک؛ کچێنە؛ کێچک؛ کۆڤان؛ گلارەی چاو.

**کیکم** / kîkom ، ـها/: /سم. کەیکەم؛ کێکم؛ کێکف؛ کەکەو؛ کەکەوی؛ کەیکوو؛ کەڤۆت؛ کەوت؛ داری ساقەتە ئەستووری گەڵاپەنجەیی چڕو تۆکمە، بە ڕەنگی سووری کاڵ و نیچکەنیچکەوە کە بۆ نازکاری و نەجاری بەبایەخە.

**کیل** / keyl, kîl ، ـها/: [عربی]/سم. پێوانە؛ پێومان؛ ئامێری هەڵسەنگاندنی بارستایی.

**کیلکا** / kîlkā ، ـها/: /سم. کیلکا؛ ماسی چکۆلەی خۆراکی.

**کیلو** / kîlo, kîlû/: [فرانسوی] ☜ **کیلوگرم**

**کیلوئی** / kîlo'î, kîlû'î/: [فرانسوی] ☜ **کیلویی**

**کیلوس** / kîlûs/: [یونانی]/سم. *[فیزیولژی]* کیلووس؛ چەوری هەرسکراوی ڕیخۆڵەخۆ کە بە شێوەی تراوێکی شیری ڕەنگ لە ڕیخۆڵەی چکۆلەوە دەدەڵێتە نێو ڕەوتی خوێنەوە.

**کیلوسیکل** / kîlosîkl, kîlû-/: [فرانسوی] ☜ **کیلوهرتس**

**کیلوگرم** / kîlog(e)ram, kîlû-/: [فرانسوی]/سم.

www.perawipepwle.com


کیلۆگرەم؛ یەکەی سەرەکی کێشانە لە سیستەمی میتریکدا، بەرامبەر بە هەزار (۱۰۰۰) گرەم: **کیلو**

**کیلومتر** / -kîlometr, kîlû ، ـها/: [فرانسوی]/سم. کیلۆمیتر؛ یەکەی درێژایی لە سیستەمی میتریکدا بەرانبەر بە هەزار (۱۰۰۰) میتر.

▣ **کیلومتر مربع**: کیلۆمیتری چوارگۆش؛ یەکەی ڕووپەڕ بەرانبەر بە یەک میلیۆن (۱۰۰۰,۰۰۰) میتری چوارگۆش.

**کیلومتر مکعب**: کیلۆمیتری چوارپاڵوو؛ یەکەی بارستایی بەرانبەر بە یەک ملیار (۱۰۰۰,۰۰۰,۰۰۰) میتری چوارپاڵوو.

**کیلومترشمار** / -kîlometršomār, kîlûmetr ، ـها/: [فرانسوی/ فارسی]/سم. کیلۆمیترژمار؛ ئامرازی ئەندازەگرتنی ڕادەی خێرایی و مەودای پێوراو بە پێی کیلۆمیتر لە ماشێندا.

**کیلووات** / -kîlovāt, kîlû ، ـها/: [فرانسوی]/سم. کیلۆوات؛ یەکەی هێز بەرانبەر بە ۱۰۰۰ وات.

**کیلوهرتس** / -kîloherts, kîlû/: [فرانسوی]/سم. کیلۆهێرتز؛ یەکەی فریکانس بەرانبەر بە هەزار (۱۰۰۰) هێرتز: **کیلوسیکل**

**کیلویی**[1] / -kîloyî, kîlûyî/: [فرانسوی] صفت. [کنایی] کیلۆیی؛ کێشانەیی ‹ساعت کیلویی: کاتژمێری کیلویی›: **کیلوئی**

**کیلویی**[2]: قید. ۱. کیلۆیەک؛ کیلۆیێ؛ کیلۆیو؛ هەر یەک کیلۆ ‹قند کیلویی چند است؟: قەند کیلویی چەندە؟› ۲ بەکیلۆ؛ کیلۆیی؛ بە شێوەی کیلۆ ‹این ساعتها را کیلویی می‌فروشند: ئەم کاتژمێرانە بەکیلۆ دەفرۆشن›: **کیلوئی**

**کیموزین** / -kîmozîn/: [؟]/سم. هەوێن؛ ئامیان؛ ئامێژەن؛ ئامێژە؛ فریشک؛ شیلاوک؛ ژیلاوک؛ ژیلک؛ هوشە؛ شیلاوقە؛ مایەی پەنیر.

**کیموس** / -kîmûs/: [یونانی]/سم. [فیزیولژی] کیموس؛ هەویرئاسای زەرد ڕەنگی نیمچە هەرساوی گەدە، بریەتی لە تێکەلاوی ئەوی خوراوە لەگەڵ ئەسیدی گەدەدا کە دەڕژێتە ڕیڵەخۆوە

**کیمونو** / kîmono ، ـها/: [فرانسوی از ژاپنی]/سم. کیمۆنۆ؛ جل‌وبەرگی درێژی نەریتی ژاپون بە سەرقۆڵی فش و کەمەربەندی پارچەییەوە کە وەکوو کراس لەبەری دەکەن.

**کیمیا** / kîmiyā/: [یونانی]/سم. ۱. کیمیا؛ ماکێکی خەیالی کە هەر کانزایەکی پێ دەبێتە زێڕ ۲ [مجازی] گەوهەر؛ هەر شتێکی نایاب و زۆر ئازیز ‹این روزها دوست خوب کیمیاست، اما یافت می‌نشود: لەم دەورانە دۆستی باش گەوهەرە، بەڵام دەس ناکەوێ›.

**کیمیاگر** / kîmiyāgar ، ـها؛ ـان/: [یونانی/ فارسی] /سم. کیمیاگەر؛ کەسێ کە بە شوێنی کیمیاوەیە یان تێدەکۆشێ دروستی بکا.

**کیمیاگری** / kîmiyāgarî/: [یونانی/ فارسی]/سم. کیمیاگەری؛ پیشە یان کاری کیمیاگەر.

**کین** / kîn/: /سم. [ادبی]/ ۱. قین؛ قینی؛ ڕق؛ کین؛ هەیف؛ حەیف؛ ڕک ۲ تۆڵە؛ تۆڵ؛ دۆز؛ وی.

▣ **کین خواستن**: تۆڵە ساندنەوە؛ حەق سەندنەوە/ کردنەوە.

**کین‌توز** / kîntûz/ ☜ **کینه‌توز**

**کین‌توزی** / kîntûzî/ ☜ **کینه‌توزی**

**کینتیک** / kînetîk/: [انگلیسی] ☜ **سینتیک**

**کین‌خواهی** / kînxāhî ، ـها/: /سم. [ادبی]/ تۆڵەسێنی؛ تۆڵەئەستێنی؛ کار و ڕەوتی تۆڵە کردنەوە ‹مردم به کین‌خواهی او برخاستند و تخت و بخت حاکم را برهم زدند: خەڵک بۆ تۆڵەکردنەوەی هەستانەوە و تەخت و بەختی میریان ژێر و ژوور کرد›.

**کینماتیک** / kînemātîk/: [انگلیسی] ☜ **سینماتیک**

**کینه** / kîne ، ـها/: /سم. ڕق؛ ڕک؛ قین؛ قینی؛ کین؛ هەیف؛ کینە؛ عەنت؛ هەستی کۆنی

دوژمنایه‌تی.

▣ **کینه‌ی شتری:** کۆنه‌قین؛ ڕقی زۆر و دێژخایه‌ن.

▣ **کینه به دل گرفتن:** قین لێهه‌ڵگرتن؛ ڕک هه‌ڵگرتن؛ غه‌ره‌ز گرتنه دڵ؛ نگه لێگرتن؛ هه‌ستی دوژمنی په‌یدا کردن ‹از آن روز از من کینه به دل گرفت: له‌و ڕۆژه‌وه قینی لی هه‌ڵگرتم›.

**کینه کشیدن:** تۆڵه سه‌ندنه‌وه؛ تۆڵه‌کردنه‌وه؛ حه‌یف هه‌ڵاننین؛ هه‌یف هه‌ڵێنان/ ستاندن؛ وێکردنه‌وه.

**کینه‌ای / kîne'î/** ☜ **کینه‌توز**

**کینه‌توز / kînetûz** ، ـها؛ ـان/: *صفت.* ڕکووني؛ ڕککین؛ ڕکن؛ ڕککۆیی؛ غه‌ره‌زن؛ قین‌له‌به‌ر؛ قین‌له‌دڵ؛ قینه‌ون؛ قین‌له‌سک؛ ڕک له سک؛ ده‌خه‌س؛ ڕک‌له‌زگ؛ ڕق‌جوین؛ ڕق له سک؛ ده‌مبه‌وه‌بڕ؛ له‌بخباز؛ له‌نجوو؛ کێنوو؛ بوغز له زگ؛ به‌کینه؛ به ڕق؛ نه‌هێنبڕ؛ نهێنبڕ؛ نه‌هێندڕ؛ نهێنگر؛ به خوو و هۆگره‌تی ڕک له سک هه‌ڵگرتن: **کینه‌ای** *[گفتاری]*؛ **کین‌توز** *[ادبی]*

**کینه‌توزی / kînetûzî** ، ـها/: *اسم.* ڕق‌له‌زگی؛ ڕک‌له‌دڵی؛ ڕککینی؛ ده‌خه‌سی؛ ڕک‌له‌سکی؛ دۆخی عه‌نتین؛ ڕک هه‌ڵگرتن و دوژمنایه‌تی له‌گه‌ڵ که‌سێک کردن: **کین‌توزی** *[ادبی]*

**کینه‌جو / kînecû** ، ـها؛ ـیان/: *صفت.* ڕکووني؛ ڕککوو؛ ڕککین؛ ڕق‌جوین؛ ڕق‌له‌سک؛ ده‌نبه‌وه‌بڕ؛ هۆگری دژمنایه‌تی تۆله‌سه‌ندنه‌وه.

**کینه‌جویی / kînecûyî** ، ـها/: *اسم.* قین‌له‌دڵی؛ قینه‌ونی؛ کینه‌کێشی؛ دۆخی دوژمنی کردن و به دووی تۆله‌کردنه‌وه بوون.

**کینه‌کشی / kînekeşî/** ☜ **کینه‌ورزی**

**کینه‌ورزی / kînevarzî** ، ـها/: *اسم.* ڕقه‌به‌رایه‌تی؛ قینه‌ونی؛ کاری قین‌کێشان؛ ڕه‌وتی دوژمنایه‌تی کردن به هۆی هه‌بوونی ڕق و قینه‌وه: **کینه‌کشی**

**کیوان / keyvān/** ☜ **زحل**

**کیوسک / kiyûsk** ، ـها/: [فرانسوی از ایتالیایی] *اسم.* هۆلک؛ ده‌که؛ هۆده‌یه‌ک له جێگایه‌کی هه‌موانیدا ‹کیوسک تلفن؛ کیوسک روزنامه‌فروشی: هولکی ته‌له‌یفوون؛ ده‌که‌ی ڕۆژنامه‌فرۆشی›.

**کیوی / kîvî/:** [انگلیسی از یکی از زبانهای پولینزیایی]/*اسم.* کیوی: ۱. دارچکێک به گه‌ڵای نه‌رم و گوڵی شه‌ش‌په‌ڕ و میوه‌ی هێلکۆکه‌ییه‌وه ۲. به‌ری هێلکه‌ئاسای ئه‌و داره به پێستی ناسک و تووکنی ئامال قاوه‌یی و گۆشتێکی ترش و شیرینی سه‌وز ڕه‌نگه‌وه ۳. په‌له‌وه‌رێکه نافڕێ و دنه‌دووکی دڕێژ، پای ئه‌ستوور و په‌له‌ی خۆڵه‌میشی هه‌یه، زاگه‌به‌ری زیلاندی نوێیه.

**کیهان / keyhān/:** *اسم.* ۱. جیهان؛ جه‌هان ۲. ئاسمان؛ ده‌ره‌وه‌ی ئه‌تموسفیری زه‌وی و هه‌رچی که تێیدایه.

**کیهان‌شناخت / keyhānšenāxt/** ☜ **کیهان‌شناسی**

**کیهان‌شناسی / keyhānšenāsî/:** *اسم.* جیهان‌ناسی؛ زانستی لێکۆڵینه‌وه و ناسینی چۆنیه‌تی به‌دیهاتنی دنیا و ئه‌وه‌ی که تێدایه (وه‌کوو کاکه‌شانه‌کان، ماک، وزه و...): **جهان‌شناسی؛ کیهان‌شناخت**

**کیهان‌نورد / keyhān.navard** ، ـها؛ ـان/: *اسم.* ۱. که‌شوان؛ که‌شڤان؛ ئاسمان‌وان؛ که‌سێ که بۆ ئاسمان سه‌فه‌ر ده‌کا ۲. ئاسمان‌وانه؛ ماشینێک که بۆ سه‌فه‌ری ئاسمانی دروست‌کراوه.

**کیهان‌نوردی / keyhān.navardî/:** *اسم.* ئاسمان‌وانی: ۱. ئاسمان‌پێوی؛ کار و ڕه‌وتی ڕۆیشتن بۆ ده‌ره‌وه‌ی ئه‌تموسفیری زه‌وی ۲. که‌شوانی؛ که‌شڤانی؛ بنه‌ما و شێوه‌گه‌لی سه‌باره‌ت به ئاسمانوانی.

**کیهانی / keyhānî/:** *صفت.* جیهانی؛ جه‌هانی؛ ئاسمانی؛ پێوه‌ندیدار یان سه‌ر به دنیاوه ‹سفرهای کیهانی: سه‌فه‌ری ئاسمانی›.

# گ

**گ** / g/: حـرف. گ؛ نیشـانەی پـیتی بیسـت و شەشەمینی ئەلفوبێتکەی زمانی فارسی.

**گ** / ge/:/سـم. گـێ؛ گـاف؛ نـاوی بیسـت و شەشەمین پیتی ئەلفوبێتکەی فارسی.

**گائیدن** / gā'îdan/ ☜ **گاییدن**

**گاباردین** / gābārdîn/: [فرانسوی]/سم. گاباردین؛ قوماشی تەنراو لە تانی خوری و پۆی پـەمۆ یـان بەنی دەسکرد بۆ کۆت و شالوار و جلی ژنانە.

**گـادولینیم** / gādolîn(i)yom/: [انگلیسـی]/سـم. گـادولینیۆم؛ تـوخمی کیمیـایی کـانزایی لـە دەستەی لانتانیدەکان بە ژمارەی ئـەتومی ٦٤ و کێشی ئەتومی ١٥٧,٢٥.

**ـ گار** / gār/: پسـوند. ـگار؛ ـکار؛ ـ یار: ١. ـکـەر؛ ـ یەر؛ ـگەر ‹آموزگار؛ خواستگار: ئاموژگار؛ داواکـار›. ٢. خاوەن تایبەتمەندی یان حالەتێک ‹ رستگار؛ پرهیزگار: ڕزگار؛ پارێزکار›.

**گـاراژ** / gārāj ، ـهـا/: [فرانسـوی]/سـم. *[گفتـاری]* گاراج؛ گـاراژ: ١. شـوێنێ زیـاتر سـەرگیراو لـە مالدا، بۆ دانانی ماشێن ٢. *[قدیمی]* شوێنی سـوار بوون و دابەزین لە ماشینی مسافربەر.

**گاراژدار** / gārājdār ، ـها؛ ـان/: [فرانسوی/ فارسـی] /سم. گـاراژدار؛ خـاوەن گـاراژ؛ بەرپرسـی گـاراژ.

هەروەها: **گاراژداری**

**گـارانتی** / gārāntî/: [فرانسـوی]/سـم. گـارانتی؛ دەستەبەرایەتی؛ کار یان بەڵێنی وەئەستۆگرتنی گـیر و گـرفتی دوای سـەندنی کـەلوپـەل، لـە لایەن بەرهەمهێن یان فرۆشیارەوە ‹ایـن یخچـال دو سال گارانتی دارد: ئەم یەخچاڵە دوو ساڵ گـارانتی لەسەرە›.

**گارد** / gārd ، ـها/: [فرانسوی]/سم. پارێزەر؛ گـارد: ١. پاسداری چەکدار ٢. دەستەیەکی چەکداری کە پاراستن و چاوەدێری شوێن یان کەسـێکیان وە ئەسـتۆیە ‹گـارد ریاسـت جمهـوری: پـارێزەری سەرۆک کۆماری›.

▣ **گـارد احتـرام**: گـاردی ڕێـز؛ دەسـتەیەکی چەکـداری کـە لـە ڕێوڕەسمـی ڕێزنـان، بـەرەوپیری چـوون و ڕوانـەکردنی میوانـانی دەستە باڵای سیاسیدا ئامادە دەبن.

▣ **گـارد گـرفتن**: گـاردگرتن؛ دۆخـی بـەرگری وەخۆگرتن و بەرەنگار بوون.

**گاردریـل** / gārdreyl ، ـهـا/: [انگلیسـی]/سـم. پـەرژین؛ پـەرچین؛ دیـوار یـان نەردەیـەک بـۆ بـەرگری لـە لادان و کەوتنـە خـوارەوە لـە شوێنێک.

**گاردن‌پارتی** / gārdenpārtî ، ـها/: [انگلیسی]/سم. جێژنێ کە لە شوێنێکی بەربڵاو و وەک باخێکی گەورەدا وێڕای بەرنامەی کەیف و خۆشی بەڕێوە دەچێ.

**گارسن** / gārson ، ـها/: [فرانسوی]/سم. سفرەچی؛ پێشخزمەت؛ پێشخەمەت؛ گارسۆن؛ خزمەتکاری پیاو لە میوانخانە و ڕەستوران: **گارسون**

**گارسون** / gārson/: [فرانسوی] ☜ **گارسن**

**گارسە** / gārse ، ـها/: [روسی]/سم. *[چاپ، قدیمی]* گارسە؛ جابەی چاوە چاوە کە پیتی چاپی دەستی لە سەری ڕیز دەکرا.

**گارمون** / gārmon ، ـها/: [روسی]/سم. گارمون؛ سازێکی بادی ڕۆژئاوایی لە چەشنی ئاکاردیئۆن.

**گارو** / gāro/: [؟] ☜ **رگبند**

**گاری**[1] / gārî ، ـها/: [هندی]/سم. شال؛ چەرخ، عەرەبانە؛ گرۆلە؛ فیتوو؛ فایتوون؛ گاری؛ گاریە؛ پێڕاگوێزێکی چەرخدار بۆ گواستنەوەی بار کە پتر چارەوا دەیکێشێ.

▣ **گاری دستی**: گاری دەسی؛ پێڕاگوێزێکی چەرخدار کە هێزی شان و پێلی مرۆڤ دەکێشێ.

**ـ گاری**[2]: پسوند. ـکاری؛ ـگاری؛ ـ یاری: ۱. بەڕێوە بردنی کارێک ‹خواستگاری: داواکاری› ۲. بە دۆخ یان تایبەتمەندیەکەوە ‹رستگاری: ڕزگاری›.

**گاریچی** / gārîčî ، ـها/: [هندی/ ترکی]/سم. گاریچی؛ گاریەوان؛ فیتوبەر؛ شۆفیری گاری.

**گاز** / gāz/:/سم. گاز: ۱. [فرانسوی] پارچەی نەرم و لە بەن تەنراو بۆ برین‌پێچان ۲. قەپ؛ قەپە؛ گازە؛ گەزە؛ گەژ؛ گەوز؛ لەق؛ کاری چەقاندنی ددان دە شتێکدا ‹گاز گرفتن: قەپ گرتن› ۳. ـها/ هەمۆر؛ گازک؛ گزە؛ مەشە؛ پەنگر؛ گۆس؛ ئامرازێکی دوو شاخە بۆ هەڵگرتنی شتێک ٤. ـها/ [فرانسوی]/*[فیزیک]* گاز؛ هەڵم؛ ماکی بێبیچم و بێسنوور ۵. تێکەڵێک لە چەند گاز بەتایبەت میتان و بووتان، کە بۆ سووتانە ٦. ـها/ *[گفتاری]* کەرەستەی گازی وەک وەجاخ گاز.

▣ **گاز اشک‌آور**: گازی فرمێسکهێن؛ هەر کام لەو گازانەی لە هەناسەوە دەچێتە ناو خوێن و بە دنە دانی دەماری چاو، فرمێسک بەدی دێنن.

**گاز بی‌اثر** ☜ **گاز نجیب**

**گاز خردل**: گازی خەردەل؛ تراوێکی سووک، چەور، بێڕەنگ و بۆنتیژ (بە بۆنی خەردەل) کە بە خۆیەوە دەبێتە هەڵم و ئەگەر چاو، پێست و بەتایبەت کۆئەندامی هەناسە دان داگرێ، گیاندار تا شەرای مەرگ دەبا.

**گاز خنده‌آور**: گازی ئوکسیدی نیترۆژن کە لە ددان‌بژیشکیدا بۆ سڕکردن بە کار دێ.

**گاز سمی**: گازی ژەهراوی؛ هەر کام لەو گازانە کە ژاراوین و لە شەڕدا بە کاری دەبەن (وەک گازی خەردەل، ئارسنیک، گازی دەمار و...).

**گاز طبیعی**: گازی سروشتی؛ گازی ئاسایی؛ تێکەڵاوێک لە چەند هیدرۆکەربون، بەتایبەت میتان و بووتان، کە لە ژێر زەوی و زۆرتر لەگەڵ نەوتدایە.

**گاز عصبی**: گازی دەمار؛ هەر یەکە لەو گازە ژاراویانە کە پێست دەیمژێ و دەمار گۆچ دەکا.

**گاز کربنیک** ☜ دیوکسید کربن، **دیوکسید**

**گاز کمیاب** ☜ **گاز نجیب**

**گاز مایع**: گازی تراو؛ گازی تەوش؛ گازێ کە بە پەستاوتن بۆتە تراو.

**گاز مرداب**: گازی زەلکاو؛ میتان.

**گاز نجیب**: گازی نایاب؛ هەر کام لەو توخمانەی دەستە سیفری خشتەکی مەندەلیوف کە بەشێکی بچووک لە کەش پێک دێنن (وەک هلیوم، نیئون، ئارگون؛ کریپتون، گزێنۆن و ڕادۆن): **گازبی‌اثر؛ گاز کمیاب**

▣ **گاز دادن**: گاز دان؛ پا لە سەر پیدالی گاز نان بۆ زۆرترکردنەوەی خێرایی ماشین.

**گاز زدن**: قەپ/ گزە گرتن؛ قەپاڵ لێدان؛ قەپاڵ لێ‌گرتن؛ قەپ داگرتن؛ قەپ لێدان؛ قەپنایوە؛ ئەوەقەپنەی؛ لێ‌کردنەوە بە ددان.

**گاز گرفتن:** قەپ (لێ)گرتن؛ گاز (لـێ)گـرتن؛ قەپاڵ لێدان؛ قەپ پێدا کـردن؛ قـەپ‌کـەردە پۆرەی؛ گرەوتش؛ گێرتەی؛ پیانوسان؛ گەزتن؛ گەستن؛ گەژتن؛ گەزگرتن؛ گـەزین؛ گـەژین؛ دووڕێـزە ددان لـە شـتێ (بەتایبـەت لەشـی گیانەوەرێک) گیر دان ‹دستم را گاز گرفت: قـەپی گرت لە دەستم›.

**گـازانبر** / gāzambor, gāz'anbor ، ـها/: /سم. ۱. گاز؛ گازک؛ گاسک؛ مەشـە؛ هـەمۆر؛ گـۆس؛ کەلبەتان؛ ماشەرز؛ ئامرازێکی دوو پەلە بۆ گرتن، گوشار دان، کەندنەوە و برینەوەی مـێخ و سـیم و... ۲. *[جانورشناسی]* ☜ **قلاب ـ ۳**

**گـازانبری** / gāzambori, gāz'anbori/: *صفت.* گاسکی؛ کەلبـەتانی ‹حملـەی گـازانبری: هێرشـی گاسکی›.

**گازخان** / gāzxān ، ـها/: [فرانسـوی/ فارسـی]/سم. *[زمین‌شناسی]* گازخان؛ کون و کەلێنی بەر زارکـی گـرکانی دامرکـاو کـە بـۆق و گـازی گـۆگرد، ئەنیدرید کەربۆنیک، ئوکسیژن و نیترۆژنی لێـوە هەڵدەچێ.

**گـازر** / gāzor ، ـها؛ ـان/: [آرامی]/سم. *[قـدیمی]* گلارکۆ؛ گازر؛ قەسار؛ جلشۆر؛ جلکشۆر؛ کەسـێ کە جلک و کووتاڵی خەڵکی بە پارە دەشۆرد.

**گـازری** / gāzerî/: [آرامـی]/سـم. جلشـۆری؛ گلارکـۆیی؛ قەسـاری؛ گـازری؛ کـار و پیشـەی جلشۆر.

**گازسوز** / gāzsûz ، ـها/: [فرانسوی/ فارسـی] *صفت.* گازسـووز؛ گازسـووتێن؛ بـە تایبەتمەنـدی سووتاندنی گاز وەک سووتەمەنی.

**گازگرفتگی** / gāzgereftegî/: [فرانسوی/ فارسـی] /سم. گازاژۆیی؛ گـازگرتوویی؛ ڕەوتی خنکـان بـە هۆی گازی ژاراوی بەتایبـەت گـازی کەربونـەوە ‹یک خانوادەی چهار نفری بر اثر گازگرفتگی خفه شدند: بنەمالـەیەکی چوارکەسـی بـە هـۆی گازاژۆییـەوە خنکان›.

**گـازوئیـل** / gāzo'îl/: [فرانسـوی]/سـم. گازۆییـل؛ گازۆل؛ بەرهەمێکی نەوتی بۆ سووتەمەنی موتـور کە لە نەوتی سپی کەمبایەختـرە.

**گازوئیلی** / gāzo'îlî/: [فرانسوی] *صفت.* گازۆییلی؛ گازۆلـی: ۱. گـازۆلاوی؛ گـازۆییلاوی؛ گازۆییـل پێوەتلاو ۲. گازۆییل سووتێن؛ بە تایبەتمەنـدی سووتاندنی گازۆییل.

**گازی**[1] / gāzî/: [فرانسوی]/سم. گازی؛ ڕاسپاردەی دابەشگەی گاز بۆ بەشینەوەی کەپسوولی گاز بە مالاندا ‹گازی آمده، کپسول خالی را ببـر عـوض کـن!: گازی هاتووە، کەپسوولە خاڵیەکە ببە، بیگۆڕەوە!›.

**گازی**[2]: *صفت.* گازی: ۱. سەر بە گاز ‹جنـگافـزار گـازی: جـەنگامێری گـازی› ۲. گازسـووز؛ گازسووتێن؛ کەرەستەیێ کە بە گاز کار دەکا.

**گـاس** / gās/: [کـردی] *قیـد. [گفتـاری]* گاهـەس؛ گـاس؛ گاهـەز؛ گـاز؛ ڕەنگـە؛ ڕەنگـا؛ وێـدەچێ؛ شایەد؛ شایەتا؛ ئەشێ.

**گاستریت** / gāst(e)rît/: [فرانسوی]/سـم. *[پزشـکی]* گاسـتریت؛ نەخۆشـی ئاییسـان و هـەوکردنی توێخی ناوەوەی گەدە.

**گاسـتـرین** / gāst(e)rîn/: [فرانسـوی]/سـم. *[فیزیولوژی]* گاسترین؛ هوورمونـێ کـە لـە کـاتی ڕۆچوونی خۆراک بـۆ گـەدە ئەدەڵـێ و دەبێتـە هۆی بەرهەم هاتنی شیلەی گەدە.

**گاف** / gāf/: /سم. گاف؛ ناوی بیست‌وشەشـەمین پیتی ئەلفوبێتکەی فارسی.

▣ **گاف کردن:** *[گفتاری]* پەن دان؛ دەستە گـوڵ بە ئـاودا دان؛ بـەبێ ورد بوونـەوە و بـە هەڵـە قسـەیەک لـە دەم داکـەوتن یـان کـارێکی نەگونجاو لێ سەر دان.

**گال** / gāl/: /سم. [فرانسـوی] گـاڵ؛ نەخوشـیەکی گیرۆی پێستە کە بەتایبـەت لـە دەسـت دەدا و زیپکە و خوروویی زۆر دێنێ.

**گـالاکتوز** / gālāktoz/: [فرانسـوی]/سـم. *[شـیمی]* گالاکتوز؛ شەکری شیر؛ شەکرێکی سپی بلۆرینە

www.perawipepwle.com


که له ئاودا دەتوێتەوە و پێکهێنەری شەکری شیر و برێ گیاییە.

**گالری** / gālerî/: [فرانسوی]/سم. ١. پیشانگا؛ پیشانگە؛ شوێنی هەڵگرتن و ڕۆنانی بەرهەمی هونەری ‹گالری فرش: پیشانگای مافووره› ٢. ژێرخان؛ دالانی لە ژێر زەوی.

**گالش** / gāleš, gāloš ، ـها/: [از فرانسوی]/سم. پاتە؛ پاتێ؛ گاڵۆش؛ پێڵاوێکی لاستیکی کە لە قوڕ و تەڕ و تووشیدا دەیکەنە سەر پێڵاوی چەرمیەوە بۆ بەرگری لە تەڕ و قوڕاوی بوونی.

**گالن** / gālen/: [انگلیسی]/سم. گاڵین؛ کانەی سروشتی سولفیدی سرب، بە ڕەنگی ڕەش یان ئاوی بۆرکارەی بریکەدارەوە.

**گالن** / gālon ، ـها/: [انگلیسی]/سم. ١. گاڵۆن؛ گاڵوێن: ١. یەکەی دێران بۆ تراو لە ولاتانی ئینگلیزی زمان بەرامبەر بە ٤,٥٤٥ لیتر (لە ئەمریکا ٣,٧٨٥) ٢. پووت؛ پیت ‹گالن بنزین: گاڵۆنی بەنزین› ❖ **گالون**

**گالوانومتر** / gālvānometr ، ـها/: [فرانسوی]/سم. گاڵوانۆمیتر؛ ئامرازێک بۆ دەرخستنی ڕادەی یەکجار کەمی کارەبا و پێوانی تەوژم و لایەنی لە کەرەسەیەکدا.

**گالوانیزه** / gālvānîze/: [فرانسوی]/سم. گاڵوانیزە؛ بە کانزای ڕۆح سواخدراو (زیاتر بۆ ئاسن و پۆلا).

**گالوانیسم** / gālvānîsm/: [فرانسوی]/سم. گاڵوانیزم: ١. ڕەوتی کارەبای وەستاو بەتایبەت کارەبای بەرهەمهاتوو لە کاری کیمیایی ٢. *[پزشکی]* کەڵک وەرگری دەرمانی لەو ڕەوتە.

**گالون** / gālon/: [انگلیسی] ☜ **گالن**

**گاله** / gāle ، ـها/:/سم. ١. گوالە؛ گالە؛ دنای؛ هوڕ؛ خۆرج؛ خورجە؛ خەرار؛ تێر؛ تێرابی؛ خورجک؛ پاشکۆ؛ خەشە؛ جموەر؛ تیوەرە؛ دوو تای پێکەوە لکاو کە لە دوو بەری چوارپێ یان دووچەرخە و موتورەوە دادەشۆڕێ و بار و تۆشەبەرەی تێدەخرێ.

**گالی** / gālî/:/سم. لاسکی برینج؛ ساقەتەی برنج.

**گالیک** / gālîk/: [فرانسوی] صفت. گالیک؛ فەڕانسی؛ سەر بە فەڕانسە.

**گالیم** / gāl(i)yom/: [فرانسوی]/سم. گالیۆم؛ توخمی کیمیایی کانزایی بە ژمارەی ئەتومی ٣١ و کێشی ئەتومی ٦٩,٧٢ کە وەک زێو بریقەدارە و لە چێکرنی دەماپێوی تایبەت بە تینی زۆر، کەلکی لێدەگرن.

**گالینگور** / gālîngor/: [از روسی/ فرانسوی]/سم. گالینگور؛ چەرمی دەستکرد بۆ بەرگی کتێب.

**گام** / gām ، ـها/:/سم. ١. *[ادبی]* هەنگاو؛ هەنگاف؛ هەنگەف؛ هنگاو؛ هنگاف؛ هەنگام؛ لۆق؛ قاو؛ قام؛ پینگاف؛ پێنگاف؛ پێنگاو؛ پێگاف؛ گاف؛ گاف؛ گام؛ گاو؛ گۆم؛ گامە؛ شەنگاو؛ شەقام؛ شەقاو؛ شاڤا؛ شاق؛ شاقام؛ شاقاو؛ قەدەم؛ لۆت؛ لاقۆرە؛ لۆقاو ‹آهسته گام برمی‌داشت: هێواش هەنگاوی دەگۆزاوە› ٢. هەنگاو؛ قول؛ قاچ؛ مەودای نێوان دوو لاق لە پا گۆزانەوەیەکدا ‹طول اتاق پنج گام بود: دریژی ژوورەکە پێنج هەنگاو بوو› ٣. [فرانسوی] *[موسیقی]* گام؛ گاف؛ گاو؛ لە شوێن یەک ڕیز بوونی هەشت نۆتی مووسیقا بە شێوەی ئاسایی خۆیان (حەوت نۆت و دووپاتەی نوتی سەرەتایی) ٤. گە؛ مەودای نێوان دوو خاڵی یەکجۆر لە هەر شتێکدا ٥. شەکە؛ کاروانە؛ جووڵە و لەرەی لووتکەی گەمیە یان دووچکەی فرۆکە.

▣ **گام به گام**: هەنگاو بە هەنگاو؛ بەرەبەرە؛ وردەوردە؛ گاڤانێ؛ قەرەوەقەرەو؛ وەر بە وەر ‹این کار باید گام به گام پیش برود: ئەم کارە دەبێ هەنگاو بە هەنگاو بچێتە پێشەوە›.

▣ **گام برداشتن**: هەنگاو نان/ هەڵگرتن/ هەڵێنان؛ هەنگام/ لاقۆر نیەی؛ پا وارتەیوە/ وارایوە؛ لۆق هەڵێنان/ هەڵێنانەوە؛ شەقاو نان؛ شەقاو هاویشتن؛ پا گوێزانەوە لە زەوی و بە هەنگاو بەرەو پێش چوون.

**گام نهادن**: پا نان؛ پا نیان؛ چوونە ناو؛ چوونە

ناوەوە ‹بە درون اتاق کام نهاد: پای نایە ناو ژوورەکەوە›.

**گاما** / gāmā/: [گاما]/سم. گاما(ی): ۱. سێیەمین پیتی ئەلفوبێتکەی یوونانی ۲. یەک لە ملیۆنی گرەم ۳. یەکەی تەوژمی میگناتیسی.

**گاماگلبولین** / gāmāgolubûlîn, -gulubûlîn/: [فرانسوی]/سم. گاماگلوبوولین؛ بەرهەمی پروتئینی سێرۆمی خوێن کە ماکی بەدیهێنەری دژەویرووس، بەتایبەت هی سووریژەی تێدایە.

**گامبو** / gāmbo, gāmbu، ـها/: صفت. [گفتاری] گۆپۆ؛ نەپۆر؛ زلهۆڕ؛ زلحۆرت؛ حەپۆل؛ حەپەنتی؛ حندرحۆ؛ بم؛ تەژە؛ زرتەزەلام؛ زرتەبۆز؛ ترچماق؛ مەندەبوور؛ ترترە؛ کەتە؛ کەلەگەتی ناقۆلا و نەپۆر.

**گامت** / gāmet: [فرانسوی] ☜ **گانە**[1]

**گامسنج** / gāmsanc ، ـها/:/سم. هەنگاوپێو؛ ئامرازێ زۆرتر لە بیچمی کاتژمێر کە درێژایی هەنگاو دەپێوێ.

**گان** / gān/: [انگلیسی]/سم. گەن؛ بالاپۆشێک لە پارچەی ئاونەدەر بۆ لەبەرکردن لە شوێنی دژگەنیکراو (وەک دیوی برینکاری).

**ـگان** / gān/: پسوند. ـ ان؛ ـگەل؛ ـ یەل؛ ـ ێ؛ نیشانەی پاشگری کۆ بۆ وشەگەلێک کە بە «ە/ ـە» نەخوێنراو تەواو دەبن (وەک: گوینده ← گویندگان: بێژەر ← بێژەران).

**گانگستر** / gāngester ، ـها/: [انگلیسی]/سم. گەنگستر؛ دزی چەکدار؛ هەر کام لە ئەندامانی دەستەیەکی سەربزێوی چەکدار کە کاریان دزی و بڕینی بانک و فروشگایە.

**گانگستریسم** / gāngesterîsm/: [انگلیسی]/سم. زۆرەملی؛ گانگستریسم؛ شێوەی پەنا بردن بە چەک، هەڕەشە و مرۆکوژی بۆ گەییشتن بە ئامانج.

**گانگلیون** / gāngelyon, gāngliyon ، ـها/: [؟] اسم. [کالبدشناسی] گرێ؛ لوو ‹گانگلیون عصبی: گرێی دەماری›.

**گانە**[1] / gāne ، ـها/:/سم. [زیستشناسی] گانە؛ گامیت؛ توخمی جینسی؛ خانەی زاوزێی پێگەیشتوو (نێر یان مێ) کە بە تێکەلاوی لەگەل جووتەکەیدا گیانەوەرێکی تازە بەرهەم دێنێ: **گامت**

**ـگانە**[2]: پسوند. ۱. ـ انە؛ ـگانە: ئاوەڵناوساز ‹دوگانە: دوانە› ۲. ـکار؛ ئاوەڵکارساز ‹جداگانە: جیاکار›.

**تێبینی**: لە کوردیدا پاشگرێکی پڕ بە پڕی «ـگانە»ی فارسیمان نیە، بەڵکوو لە جێگای جۆراجۆردا ـ انە/ ـ وانە/ ـ گانە/ ـ یانە/ ـکار و... دەردەکەوێ، لە لایەکیتریشەوە زۆر جار پاشگری «ـگانە»ی فارسی، بە دووپات بوونەوە لە کوردیدا خۆ نیشان دەدا، وەکوو: دوگانە: دوان- دوان/ دوو بە دوو؛ سەگانە: سێ بە سێ.

**گانەزا** / gānezā/:/سم. ئەندامی جنسی (بۆ هێلکەگون و هێکدان) کە گانەی تێدا بەرهەم دێ.

**گانەزایی** / gānezāyî/:/سم. [زیستشناسی] گانەزێیی؛ ڕەوتی وەبەرهاتن و پێکهاتنی گانە لە ئەندامی زاوزێدا.

**ـگانی** / gānî/: پسوند. ۱. ـ انی؛ ـ انە؛ سەر بە ئاوەڵناوسازی گانە ‹شصتگانی: شێستانی› ۲. ـگانی؛ سەر بە گانی گیانەوەرانی ‹جورگانی: جۆرگانی›.

**گاو**[1] / gāv/:/سم. ۱. [نجوم] گای گەردوون؛ وێنەیەکی ئاسمانیە: **ثور** ۲. ـها؛ ـان/(الف) گا؛ گاو؛ گۆ؛ گاوە؛ گاجووت؛ کەلیا؛ گای جفت ب) مانگا؛ مانگاوە؛ مانگە؛ چێل؛ چێر؛ چێلەک؛ گاوچێل؛ چیپۆک؛ چوارپەلێکی گەورەی دەسەمۆیە کە بۆ شیر و گۆشت و پێستەکەی بەخێو دەکرێ ۳. دووەم سال لە تەقویمی تورکستانی ☜ **تقویم**

**گاو**[2]: صفت. [مجازی] گا: ۱. [تعریض] گاگێج؛

گاگوو؛ حوّل؛ حەپش؛ گـەمژە؛ گـەمژەڵ؛ گێـل؛ نەفام؛ گەوج؛ بلّح؛ فەحە ۲. *[گفتاری]* زل؛ گەپـە؛ کەتە؛ درشت؛ گەورە؛ زەلام.

▣ **گاو بی‌شاخ و دم:** *[مجـازی]* گـەلهۆ؛ گـەلحۆ؛ کەرەزل؛ زەبەلاح؛ زەبلاح؛ گـاحوّل؛ حـەپۆل؛ حـەپۆل مـێش‌خـۆر؛ حەپـەنگ؛ زرتـک؛ زل بێ‌هونەر؛ مرۆڤی زلی نەفام.

**گاو ابلق:** رێوە؛ ڕیوە؛ گای بەلەک؛ گای بازگ.

**گاو بنه:** بنە؛ مەرس؛ گابنە؛ گای بنە؛ گاوا بنە؛ ئەو گایە کە دەکەوێتە ناوەڕاستی گێرەوە و لە ڕاستە خۆی دەسووڕێ.

**گاو پیشانی سفید:** گای مارۆ: ۱. گایـەک سـەر تەوێڵ و نێو چاوان سپی کە لـە دوورەو دێتـە بەر چاو ۲. *[تعـریض]* سیمڕۆ؛ مرۆڤی ناسـراوی نەک ماقوول.

**گـاو دریـایی:** گـای ئـاوژی؛ گیانـەوەرێکی گەورەی گیاخۆری ئاوژیە.

**گاو کـوهی:** ئـافوور؛ شفـر؛ نیلـەگێژە؛ کەلـە کێوی؛ گای کێـوی؛ گاکوّڤـی؛ گاکووڤـی؛ گـا کێوی.

**گاو نه من شیر:** *[مجازی]* مانگای بازگ؛ کەسـێ کە ئەگـەر سـوودی بـۆ دیتـران ببـێ، خـۆی خراپی بکا.

▣ **گـاو کسـی زاییـدن:** *[کنـایی]* لـە کەسـێک قەومان؛ قوڕ بە سەری کەسێکدا چوون.

**گاوآهن** / gāvāhan ، ـها/:*اسم.* گاسن؛ گاوەسن؛ گاواسن؛ گاوئاسن؛ گێسن؛ گیسن؛ گیلا؛ هالەت؛ پارچ؛ ئاسنی نـوک‌تیـژ کـە لـە دەنـدەی مـوور ئەخرێ و زەوی پێدەکێلن.

**گاوباز** / gāvbāz ، ـها؛ ـان/:*اسم.* گابـاز؛ ماتـادور؛ کەسێ کە لەگەڵ گادا شەڕ دەکا.

**گاوبازی** / gāvbāzî ، ـها/:*اسم.* گابازی: ۱. شـەڕ لەگەڵ گادا کە لە بڕێ ولات بەتایبەت سـپانیادا باوە ۲. گاشەڕ؛ جۆرێ کایە و ململانێی خەلـکی گوندنشین کە گا بە گژی یەکدا دەدەن.

**گاوبندی** / gāvbandî/:*اسم.* ۱. جۆرێک بـڕیاری نێـوان مالـک و جووتیـار بـۆ کشـت و کـاڵ و بەرهـەمی مووچـە ۲. *[کنـایی]* کـەین‌وبـەین؛ خلێنەوبلێنە؛ هاوەستی نێـوان دوو یـان چەنـد کەس بۆ دەس پێوەدانی کارێکی نارەوا.

**گاوچاه** / gāvčāh/:*اسم.* ۱. گاچاڵ؛ قولکەی زۆر فـرەوان و قـووڵ ۲. *[تعـریض]* هۆلـدان؛ ورگ؛ کادان؛ زگ.

**گـاوچران** / gāvčarān ، ـها؛ ـان/:*اسم.* گـاوان؛ گاوۆ؛ گاڤان؛ گالو؛ گاوۆن؛ گاچێـڕ؛ گـادێر؛ گـاح؛ گالەوان؛ گا گەلەوان؛ گا چـەڕێن؛ گـا لـەوەڕێن؛ شوانی گاڕان؛ کەسێ کە لە کـەژ و نـاو لـەوەڕدا لای گا دەگرێ.

**گاوچرانی** / gāvčarānî/:*اسم.* گاوانی؛ گالەوانی؛ گادێری؛ کار و ڕەوتی ڕەشەوڵاخ لەوەڕاندن.

**گاوچشم** / gāvčešm, -čašm ، ـها؛ ـان/: *صفت. [مجازی]* چاوگا؛ چاو درشتی نەک جوان.

**گاوداری** / gāvdārî/:*اسم.* گـاداری: ۱. کـاری ڕاگرتن و بـەخێو کـردنی گـا و مانگـا ۲. /ـها/ ڕێکخراوەی تایبەتی ئەو کارە. هەروەها: **گاودار**

**گاودانه** / gāvdāne ، ـها/:*اسم.* مچ؛ کزن؛ گایێنە؛ کلێنـە؛ گـاگۆز؛ زنـگ‌زاوا؛ هورتومـان؛ جیدانـە؛ گاودانـە؛ گادانـە؛ گاینـە؛ گایانـە؛ کرسـنە: ۱. گیایەکی تایبەتی ناوچەی مـامناوەنـدی، بـە گوڵی بچووک و دەنکی تۆکڵدارەوە کە بۆ ئالیک چاکە ۲. دانەی ئەو گیایە کە ورد و قاوەییە.

**گاودوش** / gāvdûš/:*اسم.* مانگادۆش؛ گـادۆش؛ گادۆشـکە؛ گادۆشـە: ۱. دەفرێکـی گـەورە کـە شیری چێڵی تێ دەدۆشن ۲. شیردۆش؛ کەسێ کە مانگا دەدۆشێ.

**گـاورس** / gāvars ، ـها/:*اسم.* کـارس؛ گـارس؛ گلگـل؛ کارسـن؛ خوروووڤـی؛ زوراڵ خوروڤـی؛ هەرزەنەبژار؛ هەرزنەگەورە: ۱. گیایەکی پایا لـە تیرەی گەنم بە لقی ژێرخاکی، گەلای کوڵکن و گوڵی هێشوویی گرۆڤەڕەوە ۲. دەنکی ئەو گیایە

کـه لـه هـه‌رزن ده‌چـێ بـه‌لام گـه‌وره‌تره و تۆکله‌که‌ی ڕه‌قتره.

**گاورو** / gāvrow, -ro:/: کـه‌ش؛ کـه‌ش و وه‌ش؛ دۆخێکی زه‌وینی کشتوکـاڵ کـه تەڕاییه‌کـه‌ی وایـه بـه پـاوه نانووسـێ و باشـترین کاتـه بـۆ جووت‌کردن.

**گاوزبـان** / gāvzabān ، ـهـا/:/سـم. گـۆزروان؛ گۆزربان؛ گاوه‌زوان؛ گاوزمان؛ گاوزبـان؛ زمانـه‌گا؛ گۆگەم؛ گەورز؛ چاورۆگە؛ چەورۆکە:۱. گیایه‌کی ئالیکی یـه‌ک سـالانه، بـه گـه‌لای تـاکی زبـر و کولکن و گوڵی ئاوی و سپیەوه ۲. گوڵگاوه‌زوان؛ گوڵی گاوه‌زوان؛ گوڵی گیـای گـۆزروان کـه بـۆ ڕەوان کردن، عارەق دەردان و میز هێنان به کار دێ و سوکنایی‌دەرە.

**گاوشیر** / gāvšîr ، ـهـا/:/سـم. وێڵـنگه؛ وێڕینگـه؛ گیایه‌کی ئالیکی پایا بـه گوڵـی زەرد و شـیلەی بۆنخۆشەوه که لـه بـەر هـەوادا دەگرسـێ و بـۆ دەرمان و له عەترسازیدا کەڵکی هەیە.

**گاوصندوق** / gāvsandûq ، ـها/: [فارسـی/ معـرب] /سـم. قاسـه؛ گاسـنووق؛ گاسـنۆق؛ گاوسـنۆق؛ سندووقی قورس و قایم له پـۆلا، بـۆ هەڵـگرتنی پاره و بەڵگەی گرینگ.

**گاومرگی** / gāvmargi/:/سم. دەردەگا؛ گاقـران؛ گاقڕ؛ نەخۆشیەکی درمی ئاژەڵ و مەڕ و مالاتـه، گەدەی گیانـەوەر دەئاوسـێ و لیـک لـه دەم و فرمێسک له چاو و چلم به لووتیدا دێته خـوار و تا دەکا و سکی دەچێ.

**گاومیش** / gāvmîš ، ـها/:/سم. مەدەک؛ مـاداک؛ مـادەک؛ کـەل؛ گـامێش؛ گـامیش؛ گـۆمێش؛ گـاموش؛ کرتـان؛ کـەر؛ چوارپـەلێکی شـاخ ئەستووری زەلامه له تیره‌ی چێڵ بەلام زلتر.

▣ گاومیش آبی: گامێشی ئاوی؛ گامێشی مالـی ولاتی هێند.

**گاوه** / gāve/ ☜ **گوه**

**گاه**[1] / gāh/:/اسم. /ادبی/ کـات؛ سـات؛ سـا؛ دەم؛ جار؛ وەخت؛ گەه ؛ گا؛ گاف؛ گاو؛ گۆم؛ عان؛ ناو؛ تاو ‹گاه رفتن: کاتـی ڕۆیشتن›.

**گاه**[2]: *قید.* جار ـ جار؛ جارەوبار؛ جاربەجار؛ نـاو بـه ناو؛ گافا ‹گاه می‌رود: جار ـ جار دەچێ›.

**ـ گاه**[3]: *پسوند.* ـگـا: ۱. ـگـه؛ ـگەهـ ‹کشتارگاه: کوژتارگـه› ۲. ـگـاو؛ ـگـەو؛ ـگـار ‹چاشـتگاه: چێشتەنگاو›.

**گاه‌به‌گاه** / gāhbegāh/:*قید.* جار و بار؛ جـار بـه جـار؛ جارـ جـار؛ جـاره و بـار؛ جـاره و بـاره؛ وەختاوەخت؛ وەخداوەخت؛ وەخت بـه وەخـت؛ نێو به نێو؛ ناو به ناو ‹گاه‌به‌گاه اندک بارانی مـی‌بـارد: جار و بار نمەبارانێ دەبارێ›.

**گاهشماری** / gāhšomārî ، ـها/:/سم. دەمژمێری؛ کاتژمێری؛ شێوەی پێوان و دابەش‌کردنی کات به بەشگەلی یەکسان ‹گاهشماری در ایران باستان: دەمژمێری له ئێرانی کەونارادا›.

**گاهشناسی** / gāhšenāsî ، ـها/:/سم. کـاتناسـی؛ دەمناسی: ۱. کار و ڕەوتی لێکۆلینەوه و ناسینی کـاتی ڕووداوان ‹گاهشناسـی تـاریخ بـین‌النهـرین: کاتناسـی مێـژووی نێوچوڕمـان› ۲. کـار و ڕەوتی تۆمـارکردنی ڕووداوان بـه گـوێرەی مێـژوو ‹گاهشناسـی زنـدگی اسـتاد هـژار: دەمناسـی ژیـانی مامۆستا هەژار›.

**گاهگاه** / gāhgāh/:*قید.* جارجاره؛ جارنان؛ جار و باره؛ جار و بار؛ جارەوجار؛ جاروەجارێ؛ گافگاف؛ گاـگا؛ گاگوار؛ گلانگا؛ گەگانه؛ گل‌ـگل؛ گاگایـێ؛ گابەگایی؛ گافانی؛ چەل‌چەله؛ ناوبەناو؛ تاو نا تاو؛ جار نا جار؛ جاربەجارێ؛ جارجـارێ؛ دەمدەمـێ؛ ناوناو؛ ناوناوه؛ بەین‌ـ بەین؛ بەینابەین؛ دەم‌ـدەم؛ وەخت به وەخت؛ وەختاوەخت ‹گاهگاه می‌آمـد و سـاعتی مـی‌نشسـت: جارجـاره دەهـات و سـاتێک دادەنیشت›: **گهگاه**

**گاه‌گدار** / gāhgodār/:*قید. /گفتاری/* جار و بـاره؛ جار و بار؛ جارجارێ؛ جارەجارەیەک؛ برێ جـار؛ گل‌ـگلێ ‹گاه‌گدار او را می‌دیدم: جار و باره ئەمدی›:

**گاه‌گداری**

**گاه‌گداری** / gāhgodārî/ ☜ **گاه‌گدار**

**گاهنامه** / gāhnāme ، ـها/:/سم. ۱. رۆژمێر؛ رۆژپێو؛ سالنامه؛ سالپێو؛ تەقویم؛ دەفتەری بە ڕیز تێدا نووسراوی ڕۆژان و دوازده مانگی سال ۲. کتێبێ که کات و ساتی ڕووداوی مێژوویی تێدا دەنووسن.

**گاهواره** / gāhvāre/ ☜ **گهواره**

**گاه و بیگاه** / gāh-o-bîgāh/: *قید. [گفتاری]* جارنەجار؛ جارناجار؛ وەخت و ناوەخت؛ وەخت و بێوەخت؛ تاو نا تاو؛ بە هەڵکەوت و لە کاتی پێش‌بینی نەکراودا ‹گاەوبیگاه می‌بینم که داری دعوا می‌کنی: جارنەجار دەتبینم خەریکی شەڕی›.

**گاهی** / gāhî/: *قید.* بڕێجار؛ بڕێ جاران؛ جار و بارە؛ جار و بار؛ بڕێو جارا؛ دەمێ جار؛ هێندێ جار ‹گاهی می‌بینمش: بڕێجار دەیبینم›: **گهی** *[مخفف]*

**گاییدن** / gāyîdan/: *مصدر. متعدی. [مستهجن، گفتاری]* // **گاییدی**: گات؛ **می‌گایی**: دەگێی؛ **بگا**: بگێ// گان؛ گاین؛ گایین؛ گەی؛ گای؛ ئیلاقە کردن؛ کەردەی؛ جووت بوون لە لایەن گیانداری نێرەوە، بەتایبەت مڕۆ: **گائیدن**. هەروەها: **گاییدنی**

■ صفت مفعولی: **گاییده** (گایاو)/ مصدر منفی: **نگاییدن** (نەگان)

**گئز** / ge'ez/: [؟]/سم. گئیز؛ لە زمانە سامیەکانی باو لە ئەفریقای ڕۆژهەڵات؛ زمانی ئەدەبی وڵاتی حەبەشە: **جِعِز**

**گبر** / gabr ، ـها؛ ـان/: [آرامی]/سم. *[تعریض]* گەور؛ گەبر؛ گاور؛ زەردەشتی؛ ئاورپەرست.

**گبه** / gabbe ، ـها/:/سم. گەبە؛ جۆرێک بەڕەی لە تاڵی ئەستووری خوری بە نەخش و نیگاری بێگەڵاڵەوە بۆ ڕایەخ یان جوانی.

**گپ** / gap/:/سم. دەمەتەقێ؛ دەمتەقە؛ گفتوگۆ؛ گەپ؛ وتووێژی بەتایبەت دۆستانە.

▣ گپ زدن: دەمەتەقێ کردن؛ گفتوگۆکردن؛ ئاخاوتن؛ قسەکردن ‹مدتی گپ می‌زدیم: ماوەیەک دەمەتەقیمان دەکرد›.

**گتر** / getr ، ـها/: [فرانسوی]/سم. گیتر؛ زەنگال؛ گەیتەر؛ فیڤ‌پێڵاڤ؛ سەر پێڵاڤ؛ پارچەی شالوار که هەڵگەڕاوەتەوە و بە کێش لە دەوری لاق توند بووە.

**گتو** / geto ، ـها/: [؟]/سم. گیتۆ: ۱. شوێنی تایبەتی جوولەکە لە وڵاتە ڕۆژاواییەکاندا ۲. *[مجازی]* گەڕەکی تەرخان‌کراو بۆ تێدا ژیانی کۆمەڵەیەکی چەوساوە و لە ژێر گوشاری دینی، ئابووری یان سیاسی.

**گت و گنده** / gat-o-gonde/: *صفت. [گفتاری]* زل و زەبەلاح؛ گەپۆ؛ گەپ؛ گەتە؛ زل ‹هیکل گتوگنده: لەشی زل و زەبەلاح›.

**گچ** / gač/:/سم. گێچ؛ گەچ؛ گیچ: ۱. بەردە گێچ؛ سولفاتی کەلیسیومی ئاودار؛ بەردێکی سپی و نەرمی تۆلاش ــ تۆلاشە کە لە بوونە هەڵمی ئاوی خوێدار پەیدا دەبێ و بە نینۆک هەڵدەکرێ ۲. گەردەیەکی سپیە کە لە کوڵاندنی بەردەگێچ لە کووڕەدا بەرهەم دێ و لە بەنایی و نەقاشی ماڵدا کەڵکی لێدەگرن ۳. /ـها/ تەباشیر؛ گەچی نووسین.

▣ گچ آماده ☜ **گچ کشته**

**گچ پاریس**: گەچی شکستەبەندی؛ گێچی سپی که لە ئاودا دەگرسێ و ڕەق هەڵدێ: **گچ شکسته‌بندی**

**گچ خیاطی**: مل؛ گێچی نەرم و سپی کە کراوەتە کوشتە و وشک بۆتەوە و بۆ نووسین و کاری دڕووماڵ بە کەڵک دێ.

**گچ زنده**: گێچی زیندوو؛ گەچێ که ئاوی لێ نەکەوتووە.

**گچ شکسته‌بندی** ☜ **گچ پاریس**

**گچ کشته**: کوشتە؛ هەویری گەچێ سپی بە ئاو: **گچ آماده**

www.perawipepwle.com


▣ **گچ گرفتن**: ۱. گەچ/ گێچ گرتنەوە ‹یک استانبولی کچ بگیرا!: ئەسەمۆلیەک گەچ بگرەوە!› ۲. گێچ/ گەچگرتن ‹رویش را کچ بگیر که معلوم نباشد: سەری گێچ بگرە با دیار نەبێ› ۳. لە گێچگرتن؛ گردنە گەچ؛ گەچگرتن ‹پایش را کچ کرفته بودند: لاقیان لە گێچ گرتبوو›.

**گچبری** / gačborî /:/اسم./ گەچبڕی: ۱. هونەر و لێزانی ڕازاندنەوەی دیوار و بنمیچ بە نەخشی گەچی ‹در کچبری استاد بود: لە گەچبڕیدا وەستا بوو› ۲. /ها/ نەخش و نیگاری بەرز و نزم بە گێچ ‹سقف کچبری زیبایی داشت: میچەکە گەچبڕیەکی جوانی هەبوو›. هەروەها: **گچبُر**

**گچپزی** / gačpazî /:/اسم./ گەچپێژی: ۱. کاری بەرهەمهێنانی گەچ لە بەردی گەچ بە پێژان لە کوورەدا ۲. /ها/ کووڕە یان کارگەی گەچ پێژان. هەروەها: **گچپز**

**گچکار** / gačkār ، ـها ؛ ـان /:/اسم./ گەچکار؛ گێچکار؛ سپیکار؛ کەسێ کە کاری سواخ دانی دیوار و بنمیچە بە گەچ ‹کچکار آوردیم دیوارها را سفید کرد: گەچکارمان هێنا دیوارەکانی سپی کردەوە›.

**گچکاری**/ gačkārî /:/اسم./ گەچکاری؛ گێچکاری؛ سپیکاری؛ کاری دیوار سواخ دان بە گەچ.

**گچی** / gačî /:صفت./ گێچی؛ گەچی؛ گەچین: ۱. لە گەچ درووس‌کراو ‹مجسمەی کچی: پەیکەری گەچی› ۲. گەچاوی؛ گەچ پێوەتلاو ‹لباست کچی نشود!: جلەکەت گەچی نەبێ!›.

**گدا**[1] / gedā ، ـها ؛ ـیان /:/اسم./ سوالکەر؛ دەرۆزەکەر؛ خواسکەر؛ خوازەلۆک؛ خوازۆک؛ خازۆک؛ خازخازۆک؛ خوازەکار؛ خواستۆخ؛ خۆهەستەگ؛ پارسەک؛ پارساک؛ چاسر؛ گەدا؛ گدا؛ گیایکەر؛ لەتەچین؛ لەتەچن؛ چنک ـ چنک؛ دەرکۆ ـ دەرکۆ؛ ئەوەی بۆ بەڕێوە چوونی ژیانی، چاوی لە دەستی ئەم و ئەوە.

**گدا**[2]: صفت. گەدا: ۱. هەژار؛ نەدار ‹آدم قحطی بود با این گدا ازدواج کردی؟: قاتی کەس بوو مێردت بەم هەژارە کرد› ۲. [مجازی] دەست قووچاو؛ خوازەلۆک؛ چاوبرسی.

**گدائی** / gedā'î / ☜ **گدایی**

**گدابازی** / gedābāzî ، ـها /:/اسم./ [گفتاری] گەدابازی؛ سوالکەربازی؛ دەرۆزەبازی: ۱. کار و ڕەوتی دەس پێوەگرتنی لە ڕادە بەدەر لە خەرج کردندا ۲. ڕەفتاری سوالکەرانە (وەک جل و بەرگی شرۆڵە لە بەرکردن و کرووزانەوە).

**گداخانه** / gedāxāne ، ـها /:/اسم./ گەداخانە؛ گیای‌خانە: ۱. شوێنی بەخێوکردنی سوالکەران ۲. [کنایی] دامەزراوەی ڕووت و بێ‌پووڵ.

**گداختگی** / godāxtegî /:/اسم./ چۆنیەتی سوور بوونەوە؛ هەڵگڕان؛ بەهتین.

**گداختن** / godāxtan /: مصدر. لازم. متعدی. // **گداختی**: توایەوە؛ **می‌گدازی**: دەتوێیەوە؛ **بگداز**: بتوێوە// □لازم. ۱. تاویانەوە؛ توانەوە؛ تاویایوە؛ بهیتن؛ بەهتین؛ بهتین؛ تاوین؛ خێوران؛ خێورانەوە؛ قژلان؛ قژلان؛ قژلین؛ قەلین؛ حەلین؛ لە بەر تینی گەرما بوونە تراو ۲. سوور هەڵگەڕان؛ هەڵگڕان؛ سوورەوە بیەی؛ بە هۆی تینی زۆر، سوور بوونەوە □متعدی. ۳. نێڵ دان؛ شاراندن؛ خێوراندنەوە؛ خاراندن؛ قەمراندن؛ هەلاندن؛ تاو دان؛ تین داپنەی؛ زۆر تین پێ‌دان ‹کوره را گداختن: کووڕە نێڵ دان› ٤. تواندنەوە؛ تاواندنەوە؛ تاوانن؛ تاونایوە؛ قژلاندن؛ کردنە ئاو؛ بڤاشتن؛ بڤەشاندن؛ هەلاندن؛ حەلاندن؛ هەلینایش؛ ماشاندن؛ بە تینی زۆر شتێک کردنە تراو.

■ صفت فاعلی: **گدازنده** (تاوێنەوە)/ صفت مفعولی: **گداخته** (توایەوە)/ مصدر منفی: **نگداختن** (نەتاواندنەوە)

**گداخته** / godāxte /: صفت. ۱. داخ؛ بەتاو؛ بە تین؛ زۆر گەرم ‹هوای گداخته: هەوای داخ› ۲. تواوە؛ تاویاگەوە؛ تاویاوە؛ قاڵ؛ هەلاندی؛

هەلقرچاو؛ بڕە؛ بە حالەتی تراو یان هەویری دەرهاتوو بە هۆی کەوتنە بەر تەوژمی گەرماوە ‹ئاهن گداختە: ئاسنی تواوە›.

**گدار** / godār ، ـها/:/سم. بگار؛ بوار؛ ویار؛ وێر؛ بوهۆر؛ بهوور؛ بور؛ دەراو؛ دەراڤ؛ بڤار؛ بەردەباز؛ پردەبار؛ پاگا؛ پاگ؛ ویەردی؛ شوێنی کەمقوولی چۆم کە لێوە دەپەڕنەوە ‹بالاتر گُدار هست از آنجا رد می‌شویم: ژوورەوە بگارە لەوێوە بەردەباز دەکەین›.

**گداز**[1] / godāz/:/سم. ۱. تاو؛ کار و ڕەوتی تواندنەوە ۲. دۆخ یان چۆنیەتی توانەوە؛ تاویانەوە؛ تاوانەوە.

**ـ گداز**[2]: *پیواژە.* ـ هەلقرچێن؛ ـ تاوێن؛ ـ برژێن ‹جانگداز: گیان‌هەلقرچین›.

**گدازان** / godāzān/: *صفت.* لە تاو و تین؛ لە هەلقرچان؛ لە بەر تاوی گەرما، سوور هەلگەڕان و دەروشانەوە.

**گدازه** / godāze ، ـها/:/سم. ۱. ماکی تواوە کە لە زارکی گڕکانەوە دەپڕشێتە دەر ۲. ناوی ئەو ماکە پاش سارد بوونەوە و گرسان.

**گدامنش** / gedāmaneš/: *صفت.* تۆرتۆرە؛ سەرسوالکەر؛ سەرسوالکەرە؛ سەرەسوالکەر؛ لیفۆک؛ خوازەلووک؛ خازۆک؛ خازخازۆک؛ خواستۆخ.

**گدایانه** / gedāyāne/: *صفت.* سوالکەرانە؛ گەدایانە؛ پارسەکانە؛ خازۆکانە؛ نەدارانە؛ هەژارانە؛ وەکوو سوالکەران ‹سر و وضع گدایانه داشت: سەر و پۆتراکێ سوالکەرانەی هەبوو›.

**گدایی** / gedāyî/:/سم. دەرۆزە؛ پارسەکی؛ گەدایی؛ گەایی؛ جوەدەری؛ سوالکەری؛ گەشت؛ لەتچینی: ۱. کار و ڕەوتی گەداندن؛ چاو لە دەستی ئەم و ئەو بوون بۆ بژێوی ژیان ۲. چلانە؛ سوال؛ پارسە؛ کاری سوالکەر ❋ **گدائی** ▣ **به گدایی افتادن:** کەوتنە سوالکەری/ سوالی/ گەدایی/ پارسەکی ‹وقتی او را گرفتند زن و بچه‌اش به گدایی افتادند: کاتی گرتیان منداڵەکانی کەوتنە سوالکەری›. هەروەها: **گدایی کردن**

**گذار**[1] / gozār/:/سم. بوار؛ بگار؛ ویار؛ ویەر؛ بوڕ؛ کار و ڕەوتی پەڕینەوە؛ بەردەباز بوون ‹دوران گُذار: سەردەمی بوار›: **گذر**

**ـ گذار**[2]: *پیواژە.* ـ نەر؛ ـ دانەر؛ ـ ئەرەنیا ‹بنیانگذار: بنیاتنەر›.

**گذاردن** / gozārdan/ ☜ **گذاشتن**

**گذاشتن** / gozāštan/: *مصدر. متعدی. لازم.* // **گذاشتی:** داتنا؛ **می گذاری:** دادەنێی؛ **بگذار:** دانێ // □ *متعدی.* ۱. دانان؛ ڕۆنان؛ دانیان؛ نهان؛ دانین؛ دەینان؛ ئەرەنیەی؛ نیایرە ‹روی میز گذاشتن: لە سەر مێز دانان› ۲. هێلان؛ هێشتن؛ وێڵکردن؛ ئاسەی؛ ئاستەی؛ ڕێدان؛ ڕا دەی؛ بەرایی دان ‹بگذار برود: بیلە بڕوا› ۳. دانان؛ نیان؛ نان؛ گژگژاندن؛ کردنەوە؛ نانەوە ‹پی گذاشتن: بنەڕەت دانان› ٤. هێشتن؛ هێلان؛ دانان؛ لە بار و دۆخێکدا وێڵکردن ‹جا گذاشتن: جێ هیشتن› ۵. دانان؛ نیایرە ‹قرار گذاشتن: بەلێن دانان› ٦. نان؛ دامەزراندن؛ ئەرەمەرزنەی ‹کار گذاشتن: نانە کار› ۷. نان؛ نیایرە ‹به مدرسه گذاشتن: نانە قوتابخانە› ۸. دانان؛ نیایرە؛ شتێک بۆ کارێک مەزاخت کردن ‹پول گذاشتن: پارە دانان› ۹. دانان؛ ئەرەنیەی؛ هێشتن؛ لەمەڕ کەس یان شتێکەوە کارێ کردن ‹برای کسی ارث گذاشتن: بۆ کەسێک میراتی دانان› ۱۰. دانان؛ نیایرە؛ ڕاسپاردن ‹نگهبان گذاشتن: چاودێر دانان› ۱۱. لێنان؛ بۆ چێشت لێنان و چایی دروستکردن نانە سەر ئاور ‹چای گذاشتن: چای لینان› ۱۲. *[گفتاری]* سەرەواندن؛ لێدان؛ کوتان ‹چنان گذاشت بیخ گوشم که سرم گیج رفت: وا سەرەواندیە کڕاکەمدا، سەرم گێژ بوو› ۱۳. دانان؛ نیایرە؛ بە کەس یان شتێکەوە تایبەت دان ‹این‌ها را برای تو گذاشته بود: ئەمانەی بۆ تۆ دانابوو› □ *لازم.* ۱٤. کردن؛ کەردەی؛ خستن؛ خستنەوە؛

زاوزێ‌کردنی گیانداران ‹بچه کذاشتن؛ تخم گذاشتن: منال خستنەوە؛ هێلکە کردن› ۱۵. کردن؛ کردنەوە؛ کەردەی؛ کەردەیوە ‹لانە کذاشتن: هێلانە کردن› ۱۶. هێشتنەوە؛ دانان؛ هێلانەوە؛ ئاستەیوە؛ ئەوەئاستەی ‹گیسو کذاشتن؛ ریش کذاشتن: قژ هیشتنەوە؛ ڕیش دانان› ۱۷. هێشتن؛ هێلان؛ ئاستەی؛ سەبرکردن ‹کذاشتم خوب بجوشد: هیشتم جوان بکوڵێ› ۱۸. نان؛ نیان؛ دانان؛ نیەی؛ نیای؛ ئاسەی؛ تڵین؛ کرداری هاوکرد ‹پا کذاشتن؛ جا کذاشتن؛ دست کذاشتن: پا نان؛ جێ هیشتن؛ دەست دانان› * **گذاردن**. هەروەها: **گذاشتنی**

■ صفت مفعولی: **گذاشتە** (دانراو)/ مصدر منفی: **نگذاشتن** (دانەنان)

**گذر**[1] / gozr/:/سم. گوزەر: ۱. /ادبی/ تێپەڕ؛ بووەڕیس؛ بگارە؛ کار و ڕەوتی تێپەڕین ‹کذر عمر: تیپەڕینی ژیان›: **گذار** ۲. /ها/ دەرباز؛ دەرباز‌گە؛ دەرباس؛ بگارە؛ بوارگە؛ شوێنی پەڕینەوە ۳. /ها/ [قدیمی] شاکووچە؛ کۆڵانی هەراو.

▣ گذر کردن: تێپەڕین؛ ڕۆیشتن؛ گوزەریان؛ ویەردەی؛ تێپەڕکردن؛ ڕەد/ ڕەت بوون ‹از آنجا کذر کردم: لەوێوە تیپەریم›.

**گذر کسی به جایی افتادن**: ڕێی کەسێک کەوتنە شوێنێ؛ ڕا کەوتەی یاگێوە؛ بە شوێنێکدا ڕۆیشتن/ چوون ‹دیروز کذرم به بازار افتاد، مقداری خرید کردم: دوێنێ ڕیم کەوتە بازار و هێندێک شتم کڕی›.

- **گذر**[2]: /پیواژە. - بوار؛ - بگار؛ - تێپەڕ؛ - گوزەر؛ - ویار؛ - بودار؛ له چووندا ‹رهگذر؛ زیرکذر؛ زودگذر: ڕێبوار؛ ژێرگوزەر؛ زووتیپەر›.

**گذرا**[1] / gozarā/: صفت. تێپەڕ؛ زووتێپەڕ؛ کەمخایەن؛ کەمەهەڵکرد؛ زووڕابرد؛ گوزەرا ‹نگاه کذرا: سەیرێکی تیپەر›: **گذران**

**گذرا**[2]: /قید. بەدەم ڕێوە؛ بە ڕێوە؛ بە سەر پاوە ‹کذرا سلامی کرد و رفت: بەدەم ڕیوە سلاوێکی کرد و چوو›.

**گذران**[1] / gozarān/:/سم. ژیان؛ ژیوار؛ گوزەران: ۱. چۆناوچۆنی ژیان ‹گذرانمان بد نبود، همه چیز داشتیم: ژیانمان خراپ نەبوو، هەموو شتێکمان هەبوو› ۲. بژیو؛ بژیوی؛ داژیار؛ هەڵکرد؛ وەڵکرد؛ ئەوەی مرۆی پێ دەژی ‹برای گذران زندگی لنگ مانده بود: بۆ بژیوی ژیان دامابوو›.

**گذران**[2]: صفت. کەمخایەن؛ زووتێپەڕ؛ کەمەهەڵکرد؛ زووڕابرد؛ گوزەرا.

**گذراندن** / gozarāndan/: مصدر. متعدی. لازم. //**گذرانده**: ڕاتبوارد؛ **می‌گذرانی**: ڕادەبوێری؛ **بگذران**: ڕابوێرە // □متعدی. ۱. ڕابواردن؛ ڕابردن؛ ڕابگردن؛ به سەر بردن؛ گوزەراندن؛ گوزەرانن؛ بگاردن؛ ڕابارتن؛ ڕابوورین ؛ ویارەی؛ ویارتەی؛ گوزەرنەی؛ گوزەرنای ‹شب را گذراندن: شەو رابواردن› ۲. گوزەراندن؛ گوزەرانن؛ تێپەڕاندن؛ دانه سەر ‹زندان را گذراندن: بەندیخانه دانه سەر› ۳. پەسەند کردن ‹قانون گذراندن: قانوون پەسەند کردن› ٤. تێپەڕاندن؛ بووهووراندن؛ بۆراندن؛ ئەوەپڕنەی؛ پڕنایوە؛ هەڵبواردن؛ ویەرنەی؛ ویەرنای؛ ڤەپەڕاندن؛ شتێک لە لایەکەوە بۆ لایەکی تر بردن ‹از خیابان گذراندن: لە شەقامەوە تیپەڕاندن› □لازم. ۵. گوزەراندن؛ ژیان؛ ڕابردن؛ ڕابگردن؛ ڕابواردن؛ قەرقەداندن؛ ژیوەی؛ ژیوای؛ ویاردەی؛ ویارتەی؛ بەردەی ‹خوش گذراندن: خۆش گوزەراندن› * **گذرانیدن**. هەروەها: **گذراندنی**

■ صفت فاعلی: **گذراننده** (ڕابوێر)/ صفت مفعولی: **گذرانده** (ڕابوێراو)/ مصدر منفی: **نگذراندن** (ڕانەبواردن)

**گذرانه** / gozarāne/:/سم. گوزەرانە؛ پیتاکێ کە بە هۆی تێپەڕینی ماشینێ لە خاکی ولاتێکەوە، لێی دەستێنن.

**گذرانیدن** / gozarānîdan/ ☜ **گذراندن**

**گذربان** / gozarbān ، ـها؛ ـان/:/سم. یارمەتیدەر

بەوانەی لە شەقام دەکەنە ئەو بەرەوە و کومەکیان پێویستە (وەک منداڵان، بەساڵاچووان یان نابینایان).

**گـذرگاه** / gozargāh / ـهـا/:/سم. بوارگە؛ دەربازگە؛ ڕێووبان؛ ڕێگاووبان؛ ڕێگەوبان؛ ڕەفگە (بۆ گیانەوەرانی کێوی)؛ گوزەرەنگە؛ ڕێگای تێپەڕین ‹گذرگاه کاروان: بوارگەی قافلە›.

**گذرنامه** / gozarnāme / ـهـا/:/سم. گوزەرنامە؛ پاسپورت؛ پەساپۆرت؛ بڕوانامەی ڕەسمی بۆ ڕۆیشتن بۆ وڵاتانی بیانی.

**گذشـت** / gozašt / ـهـا/:/سم. چاوپۆشی؛ گوزەشت؛ چناویەرد؛ ڕەوتی بوردن لە شتێک بەتایبەت لە مافی خۆ.

▣ **گذشت داشتن**: خاوەن گوزەشت/ لێبوردەیی بوون؛ دارا بوونی ژێهاتی یا خووی چاوپۆشی کردن لە مافی خۆ یا هەڵەی دیتران ‹در برابر دوستان باید گذشت داشت: لە حاندی دۆستاندا دەبێ گوزەشتت هەبێ›.

**گذشـت کـردن**: بەخشین؛ بـوردن؛ لادان؛ بگردن؛ چاوپۆشی‌کردن لە شتێ یان بە کەسی‌تر دان ‹آزاد از حق خودش گذشت کرد: ئازاد حەقی خۆی بەخشی›.

**گذشـتگان** / gozaštegān/: ضمیر. پێشینان؛ ڕابواردوان؛ ڕابردوان؛ وەرینان؛ کەسانێ کە لە ڕابردوودا ژیاون.

**گذشـتن** / gozaštan/: مصدر. لازم. متعدی. // **گذشتی**: ڕاتبرد؛ **می‌گذری**: ڕادەبری؛ **بگـذر**: ڕابـرە// بوردن؛ بورین؛ وێـردەی: □لازم. ۱. ڕابـردن؛ ڕۆیشتن؛ تێپەڕین؛ ڕەتبوون؛ بهوردن؛ بـودارڕدن؛ دریژایی ڕێگایەک پێوان ‹هر روز از این کوچه می‌گذشت: هەمو ڕۆژێ لەم کۆڵانەوە ڕادەبرد› ۲. پەرینەوە؛ تێپەڕین؛ ڕابـردن؛ ڕەتبـوون؛ لە لایەکەوە بۆ لایەکی‌تر چوون ‹از رودخانه گذشتن: لە چۆم پەڕینەوە› ۳. تێپەڕین؛ ڕابردن؛ ڕابگـردن؛ بـە سـەر چـوونی کـات ‹گذشتن عمر: تێپەڕینـی تەمەن› ٤. ڕابووردن؛ ڕابردن؛ تێپەڕین؛ بە بـار و دۆخێکەوە بوون ‹خوش گذشتن: خۆش ڕابـووردن› ٥. بەڕێوەچوون؛ دابین بوون؛ ڕابردن؛ گـوزەران؛ ‹زندگی‌اش مـی‌گذشت: ژیـانی بـەڕێوەدەچـوو› □ *متعدی*. ٦. تێپەڕین؛ لـە شـوێنێ یـان شـتێکەوە پێشتر چوون ‹از صفحه‌ی پنجاه هم گذشتم: لـە پـەڕەی پـەنجایش تێپـەڕیم› ۷. چـاو پۆشـین؛ گوزەران؛ بەخشینەوە ‹از سود چیزی گذشتن: لـە خێـری شـتێک چـاو پوشـین› ۸. خـۆش بـوون؛ بەخشین؛ بواردن؛ بگاردن؛ ویردن ‹از گناه کسی گذشتن: لە تاوانی کەسێک خوش بـوون› ۹. *[ادبی]* مردن؛ لە دنیا دەرچوون. هەروەها: **گذشتنی**

■ **صفت فاعلی**: **گذرنده** (ـ)/ **صفت مفعـولی**: **گذشته** (ڕابراو)/ **مصدر منفی**: **نگذشتن** (ڕانەبردن)

**گذشته**[1] / gozašte / ـهـا/:/سم. ڕابـردوو؛ ڕابـردە؛ ڕابوردە؛ ڕابوردوو؛ بوردو؛ بووردە؛ بووری؛ بـووراو؛ بگـردگ؛ بـە سـەرچووگ؛ گـوزەراو؛ تێپـەڕیو؛ ویـەردە؛ وێـردە؛ ویـاردە؛ ڕابـووری؛ گوزەشـتە؛ زووتە؛ وەریـن؛ بـەر لەمـە؛ چێـوەڵ؛ سـەراورد؛ سەراوەرد؛ کاتی پێش لە ئێستا ‹در گذشته ایـن خبرها نبود: لە ڕابردووەدا شتی وا نەبوو›.

**گذشـته**[2]: *صفت*. ڕابـردوو؛ تێپـەڕیو؛ گـوزەراو؛ ویەردە؛ سەر بە کاتی پێشوو ‹سال گذشته: سالـی ڕابردوو›.

**گر**[1] / gar / ـهـا/: *صفت*. گـەڕ؛ گـەڕوی؛ گـڕوێ؛ گەڕۆڵ؛ گەڕەڵ؛ گەڕگ؛ گەڕڵ؛ گڕۆ؛ تووشـیاری نەخۆشی گەڕی.

**گر**[2]: *حرف. [مخفف، ادبی]* ئەر؛ هەر؛ ئەگەر.

**ـگر**[3]: *پسوند*. ۱. ـ باز؛ ـکەر؛ ـکـار؛ ـ چـی؛ ـکـر ‹حیلـه‌گـر: فێڵـباز› ۲. ـــکـەر؛ ـگـەر؛ کارکـەر؛ خەریکی کارێک ‹کارگر: کارکەر› ۳. ـگەر؛ـگێـڕ؛ ـوان؛ـڤان؛ پێکهێنەری شتێک ‹آهنگر: ئاسنگەر›.

**گر** / gor/: [از کردی] */سم. [گفتاری]* گڕ؛ گڕە؛ گڕپە؛ گڵپە؛ کڵپە؛ بلێسە؛ کڵ؛ کل؛ شۆلەی ئاور.

▣ **گر گرفتن**: گـڕگرتن/ گـردن: ۱. گـورگرتن؛

کلپه ساندن؛ گڕ تێبەر بوون؛ گێرتەی؛ گڕ بەردەی؛ گڕوەنە کەوتەی ‹بخاری گڕ کرفت: سۆپەکە گڕی گرت› ۲. هەستکردن بە گەرمای زۆر ‹از تشنگی کر کرفتم: لە گەرمانا گرم گرت›.

**گرا** / gerā/:از فرانسوی]/سم. گرا؛ ڕێژەی لادان لە باکووری میگناتیسی بە پێی پلەک.

**ـ گرا** / gerā, garā/: پسوند. ـ ئۆگر؛ ـ هۆگر؛ ـخواز؛ ـ واز؛ ـ ئەوگر؛ ـ پەرەنگ؛ ـگرۆ؛ ـگرەوە؛ ـگرتوو؛ ـ ڕاهات؛ لایەنگر ‹راستگرا: آشوبگرا: راستۆگر؛ ئاژاوەخواز›.

**ـ گرایی** / gerā'î, garā'î/ ☜ **ـ گرایی**

**گرائیدن** / gerā'îdan, garā'îdan/ ☜ **گراییدن**

**گراته** / gerāte/:/سم. [گفتاری] گرفت؛ کۆسپ؛ کۆسپە؛ چەلەمە؛ تەگەرە؛ بەربەست؛ دارست؛ گەپل؛ لاست؛ گێچەڵ؛ گێچەلە؛ قۆرت.

▣ **گراته افتادن**: تەگەرە/ قۆرت/ گرفت تێکەوتن؛ تووشی کەند و کۆسپ/ چەلەمە/ گێچەڵ/ گرفت بوون ‹این روزها مرتب در کارم گراته می‌افتد: ئەم ڕۆژانە لە پەستا کارەکانم قورتی نیدەکەوی›.

**گراته انداختن**: تەگەرە/ قۆرت تێخستن؛ گێچەڵ تاشین؛ گێچەلەوە تاونەی ‹نمی‌دانم کی در کارم گراته انداخته: نازانم کێ تەگەرەی خستوتە نێو کارمەوە›.

**گراد** / g(e)rād/: [فرانسوی]/سم. گراد: ۱. پلەک؛ دەرەجە؛ پێومان؛ پێوانە ۲. /نظامی/ ئەندازەی گۆشەی ئەستوونی و ئاسۆیی نیشان، کە لوولەی چەکی پێ ڕێک دەکرێ ۳. یەکەیەک بۆ پێوانی گۆشە یان کەوان بەرامبەر بە ۰٫۰۱ گۆشەی °۹۰.

**گرادیان** / gerādyān, g(e)rād(i)yān/: [؟]/سم. گرادیان؛ ڕادەی گۆڕانی هۆکارێکی کەشناسی بە پێی مەودا.

**گراز** / gorāz/:/سم. ۱. /ـها؛ ـان/ هەر کام لە گیانەوەرانی تیرەی بەراز (کێوی و ماڵی) ۲. بەراز؛ وراز؛ گورگاز؛ خووگ؛ خوو؛ گاکوڵ؛ گیانەوەرێکی گواندارای گەورە بە گەدەی دووبەشی، جووتێک شفرەی درێژ، خلێنەی پان و پتەو بۆ گیا هاڕین، قەپۆزی درێژ و قایم و چوار قامک لە هەر پێدا: **خوک وحشی**

▣ **گراز دریایی**: بەرازی دەریایی/ ئاوژی.

**گراز ماده**: دەڕ؛ ماڵۆس؛ ماڵۆس؛ بەرازی مێ.

**گراز نر**: یەکانە؛ ئێکانە؛ تاک؛ بەلەخە؛ بڕە؛ بڕەک؛ نێرەبەراز.

**گرافیت** / g(e)rāfît/: [فرانسوی]/سم. گرافیت؛ جۆرێک بلۆری سروشتی کەربون، ڕەش، چەور، نەرم و بریکەدار کە لە تینی زۆردا ناتوێتەوە، درەنگ دەسووتێ، کارەبا ڕادەگوزێ و لە سەر کاغەزدا شوێنی ڕەش دەخا و لە دروستکردنی میداد و موتوری کارەبادا بە کەڵک دێ.

▣ **گرافیت مداد**: گرافیتی قەڵەم؛ تێکەڵێک لە گرافیت و خاکەسووڕە (گڵەجان) کە میدادی لێ دروست دەکەن.

**گرافیتی** / g(e)rāfîtî/: [فرانسوی] صفت. گرافیتی؛ لە جنسی گرافیت.

**گرافیست** / g(e)rāfîst ، ـها/: [فرانسوی]/سم. گرافیست؛ کەسێ کە بە هێڵ و نووسراوە نەخش و نیگار بەدی دێنێ.

**گرافیک** / g(e)rāfîk/: [فرانسوی]/سم. گرافیک: ۱. هونەری کێشانی هێڵ و نووسراوە و بەدیهێنانی نەخش لە سەر شتێک بۆ ڕاگەیاندنی پەیامێکی تایبەت ۲. نوانە؛ نموودار.

**گرافیکی** / g(e)rāfîkî/: [فرانسوی] صفت. گرافیکی؛ بە بار و دۆخی گرافیکەوە.

**گرام**[1] / g(e)rām/: [از فرانسوی]/سم. گرام: ۱. گرامافون؛ قەوان؛ قەوانە؛ سنۆقئاوازە؛ سنۆقەوازە ۲. /زیست‌شناسی/ شێوەیەک بۆ ناسینەوەی گیاندارانی وردیلە بە ڕەنگکردنیان.

**گرام**[2]: (!) صفت. خۆشەویست؛ خوەشەویس؛

www.perawipepwle.com



وەشەویس؛ بەڕێز.

**گرامافن** / g(e)rāmāfon ، ـها/: [فرانسوی]/سم. گرام؛ قەوان؛ قەوانە؛ گرامافون؛ گرامەفون؛ سنۆقئاوازە؛ سندووق؛ بێژەک؛ سندووقی ستراناڵ؛ دەزگایەک بۆ بیستنی دەنگی تۆمارکراو لە سەر پەڕەی مووسیقا.

**گرامر** / g(e)rāmer/: [فرانسوی]/سم. ڕێزمان؛ لقێکی زمانەوانی کە لەمەڕ وشە و ڕستە و چۆناوچۆنی پێکهاتە و ڕێزبەندیانەوە قسە دەکا.

**گرامی** / gerāmî/: صفت. [ادبی] خۆشەویست؛ بەڕێز؛ ئازیز؛ خوەشەویس؛ وەشەویس؛ وەشەسیاو ‹دوست گرامی؛ شنوندگان گرامی: هاوڕێی خۆشەویست؛ بیسەرانی بەڕێز›.

▣ **گرامی داشتن/ شمردن:** ڕێز لێنان/ گیران؛ خەماندن؛ خۆشەویستی خۆ نیشاندان ‹مقدم او را گرامی داشتند: لە هاتنیان ڕیز گیرا›.

هەروەها: **گرامی بودن؛ گرامی شدن**

**گرامیداشت** / gerāmîdāšt/:/سم. کار و ڕەوتی ڕێز لێنان؛ خەماندن؛ دکراندن ‹گرامیداشت روز مادر: ڕێز لێنانی ڕۆژی دایک›.

**گران** / gerān/: صفت. ۱. بە نرخێکی زۆرتر لە نرخی ڕاستەقینەی خۆی ‹قیمتها گران است: نرخەکان گرانە› ۲. گرانبایی؛ بە نرخی زۆرەوە ‹قالی گران؛ خانەی گران: قالی گران؛ مالی گران› ۳. [ادبی] قورس ‹بار گران: باری قورس› ٤. [ادبی] سەخت؛ دژوار ‹گران آمدن: پێ گران بوون›.

▣ **گران آمدن:** پێ گران/ تاڵ/ ناخۆش/ سەخت بوون؛ لە سەر گران بوون؛ سەخت ئامەی ونەی ‹این حرف به او گران آمد: ئەم قسەیە پێ گران بوو›.

**گران بودن:** گران بوون؛ بە نرخی زۆر بوون؛ گرانبایی بوون ‹گوشت گران است: گۆشت گرانە›.

**گران تمام شدن:** گران نیشتن: ۱. نیشتنە گران؛ خەرجی زۆر هەڵگرتن؛ گران تەواو بوون ‹این خانه برایمان گران تمام شد: ئەم ماڵە نیشتە گران بۆمان› ۲. [مجازی] خراپ تەواو بوون ‹این دشمنی برایت گران تمام می‌شود: ئەم دوژمنەیەت بۆ گران دەبیتی›.

**گران شدن:** گران بوون؛ زۆر بوونی نرخی شتێک ‹گوشت خیلی گران شده است: گۆشت یەکجار گران بووە›.

**گران کردن:** گران کردن؛ زۆرکردنی نرخی شتێک ‹برنج را گران کرده‌اند: برنجیان گران کردووە›.

**گرانبار** / gerānbār/: صفت. [ادبی] بارگران؛ بار قورس.

**گرانبها** / gerānbahā/: صفت. گرانبایی؛ زۆر بە نرخ؛ گرانبەها؛ گران‌قیمەت: **گران‌قیمت**

**گرانجان** / gerāncān ، ـان/: صفت. [ادبی] زەرەتاڵ؛ ڕەزاتاڵ؛ ڕەزاقورس؛ خوێنتاڵ؛ ڕەزاگران؛ زەرەگران؛ گرانجان؛ ئێسکقورس؛ ئێسکگران؛ بە گفت و لفت و کردەوەی ناخۆش و تاڵ. هەروەها: **گرانجانی**

**گرانخواب** / gerānxāb ، ـان/: صفت. [ادبی] خەوگران؛ خەوخۆش؛ خەوقورس؛ وەرم قورس.

**گرانروی** / gerānravî/:/سم. گرانڕۆیی؛ ناڕەوانی؛ خەستی؛ هەسی؛ خەسی؛ هەس و هۆڵی؛ خەست و خۆڵی؛ خۆڕاگری بڕێ تراو لە ئاست خوڕ بوون و بە لێشاو چوون.

**گرانش** / gerāneš/:/سم. ڕاکێشی؛ هێزی بەرەو خۆ کێشان.

**گرانفروش** / gerānfurûš ، ـها؛ ـان/: صفت. گرانجان؛ پرکێش؛ گران‌فرۆش؛ گران‌ورەش ‹فروشنده‌ی گرانفروش: فرۆشیاری گرانجان›.

**گرانفروشی** / gerānfurûšî/:/سم. گرانجانی؛ گران‌فرۆشی؛ گران‌ورەشی؛ کار و ڕەوتی فرۆشتنی شتومەک بە نرخێکی زۆرتر لە نرخی دیاریکراو یان گرانتر لە دیکەی فرۆشیاران

‹گرانفروشی می‌کرد، کارش نگرفت: گرانجانی ده‌کرد، کاره‌که‌ی نه‌یگرت›.

**گرانقدر** / gerānqadr/: [فارسی/ عربی] *صفت.* ۱. به‌نرخ؛ به‌بایه‌خ؛ گرانبایی ۲. به‌ڕێز؛ هێژا؛ گرانمایه.

**گران‌قیمت** / gerānqeymat, -qîmat/: [فارسی/ عربی] ☜ **گرانبها**

**گرانمایه** / gerānmāye/: *صفت.* هێژا؛ ڕێزدار؛ به‌ڕێز؛ به‌بایه‌خ و خۆشه‌ویست ‹فرزند گرانمایه: ڕۆڵه‌ی هێژا›.

**گرانول** / g(e)rānol/: [فرانسوی]/*سم.* نیسکه؛ گرانۆل؛ دانه‌ی وردیله‌ی وه‌ک نیسک یان نوقڵ.

**گرانی** / gerānî/: *سم.* ۱. گرانی؛ چونیه‌تی گران بوون ‹گرانی بیداد می‌کند: گرانیه‌که گاڵه‌ی پێده‌کا› ۲. هێزی ڕاکێشی زه‌وین یان هه‌ر ته‌نێکی ئاسمانی‌تر: **نیروی جاذبه؛ نیروی ثقل**

**گرانیت** / gerānît/: [فرانسوی]/*سم.* پازار؛ گرانیت؛ به‌ردی خارا.

**گرانیگاه** / gerānîgāh، ـها/: *سم. [فیزیک]* قورساییگه؛ خاڵی قورسایی؛ جه‌رگه‌ی قورسایی؛ خاڵێک له سه‌ر یان نێزیکی هه‌موو ماکێکدا که هه‌ر چی هێزی ڕاکێشی ڕوو ده‌که‌نه ئه‌و ماکه، له‌و خاڵه‌دا یه‌ک ده‌گرنه‌وه.

**گرایش** / gerāyeš, garāyeš، ـها/: ـات/: *سم.* هۆگری؛ هۆگرایه‌تی؛ ئۆگره‌تی؛ ئۆگریه‌تی؛ ڕاهات: ۱. گره‌وشت؛ ئۆگریه‌تی یان نزیکی به شوێن، جێگا یان شتێکه‌وه ‹گرایش چپ: هوگری به چه‌پ› ۲. حه‌ز؛ هه‌ز؛ هه‌ژ؛ مگێز؛ کار و ڕه‌وتی په‌سه‌ندکردن ‹گرایش به اسلام: هوگری به ئیسلام› ۳. واز ‹تحقیق در گرایش جوانان: لێکۆڵینه‌وه له وازی لاوان› ٤. هه‌واداری و لایه‌نگری ناڕاسته‌وخۆ ‹درباره‌ی میزان گرایش او چیزی نمی‌دانیم: له‌مه‌ڕ چه‌ن و چۆنی هوگرایه‌تی ئه‌وه‌وه شتێک نازانین›.

**ـــ گرایی** / gerāyî, garāyî/: *پسوند.* ـــ وازی؛ ـخوازی؛ ـ ئه‌وگری؛ ـ هۆگری ‹عمل‌گرایی؛ اسلام‌گرایی: کاروازی؛ ئیسلام‌خوازی›: **ـ گرائی**

**گراییدن** / gerāyîdan, garāyîdan/ ☜ **گِرَویدن: گرائیدن**

**گربه** / gorbe، ـها/: *سم.* پشیله؛ پشی؛ پشیلێ؛ پشیک؛ پشه؛ پشۆ؛ پۆشه؛ پسک؛ پسنگ؛ پسیک؛ پسپسیک؛ دهلک؛ ختێ؛ ختک؛ کتک؛ کێتک؛ که‌تک؛ کته؛ کت؛ گیانه‌وه‌ری گوانداری بچووک و تووکن، به سه‌ری خڕ، چاوی زل، سمێڵی هه‌ستۆک، گوێی قیت و کلکی دڕێژه‌وه که له‌مێژه کەوی ده‌ستی مرۆ بووه.

▣ **گربه‌ی دریایی** ☜ **شنگ رودخانه**

**گربه‌ی عابد:** *[مجازی]* مام ڕێوی؛ شێخ شه‌یتان؛ سۆفیلکه‌ی قوون قوله‌ته‌ین؛ شاشخاپێن؛ ئیمانداری ڕواڵه‌تی.

**گربه‌ی کور:** *[مجازی]* مرۆی سپله؛ مرۆی بێئه‌مه‌گ؛ مرۆی پێنه‌زان.

**گربه‌ی مرتضی علی:** *[مجازی]* که‌سێکی مه‌رد و ڕه‌ند؛ مرۆی زیت و فێڵباز که قه‌ت خۆی به ده‌سته‌وه نادا.

**گربه‌ی مشک** ☜ **زَباد ـ ۱**

**گربه‌ی نر:** گورپه؛ گوربه؛ خۆنه؛ گفر؛ گیفڕ؛ گێور؛ پشیله‌ی نێر.

**گربه‌ی وحشی:** هووشک؛ گورواسه؛ کتکه کێفی/ کێفیله؛ پشیله کێوی؛ کته‌هه‌ردێ؛ جۆرێک پشیله‌ی گه‌وره و سووری گوێسووک که کەوی ده‌ستی مرۆ نه‌بووه.

▣ **گربه در انبان داشتن:** *[کنایی، ادبی]* پیلانێک به ده‌سته‌وه بوون؛ شتێک له ژێر سه‌ردا بوون؛ له فکری به کار بردنی فێڵ و فه‌ره‌جێکدا بوون.

**گربه را دم حجله کشتن:** *[کنایی]* چاو ترسێن کردن؛ زووڕنه‌ی؛ هه‌ر له سه‌ره‌تاوه، چه‌ق و سه‌رسه‌خت بوونی خۆ نیشاندان.

**گربه رقصاندن:** *[مجازی]* کایه پێکردن؛ ته‌گه‌ره خستنه به‌ر پای که‌سێک و به‌ڵێن به درۆ دان و سه‌رگه‌ردان کردنی.

**گربه زین/ یراق کردن:** *[مجازی]* قوڕ بۆ کەسێک شێلان؛ تەشی بۆ کەسێک ڕێستن؛ ئەرکێک بە پێچەوانەی مەیلی خۆ بۆ کەسێک بەڕێوە بردن.

**گربه تیغی** / gorbetîqî/ ☜ **تَشی**

**گربه‌رو** / gorberû ، ـهـا/:*اسم.* باریکە ڕێی ژێر حەمام و سارنج بۆ بلاو بوونەوەی تین و بلاوە کردنی شێ.

**گربه‌شو** / gorbešû/:*اسم. [کنایی، گفتاری]* پشیلەشۆر؛ پشی‌شۆر؛ کتک‌شۆر؛ کار و ڕەوتی شۆردنی بە پەلە و سەرسەری ‹یک دقیقه همه را گربه‌شو کرد و رفت: بە دەقیقەیەک هەمووی پشیلەشۆر کرد و ڕۆیشت›.

▣ **گربه‌شو کردن:** پشیلەشۆرکردن؛ پشی‌شۆر کردن؛ کتک‌شۆرکردن.

**گربه‌ماهی** / gorbemāhî ، ـهـا؛ ـان/:*اسم.* سەگ‌ماسی؛ ماسیەکی بێفەلسی لەش نەرمە، شتێکی وەک سمێلی لە سەر لێوە و لە ئاوی شیریندایە.

**گرپ** / gorop/: *صوت.* تەپ؛ تڕپ؛ تڕپە؛ تەپە؛ تلپ؛ تولوپ؛ دەنگی کپی وێک‌کەوتنی شتێک (وەک کەوتنی کتێب لە سەر فەرش).

**گرپ ـ گرپ** / goropgorop/: *صوت.* تەپەتەپ؛ تڕپەتڕپ؛ گڕپەگڕپ؛ دەنگی لێدانی دوا بە دوای شتێک بە کپی (وەک دەنگی سمی ئەسپ).

**گرته‌برداری** / gartebardārî ، ـهـا/:*اسم.* ۱. کار و ڕەوتی لێگرتنەوەی وێنە یان نیگارەیەک ۲. *[مجازی]* چاولێگەری؛ لاسایی؛ شوێنکەوتنی بەبێ بیرکردنەوە.

**گرجی** / gorcî/:*اسم.* گورجی: ۱. ـهـا؛ ـان/ خەڵکی ناوچەی گورجیستان ۲. هۆزێکی قەفقازی کە زۆربەی خەڵکی گورجستان لەوانن ۳. زمان و خەتی ئەو هۆزە.

**گرچه** / garče/: *حرف.* گەرچی؛ ئەگەرچی؛ هەرچەن؛ هەرچەندە؛ هەرچن؛ دەگەڵ ئەوەشدا ‹گرچه من خبر نداشتم: گەرچی من نەمدەزانی›.

**گرد**[1] / gard/:*اسم.* گەرد؛ گەرت؛ گەردە: ۱. ئارد؛ نتە؛ بەرهەمی وردی شتی هاڕدراو ۲. پوودر؛ ماکی ئاسیاو کراوی بەتایبەت پیشەسازی، دەرمانی و ئاڕایشی ۳. تۆز؛ تووس؛ توزک؛ پۆتە؛ خوەڵە پۆتە ٤. *[کنایی]* هیرۆیین.

▣ **گرد دندان:** گەردی ددان؛ گەردەی خاوێن‌کەرەوەی ددان، بریتی لە کەربوناتی کەلسیوم و بۆنخۆشێک.

▣ **گرد انگیختن:** تۆزکردن؛ تۆز دانە با بە هۆی تێژ تێپەڕینەوە.

**گرد پیری بر سر کسی نشستن:** *[مجازی]* تەمی پیری لەسەر کەسێ نیشتن؛ مووی سەر سپی‌کردن ‹کم‌کم جوانی گذشت و گرد پیری بر سرم نشست: کەم‌کەم لاوی تێپەڕی و تەمی پیریم لێ نیشت›.

**گرد گرفتن:** *[مجازی]* خۆڵ لەسەر نیشتن؛ تۆز خواردن؛ خوەڵە وارەی؛ خاک خواردن؛ خاک لێ‌نیشتن؛ شتێکی (زیاتر بایەخدار) بەبێ‌کەڵک داکەوتن.

**از گرد راه رسیدن:** *[مجازی]* لە ڕێوە گەیشتن؛ لە ڕێیەو هاتن؛ تازە گەیشتن ‹همین که از گرد راه رسید، سراغ مادرش را گرفت: هەر لە ڕیوە گەیشت، هەوالی دایکی پرسی›.

**به گرد چیزی/ کسی نرسیدن:** *[کنایی]* تۆزی شتێ/ کەسێ نەتەقاندن/ نەشکاندن؛ بە تۆزی شتێک/ قولی کەسێکدا نەگەیشتن ‹تو هرچه سعی کنی به گرد او هم نمی‌رسی: تۆ هەرچەندەش هەوڵ بدەی تۆزی ناتەقنی›.

**ـ گرد**[2]: *پیواژه.* ـگێڵ؛ ـگەڕ؛ ـگەرد: ۱. بگەڕ؛ ئەوەی کە دەگەڕێ ‹چپگرد؛ راستگرد: چەپگیل؛ ڕاستگیل› ۲. گەشتیار وەکوو پیشە یان خوو ‹جهانگرد: دنیاگەڕ›.

**گرد**[1] / gerd/:*اسم. [موسیقی]* گرد؛ یەکەی کات لە نۆت نووسیندا کە کێشی بەرامبەر بە دوو

سپی و چوار چەنگە.

**گرد**[۲]: *صفت.* گرد؛ گڕ؛ خڕ؛ خرت؛ خڕ و ڤر؛ گلۆلی؛ خرەگە؛ بە بیچمێکی وا کە مەودای هەموو خاڵێک لە سەر پەڕانپەڕی تا خاڵی ناوەندی وەکوو یەک بێ: *الف)* جەغزۆکە *ب)* گندۆلەک؛ تۆپئاسا *ج)* گرۆڤەر؛ گلیل؛ خڕی لوولە ئاسا.

▣ **گرد آمدن:** کۆ بوونەوە؛ کۆوە بوون؛ تێمرۆکان؛ تێوروکان؛ کۆزکردن؛ خڕ بوونەوە؛ کۆمەڵ بوون؛ گلێر/ کۆوە بیەی ‹دور میز گرد امدند: بە دەوری مێزەکەدا کو بوونەوە›.

**گرد آوردن:** کۆکردنەوە؛ کۆوەکردن؛ گلێرەو کردن؛ جەمەوکردن؛ خڕکردنەوە؛ بەرگهاندن؛ گلاندن؛ نیایوریۆ ‹پول زیادی گرد آورد: پارەیەکی زۆری کو کردەوە›.

**گرد شدن:** خرتەوە بوون؛ گرد بوونەوە؛ خڕ بوونەوە ‹چشمهایش گرد شد: چاوی خرتەوە بوو›.

**گرد کردن:** *[ریاضی]* سەرڕاست‌کردنەوە؛ ڕاست کردنەوە؛ ڕۆندکردن؛ لە بەشی بچووکی ژمارەیەک چاوپۆشی‌کردن ‹اگر ۳۱۳ را بر حسب دەها گرد کنیم می شود ۳۱۰: ئەگەر ۳۱۳ بە گوێرەی دە سەرراست بکەینەوە دەبێتە ۳۱۰›.

**گرد**[۳]: *قید.* (بە) دەور؛ وە گەرد؛ دەوری؛ گردای‌گرد؛ گرد و پەڕی؛ لە دەور و بەری شتێکدا؛ لە دەوری شتێکا.

▣ **گرد چیزی گشتن:** بە دەوری شتێکدا خولانەوە: ۱. گر/ خول/ سووڕ خواردن بە دەور شتێکا ‹گرد اتاق می‌گشت: بە دەوری مالەکەدا دەخولایەوە› ۲. *[مجازی، ادبی]* توخنی شتێک کەوتن ‹گرد قمار نگرد!: توخنی قومار مەکەوە!›.

**گرد** / gord ، ـان/: *صفت. [ادبی]* گورد؛ پالەوان؛ زۆرداری جەنگەرانی ‹گرد دلیر: گوردی دلێر›.

**گرداب** / gerdāb ، ـها/: *اسم.* گێژاو؛ گێجاو؛ گەردەاو؛ گرداو؛ گراداف: ۱. تەمباف؛ گەڕ؛ گەڕەک؛ گێرک؛ گەڕاف؛ گێژاف؛ گێژەنگە؛ گێژەن؛ گێژینە؛ گێژەو؛ گێجیە؛ گوری؛ گێژگەردەاو؛ گێژگەردوو؛ تەندوورەژەنە؛ تەندوورەژەنە؛ گێژەنگ؛ ئاشەتەندووەرە؛ کەندال؛ شوێنێک لە ئاوێکی زۆر (ڕووبار یان زەلیا) کە ئاوەکەی سووڕ دەخواتەوە ۲. *[مجازی]* ڕووشە؛ وەیشوومە؛ نشووف ‹گرداب بلا: گێژاوی بەلا›.

**گردآگرد** / gerdāgerd/: *اسم.* پەڕانپەڕ؛ دۆرمادار؛ دەوراندەور؛ دەورتادەور؛ گردایگرد؛ کشت و کنار؛ قەراخ- بێچاخ ‹گرداگرد شهر: پەڕانپەڕی شار›.

**گردآلود** / gardālûd/: *صفت.* تۆزاوی؛ تۆزین؛ گەرداوی؛ خۆلاوی؛ وەلن؛ وەلنە؛ ڕتامی؛ تۆزاوین؛ بە تۆزەوە تلاو ‹جلد گردآلود کتاب را با دستش پاک کرد: بەرگی تۆزاوی کتێبەکەی بە دەست سڕی›.

**گردالە** / gerdāle ، ـها/: *اسم.* گردەتوەنی: ۱. *[زمین‌شناسی]* خرکە بەردی نەختێ گەورە کە لەگەڵ بەرد و خۆڵی دەوروبەری جیاوازە و دیارە لە شوێنێکی ترەوە هاتووە ۲. *[قدیمی]* ئاور؛ ژیل؛ ژێڵ؛ زیلەمۆ؛ ژێڵەمۆ؛ وردە خەلووز کە خڕیان دەکردەوە بۆ ژێر قورسی دەبوو.

**گردالی** / gerdālî/: *صفت. [گفتاری]* تۆپەڵە؛ گزموولە؛ گردە؛ خرە؛ وەک تۆپ خڕ.

**گردان** / gardān/: *صفت. [ادبی]* لەگەڕ؛ وەگەڕ؛ لەخول؛ بەسووڕ؛ زڤری: ۱. بە تایبەتمەندی و توانای بەدەوری خۆوە گەڕان ‹حلقەی گردان: ئالقەی لەخول› ۲. *[نامتداول]* بە تایبەتمەندی گۆڕان ‹روزگار گردان: ڕۆژگاری لەگەڕ›.

**گردان** / gordān ، ـها/: *اسم.* گوردان؛ دەستەیەک چەکدار بریتی لە سێ گوروهان.

**گرداندن** / gardāndan/: *مصدر. متعدی.* // **گرداندی:** گەڕاندت؛ **می گردانی:** دەگەڕێنی؛ **بگردان:** بگەڕێنە// ۱. گەڕاندن؛ سووڕاندن؛ سووڕانن؛ گێڵنەی؛ گێڵنای؛ چەرخنەی؛ چەرخنای؛ خولنەی؛ خولنایوە؛ گێڕاندن؛ گێڕان؛ خول پێدان؛ لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێتر بردن؛ دەور

پێدان ‹گرداندن مهمانان در شهر: گەڕاندنی میوانەکان بە ناو شاردا› ۲. خولاندنەوە؛ سووڕاندن؛ سووڕان؛ سووڕاندنەوە؛ سووڕاننەوە؛ گێڵنەی؛ گێڵنای؛ خولنەی؛ خولنایوە؛ گێڕاندن؛ خولپێدان؛ هەڵخولاندن؛ چەرخاندن؛ گێڕانن؛ زڤراندن؛ بە دەوری شتێکدا بزواندن ‹دور حیاط گرداندن: بە دەوری حەوشەدا خولاندنەوە› ۳. بەڕێوە بردن؛ چەرخاندن؛ سووڕاندنەوە؛ سووڕاننەوە؛ هەڵسووڕاندن ‹گرداندن مجلس: گەڕاندنی کۆڕ› ٤. [ادبی] کردن؛ کردنەوە؛ گۆڕانن؛ گۆڕاندن؛ گێڕان؛ بە دۆخێکی تر دەرهێنان ‹روزگار ما را بگرداند!: ژیانمان خۆش بکە!› ❋ **گرداندن**. هەروەها: **گرداندی**

■ صفت فاعلی: **گرداننده** (گەڕێنەر)/ صفت مفعولی: **گردانده** (گەڕێنراو)/ مصدر منفی: **نگرداندن** (نەگەڕاندن)

**گردانده** / gardānande / ـها؛ ـگان/:/سم. [مجازی] بەڕێوەبەر؛ گەڕێنەر ‹گردانندەی مجلس، زن جوانی بود: بەڕێوەبەری کۆڕەکە، ژنێکی جحێل بوو›.

**گرداندن** / gardānîndan/ ☜ **گرداندن**

**گرداور** / gerdāvar/:/سم. کۆکەر؛ کۆکەرەوە.

**گرداوری** / gerdāvarî/:/سم. کار و ڕەوتی کۆ کردنەوە؛ خڕکردنەوە؛ گلێرکردنەوە؛ گلاندن؛ یەکەونیان؛ لە شوێنێکدا کەڵەکەکردن ‹گرداوری محصول: کۆ کردنەوەی داهات›.

**گردباد** / gerdbād/ ، ـها/:/سم. گێژەڵووکە؛ گێجەلووکە؛ گێجەڵووکە؛ گەردەلوول؛ گەردولوول؛ گەردەلوور؛ زەمەن؛ تەنوورە؛ باهۆز؛ زلان؛ زلون؛ زڤیرک؛ باگێجە؛ باگێژە؛ گێجەبا؛ گیدۆ؛ گێژڵە؛ گێژەڵە؛ گەردەبا؛ گەروەبا؛ گەردەبل؛ گەڕەپێچە؛ چڕچەمان؛ گەڕەپێچ؛ گڕپێچ؛ گژۆڵەک؛ وەڵەک؛ باگژۆکە؛ باگەڕ؛ بابلیسک؛ بابەلیسک؛ داوەتی جندۆکان؛ داوەتەجنۆکە؛ شایی جندۆکان؛ هۆڵەجنانی؛ کەڵکەڵەچوچان؛ گەچلەگوچان؛ گەرتەچیچان؛ عیوارەش؛ بای بەقەوەتی وا کە سوور دەخوا و بەرەو پێش و سەر دەڕوا.

**گردپاش** / gardpāš/ ، ـها/:/سم. گەردپژێن؛ گەردپاش؛ گەردەپاش: ۱. کەرەستەیەک بە کونی وردەوە بۆ پژاندنی گەرد ۲. کەرەستەیەک بۆ کردنە تۆز و پژاندنی تەوشێک.

**گرداره** / gerdrāh/ ، ـها/:/سم. پێچ یان لارپێیەک لە سەر چەن ڕێیان بۆ ئاسان لادان بە لایەکی تردا.

**گردسوز** / gerdsûz/:/سم. چراغ گردسوز ☜ **چراغ**

**گردش** / gardeš/ ، ـها/:/سم. خول؛ گەڕ؛ گەردش؛ گەردین: ۱. گەشت؛ سەیران؛ گەرد و خول؛ گەشت و گێڵ؛ هەلفۆنە؛ کار و ڕەوتی ڕۆشتن بۆ سەیران ‹گردش در باغ: گەشت لە باخدا› ۲. گەرد و خول؛ ڕەوتی هەلسووڕانی شتێک بە ڕێگایەکی دیاریکراودا ‹گردش زمین: خولی زەوین› ۳. کاری گەڕان؛ جێگۆڕکێ کردنی شتێک ‹گردش هوا: گەرپانی هەوا› ٤. چەرخ و گەڕ؛ ئاڵوگۆڕی بار و دۆخێک بە بار و دۆخێکی تر ‹گردش روزگار: چەرخ و گەری ڕۆژگار› ۵. کار و ڕەوتی گەڕان؛ بەڕێوە چوون ‹گردش کار: گەرانی کار›.

▣ **گردش خون**: گەڕانی خوێن؛ چەرخ و گەڕی بێوچانی خوێن لە دلەوە بە لەشدا و گەڕانەوەی بۆ دل.

**گردش علمی**: گەشتی زانستی؛ سەیرانی شوێنێک بە مەبەستی دیتن، ئاشنا بوون و ناسینەوە.

▣ **گردش دادن**: گەڕاندن؛ گێڕانن؛ گێڵنەی؛ خولاندنەوە؛ سووڕاندنەوە ‹ما را در شهر گردش داد: بە نێو شاردا گەراندمانی›.

**گردش کردن**: گەڕیان؛ گەڕان؛ گێڵەی؛ سوور/ خول خواردن؛ سووڕانەوە؛ خولانەوە؛ گەردش کردن ‹مدتی در شهر گردش کردیم: ماوەیێک بە

www.perawipepwle.com


شاردا گەراین›.

**گردشگاه** / gardešgāh ، ـها/:/اسم. سەیرانگا؛ سەیرانگە؛ سەیرانگەه ؛ هۆرە؛ جێگەی سەیران لێ‌کردن ‹کوه آبیدر، گردشگاه مردم سنندج است: کێوی ئاویەر، سەیرانگای خەڵکی سنەیە›.

**گردشگر** / gardešgar ، ـها؛ ـان/:/اسم. گەشتیار؛ گەڕیدە؛ تووریست؛ ئەوەی بۆ گەشت و سەیران سەفەر دەکا ‹در سال گذشته بسیاری گردشگر خارجی از کردستان دیدن کردند: لە ساڵی ڕابردوودا زۆرێک گەشتیاری بیانی هاتنە سەیری کوردستان›.

**گردشگری** / gardešgarî/:/اسم. گەشتیاری؛ گەشت و گێڵ؛ تووریسم: ۱. سەیران؛ کار و ڕەوتی سەفەرکردن بۆ گەشت و گێڵ ۲. کار و لێزانی دانان و هەڵسووڕانی دامەزراوە و ڕاژەگەلی سەر بە ڕاکێشان و گلدانەوە و میوانداری لە گەشتیاران.

**گردکان** / gerdakān/: [از کردی]/ادبی/ ☜ **گردو**

**گردگاه** / gord(e)gāh/:/اسم. قدیمی/ ۱. ☜ **تهیگاه** ۲. پۆتەکە؛ پاڵوو؛ پاڵۆ؛ بەشێ لە پشتەوەی ئەسپ کە زینی بە سەردا دەدەن.

**گردگیری** / gardgîrî/:/اسم. ۱. کاری سڕینەوە؛ تەکاندن؛ لابردنی تۆز و خۆڵ لە سەر دار و دیوار و کەلوپەل ‹کتابها را گردگیری کردم و همه را در قفسه چیدم: کتێبەکانم سڕیەوە و هەمووم لە قەفەسەکەدا چنی› ۲. /مجازی، گفتاری/ کار و ڕەهاتی کۆڵنج تەقاندن؛ کوولنج نەرمکردن؛ تاشاندن؛ لێکدان؛ نیشتنە مل یەک.

**گردماه** / gerdmāh/:/اسم. قدیمی/ مانگی چواردە: ۱. هەلاب؛ هلاب؛ مانگی پڕ ۲. /کنایی/ ڕوومەتی جوان.

**گردن** / gardan/:/اسم. مل؛ گەردەن؛ گەردن: ۱. هەفک؛ هەستۆ؛ هەستو؛ هستو؛ ئەستۆ؛ ستۆ؛ قەڕپک؛ خەن؛ ئەوک؛ بەشێک لە جەستەی گیانداران کە لە نێوان سەر و لەشدایە ۲. ملە؛ ملکە؛ بەشی باریکەڵەی نێوان زارک و سکی دەفر ‹گردن تُنگ: ملکەی تونگ›.

▣ **گردن کج کردن:** /کنایی/ مل کز / کەچ کردن؛ لارەمل وەستان؛ دەربڕینی بێ دەسەڵاتی و ئاتاجی خۆ ‹من نمی‌توانم بروم پیش مردم گردن کج کنم: من ناتوانم بڕۆم بە لای خەڵکەوە مل کز کەم›.

**گردن کسی از مو باریک‌تر بودن:** /تعریض/ دەربڕینی چۆک دادان و فەرمانبەری‌کردن.

**گردن کسی را تبر نزدن:** /تعریض/ ملی کەسێ کۆتەدار بوون؛ مل ئەستوور بوون.

**گردن کسی را زدن:** سەر/ ملی کەسێ پەڕاندن؛ لە سەری کەسێ دان؛ سەری کەسێ ژێ‌کرن/ بڕین؛ بە کەرەستەیەکی تیژ سەر لە لەشی کەسێک جیا کردنەوە ‹لاووازیه را گردن زدند: سەری لاڤوازیەیان پەڕاند›.

**گردن کسی را گرفتن:** /کنایی/ وەمل کەسێ کەوتن؛ ئەستۆی کەسێ‌گرتن؛ هاتنە مل کەسێک ‹خون جوان بی‌گناه آخر گردن او را گرفت و اعدامش کردند: خوێنی لاوی بێتاوان ئاخری نەستۆی گرتەوە و لە سێدارەیان دا›.

**گردن کشیدن:** مل کێشان؛ مل‌کێشاندن؛ سەرکێشان؛ مل‌کێشتەی؛ بۆ دیتنی شتێک سەر و ملی خۆ بەرزەوەکردن ‹گردن کشیدم ببینم چه خبر است: ملم کێشا بزانم چخەبەرە›.

**گردن کلفت کردن:** مل لێ ئەستوورکردن؛ مل قەوی‌کردن؛ بەهێز و قەڵەو بوونەوە ‹خورده و خوابیده همه‌اش گردن کلفت کرده: هەر خواردوویە و خەوتووە و ملی لێئەستور کردووە›.

**از گردن خود باز کردن:** /کنایی/ لە مل خۆ کردنەوە؛ لە کۆڵ خۆکردنەوە؛ لە ئەستۆی خۆ کردنەوە؛ (کارێک) دانە دواوە ‹آن کار را از گردن خود باز کردم: ئەو کارەم لە مل خۆ کردەوە›.

**به گردن کسی انداختن:** کردنە مل کەسێک؛ خستنە گەردەن کەسێ: ۱. ئەنەمل‌کەردەی؛

که‌رده‌ینه مل ‹گردنبند را انداخت به گردن عروس: ملوانکه‌که‌ی کرده مل بووکه‌که› ۲. *[مجازی]* نانه ملی که‌سێ؛ خستنه مل/ پای که‌سێک؛ که‌سێ تاوانبارکردن؛ نیه‌ی ملوو یۆی ‹چرا همه‌ی تقصیرها را به گردن من می‌اندازید؟: بۆچی هه‌موو کەم و کووڕیه‌ک ئه‌نینه ملی من؟›.

**به گردن کسی حق داشتن:** هه‌ق به سه‌ر که‌سێکه‌وه بوون؛ له بەر چاکه و خزمه‌ت به که‌سێک، ئه‌و که‌سه منه‌تباری خۆ کردن ‹شما به گردن من حق دارید: ئێوه به سەر منه‌وه هه‌قتان هه‌یه›.

**به گردن کسی گذاشتن:** *[کنایی]* ۱. نانه ملی که‌سێک؛ مل که‌سێک پێوه‌کردن ‹دزدی را به گردن او گذاشتند: دزیه‌که‌یان نایه ملی نه‌و› ۲. کردنه ملی که‌سێ؛ به زۆر پێ‌کردن ‹همه‌ی کارهای سخت را به گردن من گذاشت: هه‌موو کاره دژواره‌کانی کرده ملی من›.

**به گردن گرفتن:** *[کنایی]* مل پێدا/ پیا کردن؛ به ئه‌ستۆگرتن ‹به گردن گرفت که یک شب همه را مهمان کند: ملی پێدا کرد شه‌وێک هه‌موو داوەت بکا›.

**گردنبند** / gardanband / ـها/: *اسم.* ملوانکه؛ ملوانه؛ ملیوانه؛ ملەوانه؛ ملوەن؛ ملوێن؛ ملوەنـد؛ ملوێنکه؛ ملوێنه؛ ملڤان؛ ملڤانک؛ ملوێنک؛ خەناوک؛ خەناوکه؛ گەردن‌بەند؛ گەردانه؛ گلادە؛ گولوەن؛ دۆدک؛ ڕستک؛ گەردوان؛ گەردەنی؛ قەفلک؛ کەشکۆل (ئی زارۆکان)؛ بەربەن؛ بەندک؛ بەرمۆر؛ ملێنک؛ ڕەوش و خشلی لە بەرد، کانزای گرانبایی، مرواری، عاج و ... کە بۆ جوانی بە زنجیرەوە لە ملی دەکەن: **گلوبند**

**گردنفراز** / gardanfarāz / ـان/: *صفت. [ادبی]* ۱. سەربەرز؛ سەربڵند؛ سەرفەراز؛ سەرفیراز ۲. سەربزێو؛ سەرکەش؛ چەلەک؛ یاغی ۳. قوڵم؛ خۆهەلکێش؛ قەپان؛ گەوەزە؛ لووتبەرز؛ لە خۆ بایی. هەروەها: **گردنفرازی**

**گردنکش** / gardankeš / ـها؛ ـان/: *صفت. [مجازی]* سەرزەیه؛ سەربزێو؛ سەرپێچ؛ سەرکەش؛ چەلەک؛ یاغی.

**گردنکشی** / gardankešî / ـها/: *اسم.* سەربزێوی؛ سەرپێچی؛ نافەرمانی ‹اگر گردنکشی کرد بیندازش بیرون: ئەگەر سەربزیوی کرد دەری بکە›.

**گردن‌کلفت** / gardankoloft / ـها؛ ـان/: *صفت.* ۱. *[کنایی]* مل‌قەوی؛ ملهۆڕ؛ مل‌پان؛ خرتی؛ خرتێ؛ دومل؛ مل‌ئەستوور؛ مل‌ستوور؛ هەفکئەستوور؛ پاتک‌پان؛ خووگەملە؛ خەریت؛ خپشەملە؛ قەبەدای؛ کۆتەک؛ گنێخە؛ ملوڕ؛ گامل؛ گێزمل؛ زۆرداری زۆربێژ ‹مرد گردن‌کلفت: پیاوی ملهور› ۲. *[مجازی]* دەسەلاتدار؛ دەسچوو؛ دەسچووگ؛ دەسڕۆیو ‹تاجر کردن‌کلفت: تاجری دەسەلاتدار›.

**گردن‌کلفتی** / gardankoloftî / ـها/: *اسم. [کنایی، گفتاری]* ملهوڕی؛ زۆربێژی؛ زۆرداری ‹خواست گردن‌کلفتی بکند آزاد دادش دست پلیس: ویستی ملهوری بکا ئازاد دایه دەستی پولیسەوە›.

**گردنگاه** / gardangāh /: *اسم.* جێ‌مل؛ جێگەی مل له نێوان هەر دوو شاندا.

**گردنه** / gardane / ـها/: *اسم.* کەل؛ سەرمله؛ ملەگا؛ مله؛ مل؛ گەردەنه؛ گەردنه؛ گیر؛ گەروو؛ گەلوو؛ گەلوو؛ بستوو؛ زینوو؛ زینو؛ ڕێگای لێژ و پێچەلپێچ له پاڵداوێن تا سەر یالی کێو ‹گردنه‌ی خان: کەلی خان›.

**گردنه‌گیر** / gardanegîr / ـها؛ ـان/: *اسم.* ۱. سەرمله‌گیر؛ دزی سەرگەردەنه ۲. *[کنایی]* چەته؛ ڕێگر؛ کەسێ که بۆ تاڵان‌کردنی ڕێبواران سەرەڕێیان پێ دەگرێ.

**گردو** / gerdû / ـها/: *اسم.* گوێز؛ گوویز؛ گۆز؛ گێز؛ گووز؛ قۆز؛ گیز؛ جەوز؛ جۆز؛ جیز؛ گردەکان؛ گرتەکان؛ وەزی؛ وەز؛ گردەکۆ؛ گۆزەک: ۱. دارگوێز؛ داریکی بەرزی پڕ لەق و پۆی گەلا پان که چێوێکی ڕەق و تۆکمەی هەیه و له

پیشه‌سازیدا به‌نرخه ۲. کاکله؛ کاکلی؛ مه‌ژگه؛ به‌ری خرپله و توێکل ڕه‌قی ئه‌و داره که مێشکه‌که‌ی چه‌وره و ده‌خورێ: **گردکان**

**گردوبازی** / gerdûbāzî /:/sm./ گوێزان؛ گوویزان؛ گوێزێن؛ وه‌زه‌قالانی؛ وه‌زانی؛ کایه‌ی به گوێز؛ کایه‌یه‌کی چه‌ن‌که‌سه، که هه‌ر که‌سێ گوێزێک داده‌نێ و به نۆره گوێزی بۆ ده‌خه‌ن، هه‌رکه‌س بیانگێوێ گوێزه‌کان هه‌لده‌گرێته‌وه.

**گرد و خاک** / gard-o-xāk /:/sm./ تۆز و خۆڵ؛ خاک و خۆڵ؛ خاک‌خوه‌ڵ؛ گه‌رد و خۆڵ؛ گه‌رت و توس؛ ته‌پ و تۆز؛ ته‌پ و تووﻣان؛ باوبۆ؛ وه‌لل؛ هه‌ڕووه‌ڵ؛ سۆنک؛ تۆز و غومار؛ خاک‌تووس؛ ده‌نکه وردیله‌ی به‌تایبه‌ت خاک له هه‌وادا: **گرد و غبار**

▣ **گرد و خاک کردن:** ته‌پ و تۆزکردن؛ تۆز کردن: ۱. تۆز و خۆڵ به‌رپاکردن؛ گه‌رده‌لوول کردن ‹چرا این‌قدر گرد و خاک می‌کنی؟ یواش جارو کن!: بۆچی ئه‌وﻧده ته‌پ و تۆز نه‌که‌ی؟ هێواش گه‌سک بده!› ۲. *[کنایی]* هه‌ڵچوون و هه‌را و هوریا کردن ‹نمی‌دانی آرام امروز چه گرد و خاکی کرد!: نازانی ئارام ئه‌مڕۆ چ ته‌پ و توزێکی کرد!›.

**گردوخاکی** / gard-o-xākî /: *صفت.* تۆزاوی؛ خۆڵاوی؛ ڕتامی؛ تۆزین ‹با سر و صورت گردوخاکی برگشت: به سه‌ر و چاوی توزاوی‌یه‌وه گه‌ڕاوه›.

**گردون** / gardûn /:/sm./ *[قدیمی]* گه‌ردوون؛ چه‌رخ؛ ئامان؛ فه‌ڵه‌ک؛ ئاسمان.

**گردونه** / gardûne ، ـها /:/sm./ گه‌ردوونه: ۱. *[قدیمی]* هه‌ڕابه؛ گاری؛ پێڕاگوێزێکی سووکه‌ڵه‌ی دووچه‌رخ که ئه‌سپ ده‌یکێشێ ۲. *[مجازی]* که‌ره‌سته‌یه‌کی خڕی هه‌ڵۆل که هێندێک تۆپی ژماره‌داری تێدایه (زۆرتر ده تۆپ، له سیفره‌وه تا نۆ) بۆ به‌خت‌ئه‌زموونی، هه‌ڵیده‌سووڕێنن و هه‌ر جاره تۆپێکی لێ‌داده‌که‌وێ ۳. قه‌فه‌سه‌ی ته‌گه‌ره‌داری جێبه‌جێ‌کردنی کتێب له ناو کتێبخانه‌دا.

▣ **از گردونه خارج شدن:** له ده‌ور/ گه‌ردوونه ده‌رچوون ‹آزاد هم زن گرفت و از گردونه خارج شد: ئازادیش ژنی هێنا و له ده‌ور ده‌رچوو›. **هه‌روه‌ها: از گردونه خارج کردن**

**گرده** / garde ، ـها /:/sm./ *[گیاه‌شناسی]* گه‌رک؛ گه‌رده؛ هه‌ڵاڵه؛ گانه‌ی نێری گیای تۆمدار که ده‌نکێکی وردیله‌ی توێکڵداره که به ده‌م باوه ده‌چێ یان به جانه‌وه‌ره‌وه ده‌نووسێ.

**گرده** / gerde /:/sm./ ۱. ـها/ کولێره؛ کوللێره؛ کولۆر؛ کولۆره؛ ستورک؛ ئه‌ستورک؛ ئه‌ستورکه؛ گرک؛ پاتۆ؛ پاتۆڵه؛ گیتێ؛ خه‌رسه‌ک؛ خه‌پک؛ خه‌پله؛ سه‌وک؛ جۆرێ نانی خڕ و ئه‌ستووره ۲. گرده؛ برینجه‌گرده؛ جۆرێک برینجی خرتی ورد بۆ ناو ئاش، شیربرنج و شله.

▣ **گرده‌ی خون:** گردیله‌ی خوێن؛ ترومبوسیت؛ پلاکیت؛ گه‌رده‌ی وردی پووڵه‌که‌یی ناو خوێن بۆ گرساندنه‌وه‌ی خوێن.

**گرده** / gorde /:/sm./ ۱. کۆڵ؛ گوردی؛ شان؛ سه‌رشان ۲. گورچیله؛ گووچیله؛ گورچه‌ویله؛ گورچیکه؛ گووچیلک؛ گورچوو؛ گورچک؛ گرچک؛ ولک؛ گوردالە؛ کشته.

▣ **از گرده‌ی کسی کار کشیدن:** *[کنایی]* کۆڵ به که‌سێ کێشان؛ به‌رد به که‌سێ کێشان؛ کوچک پێ‌کێشان؛ به کۆڵی که‌سێک بار کێشان؛ کاری زۆر و دژوار له که‌سێ کێشانه‌وه ‹از گرده‌ی همه‌مان کار کشید: کولی به هه‌موومان کێشا›.

**به گرده‌ی کسی سوار شدن:** *[کنایی]* سوار مل/ کۆڵی که‌سێ بوون؛ دوولنگه به مل که‌سێکدا شۆڕ کردنه‌وه ‹اگر رو بدهی دو روز دیگر به گرده‌ات سوار می شود: ئه‌گه‌ر بده‌یته ده‌میه‌وه دوو ڕۆژی‌تر سواری ملت ئه‌بێ›.

**گرده‌افشانی** / garde'afšānî ، ـها /:/sm./ گه‌رده‌پژێنی؛ بڵاوه‌ی گه‌رده، له ئه‌ندامی زاوزووی نێره‌وه بۆ ئه‌ندامی زاوزێ مێ، به

شێوەی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ (بە هۆی با، ئاو و مێروو).

**گردهمائی** / gerdehamā'î/ ☜ **گردهمایی**

**گردەماهی**[1] / gordemāhî ، ـهـا/:/اسم. کۆمی؛ کۆماوی؛ کۆماوەیی؛ کووڕی؛ قۆزی؛ هەڵهاتوویی بە باری دڕێژیدا.

**گردەماهی**[2]: *صفت.* کۆم؛ کۆماوە؛ کۆماو؛ کووڕ؛ قۆز؛ گورگەپشت؛ بە باری دڕێژییدا هەڵهاتوو.

**گردهمـــایی** / gerdehamāyî ، ـهـا/:/اسم. کۆبوونەوە؛ کۆڕ؛ کۆ؛ گور؛ گردی؛ جڤات؛ جوات؛ لژنە؛ چەپەربەندان؛ کۆمەڵێ مرۆ کە بۆ ڕاوێژ لێک کۆ بوونەتەوە ‹گردهمایی استادان دانشگاه: کوبوونەوەی ماموستایانی زانستگا›: **گردهمائی**

**گـردی** / gardî/: *صفت.* ۱. خۆڵاوی؛ خۆڵین؛ تۆزاوی؛ ڕتامی؛ بە خاک و خۆڵەوە تلاو ۲. /ـهـا/ *[گفتاری]* گەردی؛ گەرتی؛ توشیاری هیرۆیین.

**گـردی** / gerdî/:/اسم. خڕی؛ گردی؛ خرتی: ۱. دۆخ یان چۆنیەتی خڕ بوون ‹گردی و درازیش مهم نیست: خڕی و درێژیەکەی گرینگ نیە› ۲. بەشی جەغز ئاسای شتێک ‹تنها گردی صورتش پیدا بود: تەنیا خڕی دەم و چاوی دیار بوو›.

**گردی** / gordî/:/اسم. *[ادبی]* دلێری؛ پاڵەوانی؛ گوردی.

**گردیدن** / gardîdan/: *مصدر. لازم.* // **گردیـدی**: گەڕای؛ **می گردی**: دەگەڕی؛ **بگرد**: بگەڕە// گەڕان؛ گەڕیان؛ سوور خواردن؛ گێڵەی؛ گێڵای: ۱. سووڕان؛ خول خواردن؛ چەرخان؛ بەرەو پێش چوون ‹کار می‌گردد: کار دەسووڕێ› ۲. سەفەرکردن؛ سەیرانکردن؛ گەشت و گێڵ کردن ۳. ئاڵوگۆڕ بوون/ کران؛ ئەم دەست و ئەودەست بوون ‹این ماشین تا حالا چند دست گردیده: ئەم ماشینە هەتا ئێستا چەند دەست گەڕاوە› ٤. *[مجازی]* گۆڕان؛ گۆڕیان؛ وارپەی؛ وارپای ٥. دانە پەی؛ جستوجۆ کردن؛ پشکنین ٦. *[قدیمی]* هەڵگەڕانەوە؛ هۆرۆیڵەی. هەروەها: **گردیدنی**

■ صفت فاعلی: **گردنـده**: (ـــ)/ صفت مفعولی: **گردیده**: (گەڕاو)/ مصدر منفی: **نگردیدن**: (نەگەڕان)

**گرز** / gorz ، ـها/:/اسم. *[قدیمی]* هـوویژی؛ زۆپە؛ گووزڕ؛ گوویزڕ؛ گورز؛ گۆر؛ گۆپاڵ؛ کۆپاڵ؛ کۆپار؛ گالوک؛ ئامرازێکی سەر ئەستووری دەسکدارە بۆ شەڕ.

▣ **گرز دیو** ☜ دودکش جن، **دودکش**

**گرزەپایی** / gorzepāyî/ ☜ **پاچنبری**

**گرسـنگی** / gorosnegî ، ـهـا/:/اسم. برسیەتی؛ برسێتی؛ برسیایەتی؛ برسیاتی؛ برچیتی؛ برچێتی؛ برچینی؛ ئاورایێ؛ نێزی؛ نێزاتی؛ هەورایێ؛ ئاورەی؛ ئاورای؛ وڕە؛ بار و دۆخی ورگ بەتاڵ بوون ‹از گرسنگی داشتم می‌مردم: لە برسیەتیدا خەریک بوو بمرم›.

▣ **گرسـنگی دادن**: برسی هێشتنەوە؛ ئاورای ئاستەیوە؛ نان پێنەدان ‹نامادری به آنها گرسنگی می‌داد: باوەژنەکەیان برسی دەیانهێشتەوە›.

**گرسنگی کشیدن**: برسیەتی‌کێشان؛ ئاورەی کێشتەی ‹بچەها به گرسنگی کشیدن عادت کرده بودند: منداڵەکان بە برسیەتی کێشان ڕاهاتبوون›.

**گرسـنه** / gorosne ، ـها/: ـگان/: *صفت.* برسی: ۱. برچی؛ نێز؛ هەورا؛ ئاورا؛ ئۆرا؛ وسنە؛ وسێ؛ ورسنی؛ ورسگ؛ گێست ‹نصف شب خیلی گرسنه‌ام شد: نیوە شەو زۆر برسیم بوو› ۲. *[کنایی]* زۆر ئاتاج و داماو. هەروەها: **گرسنه بودن؛ گرسنه شدن**

**گرسـنه‌چشـم** / gorosnečešm ، ـان/: *صفت. [مجازی، ادبی]* چاوبرسی؛ بەرچاوبرسی؛ چاوبرچی؛ چاوچنۆک؛ چاونەزێر؛ چەڵماس؛ لێشتۆک؛ تەماکار. هەروەها: **گرسنه‌چشمی**

**گرفـت** / gereft ، ـهـا/:/اسم. ڕەوتی گیران؛ کەوتنی تەنێکی ئاسمانی وەبەر سێبەری تەنێکیتر ‹گرفت ماه: مانگ گیران›.

▣ **گرفت خورشید**: ڕۆژ گیرسە؛ هەتاوگیران؛ خۆرگیران؛ ڕۆژگیران؛ ڕۆژیارگیریەی؛ ڕۆژ

خەیرین.
**گرفت ماه:** ماگیرسە؛ ماگرتە؛ مانگ‌گیران؛ گیرانی مانگ؛ هەیف خەیرین.
**گرفتار** / gereftār / ، ـهـا؛ ـان/: *صفت.* تووش؛ تووشیار؛ گیرۆدە؛ گراو: ۱. یەخسیر؛ ئەسیر؛ دیل؛ پێوەبوو ‹چند نفرمان گرفتار شدند بقیه فرار کردیم: چەند کەسمان یەخسیر بوون باقی هەلاتین› ۲. دوچار؛ گرفتار؛ پابەند؛ پابەن؛ ئەوگار؛ گیر ‹چند سال است گرفتار بیماری و خانەبەدوشی است: چەن سالێکە تووشی نەخۆشی و لانەوازیە› ۳. *[کنایی]* ئەویندار.
▣ **گرفتار بودن:** گرفتار بوون؛ گیرۆدە بوون؛ تووش بوون؛ حەوق بوون؛ حاوقان؛ گیرخواردن؛ گیروارەی. هەروەها: **گرفتار شدن؛ گرفتار کردن**
**گرفتاری** / gereftārī / ، ـهـا/: *اسم.* گیرۆدەیی؛ گراوی؛ مەرە: ۱. گیر و گرفت؛ گێرەوکێشە؛ بەدبەختی؛ ئەوەی دەبێتە هۆی ئازار و پەژارە (وەک نەخۆشی، هەژاری و...) ‹خودش کلّی گرفتاری دارد: بۆ خۆی زۆرێک گیر و گرفتی هەیە› ۲. تەنگانە؛ گیرۆیی؛ داف؛ دۆخی گران و ئازاردەر ‹در گرفتاری بە دادم رسید: لە تەنگانەدا گەیشتە فریام› ۳. یەخسیری؛ ئەسیری؛ دۆخی گیران؛ لە دەستدانی ئازادی و سوکنایی پێشوو ‹فعالیت‌های گذشته موجب گرفتاری او شد: چالاکی رابردووی بوو بە هۆی گیرانی›.
**گرفتگی**[1] / gereftegî ، ـهـا/: *اسم.* ۱. گیراوی؛ دۆخ یان چۆنیەتی بەستراو بوون و گیران ‹گرفتگی لولە: گیرانی لوولە› ۲. *[مجازی]* داگیراوی؛ پەشێوی؛ ماتی؛ خەمباری؛ خەمگینی؛ کزی ‹از گرفتگی قیافەاش معلوم بود مشکلی دارد: بە داگیراوی سەر و چاویدا دیار بوو گرفتێکی هەیە›.
**ـــ گرفتگی**[2]: *پیوازە.* ۱. داگیراوی؛ ژانەسەر، سەرگێژە و دڵ پێکداهاتن بە هۆی لە شوێنێکدا بوون (وەک ماشین، کەشتی، قەتار، فڕۆکە و ...)
۲. ـەنگازی؛ ـ نگازی؛ ئازاری لەش بە هۆی کار تێکردنی شتێک ‹گازگرفتگی: گازەنگازی›.
**گرفتن** / gereftan/: *مصدر. متعدی. لازم.* //**گرفتی:** گرتت؛ **می‌گیری:** دەگری؛ **بگیر:** بگرە// گرتن؛ گردن؛ هلانین؛ گرتەی؛ گێرتەی: □ *متعدی.* ۱. ئەستاندن؛ ستاندن؛ لێگرتن؛ لێسساندن؛ لێئەستاندن؛ لێستاندن؛ لێ سەندن/ سەنن؛ لێ گرتن؛ وەرگرتن ‹پول گرفتن: پارە وەرگرتن› ۲. گیریای؛ گێرتەیرە؛ بە دەست یان بە شتێک ڕاگرتن ‹در آغوش گرفتن: لە باوەش گرتن› ۳. دەست خستن ‹نوبت گرفتن: نۆرە گرتن› ٤. بەکرێگرتن ‹اتاق گرفتن: دیو گرتن› ٥. قۆڵبەستکردن ‹دزد گرفتن: دز گرتن› ٦. ڕاو کردن ‹ماهی گرفتن: ماسی گرتن› ۷. گەزەنگاز بوون ‹برق گرفتن: برق گرتن› ۸. کار تێکردن ‹چیزی چشم کسی را گرفتن: شتێک بەرچاوی کەسێک گرتن› ۹. بەستن و داپۆشان ‹سوراخ گرفتن: کون گرتن› ۱۰. لێساندن؛ لێئەستاندن؛ لێستاندن؛ پێکهێنان و دروست کردن ‹لقمه گرفتن: تیکە گرتن› ۱۱. هەڵسوکەوتکردن ‹سخت گرفتن: سەخت گرتن› ۱۲. پێوەندی دامەزراندن/ کران ‹تلویزیون گرفتن؛ شماره‌تلفن گرفتن: تلویزیون گرتن؛ ژمارەتەلەفون گرتن› ۱۳. تێگەیین؛ وەرگرتن؛ ‹حرف کسی را گرفتن: لە قسەی کەسێک تێگەیین› ۱٤. هەستاندن؛ بێبەشکردن؛ سەندن؛ سەنن؛ سانای؛ لێسەندن/ سەنن؛ لێساندن؛ لێئەستاندن؛ لێستاندن ‹دار و ندار کسی را گرفتن: دار و نەداری کەسێ گرتن› ۱۵. خستنە نێو چوارچێو و پۆشەنەوە ‹قاب گرفتن؛ دست شکسته را گچ گرفتن: لە قاپ گرتن؛ دەستی شکاو لە گەچ گرتن› ۱٦. دریژە دان؛ گرتنە بەر ‹دنباله‌ی حرف را گرفتن: شوێنی قسە گرتن› ۱۷. لە پێناوی کەسێکدا کارێ کردن ‹طرف کسی را گرفتن: لایەنی کەسێ گرتن› ۱۸. لە کێبەرکێ یان ڕەدووکەوتندا

www.perawipepwle.com



پێگەیشتن؛ گێرتەیوە؛ گرتنەوە ‹اسب‌سوار ماشین را گرفت: سوارەکە ماشینەکەی گرت› ۱۹. سرین؛ لێ‌کردنەوە ‹لکه گرفتن؛ گرد گرفتن: لەک گرتن؛ تۆز سرین› ۲۰. لێ‌گرتن؛ گرتنەوە؛ دەسنیشان‌کردن ‹عیب گرفتن؛ غلط گرفتن: عەیب لێ‌گرتن؛ هەڵە گرتنەوە› ۲۱. داگیرکردن ‹جا گرفتن: جێ‌گرتن› ۲۲. هەڵبژاردن؛ تەڵبژێن‌کردن ‹دوست گرفتن: دۆست هەڵبژاردن› ۲۳. *[مجازی، گفتاری]* کرین؛ سەندن/ سەنن؛ گرەوتش ‹از بازار چیزی گرفتن: لە بازار شتێک سەندن› ۲٤. دامەزراندن یان بۆ کارێ گرتن ‹به خدمت گرفتن؛ کارگر گرفتن: وە خزمەت گرتن؛ کرێکار گرتن› ۲۵. وەرگیران؛ ڕاگرتن بەبێ جوولە ‹در را برایش گرفتم که رد بشود: درگاکەم بۆ گرت بڕوا› ۲٦. دەرهێنانی ئاوی شتێک ‹روغن گرفتن؛ آب هندوانه گرفتن: ڕۆن گرتن؛ ئاوی شووتی گرتن› ۲۷. لێ کردنەوە و فڕێدان ‹ناخن گرفتن: نینۆک گرتن› ۲۸. بەرگرتن؛ بەرگری‌کردن ‹جلو رفت‌وآمد را گرفتن: بەر بە هاتوچۆ گرتن› ۲۹. دانان؛ زانین؛ واگرتن ‹دست‌کم گرفتن: به کەم دانان› ۳۰. ڕێوڕەسمێک بەڕێوە بردن ‹روزه گرفتن: ڕۆژوو گرتن› ۳۱. *[گفتاری]* گالتە پێ کردن ‹تو هم مرا گرفته‌ای: ئەتۆش گالتەم پێ دەکەی› ۳۲. تێ‌گرتن؛ دانەبەر؛ ئەنەگێرتەی ‹به سنگ گرفتن: بەرد تێ‌گرتن› □ *لازم.* ۳۳. دێران؛ دارەی؛ جێ بوونەوە ‹این قوری چهار استکان می‌گیرد: ئەم قۆریە چوار پیالە دەگرێ› ۳٤. دادان؛ دەس پێکردن؛ گێرتەینە ‹باران گرفتن: باران دەس پێکردن› ۳۵. به بار و دۆخێکدا کەوتن؛ درۆسەی ‹آرام گرفتن: ئارام گرتن› ۳٦. تووشی نەخۆشی بوون ‹آبله گرفتن: ئاوڵە گرتن› ۳۷. ڕیشەدان و گەشەکردن؛ بوون ‹درختی که قلمه زده بودی، گرفت: ئەو دارەی قەڵەمەت کردبوو، گرتی› ۳۸. گیران؛ بەسرانی لووله ‹گرفتن لوله: بەسرانی لووله› ۳۹. گیران؛ گیریەی (بۆ خۆر و مانگ) ‹خورشید گرفتن: خۆر گیران› ٤۰. گیران؛ گیریەی؛ کاری ئاسایی خۆ لە دەست دان ‹گرفتن صدا: دەنگ گیران› ٤۱. گیران؛ داگیران؛ ئەرەگیریەی؛ خەمبار و ناڕەحەت بوون ‹دل کسی گرفتن: دڵی کەسێک گیران› ٤۲. گیران؛ داتەمان؛ هەورکردن ‹گرفتن هوا: هەوا گیران› ٤۳. هاتن؛ داگرتن ‹بازی کردنش گرفت: کایەی هات› ٤٤. سەرکەوتن؛ بۆ گرتن ‹کارش گرفت: کارەکەی گرتی› ٤۵. کرداری هاوکرد: *الف:* (بۆ جەخت) ‹بگیر بخواب!: زووکە بنوو!› *ب:* (بۆ پێوان) ‹اندازه گرفتن: ئەندازە گرتن›.

هەروەها: **گرفتنی**

■ صفت فاعلی: **گیرنده** (ـ)/ صفت مفعولی: **گرفته** (گیراو)/ مصدر منفی: **نگرفتن** (نەگرتن)

**گرفت و گیر** / gereft-o-gîr، ـهـا/: *اسم.* ۱. بگر- بگر؛ بگرە- بگرە؛ بگرە و بەردە؛ کار یان ڕەوتی گیران یان بەندکردنی کۆمەڵێک ‹بعد از کودتا گرفت و گیر شروع شد: دوای کوودەتا بگر ـ بگر دەستی پێکرد› ۲. *[کنایی]* گیر و گرفت؛ بار و دۆخێکی گران و پڕمەترسی ‹در این گرفت و گیر نباید کاری بکنی: لەم گیر و گرفتەدا نابێ کارێ بکەی›.

**گرفته** / gerefte/: *صفت.* داگیراو: ۱. خەمبار؛ خەمین؛ ئەرەگیریا ‹قیافه‌ی گرفته: ڕوالەتی داگیراو› ۲. *[هواشناسی]* هەوری؛ هەور و هەڵا؛ نەساو؛ تەمبار؛ تەمگرتوو ‹هوای گرفته: هەوای هەوری›.

**گرگ** / gorg/: *اسم.* گورگ؛ گور: ۱. *[نجوم]* وێنەیەکی ئاسمانی لە لەتەگۆی باکووردا: **سَبُع** ۲. /ـها/ ـان/ گوری؛ وەرگ؛ ڤەرک؛ ڤەرق شینۆ؛ گیانەوەری گواندارِی سەگ‌ئاسا به گوێی چکۆله و کلکی دڕێژ و دەست و پێی بەرز و شاویلکەی زۆر به قەوەتەوە که دڕندەیە و گۆشت دەخوا، ڕەنگی سپی، خۆڵەمێشی، خورمایی و ڕەشی هەیە ۳. *[مجازی]* گول؛ کەسێ که له بڕێ کایەی منداڵانەدا دەبێ بگەڕێ باقی بدۆزێتەوە و

بیانگریٔ.

▣ **گرگ باران‌دیده:** گورگی ڕاو دیده؛ سارد و گەرمی ڕۆژگار چێشتوو ‹او طوری نمی‌شود کرک باران‌دیده است: هیچی پێ نایێ گورگی راو دیده‌یه›. تیبینی: لەم دەستە واژەدا «گرگ بالان‌دیده» دروستە، «بالان» بە مانای تەڵە، داو، فاق. یانی گورگێک کە ئەزموونی بە تەڵەوە بوونی هەبووبێ و خەڵەستبێ، دەنا هەموو گورگێک بەفر و باران هەر دەبینێ!

**گرگ پیر:** *[کنایی]* کۆنە گورگ؛ کۆنە سەگ؛ پیرەمێردی وریا و فێڵباز.

**گرگ تیرخورده:** *[کنایی]* ماری زامدار؛ بەرازی غەزریو؛ هەشێ پێکەی؛ کەسی بە ئاکام نەگەیشتووی تووڕە ‹حالا او مثل کرک تیرخورده خطرناک است: ئێستە وەک ماری زامدار بڤەیە›.

**گرگ دهن آلوده و یوسف ندریده:** *[کنایی]* چێشتی نەخوارو و دەمی سووتاو؛ ماچی نەکریا و زەنگی زڕیا؛ تاوانبارکراوی بە ناحەق.

**گرگرفتگی** / gorgereftegî ، ـهـا/: [از کردی/ فارسی]/*اسم.* داگیرساوی؛ گرگرتوویی؛ داگرسیاگی؛ هەست بە گەرمایەکی زۆر لە لەشدا کە کوتوپڕ دێ و دەڕوا.

**گرگ‌سگ** / gorgsag ، ـان/: *اسم. [قدیمی]* گورگەمێش؛ سەگی بە ڕەگەز گورگ یان وەکوو گورگ.

**گرگم‌به‌هوا** / gorgambehavā/: [فارسی/ عربی] *اسم.* گوری‌ـگوری؛ حەمەگورگێ؛ گەمەیەکی منداڵانەیە، یەکێ دەبێتە گورگ ئەوانی‌تر بگرێ، هەر کەس گیرا ئەو دەبێ بە گورگ.

**گرگم‌وگله‌می‌برم** / gorgamogallemîbaram/: *اسم.* گورگ و شوان؛ گەمەیەکی منداڵانە کە دوو کەسی گەورەتر یان یەکێ دەبێتە گورگ و یەکێتر دەبێتە شوان و ئەوانی‌تر (منداڵان) دەبنە ڕان، گورگ پەلاماری ڕان دەدا و شوان بەری پێدەگرێ و ناهێڵێ ببا.

**گرگ ومیش** / gorg-o-mîš/ ☜ هوای گرگ و میش، **هوا**

**گرگی** / gorgî/: *صفت.* گورگی؛ وەکوو گورگ ‹سگ گرگی: سەگی گورگی›.

**گرل‌فرند** / gerlf(e)rend ، ـهـا/: [انگلیسی]/*اسم.* قل؛ دۆس؛ کچەدۆس؛ دۆستی کچ (بۆ کوڕ).

**گرم** / garm/: *صفت.* گەرم: ۱. بەتین؛ بە هۆی خۆر، ئاور یان کارەباوە تین گرتوو ‹اتاق گرم: دیوی گەرم› ۲. گەرمکەرەوە ‹لباس گرم: جلی گەرم› ۳. *[مجازی]* بەتین؛ گەرم و گۆڕ؛ زۆر گەرم و نزیک ‹رابطه‌ی گرم: پێوەندی گەرم و گۆڕ› ٤. *[مجازی]* بەتین؛ دڵگر؛ نەرم؛ دڵنشین ‹صدای گرم: دەنگی گەرم› ٥. *[مجازی]* بەتین و تاو ‹بازار گرم: بازاڕی گەرم› ٦. بە تینێکی زیاتر لە ڕادەی ئاسایی ‹هوای گرم: هەوای گەرم›.

▣ **گرم بودن:** *[گفتاری]* گەرما بوون؛ گەرم بوون/ بیەی ‹گرمم بود لباسم را درآوردم: گەرمم بوو جلەکانم دەرهێنا›.

**گرم شدن:** ۱. گەرم بوون؛ گەرمەو بوون؛ گەرمەوە بیەی ‹اتاق گرم شد: هۆدەکە گەرم بوو› ۲. *[کنایی]* گەرم داهاتن؛ تین تێگەڕان؛ گەرم بیەی؛ گەرم ڕاهاتن ‹بعد از یک ساعت وراجی تازه گرم شده: دوای ساعەتێک چەنە دان تازە گەرم داهاتووە› ۳. گەرما بوون؛ گەرم بیەیوە؛ هەست بە گەرما کردن ‹گرمش شد: گەرمی بوو›.

**گرم کاری بودن:** خەریک کارێک بوون؛ سەرقاڵی کارێ بوون؛ سەرگەرمی کارێک بوون ‹گرم تماشای تلویزیون بودیم: خەریک تەماشای تەلەڤزیون بووین›.

**گرم کردن:** گەرم‌کردن/ کردنەوە؛ گەرماندن؛ گەرمەوەکەردەی ‹اتاق را گرم کرد: هۆدەکەی گەرم کرد›.

**گرم گرفتن:** *[مجازی]* گەرم‌گرتن/ کردن؛ تێکەڵ بوون ‹با من خیلی گرم گرفت: لەگەڵمدا

زۆر گەرمی گرت).

**گـرم** / g(e)ram ، ـهـا/: [فرانسوی]/سم. گـرەم: ۱. یەکـەی کـێش بەرامبـەر بـە ۰،۰۰۱ی کیلـۆگرەم ۲. *[فیزیک]* یەکـەی جـرم (مـاکی پێکهێنەری هەر شتێک).

**گـرم** / gorm/: *اسم. [گفتاری]* گرە؛ گرێ؛ گروزین؛ لکە؛ فکلە؛ گومتیل؛ هەڵتۆقاوی ماسوولکە ‹گـرم بازو: گرەی باسک›.

**گـرما** / garmā/: *اسم.* گەرما؛ گێرما؛ وەشت؛ تین؛ تـینی؛ تـاو: ۱. گـەرمن؛ گێـر؛ گـڕە؛ تـینی زۆر ۲. گەرما و تینی زۆرتر لـە ڕادەی ئاسـایی یـان دڵخواز ۳. گەرمەوزە؛ گەرمەوەزە؛ تینێکی زێـدە کە دەبێتە هۆی گەرم بوون، توانەوە، هەڵم‌کردن یان کێش هاتنی شتومەک ٤. *[ئیمی ـ فیزیک]* تین و تا؛ جۆرێ وزەی پرشنگی.

▣ **گرمای اتمی:** *[ئیمی ـ فیزیک]* تـینی ئـەتومی؛ گەرمی ئـەتومی؛ ئـەنجامی لێکـدانی کێشـی ئەتومی توخمێک لە گەرمی تایبەتی خۆیـدا: **حرارت اتمی**

**گرمای احتراق** ☜ **گرمای سوخت**

**گرمای انحلال:** تینی توانـەوە؛ ڕادەی تینێـک کـە یـەک مولکـوول‌گرەمـی ماکێـک کـاتی توانەوە لە ئاودا دەیگرێ یـان دەیداتـە دواوە: **حرارت انحلال**

**گرمـای تابشـی:** تـینی تابشـت؛ تینێـک کـە شەبەنگی نادیاری خواری سوور بەدی دێنـێ: **حرارت تابشی**

**گرمای تشکیل:** تینی بەرهەم‌هاتن؛ گەرماییک کە کاتی بەرهەم هاتنی ماکێک لە تێک‌ئالانی توخمە سەرەتاییەکانیدا بەدی دێ یان دەکار دەچێ: **حرارت تشکیل**

**گرمای تموز:** قرچەی هاوین؛ چلەی تاوسـان؛ گەرمـەوەزە؛ گەرمـەوزە؛ جەنگـەی گـەرمای هاوین.

**گرمای ذوب:** تینی توانەوە؛ هەنـدی گـەرمای پێویست بۆ توانەوەی تەنێک: **حرارت ذوب**

**گرمـای سـوخت:** تـینی سـووتان؛ ڕادەی گـەرمای بـەدیهاتوو لـە سـووتانی یـەکجاری یەک مولکوول‌گرەمی ماکێک: **گرمای احتراق؛ حرارت احتراق؛ حرارت سوخت**

**گرمای مخصوص** ☜ **گرمای ویژه**

**گرمـای ملکـولی:** *[ئیمی ـ فیزیک]* گـەرمی مولکـوولی؛ ئـەنجامی لێکـدانی کێشـی مولکووڵی تەنێ لێکدراو لە گـەرمای تایبـەتی خۆیدا: **حرارت ملکولی**

**گرمای ویژه:** *[ئیمی ـ فیزیک]* تـینی تایبـەت؛ ئەو ڕادە لە تین و تا کە دەبـێ بگیرێتـە سـەر یـەک گرەمـی ماکێـک بـۆ ئـەوەی یـەک دەرەجەی سانتیگراد گەرمتر بێتەوە: **گرمـای مخصوص؛ حرارت مخصوص**

**گرمانی** / garmā'î/ ☜ **گرمایی**

**گرمـابر** / garmābar/: *صفت.* گەرمابـەر؛ بـە تایبەتمەنـدی بـردن و ڕاگـوێزانی گـەرماوە. بەرانبەر: **گرمابند**

**گرمـابرق** / garmābarq/: [فارسـی/ عربـی]/سـم. گەرمابەرق؛ کارەبای بەدیهاتوو لە تین و تا.

**گرمـابری** / garmābarî/: *اسم.* گەرمابـەری؛ چۆنیـەتی گوزانـەوەی گـەرما، خازمـا تایبەتمەندییک کە لە بڕێ تەندا هەیە. بەرانبەر: **گرمابندی**

**گرمابنـد** / garmāband/: *صفت.* گـەرماگر؛ بـە تایبەتمەنـدی یـان توانسـتی بـەرگری لـە دزە کردنی گەرما. بەرانبەر: **گرمابر**

**گرمابندی** / garmābandî/: *اسم.* گەرماگری؛ کار یان ڕەوتی بەرگری‌کردن لە دزە کـردنی گـەرما لە تەنێکەوە بۆ تەنێکی‌تر. بەرانبەر: **گرمابری**

**گرمابـه** / garmābe ، ـهـا/: *اسم. [ادبی]* گـەرماو؛ گەرماوە؛ گەرماگە؛ گەرماف؛ سەرشۆک؛ حەمام؛ شوێنی خۆ شۆردن، بەتایبەت حەمامی گشتی.

▣ **گرمابـەی طبیعـی:** گەرمکـە؛ گـەرماوی

سروشتی؛ شوینی کە ئاوەکەی بە شێوەی سروشتی گەرمە.

**گرمابەدار** / garmābedār / ـهـا: ـان/: *اسم.* گەرماوەڤان؛ حەمامچی؛ خاوەن حەمام. هەروەها: **گرمابەداری**

**گرمادرمانی** / garmādarmānî/: *اسم. [پزشکی]* گەرمادەرمانی؛ کار و ڕەوتی کەلک وەرگرتن لە گەرما بۆ دەرمان.

**گرمادوست** / garmādûst/: *صفت. [زیست‌شناسی]* گەرماواز؛ بە تایبەتمەندی ڕوان و گەشەکردن لە ئاقاری گەرمدا.

**گرمازا** / garmāzā/: *صفت.* گەرمادەر؛ بە توانایی بەدیهێنانی گەرما.

**گرمازایی** / garmāzāyî/: *اسم.* گەرمادەری؛ دۆخ یان چۆناوچۆنی بەدیهێنانی گەرما.

**گرمازدگی** / garmāzadegî ، ـهـا/: *اسم.* گەرماژۆیی؛ گەرماگەزی؛ گەرمابردوویی؛ گەمابردەیی؛ بار و دۆخی بوورانەوە، ڕشانەوە، بێحالی و ئارەق دەردانی لەڕادەبەدەر بە هۆی مانەوە لە شوێنی گەرمدا ‹در خانقین چندین نفر دچار کرمازدگی شدند: لە خانەقیندا چەن‌کەس تووشی کەرماژۆیی بوون›.

**گرمازده** / garmāzade ، ـهـا: ـگان/: *صفت.* گەرماژۆ؛ گەرماگەز؛ گەرمابردە؛ شەرابردە؛ شەرابردوو ‹کرمازده شده بودم، حالم خیلی بد بود: کەرماژۆ ببووم حالم شڕ بوو›.

▣ **گرمازده شدن**: گەرمخان؛ داهێزان؛ گەرمخین؛ گەرما بردن؛ گەرماژۆ بوون؛ نەخۆش کەوتن لە بەر گەرمان.

**گرماسخت** / garmāsaxt/: *صفت.* گەرماسەخت؛ نەگۆڕ لە بەر گەرما. بەرانبەر: **گرمانرم**

**گرماسنج** / garmāsanc ، ـهـا/: *اسم.* گەرماپێو؛ گەرماژمێر؛ کەرەستەی ئەندازەگرتنی گەرما.

**گرماشیمی** / garmāšîmî/: [فارسی/ فرانسوی]/*اسم.* لقێک لە زانستی کیمیا کە لە سەر پێوەندی نێوان گەرما و کاردانەوەگەلی کیمیایی دەکۆڵێتەوە.

**گرماگرم** / garmāgarm/: *اسم.* گەرماوگەرم؛ گەرمای گەرم؛ گەرمەگەرم؛ کەلاکەل؛ کەلدایا؛ کولەکول؛ قرچە؛ گەرمە؛ جەنگە ‹در گرماگرم کار: لە گەرماوگەرمی کاردا›.

**گرماگیر** / garmāgîr/: *صفت.* گەرماگر: ۱. بە تایبەتمەندی ساردکردنەوەی شوێنێک بە هۆی گرتنی تینی ئەو شوێنە ۲. خاوەن تایبەتمەندی گەرم بوونەوە بە گرتنی تین لە دەور و بەری خۆی. هەروەها: **گرماگیری**

**گرمانرم** / garmānarm/: *صفت.* گەرمانەرم؛ نەرم و فل لە بەر گەرما. بەرانبەر: **گرماسخت**

**گرمایش** / garmāyeš/: *اسم.* گەرماسازی؛ کار و ڕەوتی بەدیهێنانی گەرما.

**گرمایشی** / garmāyešî/: *صفت.* پێوەندیدار بە گەرماسازیەوە.

**گرمایی** / garmāyî ، ـهـا/: *صفت. [گفتاری]* گەرمایی؛ گەرمن؛ لاواز و بەرگەنەگر لە بەر گەرما. هەروەها: **گرمائی**

**گرمب** / goromb/: *صوت.* گرمب؛ گرم؛ زرم؛ زرمە؛ گرمە؛ دەنگی کەوتنی شتی زل و نەرم.

**گرمبیدن** / gorombîdan/ ☜ **گرنبیدن**

**گرمخانه** / garmxāne ، ـهـا/: *اسم.* گەرمخانە؛ مالی لە شووشە کە گەرما و شێ و هەوای لە ڕادەی پێویستی تێدا ڕاگیراوە بۆ بەخێوکردنی گوڵ و گیا.

**گرمرو** / garmrû ، ـیان/: *صفت. [مجازی، ادبی]* ڕووگەش؛ خۆشڕوو؛ ڕووخۆش؛ ڕووخوەش؛ ناوچاوڕۆشن؛ خاوەن خۆ و ئاکاری دۆستانە.

**گرمرویی** / garmrûyî ، ـهـا/: *اسم. [مجازی، ادبی]* خۆشڕوویی؛ ڕووگەشی؛ ڕووخۆشی؛ ڕووخوەشی؛ ناوچاوڕۆشنی؛ هەڵسوکەوتی جوان و ڕێزگرانە لەگەڵ خەڵکدا.

**گرمسیر** / garmsîr/: *اسم.* گەرمیان؛ گەرمێن؛

گەرمسێر؛ گەرمەسێر؛ گەرمانی؛ گەرمۆک؛ ولاتێ کە تینی ڕۆژی ژوورتر لە ۴۰° دەڕوا ‹پرندگان به گرمسیر کوچ کردند: پەلەوەرەکان بەرەو گەرمیان بوونەوە›.

**گرمسیری** / garmsîrî/: *صفت.* گەرمەسێری؛ گەرمیانی؛ گەرمێنی؛ سەربە گەرمانی ‹هوای گرمسیری: هەوای گەرمەسێری›.

**گرمک** / garmak ، ـها/:/سم. گڕکە؛ گڕکەگ؛ گەرمک؛ حەنجۆر؛ خرچەی خڕی لاقووپاو کە گۆشتەکەی ئاودار و هێندێک شیرینە.

**گرمکره** / garmkore/: [فارسی/ عربی]/سم. بەشێک لە کەشی زەوی لە ۸۰ کیلۆمیتر بەرەوبان، کە هەر چی بڕوا گەرمتر دەبێ: **دماسپهر؛ دماکره**

**گرمکن** / garmkon ، ـها/:/سم. ۱. گەرمکەرەوە؛ تینبەخش ۲. جلی کێشبافی گەرم کە بۆ وەرزش یان لە سەرمادا، لە ژێر جلی‌تر‌ەوە دەبەری دەکەن.

**گرم و سرد** / garm-o-sard/ ☜ **سرد و گرم**

**گرم و نرم** / garm-o-narm/: *صفت. [گفتاری]* گەرم و نەرم؛ دڵبزوێن؛ لەبار و خۆش بۆ لەش ‹جای گرم و نرم: جێگەی گەرم و نەرم›.

**گرمی** / garmî/:/سم. گەرمی: ۱. گەرما؛ گەرمایی؛ گەرمێتی؛ گەرماهی؛ گڕ؛ دۆخ یان چۆنیەتی گەرم بوون ‹گرمی هوا: گەرمای هەوا› ۲. *[مجازی]* دۆستی و میر و چێری ‹مرا با گرمی پذیرفت: بە گەرمی گلمی‌داوە› ۳. *[مجازی]* بەرەو؛ ڕەونەق ‹گرمی بازار: گەرمی بازار› ۴. بیر و بۆچوونی کۆن سەبارەت بە تایبەتمەندی بڕێ لە خواردەمەنی و خواردنەوە کە دەبێتە هۆی زۆر بوونەوەی گەرمی لەش، دەرهاتنی جۆش و کوان و بڕێک نەخۆشی‌تر ‹گفتم این‌قدر گرمی نخور!: گوتم هێندە گەرمی مەخۆ!›. هەروەها:

**گرمی شدن؛ گرمی کردن**

▣ گرمی بازار: *[مجازی]* گەرمی بازار؛ بەرەوی بازار؛ ڕەونەقی بازار ‹سرما باعث گرمی بازار بخاری‌فروش‌ها شده است: سەرما بووەتە هۆی گەرمی بازاری کوورەفرۆشان›.

▣ **گرمی بخشیدن:** *[مجازی]* گەرم‌کردن؛ گەرمی پێدان؛ گەرمی دان ‹آمدن شما به مجلس ما گرمی بخشید: هاتنتان کۆڕەکەمانی گەرم کرد›.

**گرنبیدن** / gorombîdan, goronbîdan/ ☜ **غُرُمبیدَن: گرمبیدن**

**گرو** / :gerow, gero/:/سم. گرێو؛ گرەو؛ گرەوی؛ گراف: ۱. شتێکی بەنرخ کە بۆ دەستەبەری دانەوەی وام، بە لای وامدەرەوە دەمێنێ ۲. بارمتە؛ ئەوی بۆ دڵنیایی لە بەڕێوە بردنی بڕیار، دادەنرێ.

▣ **گرو کشیدن** ☜ **گروکشی**

**گرو گذاشتن:** لە گرێو دانان؛ دە گرێو نان؛ نانە گرێو؛ گرەوی دانان؛ نیاینە گرەو؛ ئەنەگرەو نیەی؛ دانانی شتێک بۆ دەستەبەری دانەوەی وام یان بەڕێوە بردنی بڕیارێک ‹ساعتم را پیشش گرو گذاشتم: سەعاتەکەم لە لایەوە بەگرێو دانا›.

**گرو گرفتن:** گرتنە گرۆ؛ بارمتە گرتن؛ گرەوی سەندن ‹شناسنامه‌اش را گرو گرفتم: پێناسەکەیم گرتە گرو›.

**از گرو درآوردن:** لە بارمتە دەرهێنان؛ لە گرەو دەرهاوردن؛ لە گرەوی سەندنەوە؛ گرەوەنە ناسەی ‹پولش را دادم و ساعتم را از گرو درآوردم: پارەکەیم داوە و سەعاتەکەم لە بارمتە دەرهێنا›.

**به گرو رفتن:** چوونە گرۆ؛ بە گرۆ چوون؛ نریانە گرەو؛ دانرانە گرەوی ‹همه‌ی اثاث خانه به گرو بانک رفته بود: هەموو کەل‌وپەلی ناومال چبووە گروی بانکەوە›.

**در گرو بودن:** لە گرۆدا بوون؛ لە بارمتەدا بوون؛ ئەنە گرەو بیەی؛ بیەی گرەوەنە: ۱. بۆ دەستەبەری بەڵێنێک بە دەستی کەسێکەوە بوون ۲. پێوە بەسران؛ بەندیوار بە کار یان

www.perawipepwle.com



ڕووداوێکی‌تر بوون ‹پایان جنگ در کرو پیروزی است: کۆتایی شەڕ لە گروی سەرکەوتندایە›.

**گروکشی** / -gerowkešî,gero:/ *سم.* گرۆکێشی؛ کارەڕەهاتی سەربادان لە خواستی کەسێک (وەکوو دانەوەی شتێ کە هی ئەوە یان کردنی کارێ کە داخوازیەتی) بۆ بە زۆر پێکردنی کارێکی تایبەت ‹عمویت دارد گروکشی می‌کند و تا زمین را از ما نخرد راضی به ازدواج دخترش نمی‌شود: مامت خەریکە گروکێشی دەکا و تا زەویەکەمان لێ نەکڕێ کچەکەی پێمان نادا›.

**گروگان** / gerowgān, gero:gān /:/*سم.* بارمتە؛ گرۆوان: ۱. *[ادبی]* گرۆ؛ گرێو؛ گرۆ؛ گرەوی؛ ئەو شتە لە گرێوی دەنێن ۲. /ـها/ گیرۆ؛ کەسێ کە بۆ بەڕێوە چوونی کارێکی تایبەت، دیل دەکرێ و بەر هەڕەشە دەکەوێ ‹سارقان، رئیس بانک را به گروگان گرفتند: دزەکان بەرپرسی بانکیان بە بارمتە گرت› ۳. /ـها/ *[قدیمی]* ئەوەی بۆ دەستەبەری بەڵێنی کەس یان گرووپێک، بە لای کەس یان گرۆیەکی‌ترەوە دەمێنێتەوە.

▣ **گروگان گرفتن**: گرتنە بارمتە: ۱. کەسێک وەکوو بارمتە یەخسیرکردن ۲. شتێک بە بارمتەگرتن.

**گروگانگیری** / gerowgāngîrî, gero:gān- /، ـها/:/*سم.* گرۆگیری؛ بارمتەگری؛ کار و ڕەوتی بارمتەگرتن /‹هواپیماربایی و گروگانگیری از پدیده‌های زشت عصر ماست: فڕۆکەڕفێنی و بارمتەگری لە دیاردە ناشیرینەکانی سەردەمی ئێمەیە›.

**گروگذار** / gerowgozār, gero:- /، ـها؛ ـان/:/*سم.* گرۆدانەر؛ بارمتەدانەر؛ کەسێ کە بۆ گرتنی قەرز شتێک بە بارمتە دادەنێ.

**گروگر** / gorr-o-gor/: [از کردی] *قید. [گفتاری]* ۱. گورایگور؛ تون ــ تون؛ بە تونـد و تێژی و تین‌وتا ‹گر و گر می‌سوخت: گورایگور دەسووتا› ۲. پەسایپەس؛ پەیتاـپەیتا؛ هەیتاـ هەیتا؛ جار لە دوو جار؛ لەسەریەک ‹گروگر پول خرج می‌کرد: پەسایپەس پوولی خەرج دەکرد›.

**گروگوری** / gar-o-gûrî/: *صفت. [گفتاری]* گەڕوگول؛ گەڕۆڵ؛ خاوەن ڕوخسارێکی ناشیرین و خراپ (وەکوو کەچەڵی و جێزام لە دەموچاو) ‹این خواستگارهای گروگوری را نفرست سراغ ما: ئەم داواکارە گەڕوگولانە مەنێرە سەرمان›.

**گروگیر** / gerowgîr, gero:- ، ـها؛ ـان/:/*سم.* گرەوگر؛ بارمتەگر؛ ئەوەی بۆ قەرز پێدان، شتێک بە گرێو دەستێنێ.

**گروه** / gurûh, gorûh ، ـها/:/*سم.* گرۆ؛ گرۆپ؛ گەل: ۱. قافڵە؛ دەستە؛ کۆمەڵ؛ تیپ؛ پۆل؛ گۆل؛ چین؛ جوق؛ کەرتکە؛ جەلەب؛ قەلغە؛ ڕەڤ؛ کۆمەڵێ لە چەند شتی هاوجۆر بەتایبەت کۆمەڵێک لە چەند گیاندار ‹گروه مورچگان؛ گروه هواپیماها: گرۆی مێروولە؛ گرۆپی فڕۆکە› ۲. تاقم؛ بڕ؛ چەن کەس کە لە شوێنێکدا پێکەوەن یان پێکەوە پێوەندیەکی پتەویان هەیە ‹گروه ورزشی؛ گروه سیاسی: گرۆی وەرزشی؛ گرۆپی ڕامیاری›.

▣ **گروه آموزشی**: گرۆی فێرکاری؛ بەشێک لە زانکۆ یان خوێندنگەی بالا بۆ وتنەوەی ڕشتەیەکی تایبەت ‹گروه آموزشی دانشکده‌ی ادبیات: گرۆی فێرکاری زانکۆی وێژە و ئەدەب›.

**گروه پژوهشی**: گرۆی تۆژینەوە؛ گرۆی لێکۆڵینەوە؛ بەشی لێکۆڵینەوە؛ بەشێک لە زانکۆ یان دامەزراوەیەکی تۆژکاری بۆ لە سەر چوون و لێکۆڵینەوەی لە پەستا و ئارمانجدار.

**گروه خون**: گرۆی خوێن؛ دەستەی خوێن؛ ڕاستەی خوێن؛ جۆر و تایبەتمەندی گلوبوولەکانی خوێنی مرۆڤ و بڕێ ئاژەڵ کە دەکرێنە چواربەشی O,AB,B,A (یان سیفر).

**گروه فشار**: *[سیاست]* گرۆی گوشار؛ دەستەیێ کە بۆ گوشار خستنە سەر دەوڵەت یا نەیارانی سیاسی (لە ڕێی بوختان، خۆپیشاندان، هێرشی چەکدارانە و...) پێک دێت.

**گروهان** / gurûhān, gorûhān ، ـها/:/*سم.*

گرووهان؛ یەکەی هێزی چەکداری بریتی لە چەن دەستە، بچووک‌تر لە گوردان.

**گروهبان** / gurûhbān, gorûhbān ، ـها؛ ـان/: /سم. گرووبان؛ کەسێ کە پلەی گرووبانی هەیە.

▣ **گروهبان دوم**: دوخەت؛ دوحێت؛ گرووبان دووهەم؛ کەسێ کە پلەی بانتر لە گرووبان سێهەم و خوارتر لە گرووبان یەکەمە.

**گروهبان سوم**: یەکخەت؛ یەکحێت؛ گرووبان سێهەم؛ کەسێ کە خوارترین پلەی گرووبانی هەیە.

**گروهبان یکم**: سێخەت؛ سێحێت؛ گرووبان یەکەم؛ سەرگرووبان؛ کەسێ کە بانترین پلەی گرووبانی هەیە.

**گروهبانی** / gurûhbānî, gorûhbānî/:/سم. گرووبانی؛ هێزی چەکداری پلە خوارتر لە ئێستواری.

**گروهبندی** / gurûhbandî, gorûhbandî ، ـها/: /سم. دەستەبەندی؛ گرۆبەندی: ۱. کار و رەوتی بەش بوون یان بەش‌کردن بە دەستە و گرۆ ۲. چۆنیەتی دابەش بوون یا دابەش‌کردنی دەستە و شێوازی دانانیان.

**گروهزی** / gurûhzî, gorûhzî ، ـان/: صفت. گرۆژی؛ کۆمەڵژی؛ خاوەن ژیانی دەستەیی. بەرانبەر: **تکزی** ‹جانور گروهزی: گیانداری گرۆژی›.

**گروهک** / gurûhak, gorûhak ، ـها/:/سم. [تعریض] گرۆهەک؛ گرووهەک؛ پارت یان گرۆپێکی ڕامیاری بچووک و بێبایەخ.

**گروهکی** / gurûhakî, gorûhakî/: صفت. گرۆهەکی: ۱. سەر بە گرووهەک ۲. ـها/ ئەندام یان لایەنگری گرۆیەکی بچووک و بێ بایەخ.

**گروه‌گرایی** / gurûhgerāyî, gorûhgarāyî ، ـها/:/سم. دەستەوگری؛ دەستەخوازی؛ خوازیاری داهێنانی دەستەیەکی تازە یان هاوڕێ بوون لەگەڵ گرۆیەک.

**گروهی**[1] / gurûhî, gorûhî/:/سم. گرۆیی؛ دەستەیی؛ کۆمەڵی؛ تاقمی؛ سەر بە گرۆ ‹منافع گروهی: قازانجی گرۆیی›.

**گروهی**[2]: قید. گرۆیی؛ بە دەستە؛ بە کۆمەڵ؛ گوردم‌گوردی؛ بە شێوەی گرۆ ‹بچەها گروهی رفتند پیش مدیر: منداڵەکان گرۆیی چوون بۆ لای بەڕێوەبەر›.

**گروی** / gerovî/:/سم. بەبارمتە؛ گرەوینە؛ گرەوەک؛ ئەوەی لە گرێوی شتێکدا گل دەدرێتەوە ‹شناسنامه را گروی نگهداشت: پێناسەکەی بەبارمتە هەڵگرت›: **گرویی**

**گرویدن** / geravîdan/: مصدر. لازم. // **گرویدی**: پرەنگیت؛ **می‌گروی**: دەپرەنگی؛ **بگرا**: بپرەنگە // پرەنگین؛ ڕاهاتن: ۱. بڕوا/ باوەڕ (پێ)هێنان؛ پاڵدان؛ بڕوا کردن؛ گرتنە بەر؛ ئیمان هاوردن؛ شوێنی بڕوا یان دینێک کەوتن ‹به اسلام گرویدن: بە ئیسلام بڕوا هینان› ۲. ئۆگر/ هۆگر بوون؛ خوو پێگرتن؛ هۆگرتن؛ دڵ پێوە بوون یان ئۆگرەتی بە ئاکارێک * **گراییدن**. هەروەها: **گرویدنی**

■ صفت فاعلی: **گرونده** (ـ)/ صفت مفعولی: **گرویده** (پرەنگاو)/ مصدر منفی: **نگرویدن** (نەپرەنگین)

**گرویی** / geroyî/ ☜ **گروی**

**گره** / gere(h) ، ـها/:/سم. گرێ: ۱. بەند؛ خەربۆک؛ قەرقەف؛ چۆنیەتی ئاڵۆز بوون و قەمچ خواردن و لێکگیرانی یەک یان چەند هەودا پێکەوە ‹گره زدن: گری دان› ۲. لک؛ لکە؛ بەند؛ گرێک؛ سوو؛ چووکل؛ گرە؛ هەڵتۆقانی وا بەدیهاتوو ‹گره‌ی نخ: گرێی بەن› ۳. [مجازی] گیر؛ گرفت؛ گیر و گرفت؛ پەتەر؛ تەگەر؛ تەگەرە؛ گریشە؛ ئەوەی ئەستەم ڕێبەڕێ دەبێ ‹گره کار: گیری کار› ٤. گرە؛ یەکەی دریژایی لە دەریا بەرامبەر بە یەک میلی دەریایی ‹گره دریایی: گرەی دەریایی› ٥. [گیاەشناسی] لک؛ لکە؛ گچ؛ شوێنی دەرهاتنی لق لە کۆتەی دار ٦. [گیاەشناسی] گۆ؛ گۆپکە؛ شوێنی شین بوونی گەلا لە سەر لقی دار ۷. [کالبدشناسی] لک؛ لکە؛

تۆپەڵەی تۆکمە و بچووک لە خانەگەلی دەماری و شانەییدا.

▣ **گرە پاپیونی:** گرێ پاپیونی؛ گرێیەکی دووڵایی بە شێوەی بالی پەپوولە.

**گرەی کور:** گرێ پووچکە؛ گرێ کۆرە؛ گرێ/ گرێیە کوێرە؛ لکە کۆرە؛ لکە کۆرێ؛ گرێ کۆڵە؛ گرێشک؛ گرفنج؛ گرفنچ؛ گرێکوتک؛ کۆڵە گرەوچ؛ گرێیەکی وا کە هاسان نەکرێتەوە.

▣ **گرە از کار کسی گشودن/ باز کردن:** *[مجازی]* کەل کەسێ گرتن؛ سەر بەن بۆ کەسێ گرێ دان؛ گرێ لە کاری کەسێ کردنەوە؛ گیر و گرفتی کەسێ چارەسەرکردن.

**گرە بر ابرو افکندن:** *[مجازی]* ناوچاو تورشاندن؛ ناوچاو تاڵ/ لۆچکردن؛ ناوچاو دانە یەکا؛ نارەزایی یان تووڕەیی خۆ نیشاندان.

**گرە خوردن:** گرێ تێکەوتن؛ پێچ خواردن: ۱. ئاڵۆزان و لێکگیران؛ لکەنەکەوتەی ‹نخ گرە خورده بود: بەنەکە گرێی تێکەوتبوو› ۲. *[مجازی]* هەبلین؛ هەربلین؛ تێکچوون؛ لکە واردەی؛ لکە کەوتەینە؛ بە شێوەی دژوار دەرهاتن ‹گرە خوردن کار: پێچ خواردنی کار›.

**گرە را با دندان باز کردن:** *[کنایی]* ئیشی دەستان خستنە ددان؛ گرێ دەس خستنە دیان؛ بە زۆر، ملهوڕی و تووڕەیی کارێکردن ‹هر گرهی را کە با دندان نباید باز کرد: ئیشی دەستان مەخە ددان›.

**گرە را باز کردن:** گرێکردنەوە: ۱. هەڵوەشاندنەوەی گرێ ۲. *[مجازی]* چارکردن؛ گیر و گرفتێک چارەسەر کردن.

**گرە زدن:** گرێ دان؛ گرێ لێدان؛ لکە دەی/ دای ‹تو کراوات را خوب گره می‌زنی، بگیر این را برایم گره بزن!؛ تۆ کراوات جوان گری دەدەی، هانێ ئەمەم بۆ گرێ دە!›.

**گره‌گشا** / gere(h)gošā ، ـیان/: *صفت.* کارساز؛ چارەدۆز؛ بەکەڵک؛ بە لێهاتوویی یان توانستی لابردنی گیر و گرفت و دژواری ‹همکاری شما خیلی گره‌گشا بود: هاوکاریتان زۆر کارساز بوو›.

**گره‌گشایی** / gere(h)gošāyî ، هـا/: *اسم.* کارسازی؛ چارەدۆزی: ۱. کار یان ڕەوتی کردنەوەی گرێ ۲. *[مجازی]* کار و ڕەوتی ڕێبەڕێکردن و چارکردنی گیر و گرفت.

**گری**[1] / garî/: *اسم.* گەڕی؛ گرۆی؛ گەڕۆڵی؛ نەخۆشی گرۆیی؛ جۆرێ نەخۆشی پێستە کە وەرینی ناوەناوەی موو، ئاڵۆش و بڕێجار برینی لەگەڵدایە.

**ـگری**[2]: *پسوند.* ـگەری؛ـکەری: ۱. ـکاری؛ـ بازی؛ پاشگری خاوەن بوون ‹توانگری: توانگەری› ۲. کردنی کارێک یان هەبوونی پیشەیەک ‹کارگری: کاریگەری› ۳. دروستکردن یان کارکردن بە شتێک ‹آهنگری: ئاسنگەری›.

**گریان**[1] / geryān/: *صفت.* بە گریان؛ گریان؛ گرینۆک ‹چشم گریان: چاوی بە گریان›.

**گریان**[2]: *قید.* بە گریانەوە؛ بە گیریانەوە؛ گرەوەگرەو؛ کارەکار؛ (بە) گریان-گریان ‹گریان پیشم آمد و از کارش توبه کرد: بە گریانەوە هاتە لام و لە کردەوەی خۆی تۆبەی کرد›.

**گریاندن**/ geryāndan/: *مصدر. متعدی.* // **گریاندی:** گریاندت؛ **می گریانی:** دەگریێنی؛ **بگریان:** بگریێنە// گریاندن؛ گیریاندن؛ گرەونەی؛ گراونەی؛ گراونای؛ کردنە گریانەوە/ گریەوە؛ هێنانە/ کردنە گریان ‹با آواز سوزناکش حاضران را گریاند: بە گۆرانی بە سۆزی هەمووی کردە گریانەوە›: **گریانیدن.**

**هەروەها: گریاندنی**

■ صفت فاعلی: **گریاننده** (ـــ)/ صفت مفعولی: **گریانده** (ـ)/ مصدر منفی: **نگریاندن** (نەگریاندن)

**گریانیدن** / geryānîdan/ ☜ **گریاندن**

**گریبان** / gerîbān, garîbān ، هـا/: *اسم. [ادبی]* بەرۆک؛ بەرەک؛ یەخە؛ ئیخە؛ ملیوان؛ ملشۆ؛ بەرکۆژە؛ قەرپک؛ پێسیر؛ وەروەرە؛ بەر ئێخە؛

کۆژە؛ بەرو؛ گومی؛ قەلان؛ قەمت؛ یەقە؛ زی؛ پستو؛ سوکر؛ یاخە؛ خڕ؛ بەروا؛ ئەو بەشە لە جل کە سەرسینگ و دەوری مل دەگرێ، بەتایبەت پێشەوەی.

**گریبانگیر** / -gerîbāngîr, garîbān/: *صفت.* تووشیار؛ دوچار؛ ئاوقا؛ هاوقا؛ داوێنگیر؛ تووش‌هاتوو.

▣ **گریبانگیر شدن:** تووشیار/ تووش بوون؛ گیرۆدە بوون؛ ئاوقا بوون ‹دو سال است یک همسایەی نااهل گریبانگیر او شدە است: دوو سالە هاوسایەکی نالەبار توشیاری بووە›.

**گریپ** / girîp, g(e)rîp/: [فرانسوی]/*اسم.* پەتا: ۱. پەرکەم؛ ئامفولۆژانزا ۲. *[گفتاری]* درم؛ ئەلامەت؛ هەلامەت؛ هالمەوت؛ ئارسم؛ ئاسرم؛ پەسیو؛ پەسیڤ؛ پەرسیف؛ پسکە؛ نەکسۆ؛ مڕک؛ پەرسیو؛ فرفینگ؛ دەمەنی؛ زەکەم؛ زوکام.

**گریپ‌فروت** / gereypfurût, greypfrût، ـها/: [انگلیسی]/*اسم.* گریپفرووت: ۱. داری خڕ و کورتەبالای گریپفرووت لە تیرەی مزرەمەنی ۲. میوەی مزر و بۆنخۆشی ئەو دارە.

**گریختن** / gorîxtan/: *مصدر. لازم. [ادبی]*// **گریختی:** هەلاتی؛ **می‌گریزی:** هەلدێ؛ **بگریز:** هەلێ// هەلاتن؛ دەرچوون؛ پەکین؛ وەزین؛ تێتەقاندن؛ هەلهاتن؛ ڕاکردن؛ تەورین؛ تەقین؛ هەلفرتان؛ هەلفرتیان؛ ڕەمەی؛ ڕەمای؛ واین؛ بەرشیەی ‹از زندان گریختن: لە بەندیخانە هەلاتن›. هەروەها: **گریختنی**

■ صفت فاعلی: **گریزنده** (ـ)/ صفت مفعولی: **گریخته** (هەلاتوو)/ مصدر منفی: **نگریختن** (هەلنەهاتن)

**گریدر** / g(e)rîder، ـها/: [انگلیسی]/*اسم.* گرەیدر؛ ماشینی گەورەی ڕێ و بان، بە تێخەیەکی زەلام لە نێوان دوو تەگەرەی بەر و دواوە، بۆ تەخت و ترازکردنی زەوی.

**گریز** / gorîz، ـها/:/*اسم. [ادبی]* هەڕا؛ ڕا؛ غار؛ خار؛ لینگ؛ هەلینگ؛ وەز؛ کار و ڕەوتی هەلاتن؛ ڕەڤاندن؛ قاچان؛ دەرچوون.

▣ **گریز زدن:** *[مجازی]* بڕ لێدان؛ ئاڵوگۆڕێکی کوتوپڕی و خێرا تێپەڕ هێنانە ئاراوە (بەتایبەت لە قسەدا) ‹گریزی هم بە قضیەی خواستگاری سارا زد: بڕیکیشی بۆ کێشەی داواکاری سارا لیدا›.

**گریزان**[1] / gorîzān/: *صفت. [ادبی]* وەڕەز؛ بێزار؛ هەراسان ‹از درس گریزان است: لە دەرس وەرەزە›.

**گریزان**[2]: *قید. [ادبی]* بە هەلاتەهەلات؛ بە ڕا کردن؛ بە هەڕاهەڕا؛ لە حالی ڕاکردندا ‹گریزان خود را به شهر رساند: بە هەلات ـ هەلات خۆی گەیاندە شار›.

**گریزاندن** / gorîzāndan/: *مصدر. متعدی. [ادبی]*// **گریزاندی:** تاراندت؛ **می‌گریزانی:** دەتارێنی؛ **بگریزان:** بتارێنە // تاراندن؛ تارانن: ۱. بێزاندن؛ ڕەواندن؛ ڕەڤاندن؛ جەنیقاندن؛ بێزار/ وەڕەزکردن ‹گریزاندن دوستان: تاراندنی دۆستان› ۲. ڕاو نان؛ هەڕا دان؛ ڕەماندن ‹گریزاندن دشمن: ڕاو نانی دژمن›: **گریزانیدن**. هەروەها: **گریزاندنی**

■ صفت فاعلی: **گریزاننده** (تارێنەر)/ صفت مفعولی: **گریزانده** (تارێنراو) / مصدر منفی: **نگریزاندن** (نەتاراندن)

**گریزانیدن** / gorîzānîdan/ ☜ **گریزاندن**

**گریزپا** / gorîzpā، ـها: ـیان/: *صفت. [ادبی]* خاوەن خدەی خۆ نەگرتن لە شوێنێکدا.

**گریس** / girîs, g(e)rîs/: [انگلیسی]/*اسم.* گریس؛ ماکی نیوەگرسی دەلەمە بۆ ڕەوانسازی بەشگەلی لە جوولەی ماشین.

**گریستن** / gerîstan/: *مصدر. لازم. [ادبی]*//**گریستی:** گریای؛ **می‌گریی:** ئەگری؛ **بگری:** بگری // گریان؛ گیریان؛ گیران؛ گرین؛ گیرین؛ گرەوەی؛ گرەوای؛ گرێوان؛ زمین؛ بشکانن؛ گریسن ‹به حال خود گریستن: بە حالی خۆ گریان›. هەروەها: **گریستنی**

■ صفت فاعلی: **گریننده** (ـ)/ صفت مفعولی: **گریسته**

(گریاو)/ مصدر منفی: **نگریستن** (نه‌گریان)

**گریسکاری** / girîskārî, g(e)rîs-/: [انگلیسی/ فارسی]/سم. گریسکاری؛ کار و ره‌وتی ساوینی گریس به پاژگه‌لی له جوولّه‌ی ماشیندا.

**گریم** / girîm, g(e)rîm ، ـها/: [فرانسوی]/سم. گریم؛ گۆڕانی شێوه‌ی سه‌ر و چاو به شێوازی دڵخواز، پتر بۆ به‌ڕێوه بردنی شانۆ ‹هنرپیشه‌ی زن را چه خوب گریم کرده بودند: شانۆگه‌ره ژنه‌که‌یان چه‌ند باش گریم کردبوو›.

**گریمور** / girîmor, g(e)rîmor ، ـها/: [فرانسوی] /سم. گریمۆر؛ که‌سێ که کاری گریم کردنه ‹گریمور در کارش خیلی ماهر بود: گریمورەکه له کاریدا زۆر لێهاتوو بوو›.

**گرین** / g(e)reyn/: [؟] ☜ **گندم-۳**

**گریوه** / garîve/:/سم. کەل؛ ملە؛ گەردەنە؛ باریکه ڕێی ته‌نگه‌به‌ر و پێچه‌لپێچی کوێستانی.

**گریه** / gerye ، ـها/:/سم. گری؛ زمی؛ گیه؛ گریوه؛ گرێوه؛ گره‌وه؛ گریس؛ بنوک؛ ڕژانی فرمێسک له‌به‌ر ژان، خه‌م یان خۆشحالی.

▣ **گریه داشتن**: گریان ویستن؛ شیاوی گریان بوون؛ پێویست به گریان بوون ‹کارهای تو واقعا گریه دارد: کاره‌کانی تۆ به ڕاستی گریانی ده‌وێ›.

**گریه کردن**: گریان؛ ژاری‌کردن؛ گریوه‌کردن؛ گری کرن؛ گره‌وه‌ی؛ گیریان؛ وه‌قانن؛ فرمێسک/ ئه‌سرین ڕژاندن؛ هه‌رس مته‌ی ‹بچه گرسنه است، دارد گریه می‌کند: منداله‌که برسیه‌تی، خه‌ریکه نه‌گری›.

**گریه گرفتن**: ۱. ده‌ست کردنه گریان؛ ده‌س که‌رده گره‌وه‌ی؛ دانه قوڵپه‌ی گریان ‹وقتی خبر را شنید گریه‌اش گرفت: کاتێ که هه‌واله‌که‌ی بیست ده‌ستی کرده گریان› ۲. گریان هاتن؛ گره‌وه ئامه‌ی/ ئامای ‹گریه‌ام می‌گرفت: گریانم ده‌هات›.

**به گریه افتادن**: بوونه گریانه‌وه؛ که‌وتنه گریان؛ بوونه گریه‌وه ‹از گریه‌ی او همه به گریه افتادند: له گریانی ئه‌و هه‌موو بوونه گریانه‌وه›.

**به گریه انداختن**: کردنه گریانه‌وه/ گیریانه‌و؛ کرنه گریه‌وه؛ گراوه‌ی ‹بچه را اذیت کردی و به گریه انداختی: منداله‌که‌ت ئاراند و کردته گریانه‌وه›.

**گریه کنان** / geryekonān/:قید. به گریانه‌وه؛ گریان-گریان؛ به گریان- گریان؛ گره‌وه‌گره‌و ‹گریه‌کنان خود را به آغوش مادرش انداخت: به گریانه‌وه خۆی خسته ئامێزی دایکی›.

**گریه و زاری** / gerye-o-zārî/:/سم. شین و شه‌پۆڕ؛ گریان و شیوه‌ن؛ شین و گریان؛ گریان و نالان؛ شین و ڕۆ-ڕۆ؛ زمی و ناله؛ شین و زاری؛ گریه و گۆ؛ گری و گاو ‹گریه و زاری فایده ندارد: شین و شه‌پۆر سوودێکی نیه›.

**گز**[1] / gaz/:/سم. گه‌ز: ۱. [قدیمی] گاز؛ گه‌زه؛ یه‌که‌ی دریژایی نزیک به یه‌ک میتر ۲. /ـها/ جۆرێک شیرینی که له شیره‌ی گیای گه‌ز دروستی ده‌که‌ن ۳. /ـها/ گز؛ گزم؛ دار گه‌ژۆ؛ گزگه‌جاڕ؛ گزیه چار؛ شوتیه‌دار؛ جۆرێک ده‌وه‌نی جوان به گه‌ڵای نوک‌تیژ و گوڵی وردەوه که له ساقه‌ته‌که‌ی شیره‌ی گه‌ز دێته ده‌ر.

▣ **گز کردن**: گه‌زکردن؛ پێوان؛ دریژایی شتێک ئه‌ندازه‌گرتن ‹کار گز کردن پارچه‌ها تمام شد: کاری گه‌ز کردنی پارچه‌کان ته‌واو بوو›.

**گز نکرده پاره کردن**: [کنایی] بێ فوو له دۆ کردن؛ هه‌روا به هه‌ڵه‌ڕۆیی و بێ‌لێکدانه‌وه کارێ‌کردن ‹چرا این‌قدر بی‌فکری؟ باز گز نکرده پاره کردی و حرف زدی!؟: بۆچی ئه‌وننده هه‌ڵه‌ی؟ دیسانه‌که بێ‌فوو له دۆ کردن قسەت کرد؟!›.

**ـ گز**[2]: پیوازه. ـگه‌ز؛ ـگه‌س؛ گه‌زنده؛ گه‌زنده ‹غریبگز: غه‌ریبگه‌ز›.

**ـــ گزار** / gozar/: پیوازه. ۱. ـــگێڕ؛ ـکه‌ر؛ ـپێک‌هێن؛ ئه‌نجامده‌ر ‹کارگزار: نمازگزار: کارگێڕ؛ نوێژکه‌ر› ۲. ـــ لێکده‌ر؛ ڕاڤه‌کار ‹خوابگزار: خه‌ونلیکده‌ر›.

www.perawipepwle.com


**گزاردن** / gozardan/: *مصدر. متعدی.* // **گزاردی**: به جێبەجێ‌هێنا؛ **می‌گزاری**: به جێ‌دێنی؛ **بگزار**: به جێ بێنە// ۱. بەجێ‌هێنان؛ جێبەجێ‌کردن؛ بەگا ئاردەی؛ کردن؛ کەردەی؛ بجەئینان ‹نماز گزاردن: نوێژ بەجێ‌هێنان› ۲. دانەوە؛ پێدان؛ داپنەی ‹وام گزاردن: قەرز دانەوە› ۳. لێکدانەوە؛ وەرگەڕاندن؛ شرۆڤەکردن ‹خواب گزاردن: خەو لێکدانەوە›.

هەروەها: **گزاردنی**

■ صفت فاعلی: **گزارندە** (بە جێ‌هێنەر)/ صفت مفعولی: **گزاردە** (بە جێ‌هێنراو)/ مصدر منفی: **نگزاردن** (بە جێنەهێنان)

**گزارش** / gozāreš ، ـها/:/اسم. گوزارش؛ گوزارشت: ۱. /ـها/ گرێ‌بەند؛ ڕاپۆرت؛ بەدی؛ کار و ڕەوتی خەبەر دان؛ جورەنان؛ گەڕاندنەوەی ڕووداوێک ‹گزارش مستقیم: خەبەر دانی ڕاستەوخۆ› ۲. نامیلکەیێ کە خوێندکار یان تۆژەر لەمەڕ لێکۆلینەوەکەیەوە دەینووسێ ٤. *[ادبی]* پاچڤە؛ وەرگێڕاوە؛ وەرگێڕاوە.

▣ **گزارش دادن**: خەبەر دان؛ هەوال دان؛ گوزارشت دان؛ ڕاپۆرت دان ‹تا حرفی می‌زدیم می‌رفت گزارش می‌داد: تا شتێکمان دەگوت فت خەبەری دەدا›.

**گزارش کردن**: ڕاگەیاندن؛ گێڕانەوە؛ گەڕاندنەوە؛ گوزارشتکردن ‹گزارشگر جریان مسابقه را گزارش کرد: هەوالدەر ڕەوتی کێبەرکێکەی ڕاگەیاند›.

**گزارشگر** / gozārešgar ، ـها؛ ـان/:/اسم. هەوالدەر؛ هەوالنێر؛ پەیامنێر؛ هەوالگێڕ؛ خەبەرنێگار؛ ئەوەی خەریکی نووسین و ڕاگەیاندنی هەواڵە.

**گزارشگری** / gozārešgarî/:/اسم. هەوالدەری: ۱. کار و ڕەوتی هەوال نووسین و ڕاگەیاندنی هەوال ۲. پیشەی هەوالدەر.

**گزارنده** / gozārande ، ـگان/:/اسم. *[قدیمی]* وەرگێڕ؛ پاچڤەکار؛ کەسێ کە نووسراوەیەک لە زمانێکەوە دەکاتە زمانێکی‌تر.

**گزاره** / gozāre ، ـها/:/اسم. گوزارە: ۱. *[منطق]* ڕستەیەکی هەوالی، دروست یان نادروست ۲. *[دستور]* هەوال؛ خەبەر؛ دوامین بەشی ڕستە کە لەمەڕ بنەڕستەوە ئاگاداری دەدا ۳. بژارە؛ پایژی؛ ڕاڤە؛ ڕاژە؛ شرۆ؛ شرۆڤە؛ کار و ڕەوتی لێکدانەوە و کۆڵینەوەی شت یان مەبەستێک.

**ـگزاری** / gozārî/: *پیواژە.* ۱. ـگێڕی؛ ـکەری؛ ـ پێک هێنی ‹کارگزاری: کارگێری› ۲. ـلێکدەری ‹خوابگزاری: خەولێکدەری›.

**گزاف** / gazāf/: *صفت.* گەزاف؛ زافزاف؛ بێداد؛ بێدا؛ زێدە؛ زەبەند؛ زاف؛ زافْ؛ لەڕادەبەدەر.

**گزافه** / gazāfe ، ـها/:/اسم. وڕ؛ کووش؛ شروت؛ شاتوشووت؛ شووتە؛ چاووڕاو؛ چاپ و چوپ؛ چرپ و چاپ؛ قسەی گەزاف.

**گزافه‌گو** / gazāfegû ، ـها؛ ـیان/: *صفت.* وڕبێژ؛ ولەوێژ؛ لافی؛ شاتوشووتکەر؛ فشەکەر؛ پەڕووزن؛ چرپوچاپکەر؛ پڕشاتوشووت؛ بە چرپ و چاپ؛ بە قسەی گەزاف ڕاهاتوو.

**گزافه‌گویی** / gazāfegûyî ، ـها/:/اسم. وڕبێژی؛ ولەوێژی؛ شاتوشووتکەری؛ فشەکەری؛ گەزالی؛ کار یان ڕەوتی قسەی سەیری تێکەڵ بە درۆ کردن.

**گزانگبین** / gazangabîn/: [از کردی]/اسم. گەزۆ؛ گەزوو؛ گەزوە؛ گەزگولە؛ گەزولە؛ گەز؛ شیرینە؛ شۆکە؛ شۆک؛ شیلەی داری گەز بە ڕەنگی سپی ئامال زەرد و تامی تۆزێ تال کە جۆرێ شیرینی لێدروست دەکرێ.

**گزر** / gazar ، ـها/: [کردی]/اسم. گزەر؛ گەزەر؛ گێزەر؛ گزر؛ گەزەرگ؛ کاروو؛ کارۆت؛ بنەگیایەکی دریژۆکەی گرۆفەرە بە ڕەنگی زەرد و نارنجی کە دەخورێ.

▣ **گزر دشتی**: ڕکۆکی؛ چەپۆلە؛ گێزەرۆکە؛ گێزەرەدەشتی؛ گەزەرە کێویلە؛ گێزەری دەیمی؛ گیزەری زیر؛ گێزەری سپی؛ گزەرگە

سیاوێ؛ گزەرگە دێمی؛ گیایەکی شڤشینک یان دوو سالان، بە بنجاری سپی و ئەستوور و گەلای بۆنخۆشەوە.

**گزستان** / gazestān /:/سم. گەزجارِ؛ گزجارِ؛ گزگزجارِ؛ بێشەی دەوەنی گز.

**گزش** / gazeš /:/سم. وەزە؛ گەز؛ کار و ڕەوتی گەزتن؛ گەستن؛ گەژین؛ گەزکرن؛ گەستەی؛ گەسەی ‹گزش عقرب: گەستنی دووپشک›.

**گزک** / gazak ، ـها/:/سم. ۱. دەرفەت؛ هەل؛ چەل؛ هۆ؛ گورد؛ بووز ۲. نۆبە؛ سەرە؛ نەوگە؛ نۆرە (بەتایبەت نۆرەئاو).

▣ **گزک بە دست کسی دادن**: دار بەدەم کەسێکەوە دان؛ بیانوو دانە دەست کەسێکەوە؛ هەل و دەرفەتی کەلکوەرگری بە نارِەوا بۆ کەسێ ڕەخساندن ‹با این کارها که می‌کنی گزک به دست همسایه‌ها می‌دهی تا پشت سرت حرف بزنند: بەم کارانە دەیکەی دار ئەدەیتە دەم دراوسیکانەوە پشتەسەرت قسە بکەن›.

**گز ـ گز** / gezgez ، ـها/:/سم. [گفتاری] تەز؛ مروورْیانە؛ مرۆچانە؛ تۆس؛ ژانی دەرزیاژن لە دەست و پێ لە بەر نەجوولان.

**گزلیک** / gezlîk, gazlîk ، ـها/: [ترکی]/سم. گەزلک؛ گەرلک؛ چەقۆی دەنووک چەماوە بۆ هەلکلۆشانی شتێ.

**گزمه** / gazme ، ـها؛ ـگان/: [ترکی]/سم. [قدیمی] چەرخەیی؛ گەزمە؛ شەڤدە؛ عەسەس؛ پاسەوان؛ کێشکچی شەوانەی بازارِ و کۆلانان.

**گزن** / gazan ، ـها/:/سم. ئامێری دەمتیژی ئاسنین بۆ برین و تاشینی چەرم.

**گزند** / gazand ، ـها/:/سم. [ادبی] وەزەن؛ وەزەنگ؛ گەزەن؛ زیان: ۱. ئازار؛ تەوەرە؛ تەگەرە؛ تەمەرە؛ ئاسیو؛ عەزیەت؛ بەلا ۲. زەرەر؛ زان؛ خەسار؛ نەستیل؛ پێوەر.

**گزنده** / gazande/: صفت. گەزندە؛ گەزننە: ۱. /ـگان/ گەزۆک؛ گەزە؛ گازگر؛ گەزەک ‹حشرەی گزنده: مێرووی گەزنە› ۲. [مجازی] تفت و تاڵ؛ زۆر ئازاردەر و کاریگەر لە سەر ڕۆح یان گیان ‹حرف گزنده: قسەی گەزندە›.

**گزنون** / g(e)zenon /: [فرانسوی]/سم. گزینون؛ توخمی کیمیایی بە ژمارە ئەتومی ٥٤ و کێشی ئەتومی ۱۳۱,۳۰ کە گازێکی نادرە، تێکەڵی ئاو نابێ و بە ڕێژەیەکی زۆر کەم لە کەشدا هەیە: **زنون**

**گزنه** / gazane ، ـها/:/سم. دەسخورێن؛ دەسخورێنە؛ خەلەنگ؛ دوورزیلە؛ گەزنە؛ گەزەنە؛ گەزەنێ؛ گەزنک؛ گەزینک؛ گەزگەزک؛ گەزگەسک؛ گەزگەزۆک؛ گەزگەزکە؛ گەزۆک؛ گەسگەسک؛ گزگز؛ گزگزە؛ ئالۆشە؛ گیایەکی ئالیکی بە گەلا و لاسکی کورکنەوە، لە پێست کەوێ دەپچووزێنێتەوە: **انجره**

**گزیدگی** / gazîdegî ، ـها/:/سم. گەزراوی؛ گەستەیی؛ چزیاگی.

**گزیدن** / gazîdan /: مصدر. متعدی. // **گزیدی**: گەستت؛ **می‌گزی**: دەگەزی؛ **بگز**: بگەزە// گەستن؛ گەزین؛ گەزتن؛ گەژین؛ گەستەی؛ گەسەی؛ وەزەی؛ گرەوتش: ۱. گازگرتن؛ چزاندن؛ ڤەگەزاندن؛ چزنەی؛ تێچەقاندنی چز یان ددان ۲. [مجازی] چزاندن؛ چزنەی؛ بە قسەی تاڵ و تفت ئاراندن. هەروەها: **گزیدنی**

■ صفت فاعلی: **گزنده** (ـ)/ صفت مفعولی: **گزیده** (گەزتراو)/ مصدر منفی: **نگزیدن** (نەگەزتن)

**گزیدن** / gozîdan /: مصدر. متعدی. [ادبی]// **گزیدی**: هەلتبژارد؛ **می‌گزینی**: هەلدەبژێری؛ **بگزین**: هەلبژێرە// هەلبژاردن؛ بژاردن؛ بژانن؛ وەژاردن؛ وەژارتن؛ وژاندن؛ نەقاندن؛ هەلاواردن؛ چنیەی؛ هۆرچنیەی؛ گولبژێرکردن؛ تەلبژێرکردن.

■ صفت فاعلی: **گزیننده** (ـ)/ صفت مفعولی: **گزیده** (هەلبژێراو)/ مصدر منفی: **نگزیدن** (هەلنەبژاردن)

**گزیده** / gozîde ، ـها؛ ـگان/: صفت. بژاردە؛ هەلبژاردە؛ هەلبژێراو؛ تلژین؛ هۆرچنیا؛

نەقاندی؛ تڵ؛ سەرەتا؛ سەرشڤ؛ سەرتڵ؛ شیاوی هەڵبژاردن ‹کتاب گزیدە: پەرتووکی بژاردە›.

**گزیر** / gozîr/: *اسم. [ادبی]* چارە؛ ڕێگەی نەجات ‹از این کار گزیری نیست: چارەیەک بۆ ئەم کارە نیە›.

**گزینش** / gozîneš ، ـها/: *اسم.* هەڵبژێری؛ هەڵاوێری؛ تەڵبژێری: ۱. کار و ڕەوتی هەڵبژاردن؛ بژاردن؛ نەقاندن؛ هەڵاواردن ‹گزینش دانشجو: هەڵبژێری خوێندکار› ۲. مەزرینگە یان بەشێک لە ڕێکخراوە بۆ هەڵبژاردن و گلدانەوەی کەس یان کەسانێک لە بواریکی تایبەتدا.

**گزینه** / gozîne ، ـها/: *اسم.* ۱. گوڵبژێر؛ گوڵچین؛ گوڵچن؛ تەڵبژێن؛ کۆمەڵە نووسراوەی هەڵبژاردە ‹گزینەی ادب کردی: گوڵبژێری وێژەی کردی› ۲. تەڵ؛ هەر کام لە وەرامەکانی ئەزموونی تێست ۳. تەڵ؛ هەر کام لەو شت یان چارانە کە بۆ هەڵبژاردن دەبێ.

**گس** / gas/: *صفت.* تفت؛ گیر؛ پز؛ ڕوپ؛ تامی گیر و دەم وشکەوەکەر ‹وەک تامی سنجووی کاڵ›.

**ـ گسار** / gosār/: *پیواژە. [ادبی]* ـ خۆر ‹میگسار: مەیخۆر›.

**گساردن** / gosārdan/: *مصدر. متعدی. [ادبی]* //**گساردی**: خواردتەوە؛ **می‌گساری**: دەخۆیەوە؛ **بگسار**: بخۆرەوە // خواردنەوە؛ خواردن؛ فڕکرن؛ نۆشین؛ نۆشان؛ نۆشای.

**ـ گساری** / gosārî/: *پیواژە.* ـ خۆری ‹غمگساری: خەمخۆری›.

**گستاخ** / gostāx ، ـها؛ ـان/: *صفت. [ادبی]* گوساخ؛ گوستاخ: ۱. ڕێلاس؛ ڕووداماڵیاگ؛ ڕووداماڵراو؛ ڕووداماڵاو؛ ڕووەدار؛ ڕاڕ؛ گۆسارتمە؛ کەلپزا؛ کەلپزە؛ کولەش؛ کۆڕجوو؛ بێشەرم و حەیا؛ شەرمنەکەر؛ ڕووقایم؛ بەیتەشە؛ باتیزۆ؛ باتیزۆک؛ چوختی؛ چەختی؛ بەقلیسۆک ۲. چاونەترس؛ نەترس؛ دەل؛ دەمسوور ۳. ڕێلاس؛ ڕووداماڵیاگ؛ دەڵوقەل؛ شەرمنەکەر؛ چەقاوەسۆ؛ چەقەسۆ؛ چەتاوەڕوو؛ بێئەدەب.

**گستاخانه**[1] / gostāxāne/: *صفت.* بێشەرمانە؛ ڕووداڕانە؛ ڕێلاسانە؛ گوستاخانە ‹رفتار گستاخانه: کردەوەی بێشەرمانە›.

**گستاخانه**[2]: *قید.* بێشەرمانە؛ ڕووداڕانە؛ ئاوێتە بە گوستاخی و بێ شەرمیەوە ‹گستاخانه پوزخندی زد و رفت: بێشەرمانە زەردەخەنەیەکی کرد و ڕۆیشت›.

**گستاخی** / gostāxî ، ـها/: *اسم.* گوستاخی؛ گوساخی؛ ڕووداری؛ ریلاسی؛ گۆرساقی؛ کردەوەی دوور لە ئەدەب ‹اگر بخواهی گستاخی کنی می‌اندازمت بیرون: گەر بێتوو گوستاخی بکەی دەتکەمە دەرەوە›.

**ـ گستر** / gostar/: *پیواژە.* ـ پەرەدەر: ۱. ـ پەروەر؛ بروەوپێدەر؛ پەرەپێدەر ‹دادگستر: دادپەروەر› ۲. ـ دادەر؛ ـ ڕاخەر؛ بلاوکەرەوە ‹سایه‌گستر: سێبەردادەر›.

**گستراندن** / gostarāndan/: *مصدر. متعدی.* // **گستراندی**: پەرەت دا؛ **می‌گستراني**: پەرە دەدەی؛ **بگستران**: پەرە بدە // ۱. پەرە دان؛ پەرە پێدان؛ بلاوکردنەوە؛ بروەو پێدان ۲. ڕاخستن؛ پان کردنەوە؛ بەربلاوکردن؛ ئەرەیاوەی * **گسترانیدن**. هەروەها: **گستراندنی**

■ صفت فاعلی: **گستراننده** (پەرەدەر)/ صفت مفعولی: **گسترانده** (پەرەدراو)/ مصدر منفی: **نگستراندن** (پەرە نەدان)

**گسترانیدن** / gostarānîdan/ ☜ **گستراندن**

**گستردگی** / gostardegî ، ـها/: *اسم.* بەربلاوی؛ پەرەداری؛ پانی؛ پانوبەرینی ‹گستردگی فاجعه به حدی است که نمی‌توان توصیف کرد: بەربلاوی کارەساتەکە هێندە زۆرە لە باس نایە›.

**گستردن** / gostardan/: *مصدر. متعدی. [ادبی]* //**گستردی**: ڕاتخست؛ **می‌گستری**: ڕادەخەی؛ **بگستر**: ڕاخە // ۱. ڕاخستن؛ فەرش کردن؛ پان

کردنەوە؛ پانەوکردن؛ داخستن؛ ئەرەیاوەی؛ یاوایرە؛ تەپساندن؛ رامداندن؛ رامەزاندن؛ رادان؛ ڤەکشاندن؛ داکێشان؛ بلاوکردنەوە ‹قالی گستردن: قالی راخستن› ۲. پەرە پێدان؛ پەرە دان؛ بەربلاو کردنەوە؛ برەو/ رمێن/ رەواج پێدان؛ گشتی‌کردن ‹دانش گستردن: زانست پەرە پیدان› ۳. بلاو کردنەوە؛ پەخشەوکردن؛ هەڵپرژاندن ‹نور گستردن: تیشک بلاو کردنەوە›.

■ صفت فاعلی: **گسترنده** (راخەر)/ صفت مفعولی: **گسترده** (راخراو)/ مصدر منفی: **نگستردن** (رانەخستن)

**گسترده** / gostarde/: *صفت.* ۱. بەربلاو؛ پەرەدراو؛ پەرەدار؛ ئەرەیاویا ‹تلاش گسترده: هەولی بەربلاو› ۲. *[ادبی]* داخراو؛ راخراو؛ پانەوەکراو؛ ئەرەوزیا ‹فرش گسترده؛ خوان گسترده: قالی داخراو؛ سفرەی راخراو›.

**گسترش** / gostareš، ـها/: *اسم.* پەرە؛ برەو؛ رمێن؛ رەواج؛ گەشە.

▣ **گسترش دادن**: پەرە پێدان: ۱. رەواج دان؛ برەو پێدان ‹گسترش دادن آزادی‌ها: پەرە پیدانی ئازادیگەل› ۲. بەربلاوکردن؛ پان و بەرین‌کردن ‹گسترش دادن فعالیّت: پەرە پیدانی کردوکۆش›.

هەروەها: **گسترش یافتن**

**گستره** / gostare، ـها/: *اسم.* گۆڕەپان؛ پاناو؛ پانایی؛ بەرینی؛ پانتایی؛ مەیدان؛ مەیان؛ جێگەی تایبەت بۆ جۆرێک چالاکی ‹گسترەی کار ما تا دورترین روستاها بود: کورەپانی چالاکی ئێمە دوورترین گوندەکانیشی دەگرتەوە›.

ـــ **گستری** / gostarî/: *پیوازه.* ـــ بلاوەکەری؛ بلاوەپێدەری؛ پەرەپێدەری.

**گستگی** / gosastegî، ـها/: *اسم.* پساوی؛ پچڕاوی؛ لێکپساوی؛ لێکپچڕاوی؛ قرتاوی؛ لێکبلاوی؛ دۆخ یان چۆنیەتی پچڕان؛ پسان ‹نباید گذاشت در فرآیند آموزش هیچ‌گونه گسستگی به وجود آید: نابێ ڕێ بدرێ لە ڕەوتی فێرکاریدا هیچجۆرە پسانێک ڕووبدا›.

**گسستن** / gosastan/: *مصدر. لازم. متعدی. [ادبی]* //**گسستی**: قرتای؛ **مـی گسلی**: دەقرتی؛ **بگسل**: بقرتە// □*لازم.* ۱. قرتان؛ قرتیان؛ قەتیان؛ قەدین؛ بچڕیان؛ پچڕان؛ بچڕان؛ بڕان؛ بڕیان؛ وەرسان؛ بزدان؛ نسلین؛ کرتان؛ کەڕان؛ پسان؛ پسیان؛ پچڕین؛ لە بەریەک چوونی بەن و داو ‹گسستن طناب: قرتانی تەناف› □*متعدی.* ۲. پساندن؛ پچڕاندن؛ قرتاندن؛ بچڕاندن؛ پساندن؛ چڕین؛ پرچنەی؛ پڕچنای؛ کرتاندن؛ کەڕاندن؛ قەتکردن؛ برین؛ بزداندن؛ وەرساندن؛ قەدین ‹بند گسستن: داو پساندن› ۳. بەردان؛ کرتاندن؛ چڕین ‹دست را از دستگیره گسستن: دەست لە دەسک بەردان› ٤. *[مجازی]* پچراندن؛ پساندن؛ برین؛ پێوەندی خۆ دەگەڵ کەسێ یان شتێ نەهێشتن * **گسیختن**. هەروەها: **گسستنی**

■ صفت فاعلی: **گسلنده** (ـــ)/ صفت مفعولی: **گسسته** (قرتاو)/ مصدر منفی: **نگسستن** (نەقرتان)

**گسسته** / gosaste/: *صفت.* بچڕاو؛ پچڕاو؛ پساو؛ بچڕیاگ؛ قرتیاگ؛ وەرسای؛ شولگسە ‹طناب گسسته: پەتی پساو›: **گسیخته**

**گسل**[1] / gosal، ـها/: *اسم. [زمین‌شناسی]* قەڵش؛ درز؛ قەڵشت؛ قلاش؛ قەڵەش؛ قەڵەشت؛ تلیشی تۆپکلی زەوی و لێکترازانی تۆژگەکان: **گسله**

ـ **گسل**[2]: *پیوازه.* ـــ شکێن؛ ـ پچڕێن؛ ـ پسێن؛ ـ وەرسێن ‹عهدگسل: پەیمانشکێن›.

**گسلش** / gosaleš/: *اسم.* ۱. کار یان ڕەوتی پچڕان؛ لێکپسان ۲. *[زمین‌شناسی]* ڕەوتی ڕووەانی قەڵشت.

**گسله** / gosale/ ☜ **گسل**[1]

ـ **گسلی** / gosalî/: *پیوازه.* ـ پسێنی؛ ـــ شکێنی؛ ـــ وەرسێنی؛ ـــ بچڕێنی ‹پیمان‌گسلی: پەیمانپسێنی›.

**گسیختگی** / gosixtegî، ـها/: *اسم.* پساوی؛ پچڕاوی؛ قرتاوی؛ قرتیاگی؛ لێکبلاوی.

**گسیختن** / gosîxtan/ ☜ **گُسستن**

**گسیخته** / gosîxte/ ☜ **گسسته**

**گسیل** / gosîl/: *اسم.* کار و رەوتی ناردن؛ هەناردن؛ بەرێ کردن.

▣ **گسیل شدن**: ۱. رەوانە بوون؛ بەرێ بوون ۲. رەوانەکران؛ ناردران؛ ناریان؛ هەناریان؛ وەرێ کران.

**گسیل کردن**: ناردن؛ هەناردن؛ رەوانەکردن؛ بەرێ کردن؛ کیاستن؛ کیاستەی؛ کیانای.

**گسیلیدن** / gosîlîdan/: *مصدر. متعدی. [ادبی]* //**گسیلیدی**: هەناردت؛ **می‌گسیلی**: دەنێری؛ **بگسل**: بنێرە// هەناردن؛ ناردن؛ رەوانەکردن؛ بەرێ کردن؛ کیاستن؛ کیانای. هەروەها: **گسیلیدنی**

■ صفت فاعلی: **گسلنده** (بەرێکەر)/ صفت مفعولی: **گسیلیده** (بەرێکراو)

**ـ گشا** / gošā/: *پیوازه.* ـباز؛ ـواز؛ ـ ڤەکر؛ ـکەرەوە؛ ـگوشا؛ ـ ئەوەکەر ‹دلگشا؛ گرەگشا؛ کارگشا: دلباز؛ گرێڤەکر؛ کارگوشا›.

**ـ گشائی** / gošā'î/ ☜ **ـ گشایی**

**گشاد** / gošād/: *صفت.* ۱. شاش؛ واز؛ وەلا؛ ئاوەلا؛ ئاوالە؛ فراوان؛ خل؛ هەراو؛ لێکبلاو؛ کشن؛ نێوان کەوتوو ‹دندانهای گشاد: ددانی شاش› ۲. گەورە؛ فش و فۆل؛ فشرەهۆل؛ زل؛ خل؛ فش؛ فلت؛ فراز؛ فرت؛ فرەه ؛ فرەوان؛ بەرفرە؛ هەراو؛ ڤل؛ ڤال؛ زڕ؛ زرت؛ فت؛ ئاوان؛ وراق؛ رەهندە؛ ئاوەلا؛ ئاوەلە؛ وال؛ والا؛ وشا ‹این پیراهن به تن من گشاد است: ئەم کراسە بۆ من گەورەیە› ۳. *[مجازی]* پان؛ پان و بەرین؛ فرەهـ ؛ بەرفرە؛ فرەوان؛ بەرفرەوان؛ بەرگوشاد؛ فراز؛ فرت؛ فش؛ فلت؛ فرێ؛ ئاوان؛ بلاو؛ ڤل؛ رەهندە؛ وال؛ ئاوەلە ‹کوچهی گشاد: کۆلانی پان› ٤. *[مستهجن]* گێتەرەم؛ تەوزەل؛ فل؛ تەمەل.

▣ **گشاد دادن**: ۱. گوشا دان؛ تەک دان؛ مۆرەیەک بە تەنیا و لە شوێنی هەتەردا هێشتنەوە (لە کایەی تەختەنەردا) ‹گشاد دادی حالا با یک یا دو آن را می‌زنم: گوشات دا ئێستا بە یەک یان دوو لێ ئەدەم› ۲. *[کنایی]* هەلەکردن؛ بەتایبەت لە خەرجکردندا.

**گشاد شدن**: گەورەوە بوون؛ رەویانەوە؛ فش/ هەراو/ رەهۆل بوونەوە ‹پیراهنم را شستم گشاد شد: کراسەکەم شۆرد گەورە بووەوە›.

**گشاد کردن**: زل/ هەراو/ گوشاد/ فرەوان/ فرتکردنەوە؛ رەواندنەوە ‹سوراخ را کمی گشاد کرد: کونەکەی تۆزێک زل کردەوە›.

**گشادبازی** / gošādbāzî ، ـها/: *اسم. [کنایی]* گێتەرەمبازی؛ کار یان باری نەگونجاو و لە گۆترە، بەتایبەت لە خەرجکردندا. هەروەها: **گشادباز**

**گشادگی** / gošādegî ، ـها/: *اسم.* کراوەیی؛ بازی: ۱. ئاوەلایی؛ دۆخ یان چۆنیەتی باز بوون ۲. مەودا؛ نێوان ۳. دەم؛ گۆشە ‹گشادگی پرگار: دەمی پەرگال› ٤. *[مجازی]* ڕووخۆشی؛ ڕووگەشی؛ ناوچاو ڕۆشنی.

**گشادن** / gošādan/ ☜ **گشودن**

**گشاده** / gošāde/: *صفت. [ادبی]* کراوە؛ ئاوەلا؛ ئاوالە؛ باز؛ واز؛ گوشاد؛ بەتاق؛ هەراو؛ فرە ‹روی گشاده: ڕووی کراوە›.

**گشاده‌دل** / gošādedel/: *صفت. [مجازی]* دلاوا؛ دلاوا؛ دلڤەکری؛ دلڤال؛ دلفرەوان.

**گشاده‌رو(ی)** / gošāderû(y)/: *صفت. [مجازی]* ڕووخۆش؛ ڕووگەش؛ ڕووکراوە؛ ناوچاو ڕۆشن؛ ڕوولکەن؛ دەم بە پێکەنین.

**گشادی** / gošādî ، ـها/: *اسم.* هەراوی؛ هەرایی؛ پانایی؛ بەرینایی؛ هیرایی؛ فرەوانی؛ گوشادی؛ فرتی؛ فراوانی؛ فشی؛ چۆنیەتی کراوە و باز بوون ‹گشادی کفش: هەراوی کەوش›.

**گشایش** / gošāyeš/: *اسم.* ۱. کار و ڕەوتی باز کردن؛ کردنەوە؛ ئەوەکەردەی ‹گشایش بازار: کردنەوەی بازار› ۲. ـها/ فەرحانی؛ فردقی؛ بار و دۆخی باش و لەبار لە دوای ڕەوتێکی سەخت و

www.perawjpepwle.com


**لائیک** / lā'îk/: [فرانسوی] *صفت. [سیاسی]* نادینی؛ نەریتی؛ لائیک؛ لاییک ‹حکومت لائیک: حوکمەتی نادینی›.

**لائیدن** / lā'îdan/ ☜ **لاییدن**

**لابد** / lābod/: [از عربی] *قید.* ۱. ناچار؛ بە ناچاری؛ ناچاری؛ هەلبەت؛ ناعیلاج؛ چاری ناچار ‹لابد باید برود: ناچار دەبێ بچێ› ۲. ئەشێ؛ دەبێ؛ ڕەنگە؛ ڕەنگا؛ لاک؛ لە وانەیە؛ وێدەچێ؛ دەگونجێ؛ لەوە ئەچێ ‹لابد حالا رسیدەاند: ئەشی ئێستا گەیشتبێتن›.

**لابراتوار** / lābrātuvār ، ـها/: [فرانسوی]/*سم.* تاقیگە؛ ئەزموونگە؛ ئازمایشگا؛ جێگایەک بە کەرەستەی پێویستەوە بۆ ئەنجامدانی ئەزموونی زانستی و پیشەیی.

**لابلای** / lābelāye/: *حرف.* لە نێوان؛ نێوان؛ لە نێو؛ دە نێوی؛ لە ناو؛ لە ناوی؛ لە نێوانی؛ لای؛ دلێ؛ تۆی؛ بەین؛ بەینی؛ بەینوو ‹این را لابلای یادداشتها پیدا کردم: ئەمەم لە نێوان دەسنووسەکاندا دۆزیەوە›.

**لابە** / lābe ، ـها/: *اسم. [ادبی]* ۱. لالە؛ پارە؛ کڕووزە؛ کولوز؛ لاف؛ لافاهی؛ لافاهی؛ لافایی؛ لالکە؛ لافە؛ لافەلاف؛ لافەکی؛ لاوە؛ ڕافەر؛ شاکە؛ شاکەشاک؛ کارەکار؛ لالەوشفا؛ تکاولالە؛ تکاوخوایشت؛ مەهدەرقانی؛ هەوەر؛ وەپار؛ سکالە؛ لالک؛ لالکە؛ داوا کردنی بە گریان و پارانەوە ‹آنقدر لابه کرد بخشیدم: هێندەی لالە کرد بەخشیم› ۲. *[قدیمی]* پەرێشانی؛ نیگەرانی ۳. *[قدیمی]* خاپ؛ فاک؛ لابان؛ بەن؛ هەنگ؛ لاس؛ گەڕ وگزی.

▣ **لابە کردن**: لالانەوە؛ لالیانەوە؛ پارانەوە؛ پارپانەوە؛ لوبانەوە؛ ناورانەوە؛ لالیایوە؛ ئەوەلالیەی؛ نەورانەوە؛ وارپانەوە؛ قەپاڕیان؛ لەبیش؛ لەبیایش؛ ڕاقەراندن؛ سکالەکردن؛ لافا کردن.

**لابی** / lābî/: [انگلیسی]/*سم.* لابی: ۱. سەرسەرا (بەتایبەت هی هوتێل) ۲. *[سیاست]* تاقمی هاوپەیمان کە بە کارێکەوە خەریکن.

**لابیرنت** / lābîrant, lābîrent ، ـها/: [فرانسوی] *اسم.* ۱. *[کالبدشناسی]* دالان؛ دالوو؛ پێکهاتەیەکی پێچاوپێچ لە ئەندامانی ناوەوەی جەستەدا، وەک هی گوێ و دل ۲. هەزارتۆ؛ دارەپیچان؛ هلۆل و ڕهۆل؛ دالان و بوارگەی پێچەلپێچی سەرگیراو.

**لاپ** / lāp/:/*سم.* ۱. لاپ؛ هۆزی دانیشتووی باکووری ئیسکاندیناوی و ڕووسیا کە زۆرتر ڕانە بزنەکێویان هەیە یان ماسیگرن ۲. /ـها/ لاپ؛ هەر کام لە خەڵکی ئەو هۆزە ۳. لاپ؛ هەر یەکە لە زمانگەلی ئەو هۆزە، لە لقی زوانەکانی فینووئیغووری ٤. *[گفتاری]* گەڕ؛ گزی؛ گەژ؛ کار یان ڕەوتی سەر بادانەوە و لادان لە بەڵێن.

▣ **لاپ آمدن**: ۱. هەڵشلێنگاندن؛ گزی/ گەڕ کردن ۲. حاشای قەرز و سەر بادان لە دانەوەی.

**لاپوست** / lāpûst/ ☜ **زیرپوست**

**لاپوشانی** / lāpûšānî/:/*سم. [گفتاری]* کار یان ڕەوتی پەڕۆکردن؛ هەوڵ بۆ شاردنەوەی شتێکی ناخۆش، بەتایبەت بە فێڵ و گت ‹تو که همه چیز را به آزاد گفتی حالا چرا لاپوشانی می‌کنی؟: تۆ خۆ هەموو شتێکت بە ئازاد گوت ئیستە بۆ پەڕۆی دەکەی›. هەروەها: **لاپوشانی کردن**

**لاپه** / lāpe ، ـها/:/*سم.* ۱. تاشە؛ تاش؛ کۆتەرە داری کە بە باری دریژاییدا بڕابێت ۲. قاژ؛ قاژە؛ قاش؛ خاش؛ قڕاش؛ کووز؛ کووزە؛ کویز؛ کووزیە؛ کیز؛ لاهۆرە؛ تیلم؛ باریکەیەکی دابڕاو لە شتێک.

▣ **لاپه کردن**: دار بە باری دریژیدا بڕین.

**لات** / lāt ، ـها/: *صفت.* لات: ۱. خوێڕی؛ خۆڕی؛ وێڵ؛ بەڕەلا؛ وێڵەکی؛ گەلاج؛ گەلاچ؛ شەلاتی؛ شەلات؛ گەمۆر؛ گەلۆر؛ کەلۆر؛ لەگام؛ ڕێخۆ ‹با این آدم لات نگرد!: لە گەڵ ئەم خوێریە مەبە!› ۲. *[کنایی]* ڕووتەڵ؛ ڕووت؛ ڕووتە؛ ڕەجاڵ؛ دەسکورت؛ زۆر هەژار و نەدار ‹می‌خواهی زن این

لات آسمان‌جل بشوی؟!: دەتەوێ ببیتە ژنی ئەم رووتەلە بێئەنوایە؟!).

**لاتار** / lātār/: [از انگلیسی] ☜ **لاتاری**

**لاتاری** / lātārî ، ـهـا/: [انگلیسی]/سم. لاتاری؛ بەخت ئەزمەیی: **لاتار؛ لاطار؛ لاطاری**

**لاتبازی** / lātbāzî ، ـهـا/: /سم. شەلاتی؛ شەللاتی؛ لاتبازی؛ لاتی؛ بەڕەلایی؛ خوێڕیگەری؛ ئاکاری نەگونجاوی دژ بە قانوون کە ببێتە هۆی بشێوە ‹مسابقەی فوتبال شد میدان لاتبازی: کێبەرکێی فووتبال بوو بە مەیدانی شەلاتی›.

**لاتکس** / lāteks/: [انگلیسی] شیرەک؛ شیلە؛ شیلاوگە؛ شیلاوە؛ لاتێکس؛ جۆرێ جەویە لە ناو لاسک و میوەی بڕێ دار و ڕوەکدا، وەک چەسپ و بۆ دروستکردنی دەسکێشی برینگەری و زۆر شتیتر بە کار دەچێ.

**لات و پات** / lāt-o-pāt ، ـهـا/: صفت. [گفتاری] لووت و پووت؛ ڕووت و ڕەجال؛ ئاس و پەلاس؛ لاپۆتی؛ ڕووتە و پووتە؛ هەژاری سەر ساجی عەلی.

**لات و لوت** / lāt-o-lût ، ـهـا/: /سم. خوت و خوێڕی؛ خۆڕی و تۆڕی؛ گەجەرگوجەر؛ عەلۆجەلۆ؛ لۆتن و پۆتن؛ لات و شەلات؛ گەچەل و گوچەل؛ هیچ و پووچ؛ لات و لووت؛ خەلکی بەتال، ڕووت و ڕەجال، بێناوبانگ و بێجێ و ڕێ ‹یک مشت لات و لوت ریختند و جشن را به هم زدند: هێندێک خوت و خویری ملیان نا و جێژنەکەیان تێکدا›.

**لاتی** / lātî/: صفت. لاتی؛ گەلاجی؛ گەڤەندی؛ سەر بە لات ‹لهجەی لاتی، رفتار لاتی: زاراوەی لاتی، کردەوەی گەلاجی›.

**لاتین** / lātîn/: [فرانسوی] ☜ **لاتینی**

**لاتینی** / lātînî/: [فرانسوی]/سم. لاتینی: ۱. گرنگترین زمان لە لقی ئیتالیک، لە زوانگەلی هێندوـ ئوروپایی، زمانی زانستی و فەرهەنگی ئوروپای ڕۆژاوا تا بڕانەوەی چەرخی حەڤدەی زاینی ۲. لقێکی گەورە و گرینگ لە زمانگەلی ئوروپایی ئەوڕۆ بریتی لە: فەڕانسەوی، ئیتالیایی، سپانیۆل، پورتغالی و ... ۳. زمانی کەونارای رووم (ئیتالیای ئێستاکە) ٤. خط لاتینی ☜ **خط * لاتین**

**لاجرعه** / lācor'e/: [از عربی] قید. یەکبین؛ یەکنەفەس؛ یەکقوم؛ یەکدەم؛ یەکهەناسە؛ بە قومێک؛ یەک وچان؛ یەک پیش؛ ڕەوتی نانە سەرەوە و بە یەکجار خواردنەوە ‹شیشه را لاجرعه سرکشید: شووشەکەی یەک بین هەلقۆڕی›.

▣ **لاجرعه سرکشیدن**: نانە سەرەوە؛ هەلقۆڕاندن؛ هەلقوڕان؛ یەکجێ وەخواردن؛ ورماشەنە؛ خواردنەوەی بێڕاوەستان؛ یەک قوم خواردنەوە؛ هەلنۆشین؛ یەکەی بین واردەی؛ یەکجێ و بێڕاوەستان خواردنەوە.

**لاجرم** / lācaram/: [عربی] قید. [ادبی] ۱. لە ناچاری؛ بە ناچار؛ ناعیلاجی؛ چاری ناچار؛ چارناچاری ۲. دەرەنجام؛ سەرەنجام؛ ئاخری؛ دواخری؛ لە ئاکامدا.

**لاجورد** / lāc(e)vard/: /سم. لاجوەرد: ۱. ماکێکی شینی تۆخ کە لە شیلەی گیا یان بە شێوەی کیمیایی بەرهەم دێت ۲. ماکێکی شین کە لە سوانی بەردی لاجیوەرد و پرتووکانی کانیەکانی دروست دەبێ.

**لاجوردی**[1] / lāc(e)vardî/: /سم. لاجوەردی؛ ڕەنگی کەوەی ئاسمانی.

**لاجوردی**[2]: صفت. لاجوەردی؛ بەڕەنگی لاجوەرد؛ بە ڕەنگی شینی ئاسمان.

**لاجون** / lācûn/: [عربی/ فارسی] صفت. [مجازی، گفتاری] ۱. بێگیان؛ سیسە؛ سیسۆل؛ سیسەلە؛ فیسقەل؛ لەڕلاواز؛ ڕەق و ڕەوال؛ ڕەق و تەق؛ ڕەق و فێق؛ ڕێق و فێق؛ ڕەقەلە؛ قرخ؛ قرخۆل؛ قرخۆلە؛ ڕێقن؛ ڕێخن؛ ڕیوەل؛ ڕیوەلە؛ ڕێقنە؛ ڕێقۆ؛ ڕێقۆلە؛ قاریت؛ قەلستۆک؛ مەڕەموکە؛

ویسک؛ به‌کلکێ؛ دارکه‌پێچان؛ گه‌رکه؛ گه‌رک؛ که‌له‌خ؛ خلۆپه؛ هۆپل؛ کۆپل؛ چیقال؛ چه‌لقوو؛ قارقارۆک؛ قاپچووک؛ قارپچووک؛ قرچه‌لۆک (بۆ ژن)؛ کز و لاواز ۲. نه‌به‌گه؛ که‌م‌گیان؛ مردۆخ؛ مردۆخ؛ له‌ق؛ شل و شه‌ویق.

**لاحق** / lāheq/: [عربی] *صفت.* دوایی؛ دمه‌ین. به‌رانبه‌ر: **سابق** ‹نه شه‌هردار سابق کاری کرد و نه شه‌هردار لاحق: نه شاره‌داری پێشوو کارێکی کرد و نه ئه‌می دوایی›.

**لاخ**[1] / lāx/ ☜ **لاخه**

**ـ لاخ**[2]: *پسوند.* ـه‌لان؛ ـ لان؛ ـ انی؛ ـ لاخ؛ ـ ناخ؛ کۆگای شتی ناخۆش یان ناله‌بار ‹دیولاخ؛ سنگلاخ: حووچه‌لان؛ به‌رده‌لان›.

**لاخه** / lāxe/:*اسم. [گفتاری]* تیسمال؛ تیزمالک؛ تیسمالک؛ تیلماسک؛ ڕاژه؛ شتێ دڕێژکاری باریکه‌ڵه: **لاخ**[1]

**لاد** / lād/:*اسم. [قدیمی]* ۱. هیم؛ بنه‌ڕەت؛ بنه‌ما ۲. [از کردی] کاد؛ قاد؛ قات؛ قاج؛ زەوی؛ زەوین؛ هەرد؛ ئاخ؛ خاک ۳. دیوار؛ تیکار؛ تاک؛ کۆسه‌ر ٤. لا؛ چین.

**لادن** / lādan ، ـها/: [از لاتینی]/*اسم.* لادەن؛ موورگه‌گوڵ: ۱. گیایه‌کی کوڵ یان پێچ‌پێچ له تیره‌ی خه‌نه، تایبه‌تی ناوچه‌ی گه‌رمێن، به گه‌لای پان و گوڵی ساکاره‌وه ۲. گوڵی ئه‌و گیایه که به ڕەنگی زەرد، سوور یان نارنجیه و بۆ جوانی دەیکێڵن.

**لادین** / lādîn ، ـها/: [از عربی] *صفت. [گفتاری]* بێ‌دین؛ لامه‌سه‌و؛ لامه‌زەو؛ خوانه‌ناس؛ خوانه‌په‌رەس (جۆرێ جنێوه).

**لارژ** / lārj/: [فرانسوی] *صفت.* لارژ؛ لارج: ۱. *[مجازی]* دەستنده؛ دەس‌بلاو ‹آدم لارژ: مرۆی دەستنده› ۲. گه‌وره؛ زل (له‌مەڕ پۆشاکه‌وه) ‹پیراهن لارژ: کراسی گه‌وره›.

**لارگو** / lārgo ، ـها/: [؟]/*اسم. [موسیقی]* ئاهه‌نگی زۆر ئارام؛ پاژه ئاهه‌نگێ که زۆر به کاوەخۆ به‌ڕێوه دەچێ.

**لارنژیت** / lāranjît, lārenjît/: [فرانسوی]/*اسم. [پزشکی]* لارنژیت؛ نه‌خۆشی سوور هه‌ڵگه‌ڕان و ئاییسانی به‌شی دەنگسازی قورگ.

**لارو** / lārv ، ـها/: [فرانسوی]/*اسم. [زیست‌شناسی]* ته‌ڵه‌میوه؛ مێتوولکه؛ مێروووک؛ کرمه؛ کرمه‌ک؛ کرمینه؛ به‌چکه‌ی نه‌گووراوی بڕێ گیانه‌وەر (وەک مێروو) که پاش دەرهاتن له گه‌را و تێپه‌ڕ کردنی ماوەیه‌کی دیاریکراو، پێ‌دەگا (وەک کرمی هەورێشم): **کرمینه**

**لاروب** / lārûb ، ـها/: *صفت.* کووسماله؛ ته‌خت‌مالێن ‹کشتی لاروب: گه‌میه‌ی کووسماله›.

**لاروبی** / lārûbî/:*اسم.* کووسمال؛ کووزمال؛ جۆل‌مال؛ جۆمال؛ جۆگه‌مالی؛ ته‌خت‌مالی؛ کار و ڕەوتی ڕامالین و خاوێن‌کردنه‌وەی ته‌ختی جۆگه یان هەماراو له لمت و لیته‌ی بنی ‹وقتی جوی کنار خیابان را لاروبی می‌کنند چه بوی گندی می‌دهد: کاتێ جۆگه‌ی قه‌ڕاخی شه‌قام کووسمال دەکەن چ بۆگه‌نێکه›: **لایروبی**

**لازانیا** / lāzān(i)yā/: [ایتالیایی]/*اسم.* لازانیا: ۱. ماکێک خواردەمه‌نی به شێوەی پەڕەگه‌لێک له ماکارۆنی ۲. لێنراوی لازانیا به سوسی ته‌ماته، پەنیر و گۆشته‌وه.

**لازم** / lāzem/: [عربی] *صفت.* ۱. پێویست؛ پێویس؛ پێداویست؛ پێویستی؛ له‌سه‌ر؛ زەروور؛ ته‌وزی ‹کار لازم؛ دستور لازم؛ پول لازم: کاری پیویست؛ دەستووری پیویس؛ پاره‌ی پیویستی› ۲. *[دستور]* ☜ **فعل لازم**، **فعل**

▣ **لازم آمدن**: پێویست بوون؛ پێداویست بوون؛ گه‌ره‌ک بوون ‹لازم امد که خودت بروی: پیویسته خۆت بڕۆی›.

**لازم بودن**: پێویست بوون؛ ئەوەجه بوون؛ ئەوەجێی بوون؛ نیاز بوون ‹لازم بود به او تذکر داده شود: پیویست بوو که به گوێیدا بدرێته‌وه›.

**لازم داشتن**: گه‌ره‌ک بوون؛ پێویست بوون؛

www.perawipepwle.com


هەرەک بوون ‹قدری پول لازم داشتم تا لباس بخرم: هێندێک پارەم گەرەک بوو هەتا جل و بەرگ بکرم›.

**لازم دانستن/ دیدن/ شمردن:** پێباش بوون؛ (بە) پێویست زانین؛ ئەوەجە زانین ‹لازم دانستم قدری پول برایت بفرستم: پێویستم زانی هێندێک پارەت بۆ بنێرم›.

**لازم نکردن:** *[گفتاری]* پێویست نەبوون؛ گەرەک نەبوون؛ ئەوەجە نەکردن؛ ئەوەجە نەبوون؛ لازم نەکردن (تێبینی: بۆ دەربڕینی پێ ناخۆش بوون دەگوترێ) ‹لازم نکرد به اینجا بیایی: پێویست نەبوو بیت بۆ ئێرە›.

**لازم‌الاجرا** / lāzemol'ecrā/: [عربی] *صفت.* پێویست بۆ بەڕێوە بردن.

**لازمە** / lāzeme ، ـهـا؛ لوازم/: [عربی]/*اسم.* پێداویستی؛ پێویستی؛ پێویسی؛ ئەوەجەیی؛ وەجەیی؛ ئەوەی کە هەبوونی بۆ شتێ یان بەدیهاتنی دۆخێ پێویست بێ ‹لازمەی این کار داشتن سرمایەی زیادی است: پێداویستی ئەمکارە هەبوونی سەرمایەیەکی زۆرە›.

**لازولیت** / lāzûlît/:/*اسم. [زمین‌شناسی]* لازوولیت؛ بلۆری ئاوداری فوسفاتی ئالومنیۆم، بە ڕێژەی جۆراوجۆری ئاسن و مەنیەزیۆم بە ڕەنگی ئاوی لاجوەردیەوە کە وەکوو سەنگی ڕازێنەر بەکاری دەبەن.

**لاس** / lās/:/*اسم.* ۱. هەوڕێشمی خوێڕیلە ۲. مۆز؛ کار و ڕەوتی پێکەوە دوان و یەکتر لاواندنەوە بۆ حەزی جینسی ۳. *[مجازی]* یەکتر دواندنی بە درۆ.

▣ لاس زدن: مۆز/ مۆزەمۆز کردن.

**لاستیک**/ lāstîk ، ـها/: [از فرانسوی]/*اسم.* لاستیک؛ لاسیک: ۱. جیل؛ جیر؛ هەر شتێکی سروشتی یان دەسکردی کێشسان (وەک تەگەرەی ماشین، کێش و...) ۲. تەگەرە؛ چەرخ ‹لاستیک عقب پنچر است: تەگەرەی پاشەوە پەنچەرە›.

**لاستیکی** / lāstîkî/: [از فرانسوی] *صفت.* لاستیکی؛ لاسیکی؛ چێکراو لە لاستیک ‹کفش لاستیکی، توپ لاستیکی: کەوشی لاستیکی، تۆپی لاسیکی›.

**لاسیدن** / lāsîdan/: *مصدر. متعدی.* ۱. *[گفتاری، تعریض]* مۆزکردن بۆ حەزی جینسی ۲. *[مجازی]* زمانبازی‌کردن؛ دواندنی بە درۆ بۆ فریو دان ۳. *[مجازی]* بۆ خۆشی و خۆ خلافاندن بە شتێکەوە خەریک بوون. هەروەها: **لاسیدنی**

**لاش** / lāš ، ـهـا/:/*اسم. [گفتاری]* کەلاک؛ لاک؛ لاشە؛ لاش؛ جەسە؛ جەستە.

**لاشبرگ** / lāšbarg ، ـهـا/:/*اسم.* چینی ڕەشی سەرخاک کە لە داڕزانی چل و چێو و گەلاوە بەرهەم هاتووە.

**لاشخور**[1] / lāšxor ، ـهـا؛ ـان/:/*اسم.* هولیلک؛ خەرتەل؛ خرتەل؛ خرتل؛ خەرتل؛ خەردال؛ ورخال؛ قەرتال؛ دال؛ دالاش؛ داراش؛ سوورەدال؛ لەشخۆر؛ لاشخۆر؛ لاشەخۆرە؛ کەرخوەر؛ دالەکەرخوەرە؛ پەلەوەرێکی گەورەی بال پان و جووچک کورتە کە نێر و مێوینەیان وەک یەکن و گۆشتی کەلاکی گیانەوەرانی‌تر دەخۆن: **کرکس**

**لاشخور**[2] / ـها/: *صفت.* لاشخۆر؛ لەشخۆر؛ دالاش؛ مردارخۆر؛ هۆگر بە خواردنی کەلاک.

**لاشە** / lāše ، ـهـا/:/*اسم.* لاشە: ۱. لاش؛ لەش؛ کەلاک؛ لاک؛ کەلاش؛ کەلەش؛ تەرم؛ بەراتە؛ بەلاتە؛ جەندەک؛ مردال؛ مردار؛ مرداری؛ کەلەخ؛ جەستەی گیاندار، بەتایبەت گیانەوەری مردوو ‹لاشەی یک سگ مرده افتاده بود کنار خیابان: کەلاکی سەگە تۆپیۆک لە قەراخ شەقامەکەدا کەوتبوو› ۲. *[مجازی]* لەتە؛ بەلگەی ئابووری بەتالەوکراو، بڕ نەماو یان پەرداختکراو ‹لاشەی سفتەها را از بانک پس بگیر: لەتەی سفتەکان لە بانک وەرگرەوە›.

**لاشی** / lāšî/: *صفت. [گفتاری]* لاکەوتە؛ پاژینە؛ بن پاژینە؛ کەم بایەخ و شیاوی فڕێ دان.

**لاشیدن** / lāšîdan/: *مصدر. متعدی. [قدیمی]* شەلاندن؛ تالان‌کردن؛ به تالان بردن.

**لاطار** / lātār/: [از انگلیسی] ☜ **لاتاری**

**لاطاری** / lātārî/: [از انگلیسی] ☜ **لاتاری**

**لاطائل** / lātā'el/: [عربی] ☜ **لاطایل**

**لاطایل** / lātāyel ، ـات/: [عربی] *صفت.* شرم ـ برم؛ گیوه‌گیو؛ گێژه‌گێژ؛ هیچانه؛ که‌ره‌یی؛ بێ‌بایەخ (لەمەڕ قسەوە) ‹چرا باید به این لاطایل گوش بدهم؟؛ بۆ دەبێ گوێ بۆ ئەم شرم ـ برمانە شل بکەم؟›: **لاطائل**

**لاعلاج**[1] / lā'alāc, -'elāc/: [عربی] *صفت.* بێ‌دەرمان؛ بێ‌چارەسەر ‹بیماری لاعلاج: نەخۆشینی بێ‌دەرمان›. هەروەها: **لاعلاج بودن؛ لاعلاج ماندن**

**لاعلاج**[2]: *قید.* بە ناچار؛ ناچار؛ دەستەوسان؛ دەستەوستان؛ ناعیلاج؛ چارناچاری ‹لاعلاج بردم قالی را فروختم: ناچار قالیەکەم برد و فرۆتم›.

**لاعلاجی** / lā'alācî-,'elācî/: [عربی] *اسم. [گفتاری]* به ناچاری؛ ناچاری؛ چاری‌ناچار؛ چارناچاری ‹لاعلاجی آمده در شهر عملگی می‌کند: بە ناچاری هاتۆتە شار کرێکاری دەکا›.

**لاغر** / lāqar ، ـها/: *صفت.* لەڕ؛ لار؛ لاواز؛ لەڤاز؛ لەواز: ۱. داڵگۆشت؛ چەقەڵ؛ لەجەر؛ گەجەر؛ گوجەر؛ لەغەر؛ ڕەقەڵ؛ ڕەقاڵ؛ سێخنە؛ زیقن؛ مەرەزار؛ مەرووز؛ قیق؛ چەرمە؛ چەنجووز؛ چرچە؛ چیقاڵ؛ جیقن؛ جووقن؛ کەلاخ؛ رینک؛ مێسیل؛ مسری؛ پووتەکە؛ وەزا؛ کز؛ مردەملاس؛ ڕەق و ڕەواڵ؛ بەبێ گۆشت و چەوری ‹مرغ لاغر: مریشکی لاواز› ۲. ناسک و تەنکەڵە؛ کەمگیان؛ باریک؛ ناسک و کەم ئەستوور ‹ستون لاغر: کۆڵەکەی ناسک›.

▣ **لاغر شدن**: لاواز بوون؛ لەڕ بوون؛ قەمرتن؛ ڤرچقین؛ ڕەق هەڵاتن؛ قیپ بوون؛ هەژار بیەی.

هەروەها: **لاغر بودن؛ لاغر کردن**

**لاغری** / lāqarî/: *اسم.* لەڕی؛ کوللەکی؛ لەجەری؛ لاوازی؛ لاڕی؛ کزی؛ داڵگۆشتی؛ مەرەزاری؛ لەرزی؛ بێ‌گۆشتی؛ چرچی؛ بنێسی؛ دۆخ یان چۆنیەتی لاواز بوون ‹از لاغری مثل چوب خشک شده بود: لە لەریدا وەک چیلکە وشک هەڵاتبوو›.

**لاغیر** / lāqeyr/: [عربی] *قید.* هیچ‌تر؛ هیچی‌تر؛ هیچێ‌تر؛ نەچێ‌تر؛ هیچێوتیر؛ تەواو ‹همین است و لاغیر: هەرئەمەیە و هیچ‌تر›.

**لاف** / lāf ، ـها/: *اسم.* گەف؛ هاشە؛ بافیش؛ زرت؛ زڕ؛ فڕ؛ قونەت؛ قومپوز؛ هوول؛ هوشە؛ لاف؛ لامی‌جیم؛ شات و شووت؛ هاش و هووش؛ چاپ و چوپ؛ چاخان و پاخان؛ هەیت و هوت؛ گڕ و فڕ؛ فیشال؛ چیف؛ پنج و مۆر؛ هەلات؛ چاوڕاو؛ کاری خۆ هەلکێشان و پەسنی خۆدان.

▣ **لاف زدن**: خۆ هەلکێشان؛ خۆ هەڵدان؛ چاپ کردن؛ لاف لێدان؛ چاپلێدان؛ ناڤ لخۆدان؛ ددادنن؛ هەلشلێنگاندن؛ هەلشلێنگاندن؛ وێ هۆرکێشتەی؛ پنج و مۆر/ مورک له خۆ نان؛ پەسنی خۆ دان؛ به خۆدا هەلگوتن.

**لافزن** / lāfzan ، ـها/: *صفت.* هووڵباف؛ تەوتەوە؛ دەڤتەژی؛ قۆپز؛ خۆهەلکێش؛ زڕجان؛ زڕتۆک؛ بە چاو و ڕاو؛ چاو و ڕاوکەر؛ پارچەچی؛ بافیشکەر؛ فیشالکەر؛ فیشالباز؛ فیشالچی؛ چاپچی؛ ترتڕی؛ لافلێدەر؛ وێ هۆرکێش؛ بە خۆدا هەڵبێژ. هەروەها: **لافزنی**

**لافیدن**/ lāfîdan/: *مصدر. لازم. [ادبی]* // **لافیدی**: هەلتشلنگاند؛ **می لافی**: هەلدەشلنگینی؛ **بلاف**: هەلشلنگینە// هەلشلنگاندن؛ هەلشلێنگاندن؛ هەلشنگاندن؛ ددانەدن؛ لاف لێدان؛ بە خۆدا هەلگوتن و لە پووچەڵ هەڵبەزین.

■ **مصدر منفی**: **نلافیدن** (هەلنەشلنگاندن)

**لاقید** / lāqeyd ، ـها/: [از عربی] *صفت. [گفتاری]* لامەل؛ بێ‌بار؛ گەللایی؛ کەللەیی؛ کەتره؛ گوێنەدەر؛ خاوێر؛ حولحولی؛ کەمتەرخەم؛ کەترەخەم؛ بەرەڵا؛ بەرەڵدا؛ قەفاڵ؛ ڕەها؛ بەبێ ورد بوونەوە و پشتگری له کاردا ‹تو که این‌قدر به

سر و ریخت خودت توجه می‌کنی، چطور نسبت به کارت لاقید هستی؟: تۆ کە هێندە بە خۆتەوە خەریکی، ئەی چۆنە بۆ کارەکەت لاملی؟).

**لاقیدی** / lāqeydî ، ـها/: [از عربی]/اسم. *[گفتاری]* بێبـاری؛ کـەترەیی؛ لاملـی؛ حولحـولیبـازی؛ کەمتەرخەمی؛ خاوێری؛ قەفالی ‹وقتی به مهمانت احترام نمی‌گذاری این لاقیدی است: کاتێ بـۆ میوانت ڕێز دانانی ئەمە ئیتر بێباریە›.

**لاک** / lāk/: اسم. لاک: ۱. *[جانورشناسی]* قـاپ؛ قاپلۆخ؛ قابلۆخ؛ قالۆ؛ کەلـەخ؛ قـاپۆرە؛ ئەسـپەرە یان پۆشەنێکی ڕەق لە ئیسک یـان کیـتین کـە تەواو یان بەشێک لە پشتی گیانەوەر دادەپۆشێ (وەک قاپی کیسەل) ۲. ماکێکی جەوی سوور کە لە مێرووی تاکاردیالاکاوە دەدەنێ و بۆ بەرهـەم هێنانی لاک و ئەلکول بە کەلک دێت ۳. مـاکی ڕازاندنەوەی نینۆک کە وەک تراوێکی ڕوون یان ڕەنگامە لە نینۆکی دەسوون ٤. تراوێکـی سـپی بۆ کوژاندنەوەی هەڵەی نووسراوە.

▣ **لاک الکل** ☜ **لاک‌والکل**

**لاک مهر** ☜ **لاک و مهر**

▣ **توی لاک خود بودن:** *[مجازی]* ۱. سـەر لـە کەلـەخی خـۆ نـەجوولانن؛ دووچـاری بـیر و خەیالی خۆ بوون ۲. سەر لە ناو کاولی خـۆدا بوون؛ دوورەپەرێزی‌کردن.

**لاکپشت** / lākpošt ، ـها/: اسم. کیسـەل؛ کاسەپشـت؛ کیسەلـی؛ کووسـەل؛ کوویسـەل؛ کووسەلە؛ کیسۆ؛ کسل؛ کیسی؛ سیلە؛ کین‌فس؛ کێسوو؛ کووسی؛ کەوسەل؛ کێسو؛ گیانەوەرێکی خزۆکی قاپێلک ڕەقە، لەشێکی پانی هەیە و زۆر لەسەرەخۆ دەڕوا، زستانان لە بن خاکا دەخەوێ و لە بەژ و وشکانیدا دەژی.

▣ **لاکپشت خاکزی:** کیسەل؛ کەوسـەل؛ کسـل؛ کێسوو؛ کین‌فـس؛ کووسـەل؛ سـیلە؛ جـۆرێ کیسەلە کە لە وشکانی دەژی و گیاخۆرە.

**لاکپشت دریایی:** ڕەقە؛ ڕەق؛ جۆرێ کیسەلـی ئاوژیـە بـە پـای وەک پـارۆ و قـاپی پتـەو و ئەستوورەوە، زۆر گەورە دەبێ، مەلەوانی چاکە و بۆ هێلکەکردن دێتە قەراخی ئاو.

**لاکپشت سبز:** زلەکیسەل؛ ڕەقەکیسەل؛ ڕەقیاو؛ جۆرێک کیسەلی قورس و گەورەی دەریاژیە.

**لاکتاب** / lāketāb ، ـها/: [عربی] صفت. *[گفتاری]* لامـەزەو؛ لامەسـەو؛ بـێدیـن؛ خوانـەناس؛ خوانەپـەرەس؛ بـێباوەڕ بـە کتـێبی ئاسمـانی (جۆرێ جنێوە).

**لاکتاز** / lāktāz/: [فرانسوی]/اسم. *[شیمی]* لاکتـاز؛ ئانزیمی گەدەی گوانـداران کـە لاکتـۆز دەکاتـە دکسترۆز و گالاکتۆز.

**لاکتوز** / lāktoz/: [فرانسوی]/اسم. *[شیمی]* لاکتـۆز؛ شەکری شیر؛ جۆری شـەکرە لـە شـیردایە، لـە ئـاودا نـەختێک دەتوێتـەوە، لـە دەواسـازی، بژیشکی و پیشەسازیدا بە کار دێ.

**لاکردار** / lākerdār ، ـها/: [عربی/ فارسی] صفت. *[گفتـاری]* نـادروس؛ جانقولیبـاز؛ ناکلـۆکار؛ بـەدکردار؛ بـە ئاکـار و کـردەوەی دزێـو و ناشیرینەوە (بۆ جنێو دەیڵێن).

**لاک‌گیـری** / lākgîrî/: اسم. لاک‌گـری؛ کـاری کوژاندنەوەی هەڵەی نووسراو بە تۆزێـک لاکـی سپی.

**لاکن** / lāken/: [عربی] ☜ **لکن**

**لاک و الکل** / lāk-o-'alkol/: [فارسی/ فرانسوی از عربـی]/اسم. لاک و ئـەلکول؛ تێکـەڵاوی لاک و ئەلکولی پیشەسازی کە لە ڕەنگساوی چێودا بـە کار دێت.

**لاک و مهر** / lāk-o-mohr/: اسم. لـۆک؛ لاک و مۆر؛ لاکی بە مۆر شەقڵ‌کراو.

▣ **لاک و مهر کردن:** لۆک‌کردن؛ سـەرمۆرکردن؛ لاک و مۆرکردن؛ داخستنی دەرکـی شـتێک (زیاتر پاکەت) بە لاک و مۆر بۆ دڵنیا بوون لـە نەکرانەوەی.

**لاکی**[1] / lākî/: اسم. لۆکی؛ لاکی؛ ڕەنگی سووری

ئەرخەوانی تۆخ.

**لاکی**[۲]: *صفت.* لاکی؛ لۆکی؛ بە ڕەنگی سووری ئەرخەوانی تۆخ. هەروەها: **لاکی‌ڕنگ**

**لال**[۱] / lāl ، ـها/:/سم. لال؛ لال؛ بێ‌زوان؛ کەسێ کە بە هۆی گرفتی ژنەوایی و وێژاییەوە نەتوانێ قسە بکا.

**لال**[۲]: *صفت.* لال؛ لال؛ بەبێ توانایی قسە کردن.

**لالا** / lālā/:/سم. *[کودکانه]* لالا؛ ئەڵڵا؛ خەو.

▣ **لالا کردن**: لالاکردن؛ لالا کەردەی؛ ئەڵڵا کردن؛ خەوتن؛ نووستن؛ خەفتن.

**لالائی** / lālā'î/ ☜ **لالایی**

**لالایی** / lālāyî ، ـها/:/سم. لایەلایە؛ لایلایە؛ لالایی؛ لای‌لایی؛ لای‌لای؛ لایی‌لایی؛ لاوەلاوە؛ دەلالێ؛ لۆر؛ لۆری؛ لۆرک؛ گۆرانی بۆ دەخەو کردنی زاڕۆک ‹آوای نرم مادری شنیده می‌شد که داشت برای بچه‌اش لالایی می‌خواند: دەنگی نەرمی دایکێ دەهات کە خەریک بوو بۆ منداڵەکەی لایەلایەی دەکرد›: **لالائی**

▣ **لالایی خواندن**: لایەلایەکردن؛ لای‌لایەکردن؛ لای‌لایی‌کردن؛ لۆراندن؛ لوورکنایش؛ لەی‌لەی‌کەردەی.

**لال بازی** / lālbāzî ، ـها/:/سم. لالەموونی؛ کار یان ڕەوتی گەیاندنی مەبەستی خۆ بە ئاماژەی دەست و سەر و چاو ‹زبان آنجا را نمی‌دانستیم و مجبور بودیم با لال‌بازی مقصودمان را بفهمانیم: زمانی ئەوێمان نەدەزانی و دەبوو بە لالەموونی مەبەستمان تێبگەیێنین›.

**لالکی** / lālakî ، ـها/:/سم. داڕێکی درکاوی بە گوڵی بۆن‌خۆش، میوەی سووری خورمایی و شیرینەوە: **لیلَکی**

**لالمانی** / lālmānî/:/سم. *[تعریض، گفتاری]* لالی؛ لالی.

▣ **لالمانی گرفتن**: لال بوون؛ زوان بەستن ‹مگر لالمانی گرفته بودی؟ چرا چیزی نگفتی؟: مەگین لال ببووی؟ بۆ هیچت نەگوت؟›.

**لاله** / lāle ، ـها/:/سم. ۱. هەڵاڵە؛ هەراڵە؛ لوولیک ئاگرۆ؛ ڕەبەنۆک؛ بووک؛ گوڵاڵە؛ بابینۆک؛ پاگورگانە؛ پاگوریانە؛ گیایەکی ئاڵفی سەلکدارە بە گەڵای درێژ و داشکاوی سەوز، گوڵی تەواو و جامی زەرد یان سوورەوە ۲. گوڵەمێلاقە؛ گوڵاڵە سوورە؛ گوڵەنیسان؛ گولیکا نیسان؛ گوڵەبووک؛ گوڵی ئەو گیایە ۳. لاله؛ لەعلە؛ لالا؛ مەردەنگی؛ شەمدانی شووشە لە سەر کە شەمێکی تێدا دەسووتێ.

▣ **لاله‌ی درختی**: داڕێکی خەزەڵوەری جوان لە تیرەی ماگنولی بە گوڵی زەرد یان نارنجیەوە.

**لاله‌ی دریایی** ☜ **لاله‌وش**

**لاله‌ی گوش**: ۱. گوێ؛ پەلی‌گوێ؛ چینچک؛ چیچیلە؛ چیچڵە؛ بەگوشک؛ بەشی دەرەوەی ئەندامی ژنەوایی گواندارانِ بۆ کۆ کردنەوەی دەنگ ۲. دالانی دەرەکی گوێ.

**لاله‌زار** / lālezār ، ـها؛ ـان/:/سم. لالەزار؛ هەراڵەجار؛ گوڵجار؛ گوڵاڵەجار؛ دەشتێ کە گوڵەنیسانی زۆری تێدا ڕواوە و سوور دەکاتەوە.

**لاله‌عباسی** / lāle'abbāsî ، ـها/: [فارسی/ عربی] *سم.* لالەباس؛ لالەعەباسی؛ لالەباسی؛ لالۆباسی؛ لالەباشی؛ خوەردۆس؛ گیایەکی ئاڵفی و ڕازێنەیی بە سەلکی قەڵەو، گەڵای درێژۆکەی لێوارە گرنج و گوڵی جوان و بۆن‌خۆشی سوور، سپی یان زەردەوە کە لە خۆراوا بوونداوە دەکرێتەوە.

**لاله‌گون** / lālegûn/: *صفت.* لالەواش؛ لالەئاسا؛ بە ڕەنگی سووری بریکەدار.

**لاله‌وش** / lālevaš/:/سم. لالەی دەریایی؛ گیانداری دەریاژی ڕەق پێست بە لەشی سووری مەیلەو نارنجی و بیچمی وەک گوڵەوە: **لاله‌ی دریایی**

**لالی** / lālî/:/سم. لالی؛ لالی؛ لالەکی؛ بێ‌زوانی؛

بار و دۆخی لال بوون.

**لام** / lām /:/سم. لام: ۱. [عربی] نیوی عەرەبی بیست و حەوتەمین پیتی ئەلفوبێتکەی زمانی فارسی ۲. [؟] لەتە شیشەیەکی بە ئەندازەی ۲۵×۷۵ میلیمیتر و ئەستووری ۱-۲ میلیمیتر بۆ لە سەر دانانی نموونەی گیاندارانی وردیلە یان قاشی گیایی و گیانەوەری و خستنە ژێر میکرۆسکۆپ ۳. لەتە شیشە و نموونەکەی سەری پێکەوە.

▣ **لام تا کام حرف نزدن:** ئەلف تا بێ هیچ نەگوتن/ قسە نەکردن؛ لام و جیم نەکردن؛ نق نەکردن؛ لێو نەترەکانەوە؛ دەم نەکردنەوە؛ لەبز نەبزواندن ‹هرچه گفتم لام تا کام حرف نزد و همین‌طور مرا نگاه می‌کرد: هەرچێکم گوت، ئەلف تا بی هیچی نەگوت و هەروا تەماشای دەکردم›.

**لاما** / lāmā /: [فرانسوی]/سم. لاما: ۱. سەرناوی پێشەوایانی ئایینی لامایی ۲. /ـها/ گیانەوەرێکی گواندارى جووتسم و کاوێژکەرە لە باشووری ئامریکا دەژی، لە وشتر دەچێ و پێستەکەی بەنرخە.

**لامارکیسم** / lāmārkîsm /:/سم. لامارکیسم؛ بیرۆکەی ژان باتیست لامارک (۱۷۴۴-۱۸۲۹ ز.) کە دەڵێ ئاقار بە سەر پێکهاتەی گیا و گیانەوەرانەدا گۆڕانکاری دێنێ و ئەم گۆڕانکاریەش بۆ بەرەگەلی دوایی دەمێنێتەوە.

**لامائی** / lāmā'î /: [فرانسوی] ☜ **لامایی**

**لامایی** / lāmāyî /:/سم. لامایی؛ لقێکی ئایینی بوودایی کە لە تەبەت گەشەی کرد: **لامائی**

**لامپ** / lāmp ، ـها/: [فرانسوی]/سم. چرا؛ لامپە؛ لامپ؛ گلۆپ؛ گولۆپ؛ کەرەستەی ڕووناکیدەری کارەبایی.

▣ **لامپ ادیسن:** لامپی ئەدیسۆن؛ گلۆپ؛ لامپ شۆق؛ لامپی سەرپێچداری ئاسایی.

**لامپ خبر** ☜ **لامپ سیگنال**

**لامپ سیگنال:** لامپی سیگنال؛ لامپێ کە لە بار و دۆخێکی تایبەتی و بۆ ڕاگەیاندنی مەترسی هەڵدەبێ: **لامپ علایم؛ لامپ خبر**

**لامپ علایم** ☜ **لامپ سیگنال**

**لامپ فلورسنت:** لامپی فلۆرسینت؛ لامپێکی لوولەیی پڕ لە گازی ئارگۆن و نەختێک هەڵمی جیوە، بە دوو ئەلکترود لە دوو سەریەوە کە لە کاتی دامەزرانی وڵتاژ، تیشکی فلورسینت لە ماکی دیوارەی لامپەکەوە دەردەکەوێ: **لامپ مهتابی؛ مهتابی**

**لامپ گازی:** لامپی گازی؛ گلۆپێک بە دوو ئەلکترودەوە پڕ لە گازی نەجیب (وەک ئارگۆن یا نیئۆن).

**لامپ مهتابی** ☜ **لامپ فلورسنت**

**لامپ نئون:** لامپی نیئون؛ چرایەکی پرتیشک بە هێندێک گازی نیئونەوە.

**لامپا** / lāmpā ، ـها/: [از فرانسوی]/سم. لەمپە؛ لەمپا؛ لامپا؛ لامبە؛ چرای شووشە لە سەری نەوتی.

**لامحاله** / lāmahāle /: [عربی]قید. ۱. چاری‌ناچار؛ بە ناچار؛ ناچاری؛ چارناچاری ۲. *[مجازی]* لانی‌کەم؛ لای کەم.

**لامذهب** / lāmazhab ، ـها/: [عربی] صفت. لامەزهب؛ لامەزهو؛ بێبڕوا؛ لامەسەب. هەروەها: **لامذهبی**

**لامروت** / lāmorov(v)at ، ـها/: [از عربی] صفت. ناکەس؛ نامەرد (جۆرێ جنێوە).

**لامسب** / lāmassab ، ـها/: [از عربی] صفت. *[گفتاری]* لامەزهو؛ لامەسەب.

**لامسه** / lāmese /: [عربی]/سم. ساوایی؛ ساوانی؛ هەستێ کە لە ڕێی دەمارگەلی ژێر پێستەوە بڕێ تایبەتمەندی شت و دەور و بەر (وەک ساردی، گەرمی، زبری و نەرمی) دەناسێتەوە ‹حس لامسه: هەستی ساوایی›.

**لامصب** / lāmassab ، ـها/: [از عربی] صفت. *[گفتاری]* لامەزهو؛ لامەسەب.

www.perawipepwle.com


**لامـل** / lāmel ، ـها/:[؟]/سم. لامیل؛ لەتـە شیشەیەکی ٢٠×٢ میلیمیتری بـە ئەستووری ٠,٢ میلـیمیتـرەوە بـۆ داپۆشـانی نموونـەی میکرۆسکۆپی سەر لام.

**لامی** / lāmî/:/سم. ئێسکێک لـە بـنی زمـان و ژوور گەروودا.

**لانتان** / lāntān/: [فرانسوی] ☜ **لانتانم**

**لانتـانم** / lāntānom/: [انگلیسـی]/سم. لانتـانوم؛ توخمی کانزایی بە ژمارەی ئەتومی ٥٧ و کێشی ئەتومی ١٣٨,٩٠، نەرم، چەکوشخۆر و بە ڕەنگی سـپیەوە کـە تایبەتمەنـدی پەڕەپـەڕە بـوون و تەلبوونی هەیە: **لانتان**

**لانتانید** / lāntānîd ، ـها/: [فرانسـوی]/سم. لانتانید؛ ناوی گشتی بۆ دەستەیەک توخمی کانزایی لـە ژمارەی ئەتومی ٥٨ تا ٧١.

**لانـولین** / lānolîn/: [فرانسـوی]/سـم. *[شـیمی]* ڕۆنی‌خوری؛ لانولین؛ ماکێکی زەردی چەورە لـە پەشم دەگیردرێ کە بە سانایی پێست دەیمژێ و لە بەرهەمهێنانی مەلـهەم و مـاکی ڕازێنـەری پێستدا بە کار دەچێ.

**لانه** / lāne ، ـها/:/سم. هێلانە؛ هێلوون؛ هێلیوون؛ هێلیان؛ هیلیانی؛ لیانی؛ ئیلان؛ هۆلانە؛ هـێلین؛ هێلینک؛ هێلان؛ هولانـە؛ لوونـە؛ لان: ١. کـاپۆ؛ واجـا؛ دۆرچ؛ مالـی پەلـەوەران ‹لانـەی کبـوتر: هێلانەی کۆتر› ٢. شارە؛ شـار؛ کولـێن؛ کولانـە؛ مالی بڕێ گیانەوەر (وەک مێروولـە، هـەنگ و...) ‹لانەی مورچە: شـارە مێلـوورە› ٣. کـولان؛ کـون؛ کونـە؛ کونـا؛ لـەهن؛ گەمـڕ؛ کۆلیـت؛ کوریـت؛ کۆزک؛ مالـی بـڕێ گیانـداری درێنـدە و کـەوی (وەک شێر، مار، ڕێوی، پشیلە، سەگ و...) ‹لانـەی شیر: کولانـی شێر› ٤. *[تعریض]* کەلاوە؛ جێ ژیانی تەنگ و تاریک و شێداری مرۆ.

▣ **لانـه کـردن**: هێلانـە/ کولانـە/ هۆلانـەکردن؛ هیلیان کـەردەیوە؛ لیانـەوە نیـەی؛ شـوێنێک کردنە هێلانـە ‹دو تـا پرستو در زیـر سـقف لانـه کـردەانـد: دوو پەڕەسـێلکە لـە بـن میچەکـەدا هێلانەیان کردووە›.

**لانه گذاشـتن**: هێلانـەکردن؛ هێلانەکردنـەوە؛ هێلانـە درووس‌کـردن؛ لیـان وەش‌کـەردەی؛ لیانەوەکەردەی؛ هێلانە دانیان ‹روی درخت لانه گذاشته بود: لە سەر دارەکە هێلانەی کردبوو›.

**لانه‌زنبوری** / lānezambûrî, -zanbûrî/: [فارسی/عربی] *صفت*. شـانەهەنگی؛ شـارە زەردەوالـەیی؛ خاوەنی بیچم یان بە شێوەی شەش گۆشـی لـە پـەنای یـەک‌تـری ڕێـک‌وپێـک، وەک شـانەی مێشەهنگوین.

**لانـه‌سـازی** / lānesāzî/:/سـم. هێلانەسـازی؛ گوزووز؛ لانەکری؛ کار و ڕەوتی هێلانە کردنەوە.

**لاورنسیم** / lāvrensiyom/:/سـم. لاڤرینسـیوم؛ توخمی کانزایی ڕادیۆئەکتیڤ، ئـاخرین تـوخمی دەستەی ئاکتینیـدەکان، بـە ژمـارەی ئـەتومی ١٠٣، کە دەسکردە و لە سروشتدا نیە.

**لاوصـول** / lāvusûl, lāvosûl/: [عربـی] *صفت*. ١. وەرنەگیراو؛ دەس‌نەکەوتوو؛ دەسـتنـەهاتوو؛ بەدەس‌نەگەیشتوو؛ دەس‌نەڕەس ‹طلب لاوصول: قەرزی وەرنەگیراو› ٢. دوورەدەست؛ تایبەتمەندی شتێک کە دەستی پێ ڕانەگا.

**لاوک** / lāvak ، ـهـا/:/سـم. قـەفیژ؛ تـەغاری دارینە.

**لاهوت** / lāhût/: [معرب از عبری]/سم. لاهـووت؛ دنیای سەرتر و بەرتر؛ دەسەلاتگەی بوونەوەرانی نامادی (وەک فریشتە و هەلبژاردووان).

**لاهـوتی** / lāhûtî/: [معـرب] *صفت*. لاهـووتی؛ ئاسمانی؛ سەر بە دنیای سەرتر و بەرتر.

**لای** / lāy/:/سم. ١. لیتە؛ لیتور؛ لیتاو؛ لم؛ لمـاو؛ لـەژم؛ لـەزم؛ لمـت؛ لۆسـتک؛ لـەوە؛ لـەنگێز؛ لەنگێزە؛ لیجە؛ جلیت؛ جلیتاو؛ شـۆقاڤ؛ زلیـت؛ تلۆل؛ ڕیچەپول؛ هەڕگی لە ئاودانیشتوو ٢. تڵتە؛ تڵپە؛ تڵف؛ تڵفە.

**لای** / lāye/: *حرف*. ناو؛ لە نێو؛ ناو بەین؛ بـەینی؛

بەینوو؛ نێوی؛ ناوی؛ لە نێوان شت یا شتانێ ‹این کاغذها لای کتاب بود؛ پول افتاده بود لای لباس‌ها: ئەم قاقەزە لە نیو کتێبەکەدا بوو؛ پارەکە کەوتبووە نا جلەکانەوە›.

▣ **لای دست کسی فرستادن:** *[کنایی]* بە دەردی کەسێک بردن ‹شوهر دومی را هم فرستاد لای دست شوهر اولی و باز بیوه شد: شووە دووهەمەکەشی بە دەردی ئەویتر برد و دیسانەوە بە بێوەژنی مایەوە›.

**لایتغیر** / lāyataqayyar/: [عربی] *صفت.* نەگۆڕ؛ نەگوور؛ لەجێ ‹تصمیم لایتغیر: بڕیاری نەگۆڕ›.

**لایتناهی** / lāyantanāhî/: [عربی] *صفت. [ادبی]* بێسنوور؛ بێبڕانەوە؛ بێپەڕ؛ بێکەوشەن ‹آسمان لایتناهی: ئاسمانی بێسنوور›.

**لایحه** / lāyehe ، ـها؛ لوایح/: [عربی]/*سم.* لایەحە؛ نوسراوەیەک بۆ پێشکەشکردن بە لێژنەیەکی بڕیاردەر.

▣ **لایحەی دفاعی:** نووسراوەیێ کە تێیدا، بەرگومان یان بریکارەکەی بیر و ڕای خۆی ئاراستەی دادگا دەکات.

**لایحەی قانونی:** قانوونێ کە لە لایەن دەوڵەتەوە بۆ بڕیاردان ئاراستەی پارلەمان دەکرێ.

**لایروبی** / lāyrûbî/ ☜ **لاروبی**

**لایزال** / lāyazāl/: [عربی] *صفت. [ادبی]* نەمر؛ هەرمێن؛ مانا؛ هەتاهەتایی ‹خداوند لایزال: خودای نەمر›.

**لایعقل** / lāya'qal, lāya'qel/: [عربی] *صفت. [ادبی]* بیرئاڵۆز؛ بێئاوەز؛ بێعەقڵ ‹مست لایعقل در گوشه‌ای افتاده بود: مەستی بیرئاڵوز لە سووچێک کەوتبوو›.

**لایق** / lāyeq/: [عربی] *صفت.* ۱. هێژا؛ شایستە؛ بەرکەتی ‹ مرد لایق: پیاوی هێژا › ۲. شیاو؛ سزاوار؛ دەرخۆر؛ تاشیە؛ ڕەوا؛ لەبار؛ هاوڵە ‹ لایق فروش: شیاوی فرۆتن›.

**لایقرأ** / lāyoqra'/: [عربی] *صفت. [ادبی]* ناخوێندنی؛ وا ناخۆش کە نەخوێندرێتەوە ‹زۆرتر بۆ خەت و نووسراوە دەگوترێ›.

**لاینحل** / lāyanhal/: [عربی] *صفت. [ادبی]* بێچارەسەر؛ بێچار؛ چارنەکراو ‹مشکل لاینحل: کێشەی بێچارەسەر›.

**لاینفک** / lāyanfak(k)/: [عربی] *صفت. [ادبی]* لێکنەبڕاو؛ جیایی هەڵنەگر؛ لێکنەبڕ؛ جیا نەبوو؛ جوێ نەبوو؛ جوێ نەکراو ‹آتش و گرما دو چیز لاینفک هستند: ئاور و تین دوو شتی لێکنەبڕاون›.

**لاینقطع** / lāyanqate'/: [عربی] *قید.* بێبڕاوانە؛ لە پەستا؛ لە سەر یەک؛ پەسایپەس؛ سەرەمڕ؛ بە شێوەی پێوەست و لێک نەبڕاو ‹لاینقطع یک حرف را تکرار می‌کرد؛ باران لاینقطع می‌بارید: لە سەر یەک قسەیەکی دووپات دەکردەوە؛ باران بێبڕانەوە دەباری›.

**لاینوتایپ** / lāynotāyp/: [انگلیسی]/*سم.* لاینۆتایپ؛ شێوەیەک لە پیتچنی تەختی ماشین کە پیتەکانی هەر دێڕێک پێکڕا دادەڕێژرێن.

**لایه** / lāye ، ـها/: *سم.* ۱. لا؛ لۆخ؛ دەق؛ تۆ؛ توێ؛ لۆ؛ لوو؛ کنج؛ ڕوو یان پۆشەنێ کە لە ڕوویەکی‌ترەوە زۆر نزیک یان پێوەی چەسپاوە ‹شیشه‌ی دولایه: شووشەی دووڵا› ۲. *[زمین‌شناسی]* توێژ؛ تۆژ؛ لۆچ؛ لۆج؛ کاژە؛ چین؛ بەشێکی بچووکتر لە نیشتەیەک کە لە سەر و خوارەوە دوو چینی‌تر دایانگرتووە.

▣ **لایەی زاینده:** *[گیاه‌شناسی]* چینێک لە خانەگەلی گیا کە لە پەستا زیاد دەکەن و لە نێوان بەشی چێوی نێرۆکدان.

**لایەبندی** / lāyebandî ، ـها/: *سم. [جامعه‌شناسی]* توێژبەنی؛ ڕەوتێ کە دەبێتە هۆی جیا بوونەوەی بنەماڵەکانی کۆمەڵگایەک لە باری ئابووری، دەسەڵات و هەموو مافێکی کۆمەڵایەتیەوە.

**لایی**[1] / lāyî ، ـها/:/اسم. ناواخن؛ ناوئاخن؛ ئاخنه؛ تویژیک که بۆ زۆرکردنەوەی ئەستووری، پتەوی یان وەکوو بەرگریک لە نێوان ئاسەپ و ڕووکاری دەخەن: **لائی**

**ـ لایی**[2]: *پیوازە.* ـ لایی؛ ـ لا؛ ـ لایە؛ ـ تویژ؛ ـ تۆ؛ ـ چین؛ ـ دەق؛ خاوەنی لا ‹سەلایی، چەارلایی: سێلایی، چوارلا›: **لائی**

**لاییدن** / lāyîdan/: *مصدر. لازم.* // **لایید**: وەڕی؛ **می‌لاید**: دەوەڕێ؛ ـ // وەڕین؛ حەپاندن؛ حەپە کردن؛ گەفین؛ گەفەی؛ گەفای؛ ڕەوین؛ حەپین؛ حەپان؛ عەفـــعەفکردن؛ کووزین؛ وەڕەوەڕ کردنی سەگ: **لائیدن**

**لئامـــت** / la'āmat, le'āmat/: [عربـــی]/ســـم. خوێڕیەتی؛ تەرەسی؛ پەسبندەیی؛ بێفەڕی؛ هۆڤەبەری؛ نانەجیبی؛ بێئاوڕوویی؛ پەستی.

**لئیم** / la'îm ، ـان/: [عربی] *صفت. [ادبی]* پەست؛ خوێڕی؛ تەرەس؛ هۆڤەبەر؛ بێفەڕ؛ پەسبندە؛ نانەجیب؛ بێئاوڕوو.

**لب** / lab/:/اسم. لێو؛ لچ؛ لیچ؛ لێڤ؛ لەو؛ لەب؛ لۆ: ۱. /ـها؛ ـان/ لاو؛ لەوس؛ لەوچ؛ لەچەنە؛ دوو تویژە گۆشتی دەرەکی زاری مۆرەداران کە لە مرۆڤدا بە ڕەنگی چێرەیی یان سوور و بڕێ جار قاوەیی ٢. *[گفتاری]* لێوار؛ لێوارە؛ زێوار؛ ڕەخ؛ روخ ‹لب دریا، لب استخر: لێواری زەریا، لیچی ئەستێر› ٣. *[گفتاری]* لێوارە؛ لێوار؛ قەراخ؛ قەراخەی دەفر یان چاڵێ ‹لب چاه، لب بشقاب: لێوارەی بیر، قەراخی دەوری›.

▣ **لب از لب باز نکردن/ نگشودن:** *[کنایی]* متەق لێوە نەهاتن؛ دەم نەکردنەوە؛ قسە نەکردن: ۱. قڕوقپ کردن؛ لچ نەترازاندن؛ لێو لە یەک نەکردنەوە؛ لەبز نەگەڕاندن؛ هیچ نەگوتن ‹هرچه کردیم لب از لب باز نکرد: هەرچیکمان کرد متەقی لێوە نەهات› ٢. نەدرکاندن؛ ڕازداری کردن؛ ڕاز هەڵگرتن.

**لب باز کردن:** *[کنایی]* دەم کردنەوە؛ قسە کردن؛ هاتنە قسە: ١. لێو بزواندن؛ لچ جووڵاندن ٢. درکاندن؛ ڕاز دەرخستن.

**لب برچیدن:** لچ هەڵاوردن/ هەڵقرچاندن/ هەڵقوتاندن؛ لچ خوارکردنەوە؛ لێو داڵۆچاندن؛ لەوسێ برەمنەی؛ لێو شۆڕکردنەوە؛ لچ داژەندن؛ لچ/ لێو بردنەوە؛ لێو ترینجاندن؛ کۆ کردنەوەی لێو لە بەر وەڕەزی یان خەمباری.

▣ **لب بستن:** دەم بەستن؛ دەم نانەیەک؛ لچ داخستن؛ دەم بینتەی؛ دەم نەکردنەوە؛ بێدەنگ بوون. هەروەها: **لب دوختن.**

**لب ترکردن/ ترکاندن:** *[مجازی]* دەمکردنەوە؛ لچ/ دەم جووڵانەوە؛ لێو / لچ تەڕ کردن؛ قسەکردن ‹تو لب تر کنی، من می‌آورمش: تۆ دەم بکەیەوە، من دەیهێنم›.

**لب دادن:** *[گفتاری]* ماچ دان؛ لێو تەقان‌کردن (بە شۆخی).

**لب غنچه کردن:** دەم کردنە نوقڵ؛ هەر دووک لێو هێنانە یەک و دەم چکۆڵەکردنەوە.

**لب گازگرفتن/ گزیدن:** لچ/ لێو گەستن؛ لێو گەستنەوە؛ قەپ بە لچدا کردن (زۆرتر بە نیشانەی خەم، شەرم یان پەژیوانی).

**لب نزدن:** *[کنایی]* چەشکە نەکردن؛ دەم لێ نەدان؛ ڕۆژوو پێنەشکاندن؛ ڕۆژوو لێ نەشکاندن؛ دەم نەدا پوەی؛ نەنیانە بان زوان؛ هیچ نەخواردن ‹از دیروز به هیچ چیز لب نزده است: لە دوێکەوە هیچی چەشکە نەکردووە›.

**لب** / labe/: *حرف.* ڕەخی؛ لێواری؛ لێڤاری؛ لچی: ١. ڕوخی؛ زێواری؛ لە قەراخی کۆمای ئاودا ‹لب دریا رفتن: ڕەخی زەریا چوون› ٢. لە لچی؛ لە لێوی؛ لە لێوارەی چاڵێکدا ‹لب چاه ایستاده بود: لە لچی بیرەکەدا ڕاوەستا بوو›.

▣ **لب آب/ چشمه/ رودخانه بردن و تشنه برگرداندن:** *[کنایی]* بردنە سەر کانی و تینوو هێنانەوە/ هاوردنەوە؛ زرینگ و فرز و بە سیاسەت بوون ‹این آدم ده تا مثل شما را می‌برد

لب آب و تشنه برمی‌گرداند: ئەم کابرایە دەی وەک ئێوە دەباتە سەر کانی و تینوو دەتانهێنێتەوە›.

**لب** / lob/: [فرانسوی] ☜ **لَپ**

**لــب** / lob(b)/: [عربــی]/ســم. کاکلــە؛ پوختــە؛ تەلبژێر؛ ناوکە یان ناوەڕۆکی سەرەکی شتێ ‹لُب مطلب: کاکلەی مەبەست›.

**لبــاده** / labbāde/: [عربــی]/ســم. *[قــدیمی]* لبــادە؛ لۆپ؛ جۆرێ فەرەنجی شۆڕ و فش و فۆل لە لباد یان خوری کە وەک عابا بە سەر جلکی‌تردا دەکرایە بەر.

**لباس** / lebās ، ـها؛ البسه/: [عربی]/سم. جل؛ بەرگ؛ جلک؛ جنک؛ هنجگ؛ دلنگ؛ کنج؛ گنج؛ پڕتاڵ؛ قەو؛ جل‌وبەر؛ جل‌وبەرگ؛ لیباس؛ پۆشەن.

▣ **لباس پلوخوری:** *[کنایی]* جلی میوانی؛ جلی پلاو خواردن؛ جلە ئاغایی؛ جلە تایبەتی؛ لیباس فیس؛ جلکی نفت و نوێ؛ جلکی تایبەتی میوانی.

**لباس خواب:** شەوخەف؛ جل خەو؛ بەرگی خەو؛ لەپاچە؛ جلکی تایبەتی خەوتن.

**لبــاس رو:** جلی ڕوو؛ ئەو جلەی بە سەر جلی‌تردا لەبەری دەکەن (وەک کۆت و پالتاو).

بەرانبەر: **لباس زیر**

**لباس زیر:** جلی ژێر؛ ئەو جلە دەیکەنە ژێر جلی‌تر‌ەوە (وەک ژێرکراس و ژێر شوال).

بەرانبەر: **لباس رو**

**لباس سبک:** ۱. سووکە جل؛ جلی ناسک؛ بەرگی کەم یان ناسک ‹امروز فکر کردم هوا گرم است لباس سبک پوشیدم: ئەوڕۆ وامزانی هەوا گەرمە سووکە جلێکم لەبەر کرد› ۲. جلی سووکی؛ جلک سۆکی؛ جلی ناماقوولانە؛ جلێ کە بە لەبەرکردنی، مرۆی پێ سووک دەبێ.

بەرانبەر: **لباس سنگین** ‹در آن مجلس رسمی، لباس سبکی پوشیده بود: لەو کۆڕە فەرمیەدا، جلیکی سووکی لەبەر کردبوو›.

**لبــاس سنگین:** *[مجازی]* ۱. جلی گرانبایی ۲. جلی ماقوولانە؛ جلی سەنگین؛ جلێ کە نیشانەی سەنگینی و فەرمی بوونە. بەرانبەر: **لباس سبک** ‹باید لباس سنگین بپوشی: دەبێ جلی ماقوولانە لەبەر کەیت›.

▣ **لباس بە تن کسی گریە کردن/ زار زدن:** *[مجازی]* جل بە کەسێ نەکەوتن و لە بەریدا زۆر ناشیرین بوون.

**لباس‌شخصی** / lebāsšaxsî/: [عربــی] *صفت.* بە جلێکی بێجگە جلی چەکداری.

**لباسشــویی** / lebāsšûyî/: [عربــی/ فارســی]/ســم. ۱. جلک‌شۆری؛ جل‌شۆری؛ کار و ڕەوتی جل شوتن ۲. /ـها/ جلشۆرخانە؛ کارگای جل شوتن ۳. /ـها/ ماشین لباسشویی ☜ **ماشین**

**لباشن** / labāšan/ ☜ **لویشه**

**لبــاف** / labbāf ، ـهــا؛ ـان/: [از عربــی]/ســم. ۱. تەونگەر؛ تەونکەر؛ ئەوەی بەڕە و جەگەن دەتەنێ ۲. دووڕێنەری خێوەت و ڕەشمال * **لَوّاف**

**لبافی** / labbāfî/: [از عربی]/سم. ۱. تەونگەری؛ تەونکەری؛ کار یان پیشەی تەونکەر ۲. /ـها/ کارگەی تەونگەر * **لَوّافی**

**لبالــب** / labālab/: *صفت.* لێوانلێــو؛ لێواولێــو؛ لیپان‌لیپ؛ لیپاولیپ؛ لچانلیچ؛ لچانلیچ؛ لەمالەم؛ لوالەو؛ پڕاوپڕ؛ پڕبەپڕ؛ لیپان؛ دارمال؛ دەرگاخن؛ گۆزان؛ لچان؛ سەرڕێژ؛ مشت؛ تەواو پڕ هەتا لێواری دەفر‹جام لبالب: جامی لێوانلێو›: **لب‌به‌لب**[1]

**لب‌بر** / lab.bor/: *صفت.* لچ‌پڕ؛ لێوپڕ؛ لێووڕ؛ بڕاو لە لێوارەوە ‹مواظب باش لب‌بر نکنی، از هر طرف یک سانت حاشیه بگذار: هۆشت بێ لچ‌پڕی نەکەی، لە هەر لاوە سانتێ پەراوێزی بۆ بهێڵەوە›.

**لب‌بند** / lab.band ، ـها/: *اسم.* لچوەنە؛ لچپەنە؛ لێواری؛ بەرزی تای دەرگا و پەنجەرە، بۆ نیشتنە سەر یەک و کپ بوون.

**لب‌به‌لب**[1] / lab.belab/ ☜ **لبالب**

**لب‌به‌لب**[2]: *قید.* لچ بە لچ؛ لچاولچ؛ لێواولێو؛ لێو

یان لێوارەیەکی بە سەر ئەویتردا ‹دو تکە را لب بە لب می‌گذاریم و چرخ می‌کنیم: دوو تیکەکە لچ بە لچ دادەنین و دەیدووڕین›.

**لب پر** / labpar/: *صفت. [گفتاری]* ۱. سەرڕێژ؛ لیپ؛ کەیل؛ تژە؛ لچان ‹لب‌پر زدن: سەرڕێژ کردن› ۲. کەل؛ کال؛ لچ‌پەڕ؛ لچ پەڕیاگ ‹لب‌پر شدن: کەل بوون›.

▣ **لب پر زدن**: سەرڕێژکردن؛ سەرڕێژ بوون؛ کەلاوکەردەی؛ لێ ڕژانی تراوی نێو دەفر بە هۆی لیپاولیپ بوون و جوولەوە.

**لب‌پر شدن**: کەل/ کەت بوون؛ لچ‌پەڕ بوون؛ هەبلین؛ کال بوون؛ لچ‌پەڕیاگ بوون؛ لێوپەڕی بوون؛ شکان و داکەوتنی تیکەیەکی بچووک لە لێواری دەفر ‹دو تا بشقاب لب‌پر شدند: دوو دانە دەوری کەل بوون›.

**لب‌پریده** / labparîde ، ـها/: *صفت.* کەل؛ کال؛ کەت؛ لێوارپەڕیو؛ کەل‌بووگ؛ لچ‌پەڕیاگ؛ لێوپەڕی؛ کال بوو؛ کەت بوو ‹لیوان لب‌پریده: لێوانی کەل›.

**لب‌تخت** / labtaxt/: *صفت.* لێوپەل؛ پەل؛ لێوتەخت؛ لچساو؛ بە لێوارەی تەختەوە ‹بشقاب لب‌تخت: دەوری لێوپەل›.

**لب‌تشنه** / labtešne ، ـها؛ ـگان/: *صفت.* دەموشک؛ دەمتینی؛ دەمتینوو؛ بە لێوی تینگ و وشکەلاتۆوە: **تشنه‌لب**

**لب‌چش** / labčeš/: *اسم. [گفتاری]* زوان‌چێژ؛ چەشکە؛ تامدەم؛ نەختێکی کەم لە چێشت بۆ تام کردن.

▣ **لب‌چش کردن**: چێشتن؛ تام دەمێ کردن؛ زوان‌چێژکردن.

**لب‌چور** / labčûr/: *صفت.* لچن؛ لچۆ؛ لۆچن؛ لۆچوو؛ لەوسن؛ لچقەوی؛ لەوسێ؛ لۆسێ؛ سێلیف؛ وشتەلچ؛ وشترلچ؛ لەوس‌پان؛ لێوئەستوور: **لب‌شتری**

**لبخند** / labxand ، ـها/: *اسم.* بزە؛ زەردە؛ خەنە؛ گرنژ؛ زەردەخەنە؛ لچخەنە؛ دزەخەنە؛ لێوەخەنە؛ لێڤەخەنە؛ گورمز؛ گورمزی؛ پەنەوا؛ ورده بز؛ لێڤکەنی؛ پێکەنینی وا کە تەنیا لێو دەبزوێ.

▣ **لبخند زدن**: زەردەخەنەکردن؛ بزەکردن؛ زەردەکردن؛ لچخەنەکردن؛ گورمزین؛ گرنژین؛ گرژین؛ گرژینەوە؛ قەکرژین؛ پێکەنینێ کۆتا و بێدەنگ ‹مرا که دید لبخند زد: ئەمنی کە دی زەردەخەنەیەکی کرد›.

**لب‌خوانی** / labxānî/: *اسم.* لچخوێنی؛ کار یان ڕەوتی تێگەیشتن لە قسەی بێژەر بەبێ بیستن و تەنیا بە چاوکردن لە جوولەی لچی ‹او به کمک لب‌خوانی حرف‌های من را فهمید: ئەو بە لچخوێنی لە قسەکانم تێگەیشت›.

**لب‌دوز** / labdûz/: *صفت. [مجازی]* شیرینچک؛ شیرینجق؛ لچق؛ قەن تەواو؛ قەنـ قەن؛ شەکەرتام؛ زۆر شیرین.

**لبریز** / labrîz/: *صفت.* لچان؛ سەرڕێژ؛ لێڤڕێژ؛ کەفڕێژ؛ کەفەڕێژ؛ پڕاوپڕ؛ مەتەلۆس؛ دارماڵ؛ واز؛ تژە؛ چور؛ لیپاولیپ؛ پڕێ وا کە خەریک بێ سەر ڕێژ بکا.

▣ **لبریز شدن**: سەرڕێژ بوون؛ پڕاوپڕ بوون؛ لیپ بوون؛ کەفڕێژ بوون؛ لیپان بوون؛ لێڤڕێژ بوون؛ لێوانلێو بوون؛ هاتنە کەلاو؛ کەلاو بیەی؛ پڕ بوون و بە سەر قەراخەدا ڕژان ‹لبریز شد شیر را ببند: سەرڕێژ بوو، شێرەکە ببەسە›. هەروەها: **لبریز کردن**

**لب‌سوز** / labsûz/: *صفت. [گفتاری]* دەمسووتێن؛ زۆر داخ (بۆ خواردن و خواردنەوە).

**لب‌شتری** / labšotorî/ ☜ **لب‌چور**

**لب‌شکری** / labšekarî, -šakarî ، ـها/: [فارسی/ سنسکریت] *صفت.* کەتە؛ کەچ؛ قەشاڤ؛ لێوکەل؛ لێوکەت؛ لچکەتە؛ حەفلچ؛ بە لێوێکی قەڵشاو کە ڕێکی ئەویتر نەبێتەوە.

**لب‌طلایی** / labtalāyî/: [فارسی/ عربی] *صفت.* لەبزێڕین؛ لێوەزێڕین؛ لچزێڕین؛ کەنار زێڕ؛ بە

www.perawipepwle.com


لێـوارەی زێرینـەوە ‹بشـقاب لـبطلایـی: دەوری لیوزێرین›.

**لب‌گزه** / labgaze/: *اسم. [گفتاری]* لـچ‌گەسـت؛ لێوەگەزە؛ کاری گەستن و خواردنەوەی لـچ لـە بەر پەژیوانی یان بۆ وریا کردنەوەی کەسـێ لـە شـتێک ‹آزاد رو بـە مـن لـبگـزه کـرد کـە مراقـب حرف‌هایم باشم: ئازاد بەرەو من لچ‌گەستێکی کرد کە ئاگام لە قسەی خۆم بێ›.

**لـبلاب** / lablāb/: [عربـی از سـریانی] ☜ پیچـک صحرایی، **پیچک**

**لبنی** / labanî/: [عربی] *صفت. [ادبی]* سپیاتی؛ سەر بە شیر و بەرهەمەکانی.

**لبنیات** / labanîyyāt/: [عربی] *اسم.* سپیاتی؛ شیر و خۆراکی بەرهەمهاتوو لـە شـیر (وەک ماسـت، پەنیر، کەرە و...).

**لبنیـاتی** / labanîyyātî ، ـهـا/: [عربـی]/*اسـم.* ۱. فرۆشـگای سـپیاتی ۲. فرۆشـیار یـان بەرهەمهێنەری سپیاتی.

**لبو** / labû ، ـهـا/: *اسم.* چۆنـەر؛ لبـوو؛ چەوەنـدەر قەندی کولاو.

**لبوئی** / labû'î/ ☜ **لبویی**

**لب‌ولوچـه** / lab-o-lowče, -lo:če ، ـهـا/: *اسـم. [گفتاری]* دەمولێو؛ لچولێو؛ دەمپول؛ دەمولـەوس؛ دەمـوفلـچ؛ لـپلـەوس؛ هـەر دووک لێـو و دەوروبـەری ‹آب از لـبولوچـەاش راه افتـاد: ئـاو بـە دەمولیویدا هاتە خوار›.

▣ **لب و لوچەی آویزان:** *[مجازی]* لـووت/ لێـوی داژەنیـو؛ لـووت/ گـوپ داشـۆڕیاگ؛ لیچـی داژەنـاو؛ لـچ و لێـوی خـوار؛ چۆنیەتیـەک نیشانەی خەمین و دڵمەند بـوون ‹چـرا لـب و لوچەات آویزان است؟: بۆ وا لوونت داژەنیوە؟›.

**لبـویی** / labûyî ، ـهـا/: *اسـم.* چۆنـەرفرۆش؛ لەبووفرۆش؛ فرۆشیاری چۆنەری کولاو: **لبوئی**

**لبه** / labe ، ـهـا/: *اسم.* لێو؛ لـێڤ؛ پـەڕ؛ لـچ؛ دەم؛ لێوار؛ لێواره؛ زێوار؛ زار: ۱. دەمە؛ لێواری تیـژی تێخ یان هەر ئامێرێکی تیژ ‹لبـەی چـاقو: دەمـەی چـەقۆ› ۲. هێڵـی بـاریکی نێـوان دوو ڕووبـەری شتێک ‹لبەی لیوان: لچی لیـوان› ۳. بەرزایی یـان دەرپەڕاوی قەراخی شتێک ‹لبەی بام: لچی بان›.

▣ **لبـەی بـام:** پاسـار؛ پاسـاره؛ سەرپاسـار؛ کەڵەکەپاسـار؛ کەڵـەک؛ سـواندە؛ سـوانە؛ سەرسـوانە؛ سـوانگە؛ سێڤـانـدە؛ گێسـوانە؛ گوێسوانە؛ گوێسەبانە؛ کێلوانە؛ کەتیف؛ قانچە؛ لچی بان.

**لبەدار** / labedār ، ـهـا/: *صفت.* لچـدار؛ لێـواردار؛ لێواردار؛ پاساری (بۆ کلاو)؛ بە دەرپەڕاویەک لـە لێواردا ‹کلاه لبەدار: کلاوی لچدار›.

**لبـەدوزی** / labedûzî/: *اسـم.* کـار یـان ڕەوتی دووریـنی قەراخی جل (وەکوو یەخە، سەرقۆڵ یان پالداوێن).

**لبیک** / labbayk, labbeyk ، ـهـا/: [عربـی] *صوت.* بەڵێ؛ ئەرێ؛ باشە؛ وشەی قەبوول کردن.

▣ **لبیک گفتن:** بەڵێ/ ئەرێ/ باشەگوتن؛ خواست و دەستووری کەسێک وەرگرتن.

**لپ** / lap ، ـهـا/: *اسم. [زیست‌شناسی]* پـل؛ کـووز؛ بەشێکی خڕیلە لە ئەندام کـە بـە درز، قەڵشـت یان دیوارە لـە بەشـەکانی دی جـوێ دەبێتـەوە (وەک پەلی مێشک، سی، جەرگ): **لُب؛ لُوب**

**لپ** / lop ، ـهـا/: *اسم. [گفتاری]* گۆناڵ؛ گـوپ؛ گـپ؛ گووپ؛ گیپ؛ گوب؛ کپ؛ شیپک؛ شیپ؛ گیپش؛ لـۆپ؛ سەرکولـمە؛ گـەلپ؛ گـۆن؛ کولـمە؛ لام؛ خڕی ئەملا و ئەولای ڕوومەت.

**لپـه** / lap(p)e ، ـهـا/: *اسـم.* ۱. نوخۆشـەر؛ نوخوەشـەر؛ نخۆشـەر؛ نەخۆشـەر؛ مقەشـەر؛ مەقەرشـەر؛ ئـارینۆک؛ ئـارێنۆک؛ لەپـە؛ لاپـە؛ لەتکەنۆک؛ نۆکەوردەی دووقاش بوو بە ئاسیاو و دەسهارِ، بۆ ناو خۆرشت و چێشت ۲. *[گیاه‌شناسی]* لەتکە؛ بەشێک لـە تـۆمی گیـا کـە گـەڵای لـێ دروست دەبێ.

▣ **تک‌لپه:** *[گیاه‌شناسی]* تایبەتمەندی تۆمێک کـە

هەر یەک پاژە (وەک دانەی گەنم).

**دو لپە:** *[گیاەناسی]* تایبەتمەندی تۆمێک کە بۆخۆی دوو لەتە (وەک نۆک).

▣ **لپە کردن:** لەتکە/ لەپە/ نەخوەشەر/ لەتکەنۆک کردن؛ کردنە نەخۆشەر؛ ئارینۆک کردن؛ چێکرنی نەخۆشەر بە ئاسیاو و دەسهار.

**لت** / lat ، ـها/: *اسم.* ۱. تا؛ لنگە؛ لا؛ لەت؛ پاژێکی تەخت لە دەزگا یان کۆمەلەیەک ‹لت کاغەز؛ لت در: تای کاغەز؛ لنگەی دەرگا› ۲. *[نامتداول]* تەمەرە؛ ئاسیو؛ تەوەرە؛ لەتمە؛ گەزن؛ زیان ۳. *[نامتداول]* زەرپ؛ زەبر؛ چەک.

▣ **لت خوردن:** ۱. چەک خواردن؛ شەپلاخە خواردن ۲. زیان دیتن؛ خەسار لێکەوتن.

**لت شدن:** ۱. لێوە بوون؛ کنیانەوە ۲. گەزن دیتن؛ عەیبار بوون. هەروەها: **لت کردن**

**لتراست** / letrāset/: [انگلیسی]*اسم.* لیتراسیت؛ کۆمەلێک پیت و ژمارەی زمانێ کە لە سەر کاغەز، پلاستیک یان کانزا لە چاپ دراوە و بۆ خۆشنووسی یان نووسینێکی تایبەت کەلکی لێ دەگرن: **حروف برگردان**

**لترمە** / laterme/: [ترکی/ ؟] *صفت.* هەویر؛ تایبەتمەندی نانێک کە باش نەبرژاوە و هێشتا هەویرە.

▣ **لترمە کردن:** نان خووساندن؛ ئاو لە نان ولێن/ پژاندن.

**لترە**/ lotre/: *اسم.* زمانی دەسکرد (وەک زێ-زێ یان سپرانتۆ).

**لت و پار** / lat-o-pār/: *صفت. [گفتاری]* شڕ و وڕ؛ شەل و پەت؛ شڕ و شیتاڵ؛ لەت و کوت؛ کوت و لەت؛ لەت-لەت؛ کەرت کەرت؛ تیکەتیکە؛ شەقارە شەقار؛ ونجڕە ونجڕ؛ شەقار وەقار؛ پەل-پەل؛ بزڕ- بزڕ؛ پارچە-پارچە؛ کوتەکوت؛ کوتە-کوتە؛ لەتار- لەتار؛ زڤار - زڤار.

▣ **لت و پار شدن:** شڕ و شیتاڵ بوون؛ لەت و کوت بوون؛ کوت-کوت بوون؛ لەت-لەت بوون؛ تیکە-تیکە بوون؛ پەل-پەل بیەی؛ گەزخان.

هەروەها: **لت و پار کردن**

**لته** / late/:/*اسم.* سیپال؛ شڕە؛ شڕ و شیوال؛ شڕە و شیتال؛ شڕە و پڕە؛ ڕیپۆل؛ ڕەپال؛ ڕیتال؛ وەتراخ؛ قوماش یان جلکی کۆن و دراو.

**لثوی** / lasavî/: [عربی] *صفت.* پدوویی؛ پووکی؛ لاوسی: ۱. پێوەندیدار و سەر بە پووک ۲. بەدیهاتوو (دەنگ) بە پدوو.

**لثه** / lase ، ـها/: [عربی]*اسم.* پدو؛ پدوو؛ پوک؛ پووک؛ پیوو؛ پوو؛ پی؛ پێ؛ پدی؛ پودو؛ هاروو؛ ئاروو؛ لاوس؛ گۆشت ئاساییکی نێو زاری زۆربەی مۆرغەداران کە ڕیشە و بنی ددان دادەپۆشێ و هی مرۆڤ سوور یان سوورکاڵە.

**لج**[1] / lac/: [عربی]*اسم. [گفتاری]* ڕق؛ قین؛ لەج؛ لەنج؛ جڕ؛ جیەل؛ بوجەر؛ سین؛ ڕک؛ کوت؛ بەرهەڵستی و پێداگری لە سەری.

▣ **از لج:** لە قین؛ لە قینا؛ لە ڕکدا؛ قینێنە؛ قینیۆ؛ لە لەنج؛ لە ڕووی تووڕەیی و دژایەتیەوە ‹من هم از لج کتابش را پاره کردم: منیش لە قینا کتێبەکەیم درێ›.

▣ **لج افتادن:** کەوتنە لەنجەوە؛ کەوتنە قینەوە؛ کەوتنە ڕقەوە ‹صاحبخانه با ما لج افتاده: خاوەن ماڵەکە لێمان کەوتوتە لەنجەوە›.

**لج کردن:** قین کردن/ گرتن؛ پێچەقاندن؛ پا گەزدان؛ کەوتنە سەر ڕک؛ حەنگزین؛ لا بوون؛ سینکەردەی ‹لج کرد و با ما نیامد: قینی کرد و لەگەڵمان نەهات›.

**لج کسی را درآوردن:** ڕەقی کەسێک هەستاندن؛ قینۆ یۆی دەی؛ بە ئاکاری دژانەی خۆ کەسێ تووڕەکردن ‹همه‌اش سعی می‌کرد لج من را دربیاورد: هەر خەریک بوو ڕقی من هەستینی›.

**لج کسی گرفتن:** ڕق لە کەسێک هەستان ‹چقدر از دستش لجم گرفته بود!: چەند ڕقم لێ

هەستابوو!›.

**لج**[٢]: *صفت. [گفتاری]* زڕ؛ لا؛ دژ؛ بەقین؛ بەڕق؛ وەڕک.

▣ **لج بودن:** لا بوون؛ لەنج بوون؛ بە قین بوون؛ بە ڕەق بوون؛ لە سەر باری نەیاری و دژایەتی بوون.

**لجاج** / lecāc, lacāc/: [عربی]/*سم. [ادبی]* لاساری؛ پێچەقێنی؛ لایی.

▣ **لجاج ورزیدن:** لاساری کردن؛ لەنج کردن؛ پێ چەقاندن.

**لجاجت** / lecācat, lacācat/، ـها/: [عربی]/*سم.* گەدەبەلی؛ پێچەقێنی؛ سەرگورزی؛ پرکێشی؛ لاساری؛ ڕەچۆیی؛ لاق چەقێنی.

**لجاره** / laccāre/، ـها/: [؟] *صفت. [گفتاری]* پەست؛ تەرەس؛ ناکەس؛ نادروس.

**لجام** / lecām/: [معرب از فارسی]/*سم.* هەوسار؛ ئاوسار؛ وەسار؛ هۆسار؛ هەفسار؛ ئەوسار؛ لەغاو؛ لەخاف؛ لەخاف؛ لەقام.

**لجام گسیخته** / lecāmgosîxte/: [معرب/ فارسی] *صفت. [کنایی]* سەرکێش؛ یاخی؛ خۆسەر؛ سەر هەلبوو ‹سیل لجام‌گسیخته: لافاوی سەرکێش›.

**لجباز** / lacbāz/، ـها/: [عربی/ فارسی] *صفت.* لاسار؛ ناعار؛ جیروو؛ جارەو؛ لەچەر؛ قیرسیچم؛ قیرسیچمە؛ سەررەق؛ کەللەڕەق؛ سەرشەق؛ نەگریس؛ لارێ؛ سامنج؛ لنج؛ لەنجباز؛ گێڕ؛ مارز؛ مارس؛ سەرسەخت؛ لەچەر؛ گوێنەبیس؛ پێ چەقێن؛ نەساز؛ کەمۆت؛ مقڕ ‹این مرد چقدر لجباز است!: ئەم پیاوە چەند لاسارە!›.

**لجبازی** / lacbāzî/، ـها/: [عربی/ فارسی]/*سم.* قیرسیچمی؛ لاساری؛ لایی؛ لابەلایی؛ سەرەخەری؛ ئینکەبەری؛ سەرشەقی؛ کەمۆتی؛ پێ چەقێنی؛ قین‌کێشی؛ ئاکاری دژ بە مەیل و داخوازی کەسێ بۆ بەرهەلستی لەگەلیدا.

▣ **لجبازی کردن:** قین‌کێشی کردن؛ شەرشەقی کردن؛ پێ چەقاندن؛ پا دانە گەز؛ لاساری کردن ‹خوب نیست با برادرت لجبازی کنی: باش نیە لەگەڵ براکەت قین‌کێشی بکەی›.

**لجستیک** / locestîk/: [از انگلیسی]/*سم. [نظامی]* لوجستیک؛ کۆمەلەیەک چالاکی بۆ دابین کردنی ئەوی پێداویستیە (وەک خۆراک، جل، مال)، هەروەها ئاز و گۆز و کەلەتە و سازکردن.

**لجستیکی** / locestîkî/: [از انگلیسی] *صفت.* لوجستیکی؛ سەر بە لوجستیک.

**لجن** / lacan/:*سم.* سیلخان؛ لیتە؛ لیجە؛ لنج؛ بێرم؛ لێم؛ قیشاف؛ زلیتاو؛ لیجە؛ لەنگێز؛ لەنگێزە؛ قوڕی ڕەشی تێکەڵ بە ماکی ئالی.

▣ **لجن فعال:** لنجی زیندوو؛ لێمی زینگ؛ کۆمەڵە گیانداری زیندووی نێو سیلخان.

**لجن گُوارده:** لنجی پاک/ خاوێن؛ قوڕاوێ کە ڕێژەی ماکی ئالی نەخۆشیزای کەم بێ.

**لجنزار** / lacanzār، ـها/:*سم.* گەنکاو؛ گەناو؛ تەقەن؛ تەقن؛ جێگەی پڕ لە قوڕ و لیتە.

**لجن‌مالی** / lacanmālî/:*سم.* ۱. لیتەمالی؛ لنج‌مالی؛ باوەرمالی ۲. *ـها/[کنایی]* کار یان ڕەوتی ئابڕوو بردن و ناو زڕاندنی کەسێک.

هەروەها: **لجن‌مال**

**لجوج** / lacûc/: [عربی] *صفت. [ادبی]* لەنجباز؛ قرنیس؛ چیر؛ نەگونجاو؛ ڕکۆ؛ ڕکن؛ ڕقن؛ ڕکەون؛ ڕکوونی؛ سەرسەخت؛ کەللەبا؛ ڕەچوکار؛ لاسار؛ گوێنەبیس؛ خرس؛ سرتغ؛ گوێنەدەر؛ پێ چەقێن؛ گەدگیر ‹آدم لجوج: مرۆی لەنجباز›.

**لج و لجبازی** / lac-o-lacbāzî، ـها/: [عربی/ فارسی]/*سم. [گفتاری]* ڕکەبەرایەتی؛ قینەبەرایەتی؛ ڕقەبەرایەتی؛ قین و قینکاری ‹از روی لج و لجبازی خانه را خالی گذاشته‌اند، نه تعمیر می‌کنند، نه می‌فروشند، نه تویش می‌نشینند: لە بەر ڕکەبەرایەتی مالەکەیان چۆل کردووە، نە کەڵەتەی دەکەن، نە دەیفرۆشن، نەش تێیدەچن›.

**لچر** / lačar/: *صفت. [گفتاری]* هەرزە؛ تەرەس؛ پەست.

**لچـک** / lačak ، ـها/: [ترکی]/سم. لەچـەک؛ لـەچک؛ لەچکـە؛ لاچـک؛ لـەچ؛ لـەچیک: ۱. دەسمـال؛ قـەمتک؛ دەسـرۆکە؛ سووکەلـە سەرپۆشی سێ‌گۆشی ژنان ۲. نەخشـی جـوانی سێ‌گۆش لە چوارسووچی فەرشدا: **لچکی ـ۳**

**لچکـی** / lačakî ، ـها/: [ترکی]/سم. لەچـەکی: ۱. *[معماری]* پێکهاتەیەکی سێ‌گـۆش لـە سـەر کۆلەکەی مال لە نێوان دوو میچدا ۲. *[معماری]* قەرنێزی ژێر شیروانی ۳. ☜ **لچک ـ۲**

**لحاظ** / lahāz, lehāz/: [عربی]/سم. ڕوانگـە؛ بـار؛ لایەن؛ خاڵ یان شوێنی ڕوانین.

▣ **از لحاظ**: لە باری؛ لـە ڕوانگـەی؛ لـە لایـەنی ‹ایران از لحاظ آب همیشه دچار کمبود بوده است: ئێران لە بـاری ئـاوەوە هەمیشـە کـەم و کـووڕی بووە›.

▣ **لحاظ شـدن**: ڕەچـاو بـوون/ کـران؛ لـە بـەر چاوگیران ‹این موضوع در برنامه لحاظ شده است: ئەم بابەتە لە بەرنامەدا ڕەچاو بـووە›. هـەروەها: **لحاظ کردن**

**لحـاف** / lahāf ، ـها/: [عربـی]/سـم. لێـف؛ لێفـە؛ لێفک؛ لاف؛ نخاف؛ نخێف؛ پێخـەفی گـەرم لـە خوری، لۆکە یان پەڕی لە تـۆی پارچـە خـراو و دوروا‌و.

**لحافـدوزی** / lahāfdûzî/: [عربـی/ فارسـی]/سـم. لێفـەدووری؛ لێـفدووری: ۱. کـاری دووریـن و ئامادەکردنی لێفە ۲. /ـها/ کارگەی لێفدووریـن. هەروەها: **لحاف‌دوز**

**لحاف کرسی** / lahāfkorsî ، ـها/: [عربـی/ چینـی/ ژاپنی]/سم. لێفەتەمەڵە؛ لێفقورسی؛ چەکەلێـف؛ لێفەی گەورەی سەر قورسی.

**لحد** / lahad/: [عربی]/سم. *[ادبی]* ۱. گۆڕ؛ گڵـکۆ؛ قەور؛ زیارەت؛ مالی هەتایی مردوو ۲. گۆڕیچـە؛ ئەلحەو؛ کولوە؛ کوواوە؛ تاپی؛ لەهەک؛ بنی قـەبر کە تەسک بۆتەوە و مردووی تێدەنێژن ۳. کێل؛ کێلە؛ هەنگێزە؛ بەردی سەر گۆڕ.

**لحظات** / lahazāt/: [عربی] جمعِ ☜ **لحظه**

**لحظه** / lahze ، ـها؛ لحظات/: [عربی]/سم. هەناسـە؛ سات؛ گڕ؛ تاو؛ هلـووم؛ دەمووکـە؛ چاوتروو‌کـان؛ ماوەیەکی زۆر کەم ئەوەندەی چـاو لێـکنانێـک ‹یک لحظه غافل شدم، گذاشت فرار کرد: هەناسـەیەک چاوم لێ داخست، بۆی هەلات›.

**لحظه‌ای** / lahze'î/: [عربی]*قید.* بە سات؛ سـاتێ؛ گڕێ؛ بە تاو؛ یەک وچی؛ لە ماوەی یەک دەمـدا ‹او لحظه‌ای تصمیم عوض می‌کرد: ئەو به سات بڕیاری دەگۆڕی›.

**لحظه شماری** / lahzešomārî/: [عربـی/ فارسـی] /سم. چاوەڕوانی وێڕای بێئۆقرەیی.

**لحن** / lahn ، ـها/: [عربی]/سم. ئاهەنگ: ۱. شێواز و چۆنیەتی دەنگ (قسە یان موسـیقا) ۲. /الحـان/ دەنگێک بە بەرزی و نزمـی تایبەتـەوە ۳. دەڕاو؛ شێواز و شێوەی دەربڕینی بابەتێک ‹نامه‌اش لحن دوستانه‌ای داشت: نامەکـەی دەڕاوێکـی دۆسـتانەی هەبوو›.

**لحیم** / lahîm/: [عربی]/سـم. لـەحیم؛ کـانزا یـان ئالیاژێ کە تواوەکەی بۆ کـون و کـەلێن گـرتن یان لکاندنی دوو کانزا پێکەوە بە کەلک دێت.

▣ **لحیم کردن**: لەحیم‌کردن؛ کـەوین؛ ڕاکوتـان؛ لکانـدنی دوو لەتـە کـانزا یـان گـرتنی درز و کونی کانزایەک بە لەحیم.

**لحیمکـاری** / lahîmkārî/: [عربـی/ فارسـی]/سـم. لەحیمکاری؛ کار و ڕەوتی لەحیم‌کردن.

**لخـت** / laxt/: *صفت.* خـاو: ۱. سـس؛ سسـت؛ نەبەگە؛ بـەبێ هێـزی جـووڵان ۲. شـل؛ شـل و شەوێق؛ خۆنەگر؛ بێ‌گیان ۳. بێ‌گرژ؛ نەرم؛ بەبێ گرژی ‹موی لخت: مووی خاو›.

**لخت** / loxt/: *صفت.* ڕووت؛ ڕیت؛ ڕوهت؛ ڕویت؛ رویـس؛ رووس؛ ڕوویـس؛ رویـچ؛ پـەتی؛ تـازی؛ لووت؛ لوت؛ لوەت؛ جیپ: ۱. بێ‌بـەرگ؛ ڕووت و قووت؛ زەلـووت؛ چـەک؛ چەکـە؛ زت؛ ئـاونیش؛ ئەفلێس؛ ڕووت و عەمەنە؛ بێ‌بـەرگ و پۆشـەن

‹بدن لخت، مرد لخت: لەشی ڕووت، پیاوی ڕووت› ۲. بێگەلا و گول ‹درخت لخت: داری ڕووت› ۳. خشت و خالی؛ خت و خالی؛ هالی و هەوێلا؛ ڕووت و پەتی؛ بەبێ هیچ کەلپەل و ئامرازێک ‹اتاق لخت: دیوی خشت و خالی› ٤. قاقڕ؛ ڕووتەن؛ ڕووتان؛ کڕێن؛ بێدار یان شینایی ‹دشت لخت: دەشتی قاقر› ٥. بێڕووکەش یان ڕووپۆش ‹سیم لخت: سیمی ڕووت›.

▣ **لخت کردن**: ڕووتکردنەوە؛ ڕووتەوکردن؛ ڕووتەوەکەردەی؛ ڕووتکەردەیوە؛ ڕوهت کرن: ۱. پۆشەن لە بەر کەسێ دەرهێنان ۲. پەرتاوتن؛ ڕووتاندنەوە؛ داڕووتاندن؛ دارنین؛ داماڵین؛ داماڵان؛ هەڵووتاندن؛ هەڵپاچین؛ ڤەڕووتاندن؛ ئەرەمالەی؛ مالایرە؛ ڤەرووێتاندن؛ ڤەڕوویچاندن؛ ڤەڕووچکاندن؛ پەل و پۆی داریّ بڕین ۳. داماڵین؛ داماڵان؛ ڕووتاندن؛ ڕووتانن؛ ئەرەمالەی؛ مالایرە؛ دار و گیای زەوینێک بڕین ٤. وەڕوا کردن؛ ڕووتاندنەوە؛ ڕووتاننەوە؛ ڕوێتکردن؛ مالایرە؛ ئەرەمالەی؛ هەموو شتێکی دانراو لە شوێنێک لابردن و هیچی تێدا نەهێشتن ٥. *[کنایی]* بە زۆر مال و دارایی کەسێک لێسەندن ‹اول شب سه نفر ریختند سرش و او را لخت کردند: سەرەتای شەو سێ کەس بە سەریاندا داو و ڕووتیان کردەوە›.

**لختگی** / laxtegî/: *اسم.* پەلتیوی؛ مەییوی؛ گرساوی؛ گرسیاوی؛ گرسیاگی؛ چۆنیەتی گرسان.

**لخت و پتی** / loxt-o-patî/: *صفت. [گفتاری، تعریض]* ڕووت و قووت؛ ڕووت و پەتی؛ ڕووت و عەمەنە؛ ڕووت و ڕوێچ؛ ئاونیش؛ زەلووت؛ چەکە: **لخت و عور**

**لخت و عور** / loxt-o-'ûr/: [فارسی/ عربی] ☜ **لخت و پتی**

**لخته** / laxte/: *اسم.* جەلتە (بۆ خوێن)؛ گرس؛ کوڵە؛ دەڵەمە؛ دۆڵەمە؛ دۆڵەمێ؛ لەگرسە؛ تراوێ کە لە بەر هەوا، سەرما یان شتیترەوە گرسابێ.

▣ **لخته شدن**: پەلتین؛ خۆ گرتن؛ مەیین؛ گرسان؛ گرسیان؛ گرسەی؛ گرسای؛ بەستن؛ ڤەرسین. هەروەها: **لخته بودن؛ لخته کردن**

**لختی**[1] / laxtî/: *اسم.* خاوی؛ سستی؛ دۆخ یان چۆناوچۆنی خاو بوون.

**لختی**[2]: *قید. [ادبی]* تاوێ؛ تاوێک؛ تۆزێ؛ تۆزێک؛ کەمێ؛ کەمێک؛ کەمێو؛ بڕێ؛ بڕێک؛ دەموو کەیەک؛ هەڵێ؛ چەڵێ؛ یەک تاو؛ چاوقونجانێ؛ چاوترووکانێ؛ کاتێکی کورت ‹لختی درنگ کن: تاوێک ڕاوەستە›.

**لختی**[1] / loxtî/: *اسم.* ڕووتەڵی؛ ڕووتی؛ پەتیەتی؛ ڕۆهنی؛ ڕوێتی؛ ڕووت و قووتی؛ دۆخ یان چۆنیەتی ڕووت بوون ‹ساحل لختی‌ها: بەستێنی ڕووتەڵان›.

**لختی**[2]: *صفت. [مجازی، گفتاری]* ڕووتەڵ؛ ڕووتەڵە؛ دەسڕووت؛ بێبەرگ؛ ڕووت؛ هەژار؛ بێئەنوا ‹پسرەی لختی آمده خواستگاری دختر من: هەتیوە ڕووتەڵە هاتۆتە خوازبێنی کچی منەوە›.

**لخشک** / laxšak/: *صفت. [گفتاری]* ۱. لەق و لۆق؛ لەق و تەق؛ لەق؛ لەرزۆک و شل ‹این صندلی لخشک است، مواظب باش نیفتی!: ئەم ئەسکەملە لەق و لۆقە، وریا بە نەکەوی!› ۲. خلیسک؛ خز؛ تایبەتمەندی جێگەی لووس: **لخشه**

**لخشه** / laxše/ ☜ **لخشک ـ۲**

**لخشیدن** / laxšîdan/: *مصدر. لازم. [قدیمی]* // **لخشیدی**: لەقای؛ **می‌لخشی**: دەلەقی؛ **بلخش**: بلەقە// لەرزین: ۱. لەقان؛ لەقین؛ لەقەی؛ لەقای؛ لەق بوون؛ گێڕان؛ گێڕ بیەی؛ لە جێگەی خۆدا قایم نەبوون ۲. لەخشان؛ خزان؛ خزین؛ خزەی؛ خزای؛ خلیسکان؛ خشکان؛ تەهسین؛ شەمتین؛ لەخشای؛ خشان؛ زەلین؛ لە سەر جێی خۆ ترازان یان لەرزانەوە.

■ صفت مفعولی: **لخشیده**: (لەقاو) / مصدر منفی: **نَلَخشیدن**: *[نامتداول]* (نەلەقان)

www.perawipepwle.com


**لـخ ـــ لـخ** / lexlex/: *صوت.* چەکەچـەک؛ خشـەخش؛ دەنگـی ڕاکێشـانی کـەوش یـان سەرپایی گەورە ‹با صدای لخ ـ لخ سرم را بلند کـردم و دیدم رییس است که وضو گرفتـه و دارد مـی‌آیـد: بـه دەنگی چەکەچەک سەرم هەڵـێنا و دیـتم سـەرۆکە دەسنوێژی گرتووە و خەریکە دێ›.

**لخم** / loxm/: *صفت.* نەرمک؛ نەرمـە؛ نـەرمۆک؛ وڵمە؛ گوڵمە؛ پارچە گۆشـتی زلی بـێئێسـک و چەوری و ڕەگ و دەمار.

**لوک**[2] / lûk/ *صفت. [قدیمی]* ۱. گوج؛ کوچ؛ کووچ؛ کۆل؛ تووشیاری نوقسانی دەست یان پێ بەتایبەت دەست ۲. ئەستوور؛ ستوور؛ ستۆکوور؛ قایم؛ قەیم.

**لوکس**[1] / lûks/: [فرانسوی]*سم.* لووکس؛ یەکەی ڕووناکی بەرامبەر بە یەک لوومەن بە سەر میترێکی چوارگۆشدا.

**لوکس**[2]: *صفت.* شیک؛ بەشکۆ؛ لەبار؛ لووکس ‹ماشین لوکس؛ خانەی لوکس: ماشێنی شیک؛ مالی بەشکۆ›.

**لوکوسیت** / lokosît/ ، ـها/: [فرانسوی]*سم. [زیستشناسی]* گلوبوولی سپی.

**لوکوموتیو** / lokomotîv/: [فرانسوی] ☜ **لکوموتیو**

**لول**[1] / lûl ، ـها/:*سم.* لوول؛ لوولە ‹لول تریاک؛ تفنگ دولول: لوولی تلیاک؛ تفەنگی دوولوول›.

**لول**[2]: *صفت.* تەلەس؛ ڕەشەمەست؛ مەلەنگ؛ تەواو مەست ‹وقتی دیدمش لول بود، تلوتلو می‌خورد: کە دیتم تەلەس بوو، دارەی دەهات›.

**لولا** / lowlā, lo:lā ، ـها/:*سم.* ئەنجامە؛ لەولاوە؛ لەولا؛ لاولاوە؛ چەفتەلی: ۱. کەرەستەیەکی جمگەدار یان چەماندنی کە دەرک، پەنجەرە یان دەلاقەی لە سەر دەسووڕێ، دەکرێتەوە و دەبەستڕێ ۲. میلە یان چوکلێ کە کەرەستەیەکی بەدەوردا دەسووڕێتەوە.

**لولاگر** / lowlāgar, lo:lā-، ـها؛ ـان/:*سم.* ئەنجامەساز؛ لەولاوەگەر؛ چێکەری لەولاوە.

**لولئین** / lûle'în/ ☜ **لولەنگ**

**لولو** / lûlû/:*سم.* خۆخۆلێ؛ شەولەبان؛ لوولکە؛ ئولوولوو؛ بەئۆک؛ ئووف؛ مەوت؛ قازانەسەر؛ ئایشە گوێدرێژ؛ کاوڕە: ۱. منالترسێن؛ ناوی شتێکی نەبووی خەیالیە وەک درنج منالی پێ دەترسێنن ۲. بوونەوەری زۆر ترسناک *

**لولوخورخورە**

**لولوی سرخرمن**: ۱. داول؛ داوەل؛ دالۆ؛ داهۆل؛ دالەهۆ؛ داولە؛ داوول؛ هەراسە؛ تڕچماق؛ بەرتەلاش؛ مەترەس ۲. گۆپۆ؛ حەپەنتی؛ زڕتەزەلام؛ مەندەبۆر؛ مەندەبوور؛ زەلامی زل و بەتال و هیچ لێنەهاتوو ‹این لولوی سرخرمن از کجا پیدایش شد؟: ئەو گوپویە لە کوێوە هات›.

**لولوخورخورە** / lûlûxorxore/ ☜ **لولو**

**لولە** / lûle ، ـها/:*سم.* لیلە؛ لوولە؛ لیلی؛ لوولێ؛ زڕندی؛ لولا؛ بۆری؛ بۆریە؛ لوولک؛ لەیلووک؛ لەلووک؛ کێسین: ۱. کەرەستەیەکی درێژی ناو بەتال، بۆ گۆزاندنەوەی تراو، گاز و... ۲. بەشێ لە ئامرازێ کە بیچمی وایە ‹لولەی آفتابە: لوولەی ئەفتاوە› ۳. ئەندامێ کە وەکوو لوولەیە ‹لولەی نای: لوولەی قورقوراچکە›.

**لولەی آزمایش**: لوولەی ئەزموون/ هیچ/ تاقیکاری؛ لوولەی باریک و لووس لە شیشەی ناسک و پتەو کە سەرێکی گیراوە و لە تاقیگەی کیمیا و ژیناسیدا کەلکی لێوەردەگرن.

**لولەی أستاش**:*[کالبدشناسی]* لوولەی ئوستاش؛ دەراوێک بە درێژایی ۳۵ـ ٤٥ میلیمیتر کە گوێی نێوانی دەخاتە سەر کلۆرەکانی لووت و دەبێتە هۆی هاوسەنگی هەوا لە هەر دوولای پەردەی گوێدا.

**لولەی اگزوز**: لوولەی ئیگزۆز؛ لوولەی بردنەدەری دووکەڵی موتۆر.

**لولەی چراغ**: شووشە/ شیشە لامپا؛ شووشەچرا؛ شیشەچرا؛ شیشەی گرۆفەری سەر چرالامپا: **لولەی لامپا**

**لولەی خرطومی** ☜ **لولەخرطومی**

**لولەی گوارش**:*[کالبدشناسی]* لولەی هەرسەک؛ بۆریەی هەڵتاوینی خۆراک کە لە دەمەوە دەست پێدەکا و لە ئەوک، سوورێنە، گەدە،

ڕیخۆڵەی بچووک و ڕیخۆڵەی گەورە پێک دێ و لە کۆمدا دوایی دێ.

**لولەی لامپا** ☜ **لولەی چراغ**

▣ **لوله شدن:** لوولە بوون؛ لیلە بوون؛ زڕندی بوون؛ بوونە لوولە؛ لوول بوون؛ بەبیچمی لوولە دەرهاتن. هەروەها: **لوله کردن**

**لوله کشیدن** ☜ **لولەکشی**

**لولەای** / lûle'î/: *صفت.* لوولەیی؛ لیلەیی؛ وەک لوولە ‹لامپ لولەای: گڵۆپی لوولەیی›.

**لولەبازکن** / lûlebāzkon ، ـها/: *اسم.* لوولەبەردەر؛ لوولەبازکەر: ۱. ئامێر یا ماکی شیمیایی بۆ بەردانی لوولەی گیراو ۲. کەسێ کە لوولەی گیراو بەردەدا.

**لولەبر** / lûlebor ، ـها/: *اسم.* لوولەبڕ؛ لوولەوڕ؛ لیلەبڕ؛ ئامێری پێ بڕینی لوولە.

**لولەخرطومی** / lûlexortûmî ، ـها/: [فارسی/عربی] *اسم.* گەردەبل؛ جۆرێک لوولەی نەرم بە شێوەی ئالقەی پێکەوە بەسراو کە دێنە یەک و دەکرێنەوە.

**لولەخم کن** / lûlexamkon ، ـها/: *اسم.* لوول چەمێن؛ ئامێری چەماندنەوەی لوولەی کانزایی.

**لولەسازی** / lûlesāzî /: *اسم.* لوولە سازی: ۱. کاری چێکرنی لوولە ۲. /ـها/ کارخانە یان کارگەی دروستکردنی لوولە. هەروەها: **لولەساز**

**لولەکش** / lûlekeš ، ـها/: *اسم.* لوولەکێش؛ لیلەکێش؛ کەسێ کە کاری دانان و دامەزران و بەرێخستنی لوولە، شێر، شێرفەلەکە، هەماراو و شتی وایە.

**لولەکشی** / lûlekešî /: *اسم.* لوولەکێشی؛ لیلەکێشی: ۱. کاری دانان و دامەزراندنی لوولە ‹بسیاری از دهات هنوز لوله‌کشی نشده‌اند: زۆرێک لە دێهاتەکان هێشتا لوولەکێشی نەکراون› هەروەها: **لولەکشی کردن** ۲. /ـها/ کارگەی لوولەکێشی ۳. پیشەی لوولەکێش ٤. /ـها/ تۆرێک لە لوولە، شێر و فەلەکە بۆ ڕاگوێزانی گاز و ترا و.

**لولەگذاری** / lûlegozārî ، ـها/: *اسم.* ۱. کار و ڕەوتی دانان و دامەزراندنی لوولە و... بۆ گواستنەوەی گاز و ترا و لە کۆگایەکەوە بۆ شوینی ڕەچاوکراو ۲. *[پزشکی]* تێڕۆکردنی لوولە بۆ ناولەشی گیاندار بۆ دەرمان یان نموونە هەڵگرتن. هەروەها: **لولەگذاری کردن**

**لولهنگ** / lûleheng, lûlehang ، ـها/: *اسم.* لولێ؛ لوولێنە؛ لوولەینە؛ ئافتاوەی سوالەت: **لولئین؛ لولهین**

▣ **لولهنگ کسی زیاد آب برداشتن:** *[تعریض]* ئاخوڕی کەسێ بەرز بوون؛ لە ئاشی سەرڕێ کردن؛ لەگەڵ مالی یاقۆبەگا بزن بڕینەوە؛ دەس‌ڕۆیشتوو بوون ‹حالا دیگر با کله‌گنده‌ها نشست و برخاست می‌کند و لولهنگش زیاد آب برمی‌دارد: ئێستا ئیدی لەگەڵ سەرزلەکان ئامۆشۆ دەکا و ئاخوڕی بەرزە ›.

**لولهین** / lûlehîn/ ☜ **لولهنگ**

**لولی** / lûlî ، ـان/: *اسم. [ادبی]* کۆڵی؛ کوولی؛ کاولی؛ کەولی؛ کاولی؛ قەرەچی؛ قەرەج؛ قەرەچ؛ قەرێچ؛ ژن یان کچی لە خێڵی چادرنشین و گەڕۆکی بلاو بە هەموو جەهاندا.

**لولیدن** / lûlîdan/: *مصدر. لازم.* // **لولیدی:** لوولای؛ **می‌لولی:** دەلوولی؛ **بلول:** بلوولە// لووڵان: ۱. لەخشان؛ لەخشین؛ خشکەکردن؛ زیوان؛ وەک کرم جووڵەکردن ۲. تڵ‌خواردنەوە؛ ژڵێوەئامەی؛ هۆرژڵێویایوە؛ بە شێوەی کۆمایێ لە ناو یەکدا یان لە ناو قوڕ و پیسیدا ژڵیویان.

■ صفت مفعولی: **لولیده** (لوولیاگ)/ مصدر منفی: **نلولیدن** (نەلوولیان)

**لومباگو** / lûmbāgo/: [؟] *اسم. [پزشکی]* لوومباگۆ؛ پشت ئێشەی زۆر و تاوسێن.

**لومپن** / lompan ، ـها/: [انگلیسی] *صفت.* لومپەن: ۱. خاوەنی کاری حەرام و ناڕەوا وەک قومار، خۆفرۆشی، شۆفاری و باجگری ۲. *[مجازی]* لات؛

www.perawipepwle.com



ئەلوات؛ شەللات؛ گەلاج.

**لومن** / lûman/: [فرانسوی]/سم. لوومەن؛ یەکەی تاوی ڕووناکی، بەرامبەر بە ڕووناهی شەمێک بە سەر ڕووبەڕێکی ساف و سپیدا.

**لـون** / lown, lo:n ، ـها؛ الوان/: [عربی]/سم. *[نامتداول]* ڕەنگ؛ چڕ.

**لوند** / lavand ، ـها/: *صفت. [گفتاری]* لەوەند؛ لەقەند؛ بە لەنجە و لار؛ نازفرۆش؛ نازکەر؛ بەناز ‹یک دختر لوند مرتب بە پسرها چشمک می‌زد و می‌خندید: کیژێکی لەقەند لە پەستا چاوی لە کوڕەکان دەقرتاند و بە دەمیانەوە پێدەکەنی›.

**لُوندی** / lavandî ، ـها/: /سم. لەقەندی؛ لەوەندی؛ لەنجە و لار؛ نازفرۆشی؛ کەشم و نەشم؛ کردەوەیێ کە دەبێتە هۆی سەرنج ڕاکێشی و هەستانەوەی حەزی جینسی پیاوان.

**لووردراپە** / loverd(e)rāpe ، ـها/: [فرانسوی]/سم. پەردداوێز؛ پەردەیەک بە شێوەی ڕزنێک باریکە پارچە یان پلاستیکی هەلواسراو: **لوردراپە**

**لوولز** / levuloz/: [فرانسوی] ☜ **فُروکتوز**

**لویشە** / lavîše/: /سم. *[قدیمی]* لۆشکە؛ لۆچکە؛ لەواشە؛ دوورک؛ قەفانچەلەی نالبەند کە لێوی یەکسمی پێ دەبەستن: **لباشن**

**لـویی** / lûyî/: /سم. کەڕەپوو؛ گیامەشرەق: ١. ڕووەکێک بە گەلای باریک و درێژ، گولی گوشراو و بەری خەلەلەی خورماییەوە کە پاش وشک بوون هەلدەوەرێ و دەنکەکانی با دەیبا ٢. /ـها/ ناوی گشتی ئەم چەشنە ڕووەکانە* **لوئی**

**لە** / lahe/: [عربی] حرف. بە قازانجی؛ بە قازانجوو؛ بە فەدی ‹دادگاه له او و علیه مدعی رای داد: دادگا بە قازانجی ئەو و دژی داواکار بڕیاری دا›.

**لە** / leh/: *صفت.* مل؛ پلت؛ بل؛ تولخ؛ تورخ؛ پووخ؛ پەلخ؛ پلخ؛ فلچ؛ پلیخ؛ پلیخاو؛ تلیخاو؛ تلیق؛ پلیش؛ پلیشاو؛ پلیشاوە؛ پلچ: ١. ورد و خاش و پانەوە بوو ٢. پان و لە بیچم کەوتوو لە بەر کەوتنە ژێر تەوژم یان شتێکی قورسەوە.

▣ **لـە شـدن**: پـەلخان؛ پـەلخین؛ پلـیخان؛ پلـیخانەوە؛ پلیخانـەوە؛ داپلـۆخان؛ پلیشـان؛ پلیشانەوە؛ ولاین؛ تمان؛ شلێقان؛ شلـێقیان؛ تلێقیان؛ تلـەقیان؛ تلیقـان؛ فلیقـان؛ فلێقـان؛ دافلیقـان؛ فلیقانـەوە؛ ژلیقـان؛ هەڕشـان؛ ڤرچقین؛ بەژڤین؛ هەلـژیویان؛ پـان بوونـەوە؛ پانەوە بوون؛ فلچ بوونەوە؛ پلتەوە بیەی؛ پلت بیەیوە؛ لە ژێر گوشاردا بیچم و شێوازی خۆ لە دەس دان. هەروەها: **لە کردن**

**لهاندن** / lehāndan/: *مصدر. متعدی. [نامتداول]* //

**لهاندی**: پلیخاندت؛ **مـی لهـانی**: دەپلـیخێنی؛ ـــ// پلـیخاندن؛ تلیقانـدن؛ تلەقانـدن؛ تلێقاننـەوە؛ تلیقانن؛ پەلچقاندن؛ پلـیخاندنەوە؛ پلـخاندنەوە؛ پەلخاندنـەوە؛ پوورخاندنـەوە؛ پلیشـانەوە؛ پێشـاندنەوە؛ پەتشـاندن؛ پلچانـدن؛ پلچـانن؛ پـەلاختن؛ پلیقاندنـەوە؛ پلتەوەکـەردەی؛ پلتکەردەیوە؛ شلێقانن؛ شلـێقنەی؛ شلـێقنای؛ تلێقنـەی؛ تلیقنـای؛ فلێقانـدن؛ فلیقانـدن؛ فلیقاننەوە؛ مەلقاندن؛ وچانن؛ تووچانن؛ ژلیقانن؛ هەڕشاندن؛ هەڕشتن؛ ڤرچقاندن.

■ صفت مفعولی: **لهانده** (پلیخاو)

**لهیده**/ lahîde, lehîde/: *صفت.* تلێقیاو؛ تلێقیاگ؛ ژلیقیـاو؛ فلیقـاو؛ پلیخـاو؛ پلیشـاو؛ داپلـۆخاو؛ دافرەقاو؛ دافەتاو.

**لهجه** / lahce ، ـها/: [عربی]/سم. زار؛ زاراوە؛ زاراو: ١. چۆنیەتی وتـنی وشـەی زمانێـک بـە شـێوە زاراوە یان زمانێکی‌تر ‹کردی را بـا لهجـەی فارسـی حرف می‌زد: کوردی بە زاراوەی فارسی قسە دەکـرد› ٢. شێوەی سەرزار، نەرمی قسە و تایبەتمەنـدی پەیڤی ناوچەیەکی دیاریکراو ‹لهجەی کرمانشاهی: زاراوەی کرماشانی› ٣. دەراو؛ شێوەی قسەکردنی تاقمێکی کاری یان کۆمەلایـەتی ‹لهجـەاش مثـل بی‌سوادها بود: زاراوی وەک نەخوێندەواران وا بوو›.

**لهـذا** / lehāzā, lahāzā/: [عربـی]قیـد. کـەوابوو؛ کەوایە؛ بەم پێیە؛ بەم بۆنەوە؛ سا؛ دەسا؛ دەیسـا؛

پەوکێ؛ پەوکەی؛ لە بەر ئەمە؛ کە پیسەنە.

**لە ـــ لە** / lahlah/: *صوت.* هەسکە هەسک؛ ئەنکەئەنک؛ هانکەهانک؛ هەنکەهەنک؛ هانەهان؛ هەنەهەن؛ هینەهین؛ هلکەهلک؛ نخەنخ؛ هەنەک ـ هەنەک؛ هەنک ـ هەنک؛ هن ـــ هن؛ هەن ـــ هەن؛ هەناسکەهەناسک؛ خیتەخیت؛ دەنگی هەناسەدانی بە تاو لە دەمەوە لە بەر ماندوو بوونی زۆر.

▣ **لە ـ لە زدن:** ١. هەنکەهەنک کردن؛ هەناسە دانی لە سەر یەک و بە تەوژمی سەگ لە گەرمان ٢. *[کنایی]* هەلپەهەلپ کردن؛ هینەهین کردن؛ پەلەکردن و هەولدانی زۆر بۆ وەچەنگ خستنی شتێک ‹برای رسیدن به ریاست لە ـ لە می‌زد: بۆ گەیشتن بە سەرۆکی هەلپەهەلپی دەکرد›.

**لە و لوردە** / leh-o-lavarde/: *صفت. [گفتاری]* پان و پلیش؛ پلیش ـ پلیش؛ پان و پلیخ؛ پلیش و پلیخ؛ پان و فلچ؛ پلیشاوە و لە بیچم کەوتوو ‹سیب‌ها را زیر پا له و لورده کرد: سێوەکانی لە ژێر پێدا پان و فلچ کردەوە›.

**لهو و لعب** / lahv-o-la'eb ، ـها/: [عربی]/*سم.* کار و رەوتی رابواردن و خوشگوزەرانی زۆرتر نابەجێ و نەگونجاو (وەک قومار و شەراوخۆری).

**لهیب** / lahîb/: [عربی]/*سم. [ادبی]* ١. بلێسە؛ کلپە؛ کرپە؛ گرێن؛ مەلاشە؛ نێل؛ نێلە؛ سۆلە؛ هێلە؛ بلێزە؛ گل؛ گڕ؛ تلە؛ گڕی ئاگر؛ گوڕی ئێگر ٢. تین؛ تاو؛ گەرمای ئاور.

**لهیدگی** / lahîdegî/: *اسم.* پان و فلچی؛ تلێقیاگی؛ ژلیقاوی؛ فلیقاوی؛ پلیخاوی؛ دافەتاوی؛ داقناوی؛ هەلژلیویایی؛ پلۆخاوی؛ پلیشاوی.

**لهیدن** / lehîdan/: *مصدر. لازم. [نامتداول]* // **لهیدی:** فلیقایتەوە؛ **له می‌شوی:** ئەفلیقیتەوە؛ **له شو:** بفلیقێوە// فلیقانەوە؛ فلیقان؛ فلێقان؛ فلێقیان؛ پلیشان؛ پلیخان؛ پلۆخان؛ هەڕشان؛ ژلیقان؛ ڤرچقین؛ شلێقان؛ بەژڤین؛ پەلخین؛ توچان؛ پەلچقین؛ تلیقانەوە؛ تولخانەوە؛ داقنان؛ دافرەتان؛ پەلخان؛ بەژقین؛ شلێقیەی؛ شلێقیایوە؛ تلێقیەی؛ پلخان؛ پلخانەوە؛ پوورخانەوە؛ پەتشان؛ پوورخان؛ پەرخین؛ مرچقین؛ پان/ فلچ بوونەوە. هەروەها: **لهیدنی**

■ صفت مفعولی: **لهیده:** (فلیقیاوە)

**لی** / lî/: [انگلیسی]/*سم.* لی؛ ناوێکی بازرگانی بۆ جل و پۆشەنی جین.

**لیات** / liyāt/: [از انگلیسی] ☜ **صفحه‌آرایی**

**لیاقت** / liyāqat ، ـها/: [عربی]/*سم.* شایەنی؛ شیاوی؛ هێژایی؛ هێگنی؛ عورزە؛ ڕا؛ سەوچ؛ سەوچیایی؛ ژێهاتوویی؛ زەرف؛ گێر و فەن؛ لێهاتوویی؛ لێهاتگی.

**لیبرال** / lîberāl ، ـها/: [فرانسوی] *صفت.* لیبرال؛ ئازادیخواز؛ هۆگر و لاگری لیبرالیسم.

**لیبرالی** / lîberālî/: [فرانسوی] *صفت.* لیبرالی؛ سەر بە لیبرالیسم.

**لیبرالیزم** / lîberālîzm/: [انگلیسی] ☜ **لیبرالیسم**

**لیبرالیسم** / lîberālîsm/: [فرانسوی]/*سم.* لیبرالیسم؛ ئازادیخوازی؛ ئامۆژەی سیاسی و ئابووری کە لە سەر ئازادی و سەربەخۆیی ئابووری، کۆمەلایەتی و فەرهەنگی تاکەکانی کۆمەل دەڕوا و بەر بە دەسەلاتی دەولەت دەگرێ: **لیبرالیزم**

**لیپاز** / lîpāz/: [فرانسوی]/*سم. [فیزیولوژی]* لیپاز: ١. ئانزیمی هەلتاوینی چەوری لە نێو جەرگ، پانکراس و ئەندامانی‌تری کۆئەندامی هەرسدا ٢. ـها/ ناوی گشتی بۆ ئانزیمگەلی هەلتاوین و شیکاری چەوری.

**لیپید** / lîpîd ، ـها/: [فرانسوی]/*سم. [شیمی]* لیپید؛ ماکی چەور بریتی لە چەوری، ئەسیدی چەور، ڕۆنی چەور و مۆم.

**لیتر** / lîtr/: [فرانسوی]/*سم.* لیتر؛ یەکەی دێران لە

دەزگای میتریدا بەتایبەت بۆ پێوانی تراو، بەرامبەر بە ۱۰۰۰ میلیمیتری چواڕاڵوو.

**لیتوسفر** / lîtosfer/: [فرانسوی] ☜ **سنگکرە**

**لیتوگراف** / lîtog(e)râf ، ـها/: [فرانسوی]/سم. لیتۆگراف؛ ئەوی پەڕەی هەستۆکی کانزایی (زینک/ پلەت) بۆ چاپ ساز دەکا.

**لیتوگرافی** / lîtog(e)râfî/: [فرانسوی]/سم. لیتۆگرافی: ۱. کار و ڕەوتی سازکردنی پەڕەی هەستۆکی کانزایی بۆ چاپ ۲. ـها/ کارگەی لیتۆگرافی.

**لیتە** / lîte/:/سم. لیتە؛ جۆرێک ترشی لە باینجانەڕەشەی ئەنجناوی دەنێو سرکەدا کولاو.

**لیتیم** / lîtiyom/: [فرانسوی]/سم. لیتیوم؛ سۆکترین توخمی کانزا، بە ژمارە ئەتومی ۳ و کێشی ئەتومی ٦,۹٤، کە نەرم و بۆرە و لە چێکردنی ئالیاژی زوو هەڵتاودا بە کەڵک دێت.

**لیچ** / lîč/: صفت. *[گفتاری]* لچق؛ لیچق؛ لیچ؛ لنج؛ لینج؛ تراوی خز و چەسپن.

▣ **لیچ افتادن**: لیق/ لیچق/ لینج بوون ‹در آن گرما زیر بغل و کشالەی ران عرق می‌کرد و لیچ می‌أفتاد: لەو گەرمایەدا ژێر باڵ و بنڕان ئارەقی دەکرد و لیق دەبۆوە›.

**لیچار** / lîčār ، ـها/:/سم. *[گفتاری]* تەوزە؛ تیز؛ قسەیێ کە بۆ تەشقەلەکردنی کەسێ دەگوترێ ‹کارش این است که پشت‌سر مردم لیچار بگوید: کاری ئەوەیە پشتەسەری خەڵک تەوزە بکا›.

**لیدر** / lîder ، ـها؛ ـان/: [انگلیسی]/سم. ڕێبەر؛ ڕابەر؛ پێشەوا ‹لیدر حزب: ڕێبەری پارت›.

**لیدی** / leydî ، ـها/:[انگلیسی]/سم. خاتوون؛ خان؛ باجی؛ خاد؛ خات؛ بانوو؛ کابان؛ خانمێ؛ خانمە؛ خانم؛ دادێ؛ وشەی ڕێزنان لە ژن لە ولاتانی ئینگلیزی زماندا.

**لیر** / lîr ، ـها/:/سم. لیر: ۱. [فرانسوی از یونانی] جۆرێک سازی ژێداری وەک چەنگ ۲. [انگلیسی] یەکەی پارەی ئیتالیا پێش یۆرۆ.

**لیرە** / lîre ، ـها/:[از لاتین]/سم. لیرە؛ یەکەی پارەی بریتانیا، ئیرلەند، میسر، سووداڵ، سووریە، لوبنان، تورکیە و قیبرس، کە هەر کام بایی خۆیان هەیە.

**لیز** / lîz/: صفت. *[گفتاری]* خز؛ خژ؛ خاژ؛ خەزگ؛ لووس؛ حولی؛ سڕ؛ خلیسک؛ خولیسک؛ خریک؛ تەهس؛ تەحس؛ شەمت.

▣ **لیز خوردن**: هەڵخلیسکان؛ خلیسکان؛ خلیسکیان؛ خلیسکین؛ خلیسەکان؛ ڤەخلیسکان؛ خزان؛ خزیان؛ زەلان؛ زەلین؛ چەڕخین؛ چلیان؛ شەمتین؛ خەزمتین؛ خریکین؛ خاژبوون؛ خڕگین؛ تەهسین؛ تەحسین؛ خەشکین؛ فسکین؛ خزەی؛ خزای؛ دەرهەسین؛ شلەپین ‹زمین لیز بود، پایم لیز خورد: زەوی خز بوو، هەڵخلیسکام›.

**لیزاب** / lîzāb/:/سم. ۱. *[گیاەشناسی]* لینجاو؛ لیق؛ لیقاوە؛ ماکێکی ژەلەیی لە نێو بڕێ ڕوەکدا بۆ ڕاگرتنی ئاو ۲. تێکەڵاوێکی ئاودار لە جەوی یان ماکی وا کە لە دروستکردنی چەسپ و دەرمانی ژانبڕدا بە کەڵک دێت.

**لیزر** / leyzer/: [انگلیسی]/سم. لەیزر: ۱. ـها/ کەرەستەی بەرهەمهێنانی تیشکی لەیزر ۲. تیشکی لەیزر.

**لیزرپرینتر** / leyzerpirinter, -p(e)rînter/: [انگلیسی] ☜ چاپگر لیزری، **چاپگر**

**لیزری** / leyzerî/: [انگلیسی]صفت. لەیزری؛ بە تایبەتمەندی کەڵک وەرگرتن لە تیشکی لەیزر.

**لیزی** / lîzî/:/سم. خلیسکی؛ خزی؛ تەهسۆکی؛ لووسی؛ چۆنیەتی خز بوون.

**لیزین** / lizîn/: [؟]/سم. *[شیمی]* لیزین؛ ئەسید ئامینەیەکی گرینگ لە لەشدا کە کەم بوونەوەی دەبێتە هۆی نەخۆشیەکی زۆر.

**لیس** / lîs/:/سم. لیس؛ لس؛ لست؛ لیسپ؛ کاری زمان بە شتێکا ساوین.

▣ **لیس زدن**: لێستنەوە؛ لستنەوە؛ لیستنەوە؛ لیسانەوە؛ لیسپ لێدان؛ لستن؛ لسین؛ لیستن؛ لێستن؛ لیس دان ‹دختربچه داشت بستنی‌اش را لیس می‌زد: کێژۆڵەکە خەریک بوو بەستەنیەکەی دەلیستەوە›.

**لیسانس** / lîsāns/: [فرانسوی]/سم. کارناسی؛ لیسانس: ۱. خولی خوێندنی بالا لە چوارسالدا ۲. /ها/ بڕوانامەی کۆتایی ئەو قۆناغە لە خوێندن ۳. /ها/ بڕوانامە.

**لیسانسیه** / lîsānsiye ، ـها/: [فرانسوی] صفت. لیسانسە؛ کارناس؛ خاوەنی بڕوانامەی خولی لیسانس.

**لیست** / lîst ، ـها/: [فرانسوی]/سم. سیایی؛ سوورەت؛ لیست ‹لیست حقوق: سیایی مووچه›.

▣ **لیست حقوق**: سیایی مووچە؛ پێڕستێ کە ناوی مووچەخۆران و هەندی مووچەکانیانی تێدا دیاری کراوە.

**لیست سیاه**: لیستەی ڕەش؛ پێڕستی ناوی نەیاران یان تاوانباران.

**لیسک** / lîsak ، ـها/:/سم. شەیتانۆکە؛ شەیتانەکلە؛ هێلکەشەیتان؛ هێلکەشەیتانۆکە؛ کەسپک؛ قەپۆشکە؛ قەپووشک؛ قەپووچک؛ قەپووچکە؛ قاقلۆکە شەیتان؛ قاقلە جنۆکە؛ چەقچەقۆلە؛ مامفەتە؛ گیاندارێکی چکۆلەی نێر- مێی شل و ولە بە قاپیلکەیەک لە کۆل و یەک یان دوو جوت شاخئاسا لە سەر سەری کە چاوی لە سەر جووتێکیانە: **حلزون**

**لیسه** / lîse ، ـها/:/سم. ۱. مۆرد؛ لیسکە؛ ئامرازێکی زبرە بۆ لووس‌کردن ۲. ساوای جۆرێک پەپوولەی پچووکی سپی کە وەک کرم وایە و مێملی داری بەرداری وەک سێو، هەلووژە و شێلانەیە.

**لیسیدن** / lîsîdan/: مصدر. متعدی. // **لیسیدی**: لێستەتەوە؛ **می لیسی**: دەلێسیەوە؛ **بلیس**: بلێسەوە // لێستنەوە؛ لستنەوە؛ لێسانەوە؛ لیستنەوە؛ لستن؛ لێستن؛ لسین؛ لێستەی؛ لێستەیوە؛ والێستن؛ ڤەلیستن؛ ئالستن؛ ئالاستن؛ لێسان؛ لێسین؛ لشتش؛ لشتن؛ دالیستن؛ دالستن؛ لستەوپستەدان؛ لێسەی؛ لێسای؛ ئەوەلێسەی؛ لێسایوە: ۱. لێساننەوە؛ شتێک بە زمان سڕین ‹ظرف لیسیدن: قاپ لستنەوە› ۲. لێساننەوە؛ لیستنەوە؛ زمان بە شتێکدا هێنان ‹مشغول لیسیدن ضریح بود: خەریک لێستنەوەی شباک بوو› ۳. ساویان؛ پێدا ساوین؛ تەقین؛ پێوە تەقین؛ بە حال وێکەوتن ‹گلوله گونه‌اش را لیسیده بود: گوللە ساویابووە گۆنایدا›. هەروەها: **لیسیدنی**

■ **صفت فاعلی**: **لیسنده** (لێسەر)/ **صفت مفعولی**: **لیسیده** (لێسراو)/**مصدرمنفی**: **نلیسیدن** (نەلستنەوە)

**لیف** / lîf ، ـها/: [عربی]/سم. ۱. لیفە؛ لفکە؛ لیف؛ لیفکە؛ کیسەی پارچەیی بۆ خۆ شوتن ۲. [گیاه‌شناسی] ڕووشاڵ؛ پرووش؛ ڕیشاڵی تەسک و درێژی گیا ۳. تاڵی سروشتی یان دەسکردی خەڵەڵەی ناسک و درێژ (وەک تاڵی خورما، کەتان و...).

**لیفتراک** / lîft(e)rāk ، ـها/: [از انگلیسی]/سم. لیفتراک؛ کامیۆنێ کە بارهەڵگری لە سەر دامەزراوە و بە هێزی هیدرولیکی کار دەکا.

**لیفه** / lîfe ، ـها/:/سم. پزگ؛ پزوو؛ پسێ؛ پزی؛ پزە؛ نافەک؛ نیفۆ؛ نیفە؛ شوێنی تێ هەڵکێشانی بەن یان کێش لە گنج بەتایبەت شوالدا.

**لیفی** / lîfî/: [عربی] صفت. لیفی: ۱. وەکوو ڕیشال ۲. چێکراو لە ڕیشال.

**لیقه** / lîqe/: [عربی]/سم. لیقە؛ لیقە؛ تاڵی خوری، پەشم یان زۆرتر هەوریشم بۆ هەڵمژینی مەرەکەفی ناو دەوات.

**لیک** / lîk/: [عربی] ☜ **لکن**

**لیکن** / lîken, lîkan/: [عربی] ☜ **لکن**

**لیکور** / lîkor/: [فرانسوی]/سم. لیکۆر؛ جۆرە ئارەقێکی شیرین بە تامی میوە یان بەهاراتەوە.

**لیگ** / lîg ، ـها/: [انگلیسی]/سم. لیگ؛ خولێکی

کێبەرکێ لە ماوەیەکی دیاریکراودا بۆ ململانێ تاقمێ تیمی وەرزشی.

**لیگنیت** / lîgnît ، ـها/: [فرانسوی]/سم. *[زمین‌شناسی]* لیگنیت؛ جۆرێک بەردەخەڵووزی قاوەیی بە تینی کەم و دووکەڵی زۆرەوە.

**لیلاج** / leylāc ، ـها/: *سم. [کنایی]* لەیلاج؛ قوماربازی زۆر لێزان.

**لیلکی** / lîlakî/ ☜ **لالکی**

**لی ـ لی**/ leyley/: *سم.* ۱. ئێشقلکێ؛ ئیشقلکێ؛ هەنگڵەشەلە؛ هەنگەشەلێ؛ هەنگەشەلە؛ لنگەشەلێ؛ لنگەشەلە؛ قولەکانێ؛ ئێستەرەشەلە؛ پێ‌پێیانێ؛ چۆلانێ؛ چووزەکە؛ هنگ‌لنگ؛ گلێ؛ گەمەی لە سەر یەک پێ رۆیشتن: **ألنگە** ۲. ☜ **اکردوکر**

▣ **لی ـ لی کردن**: هەنگەشەلێ‌کردن؛ هنگ‌لنگ کردن؛ چۆلانێ‌کردن؛ قولان؛ بە یەک پا رۆیشتن ‹یک پایش را نمی‌توانست روی زمین بگذارد، موقع راه رفتن لی‌ـ لی می‌کرد: نەیدەتوانی پایەکی بنێتە زەوی، کاتی رۆیشتن هەنگەشەلیی دەکرد›.

**لی ـ لی** / lîlî ، ـها/: *سم.* ڕیشاڵە؛ بزگوڕ؛ ڕیشاڵی نەرم و ورتکە.

▣ **لی ـ لی بە لالای کسی گذاشتن**: *[تعریض]* جلەو بۆ کەسێ شل کردن؛ دانە دەم کەسێکەوە؛ هاوڕایی‌کردنی کەسێ لە کار و کردەوەی زۆرتر نالەباریدا ‹گفتم این‌قدر لی‌ـ لی به لا‌ـ لای این پسر نگذار پررو می‌شود: وتم ئەوندە جلەو بۆ ئەم کورە شل مەکە ڕووی دەبێ›.

**لیمو**/ lîmû ، ـها/: [سنسکریت]/سم. لیمۆ: ۱. ناوی گشتی بۆ تیرەیەک لە دار یان دارۆچکەی گوڵداری پەڕە گوڵ جیا‌ـجیای تایبەتی ناوچەی شێ‌دار یان گەرم بە گەلای بونخۆشەوە ۲. ناوی میوەی هەر کام لەو دار و بنچکانە.

**لیموئی** / lîmûî/: [سنسکریت] ☜ **لیمویی**

**لیموترش** / lîmûtorš ، ـها/: [سنسکریت/ فارسی] *سم.* مسکی؛ لیمۆترش/ تورش: ۱. داری لە بنەمالەی پرتەقاڵ ۲. بەری ئەو دارە کە میوەیەکی ترش و دەنک تاڵە و پێستێکی ناسکی سەوز یان زەردی هەیە.

**لیموشیرین**/ lîmûšîrîn ، ـها/: [سنسکریت/ فارسی] *سم.* لیمۆشیرین: ۱. داری لە بنەمالەی پرتەقاڵ ۲. بەری ئەو دارە کە گەورەترە لە لیمۆترش و پێستی زەرد و ساف و ناسکە و ناوەکەی شیرین و ئاوداڕە.

**لیموعمانی** / lîmû'ammānî ، ـها/: [سنسکریت/ عربی]/سم. لیمۆ عەممانی؛ جۆری لیمۆترشە کە وشک دەکرێ و بۆ تام، بە ساقی یان وردکراو، لە چێشتی دەکەن.

**لیموناد** / lîmûnād, lîmonād/: [فرانسوی]/سم. لیمۆناد؛ نووشابەی گازدار لە ئاو، شەکر و گوشراوەی مزرەمەنی.

**لیمویی**[1] / lîmûyî/: [سنسکریت]/سم. لیمۆیی؛ ڕەنگی زەردی کاڵ وەکوو ڕەنگی پۆستی لیمۆ شیرین: **لیموئی**

**لیمویی**[2]:*صفت.* لیمۆیی: ۱. بەڕەنگی زەردی کاڵ. هەروەها: **لیمویی‌رنگ** ۲. بە تامی لیمۆ * **لیموئی**

**لینت** / lînat/: [عربی]/سم. ۱. نەرمی؛ نەرم و نۆڵی ۲. *[مجازی]* ڕەوانی؛ قژۆ (بۆ کاری زگ).

**لیوان** / lîvān ، ـها/: *سم.* لیوان؛ لێوان؛ لیمان؛ شەربە؛ پەرداخ؛ ئاوەوەرە؛ دەفرێکی گڕۆڤەری زیاتر لە شیشە بۆ خواردنەوەی تراوی وەک ئاو و شەربەت و...

**لیوانی** / lîvānî ، ـها/: *صفت.* لیوانی؛ لێوانی؛ پەرداخی؛ بە لیوانەوە؛ لیواندار ‹بستنی لیوانی: چلوورەی لیوانی›.

**لیوانی** / lî:vānî/: *قید.* لێوانی؛ لیوانی؛ پەرداخی؛ بە لێوان؛ بە پەرداخ: ۱. لە لێواندا ‹آب انجیر را لیوانی می فروشند: ئاو هەنجیر لیوانی دەفرۆشن› ۲. لێوانێک؛ لیوانێک؛ لێوانێو؛ هەر لێوان ‹لیوانی صد تومان: لیوانی سەتمەن›.

www.perawipepwle.com

# م

**م**[1] / m/: *حرف.* م؛ نیشانەی بیست‌وهەشتەمین پیتی ئەلف‌وبێتکەی زمانی فارسی.

**م ـ**[2]: *پیشوند.* م‌ـ ؛ بێ‌واتای هاوڕێ دروست دەکا ‹درـ مر؛ کُلاه‌ـ مُلاه: درگا و مرگا؛ کلاو ـ ملاو›.

**م** / me/: *اسم.* ۱. مێ؛ میم؛ ناوی بیست و هەشتەمین پیتی ئەلف‌وبێ فارسی ۲. *[مخفف]* ز؛ زایینی ‹سال ۱۷۸۹ م: سالی ۱۷۸۹ ز›.

**م ـ** / ma/: *پیشوند.* مه‌ـ ؛ بە سەرەتای کرداری فرمانەوە دەلکێ و کرداری بەرگر دروست دەکا ‹مرو؛ مخور: مەچۆ؛ مەخۆ›.

**ـــ م** / am/: *ضمیر.* ـــ م: ۱. ـــ ا؛ ـ نێ؛ ـ انێ؛ جێناوی لکاوی یەکەم کەسی تاک ‹آمدم: هاتم› ۲. جێناوی لکاوی خاوەنیەتی بۆ یەکەم کەسی تاک ‹کتابم؛ دستم: کتێبەکەم/ کتێبم؛ دەستم› ۳. جێناوی لکاوی بەرکاری بۆ یەکەم کەسی تاک ‹آوردندم اینجا: بۆ ئێرەیان هێنام›.

**ـ م** / om/: *پسوند.* ـــ هەم؛ ـەم؛ ـ م؛ ـ وم؛ ـ هوم؛ نیشانەی ژمارەی ڕیزکراو ‹دوم؛ صدم: دووەم؛ سەدم›.

**ـ مآب** / ma'āb/: [عربی] *پیواژه.* ـ ئاسا؛ ـ ڕەنگ؛ شێوە؛ لە ڕواڵەت و کردەوەدا وەکوو کەس یا شتی‌تر ‹شترمآب: وشترئاسا›.

**مآخذ** / ma'āxez/: [عربی] جمعِ ☜ **مأخذ**

**مآل** / ma'āl/: [عربی]/*اسم. [ادبی]* ئاکام؛ سەرەنجام؛ دوائاکام؛ ئامانج؛ چارەنووس.

**مآلاً** / ma'ālan/: [عربی] *قید. [ادبی]* دواجار؛ لە ئاکامدا؛ دواخری؛ دوائاخری؛ ئاخری؛ لە سەرەنجامدا ‹اکنون هر بذری بکاری، مآلاً برداشت خواهی کرد: ئێستا هەر تووەیەک بچێنی، دواجار دەیچنیەوە›.

**مآل‌اندیش** / ma'ālandîš ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] *صفت.* دوانوار؛ دوورنوار؛ دوابین؛ تێبین؛ دووربین؛ دوورئەندێش؛ لێهاتوو لە هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی دواڕۆژی کار و باران. هەروەها: **مآل‌اندیشی**

**ما** / mā ، ـها/: *ضمیر.* ئێمە؛ ئیمە؛ ئەمە؛ مە؛ هەمە؛ ئەم؛ مۆ؛ جێناوی ئاماژە بۆ یەکەم کەسی کۆ ‹ما رفتیم: ئێمە چووین›.

▣ **ما و شما نداشتن**: ئێمە و ئێوە(ی بۆ) نەبوون؛ من و تۆ نەویستن؛ جیاییەک نەبوون؛ مال‌جیایی لە نێواندا نەبوون؛ زۆر لەگەڵ یەک دۆست و لە باری مالیەوە تێکەڵ بوون (هەر بۆ یەکەم کەسی کۆ بەکار دەچێ) ‹ من هم هر چه دارم مال شماست، ما که ما و شما نداریم: منیش هەر چیم هەیە هی ئێوەیە، ئێمە و ئێوەی نیە›.

**ماالشعیر** / mā'ošša'îr/: [عربی]/*اسم.* بیرە؛ خواردنەوەیەکی گازداری بێئەلکولە لە شیرەی چەکەرەی جۆ سازی دەکەن: **ماءشعیر**

**مائـده** / mā'ede / ، ـها/: [عربـی]/سـم. *[ادبـی]* ۱. خواردەمـەنی؛ پێخـۆر ۲. *[قـدیمی]* سـفره؛ خوان.

**ماءشعیر** / mā'eša'îr/: [از عربی] ☜ **ماألشّعیر**

**مائوئیسم** / mā'o'îsm, mā'u'îsm/: [فرانسوی]/سم. مائۆئیسـم؛ ڕێبـازی سیاسـی مـائۆ تسـه تونـگ (۱۸۹۳ـ ۱۹۷۶ ز.)، ڕێبەری کۆمۆنیستی چین که له مارکسیسم ـ لینینیسـم هەلـیهێنجاوه (وەک شۆڕشـی وەرزێـری، شـەڕی چەکـداری و جـەهانی سێجەمسەری).

**مـائوری** / mā'orî/: /سـم. مـائۆری: ۱. خەلـکی زاگەیی نیوزیلەند ۲. /ـها/ هەر کام لـه کەسـانی ئەو خەلکە ۳. زمانی ئەو خەلکە.

**مابعد** / māba'd/: [عربـی] *صفت.* دوایـی؛ دواتـر؛ دماتەر؛ له دواوه ‹صفحەهای ماقبـل و مابعـد را هـم ببینید: لاپەڕەکانی پێشوو و دواییش ببینن›.

**مابعدالطبیعـه** / māba'dottabî'e/: [عربـی]/سـم. ژووروسروشـت؛ بەشـێک لـه فەلسـەفەی ئەرەسـتوویی کـه لـه سـەر چییـەتی جـەهان، ناسیاری و ڕاستەقینه دەکۆڵێتەوه.

**مابعدالطبیعی** / māba'dottabî'î/: [عربـی] *صفت.* ژووروسروشتی؛ سەر به ژووروسروشت.

**مابقی** / mābaqî/: [عربی]/سـم. پاشماوه؛ بـەرماو؛ باقی؛ ئەوەی لـه بـەر شـتێ مابێتـەوه ‹مـابقی را بفروشید: پاشماوەکەی بفرۆشن›.

**مابه ازا** / mābe'ezā/: [عربی] *حرف. [نامتداول]* لـه بـاتی؛ بـۆ؛ لـه بـەری؛ لـه بـری؛ لـەجیاتی؛ لـه بەرانبەری؛ له جێی؛ جیاو؛ به جێگەی ‹ صد هزار تومان مابەازای مـزد یـک هفتـه پرداخـت شـود: سـەت هەزار تمەن له باتی مزی یەک حەوته بدرێ›.

**مابه التفـاوت** / mābehottafāvot/: [عربـی]/سـم. سـەرباقی؛ بـاقی؛ پاشمـاوه؛ ئـەوەی کـه هـۆی جیاوازی شـتێک لەگـەڵ شـتێکیترداید (وەک هەرزانی، گـرانی، زۆری، کـەمی، چـاکی یـا خراپـی و...) ‹اتـومبیلم را عـوض کـردم و یـک میلیـون هـم مابەالتفاوت دادم: ماشینەکەم گۆڕیەوه و ملیـۆنێکیش سەرباقیم دا›.

**مابین** / mābeyne/: [عربی] *حرف.* نێوان؛ ناڤبەین؛ بەین؛ نـاونی؛ لەبـەنی؛ ناوبـەینی؛ ناڤـبەر؛ میـۆ؛ میۆن؛ دوڕ؛ لەناو؛ له نێوانی دوو یا چەنـد کـەس یا شتدا ‹مابین آنها اختلاف بود: نیوانیان کێشه بوو›.

**مات**[1] / māt/: /سم. مات: ۱. دۆخی کـش بـوونی شای شەترەنج به جۆرێ که ڕێی دەربـاز بـوونی نەبێ ۲. [فرانسوی] بەرهەمی توانەوەی کانەگەلی گۆگرددار.

▣ **مات شدن**: مات بوون؛ شا ترنجیـان؛ دۆڕانی کایەی شەترنج.

**مات کـردن**: مـاتکـردن؛ بردنـەوەی کایـەی شەترنج.

**مات**[2]: *صفت.* مـات؛ مـت: ۱. واقوڕمـاو؛ دوش؛ دژداماو؛ دوشداماو؛ دژ؛ به چڕ و چاوی شـێواو و سەرسـام لـه بـەر کێشـەیەکی زەیـنی یـان ڕووداوێکـی ڕەچـاو نـەکراو ۲. داماو؛ دامـاگ؛ تێماو؛ حەیران؛ داهێزاو و بڕیار لێبڕاو بـه هـۆی بار و دۆخێکی دژوارەوه ‹با این بی‌پـولی، بیکـاری و مریضی زنم، مات مانـده‌ام و نمـی‌دانـم چـه بکـنم: بـەم دەسـتەنگی و بێکـاری و ژن نەخۆشـیەوه، دامـاوم، نـازانم چ بکـەم› ۳. [فرانسـوی] تـار؛ تاریـک؛ بـه چەشنێ که تـەنیا بەشـێک لـه تیشـک لێیـەوه دەربـاز ببـێ ‹شیشـەی مـات: شیشـەی مـات› ٤. [فرانسوی] بێبریقه ‹رنگ مات: ڕەنگی مات›.

▣ **مات بـردن کسـی را**: واق وڕمـانی کەسـێک؛ سەرسام بوونی کەسێ؛ مات بوونی کەسـێک؛ تەواسان؛ حەپەسان ‹چرا ماتت برده؟: له چی واق ور ماوی؟›.

**مـات مانـدن**: واقوڕمـان؛ حـەیران مـان؛ حەپەسان؛ تێداماں.

**ماتادر** / mātādor/ ، ـها/: [اسپانیایی]/سـم. گاوبـاز؛ ئەوەی بۆ خۆشی لەگەڵ گادا به شەڕ دێت.

**ماتحت** / mātaht/: [عربی] /سم. *[ادبـی]* ۱. ژێرین؛

خوارین؛ وارین؛ چێرین؛ خوارگین؛ ژێروو؛ ژێرن؛ خوارن؛ ئەوەی لە ژێر یا لە خوارەوە بێ ۲. /ـها/ *[مجازی]* سمت؛ کڵۆک؛ سورین؛ پاشڵ؛ کەماخ؛ کولمیک؛ تەڕاف؛ کەفەڵ؛ لاقوونگ.

**ماترک** / mātarak/: [عربی]/سم. کەلەپوور؛ مەردەلا؛ کەلەپوڕ؛ شڕە؛ میرات؛ ئەوەی لە کەسێکەوە، بەتایبەت دوای مردنی بە جێ دەمێنێ.

**ماتریالیزم** / māteryālîzm/: [فرانسوی] ☜ **ماتریالیسم**

**ماتریالیست** / māteryālîst/: [انگلیسی] صفت. ماتریالیست: ۱. /ـها/ هۆگر و شوێنکەوتووی ماتریالیسم ۲. ☜ **ماتریالیستی**

**ماتریالیستی** / māteryālîstî/: [انگلیسی] صفت. ۱. ماتریالیستی؛ پێوەندیدار یان سەر بە ماتریالیسمەوە: **ماتریالیست**

**ماتریالیسم** / māteryālîsm/: [فرانسوی]/سم. ماتریالیسم؛ ڕێبازێکی فەلسەفی کە ماک بە ڕاستیەکی ئەزەڵی و بنەڕەتی دەناسێت و هەموو هەبوو، ڕووداو و دیاردەکانی جیهان و ژیان بە بەرهەمی ئەوە دەزانێت: **اصالت ماده؛ مادەگرایی؛ مادیگری؛ ماتریالیزم**

▣ **ماتریالیسم تاریخی**: ماتریالیستی مێژوویی؛ ڕێبازی فەلسەفی مارکس کە هەموو گۆڕانکاریەکی کۆمەڵگا و ڕەوتی مێژوو بە بەرهەمی کۆمەڵە قانوونی داسەپاو بە سەر ماکدا دەزانێ. گووڕانی کۆمەڵگا دەکێشێتەوە سەر گەشەی ئامێر و ئامرازی بەرهەم هێنان و فەرهەنگ و هەروەها ئاکار و قانوون بە ڕاژێڕی بار و دۆخی ئابووری کۆمەڵگا دەناسێت.

**ماتریالیسم دیالکتیک**: ماتریالیسمی دیالکتیک؛ ئامۆژەی فەلسەفی مارکسیسم کە جەخت دەکاتە سەر ئەوەی کە جەهان تەنیا ماکە و بێجگە لە ماک چی دی نیە و قانوونی بزاڤ و گۆڕانکاری بە سەر هەموو شتێکدا زاڵە.

**ماتریس** / mātrîs/، ـها/: [فرانسوی]/سم. ۱. چوارچێوە؛ قالب؛ قالک ۲. *[ریاضی]* ماتریس؛ شێوازەیەکی زانستی بیرکاری، کاتێ چەندێتی چەند ڕەقەم بەسرابێتنە یەکەوە.

**ماتم** / mātam/: [عربی]/سم. سوێ؛ سوو؛ سۆ؛ ئازیەت؛ ئازیەتی؛ ئازیەتباری؛ تازیە؛ تازی؛ تازیەباری؛ تازیانە؛ تازیمانە؛ مردەمۆ؛ بەهی؛ بنهاری.

▣ **ماتم گرفتن**: *[مجازی]* تازیەگرتن؛ خەمبار/ ئازیەتبار/ تازیەبار بوون؛ شین گێڕان؛ خەم داگرتن؛ خەمین بوون ‹بۆ یەک تکە پارچە این‌طور ماتم گرفتەای؟!: بۆ لەتە پارچەیەک وا تازیەت گرتووە؟!›.

**بە ماتم نشستن**: ئازیەتبار/ خەمبار بوون؛ تازیەگرتن؛ شین گێڕان ‹مردم در مرگ او به ماتم نشستند: خەڵکی لە مەرگیدا ئازیەتبار بوون›.

**ماتمزده** / mātamzade، ـها؛ ـگان/: [عربی/ فارسی] صفت. ئازیەتبار؛ مردەمودار؛ تازیەبار: ۱. خۆشەویست‌مردوو؛ مردووماڵ؛ ماتەمین ‹پسرش مرده، ماتمزده است: کوڕەکەی مردووە، ئازیەتبارە› ۲. *[مجازی]* خەمبار؛ خەمین؛ زۆر بە پەژارە ‹این قیافەی ماتمزده چیست به خودت گرفتەای؟: ئەم چڕوچاوە ئازیەتبارە چیە لە خۆتت دەرهێناوە؟›.

**ماتمسرا** / mātamsarā/: [عربی/ فارسی] ☜ **ماتمکده**

**ماتمکده** / mātamkade/: [عربی/ فارسی]/سم. ئازیەتگا؛ پرسەخانە: ۱. جێ پرسە؛ جێگەی پرسە و تازیە ۲. *[کنایی]* جێگای پڕخەم و پەژارە؛ شوێنی زۆر داگیراو و پەژارەهێن * **ماتمسرا**

**ماتیک** / mātîk/: [فرانسوی]/سم. ماتیک: ۱. ماکێکی چەوری زۆرتر ڕەنگی، بۆ ڕازاندنەوە و جوان‌کردنی لێوە، کە لە دەفرێکی وەک لووڵەدایە ۲. /ـها/ ڕوژ؛ ئەو ماکە و جێگاکەی.

**ماجرا** / mācarā، ـها/: [عربی]/سم. ڕووداو:

۱. کار ‹ماجرای خریدن خانه به کجا کشید؟: کاری مال سه‌ندن گه‌یشته کوێ؟› ۲. کار و ڕه‌هات؛ ڕووداوی پڕ کاره‌سات ‹ئه‌و شه‌وه کار و ڕه‌هاتێکمان بوو، نه‌بێته‌وه!›.

**ماجراجو** / mācarācû ، ـها؛ ـیان/: [عربی/ فارسی] *صفت.* گوریخ؛ گورخ: ۱. خاوه‌ن خوو یان ئۆگره‌تی به شه‌ڕ و هه‌را و بشێوه ۲. *[مجازی]* ئاژاوه‌گێڕ؛ دڕ و شه‌ڕانی.

**ماجراجویی** / mācarācûyî ، ـها/: [عربی/ فارسی] *اسم.* گوریخی؛ گورخی؛ هه‌وڵ بۆ کاره‌سات نانه‌وه و خۆ تێهه‌ڵقورتانی.

**مأجور** / ma'cûr/: [عربی] *صفت. [ادبی]* خه‌لاتبه‌ر؛ شیاوی ڕێز و خه‌لات.

**ماچ** / māč ، ـها/: [کردی] *اسم. [گفتاری]* ماچ؛ ماچه؛ مۆچ؛ ماچۆ؛ پاچ؛ مووچ؛ ماچک؛ میس؛ موس؛ ڕاموس؛ ڕاموز؛ ڕامیس؛ ڕاموسانک.

▣ **ماچ دادن:** ماچ دان؛ به‌رایی دان بۆ ڕاموسان ‹بیا به عمو یک ماچ بده!: وه‌ره ماچێک بده به مامت!›.

**ماچ کردن:** ماچ‌کردن؛ ڕاموسان؛ ڕاموسین؛ میسان؛ ڕامیسین؛ له‌وپادایش؛ پاچ‌کرن ‹برو دست بابا بزرگ را ماچ کن!: بچۆ ده‌ستی باوه‌گه‌وره ماچ بکه!›.

**ماچ و بوسه** / māč-o-bûse ، ـها/: [کردی/ فارسی] *اسم. [گفتاری]* ماچ و مووچ؛ ماچ‌ماچان؛ کاری یه‌کتر ماچ‌کردن ‹ماچ و بوسه‌ی خداحافظی تمام شد و راه افتادیم: ماچ و مووچی مالاوایی دوایی هات و که‌وتینه ڕێ›.

**ماچ و موچ** / māč-o-mûč/: [کردی] *صوت.* ماچ و مووچ؛ ملچی؛ فلچه‌فلچ؛ ده‌نگی ماچ‌کردنه‌وه.

**ماچه** / māče ، ـها/: *اسم. [گفتاری]* ما؛ مێ؛ ماچه؛ ماچه‌ک؛ ماچکه؛ دێڵه؛ ده‌ڵه؛ مێوینه‌ی بڕێ گواندار ‹ماچه الاغ: ماکه‌ر›.

**ماحصل** / māhasal/: [عربی] *اسم.* ئاکام؛ به‌رهه‌م؛ حاسڵ؛ ئه‌و شته‌ی به ده‌ست هاتووه ‹ماحصل بحث این شد که باید شرکت را منحل کرد: ئاکامی باسه‌که بوو به‌وه که پێویسته به‌شداڕگه هه‌ڵوه‌شێته‌وه›.

**ماحضر** / māhazar/: [عربی] *اسم.* حازر؛ کورتۆڵ؛ ئه‌و شته له به‌ر ده‌ستدایه، به‌تایبه‌ت خواردنێک که له پێشه‌وه ئاماده‌کراوه ‹نهار برویم خانه‌ی ما، ماحضر هرچه بود با هم می‌خوریم: نیوه‌ڕۆ بچینه‌وه بۆ مالی ئێمه، چی حازر بوو پێکه‌وه ده‌یخۆین›.

**مأخذ** / ma'xaz ، ـها؛ مأخذ/: [عربی] *اسم.* ۱. سه‌رچاوه؛ سه‌رچاوکه؛ نووسراوه یان که‌سێ که باسێکی لێ ده‌گێڕنه‌وه ‹برخی نویسندگان مأخذ نوشته‌شان را ذکر نمی‌کنند، برخی دیگر مأخذی را می‌دهند که اصلاً ندیده‌اند!: به‌شێک له نووسه‌ران سه‌رچاوه‌ی نووسراوه‌کانیان نانووسن، به‌شێکی دیکه‌ش سه‌رچاوه‌یه‌ک ناو ده‌به‌ن که هه‌ر نه‌یاندیوه!› ۲. بنه‌ما؛ ئه‌وه‌ی ده‌بێته بنه‌ڕه‌تی حیساب‌کردن ‹مأخذ محاسبه‌ی شما چیست؟: بنه‌مای حیساب کردنی ئێوه چیه؟›.

**مأخوذ** / ma'xûz/: [عربی] *صفت.* وه‌رگیراو؛ هه‌ڵگیراو؛ هه‌ڵگرته.

▣ **مأخوذ به حیا شدن:** له ڕوو دامان؛ که‌وتنه/ که‌فتنه ناو ڕووده‌ربایسی.

**مادام**[1] / mādām ، ـها/: [فرانسوی] *اسم.* مادام؛ (بۆ ژنانی ناموسڵمان ده‌گوترێ) ‹مادام بواری له ڕۆمانه‌کانی گوستاو فلوبر است: مادام بواری له ڕۆمانه‌کانی گوستاو فلۆبره›.

**مادام**[2]: [عربی] *قید.* هه‌تا؛ تا؛ ماوه‌یه‌کی دیاری نه‌کراو ‹مادام بترسیم همین است: هه‌تا بترسین هه‌ر ئه‌مه‌یه›.

▣ **مادام/ مادامی که:** تا کاتێک؛ تا ئه‌وکاته‌ی؛ تا وایه؛ هه‌تا ئاوایه ‹مادام که اینجایی، در خانه‌ی ما بمان: تا کاتێک لێره‌ی، له مالی ئێمه بمێنه‌وه›.

**مادام‌العمر** / mādāmol'omr/: [عربی] *قید.* ته‌واوی ژیان؛ تا دواکاتی ژیان؛ هه‌تا دوا ساتی ته‌مه‌ن ‹مادام‌العمر در آنجا زندگی کرد: ته‌واوی ژیانی

لەوێ ژیا).

**مادر**[1] / mādar ، ـها: ـان/: *اسم.* دایک؛ دایە؛ دێ؛ دی؛ دا؛ ئامە؛ دالک؛ دالگ؛ دادیک؛ ئەدا؛ وەدا؛ ئانە؛ ئەوا؛ دادە؛ دیا؛ چا؛ داک؛ داکۆ؛ ماک؛ ماکە؛ یاک؛ یایە؛ یادێ؛ یایک؛ جێ؛ جیا؛ مایە؛ مایەر؛ مای؛ مەتەر؛ دەیک؛ دای: ۱. گیانداری مێوینە (بەتایبەت مرۆ) کە بێچووی هەیە ۲. *[مجازی]* ئەوەی شتێکی بەدیهێناوە یان بەخێوی کردووە (مادر روزگار: دایکی ڕۆژگار) ۳. پووری؛ میمی؛ نازناوی بە خۆشەویستی و ڕێزەوە بۆ ژنی بەسالاچوو.

▣ **مادر بچەها:** *[گفتاری]* دایکی منداڵان؛ دایک منداڵەکان؛ ئاماژەی پیاو بۆ ژنەکەی (مادر بچەها مریض است: دایکی منداڵەکان نەخۆشە).

**مادر رضاعی:** دایکی شیری؛ ژنێک جگە لە دایک کە شیری بە کەسێ دابێ.

**مادر روحانی:** دایکی ڕۆحانی؛ ڕێزناوێک بۆ ژنی لە خواترسی کلێسە: **مادر مقدس**

**مادر فولاد زره:** *[کنایی]* دەمامەی جادوو؛ پیرەزاڵ؛ کۆنەفرتۆڵ؛ پیرەی فەرهادکوژ؛ پیرە ژنی ڕەزاگران و تەژە.

**مادر مقدس** ☜ **مادر روحانی**

**مادر ناتنی:** زڕدایک؛ زڕداک؛ زڕدێ؛ زڕدالک؛ باوەژن؛ باوەژەنی؛ دێماری؛ دێدێ؛ ژنی باوک، بێجگە دایک.

▣ **مادر شدن:** بوون بە دایک؛ بیەی ئەدای؛ منداڵ هێنانە دنیا.

**مادر**[2]: *صفت.* سەرەکی؛ سەرەتایی (کارخانەی مادر: کارخانەی سەرەکی).

**مادراندر** / mādarandar ، ـها/: *اسم.* باوەژن؛ زڕدایک؛ زڕداک؛ دێدێ؛ ژنباب.

**مادرانه**[1] / mādarāne/: *صفت.* دایکانە؛ ئەدایانە؛ زۆر مێهرەبانانە و بە سۆز، وەک دایک (محبت مادرانه: خۆشەویستی دایکانە).

**مادرانه**[2]: *قید.* دایکانە؛ ئەدایانە؛ وەک دایک، ژیرانە و بە بەزەییەوە (با او مادرانه رفتار می‌کرد: دایکانە بە دەوریدا دەهات).

**مادربزرگ** / mādarbozorg ، ـها/: *اسم.* نەنە؛ نەن؛ نەنک؛ ماما؛ دایەگەورە؛ دادا؛ ددا؛ داپیر؛ داپیرە؛ پیرەدا؛ پیرک؛ داپیرک؛ دایکان؛ داگا؛ نینی؛ دایکی دایک یان دایکی باب.

**مادرتباری** / mādartabāri/: *اسم. [جامعه شناسی]* دایکڕەگەزی؛ نەزم و دووزمانەیێ کە منداڵ دەداتە پاڵ دایک و بنەماڵەی دایکیەوە. بەرانبەر: **پدرتباری**

**مادرجد** / mādarcad ، ـها/: [فارسی/ عربی]/*اسم.* ئانە؛ داپیرە گەورە؛ دایەخانم؛ دایکی دایە گەورە یان دایکی بابە گەورە.

**مادرچاه** / mādarčāh ، ـها/: *اسم.* دایکەبیر؛ بیری سەرەکی کە ئاوەڕۆی کاریز لەوێوە دەست پێدەکا.

**مادرخرج** / mādarxarc ، ـها/: [فارسی/ عربی] *اسم.* خاوەن دەخڵ؛ ئەوەی خەرجی کۆمەڵێ، لە سەفەر یان کارێکی بەکۆمەڵدا دەگرێتە گەردن و دواخری سەرجەمی خەرجەکان دابەش دەکا و بەشە خەرجی هەر کەسێکی لێ دەستێنێتەوە.

**مادرخوانده** / mādarxānde ، ـها/: *اسم.* ۱. زڕدایک ۲. دایگان؛ ژن یان کچێ کە منداڵێک وەردەگرێ و بە خێوی دەکا.

**مادردار** / mādardār/: *صفت.* دایکدار؛ ئەدادار؛ خاوەن دایک.

**مادرزاد** / mādarzād/: *صفت.* زگماک؛ سکماک؛ لەماوەرد؛ پێوەندیدار یا سەر بە کاتی لە دایک بوون (کوری مادرزاد: کوێری زگماک).

**مادرزادی** / mādarzādî/: *صفت.* زگماکی؛ سکماکی؛ لەماوەری؛ دۆخ یان چۆنیەتی زگماک بوون.

**مادرزن** / mādarzan ، ـها/: *اسم.* خەسوو؛ خەسی؛ خوەسوو؛ خەسیرە؛ خەسووڕە؛ هەسرەو؛

www.perawipepwle.com



هەسرەو؛ هوسیرەما؛ خواسی؛ خۆسسی؛ هیلـک؛ داژەن؛ دایکی هاوسەری پیاو.

**مادرسالاری** / mādarsālārî /:/اسم. [جامعه شناسی]/ دایـکـمـەزنی؛ دووزەنەیـەکی کۆمەلایـەتی کـە تێیدا ژن/ دایک سـەرۆکی بنەمالـەیە و مێـرد و منداڵانی بەڕێوە دەبا، منداڵ دەگەڕێتـەوە سـەر بنەمای دایک و ژنان کار و باری کۆمەڵگایان بـە دەستەوەیە.

**مادرسائی** / mādarsarā'î/ ☜ **مادرسرایی**

**مادرسرایی** / mādarsarāyî /:/اسم. [جامعەشناسی]/ شێوازێکی کۆمەلایەتی کـە مێـرد دەچێتـە نـاو خێڵـی ژنەکـەی و لەگـەڵ ئەوانـدا دەژی: **مادرسرائی**

**مادرشوهر** / mādaršowhar, -šo:har ، ـها؛ ـان/: /اسم. خەسـوو؛ هەسـوو؛ خوەسـوو؛ هەسـرەو؛ هەسـروە؛ خواسـی؛ خۆسسـی؛ هیلـک؛ دایکـی هاوسەری ژن.

**مادرشهر** / mādaršahr ، ـها/:/اسم. دایکەشـار: ۱. گەورەشار؛ شارمەزن؛ شاری سەرەکی پارێزگا یان ولاتێـک ۲. [قـدیمی] زێـد؛ شـار یـان ولاتی سەرەکی خێڵی کۆچەر.

**مادرکلید** / mādarkilîd, -kelîd ، ـها/: [فارسی/ یونانی] ☜ **شاەکلید**

**مادرمرده** / mādarmorde/: صفت. دایکـمـردوو؛ دایـکـمـردگ؛ دالـکـمـردی: ۱. ئەدامـەردە؛ بێدایک؛ تایبەتمەندی کەسێ کە دایکی مردووە ‹مثل بچەهای مادرمرده زار ـ زار گریـە مـی‌کـرد: وەک منداڵی دایکمردوو هۆن ـ هۆن دەگریـا› ۲. /ـها/ [کنایی] داماو؛ بەدبەخت؛ بێچارە ‹این مادرمرده کـە گناهی نداشت: ئەم داماوە خۆ سووچێکی نەبوو›.

**مـادروار** / mādarvār/: قید. دایکانـە؛ ئەدایانـە: ۱. وەکوو دایک ۲. [مجازی] زۆر مێهرەبانانە.

**مـادری**[1] / mādarî/:/اسـم. دایکـی؛ داکـێتی؛ دایکێتی؛ دالکێتی؛ دایتی: ۱. بار و دۆخی دایک بوون ۲. /ـها/ [مجازی] چاکـە و بـەزەیی دایکانـە ‹او در حق همه مادری می‌کرد: ئەو بۆ هەمووان دایکی دەکرد›.

▣ **مادری کردن**: دایکی‌کردن؛ دایکـێتی‌کـردن؛ ئەدایی کەردەی؛ وەک دایک جوولانەوە.

**مادری**[2]: صفت. دایکی؛ دایکێتی؛ پێوەندیدار یان سەر بە دایک ‹خانوادەی مادری: بنەمالەی دایکی›.

**مادریار** / mādaryār/ ☜ **پدریار**

**مـادگی** / mādegî/:/اسـم. ۱. مێوینـەیی؛ مێوینەتی؛ مایەنی؛ مێیاتی؛ دۆخ یـان چۆنیـەتی مێ بوون ۲. /ـها/ قوولکە؛ چاڵـی؛ جـێ قوتکـە؛ نیوە یان بەشێکی کون یان قووپاو لە شـتێ کـە بەشێکی قوتی تێدەچێ یـان تێـدا گـیر دەبـێ ‹مـادگی تکمـە: قوولـکەی دووگمـە› ۳. /ـها/ [گیاەشناسی] مێوینـەیی؛ مێوینـەتی؛ ئەنـدامی مێوینەی گوڵ.

**مادمـازل** / mādmāzel/: [فرانسـوی] ☜ **مادموازل**

**مـادموازل** / mādmāzel ، ـها/: [فرانسوی]/اسم. مادمازل؛ کچێ؛ کەنیشکە؛ سـەرناوێ بـۆ بانـگ کردنی کچان: **مادمازل**

**مـادون** / mādûn/: [عربـی] صفت. خواردەسـت؛ ژێر؛ خاوەن پێگە و پلەی خوارتر ‹کارمنـد مـادون: کارمەندی خواردەست›.

**مادون** / mādûne/: [از عربـی] حـرف. ژێـرەوەی؛ ژێری؛ خوار ‹مادون قرمز: ژێرەوەی سوور›.

▣ **مادون قرمز** ☜ **فروسرخ**

**ماده**[1] / māde/:/اسم. ما؛ مێوینە؛ مێ؛ نێ؛ ماچـە؛ مێچکە؛ مێنگە؛ هێمان؛ بەشێ لە گیانداران کـە ئاوس دەبن و زاوزێ دەکەن. بەرانبەر: **نر**

**ماده**[2]: صفت. مێ؛ مێو؛ ما؛ مایەن؛ مـاک؛ مایـک؛ مایکە؛ ماچە؛ مێچکە؛ مۆن؛ سـەر بـە گیانـداری مێوینە.

**ماده** / mādde ، ـها؛ مواد/: [عربـی]/اسـم. ۱. مـاک؛ هێسن؛ تەنی سروشتی کە وێڕای وزە، دیـاردە و بوونـەوەرەکانی جیهـان پێـک دێنـێ ۲. مـاک؛

ئەوەی شتێکی سروشتی لێدروست بووە ٣. ماده؛ برگە؛ بەند؛ بەشی جیاواز و دیاریکراو لە نووسراوەیەکی فەرمی کە بە ژمارە دیاریکراوە(طبق مادەی ٤ قرارداد: بەرامبەر بە مادەی ٤ی برپارنامە).

▣ مادەی اولیە: کالەدەند؛ ماکی سەرەتایی؛ ئەوەی کە بۆ دروستکردن و سازکردنی کالایەک پێویستە.

مادەی حاجب:*[پزشکی]* ماکی ئۆپاک؛ ئەو ماکە تیشکی ئیکس دەگرێتە خۆی (وەک سولفاتی باریوم) کە لە ڕادیۆلۆژیدا بە کار دێت.

مادەی خاکستری:*[کالبدشناسی]* شانەی دەماری مێشک کە بۆر و ڕەشە.

مادەی خام: ماکی خاو؛ ماکی سروشتی کە هێشتا هیچ کارێکی لە سەر نەکراوە.

مادەی مخدر: ماکی سڕکەر؛ دەرمان یان ماکی وا کە دەبێتە هۆی سڕی، کاسی، نەشە، خەوالوویی، ژاراوی بوون و پاش ماوەیەک چەشتەیی و هووکارە بوون (وەک تریاک؛ مورفین، هێرۆئین و ...).

مادەی واحدە: قانوونێ کە تەنیا یەک بەندی هەبێ.

▣ ماده کردن: ١. چلک‌کردن؛ کێم‌کردن؛ هەو کردن ٢. *[مجازی]* بن/ بێخ پەیدا کردن؛ قوول بوونەوە؛ شەڕ گەیشتنە قۆپی؛ هەڵچوونی گێرە و کێشە.

**مادەتاریخ** / mâddetārîx ، ـها/: [عربی]/*سم.* هۆنراوە یان سارستەیێ کە مێژووی ڕووداوێک دەردەبڕێت (زۆرتر لەڕووی حیسابی ئەبجەدەوە).

**مادەشناسی** / mâddešenāsî/: [عربی/ فارسی] ☜ **متالورژی**

**مادەگرایی** / mâddegerāyî/: [عربی/ فارسی] ☜ **ماتریالیسم**

**مادی**[1] / mādî/: *اسم.* مادی؛ زمانێک کە لە ولاتی ماددا باو بووە و تا ئێستاکە ئاسەوارێکی سەربەخۆی لێ نەدۆزراوەتەوە.

**مادی**[2]: *صفت.* مادی: ١. پێوەندیدار یان سەر بە ماد (زبان مادی: زمانی مادی) ٢. خەڵکی ماد.

**مادی** / mâddî/: [عربی] *صفت.* ماکی؛ ماددی: ١. سەر بە ماک ٢. لە ماک چێ‌کراو (جسم مادی: تەنی ماکی) ٣. بە بایەخی بازەرگانی یان پارەیی (کمک مادی: یارمەتی ماددی) ٤. *[کنایی]* پووڵەکی؛ مال خۆشەویست؛ دنیادۆست.

**مادیات**/ mâddîyyāt/: [عربی]/*سم.* ١. کەل‌وپەل و کار و باری دنیایی ٢. *[مجازی]* مالی دنیا؛ ئەوەی دەگەڕێتەوە سەر مال و دارایی (پیش او مادیات بهایی ندارد: مالی دنیای لەلا پووشە).

**مادیان** / mādiyān ، ـها/: *اسم.* مایین؛ ماهین؛ ماهینە؛ مەینە؛ ماهینی؛ مەهان؛ مهان؛ مەهین؛ مەعین؛ ماین؛ چروە؛ ئەسپی پێگەیوی مێوینە.

**مادیگری** / mâddîgarî/: [عربی/ فارسی] ☜ **ماتریالیسم**

**مادینە** / mādîne ، ـها/: *اسم.* مێ؛ مێوینە؛ مێچک؛ مێچکە؛ مۆن؛ ما؛ ئەمێ؛ مێوە؛ مێنگە؛ مێوەڵە؛ مان. بەرانبەر: **نرینه**

**مار** / mār/: *اسم.* مار: ١. *[نجوم]* وێنەیەکی گەردوونی: **حَیَّه** ٢. ـها؛ ان/ مۆر؛ گیانەوەری خزۆکی بێ‌دەست و پێ بە جەستەی درێژی پووڵەکاویەوە، هێلکەکەرن و زۆربەیان ژەهردارن ٣. ناوی شەسەم سال لە دوازدە سالی تەقویمی تورکستانی ☜ **تقویم**

▣ مار آب شیرین: ماری بێ‌گەزەنی ئاسایی کە بۆق دەخوا.

مار آبی: ماراوی؛ ماری ئاوی؛ ماری ئاوژی.

مار اَرقَم ☜ **مار پیسه**

مار بُوآ ☜ **بُوآ**

مار پیسه: ماری بەڵەک/ خاڵ بەڵەک؛ ماری ڕەشی خاڵ سپی: **مار اَرقَم**

مار جعفری: کەوەمار؛ جۆرە مارێکی ژەهرداری بۆر، زەرد یان قاوەیی، بە قەپۆزی

پان، سەری باریک و سێسووچەوە کە بە لادا دەڕوا.

**مار خوش‌خط‌وخال:** *[کنایی]* سەر قۆزی بن ئالۆز؛ سەر دۆستی بن کۆست؛ لە بەر باجی، لە پشت قەیچی؛ خاوەنی دیمەنێکی جوان و دڵبزوێن بەڵام لە دڵەوە پیس و پۆخڵ.

**مار درختی:** ماری داری؛ مارێکی درێژی بۆر، زەرد، زەیتوونی یان ئامال قاوەیی کە ددانە چزەکەی لە بن دەمیدایە.

**مار دریایی:** ماری زەریایی؛ گیانەوەری ئاوژی ژەهرن بە درێژی زیاتر لە میترێک کە لە ئاوی گەرمی دەریادا دەژی.

**مار زنگی** ☜ **کُبرا**

**مار عینکی** ☜ **کُبرا**

**مار کُبرا** ☜ **کُبرا**

**مارهای حلقوی:** ماری پەلکەیی؛ ڕەگەزێ مار بە سەری بچووک، پووڵەکەی ورد و نەرم و ڕنگاوڕەنگەوە: **مارهای زرفینی**

**مارهای زرفینی** ☜ **مارهای حلقوی**

**مارهای زنگوله‌دار:** ڕەگەزە مارێکی ژاردای زەرنده بە کلکی کوڵ و سەر و ملی قوتەوە کە لە پووڵەکەکانی ئاخری کلکیەوە دەنگێکی وەک دەنگی زەنگوڵە دێت.

**مارهای سمی:** ماری ژاردار؛ ماری ژەهرین؛ هەر کام لەو مارانە لە وشکی دەژین و چزیان ژاراویە.

**مارهای معمولی:** ماری ئاسایی؛ هەر کام لەو مارانەی بێچزن یان چزیان کەمژارە، نێر و مێیان لە یەک دەچێ، پووڵەکەیان لووسە و لە هەر دوو هارووەا ددانیان هەیە.

▣ **مار خوردن و افعی/ اژدها شدن:** *[مجازی]* فێرە کەڵەک و فێڵەوازی بوون و باش ڕاهاتن بۆ فریو و تەڵەکە لە خەڵک.

**مار در آستین پروردن:** *[مجازی]* تووڵەگورگ هاوردنە ماڵ؛ لەگەڵ خزم یان کەسێکی خراپدا چاکی و پیاوەتی کردن.

**مار را با زبان از سوراخش بیرون کشیدن:** *[مجازی]* بە زمانی خۆش مار لە کونی دەرهێنان؛ زمان لە بەرێ دان؛ بە قسەی خۆش و نەرمەنەرم، لاسار و سەربزێو هێنانە سەر ڕێ ‹تو با این زبانی که داری مار را از سوراخش بیرون می‌کشی: ئەتۆ بەم زمانە خۆشەت مار لە کونی دەردینی›.

**مار را به دست کسی دیگر گرفتن:** *[کنایی]* بە بالی کەسێکیتر فڕین؛ بە دەس کەسیتر مارگرتن؛ کاری پڕمەترسی بە کەسێکیتر کردن.

**مار زدن:** مار پێوەدان؛ مار گەستن؛ مار گەستەی ‹یک کارگر راه‌سازی را مار زده بود: کرێکارێکی ڕێسازی مار پیوەی دابوو›.

**از ترس مار به اژدها/ افعی پناه بردن:** لە ترسی ئاو خۆ دەئاگر هاویشتن؛ لە ترس مار پاڵ بە ئاگرەوە دان؛ بۆ خۆ پاراستن لە خراپ، خۆ تووشی خراپتر کردن.

**مارافسای** / mār'afsāy/: *اسم.* مارگیر؛ مارگر: ۱. *اها/[ادبی]* کەسێ کە مار دەگرێ ۲. *[نجوم]* کەلوویەکی گەورە لە ئاسمانی نیوەگۆی باشووردا: **حوا**

**مارپیچ**[1] / mārpîč/ ، ـها/: *اسم.* پێچ ـ پێچ؛ مارپێچ؛ قەمچ و پێچ؛ کەوانەیێ کە بەردەوام لە ناوەندی، دوور و نزیک دەکەوێتەوە.

**مارپیچ**[2]: *صفت.* پێچ ـ پێچ؛ مارپێچ؛ قەمچ و پێچ؛ قەنچ و پێچ؛ قەنچاوپێچ؛ پێچەڵپێچ؛ بە بیچم، ڕێ یان شێوە ڕۆشتنێ کە بەردەوام سووڕ بخواتەوە.

**مارپیچی** / mārpîčî/: *صفت.* مارپێچ؛ پێچاوپێچ؛ قەمچ و پێچ.

**مارچ** / mārč/: [انگلیسی] ☜ **مارس**

**مارچوبه** / mārčûbe ، ـها/: *اسم.* مارچێوە؛ گیاماران؛ مارچۆوە؛ چاوماڕە؛ شەفەلە؛ کەبەر؛

ترچک؛ گیاگولەنگ؛ گیایەکی پایای لق و پۆ دەرزی، بە گەلای پووڵەکەیی و گوڵی سپی یان سەوز و بەری سوورەوە کە ساقەتەکەی دەخوریّ، چەند جۆرێکیشی جوانە و بۆ ڕازاندنەوە دەشیّ.

**مارس** / mārs /:/سم. مارس: ۱. [فرانسوی] مارچ؛ مارت؛ ئازار؛ ئادار؛ مانگی سێیەم لە سالی زایینی بە ۳۱ ڕۆژەوە کە لە دەی ڕەشەمەوە دەس پێدەکا: **مارچ** ۲. [ترکی] دۆڕانێکی دوو بەرامبەر لە کایەی تەختەدا بە هۆی ئەگەر لایەنێ هەموو مۆرەکانی هەڵگرتبێ و ئەوی دی هیچی هەڵنەگرتبێ ‹این دست هم مارس شدی: ئەم دەستیشە مارس بووی›.

**مارش** / mārš /: [فرانسوی]/سم. مارش؛ ئاهەنگی موسیقای دوو یان چوار زەربی بۆ ڕێک و تەکووزکردنی هەنگاوانی هێزی چەکداری لە ڕێژە و وروژاندیان لە شەڕگەدا.

▣ **مارش عزا**: مارشی ئازیەت؛ مارشی زۆر هێواش و نەرم بۆ ئازیەتباری.

**مارشال** / māršāl ، ـها/: [فرانسوی]/سم. مارشال؛ ئەفسەری ئەرشەد بە پلەکی چەکداری بەرانبەر بە سپەهبود.

**مارک** / mārk ، ـها/: [فرانسوی]/سم. مارک: ۱. وێنە یا نیشانەی تایبەتی دامەزراوەیێ کە لە سەر شتێک چاپکراوە، هەڵکەنراوە یان پێوەنراوە ۲. یەکەی پارەی ئاڵمان پێش یورۆ.

**مارکسیزم** / mārksîzm /: [فرانسوی] ☜ **مارکسیسم**

**مارکسیست** / mārksîst ، ـها؛ ـان/: [فرانسوی]/سم. مارکسیست: ۱. شوێنکەوتوو یان لایەنگری مارکسیسم ۲. مارکسیستی.

**مارکسیستی** / mārksîstî /: [فرانسوی] صفت. مارکسیستی؛ پێوەندیدار یان سەر بە مارکسیست.

**مارکسیسم** / mārksîsm /: [فرانسوی]/سم. مارکسیسم؛ ئامۆژەی فەلسەفی ـ ڕامیاری کارل مارکس (۱۸۱۸ــ۱۸۸۳ زایینی) فەیلسووفی بەناوبانگی ئەڵمانی، لە سەر بنەمای ماتریالیسم و سوسیالیزم: **مارکسیزم**

**مارکسیسم ـ لنینیسم** / mārksîsmlenînîsm /: [فرانسوی]/سم. مارکسیسم ـ لنینیسم؛ ئامۆژەی شۆرەوی پێشوو، بەرهەمی لێکدانەوە و بۆچوونی لنینن (۱۸۷۰-۱۹۲٤ زایینی) لە مارکسیسم.

هەروەها: **مارکسیست ـ لنینیست**

**مارکی** / mārkî ، ـها/: [فرانسوی]/سم. مارکی؛ نازناوی ئەشرافی میراتی بۆ پیاوان لە بڕێ ولاتانی ئوروپاییدا.

**مارکیز** / mākîz ، ـها/: [فرانسوی]/سم. مارکیز؛ نازناوی ئەشرافی میراتی بۆ ژنان لە بڕێ ولاتانی ئوروپادا بۆ ژن یان بێوەژنی مارکی.

**مارگارین** / mārgārîn /: [فرانسوی]/سم. مارگارین؛ جۆرێ کەرەی دەسکرد لە ڕۆنی پالفتەی گیا، شیر، ئاو و ماکیتر (وەک زەردێنەی هێلکە، کازئین، ویتامین، ماکی ڕەنگی).

**مارگزیدگی** / mārgazîdegî /: /سم. مارانگازی؛ مارگەستەیی؛ مارانگەستەیی: ۱. مارپێوەداوی؛ دۆخ یان چۆنیەتی مار پێوەدان ۲. ئەو شوێنە مار گەستوویەتی.

**مارگزیدە**[1] / mārgazîde ، ـها؛ ـگان/: صفت. مارانگاز؛ مارانگەز؛ مارانگەستە؛ مارگەستە؛ مارگەستی؛ مارزەیە؛ ماردریای؛ مار پێوەداو ‹مارگزیده از ریسمان سیاه و سفید می‌ترسد: مارانگاز لە گوریس دەترسێ›.

**مارگزیدە**[2]: صفت. مازانگەز؛ مارگەستە؛ تووشیاری مارگەستوویی.

**مارگیر** / mārgîr ، ـها؛ ـان/:/سم. مارگیر؛ مارگر: ۱. ئەوەی خەریکی ڕاوەماره ۲. مارباز؛ کەسێ کە بۆ سەر قاڵی خەڵک ماران دێنێتە سەما و گەمەیان لەگەڵ دەکا.

**مارمالاد** / mārmālād /: [فرانسوی از پرتغالی]/سم.

مارمالاد؛ جۆرێک مرەبای چەرخکراوی خەست و خۆڵ لە میوەی ئاودار.

**مارماهی** / mārmāhî ، ـهـا؛ ـان/: /ـسم. مارافی؛ مارماسی؛ مارماسه؛ مارماساو؛ جۆرێ ماسی کە لە مار دەکا بەلام چزی نیە و گۆشتی دەخورێ.

▣ **مارماهی آب شیرین**: جۆرێک مارماسی کە لە ئاوی شیریندا گەورە دەبێ و پاش گووران ڕوو دەکاتە دەریا.

**مارماهی برقی**: جۆرێک ماسی گەورە کە بە کارەبای لەشی خۆی ماسیەکانیتر سڕ دەکا و دەیانگرێ.

**مارمولک** / mārmûlak ، ـهـا؛ ـان/: [از کردی]/سم. مارمێلکە؛ مارمێلک؛ مارملووک؛ مارملیک؛ مارمیلۆک؛ مارمیلک؛ مارمارۆک؛ مارمزووک؛ مارمەزووکە؛ مەزووکە؛ مارمەزووکی؛ مەزووکێ؛ مزرک؛ مارژۆک؛ مارماڕۆشک؛ ماماریشۆک؛ مەرمەشۆک؛ ماریلە؛ ماریاکە؛ بیکمار؛ بۆکمار؛ مارگێس؛ مارندوگ؛ خلنزەر؛ خلنەزەر؛ شین‌شینەک؛ شین‌شینک؛ لووسلووسەک؛ خەج خەجۆک؛ شەوگەرد؛ لەهلاک؛ گیانەوەرێکی خزۆکی پووڵەکەدارە، جۆری بێدەست و پایان لە مار دەکا و هەموو جۆریکیان دەتوانن لە هەلاتندا کلکیان داخەن و سەر لە نوێ کلک دەربێننەوە: **کربشه؛ کرفش** *[قدیمی]*

**مارونی** / mārûnî/: [؟]/سم. ماروونی: ۱. لقێ لە مەسیحیانی عەرەبی کاتۆلیک، شوێنکەوتووی ماروونی پیرۆز (نزیک بە ٤١٠ زایینی) کە ناوەندیان لوبنانە ۲. ـهـا؛ ـان/ هەر کام لە مەسیحیانی شوێنکەوتووی ئەو لقە.

**ماری‌جوانا** / mārîcuvānā/: [انگلیسی از اسپانیایی]/سم. ماری‌جوانا؛ وشکەوەکراوی گەلا و سەر لق‌وپۆی گیای شادانە کە لە بەر سڕکەر بوونی وەکوو جگەرە دەیکێشن.

**ماز** / māz/: [انگلیسی]/سم. ۱. تۆڕێ لە دالانگەلی پێچاوپێچ کە ڕێ لێ دەرکردنی سەختە ۲. هەر پێکهاتەیەک وا دروست کرابێ.

**مازاد** / māzād/: [عربی] صفت. زیاد؛ زیادە؛ زۆرتر لە ڕادەی دڵخواز یا پێوست ‹مازاد بر نیاز: زیادە لە پێویست›.

**مازو** / māzû/: [کردی]/سم. دارمازوو؛ مازی؛ مازک؛ مازێر؛ دارمازگ: ۱. ـهـا/ مازوار؛ درەختێک بە کڵاوەی گردی گەورە، گەلای تووکنی هێلکەیی و بەری پیاڵەئاسای درێژ و سپیەوە ۲. دەقلووک؛ جەوی سەر گەلا و لق و پۆی دارمازگ کە بە هۆی چز پێوەدانی مێروو دەری دەکا.

**مازوت** / māzût/: [فرانسوی از روسی از عربی]/سم. نەفتەڕەشە؛ مازووت؛ نەوتی ڕەش؛ بەرهەمی دڵۆپاندنی نەوتی خاو یا پڵاشەبەرد، کە بۆ سووتەمەنی، لە بڕێ موتوری دیزڵی و کووڕەی نەوت سووتدا بەکار دەچێ.

**مازوج** / māzûc/: [کردی]/سم. مازوو؛ مازووج؛ مازگ؛ مازی؛ گولێر؛ بەری دارمازوو.

**مازوخیست** / māzoxîst ، ـها/: [فرانسوی] صفت. *[روان‌شناسی]* مازوخیست؛ ئازارخواز؛ تووشی نەخۆشی مازوخیسم.

**مازوخیستی** / māzoxîstî/: [فرانسوی] صفت. مازوخیستی؛ ئازارخوازانە؛ پێوەندیدار یان سەر بە مازوخیسم.

**مازوخیسم** / māzoxîsm/: [فرانسوی]/سم. *[روان‌شناسی]* مازوخیسم؛ ئازارخوازی؛ جۆرێک ئالۆزاوی دەروونی کە نەخۆش بە ئازاردران و سووکایەتی پێکران لە لایەن گراویەوە کاڕێر دەبێ و دادەمرکێ.

**مازه** / māze/: [کردی] ☜ تناب پشتی، **تناب**

**ماژور** / mājûr ، ـها/: [فرانسوی]/سم. *[نامتداول]* مەیجر؛ سەرگورد.

**ماژیک** / mājîk ، ـها/: [فرانسوی]/سم. ماژیک؛ ناوی بازرگانی جۆرێک پێنووس بە مەرەکەفدان و نووکی لبادەوە (بۆ مژین و دەردانی مەرەکەف)

www.perawipepwle.com


کـه زۆرتـر بـۆ نووسـین بـه خـەتی گـەورە و نیگارکێشان دەبێ.

**ماساژ** / māsāj /: [فرانسوی]/سم. لەپمال؛ کەڤمال؛ وەرزۆ؛ پەرخ؛ ماساژ؛ کار و ڕەوتی شێلان؛ ولین؛ بلین؛ ڤەمالین؛ مالینی ماسوولکە بە دەست یان هەر کەرستەیەکی‌تر بۆ دەرمـان و لـەش‌ساخی ‹پایم ضرب دیده بود ماساژ دادم کمی بهتر شد: پـام کوترابوو لەپمالم کرد تۆزێ باشتر بوو›. هـەروەها:

**ماساژ دادن**

**ماسـاژور** / māsājor ، ـها/: [فرانسـوی]/سـم. وەرزۆدەر؛ مالشتدەر؛ ئەوەی کاری شێلان بێت.

**ماسـاندن** / māsāndan /: مصـدر متعـدی. //

**ماسـاندی**: گرسـاندت؛ **مـی‌ماسـانی**: دەگرسـێنی؛ **بماسـان**: بگرسـێنە// ۱. گرسـاندن؛ مەیانـدن؛ کەسـداندن؛ گوڤـهاندن؛ گرسـنەی؛ گرسـنای؛ زەمتانـدن؛ ڕچانـدن ۲. [مجـازی] ڕۆن لـە نـانی کەسێک هەلسوون؛ خەیر بـە کەسـێ گەیانـدن ‹ببین می‌توانی چیزی به ما بماسانی؟: بزانـە دەتـوانی ڕونیـک لـە نـانی ئیمـە هەلسـووی؟› ۳. [مجـازی] گوڤتاندن؛ پێک‌هێنـان؛ جـۆش دان. هـەروەها:

**ماساندنی**

■ صفت مفعولی: **ماسانده** (گرسێنراو)

**ماسـبق** / māsabaq /: [عربـی]/سـم. ڕابـردوو؛ ڕابووردوو؛ ویەردە؛ پێشوو؛ ئـەوەی لـە پێشـتردا بووە یان کراوە ‹قانون عطف بـه ماسبق نمـی‌شـود: قانوون بۆ ڕابردوو هەلناگەڕێتەوە›.

**ماسـت** / māst /:/سـم. ماسـت؛ مـاس؛ مێسـت؛ مۆسـت؛ تـرۆلـە؛ تڕۆلـە؛ شـیری هـەوێن‌کـراو و گرساو کە خواردنێکی هەموانیە.

▣ **ماست چکیده/ کیسه**: تۆراخ؛ تۆراغ؛ دۆس‌وێـر؛ ماستی ئاو لێ‌چنراوی خەست‌کراو.

▣ **ماست به دهن کسی بودن**: [تعریض] قورقوشم لە گـەرووی کەسـێکدا بـوون؛ قـاوت لـە دەم کەسێکا بوون؛ لە کاتی پێویستدا هیچ نەگوتن ‹حرفی می‌زدی، اعتراضی می‌کردی، مگر ماسـت بـه دهنـت بـود؟!: قسـەیەکەت دەکـرد، دەنگێکـت هەلـدەهێنا، مەگـەر قورقوشمـت لـە گـەروودا بوو؟!›.

**ماسـت را هـم نبریـدن**: [تعـریض] ماسـتیش نەبڕین؛ زۆر کول بوون (بـۆ چـەقۆ و مەقەسـت و... دەگوترێ) ‹این چاقو که ماست را هم نمی‌بـرد: ئەم چەقۆیە خۆ ماستیش نابڕێ›.

**ماسـتها را کیسـه کـردن**: [مجـازی] واز هێنـان؛ کۆتا کردن؛ ترسان و دەست بەردان ‹تـا سـر و کڵەی پاسبان‌ها پیدا شد، آزاد ماستها را کیسه کـرد و دسـت از فحاشـی و عربـده‌کشـی برداشـت: هـەر پاسبانەکان دەرکەوتن، ئازاد وازی هێنا و دەسـتی لە جنێو دان و قیڕاندن هەلگرت›.

**ماست‌بند** / māstband ، ـها/:/سم. ئەوەی ماست هەوێن دەکا؛ کەسێ کە ماس ئەنێ.

**ماسـت‌بنـدی** / māstbandî/:/سـم. ۱. کـار و ڕەوتی گوڤهاندن؛ مەیاندن؛ نیان؛ هەوێن‌کـردن؛ ئامیان‌کردنی شیر بۆ ماست یـا پـەنێر ۲. /ـها/ کارگەی بەرهەم هێنانی داهاتگەلی شیر.

**ماستمالی** / māstmālî/:/سم. [کنـایی] ماسمالـی: ۱. ڕەوتی بە ڕوالـەت سـەر و بـنی کـار هێنانـە یەک ‹اگر بخواهی کارها را سرهم‌بنـدی و ماستمالی کنی معامله‌مان نمی‌شود: ئەگـەر بتهـەوێ کارەکـان تەتەپەخێ و ماسمالـی بکـەی، پێکـەوە نامـانکرێ› ۲. کـار و ڕەوتی پینـەکردن؛ پـا پێـدا سـاوین؛ ڤەکروپاندن؛ داپۆشینی هەڵە و عەیب ‹قـرار بـود برود دادگاه، اما قضیه را ماستمالی کردند و به زور رضایت گرفتند: بڕیار بوو بڕوا بۆ دادگا، بەڵام ماسمالیان کـرد و بە زۆر ڕەزایەتیان سەند›.

**ماستی**[1] / māstî/:/سم. [گفتاری] ۱. ماست‌فرۆش؛ مـاس‌وەرش؛ کەسـێک کـە ماسـت دەفرۆشـێ ۲. ماستکەر؛ ئەوەی ماست هەوێن دەکا.

**ماستی**[2]: صفت. ماسـتی؛ ماسـی: ۱. بـە ماسـت؛ تێکەڵاو بە ماست ۲. ماستاوی؛ ماست پێوەتلاو؛ لە ماست گەوزاو.

**ماستیک** / māstîk/: [انگلیسی]/سم. ماستیک: ۱. شیلەی داری مەستەکی که دەنکێکی خڕی زەردە بە تام و بۆنی ئارامەوە، لە ئەلکول و تەرەبانتینەدا دەتوێتەوە و لە ددان‌سازی و نیگارکێشیدا بە کەڵک دێ ۲. هەویرێکی خەست تایبەتی گرتنی درزی پەنجەرە و بەنکەشی و... بۆ بەرگری لە نم.

**ماسک** / māsk ، ـها/: [فرانسوی]/سم. دەمامک؛ ماسک؛ ماسکە: ۱. ڕووبەند؛ پەچە؛ پێچە؛ پووشی؛ ڕووبەنە ۲. ئەوەی کۆستە، ڕووی پێدەگرێ و خۆی پێدەگۆڕێت ۳. ئەوەی دەم و لووتی پێدەگرن تا کۆئەندامی هەناسەدان بپارێزێت ٤. کەرستەیێ کە کاتی کارکردن، دەم و چاو لە گەزن دەپارێزێ.

▣ **ماسک گاز**: ماسکی گاز؛ ماسکێک بۆ پالاوتنی هەوا و بەرگری لە وەزەنی گازی ژاراوی بۆ پێستی دەم و چاو و کۆئەندامی هەناسەدان.

▣ **ماسک از چهره‌ی کسی برداشتن** ☜ نقاب/ ماسک کسی را دریدن، **نقاب**

**ماسک کسی را دریدن** ☜ نقاب/ ماسک کسی را دریدن، **نقاب**

**ماس‌ماسک** / māsmāsak ، ـها/: /سم. [گفتاری]/ ئەسپاوبازی؛ ئامێری بێکەڵک و بێبایەخ.

**ماسوره** / māsûre ، ـها/: /سم. ماسۆلە؛ ماسوولکە؛ بلبلیشک؛ ماسوولە؛ ماسوور: ۱. کەرستەیەکە جۆلا بۆ تەنین، داوی لێدەپێچن ۲. قڕقڕەیەکی بچووک دە ژێر چەرخی دروومان بۆ دەزوو تێوەپێچان ۳. خەرەکی نێو گوللەی تۆپ و خومپارە کە ناهێلێ گوللە پێش لە پێکان بتەقێتەوە.

**ماسه** / māse ، ـها/: /سم. [زمین‌شناسی]/ ماسە؛ کفت؛ کتلە؛ هوس؛ هۆسە؛ زیخ؛ خیز؛ قم؛ چەوی ورد؛ دەنکی وردی لاواری لە کوارتز و وردەبەرد لە ئەندازەی ۱ تا ۲ میلی‌میتردا.

**ماسه‌سنگ** / māsesang/: /سم. گەلال؛ زیپکەبەرد؛ ڕەشەبەرد؛ بەردێ کە لە خیز گەورەترە.

**ماسه‌شویی** / māsešûyî/: /سم. ماسەشۆری؛ کار و ڕەوتی شۆردنەوەی خیز بو ئەوەی قوڕی پێوە نەمێنێ.

**ماسیدن** / māsidan/: مصدر لازم. ۱. مەیین؛ گرسان؛ گرسیان؛ بەستن؛ کەسدین؛ گوڤین؛ گڤین؛ ڤەرسین؛ گرسەی؛ گرسای؛ زەمتین؛ قەرسین؛ قەرسان؛ ڕەق هەلاتن؛ وشک هەلاتن ‹خون روی دیوار ماسیده بود: خوێن بە دیوارەکەوە مەییبوو› ۲. [مجازی] پێگەیشتن؛ بەهرە بردن ‹بگو ببینم از این معامله چیزی به من می‌ماسد؟: بێژە بزانم لەم سەودایە شتێکم پێ دەگا؟›. هەروەها: **ماسیدنی**

■ صفت مفعولی: **ماسیده** (مەییو)/ مصدر منفی: **نَماسیدن** (نەمەیین)

**ماش** / māš ، ـها/: /سم. ماش؛ ماشە؛ شۆلک: ۱. گیایەکی یەکسالانە، بە لاسکی ناسک و درێژ، گەلای لاولای، گوڵی ئەرخەوانی و سپی و بەری باریک و درێژ و تیسکنەوە کە پاش گەیشتن، بۆر هەڵدەگەڕێ ۲. دەنکی خڕ و وردی ئەو گیایە کە لە تاقمی دانەوێلەیە.

**ماشاءالله** / māšā'allāh, māšāllāh/: [عربی] دعا. ماشەڵلا؛ لە چاوی پیس بە دوور بێ (تێبینی: واتای وشەبەوشەی دەبێتە: «هەرچی خودا بیەوێ» بەلام پتر بۆ پەسەن دانی کەسێک بە کار دێ) ‹ماشاءالله بزرگ شده است!: ماشەڵلا گەورە بووە!›.

**ماشا** / māšarā/: [سریانی]/سم. [پزشکی، قدیمی] دۆخی پەنەمانی دەم و چاو.

**ماشک** / māšak/: /سم. زیزانە؛ زیزان؛ مژیوەرد؛ میژوەرد؛ میژوەردی؛ گیایێکی دەشتەکی بە دەنکێکی خڕ و ورد و زۆر ڕەقەوە کە لە ناو نیسک و نۆک و دەغڵ و داندا دەڕوێ.

**ماشوره** / māšûre/ ☜ ساقه ماشوره‌ای، **ساقه**

**ماشه** / māše ، ـها/: [از عربی: مِحَشّه]/سم. ماشە؛

ماشەک؛ پێ؛ پەلەپیتکە؛ قولاب‌ئاسایەک لە بڕێ دەزگادا کە ئەگەر بکێشرێ دەزگاکە دەکەوێتە کار.

**ماشی**[1] / māšî/: /سم. ماشی؛ کەسکی تۆخ؛ ڕەنگی ماش.

**ماشی**[2]: صفت. ماشی‌ڕەنگ؛ بە ڕەنگی کەسکی تۆخ. هەروەها: **ماشی‌رنگ**

**ماشین** / māšîn ، ـها/: [فرانسوی]/سم. ماشین: ۱. دەزگا؛ ماکینە؛ مەکینە؛ ئامێرێک لە چەن بەش کە بۆ ڕاگوێزان و گۆڕانی هێز، تەوژم و جوولە دروست‌کراوە ۲. /ـآلات/ هەر ئامرازێکی کارەبایی، میکانیکی یان ئیلکترونیکی بۆ جێبەجێ‌کردنی کارێک ۳. ماشێن؛ سەیارە؛ گەڕۆک؛ ئوتومبیل؛ ترومبیل ٤. هەر ئامێرێ کە مرۆڤ دروستی بکا ٥. ئامێرێک بۆ کورت‌کردنەوەی مووی سەر و ڕیش.

▣ **ماشین پلی کپی**: پولی کۆپی؛ دەزگایەکی دەستی یان کارەبایی کە نووسراوەی سەر کاغەزی مۆمی دەگرێتەوە و لە سەر کاغەزی ئاسایی تۆماری دەکا.

**ماشین تحریر** ☜ **ماشین‌تحریر**

**ماشین دوخت**: مەنگەنە؛ ئامێرێکی دەستی بۆ پێکەوە لکاندنی دوو یان چەند پەڕە کاغەز بە تەل.

**ماشین دودی** ☜ **ماشین‌دودی**

**ماشین ظرفشویی**: ماشینی دەفرشۆر؛ دەزگایەکی خۆمەش بۆ شۆردنی دەفر و قاپ و قاچاغ.

**ماشین لباسشویی**: ماشینی جلشۆر؛ دەزگایەکی خۆمەش کە جل و بەرگ دەشۆرێ.

▣ **ماشین کردن**: ماشین کردن: ۱. تاشین؛ بە ماشین موو لابردن یان کورت کردنەوە ‹بردند سرش را ماشین کردند: بردیان سەریان تاشی› ۲. تایپ کردن؛ نووسینی شتێک بە ماشینی تایپ ‹نامه را ماشین کرد: نامەکەی تایپ کرد›.

**ماشین آلات** / māšînālāt/: [فرانسوی/ عربی] جمعِ ☜ **ماشین**

**ماشین‌ابزار** / māšîn'abzār/: [فرانسوی/ فارسی] /سم. ئامێری تاشین و کڕاندنی کانزا و بە بیچم و شێوەی دڵخواز دەرهێنانی.

**ماشین‌تحریر** / māšîntahrîr ، ـها/: [فرانسوی/ عربی]/سم. ماشین‌تایپ؛ دەزگای نووسین لە سەر کاغەز.

**ماشینچی** / māšînčî ، ـها/: [فرانسوی/ ترکی]/سم. ماشینچی؛ ئەوەی بە ماکینەیەکی پیشەسازی کار دەکا.

**ماشینخانه** / māšînxāne ، ـها/: [فرانسوی/ فارسی] /سم. ماکینەخانە؛ ماشینخانە؛ شوێنێک لە ڕێکخراوەیەکی پیشەسازیدا کە ماکینەکانی تێدا دامەزراوە.

**ماشین‌دودی** / māšîndûdî/: [فرانسوی/ فارسی] /سم. [قدیمی] شەمەندەفەر؛ قەتار.

**ماشین‌رو** / māšînrow/: [فرانسوی/ فارسی] صفت. ماشین‌ڕۆ؛ لەبار بۆ پێدا ڕۆشتنی ماشین.

**ماشین‌سازی**/ māšînsāzî/: [فرانسوی/ فارسی] /سم. ماشین‌سازی: ۱. کار و ڕەوتی سازکردنی ماشین ۲. /ـها/ کارخانە یان کارگەی دروست کردنی ماشین.

**ماشین‌شو** / māšînšû ، ـها/: [فرانسوی/ فارسی] /سم. ماشین‌شۆر؛ کەسێ یان ئامرازێک کە ماشین دەشوا: **ماشین‌شور** [گفتاری] ☜

**ماشین شور** / māšînšûr/: [فرانسوی/ فارسی] ☜ **ماشین‌شو**

**ماشین‌شویی** / māšînšûyî/: [فرانسوی/ فارسی] /سم. ۱. ☜ **کارواش** ۲. کار و ڕەوتی شۆردنی ماشین.

**ماشین‌نویس** / māšîn.nevîs ، ـها/: [فرانسوی/ فارسی]/سم. ماشین‌نووس؛ کەسێ کە (بەتایبەت لە ڕێخراوە و نووسینگەدا) نامە و نووسراوە بە ماشین‌تایپ دەنووسێتەوە.

**ماشین‌نویسی** / māšîn.nevîsî /: [فرانسوی/ فارسی]/سم. ماشین‌نوویسی: ۱. کاری ماشین‌نووس ۲. کار و ڕەوتی نووسینی بابەتێک بە ماشین.

**ماشین وار** / māšînvār /: [فرانسوی/ فارسی] قید. وەک ماشین؛ مەکینەئاسا؛ ماشین‌ئاسا؛ وەک مەکینە؛ بە شێوازی ماشینی ‹ماشین‌وار کار می‌کردند: وەک ماشین کاریان دەکرد›.

**ماشینی** / māšînî /: [فرانسوی] صفت. ماشینی: ۱. بەرهەمی ماشین ‹فرش ماشینی: فەرشی ماشینی› ۲. وەک ماشین ‹رفتار ماشینی: کردەوەی ماشینی›.

**ماضی** / māzî /: [عربی]/سم. [دستور] ڕابردوو؛ کاتی ڕابردو؛ زوونە؛ کاتی بەر لە ئێستا یان ڕووداوێ کە قسەی لێدەکرێ.

▣ **ماضی استمراری**: ڕابردووی بەردەوام؛ ئەو کارە لە ڕابردوودا بۆ ماوەیەک بەردەوام بووە یان دووپاتە بۆتەوە (وەک: می‌گفتم؛ می‌رفتند: دەمگوت؛ دەچوون).

**ماضی التزامی**: ئەو کارە لە ڕابردوودا کە دەلوا یان دەیانویست بیکەن (وەک: شاید آرام آنجا را دیده باشد: ڕەنگە ئارام ئەوێی دیتبێ).

**ماضی بعید**: ڕابردووی تەواو؛ ڕابردووی دوور؛ کارێ کە لە ڕابردوودا ڕوویداوە و پێش لە کارێکی‌تر کۆتایی هاتووە (وەک: تا بە آنجا رسیدم آزاد رفته بود: تا گەیشتمە ئەوێ، ئازاد ڕۆیشتبوو).

**ماضی مطلق**: ڕابردووی سادە/ ساکار؛ کرداری کە لە ڕابردوودا ڕوویدابێ (وەک: آرام آمد: ئارام هات).

**ماضی نقلی**: ڕابردووی گێڕاوە؛ کرداری کە لە ڕابردوودا دەستی پێکردووە و درێژە یان شوێنەواری تا ئێستا ماوەتەوە (وەک: این نوشته را آزاد نوشته است: ئەم نووسراوە ئازاد نووسیویەتی).

**ماغ** / māq /: صوت. بۆڕە؛ قۆڕە؛ بۆڕەبۆڕ؛ گابۆڕ؛ دەنگی گا.

▣ **ماغ کشیدن**: بۆڕاندن؛ بۆڕنەی؛ بۆڕنای؛ قۆڕاندن ‹صدای صاحبش را که شنید ماغ کشید: هەر کە دەنگی خاوەنەکەی بیست بوراندی›.

**مافات** / māfāt /: [عربی]/سم. خەسار؛ لەکیس‌چووگ؛ بابردوو؛ فەوتاو؛ نەماو ‹جبران مافات دشوار است: قەرەوی خەسار گرانە›.

**مافنگی** / māfangî / ☜ **مُفَنگی**

**مافوق** / māfowq, māfo:q ، ـها /: [عربی]/سم. بالادەست؛ بانتر ‹از دستور مافوق سرپیچی می‌کند: مل بە فەرمانی بالادەست نادا›.

**مافوق** / māfowqe, māfo:qe /: [عربی] حرف. لە سەرووی؛ سەرتر لە؛ بانتر لە؛ سەرووی؛ ژووری ‹مافوق تصور: لە سەرووی خەیال›.

▣ **مافوق صوت**: سەرووی دەنگ؛ ژووری دەنگ؛ بە فریکانسێ زۆرتر لە سنووری بیستنی گوێی مرۆڤ.

**مافیا** / māfiyā /: [ایتالیایی]/سم. مافیا؛ هەر ڕێخراوەیەکی تیروریستی شاراوە (بۆ یەکەم جار لە سەرەتاکانی چەرخی نۆزدەهەم لە دووڕگەی سیسیلدا پێکهات).

**مافی‌الضمیر** / māfizzamîr, māfezzamîr /: [عربی]/سم. دڵ و دەروون؛ ئەو بابەتەی مرۆڤ لە ناخی بیریدا دەیهێنێ و دەیبا (بریتی لە بیر، خەیاڵ، مەبەست و..) ‹نمی‌خواست کسی از مافی‌الضمیرش آگاه شود: نەیدەویست کەس بە دڵ و دەروونی بزانێ›.

**ماقبل** / māqabl /: [عربی] صفت. پێشتر؛ پێشووتر ‹این بدهی مربوط به سال ۶۰ و ماقبل آن است: ئەم قەرزە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٦٠ و پێشتر›.

**ماکارونی** / mākāronî /: [ایتالیایی/ فرانسوی]/سم. ماکارونی؛ مەقەرنە: ۱. جۆرێ هەرشتەی لە ئاردی گەنم بۆ چێشتێکی ئیتالیایی بە ناوی سپاگێتی ۲. چێشتی سپاگێتی کە لە

دەمکێشانی ئەو هەڕشتانە ساز دەبێت.

**ماکارونی‌سازی** / mākāronîsāzî /: [ایتالیایی/ فرانسوی/ فارسی]/سم. ماکارونی سازی: ۱. کاری بەرهەمهێنانی ماکارونی ۲. ـها/ کارگەی دروستکردنی مەقەڕنە.

**ماکت** / māket ، ـها/: [فرانسوی]/سم. ماکیت؛ نموونەی بچووکتر لە ئەندازەی ئاسایی شتێ (وەک ماشین یا مال) کە بە دەست دروست دەکرێ.

**ماکرووید** / mākroveyv /: [انگلیسی] ☜ **مایکرووید**

**ماکزیمم** / mākzîmom,māgzîmom /: [فرانسوی] /سم. لای سەروو؛ ماکزیمۆم: ۱. زۆرترین؛ لای‌فرە؛ لانی‌زۆر؛ زۆرترین رادە ۲. ماوەی زۆرترین گەشە ۳. بان‌ترین ئاستی ڕێ‌پێ‌دراو * **ماکزیموم**

**ماکزیموم** / mākzîmom /: [فرانسوی] ☜ **ماکزیمُم**

**ماکسی** / māksî /: [فرانسوی]/سم. ماکسی؛ جۆرێ کراس یان دامەنی درێژ: **ماکسی ژوپ**

**ماکسی‌ژوپ** / māksîjûp /: [فرانسوی] ☜ **ماکسی**

**ماکو** / mākû ، ـها/:/سم. ماکۆ؛ ماکوو: ۱. میلەیەک لە جۆلاییدا کە ماسوولەی لە سەرە ۲. میلەیەکە لە چەرخی دروومانـدا غەرغـەرەی لە سەر دادەنرێ.

**مأکول** / ma'kûl /: [عربی] *صفت*. ۱. خواردنی؛ شیاوی خواردن ۲. *[مجازی]* بەتام؛ خۆش‌چێژ.

**مأکولات** / ma'kûlāt /: [عربی]/سم. خواردەمەنی؛ خۆراک؛ خۆراس ‹در آنجا بعضی ماکولات به فروش می‌رسد: دەوێ بڕێ خواردەمەنی دەفرۆشرێت›.

**ماکیان** / mākiyān ، ـها/:/سم. مریشک؛ مامر؛ کەرگە؛ کەرگی؛ هەکە؛ قیقی؛ تاقمێ بالندەی دەندووک‌کورت و ئەستووری پا بە قەوەتی چوارقامک (وەک بەقلە، تاوس، مریشکی مالی و کەو) کە زوو دەستەمۆ دەبن.

**ماکیاولیسم** / mākiyāvelîsm /: [فرانسوی]/سم. ماکیاڤیلیسم؛ ڕێبازی سیاسی نیکولۆ ماکیاولی (۱۴۶۹ــ ۱۵۲۷ ز.) ڕۆشنبیری ئیتالیایی کە جەخت دەکاتە سەر ئەوەی کە مەبەست، ڕێگە و هۆ پاکانە دەکا، سیاسەت ئەخلاق ناناسێ و ڕێگا و هۆی دوور لە ئاکاریش بۆ گەیشتن بە مەبەستێکی باش ڕەوایە.

**ماگما** / māgmā /: [فرانسوی/ انگلیسی] ☜ **تَفتال**

**ماگنت** / māgnet ، ـها/: [انگلیسی]/سم. مەگنیت: ۱. دەزگایەک بۆ پرۆسکە لێدان لە موتوری بنزینیدا ۲. میگناتیس * **مَگنت**

**ماگنتیت** / māgnetît /: [فرانسوی]/سم. ماگنتیت؛ ماکێکی ڕەشی کانی کە بۆ ئاسن لێ‌گرتن و زۆر کاری‌تر، لە پیشەسازیدا کەڵکی لێ دەگرن.

**ماگنولیا** / māgnol(i)yā ، ـها/: [فرانسوی]/سم. ماگنولیا؛ دارێکی جوان بە گەلای هێلکەیی و گوڵی نێر و مای گەورەی سپی، ئەرخەوانی، زەرد یان سووری بۆنخۆشەوە.

**مال**[1] / māl ، ـها/: [عربی]/سم. ۱. /اموال/ سامان؛ مال؛ دارایی؛ ئەوەی دەکرێ هی کەسێ بێت ‹مال زیادی نداشت: سامانێکی وەهای نەبوو› ۲. مالات؛ ڕەشەولاخ؛ چوارپای باری (وەک هێسر و ئەسپ و کەر).

▣ **مال غیرمنقول**: مردە؛ مردەمال؛ ئەو بەشە لە مال و دارایی کە ناگۆزرێتەوە (وەک زەوی و باخ).

**مال منقول**: زیندە؛ زیندەمال؛ ئەو بەشە لە مال و دارایی کە ئەملا و لای پێ دەکرێ (وەک ماشین و فەرش).

▣ **مالی نبودن**: شتێ/ شتێکی وا نەبوون؛ زۆر بەنرخ و بەبایەخ نەبوونی شتێ ‹این فرش که خریدی مالی نیست: ئەم فەرشە کڕیوتە، شتێکی وا نیە›.

**ـ مال**[2]: *پیوازه*. ـ مال؛ ـ ڕامال؛ بمال؛ مالەوە؛

www.perawipepwle.com



ئەوەی دەسرێتەوە ‹دستمال: دەسمال›.

**مال** / māle/: [از عربی] *حرف.* هی؛ ئی؛ هین؛ هینوو؛ یا: ۱. هی کەسێ یان شتێک ‹آن بچه مال شماست؟: ئەو منداله هی ئێوەیە؟› ۲. *[گفتاری]* بۆ؛ مالْ؛ تایبەت؛ شیاو بۆ کارێک یان بەهرەیەکی تایبەت ‹این لباس مال زمستان است: ئەو جلە بۆ زستانە› ۳. سەر بە کەس، شت یان سەردەمێکەوە ‹این حرف مال چند سال پیش است: ئەم قسە هی چەن ساڵ لەمەو پێشە›.

**مالاریا** / mālār(i)yā ، ـها/: [فرانسوی]/*سم.* مالاڕیا؛ نۆگە؛ ڕۆژنارۆژە؛ نۆبەتێ؛ پەتایەکی گەرمەسێران کە لە چزی مێشوولەی هۆدرە (ئانۆفیل) بەدی دێ و نەخۆش تووشی یاو و لەرز و عارەقی تاوتاوە دەکا.

**مالاکیت** / mālākît/: [؟] ☜ **دَهنه**

**مالاگاسی** / mālāgāsî/:/*سم.* مالاگاسی: ۱. ـها/ خەڵکی نیشتەجێی ماداگاسکار، بریتی لە دەوری ۵۰ هۆز ۲. زمانی ئەو خەڵکە.

**مال‌الاجاره** / mālol'ecāre ، ـها/: [عربی]/*سم.* کرێ؛ کرها؛ کراها؛ کرێمال؛ پارەیەک کە مالگر بە خاوەنمالی دەدا.

**مال‌التجاره** / mālottecāre ، ـها/: [عربی]/*سم.* کالای بازرگانی.

**مالامال** / mālāmāl/: *صفت.* پڕاوپڕ؛ دارمال؛ لیف؛ دەرگاخن؛ کەیل؛ پڕ؛ پەڕ؛ پڕبەپڕ؛ زپ؛ تژە؛ تەژی؛ نژن؛ ئارەیی؛ دارگتوو؛ زوفت؛ زەبەزەب؛ نقانق؛ پڕی وا کە هیچی‌تر نەگرێ ‹خیابان‌ها مالامال جمعیت بود: شەقامەکان پڕاوپڕ جەماوەر بوو›.

**مالاندن** / mālāndan/: *مصدر. متعدی.* // **مالانده:** شێلات؛ **می‌مالانی:** دەشێلی؛ **بمالان:** بشێلە// ۱. شێلان؛ مالین؛ مالتەی؛ مالەی؛ مالای؛ شێلاندن؛ شێلەی؛ شێلای؛ شێلتەی؛ دامالان؛ دامالین ‹کمی بمالان خوب می‌شود: نەختێ بیشیلە چاک دەبێتەوە› ۲. *[مجازی]* شێلان؛ شێلاندن؛ شێلانن؛ تاشاندن؛ لێدان؛ داپڵۆساندن؛ پڵۆسنایرە؛ شاخ شکاندن؛ ڕۆپەڵۆسین؛ چاکچاک تەمێ کردن ‹او را حسابی مالاند: چینێکی باشی شیلا› ۳. هەڵوەشاندن؛ هەڵشێواندن؛ بەتاڵ کردنەوە ‹آن قانون را مالاندند: ئەو قانوونەیان هەلوەشاندەوە›. هەروەها: **مالاندنی**

■ صفت مفعولی: **مالانده** (شێلراو)/ مصدر منفی: **نمالاندن** (نەشێلان)

**مال‌اندوزی** / māllandûzî ، ـها/: [عربی/ فارسی] /*سم.* زێڕئاخنی؛ مالْئاخنی؛ کار و ڕەوتی کۆ کردنەوە و پاراستنی مالْ و سامان، بەتایبەت پارە.

**مالایالام** / mālāyālām/:/*سم.* مالایالام؛ لە زمانە دراویدیەکانی باو لە باکووری ڕۆژاوای هیندووستاندا.

**مالباخته** / mālbāxte ، ـها؛ ـگان/: [عربی/ فارسی] /*سم.* مالْدۆڕاو؛ مالْبەخەسار؛ مالْبراو؛ ئەوەی بە تەڵەکە یان زۆر مالْ یا پارەیەکی لە دەست داوە.

**مالبند** / mālband ، ـها/: [عربی/ فارسی]/*سم.* مالبەن؛ مێڵەیەک لە نێوان کەرستەی ڕاگواستن (وەک گاری، کالسکە) و چاروادا بۆ ڕاکێشان.

**مالت** / mālt/: [فرانسوی]/*سم.* جوانەخەڵە؛ جوانەجۆ؛ چەکەرەی خەڵە، بەتایبەت جۆ کە دوای خووساندن و چەکەرە دان وشکی دەکەنەوە و وەکوو خۆراکێکی بەقەوەت دەیخۆن و هەروەها بیرەی لێدروست دەکەن.

▣ **تب مالت:** تای مالْت؛ نەخۆشینی چڵکی بەدیهاتوو لە میکرۆبی بروسیلا کە دەبێتە هۆی تا، بێهێزی، کەمخوێنی و دژداماوی.

**مالتوز** / māltoz/: [فرانسوی] /*سم. [شیمی]* مالْتۆز؛ جۆرێک شەکر، بەرهەمی هیدرۆلیزی نیشاستە کە لە ئاودا دەتوێتەوە.

**مالتوسیانیسم** / māltusyānîsm, māltosiyānîsm/: [فرانسوی]/*سم.* مالْتۆسیانیسم؛ ئامۆژەی فەلسەفی تووماس مالْتۆس، بیرمەندی

ئینگلیزی (۱۷٦٦ــ ۱۸۳٤ ز.) کە لە زۆرتر بوونەوەی ئاپۆرەی جەماوەر لە چاو سەرچاوەکانی خۆراکدا باس دەکا و دەڵێ ئەگەر مرۆڤ بتوانێ بەر بە نەخۆشی، قات و قڕی و مردنی سروشتی بگری، ئەمجار لە برسیەتیدا قڕ دەبێ.

**مال‌خر** / mālxar / ـها/: [عربی/ فارسی]/سم. ئەوەی مالی دزی دەکرێ و دەیفرۆشێتەوە. هەروەها: **مال‌خری**

**مالدار** / māldār / ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] صفت. *[قدیمی]* دەولەمەند؛ دەولەمەن؛ دەولەتمەن؛ بووده؛ زەنگین.

**مالدوست** / māldûst / ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] صفت. مالدۆس؛ مالپارێز؛ هۆگری کۆکردنەوە و هەڵگرتنی مال و سامان. هەروەها: **مالدوستی**

**مال‌رو** / mālrow/: [عربی/ فارسی] ☜ جادەی مال‌رو، **جادە**

**مالش** / māleš/: /سم. ساوا؛ هەساو؛ ڕێخە؛ مال؛ مشت و مال؛ پەرخ؛ وەرژوو.

▣ **مالش دادن**: شیلان؛ ولاوین؛ مالین؛ مالای؛ پەرخاندن؛ هەڵولاین؛ دەست پێدامالین ‹پایم درد می‌کرد مالش دادم کمی بهتر شد: لاقم دێشا، شیلام، نەختێک سرەوی›.

**مالش رفتن**: هێز نەمان؛ شل بوونەوە؛ سست بوونەوە؛ بێهێز بوون؛ داهێزان ‹از گرسنگی دست و پایم مالش می‌رود: لە بەر برسیەتی هێز لە دەست و پێمدا نەماوە›.

**مال‌فروش** / mālfurûš / ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] /سم. چێودار؛ چێوار؛ بزگیر؛ ئەوەی چوارپێی بارکێش و مەڕ و مالات دەفرۆشێ.

**مالک**[1] / mālek / ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی]/سم. مالک: ۱. ئاغا؛ دەرەبەگ؛ خاوەن زەوی و زاری وا کە چەن کرێکار و بنەمالەی بە سەرەوە بێ ۲. خاوەن چەن چاوە مال و دووکان کە بە کرێ درابن.

**مالک**[2]: صفت. خاوەن؛ خودان؛ خاوەند؛ خێو؛ خێوەند؛ مالک ‹هر کسی مالک جان و مال خودش است: هەر کەس خاوەن گیان و مالی خۆیە›.

**مالکانە** / mālekāne/: [عربی/ فارسی] صفت. مالکانە؛ سەر بە مالک ‹بهرەی مالکانه: داهاتی مالکانه›.

**مالکی** / mālekî/: [عربی]/سم. مالکی: ۱. یەکێ لە چوار مەزهبی بەناوبانگی موسوڵمانانی سوننی کە لە لایەن ئیمام مالکی کوڕی ئەنەس (٦۹-۱۷۸ ک.م.) دامەزراوە ۲. /ـها؛ ـان/ هەر کام لە شوێنکەوتووانی ئەو مەزهبە.

**مالکیت** / mālekîyyat ، ـها/: [عربی]/سم. خاوەنیەتی؛ خاوەندیەتی؛ خاوەنایەتی؛ دۆخ یان چۆنیەتی خاوەن بوون.

▣ **مالکیت خصوصی**: خاوەنیەتی گەوشت/ گەوشتی؛ مافی کەسی و تایبەتی بۆ خاوەندارێتی مال و کەلوپەل یان کرین و فرۆشتن و دەستەوایان. بەرانبەر: **مالکیت دولتی؛ مالکیت عمومی/ همگانی**

**مالکیت دولتی**: خاوەنیەتی دەولەتی؛ ڕژیمێ کە ڕاژە و کەرستەکانی لە دەست دەولەتدایە. بەرانبەر: **مالکیت خصوصی**

**مالکیت عمومی/ همگانی**: خاوەنیەتی گشتی؛ مافی هەموانی بۆ کەلک وەرگرتن لە ڕاژە و بەرهەمەکانی. بەرانبەر: **مالکیت خصوصی**

**مال‌مردم‌خور** / mālemardomxor ، ـها/: [عربی/ فارسی] صفت. *[گفتاری]* مال مەردمخۆر؛ هۆگر و دەمەچەشتەی مالی خەلک.

**مألوف** / ma'lûf/: [عربی] صفت. خووپێگرتوو؛ پێڕاهاتوو؛ هۆکارە ‹روش مألوف: شێوەی خووپێگرتوو›.

**مال‌ومنال** / māl-o-menāl, -manāl/: [عربی] /سم. *[مجازی]* مال و سامان؛ مال و دارایی؛ مال و خێزان؛ کەیە و کولفەت ‹آن خدابیامرز مال و منالی نداشت: ئەو خوا لێخۆشبووە مال و سامانێکی

نەبوو›.

**ماله** / māle ، ـها/: *اسم. [بنایی]* کەمچە؛ مالە؛ مالنج؛ ئامرازی پێدا مالین و لووس‌کردنی ماکی شلی وەک قوڕ و گێچ و سیمان.

▣ **ماله کشیدن:** ماله‌کردن؛ ماله‌کێشان؛ به مالە سواغ دان لووس کردن.

**مالی**[1] / mālî/: [عربی] *صفت.* مالی؛ پێوەندیدار یان سەر به مال و دارایی ‹کمک مالی: یارمەتی مالی›.

**ـ مالی**[2]: *پیواژه.* ـ مالی؛ کار یان ڕەوتی مالین و ساوین ‹نمدمالی: نەوگ‌مالی›.

**مالیات** / māliyāt ، ـها/: [عربی]/*اسم.* پیتاک؛ بەرج؛ مالیات؛ خەراج؛ خاراج؛ خووە؛ خووک؛ خوویک؛ مەکات؛ باجی دەولەت؛ پارەیێ کە دەولەت بە گوێرەی قانوون لە خاوەن‌مالانی دەستێنێ و لە حیسابی داهاتە گشتیەکانی دەخا.

▣ **مالیات زمین:** زەویانە؛ باجی زەوی؛ بەرجی تایبەت کە لە خاوەن زەوی دەسێندرێ.

**مالیات غیرمستقیم:** پیتاکی ناڕاستەوخۆ؛ پیتاکێ کە دەولەت لە بەرامبەر خستنە بازاڕی بڕێ کالا لە پیشەساز یان بازرگانی ئەسێنێ.

**مالیات مستقیم:** پیتاکی ڕاستەوخۆ؛ مالیاتێ کە دەولەت ڕاستەوخۆ لە خاوەن‌مالی دەستێنێ.

▣ **مالیات بستن:** پیتاک/ مالیات پێوە بەستن؛ دەسنیشان‌کردنی پارەیەک بە ناوی مالیات بۆ دان بە دەولەت.

**مالیاتی** / māliyātî/: [عربی] *صفت.* پیتاکی؛ مالیاتی؛ پێوەندیدار و سەر بە مالیات.

**مالیخولیا** / mālîxûl(i)yā/: [معرب از یونانی]/*اسم.* مەیخوولی؛ ماخولیا؛ ئەسپەک؛ نەخۆشیەکی هزر و بیرە نەخۆش تووشی ژاکان، خەیالات و وڕاوە دەکا.

**مالیخولیائی** / mālîxûl(i)yā'î/: [معرب] ☜ **مالیخولیایی**

**مالیخولیایی** / mālîxûl(i)yāyî/: [معرب]/*اسم.* مالیخولیایی: ۱. سەر بە مالیخولیا ‹افکار مالیخولیایی: بیری مالیخولیایی› ۲. ـها/ تووشی مالیخولیا ‹بیمار مالیخولیایی: نەخۆشی مالیخولیایی›

* **مالیخولیائی**

**مالیدن** / mālîdan/: *مصدر. متعدی. لازم.* // **مالیدی:** ساویت؛ **می مالی:** دەساوی؛ **بمال:** بساوە// □ *متعدی.* ۱. ساوین؛ هەلساوین؛ پێدا/ پیا ساوین؛ هەسوون؛ ساوان؛ تێهەلساوین؛ ساوەی؛ ساوای؛ هەنوون؛ هەنوین؛ هەنوان؛ مالین؛ مالەی؛ مالای؛ مالکۆنن؛ سوونەوە؛ هێسین؛ سەیاندن؛ تێهەلسووون؛ ڕووبەڕێک بە شتێکەوە تلاندن ‹روغن به چیزی مالیدن: ڕۆن بە شتێکدا ساوین› ۲. پێدا/ پیا هێنان؛ ئاردە پۆرەی؛ شێلان؛ شێلاندن؛ شێلانن؛ شێلەی؛ شێلای؛ شێلتەی؛ پرووندەی؛ قامک یان دەست بە شتێکدا هێنان ۳. ساوین؛ پیاساوین؛ ساوەی؛ ساوای؛ پێدا هێنان؛ پۆرەرە ئاردەی؛ پەرخاندن؛ بوونە هۆی لێکەوتن و لێکخشینی دوو شت ‹دست را به دیوار مالید: دەستی بە دیوارەکەدا ساوی› □*لازم.* ٤. *[گفتاری]* فەوتان؛ نەمان؛ هەلوەشانەوە؛ شێویانەوە؛ هەلەوشێوان؛ بەتاڵ بوونەوە ‹پول ما هم مالید: پارەکەی ئێمەش فەوتا›. هەروەها: **مالیدنی**

■ **صفت فاعلی: مالنده** (ـــ)/ **صفت فاعلی: مالیده** (ساوراو)/ **مصدر منفی: نمالیدن** (نەساوین)

**مالیه** / mālîy(y)e/: [عربی]/*اسم. [قدیمی]* دارایی؛ ناوی پێشووی مەرزینگەی دەولەتی سەندنی پیتاک.

**مام** / mām/: *اسم. [ادبی]* دایک؛ داک؛ دایە؛ دالک؛ ئەدا.

**ماما** / māmā/: *اسم.* ۱. ـها/ ماما؛ مامان؛ مامانە؛ پیرک؛ ماهو؛ ناوک‌بڕ؛ ژنێ کە لە زاندا ئاریکاری دایک دەکا ۲. دایکە؛ دایا؛ دادە؛ ناوێک بۆ دایک ‹ماما گرسنه‌ام، چیزی بده بخورم: دایکە برسیمە،

شتێکم بدەیە بخۆم›.

**مامائی** / ☜ /māmā'î/ **مامایی**

**مامان**[1] / māmān/: /سم. [گفتاری] دایک؛ داک؛ دالک؛ دایە؛ ئەدا؛ ئۆدا ‹مامانم منتظر است: دایکم چاوەڕوانە›.

**مامان**[2]: صفت. [گفتاری] ژیکەلە؛ ژیکەلانە؛ زۆر جوان و خۆشەویست ‹بچەی مامان: منداڵی ژیکەلە›: **مامانی**

**مامانی** / māmānî/ ☜ **مامان**[2]

**مامایی** / māmāyî/: /سم. مامۆنی؛ مامانی؛ مامایی؛ پیرکی: ۱. لقێک لە زانستی بژیشکی کە دەپەرژێتە سەر زگ و زا و پێش و پاشیەوە ۲. کار و پیشەی ماما * **مامائی**

**مامشهر** / māmšahr ، ـها/: /سم. دایکەشار؛ شاری گەورەی ناوەندی پارێزگا یان وڵاتێک.

**مأمن** / ma'man ، ـها/: [عربی]/سم. [ادبی] دالدە؛ پەناگا؛ هێور ‹ئنجا مأمن دزدان شده بود: ئەوێ ببووە دالدەی دزان›.

**ماموت** / māmût ، ـها/: [فرانسوی]/سم. ماموت؛ ئەو فیلانە لە سەرەتای دەورانی چوارەمی زەوی‌ناسیدا ژیاون و لەشی زۆر گەورە و تووکن و عاجی درێژ و پێچراویان هەبووە.

**مأمور** / ma'mûr ، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی]/سم. ڕاسپاردە؛ ڕاسپارە؛ ڕاسپێراو؛ کارگێڕ؛ کاربگێڕ: ۱. فەرمانبەر؛ کاربەدەستی بەرەژێری دەولەت ‹مأمور دولت: کارگیری دەولەت› ۲. ئەندامی هێزی چەکداری ۳. [مجازی] ئەوەی بە دزیەوە بۆ شوێنێ کار دەکا ‹مأمور ساواک: ڕاسپاردەی ساواک›.

▣ **مأمور انتظامی**: ئەندامی هێزی چەکداری بۆ پاراستن و بەڕێوەچوونی قانوون و دامەزرانی هێمنی.

**مأمور پُست**: پۆستچی؛ پۆستەچی؛ ڕاسپاردەی پۆست بۆ گەیاندنی بەستەی پۆستی بە شوێنی خۆی.

**مأمور تأمینات**: [قدیمی] زختی؛ پیاوی دارۆغە: **مأمور شهربانی**

**مأمور شهربانی** ☜ **مأمور تأمینات**

▣ **مأمور بودن**: ڕاسپاردە بوون. هەروەها: **مأمور شدن؛ مأمور کردن**

**مأموریت** / ma'mûrîyyat ، ـها/: [عربی]/سم. ڕاسپاردەیی؛ ڕاسپارەتی؛ ئەو کارەی لە سەرەوە بە کەسێک سپێردراوە. هەروەها: **ماموریت دادن؛ ماموریت گرفتن**

**مأموم** / ma'mûm ، ـان/: [عربی]/سم. ئەوەی دەکەوێتە شوێن ئیمام یان پێشەوایەک.

**مامیران** / māmîrān ، ـها/: /سم. مامیران؛ پەنجەدال؛ گوڵەئاران؛ ئالفە گیایەکی پایایە بە گەڵای سەوزی کاڵ، گوڵی زەردی هێشوویی چەترئاسا و میوەی باریک و درێژەوە کە هەموو ئەندامانی شیلەیەکی نارنجی ژەهراوییان هەیە.

**مامیزه** / māmîze/: /سم. مارەزا؛ مارزا؛ پیسی زارۆ لە سەرەتای لە دایک بوونیدا.

**مان** / mān/: [؟]/سم. جەوی؛ جیوە؛ جەوگ؛ هەنگوژە؛ هەنگووژە؛ بەرەژە؛ گەرجن؛ زەمق؛ شیلەی دار و گیا کە لە شوێنی قەڵەشان و پێوەدانی جڕ و جانەوەرەوە دەدەلێت ‹وەک ترنجەبین و گەزۆ›.

**ـ مان**[1] / mān/: ضمیر. ـ مان: ۱. ـ ما؛ جێناوی لکاوی خاوەندی بۆ یەکەم کەسی کۆ ‹دستمان؛ پایمان: دەستمان؛ لاقمان› ۲. ـ ین؛ ـ مێ؛ جێناوی لکاوی بەرکاری بۆ یەکەم کەسی کۆ ‹خوردمان؛ بردمان: خواردینی؛ بردینی›.

**ـ مان**[2]: پسوند. ـ مان: ۱. شوێنی بوونی شتێک ‹دودمان: نیشتمان› ۲. بۆ دەربڕینی حالەتێک ‹شادمان؛ پشیمان: شادمان؛ پەشیمان›.

**مانا** / mānā/: صفت. بەردەوام؛ پایار؛ ڕاوەستاو؛ خۆڕاگر.

**مانتو** / mānto ، ـها/: [فرانسوی]/سم. مانتۆ؛ کراس یان کەوای زۆرتر فش و فۆل و درێژی ژنانە کە

به سەر جلەوە لە بەری دەکەن.

**مانتوسرا** / māntosarā ، ـها/: [فرانسوی/ فارسی] /سم. مانتۆفرۆشی؛ فرۆشگای مانتۆ.

**مانتول** / māntol /: [؟]/سم. [شیمی] مانتۆل؛ ئەلکولی نێو زۆربەی ڕۆنە بۆندارەکان کە لە عەترسازی و شیرینیپەزی و هەروەها بۆ دەرمان، وەکوو سرکەر و دژی ئیسپاسم بە کار دەچێ.

**ماند** / mānd /:/سم. [فیزیک] بەردەوامی؛ تایبەتمەندیەک لە ماکدا کە تا هێزێکی دەرەکی کاری لێ نەکا، یەکجۆر و بێگۆڕان لە جم یان نەجمی خۆیدا دەمێنێتەوە: **لختی**

**مانداب** / māndāb ، ـها/:/سم. گەنکاو؛ پەنگاو؛ مەنداو؛ مەنداڤ؛ پەنگاڤ: ۱. گۆلە ئاوێ کە لە یەک جێگادا ماوەتەوە و گەنیوە ۲. شوێنی کۆ بوونەوەی ئەو ئاوە.

**ماندارن** / māndāran /: [چینی]/سم. ماندارەن؛ ماندارین؛ زمانی یەکگرتوو و باوی چین.

**ماندایی** / māndāyî/ ☜ **مَندایی**

**ماندگار**[1] / mand(e)gār /:/سم. جێگیر؛ جێگر؛ ئەوەی لە ولاتێک بێجگە زێدی خۆی ژیان دەداتە سەر، بەتایبەت کەسێ کە لە دەورانی ولاتگریدا بەرەو ولاتێکی تازە دەست بە سەردا گیراو کۆچ و باری دەکرد و لەوێ دەمایەوە.

**ماندگار**[2]: *صفت.* ماندگار: ۱. مەندۆخ؛ بەردەوام؛ بمێن؛ بە تەمەن و شیاوی مانەوە ‹کتاب ماندگار: کتێبی مەندۆخ› ۲. بەن؛ بەنگ؛ بەند ‹اینجا ماندگار نشد: لێرە بەن نەبوو›.

**ماندگاری** / mand(e)gārî /:/سم. مەندۆخی؛ بمێنی؛ پایەداری؛ بەردەوامی؛ ئەلکردی؛ چۆنیەتی مانەوە و نیشتەجێ بوون.

**ماندگی** / māndegî /:/سم. ۱. پەزێرەیی؛ شەومەنەیی؛ دۆخ و چۆنیەتی مانەوە ۲. ماندوویی؛ ماندوویەتی؛ مانگی؛ مانیاگی؛ مانیایی؛ مانەکی؛ ماندوێتی؛ کەشەنگی؛ لە جم‌وجوول کەوتوویی بە هۆی ماندوو بوونی زۆرەوە.

**ماندن** / mandan /: *مصدر لازم.* // **ماندی**: مای؛ **می‌مانی**: دەمێنی؛ **بمان**: بمێنە// ۱. مان؛ ماین؛ مانەوە؛ مەنن؛ مەنەی؛ مەنای؛ دریژە دان بەوەی وا هەیە ‹زنده ماندن: زیندوو مان› ۲. مانەوە؛ مەنن؛ ئەوەمەنەی؛ مەنایوە ‹در جایی ماندن: لە شوێنێک مانەوە› ۳. مانەوە؛ مەنایوە؛ هیچ ئاڵوگۆڕێک بە سەردا نەهاتن ‹همه‌چیز سر جایش مانده است: هەموو شتێ لە جێگای خۆیدا ماوەتەوە› ٤. *[گفتاری]* لە پا کەوتن؛ وێسان؛ مانگ بوون؛ مانیەی؛ مانیای ٥. *[گفتاری]* مانەوە؛ دامان؛ تێمان؛ ئەوەمەنەی؛ مەنایوە ‹ماندم چه بگویم: مامەوە چی بێژم› ٦. *[ادبی]* لێ چوون؛ شێوە دان؛ مانەی؛ مینستن ‹مثل گلی می‌ماند که تازه شکفته باشد: لە گوڵێ دەچێ تازە پشکووتبێ›.

■ **صفت مفعولی: مانده** (ماو)/ **مصدر منفی: نَماندن** (نەمان)

**ماندنی**/ māndanî/: *صفت.* مەندۆخ: ۱. بەدەوام؛ پایەدار؛ پایار ۲. بەکەڵک و لەبار بۆ مانەوە ۳. نیشتەجێ؛ دانیشتوو؛ جێگر؛ جێگیر ‹در آنجا ماندنی شدیم: لەوێ نیشتەجێ بووین›.

**ماندولین** / māndolîn ، ـها/: [فرانسوی]/سم. ماندولین؛ ئامرازێکی موسیقا، کاسەی وەک دیوان و دەستەی وەک عوود بە چوار جووت سیمەوە.

**مانده**[1] / mānde ، ـها/:/سم. ۱. ماوە؛ ماو؛ ماگ؛ باقی ‹شش تایش را فروخته‌ایم، مانده چهار عدد: شەشیمان فرۆشتووە، ماوەی چوار دانەیە› ۲. پاشماوە؛ بەرماو؛ پەسمەنە ‹مانده‌اش را دور بریز!: پاشماوەکەی بڕێژە!›.

**مانده**[2]: *صفت.* ۱. ماندوو؛ مانوو؛ مانی؛ ماندی؛ مانیا؛ مانگ؛ مانیاگ؛ ماندگ؛ ماندک؛ شەکەت؛ کەشەنگ ۲. ماوە؛ کۆنە؛ شەومەنە؛ شەومەندە؛ شەوەسار؛ شەوەسارە؛ ئەوەمەنێ؛ پەزێرە؛

www.perawipepwle.com


ئەوەمەنە ‹خوب نیست غذای مانده جلوی مهمان بگذاریم: جوان نیە چێشتی ماوە بۆ میوان دانین›.

**ماندینگو** / māndîngo /: [؟]/سم. ماندینگۆ: ۱. هۆزی ڕەش‌پێستی ڕۆژئاوای ئەفریقا ۲. /ها/ هەرکام لە خەلکی ئەو هۆزە ۳. زمانی ئەو هۆزە.

**مانستن** / mānestan /: مصدر. *لازم. [ادبی]* // **مانستی**: مینستی؛ **مەمانی**: مانای / / مینسن؛ مانسن؛ وێچوون؛ شوبهین؛ لێ‌کردن؛ (لێ)چوون؛ مانەی؛ شیەیەوە ونەی؛ وێنەی شتێک بوون ‹فرشی داشتم بیشتر به جُل می‌مانست: یەی فەرشی داشتم مینستە جل‌شال›.

**مانع**[1] / 'māne ، ـها؛ موانع/: [عربی]/سم. کۆسپ؛ لەمپەر؛ بەرگر؛ تەگەرە؛ بەست؛ قۆرت؛ بەرلێ‌گر؛ ڕاگر؛ پێشگر؛ چەت؛ بەرهەڵست؛ گێڕەوە؛ گەپل؛ دارەست؛ ئەوەی بەر بە کار یان ڕووداوێک دەگرێ ‹سعی کن مانع را از سر راهش برداری: هەوڵ بدە کوسپی لە سەر ڕێ لابەری›.

**مانع**[2]: *صفت.* بەرگر؛ پێشگر؛ قۆرت؛ بەرهەڵست ‹مانع کار چیست؟: بەرگری کار چیە؟›.

▣ **مانع بودن**: بەرگر بوون؛ لەمپەر بوون؛ ڕاگر/ بەرهەڵست بوون؛ نەهێشتن؛ ناسەی ‹سرمای هوا مانع بود: سەردی کەش بەرگر بوو›.

**مانع تراشیدن**: کۆسپ/ ڕێخ/ نۆک تێخستن؛ کوچک خستنە سەر ڕێ؛ لەمپەر دروست کردن بۆ کەسێک بەشکوو بە مەبەستی نەگا.

**مانع شدن**: بەرگرتن؛ بەرگری‌کردن؛ گلەوداین؛ ڕێ لێ گرتن ‹دربان مانع شد، نگذاشت تو بروم: دەرکەوانەکە بەری گرتم، نەیهێشت بچمە ژوورەوە›.

**مانعة‌الجمع** / 'māne'atolcam /: [عربی] *صفت.* دژکۆ؛ دژ و ناجۆر لە کۆ بوونەوەدا ‹بزدلی با شجاعت مانعەالجمع است: ترسەنۆکی و ئازایەتی دژکۆن›.

**مانک** / mānak /:/سم. جێگایەکی گرۆڤەر بۆ کایە و هەڵتیقانی زارۆ تێدا: **پارک بچه**

**مانکن** / mānkan ، ـها/: [فرانسوی]/سم. مانکەن: ۱. ئەو کەسە جل‌وبەرگی نوێ و تازەباو لە بەر دەکا و بە کرپارانی پیشان دەدا ۲. پەیکەرێک لە مرۆڤ بۆ ڕانانی جل‌وبەرگی نوێ و تازەباو ۳. پەیکەرێک لە مرۆ بۆ ڕاهێنانی وەرزشی و فێر کردنی وەرزشوانان.

**مانگانین** / māngānîn /: [؟]/سم. مانگانین؛ ئالیاژی مەنگنیز و مس.

**مانگرو** / māngro /: [؟]/سم. مانگرۆ؛ دارێکی بەرز و باریکی لێڕەواڕە، چێوێکی ڕەش و پتەوی هەیە بۆ پیشەسازی بە کار دێ.

**مانند**[1] / mānand /:/سم. هاومال؛ هاوتا؛ وێنە؛ مانەن؛ هاوچەشن؛ هەڤری؛ نۆلانی ‹او در شکار مانند ندارد: لە ڕاودا هاومالی نیە›: **مثل**

**ـ مانند**[2]: *پیوژە.* ـ ئاسا؛ ـ وێنە؛ شێوە ـ ؛ ـ شێوە؛ وێنە ـ ؛ ـ ین؛ ـ ینە؛ ـ گوێن؛ ـ نیشە؛ ـ پەکە؛ ـکوێن؛ ـ بار؛ ـ ئاسایی؛ ـ مانەن؛ ـ گۆر؛ ـ فەن ‹شیرمانند؛ فرشته‌مانند: شێرئاسا؛ پەری‌وێنە›.

**مانند** / mānande /: *حرف.* وەک؛ وەکوو؛ وەکا؛ عەین؛ عەینی؛ عەینوو؛ وێنەی؛ شێوەی؛ گوێن؛ لە گوێن؛ نۆلا؛ نۆتل؛ وەکی؛ هەزەی؛ تای؛ تاو؛ چون؛ چەشنی؛ لە چەشنی؛ لە تەرزی؛ هەردە؛ ڕەنگی؛ تەراز؛ شب؛ شبی؛ شتی؛ گۆر؛ گۆرەبا؛ پێسەو؛ هۆسا؛ ئاسای؛ مسلاس؛ داکینو؛ واکینۆ؛ وەچکوو؛ وەکوونێ؛ چما؛ چمان؛ هۆلێ؛ هۆسە؛ نال؛ مینا؛ گوهارتۆ ‹مانند شیر؛ مانند آتش؛ مانند گُل: وەک شێر؛ چەشنی ئاور؛ چما گول›.

**مانندگی** / mānandegî /:/سم. هاوچەشنی؛ هاووێنەیی؛ هاوشێوەیی؛ وێکچوویی؛ مینا‌کی؛ لێکچوویی؛ دۆخ و چۆنیەتی وەک یەک بوون.

**مانور** / mānovr ، ـها/: [فرانسوی]/سم. مانۆڕ: ۱. کار و ڕەوتی خۆ ڕاهێنانی هێزە چەکداریەکان بۆ شەڕ ۲. چالاکیەکی چەکداری بۆ گۆڕانی بار و دۆخی گۆڕەپانی شەڕ ۳. خۆ نواندن و خۆ گۆڕانێکی فێڵەبازانە.

▣ **مانور دادن**: مانۆڕ دان؛ بەڕێوە بردنی مانۆڕ.

**مأنوس** / ma'nûs/: [عربی] *صفت.* لسکە؛ هۆگر؛ ئۆگر؛ هۆکارە؛ ستون؛ متون؛ فێرەک؛ لۆس؛ متۆ؛ بان؛ خووپێ‌گرتوو.

▣ **مأنوس شدن**: هۆگر بوون؛ خووگرتن؛ لۆس بوون ‹آنها با هم مأنوس شده بودند: ئەوان هۆگری یەک ببوون›.

**مانومتر** / mānometr ، ـها/: [فرانسوی]/سم. تەوژم‌پێو؛ گوشارپێو؛ ئامرازی پێوانی گوشار (هی کەش یان هەلم و ...).

**مانوی**[1] / mānavî ، ـها؛ ـان/: [عربی]/سم. مانەوەی؛ شوێنکەوتووی دینی مانی پێغەمبەری ئێرانی (۲۱۵ـ ۲۷٦ زایینی).

**مانوی**[2]: *صفت.* مانەوی؛ پێوەندیدار یان سەر بە مانی ‹کتاب مانوی: کتێبی مانەوەی›.

**مانیا** / mānyā/: [؟]/سم. *[روان‌شناسی]* شەیدایی؛ خولیایی؛ شێتی؛ مانیاکی؛ لێوەیی.

**مانیاک** / mānyāk/: [؟] *صفت. [روان‌شناسی]* شەیدا؛ شێت؛ مانیاق؛ مانیاک؛ لێوە؛ دین.

**مانیتیسم** / mānyetîsm/: [فرانسوی]/سم. مانیتیسم: ۱. تاقمێک لە دیاردەگەلی فیزیکی کە بۆ خۆیان بەرچاو نین و کاردانەوەکەیان دیارە، وەک ئاسن بەرەو خۆکێشان لە ئاسنکێشدا ۲. زانستی دیاردەگەلی میگناتیسی.

**مانیفست** / mānîfest ، ـها/: [فرانسوی]/سم. ئاگادارینامە؛ ئاگادارنامە؛ پەرتووکی ڕاگەیاندن؛ نووسراوەیەک لە لایەن پارت، تاقم یان کۆمەڵێکەوە، نوێنەری بیر و بۆچوون و بڕوایان.

**مانیکور** / mānîkûr/: [فرانسوی] /سم. لاک ناخن ☜ **لاک ـ۳**

**مانیکوریست** / mānîkûrîst ، ـها/: [فرانسوی]/سم. کەسێ کە ناخوون دەڕازێنێتەوە.

**مأوا** / ma'vā ، ـها/: [عربی]/سم. *[ادبی]* ۱. نشینگا؛ نشینگە؛ جێگای مانەوە ۲. پەناگا؛ هێور؛ دالدە.

▣ **مأوا کردن/ گزیدن**: نیشتەجێ بوون؛ نیشتن؛ ئاکنجی بوون؛ هێورین.

**ماورا** / māvarā/: [عربی]/سم. ژوور؛ سەر؛ ئەوپەڕ؛ ئەوی لە سەروو یان ئەو سەری شوێنێ یان شتێکەوەیە.

**ماورای** / māvarāye/: [عربی] *حرف.* ۱. ژووری؛ ژوورەوەی؛ سەری؛ بان‌تر لە؛ سەرتر لە ۲. ئەوپەڕی؛ ئەوسەری.

▣ **ماورای بنفش** ☜ **فرابنفش**

**ماورای طبیعی**: ژووڕە سروشتی: ۱. سەر بەو بوونەوەرانەی لە سروشتدا دەست ناکەون (وەک فریشتە، ڕۆح، جن) ۲. دەر لە دەڤەری کاریگەری قانوونی سروشت.

**ماوس** / māows, māo:s ، ـها/: [انگلیسی]/سم. مشکە؛ مشکەلە؛ مەوس؛ ماوس؛ کەرستەیەکی دەستی بۆ بزواندنی نیشاندەر لە سەر شاشەی کەمپیوتەر: **موشواره**

**ماوقع** / 'māvaqa/: [عربی]/سم. ڕووداوە؛ ڕووداو؛ ڕاستی ڕووداو؛ ئەوەی ڕووی داوە ‹آرام آمد و ماوقع را برایم تعریف کرد: ئارام هات و ڕووداوەکەی بۆم گێڕاوە›.

**ماه** / māh/: [عربی]/سم. مانگ؛ مانگە؛ مۆنگە؛ مۆنگ؛ هاییڤ؛ هەڤی؛ هەوی؛ کاوت؛ مەهـ ؛ هەیوی؛ هەیڤ؛ مات: ۱. تەنێکی ئاسمانی کە لە هەر ۲۹,۵ شەوانەڕۆژدا جارێک لە دەوری زەوین هەڵدەسووڕێ و لە بەر تیشکی تاو دەدرەوشێتەوە ۲. هەر تەنێکی ئاسمانی کە لە دەوری شتێکدا هەڵبسووڕێت ۳. *[مجازی، گفتاری]* شتی زۆر جوان ٤. /ـها/ بەشێ لە دوازدە بەشی سال کە ۲۸ تا ۳۱ شەوانەڕۆژە و لە هەر زبانێکدا ناوێکی هەیە ‹در چه ماهی به دنیا آمده‌ای؟ ئاردیبهشت: لە چ مانگێکدا لە دایک بووی؟ گولان›.

▣ **ماه به ماه**: مانگەومانگ؛ مانگ‌بەمانگ؛ مانگ‌وەمانگ؛ هاشمە؛ ئاشمە؛ مانگانە؛ هەر بە سی ڕۆژ جارێ ‹ماه به ماه اجاره‌اش را می‌گرفت و می‌رفت: مانگەومانگ کرێکەی وەردەگرت و

دەڕۆیشت›.

ماه تمام: بەدر؛ هەلاب؛ هلاب؛ مانگی پڕ؛ مانگێ پەڕە؛ مانگی چواردە؛ مانگێ چواردێ: **ماه شب چهارده**

ماه خورشیدی ☜ **ماه شمسی**

ماه شب چهارده ☜ **ماه تمام**

ماه شمسی: مانگی هەتاوی؛ مانگی ڕۆژی؛ مانگەکانی ساڵی هەتاوی: **ماه خورشیدی**

ماه عسل: ۱. هەوەڵین مانگی پاش زەماوەن ۲. سەفەری ژن و مێرد لەو مانگەدا.

ماه قمری: مانگی کۆچی؛ مەودای نێوان جارێک سووڕانی مانگ لە دەوری زەوی تا سووڕانێکی‌تر.

ماه میلادی: مانگی زایینی؛ هەرکام لە مانگەکانی ساڵی زایینی.

ماه نو: مانگی نۆ/ نوێ؛ مانگی تازە؛ مانگێ تازێ؛ سەرەتای هاتنی مانگ.

▣ ماه درآمدن: هەڵاتنی مانگ؛ مانگ هەڵاتن؛ مانگ دەرهاتن؛ مانگ زیەی/ زیای؛ مانگ کەوتنە دیار.

ماه دیده شدن: مانگ بینران؛ مانگ دیتران؛ مانگ پیویەی ‹دیشب در کویت ماه دیده شد: دوێشەو لە کوەیتدا مانگ بینرا›.

ماه گرفتن: مانگ/ مان گیران؛ هێڤ گرتن؛ گیرانی مانگ؛ مانگگیریەی؛ ڕووداتی دیاردەی مانگ کەوتنە سێوەری زەوی و شاریانەوەی.

**ماها** / māhā/: ضمیر. [گفتاری] ئێمەمانان؛ مەمانان؛ ئێمەگەل؛ ئێمەیەڵ ‹ماها چە حرفی برای گفتن داریم؟: ئێمەمانان چیمان هەیە بۆ گوتن ؟›.

**ماهانه**[1] / māhāne/: صفت. مانگانە؛ مەهانی: ۱. سەر بە یەک مانگ ‹حقوق ماهانه: مووچەی مانگانە› ۲. مەهی؛ سەر بە مانگ ‹نشریەی ماهیانه: بەڵاڤۆکی مانگانە› * **ماهیانه**

**ماهانه**[2]: قید. مانگانە؛ هاشمە؛ ئاشمە؛ لە هەر مانگێکدا ‹ماهانه پانصد هزار تومان اجاره مغازه می‌داد: مانگانە پێنسەد هەزار تمەن کرێ دووکانی دەدا›: **ماهیانه**

**ماهپاره** / māhpāre ، ـها؛ ـگان/: صفت. [مجازی] مانگەشەو؛ مانگەشەوە؛ زۆر جوان وەک مانگ (بۆ ژن و کچ).

**ماهتاب** / māhtāb/ ☜ **مَهتاب**

**ماهر** / māher/: [عربی] صفت. کارامە؛ لێزان؛ زەبەردەست؛ تەڕدەس؛ چازان؛ ماهیر؛ لە کاردەرهاتوو؛ سەرڕاست؛ لە زەبر ‹صنعتگر ماهر: پیشەسازی کارامە›.

**ماهرانه** / māherāne/: [عربی/ فارسی] قید. بە لێزانی؛ لێزانانە؛ بە زانایی؛ بە کارامەیی ‹ماهرانه صدایش را عوض کرد: بە لێزانی دەنگی گۆڕی›.

**ماهرخ** / māhrox ، ـان/: صفت. [مجازی] وەنگمانگ؛ ڕووەمەتمانگ: **ماهرخسار؛ ماهرو؛ ماەسیما؛ ماەمنظر**

▣ **ماهرخ رفتن**: [مجازی] دابەڕزان؛ دابەڕزین؛ دابەڕزاندن؛ داڕسان؛ داڕسکان؛ پەلامار بردن؛ پەلەمار دان؛ هەڵمەت بردن؛ هەڵکوتانە سەر؛ شاتاڵ دان؛ ڕاقوتان؛ گورمژین؛ ملاز بردنەوە و لەپڕ پەلامار دان (بەتایبەت لە ڕاودا).

**ماهرخسار** / māhroxsār/ ☜ **ماهرُخ**

**ماهرو** / māhrû/ ☜ **ماهرُخ**

**ماەسیما** / māhsîmā/: [فارسی/ عربی] ☜ **ماهرُخ**

**ماهک** / māhak/: اسم. بەشی سپی و کەوانەیی بن نینۆک.

**ماه‌گرفتگی** / māhgereftegî ، ـها/: اسم. ۱. ماگیرسە؛ ماگیرس؛ ماگرتە؛ مانگگیران؛ هەیڤغەییرین؛ ڕەوتی سێبەری زەوی کەوتنە سەر مانگ ۲. پەڵەی سووری لە سەر پێست (بەتایبەت دەم و چاو) کە بە هۆی گەشەکردنی زۆری وردەڕەگی ئەو جێگەوە بەدی دێ.

**ماەمنظر** / māhmanzar/: [فارسی/ عربی] ☜ **ماهرُخ**

**ماهنامه** / māhnāme ، ـها/: /سم. مانگنامه؛ بەلاڤۆک، بەتایبەت گۆڤاریێ کە مانگێ جاریێ دەردەچێ.

**ماهواره** / māhvāre ، ـها/: /سم. ماهواره؛ ساتەلایت؛ کەرستە یان دەزگایێ کە لە خولگەی تەنێکی ئاسمانیدا دەگەڕێ.

▣ **ماهواره‌ی مخابراتی**: ساتەلایتێک بۆ هەناردن و وەرگرتنی دەنگ و ڕەنگ لە ڕێگەی دوورەوە.

**ماهوت** / māhût/: [هندی]/سم. ماوت؛ ماهووت؛ پارچەیێکی فاسۆنی کولکنە دەکرێتە کەوا و پاتۆل و کۆت و شەلوار.

**ماهوت‌پاک‌کن** / māhûtpak.kon ، ـها/: [هندی/ فارسی]/سم. ماوت‌سڕ؛ برۆسێک بۆ لێکردنەوە و سڕینی تەپ و تۆزی سەر قوماش.

**ماهوتی**[1] / māhûtî/: [هندی] ☜ **خَرگوشَک**

**ماهوتی**[2]: صفت. ماوتی؛ ماهووتی: ۱. وەک ماهووت ۲. لە جنسی ماوت.

**ماهور** / māhûr/: /سم. ماهوور: ۱. /ـها/ زورکان؛ زووڕکان؛ زووران؛ زورگە؛ هەڵەت؛ گەد؛ زوور؛ زوورک؛ زوورگ؛ هەرد و هەڵەت؛ زرگ و هەڵەت؛ بەرز و نزمی پاڵداوێنی کێو ۲. یەکێ لە حەوت دەزگای مۆسیقای ئێرانی.

**ماهون** / māhûn/ ☜ **آکاژو**

**ـ ماهه**/ māhe/: پیواژه. ـمانگە؛ ـمانگان؛ ـمانگ: ۱. سەر بە ژمارەی مانگەکان ‹یک‌ماهە؛ دەماهە: یەک‌مانگە؛ دەمانگە› ۲. بە تەمەن بە گوێرەی مانگ ‹بچەی چهارماهه: منداڵی چوارمانگان›.

**ماهوی** / māhovî/: [عربی] صفت. پێوەندیدار و سەر بە چیەتی.

**ماهی** / māhî/: /سم. ماسی؛ ماهی: ۱. /نجوم/ وێنەیەکی گەورەی گەردوونی نادیارە: **حوت** ۲. /ـها؛ ـان/ مۆسە؛ ماساو؛ ماسا؛ ماساوی؛ ماسۆ؛ مای؛ مایی؛ ماسول؛ دەستەیەک لە گیاندارانی ئاوژی.

▣ **ماهی آزاد** ☜ **آزادماهی**

**ماهی برقی** ☜ **برق‌ماهی**

**ماهی پهن**: پانکە؛ ماسیەپانکە؛ جۆرێک ماسی پانکەڵەی خڕ کە ماسی‌تر دەخوا: **کَفشَک ماهی**

**ماهی تُن** ☜ **تُن‌ـ۳**

**ماهی حلوا** ☜ **حلواماهی**

**ماهی حوض**: ماسی تۆنگ؛ ماسی حەوز؛ ماسییێکی ئێستقانی لە تیرەی کەپوور بە درێژی ۲۰ سانت و کەمتر، بە ڕەنگی سوور، تەلایی و بڕێجار سپی.

**ماهی خاردار**: ماسی درکاوی؛ ماسیەکی تایبەتی ناوچەی گەرمیان، خاوەن باڵی درکدار و بچووک کە دەتوانێ لەشی پف بدا و وەک تۆپی لێ بکا: **خارپشت‌ماهی**

**ماهی خاردار زرد** ☜ **سوف‌ماهی**

**ماهی خاویار**: ماسی خاویار؛ دەستەیەک ماسی بریتی لە ئوزون برۆن، تاس‌ماسی و فیل‌ماسی کە گەراکەیان خاویارە و دەخورێ.

**ماهی دودی**: ماسی سپی کە خوێی پێوە دەکەن و قانگی دەدەن، ماوەیەکی زۆرتر دەمێنێتەوە و خراپ نابێ.

**ماهی سفید**: ماسی سپی؛ جۆرێک ماسی ئێستقانی زەریای خەزەر لە دەستەی کەپوو کە گۆشتەکەی زۆری خوازیار هەیە.

**ماهی سنگر** ☜ **سَنگسَر**

**ماهی سوف** ☜ **سوف‌ماهی**

**ماهی سیم** ☜ **سیم‌ـ۴**

**ماهی شوریده** ☜ **شوریده**[1]

**ماهی شیر** ☜ **شیرماهی**

**ماهی قباد** ☜ **قُباد**

**ماهی قزل‌آلا** ☜ **قزل‌آلا**

**ماهی کپور** ☜ **کَپور**

**ماهی کفال** ☜ **کَفال**

**ماهی کوسه** ☜ **کوسه ـ۱**

**ماهی** / māhî/: *قید.* مانگێ؛ مانگێک؛ مانگێوە؛ مانگیە؛ هەر مانگ: ۱. مانگانە؛ لە هەر مانگدا ‹ماهی هزار تومان می‌گرفت: مانگی هەزار تمەنی دەگرت› ۲. لە نێو مانگدا؛ لە مانگدا ‹ماهی پنج روز استراحت می‌کرد: مانگی پێنج ڕۆژ دەحەسایەوە›.

**ماهیانه** / māhiyāne/ ☜ **ماهانه**

**ماهی‌بوف** / māhîbûf ، ـها/: *اسم.* کوندەڕۆمان؛ کوندی ماسی‌خۆرە؛ جۆرێک کوندی زلی سەر وەک پشیلەیە، ماسی و قرژاڵ و پەلەوەر و جڕ و جانەوەری بچووک دەخوا.

**ماهیت** / māhîyyat ، ـها/: [عربی]/*اسم.* چیەتی؛ سەرجەمی ئەو تایبەتمەندیانە شتێک دەناسێنێ و دەری‌دەخا کە چیە.

**ماهیتابه** / māhîtābe ، ـها/: *اسم.* ماوڕێژ؛ تاوە؛ تابە؛ تاوێک؛ ئاخلیڤینک؛ ڕمبێژ؛ ڕوون‌بێژ؛ ڕوون‌پێژ؛ موریژ؛ ڕمپێشک؛ کەرسوون؛ کەرسون؛ ناوسنگانە؛ ناولنگان؛ ئاخلەوێک؛ ئاغلەوێک؛ مەنجەلووکەی پەل بۆ تێدا سوورکردنەوە: **تابه؛ تاوه**

**ماهیچه** / māhîče ، ـها/: *اسم.* ماسوولکە؛ ماسووله؛ ماسۆڵە؛ ماسیلکە؛ ماسلکە؛ مالوسکە؛ مایچە؛ وەرسە؛ وەرسەلە؛ گردک؛ زەڤلەک: ۱. جۆرێک شانەی لەشی گیانداران کە ئەندامان دەبزوێنێ ۲. *[متالورژی]* بەشێک لە قالب لە زیخ و جەوگ کە لە داڕشتندا جێگا هلۆلەکان پڕ دەکاتەوە و دوایی لا دەبرێ.

▣ **ماهیچه‌ی ارادی** ☜ **ماهیچه‌ی مخطط**

**ماهیچه‌ی صاف:** ماسووڵەی ساف؛ چەشنێک ماسوولکە بە خانەی زل و درێژی وەک تەشیەوە کە هێواش و خۆمەش کرژ دەبنەوە، وەک ماهیچەی دەوری ورگ: **ماهیچه‌ی غیرارادی**

**ماهیچه‌ی غیرارادی** ☜ **ماهیچه‌ی صاف**

**ماهیچه‌ی مخطط:** ماسووڵەی ڕێ-ڕێ؛ چەشنێ ماسووڵە بە خانەی زل و درێژەوە کە زۆرتر لە یەک ناوکیان هەیە و خێرا و لە سەر ویست کرژ دەبنەوە، وەک ماسوولکەی ڕان: **ماهیچه‌ی ارادی**

**ماهیچه‌ای** / māhîče'î/: *صفت.* ماسوولکەیی؛ ماسووڵەیی؛ زەڤلەکی؛ سەر بە ماسووڵە ‹بافت ماهیچه‌ای: شانەی ماسووڵەیی›.

**ماهیچه‌نگار** / māhîčenegār ، ـها/: *اسم. [پزشکی]* کەرستەیەک بۆ تۆمارکردنی ڕادەی هێز و خێرایی کرژ بوونەوەی ماسووڵە: **میوگراف**

**ماهیخوار** / māhîxār/ ☜ مرغ ماهیخوار، **مرغ**

**ماهی‌خور** / māhîxor ، ـها/: *اسم.* ماسی‌خۆرە؛ شاهۆ؛ شاوە؛ شاڤ؛ ناوی چەن جۆر باڵندەیە کە لە قەراخی ئاودا دەژین.

**ماهی‌سرا** / māhîsarā ، ـها/: *اسم.* ۱. دامەزراوەی ڕاگرتن و بەخێوکردنی ماسی ۲. شوێنی ڕاگرتنی ماسی بۆ سەیر و لێکۆڵینەوە.

**ماهیگیر** / māhîgîr ، ـها؛ ـان/: *اسم.* ماسی‌گر؛ ماساوگیر؛ ماسیەوان؛ کەسێ کە ڕاوە ماسی دەکا.

**ماهی‌گیری** / māhîgîrî/: *اسم.* ڕاوەماسی؛ ماسی‌ڕاو؛ ماسی‌گری؛ کار و ڕەوتی ماسی گرتن.

**مایا** / māyā/: *اسم.* مایا: ۱. هۆزی سوورپێستی زاگەبەری ئەمریکاری ناوەندی ۲. /ـها/ خەڵکی ئەو هۆزە ۳. زمانی ئەو هۆزە.

**مایحتاج** / māyahtāc/: [عربی]/*اسم.* پێداویستی؛ پێویستی؛ ئاتاجی؛ نیاز ‹برای خرید مایحتاج مهمانی پول لازم دارم: بۆ کڕینی پێداویستەکانی میوانی پارەم پێویستە›.

**مایع**[1] / māye'/ ، ـها؛ ـات/: [عربی]/*اسم.* تەوش؛ تراو؛ شل؛ شلە: ۱. یەکێک لە دۆخەکانی ماک کە وردیلەکانی لە سەر یەک دەخزێن بەڵام لێک جیا نابنەوە، بیچمی دەفرەکەی دەگرێ و لە تین و تەوژمێکی تایبەتدا دێتە کوڵ ۲. *[پزشکی]* هەر یەکە لەو تێکەڵاوانەی لەشی گیاندار کە ڕەوانە (وەک خوێن، میز و...).

www.perawipepwle.com



**▣ مایع آمنیوتیک:** *[فیزیولۆژی]* سەراڤ؛ سەراڤک؛ سەراو؛ تراوێکی خەستە لەگەڵ بوونی منداڵدا لە زگی دایکەوە دێتە دەر.

**مایع صافی:** تراوی پالاوتە؛ تراوی پاش پاڵفتن کە بێخەوشە.

**مایع ظرفشویی:** تراوێکی خەستی چلک‌سڕە، چێشت و چەوری سەر دەفری پێ خاوێن دەکەنەوە.

**مایع**[۲]: *صفت.* تراو؛ تەوش؛ ئاوەکی؛ ئاوئاسا.

**مایع‌سنج** / māye'sanc ، ـها/: [عربی/ فارسی]/*سم.* ئاوپێو؛ تراوپێو؛ کەرستەی پێوانی ڕادەی قورسی تراو لە سانتی‌میتڕێکی چوارپاڵوودا.

**مایکروویو** / māykroveyv/: [انگلیسی]/*سم.* مایکرۆوەیڤ؛ مەیکرۆوەیڤ: ۱. دریژایی شەپۆلی نێوان یەک تا سی میلی‌میتر: **کهموج** ۲. کەرەسەیەک بۆ خێرا گەرمکردنی خۆراک بە هۆی پێلی مایکرۆوەیڤەوە * **ماکروویو؛ میکروویو**

**مایل** / māyel/: [عربی] *صفت.* ۱. خوازیار؛ مایل؛ هۆگر؛ داخواز ‹مایل بودم تو را ببینم: خوازیار بووم بتبینم› ۲. لار؛ خوار؛ گێڕ؛ تێل؛ تیل؛ چەوت؛ هێڵی ئاسۆیی ‹خط مایل: هێڵی لار›.

**مایل** / māyl/: [انگلیسی] ☜ **میل-۴**

**مای‌مرز** / māymarz ، ـها/: *سم.* ڕەزلەگاوانە؛ مایەسیرە؛ دەوەنێکی کوڵی دوولاقە بە گەلای وردی بۆنخۆشەوە کە بەرێکی گچکەی ئاوی دەگرێ، هەر کام چوار تا شەش دانە تۆمی خرووکەی ڕەشی تێدا.

**مایملک** / māyamlak ، ـها/: [عربی]/*سم.* هەموو دارایی؛ مال و سامان؛ دار و نەدار ‹مایملک او را مصادره کردند و خودش هم فرار کرد: هەموو داراییەکەیان دەست بە سەردا گرت و خۆیشی هەلات›.

**مایو** / māyo ، ـها/: [فرانسوی]/*سم.* مایۆ؛ جلکی یەک تیکە یان دووتیکەی تەنگ بۆ مەلە.

**مایور** / māyor ، ـها/: [؟]/*سم. [نامتداول]* سەرگورد؛ پلەکێ چەکداری خوارتر لە سەرهەنگ.

**مأیوس** / ma'yûs/: [عربی] *صفت.* دلسارد؛ دلسار؛ ناهومێد؛ ناهمێ؛ بێهێڤی ‹وقتی از او مأیوس شدم به سراغ تو آمدم: کە لەو دلسارد بوومەوە، هاتمە لای تۆ›.

**مأیوسانه** / ma'yûsâne/: [عربی/ فارسی] *قید.* ناهمێیانە؛ دلساردانە؛ بە ناهمێییەوە؛ لە ڕووی ناهومێدی و دڵبەدواییەوە ‹مأیوسانه پیش او رفتم و کمک خواستم: ناهمێیانە چوومە لای و داوای یارمەتیم کرد›.

**مایونز** / māyonez/: [فرانسوی]/*سم.* مایۆنێز؛ جۆرێ سوسی سالاد کە لە خەردەل، هێلکە، ڕۆنی زەیتوون، سرکە و ئارد چێ دەکرێ.

**مایه** / māye/: *سم.* مایە: ۱. هۆ؛ ئەوی شتێ بەدی بێنێ یا ببێتە هۆی شتێ ‹مایەی شادی: هوی شایی› ۲. هەوێن؛ هوین؛ هەڤیان؛ هاڤێن؛ هامێن؛ هیوێن؛ هامیژن؛ ئامیژەن؛ ئامیان؛ هاڤین؛ هاڤەین؛ ئاڤین؛ ماینە؛ چین؛ ماکی سەرەکی یان کاریگەر ‹مایەی پنیر: هەوینی پەنیر› ۳. واکسەن؛ تێکەلاوێک لە ویرووس و باکتری مردوو یان نیوەگیان کە بۆ بەرگری لە نەخۆشی، دەنێو لەشی دەکەن ٤. *[مجازی]* دەسمایە؛ سامان ‹بی مایه نمی‌شود کار کرد: بێ دەسمایە کار ناکرێ› ٥. *[موسیقی]* جۆرێک ڕیزکردنی نوتی مۆسیقا بۆ ئاهەنگێکی تایبەت ٦. *[مجازی]* هێژایی؛ ژێهاتی؛ لێهاتوویی؛ توان؛ توانست ‹آزاد می‌توانست ترقی کند، زیرا مایەی این کار را داشت: ئازاد دەیتوانی سەرکەوێ، بۆ ئەوە هێژایی ئەم کارەی هەبوو›.

**▣ مایه آمدن** ☜ **مایه گرفتن**

**مایه رفتن:** دانان؛ مەیە دان؛ خەرجکردنی پارە بۆ شتێ ‹هزار تومان برایش مایه رفتم تا گذاشت بروم: هەزار تمەنم بۆ دانا تا هێشتی بڕۆم›.

**مایه زدن:** مەیاندن؛ ئامیژەن کردن؛ ئامیان

لێدان.
**مایه گذاشتن:** ۱. خەرج‌کردن؛ دانان ‹مجبور شدم صد هزار تومان مایه بگذارم تا این گواهی را بگیرم: ناچار بووم سەد هەزار تمەن خەرج بکەم تا ئەم بەڵگەنامە وەرگرم› ۲. *[کنایی]* ڕیز و حورمەت گرتن ‹خیلی برای من مایه گذاشت که جریمەام نکرد: زۆر ڕیزی گرتم کە جەریمەی نەکردم›.
**مایه گرفتن:** *[مجازی]* تێچاندن؛ خەنە/ هەڕگ گرتنەوە؛ پیلان گێڕان، قسە بردن و پشتەسەر خراپە گوتن ‹پیش رییس برایش مایه گرفته بودند: لە لای سەرۆکەوە بۆیان تێچاندبوو›: **مایه آمدن از مایه ضرر کردن:** خێر هاتن و مایە بردن؛ خەیر سەری مایه خواردن؛ خەرجی خۆ(ی) دەرنەهێنانەوە ‹اگر به این قیمت بفروشم، از مایه ضرر کرده‌ام: ئەگەر بەم قیمەتە بیفرۆشم خێر هاتووە و مایەی بردووە›.
**مایه دار** / māyedār/: *صفت. [گفتاری]* مایەدار: ۱. تێر؛ خەست و خۆڵ؛ پڕ لە ماکی سەرەکی ۲. دەوڵەمەن؛ مایەوەر؛ پووڵدار؛ دەسمایەدار؛ مایەبۆش ‹پدرش تاجر مایه‌داری بود: بابی تاجرێکی دەوڵەمەن بوو›.
**مایه کاری** / māyekārî/: *قید.* مایەبەش؛ مایەباشی؛ مایەکاری؛ بە نرخی سەندراو، نە زەرەر نە قازانج ‹فروشنده قالی را مایه‌کاری فروخت، چون پول لازم داشت: فرۆشیار قالیەکەی مایەبەش فرۆت، چونکوو پارەی پێویست بوو›.
**مایه کوبی** / māyekûbî/: *اسم.* کوتان؛ پەترمە؛ واکسیناسیون؛ کار و ڕەوتی تیڕۆکردنی ویرووس و باکتری مردوو یان نیوەگیان بۆ ناو لەش بە مەبەستی بەرگری لە نەخۆش کەوتن.
**مباح** / mobāh ، ـها/: [عربی]/*اسم.* ڕەوا؛ کارێ کە نە عەیبە و نە گوناهـ. هەروەها: **مباح بودن؛ مباح دانستن؛ مباح شدن؛ مباح شمردن؛ مباح کردن**
**مباحث** / mobāhes/: [عربی] جمعِ ☜ **مبحث**
**مباحثات** / mobāhesāt/: [عربی] جمعِ ☜ **مباحثه**
**مباحثه** / mobāhese ، ـها؛ مباحثات/: [عربی]/*اسم.* قسەوباس؛ مچلگە؛ لێدوان ‹بارها با هم بر سر برتری شعر هۆزار یا هیمن مباحثه می‌کردند: زۆرجاران لە سەر هەڤیازی شیعری هەژار یان هێمن قسە و باسیان دەکرد›.
**مبادا**[1] / mabādā/: *صفت.* تەنگانە؛ تەنگایی؛ تەنگانی؛ لێقەوماوی؛ تەنگ و چەڵەمە؛ بە دۆخ یان چۆنیەتیەکی نەویستراو و ناحەزەوە ‹روز مبادا: ڕۆژی تەنگانە›.
**مبادا**[2]: *دعا.* نەک؛ نەکا؛ ناکا؛ نەکەی؛ نەوای، نەبادا؛ نەئەمەی؛ نەخۆ؛ نەخای؛ هاگات چنە بۆ؛ نەکوونێ؛ نەکای؛ نەوەک؛ نەوەکوو ‹مبادا در را باز کنی!: نەکا درگاکە بکەیەوە!›.
**مبادرت** / mobāderat/: [عربی]/*اسم.* کار یان ڕەوتی قۆل لێ هەڵماڵین؛ دەس تێوەردان؛ دەست پێکردن؛ دەست کردن. هەروەها: **مبادرت کردن**
**مبادلات** / mobādelāt/: [عربی] جمعِ ☜ **مبادله**
**مبادله** / mobādele ، ـها؛ مبادلات/: [عربی]/*اسم.* کار و ڕەوتی گۆڕینەوە؛ وەگۆڕین؛ دان و سان: ۱. ئاڵوگۆڕ؛ ئاڵووێڕ؛ واروگۆڕ؛ شتێک دان و شتێک وەرگرتن لە باتی ‹مبادله‌ی اسناد: گۆڕینەوەی بەڵگە› ۲. گوتن و بیستنی قسە ‹مبادله‌ی اخبار: دان و سانی قسە و باس› ۳. *[اقتصاد]* پێک گۆڕینەوەی پارەی ولاتێک لەگەڵ پوولی ولاتێکی تردا. هەروەها: **مبادله کردن**
▣ **مبادله‌ی پایاپای:** ڕشت؛ سەربەسەر؛ کاری شت گۆڕینەوەی بێ باقی دانەوە.
**مبادی** / mabādî/: [عربی] جمعِ ☜ **مبدأ**
**مبادی آداب** / mobādî(y)ādāb, mabādî-/: [عربی] *صفت.* گونجاو؛ ڕێکوپێک؛ کردەوە جوان؛ بە کردەوەی هێژا و دەقاودەقی داب و نەریتی

کۆمەڵگاوە.

**مبارز**[1] / mobārez ، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی]/سم. خەباتکار؛ خەباتگێڕ؛ شەڕڤان؛ شەڕکەر ‹امروز دو مبارز دستگیر شدند: ئەمڕۆ دوو خەباتکار قولبەست کران›.

**مبارز**[2]: صفت. خەباتکار؛ خەباتگێڕ؛ خاوەن هۆگری و وازی ململانێ ‹ملت مبارز: گەلی خەباتکار›.

**مبارزات** / mobārezāt/: [عربی] جمعِ ☜ **مبارزه**

**مبارزه** / mobāreze ، ـها؛ مبارزات/: [عربی]/سم. خەبات؛ کێفەرات؛ مەلە؛ ملانە؛ مل بە مەلە؛ مل بە ملێ؛ مەلەملە؛ ململانە؛ ململانێ؛ ملانێ؛ بەربەرەکانێ: ۱. هەوڵ و تێکۆشانی زۆر بۆ گەیشتن بە ئامانجێک ‹مبارزه برای کسب پیروزی: خەبات بۆ سەرکەوتن› ۲. شەڕ و پێکدادان لەگەڵ دژمن یان هاوملەدا بۆ سەرکەوتن ‹مبارزەی ورزشی: ململانەی وەرزشی›.

▣ **مبارزەی انتخاباتی**: ملانەی هەڵبژاردن؛ هەوڵ و تێکۆشانی کاندیداکان پێش لە هەڵبژاردن بۆ ڕاکێشانی ڕا و دەنگی خەڵک یان لایەنگری سیاسی.

**مبارک** / mobārak/: [عربی] صفت. پیرۆز؛ موبارەک؛ مواڕەک؛ ممبارک؛ ماڕەک؛ جەخت؛ فەرخ؛ هەزەخ؛ بەفەڕ ‹روز مبارک: ڕۆژی پیرۆز›.

**مبارکباد** / mobārakbād/: [عربی/ فارسی]/سم. پیرۆزبایی؛ مبارەکبایی؛ مبارەکبادی؛ مواڕەکبادی؛ ممبارکبادی؛ کاری دەربڕینی خۆشحاڵی و شادمانی لە ڕووداوێکی باش.

**مبارکی** / mobārakî/: [عربی]/سم. ودم؛ پیرۆزی؛ یۆم؛ مبارەکی؛ مواڕەکی؛ ممبارەکی.

**مباشر** / mobāšer ، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی]/سم. ۱. گزیر؛ پێشکار؛ بەردەست ۲. کارگێڕ؛ زاوت؛ وێرت؛ قورقوڕبەگ؛ کاربەدەستی ئاغا ۳. بەردەست؛ وەردەس؛ دەستیار؛ یاریدەر؛ خەڵفە؛ ئاریکار.

**مباشرت** / mobāšerat ، ـها/: [عربی]/سم. ۱. گزیری؛ بەردەستی ۲. کارگێڕی؛ قورقوڕبەگی ۳. ئاریکاری؛ هاوکاری؛ هاریکاری؛ هاوقۆڵی ٤. هاوەدەستی؛ هاوقۆڵی.

**مبال** / mabāl ، ـها/: [عربی] *[گفتاری، قدیمی]* ☜ **مستراح**

**مبالات** / mobālāt/: [عربی]/سم. *[ادبی]* وردی؛ سەرنج؛ دۆخی ئاوڕ دانەوە و ورد بوونەوە لە کردەوە و هەڵسوکەوتی خۆ.

**مبالغ** / mabāleq/: [عربی] جمعِ ☜ **مبلغ**

**مبالغات** / mobāleqāt/: [عربی] جمعِ ☜ **مبالغه**

**مبالغه** / mobāleqe ، ـها؛ مبالغات/: [عربی]/سم. زێدەڕۆیی؛ گر؛ بڤ؛ چۆنیەتی گەورەتر و زیاتر لە ڕادەی خۆی نیشان دان و باس لێ کردنی شتێ. هەروەها: **مبالغه بودن؛ مبالغه شدن؛ مبالغه کردن**

**مبانی** / mabānî/: [عربی] جمعِ ☜ **مبنا**

**مباهات** / mobāhāt/: [عربی]/سم. شانازی؛ کار و ڕەوتی نازین؛ سەرفیرازیکردن ‹ما به فرزندان دانا و دلیر خود مباهات می‌کنیم: ئێمە بە ڕۆڵە زانا و ئازاکانمانەوە شانازی دەکەین›.

**مباهی** / mobāhî/: [عربی] صفت. *[ادبی]* سەربە رز؛ سەرفەراز؛ سەربڵند.

**مبایعه** / mobāye'e/: [عربی]/سم. *[حقوق]* دان‌وسان؛ مامەڵە؛ مامڵە؛ سەودا؛ کار و ڕەوتی سەندن و فرۆشتن.

**مبایعه‌نامه** / mobāye'enāme ، ـها/: [عربی/ فارسی]/سم. *[حقوق]* سەودانامە؛ بەڵگەی فرۆشتن و کڕین؛ نووسراوەیێکی ڕەسمی کە فرۆشەر و کڕیار ناونیشانی جنس، کاتی وەرگرتن، نرخ، چۆن دان و وەرگرتن و مەرجەکانیتری تێدا ڕوون دەکەنەوە و لەسەری پێک دێن.

**مبایل** / mobāyl ، ـها/: [انگلیسی]/سم. موبایل؛ تەلەفۆنی بەردەست/ هاوڕێ: **موبایل**

**مباین** / mobāyen/: [عربی] صفت. *[ادبی]* ناتەبا؛

نەساز؛ ناسازگار ‹ایـن عمـل مبـاین اصـل حسـن همجواری است: ئەم کارە لەگەڵ بنەمای هاوسادارید ناتەبایە›.

**مباینت** / mobāyenat ، ـها/: [عربی]/سم. *[ادبی]* ناتەبایی؛ نەسازی؛ ناسازگاری ‹با اصول اعتقادی ما مباینت دارد: دەگەڵ بنەمای بـڕوای ئێمـەدا ناتـەبایی هەیە›.

**مبتـدا** / mobtadā/: [عربـی]/سـم. ۱. *[نامتـداول]* دەسپێک؛ سەرەتا ۲. *[دستوری]* موبتـەدا؛ بەشـێ لە ڕستە کـە لـە پێشـدا دێ و دوایـی ڕسـتەکە هەواڵێکە لە بارەیەوە.

**مبتـدی** / mobtadî ، ـهـا؛ ـان/: [عربـی] صـفت. تازەکار؛ نۆدەس؛ نـۆمس؛ نۆکـار؛ تـازەفێربووگ ‹این کارگر مبتدی است و هنوز نمـی‌شـود روی ماشـین کار کند: ئەم کاریگەرە تازەکارە و هێشتا نابێ لە سەر ماشین کار بکا›.

**مبتـذل** / mobtazal/: [عربـی] صـفت. سـووک؛ چـرووک؛ هـیچ و پـووچ؛ بـەبێ هـیچ تایبەتمەندیـەکی بـاش و بـە کەڵـک و بـەرچاو ‹رفتار مبتذل: ئاکاری سووک›.

**مبتکر** / mobtaker ، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربـی] صـفت. داهێنەر؛ نۆهێن؛ نۆهێنەر ‹آرام صنعتگری مبتکـر و خـلاق اسـت: ئـارام پیشەسـازێکی داهینـەر و خولقێنەرە›.

**مبـتلا** / mobtalā ، ـهـا؛ ـیان/: [عربـی] صـفت. تووشیار؛ دووچار؛ ئالـفتە ‹او هـم بـە بیمـاری سـل مبتلا شـدە بـود: ئـەویش تووشـیاری دەردە باریکـە ببوو›.

**مبتلابـــه** / mobtalābeh/: [عربـــی] صـــفت. دەسەوێخە؛ هۆی دەردیسەر.

**مبتنـــی** / mobtanî/: [عربـی] صـفت. دامـەزراو؛ بنـەڕەتـنراو؛ لـە سـەر شـتێک ڕاگـیراو ‹ایـن نتیجەگیری شما مبتنی بر چە اصلی است؟: ئەم ئاکامەی ئێوە لە سەر چ بنەماییێک دامەزراوە ؟›.

**مبحـث** / mabhas ، ـهـا؛ مباحـث/: [عربـی]/سـم. بابەت؛ مەبەستی باس؛ ئـەوەی باسـی لـە سـەر دەکرێ.

**مبدأ** / 'mabda ، ـها؛ مبادی/: [عربـی]/سم. سـەرەتا؛ دەسپێک.

▣ **مبـدأ تـاریخ**: سـەرەتای مێـژوو؛ دەسـپێکی مێژوو؛ ئەو کاتە کە مێژوو لـەوێوەڕا دەژمێـرن ‹مبـدا تـاریخ مـیلادی، تولـد عیسـی پیـامبر اسـت: سەرەتای میژووی زایینی لە دایک بوونی عیسای پێغەمبەرە›.

**مبـدل** / mobaddal/: [عربـی] صـفت. گـۆڕاو؛ گۆڕدراو ‹لباس مبدل: جلی گۆڕاو›.

▣ **مبدل شدن**: بوون؛ گۆڕدران؛ گۆڕان؛ گۆڕیان؛ کران؛ ئاڵوگۆڕ بە سـەر هـاتن ‹اینـک آنجـا بـه پارک مبدل شده است: ئێستا ئەوێ بووە بە پارک›.

**مبـدل** / mobaddel/: [عربـی]/سـم. ئـاداپتۆر؛ ئامرازی گۆڕانی فۆڵتاژی کارەبا.

**مبذول** / mabzûl/: [عربی] صفت. دانـراو؛ بـەکار چوو؛ تەرخانکراو.

▣ **مبـذول شـدن**: دران؛ نـران؛ کـران؛ بـە کـار چوون؛ تەرخان کران/ دران ‹باید به این منطقـه توجـه زیـادی مبـذول شـود: بـەم ناوچەیـە دەبی سەرنجێکی زۆرتر بدریت›.

**مبـرا** / mobarrā/: [عربـی] صـفت. بـەدوور؛ دوور؛ بەری؛ پاک ‹او از ایـن گنـاهی مبراسـت: لـەم تاوانـە بەدوورە›.

**مبرات** / mabarrāt/: [عربی]/سم. چاکـە؛ خاسـە؛ خاسی؛ کارگەلی چاک.

**مبرد**[1] / mobarred/: [عربـی]/سـم. سـاردکەرەوە: ۱. تراوێک لـە دەزگاگـەلی سـاردکەرەوەدا کـە کاتی هەڵماندن گەرما دەگرێ و لـە دڵـۆپاندندا گەرماکە دەداتەوە ۲. فێنـکـکـەرەوە؛ دەوا یـان خۆراکێ کە لەش فێنک دەکاتەوە.

**مبرد**[2]: *صفت*. ۱. ساردکەرەوە ۲. فێنکـکەرەوە.

**مبرز** / mabraz/: [عربی] *[قدیمی]* ☜ **مستراح**

**مبـرز** / mobarrez, mobarraz/: [عربـی] صـفت.

هەڵکەوتوو؛ هەڵکەوتە؛ هەویاز؛ هەڤیاز؛ بەرچاو؛ لەبەرچاو ‹او نویسندەای مبرز بود: نووسەرێکی هەڵکەوتوو بوو›.

**مبرم** / mobram/: [عربی] صفت. ۱. بەردەوام؛ پێداگر ‹تلاش مبرم: تێکۆشانی بەردەوام› ۲. زۆر؛ فرە؛ فراوان ‹توجه مبرم: سەرنجی زۆر›.

**مبروص** / mabrûs/: [عربی] صفت. بەڵەکی؛ تووشیاری نەخۆشی پیسی.

**مبرهن** / mobarhan/: [عربی] صفت. [ادبی] ڕوون؛ ئاشکرا؛ دیار؛ خویا.

**مبسوط** / mabsût/: [عربی] صفت. بەربڵاو؛ بەرئاوەڵا؛ کراوە ‹شرح مبسوط: شرۆڤەی بەربڵاو›.

**مبشر** / mobašŝer ، ـان؛ ـین/: [عربی]/سم. [ادبی] مزگێنیدەر؛ مزانیدەر؛ مژدانەهێن؛ کەسێ کە هەواڵێکی خۆش بێنێت.

**مبصر** / mobser ، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی]/سم. سەرپۆل؛ قوتابییەک لە هەر پۆلدا کە بەرپرسی ڕێکوپێکی و ئارامی پۆلەکەیەتی.

**مبطل** / mobtel ، ـات/: [عربی]/سم. [ادبی] بەتاڵکەرەوە؛ پووچەڵکەرەوە؛ هەڵوەشێنەر.

**مبعث** / mab'as/: [عربی]/سم. ۱. زەمانی هەڵبژێران و ناردران ۲. شوێنی هەڵبژێران و ناردران ۳. ☜ عید مبعث، عید

**مبعوث** / mab'ûs/: [عربی] صفت. نێردراو؛ ناردراو؛ ناریاگ؛ هەناریاگ.

**مبغوض** / mabqûz ، ـان؛ ـین/: [عربی] صفت. [ادبی] بەرکین؛ بەر ڕق؛ بەرقین؛ قین لێ هەڵگیراو؛ وەبەر قینکەوتوو؛ وەبەر تووڕەیی یان دژمەنایەتی کەوتوو.

**مبل** / mobl ، ـها/: [فرانسوی]/سم. موبل؛ قەنەفە؛ جۆرێک سەندەڵی ڕاحەت بە دۆشەکی نەرمی قەنەردار و دەسکی چێو یان لە هەور و پووشاڵ.

**مبل سازی** / moblsāzî/: [فرانسوی/ فارسی]/سم. موبل سازی: ۱. کاری دروستکردنی موبل ۲. /ـها/ کارگەی دروستکردنی موبل.

هەروەها: **مبل‌ساز**

**مبلغ** / mablaq ، ـها؛ مبالغ/: [عربی]/سم. بڕ؛ هەند؛ کرت؛ ئەندازەیێک لە دراو ‹مبلغ یک میلیون: بڕی ملیۆنێک›.

**مبلغ** / moballeq ، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی]/سم. ۱. بانگەشەکار؛ بانگێشتنکەر؛ ئەوەی بە قازانجی بیر و بڕوا، ڕێکخراوە یان کەسێک، قسە و بانگهێشتن دەکا ۲. [قدیمی] ڕاگەیێنەر.

**مبلمان** / moblemān/: [فرانسوی]/سم. کەلوپەلی پێویست بۆ ساز و تەیارکردنی شوێنێک.

▣ **مبلمان کردن** ☜ مبله کردن، **مبله**

**مبله** / moble/: [فرانسوی] صفت. موبلە؛ ساز و تەیار بە هەموو کەلوپەلی پێویستەوە.

▣ **مبله کردن**: موبلەکردن؛ ئامادەکردنی جێگایێک بە کەلوپەلی پێویست: **مبلمان کردن**

**مبنا** / mabnā ، ـها؛ مبانی/: [عربی]/سم. بنەما: ۱. بنەڕەت؛ بنەوا؛ بناغە؛ پایە ‹مبنای کار: بنەمای کار› ۲. [ریاضی] ئەو ژمارە کە دەبێتە بنەڕەتی ژمارەنووسی ‹عدد ۱۰ مبنای عددنویسی دهدهی است: ژمارەی ۱۰ بنەمای ژمارەنووسی دەدەییە› ۳. [ریاضی] پایەی لوگاریتمی ژمارەیەک ‹لگاریتم ۱۰۰۰ در مبنای ۱۰ می‌شود ۳: لوگاریتمی ۱۰۰۰ لە بنەمای ۱۰دا دەبێتە ۳›.

**مبنی بر** / mabnîbar/: [عربی/ فارسی] حرف. ۱. بە پێی؛ لە سەر؛ لە ڕووی ۲. نیشاندەری؛ ڕاگەیێنەری ‹این گزارش مبنی بر سیل‌گرفتگی بخشی از شهر است: ئەم هەواڵە نیشاندەری بەرلافاو کەوتنی بەشێکی زۆر لە شارە›.

**مبهم** / mobham ، ـات/: [عربی] صفت. شاش و بێش؛ شاش و وێش؛ لێل؛ ناڕوون ‹حرف مبهم: قسەی شاش و بێش›.

**مبهوت** / mabhût ، ـان/: [عربی] صفت. ۱. حەپەساو؛ مات و حەیران؛ چەنگ؛ گێژ و

www.perawipepwle.com



شیواو؛ تاساو؛ سەیور ‹مبهوت آن‌همه زیبایی شده بود: حەپەساوی ئەو هەموو جوانیە ببوو› ۲. مات؛ سەرسووڕماو؛ واق‌وڕماو؛ چواڕچاو؛ مەیماق؛ سەیرماو ‹از دیدن آن همه پول تا مدتی مبهوت افتاده بود: بە دیتنی ئەو هەمکە پارە تا ماوەیەک مات مابوو›. هەروەها: **مبهوت بودن؛ مبهوت شدن؛ مبهوت کردن؛ مبهوت ماندن**

**مبهی** / mobahhî/: [عربی] *صفت*. تاودەر؛ هۆی سەرهەڵدان و هێزگرتنی ئارەزووی جینسی.

**مبیع** / 'mabî/: [عربی]/*سم*. پیتەوا؛ کالا؛ ئەوەی بۆ فرۆتن دیاریکراوە ‹مبیع یک ماه بعد بە خریدار تحویل خواهد شد: پیتەواکە مانگێک لەودوا دەدرێتە کڕیار›.

**مبین** / mobayyen/: [عربی] *صفت*. *[ادبی]* نیشاندەر؛ دەربڕ؛ ڕوونکەرەوە؛ بەرچاوخەر ‹خدمات استاد هژار، مبین تلاشی عظیم در راه حفظ و گسترش فرهنگ و زبان کردی بود: خزمەتەکانی مامۆستا هەژار، نیشاندەری هەوڵ و خەباتێکی گەورە بوو لە پێناوی پاراستن و پەرە پێدانی زبان و فەرهەنگی کوردیدا›.

**مبین** / mobîn/: [عربی] *صفت*. *[نامتداول]* ئاشکرا؛ ڕوون؛ دیار؛ لەبەرچاو؛ خویا.

**متابعت** / motābe'at ، ـها/: [عربی]/*سم*. *[ادبی]* ۱. ڕاژێری؛ فەرمانبەری؛ ژێردەستەیی ‹متابعت از قانون: ڕاژیری قانوون› ۲. شوێنەڕایی؛ شوێنکەوتوویی؛ شۆڕگری؛ شوێنداچوویی ‹متابعت از دستور: شوێنەڕایی لە فەرمان›.

**متابلیسم** / metābolîsm/: [فرانسوی]/*سم*. *[زیست‌شناسی]* میتابولیسم؛ سووت و ساز؛ ڕەوتی فیزیایی و کیمیاوی ژینەوەر کە ماکی بژیوی وەردەگرێ، تێکەڵی دەکا، لێکی دەداتەوە و لە ئەنجامدا دەیکاتە وزەی ژیان: **متابولیسم**

**متابولیسم** / metābûlîsm/: [فرانسوی] ☜ **متابلیسم**

**متأثر** / mote'asser, mota'sser/: [عربی] *صفت*. ۱. شوێنەواگر؛ کارتێکراو ‹شعر شهریار متاثر از حافظ است: شیعری شەهریار شوێنەواگری حافزە› ۲. *[مجازی]* خەمین؛ ناڕەحەت؛ پەشێو؛ شەمزاو ‹از شنیدن خبر سخت متأثر شد: لە بیستنی هەواڵەکە زۆر خەمین بوو›.

**متأخر** / mote'axxer, mota'axxer ، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی] *صفت*. دوایین؛ دواوەتر؛ دواتر؛ دواڕاخر؛ ئەوی دوای ئەو یان ئەوانی‌تر هاتبێ ‹عباس حقیقی از شعرای متأخر کُرد است: عەباس حەقیقی لە هۆنەرانی دواییینی کوردە›.

**متأذی** / mote'azzî, mota'azzî/: [عربی] *صفت*. ئاراو؛ ئازاردیتوو؛ بەرئازار.

**متارکه** / motāreke/: [عربی]/*سم*. ۱. کار و ڕەوتی کۆتا کردن؛ دەس هەڵگرتن؛ بەجێهێشتن و کۆتایی پێ هێنان ‹متارکەی جنگ: کوتا کردنی شەڕ› ۲. *[مجازی]* جیایی؛ تەڵاق؛ ڕەوتی جیا بوونەوەی ژن و شوو لە یەکتری ‹پس از بیست سال زندگی مشترک، متارکه کردند: دوای بیست سال ژیانی هاوبەشی، جیا بوونەوە›.

**متأسف** / mote'assef, mota'assef/: [عربی] *صفت*. بەداخ؛ وەداخ؛ تووشیاری ناڕەحەتی ‹از گم شدن کیف خیلی متأسف شدم: لە گوم بوونی کیفەکە زۆ بەداخ بووم›.

**متأسفانه** / mote'assefāne, mota'assefāne/: [عربی/ فارسی] *قید*. بەداخەوە؛ مخابن؛ حەیفی؛ حەیفێ؛ داخەکەم؛ دەستی‌شکاوم ‹متأسفانه دیگر کاری نمی‌شود کرد: بەداخەوە ئیدی کارێک ناکرێ›.

**متاع** / matā ، ـها؛ امتعه/: [عربی]/*سم*. *[قدیمی]* جنس؛ کەل‌وپەل؛ کالا؛ کووتال؛ پرتال.

**متافیزیک** / metāfîzîk/: [فرانسوی]/*سم*. میتافیزیک؛ ژوورەسروشت؛ ئەوی بە پێی قانوونی فیزیک ناگونجێ و شرۆڤە ناکرێ.

**متألم** / mote'allem, mota'allem/: [عربی] *صفت*. ۱. *[نامتداول]* بەژان؛ ئازرێن؛ پرئێش ۲. *[مجازی]*

پەرۆش؛ جەرگئاوس؛ جەرگاوس؛ مردووچ؛ مرووز؛ کز و خەمبار؛ خەماوی.

**متالورژی** / metālûrjî, metālorjî/: [فرانسوی] /سم. کانزانی؛ کانزاناسی؛ کانزاگەری؛ زانست و لێزانی دەرهێنان، پالاوتن، ئالیاژسازی، بیچم پێدان و ناسینەوەی تایبەتمەندیەکانی فیزیایی، کیمیاوی و میکانیکی ماکی کانزا: **فلزگری؛ مادەشناسی**

**متالوگرافی** / metālog(e)rāfî/: [فرانسوی]/سم. لێکدانەوەی پێکهاتەی کانزا بە میکرۆسکۆپ.

**متألە** / mota'alleh, mote'alleh/: [عربی] صفت. ۱. خواناس؛ خوداشناس ۲. کەلامی؛ شارەزا لە زانستی کەلامدا.

**متالیک** / metālîk/: [فرانسوی] صفت. میتالیک؛ بریقەدار؛ بە بریکەی کانزاییەوە.

**متان** / metān/: [فرانسوی]/سم. /شیمی/ میتان؛ گازی گەنکاو؛ ساکارترین هیدرۆکەربون کە بێ ڕەنگ، بێ بۆن و گرگرە و لە گەنینی ماکی زیندەڵ لە گەنکاوان بەدی دێ.

**متانت** / metānat, matānat/: [عربی]/سم. لەسەرخۆیی؛ گەردەنیشی؛ پشوودرێژی؛ پتەوی؛ موکومی؛ سەنگینی و گرانی مرۆ.

**متانل** / metānol/: [فرانسوی]/سم. /شیمی/ میتانول؛ ئەلکول میتیلیک؛ ئەلکولی چێو؛ تراوێکی ژەهراوی بێڕەنگ، هەڵچووگ و گرپەرە بە بۆنێکی کەمەوە لە دڵۆپاندنی چێو بەرهەم دێ و بۆ پیشەسازی زۆری کەڵک هەیە.

**متأهل** / mota'ahhel, mote'ahhel، ـها، ـان؛ ـین/: [عربی] صفت. هاوسەردار؛ بە هاوسەر؛ ژن خواستوو یان شووکردوو.

**متبادر** / motabāder, motebāder/: [عربی] صفت. /ادبی/ بەپەلە؛ بەلەز؛ بە هەشتاو؛ بە پەلەپاتۆر؛ بەلەز و بەز.

▣ **به ذهن متبادر شدن**: زوو هاتنەوە بیر؛ گورج کەفتنەوە بیر.

**متباین** / motabāyen, motebāyen/: [عربی] صفت. جیاواز؛ یەکنەگر؛ بە فەرقی زۆر لە باری چیەتی، چۆنیەتی یان چەندێتیەوە.

**متبحر** / motabahher, motebahher/: [عربی] صفت. پیتۆل؛ لێزان؛ ژێهاتی؛ لەکار و کارزان ‹پزشک متبحر: بژیشکی پیتول›.

**متبرک** / motabarrek, motebarrek/: [عربی] صفت. تەوەڕک؛ پیرۆز؛ موبارەک ‹بخورید، این شیرینی متبرک است: بخۆن، ئەم شیرینیە تەوەڕکە›.

**متبسم** / motabassem, motebassem/: [عربی] صفت. بە بزە؛ بە پێکەنین؛ بە خەنە؛ بە گورمز؛ دەم بە زەردەخەنە ‹چهره‌ی متبسم: ڕووەتی بەبزە›.

**متبلور** / motabalver, motebalver/: [عربی] صفت. ۱. بلووری؛ بە شێوە و حالەتی بلووڕەوە ‹دانه‌های متبلور: دەنکی بلووری› ۲. /مجازی/ دەرکەوتوو؛ وەدیهاتوو ‹گویی انسانیت در وجود او متبلور شده بود: دەتگوت مرۆڤایەتی لەودا دەرکەوتبوو›.

**متبوع** / matbû'/: [عربی] صفت. ڕاژۆر؛ پێڕەوی لێکراو ‹دولت متبوع: دەوڵەتی ڕاژۆر›.

**متجاسر** / motacāser, motecāser، ـان؛ ـین/: [عربی] صفت. یاخی؛ سەربزێو؛ سەرکەش.

**متجانس** / motacānes, motecānes/: [عربی] صفت. ۱. هاوڕەگەز؛ هاوجنس؛ هاوجسن ۲. هاوئاهەنگ؛ هاوگەر؛ ڤێکهاتی؛ بە هاوڕێیەتی یان هاوبیریەوە.

**متجاوز**[1] / motacāvez, motecāvez، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی]/سم. دەستدرێژکەر؛ هێرشبەر ‹لشکر متجاوز: لەشکری دەستدرێژکەر›.

**متجاوز**[2]: /قید/ زۆرتر لە؛ زیاتر لە؛ پتر لە؛ فرەتەر جە ‹متجاوز از صد نفر آمده بودند: زۆرتر لە سەد کەس هاتبوون›.

**متجدد** / motacadded, motecadded، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی] صفت. نوێخواز؛ نوێواز؛ نوواز؛ نۆگر؛

نۆوەگر؛ لایەنگری تازەیی لە هەر شتێکدا.

**متجسس** / motacasses, motecasses/: [عربی] *صفت.* ۱. شوێنگەڕ؛ شوێنگر؛ شوێنهەڵگر؛ لێگەڕ؛ بۆگەڕ؛ لە شوێن گەڕ؛ تایبەتمەندی ئەوەی کە لە شوێن کەسێ یا شتێک دەگەڕێ ۲. *[قدیمی]* شۆفار؛ شووفار؛ جاسووس.

**متجلی** / motacallî, motecallî/: [عربی] *صفت.* ئاشکرا؛ دیار؛ ڕوون؛ خویا ‹نمونەهای بسیاری از شجاعت و فداکاری در میدانهای مبارزه متجلی شد: وێنەی زۆر لە ئازایەتی و گیان‌بەخت‌کردن لە گۆڕەپانی شەڕ و خەباتدا ئاشکرا بوو›.

**متحجر** / motahaccer, motehaccer/: [عربی] *صفت.* ۱. بەردەنی؛ بە بەردبوو؛ بەرد هەڵگەڕاو ۲. ـان؛ ـین *[مجازی]* بیرگرساو؛ مێشکوشک؛ کۆنەپەرست؛ کۆنەواز؛ هۆگری بیر و بۆچوونی کۆن و بەرهەڵستی نوێوازی و ڕامان.

**متحد** / mottahed، ـان؛ ـین/: [عربی] *صفت.* هەڤگر؛ یەکگر؛ یەکگرتوو؛ یەکانگیر ‹گروههای متحد: کۆمەڵە یەکگرتووەکان›.

▣ **متحد شدن:** هەڤدوگرتن؛ یەکگرتن؛ یەکیەتی‌کردن؛ یەکانگیر بوون؛ یەوبینان گرەوتش ‹سرانجام باهم متحد شدند و تلاش تازه‌ای را آغاز کردند: لە ئاکامدا یەکیان گرت و هەوڵێکی تازەیان دەست پێ‌کرد›. هەروەها:

**متحد کردن**

**متحدالشکل** / mottahedoššekl/: [عربی] *صفت.* یەکبیچم؛ یەکشێوە؛ هاوشێواز؛ بە بیچم و ڕوالەتی وەکیەکەوە ‹لباسهای متحدالشکل: جلوبەرگی هاوشێواز›.

**متحدالمرکز** / mottahedolmarkaz، ـها/: [عربی] *صفت.* هاوناوەند؛ یەکناوەند؛ هاوچەق؛ بە تاقە ناوەندێکەوە ‹دایره‌های متحدالمرکز: جەغزە هاوناوەندەکان›.

**متحده** / mottahede/: [عربی] *صفت.* یەکگرتوو؛ یەکانگیر؛ بە یەکیەتی ‹ایالات متحده: ولاتە یەکگرتووەکان›.

**متحرک** / motaharrek, moteharrek/: [عربی] *صفت.* بزۆز؛ بە بزاڤ؛ بە جوولە ‹جسم متحرک: تەنی بزۆز›.

**متحصن** / motahassen, motehassen، ـان؛ ـین/: [عربی] *صفت.* جەنەگر؛ گەگیر؛ هەوکن؛ هۆکن؛ خەزریو ‹دانشجویان در دانشگاه متحصن شدند: خوێندکاران لە زانستگادا جەنەگر بوون›.

**متحمل** / motahammel, motehammel/: [عربی] *صفت.* بردەبار؛ خۆڕاگر؛ هەڵگر.

▣ **متحمل شدن:** ۱. هەڵگرتن؛ هەڵکردن؛ تاقەت هێنان ۲. لێ‌کەوتن؛ کەوتنە سەر شان؛ دیتن ‹متحمل خسارت شدن: زیان لێ‌کەوتن›.

**متحول** / motahavvel, motehavvel/: [عربی] *صفت.* ئەمدیو ئەودیو؛ بارەوبار ‹در این ده سال، همه چیز متحوّل شده است: لەم دە ساڵەدا هەموو شتێ ئەمدیو ئەودیو بووە›.

**متحیر** / motahayyer, motehayyer/: [عربی] *صفت.* مات؛ سەرسام: ۱. سەرسووڕماو؛ حەپەساو؛ واقوڕماو؛ هەوەسیاگ؛ تووشیاری سەرسووڕماوی ۲. گێژ و شێواو.

▣ **متحیر شدن:** واقوڕمان؛ سەرسووڕمان؛ سەیرمان؛ ڕامان؛ شەرپلان؛ شەرپلین؛ ڤەتەوشین؛ سەرزڤران.

**متخاصم** / motaxāsem, motexāsem/: [عربی] *صفت.* دژبەیەک؛ هاودژ؛ دژمەنی یەکتر؛ لێکبەقین؛ لێکدوژمن ‹نیروهای مُتخاصم: هێزە دژبەیەکەکان›.

**متخذ** / mottaxez/: [عربی] ☜ **مُتَّخِذه**

**متخذه** / mottaxeze/: [عربی] *صفت.* گیراو؛ وەرگیراو؛ بەدەستهاتوو: **مُتَّخَذ**

**متخصص**[1] / motaxasses, motexasses، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی]/سم. لێزان؛ پسپۆڕ؛ کارناس ‹رفتند متخصص آوردند درستش کرد: ڕۆیشتن لێزانیان هێنا دروستی کردەوە›.

**متخصص**[۲]: *صفت.* لێزان؛ لەکارزان؛ پسپۆر؛ کارزان ‹پزشک متخصص: بژیشکی لیزان›.

**متخلخل** / motaxalxel, motexalxel /: [عربی] *صفت.* کون ــ کون؛ فشەڵ؛ فشۆڵ؛ فشەڵۆک؛ فشەڵە؛ گڵ؛ پفەڵ؛ کەفەڵۆک؛ تڵ؛ خڵ؛ کەفەڵووک؛ کەفەڵووکە؛ بە کون و هوڵۆلیەوە.

**متخلص** / motaxalles, motexalles /: [عربی] *صفت.* بەنازناو؛ نازناودار.

**متخلف** / motaxallef, motexallef ، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی] *صفت.* لارێ؛ سەرپێچکار؛ هەڵەکار؛ گەنەکار؛ چەوتکار؛ لە ڕێ لادەر ‹فرد متخلف مجازات خواهد شد: کەسی لاری جزیا دەدرێ›.

**متخلق** / motaxalleq, motexalleq /: [عربی] *صفت. [نامتداول]* بە ئاکار؛ خاوەن ئاکار و ڕەوشتی چاک.

**متد** / metod ، ـها/: [فرانسوی]/سم. شێوە؛ شێواز؛ ڕەوشت.

**متداخل** / motadāxel, motedāxel /: [عربی] *صفت.* لە ناو یەک؛ تێوەچوو؛ تێکەوەچوو؛ تێکپەڕیو؛ بە یەکا چووگ؛ ناو یەکچوو؛ جێگرتوو لە نێو یەکتریدا ‹اجسام متداخل: شتگەلی لە ناو یەک›.

**متداول** / motadāvel, motedāvel /: [عربی] *صفت.* باو؛ لەباو؛ لە سەر دەور و جێی بە کار بردن ‹سپس حمام خانگی متداول شد: پاشان حەمامی مالی بوو بە باو›.

**متدرجاً** / motadarrecan /: [عربی] *قید. [نامتداول]* بەرە ـ بەرە؛ ورده ـ ورده؛ کەمەـکەمە؛ کەم ـکەم؛ واره ـ واره؛ شێنەیـ شێنەی؛ نەختەـ نەختە؛ تۆزەـ تۆزە؛ هەر وەڕێنە؛ لە بەرێکەوە ‹بدهی‌هایت را متدرجاً می‌دهی و خیالت راحت می‌شود: بەرە ــ بەرە قەرزەکانت دەدەیەوە و ئاسووده دەبی›.

**متدولژی** / metodolojî /: [فرانسوی]/سم. ڕەوشتناسی؛ ڕەوشناسی: ۱. ناسینەوەی کۆمەڵە شێواز و بنەمای دەکارکراو لە ئامۆژەیەکدا ۲. لێکدانەوە و لێڕوانینی بنەما و شێوەگەلی دەکارکراو لە بواریکی تایبەتدا.

**متدیست** / metodîst /: [فرانسوی]/سم. میتودیست: ۱. تاقمێکی مەزهەبی پرۆتستان کە لە ئینگلیز سەری هەڵدا و ئێستاش لە وڵاتانی ئینگلیزی زماندا هۆگری هەیە ۲. ـها؛ ـان/ هەر یەکە لە شوێنکەوتووانی ئەو مەزهەبە.

**متدین** / motadayyen, motedayyen ، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی] *صفت.* دیندار؛ بەدین؛ خاوەن بڕوا بە خوا و دێنێکی ئاسمانی.

**متذبذب** / motazabzeb /: [عربی] *صفت.* بیرەبیر؛ ڕا ـ ڕا؛ وازوازی؛ دەمدەمی؛ حولحولی؛ هۆکی؛ هۆکهۆکی؛ هەر دەم لە سەر هەواێک.

**متذکر** / motazakker, motezakker /: [عربی] *صفت.* بیرهێنەر؛ وەبیرهێنەر؛ وەبیرهێنەر؛ بیرخەرەوە.

▣ **متذکر شدن**: وە بیر خستنەوە؛ بیر هێنانەوە؛ هێنانەوە یاد؛ وستەیوە هۆش ‹به ایشان متذکر شوید که باید از طریق سلسله مراتب اداری اقدام کند: وە بیریان بخەنەوە کە دەبێ لە ڕێگای زنجیرەپلەی کارگێڕیەوە هەوڵ بدەن›.

**متر** / metr /: [فرانسوی]/سم. میتر؛ مەتر: ۱. یەکەی سەرەکی پێوانی درێژایی لە دەزگای میتریدا کە دەکاتە ۱۰۰ سانتی‌میتر ۲. ـها/ نەوارێکی باریک و پلەکلێدراو لە کانزا، قوماش و... بۆ پێوانی درێژایی.

▣ **متر مربع**: میتری چوارگۆش؛ یەکەی پێوانی ڕووبەر لە دەزگای میتریدا بەرامبەر بە ۱۰۰۰۰ سانتی‌میتری چوارگۆش.

**متر مکعب**: میتری چوارپاڵوو؛ یەکەی پێوانی بارستایی لە دەزگای میتریدا بەرامبەر بە یەک ملیۆن سانتی‌میتری چوارپاڵوو.

▣ **متر کردن**: پێوان؛ میترکردن؛ گەزکردن؛ گەز کەردەی؛ درێژی یان پانتایەک پێوان.

**مترادف** / motarādef, moterādef /: [عربی]

*صفت.* ۱. هاوڕز؛ هاورزن؛ هاوڕیز؛ ریزهەڤ؛ لە یەک ڕیزدا ۲. /ـها/ هاووتا؛ هاومانا (وەک «مال» و «خانوو»).

**متراژ** / metrāj ، ـها/: [فرانسوی]/سم. میتراژ: ۱. ئەندازە؛ ئەنازە؛ گۆڕەبا ‹متراژ پارچە: ئەندازەی قوماش› ۲. ڕووبەر؛ پانتایی؛ بەر ‹متراژ زمین: ڕووبەری زەوی›.

**متراکم** / motarākem, moterākem/: [عربی] *صفت.* چڕ؛ سخ؛ پڕ؛ چڕەبەند؛ لێک‌گلۆف؛ لێک‌پەستاو؛ پەسمەن؛ تێکەهەڕستوو؛ بەهەمەت.

**متراکم** / motaratteb, moteratteb/: [عربی] *صفت.* دوادار؛ شوێنەواردار؛ بە دوا هاتەوە.

▣ **مترتب بودن:** ئاکام بوون؛ بە دواوە بوون؛ ئاکامدار بوون؛ دوادار بوون؛ بە شوێنەوە بوون ‹بە ایـن تـلاش تـو فایـدەای مترتب نیست: ئـەم هەوڵدانەی تۆ ناکامیکی نیە›. هـەروەها: **مترتب شدن**

**مترجم** / motarcem ، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی]/سم. وەرگێڕ: ۱. چێورکار؛ بەرچڤەکار؛ بەرچڤان؛ پاچڤان؛ پاجڤەکار؛ پاچڤەکار؛ دیلمان؛ دیلماج؛ دیلبەند؛ ئەوەی بابەتێک لە زمانێکەوە وەردەگێڕێتەوە سەر زمانێکی‌تر ‹مترجم انگلیسی: وەرگێری ئینگلیزی› ۲. *[مجازی]* نیشاندەر؛ ڕوونکەرەوە؛ ئەوەی مەبەست و مەرای کەس یان کەسانێک بۆ خەڵک دەگێڕێتەوە ‹او در این سخن مترجم احساسات بسیاری از مردم است: ئـەو لـەم قسەیەدا وەرگیری هەست و نەستی زۆرێک لە خەڵکە›.

**مترجمی** / motarcemî/: [عربی]/سم. پاچڤەکاری؛ وەرگێڕی؛ دیلمانجی: ۱. کاری وەرگێڕان ۲. کار و پێشەی وەرگێڕ.

**متردد** / motaradded, moteradded/: [عربی] *صفت.* دووڵ؛ ناخاترجەم؛ بە گومان؛ دڕدۆنگ؛ دەردۆک؛ هەردەبیر.

**مترس** / metres ، ـها/: [فرانسوی]/سم. قەپاتمە؛ سووتلی؛ ماشۆقە؛ ژنێ کە دەگەڵ پیاوێکدا تێکەڵی جینسی نارەوای هەیە.

**مترسک** / matarsak ، ـها/: /سم. ۱. قەیلۆک؛ داهۆڵ؛ داوەڵ؛ داوەڵە؛ داوول؛ دوول؛ داول؛ داوره؛ دلۆ؛ دالاهۆ؛ دالهۆ؛ دالهۆ؛ دالۆ؛ دالەهۆ؛ چاتۆل؛ هەراسە؛ هەلامەت؛ مەترەس؛ سەرەکەر؛ لۆپک؛ پەیکەرەی لە پووش و پەلاش لە مەزرا بۆ ترساندنی باڵندە و... ۲. *[مجازی]* خوێڕی؛ مرۆی سەپۆل و بێدەسەلات ۳. *[مجازی]* بم؛ تڕچماق؛ مەندەبۆر؛ مەندەبوور؛ ناشیرین و ڕەزاگران.

**مترشح** / motaraššeh, moteraššeh/: [عربی] *صفت.* بدەڵێن؛ دەڵێنەر؛ دادەر.

**مترصد** / motarassed, moterassed/: [عربی] *صفت.* وازر؛ ئامادە؛ گوێقوڵاخ؛ وەنگەگۆش؛ لە سەر هەست؛ بەفتراق؛ خۆ ماتداو ‹او مترصد بود من بروم تا جایم را بگیرد: وازر بوو من بڕۆم و جێم بگرێتەوە›.

**مترقب** / motaraqqeb, moteraqqeb/: [عربی] *صفت.* چاوەڕوانکراو؛ جێی چاوەڕوانی؛ تایبەتمەندی شتێ کە زووتر ئەگەری ڕووداني بوونی: **مترقبه**

**مترقبه** / motaraqqebe, moteraqqebe/: [عربی] ☜ **مترقب**

**مترقی** / motaraqqî, moteraqqî/: [عربی] *صفت.* ۱. پێشکەوتوو؛ لە پێشەوە ‹کشورهای مترقی: ولاتە پێشکەوتووەکان› ۲. پێشڕەو؛ پێشکەوتنخواز؛ هۆگری بەرەو پێش چوون ‹افکار مترقی: بیر و ڕای پیشڕەو›.

**مترو** / metro/: [فرانسوی]/سم. میترۆ؛ قەتاری ژێرزەوی.

**مترور** / metror ، ـها/: [؟]/سم. ۱. ڕووپێو؛ گەزکەر؛ کەسێ کە کاری پێوان و گەزکردنە ۲. ئەوەی هەندی شمەک و پێداویستی کارێک دیاری دەکا.

www.perawipepwle.com



**متروک** / matrûk/: [عربی] *صفت.* چۆڵ؛ چووڵ؛ وێڵە؛ چۆڵ و وێڵ؛ بەجێهێڵراو؛ دەستلێهەڵگیراو؛ واز لێهێنراو؛ دەسئازیا؛ دەسلێبەردراو؛ تەرککراو؛ مارزیای؛ ڤەهێلای ‹خانەی متروک: مالی چۆڵ›: **متروکه**

**متروکه** / matrûke/: [عربی] ☜ **متروک**

**متروڵۆژی** / metrolojî/: [فرانسوی]/*سم.* ئەندازەناسی؛ زانستی ناسینی پێوانەگەلی فیزیکی.

**مترون** / metron، ـها/: [انگلیسی]/*سم.* سەرپەرستار؛ چاوەدێر و سەرپەرشتی پەرستارانی نەخۆشخانەیەک.

**مترونم** / metronom، ـها/: [فرانسوی]/*سم. [موسیقی]* میترونوم؛ ئامرازی پێوانی کات، بە پاژگەلی بۆ دانراوی یەک لە دوو یەک.

**متری**[1] / metrî/: [فرانسوی] *صفت.* میتری؛ پێوەندیدار بە میترەوە.

**متری**[2]: *قید.* میتری: ۱. میتریێ؛ میتریک؛ میتریۆ؛ میتریە؛ هەر میتریێ ‹متری هزار تومان است: میتری هەزار تمەنە› ۲. بە میتر؛ بە شێوەی میتری ‹پارچە را متری می‌فروشند: پارچە میتری دەفرۆشن›.

**ـ متری**[3]: *پیوازە.* ـ میتری؛ بە ڕەهەندێکەوە (دریژای؛ پانی؛ قوولی یا بەرزی) بە پێی میتر ‹کوچەی شش متری: کۆلانی شەش میتری›.

**متزلزل** / motazalzel, motezalzel/: [عربی] *صفت.* لەرزۆک: ۱. لەرزان؛ شڵوشەوێق ۲. ناپتەو؛ سست.

**متساوی** / motasāvî, motesāvî/: [عربی] *صفت.* بەرابەر؛ بەرامبەر؛ بەرانبەر؛ وەکیەک؛ چونیەک؛ یەکسان؛ بە ئەندازەی یەک.

**متساویالاضلاع** / motasāviyol'azlā', motesāvî-/: [عربی] *صفت.* لایەکسان؛ لقیەکسان؛ بە باڵ یان پاڵووی بەرامبەرەوە.

**متساویالزوایا** / motasāviyozzavāyā, motesāvî-/: [عربی] *صفت.* هەڤقۆزی؛ هەڤکونجی؛ سووچیەکسان؛ بە گۆشەگەلی یەک ئەندازەوە.

**متساویالساقین** / motasāviyossāqeyn, motesāvî-/: [عربی] *صفت.* دوو لق/ لاسک یەکسان؛ بە دوو باڵی بەرامبەر و وەکیەکەوە.

**متساویالسطوح** / motasāviyossutûh, motesāvî-/: [عربی] *صفت.* ڕووبەر یەکسان؛ ڕوویەکسان؛ بە ڕووبەری هاوتاوە.

**متسع** / 'mottase/: [عربی] *صفت. [ادبی]* کراوە.

**متشابه** / motašābeh, motešābeh/: [عربی] *صفت.* هاوچەشن؛ هەڤجوورە؛ هاوشێوە؛ هامشێوە: ۱. وەکوو یەک؛ چوون‌یەک؛ وێکچوو؛ وەکیەک؛ یەکسان ۲. وێکچوو لە خوێندنەوە یان مانادا.

**متشبث** / motašabbes, motešabbes/: [عربی] *صفت.* دەسەودامێن؛ دەسەوداوێن؛ دەس بە داوێن؛ ئاوێزان ‹به این و آن متشبث شد تا به سر کارش برگردد: دەسەودامێنی ئەم و ئەو بوو بەشکوو بگەڕێتەوە سەر کارەکەی›.

▣ **متشبث شدن**: دەس بە داوێن/ دەسەودامێن بوون؛ پەلکوتان.

**متشتت** / motašattet, motešattet/: [عربی] *صفت.* ۱. پەرژ و بلاو ۲. پەرێشان؛ ئاڵۆز؛ شێواو.

**متشخص** / motašaxxes, motešaxxes، ـها/: [عربی] *صفت.* ۱. لەسەرخۆ؛ مەند؛ خاوەن کەسایەتی ۲. *[مجازی]* هێژا؛ هەڵکەوتوو؛ هەڵکەوتە؛ شیاوی ڕێز.

**متشرع** / motašarre', motešarre'، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی] *صفت.* ۱. دیندار؛ شوێنکەوتووی شەریعەت ۲. شۆنەڕای ڕێبازی موتەشەررێعە.

**متشرعه** / motašarre'e, motešarre'e/: [عربی] */سم.* موتەشەررێعە؛ ڕێبازێکە لە فیقهی شیعەدا کە هۆگرانی لە سەردەمی قاجارەدا خۆیان بە شۆنەڕای ڕاستەقینەی شەریعەت دەزانی و دژی

شەیخییە سەریان هەلدا.

**متشکر** / motašakker, motešakker/: [عربی] *صفت.* پێزان؛ ئەمەکدار؛ سوپاس‌گوزار؛ بەسپاس؛ قەدرزان.

**متشکل** / motašakkel, motešakkel/: [عربی] *صفت.* ڕێکخراو؛ پێکهاتوو؛ ڕێک و تەکووز؛ بەدام و دەزگا ‹نیروهای متشکل: هێزە پێکهاتووەکان›.

**متشنج** / motašannec, motešannec/: [عربی] *صفت.* ۱. شێواو؛ شێویاگ؛ شپرزە ۲. ئالۆز؛ کڕک؛ تێکەڵ- پێکەڵ؛ بێسەرە و بەرە؛ هەڤدەڵ ‹جلسه متشنج شد: دانیشتنەکه ئالوزا›.

**متصاعد** / motasā'ed, motesā'ed/: [عربی] *صفت.* هەڵچوو؛ تایبەتمەندی شتێ کە هەر بەرەو سەر بچێ ‹گاز متصاعد: گازی هەڵچوو›.

**متصدی** / motasaddî, motesaddî ، ـها؛ ـان/: [عربی]/*اسم.* بەرپرس؛ کاربەدەست؛ ئەوەی کارێکی لە ئەستۆدایە ‹متصدی فروشگاه حضور نداشت: بەرپرسی فرۆشگاکە نەبوو›.

**متصرف** / motasarref, motesarref ، ـها؛ ـان/: [عربی] *صفت.* داگیرکەر؛ داوڕکەر.

▣ متصرف شدن: بردن؛ داگیرکردن؛ داوڕکردن؛ زەوت کردن؛ لەهاندن؛ پێبەرکرن؛ بڕینە بەر خۆوە؛ دەست بە سەردا گرتن ‹خانه را هم پسر بزرگتر متصرف شد: مالەکەش کوڕە گەورەکە بردی›.

**متصرفات** / motasarrefāt, motesarrefāt/: [عربی]/*اسم.* ۱. جمع ☜ **متصرفه** ۲. داگیرکراوان؛ داوڕکراوگەل؛ ئەو زەویانەی لە لایەن دەوڵەتێکی‌ترەوە داگیرکراوە.

**متصرفه** / motasarrefe, motesarrefe ، ـها؛ متصرفات/: [عربی] *صفت.* داگیرکراو؛ داگیرکریاگ؛ داگیری؛ داوڕکراو؛ دەست بە سەردا گیراو.

**متصف** / mottasef/: [عربی] *صفت.* ناسراو؛ بە دانستە؛ خاوەن تایبەتمەندی؛ خاوەن خوو یا ئاکارێ ‹او متصف به شجاعت بود: بە ئازایەتی و بوێری ناسراو بوو›.

**متصل**[1] / mottasel/: [عربی] *صفت.* لکاو؛ چەسپاو؛ یەکگرتوو؛ نەبڕی؛ بێنێوبڕ؛ بەردەوام.

▣ **متصل شدن**: یەکگرتنەوە؛ یەکگرتن؛ (پێوە)لکان؛ لکای؛ پێگەیشتن ‹قصرشیرین و خانقین از طریق جاده‌ی خسروی به هم متصل شدند: قەسرشیرین و خانەقین بە ڕێگای خوسرەویدا یەکیان گرتەوە›. هەروەها: **متصل بودن؛ متصل کردن**

**متصل**[2]: *قید. [گفتاری]* بەردەوام؛ پەسایپەس؛ پەسا پەسا؛ پەیتا پەیتا؛ هەیتە هەیتە؛ هەیتاهەیتا؛ بێبڕانەوە ‹متصل می‌گفت، به خدا تقصیر من نبوده: بەردەوام دەیکوت بەخوا خەتای من نەبووە›.

**متصور** / motasavver, motesavver/: [عربی] *صفت.* بەرگومان؛ بەرچاو؛ ڕێتێچوو ‹هیچ مزیتی بر این کار متصور نیست: هیچ سەرتریەک لەم کارەدا بەرگومان نیە›.

**متصوف** / motasavvef, motesavvef ، ـان/: [عربی] *صفت.* سۆفیلکە؛ خۆ بە سۆفی زان؛ مایل بە سۆفیگەری.

**متضاد** / motazād(d), motezād(d) ، ـها/: [عربی] *صفت.* دژبەر؛ ناتەبا؛ دژی یەکتری ‹چنان فکرهای متضادی به ذهنش می‌رسید که قدرت تصمیم‌گیری را از او می‌گرفت: بیری دژبەری وای بە مێشکدا دەهات کە بڕستی بڕیاردانی لێ دەبڕی›.

**متضرر** / motazarrer, motezarrer/: [عربی] *صفت.* زەرەرلێکەتوو؛ زەرەرکردە؛ زەرەردیتوو؛ زیان‌دیتوو؛ زیان‌کەفتە ‹در آن معامله خیلی متضرر شدیم: لەو سەودایەدا زۆرمان زەرەر لێکەوت›.

**متضمن** / motazammen, motezammen/: [عربی] *صفت.* داگر؛ لەبەرگر؛ لە خۆگر؛ ڕەوتی گرتنەوە ‹این معامله متضمن سود شما هم هست: ئەم سەودایە قازانجی ئێوەش دەگرێتەوە›.

**متظاهر** / motazāher, motezāher ، ـها؛ ـان؛

ـین/: [عربی] *صفت.* خۆنوێن؛ خۆنما؛ خۆنیشاندەر؛ ڕوالەتکار؛ ڕوالەتی؛ خۆڕانوێن؛ وێئرمان ‹آدم متظاهر در همه‌جا هست جز در جایی که زحمت یا خطری باشد: مرۆڤی خۆنوێن لە هەموو شوێنێکدا هەیە مەگەر لە جێگایێ کە زەحمەت یان مەترسیەکی تێدا هەبێ›.

**متظلم** / motazallem, motezallem /، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی]/*سم.* داوخواز؛ خوازیاری پێڕاگەیشتن.

**متعادل** / mota'ādel, mote'ādel/: [عربی] *صفت.* هاوسەنگ؛ هاوکێش؛ داربەدار؛ چۆبەچۆ؛ هاوتەوراز؛ ناوەنجی ‹باید دخل و خرجت را متعادل کنی: دەبێ دەخل و خەرجت هاوسەنگ بکەی›.

**متعارف** / mota'āraf, mota'āref, mote'āref/: [عربی] *صفت.* ۱. *[نامتداول]* ناسراو؛ ئەژناسیا ۲. باو؛ ڕست؛ بەبڕەو ‹اصول متعارف: بنەماگەلی باو›.

**متعارفی** / mota'ārafî, mota'ārefî, mote'ārefî/: [عربی] *صفت.* ئاسایی؛ باو؛ عادی.

**متعاقب** / mota'āqebe, mote'āqebe/: [عربی] *حرف.* دوای؛ لە دوای؛ بە دوای؛ بە شوێنی؛ پاشی؛ پاش لە؛ شۆنۆ ‹متعاقب آن نامه‌ای به دستم رسید: دوای ئەوە نامەیێکم بۆ هات›.

**متعاقباً** / mota'āqeban, mote'āqeban/: [عربی] *قید.* پاشان؛ لە پاشان؛ لە دواییدا؛ دوایی؛ دمایی؛ دواخری؛ دواجار؛ ئیمجا ‹متعاقبا پلیس آمد و سه نفر را دستگیر کرد: پاشان پولیس هات و سێ کەسی گرت›.

**متعال** / mota'āl, mote'āl/: [عربی] *صفت.* پایەبەرز؛ بەرزەناو؛ پایەبڵند؛ بالادەس ‹خداوند متعال: خوای پایەبەرز›.

**متعالی** / mota'ālî, mote'ālî/: [عربی] *صفت.* بەرز؛ خاوەن هەڤیازی و سەرتری ‹جایگاه متعالی: شوێنەواری بەرز›.

**متعامل**[1] / mota'āmel, mote'āmel /، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی]/*سم.* ماملەگەر؛ سەوداگەر؛ سەوداکار؛ هەر کام لەو کەسانەی پێکەوە سەودا دەکەن (سەنیار یا فرۆشەر).

**متعامل**[2]: *صفت.* هاوکرد؛ بە کار و کاردانەوەی دوولایەنەوە.

**متعجب** / mota'acceb, mote'acceb/: [عربی] *صفت.* سەرسوورماو؛ چەنگ؛ سەرسام؛ هاج- واج؛ جارەو ‹از حرف من متعجب شد: لە قسەکەم سەری سوور ما›.

**متعدد** / mota'added, mote'added/: [عربی] *صفت.* زۆر؛ فرە؛ بە ئەژمارێکی بەرچاوەوە ‹کتاب‌های متعدد: کتێبی زۆر›.

**متعدی** / mota'addî, mote'addî/: [عربی] *صفت.* ۱. /ـها؛ ـان/ دەس‌درێژکەر؛ هەڵەمارکەر؛ پەلامارەدەر ‹از او به عنوان متعدی به زمین‌های عمومی شکایت شده است: وەک دەس‌دریژکەر بۆ زەویگەلی گشتی شکاتی لێکراوە› ۲. ☜ فعل متعدی، **فعل**

**متعذر** / mota'azzer, mote'azzer/: [عربی] *صفت.* ۱. /ـان؛ ـین/ دەستەودامێن؛ عوزرهێنەر ۲. ئاستەم؛ یەکجار دژوار؛ زۆر سەخت و تەنانەت نزیک بە مەحاڵ ‹تأمین چنین پولی متعذر است: دابینی پارەی وا ئاستەمە›.

**متعرض** / mota'arrez, mote'arrez/: [عربی] *صفت.* ۱. /ـان؛ ـین/ *[مجازی]* پەلامارەدەر؛ دەسدرێژکەر ۲. دەربڕ؛ بێژەر؛ نیشاندەر؛ وەبیرهێنەر؛ تایبەتمەندی کەسێ کە شتێک نیشان دەدا یا ڕوونی دەکاتەوە ‹باید متعرض این نکته هم بشوم...: دەبێ دەربڕی ئەم خاڵەش ببم...›.

**متعصب** / mota'asseb, mote'asseb /، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی] *صفت.* پێچەقێن؛ پێداگر؛ دەمارگر.

**متعظ** / motta'ez /، ـان؛ ـین/: [عربی] *صفت.* *[ادبی]* گوێبیس؛ پەندگر؛ قسەبیس؛ نەسیحەتگر؛ گۆشگیر؛ تایبەتمەندی کەسێ کە ئەزموون وەردەگرێ و قسەی چاکی بە گوێدا دەچێ.

**متعفن** / mota'affen, mote'affen/: [عربی]

*صفت.* بۆگەن؛ بۆگەنە.

**متعلق** / mote'alleq, mota'alleq/: [عربی] *صفت.* پێوەندیدار؛ بەندیوار؛ بەسراو؛ سەر بە شتێ یان کەسێ.

▣ **متعلق به کسی بودن:** هی/ ئی کەسێ بوون؛ سەر بە کەسێ بوون؛ پێوەندیدار بە کەسێکەوە بوون؛ هینوو یۆی بیەی ‹این خانه متعلق به آزاد است: ئەم ماله هی ئازادە›.

**متعلقات** / mote'alleqāt, mota'alleqāt/: [عربی] *اسم.* پاشکۆ؛ کۆمەڵێک شتی سەر بە یەک دەزگا.

**متعلقه** / mote'alleqe, mota'alleqe/: [عربی] *اسم. [مجازی، قدیمی]* حەڵال؛ ژنی میرد؛ هاوسەری پیاو؛ خێزان؛ ژن؛ ژەنی ‹متعلقه‌ی حاج تقی: حەڵالی حاجی تەقی›.

**متعلم** / mote'allem, mota'allem، ـان؛ ـین/: [عربی] *صفت.* قوتابی؛ خەریک بە فێر بوونی زانستێک.

**متعه** / mot'e، ـها/: [عربی] *اسم. [شیعه]* ژنی ماوەیی؛ ژنێ کە بۆ ماوەیەک دەبێتە هاوسەری پیاوێک.

**متعهد** / mote'ahhed, mota'ahhed، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی] *صفت.* بەڵێندەر؛ بەڵێندار؛ (وە)ئەستۆگر؛ بەرعۆدە؛ دەستەبەر؛ قەخۆگرتی؛ قەبال؛ بڕیار لە سەر لە بەرامبەر کەسی‌ترەوە.

**متعین** / mote'ayyen, mota'ayyen، ـان؛ ـین/: [عربی] *صفت.* بە بڕشت؛ بڕدار؛ ساماندار و خاوەن پلە و پایەی بەرزی کۆمەڵایەتی.

**متغیر**[1] / motaqayyer, moteqayyer، ـها/: [عربی] *اسم. [ریاضی]* گۆڕەک: ۱. ئەندازەیەکی دیاری‌نەکراو کە بشێ لە جێی خۆیدا هەر ژمارەیەکی پێ بدرێ ۲. نیشانەی داندراو بۆ وەها شتێک (وەک: x، y و...).

**متغیر**[2]: *صفت.* ۱. دۆخی گۆڕان ‹رنگش متغیر شد: ڕەنگی گۆڕا› ۲. تێکچوو؛ هەڵچوو؛ سوورهەڵگەڕاو ‹از شنیدن این خبر متغیر شد: بە بیستنی ئەو هەواڵە تێکچوو›.

**متفاوت** / motafāvet, motefāvet/: [عربی] *صفت.* جیاواز؛ جیاکار ‹رنگ متفاوت: ڕەنگی جیاواز›.

**متفرعن** / motafar'en, motefar'en، ـان/: [عربی] *صفت.* بە فیز؛ بە دەعیە؛ فیزن؛ دەماراوی؛ لووتبەرزانە ‹رفتاری متفرعن و صدایی خشن داشت: کردەوەیەکی بە فیز و دەنگێکی دڕی هەبوو›.

**متفرق** / motafarreq, motefarreq/: [عربی] *صفت.* پەخش و پەلا؛ دانگۆ؛ جیاجیا؛ بلاو؛ پرژ و بلاو؛ پەڕتەوازە؛ لێکجیا؛ هاویر؛ لێکدوور ‹همین که پلیس آمد متفرق شدند: هەر پۆلیس هات پەخش و پەلا بوون›.

**متفرقه** / motafarreqe, motefarreqe/: [عربی] *صفت.* ۱. بەبێ بەندیواری بە هیچ تاقم، دەستە یان ڕێکخراوەیەکی ئەوتۆ ۲. *[مجازی]* نافەرمی؛ ناڕەسمی.

**متفق** / mottafeq، ـان؛ ـین/: [عربی] *صفت.* یەکگرتوو؛ هاودەست؛ هاوڕێ ‹همه در این عقیده متفق بودیم: گشت لە سەر ئەم باوەڕە یەکگرتوو بووین›.

**متفقاً** / mottafeqan/: [عربی] *قید.* وێکڕا؛ پێکەوە؛ پێکڕا؛ تێکڕا؛ وێڕا؛ پێڕا؛ بە گشتی؛ پێوە؛ یۆوە؛ بە یەکەوە ‹متفقاً رفتیم: وێکڕا چووین›.

**متفق الرأی** / mottafeqorra'y/: [عربی] *صفت.* هاوڕا؛ یەکدەنگ؛ هاودەنگ ‹در مورد ضرورت این بحث همه متفق‌الرأی بودند: لە سەر پێویستی ئەم باسە گشت هاودەنگ بوون›.

**متفق‌القول**[1] / mottafeqolqowl, -qo:l/: [عربی] *صفت.* هاوقسە؛ هاودەنگ؛ یەکقسە ‹همه متفق‌القول بودند که او دزدی نکرده است: گشت هاوقسە بوون کە ئەو دزی نەکردووە›.

**متفق‌القول**[2]: *قید.* یەکدەنگ؛ یەکزمان؛ یەکقسە ‹همه متفق‌القول گفتند او دزد نیست: گشت

یەکدەنگ گوتیان ئەو بێت و دز نیە).

**متفکر** / motafakker, motefakker/ ، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی] *صفت.* ۱. بیرمەند (سەروردی متفکّر کُرد: سوورەبەردی بیرمەندی کورد) ۲. *[مجازی]* نیگەران؛ پەرۆش؛ پەریشان؛ شەوشان (چەرەاش حالت متفکّر داشت: دەموچاوی حالەتی پەریشانی هەبوو).

**متقابل** / motaqābel, moteqbel/: [عربی] *صفت.* ۱. بەرامبەر؛ ڕووبەڕوو؛ ڕوولەڕوو (پنجرەهای متقابل: دەلاقەگەلی بەرامبەر) ۲. هەڤبەر؛ خاوەن هەڤبەری (تأثیر متقابل: کاردانەوەی هەڤبەر).

**متقابلاً** / motaqābelan, moteqābelan/: [عربی] *قید.* لە وەرامدا؛ لە بەرامبەردا (متقابلا او هم لبخندی زد: لە وەرامدا ئەویش بزەیەکی کرد).

**متقارب** / motaqāreb, moteqāreb/: [عربی] *صفت.* هەڤگر؛ لە پەنا یەک؛ نزیک بە یەک.

**متقارن** / motaqāren, moteqāren/: [عربی] *صفت.* ۱. هاوکات؛ هاوزەمەن؛ هاوچاخ (متقارن تابستان مدارس تعطیل می‌شود: هاوکاتی هاوین قوتابخانەکان دادەخرێن) ۲. *[ریاضی]* دەقاودەق؛ دۆخی دوو یان چەند بیچم کە ڕاست وەک یەک بێنەوە.

**متقاضی** / motaqāzî, moteqāzî، ـها؛ ـان/: [عربی]/*سم.* خوازیار؛ داواکار.

**متقاطع** / motaqāte', moteqāte'/: [عربی] *صفت.* یەکبڕ.

**متقاعد** / motaqā'ed, moteqā'ed/: [عربی] *صفت.* ۱. ڕازی؛ ساز (سرانجام او را به رفتن متقاعد کردم: لە ئاکامدا ڕازیم کرد بڕوا) ۲. *[قدیمی]* وەنیشتە؛ کارکەنار؛ لەکارتە؛ خانەنشین.

**متقال** / metqāl/ ☜ **مدقال**

**متقبل** / motaqabbel, moteqabbel/: [عربی] *صفت.* وە ئەستۆگر؛ وەرگر؛ پەزێرا (هزینەی بیمارستان را متقبل شد: خەرجی بیمارستانی وە ئەستۆ گرت).

**متقدم** / motaqaddem, moteqaddem/: [عربی] *صفت.* ۱. *[نامتداول]* پێشەدەم؛ پێشاهەنگ؛ پێشڕۆ ۲. ـان؛ ـین/ پێشین؛ پێشوو؛ بەروو؛ وەلین؛ وەرین (نویسندگان متقدم: نووسەرانی پێشین).

**متقلب** / motaqalleb, moteqalleb، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی] *صفت.* گزیکار؛ فێلباز؛ تەشقەلەباز؛ قەلبەزەن؛ تەلەکەباز: ۱. خاسووک؛ گغنی‌باز ۲. نادروست؛ دەبەکار؛ شلتاخباز؛ دەغەل؛ دەغەلباز؛ عۆنی‌باز.

**متقن** / motqan/: [عربی] *صفت.* ۱. دڵنیاکەر ۲. پتەو؛ قایم؛ پاوەجێ؛ خۆگرتوو.

**متقی** / mottaqî، ـان/: [عربی] *صفت.* پارێزکار؛ پەرهێزکار؛ دژکام؛ خۆپارێز؛ بەپارێز.

**متکا** / motakkā، ـها/: [عربی]/*سم.* بالشت؛ سەرین؛ سەنیر؛ سەرینگا؛ سەنیا؛ بالگە؛ کیسەی لە پەڕ و لۆکە ئاخنراو بۆ ژێر سەر نان یان پاڵ پێوەدان.

**متکبر** / motakabber, motekabber، ـها؛ ـان/: [عربی] *صفت.* لووتبەرز؛ بەدەمار؛ بفڕ؛ کاو؛ بە دەعیە؛ هوشک؛ کەشخەیی؛ کلاچ؛ قۆڕەماخ؛ بە فیز؛ لە خۆبایی؛ بادی هەوا؛ گەبەزە؛ گەوەزە؛ گەڤەزە؛ زرتک؛ فیزن؛ قاپان؛ تڕزل؛ سەقەل؛ مەنەردار.

**متکدی** / motakaddî, motekaddî، ـها؛ ـان/: [عربی]/*سم. [ادبی]* سوالکەر؛ گەدا؛ دەرۆزەکەر.

**متکفل** / motakaffel, motekaffel/: [عربی] *صفت.* وەستۆگر؛ ئۆدەدار (او متکفل همه‌ی هزینه‌ها است: وەستۆگری هەموو خەرجەکان ئەوە).

**متکلف** / motakallef, motekallef/: [عربی] *صفت.* بە گرێ و گۆڵ؛ نائاسایی و بەبێ هۆ دژوارەوەکراو.

**متکلم** / motakallem, motekallem، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی]/*سم.* ۱. بێژەر؛ وێژەر؛ گۆتیار؛ قسەکەر ۲. *[دستور]* یەکەم‌کەس (کۆ یان تاک)

www.perawipepwle.com



۳. کەلامزان؛ زانای زانستی کەلام.

▣ متکلم مع‌الغیر: *[دستور]* یەکەم کەسی کۆ.

**متکلم وحده:** ۱. *[دستور]* یەکەم کەسی تاک ۲. ئەوەی بە تەنیا هەر خۆی قسە دەکا.

**متکی** / mottakî /: [عربی] *صفت.* پشت‌گەرم؛ پالپشتدار ‹دیگر نباید به این و آن متکی باشی: چیتر نابێ بەم و بەو پشت‌گەرم بی›.

**متل** / matal ، ـها/: *اسم.* ۱. چیرۆکەشیعر؛ ڕازی منالان بە شیعر ۲. قسەی بن‌شڕ.

**متل** / motel ، ـها/: [فرانسوی] *اسم.* میوان‌سەرا؛ جێ حەسانەوەی مسافر لە قەراخ دەریا، ناوڕێگا یان هاوینەهەواراندا.

**متلاشی** / motalāšî, motelāšî /: [عربی] *صفت.* پەش؛ پەق؛ لێک‌هەڵوەشاو؛ لێک‌پژاو؛ هەپروون بە هەپروون؛ ورد و خاش؛ لە یەک پاشراو؛ چکیاگە؛ لەبەین چوو.

▣ متلاشی شدن: هەڵوەشان؛ لە بەر یەک چوون؛ لێک هەڵوەشان؛ هەپروون- هەپروون بوون؛ لەت و کوت/ تیکە-تیکە/ ورد و خاش بوون. هەروەها: **متلاشی کردن**

**متلاطم** / motalātem, motelātem /: [عربی] *صفت.* ۱. شەپۆلاوی؛ تایبەتمەندی دەریا و ڕووبار و... کە تووشی تەکان و شەکانی توند دەبێ ۲. *[مجازی]* شڵەژاو؛ هەژاو؛ شڵەژێو؛ تووشیاری شێواوی و پەرێشانی.

**متلک** / matalak ، ـها/: *اسم.* ترانە؛ لقووز؛ تیز؛ مەتەڵەک؛ پلندار؛ لابڕدونگ؛ لابردنگ؛ پلار؛ تڤنک؛ قسەی بە تێکۆڵ ویڕای گاڵتە.

▣ متلک بار کسی کردن: تیز لە کەسێ گرتن؛ تیز بە کەسێ کردن؛ کەسێک بە قسەی چزدار و نالەبار زیزکردن ‹بخاطر پاپیونش خیلی متلک بارش کردند: بە هۆی پاپیونەکەیەوە زۆریان تیز تی‌گرت›.

**متلک پراندن:** لقووز خستن/ داین؛ مەتەڵەک گوتن؛ قسەی بە تێکۆڵ کردن.

**متلک گفتن:** پلار تێ‌گرتن؛ مەتەڵەک لێدان.

**متلون** / motelavven, motalavven /: [عربی] *صفت.* ۱. *[نامتداول]* ڕەنگاوڕەنگ؛ ڕەنگامە؛ بە ڕەنگی جۆراوجۆرەوە ۲. جۆراوجۆر ۳. *[مجازی]* وازوازی؛ حولحولی؛ هەر ساتێ لە سەر سازێ.

**متلون‌المزاج** / motalavvenolmezāc, motelavvenolmazāc /: [عربی] ☜ **متلون‌مزاج**

**متلون‌مزاج** / motalavvenmezāc, motelavvenmazāc ، ـها/: [عربی] *صفت.* ۱. وازوازی؛ دەمدەمی؛ دەمدەمی‌مەزاج؛ لێزۆکی؛ ڕاڕا؛ هەر تاوێ لە سەر قسە و ئاکارێ ۲. تاوێ ساغ تاوێ نەخۆش ❋ **متلوّن‌المزاج**

**متمادی** / motamādî, motemādî /: [عربی] *صفت.* دوور و درێژ ‹سالهای متمادی: سالانی دوور و درێژ›.

**متمایز** / motamāyez, motemāyez /: [عربی] *صفت.* ۱. هەڵاوارده؛ بە فەرقی بەرچاوەوە ۲. جیاواز؛ جیاکار؛ جیازه؛ جیا ۳. سەرپشکدار؛ خاوەن هەڤیازی.

**متمایل** / motamāyel, motemāyel /: [عربی] *صفت.* ۱. هۆگر؛ بە واز ‹متمایل به اَحزاب چپ: هۆگری حیزبە چەپەکان› ۲. *[مجازی]* داهاتوو؛ بەرەو لایەک هاتوو ‹متمایل به راست: بە لای ڕاستدا داهاتوو›.

**متمتع** / motamatte', motematte' ، ـان/: [عربی] *صفت.* بەهرەمەند؛ بەشدار.

**متمدن** / motamadden,motemadden /: [عربی] *صفت.* ۱. پێشکەوتوو؛ خاوەن شارستانیەت ۲. بە فەرهەنگ.

**متمرد** / motamarred, motemarred ، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی] *صفت.* چەڵەک؛ سەربزێو؛ یاخی؛ بزۆز؛ مکوڕ؛ نافەرمان؛ سەربادەر؛ کەنهەش؛ سەرپێچ.

**متمرکز** / motamarkez, motemarkez /: [عربی] *صفت.* ۱. کۆجێ؛ خاوەن ناوەندی ۲. کۆوەبوو؛

لێک خڕەوە بوو.

**متمسک** / motamassek, motemassek / ـان؛ ـین/: [عربی] *صفت.* دەستەداوێن؛ دەسەودامێن؛ دەستودامان.

**متمکن** / motamakken, motemakken / ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی] *صفت.* دەوڵەمەند؛ دارا؛ بووده؛ زەنگین.

**متملق** / motamalleq, motemalleq / ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی] *صفت.* شالووز؛ دەڵەچی؛ دەڵەچە؛ ڕیاباز؛ خوڵستەکەر؛ مەرایی‌کەر؛ خایەماڵ؛ زمانلووس؛ هولیسک؛ لالکەر؛ ڕووپامار؛ کلکەسووتەکەر؛ کلکەفلێکەر؛ ڕووبین.

**متمم**[1] / motammem/: [عربی]/*اسم.* ۱. /ـها/ پەیوەست ۲. ☜ زاویەهای متمم، **زاویه**

**متمم**[2]: *صفت.* تەواوکەر: ۱. دوایی‌هێنەر ۲. *[مجازی]* پڕکەرەوە.

**متمنی** / motamannî, motemannî/: [عربی] *صفت.* خوازمەند؛ تکاکار.

**متموّل** / motamavvel, motemavvel / ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی] *صفت.* مالاڤا؛ بووده؛ دەوڵەمەن؛ دەوڵەمەند؛ زەنگین و ماڵ خۆش.

**متن** / matn ، ـها؛ متون/: [عربی]/*اسم.* مەتن: ۱. دەق؛ منهۆ؛ عەینی نووسراوەیەک بێ دەست لێدران و گۆڕان ‹متن مقاله، متن خبر: دەقی وتار؛ دەقی هەواڵ› ۲. دەق؛ بەشی سەرەکی و گرینگی نووسراوە یان فیلم ۳. تەخت؛ تەختە؛ بنەکوک؛ ژێر نەخشی وێنە و بەرهەمی هونەری ‹متن قالی لاکی است: تەختی قالیەکە گوڵخارە›.

**متناسب** / motanāseb, motenāseb/: [عربی] /*اسم.* ۱. هاوڕێژە؛ هاوڕێژ؛ هاوگر؛ هەڤگر؛ گونجاو؛ هاوەنگ و هاوسەنگی کەس یان شتێکی‌تر ‹این شغل متناسب با شخصیت تو نیست: ئەم پیشە هاوڕێژەی کەسایەتی تۆ نیە› ۲. لەبار؛ لەباو؛ ڕێک ‹اندام متناسب: بەژنی لەبار›.

**متناظر** / motanāzer, motenāzer/: [عربی] *صفت.* هاوچەشن؛ هاووێنە؛ هەڤرات؛ تەچ؛ زاناڤ؛ وەکیەک.

**متناقض** / motanāqez, motenāqez/: [عربی] *صفت.* دژیەک؛ دژبەیەک؛ لێکدژ.

**متناوب** / motanāveb, motenāveb/: [عربی] *صفت.* ۱. بە نۆرە؛ گەڕاوگەڕ؛ گەڕەوگەڕ؛ چەلاوچەل ۲. پەیتا پەیتا؛ پەسا پەسا؛ هەیتاهەیتا؛ شۆن‌ـ شۆن.

**متناهی** / motanāhî, motenāhî/: [عربی] *صفت.* بە بڕانەوە؛ بە دوایی؛ بە کۆتایی؛ خاوەن ئاخر و ئۆخر.

**متنبه** / motanabbeh, motenabbeh/: [عربی] *صفت.* تەمێ؛ چاوشکاو؛ پەندوەرگرتوو؛ بە هۆی لێقەومان دەست لە کاری ناڕەوا کێشاو ‹آرام پس از دعوای آن شب، متنبه شد: ئارام لە دوای شەڕی ئەو شەوەوە، تەمی بوو›.

**متنبی** / motanabbî, motenabbî/: [عربی] *صفت.* *[نامتداول]* پێغەمبەری درۆیی.

**متنعم** / motana'em, motena'em ، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی] *صفت.* بەهرەمەند؛ بەهرەوەر؛ بەتایبەت بەشدار لە ماڵ و سامان.

**متنفذ** / motanaffez, motenaffez ، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی] *صفت.* دەسەلاتدار؛ دەسچوو؛ دەسڕۆییو؛ خاوەن دەسەلات.

**متنفر** / motanaffer, motenaffer/: [عربی] *صفت.* وێزار؛ بێزار؛ وەرز؛ وێرس؛ وەڕەز؛ بێزکەر.

**متنوع** / motanavve', motenavve'/: [عربی] *صفت.* جۆرجۆر؛ جۆراوجۆر؛ جۆرواجۆر؛ جووراوجوور؛ جۆربەجۆر.

**متواتر** / motavāter, motevāter/: [عربی] *صفت.* پەیتا پەیتا؛ هەیتە هەیتە؛ هەیتا هەیتا؛ پەیاپەی؛ پەستا پەستا؛ لە سەر یەک.

**متواری** / motavārî, motevārî ، ـها؛ ـان/: [عربی] *صفت.* ۱. هەڵاتوو؛ وایەنی؛ تەقیو ۲. هەڵوەدا؛ تەرە؛ ئاوارە؛ دەربەدەر؛ دەروەدەر؛

سەرگەردان؛ دەرەندوو؛ بەرەزە.

**متـوازن** / motavāzen, motevāzen/: [عربـی] *صفت*. ۱. هاوکێش؛ هەڤسەنگ؛ هاوسەنگ؛ لە کێشدا بە قەد یەک ۲. هاوتەراز؛ هاوتا؛ لە یەک ریزدا.

**متوازی** / motavāzî, motevāzî/: [عربی] *صفت*. هاوبەر؛ هاوسان؛ تەریب.

**متـوازی‌الاضـلاع** / motavāziyol'azlā', motevāz-/: [عربـی]/*سم*. بیچمێکی تەختی هیندسی چوارلاسک کە لقەکانی دوو بە دوو بەرامبەر و هاوشانن.

**متـوازی‌السـطوح** / motavāziyossutûh, motevāziyossotûh/: [عربـی]/*سم*. بیچمێکی بۆشایی کە ڕووبەرەکانی دووبەدوو پێکەوە هاوشانن.

**متواضـع** / motavāze', motevāze'/: [عربـی] *صفت*. خاکەڕا؛ خاکی؛ بێدەمار؛ خاکەسار؛ خۆشکێن؛ بێفیز؛ بێلاف؛ خۆ بە زل‌نەزان.

**متـوالی** / motavālî, motevālî/: [عربـی] *صفت*. لەسەریەک؛ پەیاپەی؛ پەیتاپەی؛ شۆن‌بەشۆن؛ پشت‌سەر یەک؛ یەک لە شۆن یەک؛ پشت بە پشت ‹دو سال متوالی: دوو سالی لەسەریەک›.

**متوالیا** / motavāliyan, motevāliyan/: [عربـی] *قید*. لێکدا ـ لێکدا؛ پەیتا ـ پەیتا؛ پەستا ـ پەستا؛ لەپەستا؛ گوڕایگوڕ؛ پەسایپەس؛ بە شێوەی یەک لە دوای یەک.

**متوجـه** / motavacceh, motevacceh/: [عربـی] *صفت*. ۱. ئاگادار؛ سەرپێ ‹متوجه سلامت خودش نیست: ئاگاداری ساغی خۆی نیە›. ۲. ڕووتێکەر ‹همەی سختی‌ها متوجه فقرا است: هەموو سەختەتێک ڕووتێکەری هەژارانە›.

▣ **متوجه بودن**: ۱. پێزانین؛ دیتن؛ ئاگا لێبوون ۲. ڕوانین؛ زانین ۳. خەی دان؛ خێ دان؛ بە بیر و ویرەوە لەگەڵدا بوون.

**متوجه کسی بودن**: پای کەسێ گرتن؛ لە پای کەسـێ بـوون ‹تـاوان ایـن خسـارت متوجـه شـما می‌شود: بژارەی ئەم خەسارە پای ئێوە دەگری›.

**متوحش** / motavahheš, motevahheš/: [عربی] *صفت*. هەراسان؛ تۆقاو؛ ترساو.

**متـورم** / motavarrem, motevarrem/: [عربـی] *صفت*. ماسیو؛ هەڵپفاو؛ هەڵمساو؛ هەڵامسیو؛ ئاوساو؛ پەنەماو.

**متوسـط** / motavasset, motevasset/: [عربـی] *صفت*. ناونجی؛ ناونگ؛ ناوین؛ ناڤنج؛ مامناوەنجی؛ نیڤی؛ ناوەڕاست؛ ناوڕاس؛ ناوەندین؛ بە دۆخ یان چۆنیەتی لە نێوان دوو ڕادەوە (باش یان خراپ، زۆر یان کەم، بەرز یان کورت و...) ‹حد متوسط: ڕادەی ناونجی›.

**متوسطه** / motavassete, motevassete/: [عربی] /*سم*. دواناوەندی؛ خولی دواناوەندی؛ خولێکی خوێندکاری سێ یان چوارساڵەی پێش زانستگا.

**متوسل** / motavassel, motevassel/ ، ـان؛ ـین/: [عربـی] *صفت*. دەسەودامێن؛ دەستەوداوێن؛ دەس‌وەدامان ‹برای استخدام به هر کسی و هر کاری متوسل شد: بۆ دامەزران دەسەودامێنی هەر کەسێک و هەر کارێک بوو›.

**متـوطن** / motavatten, motevatten/: [عربـی] *صفت*. ئاکنجی؛ هۆلس؛ ئارانشین؛ خاوەن شوێنێک بۆ نیشتەجێ بوون.

▣ **متـوطن شـدن**: هێوران؛ نیشتەجێ بـوون؛ ئاکنجی بوون؛ ئارانشین بوون؛ لە شار یان ولاتێکدا نیشتەجێ بوون ‹او در آن شهر متوطن شد: لەو شارەدا هیورا›.

**متوفـا**[1] / motavaffā, motevaffā/ ، متوفّیـات/: [عربـی]/*سم*. کۆچکردوو؛ مردوو؛ کەسێ کە مردووە ‹متوفا از بستگان ما بود: کۆچکردوو خزمی ئێمە بوو›: **متوفّی**

**متوفا**[2]: *صفت*. کۆچکردوو؛ مردوو ‹حاضران مرگ همسر متوفّایش را به او تسلیت گفتند: ئامادەبوان مردنی هاوسەری کۆچکردوویان لێ سەرخۆشی کرد›.

**متوفی** / motavaffā, motevaffā/: [عربی] ☜ **متوفّا**

**متوفیات** / motavaffiyāt, motevaffiyāt/: [عربی] جمعِ ☜ **متوفّا**

**متوقع** / motavaqqe', motevaqqe'/: [عربی] *صفت.* چاوەڕوان؛ چاوەنۆڕ؛ چاوەنزار؛ چاولەدوا ‹متوقع بود به دیدنش برویم: چاوەڕوان بوو سەری لێ بدەین›.

**متوقف** / motavqqef, motevaqqef/: [عربی] *صفت.* وەستاو؛ ڕاوەستاو؛ وێساگ؛ وێسیاگ.

▣ **متوقف شدن:** ڕاوەستان: ۱. وەستان؛ وێسان؛ وێسیان؛ مدرەی؛ مردەی ‹سر کوچه متوقف شد: لە سەر کۆلانەکە ڕاوەستا› ۲. ڤەڤەستان؛ ڤەستان؛ له جوولە یان له کار کەوتن ‹دو ماه است کارخانه متوقف شده است: دوو مانگە کارخانەکە ڕاوەستاوە›.

**متوقف کردن:** ڕاگرتن؛ خەفاندن؛ ڕاگیرکردن؛ قەفالتن؛ بەستن؛ ڕاوەستاندن؛ مدرنەی؛ ڤەڤەستاندن؛ ڤەستاندن.

**متوکل** / motavakkel, motevakkel، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی] *صفت.* پشت‌بەستوو؛ پشتن‌بەستوو.

**متولد** / motavalled, motevalled، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی] *صفت.* له دایک‌بوو؛ زاو؛ زادە؛ به دنیا هاتوو ‹متولد پیرانشهر است: لەدایک‌بووی خانەیە›.

**متولی** / motavallî, motevallî، ـها؛ ـان/: [عربی] *اسم.* متەوەللی: ۱. سەرپەرشت و بەڕێوەبەری کارێک ۲. کەسی کە بە سەر مزگەوت، خانەقا یان شوێنێکی ئایینی ڕادەگا ۳. کەسێ کە بە سەر دووکان و زەمینی سەر بە مزگەوت، خانەقا یان شوێنێکی ئایینیدا ڕادەگا.

**متون** / mutûn, motûn/: [عربی] جمعِ ☜ **متن**

**متوهم** / motavahhem, motevahhem/: [عربی] *صفت.* ۱. تۆقاو؛ پەرۆش ۲. خەیالاوی؛ گومان داگرتوو.

**متە** / matte، ـها/: *اسم.* زمە؛ مەتە؛ مەتکەو؛ مەتکەب؛ پلەمەتە؛ مەتێ؛ کونکەرە؛ شخاف؛ شخاڤ؛ شخاب؛ شغاب؛ سمە؛ سمەک؛ سمبە؛ سمۆ؛ بەهرەمە؛ بەریمە؛ ئامێری پێ کون‌کردن.

▣ **متەی برقی:** مەتەی بەرقی؛ مەتەی کارەبایی؛ زمەیەک کە بە هێزی کارەبا کار دەکا.

**هەروەها: متەی دستی**

**متەی جغجغە:** مەتەی دەسکدار؛ کونکەرەیەک کە بە دەست هەڵدەسووڕێ.

▣ **متە به خشخاش گذاشتن:** *[کنایی]* ۱. به شوێن نیسک و نەخۆشەردا گەڕان؛ زۆر بە وردەکاریدا ڕۆچوون ۲. ڕەقاندنەوە؛ زۆر لە سەر چوون.

**متهم**[1] / mottaham، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی]/*اسم.* بەرتاوان؛ ئەوەی کەوتۆتەبەر بوختانێکەوە کە هێشتا نەسەلماوە ‹متهم بایستد: بەرتاوان ڕاوەستێ›.

**متهم**[2]: *صفت.* تاوانبار ‹شما به دزی متهم شده‌اید: ئێوە به دزی تاوانبار کراون›. **هەروەها: متهم بودن؛ متهم شدن؛ متهم کردن**

**متهور** / motahavver, motehavver/: [عربی] *صفت.* زاتدار؛ بەجەرگ؛ ئازا؛ وێرا؛ چەلاق؛ بالۆڵی؛ بێباک؛ زۆر نەترس.

**متهورانه** / motahavverāne, motehavverāne/: [عربی/ فارسی] *قید.* دلێرانە؛ نەترسانە؛ بوێرانە؛ ئازایانە ‹متهورانه در برابر مهاجمان ایستاد: دلێرانە لە بەرامبەر هەڵمەتبەرانەوە هەڵوێستا›.

**متیقن** / motayaqqen, moteyaqqen/: [عربی] *صفت.* بێشک؛ بێسێودوو.

**متیل** / metîl/: *اسم.* متێل؛ پارچەیەکی کیسەئاسا بۆ لێف و دۆشەکە.

**متین** / matîn/: [عربی] *صفت.* ۱. مەلهەمێن؛ لە سەرخۆ؛ نەرم و نیان؛ ئجلاف؛ سەبرۆکە ۲. پتەو؛ خۆگرتوو؛ پاوەجا؛ ڕاسا؛ قایم.

**مثابه** / masābe(h)/: [عربی]/*اسم.* شێوە؛ وێنە.

▣ **به مثابه:** وەکوو؛ وەکی ‹این کار به مثابه‌ی دزدی

از مردم است: ئەم کارە وەکوو دزی لە خەڵکە›.

**مثال** / mesāl ، ـهـا: مُثُـل/: [عربـی]/سـم. نمانـا؛ نموونە؛ وێنە.

**مثانـه** / masāne/: [عربـی]/سـم. میزەڵـدان؛ میزەڵـدان؛ میـزەڵان؛ گمێـزدان؛ میزڵـدان؛ میـزدان؛ میزدانـک؛ میسمیسـک؛ مسوڵـدان؛ موسڵدان؛ بسوڵدان؛ پڵدان؛ پوڤدانک؛ تیزانـگ؛ ترتەمانی؛ مالمیزک؛ ڕوودێن؛ چۆرکدو؛ مەسانە؛ کیسەی جێی کۆوە بوونی میز لە لەشدا.

**مثبـت** / mosbat/: [عربـی] صـفت. موسـبەت؛ پوزیتیڤ: ۱. باش؛ خاس؛ خاوەن باری بەکەڵک یـان لێهـاتوو ‹ئادم مثبـت؛ فعالیـت مثبـت: مـرۆی موسبەت؛ چالاکی باش› ۲. خاوەن باری ئـەرێنی ‹پاسخ مثبت: وەرامی موسـبەت› ۳. خـاوەن بـاری ڕاسـتەقینە و سـەڵماو ‹علـوم مثبـت: زانسـتە پوزیتیڤیەکان› ٤. [برق] خاوەن لێهاتوویی بـەرەو لای خۆ کێشانی ئیلکترۆن * بەرانبەر: **منفی**

**مثقـال** / mesqāl ، ـهـا/: [عربـی]/سـم. مسـقال؛ مسقالـە: ۱. یەکـەی کێشـی کـۆن بەقـەد ٤,٥ گـرەم ۲. [کنـایی] تۆزقـاڵ؛ تـۆز؛ هێنـدێکی زۆر کەم.

**مثـل** / masal ، ـهـا؛ اَمثـال؛ اَمثَلـه/: [عربـی]/سـم. ۱. پەنـد؛ دەسـتەواژە؛ مەتەڵـۆک؛ مەتهـەڵۆک؛ مەتەڵۆکە؛ قسەی نەسـتەق؛ وتـەیێ کـە بـیر و ڕایـەک دەردەبـڕێ (وەک «ئـاو لـە سـەرچاوکەوە لێلـە»، یانـێ «کـار لـە بنـەوە خراپـە») ۲. وێنـە؛ نموونە؛ نمانا.

**مثل** / mesl ، اَمثال/: [عربی]/سم. وێنە؛ وێنا؛ مینـا؛ مینـاک؛ لـف؛ هاوتـا ‹در زیبـایی مثـل نداشـت: لـە جوانیدا وینەی نەبوو›.

**مثل** / mesle/: [عربی] حرف. وەکوو؛ وەک؛ وەکی؛ دەدی؛ نۆلا؛ چەشنی؛ هەزەی؛ جۆری؛ لە گوێن؛ چون؛ عەین؛ پێسەو؛ پسەو؛ پسۆ؛ مینا؛ میناک.

▣ **مثـل آب خـوردن**: وەکـوو ئـاو خواردنـەوە؛ پێسەو ئاو واردەی؛ یەکجار سانا و هاسان ‹این کار برایش مثل آب خوردن است: ئەم کارە وەکوو ئاو خواردنەوەیە بۆی›.

**مثل آدم**: وەکوو/ وەک بنیادەم؛ ئـەو جـۆرەی کە شـیاوی مرۆڤـە ‹مثـل آدم حـرف بـزن: وەک بنیادەم قسە بکە›.

**مثل ابر بهار**: وەک هەوری بەهار؛ وەک هەور و باران؛ پێسـەو وارانی/ قەڵـەوزی (سـەبارەت بـە گریان) ‹مثل ابر بهار اشک می‌ریخت: وەک هەوری بەهار فرمێسکی دادەباراند›.

**مثل اجل‌معلق**: وەکوو تریشقەی بەڵا؛ بە پەلـە و لە ناکـاو (لەمـەڕ هـاتنی نابـەجێ و نـاوەختی کەسێکەوە دەگوترێ) ‹در یک چشم به هم زدن دو نفر مثل اجل معلق سر رسیدند: لـە چاوتروکانێکـدا دوو کەس وەک تریشقەی بەلا گەییشتن›.

**مثـل اسـتخوان**: ۱. وەک هـەلووک؛ دارکـەپێچان؛ زۆر لـەڕ و لاواز ۲. وەک بـەرد؛ وەک ئێسـک؛ پێسـەو تۆڵاشـی؛ زۆر سـفت و سەخت وەکوو بەرد ‹این نان کـه مثـل استخوان است، اصلاً نمی‌شود خورد: ئەم نانە خۆ وەک بەردە، هەر ناخورێ›.

**مثـل اسـفند روی آتـش**: وەک دانـەبرێشـکە؛ وەک دانەی سـەر سـاج؛ بـێئـۆقرە؛ هـەوڵ و پەرێشان ‹مثل اسفند روی آتش یـک دقیقـه آرام نداشـت: وەک دانەبرێشـکە، سـاتێک هـەدا دانی نەبوو›.

**مثل اشک چشم**: وەک چاوی قرژانگ/ قاژنـگ؛ وەک ئاوی چاو؛ پێسەو چـەموو کەڵەشـێری؛ زۆر ڕوون و خاوێن ‹آبی داشت مثل اشـک چشـم: ئاوێکی هەبوو وەک چاوی قرژانگ›.

**مثل الماس**: وەک ئەڵماس؛ پێسەو ئەڵماسـی؛ زۆر تیژ و بەبڕشت.

**مثل امامزاده‌ی بی‌زینـت**: وەک مالـی خـوا؛ وەکی پیرەپەڕۆ؛ وەکوو چاکی پەڕۆیان؛ بـەبێ ئەسباب و کەڵوپەلی شیاو ‹یـک اتـاق داشـتند لخت و خالی، مثل امامزاده‌ی بـی‌زینـت: ژووریکیـان

**هەبوو** وەک مالی خوا. ڕووت و قووت).

**مثل امامزادەی جل‌بندی: کۆنەپۆش؛ ڕیتاڵ؛ شرەبەر؛ شرەبار.**

**مثل بازار شام: وەک مالە خەڕات؛ وەکوو گاڵەبازاڕ؛ وەک بازاڕی شێخ هەمزە؛ زۆر شێواو و ئاڵۆز** (خانە را کردە بودند مثل بازار شام: **مالەکەیان** وەک ماله خەرات لێ‌کردبوو).

**مثل برج زهرمار: درش؛ ناوچاوتاڵ.**

**مثل برق: وەک بەرق؛ وەک با؛ پێسەو تیرێ؛ گورج و بە پەلە** (مثل برق خودت را برسان!: وەک بەرق بگەیە!).

**مثل برگ گل: وەک پەڕەی گوڵ؛ پێسەو هەوڕێشمی؛ زۆر نەرم و خاوێن** (پوستی داشت مثل برگ گل: **پێستێکی هەبوو** وەک پەڕەی گوڵ).

**مثل بره: وەک پەز پێغەمبەر؛ وەک پەپوولە؛ پێسەو/ عەینوو مەی؛ کەوی و بێ ئازار.**

**مثل بلبل: وەکوو بلبل؛ وەک بولبوڵ** (مثل بلبل انگلیسی حرف می‌زد: وەک بلبل ئینگلیزی قسەی دەکرد).

**مثل بند تنبانِ کوتاه: گونەڵ؛ کەسێ یان شتێ کە نەیەتە دەستەوە، نەتوانن بیگرن و هەڵبێت.**

**مثل بید: وەک وەنەن؛ وەک وەنەن هەجیج؛ وەک بی؛ پێسەو/ عەینوو وەنەنێ؛ لەرزۆک** (مثل بید از سرما می‌لرزید: له سەرمادا وەک وەنەن دەلەرزی).

**مثل پرِ کاه: وەک/ وەکوو پووش؛ زۆر سووک** (مثل پر کاه بلندش کرد: وەکوو پووش بەرزی کردەوە).

**مثل پنبه و آتش: وەکوو ئاور و کا؛ وەک پیفک و پەمۆ؛ وەک ئەستێ و پووشوو؛ پێسەو ئایر و پووشی؛ ناتەبا و دژ بە یەک.**

**مثل پنجەی آفتاب: وەک مانگی شەوی چواردە؛ متورفە؛ وەک مانگ؛ زۆر جوان** (دختری داشت مثل پنجەی آفتاب: **کچێکی بوو** وەک مانگی شەوی چواردە).

**مثل پوست پیاز: وەک قاقەز؛ وەک تووژ؛ پێسەو تۆکڵە هێڵەی؛ ناسک و بێ‌بەرگە.**

**مثل تیر: وەک تیر؛ وەکوو با؛ پێسەو وای؛ زۆر تون و تێژ** (چنان می‌دوید مثل تیر: وەک تیر دەڕۆیشت).

**مثل تیشه: وەک ڕسق؛ خۆویست؛ خۆپەرس** (مثل تیشه همه‌اش به طرف خودش می‌تراشد: وەک رسق هەر بۆ خۆی کۆ دەکاتەوە).

**مثل جگر زلیخا: وەکوو کۆتەی قەساب؛ لەت و پەت و ونجڕ-ونجڕ** (لباس به تنم شده بود مثل جگر زلیخا: **جلەکانم لەبەرمدا** وەکوو کوتەی قەسابیان لێ هاتبوو).

**مثل جنازه: وەک ڕێوی تۆپیو؛ وەک مردگ؛ بێ‌جم و جووڵ** (مثل جنازه افتاده بود و تکان نمی‌خورد: وەک ڕیوی تۆپیو کەوتبوو، جووڵەی نەدەکرد): **مثل مرده/ میّت**

**مثل جن بوداده: وەک هەلووک؛ مەڕەموکە؛ زۆر لەڕ و لاواز.**

**مثل جهنم: وەک جەحانم؛ جێگای زۆر گەرم و ناخۆش.**

**مثل چوب کبریت: ۱. وەک چوکلە؛ وەک داسک و دەرزی؛ پێسەو نەیچەنی؛ لەڕ و لاواز ۲. وشکوپشک؛ وشک و برین؛ وشک و بێ‌نم.**

**مثل حمام: وەکوو حەمام؛ جێگای زۆر گەرم و شێدار** (هوا مثل حمام گرم و شرجی بود: هەوا وەک حەمام گەرم و بۆق بوو).

**مثل حمام زنانه: وەکوو حەمامی ژنان؛ وەک حمام ژنانە؛ جێگای قەرەبالغ و پڕ زلە.**

**مثل خر: وەک/ وەکوو کەر؛ پێسەو گاوێ؛ نەفام و بێفەرهەنگ.**

**مثل خر عصاری: وەکوو گای بنە؛ وەک ئاوڕۆشنەوکەرە؛ بە کار و تێکۆشانی زۆری**

بێبایەخەوە ‹مثل خر عصاری دور خودمان می‌چرخیم: وەکوو گای بنە لە دەوری خۆمان هەلدەسووڕین›.

**مثل خروس بی‌محل**: وەک کەلەشێر ناوەخت؛ نابەجێ و نەگونجاو ‹یکباره مثل خروس بی‌محل شروع کرد به حرف زدن: لە کوتوپڕا وەک کەلەشیر ناوەخت دەسی کرد بە قسە کردن›.

**مثل دستەی گل**: وەکوو دەستەی/ تۆپی گوڵ؛ وەک چەپکەی گوڵ؛ وەک گوڵ؛ زۆر ڕێکوپێک و جوان ‹خانه را مثل دستەی گل تمیز و مرتب کرده بود: ماڵەکەی وەک دەستەی گوڵ خاوێن و ڕێکوپێک کردبوو›.

**مثل دوک**: وەک دارکەپێچان؛ وەکوو هەلووک؛ قرخن؛ زۆر لەڕ و لاواز.

**مثل ریگ**: وەک گەلای دار؛ پێسەو تفەتەڕا؛ یەکجار زۆر ‹مثل ریگ پول خرج می‌کرد: وەک گەلای دار پوولی خەرج دەکرد›.

**مثل زالو**: وەک زەروو؛ وەک گەنە؛ وەک تووڕک؛ پێسەو درەی؛ پێوەنووساوی لەنجباز و مزاحیم ‹مثل زالو بهم چسبیده بود و ول نمی‌کرد: وەک زەروو پێمەوە نووسابوو بەری نەدەدام›.

**مثل ساعت**: وەکوو سەعات؛ ڕێکوپێک ‹مثل ساعت کار می‌کرد: وەک سەعات کاری دەکرد›.

**مثل ستارەی سهیل**: وەک گوڵەگەزیزە؛ وەک قەن ماڵەگەدا؛ وەک قەن ماڵ شێخ ‹مثل ستارەی سهیل شدەای، پیدایت نیست!: وەک گوڵەگەزیزەت لێهاتووە، دیار نیت!›.

**مثل سد سکندر**: وەکوو پۆڵا؛ زۆر قورس و قایم.

**مثل سگ**: وەکوو سەگ؛ پێسەو تووتەی؛ تووڕە و شەڕانی ‹مثل سگ پر و پاچەی همه را می‌گرفت: وەکوو سەگ لاقی هەمووی دەگرت›.

**مثل سگ پاسوخته**: وەکوو مریشکی سەربڕاو؛ وەک سەگ پا سووتیاگ؛ پێسەو کەرگێ پاسۆتێ؛ پەڕێشان و بێئۆقرە ‹مثل سگ پاسوخته به هر طرف می‌دوید: وەکوو مریشکی سەربڕاو هەر هەلدەهات›.

**مثل سنگ**: وەک/ وەکوو بەرد؛ پێسەو تەوەنێ؛ زۆر سەخت.

**مثل سنگ و شیشه**: وەک پووش و ئەستێ؛ وەکوو کارد و پەنیر؛ ناتەبا و نەساز؛ دژ بە یەک.

**مثل شاخ شمشاد**: وەک عەرعەر؛ وەک سەوڵ؛ خۆش قەو؛ ڕێکوپێک؛ بەژن‌ڕێک ‹مثل شاخ‌شمشاد مقابلت ایستاده: وەک عەرعەر لەبەرامبەرتەوە وەستاوە›.

**مثل شتری که به نعلبندش نگاه می‌کند**: تووڕە و قەتیس.

**مثل شیر**: وەک شێر؛ پێسەو شێری: ۱. زۆر نەترس و دلێر ۲. بوێرانە؛ دلێرانە.

**مثل شیر مادر**: وەک شیری دایک؛ وەک شیر دالگ؛ پێسەو شۆتوو ئەدای؛ ڕەوا؛ حەلاڵ.

**مثل شیشه**: وەک شووشە؛ تورت و پەژ.

**مثل علَم یزید**: وەک وشتری ناو پەمۆ؛ دڕێژ تا ئێوارە؛ زۆر دڕێژ و لۆق.

**مثل فرفره**: وەک فڕفڕە؛ پێسەو پلیزگردێ؛ فرز و خێرا.

**مثل کارد و پنیر**: وەک کارد و پەنیر؛ وەک ئەستێ و پووشوو؛ زۆر دژ بە یەکتر ‹آنها مثل کارد و پنیرند، یک هفته با هم سر نمی‌کنند: ئەوان وەک کارد و پەنیر وان، حەوتوویک پێکەوە ناژین›.

**مثل کاه**: وەک بەی؛ زۆر زەرد.

**مثل کف دست**: وەک لەپی/ بەری دەست؛ وەک ناودەس؛ ڕێک و بێگرێ و گوڵ.

**مثل کنه**: وەک مچ/ گەنە؛ پێداگر؛ نەگەویس ‹مثل کنه بهم چسبیده بود و ولم نمی‌کرد: وەک گەنە پێمەوە نووسابوو لێم نەدەبڕوە›.

**مثل کوره**: وەک کووڕە: ۱. وەکوو تەنوور؛ زۆر گەرم ۲. زۆر بە یاو.

**مثل کوه:** وەک/ وەکوو کێو ‹مثل کوه ایستاد و خم به ابرو نیاورد: وەک کێو وێسا و بە بای خەیالیشیدا نەهات›.

**مثل گربەی کور:** وەک پشیلە؛ سپڵە و پێنەزان.

**مثل گوشت قربانی:** وەکوو کەوڵی قەرەچی؛ وەک مالی ئازیەتی ‹ریختند و مثل گوشت قربانی تکه ـ تکه‌اش کردند: ڕژانە سەری و وەکوو کەوڵی قەرەچی لەتوپەتیان کرد›.

**مثل لکلک:** وەک حاجی لەقلەق؛ لۆقلۆقی؛ درێژ و باریک.

**مثل مرده/ میت** ☜ **مثل جنازه**

**مثل موم:** وەک مۆم: ۱. زۆر نەرم؛ نەرم و نۆل ۲. *[مجازی]* ڕام و فەرمانبەر ‹در دستش مثل موم بود: وەک موم لە دەستیدا بوو›.

**مثل نی‌قلیان:** زۆر لەڕ و لاواز؛ دالگۆشت؛ قاڕووعەم.

**مثل هلو:** ۱. جوان و خۆش‌ڕەنگ ۲. شیرین و خۆش.

▣ **مثل خر در گل ماندن:** *[تعریض]* وەکوو کەر لە قوڕدا چەقین؛ تێچەقین؛ هیلاک و بێ دەرەتان داکەوتن.

**مثل** / mosol/: [عربی] جمعِ ☜ **مثال**

**مثلاً** / masalan/: [عربی] *قید.* ۱. بۆ وێنە ‹ایران را مثلاً با کره مقایسه کنیم: بۆ وێنە ئێران لەیەل کورەدا بەرامبەر کەینەوە› ۲. گوایا؛ گوایە؛ گوا؛ چما ‹مثلاً تو اینها را شسته‌ای؟!: گوایە تۆ ئەمانەت شۆردووە؟!›.

**مثلث**/ mosallas ، ـها؛ ـات *[نامتداول]*/: [عربی]/*اسم.* سێ‌گۆش؛ سێسووچ؛ سێ‌کونج: ۱. بیچمێکی هیندسی بە سێ‌لق و سێ‌کونجەوە ۲. سیانە؛ دەستەی سیانی ‹مثلث شرارت: سیانەی شەڕاشۆیی› ۳. *[نجوم]* هەر کام لە دوو کەلووەی سێسووچی باشووری و سێسووچی باکووری.

▣ **مثلث بازگوشه:** سێ‌کونجێ کە کونجێکی زۆرتر لە ۹۰ دەرەجەیە: **مثلث منفرجه**

**مثلث تندگوشه:** سێ گۆشەیێ کە هەر سێ کونجەکەی لە ۹۰ پلەک کەمتر بێت: **مثلث حاده**

**مثلث جنوبی:** *[نجوم]* وێنەیەکی گەردوونی بچووک لە نێوان کەلووی شێر و هۆشەدا: **نهران**

**مثلث حادّه** ☜ **مثلث تندگوشه**

**مثلث راستگوشه:** سێ کونجێ کە یەکێ لە کونجەکانی ۹۰ دەرەجەیە: **مثلث قایم**

**مثلث سه پهلو برابر:** سێ‌کونجی لق/ لاسک بەرامبەر؛ سێ کونجێ کە هەر سێ لقەکەی پێکەوە بەرامبەرن: **مثلث متساوی‌الاضلاع.** هەروەها: **مثلث سه‌گوشه‌برابر**

**مثلث شمالی:** *[نجوم]* وێنەیەکی ئاسمانی لە نێوان بەرخ و ژنی پێ لە زەنجیردا.

**مثلث قایم** ☜ **مثلث راستگوشه**

**مثلث کروی:** سێ کونجێ کە بە سەر گۆیەکەوە بەدی دێ.

**مثلث متساوی‌الاضلاع** ☜ **مثلث سه پهلو برابر**

**مثلث متساوی‌الساقین:** سێ‌کونجی دووڵق یەکسان؛ سێ کونجێ کە دوو لقی پێکەوە بەرامبەرن.

**مثلث مختلف‌الاضلاع:** سێ کونجێ کە لقەکانی پێکەوە بەرامبەر نین. هەروەها: **مثلث مختلف‌الزّوایا**

**مثلث منفرجه** ☜ **مثلث بازگوشه**

**مثلثات** / mosallasāt/: [عربی]/*اسم.* ۱. *[نامتداول]* جمعِ ☜ **مثلث** ۲. لقێک لە زانستی بیرکاری کە دەپەڕێتە سەر سێ‌کونج و تایبەتمەندیەکانی.

**مثلثی** / mosallasî/: [عربی]/*اسم.* سێ‌کونجی؛ سێ‌گۆشی؛ سێسووچی.

**مثله** / mosle/: [عربی] *صفت.* لووت و گوێبڕاو؛ لووت و گوێچکە کریاگ.

▣ **مثله کردن:** ۱. گوێ و لووتی کەسێ بڕین

۲. *[مجازی]* داپاچین؛ ئەرەپاتەی؛ بە هۆی دەس‌لێدان، شتێک خراپ‌کردن ‹سانسورچی‌ها فیلم را مثله کرده بودند و هرچه نگاه کردیم چیزی دستگیرمان نشد: سانسۆرچیەکان فیلمەکەیان داپاچیبوو، هەرچی سەیرمان کرد هیچی لێ حالی نەبووین›.

**مثمر** / mosmer/: [عربی] *صفت.* بەردار: ۱. به بەر ‹درخت مثمر: داری بەردار› ۲. بەکەڵک؛ سوودمەند ‹کمکهای او مثمر واقع نشد: یارمەتیەکانی بەکەڵک نەبوون›.

**مثمن**[1] / mosamman، ـها/: [عربی]*/سم.* هەشتێنە؛ چەشنێک موسەمەت کە هەر بەندێکی هەشت‌بالی هەیە.

**مثمن**[2]: *صفت.* هەشتێنە؛ بە هەشت بنەما یان کۆڵەکەوە.

**مثنوی** / masnavî، ـها/: [عربی]*/سم.* دووخشتەکی؛ هۆنراوەیێ کە بالەکانی هەر بەیتێک پێکەوە هاوپاشڵن و لە سەر یەک کێش داڕێژراون.

**مثنی** / mosannā/: [عربی] *صفت. [ادبی]* دوانی؛ دوو دانەیی.

**مجاب** / mocāb/: [عربی] *صفت.* بێقسە؛ وەڵام‌گرتوو؛ وەرام دەست‌کەوتوو.

▣ **مجاب شدن:** بێقسە بوون؛ قانیع بوون ‹با دلیلهایی که او می‌آورد همه مجاب شدیم: بەو بەڵگانە دەیهێنایەوە هەموومان بێقسە بووین›.

**مجاب کردن:** بێقسە کردن؛ قانیع کردن.

**مجادلات** / mocādelāt/: [عربی] جمعِ ☜ **مجادله**

**مجادله** / mocādele، ـها؛ مجادلات/: [عربی]*/سم. [ادبی]* ۱. کێشە؛ شەڕەقسە؛ قڕوچیڕەک؛ گلتە؛ جڕاجڕ؛ شەڕەدندوکە؛ شەڕەچەقە؛ کار و ڕەوتی یەک و دووکردن؛ هەرا کردن ‹بر سر هیچ و پوچ با هم مجادله می‌کردند: لە سەر هیچوپووچ کێشەیان دەکرد› ۲. شەڕ؛ مشتومڕ؛ گێرە و کێشە؛ ملە؛ ململانێ ۳. *[قدیمی]* دوژمنایەتی؛ دژبەرایەتی.

**مجار** / macār/:*/سم.* ۱. هۆزی ڕەسەنی نیشتەجێی مەجارستان ۲. ـها/ خەڵکی ئەو هۆزە ۳. زمانی ئەو هۆزە، لە زمانگەلی فینۆئوێغووری.

**مجاری**[1] / macārî/: [عربی] جمعِ ☜ **مجرا**

**مجاری**[2]: *صفت.* مەجاری؛ مەجارستانی؛ سەر بە مەجارستان.

**مجاز** / macāz/: [عربی]*/سم.* مەجاز؛ وشەیێ کە لە مانایێکی‌تر جگە لە مانای سەرەکی خۆی بە کار بچێ (وەک «شێر» بە مانای بەهێز و دلێر).

**مجاز** / mocāz/: [عربی] *صفت.* ڕێپێدراو؛ ڕەوا؛ قانوونی: ۱. بەبێ بەرگری قانوونی یان کۆمەڵایەتی ‹کالای مجاز: کەڵوپەلی ڕێپێدراو› ۲. بە بڕوانامە و ئیجازەنامەوە ‹کارگاه مجاز: کارگەی قانوونی›.

▣ **مجاز بودن:** بۆ بوون؛ ڕەوا بوون؛ ڕێ بوون؛ بێڵەمپەڕ بوون ‹هر مسافر مجاز است ۱۵ کیلو بار همراه ببرد: هەر مسافرێک بۆی هەیە ۱۵ کیلۆ بار دەگەڵ خۆی ببا›.

**مجازاً** / macāzan/: [عربی] *قید.* ۱. به مەجاز؛ بە مانایەکی‌تر، جگە لە مانای سەرەکی ۲. ناڕاستەقینە؛ بەڕواڵەت.

**مجازات** / mocāzāt، ـها/: [عربی]*/سم.* سزا.

▣ **مجازات شدن:** سزا دران ‹مجرم مجازات شد: تاوانکار سزا درا›: **به مجازات رسیدن**

**مجازات کردن:** سزا دان ‹او را به خاطر سرپیچی از دستور مجازات کردند: بە هۆی سەربادان لە دەستوور سزایان دا›: **به مجازات رساندن**

**به مجازات رساندن** ☜ **مجازات کردن**

**به مجازات رسیدن** ☜ **مجازات شدن**

**مجازی** / macāzî/: [عربی] *صفت.* مەجازی: ۱. سەر بە مەجاز ۲. ڕواڵەتی؛ ناڕاستەقینە.

**بەرانبەر: حقیقی**

**مجال** / macāl/: [عربی]*/سم.* دەرفەت؛ بوار؛

بواره؛ دەرەتان؛ بگار؛ دەلیڤە؛ ماوە؛ بگارە؛ رێگـە: ۱. هەل ‹مجال سر خاراندن نداشتم: دەرفەتـی سـەر خوراندنم نەبوو› ۲. بووز؛ بۆ لـوان ‹در آنجـا مجـال گفتگو نبود: لەوێ رێگەی وتـووێژ نەبوو›.

**مجالس** / macāles/: [عربی] جمعِ ☜ **مجلس**

**مجالست** / mocālesat ، ـها/: [عربی]/سم. /ادبی/ هاونشینی.

**مجامع** / 'macāme/: [عربی] جمعِ ☜ **مَجمَع**

**مجامله** / mocāmele ، ـها/: [عربـی]/سـم. /ادبـی/ زوان‌بازی؛ زمـان‌چـەوری؛ زمـان‌لووسـی؛ بـەکار هێنانی وشە و ڕستەی جوان و ڕازاوە لە قسـەدا بۆ فریودانی خەڵک.

**مجاناً** / maccānan/: [عربی] قید. بە خۆڕایی؛ (بـە) هەروا؛ بە مفتە ‹مجاناً در اختیار علاقه‌مندان گذاشـت: بە خۆڕایی خستیە بەردەست هۆگرانەوە›.

**مجـانی**[1] / maccānî/: [عربـی] صـفت. بـەلاش؛ خۆڕایی؛ بێ‌نرخ؛ مفت؛ مفتـە ‹نـان مجـانی: نـانی بەلاش›.

**مجـانی**[2]: قیـد. بـە خـۆڕایی؛ (بـە) هـەروا؛ بێ‌وەرگرتنی نرخ ‹مجانی می‌بردند، من هم رفتم: بـە خۆڕایی دەیانبرد، منیش ڕۆشتم›.

**مجانین** / macānîn/: [عربی] جمعِ ☜ **مجنون**

**مجاور**[1] / mocāver ، ـها؛ ـان/: [عربی]/سم. ئەوەی بۆ خێر دەبێتە لانشینی شوێنێکی پیرۆز.

**مجاور**[2]: صفت. پەنا؛ لـە پـەنا؛ جـیران؛ کـەناری؛ هاوسێ؛ پاڵ‌دەست؛ تەنیشت؛ دراوسـێ؛ هامسـا؛ لاپاڵ؛ پاڵ‌بەپاڵ ‹خانەی مجاور مدرسه: مالی پـەنای قوتابخانە›.

**مجـاورت** / mocāverat ، ـهـا/: [عربـی]/سـم. دراوسێیەتی؛ دراوسێیی؛ هاوسایەتی؛ هامسایەتی؛ جیرانی.

**مجاهد** / mocāhed ، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربـی]/سـم. ۱. خەباتکار؛ خەباتگێڕ؛ ئـەوەی خـەبات دەکـا ۲. موجاهید؛ هەر کام لە ئەندامانی بڕێ لە پارتە سیاسیەکانی ئێـرانی یـان ئیسـلامی هاوچـەرخ ‹مجاهد افغانی: موجاهیدی ئەفغانی›.

**مجاهـدات** / mocāhedāt/: [عربـی] جمـعِ ☜ **مُجاهدَت**

**مجاهدت** / mocāhedat ، ـهـا؛ مجاهـدات/: [عربـی] /سم. تێکۆشان: ۱. خەبات ۲. هـەوڵ و تـەقالای بێ‌بڕانەوە بۆ گەیشتن بە ئامانج: **مُجاهده**

**مجاهده** / mocāhede ، ـها/: [عربـی]/سـم. /ادبـی/ ☜ **مُجاهدَت**

**مجبور** / macbûr/: [عربی] صفت. ناچار؛ نـاگوزیر؛ مەجبوور؛ گەنگیر؛ ناعەلاج؛ ناعیلاج ‹مجبور شدیم خانه را بفروشیم: ناچار بووین ماڵەکە بفرۆشین›.

**مجبوراً** / macbûran/: [عربـی] قید. لە ناچاری؛ بە ناچـار؛ بـە مـەجبووری؛ ناچـار؛ نـاگوزیر؛ بـە ناعەلاجی ‹مجبوراً به دنبالش راه افتـادم: لـە ناچـاری کەوتمە شوێنی›.

**مجبـوری**[1] / macbûrî/: [عربـی]/سـم. ناچـاری؛ ناعەلاجی؛ ناعیلاجی؛ ناگوزیری ‹از روی مجبـوری به اینجا آمدیم: لە ڕووی ناچاریەوە هاتین بۆ ئێرە›.

**مجبـوری**[2]: قیـد. /گفتـاری/ نـاعیلاجی؛ ناچـاری؛ ناگوزیری؛ لـە ڕووی مەجبوورییـەوە ‹آمـدنمان بـە تهران مجبوری بود: هاتنمان بۆ تاران ناعیلاجی بوو›.

**مجبوریـت** / macbûrîyyat ، ـهـا/: [عربـی]/سـم. ناچـاری؛ ناچاریـەتی؛ نـاگوزیری؛ مـەجبووری؛ مەجبوورییەتی؛ چۆنیـەتی و شـێوازی مـەجبوور بوون.

**مجتمع** / moctama', moctame' ، ـها/: [عربـی] /سم. کۆمەڵە؛ جڤاک؛ شەماتە؛ جەملـە؛ کۆمەڵـێ کـە ئەندامـەکانی لـە بـاری چۆنیـەتی یـان کـارکردەوە لەیـەک دەچـن ‹مجتمـع صـنعتی: کۆمەڵەی پیشەسازی›.

▣ **مجتمـع بیمارسـتانی**: پـۆلی‌کلینیـک؛ نەخۆشخانەیەک بە کۆمەڵێ دەرمانگا و بەشی جۆراجۆری ڕاژەی دەرمانیەوە.

**مجتمـع مسـکونی**: کۆمـاڵ؛ کـۆدێن؛ کۆمەڵـە خانووی لە پـەنای یـەک. هـەروەها: **مجتمـع**

www.perawipepwle.com



**آپارتمانی؛ مجتمع تجاری**

**مجتمع** / moctame', moctama'/: [عربی] *صفت.* کۆکراوە؛ خڕکراو؛ کۆوەبوو؛ کۆبوو؛ لێک‌کۆکراو.

**مجتهد** / moctahed ، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی]/*سم.* ۱. مەلای ئایین کە بە هۆی زانست و لێهاتوویەوە دەتوانێ لە سەر بابەتەکانی دینی بیر و ڕا دەربڕێ ۲. *[قدیمی]* سەرترین پلەکی زانستی لە لقێکی زانستیدا.

**مجد** / macd/: [عربی]/*سم. [ادبی]* سەربەرزی؛ سەربڵندی.

**مجد** / moced(d)/: [عربی] *صفت.* تێکۆشەر؛ کۆشا.

**مجدانه** / moceddāne/: [عربی/ فارسی] *قید. [ادبی]* بە پێداگریەوە؛ بە هەوڵ و تێکۆشانەوە ‹مجدانە پیگیری می‌کرد: بە پێداگریەوە شوێنی دەگرت›.

**مجدد** / mocaddad/: [عربی] *صفت.* دووبارە؛ چەندجارە؛ چەندبارە؛ چن‌جارە ‹تلاش مجدد هم فایدەای نداشت: هەوڵی دووبارەش کەڵکی نەبوو›.

**مجدد** / mocadded/: [عربی]/*سم. [ادبی]* تازەکەرەوە؛ تازەوەکەر؛ نوێکار.

**مجدداً** / mocaddadan/: [عربی] *قید.* دیسانەوە؛ دووبارە؛ هەمدیس؛ ژنۆ؛ نۆز؛ سەرلەنوێ؛ نۆژەن ‹مجدداً تلاش کردم ولی فایدەای نداشت: دیسانەوە هەوڵم دا بەڵام کەڵکی نەبوو›.

**مجذوب** / maczûb/: [عربی] *صفت. [ادبی]* ۱. *[نامتداول]* ڕاکێشراو ۲. شەیدا؛ ئەویندار.

**مجذور** / maczûr/: [عربی] *صفت. [ریاضی]* بن‌ڕیشە؛ بەرهەمی لێدرانەوەی ڕەقەمێک لە خۆیدا (وەک ۱۶ و ۲۵ کە دەبنە بن‌ڕیشەی ٤ و ٥).

**مجرا** / macrā ، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی]/*سم.* ۱. ئاوەڕۆ؛ ئاوەڕوێ؛ ژێڕاو؛ زێراب؛ ئاوەڕێژ؛ وەڕاو؛ گونج؛ گونجە ‹مجرای فاضلاب: ئاوەڕوێ پێشاو› ۲. بوار؛ بوارگە؛ شوێن و شێوازی ئاسایی بۆ جێبەجێ بوونی کارێک ‹بهتر است کار از مجرای اداری پیش برود: کارەکە باشترە لە بواری مەزرینگەییەوە بڕواتە پێش›.

**مجرا** / mocrā/: [عربی] *صفت.* بەڕێوەبردنی: **مُجری**

**مجرب** / mocarrab/: [عربی] *صفت.* ۱. لێزان؛ بەئەزموون؛ فێربوو؛ لەکار ڕاهاتوو ۲. تاقی‌کراوە.

**مجرد** / mocarrad ، ـها/: [عربی] *صفت.* ۱. تەنیا؛ تەنها؛ تەنێ؛ قوتار؛ سەڵتە ۲. ـان؛ ـین/ هورم؛ ڕەبەن؛ ڕەبەنۆک؛ سۆبا؛ سەڵت؛ زگوردی؛ بێ‌هاوسەر؛ قازاخ؛ (بۆ کچ)؛ زگورد؛ زوگورد ۳. جیا؛ جیاواز؛ بە دوور.

▣ **به مجرد اینکه:** هەرکە؛ هەتا؛ تا؛ تاکوو؛ هەتاکوو؛ هەتاوەکوو؛ هەتاوەکوونێ؛ هەتاکە ‹به مجرد اینکه مرا دید: هەرکە منی دیت›.

**مجردی** / mocarradî/: [عربی] *صفت.* سەڵتی؛ بێ‌هاوسەری.

**مجرگ** / macarg/: *سم. [قدیمی]* بێگاری؛ زەود؛ سۆژە؛ سۆخرە.

**مجرم**[1] / mocrem ، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی]/*سم.* تاوانبار؛ تاوانەدار؛ خەتابار ‹ مجرم را بیاورید!: تاوانبارەکە بێنن!›.

**مجرم**[2]: *صفت.* تاوانبار؛ خەتاکار؛ گوناکار؛ گونابار ‹او را مجرم شناختند: بە تاوانباریان زانی›

هەروەها: **مجرم بودن؛ مجرم شناخته شدن**

**مجرمیت** / mocremîyyat/: [عربی]/*سم.* تاوانباری؛ گوناکاری؛ گونابارى.

**مجروح**[1] / macrûh ، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی]/*سم.* زامدار؛ بریندار؛ ئەوەی لە کارەساتێکدا (کارەساتی ماشێن، سووتمان، تەقینەوە و...) لەشی تووشی برین و شکان بووە ‹مجروح را به بیمارستان رساندند: بریندارەکەیان گەیاندە نەخۆشخانە›.

**مجروح**[2]: *صفت.* بریندار؛ زامدار؛ بریندار؛ زامار ‹سرش مجروح شد: سەری بریندار بوو›.

**مجره** / macarre/: [عربی]/*سم. [قدیمی]* کادز؛ کاکێشان؛ سپیایی ناوەندی ئاسمان لە شەودا.

**مجری** / mecrî ، ـها/: *سم.* مجری: ۱. جۆرێک

میوه که سەرەکەی دەقەڵشێ و تووەکانی لێوە دەڕژێ ۲. سنۆقڵە؛ سندووقی چکۆلە زۆرتر جێ خشڵ و زەنبەر.

**مجری** / mocrā/ ☜ **مُجرا**

**مجـــری**[1] / mocrî ، ـهـا؛ ـان/: [عربـی]/سـم. بەڕێوەبەر؛ بەڕێوبـەر؛ کەسـێ کـە بەرنامـە یـان دەستوورێک بەڕێوە دەبا ‹مُجری هنوز نرسیده است: بەڕێوەبەر هێشتا نەگەیشتوە›.

**مجری**[2]: صفت. بەڕێوەبەر؛ بەڕێوبەر ‹مُجری اخبار تلویزیون: بەڕێوەبەری هەواڵەکانی تەلەفزیۆن›.

**مجریه** / mocrîyye/: [عربی] صفت. بەڕێوبـەری؛ بەڕێوەبەری ‹قوەی مجریه: هێزی بەڕێوەبەری›.

**مجزا** / mocazzā/: [عربـی] صفت. جیـا؛ جـوێ؛ جودا؛ جگا: **مُجزّی**

**مجزی** / mocazzā/: [عربی] ☜ **مجزّا**

**مجسم** / mocassam/: [عربی] صفت. بەرجەسـت؛ تەندار؛ وەبەر چاو هاتوو؛ وەبەر چاو هێنراو.

▣ **مجسم کردن**: وەبەر چاو هێنان؛ هێنانە پێش چاو؛ هاوردنە بەر چاو. هەروەها: **مجسم بودن؛ مجسم شدن**

**مجســمه** / mocassame ، ـهـا/: [عربـی]/سـم. ۱. هەیتال؛ کۆتەڵ؛ هەیکەڵ؛ پەیکەر؛ مـەیماق؛ موجەسەمە؛ وێنەی مرۆڤ، گیا و گیانەوەر کە لە ماکێـک داڕێژرابـێ ۲. نوێنـە؛ وێنـەی تـەواو و بـێکـەم و کـووڕی ‹مجسـمەی تقوا: نوێنـەی لـە خواترسی›.

**مجسمه‌ساز** / mocassamesāz ، ـها؛ ـان/: [عربـی/ فارسـی]/سـم. پەیکـەرتاش؛ هەیکـەڵتـراش؛ پەیکەرچێکەر؛ کۆتەڵ ساز بە کانزا و دار.

**مجســمه‌ســازی** / mocassamesāzî/: [عربـی/ فارسـی]/سـم. پەیکەرتاشـی؛ کۆتـەڵسـازی: ۱. هونەر یان لێزانی چێکرن و تاشینی پەیکەر ۲. کار و پیشەی پەیکەرتاش.

**مجعد** / moca'ad/: [عربی] صفت. لوول؛ لوور؛ پـڕ و پێچ؛ گرژ و لوول؛ خەڵـەک ‹مـوی مجعـد: قـژی لوول›.

**مجعول** / mac'ûl/: [عربـی] صفت. هەڵبەسـتراو؛ هەڵبەسراو؛ چرووک.

**مجلات** / macallāt/: [عربی] جمعِ ☜ **مجلّه**

**مجلد**[1] / mocallad ، ـها؛ ـات/: [عربی]/سم. بەرگ؛ جلد؛ یەکەی ژماردنی پەرتووک.

**مجلد**[2]: صفت. بەرگدار؛ بەرگگیراو.

**مجلـس** / macles ، ـهـا؛ مجالس/: [عربـی]/سـم. مـەجلیس: ۱. کـۆڕ؛ جێگـەی کـۆ بوونـەوە و دانیشتنی تاقمێک ۲. کۆڕ؛ ئەنجومـەن؛ جڤـات؛ کۆڕگە؛ شوێنی کۆ بوونەوەی ئەندامەکانی هێزی قانوون‌دانـەر ۳. کـۆڕی بریکـاران؛ دامـەزراوەی قانوون دانان.

▣ **مجلس تذکر**: کۆڕی بیرئانین؛ کـۆڕی ڕێزنـان لە مردوو.

**مجلس ترحیم**: پرسە؛ پرس؛ فاتحەخوانی؛ کـۆ بوونەوەی خەڵک لە شوێنێکی سەرگیراودا بۆ تازیەداری و سەرەخۆشی: **مجلس ختم**

**مجلس ختم** ☜ **مجلس ترحیم**

**مجلس سنا** ☜ **سنا**

**مجلس آرا** / maclesārā ، ـیان/: [عربـی/ فارسـی] صفت. کۆڕگێڕ؛ گۆبەنوان؛ گۆبەندگێڕ؛ کـۆڕڕازێن؛ کۆڕخۆشکەر؛ بەزمگێڕ؛ هۆی گەرمـوگـوڕ بـوونی کۆڕ: **مجلس‌آرا؛ مجلس‌افروز**

**مجلـس‌آرای** / maclesārāy/: [عربـی/ فارسـی] ☜ **مجلس‌آرا**

**مجلـس‌آرایـی** / maclesārāyî ، ـهـا/: [عربـی/ فارسی]/سم. کۆڕگێـڕی؛ گۆبـەنوانی؛ کـۆڕڕازێنی؛ کۆڕخۆشکەری؛ بەزمگێڕی.

**مجلـس‌افـروز** / macles'afruz ، ـان/: [عربـی/ فارسـی]/سـم. ۱. ☜ **مجلـس‌آرا** ۲. *[موسـیقی]* گۆشەیەک لە دوو دەستگای شوور و ماهووردا.

**مجلسی** / maclesî/: [عربـی] صفت. مەجلیسی: ۱. کۆڕی؛ سەر بە مـەجلیس ‹موسیقی مجلسی: مووسیقای مەجلیسی› ۲. میـوانی؛ شـیاوی کـۆڕ

‹لباس مجلسی: جل‌وبه‌رگی میوانی›.

**مجلسین** / macleseyn/: [عربی]/سم. دووکۆڕ؛ دووئه‌نجومه‌ن (وه‌ک شووڕا و سه‌نا).

**مجلل** / mocallal/: [عربی] صفت. به‌شکۆ؛ ڕازاوه؛ به‌شان و شکۆ ‹عروسی مجلل: زه‌ماوه‌ندی به‌شکو›.

**مجله** / macalle ، ـها؛ مجلات/: [عربی]/سم. گۆڤار؛ گۆوار؛ کۆڤار؛ به‌لاڤۆکی غه‌یره ڕۆژانه (حه‌فتانه، مانگانه، دوومانگانه و...).

▣ **مجله‌ی تلویزیونی**: گۆڤاری ته‌له‌فیزیۆنی؛ به‌رنامه‌ی ته‌له‌فیزیۆنی پڕ له بابه‌تی جۆراوجۆر. هه‌روه‌ها: **مجله‌ی رادیویی**

**مجله‌ی سینمایی**: گۆڤاری سینه‌مایی؛ گۆڤارێک بۆ هونه‌ر و تیکنۆلۆژی سینه‌ما.

هه‌روه‌ها: **مجله‌ی ورزشی؛ مجله‌ی هنری؛ مجله‌ی کودکان؛ مجله‌ی سیاسی**

**مجمره** / mecmare/: [عربی] ☜ **آتشدان-۴**

**مجمع** / macma' ، ـها؛ مجامع/: [عربی]/سم. کۆڕ: ۱. کۆگه؛ دانیشگه؛ نیشتنگا؛ مه‌کۆ؛ کۆگا؛ شوێنی کۆ بوونه‌وه بۆ وت‌ووێژ ۲. خودی ئه‌و کۆمه‌له ۳. دامه‌زراوه‌یه‌ک بۆ به‌ڕێوه بردنی کارێکی تایبه‌ت.

▣ **مجمع عمومی**: کۆڕی گشتی؛ شوێنی کۆ بوونه‌وه‌ی هه‌موو ئه‌ندامانی به‌شدارگه‌یه‌ک.

**مجمع‌الجزایر** / macma'ocazāyer/: [عربی]/سم. چه‌ن دوورگه‌ی گه‌وره و بچووکی له په‌نا یه‌ک.

**مجمعه** / macma'e ، ـها/: [عربی]/سم. مه‌جمه‌عه؛ مه‌جمه؛ به‌رگه‌ش؛ سینی خڕی زۆرگه‌وره‌ی کانزایی.

**مجمل** / mocmal/: [عربی] صفت. کورته؛ پوخته؛ کورت و کرمانجی.

**مجموع**[1] / macmû'/: [عربی]/سم. کۆ؛ سه‌رجه‌م؛ سه‌رکۆ؛ به‌رهه‌ڤ؛ به‌رهه‌می له سه‌ر یه‌ک نان و کۆ کردنه‌وه.

**مجموع**[2]: صفت. [نامتداول] کۆما؛ کۆکراوه؛ کۆوه‌بوو؛ کۆکراوه له یه‌ک جێگادا.

**مجموعاً** / macmû'an/: [عربی] قید. تێکڕا؛ به گشتی؛ سه‌رکۆ؛ سه‌رجه‌م؛ سه‌ریه‌ک؛ به‌کۆ؛ وێکڕا؛ پێکه‌وه؛ سه‌رهه‌م؛ له سه‌ر یه‌ک؛ گرده‌وه؛ یۆوه ‹مجموعاً همه را بردند: تێکرا گشتیان برد›.

**مجموعه** / macmû'e ، ـها/: [عربی]/سم. کۆمه‌ڵه؛ کۆمه‌ڵ؛ کۆ: ۱. سه‌رجه‌م؛ تێکڕا؛ ئه‌و شتانه‌ی سه‌ر به که‌س یان بابه‌تێکن و له شوێنێکدا کۆ کراونه‌ته‌وه ‹مجموعه‌ی آثار هزار: سه‌رجه‌می به‌رهه‌مه‌کانی هه‌ژار› ۲. به‌رهه‌ڤۆک؛ کولیکسیۆن؛ ژماره‌یه‌ک شتی سه‌ر به یه‌ک که بۆ لێکۆڵینه‌وه، سه‌رگه‌رمی یان ڕانواندن کۆکراونه‌ته‌وه ‹مجموعه‌ی تمبر: به‌رهه‌ڤۆکی ته‌مر› ۳. جڤاک؛ شه‌ماته ‹مجموعه‌ی مسکونی: کۆمه‌له خانوو› ٤. [قدیمی] مه‌جمه‌عه؛ سینی گه‌وره‌ی کانزایی.

**مجنون** / macnûn ، ـها؛ مجانین/: [عربی] صفت. [ادبی] مه‌جنوون؛ لێوه؛ دین؛ شێت.

**مجوز** / mocavvez ، ـها/: [عربی]/سم. بڕوانامه؛ ئیجازه‌نامه.

**مجوس** / macûs ، ـها؛ ـان/: [معرب از آرامی از اوستایی]/سم. [قدیمی] مه‌جووس؛ زه‌رتوشتی؛ زه‌رده‌شتی (له زمانی عه‌ره‌بدا).

**مجوف** / mocavvaf/: [عربی] صفت. هۆڵ؛ کلۆر؛ قڕۆڵ؛ ناوبه‌تاڵ؛ ناوخاڵی؛ بۆش؛ زۆز؛ دڵێ‌هاڵی ‹آجر مُجوّف: خشتی هۆل›.

**مجهز** / mocahhaz/: [عربی] صفت. ته‌کووز؛ ته‌یار؛ ساز و ئاماده به که‌رسته و ئامێری پێویسته‌وه.

**مجهول** / machûl ، ـات/: [عربی] صفت. ۱. نامه‌علووم؛ نادیار؛ بانه‌زیای؛ نه‌زانراو ۲. نه‌ناس؛ نه‌ژناس؛ نه‌ناسراو ‹فرد مجهول: که‌سی نه‌ناسراو› ۳. ☜ فعل مجهول، **فعل**

**مجهولات** / machûlāt/: [عربی]/سم. نه‌زانراو؛ نه‌ناسراو؛ سه‌رجه‌م ئه‌و شتانه‌ی نه‌ناسراون ‹در مورد فضای کیهانی مجهولات ما بیش از معلومات

ماست: لەمەڕ بۆشایی ئاسمانەوە نەناسراومان زۆرتـرە لە ناسراو).

**مجهـول‌الهویـه** / machûlolhovîy(y)e ، ـها/: [عربی] *صفت.* بێ‌ناو؛ بـێ‌نـاو و نیشـان؛ گـومـنـاو؛ نەناسراو ‹جسد مجهول‌الهویه‌ای در یک ساختمان متروکه پیدا شد: تەرمێکی نەناسـراو لـە مێشـەمرێکدا دۆزرایەوە›.

**مجید**/ macid/: [عربی] *صفت.* گەورە؛ بـەرز؛ والا؛ بە شان و شکۆ.

**مجیـــز** / macîz/: [از عربـــی]/ـسم. *[گفتـــاری]* چاپلووسی؛ زمان‌چەوری؛ شالووزی.

▣ **مجیز کسی را گفتن:** بە بالای کەسێکدا هاتن؛ بە کەسێکدا هەلگوتن؛ زمان‌چەوری‌کردن بـۆ کەسێک ‹او انتظار داشت مجیزش را بگویی: بـە تەما بوو بە بالایدا بی›.

**مچ** / moč ، ـها/: *ـسم.* مووچ؛ موچ؛ مەچ؛ موچـە: ۱. خرتکە؛ وردەلـە؛ کـەرمچک: *الـف)* زەنـدک؛ مەچەک؛ بازندە؛ باق؛ قەرشک؛ کابچک؛ ئـەرەح؛ جومگـەی نێـوان دەسـت و قـۆل ب) قـولاپ؛ قولاپە؛ پلپووز؛ جومگـەی نێـوان بەلـەک و قـاچ ۲. ئەو بەشە لە جل کە مەچەک دادەپۆشێ.

▣ **مـچ انـداختن:** دەس خەفانـدن؛ مەچـەک خسـتن؛ زۆر دەسـت‌کـردن؛ جـۆرێ زۆرانی دەست و مەچەکە لە نێـوان دوو کەسـدا بـەم شـێوە کـە بەرامبـەر یـەک دادەنیشـن و ئانیشکیان، زۆرتر لە سەر مێزێـک دادەنـێن و لەپی دەستیان لێـک قفـل دەکـەن. ئـەمجار هەر کام بە هێزی باسک و دەستی، زۆر دەکا پشتی دەستی ئەوی‌تر لە زەوی بدا.

**مچ کسی را گرفتن:** *[کنـایی]* بە سەر کەسـێکدا چوون؛ بە مل کەسێکا چوون؛ بە کاری نەهێنی کەسێک زانین؛ دیتنی لە ناکاوی کەسێک لـە کاتی کردنی کارێکدا (زۆتر ناڕەوا) ‹خوب مچت را گرفتم، پس تو این کـار را مـی‌کـردی؟: چـاک بـە سەرتدا هاتم، کەوابێ ئەوە تۆ بـووی ئـەم کـارەت دەکرد؟›.

**مچالـــه** / močāle/: *صـفت.* مچۆلـــە؛ مچولـــە؛ مێچۆلـــە؛ مێچۆلـکه؛ کلـۆف؛ گلـۆف؛ گولـۆف؛ گلفچ؛ قرمچ؛ چرچ و لۆچ؛ لۆچ و پـۆچ؛ بۆژیـاگ: ۱. دۆخی ئەوەی لە بەر تەوژم، بیچمی تێکچووە و خڕ بۆتەوە و چۆتە یەک ‹کاغذ را مچاله کرد و دور انـداخت: کاغەزەکـەی مچولـە کـرد و بـرکی دا› ۲. چۆنیەتی لە بـەر ئـێش و چەرمەسـەرە یـان پیری کۆم بوونەوە و هەلچرچان.

▣ **مچاله کردن:** گلۆفین؛ گولۆفین؛ گولـۆفتین؛ هەلگولـــۆفین؛ هەلگلـــۆفین؛ کولـــۆفتن؛ گلوچاندن؛ گلفچاندن؛ قرمچانـدن؛ مچانـدن؛ قورمچانـــدن؛ فەڕکانـــدن؛ موچنـــایەو؛ ئەوەموچنـــەی؛ قرچانـدن؛ قرچـانن؛ چـرچ کـــردن؛ پەرەخانـــدن؛ ولـــین؛ مەرســـین؛ گولـۆف‌کـردن؛ هەلشلـەپاندن؛ هەسـکاندن؛ هەلپشاوتن؛ هەلپشافتن؛ پشاوتن؛ بـە تـەوژم لێـک‌گووشـان و گـۆڕانی بیچمـی شـتێک: هەروەها: **مچاله شدن**

**مچ اندازی** / moč'andāzî/: *ـسم.* کاری مەچەک خسـتن؛ دەس خەفانـدن؛ زۆرانبـازی دەسـت و مەچەک کردن.

**مـچ‌بنـد** / močband ، ـها/: *ـسم.* مووچەوانـە؛ مووچ‌پێچ؛ مووچ‌بەن؛ مەچەک‌بەند؛ نەوارێکی لـە چەرم یان پارچەی کێشباف کە بۆ پاراستن یان بەرگری لە ئێش، مووچی پێ دەپێچن.

**مچپـــوش** / močpûš ، ـها/: *ـسم.* ســەرقۆل؛ سەردەس؛ پاژی سەردەستی جلک (وەک قۆلـی کراس و کۆت و سۆرانی کەوا).

**مـچ‌پـیچ** / močpîč ، ـها/: *ـسم.* ۱. پووزەوانـە؛ پووزەوانێ؛ پووزەوان؛ زەنگال؛ زەرگال؛ لاچـین؛ پێتاو؛ پێتاوە؛ پاتاوە؛ بەلەک‌پـێچ؛ پـاپێچ؛ دۆلاغ؛ دۆلاخ؛ نەوارێکی لە پارچـەی ئەسـتوور کـە لـە خوار ئەژنۆوە بە سەر شوال و پاتۆڵدا دەبەسرێ و تا بان کەوش دادەپۆشێ ۲. مووچ‌بەن؛ موچ‌پێچ؛

دەرلنگی پاتۆل و شوال کە بە کێش یان دوگمە لە قولاپەی پێ توند دەکرێت ۳. مەچەکبەند؛ موچبەن؛ جومگەپێچ.

**مچگیری** / močgîrî / ـها/: *اسم. [گفتاری]* کار یان ڕەوتی پێزانین و دەرخستنی پیلانێکی نهێنی.

**مچل** / mačal/: *صفت. [گفتاری]* گالتەجاڕ؛ گەپچاڕ؛ بەر تانە و گەپ و گالتەی خەلک.

**مچلی** / mačalî/: *اسم.* گالتەجاڕی؛ تڕانە؛ دۆخی کەوتنە بەر گەپ و گالتەی دیترانەوە.

**مچول** / mučûl/ ☜ **موچول**

**مچی** / močî/: *صفت.* مووچی؛ موچی؛ تایبەت بە مەچەک ‹ساعت مچی: کاتژمێری مووچی›.

**محابا** / mohābā/: [از عربی]/*اسم. [ادبی]* ۱. ترس؛ سام؛ هەراس ۲. هەمەت؛ فەدی؛ فهێت؛ ڕێز؛ چاودێری؛ ئاکاری گونجاو لە هەمبەر کەس یان شتێکەوە ۳. پشتیوانی؛ پشتگری.

**محاجە** / mohācce/ ، ـها/: [عربی]/*اسم.* دەمەدەمێ؛ مشتومڕ؛ دەمەقالە؛ دەمەقالی؛ دەمقالی؛ دەمەقڕە؛ چەکچنە؛ قسە و باسی هاوڕێ لەگەڵ شەڕ و چەقەدا.

**محاذات** / mohāzāt/: [عربی]/*اسم. [ادبی]* ئاست؛ بەرامبەر؛ ڕووەڕوو؛ ڕووبەڕوو؛ ڕوولەڕوو؛ دۆخ یان چۆنیەتی بەرامبەر بوون؛ ڕووبەڕوو بوون ‹صندلیها را به مُحاذات نردهها چیده بودند: سەندەلیەکانیان لە ئاستی نەردەکانەوە چنیبوو›.

**محاذی** / mohāzî/: [عربی] *صفت. [ادبی]* بەرامبەر؛ بەرانبەر؛ ڕووبەڕوو؛ وەڕاوەڕ؛ ڕوولەڕوو؛ ئاست ‹قلعه محاذی قلهی کوه بود: قەلاکە بەرامبەری لووتکەی کێوەکە بوو›.

**محارب**[1] / mohāreb/ ، ـان؛ ـین/: [عربی]/*اسم. [اسلام]* موحاریب؛ کەسێ کە دژی دەستووری دین یان حکومەتی ئیسلامی وەستاوەتەوە و دەبێ بکوژرێ.

**محارب**[2] / ـان؛ ـین/: *صفت. [ادبی]* شەڕخواز؛ بەشەڕهاتوو.

**محاربات** / mohārebāt/: [عربی] جمعِ ☜ **محاربه**

**محاربه** / mohārebe/ ، ـها؛ محاربات/: [عربی]/*اسم. [قدیمی]* ۱. شەڕ؛ شەڕ و شۆ؛ سواڕ ۲. کاری بشێوە نانەوە؛ ئاژاوە خۆشکردن.

**محارم** / mahārem/: [عربی] جمعِ ☜ **مَحرَم**

**محاسب** / mohāseb/ ، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی]/*اسم.* ۱. ژمێریار؛ ژمارەگەر؛ هۆمارتۆخ؛ حیسابدار ۲. ژمارکەر؛ حیسابکەر؛ کەسێ کە دەژمێرێ.

**محاسبات** / mohāsebāt/: [عربی]/*اسم.* ۱. سەرجەمی کاروباری تایبەت بە ژمارياری و تاوتوێکردنی حیسابگەل ۲. سەرجەمی حیسابی ڕێکخراوە یان کەسێک لە ڕەوت یان ماوەیەکدا ۳. جمعِ ☜ **محاسبه**

**محاسبه** / mohāsebe/ ، ـها؛ محاسبات/: [عربی]/*اسم.* کار و ڕەوتی ژماردن؛ حسێبکردن.

**محاسن** / mahāsen/: [عربی]/*اسم.* ۱. چاکە؛ باشی؛ خاسی ۲. *[ادبی]* ڕیش؛ ڕدێن ‹محاسن بلندی داشت: ڕیشێکی درێژی هەبوو›.

**محاصره** / mohāsere/ ، ـها/: [عربی]/*اسم.* گەمارۆ؛ ئابلۆقە؛ ئابلووقە؛ چاکمە؛ کارەهاتی دەورەدان و نەهێشتنی پێوەندی شوێنێک لەگەڵ دەور و بەریدا.

▣ **محاصرەی اقتصادی:** ئابلۆقەی/ گەمارۆی ئابووری؛ بەرگرکردن لە مامەڵە و دانوستانی ولاتێک لەگەڵ ولاتانیتر.

**محاصرەی نظامی:** گەمارۆی چەکداری؛ چوار لا گرتن و بەستنی هەموو ڕێگایەک بە هێزی چەکداری بە مەبەستی بەرگری لە یارمەتی پێگەیشتن و هەلاتنی دانیشتوان.

**محاضر** / mahāzer/: [عربی] جمعِ ☜ **مَحضَر**

**محاط** / mohāt/: [عربی] *صفت.* ۱. دەورگیراو؛ لێگیراو ۲. دەوردراو.

**محاطی** / mohātî/: [عربی] *صفت.* دەورگیراو.

www.perawipepwle.com


**محافظ** / mohāfez ، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی]/سم. پاریزەر؛ پاریزکار؛ ئاگادار؛ نیگادار؛ ئەوەی کەس یان شتێک دەپاریزێت ‹پلک محافظ چشم است: پێڵوو پاریزەری چاوە›.

**محافظت** / mohāfezat ، ـها/: [عربی]/سم. چاوەدێری؛ نیگاوانی؛ چاودێری؛ ڤرسهاندن؛ پاریزکاری؛ کار و ڕەوتی پاراستن: *الف)* بە مەبەستی بەرگریکردن لە وون بوونی شتێک *ب)* بە مەبەستی بەرگریکردن لە زیان بینینی کەسێک.

**محافظه‌کار** / mohāfezekār ، ـها؛ ـان/: [عربی/فارسی] صفت. خۆپاریز: ١. *[سیاسی]* کۆنپاریز؛ خۆڵادەر لە گۆڕانکاری ٢. ڕەوک و دوورەپەریز لە مەترسی. هەروەها: **محافظه‌کاری**

**محافل** / mahāfel/: [عربی] جمعِ ☜ **محفل**

**محاق** / mohāq(q)/: [عربی]/سم. *[نجوم]* دۆخی مانگ لە سێ شەوی ئاخری مانگی کۆچیدا کە یەکجار تەسکە و نابیندرێ.

**محاکم** / mahākem/: [عربی] جمعِ ☜ **مَحکَمه**

**محاکمات** / mohākemāt/: [عربی] جمعِ ☜ **محاکمه**

**محاکمه** / mohākeme ، ـها؛ محاکمات/: [عربی] /سم. لێپرسینەوە: ١. *[حقوق]* کار و ڕەوتی دادگەیی/ دادکایی کردن؛ دەرخستنی تاوانباری یان بێتاوانی کەسێک بە پرسیار لێکردن و پێڕاگەیشتن بە بەڵگە و نیشانەوە ٢. *[گفتاری]* باس‌وخواس‌کردن؛ سین‌وجیم‌کردن؛ پرس‌وجۆی زۆر لە کەسێ کردن.

▣ **محاکمه کردن**: دادگایی/ دادگەیی کردن؛ دایزکرن ‹او را در دادگاه نظامی محاکمه کردند: لە دادگای چەکداریدا دادگاییان کرد›. هەروەها: **محاکمه شدن**

**محال** / mahāl(l) ، ـها؛ ـات/: [عربی]/سم. *[قدیمی، جغرافیا]* دەڤەر؛ ناوچە؛ مەڵبەند.

**محال** / mahāl, mohāl ، ـات/: [عربی] صفت. دەستنەداو؛ نەشیاو؛ نەڕەخساو؛ ئەستەم؛ ناکردنی ‹کار محال: کاری دەستنەداو›.

**محالات** / mahālāt, mohālāt/: [عربی]/سم. دەستنەداوان؛ نەڕەخساوان؛ کارگەلی نەکردنی؛ بەرانبەر: **ممکنات**

**محاورات** / mohāverāt/: [عربی] جمعِ ☜ **محاوره**

**محاوره** / mohāvere ، ـها؛ محاورات/: [عربی]/سم. دەمەتەقە؛ دەمەتەقێ؛ وتوویژ؛ گفتوگۆ؛ مچلگە؛ باس.

**محاوره‌ای** / mohāvere'î/: [عربی] صفت. سەرزارەکی؛ وتوویژی؛ گفتوگۆیی؛ لە سەر دەم و زمان ‹اصطلاحات محاوره‌ای: زاراوەگەلی سەرزارەکی›.

**محب** / moheb(b) ، ـان؛ ـین/: [عربی]/سم. *[ادبی]* خۆشویست؛ خوازیار؛ حەزلێکەر؛ سۆزدار.

**محبت** / mahabbat, mohebbat ، ـها/: [عربی] /سم. مۆڤەت؛ مۆبەت؛ مەهبەت: ١. ڤیان؛ عیشق؛ ئەوین؛ میر ٢. خۆشەویستی؛ خۆشویستی؛ خوەشەویسی؛ وەشەویسی؛ دلۆڤانی؛ سۆزداری؛ میهرەوانی.

▣ **محبت داشتن**: خۆش ویستن؛ خۆشگەرەک بوون؛ هەباندن؛ وەش سیای؛ سۆزداری‌کردن ‹جنابعالی همیشه به او محبت داشته‌اید: ئێوە هەمیشە ئەوتان خوش ویستووە›.

**محبت کردن**: دلۆڤانی‌کردن ‹این بار هم محبت کنید و به دادش برسید: ئەمجارەش دلوڤانی بکەن و فریای کەون›.

**محبت‌آمیز** / mahabbatāmîz, mohebbat-/: [عربی/ فارسی] صفت. دۆستانە؛ خۆشەویستانە؛ خۆشویستانە؛ بە دلۆڤانی ‹لحن محبت‌آمیز: زمانی دۆستانە›.

**محبس** / mahbas ، ـها/: [عربی]/سم. گرتووخانە؛ گرتیمانە؛ بەندیخانە؛ زیندان.

**محبوب** / mahbûb/: [عربی] صفت. ١. دلخواز؛

دڵواز؛ خۆشەویست؛ خوەشەویس؛ وەشەویس؛ لەبەردڵان؛ وەشەسیا ‹قەرمان محبوب: قارەمانی دڵخواز› ۲. *[مجازی]* نازدار؛ دڵبەر؛ ماشوق؛ گراوی.

**محبوبیت** / mahbûbîyyat ، ـها/: [عربی]/سم. خۆشەویستی؛ بەردڵ کەوتوویی؛ وەبەردڵانی؛ بار و دۆخی خۆشەویست بوون.

**محبوس** / mahbûs ، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی] صفت. زیندانی: ۱. دیل؛ بەندی؛ گیراو؛ لە بەندیخانە ڕاگیراو ۲. گیر؛ گیرۆدە؛ قەتیس؛ گرفتار؛ زیندانی؛ بێدەرەتان ‹دو ساعت در آسانسور محبوس بودم: دوو کاتژمێر لە ئاسانسۆردا قەتیس بووم›.

**محتاج** / mohtāc ، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی] صفت. ئاتاج؛ نیازمەند؛ بەنیاز.

**محتاط** / mohtāt/: [عربی] صفت. خۆپارێز؛ پارێزکەر؛ بە پارێز؛ دوورنوار.

**محتاطانه** / mohtātāne/: [عربی/ فارسی] قید. خۆپارێزانە؛ بە پارێزەوە؛ لە ڕووی پارێزەوە.

**محترفه** / mohtarefe/: [عربی]/سم. *[قدیمی]* کاسبکاران؛ پیشەوەران.

**محترقه** / mohtareqe/: [عربی] صفت. ۱. ئاورساز؛ سووتماک ۲. ئاورگر؛ ئاوربەر؛ گڕبەر؛ گڕگر؛ ئاگربەر.

**محترم** / mohtaram ، ـان؛ ـین/: [عربی] صفت. بەڕێز؛ ڕێزدار؛ بەڕێ؛ بەڕوو؛ شیاوی ڕێز ‹پیرمرد محترم: پیرەمێردی بەڕێز›.

**محترماً** / mohtaraman/: [عربی] قید. بەڕێزەوە؛ لە ڕووی ڕێزەوە ‹محترماً عرض می‌شود: بە ڕێزەوە ڕادەگەیێنرێ›.

**محترمانه**[1] / mohtaramāne/: [عربی/ فارسی] صفت. ڕێزدارانە؛ بەڕێزانە؛ وێڕای ڕێز؛ لەگەڵ ڕێزدا ‹نامەی محترمانه: نامەی ڕێزدارانە›.

**محترمانه**[2]: قید. بەڕێزەوە؛ بەڕێزانە؛ وێڕای ڕێز ‹محترمانه به او جواب داد: بەڕێزەوە وەڵامی داوە›.

**محتسب** / mohtaseb ، ـان؛ ـین/: [عربی]/سم. *[قدیمی]* شارەوان؛ شارەداری کۆن کە بەری بە کاری ناڕەواش دەگرت.

**محتشم** / mohtašam ، ـان؛ ـین/: [عربی] صفت. *[ادبی]* شکۆدار؛ بە هەیبەت؛ بە شکۆ؛ بە شان و شکۆ.

**محتضر** / mohtazer ، ـان؛ ـین/: [عربی] صفت. گیانەڵاو؛ سەرەمەرگ؛ ئاویلکە؛ گیان‌کەنشت؛ لە سەرەمەرگدا.

**محتکر** / mohtaker ، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی] صفت. پاوانکار؛ مالگرەوە؛ مالگر؛ کۆوەکەری بە تەمای داهاتوو.

**محتلم** / mohtalem/: [عربی] صفت. شەیتانی؛ ئاوهاتووەوە لە خەودا.

**محتمل** / mohtamal, mohtamel/: [عربی] صفت. ڕێتێچوو؛ بووزخۆر ‹محتمل است فردا ببارد: ڕێتێدەچێ بەیانی ببارێ›.

**محتملاً** / mohtamalan, mohtamelan/: [عربی] قید. ڕەنگە؛ ڕەنگا؛ لەوانەیە؛ دەشێ؛ شایەکێ؛ شایەتێ؛ شایەتا؛ شایەت؛ گاهەز.

**محتوا** / mohtavā ، ـها؛ محتویات/: [عربی]/سم. ناوەڕۆک؛ ناوڕۆکە؛ ناوەڕۆک؛ هش؛ ناوئاخن: ۱. ئەوەی لە ناو شتێکدایە ‹محتوای کیف: ناوئاخنی کیف› ۲. کوڕەک؛ کاکڵ؛ کاکلە ‹من با شیوەی حرف زدنش مخالفم، نه با محتوای حرفهایش: من شێوازی قسە کردنیم بە دڵ نیە، نەوەک ناوەڕوکی قسەکانی›: **محتوی**

**محتوم** / mahtûm/: [عربی] صفت. مسۆگەر؛ بەبێ سێودوو.

**محتوی** / mohtavā/: [عربی] ☜ **مُحتَوا**

**محتوی** / mohtavî/: [عربی] صفت. داگر؛ لەبەرگر؛ لە خۆگر؛ لە خۆداگر ‹این کتاب محتوی چند بخش است: ئەم کتێبە داگری چەن بەشە›.

**محتویات** / mohtavîyyāt/: [عربی] جمعِ ☜ **مُحتَوا**

**محجبه**/ mohaccabe/: [عربی] صفت. بەحیجاب؛

داپۆشراو ‹یک دختر محجبه با شما کار دارد: کچێکی بەحیجاب کاری پێتانە›.

**محجر** / mahcar/: [عربی] ☜ **مَعجَر**

**محجوب** / mahcûb/: [عربی] *صفت.* ۱. شەرمن؛ شەرمین؛ شەرمێون؛ بەشەرم؛ بەحەیا؛ ڕووگر؛ فهێتکار؛ فەدیکار؛ فەهۆ؛ فەهیتۆ؛ فەهیتۆک؛ فەدیۆک ۲. *[نامتداول]* داپۆشراو؛ بەحیجاب.

**محجور** / mahcûr/: [عربی]/سم. *[قدیمی]* نەبەگە؛ کەسی پێگەییوی مێشککال کە بە حوکمی دادگا دەخرێتە ژێر سەرپەرشتی کەسێکی‌ترەوە.

هەروەها: **محجوری**

**محدب** / mohaddab/: [عربی] *صفت.* قۆقز؛ کۆم؛ کوور.

**محدب‌الطرفین** / mohaddabottarafeyn/: [عربی] ☜ **دوکوژ**

**محدث** / mohaddes ، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی]/سم. حەدیس‌زان؛ زانا لە زانستی حەدیسدا.

**محدث** / mohdas/: [عربی] *صفت.* ۱. *[نامتداول]* تازە؛ نۆ؛ نوێ؛ نفت و نەو ۲. *[فلسفه]* نووژەن؛ دروستبوو؛ بەدیهاتوو. بەرانبەر: **قَدیم**

**محدود** / mahdûd/: [عربی] *صفت.* ۱. سنووردار؛ ڕادەدار؛ بە کەوشەنی دیاریکراوەوە ۲. کەم؛ پیچ؛ کێم ‹قدرت محدود: دەسەلاتی کەم› ۳. کورت؛ کۆتا (بۆ کات) ‹عُمر محدود: تەمەنی کورت›.

▣ **محدود شدن به جایی:** گەیشتن بە جێگایێ؛ هاوسنوور بوون لەگەڵ جێگایێکدا.

**محدود شدن به چیزی:** تایبەت بوون بە شتێکەوە.

**محدوده** / mahdûde ، ـها/: [عربی]/سم. زێوار؛ زێوارە: ۱. *[نامتداول]* سنوور؛ کەوشەن؛ مەرز ۲. کەنێرە؛ لێوار؛ قەراغ ‹محدوده‌ی شرقی شهر: زێوارەی ڕۆژهەلاتی شار›.

▣ **محدوده‌ی شهری:** زێواری شاری؛ ئەو بەشە لە زەوی یان مالّ کە لە سەر شار دەژمێردرێن و شارەداری خزمەتی پێویستی دەداتێ.

**محدودیت** / mahdûdîyyat ، ـها/: [عربی]/سم. ۱. بار و دۆخی سنووردار بوون ۲. تەنگاوی؛ بێدەرەتانی.

**محذور** / mahzûr ، ـها؛ ـات/: [عربی]/سم. پەڕێز؛ بەرگر؛ لەمپەر؛ کۆسپ؛ گەبل؛ ئەوەی دەبێتە هۆی پاڕێزکردن لە شتێک بەتایبەت لە کردنی کارێک: **محظور**

**محراب** / mehrāb ، ـها/: [عربی]/سم. میحراب؛ میحراو؛ مێراو: ۱. جێگەی پێش‌نوێژ لە مزگەوتان ۲. بەشێک لە نوێژگە (مزگەوت، کنیسە، ئاتەشگا) کە نوێژکەران ڕووی تێدەکەن ‹محراب مسجد: میحراوی مزگەوت›.

**محرر** / moharrer ، ـها؛ ـان/: [عربی]/سم. *[قدیمی]* ۱. نووسەر ۲. مونشی؛ نوویسکار.

**محرز** / mohraz/: [عربی] *صفت.* مسۆگەر؛ مسەوگەر؛ بێشک ‹پیروزی آنان محرز است: سەرکەوتنیان مسوگەرە›.

**محرف** / moharraf/: [عربی] *صفت.* دەسکاری‌کراو؛ دەستێوەردراو؛ دەستێبراو.

**محرق** / moharreq/: [عربی] *صفت.* ۱. بسووت؛ گڕبەر؛ ئاورگر؛ ئاورگە؛ سووتماک ۲. سووتێنەر.

**محرقه** / mohreqe/: [عربی]/سم. *[قدیمی]* گرانەتا؛ گرانتا؛ گرانەتێ؛ ڕەشگرانی؛ ئێشاگران؛ تیفووس.

**محرک**[1] / moharrek ، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی]/سم. هاندەر؛ بزوێنەر؛ دنەدەر؛ فێتکار؛ هەڵخڕێنەر؛ ئەوەی دەبێتە هۆی هاندان و بزووتنەوە ‹محرک او در این عمل شناخته شد: هاندەری ئەو لەم کارەدا ناسرا›.

**محرک**[2]: *صفت.* بزوێنەر؛ بزوێنە؛ هێفۆتە؛ بزۆک؛ لقێنەر؛ جوولێنەر؛ داینەمۆ؛ جوولێنە: ۱. گەڕێنەک؛ بگێڕ ‹نیروی محرک موتور: هێزی بزوێنەری موتور› ۲. دنەدەر؛ هانەدەر؛ هەڵخڕێن؛

هەڵخڕێنەر؛ لێهاتوو لە هاندان یان فریودانـدا ‹سخنان محرک جوانان: قسە و باسی دنـەدەری لاوان›.

**محرم** / mahram ، ـها؛ ـان؛ ـین؛ مَحارِم/: [عربی] *صفت.* مەحرەم: ۱. *[فقه]* تایبەتمەندی خزمێک کە ژن و ژنخواز لەگەڵیدا حەرام دەکا ۲. *[فقه]* تایبەتمەندی ئەو کەسەی بە پێی قانوونی شەرع پێویست ناکا ژن سەر و ڕووی لێ داپۆشێ ۳. ڕازدار؛ جێمتمانە.

**محرم**[1] / moharram/: [عربی]/سم. موحەڕڕەم؛ مانگی سەرەتای ساڵی کۆچی ـ مانگی.

**محرم**[2] / ـات/: [عربی] *صفت.* حەرام؛ حەرامکراو؛ بەربەستکراو.

**محرمات** / moharramāt/: [عربی]/سم. *[فقه]* حەرامی خوا؛ هەموو ئەو شتانەی حەرامن.

**محرمانه**[1] / mahramāne/: [عربی/ فارسی] *صفت.* نهێنی؛ پەنامەکی ‹سخن محرمانه: قسەی نهێنی›.

**محرمانه**[2]: *قید.* بە نهێنی؛ پەنامەکی؛ بە دزیەوە ‹محرمانه با هم ملاقات می‌کردند: بە نهێنیەوە چاویان بەیەک دەکەوت›.

**محرمیت** / mahramîyyat/: [عربی]/سم. مەحرەمەتی؛ دۆخ یان چۆنیەتی مەحرەم بوون.

**محروم** / mahrûm ، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی] *صفت.* بێبەش: ۱. بێبەهرە؛ بێبەری؛ بێوەری ‹از دیدار او محروم شدم: لە بینینی بێبەش بووم› ۲. بەشبڕاو؛ دەسکورت؛ بێپار؛ هەژار ‹مردم محروم: خەڵکی بەشبراو›.

**محرومیت** / mahrûmîyyat ، ـها/: [عربی]/سم. بێبەشی؛ دەسکورتی؛ هەژاری؛ دۆخ یان چۆنیەتی بەشبڕاو بوون.

**محرومیت‌زدایی** / mahrûmîyyatzodāyî/: [عربی/ فارسی]/سم. کار و ڕەوتی لە ناو بردنی هۆکارەگەلی هەژاری و بێبەشی.

**محزون** / mahzûn/: [عربی] *صفت.* *[ادبی]* بە سۆز؛ خەمین؛ خەمگین؛ خەمبار؛ کولۆڤان ‹آواز محزون: ئاوازی بە سۆز›.

**محسنات** / mohassanāt/: [عربی]/سم. چاکە؛ خاسی؛ باشی ‹این کار محسنات زیادی دارد: ئەم کارە چاکەی زۆری هەیە›.

**محسوب** / mahsûb/: [عربی] *صفت.* ۱. حیسابکراو؛ ژمێردراو ‹طلب شما هم محسوب است: قەرزەکەی ئێوەش حیسابکراوە› ۲. بە حسێبهاتوو؛ ژمێرهاتوو؛ ڕەچاوکراو؛ لە بەر چاو گیراو؛ دۆخ یا چۆنیەتی هاتنە هەژمار ‹او از نویسندگان بزرگ محسوب می‌شود: ئەو لە نووسەرانی گەورە بە حسێب دێ›.

**محسوس** / mahsûs ، ـات/: [عربی] *صفت.* ۱. هەست(پێ)کراو ‹گرمای محسوس: تینی هەستپێکراو› ۲. ئاشکرا؛ ڕاشکاو؛ دیار؛ لەبەرچاو ‹افزایش محسوس: زۆربوونەوەی ئاشکرا›.

هەروەها: **محسوس بودن؛ محسوس شدن**

**محسوسات** / mahsûsāt/: [عربی]/سم. بەرهەست؛ ئەوەی دەکەوێتە بەر هەست.

**محشر**[1] / mahšar/: [عربی]/سم. ۱. *[اسلام]* مەحشەر؛ شوێنی پەسڵان؛ شوێنی سەڵا؛ شوێنی هەستانەوەی خەڵک لە ڕۆژا پساتێ ۲. *[مجازی]* چڕەبەندان؛ حەشر و حەلا؛ هەڕەمە؛ زڵە؛ جێگای پڕ لە زەڵە.

▣ **محشر به‌پا کردن:** *[مجازی]* کردنە حەشر؛ حەشر و حەلا/ حەشر و حەلەلا/ حەشر و حەرەللا/ زڵە/ چڕەبەندان/ هەرا و زەنا خستنە ڕێ؛ هەرا و هوریا/ چڕەبەندان/ هەرا و زەنا/ هەرا و هوریا نانەوە.

**محشر**[2]: *صفت.* *[گفتاری]* تەواو؛ زۆر دڵڕفێن و بێ کەمایەسی ‹میهمانی محشری بود: میوانیەکی تەواو بوو›.

▣ **محشر کردن:** گاڵەکردن؛ گاڵە پێکردن؛ هەرا کردن؛ حەشرکردن؛ بە باشترین شێواز بەڕێوە بردن ‹بچه‌های تیم محشر کردند: منداڵەکانی تیم گاڵەیان کرد›.

**محشور** / mahšûr ، ـان/: [عربی] *صفت.* هاوده‌نگ؛ هه‌وال؛ هاوال؛ به هاونشینی و هاوڕێیی.
▣ **محشور شدن:** هاوده‌نگ بوون؛ هاونشین و هه‌وال بوون ‹مدتی با او محشور شد، ولی زود دلش را زد: ماوه‌یه‌ک له‌گه‌ڵی هاوده‌نگ بوو به‌ڵام زوو وه‌ڕه‌زی کرد›. هه‌روه‌ها: **محشور بودن**

**محصل** / mohassel ، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی]/*اسم.* ۱. خوێندکار ۲. *[قدیمی]* خوێنده‌وار؛ خوه‌نه‌وار.

**محصور** / mahsûr/: [عربی] *صفت.* کلیده؛ ده‌ورگیراو: ۱. دیواره‌گیراو؛ په‌رژین‌کراو ۲. گه‌مارۆدراو؛ ته‌نگاو؛ قه‌تیس؛ په‌نگدراو ‹به وسیله‌ی نیروهای دشمن محصور شده بودند: له لایه‌ن هێزی دژمنه‌وه کلیده کرابوون›.

**محصول** / mahsûl ، ـها؛ ـات/: [عربی]/*اسم.* به‌رهه‌م؛ داهات: ۱. ده‌سهات؛ ئه‌وه‌ی له ئاکامی چالاکیه‌کدا به ده‌ست هاتبێ ‹محصول کارخانه: به‌رهه‌می کارخانه› ۲. ئاژار؛ به‌ر و بووم؛ به‌ر و بوومی؛ باره‌چه؛ به‌ره؛ به‌ربێل؛ به‌ره‌بێل؛ ده‌رامه‌ت؛ به‌روبۆ؛ به‌رجفت؛ به‌ره‌جووت؛ به‌ره‌جفت؛ به‌هره‌ی کشت و کاڵ ‹محصول گندم: داهاتی گه‌نم› ۳. *[مجازی]* ده‌سکه‌وت؛ ئاکامی کار یان ڕه‌وتێک ‹محصول جنگ: ده‌سکه‌وتی شه‌ڕ›.

**محض** / mahz/: [عربی] *صفت.* ته‌واو؛ په‌تی؛ بێ‌خه‌وش؛ ڕه‌سه‌ن؛ ڕووت ‹تاریکی محض: تاریکایی ته‌واو›.

**محض** / mahze/: [عربی] *حرف.* ته‌نیا بۆ؛ هه‌ر بۆ؛ هه‌ر له‌به‌ر؛ بۆ خاتر؛ وه‌روو؛ بۆ؛ په‌ی؛ ژبۆ ‹محض شوخی: ته‌نیا بۆ گاڵته›.
▣ **به محض:** وێڕای؛ هاوکات؛ هه‌رکه؛ ده‌م و ده‌ست ‹به محض دیدن پاسبان فرار کرد: هه‌رکه پاسه‌وانه‌که‌ی دی هه‌لات›.

**محضر** / mahzar ، ـها؛ محاضر/: [عربی]/*اسم.* ده‌فته‌رخانه؛ مه‌حزه‌ر: ۱. نووسینگه‌ی ڕه‌سمی به‌ڵگه ‹فردا می‌رویم محضر معامله را تمام می کنیم: به‌یانی ده‌ڕۆین بۆ مه‌حزه‌ر مامه‌ڵه‌که ده‌بڕینه‌وه› ۲. پێشگا؛ هه‌نته‌ش؛ به‌رده‌م؛ به‌رچاو؛ پێش‌چاو؛ وه‌ره‌چه‌م ‹به محضر مبارک عرض شد: له پێشگای به‌ڕێزتاندا عه‌رزم کرد›.

**محضردار** / mahzardār ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] *اسم.* سه‌رده‌فته‌ر؛ نووسینگه‌دار.

**محضری** / mahzarî/: [عربی] *صفت.* مه‌حزه‌ری؛ ده‌فته‌ری؛ نووسینگه‌یی ‹سند محضری: به‌ڵگه‌ی مه‌حزه‌ری›.

**محظور**[1] / mahzûr/: [عربی] ☜ **محذور**

**محظور**[2]: *صفت. [نامتداول]* ناڕه‌وا؛ حه‌رام؛ قه‌ده‌غه.

**محظوظ** / mahzûz/: [عربی] *صفت.* ۱. *[نامتداول]* به‌هره‌مه‌ند؛ به‌شدار ۲. شادمان؛ خۆشحاڵ ‹از دیدن جنابعالی بسیار محظوظ شدم: له بینینتان زۆر خۆشحاڵ بووم›.

**محفظه** / mahfaze ، ـها/: [عربی]/*اسم.* پارێزه‌ک؛ شوێنێکی بچووکی ده‌ورگیراو بۆ هه‌ڵگرتن و پاراستنی شته‌مه‌ک ‹محفظه‌ی توی دیوار: پارێزه‌کی ناو دیوار›.

**محفل** / mahfel ، ـها؛ محافل/: [عربی]/*اسم.* بنکه؛ مه‌کۆ: ۱. جێگای کۆ بوونه‌وه‌ی چه‌ند که‌س ۲. خودی ئه‌و چه‌ند که‌سه (تێبینی: بنکه (محفل)، له کۆڕ (مجلس) چکۆله‌تر و خۆمانی‌تره).
▣ **محفل انس:** ۱. بنکه‌ی یاران؛ شوێنی کۆ بوونه‌وه بۆ قسه و باسی دۆستانه ۲. یاران؛ ئه‌و که‌سانه‌ی له‌وێدا کۆ ده‌بنه‌وه.

**محفوظ** / mahfûz/: [عربی] *صفت.* هه‌ڵگیراو؛ پارێزراو؛ پاراسته؛ پاراستی.
▣ **محفوظ بودن:** پارێزران ‹حق شما محفوظ است: مافی ئێوه پارێزراوه›.

**محفوظات** / mahfûzât/: [عربی]/*اسم.* بیره‌وه‌ری؛ ئه‌وی له بیردا ماونه‌ته‌وه ‹البته او بر اساس محفوظات خودش حرف می‌زد: دیاره ئه‌و به پێی بیره‌وه‌ری خۆی قسه‌ی ده‌کرد›.

**محق** / moheq(q)/: [عربی] *صفت.* حه‌قدار؛

www.perawipepwle.com



لەسەرحەق؛ بەرحەق.

**محقـــر** / mohaqqar/: [عربـــی] *صـــفت.* ۱. کەمۆکـورت؛ فەقیرانـه ‹اثـاث محقـر: کـەل‌وپـەلی کەمۆکورت› ۲. ناقابل؛ کەمبایەخ.

**محقـــق**[۱] / mohaqqaq/: [عربـــی]/*ســم.* شـــێوە نووسینێکی عەرەبی کە زووتر لە خۆشنووسـیدا بە کار دەهات.

**محقق**[۲]: *صفت.* ۱. ڕاست؛ ڕاس؛ بـێ‌درۆ ‹آن خبـر محقـق اسـت: ئـەو هەوالـە راسـتە› ۲. مسـۆگەر؛ چەسپاو؛ ڕێکەهاتوو ‹ریاست ایشان محقق شده است: سەرۆکایەتیان مسوگەر بووە›.

**محقق** / mohaqqeq ، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربـی]/*ســم.* تـوێژەر؛ لێکۆڵـەر؛ ڤـەکۆلەر؛ کۆڵـەرەوە؛ تـۆژەر؛ هێرەکـار: ۱. خوێنـدەواری زانسـتگا کـە لـە گرۆیەکی لێکۆڵینەوە یـان فێرکاریـدا خـەریکی تۆژینـــەوەی زانســـتیە ۲. ئـــەوی کـــاری لێکۆڵینەوەیە.

**محققاً** / mohaqqaqan/: [عربی] *صفت.* بـێ شـک؛ بە دروسـتی ‹محققاً موفـق خـواهی‌شـد: بـی‌شـک سەردەکەوی›.

**محققانه**[۱] / mohaqqeqāne/: [عربی/ فارسی] *صفت.* لێکۆڵـەرانە؛ تۆژەرانـە ‹مقالـەی محققانـه: وتـاری تۆژەرانە›.

**محققانـه**[۲]: *قید.* تۆژەرانـە؛ لێکۆڵـەرانە ‹محققانـه بررسی کرده بودند نه بر اساس حدس و گمان: تۆژەرانـە لێکیانداببووەوە نەک بە گۆتـرە›.

**محـک** / mahak(k), mehak(k) ، ـها/: [عربـی] /*ســم.* مەحـەک: ۱. تێسـاو؛ محـەک؛ سـەنگی مەحەک؛ بەردی ڕەشی سیلیسـی زێـڕ ئـەزموو ۲. ئامێر یان پێوەمانی دەرخستنی چۆنیەتی یان ڕەسەنایەتی شتێک.

▣ **محک زدن**: ۱. لە مەحەک دان؛ سـاوین بـە سـەر بـەردی مەحەکـدا ۲. هەڵسـەنگاندن و تاقی‌کردنـەوەی چۆنیـەتی یـان ڕەسـەنایەتی شتێک.

**محکم**[۱] / mohkam/: [عربی] *صفت.* پتـەو؛ بتـەو؛ بتاو: ۱. قایم؛ ڕێختە؛ ڕەختە؛ بـەردەوام؛ سـڕوڕ؛ خۆگرتە ‹کفش محکـم: کەوشـی قـایم› ۲. تونـد؛ تون؛ تن؛ بەقـوەت؛ سـفت؛ ڕپ؛ پـەیت؛ قـەرت؛ دمڕەکانی ‹سیلی محکـم: زللـەی تونـد› ۳. پلـپ؛ بنەجێ؛ ڕێختە؛ ڕەختە؛ قایم؛ گـورخ؛ گیردیـان؛ ڕاوەستاو؛ خۆگرتوو ‹ساختمان محکم: مالی پتەو›.

**محکم**[۲]: *قید. [گفتاری]* بـە تونـدی؛ بـە سـەختی؛ جزم؛ سفت؛ سەخت ‹محکـم خـورد بـە دیـوار: بـە توندی دای بە دیوارەکەدا›.

**محکـم کـاری** / mohkamkārî ، ـها/: [عربـی/ فارسـی]/*سـم.* ۱. قـایم‌کـاری؛ پتـەوکاری؛ کـار و ڕەوتی قایم و پتەوکردنی شتێک لە سـەر جێی خـۆی بـە چەشـنێک کـە نەجوولـێتەوە یـان خەوشی تێ نەکـەوێ ۲. *[معماری]* سـفت‌کـاری ۳. *[مجـازی]* قایمکـاری؛ قایمـەکاری؛ مشـوور و تەگبیری زۆر بۆ سەرکەوتن لە کارێکدا.

**محکمه** / mahkame ، ـها؛ محاکم/: [عربـی]/*ســم. [قدیمی]* مەحکەمە: ۱. دادگە؛ دادگا؛ دیوەخـانی قازی ۲. مەتـەب؛ عـەیان؛ ژووڕێ کـە بژیشـک نەخۆشی تێدا دەبینێ.

**محکمـــه پســـند** / mahkamepasand/: [عربـــی/ فارسی] *صفت.* مەحکەمەپەسند؛ شیاوی نواندن بە دادگـــا ‹دلیـــل محکمـــەپســـند: بەڵـــگەی مەحکەمەپەسەند›.

**محکمـی** / mohkamî/: [عربـی]/*ســم.* پتـەوی؛ پەیتی؛ ڕاوەستاوی؛ قایمی؛ گـوڕێخی؛ گـورخی؛ دۆخ یان چۆنیەتی پتەو بوون.

**محکوم**[۱] / mahkûm ، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربـی]/*ســم.* مەحکووم؛ ئەوەی لە دادگا بە تاوانبار دەرچووە.

**محکـــوم**[۲]: *صـفت.* مـــەحکووم: ۱. دامـــاو لـــە سەڵماندنی ڕاستی قسـە و خـوازی خـۆدا ‹او در دادگـاه محکـوم شـد: لـە دادگـادا مـەحکووم بـوو› ۲. ناچار بە قەبوڵ کردنی دۆخێکـی نـاخۆش و نالەبار ‹محکوم به تنهایی: مـەحکووم بـە تـەنیایی›.

هەروەها: **محکوم بودن؛ محکوم شدن؛ محکوم کردن**

**محکومیت** / mahkûmîyyat ، ـها/: [عربی]/سم. مەحکوومیەت؛ دۆخ یان چۆنیەتی مەحکووم بوون ‹نیمی از دوران محکومیت را گذراند: نیوەی مەحکوومیەتەکەی تێپەراند›.

**محل** / mahal(l) ، ـها/: [عربی]/سم. ۱. جێگا؛ جێ؛ جیە؛ شوێن؛ شۆنی؛ شۆن؛ ئەخەکن؛ گورەنگە؛ یاگێ ‹محل نگهداری: شوێنی هەلگرتن› ۲. *[گفتاری]* گەڕەک؛ تاخ؛ کورنگ.

▣ **محل تقاطع** ☜ **تقاطع-۲**

▣ **محل داشتن:** جێ هەبوون: ۱. جێگە بوون ۲. بڕ هەبوون؛ بڕدار بوون.

**محل نگذاشتن:** هەواڵ لێ نەپرسین؛ سەرنج پێ نەدان؛ ئاوڕ لێ نەدانەوە.

**محلات** / mahallāt/: [عربی] جمعِ ☜ **محلّه**

**محلل** / mohallel ، ـها/: [عربی]/سم. جاش؛ پیاوێ کە کرێ دەستێنێ ژنی سێ تەلاقە بە وادە مارە بکا و تەلاقی بداتەوە تا دیسان لە شووەکەی مارە بکرێتەوە.

**محلول**[1] / mahlûl ، ـها/: [عربی]/سم. *[شیمی]* گیراوە؛ شلاوک؛ تراوێ کە ماکێکی تێدا تواوەتەوە.

▣ **محلول اشباع شده:** گیراوەیێ کە زۆرترین ڕادەی ماکی تێدا تواوەتەوە، بەبێ ئەوەی بنیشێ یان سەرکەوێ.

**محلول جامد:** تێکەڵاوی خۆگر و یەکدەست لە دوو یان چەن ماک (وەک ئالیاژ).

**محلول**[2]: صفت. تواوە؛ تواو؛ ئەوەتاویا ‹مقداری نمک در این آب محلول است: هێندێک خوێ لەم ئاوەدا تواوەتەوە›.

**محله** / mahalle ، ـها؛ محلات/: [عربی]/سم. گەڕەک؛ تاخ؛ کورنگ؛ مەحەللە؛ مەهلا.

**محلی** / mahallî/: [عربی] صفت. مەحەلی؛ خۆمالی: ۱. ناوچەیی؛ ناوخۆیی؛ زاگەبەری ‹غالب مدیران، محلی نیستند!: زۆربەی بەڕێوەبەران، خومالی نین!› ۲. باو لە شوێنێک ‹لباس محلی: جلکی خومالی›.

**محمدی** / mohammadî/: [عربی] صفت. موحەممەدی: ۱. سەر بە حەزرەتی موحەممەد (س)، پێغەمبەری ئیسلام ۲. ئیسلامی؛ سەر بە ئیسلام ۳. موسڵمان؛ شۆنەڕای ئیسلام.

**محمل** / mahmel ، ـها/: [عربی]/سم. ۱. بۆنە؛ هۆ ‹داشت برای کارش محمل می‌تراشید: خەریک بوو بۆنەی بۆ کارەکەی دەتاشی› ۲. *[قدیمی]* کەژاوە؛ کەجاوە؛ هۆدەئاسای سەر پشتی وشتر.

**محمول** / mahmûl ، ـها/: [عربی]/سم. *[منطق]* گوزارە؛ چەمک؛ خەبەر؛ ڕەستەیەکی هەوالی، ڕاست یان درۆ.

**محمولات** / mahmûlāt/: [عربی] جمعِ ☜ **محموله**

**محموله** / mahmûle ، ـها؛ محمولات/: [عربی]/سم. بار؛ کالایێ کە لە ناو بەستەدا، لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەبرێت ‹محموله‌ی کامیون تیرآهن بود: باری کامیۆنەکە تیراسن بوو›.

**محن** / mehan/: [عربی] جمعِ ☜ **مِحنَت**

**محنت** / mehnat ، ـها؛ محن/: [عربی]/سم. *[ادبی]* کوڵ؛ مەینەت؛ چەرمەسەری؛ تالی؛ ڕیپ؛ خەم؛ خەفەت؛ گژم؛ جخار؛ جەخار؛ ڕاخ؛ سەختی و دژواری ژیان.

**محنت بار** / mehnatbār/: [عربی/ فارسی] صفت. مەینەتبار؛ خەفەتهێنەر؛ هۆی سەرهەڵدانی کوڵ و مەینەت ‹دوران محنت‌بار: سەردەمی مەینەتبار›.

**محنت کش** / mehnatkeš ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] صفت. مەینەتکێش؛ جەورکێش؛ تووشیاری مەینەت و چەرمەسەرە.

**محو** / mahv/: [عربی] صفت. تەرت؛ مەحف: ۱. لەناوچوو؛ فەنابوو؛ تیاچوو ۲. *[مجازی]* لێڵ؛ نادیار ‹تصویر محو: وێنەی لیل›.

▣ **محو بودن:** لێل بوون؛ بە تەواوی ڕوون نەبوون؛ بە تەواوی ئاشکرا نەبوون؛ جوان دیار نەبوون ‹تصویرش محو بود: وێنەکەی لیل بوو›.

**محو شدن:** شوێنەوار نەمان: ۱. تەرت بوون؛ تەرت و تونا بوون؛ لە بەین چوون؛ نابوود بوون؛ فەنا بوون؛ لە ناو چوون ‹آن آثار بە کلّی محو شد: ئەو ئاسەوارە لە بنەڕەتەوە شوێنەواریان نەما› ۲. بزر بوون؛ گوم بوون. هەروەها: **محو کردن**

**محو تماشای کسی/ چیزی شدن:** تاس بردنەوە؛ ماقی کەس/ شتێک بوون؛ چاو تێبڕین ‹چنان محو تماشای دختر شده بود که متوجه آمدنم نشد: وا ماقی کچە ببوو نەیزانی بە هاتنم›.

**محور** / mehvar ، هـا/: [عربی]/سم. تەوەرە؛ تەوەر: ۱. ڕاستەهێڵێکی وا کە تەن یا تەشکێکی هەندەسی لە دەوریدا هەڵبسووڕێت ۲. هێڵێکی ڕاست کە دەقی‌تر بە گوێرەی ئەو جێگر دەبن ۲. *[کالبدشناسی]* دووهەمین مۆرەی مل ٤. بەشی ناوەندی یان سەرەکی ‹محور بحث: تەوەرەی باس› ٥. هێڵی سەرەکی بزاو، گەشە و پەرە ساندن ٦. هێڵی نێوان دوو جەمسەری گۆ ‹زمین به گرد محور خود می‌چرخد: زەوین لە دەوری تەوەرەی خۆیدا هەڵدەسووڕێ›.

**محوری** / mehvarî/: [عربی] *صفت*. ۱. تەوەری؛ تەوەرەیی ‹حرکت محوری: بزاڤی تەوەری› ۲. سەرەکی؛ بنەڕەتی؛ بناغەیی ‹موضوعات محوری: بابەتە سەرەکییەکان›.

**محوطه** / mohavvate ، هـا/: [عربی]/سم. گۆڕەپان؛ حەسار؛ هنگ؛ ناوان؛ دنگال؛ پانایەکی تایبەت لە چاو دەوروبەری ‹محوطەی ورزشی: گۆڕەپانی وەرزشی›.

**محول** / mohavval/: [عربی] *صفت*. ۱. ڕاسپێراو؛ سپێردراو؛ ئەسپاردراو؛ سپێریاگ ‹امور محول بەخوبی اجرا شد: کار و باری ڕاسپێراو بە جوانی بەڕێوە چوو› ۲. خراو؛ خریاگ ‹کار شما به ماه آینده محول شده است: کارەکەتان خراوەتە مانگی داهاتوو›. هەروەها: **محول کردن؛ محول شدن**

**محیرالعقول** / mohayyerol'uqûl, -'oqûl/: [عربی] *صفت*. هەژەند؛ سەرسووڕێنەر؛ سەرسووڕێن؛ سەیر و سەمەرە.

**محیط**[1] / mohît ، هـا/: [عربی]/سم. ئاقار؛ هەڤێرکە؛ دەور؛ دەوروبەر؛ دۆرانەدۆر؛ دۆر؛ دەور؛ دۆرمادار؛ دۆرمادۆر؛ دەوران‌پشت؛ بۆردۆر؛ گڕ؛ هەڤێرکە؛ ئالی؛ گردوپەڕ؛ دۆن؛ هاوێر؛ هاوێردۆر؛ هاویدۆر: ۱. ئەو بار و دۆخ و شتانەی کە کەس یان شتێک دادەگرن ‹محیط اجتماع: ئاقاری کۆمەڵگا› ۲. ژینگە؛ وار ‹آلودگی محیط: پیسی ئاقار› ۳. شوێن؛ دەڤەر؛ ئەو بۆنە و داب‌ونەریتانەی (فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی) کە لە ژیانی مرۆدا ڕەنگ دەدەنەوە ‹تأثیر محیط: کاریگەری دەوروبەر› ٤. پەڕانپەڕ؛ کەمە؛ کەمەرە؛ چەنبەر؛ سنووری تەشکێکی هەندەسی تەخت ‹محیط دایره: پەرانپەڕی جەغز›.

▣ **محیط زیست:** ژینگە؛ ئاقاری ژین؛ کۆمەڵە هۆکاری فیزیکی، کیمیایی و ژیناسی (وەک ئاو و هەوا، خاک و گیانداران) کە کار دەکەنە سەر ژین و داهاتووی گیانداران و کۆمەڵگاکانیان.

**محیط**[2]: *صفت*. ۱. سوار؛ زاڵ؛ شارەزا ‹او بر همه‌ی آن موضوعها محیط بود: (ئەو) بە سەر هەموو ئەو بابەتانەدا زاڵ بوو› ۲. دەورگر؛ داپۆشەر ‹دایره‌ی محیط بر مربع: جەغزی دەورگری چوارگۆشە›.

▣ **محیط شدن:** ۱. زاڵ بوون؛ سوار بوون؛ شارەزایی پەیدا کردن ۲. لا لێبڕین؛ لا لێسەندن.

**محیطبان** / mohîtbān ، هـا؛ ـان/: [عربی/ فارسی] /سم. ژینگەوان؛ چاودێری ژینگە.

**محیط‌شناس** / mohîtšenās/: [عربی/ فارسی] ☜ **بوم‌شناس**

**محیط شناسی** / mohîtšenāsî /: [عربی/ فارسی] **بوم‌شناسی**

**محیط گرایی** / mohîtgerāyî /: [عربی/ فارسی] *اسم.* ئامۆژەیێ کە پێی وایە ئاقار پتر لە ژنیتیک لە سەر گەشەی هزری و فەرهەنگی مرۆڤ کاریگەرە: **اصالت محیط**

**محیطی** / mohîtî /: [عربی] *صفت.* ئاقاری؛ سەر بە ئاقار ‹شرایط محیطی: هەل‌ومەرجی ئاقاری›.

**محیل** / mohîl /: [عربی] *صفت.* فێڵباز؛ دۆدە؛ جامباز؛ دەسبڕ؛ گزیکار.

**محیلانه** / mohîlāne /: [عربی/ فارسی] *قید.* فێڵبازانە؛ جامبازانە؛ دەسبڕانە؛ گزیکارانە.

**مخ**[1] / mox ، ـها /: [عربی] *اسم.* مۆخ؛ موخ؛ پلپ؛ میشرەف: ۱. گەورەترین بەشی میشک کە لە دوو نیوەگۆی ڕاست و چەپ پێکهاتووە ۲. *[مجازی، گفتاری]* مەغز؛ مەژک؛ مەژگ؛ مژگ؛ میژگ؛ مەزک؛ میشک؛ مژی ۳. *[مجازی، گفتاری]* بیر؛ ویر؛ هۆش ٤. *[مجازی، گفتاری]* کەللە؛ کەللێ؛ سەر.

▣ **مخ کسی تکان خوردن:** *[مجازی]* میشکی کەسێک شلەقیان؛ میشکی کەسێک داتەکین؛ مەژگوو یۆی شلێویەی؛ مەژووی کەسێ چەلەقیان؛ عەقڵ لە دەست دانی کەسێک؛ تێکچوونی کەسێک ‹عیب ندارد، ولش کن، مخ این بیچاره تکان خورده!: قەیدێ ناکا، لێی گەڕە، ئەم بەستەزمانە میشکی شلەقاوە!›.

**مخ کسی خوب کار کردن:** *[مجازی]* میشکی کەسێک باش کارکردن؛ باش بەهرە لە بیر و هۆش گرتن ‹مخ تو خوب کار می‌کند، اما نمی‌دانم چرا به جایی نمی‌رسی!: میشکت باش کار دەکا، بەڵام نازانم بۆ بە هیچ کوێ ناگەی!›.

**مخ کسی داغ شدن:** *[مجازی]* چاوی کەسێک پەرینە تەوقی سەری؛ بە هۆی تووڕەیی زۆرەوە هەڵچوون ‹تا این خبر را شنیدم مُخم داغ شد: هەر ئەم هەوالەم پێ‌گەیشت چاوم پەریە تەوقی سەرم›.

**مخ کسی را خوردن:** *[مجازی]* میشکی سەری کەسێ بردن؛ ئەلفەلەیلە بۆ کەسێ خوێندن؛ مەغزی کەسێک داتەکاندن؛ هیلاک‌کردنی کەسێک بە هۆی زۆربێژییەوە ‹یک ساعت تمام مخ همه را خورد: ساعەتێکی تەخت میشکی سەری بردین›.

**مخ کسی سوت کشیدن:** *[مجازی]* چاوی کەسێک مۆڵەق دان؛ سەری کەسێک سووڕمان ‹وقتی قیمت خانه را گفتند، مُخم سوت کشید: کاتێ بایی مالەکەیان گوت، چاوم مولەقی دا›.

**مخ کسی عیب داشتن:** *[مجازی]* عەقڵی کەسێک سێسووچ بوون؛ مەژگوو یۆی پووت بیەی؛ میشک لای کەسێک نەبوون؛ لە ئاوەز بێبەهرە بوون. هەروەها: **مخ کسی عیب کردن**

**از مخ معاف/ خلاص/ راحت بودن:** *[مجازی]* میشک قرپات بوون؛ بێعەقڵ بوون ‹این بیچاره از مخ معاف است: ئەم بەستەزمانە میشکی قرپاتە›.

**مخ**[2]: *صفت. [مجازی، گفتاری]* وریا؛ مەغز؛ زۆر زیت و زانا و بیرمەند ‹آرام خیلی مُخ است: ئارام یەکجار وریایە›.

**مخابرات** / moxāberāt /: [عربی] *اسم.* ۱. کار و ڕەوتی ناردن و وەرگرتنی هەواڵ بە یارمەتی ئامێری ئەلکترۆمیگناتیسی (وەک تەلەگراف، تەلەفون، ڕادیۆ، ساتەلایت و...) ۲. دام و دەزگا و ڕێخراوەی بەرپرسی ئەم کارە.

**مخابره** / moxbere /: [عربی] *اسم.* کار و ڕەوتی ناردن یان وەرگرتنی هەواڵ، بەتایبەت بە ئامێری میگناتیسی. هەروەها: **مخابره شدن؛ مخابره کردن**

**مخارج** / maxārec /: [عربی] *اسم.* خەرج؛ مەزاخت؛ مزەخت؛ مەزێخ؛ مەزیخ؛ مەزاخ؛ مەزخ: ۱. مەسرەف ‹از عهده‌ی مخارج برنمی‌آییم: دەرەقەتی خەرج نایین› ۲. ئەوەی خەرج بووە

‹لیست همه‌ی مخارج را بنویس!: لیستی هەموو مەزاختەکان بنووسە!› ۳. *[زبان‌شناسی]* ئەو بەشانە لە دەم و زار و گەروو کە پیتی تێدا بەدیدێ و دەردەکەوێ ٤. جمعِ ☜ **مَخرَج**

**مخازن** / maxāzen/: [عربی] جمعِ ☜ **مَخزَن**

**مخاصمات** / moxāsemāt/: [عربی] جمعِ ☜ **مُخاصمه**

**مخاصمه** / moxāseme ، ـها؛ مخاصمات/: [عربی] *اسم.* دژمناتی؛ دوژمنایەتی؛ دژبەرایەتی؛ دژمنی کردن وێڕای شەڕ و پێکەهەڵپژان.

**مخاط** / moxāt/: [عربی]*اسم. [زیست‌شناسی]* کاژی پڕ لە لووی ئەو شوێنانەی لەش کە پێستیان نیە، بەتایبەت ئەو کاژانەی کە لە ناوەوە هەناو دادەپۆشن.

**مخاطب** / moxātab ، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی]*اسم.* ۱. گوێگر؛ بیسەر؛ ئەو کەسەی ڕووی قسەت لەوە ۲. *[دستور]* دووهەم کەس.

**مخاطرات** / moxāterāt/: [عربی] جمعِ ☜ **مخاطره**

**مخاطره** / moxātere/: [عربی]*اسم.* مەترسی: ۱. ڕەوتی خەتەرکردن؛ خۆ خستنە ناو خەتەرەوە ‹سعی کرد از مخاطره بپرهیزد: هەوڵی دا خۆ لە مەترسی بپارێزێ› ۲. ـها؛ مخاطرات/ خەتەر؛ بڤە ‹نمی‌خواست جانش به مخاطره بیافتد: نەیدەویست گیانی بکەوێتە مەترسیوە›.

**مخالف** / moxālef/: [عربی] *صفت.* ۱. پێچەوانە؛ بەرچەپ ‹جهت مخالف: لای پێچەوانە› ۲. بەرهەڵست؛ پێچەوانە؛ دژ؛ نەیار ‹رفتار مخالف: کردەوەی بەرهەڵست› ۳. ـها؛ ـان؛ ـین/ نەیار؛ بەرهەڵست؛ نەڕێن؛ بەرهەڵستکار؛ نەساز لەگەڵ پارت، بنکە یان بار و دۆخێکدا ‹حزب مخالف: پارتی نەیار›.

**مخالفت** / moxālefat ، ـها/: [عربی]*اسم.* نەیاری؛ دژایەتی؛ نەسازی؛ قرخەمەرەزێ؛ ناڕێکی؛ بەرهەڵستی؛ سەرپێچکاری.

▣ **مخالفت کردن**: بەرهەڵست بوون؛ دژایەتی کردن؛ بەرهەڵستی کردن؛ دەربڕینی نەسازی و نەیاری خۆ ‹با کار شما مخالفت کردند: بەرهەڵستی کارەکەتان بوون›. هەروەها:

**مخالفت شدن**

**مخالفت آمیز** / moxālefatāmîz/: [عربی/ فارسی] *صفت.* نەیارانە؛ بەرهەڵستانە ‹سخن مخالفت‌آمیز: قسەی نەیارانە›.

**مخالف‌خوانی** / moxālefxānî ، ـها/: [عربی/ فارسی]*اسم. [مجازی]* کار و ڕەوتی گوتن یان نووسینی قسەی نەیارانە.

**مخبر** / moxber ، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی]*اسم.* هەواڵدەر؛ هەواڵبێژ.

**مخبط** / moxabbat/: [عربی] *صفت.* تێکچوو؛ بێرشاش؛ بێرئاڵۆز.

**مختار** / moxtār/: [عربی] *صفت.* سەربەست؛ خاوەن ئیختیار ‹هر کس مختار است برای زندگی و آینده‌ی خود تصمیم بگیرید: هەموو کەسێک لە سەر بڕیاردان بۆ ژیان و داهاتووی خۆی سەربەستە›.

**مخترع** / 'moxtare ، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی]*اسم.* داهێنەر؛ وەدیهێن؛ ئەو کەسەی ئامێر یان ڕێکارێکی نوێ دادێنێ.

**مختص** / moxtas(s)/: [عربی] *صفت.* تایبەت ‹این نوع چیز نوشتن مختص اوست: ئەم جۆرە شت نووسینە تایبەت بەوە›.

**مختصات** / moxtassāt/: [عربی] جمعِ ☜ **مختصّه**

**مختصر** / moxtasar/: [عربی] *صفت.* ۱. کورتە؛ کورت؛ پوختە؛ کورت‌کراو؛ سەر و پرت؛ کۆتاکراو ‹ مختصر واقعه این بود: گێڕانەوەی کورتەی ڕووداوەکە ئەمە بوو› ۲. کەم؛ هندک ‹درآمد مختصر: داهاتی کەم›.

**مختصراً** / moxtasaran/: [عربی] *قید.* بەکورتی ‹واقعه را مختصراً تعریف کنید!: ڕووداوەکە بەکورتی بگێڕنەوە!›.

**مختصه** / moxtasse ، ـها؛ مختصات/: [عربی]/سم. ۱. دانسته؛ تایبه‌تمه‌ندی ۲. نیشانه؛ هه‌ر یه‌که له‌و ژماره و پیتانه که بۆ دیاری‌کردنی شوێنی خاڵێک له سه‌ر خه‌ت، ڕووپه‌ڕ یان جێگایه‌ک به کار دێن.

**مختـل** / moxtal(l)/: [عربی] صفت. تێکچوو؛ ئاڵۆز؛ شله‌ژاو؛ شێوا؛ شێویا؛ لاسه‌نگ ‹مختل شدن کارها: تێکچوونی کاروبار›.

**مختلس** / moxtales ، ـان؛ ـین/: [عربی]/سم. گه‌نده‌ڵ‌کار؛ ئه‌وه‌ی که خه‌ریکی دزی و گزییه، به‌تایبه‌ت له دارایی ده‌وڵه‌ت یان شیرکه‌تێک.

**مختلط** / moxtalet/: [عربی] صفت. تێکه‌لاو؛ تێکه‌ڵ ‹کلاس مختلط یعنی کلاسی که هم شامل دختر و هم پسر است: کلاسی تێکه‌لاو یانێ کلاسێ که هه‌م کچی تێدایه و هه‌م کوڕ›.

**مختلف** / moxtalef/: [عربی] صفت. جۆراوجۆر؛ جۆربه‌جۆر؛ جۆرواجۆر؛ جووراوجوور ‹کارهای مختلف: کاری جۆراوجۆر›.

**مختومه**/ maxtûme/: [عربی] صفت. بڕاوه‌وه؛ دوایی‌هاتوو؛ ته‌واوبووگ؛ کۆتایی پێ‌هاتوو.

**مخچه** / moxče/: [عربی/ فارسی]/سم. موخچه؛ به‌شێک له مێشکه له پشته‌سه‌ر و ژێر موخدا و کاره سه‌ره‌کیه‌که‌ی بریتی له به‌ڕێوه بردنی جوولەی ویسته‌کی و هاوسه‌نگی و خۆگری له‌شه.

**مخدر** / moxadder ، ـها/: [عربی] صفت. سڕکه‌ر ‹تریاک مخدر است: تریاک سڕکه‌ره›.

**مخـدرات** / moxaddarāt/: [عربی] جمعِ ☜ **مخدره**

**مخـدرات** / moxadderāt/: [عربی] ☜ مواد مخدر، **مواد**

**مخدره** / moxaddare ، ـها؛ مخدرات/: [عربی]/سم. [نامتداول] خات؛ خادێ؛ خاتوون؛ خان.

**مخدوش**/ maxdûš/: [عربی] صفت. ده‌ستێدراو؛ ده‌ست تێبراو. هه‌روه‌ها: **مخدوش بودن؛ مخدوش شدن؛ مخدوش کردن**

**مخدوم**/ maxdûm/: [عربی]/سم. [ادبی] ئه‌رباب؛ ئاغا؛ ئه‌رواو؛ خاوه‌ن‌کار.

**مخـده** / moxadde, mexadde ، ـها/: /سم. ۱. مه‌خده؛ پشتی‌ئاسایه‌ک بۆ له سه‌ر دانیشتن و پاڵ پێوه‌دان ۲. پشتی.

**مخـرب** / moxarreb/: [عربی] صفت. وێرانکه‌ر؛ خاپوورکه‌ر؛ ڕووخێنه‌ر؛ ماڵوێرانکه‌ره ‹زلزله‌ی مخرب: بوومه‌له‌رزه‌ی وێرانکه‌ر›.

**مخرج** / maxrac ، ـها/: [عربی]/سم. ۱. ده‌رگا؛ درگا؛ دریا؛ کون یان ده‌لاقه‌ی چوونه ده‌ر ۲. [مجازی] کووم؛ کۆم؛ پند؛ پندرۆ؛ سوو؛ خڕک؛ قوڵته‌فسه؛ قیت؛ کونی قوون؛ کونی دوایی کۆئه‌ندامی هه‌رسه‌کی گیانداران که پیسی لێوه ده‌رده‌چێ ۳. [ریاضی] ژماره‌ی له ژێر هێڵی که‌سری (وه‌ک ۵ له ۲/۵ دا) ٤. /مخارج/ شوێنی دروست بوون و ده‌رهاتنی پیتی ئه‌لفوبێ له ده‌م و زاره‌وه.

**مخـروب** / maxrûb/: [عربی] صفت. خاپوور؛ وێران؛ دێران؛ کاول؛ دێرس؛ ڕووخاو؛ داڕماو؛ ڕماو؛ کاوله؛ ته‌پاو؛ داته‌پاو ‹خانه‌ی مخروب: مالی کاول›: **مخروبه**

**مخروبه** / maxrûbe/: [عربی] ☜ **مخروب**

**مخروط** / maxrût ، ـها/: [عربی]/سم. [هندسه] قووچ؛ قووچه‌ک؛ قووچک؛ قووته‌ک؛ جۆرێک ته‌شکی هه‌نده‌سی وه‌ک که‌له‌قند که له هه‌ڵسووڕانی سێگۆشێکی ڕاستگۆشه به ده‌وری پەلێکیدا به‌دی‌دێ.

▣ **مخـروط آتشفشان**: قووچکه‌ی گڕکانی؛ قووچکه‌ی گڕکان؛ قووچه‌کی سه‌ر گڕکان که له سارد بوونه‌وه‌ی گڕماکی هه‌ڵپژاوی گڕکان به‌دی‌دێت.

**مخروطات** / maxrûtāt/: [عربی]/سم. لقێک له زانستی هه‌ندسه که ده‌په‌ڕێته سه‌ر قووچه‌ک و برگه‌کانی له‌گه‌ڵ ڕووپه‌ڕدا.

**مخروطی** / maxrûtî ، ـها/: [عربی] صفت. قویچک؛ قووچ؛ قووچی؛ قووچه‌کی؛ هوللکن؛ که‌له‌قه‌ندی.

**مخزن** / maxzan ، ـها/: [عربی]/سم. کۆگه؛ کۆگا؛ هه‌مار؛ کۆمگه: ۱. /مخازن/ بارخانه؛ جێگای پاشه‌که‌وت‌کردن یان هه‌لگرتنی شتێک ‹مخزن نفت: هه‌ماری نه‌وت› ۲. شوێنێک که شتێک هه‌لده‌گرێ یان پاشه‌که‌وت ده‌کا ‹ مخزن اسرار: کوگای نهێنی›.

**مخصوص** / maxsûs/: [عربی] صفت. تایبه‌ت؛ ته‌یبه؛ تایبه‌تی؛ تاویه‌تی؛ تایوه‌تی: ۱. سه‌ر به که‌س، شت یان کاریکی تایبه‌ت ‹این شوخی مخصوص او بود: ئه‌م گاڵته‌یه تایبه‌تی ئه‌و بوو› ۲. به دانسته یان تایبه‌ته‌ندیه‌کی دیاریکراو و بێوێنه‌وه ‹صدای مخصوصی داشت: ده‌نگێکی تایبه‌تی هه‌بوو› ۳. خاوه‌نی جۆرێک سه‌رتری و سه‌رپشکی ‹بستنی مخصوص، کباب مخصوص: به‌سته‌نی تایبه‌ت، که‌بابی تایبه‌تی›.

▣ **مخصوص کردن**: تایبه‌ت دان؛ تایبه‌تی‌کردن به که‌س یان شتێکه‌وه.

**مخصوصاً** / maxsûsan/: [عربی] قید. به‌تایبه‌ت؛ به‌تایبه‌تی؛ گه‌وشینی؛ خازما؛ خاسما: ۱. نه‌خوازه؛ نه‌خوازا؛ نه‌خوازه‌لا؛ نمازه؛ نه‌خازا؛ ناوازه؛ نه‌وازه ‹مخصوصا تو باید خیلی هوشیار باشی: به‌تایبه‌ت تۆ ده‌بێ زۆر وریا بی› ۲. ده‌سانقه‌س؛ به‌ئه‌نقه‌ست؛ به دانسته؛ له‌به‌ر هۆ یان هۆکاریکی تایبه‌ت ‹مخصوصا این را گفتم: ده‌سانقه‌س ئه‌مه‌م وت›.

**مخطط** / moxattat/: [عربی] صفت. کێڵ‌ـکێڵ؛ کێڕ‌ـکێڕ؛ کێڵدار؛ هێڵدار؛ خه‌تدار؛ خه‌ت‌ـخه‌تی.

**مخفف** / moxaffaf/: [عربی] صفت. سووکه‌ڵه؛ کورته؛ کورت‌کراوه ‹«ار» مخفف «اگر» است: «گەر» سووکه‌ڵه‌ی «ئه‌گه‌ره»›.

**مخفی** / maxfî/: [عربی] صفت. شاراوه؛ شاردراوه؛ شاریاوه؛ شاریاگه‌وه؛ پێواره؛ په‌نامه‌کی؛ په‌نامه‌گی؛ په‌کوور؛ نهێنی؛ ئه‌وه‌شاریاگ؛ نادیار ‹راه مخفی: ڕێگای شاراوه›.

▣ **مخفی شدن**: خۆ شاردنه‌وه؛ خۆ قایم‌کردن؛ وێ سه‌خت‌که‌رده‌ی؛ وێ شارته‌یوه؛ خۆ په‌نا دان؛ په‌نام‌گیرته‌ی؛ خۆ دزینه‌وه ‹رفت توی زیرزمین مخفی شد: چوو له ژێرزه‌ویدا خۆی شارده‌وه›. هه‌روه‌ها: **مخفی بودن؛ مخفی کردن**

**مخفیانه** / maxfiyāne/: [عربی/ فارسی] قید. به‌دزییه‌وه؛ بێ دزیه‌و؛ وه دزیکه‌وه؛ به نهێنی؛ په‌نامه‌کی؛ له ژێره‌وه ‹مخفیانه به او پول می‌داد: به‌دزییه‌وه پاره‌ی پێده‌دا›.

**مخفیگاه** / maxfîgāh ، ـها/: [عربی/ فارسی]/سم. حه‌شارگه؛ شاردنگه؛ وه‌شارگه: ۱. شوێنی شت شاردنه‌وه ۲. بنه‌گه؛ حه‌شار؛ په‌نامگا؛ ڕه‌به‌ت؛ شوێنی خۆ شاردنه‌وه ‹شب از مخفیگاهش بیرون می‌آمد: شه‌و له حه‌شارگه‌که‌یه‌وه ئه‌هاته ده‌ر›.

**مخـل** / moxel(l)/: [عربی] صفت. تێکده‌ر؛ گێره‌شێوێن؛ بشێونه؛ شێوه‌ژنه.

**مخلص** / maxlas/: [عربی] صفت. [گفتاری] کورته؛ پوخته؛ کورت‌کراوه؛ سه‌ر و پرت؛ سه‌ر و پۆرت ‹مخلص کلام اینکه...: پوخته‌ی قسه ئه‌مه‌یه که...›.

**مخلـص** / moxles/: [عربی] صفت. ۱. بێ‌ڕیا؛ بێ‌خه‌وش ۲. دڵسۆز؛ به دۆستایه‌تی دوور له ڕیا.

**مخلصانه** / moxlesāne/: [عربی/ فارسی] قید. دڵپاکانه؛ بێ‌گرێ و گۆڵ؛ به پاکی؛ به‌بێ ڕیا.

**مخلصه** / moxallase/: [عربی] ☜ **عاقِرقَرحا**

**مخلفات** / moxallafāt/: [عربی]/سم. ۱. چه‌شه؛ ئه‌وه‌ی له‌گه‌ڵ چێشتدا ده‌یخۆن ۲. ئه‌و شتانه‌ی له‌گه‌ڵ ماکی سه‌ره‌کی ده‌یکه‌نه نێو چێشت (وه‌ک نۆک و پیواز و... له‌ناو ئاوگۆشتدا) ۳. [گفتاری] که‌ڵ‌وپه‌لی لاته‌کی ئامێرێک.

**مخلوط**[1] / maxlût ، ـها/: [عربی]/سم. ۱. [شیمی] ئاوێته؛ ئامێته؛ تێکه‌ڵ؛ به‌رهه‌می چه‌ن ماکی تێکه‌ڵ‌کراو که به شێوه‌ی میکانیکی لێک جودا

دەبنـــەوە ٢. مـــەخلووت؛ فالوودەبەســـتەنی؛ تێکەلاوی پالوودە و بەستەنی.

**مخلوط**[٢]: *صفت.* ئاوێتە؛ ئامێتە؛ تێکەڵ؛ دیەک.

**مخلوط کن** / maxlûtkon ، ـها/: [عربـی/ فارسـی] /سم. ئامێرێکی میکانیکی، دەستی یان کارەبایی، بـۆ تێکـەڵکـردنی دوو یـا چـەن شـت (زۆرتـر خواردەمەنی).

**مخلوع** / 'maxlû/: [عربی] *صفت.* دەرکراو؛ لادراو؛ لابراو؛ لانراو ‹شاه مخلوع: شای دەرکراو›.

**مخلـــوق** / maxlûq/: [عربـی] *صـفت.* خولقـاو؛ داهـاتوو؛ چـێبـوو؛ دروسـتکـراو؛ ئافرانـدی؛ داهێنراو.

**مخلوقـات** / maxlûqāt/: [عربـی]/سم. *[گفتـاری]* ١. خەڵـک؛ مـەردم؛ عالـەم ‹مـێخـواهی همـەی مخلوقات را بریزی اینجا؟: دەتەوێ هەموو خـەڵـکمان لێ کۆ کەیتەوە؟› ٢. بوونەوەران.

**مخمر** / moxammer ، ـها/: [عربی]/سم. ترشێنەر؛ هۆکاری هەڵـهێنان و تورشـاندن (وەک بـاکتری، کارگ یان ئانزیم).

**مخمـــس** / moxammas ، ـهـا/: [عربـی]/سـم. پێنجخشتەکی؛ بەندە شیعرێکی پێنج لەتی.

**مخمصه** / maxmase ، ـها/: [عربی]/سم. گێچـەڵ؛ گێچەڵە؛ تەنگژە؛ بار و دۆخی نـاخۆش و گـیر و گرفت لە کار و ژیانی رۆژانەدا.

**مخمل** / maxmal/: [عربی]/سم. فرەز؛ مخمـوور؛ مەخمەڵ؛ مەخمەر؛ مەخموور؛ قەدیفە؛ قوماشی یـەکـلا کـورکن لـە ئاوریشـمی ئاسـایی یـان دەسکرد.

**مخملـــک** / maxmalak/: [عربـی/ فارسـی]/سـم. میکوتک؛ مێکوتک؛ میرکوت؛ مێکوتە؛ نیرگوتک؛ نەخۆشیەکی چلکی کـە لـە جۆرێـک بـاکتریوە سەر هەڵدەدا و زۆرتـر منـدالان تـووش دەبـن، سەرەتا گەرووی نەخۆش چلک دەکا و دواییش تای لێ دێ و زیپکە دەردەدا.

**مخملی** / maxmalî/: [عربی] *صفت.* مەخمەڵـی؛ مەخمەڵـین: ١. لـە جنسـی مەخمـەڵ ‹قبـای مخملی: کەوای مەخمەلی› ٢. نەرم و ناسک وەک مەخمەڵ ‹صدای مخملی: دەنگی مەخمەڵـی› ❋

**مخملین**

**مخملین**/ maxmalîn/: [عربی] ☜ **مخملی**

**مخمور** maxmûr/: [عربـی] *صفت. [ادبـی]* کـاس؛ گێژ؛ وڕ؛ خەوالوو، بەتایبەت بە هۆی شـوێنەوای خواردنەوەی ئەلکولی یان ماکی سڕکەرەوە.

**مخمـــوری** / maxmûrî/: [عربـی]/سـم. کاسـی؛ گێژی؛ وڕی.

**مخنـــث** / moxannas ، ـان/: [عربـــی]/ســم. مێرمەندۆک؛ نێرمەندۆک؛ نێرموک؛ نێرەموک؛ نێرەمۆک؛ نێرەمۆک؛ نێرمۆک؛ نێرمۆ؛ نە نێر نـە مێ: ١. پیاوێ کە کۆنـدامی زایەنـدی گەشـەی نەکردبێ ٢. ئاغەباجی؛ باجیئەولحـەمی؛ پیـاوێ کە ئاکاری ژنانە بێ ٣. حیزەڵە؛ هیزەکە؛ ئۆبنـە؛ ئوبنەیی؛ بەپشت؛ پشتە؛ پیـاوێ کـە پیـاوانیتـر سواری دەبن.

**مخـــوف** / maxûf/: [عربـی] *صـفت.* ترسـێنەر؛ بەترس؛ بترسێن؛ زاتبـەر؛ زەنـدەقبـەر؛ هـۆڤ؛ دڵتۆقێن ‹صدای مخوف: دەنگی ترسێنەر›.

**مخیـــر** / moxayyar/: [عربـی] *صـفت.* ئـازاد؛ سەربەست؛ سەرپشک.

**مخیله** / moxayyele, moxayyale/: [عربی]/سم. واق؛ بیرگە؛ جـێهـزر ‹معلوم نبود چه فکری در مخیله‌ی او می‌گذشت: دیار نەبوو چ بیرێک بـە واقیـدا تێدەپەڕی›.

**مد** / mad(d)/: [عربـی]/سـم. ١. خێـزاو؛ کـەش؛ هەڵـکـش؛ ڕەوتی هەڵسـان؛ هەڵکشـان؛ ڕادان؛ دیاردەی بەرز بوونەوەی ڕادەی ئاوی دەریـا بـە هـۆی هەڵکشـان و داکشـانی ئـاو ٢. خێـزاو؛ بەرزترین ڕادەی ئاوی دەریا لـە ڕۆژدا بـە هـۆی دیاردەی هەڵکشان ٣. کەشـە؛ کـەلاوە؛ بـزوێنی سەر «الف» لە ڕێنووسی عەرەبی و فارسیدا کـە دەیکاتە «آ».

▣ **مد نظر داشتن:** له بەر چاوگرتن؛ له بەر چاودا بوون؛ سەرنج پێدان؛ سەرنج داپنەی.

**مد** / mod/: [فرانسوی]/سم. باو؛ داب: ۱. /ـها/ شێوازی تەرپۆشی و خۆ رازاندنەوە ‹مُد لباس: باوی جلوبەرگ› ۲. داکەفتی؛ سەلیقەی کۆمەڵگا ‹مدتی سفر اُروپا مُد بود، حالا رفتن به سوریه و ترکیه مُد شده است!: ماوەیەک سەفەر بۆ ئوروپا باو بوو، ئێستا چوونە سووریە و تورکیە باوە!› ۳. نیفار؛ شتومەکی برەودار و بەرەواج ‹حالا این کیفها مد است: ئێستە ئەم کیفانە باوە›.

**مداح** / maddāh، ـها؛ ـان/: [عربی]/سم. ۱. پەسندەر؛ پێهەڵبێژ؛ کەس یان دەزگایەک کە پەسن دەدا ‹روزنامەهای مداح: رۆژنامەگەلی پەسندەر› ۲. دولگەهۆن؛ دولگەبێژ؛ دەنگبێژی شیعری مەزهەبی، بەتایبەت لە پەسندانی بنەماڵەی پێغەمبەردا.

**مداحی** / maddāhî/: [عربی]/سم. ۱. پەسندەری؛ پێهەڵبێژی؛ پێداهەڵبێژی؛ پیاهەڵخوێنی؛ کار و پیشەی کەسێ کە پارە وەردەگرێ و پەسن دەدا ۲. /ها/ کاری پێدا هەڵگوتن.

**مداخل** / madāxel/: [عربی]/سم. داهات؛ بەتایبەت داهاتی لاتەکی (وەک شاگردانە، دەسخۆشانە، لاشیرینی و ڕشفەت).

**مداخلات** / modāxelāt/: [عربی] جمعِ ☜ **مداخله**

**مداخله** / modāxele، ـها؛ مداخلات/: [عربی]/سم. ۱. کار و ڕەوتی بەشداریکردن ۲. خۆتێهەڵقورتان ۳. /سیاسی/ دەستێوەردان؛ هەر کارێک لە لایەن یەک یان چەند دەوڵەتەوە بۆ تێکدانی کار و باری دەوڵەتێکی تر.

**مداد** / medād، ـها/: [عربی]/سم. میداد؛ قەڵەم؛ میدا: ۱. قەڵەمزرێچ؛ دارینە؛ قەڵەمسێیە؛ پێنووسێک بۆ نووسین، ڕەسمکێشان یان نیشانە دانان ۲. ئامێرێکی وا بە ماکی ئارایشتیەوە بۆ خۆ ڕازاندنەوە.

▣ **مداد ابرو:** میدادی برۆ؛ میدادێک بۆ ئارایشتی برۆ.

**مداد رنگی:** میدادڕەنگی؛ قەڵەمڕەنگی؛ کۆمەڵە میدادی ڕەنگاوڕەنگ بۆ نەقاشی.

**مداد شمعی:** میداد شەمی؛ میدادی لە مۆم یان پارافین.

**مداد کپیه:** قەڵەم جەوهەر؛ جۆرێک میداد کە نووسراوەکانی ئەستەم پاک دەبنەوە و بۆ نووسینی بەڵگە بەکار دێ.

**مداد پاک کن** / medādpak.kon، ـها/: [عربی/فارسی]/سم. مەساحە؛ خەتکووڕەوکەر؛ کەرستەیەک لە جنسی جۆرێ لاستیک بۆ سڕین و کوژاندنەوەی شوێنی میداد.

**مداد تراش** / medādtarāš، ـها/: [عربی/فارسی]/سم. خۆتراش؛ خەزەن؛ قەڵەمتراش؛ تکقەڵەمئەوکەر؛ ئامرازی قەڵەم تاشین.

**مدادی** / madādî, medādî/: [عربی] صفت. میدادی: ۱. بە میداد نووسراو ۲. ڕەنگی خۆڵەمێشی تۆخی مەیلە و ڕەش؛ بە ڕەنگی گرافیت.

**مدار** / madār، ـها؛ ـات/: [عربی]/سم. خولگە: ۱. گەڕەکی هەڵخولانی شتێک بە دەوری شتێکیتردا ‹مدار زمین به دور خورشید: خولگەی زەوی بە دەوری خۆردا› ۲. هێڵ؛ گەڕەکێکی بازنەیی لە دەوری شتێک ‹مدار استوا: هێڵی ئوستوا› ۳. ڕێگەی گەڕانی وزەی کارەبا.

▣ **مدار چاپی:** خولگەی چاپی؛ ڕووپەڕێک کە هەموو لکە کارەباییەکانی لە سەر داندراوە یان لەحیم کراوە.

**مدار رأس الجدی:** خولگەی کارژۆلە؛ هێڵێک لە سەر ۲۷′ ۲۳°ی پانتای باشووری گۆی زەوی، کە تیشکی خۆر لە ڕۆژی یەکەمی بەفرانباردا ڕاست لە سەریەتی و ناوچەی ناوەندی باشووری دەگرێتە بەر.

**مدار رأس السّرطان:** خولگەی قرژاڵ؛ هێڵێک

له سەر ۲۷′ ۲۳° پانتای باکووری گۆی زەوی، که تیشکی خۆر له ڕۆژی یەکەمی پووشپەڕدا ڕاست لە سەریەتی و ناوچەی ناوەندی باکووری دەگرێتەوە.

**مدارا** / modārā ، ـها/: [عربی]/سم. ۱. نەرم و نیانی؛ نەرمکێشی؛ ڤەخوراندن ‹با مردم مدارا کن!: لەگەل خەلک نەرمونیان بە!› ۲. خۆڕاگری؛ پشوودرێژی؛ پرزەداری؛ بێنفرەهی ‹با این دشمنان مدارا تا کی؟: لەیەل ئەم دژمنانە پشوودرێژی تا کەنگێ؟›.

**مدارج** / madārec/: [عربی]/سم./[ادبی] قۆناخگەل، پلە یان پلەکگەل ‹مدارج ترقی: قۆناخگەلی پێشڕەوت›.

**مدارس** / madāres/: [عربی] جمعِ ☜ **مدرسه**

**مدارک** / madārek/: [عربی] جمعِ ☜ **مدرک**

**مدارگان** / madārgān/: [عربی/ فارسی]/سم. مەلبەندێک لە گۆی زەوی لە هەر دوو لای هێلی ئوستوادا کە ئاو و هەوای ناگۆڕێ: **منطقه‌ی حارّه**

**مدارگرد** / madārgard/: [عربی/ فارسی] صفت. خولگەگەڕ؛ بە سووڕانەوەی جەغزئاساوە.

**مدافع**[1] / 'modāfe ، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی]/سم. [ورزش] پشتگر؛ بەک؛ هەر کام لە یاریکارانی کایەی فووتبال کە وان لە پێش دەروازەوان و پشتەسەر یاریکارانی ترەوە.

**مدافع**[2]: صفت. پارێزەر؛ بەرگر؛ بەرەڤان؛ بەرەنگار ‹مدافع آزادی: پارێزەری ئازادی›.

**مدافعات** / modāfe'āt/: [عربی] جمعِ ☜ **مدافعه**

**مدافعه** / modāfe'e ، ـها؛ مدافعات/: [عربی]/سم. بەرگری؛ بەرەنگاری؛ کار و ڕەوتی پاراستن و بەرگریکردن.

**مداقه** / modāqqe/: [عربی]/سم. تێبینی: ۱. کار یا ڕەوتی سەرنج دان و ورد بوونەوە ۲. سەرنج؛ وردی.

**مدال** / medāl ، ـها/: [فرانسوی]/سم. مەدال؛ میدال: ۱. نیشان؛ دروشم؛ کانزایەکی نەخشینی وەک سکە کە بە مەبەستی بیرەوەری کەسایەتی یان ڕووداوێک، یان بۆ خەلات لێدراوە و لە مل دەکرێ یان بە سەر سینگەوە دەنرێت ۲. گەوهەربەند؛ نەخشی سەر کانزا.

**مدالیون** / medālyon ، ـها/: [؟]/سم. ۱. گەوهەربەند؛ نەخشی جوانی سەر کانزا و بەردی بەنرخ کە لە ملی دەکەن یان بە جلوبەرگیەوە دەنێن ۲. نەخشی جوانی زەپ لە سەر قاپ، دیوار یان وێنەوە.

**مدام**[1] / modām/: [عربی] صفت. بەردەوام؛ دایمی؛ هەمیشەیی؛ سەرەمڕ ‹عیش مدام: ڕابواردنی بەردەوام›.

**مدام**[2]: قید. هەر؛ دایم؛ دایمە؛ دایمی؛ هەمیشە؛ هەمیشەدەرە؛ دایم و دەرهەم؛ بەردەوام ‹مدام می‌گفت: «من خیلی خسته‌ام»: هەر دەیگوت: «ئەمن زۆر ماندووم»›.

**مداوا** / modāvā ، ـها/: [عربی]/سم. دەرمان؛ چارەسەر؛ چارە؛ عەلاج؛ کار و ڕەوتی دەرمان کردن؛ چارەکردنی دەرد و برین ‹مداوای او چند ماه طول کشید: دەرمانەکەی چەن مانگی خایاند›.

**مداوم** / modāvem/: [عربی] صفت. هەمیشەیی؛ لێکدا- لێکدا؛ بێ‌پسانەوە؛ تم و تم؛ پەیتا- پەیتا؛ پەستا- پەستا؛ پەسا- پەسا؛ لە سەر یەک ‹کار مداوم؛ سر و صدای مداوم: کاری هەمیشەیی؛ قرەوقالی بێپسانەوە›.

**مداومت** / modāvemat, modāvamat/: [عربی]/سم. بەردەوامی: ۱. بار و دۆخی درێژەدار بوون؛ خایاندن؛ بەردەوام بوون ‹این کار دو ماه مداومت داشت: ئەم کارە دوو مانگ درێژەی هەبوو› ۲. شوێنگری؛ کار و ڕەوتی سوور بوون و بەدوادا چوون ‹مدتی در کارش مداومت نشان داد: ماوەیێ لە کارەکەیدا بەردەوامی نواند›.

**مداهنه** / modāhene ، ـها/: [عربی]/سم.

www.perawipepwle.com



زمـــان‌لووســـی؛ زوان‌لووســـی؛ زوان‌چـــه‌وری؛ ماستاوکه‌ری.

**مدایح** / madāyeh/: [عربی] جمعِ ☜ **مدیحه**

**مدبر** / modabber ، ـان/: [عربی] *صفت.* بـه‌رده‌بار؛ به‌مشوور؛ به‌را؛ به‌ته‌گبیر؛ به‌ڕاوێژ؛ چاره‌مه‌ند.

**مدبرانه**[1] / modabberāne/: [عربی/ فارسی] *صفت.* ژیرانه؛ چاره‌مه‌ندانه؛ چاره‌سه‌رانه؛ بـه مشـووڕانه؛ بـــه تـــه‌گبیر؛ بـــه وردبـــینی و دوورنواڕیـــه‌وه ‹راه‌حل‌های مدبرانه: ڕێچاره‌گه‌لی ژیرانه›.

**مدبرانه**[2]: *قید.* ژیرانه؛ بـه مشـووڕ؛ بـه ڕاوێـژ؛ بـه به‌کاربردنی ڕا و ته‌گبیر؛ به وریایی ‹اختلاف‌ها را مدبرانه حل و فصل کرد: ناکۆکیه‌کانی ژیرانه چاره‌سه‌ر کرد›.

**مدپرســت** / modparast ، ـها؛ ـان/: [فرانسـوی/ فارسی] *صفت.* باوپه‌رست؛ هۆگر و شـوێنکه‌وتووی باوی تازه. هه‌روه‌ها: **مدپرستی**

**مدت** / moddat/: [عربی]/*سم.* مده؛ ماوه؛ مـه‌ودا: ۱. به‌ڕوبۆ؛ کاتی پێویست بۆ تـه‌واو بـوونی کـار، خول یـان زنجیره‌ڕووداوێـک ‹مـدت عمـر؛ مـدت تحصیل: ماوه‌ی ته‌مه‌ن؛ ماوه‌ی خوێندن› ۲. کاتێک به سه‌ره‌تا و ئاخری دیاریکراوه‌وه ‹مدت کار روزانه، هشت ساعت است: مـاوه‌ی کـاری ڕۆژانـه هه‌شـت سه‌عاته› ۳. ـها/ پاژێک له کات ‹مدت شب و روز در تابستان و زمستان متفاوت است: ماوه‌ی شـه‌و و ڕۆژ له هاوین و زستاندا جیاوازه›.

**مدتـــدار** / moddatdār/: [عربـی/ فارسـی] *صفت.* مـاوه‌دار؛ مـه‌ودادار؛ پێوه‌ندیـدار یـان سـه‌ر بـه ماوه‌یێکی دواتره‌وه ‹چک مدتدار: چه‌کی ماوه‌دار›.

**مدح** / madh ، ـها/: [عربی]/*سم.* په‌سـن؛ ڕه‌وش؛ تاریف؛ ستایشت: ۱. کاری پێدا هه‌ڵدانی که‌سێ یـا شـتێ و گـوتنی باشـی و لێهاتوویـیه‌کانی. به‌رانبه‌ر: **قَدح** ‹شاعران او را مدح می‌کردند: شاعیران پەســنیان ده‌داوه› ۲. ئـه‌وه‌ی لـــه‌م بـــاره‌وه هه‌ڵـــده‌گوترێ ‹بسیار مـدح او را گفتنـد و نوشـتند: زۆریان پەسندا و نووسیانه‌وه›.

▣ **مـدح کـردن/ گفـتن**: پێـدا هه‌ڵـگوتن؛ پیـا هه‌ڵدان؛ په‌سندان؛ ئه‌ڤراختن؛ پێهه‌ڵگوتن.

**مـــدحیات** / madhîyyāt/: [عربـی] جمـعِ ☜ **مدحیه**

**مدحیه** / madhîyye ، ـها؛ مدحیات/: [عربـی]/*سم.* دولگـه؛ شـیعر، قسـه یـان نووسـراوه‌یه‌ک بـۆ په‌سندانی که‌سێک.

**مـدخل** / madxal ، ـها/: [عربی]/*سم.* ۱. ده‌م؛ زارک؛ ده‌روو؛ دەر؛ نـــاوده‌ر؛ ناڤـــده‌ر؛ درگـــا؛ ده‌مده‌ر؛ بـــه‌رده‌ر؛ بـــه‌رده‌رک؛ شـوێنێک بـۆ تێوه‌چـوون ۲. پێشـه‌کی؛ ده‌سـپێک ۳. لێمـا؛ لێمه؛ سه‌رواژه؛ سه‌روشه؛ هه‌ر کام له وشـه‌گه‌لی سه‌ره‌تایی وشه‌دان، فه‌رهه‌نگ یان فه‌رهـه‌نگۆک که مانای دراوه‌تـه‌وه، به‌رامبـه‌ره‌کانی نووسـراوه و...

**مـــدد** / madad ، ـها/: [عربـی]/*سم.* یاریـده؛ ئاریکاری؛ یارمه‌تی؛ یاریه‌تی؛ یارده‌ی؛ کۆمه‌ک.

▣ **مدد خواسـتن**: داوای یارمـه‌تی‌کـردن؛ یـاری خواستن؛ کۆمـه‌ک گـه‌ره‌ک بـوون؛ یـارده‌ی واسته‌ی. هه‌روه‌ها: **مدد رساندن؛ مدد کردن**

**مددجو** / madadcû ، ـها؛ ـیان/: [عربـی/ فارسـی] /*سم.* ۱. یاریخواز؛ کۆمه‌ک‌خواز؛ ئه‌وه‌ی پێویستی به یارمه‌تیه ۲. تـازه‌لاوی تاوانبـار لـه ناوه‌نـدی چاکسازی و په‌روه‌رده‌دا. هه‌روه‌ها: **مددجویی**

**مددکار** / madadkār ، ـها؛ ـان/: [عربـی/ فارسـی] /*سـم.* مـــه‌ده‌دکار؛ ئاریکـــار: ۱. یارمه‌تیـــده‌ر؛ فریاڕەس ۲. ئـه‌وه‌ی لـه ناوه‌نـدی چاکسـازی و په‌روه‌رده‌دا کار ده‌کا.

▣ **مـددکار اجتمـاعی**: ئاریکـاری کۆمه‌ڵایـه‌تی؛ ئـــه‌وه‌ی بـــۆ چاکســـازی و یارمه‌تیـــدانی لێقه‌وماوان ڕاهاتووه.

**مددکاری** / madadkārî/: [عربـی/ فارسـی]/*سم.* ئاریکاری؛ مه‌ده‌دکـاری: ۱. ـها/ کـاری یـاری گه‌یاندن ۲. پیشه‌ی ئاریکار.

▣ **مددکاری اجتماعی**: ئاریکـاری کۆمه‌ڵایـه‌تی؛

چەشنێک چالاکی کۆمەلایەتی بۆ یارمەتیدانی لێقەوماوان.

**مددیار** / madadyār ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] /سم. مەدەدیار؛ یاریدەر؛ بەردەستی ئاریکار.

**مددیاری** / madadyārī/: [عربی/ فارسی]/سم. مەدەدیاری؛ یاریدەری: ١. بواریکی خوێندەواری بۆ فێرکردن و ڕاهێنانی یاریدەر ٢. پیشە و کاری یاریدەر.

**مدر** / moder(r)/: [عربی] صفت. ئاسانکەر و زۆرکەرەوەی ڕێژەی میز.

**مدرج** / modarrac/: [عربی] صفت. پلیکانە؛ پێچینە؛ پاچێنە؛ نقرە نقر؛ پلە پلە؛ دەرەجەدەرەجە؛ پلەک ـ پلەک؛ دەرەجەبەندی کراو ‹رادیو دارای صفحەی مدرج است: ڕادیۆ پەڕەیەکی پلیکانەی هەیە›.

**مدرس** / modarres ، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی]/سم. ١. ئەوەی دەرس ئەدات: /الف) هینکار؛ هەڤۆتکار؛ ئەوەی لە قوتابخانەیەکی دینیدا دەرس ئەداتەوە ب) خوارترین پلەی مامۆستایی لە زانستگادا ٢. فێرکار؛ دەرسبێژ (بەگشتی).

**مدرسه** / madrese, madrase ، ـها؛ مدارس/: [عربی]/سم. فێرگە: ١. قوتابخانە؛ خوێندنگا؛ مەکتەب؛ مەدرەسە؛ دەرسخانە؛ جێگەی دەرس خوێندن: /الف) شوێنی فێرکردنی منداڵان و تازەلاوان بە پێودانگی بەرنامەیەکی دیاریکراو ب) شوێنی فێرکردنی زانستی دینی ٢. فێرگە؛ دامەزراوەی فێرکاری ‹مدرسەی کشاورزی: فێرگەی کشتوکاڵ›.

▣ **مدرسەی ابتدایی**: خوێندنگای سەرەتایی؛ قوتابخانەی سەرەتایی

**مدرسەی راهنمایی**: خوێندنگای ناوەندی.

**مدرسەی شبانەروزی** ☜ **شبانەروزی**[1]

**مدرسەی عالی**: دامەزراوەی فێرکاری بالا، لە ئاستی کارناسی (لیسانس).

**مدرسەی غیرانتفاعی**: مەدرەسەی نادەولەتی کە بە گرتنی پارە لە خوێندکاران بەڕێوە دەچێ.

**مدرسەی متوسطه**: دەبیرستان؛ قوتابخانەی دوا ناوەندی.

**مدرسەای** / madrese'î, madrase'î/: [عربی/ فارسی] صفت. /گفتاری/ مەدرەسەیی؛ قوتابخانەیی؛ فێرگەیی؛ پێوەندیدار یان سەر بە قوتابخانە ‹دختر مدرسه‌ای: کچە مەدرەسەیی›.

**مدرسەداری** / madresedārī, madrase-/: [عربی/ فارسی]/سم. قوتابخانەداری؛ کار و ڕەوتی گەڕاندن و بەڕێوە بردنی قوتابخانە.

**مدرسەرو** / madreserow, madrase- ، ـها/: [عربی/ فارسی] صفت. مەدرەسەیی؛ قوتابخانەیی؛ بە تەمەن یان دۆخی شیاو بۆ چوونە قوتابخانەوە.

**مدرسەسازی** / madresesāzī, madrase-/: [عربی/ فارسی]/سم. قوتابخانەسازی؛ فێرگەسازی؛ کار و ڕەوتی کردنەوەی قوتابخانە.

**مدرسی**[1] / madrasī/: [عربی]/سم. مەدرەسی؛ قسەوباسی فەلسەفی و بیروڕای قوتابخانەیی ئوروپا لە چەرخە ناوەندیەکاندا.

**مدرسی**[2]: صفت. قوتابخانەیی؛ پێوەندیدار یان سەر بە قوتابخانە.

**مدرسی** / modarresī/: [عربی]/سم. فێرکاری؛ هینکاری: ١. دەرسبێژی؛ مامۆستایی؛ کاری مامۆستا ٢. کار و ڕەوتی دەرس دان.

**مدرک** / madrak ، ـها؛ مدارک/: [عربی]/سم. نڤیسک؛ بەڵگە؛ مەدرەک: ١. دەسخەت یان نووسراوەیەکی ڕەسمی بۆ دەلیل یان پشتیوانی لە داوا یان گومانێک ٢. ئەوەی دەبێتە بەڵگە (وەک وێنە، شریتە، نووسراوە و...) ٣. بەڵگەنامە؛ سەندەد ‹سند زمین: بەڵگەنامەی زەوی›.

▣ **مدرک تحصیلی**: بڕوانامەی خوێندکاری؛ نووسراوەیەکی ڕەسمی کە تێپەڕ بوونی خولێکی خوێندەواری کەسێ پیشان دەدا.

مدرک تخصصی: بڕوانامەی پسپۆڕی.

**مدرکات** / modrakāt/: [عربی]/سم. کۆی ئەو شتانەی هەستیان پێ دەکرێ.

**مدرک‌گرایی** / madrakgerāyî/: [عربی/ فارسی] /سم. واز و تامەزرۆیی زۆر بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی خوێندکاری بەبێ بایەخدان بە فێر بوون.

**مدرن** / modern ، ـها/: [فرانسوی] صفت. نۆباو: ۱. تازەباو؛ سەر بە سەردەمی ئێستا یان ڕابردووی نزیک ‹جامعەی مدرن: کۆمەڵگای تازەباو› ۲. ساز و تەیار بە شێوەگەلی زانستی یان هونەری تازەوە ‹هواپیمای مدرن: فڕۆکەی نوێباو›.

**مدرنیته** / modernîte/: [فرانسوی]/سم. نوێخوازی؛ نوێوازی؛ نوێگەری؛ نۆباوی؛ تازەگەری، خازما لە دیاردەگەلی کۆمەڵایەتیدا.

**مدرنیزه** / modernîze ، ـها/: [فرانسوی] صفت. بەڕۆژ؛ نۆکراو و ساز بەپێی ئامێر، کەرستە، شێواز، سەلیقە یان کەڵکی ئەمڕۆیی.

**مدرنیست** / modernîst ، ـها/: [فرانسوی] صفت. نوێخواز؛ نوێواز؛ نوێگەر.

**مدرنیسم** / modernîsm/: [فرانسوی]/سم. مۆدڕنیسم: ۱. گرەوشتێک لە هونەر، نژیارڤانی، بیر و وێژە لە دوای ڕۆنسانسی ئوروپا لە دژی شێوە، شێواز و دابونەریتی باوی کۆمەڵگا ۲. نوێوازی؛ نوێخوازی؛ نوێگەری.

**مدساز** / modsāz ، ـها؛ ـان/: [فرانسوی/ فارسی] /سم. باوداهێن؛ ئەوەی شتی نوێ بەتایبەت جلوبەرگ دادێنێ و دەیکاتە باو.

**مدعا** / modda'ā ، ـها/: [عربی]/سم. داخوازە؛ داواکراو.

**مدعو** / mad'ov(v) ، ـان؛ ـین/: [عربی]/سم. داوەتکراو؛ لێگێڕاو؛ بانگهێڵراو؛ داوەتی؛ قەخوەندی؛ بانگکراو بۆ شوێنێ، بەتایبەت میوانی، کۆڕی جێژن یان وتاربێژی.

**مدعی** / modda'î ، ـها؛ ـان/: [عربی]/سم. داواکەر: ۱. داواکار؛ داواچی؛ ئەو کەسەی خواستێک دێنێتە گۆڕێ ‹مدعی می‌گوید این مال من است: داواکار دەڵێ ئەوە هی منە› ۲. ئەوەی شەڕ و داوای لەگەڵ کەسێکدا هەیە ‹مدعی که نمی‌تواند قاضی باشد: داواکەر خۆ ناتوانێ داوەر بێ› ۳. *[حقوق]* خوازەر؛ گازەندەکەر؛ سکالاکەر؛ دادبەر؛ شکاتکەر؛ ئەوەی شکاتی کەسێکی کردووە ‹مدعی اظهار می‌کند شما او را کتک زده‌اید: داواکەر دەڵێ ئێوە لێتان داوە›.

**مدعی‌العموم** /modda'îyol'omûm/: [عربی] /سم. *[حقوق]* دادئەستێن؛ دادسان؛ دادستان.

**مدعی‌علیه** / modda'ā'alayh/: [عربی]/سم. *[حقوق]* پاشمار؛ شکات لێکراو.

**مدغم** / modqam/: [عربی]/سم. *[دستور]* پیتێ کە تێکەڵ بە پیتێکی‌تر بووە و سواوە، وەک «بَتَر» کە لە بنەڕەتدا «بَدتَر» بووە، داڵەکە لە گوتاردا تێکەڵ بە تێ بووە و نەماوە.

(تێبینی: ئەم دیاردەیە زمانیە لە کوردیشدا هەیە. وەک «هەژار» دەڵێ: «تۆزێ لەو خاکە بەسەر خۆتا کە!»، «خۆتا» لە سەرەتادا «خۆتدا» بووە).

**مدفن** / madfan ، ـها/: [عربی]/سم. ناشتنگە؛ جێ نێژران (وەک گۆڕ، قەبر) ‹مدفن مستوره در سلیمانیه است: ناشتنگەی مەستوورە لە سلێمانیدایە›.

**مدفوع** / madfû'/: [عربی]/سم. پیسی؛ پیسایی؛ گوو؛ گ؛ گی؛ مرداری؛ ڕیخێ کە لە ڕێخۆڵەی مرۆڤ و گیانداراننی‌تر وە دەردەچێ.

**مدفون** / madfûn/: [عربی] صفت. نێژراو؛ بن‌گڵ‌خراو؛ سراویا؛ ناشتوو؛ ناشتی؛ تەمراو.

▣ **مدفون کردن**: ۱. ناشتن؛ نیان؛ مردوو لە قەبر نان ۲. کردنە ژێر خاکەوە؛ شاردنەوەی شتێ لە ژێر خاکدا.

**مدقال** / medqāl/:/سم. متقال؛ جاو؛ جاوە؛ جاوگ؛ قوماشی بەنی ساکار و درشت‌چن: **متقال**

**مدل** / model ، ـها/: [فرانسوی]/سم. مودێل:

١. *[نامتداول]* نموونه؛ نمانا؛ سەرمەشق ٢. گەلالە و نموونەی شتێ کە قەراوە دروست بکرێت ‹مدل هواپیما: مودیلی فڕۆکە› ٣. فرم؛ شێواز یان چۆنیەتی دروستکردنی شتێک ‹ماشین آخرین مدل: ماشینی ئاخر مودیل› ٤. کەسێ کە لە دەم و چاو یان ئەندامانی‌تری بۆ مەبەستێکی هونەری، فێرکاری یان بانگەشەیی وێنە یان پەیکەر چێ دەکەن ٤. جۆرێ کتێبی فێرکاری نەقاشی.

**مدلل** / modallal/: [عربی] *صفت.* بەڵگەدار؛ بە بەڵگە ‹سخنان مدلل: قسەی بەڵگەدار›.

**مدلول** / madlûl ، ـها؛ ـات/: [عربی]/*سم.* ١. مەبەست؛ مانا یان ئامانجی وتە یان نووسراوە، بەتایبەت مراز و ئامانجە سەرەکیەکەی.

**مدم** / modem ، ـها/: [انگلیسی]/*سم.* مودیم؛ دەزگای گۆڕانی نیشانەیەک بە نیشانەگەلی تەبا دەگەڵ دەزگایەکی‌تردا و ڕاگواستنیان (وەک گۆزانەوەی زانیاری لە کەمپیوتێرێکەوە بۆ کەمپیوتێرێکی‌تر): **مودم**

**مدمغ** / modammaq/: [عربی] *صفت. [ادبی]* ١. خۆ بەزلزان؛ خۆپەسەن ٢. گەمۆر؛ مەجووجە؛ مژمۆر؛ ناوچاوتاڵ.

**مدنی** / madanî/: [عربی] *صفت.* ١. نێوولاتی؛ ولاتی؛ ولایەتی؛ سەر بە ولات ‹سازمان مدنی: ڕێخراوەی نیوولاتی› ٢. شارستانی؛ باژێروانی؛ باژێڕڤانی؛ ژیاری؛ سەر بە ژیان و کۆمەڵگای شارستانی ‹حیات مدنی: ژیانی شارستانی› ٣. مەدینەیی؛ پێوەندیدار یان سەر بە شاری مەدینە لە عەرەبسان ٤. تایبەتمەندی بڕێ لە سووڕەتەکانی قورعان کە لە مەدینەدا هاتوون.

**مدنیت** / madanîyyat/: [عربی]/*سم.* ژیاری؛ شارستانێتی؛ شارستانیەتی.

**مدور** / modavvar/: [عربی] *صفت.* خرت؛ خڕ؛ غڕ؛ خشت؛ گورمک؛ گلۆر؛ گر؛ گرد؛ گردل؛ سەل؛ گلینک؛ لەنگەری؛ چەرخی؛ تۆپەڵ؛ جەغزی ‹صفحەی مدور: پەڕەی خرت›.

**مدولاسیون** / modulās(i)yon/: [فرانسوی]/*سم.* ١. *[فیزیک]* گۆڕانی بڕێ تایبەتمەندی شەپۆل بە گوێرەی شەپۆلێکی‌تر لە هەوالنێری بێ‌تەلدا ٢. *[موسیقی]* ڕاداشتنی ئاهەنگێک لە پلەک یان مودێکەوە بۆ پلەک یان مودێکی‌تر.

**مدون** / modavvan/: [عربی] *صفت.* کۆوەکراو؛ تۆمارکراو؛ ڕێکخراو؛ کۆکراوە بە شێوەیەکی ڕێک‌وپێک ‹قانون مدون: قانونی کووەکراو›.

**مدهش** / modheš/: [عربی] *صفت. [ادبی]* بەسام؛ ترسهێن؛ ترسناک؛ ڕۆح تۆقێن؛ زاڵەترەکێن؛ زۆر ترسێنەر ‹حادثەی مدهش: ڕووداوی بەسام›.

**مدهوش** / madhûš ، ـان/: [عربی] *صفت. [ادبی]* بێهۆش؛ نەهش؛ نهش؛ دڵبووراو؛ دڵبووراوە؛ لەهۆش چوو؛ لەسەرخۆ چووگ ‹ناگهان مدهوش شد و افتاد: لە ناکاودا بیهوش بوو و دارایەوە›.

▣ **مدهوش شدن**: بوورینەوە؛ بوورانەوە؛ دڵ بوورین؛ لەهۆش چوون؛ بێهۆش بوون؛ لەسەرخۆ چوون؛ دڵ ڕوویەن؛ بێتار بوون؛ بێهۆش کەوتن؛ لەپژین؛ وێردەیوە.

**مدیحه** / madîhe ، ـها؛ مدایح/: [عربی]/*سم.* دولگە؛ پەسن‌نامە؛ ئەوەی (زۆرتر شیعر) کە لە پەسنی کەسێکدا دەگوترێ.

**مدیحه‌سرا** / madîhesarā ، ـیان/: [عربی/ فارسی] *صفت.* دولگەوێژ؛ دولگەهۆن؛ پەسن‌بێژ؛ هۆگری پێدا هەڵگوتن و پەسن دان. هەروەها: **مدیحه‌گو؛ مدیحه‌سرایی؛ مدیحه‌گویی**

**مدید** / madîd/: [عربی] *صفت.* دوور و درێژ؛ ئازگار؛ درێژ؛ درێژخایەن ‹مدت مدید: ماوەی دوور و درێژ›.

**مدیر**[1] / modîr ، ـها؛ ـان/: [عربی]/*سم.* کارگێڕ؛ بەڕێوەبەر؛ ڕێڤەبەر؛ هەڵسووڕێن؛ ئەو کەسە بەڕێوە بردنی دامەزراوەیەکی لە ئەستۆدایە ‹مدیر فروشگاه: کارگیری فرۆشگە›.

▣ **مدیر داخلی**: کارگێڕی ناوەخۆ؛ بەڕێوەبەری

ناوخۆیی؛ بەرپرسی هەڵسووڕاندنی کار و باری ناوەکی دامەزراوەیەک.

**مدیر عامل**: کارگێڕی گشتی؛ بەرزترین پلەی بەڕێوەبەرایەتی دامەزراوەیێ کە لە لایەن تاقمی بەڕێوەبەرایەتیەوە هەڵدەبژێردرێت.

**مدیر کل**: بەڕێوەبەری گشتی؛ ئەوەی بەڕێوەبەرایەتی مەزرینگەیەکی لە ئەستۆدایە.

**مدیر مسئول**: بەرپرس؛ ئەو کەسەی لەمەڕ پیشە یان کارێکی تایبەت (وەک بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە) ئەرکی وەڵام دانەوە بە دام و دەزگا دەوڵەتیەکانی لە ئەستۆدایە.

**مدیر**[۲]: *صفت.* بەمشوور؛ لێهاتوو بۆ سامان دان و بەڕێوەبردنی کار و بار.

**مدیریت** / modîrîyyat/: [عربی]/*سم.* بەڕێوەبەرایەتی؛ کارگێڕی: ۱. /ـها/ کار و ڕەوتی هەڵسووڕاندن ۲. /ـها/ لێهاتوویی و لێزانی لە بەڕێوە بردندا ۳. کۆی ئەو کەسانەی کارێک هەڵدەسووڕێنن ‹مدیریت کارخانه: بەڕیوەبەرایەتی کارخانه› ٤. کار و پیشەی بەڕێوەبەر.

**مدیست** / modîst ، ـها/: [فرانسوی]/*سم.* باوداهێن؛ ئەو کەسەی شتی نوێ دەکاتە باو.

**مدینەی فاضله** / madîneyefāzele/: [عربی] ☜ **آرمانشهر**

**مدیون** / madyûn/: [عربی] *صفت.* ۱. *[حقوق]* قەرزدار؛ قەرزار ‹شما پولی بە این شرکت مدیون هستید: ئێوە پارەیەک قەرزداری ئەم بەشدارگەیەن› ۲. *[گفتاری]* منەتبار؛ دەیندار؛ دۆخی خۆ بە وامداری چاکەیەک زانین.

**مدیونی** / madyûnî/: [عربی]/*سم.* منەتباری؛ دۆخ یان چۆناوچۆنی دەیندار بوون.

**مذاب** / mozāb/: [عربی] *صفت.* تواوە؛ تاویاوە؛ تاویاو؛ تاویاگەوە؛ بوهوژ؛ بوهوژتی؛ ئەوەتاویا؛ بڤاشت؛ پشافت؛ لە بەر گەرمای زۆر وەک هەویر یان ئاو لێهاتوو.

**مذاق** / mazāq/: [عربی]/*سم.* ۱. *[نامتداول]* چێژایی؛ ئەندامی چێشتن ۲. *[مجازی]* دڵ؛ سەلیقە؛ پەسن؛ زەوق ‹به مذاق کسی خوش آمدن: بە دڵی کەسێک بوون›.

**مذاکرات** / mozākerāt/: [عربی] جمعِ ☜ **مذاکره**

**مذاکره** / mozākere ، ـها؛ مذاکرات/: [عربی]/*سم.* وتووێژ؛ قسەوباس؛ مچلگە؛ لێکدوانی بەتایبەت ڕامیاری نێوان دوو یان چەن کەس ‹وزرای دو کشور مدتی مشغول مذاکره بودند: وەزیرانی دوو وڵاتەکە ماوەیەک خەریکی وتووێژ بوون›.

**مذاهب** / mazāheb/: [عربی] جمعِ ☜ **مذهب**

▣ **مذاهب اربعه**: چوارمەزهبی ئەهلی سوننەت، کە بریەتین لە: حەنەفی، شافیعی، حەنبەلی و مالیکی.

**مذبح** / mazbah ، ـها/: [عربی]/*سم. [ادبی]* قوربانگە؛ قوربانگە؛ کوشتارگا؛ شوێنی سەربڕین و قوربانی کردن.

**مذبذب** / mozabzab/: [عربی] *صفت.* ۱. تاوتاوی؛ ڕا ـ ڕا؛ دەمەدەمی؛ هۆکی ـ هۆکی؛ وازوازی؛ بێتوانستی بڕیاردان ۲. ڕووگیر؛ لە ڕوو داماو؛ بەبێ ڕاشکاوی و ڕووڕاستی لە دەربڕینی بیر و باوەڕدا.

**مذبوحانه** / mazbûhāne/: [عربی/ فارسی] *صفت.* بەفیڕۆ؛ لەناچاری؛ ناچاری؛ بە ناعیلاجی و لە خۆڕایی ‹تلاش مذبوحانه: هەوڵی بەفیڕۆ›.

**مذکر** / mozakkar ، ـها/: [عربی] *صفت.* نێر؛ نێرینە؛ نێرەوەز ‹حیوان مذکر: گیانداری نێر›.

**مذکور**[۱] / mazkûr/: [عربی] *صفت.* ناوبراو؛ نێوبراو؛ ناڤبری؛ باسکراو؛ باس لێکراو ‹موضوع مذکور در سند قید شده است: بابەتی باسکراو لە بەلگەکەدا هاتووە›.

**مذکور**[۲]: *ضمیر.* ناوبراو؛ نێوبراو؛ ناڤبری؛ باسکراو؛ کەس یان شتێ کە پێشتر ناوی هاتووە ‹شخص مذکور مدتی در بیمارستان بود: ناوبراو ماوەیەک لە نەخۆشخانە بوو›.

**مذلت** / mazallat, mazellat ، ـها/: [عربی]/سم. سووکی؛ زەلیلی؛ خواری؛ زەبوونی؛ پەستی.

**مـذمت** / mazammat, mazemmat ، ـهـا/: [عربـی]/سم. ۱. *[ادبـی]* زەم؛ زەمـه؛ فـر؛ ڤـر؛ خراپـەبێژی ۲. لۆمـه؛ لـۆم؛ تانـه؛ سەرزەنشـت؛ سەرکۆنه؛ سەرکۆ؛ وله.

**مـذموم** / mazmûm/: [عربـی] صـفت. *[ادبـی]* کەسن؛ کرێت؛ ناشـیرین؛ ناپەسـەن؛ ناپەسـەند؛ زشت؛ نەچێ؛ ناحەز؛ سک؛ دشت.

**مـذهب** / mazhab ، ـهـا؛ مـذاهب/: [عربـی]/سم. ڕێبـاز: ۱. مـەزهب؛ مـەزهو؛ مەسـەو؛ مەسـەب؛ ئایین؛ دیژه؛ کۆمەڵه ئامۆژەگەلی دینێ که تەنیا تاقمێ له پەیرەوانی ئـەو دینـه لـه سـەری بـن ‹مذهب شافعی: ڕێبازی شافیعی› ۲. *[مجازی]* دیـن ‹مذهب بودا: دینـی بودا› ۳. *[نامتداول]* قوتابخانەی هزری یان فەلسەفی.

▣ **مذهب آنگلیکان**: ڕێبازی ئانگلیکان؛ ڕێبازێکی مەسیحی که له سالی ۱۵۳٤ی زایینیـەوه لـه ئینگلستان دامەزراوه: **کلیسای آنگلیکان**

**مـذهب ارتـدکس**: ڕێبـازی ئورتـودوکس؛ ڕێبازێکی بنەماخوازی دینی مەسیحی که لـه سەدەی پێنجەمدا و له ئەنجامی سەربادان له فەرمانی پاپی دووهەم، له ناو خـاچپەرسـتانی ڕۆژاوادا سەری هەڵدا: **کلیسای ارتدکس**

**مذهب پرتستان**: ڕێبازی پروتستان؛ هـەر کـام لـه ڕێبازەکـانی مەسـیحی کـه لـه چـەرخی شازدەهەمەوه له لایەن چاکەخوازانی دینیەوه سەریان هەڵداوه و ملیان به سەرۆکایەتی پاپ نەداوه: **کلیسای پروتستان**

**مذهبت را شـکر**: *[گفتـاری]* بـه زیـا نـەبێ؛ بـه زیادی نەکەی؛ هـەی وەچەمـەری کـەی (بـۆ دەربـڕینی ناڕەزایـەتی یـان سەرسـووڕماوی دەگوترێ) ‹مذهبت را شکر دوباره برق رفت!: به زیادی نەکەی دیسانەکه بەرق چوو!›

**مذهب کاتولیک**: ڕێبازی کاتولیک؛ یەکێک له ڕێبازەکانی مەسـیحی کـه پـاپ بـه جێگـری ڕاستەوخۆی پیتروسی ڕەسوڵ دەزانـێ و لـه سـەر سەڵـت و ڕەبـەن مانـەوەی پایـەدارانی کلیسا پێداگری دەکا: **کلیسای کاتولیک**

**مذهب** / mozahhab/: [عربی] صفت. ۱. تەزهیب کراو ۲. *[نامتداول]* زێڕکەفت؛ زەڕکەفت؛ زێـڕکفت؛ زەڕکەش؛ زێڕکری.

**مـــذهب** / mozahheb/: [عربـــی]/ســـم. ۱. تـەزهیبکـار ۲. زێـڕکار؛ زەڕگـەر؛ تـەڵاکار؛ زێڕینگەر؛ ئەو کەسەی پیشەی زێڕکاریه.

**مذهبی** / mazhabî/: [عربـی] صفت. مەزهـەبی؛ ڕێبازی: ۱. پێوەندیدار یـان سـەر بـه ڕێبازێـک ‹احـزاب مـذهبی: پارتـه مەزهەبیـەکان› ۲. /ـهـا/ دینـدار؛ بڕوامەنـد و لایـەنگری مەزهـەب ‹آدم مذهبی: مرۆی دیندار›.

**مر** / mor(r)/: [عربی]/سم. مـایره ۱. دەوەنێکـی ناوچەی گەرمێن له تـیرەی سمـاق ۲. جـەوی خەست و سپی ئەو دەوەنه کـه بـۆنی خۆشـه و تامی تاڵه، له بەر هـەوادا ڕەنـگ دەگـۆڕێ و بـۆ دەرمان دەبێ.

**مرا** / marā/: *ضمیر. [ادبی]* من؛ ئـەمن؛ ـمـ ؛ ـم؛ مه؛ جێناوی بەرکاری یەکەمکەسـی تـاک ‹ مرا گفت؛ مرا دید؛ مـرا آورد: منـی گـوت؛ دیتمـی؛ مـه ئاورد›.

**مرابحـه** / morābehe/: [عربـی]/سـم. کـاری وەرگرتن یا دانی وام بۆ ماوەیێکی دیاریکراو لـه بەرامبەر سوودێکی دیاریکراوەوه.

**مـرأةالمسلسـله** / mar'ātalmosalsale/: [عربـی] ☜ زن پای در زنجیر، **زن**

**مراتب** / marāteb/: [عربی] جمعِ ☜ **مرتبه**

**مراتع** / marāte'/: [عربی] جمعِ ☜ **مرتع**

**مراثی** / marāsî/: [عربی] جمعِ ☜ **مرثیه**

**مراجع** / marāce'/: [عربی] جمعِ ☜ **مرجع**

**مراجـع** / morāce'، ـهـا؛ ـان؛ ـین/: [عربـی]/سم. کارهێن؛ کەسێ که بۆ جێبەجێ بـوونی کـاری،

سەردانی شوێنێک دەکا ‹رفتارش با مُراجع ملایم و محترمانە بوو: لەگەڵ کارهێندا بەڕێزەوە دەجوولایەوە›.

**مراجعات** / morāce'āt/: [عربی] جمعِ ☜ **مراجعه**

**مراجعت** / morāce'at/: [عربی]/سم. کار و ڕەوتی گەڕانەوە؛ هاتنەوە؛ ئەوەئامەی؛ هەڵگەڕانەوە.

**مراجعه** / morāce'e ، ـها؛ مراجعات/: [عربی]/سم. ١. کار و ڕەوتی سەردان؛ چوون بۆ شوێنێ یا لای کەسێ بۆ کارێ ٢. کاری گەڕان بە ناو کتێب و نووسراواندا بۆ بابەتێک.

**مراحل** / marāhel/: [عربی] جمعِ ☜ **مرحله**

**مراحم** / marāhem/: [عربی] جمعِ ☜ **مرحمت**

**مراد** / morād/: [عربی]/سم. ١. ئارەزوو؛ مراز؛ مراد؛ کاو؛ کام؛ حەز؛ نیازی دڵ؛ خواست؛ ویست؛ ئاوات ٢. پیر؛ کەسێ کە خەڵکێک مریدی وین.

▣ **مراد طلبیدن**: ئاوات خواستن؛ داوای ئاوات و نیازی دڵ کردن.

**به مراد خود رسیدن**: به مرادی خۆ گەییشتن؛ گەیینە مرازی خۆ؛ بە مراد/ نیاز/ ئاوات/ ئارەزووی دڵی خۆ گەیشتن ‹سارا هەم سەر کار رفت و به مراد خود رسید: ساراش چووە سەر کار و بە مرادی خۆی گەییشت›.

**مرادف** / morādef ، ـها/: [عربی] *صفت*. هاوسان؛ هاوتا؛ هاوڕزن؛ هاوڕیز؛ هاوشان.

**مرارت** / marārat ، ـها/: [عربی]/سم. مەرارەت: ١. تاڵی؛ ناخۆشی؛ ناوەشی؛ کوڵوکەسەر؛ تاڵاو ٢. *[مجازی]* جەور؛ دەرد و سەختی؛ کەزلاتەی؛ تاڵوسوێری و تەنگ و چەڵەمەی ژیان.

**مرارت بار** / marāratbār/: [عربی/ فارسی] *صفت*. پڕ (لە) ژان؛ پڕ لە چەرمەسەری؛ پڕ لە دەرد و خەفەت ‹زندگی مرارت‌بار: ژیانی پڕ لە ژان›.

**مراسلات** / morāselāt/: [عربی] جمعِ ☜ **مراسله**

**مراسله** / morāsele ، ـها؛ مراسلات/: [عربی]/سم. ١. نامە؛ نووسراوەی هەناردراو بۆ شوێنێ ‹در مراسله‌ی خود از وضع کارتان شکوه کرده بودید: لە نامەکەتاندا گلەییتان لە بار و دۆخی کارەکەتان کردبوو› ٢. *[قدیمی]* نامەنێری؛ نامەوەگۆڕی؛ نامەنیگاری؛ کاری نامە ناردن.

**مراسم** / marāsem/: [عربی]/سم. ڕێوڕەسم؛ ئاهەنگ؛ ئایین؛ کۆمەڵەکارێ کە بە گوێرەی قانوون، داب و نەریت یان باو، بۆ بەڕێوە بردنی بۆنە یا مەبەستێکی تایبەتی ڕەچاو دەکرێ ‹مراسم عید نوروز: ڕێوڕەسمی جێژنی نەورۆز›.

▣ **مراسم تحلیف**: ئاهەنگ/ ڕێوڕەسمی سوێند خواردن؛ ئاهەنگی ڕەسمی بۆ قەسەم خواردن لە پێش چاوی خەڵک ‹مراسم تحلیف دانشجویان پزشکی: ئاهەنگی سوێند خواردنی خوێندکارانی بژیشکی›.

**مراسم تدفین**: ڕێوڕەسمی بە خاکسپێری/ ئەسپەردەکردن/ سراونەی؛ ڕەوتی ناشتن و بە خاک سپاردنی مردوو.

**مراعات** / morā'āt ، ـها/: [عربی]/سم. کار و ڕەوتی لە بەر چاوگرتن.

▣ **مراعات نظیر**: نووسراوەیەک (زۆرتر شیعر) کە ئەو شتانەی پێکدێن و بە یەکتری دەخۆن تێیدا ڕێزکراوە (وەک «خەزان» و «بەهار» و «چەمەن» و «گوڵ» و «سەرو» و «سەمەن» و «یاسەمەن» لەم شیعرەی «نالی»دا: لە خەزان بێخەبەرە بەرگی بەهار و چەمەنی/ بێبەقایی گوڵ و سەرو و سەمەن و یاسەمەنی): **تناسب ـ۴**

**مرافعات** / morāfe'āt/: [عربی] جمعِ ☜ **مرافعه**

**مرافعه** / morāfe'e ، ـها؛ مرافعات/: [عربی]/سم. ١. *[نامتداول]* داوخوازی؛ دادخوازی؛ داخوازی ٢. *[گفتاری]* دەمەقڕێ؛ دەمقڕ؛ جەنگەمرینگێ؛ مەرافە؛ داوا؛ سواڕ؛ سواش؛ چەقە و هەرا؛ شەڕ و هەرا ‹دیشب با زنم مرافعه داشتیم: دوێشەو لەگەڵ ژنەکەمدا دەمەقڕیمان بوو›.

**مراق** / marāq/: [عربی]/سم. مەراق: ١. /گفتاری، قدیمی/ تاسە؛ جۆرێ نەخۆشی کە ڕشانەوەی پەیتا پەیتا، بێحالی و هەستی دڵتەنگی لەگەڵایە ٢. /نجوم/ لە ئەستێرە گەشەکانی ئاسمان، لە وێنەی ئاسمانی ورچی گەورەدا.

**مراقب**[1] / morāqeb ، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی]/سم. کەتوان؛ چاودێر؛ چاوێر؛ چاوەدێر؛ هەڤچاف؛ چاڤێر؛ سەرپاڵە؛ دیدەبان ‹بڕایش دوتا مراقب گذاشته بودند: دوو چاودێریان بۆ دانابوو›.

**مراقب**[2]: صفت. ئاگادار؛ ئاگەدار؛ هاگادار؛ چاودێر؛ چاوێر؛ چاڤدێر؛ وریا؛ نهێرتۆک؛ ڤچاف ‹مراقب بود کسی او را نبیند: ئاگادار بوو کەس نەیبینێ›.

**مراقبت** / morāqebat ، ـها/: [عربی]/سم. چاوەدێری؛ چاودێری؛ چاوێری؛ کەتوانی؛ وێرداری؛ هەڤچاڤی؛ چاڤێری: ١. کەت؛ کەتوانە؛ کار و ڕەوتی هۆش پێوە بوونی کەس یان شتێک بە مەبەستی بەرگریکردن لە ون بوون، دزران یان گەزن دیتنی ٢. چاودێریکردن لە کەسێ بە هیوای نەخۆش نەکەوتن یان ساغ بوونەوەی ‹مراقبت از نوزاد: چاودێری لە کۆرپە›.

**مراقبه** / morāqebe ، ـها/: [عربی]/سم. کار و ڕەوتی ڕاکێشان و کۆکردنەوەی هەموو بیر و هۆش لە سەر بابەتێکی دیاریکراو.

**مراکز** / marākez/: [عربی] جمعِ ☜ **مرکز**

**مرال** / marāl ، ـها؛ ـان/: [ترکی]/سم. مەڕاڵ؛ جۆرێ کەڵەکێوی زلی ئێرانی کە هەر شاخێکی دوو شاخەکی درێژی لێ بۆتەوە، مێوینەکانیان بێشاخ و گچکەترن، بە کۆرپەیی خاڵدارن و دوای ساڵێک خاڵیان پێوە نامێنێ.

**مرام** / marām ، ـها/: [عربی]/سم. مەبەست؛ دۆز؛ مەرام؛ هەنی؛ کاربەند؛ بەرگ: ١. بیر و بڕوا؛ ئامانج؛ شێواز و ناوەڕۆکی بیروباوەڕی کەس یان تاقمێک ٢. کۆمەڵە بیر و بۆچوونێک، بە تایبەتی لەمەڕ ژیان، فەرهەنگ یان سیاسەتەوە ٣. مراد؛ مەبەست؛ داخواز.

▣ **با مرام**: /گفتاری/ خۆشمرۆ؛ دڵاوەر.

**مرامنامه** / marāmnāme ، ـها/: [عربی/ فارسی]/سم. مەرامنامە؛ دۆزنامە؛ نووسراوەیێ کە حیزب، کۆمەڵە، ئەنجومەن یان تاقمێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی یان فەرهەنگی ئارمانجەکانی خۆیان لە دامەزران و چالاکی تێدا بڵاو دەکەنەوە.

**مرامی** / marāmî/: [عربی] صفت. مەرامی؛ دۆزی؛ سەر بە دۆز و مەرام ‹اختلافهای مرامی: جیاوازی مەرامی›.

**مراودات** / morāvedāt/: [عربی] جمعِ ☜ **مراوده**

**مراوده** / morāvede ، ـها؛ مراودات/: [عربی]/سم. ئامۆشۆ؛ ئاموشۆ؛ هاتوچۆ بۆ پێکەوە بوون (وەک دۆستی یان خزمایەتی) ‹با همسایه‌ها هیچ مراوده ندارد: دەگەڵ دراوسێکاندا هیچ ئامۆیەکی نیە›.

**مرایا** / marāyā/: [عربی]/سم. ئەو شتانەی دەبیندرێن.

**مرئوس** / mar'ûs ، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی]/سم. ژێردەست؛ ژێردەس؛ چێردەس؛ بەردەست؛ کەسێ کە لە ژێر دەستی یەکێتردا کار دەکا.

**مرئی** / mar'î ، ـها؛ مرئیات/: [عربی] صفت. دیار؛ ئاشکرا؛ بەرچاو؛ خویا؛ دیتەنی ‹بخش مرئی ماه: بەشی دیاری مانگ›.

**مرئیات** / mar'îyyāt/: [عربی] جمعِ ☜ **مرئی**

**مربا** / morabbā ، ـها؛ ـجات/: [عربی]/سم. مورەبا؛ مرەببا؛ لاچەژ؛ ڕیچار؛ ڕیچاڵ؛ ڕەچەڵ؛ میوەی (وەک سێو، بەی، قەیسی، تووڕک و...) لە شەکردا کوڵێندراوی خەستەهەڵگەڕاو.

**مربع**[1] / morabba' ، ـها؛ ـات/: [عربی]/سم. چارگۆش؛ چوارگۆش؛ چارگۆشە؛ چوارسووچ؛ چوارچمک؛ تەشکێکی تەختی هەندەسی بە چوارلاسکی یەکسان و دووبەدوو هاوشانەوە.

▣ **مربع مستطیل** ☜ **مستطیل**

**مربع**[2]: صفت. ١. چوارگۆش؛ چارگۆش؛

چوارگۆشە؛ چارگۆشە؛ بە بیچمی چوارگۆشەوە ‹حیاط مربع: حەوشەی چوارگوشە› ۲. لێکدراو ‹۴، مربع ۲ و ۱۶، مربع ۴ است: ٤، لێکدراوی ۲ و ١٦ دەبێتە لێکدراوی ٤›.

**مربوط** / marbût/: [عربی] *صفت.* ۱. پێوەندی؛ پێوەندیدار؛ پەیوەندیدار؛ بە پێوەندی ‹این موضوع به تو هم مربوط است: ئەم باسە بە تۆشەوە پیوەندی هەیە› ۲. لکاو؛ بەسراو؛ بەستراو ‹راه‌آهن ایران از طریق عراق به سوریه مربوط می‌شود: ڕێئاسنی ئێران لە ڕێگای عێراقەوە لکاوە بە سوریەوە›.

**مربوطه** / marbûte/: [عربی] *صفت.* پێوەندیدار بە کەس یان بابەتی باسکراوەوە.

**مربی** / morabbî ، ـها؛ ـان/: [عربی]/*سم.* ڕاهێن؛ ڕاهێنەر؛ فێرکەر؛ فێرکار؛ هەڤوتکار: ۱. پەروەرشیار؛ ئەوەی مرۆڤ یان گیانداری ڕادێنێ یا فێری شتێکی دەکا ۲. ئەوەی لە نێو کاردا، شاگرد فێر دەکا ‹مربی خیاطی: ڕاهێنەری دروومان›.

**مرتاض** / mortāz ، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی]/*سم.* مورتاز؛ ئەوەی تالی و سوێری دەخاتە بەر خۆی تا دل و دەروونی بگەشێتەوە، بەتایبەت شوێنکەوتووانی ئایینی هیندوو.

**مرتب**[1] / morattab/: [عربی] *صفت.* مرێس؛ تەکووز؛ پوخت؛ تەکویز؛ تەکوویس؛ ڕێکوپێک: ۱. بە ڕێ و شوێن ‹به ترتیب حروف مرتب شده‌اند: بە پێی پیت مریس کراون› ۲. ڕازاوە؛ پۆڕ؛ بە سەر و بەر؛ مرێسدار ‹همه چیز مرتب است: هەموو شتێ ریکوپێکە›.

▣ **مرتب کردن**: ۱. داچنین؛ هەلوەژاردن؛ هەلوەژارتن؛ ڕێزکردنی شت بە تەنیشت یەکەوە بە ڕێکوپێکی ۲. ڕازاندنەوە؛ جوان و لەبار کردن.

**مرتب**[2]: *قید. [گفتاری]* لە پەستا؛ لە پەسا؛ سەرەمڕ؛ هەیتا- هەیتا؛ یەکسەرە؛ بێوچان ‹مرتب می‌گفت برگردیم: لە پەستا دەیگوت بگەڕینەوە›.

**مرتباً** / morattaban/: [عربی] *قید.* یەکسەرە؛ بێوچان؛ دایمە؛ لێکدا- لێکدا؛ لە پەسا؛ پەسای پەس؛ پەسا- پەسا ‹مرتبا گریه می‌کرد و فریاد می‌زد: یەکسەرە دەگریا و هاواری دەکرد›.

**مرتبط** / mortabet/: [عربی] *صفت.* بەسراو؛ بە پەیوەند؛ پەیوەندیدار؛ خاوەن پێوەندی ‹با بسیاری از کتابخانه‌ها مرتبط است: لەگەل زۆرێک لە کتێبخانەکاندا پێوەندی هەیە›.

**مرتبه** / martabe ، ـها/: [عربی]/*سم.* ۱. /مراتب/ زێ؛ پایە؛ پلە؛ پلە و پایە ‹بلند مرتبه: پایە بەرز› ۲. جار؛ بار؛ هەل؛ ڕا؛ کەشە؛ کەڕەت؛ چەل ‹فقط چهار مرتبه او را دیده بودم: تەنیا چوار جار دیبووم›.

**مرتجع** / 'mortace ، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی] *صفت.* دواوەگەڕ؛ کۆنەپەرست؛ کەللەکۆن؛ کەڤنەپەرست؛ پاشڤەڕۆ؛ لایەنگری باوەڕ، بایەخ، داب و شێوەی ژیانی ڕابردووان، خوازیاری شوێن کەوتنیان و دژ بە نوێکاری.

**مرتجعانه** / mortace'āne/: [عربی/ فارسی] *قید.* کۆنەپەرستانە؛ دواوەگەڕانە؛ بە شێوەی کۆنەپەرستی.

**مرتد**[1] / mortad(d) ، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی]/*سم.* ۱. وەرگەڕاو؛ پاشگەزی؛ هەلگەڕاوە؛ هەلگەڕاو؛ کەسێ کە لە بیر و باوەڕی کۆنی خۆ پەژیوان بۆتەوە و شوێنی ناکەوێ ۲. *[اسلام]* مورتەد؛ موسوڵمانی لە دین دەرچووگ.

**مرتد**[2]: *صفت.* پاشگەزی؛ هەلگەڕاوە؛ هەلگەڕاو؛ لە دین دەرچووگ؛ پەژیوان لە بیر و باوەڕی خۆ ‹مسلمان مرتد؛ کمونیست مرتد: موسڵمانی وەرگەڕاو؛ کومونیستی هەلگەڕاو›.

**مرتع** / 'marta ، ـها؛ مراتع/: [عربی]/*سم.* جار؛ ئالفجار؛ لەوەڕگە؛ مەرگە؛ جێ لەوەڕ؛ لەوەڕگا؛ گیاجار؛ چایەر؛ باسەرە؛ گۆران؛ چائیرخانە؛ چیمەنگە؛ چیمەنزار؛ ڕەپەلگا؛ زەوینی پڕ لە ئالفی جۆراوجۆری خۆڕسک کە ئاژەڵی تێدا

دەلەوەڕێنن.

▣ **مرتع اختصاصی/ انحصاری:** مەخەڵ؛ پەلەخ؛ پاوان؛ کۆدە؛ قۆرخ؛ لەوەڕ و مێرگی پاوان.

**مرتع تابستانی:** هاڤینەچەڕ؛ لەوەڕگەی پووش و پار.

**مرتعداری** / marta'dārî/: [عربی/ فارسی]/سم. چایەڕداری؛ کار، ڕەوت یان هونەری شین کردن، بووژاندنەوە و پاراستنی لەوەڕگە.

هەروەها: **مرتعدار**

**مرتعش** / morta'eš/: [عربی] صفت. لەرۆک؛ لەرزۆک؛ لەرزک؛ لەرزەک؛ بە لەرە.

**مرتفع** / mortafe', mortafa'/: [عربی] صفت. ۱. بەرز؛ بڵند؛ بڵیند؛ سەماک ‹دشت مرتفع: دەشتی بەرز› ۲. لاچوو؛ لاچووگ؛ نەماو؛ لابراو ‹مشکل او مرتفع شد: گرفتەکەی لاچوو›.

**مرتکب** / mortakeb، ـان؛ ـین/: [عربی] صفت. تووش؛ تووشیار؛ ئەنجامدەری کاری هەڵە و ناشیرین ‹مواظب باش دیگر مرتکب این گونه اشتباهات نشوی!؛ وریا بە چیدی تووشی هەڵەی وا نەبێ!›.

**مرتهن** / mortahan/: [عربی]/سم. /حقوق/ بارمتە؛ گرۆ؛ گرێو؛ ئەوەی لە گرێوی شتێکدایە.

**مرتهن** / mortahen/: [عربی]/سم. /حقوق/ بارمتەگر؛ ئەوەی گرێوی بەلاوەیە.

**مرتیکه** / martîke/ ☜ **مردیکه**

**مرثیه** / marsîy(y)e، ـها؛ مراثی/: [عربی]/سم. ۱. دورک؛ شەپۆرنامە؛ شینەنامە؛ هەڵبەستێ (بەتایبەت بەند و باو) بۆ لاواندنەوەی مردوو ۲. پرسە؛ ئازیەتی؛ شینگێڕی.

**مرثیه‌خوان** / marsîy(y)exān، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی]/سم. شینگێڕ؛ ئەو کەسە بە بەند و باو مردوو دەلاوێنێتەوە. هەروەها: **مرثیه‌خوانی**

**مرج** / marc/: [معرب از کردی]/سم. مێرگ؛ مێرگە؛ مەرگە؛ شەکار؛ گیاجار.

**مرجان** / marcān، ـها/: [سریانی]/سم. مەرجان: ۱. گیانداری زەریایی کە لە ئاوی گەرمدا بە کۆمەڵ دەژی ۲. بستام؛ بزگ؛ بزک؛ کۆرال؛ پاشماوەی ڕەق هەڵاتووی ئەم گیاندارە کە لە گەوهەرسازی و سسڵە و پێڵەسازیدا کەڵکی لێوەردەگرن.

**مرجانی** / marcānî/: [سریانی] صفت. مەرجانی: ۱. پێوەندیدار یان سەر بە مەرجان ۲. چێکراو لە مەرجان ۳. بە ڕەنگی نارنجی ئاماڵ سوور.

**مرجح** / moraccah/: [عربی] صفت. /ادبی/ ۱. هەڵبژاردە؛ لەسەر؛ وەبەر ‹آرام بر همه مرجح است: ئارام بە سەر هەمووانداً هەڵبژاردەیە› ۲. چاتر؛ چاکتر؛ باشتر؛ خاستر؛ خاستەر ‹فردا مرجح است: بەیانی چاکترە›.

**مرجع** / 'marca، ـها؛ مراجع/: [عربی]/سم. ۱. سەرچاوە؛ ژێدەر؛ کەس یان نووسراوەیێ کە بۆ وەرگرتنی زانیاریەکی تایبەت سەری لێدەدەن ۲. سەرچاوە؛ ژێدەر؛ کتێب یان نوسراوەیێ کە هەموو جۆرە زانیاری تێدا کۆ کراوەتەوە و هەر کەس بە پێیێ نیازی خۆی چاوی لێدەکا (وەک پێڕستی کتێبان، ساڵنامە، وشەدان، فەرهەنگی بەرفراوان و ...): **رفرانس** ۳. نیشانە، شت یان شوێنێ کە گۆڕانکاری ڕەوتێکی لەگەڵدا هەڵدەسەنگێنن ٤. /دستور/ وشەیەک کە جێناو دەچێتەوە سەری.

▣ **مرجع اطلاعاتی:** چاوگ/ سەرچاوەی زانیاری؛ سەرچاوەیەک بۆ زانیاری وەرگرتن.

**مرجعیت** / marca'îyyat/: [عربی]/سم. چاوگی؛ ژێدەری؛ سەرچاوەیی؛ دۆخ یان چۆنیەتی سەرچاوە بوون.

**مرجمک** / marcomak/: ☜ **عدس**

**مرجوع** / 'marcû/: [عربی] صفت. هەڵگەڕاوە؛ هەڵەوگەڕیاگ.

▣ **مرجوع شدن:** ناردرانەوە؛ هەناریانەوە؛ نێردرانەوە؛ هەڵەوگەڕیانەوە ‹کتابهایی که فرستاده بودید، مرجوع شد: ئەو کتێبانەی

www.perawipepwle.com



ناردبووتان، ناردرانەوە›.

**مرجوع کردن:** ناردنەوە؛ هەلگەڕاندنەوە؛ گەڕاندنەوە؛ کیاستەیوە؛ ناردنەوە؛ هەناردنەوە؛ وەرگەڕاندنەوە ‹چرا کتابها را مرجوع کردید؟: بۆ کتێبەکانتان ناردەوە؟›.

**مرجوعی** / marcû'î ، ـها/: [عربی] *صفت. [گفتاری]* هەلگەڕاوە؛ گەڕاوە؛ هەلگەڕێنراو؛ هەلەوگەڕیاگ ‹نامەی مرجوعی: نامەی هەلگەڕاوە›.

**مرحبا** / marhabā/: [عربی] *دعا.* ئافەرین؛ ئافەرەم ‹مرحبا به صداقتت: ئافەرین بۆ ڕاستبێژیت›.

**مرحله** / marhale ، ـها؛ مراحل/: [عربی] *اسم.* قۆناغ؛ قۆناخ؛ پلە: ۱. پلە و قولە؛ هەر کام لە زنجیرە جێگا یان وێستگەگەلی یەک لە دووی یەک ‹مرحلەی اول کنکور: قۆناغی یەکەمی کونکوور› ۲. مەودای نێوان ئەو وێستگە و جێگانە ‹هر مرحله چهار ترم است: هەر قۆناغێک چوار ترمە› ۳. دەور؛ دەوران؛ دەوری پێشڕەوت، چالاکی یان گووران ‹مرحلەی شکوفایی: قۆناغی گەشە›.

▣ **از مرحله پرت بودن:** *[مجازی]* خەبەر/ ها لە هیچ نەبوون؛ بێ خەوەر و نائاگا بوون ‹فهمیدم که مدیر از مرحله پرت است و چیزی نمی‌داند: زانیم کە بەڕێوەبەر های لە هیچ نیە و شتێ نازانێ›.

**مرحله ای** / marhale'î/: [عربی] *صفت.* قۆناغی؛ قۆناخی؛ پێوەندیدار یان سەر بە قۆناغ ‹آزمون دومرحله‌ای: ئەزموونی دووقۆناخی›.

**مرحمت** / marhamat ، ـها؛ مراحم/: [عربی] *اسم.* دڵۆڤانی؛ میهرەوانی؛ بە بەزەیەتی.

▣ **مرحمت زیاد:** سایەت کەم نەبێ؛ خوا لێمانت نەسێنێ؛ دەستەواژەیەکە کاتی خواحافیزی بە نیشانەی سپاس دەگوترێ، واتە چاکە و خێرخوازیت هەر ڕوو لە زۆر بوون بێ.

▣ **مرحمت داشتن:** دلۆڤان/ میهرەبان بوون ‹او به من مرحمت داشت: لەگەڵ من میهرەبان بوو›.

**مرحمت کردن:** ۱. گەورەیی کردن؛ دلۆڤانی کردن؛ میهرەبانی کردن ‹خیلی مرحمت کردید تشریف آوردید: گەورەییتان کرد تەشریفتان هێنا› ۲. خەلات دان/ کردن؛ پێشکەش کردن ‹این کیف را مدیر به ایشان مرحمت کردند: بەڕێوەبەر ئەم کیفەی پێ خەلات کرد›.

**مرحمتی** / marhamatî ، ـها/: [عربی] *صفت.* پێشکەشی؛ خەلاتی؛ خەلات کراو؛ پێشکەش کراو ‹کتاب مرحمتی دریافت شد: کتێبی پێشکەشی وەرگیرا›.

**مرحوم** / marhûm ، ـان؛ ـین/: [عربی] *صفت.* ۱. خوا لێخۆش بوو؛ خواعافووکردوو؛ ڕەحمەتی؛ ڕۆح شاد (بۆ مردووی دەڵێن) ‹مرحوم پدرم این‌جا را خریده بود: باوکی خوا لێخۆش‌بووم ئێرەی کڕیبوو› ۲. بە ڕەحمەت چوو؛ کۆچ کردوو؛ مردوو؛ مردگ ‹پدرش دیروز مرحوم شد: بابی دوێنێ بە ڕەحمەت چوو›.

**مرخص** / morax(x)as/: [عربی] *صفت.* مەرەخەس؛ بەردایی: ۱. ڕزگار؛ ڕەها؛ بەر؛ ڤەرستی؛ خەلاس؛ دەرهاتوو لە شوێنێ کە بە زۆر یان ناچاری تێیدا بووە ‹سارا دیروز از بیمارستان مرخص شد: سارا دوێنێ لە نەخۆشخانە ڕزگار بوو› ۲. *[قدیمی]* بەرایی دراو؛ بەرایی‌پێ‌دراو؛ ڕێگەدراو بۆ کارێ ‹مرخص است برود: مەرەخەسە، دەتوانێ بچێ› ۳. *[گفتاری]* لاکەوتە؛ بەکارنەهاتوو؛ لەکارکەوتوو ‹این ماشین دیگر مرخص است: ئەم ماشینە چیتر لاکەوتەیە›.

**مرخصی** / morax(x)asî ، ـها/: [عربی] *اسم.* بەردایی؛ بەرایی؛ ڕێدایی؛ مەرەخەسی: ۱. دۆخ و چۆناوچۆنی بەر بوون ‹در مرخصی بود: لە بەردابیدا بوو› ۲. ڕزگاری لە شوێنی دانیشتنی بە زۆر و زەبر ‹مرخصی از زندان: بەردایی لە بەندیخانە› ۳. بەرایی بۆ جێهێشتنی شوێنی کار بۆ ماوەیەکی دیاریکراو ‹یک ساعت از اداره مرخصی گرفتم: سەعاتێک لە مەزرینگە بەراییم وەرگرت› ٤. مافی کارمەند یان کرێکار لە ساڵێکدا بۆ حەسانەوە و جێ هێشتنی شوێنی کار ‹کارگران

یک ماه مرخصی سالانه دارند: کرێکاران یەک مانگ بەردایی سالانەیان هەیە›.

**مرخم**[1] / moraxxam ، ـها/: [عربی]/اسم/[دستور/ لێکەوت؛ وشەیێ کە پیت یا پیتەکانی ئاخری داکەوتبێ (وەک «خور و خواب» کە لە بنەڕەتدا «خوردن و خوابیدن» بووە. تێبینی: ئەم پێکهاتە لە کوردیشدا هەیە، وەک «هات و چوو» کە لێکەوتی «هاتن و چوون»ە).

**مرخم**[2]: صفت. کورتە؛ کورتکراو؛ کورتکراوە؛ کورتەوەکراو.

**مرد** / mard ، ـها؛ ـان/: اسم. پیاو؛ پیاگ؛ پیا؛ مێر؛ پا: ۱. مۆردەم؛ نێری بنیادەم؛ مرۆڤی نێرینەی پێگەیشتوو ۲. شوو؛ مێرد؛ مێرو؛ مێردە؛ هاوسەری ژن ۳. نێر؛ مرۆڤی نێرینە (کوڕ یان پیاو، لە سەرژمێری یان دیاری کردنی ڕەگەزدا) ٤. مەرد؛ مەردەمێر؛ جوامێر؛ ئەوەی خوو و خدەی بەرزە ‹مردی پیدا مەیشد و حقش را کف دستش می‌گذاشت: پیاوێک هەڵدەستا و حەقی دەنایە مشتی› ٥. مەرد؛ کەسێ کە توانست و لێهاتوویی جێبەجێکردنی کارێکی هەبێ ‹مرد عمل: پیاوی کار› ٦. [گفتاری] لێهاتوو لە باری جنسیوە.

▣ **مرد آهنین**: [مجازی] پیاوی پۆلایین؛ کەسی کۆڵنەدەر و پێچەقێن و تێکۆشەر.

**مرد جنگ**: شەڕڤان؛ جەنگاوەر؛ پیاوی شەڕ؛ کوڕی شەڕ.

**مرد خانه**: پیاوی ماڵ؛ پیاگ ماڵ؛ کەسێکی نێرینە کە سەرپەرشت یان نانهێنەری بنەماڵەیە.

**مرد خدا**: خواناس؛ پیاوی خودا؛ پیاگی خوا؛ مەرد خوا؛ پیاخاسوو خوای؛ بڕوامەند بە خودا.

**مرد رند** ☜ **مردرند**

**مرد زن‌نما**: سەرژنانە؛ ئاغەباجی؛ ژنانیلە؛ سەرژنانیلە؛ بلەکناچێ؛ ژنانی؛ کچانی؛ کناچلە ڕەنگ؛ پیاوێ کە لە خوو و خدەدا لاسایی ژن دەکاتەوە.

**مرد عمل**: [مجازی] پیاوی کار؛ پیاو کاری؛ کوڕی کار: ۱. ئەو کەسەی بیرۆکەکانی دەهێنێتە دی ۲. کەسێکی تێکۆشەر و لێهاتوو: **مرد کار**

**مرد قورباغه‌ای**: مەلەوانی بن گۆم بە ماسک، کەوشی سەوڵی و خەزێنەی هەواوە کە بۆ ماوەیەک لە ژێر ئاودا بمێنێتەوە.

**مرد کار** ☜ **مرد عمل ـ۲**

**مرد میدان**: [مجازی] کوڕی مەیان/ کۆڕ؛ ئەو کەسەی بۆ تێهەڵچوون و بەربەرەکانێ ئامادەیە.

▣ **مرد چیزی بودن**: [مجازی] کوڕی شتێ بوون؛ لێهاتوو بۆ تێهەڵچوون و جێبەجێکردنی کارێک ‹مرد این کار هستی؟: کوڕی نەم کارە هەی؟›.

**مرد شدن**: بوونە پیاو: ۱. پێگەیشتن؛ گەورە بوون ۲. بوونە خاوەن ژن و منداڵ ۳. بوونە خاوەن پلە و پایە.

**مرداب** / mordāb ، ـها/: اسم. گەبەڵ؛ تاڵاو؛ زەلکاو؛ زەلکۆ؛ مردواو؛ مرداو؛ قۆپی؛ قۆپیە؛ مەرازە؛ بوغاز؛ چراڤ؛ گۆڵەئاوێکی مەند و پەڵ کە لە زێبارێک جوێ بۆتەوە یان لە یەکگرتنەوەی چەند چۆم بەدی هاتووە.

**مردابی** / mordābî/: صفت. زەلکاوی؛ تاڵاوی؛ گەندواوی؛ گەبەڵی: ۱. سەر بە زەلکاو ‹گیاە مردابی: گیای زەلکاوی› ۲. بە زەلکاوەوە ‹منطقەی مردابی: ناوچەی زەلکاوی›.

**مرداد** / mordād/: اسم. گەلاوێژ؛ موردا؛ مانگی پێنجمی ساڵ؛ نێوەڕاست مانگی هاوین: **اَمُرداد**

**مردار** / mordār ، ـها/: اسم. مردار؛ مرار؛ مردا؛ لەرگ: الف) مردارەوەبوو؛ مردارەبووگ؛ مردالەوو؛ مندار؛ گیانەوەری گۆشت‌حەلاڵ کە خۆی مردبێ یان بە شەرعی سەری نەبڕابێ ب) تۆپیو؛ تۆپا؛ تۆپیگ؛ تەنبوو؛ کەوتی؛ سەقەت؛

سه‌کەت؛ سەکت؛ مەردا؛ لاشەی گیانەوەری حەرام‌گۆشت.

⊡ مردار شدن: *(الف)* مردارەوە بوون؛ منددار بوونەوە؛ مردار بوون؛ مرار بین؛ گیان دەرچوونی حەیوان بەبێ سەربڕین *ب)* فەتین؛ تۆپین؛ تۆپەی؛ تۆپای؛ سەکتین؛ شیاین؛ تۆپەڕا بوون؛ هەڵتۆپین؛ هەڵتلۆپین؛ هەڵتلۆپیان؛ تۆپان؛ سەکەت بوون؛ کەوتین؛ گیان دەرچوونی حەیوانێ کە گۆشتی ناخورێ.

**مردار کردن:** *(الف)* مردارکردنەوە؛ مردارکردن؛ مردارەوکردن؛ مراندنی حەیوان بێ سەربڕین *ب)* تۆپانن؛ تۆپاندن؛ سەکەت‌کردن؛ کەوتاندن؛ کوشتنی حەیوانی حەرام‌گۆشت.

**مردارخوار** / mordārxār / ـان/: *صفت.* لاشەخۆر؛ لاشخۆر؛ مرارخۆر؛ مردارەخۆر؛ هۆکارە و چەشتەی گۆشتی مردارەوەبوو.

**مردارسنگ** / mordārsang/: *اسم. [شیمی]* مەرداسەنگ؛ ئوکسیدی زەردی سرپ کە بۆ دروست‌کردنی ڕەنگ و شیشە و لاستیک بەکار دێ.

**مردافکن** / mardafkan/: *صفت. [مجازی]* پیاوبەزێن؛ بلەربەزێن؛ زۆر بە هێز و گورد.

**مردانگی** / mardānegî ، ـها/: *اسم.* پیاوەتی؛ پیاگەتی؛ پیاگەری؛ پیاداری؛ مرۆڤایەتی؛ جامێری؛ چکی؛ مەردازایی؛ مەردومی؛ قەنجانی؛ جوامێری؛ مێراتی؛ مەردی؛ مەردایەتی؛ مێرێنی؛ مێرێتی: ۱. غیرەت؛ دۆخ یان چۆنیەتی دارا بوونی تایبەتمەندیگەلی پیاوانە ۲. مێرخاسی؛ چاکە؛ دۆخ یان چۆنیەتی دارا بوونی تایبەتمەندیگەلی چاک.

**مردانە**[1] / mardāne/: *صفت.* پیاوانە؛ مێرانە؛ مێردانە؛ پیایانە؛ پیاگانە: ۱. /ـها/ پێوەندیدار یان سەر بە پیاوان ‹کفش مردانە: پێلاوی پیاوانە› ۲. کوڕانە؛ مێرەکی؛ ئازایانە؛ مەردانە؛ چالاکانە؛ وەکوو پیاوان ‹قامت مردانه: بەژنی پیاوانە›.

**مردانه**[2]: *قید.* پیاوانە؛ پیاگانە؛ مێرانە؛ کوڕانە؛ پیایانە؛ بە ڕەوشتی پیاوان ‹او همه چیز را مردانه تحمل کرد: ئەو پیاوانە لەگەڵ هەموو شتێکدا هەڵیکرد›.

**مردانەدوز** / mardānedûz ، ـها؛ ـان/: *اسم.* پیاوانەدوور؛ ئەوی گنج یان پێلاوی پیاوانە دەدووری.

**مردد** / moraddad ، ـها؛ ـین/: [عربی] *صفت.* پاوپا؛ دوودڵ؛ درددۆنگ؛ دووشک ‹مدتی مردد بودم که بروم یا نروم: ماوەیێ دوودڵ بووم بچم یا نەچم›.

هەروەها: **مردد بودن؛ مردد شدن؛ مردد ماندن**

**مردرند** / mard(e)rend/: *صفت. [مجازی]* زۆڵ؛ فورتەک؛ ژخوڤەژیرە؛ سەگفزوول؛ زیت و فێڵباز.

**مردرندی** / mard(e)rendî ، ـها/: *اسم.* زۆڵی؛ فێڵەبازی؛ دۆخ یان چۆنیەتی زیت و فێڵباز بوون.

**مردسالاری** / mardsālārî/: *اسم. [جامعه‌شناسی]* پیاوسالاری؛ پیاومەزنی؛ جۆرێ ڕژیمی کۆمەڵایەتی کە دەسەڵات لە دەستی پیاودایە.

**مردستیزی** / mardsetîzî ، ـها/: *اسم.* دژەپیاوی؛ پیاوسواژی؛ دوژمنی دەگەڵ پیاوان و دان نەنان بە ژێهاتوویی و شیاوییاندا. هەورەها: **مردستیز**

**مردک** / mardak/: *اسم.* خوێرپیلە؛ پیاویژگە؛ مێردەک؛ مێرک: ۱. *[نامتداول]* گونەڵ؛ پیاوی کورتەبالا ۲. *[تعریض]* زەلامۆک؛ بۆرەپیاگ؛ خوێڕی و کەم بایەخ لە باری کۆمەڵایەتی و ڕامیاریەوە.

**مردم** / mardom ، ـان/: *اسم.* خەڵک؛ عالەم؛ خەڵق؛ مرۆڤان: ۱. مەردم ‹همه‌ی مردم در برابر قانون با هم برابرند: هەموو خەڵک لە هەمبەر قانوونەوە وەکوو یەکن› ۲. ئاپۆرە؛ تاقمێکی دیاری‌نەکراو لە مرۆڤ کە بە هۆی بڕێ تایبەتمەندیەوە دەچنە پاڵ یەک ‹مردم تهیدست:

خەڵکی هەژار› ۳. حەشامات؛ حەشیمەت؛ خەڵکی ئاسایی لە چاو تاقم یان چینێکی دیاریکراو ‹مردم و دولت: خەڵک و دەوڵەت› ٤. ئاپۆرەی نیشتەجێ لە شوێنێک ‹مردم ژاپن: خەڵکی ژاپون› ۵. *[گفتاری]* دیتران؛ نامۆیان؛ خەڵکی غەواره ‹به مردم چه ربطی دارد؟: چی بە سەر دیترانەوەیە؟›.

▣ **مردم کوچه و بازار:** خەڵکی کووچە و کۆڵان؛ خەڵکی ڕەمەکی؛ خەڵکی ئاسایی کە کار یان بار و دۆخێکی کۆمەڵایەتی بەرچاویان نیە ‹روشنفکری که حرف مردم کوچه و بازار را نفهمد برای لای جرز خوب است: ڕۆشنبیرێ کە لە قسەی خەڵکی کووچە و کۆلان تێنەگا بۆ شێف بڕین باشە›.

**مردم‌آزار** / mardomāzār ، ـها/: صفت. مەردمئازار؛ خەڵکەوەزەن؛ بێخەیر؛ دڵچڕ؛ بەدفەڕ؛ تەڕن؛ هۆگر و هۆکارە بە ئازار دانی خەڵک. هەروەها: **مردم‌آزاری**

**مردم آمیز** / mardomāmîz/: صفت. خۆڕێخەر؛ لێهاتوو لە خۆ ڕێکخستن دەگەڵ خەڵکدا. هەروەها: **مردم‌آمیزی**

**مردم‌پسند** / mardompasand/: صفت. خەڵک‌پەسەن؛ بە دڵی خەڵک؛ پەسەن و جێ سەرنجی کۆمای خەڵکی ئاسایی (نە چینی هەڵبژاردەی گەل).

**مردمدار** / mardomdār/: صفت. مەردمدار؛ لێهاتوو و هۆگری هەڵکردن و سازان دەگەڵ خەڵکدا.

**مردمداری** / mardomdārî ، ـها/: اسم. مەردمداری؛ کاری هەڵکردن و بۆ لای خۆ ڕاکێشانی خەڵک.

**مردم‌دوست** / mardomdûst ، ـها؛ ـان/: صفت. گەڵ‌پەرست؛ گەڵ‌دۆس؛ گەڵ‌حەز؛ مەردم‌دۆس؛ مرۆدۆست؛ مەردم‌دۆست؛ خەڵک‌دۆست؛ خۆشویستی خەڵک و هۆگری یارمەتی دانیان. هەروەها: **مردم‌دوستی**

**مردم‌سالاری** / mardomsālārî/: اسم. خەڵک‌سالاری؛ خەڵک‌مەزنی؛ مرۆسالاری؛ دیموکراسی؛ ڕژیمێ کە خەڵک لە دامەزران و بەڕێوە چوونیدا، دەستی بالای هەیە.

**مردم‌ستیز** / mardomsetîz ، ـها؛ ـان/: صفت. نەگریس؛ لاسار؛ دژ بە خەڵک؛ بە خوو و خدەی دژایەتی و نەسازان لەگەڵ خەڵکدا. هەروەها: **مردم‌ستیزی**

**مردم سنجی** / mardomsancî/: اسم. زانست و شێوەکاری پێوان و لە گەزدانی لەشی مرۆڤ لە باری ئەندازە و ڕادەی لەباری و ڕێکیەوە.

**مردم‌شناسی** / mardomšenāsî/: اسم. خەڵک‌ناسی؛ مەردم‌ناسی؛ لقێ لە زانستی مرۆڤناسی کە لە ڕەچەڵەک، پێوەندی ئاقاری و کۆمەڵایەتی، زمان و فەرهەنگی کۆمەڵگای مرۆ دەکۆڵێتەوە. هەروەها: **مردم‌شناس**

**مردم‌فریب** / mardomfarîb ، ـها؛ ـان/: صفت. خەڵک خڵەتێن؛ مەردم‌خەڵەتێن؛ خەڵەتێنەری خەڵک. هەروەها: **مردم‌فریبی**

**مردمک** / mardomak ، ـها/: اسم. بیبیلە؛ بیلبیلە؛ بەبەڵە؛ بیبکە؛ بیبیک؛ بیبۆک؛ بیبک؛ پێبک؛ پیبۆک؛ گلێنە؛ گلێنیە؛ گلێلک؛ کێلکی؛ گلار؛ گلارە؛ گدارە؛ گادانە؛ کێچک؛ کچێنە؛ کچینە؛ کەچاچاف؛ کەچکاچاف؛ کەشکاچاف؛ بیبی؛ بیڤل؛ ڕەهن؛ ڕەهنک؛ کۆرژا؛ گوللی؛ ڕەشێنە؛ ڕەشڕشک؛ ڕەشڕەشک؛ ڕەشک؛ ڕەشکە؛ کۆڤان؛ کونکاچاف؛ کەنیشکی؛ گوورزەکاچاف؛ کناچلۆ چەمی؛ ڕەشێنکەی چاو؛ ڕۆچنەیەک لە تۆپی چاودا کە تیشکی لێوە تێپەڕ دەبێ و بە کەم و زۆری تیشک، گەورە و بچووک دەبێتەوە.

**مردم‌گرا** / mardomgerā ، ـها؛ ـیان/: صفت. خەڵکواز؛ مەردمی؛ هۆگر و خوازیاری هاوڕێیی کردن و یارمەتی دانی خەڵک. هەروەها:

**مردم‌گرایی**

**مردم‌گریز** / mardomgorîz ، ـهـا: ـان/: *صفت.* دوورەپەریز؛ کناریّن؛ لاتەریک؛ بیّواز لە ناو خەلک و خۆ دە کونج خزیّن. هەروەها:

**مردم‌گریزی**

**مردمی**[1] / mardomî ، ـهـا/: *اسم.* مەردمی؛ مرۆڤایەتی؛ مرۆگی؛ مرۆڤانی؛ قەنجانی؛ جوامیّری؛ میّرانی؛ ڕندی؛ پیاوچاکی؛ دۆخ یان چۆنیەتی هەبوونی ئاکار و کردەوەی لەبار و شیاوی مرۆڤ.

**مردمی**[2]: *صفت.* مەردمی: ۱. مرۆڤی؛ سەبارەت بە خەلک ۲. پێوەندیدار یان تەبا دەگەڵ قازانج، زەوق یان خواستی خەلکدا ‹دولت مردمی: دەوڵەتی مەردمی›.

**مردمیاری** / mardomyārî/: *اسم.* مرۆڤانی؛ کار یان ڕەوتی یاری دانی خەلک و کردنی کاری بەقازانج بۆ کۆمەڵگا.

**مردن** / mordan/: *مصدر لازم.* // **مردی**: مردی؛ **می‌میری**: دەمری؛ **بمیر**: بمرە// مردن؛ مرن؛ مەردەی؛ ماردش؛ مەردش: ۱. گیان دان؛ هەڵپڵۆسکان؛ هەڵپڵۆسکیان؛ گیان کەندن؛ چاو سپی بوون؛ گاندایش؛ گان ڤەتش؛ هاتنە لا؛ دوایی هاتنی ژین؛ گیان لە لەشدا نەمان ۲. *[مجازی، ادبی]* کۆژانەوە؛ داکۆژان؛ وەکۆژان؛ دامران؛ دامرکان؛ داتەمران؛ داتەمریان؛ ئەوەکوشیەی؛ مەردەیرە؛ خامۆش بوون ‹مردن چراغ: کۆژانەوەی چرا› ۳. *[مجازی]* بڕان؛ نەمان؛ نەمەنەی؛ کۆژانەوە؛ لە ناو چوون بەتایبەت لە بواری هزر و هەستەوە ‹مردن امید: هیوا بران› ٤. *[مجازی]* فەوتان؛ تێدا چوون؛ تیاچوون؛ تووشی سەخڵەتی و دژواری ئەستەم هاتن ‹از تشنگی مردن: لە تینوویەتیدا مردن› (بە مانای یەکجار تینوو بوون) ٥. *[مجازی]* زۆر خۆش ویستنی کەس یان شتێ ‹برای کسی مردن: مردن بۆ کەسێ› ٦. *[تعریض]* گوم و گۆڕ بوون؛ زۆر پێ‌چوون و نەهاتنەوە ‹این زن هم که رفت و مُرد: ئەم ژنەش خۆ ڕۆی و گوم و گۆڕ بوو›.

■ **صفت مفعولی: مرده** (مردوو)/ **مصدر منفی: نَمردن** (نەمردن)

**مردنگی** / mardangî ، ـهـا/: [از سنسکریت]/*اسم. [قدیمی]* لاله؛ لالا؛ لەعلە؛ جۆرێ شووشە چرای گەورەی زارناوەلا (دەمباز) کە لە سەر شەم یان چرا دایاندەنا، با نەیکوژێنێتەوە.

**مردنمایی** / mardnemāyî/: *اسم.* نێرەکوڕکەیی؛ دۆخ یان چۆنیەتی وەک پیاو هاتنە بەر چاو یان خۆ وەک پیاو لێ‌کردن (بۆ ژن).

**مردنی** / mordanî/: *صفت.* ۱. لەمردن؛ لەنەمان؛ مردنی؛ بمر؛ مەردەکی؛ بە ئەگەر یان چەلانی مردن ‹بی‌خود نترس! این آدم به این زودی‌ها مردنی نیست: لە خۆڕا مەترسە! ئەمە بێت و بەم زووانە لەمردن نیە› ۲. ـهـا/*[مجازی]* دالگۆشت؛ قاروومەم؛ قارقاڕۆک؛ قاروچ؛ قارپچۆک؛ قاریت؛ قرخن؛ کۆپل؛ گەڕک؛ گەڕکە؛ مردوولە؛ مەڕەموکە؛ مردۆخە؛ مردۆخ؛ مردل؛ مردال؛ فێق؛ فێقن؛ جیقنە؛ جیقن؛ جیقە؛ چەرمە؛ جووقن؛ لەڕ و لاوازی کەلەلا کە بەحال نووزەی دێ ‹این مرغ مردنی را چرا خریدی؟: ئەم مریشکە دالگۆشتەت بۆ کڕیوە؟› ۳. بۆ مردن؛ مەوچنەک؛ شیاو یان لایقی مردن.

**مردود** / mardûd ، ـهـا: ـان: [عربی] *صفت.* ڕەد؛ ڕفووزە؛ وەرنەگیراو؛ لە ئەزموون دەرنەچوو (بەتایبەت لە تاقی‌کردنەوەدا) ‹آرام مردود شده و باید سال دیگر هم بخواند: ئارام ڕەد بووە و دەبێ سالێکی دیش بخوێنێ›.

**مردوده** / mardûde/: [عربی] *صفت.* دۆخی ژنێک کە تەلاق دراوە و گەڕاوەتە مالی بابی.

**مرد و مردانه** / mard-o-mardāne/: *قید.* پیاوانە؛ پیاگانە؛ مەرد و مەردانە؛ کوڕی کوڕانە؛ بە بوێری و چاو نەترسی و جوامێریەوە ‹در برابر دشمن مرد و مردانه مقاومت کرد: لە بەرامبەر دوژمنەوە پیاوانە

ڕاوەستا).

**مرده** / morde ، ـها: ـگان/: *صفت.* مردوو؛ مـەردە؛ مردگ: ۱. ژین لێبڕاو؛ گیان تێدا نـەماو؛ گیـان دەرچووگ؛ مەردا؛ مردی؛ ماردا؛ مـارده ‹پرنـدەی مرده: مـەلی مـردوو› ۲. *[مجـازی، ادبـی]* کـوژراوە؛ داکوژاو؛ وەکوژاو؛ ئەرەکوشیا؛ ئەرەمەردە؛ تەمراو؛ داتەمراو؛ دامرکـاو؛ خـامۆش‌بـووگ ‹آتـش مـرده: ئاگری کوژراوه› ۳. *[کنایی]* لە بنە هاتوو؛ لە کیس چووگ ‹عشق مـرده: ئـەوینی مـرده› ٤. *[مجـازی]* شەڵوپەت؛ شەکەت و هەڵەکەت؛ بێهاز ‹خسته و مرده به خانه برگشتم: شەکەت و مردوو هاتمەوە بـۆ مال› ٥. *[مجازی]* دڵنەماو؛ هیلاک ‹او مـردەی آن دختر بود: مردووی ئەو کچە بوو› ٦. لـەبیرەوەچوو؛ نەماو ‹زبانهای مُرده: زمانگـەلی مـردوو› ۷. مـات؛ بێبریقە (بۆ ڕەنگ) ‹رنگ مرده: ڕەنگی مات›.

**مـرده‌بـاد** / mordebād/: *دعـا.* بمـرێ؛ بکـەوێ؛ نەمێنێ؛ داوای لە ناو چوونی شتێک یان کەسێ ‹مرده باد استبداد: بمرێ زۆرەملێ›.

**مـــرده‌پرســـتی** / mordeparastî/: *اســـم.* مردووپەرستی؛ مردەپەرستی؛ مەردەپەرێسـی؛ ڕێزنانی لەڕادەبەدەر لە مـردووان و ڕابـردووان و شانازی پێکردنیان. هەروەها: **مرده‌پرست**

**مرده‌خـور** / mordexor ، ـها/: *صفت.* بـەرخۆر؛ زگـڵەوەڕێن؛ خۆ بە خەڵـک تێرکـەر؛ هۆکـارە و هـۆگری کەڵـک وەرگـرتن و قـازانج بـردن لـە مەرگی خەڵک. هەروەها: **مرده‌خوری**

**مستمر** / mostamer(r)/: [عربی] صفت. بەردەوام؛ درێژەدار؛ بێ‌پسانەوە؛ نەپس؛ سەرەمڕ؛ لە پەستا؛ لە سەریەک ‹برای موفقیت تلاش مستمر لازم است: بۆ سەرکەوتن هەوڵی بەردەوام پێویستە›.

**مستمراً** / mostamerran/: [عربی] قید. لە پەستا؛ پەسایپەس؛ پەستاپەستا؛ بەردەوام؛ بێ‌بڕانەوە؛ سەرەمڕ؛ بەشێوەی درێژەدار و نەپساو ‹مستمراً از او خواسته می‌شد که بدهی‌اش را بپردازد: لە پەستا داوای لێ دەکرا قەرزەکانی بداتەوە›.

**مستمری** / mostamerrî/: [عربی]/سم. جیرە؛ بەراتی؛ بڕانە: ۱. موچەیەک کە دەوڵەت بە بنەماڵەی کارمەندی لە دنیا دەرچووی دەدا ۲. چەشنێک پارەی مانگانە کە بە مەبەستی یارمەتی ژیانی وەرگران، بەبێ هیچ چاوەڕوانیەک پێیان دەدرێت.

**مستمری‌بگیر** / mostamerrîbegîr، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] صفت. موچەخۆر؛ جیرەخۆر.

**مستمسک** / mostamsak, mostamsek، ـها/:

[عربی]/سم. دەساوێژ؛ دەستاوێژ؛ بیانک؛ بیانوو؛ بەهانە؛ مەهانە؛ بەهانێ.

▣ **مستمسک قرار دادن:** کردنە بیانوو/ بیانک؛ کەردە بەهانەی ‹بیماری را مستمسک قرار داد و یک ماه به سر کار نیامد: نەخۆشی کردە بیانوو، مانگێ نەهاتە سەر کار›.

**مستمع** / 'mostame ، ـان؛ ـین/: [عربی]/سم. گوێدەر؛ گوهدار؛ گوهگر؛ گوێگر؛ بیسەر.

**مستمع آزاد** / mostame'āzād ، ـها/: [عربی/ فارسی]/سم. گوێگری ئازاد؛ بەشداری ئازاد؛ ئەوەی بە ویستی خۆی لە کلاس و دانیشتنێکدا ئامادە دەبێ، بێئەوەی لە باس و ئەزموونەکانیدا بەشداری بکا.

**مستملکات** / mostamlakāt/: [عربی] جمعِ ☜ **مستملکه**

**مستملکه** / mostamlake ، ـها؛ مستملکات/: [عربی] /سم. ژێردەست؛ ولاتێک وا لە سیاسەتی دەرەوەیدا سەربەخۆ نیە و شوێنەپای دەولەتێکی تردە.

**مستمند** / most(a)mand ، ـها؛ ـان/: [عربی] صفت. بەرەش؛ دەستەنگ؛ ژار؛ هەژار؛ دەسکورت؛ بێئەنوا؛ بێمالوحال؛ بەرقاڵە؛ نەدار؛ بارکەوتوو.

**مستند** / mostanad ، ـات/: [عربی] صفت. بەڵگەدار؛ بەڵگەوەر: ۱. بە بەڵگە؛ پاژدار؛ پرنۆمەند ‹ادعای او مستند است: خوازەکەی بە بەڵگەیە› ۲. تایبەتمەندی فیلمێک کە لە رووداوی ڕاستەقینە پێکهاتووە.

**مستندات** / mostanadāt/: [عربی]/سم. سەرجەم ئەو شتانەی بەڵگەیان هەیە یان بۆیان دەبێ.

**مستندسازی** / mostanadsāzî/: [عربی/ فارسی] /سم. ۱. کاری دۆزینەوە و پێوەنانی بەڵگە بە دەق یان نووسراوەیەکەوە ۲. کاری دروست کردنی فیلمی بەڵگەوەر.

**مستنطق** / mostanteq ، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی]/سم. [قدیمی] بازپرس؛ ڤەپرس؛ ئەوەپەرس.

**مستنیر** / mostanîr/: [عربی] صفت. [ادبی] نوورگر؛ ڕووناکیگر؛ بەرتیشک؛ ڕۆناهیگر لە شتێکی‌تردە.

**مستوجب** / mostowceb, mosto:ceb/: [عربی] صفت. شیاو؛ دەرخۆر؛ لەبار؛ سزاوار ‹او به علت جوانی و حسن سابقه مستوجب عفو است: لە بەر لاوی و پێشینەی باشی شیاوی بەخشینە›.

**مستور** / mastûr ، ـان؛ ـین/: [عربی] صفت. [ادبی] داپۆشراو؛ پۆشراو؛ داشاراو؛ داشاریاگ؛ ڤەشارتی؛ پۆژیا.

**مستوره** / mastûre/:[؟] ☜ **مسطوره**

**مستوری** / mastûrî/: [عربی]/سم. [ادبی] داپۆشراوی؛ داشاریاگی؛ پۆژیایی.

**مستوفی** / mostowfî, mosto:fî ، ـها؛ ـان/: [عربی]/سم. [قدیمی] کەسێ کە لە ڕێکخراوە دەولەتیەکاندا بە سەرکار و باری مالی و دەفتەر و بەڵگەدا ڕادەگەیشت.

**مستولی** / mostowlî, mosto:lî/: [عربی] صفت. زاڵ؛ چیر؛ چێر؛ دەس بە سەراگرتوو ‹ترس بر همه مستولی شد: ترس به سه‌ر هەمووانداز زاڵ بوو›.

**مستوی** / mostavî/: [عربی] صفت. [ادبی] تەخت؛ ساف؛ هامار؛ بێکۆسپ؛ بێکەند و کۆت؛ بێکەند و لەند.

**مستهجن** / mostahcan/: [عربی] صفت. دزێو؛ ناحەز؛ نەچێ؛ ناشیرین؛ کەلەواژی؛ زشت؛ شەرمهێن ‹حرف مستهجن: قسەی دزێو›.

**مستهلک** / mostahlak/: [عربی] صفت. فەوتاو؛ نەماو؛ تەفر و تووناو؛ فەوتیاگ؛ لە بەین چووگ.

▣ **مستهلک شدن:** ۱. تەواو بوون؛ نەمانەی ‹بدهی شما در صد قسط مستهلک شد: قەرزەکەتان لە سەد بەشدا تەواو بوو› ۲. پێوە نەمان؛ کەل و کۆن بوون ‹این اتومبیل مستهلک شده است: ئەم ماشینە پێوە نەماوە›. هەروەها: **مستهلک کردن**

**مستی** / mastî/:/سم. مەستی؛ مەسی: ۱. دۆخی گۆڕان و تێکچوونی ئاوەز و لەش ‹وەک گەرم

www.perawipepwle.com



داگەڕان، خێرا بوونەوەی هەڵسووڕانی خوێن، شادی، خەم و زیچی نائاسایی) بە هۆی خواردنەوەی ئەلکول و ماکی سڕکەری‌تر (وەک زافەران، هەشیش و...) ٢. سەرمەستی؛ شایی و کەیفی دریژەدار؛ کەیف‌سازی ٣. *[مجازی]* بێهەست و خوستی؛ بێئاگایی لە بار و دۆخی خۆ یان دەور و بەر.

**مستی‌آور** / mastî'āvar/: *صفت.* مەسکەر؛ مەستی‌هێن: **مستی‌بخش**

**مستی‌بخش** / mastîbaxš/ ☜ **مستی‌آور**

**مسجد** / masced ، ـها؛ مساجد/: [عربی]/*سم.* مزگەوت؛ مزگت؛ مزێت؛ مزگەفت؛ نفێژگە؛ نوێژگە؛ مێژگە؛ نمینگە؛ مەچێ؛ پەرستنگای موسڵمانان، پتر وەکوو مالێکی سەرگیراو بە میحرابێک ڕوو لە کەعبە و گومەز و مناڕەوە.

▣ **مسجد آدینه:** *[ادبی]* مزگەوتی/ مزگت جامیعە.

**مسجد جامع/ جمعه:** مزگەوتی جامیعە؛ مزگەوتی گەورەی شار بۆ نوێژی جومعە.

**مسجع** / 'mosacca/: [عربی] *صفت. [ادبی]* ئاهەنگین؛ تایبەتمەندی دەقێکی وێژەیی کە ناوەناوە وشەکانی لە باری کێش و پاشەڵەوە بە یەک بخۆن (وەک: ... ئەگەر لە پرسەی حوسەیندا چەند فرمیسکێک هەڵوەرێنی، ئاخوند لە خۆت نەتۆرێنی، لە پیتاک دان نەبۆڵێنی ئەوا چەند کۆشکێک دەستێنی گشتی یاقووت و زمروتە ...).

**مسجل** / mosaccal/: [عربی] *صفت.* یەکلا؛ بڕاوە؛ مسۆگەر؛ مسەوگەر ‹رفتن ما هم مسجل شد: ڕۆیشتنی ئێمەش یەکلا بۆوە›.

**مسح** / mash/: [عربی]/*سم. [اسلام]* مەسح؛ یەکێک لە بەشەکانی دەسنوێژ بریتی لە دەستی تەڕ بە پێشە سەردا هێنان (شیعە پەنجەی پێش مەسح دەکا).

**مسحور**/ mashûr/: [عربی] *صفت.* ١. جادوولێکراو؛ سیحرکراو ٢. سەرسووڕماو؛ واقوڕماو؛ دەسەلات لێبڕاو بە هۆی کارتێکردنی دیاردەیەکی سەیر و سەمەرەوە. هەروەها: **مسحور شدن، مسحور کردن**

**مسخ** / masx/: [عربی]/*سم.* ڕەوتی گۆڕان بەتایبەت بوون بە بوونەوەرێکی کەسن یان دزێو.

▣ **مسخ کردن:** گەمراندن؛ دزێوکردن؛ کرێت کرن؛ بەدتەشک‌کردن؛ وەک شتێکی خراو لێ کردن و لە قەواڕە خستن.

**مسخر** / mosaxxar/: [عربی] *صفت. [ادبی]* داگیرکراو؛ ڕادەست؛ گیراو؛ ئەرەگیریا؛ دەست بە سەردا گیراو ‹ناحیەی مسخر: ناوچەی داگیرکراو›.

**مسخرگی** / masxaregî/: [عربی/ فارسی]/*سم.* ١. تیزوتەزی؛ مەچەلیەتی؛ تنازی؛ تڕانەیی؛ تیتالی؛ تڕانەبازی؛ دەگەل؛ دۆخ یان چۆناوچۆنی گاڵتەجاڕ و ناڕاست بوون ‹مسخرگی این استدلالها همه را به خنده واداشت: تیزوتەزی ئەم بەڵگانە هەمووی هێنایە پێکەنین› ٢. ـها/ مەزاق؛ حەنەک؛ گاڵتە؛ شۆخی؛ تیتاڵ؛ تیز؛ لاقردی؛ تەوزە؛ گەمەوگەپ؛ گەپجاڕی؛ ئاکاری وێڕای پێکەنین و شۆخی، پتر بۆ کەیفخۆش‌کردنی خەڵک ‹ساعتها مسخرگی کردند و خندیدند: چەن ساعەت مەزاقیان کرد و پێکەنین›.

**مسخره**[1] / masxare/: [عربی]/*سم.* تناز؛ گاڵتە؛ گاڵتەجاڕ؛ گەپجاڕ؛ تیز؛ زللە؛ هەلک؛ ڕنگ؛ مەسخەرە؛ پەسقەڵە؛ تەوس؛ قەشمەری؛ مەچەل؛ تڕانە؛ هێلۆل؛ تیتالی؛ تەفز؛ تەوزە؛ ڕشقەن؛ ڕشخەن؛ ڕیشخەن؛ کار و ڕەوتی گەمە پێکردن و کردنە هۆی سەیر و پێکەنینی خەڵک. هەروەها: **مسخره شدن، مسخره کردن**

**مسخره**[2]: *صفت.* ١. ـها؛ ـگان/ گاڵتەجار؛ تیتالی؛ تیتاڵباز؛ تولەکی؛ کوک؛ خاوەن ئاکارێ کە دەبێتە هۆی پێکەنین و سەرگەرمی خەڵک ‹آدم مسخره: مرۆڤی گاڵتەجار› ٢. پێکەنینی؛ پێکەنینەدار؛ کەنینەدار ‹کلاه مسخره: کڵاوی

پیکەنینی› ۳. گاڵتە؛ سەرسەری؛ نەمجد ‹کار مسخرە: کاری گاڵتە›.

**مسدس**[1] / mosaddas/: [عربی]/سم. ۱. شەش‌لا؛ شەش‌گۆش ۲. *[ادبی]* جۆرێ شیعر کە هەر بەندێکی شەش باڵە (وەک ئەم شیعرەی «شامی»: «یەسە چوار ڕووژتر هەم زمسانە// زوخاڵ نابوودە هیزم گرانە// سەدای زێل و بەم بەفر و بارانە// چەقەی دنان تیەی چو مسگەرخانە// داش نانەوایی نیەکەفیدەدەس// دوکتور موسەدق تەکلیفمان چەس؟»).

**مسدس**[2]: *صفت.* شەشە؛ شەش ئەندام؛ بە شەش کۆلەکەوە.

**مسدود** / masdûd/: [عربی] *صفت.* گیراو؛ گیریاگ؛ گیریا؛ گراو؛ بەرگیراو؛ بەسراو؛ بەستراو؛ بەسیاگ؛ ڕتمی؛ گرەوتا؛ بینیا ‹جادەی مسدود: جادەی بەسراو›.

**مسرت** / maserrat, masarrat/: [عربی]/سم. *[ادبی]* خۆشحاڵی؛ شادی؛ شایی؛ گەشی ‹دیدار شما موجب مسرت خاطر گردید: چاوپێکەوتنتان بوو بە هۆی خۆشحاڵی›.

**مسرت‌انگیز** / maserrat'angîz, masarrat-/: [عربی/ فارسی] *صفت. [ادبی]* شادیهێن؛ شایی‌هێن؛ گەشکەرەوە؛ گیان‌گەشێن؛ خۆشحاڵ‌کەر ‹رویداد مسرت‌انگیز: ڕووداوی شادیهێن›.

**مسرت‌بخش** / maserratbaxš, masarrat-/: [عربی/ فارسی] *صفت. [ادبی]* شادی‌دەر؛ گیان‌گەشێن؛ شادیهێن؛ شادیبەخش ‹خبر مسرت‌بخش: هەواڵی شادی‌دەر›.

**مسرف** / mosref ، ـان/: [عربی] *صفت.* هەرژێنەر؛ هەڵەخەرج؛ دەسبا؛ دەسبڵاو.

**مسرور** / masrûr/: [عربی] *صفت. [ادبی]* شا؛ شاد؛ گەش؛ خۆشحاڵ؛ وەشحاڵ ‹از شنیدن این خبر بسیار مسرور شدم: لە بیستنی ئەو هەواڵە زۆر شا بوومەوە›.

**مسروقه** / masrûqe/: [عربی] *صفت.* دزراو؛ دزیاگ؛ دزیا؛ براو؛ بریا ‹مال مسروقه کشف شد: ماڵە دزراوەکە دۆزرایەوە›.

**مسری** / mosrî/: [عربی] *صفت.* گیرۆ؛ قەگر: ۱. *[پزشکی]* درم؛ پەتا؛ ئاهۆ ‹بیماری مسری: نەخۆشی درم› ۲. دۆخی لە کەسێکەوە تووشیاری کەسی‌تر بوون ‹فساد اداری امروز یک بیماری مُسری شده است: ئەوڕۆکە گەندەڵی بۆتە نەخۆشیەکی گیرۆ›.

**مسطح** / mosattah/: [عربی] *صفت.* ۱. تەخت؛ گۆڕ؛ هامار؛ بێ‌کەندولەند ۲. *[ریاضی]* لە سەریەک ڕووپەڕ.

**مسطور** / mastûr/: [عربی] *صفت. [نامتداول]* نووسراو؛ نویسیا؛ نووسیاگ.

**مسطوره** / mastûre ، ـها/: [؟]/سم. وێنە؛ ئەو بەشە لە کووتاڵ کە بە مەبەستی دیتن و داوا کردنی کڕیاران ڕادەنرێت: **مستوره**

**مسعود** / mas'ûd/: [عربی] *صفت.* پیرۆز؛ مبارەک؛ مواڕەک؛ هەزەخ؛ هەزەک ‹عید میلاد مسعود پیامبر: جێژنی پیرۆزی لە دایک بوونی پێغەمبەر›.

**مسقطی** / masqatî/: [عربی]/سم. مەسقەتی؛ مەشکەفی؛ جۆرێ شیرینی لە نیشاستە و شەکر و ماکی بۆنخۆش.

**مسقف** / mosaqqaf/: [عربی] *صفت.* سەرگیراو؛ سەرمیچدار؛ میچدار؛ بە میچ؛ داپۆشراو؛ سەرپۆشراو؛ کۆسەردار؛ سەرگیریا ‹فضای مسقف: شوێنی سەرگیراو›.

**مسکر** / mosker ، ـات/: [عربی] *صفت.* مەستکەر؛ مەسکەر؛ سەرخۆشکەر ‹شراب مادەای مسکر است: شەراو ماکێکی مەستکەرە›.

**مسکن** / maskan ، ـها؛ مساکن/: [عربی]/سم. ماڵ؛ ماڵ؛ هێور؛ ئەنوا؛ جێگە؛ کێ؛ کەی؛ کیە؛ دەمانە؛ جیوار؛ لۆر؛ خوانوو؛ خانی؛ خینی؛ خانوو؛ گێڵ؛ یانە؛ جێگەی تێدا ژین ‹میلیون‌ها نفر از مسکن مناسب محرومند: ملیۆنان کەس لە ماڵێکی باش بێبەشن›.

▣ **مسکن گرفتن:** هێورین؛ نیشتەجێ بوون؛ نیشتەیرە؛ مەنزڵ گرتن؛ لە جێگایێکدا حەسانەوە بۆ ژیان ‹بە کردستان رفت و در دهوک مسکن گرفت: چوو بۆ کوردستان و لە دهۆک نیشتەجێ بوو›.

**مسکن** / mosakken ، ـها/: [عربی] *صفت.* ژانبڕ؛ هەدادەر؛ سوکنایی‌دەر؛ ئارامبەخش؛ ئارامیدەر؛ هێورکەر؛ هێورێنەر؛ سرەوێنەر؛ بە تایبەتمەندی سرەواندنی ئێش و ئارام‌کردنەوە ‹قرص مسکن: حەبی ژانبڕ›.

**مسکنت** / maskanat/: [عربی]/*سم. /ادبی/* فەقیری؛ هەژاری؛ ژاری؛ بێئەنوایی؛ دەسکورتی؛ بێدەسەلاتی؛ کەمدەسی؛ برەشی ‹دچار فقر و مسکنت شد: تووشی نەداری و هەژاری بوو›.

**مسکوت** / maskût/: [عربی] *صفت.* بێدەنگ؛ بێ باس؛ سەرنراوە؛ بە تایبەتمەندی قسە لێوە نەکردن یا ڕاگرتن ‹این بحث را فعلاً مسکوت بگذارید: جارێک ئەم باسە بێدەنگ بێلنەوە›.

▣ **مسکوت شدن:** شوێن نەگیران؛ وێڵ کردن؛ ڕاگیران؛ سەرنرانەوە.

**مسکوت ماندن:** ناتەواو مانەوە؛ ڕاوەستان؛ ڕاگیران؛ سەرنراو مانەوە؛ بە سەرنراوی مانەوە.

**مسکوک**[1] / maskûk ، ـات/: [عربی]/*سم.* سکە؛ دراوی کانزایی.

**مسکوک**[2]: *صفت.* سکەیی؛ دراوی؛ لێدراو؛ بە بیچم یان تایبەتمەندی سکەوە ‹طلای مسکوک: زێڕی سکەیی›.

**مسکون** / maskûn/: [عربی] *صفت.* ئاوەدان؛ ئاوا؛ ئاڤا: ۱. تێدا دانیشتوو ‹آن خانه مسکون نیست: ئەو ماڵە ئاوەدان نیە› ۲. شیاوی نیشتەجێ بوون ‹ مسکون ساختن آنجا کارهای زیادی لازم دارد: ئاوەدان کردنەوەی ئەوێ پێویستی بە کاری زۆرە›.

**مسکونی** / maskûnî/: [عربی] *صفت.* ئاوەدان؛ ئاوا؛ ئاڤا: ۱. شیاوی نیشتەجێ بوون ۲. تێدا نیشتەجێ ۳. بە شوێنی دانیشتن و تێدا ژیان ‹منطقه‌ی مسکونی: ناوچەی ئاوەدان›.

**مسکین** / meskîn ، ـها؛ ـان/: [عربی] *صفت. /ادبی/* ژار؛ هەژار؛ بێئەنوا؛ بێچارە؛ داماو؛ کڵۆڵ؛ بەلەنگاز؛ لێقەوماو؛ داماگ.

**مسگر** / mesgar ، ـها؛ ـان/: *اسم.* مسگەر؛ قەزانچی؛ بەرۆش‌ساز؛ مزگەر؛ پاخرکەر؛ کەسێ کە کەرەسە و دەفر و دۆڵەی مسین چێ دەکا و سەر و کاری دەگەڵ قاپ و قاچاخی مسیدایە.

**مسگری** / mesgarî/: *اسم.* مسگەری؛ مزگەری: ۱. پیشەی مزگەر ۲. /ـها/ بەرۆش‌سازی؛ کارگەی مزگەر.

**مسلح** / mosallah/: [عربی] *صفت.* ۱. چەکدار؛ بەچەک؛ خاوەن ئەسپابی شەڕ ‹نیروی مسلح: هێزی چەکدار› ۲. پڕچەک؛ چارچەک؛ خاوەن ئامراز، کەرەسە و لێهاتوویی ‹مسلح به سلاح علم و تقوا: چارچەک بە چەکی زانست و پارێزگاری›.

**مسلحانه**[1] / mosallahāne/: [عربی/ فارسی] *صفت.* چەکدارانە؛ بە کەڵک‌وەرگری لە چەک ‹جنگ مسلحانه: شەڕی چەکدارانە›.

**مسلحانه**[2]: *قید.* چەکدارانە؛ بە چەکەوە؛ بە کەڵک وەرگرتن لە چەک ‹مسلحانه به بانک حمله کردند: چەکدارانە هەڵماتیان برد بۆ بانک›.

**مسلخ** / maslax ، ـها/: [عربی]/*اسم. /ادبی/* کوشتارگە؛ کوشتارخانە؛ جێگای کوشت و بڕ.

**مسلسل**[1] / mosalsal ، ـها/: [عربی]/*سم.* شەستیر؛ شێستیر؛ ڕەشاش؛ ڕەشاشە؛ موسەلسەل؛ ئاگربار؛ تیربار؛ مەترەلۆز؛ مەترەلوێز؛ ڕێژنگ؛ جۆرێ ئامرازی شەڕی گەرم کە زۆر فیشەک بە ڕیز دەهاوێ.

**مسلسل**[2]: *صفت. /نامتداول/* زنجیرئاسا؛ زەنجیرەیی؛ بە شوێن یەک؛ لە دوای یەک.

**مسلسل**[3]: *قید. /نامتداول/* لە سەر یەک؛ لەپەستا؛ نەپس؛ لێکدالێکدا؛ پەستاپەستا؛ پەساپەسا؛ پەیتاپەیتا؛ هەیتەهەیتە؛ هەیتاهەیتا؛ هەژدەر هەژدەر؛ بێ پەستانەوە؛ بێ وچان؛

یەکسەرە ‹مسلسل حرف می‌زد: لە سەریەک قسەی دەکرد›: **مُسلسل‌وار**

**مسلسل وار** / mosalsalvār/: [عربی/ فارسی] ☜ **مسلسل**[۳]

**مسلط** / mosallat/: [عربی] *صفت.* زاڵ؛ چێر؛ چیر؛ سوار؛ بە دەستەڵات ‹بە کار مسلط شد: بە سەر کارەکەدا زاڵ بوو ›.

**مسلک** / maslak ، ـها/: [عربی]/سم. دۆز؛ ڕێباز؛ ڕێبیر؛ ڕێ؛ مەرام؛ بنەمای بیر و بڕوا کە ئاکار و هەڵسوکەوتی کەس یان تاقمێک لەگەڵ خەڵک و دیاردەکاندا ڕوون دەکاتەوە ‹تملق در مسلک او نیست: زمانلووسی لە دۆزیدا نیە›.

**مسلکی** / maslakî/: [عربی] *صفت.* دۆزی؛ ڕێبیری؛ ڕێبازی؛ سەر بە دۆز و ڕێبازەوە.

**مسلم** / mosallam/: [عربی] *صفت.* ۱. بێ شک؛ بێقسە و باس؛ دەستەبەر؛ مسۆگەر؛ مسەوگەر ‹پیروزی ما مسلّم است: سەرکەوتنی ئێمە بێ شکە› ۲. /ـات/ وەرگیراو؛ بڕاوە؛ پەژیراو ‹اصل مسلّم: بنەمای وەرگیراو›. هەروەها: **مسلم بودن؛ مسلم شدن؛ مسلم کردن**

**مسلم** / moslem ، ـین/: [عربی]/سم. مسڵمان؛ موسوڵمان؛ کەسێ کە لە سەر دینی ئیسلامە.

**مسلماً** / mosallaman/: [عربی] *قید.* بێ گومان؛ بێ‌سۆ؛ بەبێ شەک؛ حەتمەن؛ حەتم ‹مسلماً شما از آمدن او خبر داشتید: بێ گومان ئێوە لە هاتنی ئەو ئاگادار بوون›.

**مسلمان** / mosalmān ، ـها؛ ـان/: [از عربی]/سم. موسوڵمان؛ مسڵمان؛ هەر یەکە لە شوێنکەوتووانی دینی ئیسلام.

**مسلمانی** / mosalmānî/: [از عربی]/سم. موسوڵمانەتی؛ مسڵمانی؛ دۆخی موسڵمان بوون.

**مسلوب** / maslûb/: [عربی] *صفت. [نامتداول]* لێوەرگیراو؛ لێسەندراو؛ لێ گیراو.

**مسلول** / maslûl ، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی] *صفت.* وەرەمی؛ سیلدار؛ سیار؛ سیلاوی؛ دیقاوی؛ تووشی نەخۆشی دەردەباریکە.

**مسله** / mesalle/: [؟] ☜ **میل-۳**

**مسما**[۱] / mosammā/: [از عربی ؟]/سم. موسەممای؛ پێخۆرێ کە بە گۆشت و باینجان یان کوولەکەی سوورەوەکراو دروست دەکرێ.

**مسما**[۲]: [عربی] *صفت.* ۱. ناونراو؛ ناونریاگ ۲. خاوەنی ناو ۳. ڕوالەتی؛ هەر بۆ بەرچاو و بەبێ کاکڵ * **مسمّی**

▣ **اسم بی‌مسما** ☜ **اسم**

**مسمط** / mosammat ، ـها؛ ـات/: [عربی]/سم. *[ادبی]* هۆنراوەیەک بە چەند بەندەوە کە بالەکانی هەر بەندێک پێکەوە و بالی ئاخر دەگەڵ بالی ئاخری بەندکانی‌تردا هاوپاشڵن (وەک پارچەهەڵبەستی بەناوبانگی «کرانشینی» شامی کرماشانی).

**مسموع** / masmû'، ـات/: [عربی] *صفت.* بۆ بیستن؛ بیستنی؛ شیاوی بیستن؛ ژنەفتنی ‹دلیلهای شما مسموع نیست: بەڵگەکانی ئێوە بۆ بیستن نابن›.

**مسموم** / masmûm/: [عربی] *صفت.* ژاراوی؛ ژەهراوی؛ سەمە: ۱. تێکەڵ بە ژار ‹غذای مسموم: چێشتی ژاراوی› ۲. /ـها؛ ـان؛ ـین/ *[مجازی]* وەبەر شتێکی خراپ و ناخۆشدا بوون ‹فضای مسموم: هەوای ژاراوی›.

▣ **مسموم کردن**: ۱. ژاراوی‌کردن؛ ژەهراوی کردن؛ سەمە کردن؛ تێکەڵ بە ژارکردن ‹آب را مسموم کرده بودند: ئاوەکەیان ژاراوی کردبوو› ۲. دەرمانخۆر/ دەرمانخوار/ دەرمانخوارد کردن؛ ژار پێدان؛ دەرمان دان؛ ژارخۆرکردن ‹سگ را مسموم کرده بودند: سەگەکەیان دەرمانخۆر کردبوو› ۳. *[مجازی]* تێکدان؛ شێواندن؛ ناخۆش کردن ‹روابط ما را مسموم کرده‌اند: نێوانمانیان تێکداوە›. هەروەها: **مسموم شدن**

**مسموميت** / masmûmîyyat ، ـها/: [عربی]/سم. مەسموومیەت؛ بار و دۆخی سەرلێداو بە هۆی خواردن و تێڕۆچوونی ژار بۆ ناو لەش ‹بە دلیل خوردن غذای فاسد دچار مسمومیّت شده است: بە هۆی خواردنی چێشتی گەندەڵەوە تووشی مەسموومیەت بووە›.

**مسمی** / mosammā/: [عربی] ☜ **مُسَمّا**[۲]

**مسن** / mosen(n) ، ـها/: [عربی] صفت. بەسالاچوو؛ بە عومر؛ بە تەمەن؛ تەمەندار؛ کۆنسال؛ ئێختیار؛ کال؛ دانسال؛ دان؛ پیر ‹پدرم مسن است و نمی‌تواند پلەها را بالا برود: باوکم بەسالاچووە و ناتوانێ لە پلیکانەکانەوە بچێتە سەر›.

**مسند** / masnad ، ـها/: [عربی]/سم. ۱. جێگای دانیشتن (وەکوو تەخت، سەندەلی و...) ۲. پلە و پایە؛ پێگە ‹مسند وزارت: پلەوپایەی وەزارەت›.

**مسند** / mosnad ، ـها/: [عربی]/سم. *[دستور]* گوزارە؛ هەوالی «نیهاد» لە ڕستەدا (وەک «گەورە» لە ڕستەی «خوا گەورەیە»دا).

**مسندالیه** / mosnadol'elayh ، ـها/: [عربی]/سم. *[دستور]* نیهاد؛ کەس یان شتێ لە ڕستەدا کە کار، چۆنیەتی یان ناوێک دەدرێتە پاڵیەوە (وەک «خوا»، لە ڕستەی «خوا گەورەیە»دا).

**مسوار** / mesvār/: سم. مسوار؛ ئالیاژێک لە مس و قەلا بە ڕەنگی سووری ئامال زەرد و بریکەدار کە لە ڕابردوودا بۆ چێکرنی سەماوەر و دەفری چێشتخانە کەڵکیان لێ وەردەگرت.

**مسواک** / mesvāk ، ـها/: [عربی]/سم. مسواک؛ میسواک؛ برۆسێکی تایبەتی بۆ ددان شۆردن.

▣ **مسواک زدن/ کردن**: مسواک دان؛ میسواک لێدان؛ شتنی ددان بە مسواک ‹روزی سە بار دندانهایش را مسواک می‌زند: ڕۆژێ سێ جار ددانەکانی مسواک ئەدا›.

**مسوده** / mosavvadde, mosvadde ، ـها/: [عربی]/سم. ڕەشنووس؛ چلکنووس.

**مسهل** / moshel ، ـها/: [عربی] صفت. قۆژکەر؛ کارکون؛ ڕەوانکەر؛ تایبەتمەندی خۆراک یان دەرمانێ کە ڕیخۆڵە بخاتە جوولە و پاکی بکاتەوە.

**مسی** / mesî/: صفت. مسی: ۱. مسین؛ چێ کراو لە مس ۲. بە ڕەنگی سووری ئامال زەرد و بریکەدار.

**مسیحایی** / masîhāyî/: [معرب/ فارسی] صفت. ۱. سەبارەت بە حەزرەتی مەسیح(س) ۲. پاک؛ خاوێن؛ بێخەوش.

**مسیحی** / masîhî/: [عربی]/سم. خاچپەرست؛ فەلە؛ فلە؛ فەلا؛ مەسیحی؛ دیان؛ خرستیان؛ عیسایی: ۱. /ـها؛ ـان/ شوێنکەوتووی ئایینی حەزرەتی عیسا(س) ‹مرد مسیحی: پیاوی خاچپەرست› ۲. سەر بە خاچپەرستی ‹کشورهای مسیحی: ولاتانی خاچپەرست›.

**مسیحیت** / masîhîyyat/: [عربی]/سم. فەلاتی؛ خاچپەرستی؛ دینی مەسیح؛ دینی سەر بە حەزرەتی عیسا مەسیح(س) کە لە ئینجیلەکان و لە لایەن شاگردان و باوکانی کلیساوە ڕانراوە: **دین مسیح**

**مسیر** / masîr ، ـها/: [عربی]/سم. بگار؛ بوار؛ ویەر؛ دەرڕی؛ ڕێگەی بگاردن ‹مسیر رودخانه: مسیر حرکت: بگاری چۆم؛ بواری بزووتن›.

**مسیل** / masîl ، ـها/: [عربی]/سم. خر؛ سێلگا؛ سێلاوگر؛ کەندراو؛ کەندەلان؛ سوورمایی؛ لافاوگا: ۱. بگاری لافاو ۲. مەرخێ کە تەنیا لە وەرزی باران یان لە کاتی لافاودا ئاوی هەیە.

**مسین** / mesîn/: صفت. *[ادبی]* مسی؛ مسین؛ لە مس دروستکراو؛ لە پاخر چێبوو.

**مسیو** / mos(i)yo ، ـها/: [فرانسوی]/سم. موسیۆ؛ موسیۆ؛ سەرناوی پیاوانی بیانی، پتر بۆ فەرەنگیان و خاچپەرستان، بە مانای ئاغە: **موسیو**

**مش** / maš/: سم. *[مخفف]* مەشەیی؛ مەش؛ مەشتی؛ مەشهەدی ‹مش تقی: مەشەیی تەقی›.

**مش**[۱] / meš/: [فرانسوی]/سم. مش: ۱. بەرهەمێکی پیشەسازی بە ڕەنگی جۆراوجۆر

www.perawipepwle.com


پتر ئیکلیلی بۆ ڕەنگکردنی قژ ۲. جۆرێ ڕازاندنەوەی قژ کە بەشێک یان چەند چەپکی بە ڕەنگێکیتر ڕەنگ دەکەن.

**مش**[۲]: *صفت.* تایبەتمەندی قژێ کە چەن چەپکی بە ڕەنگێکیتر بەتایبەت زەرد کراوە.

▣ **مش کردن:** مشکردن؛ بە دوو یا چەند ڕەنگ دەرهێنانی قژ.

**مشائی** / maš(š)ā'î/: [عربی] ☜ **مشایی**

**مشابه** / mošābeh/: [عربی] *صفت.* هاوشێوە؛ هاوتا؛ میناک؛ وەکیەک؛ پێسەو یۆی؛ مینا؛ لێکچوو؛ وێچوو؛ وێکچوو ‹این پیراهن مشابه آن یکی است که خریدی: ئەم کراسە هاوشێوەی ئەوەیە کڕیوتە›.

**مشابهت** / mošābehat ، ـها/: [عربی]/سم. وەکیەکی؛ وێکچوونی؛ هامتایی؛ نۆلانی؛ لێکچوویی؛ وێچوویی؛ مینایی؛ هاوشێوەیی؛ دۆخی وەک یەک هاتنەوە لە ڕەنگ و بیچمدا.

**مشاجرات** / mošācerāt/: [عربی] جمعِ ☜ **مشاجره**

**مشاجره** / mošācere ، ـها؛ مشاجرات/: [عربی]/سم. شەڕە قسە؛ دەمەقڕە؛ دەمەقڕێ؛ دەمەقاڵە؛ دەمەقاڵێ؛ مەڕشە؛ دندووکە؛ دەمبەدەمە؛ دەمەدەمە؛ شووڵک؛ چەقە؛ هەنەهەپسێ؛ وتوویژ بە تووڕەییەوە.

**مشارالیه** / mošāron'elayh/: [عربی] *ضمیر. [ادبی]* ناوبراو؛ نێوبراو؛ ناڤبری؛ باسکراو؛ وەناوگوتراو؛ ناوبریاگ ‹مشارالیه از مدت‌ها پیش تحت تعقیب بود: ناوبراو لە میژە بە شوێنیەوە بوون›.

**مشارالیها** / mošāron'elayhā/: [عربی] *ضمیر. [ادبی]* ناوبراو؛ نێوبراو؛ ناوبریاگ؛ ناڤبری؛ باسکراو؛ ناو گوتراو؛ ژن یا کچی ناوبریاگ ‹مشارالیها خواهان طلاق است: نیوبراو دەیەوێ تەلاق بستێنێ›.

**مشارکت** / mošārekat ، ـها/: [عربی]/سم. بەشداری؛ هاوبەشی؛ شەریکی؛ هاودەستی؛ هاوکاری ‹او هم در این کار مشارکت دارد: ئەویش لەم کارەدا بەشداری هەیە›.

**مشاطه** / maššāte ، ـها؛ ـگان/: [عربی]/سم. *[ادبی]* شانەکار؛ بووکجوانکەر.

**مشاع** / 'mošā ، ـات/: [عربی] *صفت.* ناوکۆ؛ بەش نەکراو؛ بە دوو یا چەن خاوەنەوە ‹مال مشاع: مالی ناوکۆ›.

**مشاعر** / mošā'er/: [عربی]/سم. ۱. ئاوەز؛ بیر و هۆش ‹مشاعرش مختل شده است: ئاوەزی ئاڵۆز بووە› ۲. *[فقه]* داب و دەستوور (زۆرتر بۆ حەج).

**مشاعره** / mošā'ere ، ـها/: [عربی]/سم. موشاعیرە؛ شیعر هێنانەوە؛ کێبەرکێی هۆنراوە خوێندنەوە، بەتایبەت لە بەر خوێندنی هۆنراوەگەلی یەک چەمک یان هێنانەوەی بەیتی وا کە بە ئاخر پیتی بەیتی پێشوو دەس پێدەکا.

**مشاغل** / mošāqel/: [عربی]/سم. ۱. جمعِ ☜ **مَشغله** ۲. جمعِ ☜ **شُغل**

**مشام** / mošām(m)/: [عربی]/سم. لووت؛ لووتە؛ پت؛ کەپۆ؛ بێفڵ؛ ئەندامی بۆن کردن.

▣ **به مشام رسیدن:** بە لووتدا هاتن؛ بیستن؛ ژنەفتن؛ ئەولووت کەوتەی؛ دانە لووتدا؛ خواردنە لووتا؛ بۆنی شتێک هەستکردن ‹بوی تندی به مشامم رسید: بۆنێکی تیژم بە لووتدا هات›.

**مشاور** / mošāver ، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی]/سم. ڕاوێژیار؛ ڕاوێژەر؛ ڕاوێژکار؛ ڕاوێژکەر؛ تەگبیرکەر؛ ئەو کەسەی لەگەڵیدا ڕاوێژ دەکەن.

**مشاورات** / mošāverāt/: [عربی] جمعِ ☜ **مشاوره**

**مشاوره** / mošāvere ، ـها؛ مشاورات/: [عربی]/سم. ڕاوێژ؛ تەگبیر؛ شێوەر؛ مشوور؛ مسەور.

**مشاهد** / mašāhed/: [عربی] جمعِ ☜ **مَشهَد**

**مشاهدات** / mošāhedāt/: [عربی]/سم. ۱. جمعِ ☜ **مشاهده** ۲. بینراوان؛ دیتراوان ‹مشاهدات خود را بیان کنید: بینراوەکانی خۆتان دەربڕن›.

**مشاهده** / mošāhede ، ـها؛ مشاهدات/: چۆنیەتی

دیتن؛ بینین؛ به چاو سەیرکردن.

▣ **مشاهده شدن:** بینران؛ دیتران؛ پیویەی ‹در آنجا نوعی پستاندار مشاهده شد: لەوێدا چەشنێ گواندار بینرا›.

**مشاهده کردن:** دیتن؛ بینین؛ دیەی؛ سەیر کردن ‹پیش از این چنین پستانداری مشاهده نکرده بودم: تاکوو ئێستە ئاوا گواندارێکم نەدیتبوو›.

**مشاهیر** / mašāhîr/: [عربی] جمعِ ☜ **مشهور**

**مشایخ** / mašāyex/: [عربی] جمعِ ☜ **شیخ**

**مشایع** / mošāye'، ـان؛ ـین/: [عربی]/سم. بەڕێکەر؛ ڕوانەکەر.

**مشایعت** / mošāye'at/: [عربی]/سم. کار و ڕەوتی بەڕێکردن؛ ڕوانەکردن: ۱. ڕێوڕەسمی تا مەودایەک ڕۆشتنی کەس یان کەسانێک لەگەڵ کەسێکدا کە بەرەو شوێنێ (پتر شوێنێکی دوور) دەچێ ۲. کار و ڕەوتی بردنی تەرمی مردوو بۆ سەرقەبران و ناشتنی.

**مشایی** / maš(š)āyî/: [عربی] صفت. مەشایی: ۱. /ـان/ هۆگر و شوێنکەوتووی ڕێوشوێنی فەلسەفی ئەرەستوو، فەیلەسووفی مەقدوونی (۳۸٤ تا ۳۲۲ پ.ز.) ۲. سەر بە ڕێبازی فەلسەفی ئەرەستوو و شوێنکەوتوانی * **مشائی**

**مشئوم** / maš'ûm/: [عربی] صفت. شووم؛ بێفەڕ؛ قەشقە؛ شوهێنەر؛ قۆشە؛ بەدفەڕ؛ جووتقۆشە؛ قەش؛ دۆبڕ؛ دوموهر؛ دووموڕ: **مَیشوُم**

**مشبک** / mošabbak/: [عربی] صفت. تۆڕی؛ تۆڕەکی: ۱. تۆڕدار ۲. چاوە- چاوە- کون-کون؛ بە تەشکی تۆڕ.

**مشبک کاری** / mošabbak.kārî/: [عربی/ فارسی] /سم. تۆڕکاری؛ کار و ڕەوتی دروستکردنی کەلوپەلی تۆڕی، بەتایبەت چێکرنی تۆڕی جوان و ڕازێنەر لە سەر چێو یان کانزا.

**مشبه** / mošabbah/: [عربی] صفت. /دستور/ شبهێنراو.

**مشبه‌به** / mošabbahonbeh/: [عربی] صفت. /دستور/ پێ شبهێنراو (لە ڕستەی «گوناى وەک پەڕەی گول وایە»دا، «گونا» شبهێنراو (مشبه) و «پەڕەی گول» پێ شبهێنراوە).

**مشت** / mošt ، ـها/: /سم. مشت؛ مست: ۱. گولم؛ نوچک؛ نونجک؛ نوونجگ؛ گورمیچ؛ گورمچ؛ گورمژۆچ؛ گورمچە؛ فووت؛ مستەکۆلە؛ گورمشت؛ پەنجەی لێکنراو؛ مشتی قووجاو ‹دستت را مشت کن!: مشت بگرە!› ۲. سیخورمە؛ سوخورمە؛ سخلمە؛ سقلمە؛ گۆمڕچە؛ گۆرمچە؛ گورمشت؛ گرمست؛ مستەکۆلە؛ مشتەکۆلە؛ کۆل؛ دنگ؛ گورمیچ؛ گورمچ؛ گورمێچە؛ گولم؛ گولەمە؛ گورمشت ‹یک مشت زد به چانەام: مشتێکی دا لە چەناکەم› ۳. لاوێچ؛ لەوێچ؛ لاگوێل؛ لالوێچ؛ وێچ؛ لاگوول؛ گوێل؛ گوێلم؛ ئەوەندە لە شت کە لە چالایی نێوان لەپی دەست و قامکەکاندا جێی دەبێتەوە ‹یک مشت برنج: لاویچێک برینج› ٤. وێچ؛ دووڵەوێچ؛ دوولاگوێل؛ ئەوەندە لە شت کە لە چالایی نێوان لەپی دوو دەستدا جێی ببێتەوە ٥. /مجازی/ بڕ؛ چەند؛ چەن دانە (بۆ سووکایەتی پێکردن) ‹یک مشت بیکارە بە دنبالش راە افتادند: بڕێک بەتاڵپا کەوتنە شوێنی›.

▣ **مشت بر سندان زدن/ کوبیدن:** /کنایی/ ئاسنی سارد کوتان؛ ڕەقەنکێڵکردن؛ کاری دژوار و بێکەڵک کردن ‹تو زورت به او نمی‌رسد، درافتادن با او مشت بر سندان زدن است: تۆ دەرقەتی ئەو نایەیی، ئاوقا بوونی ڕەقەن کیل کردنە›.

**مشت زدن:** مشت/ مست لێدان؛ مشت داوانەی؛ سوخورمە دان؛ مشت/ گورمچە وەشانن؛ گۆرمیچ داین؛ فووت شەنن؛ فووت خستن؛ بە پەنجەی قووچاو لە شتێک دان.

**مشت کردن:** مشت گرتن/ بەستن؛ ناو لەپ پڕکردنەوە و بە شێوەی مشت دەرهێنان.

**مشت کسی را باز کردن:** /کنایی/ ۱. نهێنی کەسێک ئاشکرا کردن ۲. فێڵ و فەرەجی کەسێ دەرخستن. هەروەها: **مشت خود را باز**

**کردن؛ مشت کسی باز شدن**
**توی/ در مشت داشتن:** لە مشتا بوون؛ لە چنگدا بوون؛ دە مستدا بوون؛ مشتەنە بیەی؛ ئەنەمشت بیەی؛ لە بەر دەستا بوون.
**مشتاق** / moštāq ، ـها؛ ـان/: [عربی] *صفت.* تامەزرۆ؛ تامازرۆ؛ پاپا؛ ئارەزوومەن؛ بەتاسە؛ گز؛ بەعەزرەت و ئاوات؛ یان؛ ئاواتەواز؛ ئاواتەخواز؛ بینەکەر؛ ئەلهاکەر ‹خیلی مشتاق است تو را ببیند: زۆر تامەزروی دیتنی تۆیە›. هەروەها: **مشتاق بودن؛ مشتاق شدن؛ مشتاق کردن**
**مشت‌بازی** / moštbāzî/ ☜ **مشت‌زنی**
**مشتبه** / moštabeh/: [عربی] *صفت.* هەلەبوو؛ گومان‌هەلگر؛ دۆخی تێدا هەلەیەک ڕووداو.
▣ **مشتبه شدن:** لێ تێکچوون؛ تووشی هەلە بوون؛ کەوتنە هەلە ‹مثل اینکه امر به تو مشتبه شده است: وا دیارە شتەکەت لێ تێکچووە›.
**مشتبه کردن:** لێ تێک دان؛ تووشی هەلە کردن؛ بە هەلەدا خستن؛ خستنە هەلەوە ‹او را مشتبه کرده‌اند: لێیان تێک داوە›.
**مشترک** / moštarak/: [عربی] *صفت.* هاوبەش؛ ناوکۆ: ۱. دووکۆیی؛ بەشداری لەگەڵ کەس یان کەسانێ لە شتێکدا ‹منافع مشترک: قازانجی هاوبەش› ۲. /ـات/ سەر بە دوو یان چەن شت ‹مرز مشترک: سنووری هاوبەش› ۳. *[منطق]* تایبەتمەندی وشەیەک کە زیاتر لە یەک مانای هەیە، وەک «شێر».
**مشترک** / moštarek ، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی]/*سم.* هاوبەش؛ بەشدار؛ کەسێ یان دامەزراوەیەک کە بە دانی پارەیەکی دیاریکراو خزمەتی دامەزراوەیەکی گشتی پێ دەگا ‹مشترک روزنامه: هاوبەشی ڕۆژنامە›.
**مشترکاً** / moštarakan/: [عربی] *قید.* پێکەوە؛ وێکڕا؛ پێڕا؛ وێڕا؛ هاوبەش؛ هاوپشک؛ بە هاوبەشی؛ شەریکی؛ یەوە؛ هامبەش؛ دەگەڵ یەکتر ‹مغازه را مشترکاً اداره می‌کردند: دووکانەکەیان پیکەوە هەڵدەسووڕاند›.
**مشترکات** / moštarakāt/: [عربی]/*سم.* هاوبەشیگەل؛ ئەو شتانەی وا لە نێوان دوو یان چەند کەس یان تاقمدا وەکوو یەکە ‹مشترکات فرهنگی: هاوبەشیگەلی فەرهەنگی›.
**مشترک المنافع** / 'moštarakolmanāfe/: [عربی] *صفت.* هاوقازانج؛ هاوسوو؛ خاوەن قازانجی هاوبەش.
**مشتری**[1] / moštarî/: [عربی]/*سم.* مشتەری؛ موشتەری: ۱. /ـها؛ ـان/ کڕیار؛ بسێن ‹با مشتری درست رفتار کن!: لەگەڵ کڕیاردا ئاکارت جوان بێ!› ۲. ئەو کەسەی زۆرتر بە لای فرۆشیارێکەوە سەودا دەکا ‹او مشتری ماست: ئەو مشتەریمانە› ۳. هورمز؛ جوپیتەر؛ بەرجیس؛ گەورەترین گەڕۆکی کۆمەڵەی ڕۆژ بە دوازدە مانگی چکۆلەوە کە خولگەکەی لە نێوان بارام و کەیواندایە: **بِرجیس**
**مشتری**[2]: *صفت. [مجازی]* کڕیار؛ خوازیار؛ مشتەری ‹اگر مشتری هستی برایت نگهدارم: ئەگەر کڕیاری تا بۆت دابنێم›.
**مشتری پسند** / moštarîpasand/: [عربی/ فارسی] *صفت.* کڕیارپەسەند؛ مشتەری پەسەن؛ خاوەنی بار و دۆخێکی بەردڵی کڕیاران.
**مشتری‌خرکن** / moštarîxarkon/: [عربی/ فارسی] *صفت. [تعریض]* مشتەری تۆپەدەر؛ هۆی هەڵخڕان و هەڵخلەتانی مشتەری ‹ظاهرش خیلی مشتری‌خرکن است: لە ڕووەوە زۆر مشتەری تۆپەدەرە›.
**مشتزن** / moštzan ، ـها؛ ـان/:/*سم.* مستەوان؛ بوکسور.
**مشتزنی** / moštzanî/:/*سم.* مستانێ؛ شەڕەمست؛ مستەوانێ؛ مشتەکۆلانێ؛ بوکس؛ جۆرێک وەرزش کە هەر دوو لا تێدەکۆشن بە مست هاوملەکەیان بە زەویدا بدەن: **مشت‌بازی**
**مشتعل** / mošta'el/: [عربی] *صفت.* داگیرساو؛

داگرساو؛ داییساو؛ دایساو؛ داگیراو؛ هەلگرساو؛ هەلگیرساو؛ پێ؛ ڤێ؛ هەل؛ پەلوخ؛ گرتێچوو؛ گرگرتوو؛ ئاگرگرتوو؛ ڕۆشن؛ ئاورگرتوو؛ ئەنەگیسا؛ هۆرگرا؛ گرگر ‹آتش مُشتعل: ئاگری داگیرساو›.

**مشتق** / moštaq(q) ، ـها؛ ـات/: [عربی]/سم. ۱. *[دستور]* داڕژتە؛ وەرگرتە؛ داڕێژاو؛ وشەیێ کە لە وشەیەکی ترەوە بەدیهاتبێ (وەک «نالە» لە «نالین») ۲. *[زبان‌شناسی]* وشەیەک وا لە پێشگر یا پاشگر خستنە سەر وشەیەکی‌تر دروست بووە (وەک «هەڵوێست» ، «ئارەقچن») ۳. لێبوو؛ لێوەبوو؛ وەچ؛ بەچ؛ ئەوەی لە شتێ وەدیهاتبێ و ئێستا بۆ خۆی جیا بێ.

**مشتقات** / moštaqqāt/: [عربی]/سم. بەرهەمگەل؛ ئەو شتانە وا لە ماکێکی سەرەکیەوە بەرهەم دێن ‹مشتقّات نفت: بەرهەمگەلی نەوت›.

**مشتلق** / moštoloq/: [ترکی]/سم. *[گفتاری]* مزگێنی؛ مزگانی؛ مزانی؛ نزانی؛ مزگین؛ مژدە: ۱. خەبەری خۆش ۲. مژدانە؛ مژدانی؛ مژدیان؛ دەمخۆشانەی خەبەری خۆش.

**مشتمال** / mošt(o)māl/:/سم. مشتومال: ۱. پەرخ؛ لەپمال؛ وەرژوو؛ وەرزلا؛ ساوا؛ شێلانی لەش بە لەپی دەست ۲. *[کنایی]* کوتەک؛ کاری لێدان.

▣ **مشتمال دادن**: مشتومال دان؛ شێلاندن؛ شێلان: ۱. لەپمال دان؛ پەرخاندن؛ شێلەی؛ بە دەست مالینی ئەندامانی لەش ۲. *[کنایی]* لێدان؛ داوەنەی؛ تاشاندن؛ کوتەک لێدان.

**مشتمالی** / moštmālî/:/سم. مشتومال؛ لەپمال؛ پەرخ؛ وەرژو؛ کاری مشتومال دان.

**مشتمل** / moštamel/: [عربی] صفت. داگر؛ لەبەرگر؛ لەخۆگر.

▣ **مشتمل بر**: بریتی لە؛ بریەتی لە؛ داگری ‹این مقاله مشتمل بر چهار بخش است: ئەم وتارە بریتی لە چوار بەشە›.

**مشتوک** / moštûk ، ـها/: [روسی]/سم. ۱. بنک؛ ئاغزە؛ قونچک؛ قونچکە سیگار؛ قنکە سیگار؛ فیلتێر؛ پاڵوێنە و مقەبایەک لە بنی جگەرەدا بۆ گرتنی ژەحرەکەی ۲. دەمنە؛ باسک؛ مۆمەقەند؛ مۆدنە؛ دارجگەرە؛ دارسیار؛ دەمەسیار؛ دارجغارە؛ گرۆڤەرێکی هلۆلە جگەرەی پێوە دەنێن و دەیکێشن.

**مشته** / mošte ، ـها/:/سم. میساب؛ مستی؛ مشتە: ۱. مشتۆ؛ چەرمەکۆ؛ ئامێرێکی قۆچکەی کانزایی کە چەرمی پێ دەکوتن ۲. گۆشکوتی دارینەی هەلاجی ۳. ئەوەی لە مشتدا جێ ببێتەوە.

**مشتی** / maštî/ ☜ **مشهدی[1]ـ۲**

**مشجر** / mošaccar/: [عربی] صفت. ۱. دارستان؛ دارسان؛ بەدار؛ چڕە ‹زمین مشجر: زەوینی دارستان› ۲. داردار؛ لەقوپۆدار؛ بە نەخشی لق و پۆی دار ‹شیشەی مشجر: شووشەی داردار›.

**مشحون** / mašhûn/: [عربی] صفت. *[ادبی]* پڕ؛ پەڕ؛ دارماڵ؛ تژە؛ تژی؛ تەژی؛ لیپان ‹با قلبی مشحون از امید و شادی به سویش شتافت: بە دڵێکی پڕ لە ئاوات و شادی بەرەولای چوو›.

**مشخص** / mošaxxas/: [عربی] صفت. دیار؛ خویا؛ شینبەر: ۱. شایانی ناسین ‹قیافه‌ها مشخص نبود: قیافەکان دیار نەبوون› ۲. ئاشکرا؛ خویان؛ تیل ‹مشخص بود کە می خواهند او را ببرند: دیار بوو دەیانەویست ببەن›.

**مشخصاً** / mošaxxasan/: [عربی] *قید.* بە ڕاشکاوی؛ بە ئاشکرایی؛ ئاشکرا ‹مشخصا او را انتخاب کردند: بە ئاشکرایی ئەویان هەڵبژارد›.

**مشخصات** / mošaxxasāt/: [عربی]/سم. ۱. جمعِ ☜ **مشخصّه** ۲. نیشانیگەل؛ سەرجەم ئەو نیشانی و زانیارییانەی کە دەبێتە هۆی دیاری‌کردن و ناسینەوە ‹چشمان سیاه، ابروان پربشت، بینی عقابی و خال درشت در گوشه‌ی لب، مشخصات چهره‌ی او را تشکیل می‌داد: چاوی ڕەش، برۆی پڕ، لووتی بەرانپۆز و خاڵێکی درشت لە پەنای

لێویدا، نیشانه‌کانی دەم و چاویان پێک‌دەهێنا›.

**مشخصه**[1] / mošaxxase ، ـها؛ مشخصات/: [عربی] *اسم.* گەوشین؛ تایبەتمەندی.

**مشخصه**[2]: *صفت.* دیارده؛ دیارخەر؛ دیارکەر ‹علامت مشخصه: نیشانی دیارده›.

**مشدد** / mošaddad/: [عربی] *صفت.* دووپاتە؛ گیرەدار ‹در این واژه حرف دال مشدد است: لەم وشەیەدا پیتی دال دووپاتەیە›.

**مشدی** / mašdî/ [مخفف] ☜ **مشهدی**[1]ـ۲

**مشرب** / mašrab ، ـها/: [عربی]/*اسم.* ۱. دەم و زمان؛ ڕاوێژ؛ تووزم؛ شێوەی هەڵسوکەوت و ئاکار ‹آدم خوش مشرب: بنیادەمی خۆش دەم‌وزمان› ۲. ڕوانگە؛ بۆچوون ‹مشرب عرفانی: ڕوانگەی عرفانی›.

**مشربه** / mašrabe ، ـها/: [عربی]/*اسم.* تۆنگ؛ پارچ؛ پاچ؛ دەفری دەم‌هەڵاوی دەسکدار لە کانزا، پتر بۆ هەڵگرتنی ئاو و تراوی تر.

**مشرف** / mošarraf/: [عربی] *صفت.* سەربەرز؛ سەرفەراز؛ سەربڵند.

▣ **مشرف شدن:** سەربەرز بوون؛ چوون بۆ لای کەسێکی گەورە یان شوێنێکی پیرۆز.

**مشرف فرمودن:** سەربەرزکردن (لە هاتنی کەسێکی گەورەدا دەگوترێ) ‹خوش آمدید! مشرف فرمودید: بە خێر هاتن! سەربەرزتان کردین›.

**مشرف** / mošref/: [عربی] *صفت.* سوار؛ بە هەتەر ‹خانەی ما مشرف بر خیابان است: مالی مە بە سەر شەقامدا سواڕە›.

**مشرق** / mašreq/: [عربی]/*اسم.* ڕۆژهەڵات؛ ڕۆژەڵات؛ خۆرهەڵات؛ ڕۆهەڵات؛ خۆرەڵات؛ هۆرامان؛ خاور؛ خاوەر؛ هۆراسان؛ خۆروەزان؛ هۆرگە: ۱. لای تاوهەلات ‹آسمانِ مشرق داشت روشن می‌شد: لای ڕۆژهەلاتی ئاسمان خەریک بوو ڕوون دەبووەوە› ۲. خاوەرزەمین؛ ولاتانی ڕۆژهەلات.

**مشرق زمین** / mašreqzamîn/: [عربی/ فارسی] *اسم. [مجازی]* ڕۆژهەلات؛ خاوەرزەمین؛ بریتی لە ئاسیا و ئەفریقا.

**مشرقی** / mašreqî ، ـها؛ ـان/: [عربی] *صفت.* ڕۆژهەلاتی؛ خۆرهەلاتی؛ هۆرگەیی.

**مشرک** / mošrek ، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی] *صفت.* چەنپەرەست؛ چەنتاپەرەست؛ بڕوادار بە زۆرتر لە یەک خودا.

**مشروب**[1] / mašrûb ، ـها؛ ـات/: [عربی]/*اسم.* خواردنەوە، بەتایبەت ئەلکولی ‹نشسته بود و داشت مشروب می خورد: دانیشتبوو و خەریکی خواردنەوە بوو›.

**مشروب**[2]: *صفت.* ۱. خواردن؛ خواردنەوە؛ خواردنەوەیی؛ شیاوی خواردنەوە ‹آب مشروب: ئاوی خواردن› ۲. تێرئاو؛ ئاودراو ‹زمین مشروب: زەوی تێرئاو›.

▣ **مشروب شدن:** ئاو خواردنەوە ‹زمین‌های گریزه از رودخانه‌ی قشلاق مشروب می‌شود: زەوینەکانی گرێزە لە ڕووباری قشلاخ ئاو دەخۆنەوە›.

**هەروەها: مشروب کردن**

**مشروبخور** / mašrûbxor ، ـها/: [عربی/ فارسی] *صفت.* مەیخۆرەوە؛ مەیخۆر؛ شەراوخۆر؛ ئەلکولی؛ هۆگری فرکرنی خواردنەوەی ئەلکولی.

**مشروبخوری** / mašrûbxorî ، ـها/: [عربی/ فارسی] *اسم.* شەراوخۆری: ۱. بادەنۆشی؛ کاری مەی خواردنەوە؛ خواردنەوەی خواردنەوەگەلی ئەلکولی ۲. پیالە؛ پەیمانە؛ دەفری تایبەت بۆ خواردنەوەی مەی.

**مشروح** / mašrûh/: [عربی] *صفت.* تێر و تەسەل؛ چڕ و پڕ؛ بە شرۆڤە؛ شرۆڤەدار ‹او طی بیانات مشروح خود از متهم دفاع کرد: لە وتارێکی تێر و تەسەلدا لە سەر تاوانباری کردەوە›.

**مشروحاً** / mašrûhan/: [عربی] *قید.* بە تێر و تەسەلی؛ بە پاراوی؛ بە شرۆڤەوە ‹این واقعه مشروحاً گزارش می‌شود: ئەم ڕووداوە بە تێر و تەسەلی ڕادەگەینرێت›.

www.perawipepwle.com

**مشروط** / mašrût/: [عربی] صفت. بەمەرج؛ مەرجدار ‹پذیرش مشروط: وەرگرتنی بەمەرج›.

**مشروطه**[1] / mašrûte/: [عربی] ☜ **مَشروطیّت**

**مشروطه**[2]: صفت. مەشرووتە؛ بە ڕژیمی مەشرووتەییەوە.

**مشروطه‌خواه** / mašrûtexāh ، ـان/: [عربی/ فارسی] صفت. مەشرووتەخواز؛ هۆگری حکوومەتی مەشروتە.

**مشروطیت** / mašrûtîyyat/: [عربی] اسم. [سیاسی] چەشنێک ڕژیمی سیاسی کە دەستووری هەیە، نوێنەرانی خەڵک قانوون دادەنێن و دەوڵەت لە ئاست خەڵک و نوێنەرانی خەڵکدا بەرپرسە: **حکومت مشروطه؛ مشروطه**

**مشروع** / 'mašrû/: [عربی] صفت. ۱. شەرعی؛ بەرامبەر بە شەرع ۲. [مجازی] ڕەوا؛ ڕێپێدراو ‹تقاضای مشروع: داخوازی ڕەوا›.

**مشروعیت** / 'mašrû'îyyat/: [عربی] اسم. ڕەوایی؛ بەرامبەری لەگەڵ دەستوور و ڕێ و شوێنی شەرعدا.

**مشعر** / 'moš'er/: [عربی] صفت. [ادبی] ئاگاکەرەوە؛ ڕاگەیێنەر ‹نامەاش مشعر بود بر اختلاف برادرم و همسرش: نامەکەی ڕاگەیێنەری ناکۆکی نێوان برا و براژنم بوو›.

**مشعشع** / 'moša'ša/: [عربی] صفت. [ادبی] ۱. درەوشاو؛ درەخشان؛ درەوشان؛ بروسکەدار؛ بە تیشک و تاو؛ تیشکدار؛ ورشەدار؛ گرشەدار؛ درۆشن؛ بریقەدەر؛ شۆقدار ۲. زۆر باش؛ یەکجار چاک؛ فرە خاس.

**مشعشعانه** / moša'ša'āne/: [عربی/ فارسی] قید. بە تیشک و تاو؛ پرتیشک؛ بەتاو؛ پرشنگدار؛ بەتریفە؛ بە شێوەی گرشەدار.

**مشعل** / maš'al ، ـها/: [عربی] اسم. شۆڵە؛ ڕەشنەی؛ مەشخەڵ: ۱. قوتیلە؛ پیسۆز؛ چرای ساکاری دەستەهەڵگر، بە پیالەیەکی قووڵ و پاچکەی باریک و درێژەوە کە سووتەمەنی تێدا دەسووتێ و شەوق ئەداتەوە ۲. چلۆسک؛ چلۆسکە؛ چلوسک؛ مێلەدە؛ مێلیدە؛ چۆلەچرا؛ چۆلەچراو؛ چراوک؛ چاولە؛ چراولە؛ ئەختەرمە؛ بزووت؛ سەرەبزۆت؛ سەلکەبزۆت؛ شاپلیتە؛ یەلموم؛ خەتیرە؛ سولەچرا؛ چومەت؛ هۆتەر؛ شرەی گرگری لە دارەوە پێچراو کە لە چرای دەستەهەڵگر دەچێ ۳. ئاورگ؛ ئامێرێ لە دەزگای گەرمادەر (وەک شۆفاژ یان گەرماو) بۆ هەڵکردنی شۆڵە ٤. [مجازی] شتێ کە بە وێنەی مەشخەڵ دەبێتە هۆی ڕووناکی ‹مشعل معرفت: مەشخەڵی مارفەت›.

▣ **مشعل بونزن**: مەشخەڵی گازسۆز؛ کەرەسەیەک بە تەشکی لوولەیەکی ڕێکی کون-کون کە لەوێڕا هەوای بۆ دێت و لەگەڵ گازدا تێکەڵ دەبێ و وێڕای گرین، شۆڵەیەکی ئاوی زۆر گەرم بەدی دێنێ.

**مشعلدار** / maš'aldār ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] اسم. گرهەڵگر؛ مەشخەڵدار: ۱. مەشخەڵهەڵگر ۲. [مجازی] ئەوەی بە بیر و زانستی خۆی ڕێپیشاندەری خەڵکە ‹ مشعلدار آزادی؛ مشعلدار دانش: گرهەڵگری ئازادی؛ مەشخەڵداری زانست›.

**مشعوف** / maš'ûf/: [عربی] صفت. [ادبی] شادمان؛ شاد؛ دڵخۆش؛ خۆشحاڵ؛ کەیفخۆش ‹از موفقیت شما بسیار مشعوف شدیم: لە سەرکەوتنتان گەلەک شادمان بووین›

**مشغله** / mašqale ، ـها؛ مشاغل/: [عربی] اسم. کار؛ سەرقاڵی: ۱. کاروبار؛ هەرمانە؛ فرمان؛ ئیش؛ ڕەوتی خەریک بوون بە شتێکەوە ‹زیادی مشغله نمی‌گذارد به خودم برسم: کاروباری زۆر ناهێڵێ بە خۆمدا ڕابگەم› ۲. پیشە ‹باید مشغله‌ای پیدا کنی که هم سرت گرم شود هم درآمدی داشته باشی: دەبێ کارێ بدۆزیەوە کە هەم پێوە خەریک بێ، هەمیش داهاتێکت هەبێ›.

**مشغول**[1] / mašqûl/: [عربی] صفت. سەرگەرم؛ پەرژاو: ۱. خەریک؛ بە ئیش ‹در کارخانه مشغول

است: له کارخانه‌دا خه‌ریکه› ۲. خه‌رکاو؛ خجل ‹فکرش مشغول است: بیری خه‌رکاوه› ۳. سه‌رقال؛ خه‌جل؛ خه‌ریک ‹خود را مشغول کرده است: خۆی سه‌رقال کردووه›.

**مشغول**[۲]: قید. سه‌رقال؛ سه‌رگه‌رم؛ خه‌ریک؛ خه‌ریکوو؛ له‌زک؛ له‌گژ؛ خووه‌دی؛ خووه‌یی؛ لێ‌لێ؛ پاپا؛ مژول؛ له بار و دۆخی ئه‌نجامدانی کارێ ‹مشغول کار است: سه‌رقالی کاره›.

▣ **مشغول ذمه:** ئۆبال وه‌ئه‌ستۆ؛ ئۆبال وه‌مل؛ که‌سێ که به‌رپرسی تاوانی که‌سێ‌تر بێ.

**مشغولیات** / mašqûlîyyāt/: [عربی]/سم. ۱. جمعِ ☜ **مَشغولیّت** ۲. [مجازی] چه‌ره‌س؛ چه‌ره‌ز؛ شه‌وچه‌ره؛ خواردەمه‌نی؛ خواردنی خۆ پێ خلافاندن (وه‌ک ئاجیل).

**مشغولیت** / mašqûlîyyat ، ـها؛ مشغولیّات/: [عربی] /سم. پژگال؛ سه‌رگه‌رمی؛ دۆخ یا چۆناوچۆنی سه‌رپه‌رژان؛ خه‌ریک بوون ‹جز کتاب خواندن و گفتگو با دوستان مشغولیت دیگری نبود: جگه له کتێب خوێندن و قسه و باس له‌گه‌ل دۆستان سه‌ریه‌رژانێکی‌تر نه‌بوو›.

**مشفق** / mošfeq ، ـان/: [عربی] صفت. [ادبی] دلۆڤان؛ میهره‌بان؛ دڵنه‌رم ‹دوست مشفق: دۆستی دلوڤان›.

**مشق** / mašq ، ـها/: [عربی]/سم. مه‌شق: ۱. ئه‌رکی چه‌ندپاته‌کردنه‌وه بۆ شاره‌زا بوون ‹مشق ویولن کردن: مه‌شقی ویۆلون کردن› ۲. کار و ره‌وتی خۆ ته‌یارکردن؛ ئاماده بوون ‹مشق رفتن به فرنگ را می‌کرد: بۆ ڕۆشتن بۆ فه‌رەنگ خوی ته‌یار ده‌کرد›.

▣ **مشق خط:** مه‌شقی خه‌ت؛ نووسینه‌وه؛ کاری له به‌ر خه‌ت گرتنه‌وه؛ له ڕووی خه‌تێکی جوان، جار له دووی جار نووسین بۆ خۆشخه‌ت بوون.

▣ **مشق دادن:** مه‌شق دان؛ مه‌شق پێدان: ۱. ڕاهێنان؛ فێرکردن به ڕاهێنان و چه‌ندپاته کردنه‌وه ‹روزی چند ساعت ما را مشق می‌دادند: ڕۆژێ چه‌ن سه‌عات مه‌شقیان ده‌دایێ› ۲. ده‌ستوور دان به مه‌به‌ستی ئه‌نجامدانی ڕاهێنانێکی دیاریکراو ‹چهار صفحه مشق داده‌اند: چوار په‌ڕه مه‌شقیان داوه›.

**مشق کردن:** مه‌شق‌کردن؛ خۆ ڕاهێنان ‹مشق تیراندازی می‌کردیم: مه‌شقی تیر هاویشتنمان ده‌کرد›.

**مشق نوشتن:** مه‌شق نووسین: ۱. نووسینه‌وه له ڕووی کتێبی ده‌رسی بۆ فێره نووسین بوون ۲. مه‌شقی خه‌ت کردن؛ له ڕووی خه‌تێکی خۆش جار له دووی جار نووسینه‌وه بۆ جوان نووسین.

**مشقات** / mašaqqāt/: [عربی] جمعِ ☜ **مَشَقَّت**

**مشقت** / mašaqqat ، ـها؛ مشقّات/: [عربی]/سم. چه‌رمه‌سه‌ری؛ سه‌خله‌تی؛ گێره‌وکێشه؛ نه‌نگواز؛ که‌زلاته‌ی؛ جه‌زره‌وه؛ کارنگ؛ ده‌رد و ڕه‌نج ‹آن سالها خیلی مشقت کشیدیم: ئه‌و ساڵانه گه‌لێ چه‌رمه‌سه‌ریمان کێشا›.

**مشقت‌بار** / mašaqqatbār/: [عربی/ فارسی] صفت. به گێره‌وکێشه؛ چه‌توون؛ کوله‌مه‌رگی؛ کوله‌مه‌رگێ؛ پڕ له کوێره‌وه‌ری ‹زندگی مشقت‌بار: ژیانی به گێره‌وکێشه›.

**مشقی** / mašqî/: [عربی] صفت. مه‌شقی: ۱. سه‌ر به مه‌شق ۲. بۆ ڕاهێنان؛ تایبه‌تی مه‌شق ‹گلوله‌ی مشقی: فیشه‌کی مه‌شقی›.

**مشک** / mašk, mašg ، ـها/: /سم. [قدیمی] ۱. مه‌شکه؛ مه‌شک؛ لێشکه؛ هه‌لیزه؛ هه‌لیز؛ پێستی خۆشه‌کراو و دوروای زۆرتر گا که ماست و ئاوی تێده‌که‌ن و ده‌یژه‌نن و که‌ره‌ی لێ ده‌گرن ۲. مه‌سکه؛ خیگه؛ خیه؛ هیز؛ هیزه؛ خیزه؛ پێسته‌ی ڕۆن ۳. کونه؛ کونه؛ کوندک؛ مه‌شکۆله؛ حه‌ندۆلی؛ شیرمه‌شک؛ دروولە؛ دووگر؛ دۆدانه؛ دۆوانه؛ دوانه؛ پێسه؛ پێسته حه‌یوانی گووراو که دۆ و ئاوی تێدا هه‌لده‌گرن

٤. *[کنایی]* زگ؛ گەدە.

▣ **مشک زدن:** مەشکە ژەندن؛ هەلیز ژەی/ ژای؛ شەکاندنەوەی مەشکەی پڕ لە ماست و ئاو بۆ گرتنی کەرە.

**مشک کسی بیشتر آب برداشتن:** *[کنایی]* دەستی کەسێ لە سەرتر بوون؛ دەس کەسێ زیاتر چوون.

**با مشک خالی پرهیز آب گفتن:** *[کنایی]* بە زگی خالی قورپێنە دان؛ شاتوشووت کردن.

**در مشک خود را گذاشتن:** *[کنایی]* دەرگای نانەوە؛ دۆلمەیەکی تێ تەپاندن؛ بێدەنگ بوون.

**مشک** / mošk,mešk,mošg,mešg/: [سنسکریت] *اسم.* میشک؛ مسک: ۱. ڕۆنێکی بۆنخۆش بە ڕەنگی قاوەیی و تامی تاڵەوە کە لە نێو تووڕەکەیەک لە پاڵ ئەندامی زاوزێی نێرەئاسکی میسکیدایە و لە عەترسازیدا بە کەلکە ۲. ماکی وا کە لە گیاندارانیتری دەگرن * **مشگ**

**مشکبار** / -moškbār, mešg/: [سنسکریت/ فارسی] *صفت.* بە بۆن و بەرامە؛ زۆر بۆنخۆش.

**مشکبو** / -moškbû, mešg/: [سنسکریت/ فارسی] *صفت.* ۱. بە بۆنی میسکەوە ۲. زۆر بۆنخۆش.

**مشکفام** / -moškfām, mešg/: [سنسکریت/ فارسی] *صفت. [ادبی]* ڕەشتۆز؛ بە ڕەنگی ڕەشی بریقەدارەوە.

**مشکل**[1] / moškel, mošgel، ـهـا؛ ـات/: [عربی] *اسم.* گیر و گرفت؛ دژواری؛ گرفت؛ گرفتاری؛ ئاستەنگی؛ هەچەڵ؛ کۆست؛ کۆسپ؛ زەحمەت؛ بار و دۆخی دژوار و هەچەڵ ‹ممکن است مشکل من را حل کنی؟؛ دەکرێ گیر و گرفتم چارەسەر بکەی؟›.

▣ **مشکل تراشیدن:** گێچەڵ نانەوە؛ گیر و گرفت دروستکردن؛ خستنە هەچەڵ؛ گرێ و گۆڵ تێخستن؛ ڕێخ تێخستن؛ گێچەڵەوە تاونەی ‹هر روز برایش مشکلی می‌تراشیدند تا از مسافرتش جلوگیری کنند: هەموو ڕۆژێ گێچەڵێکیان بۆ دەنایەوە بەشکوو لە سەفەرەکەی بخەن›.

**مشکل کسی را حل کردن:** کەلی کەسێ گرتن؛ گیر و گرفتی کەسێک لابردن؛ گرێ بۆ کەسێ کردنەوە؛ لابردنی هەچەڵ و کەند و کۆسپی سەر ڕێگای کەسێ.

**مشکل**[2]: *صفت.* دژوار؛ سەخت؛ ئاستەنگ؛ ئاسێ؛ چەتوون؛ زەحمەت؛ هەچەڵ؛ ئەستەم؛ کەرژاڵ؛ ئاڕێشە؛ ئاریشە ‹سوآل مشکل: پرسیاری چەتوون›.

هەروەها: **مشکل بودن؛ مشکل شدن؛ مشکل کردن**

**مشکل پسند** / -moškelpasand, mošgel، ـهـا؛ ـان/: [عربی/ فارسی] *صفت.* دژپەسەن؛ دوژپەسن؛ تایبەتمەندی کەسێک وا بە دژوار شتێک بەردڵی دەکەوێ.

**مشکل پسندی** / -moškelpasandî, mešgel/: [عربی/ فارسی] *اسم.* دژپەسەنی؛ دوژپەسنی؛ بە ئەستەم پەسن کردن ‹همین مشکل‌پسندی باعث می‌شود کە نتوانی تصمیمت را بگیری: هەر ئەم دژپەسەنیە ناهێڵێ بڕیاری خۆت بدەی›.

**مشکل گشا** / -moškelgošā, mošgel، ـیان/: [عربی/ فارسی] *صفت.* موشکوڵ گوشا؛ ڕاییکەر؛ ڕاهیکەر؛ هۆگر و لێهاتوو بۆ چارەکردنی گیر و گرفت. هەروەها: **مشکل‌گشایی**

▣ **آجیل مشکل گشا** ☜ **آجیل**

**مشکوک** / maškûk/: [عربی] *صفت.* ۱. دووشک؛ دوودڵ؛ ناخاترجەم ‹به مرد ناشناسی مشکوک شد: لە پیاوێکی نەناس دووشک بوو› ۲. جێ شک؛ هاوڕێ لەگەڵ دوودڵی و دڵکرمۆڵیدا ‹این تلفن مشکوک است: ئەم تەلەفوونە جێشکە›.

**مشکی** / maški/: *صفت.* بەرمەشکە؛ بەرمەشک؛ لە مەشکە بەرهەمهاتوو ‹کره مشکی: کەرەی بەرمەشکە›.

**مشکی**[1] / meškî, mešgî/: [سنسکریت]/*اسم.* ڕەش؛ سیا؛ سیاو؛ ڕەژ؛ قیری: **مشگی**

**مشکی**[۲]: *صفت.* ڕەش؛ سیا؛ سیاو؛ ڕەژ؛ قیری؛ قیرین؛ قەلاخی؛ بە ڕەنگی ڕەش ‹موی مشکی: قژی ڕەش›: **مشگی**

**مشکین** / meškîn, mešgîn/: [سنسکریت/ فارسی] *صفت.* ۱. مسکین؛ بە میسک؛ بۆنخۆش ۲. ڕەشتۆز؛ بە ڕەنگی میسک.

**مشگ** / mašg/ ☜ **مشک**

**مشگ** / mošg, mešg/: [سنسکریت] ☜ **مُشک**

**مشگی** / mešgî/: [سنسکریت] ☜ **مشکی**

**مشما** / mošammā/: [از عربی] *[گفتاری]* ☜ **مشمع**

**مشمائی** / mošammā'î/: [از عربی] ☜ **مشمّایی**

**مشمایی** / mošammāyî/: [از عربی] *صفت. [گفتاری]* مشەمایی؛ مۆناوی: **مشمّائی**

**مشمئز** / mošma'ez/: [عربی] *صفت.* بێزار؛ وەڕەز؛ وەرز؛ جارز؛ بێزراو؛ عێدر؛ بێمەعد؛ وێرس؛ کەرخ ‹رفتارش همه را مشمئز می‌کرد: ئاکاری هەمووی وەرەز دەکرد›.

**مشمئز کننده** / mošma'ezkonande/: [عربی/ فارسی] *صفت.* وەرزکەر؛ وەڕەزکەر؛ وەڕسکەر؛ قیزەون؛ بێزەون.

**مشمشه** / mešmeše/: [عربی] *اسم.* ئۆفە؛ ئووفە؛ سەقاو؛ مەقاو؛ مرخە؛ پسکە؛ پزوو؛ مقاو؛ مشمشە؛ پەتای هاوبەشی مرۆڤ و ئاژەڵ کە بە یاو و برین دەرکردنی پێستی ناوەوەی لووت و خڕ بوونەوەی لووی لەنفاوی ئاشکرا دەبێ.

**مشمع** / mošamma'/: [عربی] *اسم.* مشەما؛ موشەما؛ مشەمما: ۱. مۆمناو؛ مۆمینە؛ مۆمنایی؛ مێوینە؛ قوماشێ کوڵکن کە ڕوویەکی بە مۆمئاسایەکی بریقەدار سواخدراوە و لە سەری نەخش و نیگار چاپکراوە و بۆ سفرە و سەرمێز و ڕووکێشی‌تر بەکار دێ ۲. مۆمناو؛ مۆمینە؛ چنراوێ ئەستوور بە سواخی لاستیک، پلاستیک، جەوی یان ترەبانتین، کە وەک ڕاخەرێک بەکار دێ ۳. لەزگە؛ ئاماوزێ؛ پەڕۆیەکی تەنک کە ڕوویەکی بە ماکێکی دەرمانی هەڵدەسوون و بۆ دەرمان و ژانبڕان دەیخەنە سەر ئێش: **مُشَمّا**

**مشمعی** / mošamma'î/: [عربی] *صفت.* مشەمایی؛ لەزگەیی؛ لە جنسی مشەما.

**مشمول**[۱] / mašmûl/: [عربی] *صفت.* بەرکەوتوو؛ داگر؛ داگرتوو ‹قاچاقچیان مشمول عفو نمی‌شوند: قاچاخچی بەخشینیان بەرناکەوێ›.

**مشمول**[۲] / ـها؛ ـان؛ ـین/ *اسم.* مەشموول؛ گەیشتوو بە تەمەنی سەربازی.

**مشنگ** / mašang/: *صفت. [گفتاری]* لێوە؛ شێت؛ دێوانە.

**مشوب** / mašûb/: [عربی] *صفت.* ۱. پیس؛ چەپەڵ؛ لەوتی؛ چڵکن؛ گەمار؛ تەرێف؛ ڤەزخت؛ زیرگ؛ زیرگن ۲. شێواو؛ ئاشەڤ؛ ئاڵۆز؛ شوسە؛ هەڵشێواو؛ شڵەژاو؛ شەمزاو؛ پەشێو؛ پەشۆکاو؛ چەواشە؛ ژەلمە؛ منتەوەش؛ گژوڵە؛ بێسەر و بەرە؛ پەنزەهار.

**مشورت** / mašverat, mašvarat ، ـها/: [عربی] *اسم.* ڕاوێژ؛ ڕابێژ؛ ڕابێژەک؛ تەگبیر؛ تەگبیر و ڕا؛ شێور؛ شیرەت؛ مشەور؛ بەینباس؛ کار و ڕەوتی قسە و باسکردن پتر لەگەڵ ژیران و پیران لەمەڕ هەڵسەنگاندنی کارێ یان ڕووداوێ ‹با دوستان مشورت کردم: دەگەڵ دۆستاندا ڕاوێژم کرد›.

**مشوش** / mošavvaš/: [عربی] *صفت.* پەرێشان؛ پەرێش؛ ئاژ و واژ؛ شاش؛ هاژ؛ شێواو؛ حاڵخراپ؛ پەشێو؛ پەژێو؛ بووژما؛ تووچاو؛ تووچیاگ؛ ڕەتبڵاو؛ شاپرزە؛ شپرزە؛ زوێن؛ حاڵ شڕ ‹نباید او را با این خبر مشوش کنی: نابێ بەم هەواڵە پەرێشانی بکەی›.

**مشوق** / mošavveq ، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی] *صفت.* تیژەڤان؛ هەڵخڕێن؛ دنەدەر؛ شەوقدەر؛ هانەدەر؛ دڵگەرمکەر؛ هاندەر.

**مشهد** / mašhad ، مشاهد/: [عربی] *اسم. [ادبی]* جێی شەهید بوون.

**مشهدی**[1] / mašhadî/: [عربی]/سم. مەشهەدی؛ مەشەیی: ۱. /ـها/ هەر کام لە خەڵکی شاری مەشهەد ناوەندی پارێزگای خوراسانی ڕەزەوی لە ڕۆژهەلاتی باکووری ئێران ۲. مەش؛ نازناوێکە (بەتایبەت بۆ کرێکاران، جووتیاران و وردەپا) ‹مشهدی حسین: مەشەیی حوسەین›: **مَش؛ مَشتی؛ مَشهدی** *[گفتاری]* ۳. ئەوەی بۆ زیارەتی بارەگای ئیمامڕەزا چووبێتە مەشهەد.

**مشهدی**[2]: *صفت.* مەشهەدی؛ سەر بە شاری مەشهەد ‹خربزەی مشهدی: کاڵەکی مەشهەدی›.

**مشهود** / mašhûd/: [عربی] *صفت.* ۱. ئاشکرا؛ بەرچاو؛ دیار ‹ئەطور کە مشهود است می‌خواهند لولەکشی کنند: ئەو جۆرە دیارە بەنیازن لوولەکێشی بکەن› ۲. بینراو؛ دیتراو؛ وەبەرچاوکەوتوو.

**مشهودات** / mašhûdât/: [عربی]/سم. دیتراوان؛ بەرچاوکەوتوان؛ بینراوان؛ هەموو ئەو شتانەی دێنە پێش چاو ‹مشهودات خود را از صحنەی دعوا شرح دهید: دیتراوەکانی خۆتان لەو شەڕە دەربڕن›.

**مشهور** / mašhûr، مشاهیر/: [عربی] *صفت.* بەناوبانگ؛ بەنێوبانگ؛ بەناو و دەنگ؛ خاوەن‌ناو؛ مەشهوور؛ سەروەدەر؛ سەرشناس؛ ناودێر؛ بەدەنگ و ناو؛ نامدار؛ ناودار؛ ناودەرکەر؛ نۆمدار؛ دەنگدار؛ دەنگین؛ بەناو؛ بناڤ؛ ناسراو ‹او شاعر مشهوری است: شاعێرێکی بەناوبانگە›.

**مشهی** / mošahhî/: [عربی] *صفت.* مەگێزهێن؛ ئیشتیا خۆشکەر.

**مشی** / mašy، ـها/: [عربی]/سم. ڕەوت؛ نۆل؛ نول؛ شێوە؛ ڕەفتار؛ تووزم؛ ڕەوش ‹خط مشی: هێڵەڕەوت›.

**مشیت** / mašîyyat، ـها/: [عربی]/سم. ویست؛ خواست ‹مشیت الهی: ویستی خودایی›.

**مشیمه** / mašîme/: [عربی] ☜ **دَرونپەردە**

**مشیمیه** / mašîmîyye/: [عربی]/سم. پەردەی سەر گلێنەی چاو.

**مصاحب** / mosāheb، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی]/سم. هاوەدەم؛ هامەدەنگ؛ هاونشین؛ ئاودەنگ؛ هاوآل؛ هاوزمان؛ هاوقسە ‹او برای تو مصاحب خوبی است و می‌تواند چیزهای زیادی یادت بدهد: بۆ تۆ هاوەدەمێکی باشە و دەتوانێ شتی زۆرت فێر بکا›.

**مصاحبت** / mosāhebat، ـها/: [عربی]/سم. هاوەدەمی؛ ئاودەنگی؛ هامەدەنگی ‹یقین دارم از مصاحبت او لذت و بهره خواهی برد: دڵنیام لە هاوەدەمی ئەو چێژ و بەهرەی زۆر ئەبەی›.

**مصاحبه** / mosāhebe، ـها/: [عربی]/سم. وتووێژ؛ هەڤپەیڤین؛ دیمانە: ۱. باس و خواس لەگەڵ کەسێک بۆ ناسینی زیاتری کەسایەتی خۆی یاخود زانینی بیر و ڕای سەبارەت بە شتێکی تایبەت ‹مصاحبەی کیهان فرهنگی با استاد هژار: وتووێژی کەیهان فەرهەنگی لەگەڵ مامۆستا هەژاردا› ۲. دانیشتنێک بۆ وڵام دانەوەی کەسایەتیەکی زۆرتر ڕامیاری بە پرسیاری هەموو جۆرەی هەواڵدەران و پەیامنێران ‹مصاحبەی رئیس جمهور: وتووێژی سەرۆککۆمار› ۳. دانیشتنی تایبەتی بۆ هەڵسەنگاندنی ڕادەی زانست و لێهاتوویی کەسێک.

▣ **مصاحبەی تلویزیونی**: دیمانەی تەلەڤیزیۆنی؛ وتووێژی تەلەڤیزیۆنی؛ دانیشتنێک بۆ بڵاو بوونەوە لە تەلەڤیزیۆن.

**مصاحبەی رادیویی**: وتووێژی ڕادیۆیی؛ دیمانەی ڕادیۆیی؛ دانیشتنێک بۆ بڵاو بوونەوە لە ڕادیۆ.

**مصاحبه ی مطبوعاتی**: وتووێژی ڕۆژنامەیی؛ دیمانەی ڕۆژنامەیی؛ دانیشتنێک بۆ بڵاو بوونەوە لە بڵاوکۆکان.

**مصاحبه‌شونده** / mosāhebešavande، ـها؛ ـگان/: [عربی/ فارسی]/سم. وتووێژ لەگەڵ کراو.

**مصاحبه کننده** / mosāhebekonande، ـها؛ ـگان/: [عربی/ فارسی]/سم. وتووێژیار؛ وتووێژکەر.

**مصاحبه‌گر** / mosāhebegar، ـها؛ ـان/: [عربی/

www.perawipepwle.com



فارسی]/سم. وتوویژیار؛ وتوویژکەر.

**مصاحف** / masāhef/: [عربی] جمعِ ☜ **مُصحَف**

**مصادر** / masāder/: [عربی] جمعِ ☜ **مصدر**

**مصادرات** / mosāderāt/: [عربی] جمعِ ☜ **مصادره**

**مصادره** / mosādere ، ـها؛ مصادرات/: [عربی]/سم. داگیرکاری؛ کاری دەست بە سەردا گرتن؛ دەس لە سەر دانان؛ داگیرکردن لە لایەن زۆردار یان حوکمەتەوە ‹بە دلیل بدهی‌هایی کە بالا آوردە بود، همەی امواڵش را مصادره کردند: بە بۆنەی ئەو هەموو قەرزە باری‌هێنابوو، هەموو مال و سامانیان داگیر کرد›.

▣ **مصادره(ی) به مطلوب**: *[منطق]* شێوەیەک هەڵەبێژی وەها کە ئەوی دەبێ بێژەر بیسەلمێنێ، دەیکاتە بەڵگە بۆ قسەکانی.

**مصادره‌ای** / mosādere'i/: [عربی] صفت. *[گفتاری]* داگیرکراو؛ دەستبەسەردا‌گیراو ‹خانەی مصادره‌ای: مالی داگیرکراو›.

**مصادف** / masādef/: [عربی] صفت. ۱. تووشیار ‹در راه با آرام مصادف شدم: لە ڕێگادا تووشیاری ئارام بووم› ۲. هاوکات؛ ڕێکەوت ‹عروسی آزاد مصادف بود با عید نوروز: زەماوەنی ئازاد هاوکات بوو لەگەڵ جێژنی نەورۆزدا›.

**مصادیق** / masādîq/: [عربی] جمعِ ☜ **مِصداق**

**مصارف** / masāref/: [عربی] جمعِ ☜ **مَصرَف**

**مصاف** / masāf ، ـها/: [عربی]/سم. ۱. *[ادبی]* شەڕگە؛ هێڵ؛ مەیدانی جەنگ ۲. *[ورزش]* جێگای بەڕێوە چوونی کێبەرکێ.

▣ **مصاف دادن**: شەڕکردن؛ جەنگکردن؛ وە شەڕ هاتن؛ گژیەی؛ جەنگکەردەی.

**به مصاف کسی/ چیزی رفتن**: چوون بۆ شەڕی کەسێ/ شتێ؛ چوونە شەڕی کەسێ/ شتێ؛ لوای گژێ یۆیرە ‹دو گروه بە مصاف همدیگر رفتند: دوو دەستە چوونە شەڕی یەک›.

**مصافحه** / mosāfehe/: [عربی]/سم. *[ادبی]* تۆقە؛ تەوقە؛ دەستوموشتاق؛ کار و ڕەوتی مچڕاندن؛ تۆقەکردن؛ مچرین؛ دەست لە ناو دەست نان.

**مصالح** / masāleh/: [عربی]/سم. ۱. جمعِ ☜ **مصلَحَت** ۲. کەرەستە؛ کەرەسە؛ کەرسە؛ پەسا؛ کەرستە؛ کەلەستە؛ ئەسپاباتێ کە شتێکی لێ دروست بێ ‹مصالح کار: کەرەستەی کار›.

▣ **مصالح ساختمانی**: کەرەستەی خانووسازی (وەک بەرد، ئاجۆر، ئاسن، سیمان و...).

**مصالحه** / mosālehe ، ـها/: [عربی]/سم. ۱. کار و ڕەوتی ئاشت بوونەوە؛ پێکهاتن؛ سازیان؛ ساچیان ۲. چاوپۆشی؛ کار و ڕەوتی لێبوردن؛ چاوپۆشینی لایەنێک لە مالی خۆی بە قازانجی لایەنی‌تر.

**مصایب** / masāyeb/: [عربی] جمعِ ☜ **مُصیبَت**

**مصب** / masab(b) ، ـها/: [عربی]/سم. ئاوڕێژگە؛ ملەگا؛ ڕێژاو؛ ڕێژاف؛ ڕێژگە؛ ڕێژاوگە؛ ڕشتگە؛ سولاڤک؛ ڕەزاو؛ کیە؛ دواوان؛ ئەو شوێنەی چۆم کە تێکەڵ بە زەریا یان چۆمێکی‌تر دەبێ.

**مصب** / massab/: [از عربی]/سم. *[گفتاری]* مەزەب؛ مەزەو؛ مەسەب؛ ڕێبازی ئایینی.

**مصحح** / mosahheh ، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی]/سم. ۱. هەڵەبژێر؛ لابەری هەڵە لە نووسراوە ۲. ڕاستکەرەوە؛ کەسێ کە کتێبێکی کۆن لە ڕووی دەسنووسەکانی دەنووسێتەوە، هەڵەی لێ دەسڕێتەوە و ئامادەی چاپی دەکا.

**مصحف** / mosahhaf/: [عربی] صفت. دەستتێبراو؛ دەسکاری کریاگ.

**مصحف** / moshaf ، ـها؛ مصاحف/: [عربی]/سم. *[ادبی]* ۱. کتێب؛ کتێو؛ کتاو؛ پەڕاو؛ پەرتووک؛ پەرتۆک ۲. *[کنایی]* قورئان.

**مصداق** / mesdāq ، ـها؛ مصادیق/: [عربی]/سم. ڕاستینە: ۱. لەبار؛ ئەو کەسە یان ئەو شتە کە قسەیەک لە باریدایە ‹این حرف در مورد او مصداق ندارد: ئەم قسە لەباری ئەودا نیە› ۲. گەوا؛ گەڤا؛ شایەت؛ گەواه ‹او مصداق بارز حیله‌گری است: ئەو

راستینه‌ی زۆر زەقی سەگیەتیە›.

**مصدر** / masdar ، ـها/: [عربی]/سم. ۱. /مصادر/ سەرچاوە؛ چاوگ؛ چاڤگە؛ ژێدەر؛ ئەوەی کارێکی لێ دەبێتەوە ‹او همیشه مصدر خیر است: ئەو هەمیشە سەرچاوەی خێرە› ۲. /مصادر/ کاربەدەست؛ کاربەدەس؛ دەسەلاتدار ‹هر کس مصدر کاری می‌شود، دیگر خدا را بنده نیست: هەر کەس لە کارێکدا دەبێتە کاربەدەست، تازە خوای خۆی بەحەق ناناسێ› ۳. /مصادر//دستور/ چاوگ؛ چاوگە؛ وشەیێ کە ناوی کارێکە و بەبێ لەبەرچاوگرتنی کەس و کات، جێبەجێ بوونی کارێک نیشان دەدا (وەک «دیدن: دیتن» و «رفتن: ڕۆیشتن»).

▣ **مصدر مرخم**: چاوگی کورتەوەکراو؛ چاوگێ کە پیتی «ن»ی دوایی لێ داکەوتووە (وەک «گفت و شنید»، بە مانای «گفتن و شنیدن»، لە کوردیدا «وت» لە «وتوویژ»دا، بە مانای «وتن»).

**مصدری** / masdarî/: [عربی]/سم. /دستور/ چاوگی؛ بار یان دۆخی چاوگ بوون ‹نون مصدری: نوونی چاوگی›.

**مصدع** / 'mosadde/: [عربی] صفت. دەردیسەردەر؛ زەحمەتخۆش‌کەر.

▣ **مصدع کسی شدن**: سەری کەسێ ئێشاندن؛ بوونە دەردیسەر بو کەسێک؛ سەری کەسێ هێنانە ئێش؛ سەری کەسێک ئێشاندن؛ سەر و دڵی کەسێ گرتن؛ کاتی کەسێک گرتن و بوونە هۆی ئازار دانی ‹از اینکه مصدع جنابعالی شدم پوزش می‌خواهم: لەوەی کە سەرتانم ئێشاند داوای لێبووردن دەکەم›.

**مصدوم**[1] / masdûm ، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی]/سم. گەزەندیتوو؛ گەزنلێ‌کەتوو؛ ئازارپێ‌گەیشتوو لە ڕووداوێکدا ‹مصدوم درگذشت: گەزەندیتووەکە مرد›.

**مصدوم**[2]: صفت. گەزەندیتوو؛ بەرئازارکەوتوو.

**مصر** / moser(r)/: [عربی] صفت. شێلگیر؛ پێداگر؛ پێچەقێن؛ سوور؛ سور؛ سوێر؛ سوێر؛ هەتەر؛ مقیر ‹مصر است شما را ببیند: شێلگیرە بتانبینێ›.

**مصراً** / moserran/: [عربی] قید. بە پێ داگریەوە ‹مصراً خواهان بازگشتم به خانه است: بە پێداگریەوە خوازیاری گەڕانەوەم بۆ ماڵە›.

**مصراع** / 'mesrā/: [عربی] ☜ مِصرَع

**مصرانه** / moserrāne/: [عربی/ فارسی] قید. بە پێداگریەوە؛ بە سووری ‹مصرانه می‌خواهم به خانه برگردی: بە پێداگریەوە داوا دەکەم بگەڕێتەوە بۆ ماڵ›.

**مصرح** / mosarrah ، ـات/: [عربی] صفت. /ادبی/ ڕوونکراوە؛ دەستنیشان‌کراو ‹حقوق و آزادی‌های مصرح در قانون: ماف و ئازادیگەلی ڕوونکراوە لە قانووندا›.

**مصرع** / 'mesra ، ـها/: [عربی]/سم. خشتە؛ باڵ؛ میسرەع؛ نیوە دێڕ لە هۆنراوەی عەرووزیدا ‹همیشه این مصرع ورد زبانش بود: هر آنکس که دندان دهد نان دهد: هەمیشە ئەم خشتەی لە سەر زار بوو: ئەوەی ددانی داوە نانیش ئەدا›: **مصراع**

**مصرف** / masraf ، ـها؛ مصارف/: [عربی]/سم. مەسرەف: ۱. کار و ڕەوتی بە کار هێنان ‹داروها را مصرف کردم اما هیچ اثری نداشتند: دەواکانم بە کار هێنا، بەڵام هیچ کاریگەر نەبوون› ۲. /اقتصاد/ ڕەوتی کەڵک وەرگرتن لە کەل‌وپەلی بازرگانی بۆ بەجێ هێنانی پێداویستی یاکوو لە بواری بەرهەم هێناندا کە دەبێتە هۆی تەواو بوون، کەم بوونەوە یان کۆنە بوونی شتەکە.

▣ **مصرف داشتن**: بە کار هاتن؛ بە کار چوون ‹این‌ها دیگر امروز مصرف ندارند: ئەمانە ئەمڕۆکە چیدی بە کار نایەن›.

مصرف شدن: ۱. بە کار بران؛ دە کارکران ۲. بە کار هاتن؛ دەکار هاتن؛ دەرد خواردن.

هەروەها: **مصرف کردن**

**مصرف‌کننده** / masrafkonande ، ـها؛ ـگان/: [عربی/ فارسی]/سم. بەکارهێنەر؛ بەکاربەر؛ ئەوەی

کەل‌وپەلی ئابووری بە کار دێنێ.

**مصرف گرایی** / masrafgerāyî /: [عربی/ فارسی] /سم. هۆگری زۆر بە دەکارکردنی لەڕادەبەدەری کەل‌وپەل.

**مصرفی** / masrafî /: [عربی] صفت. دەکارکردنی؛ بەکاربردنی؛ بەکارهاتنی ‹کالای مصرفی: کەلپەلی دەکارکردنی›.

**مصروع** / 'masrû' ، ـان؛ ـین /: [عربی] صفت. فێدار؛ فێیار؛ خوودار؛ گەشکەدار؛ تووشیاری نەخۆشی فێ.

**مصروف** / masrûf /: [عربی] صفت. بەکاربراو؛ دەکارکراو؛ بەکارهاتوو؛ دەکارهاتوو؛ بەکاربریاگ.

▣ **مصروف داشتن**: بە کار بردن؛ بە کار هێنان؛ دەکارکردن.

**مصطبه** / mastabe ، ـها /: [عربی] /سم. [نامتداول] سەکۆ؛ دکە؛ شۆستە؛ تووم؛ دکان؛ مت؛ هەرە.

**مصطکی** / mastakî /: [معرب از یونانی] /سم. مەسەکی؛ مەستەکی؛ مەسکی؛ دەوەنێکە لە تیرەی دار قەزوان، بە لق‌وپۆی ناڕێک، گولی سەوزی مەیلەو سوور و بەری گچکەی سوورەوە کە شیرەی لێ دەگرن و وەک بنێشت ئەیجاون، بۆنیشی خۆشە ۲. جەوی و شیرەی ئەو دەوەنە.

**مصطلح** / mostalah /: [عربی] صفت. ۱. وەک دەستەواژە لێهاتوو؛ بە زاراوە بووگ ۲. /لات/ باو؛ سەر زار ‹این واژه در میان پزشکان مصطلح است: ئەم وشە لە نێو دوکتوراندا باوە›.

**مصغر** / mosaqqar /: [عربی] صفت. بچووک کراو؛ چکۆلەکراو؛ گچکەکراو ‹پسرک مصغر پسر است: کوڕیژگە بچووک کراوی کوڕە›.

**مصفا** / mosaffā /: [عربی] صفت. دلگر؛ خۆش؛ باسەفا ‹باغ مصفا: باخی دلگر›.

**مصلا** / mosallā ، ـها /: [عربی] /سم. نوێژگە؛ شوێنێکی بەربلاو کە خەلکی شار بە کۆمەڵ نوێژی لێ دەکەن: **مصلّی**

**مصلح** / mosleh ، ـان؛ ـین /: [عربی] صفت. ۱. چاکساز؛ باش‌کەرەوە ۲. ئاشتەدەرەوە؛ ڕێکخەر ۳. [مجازی] ئاوەدانکار؛ ئاوەدانکەر؛ ئابادکەرەوە.

**مصلحت** / maslahat ، ـها؛ مصالح /: [عربی] /سم. بەرژەوەندی؛ بەرژەوەند؛ مەسڵەحەت: ۱. ڕێوشوێنی دروست و باش ‹مصلحت دیدن: مەسڵەحەت دیتن› ۲. تەگبیر؛ خێر؛ بیر و کاری کە قازانجدەرە.

▣ **مصلحت بودن**: باش بوون؛ بەرژەوەندی بوون؛ خاس بوون؛ گونجاو و بە کەڵک بوون؛ سەڵاح بوون ‹مصلحت این بود که محل کارش را عوض کنید: وا باش بوو کە شوێنی کارەکەی بگۆڕن›.

**مصلحت دیدن**: بە باش زانین؛ خێر دیتن؛ گونجاو و بە قازانج هەڵسەنگاندن ‹این طور مصلحت دیدند فعلاً همانجا باشد: وایان بە باش زانی جاری لەوێ بێ›. هەروەها: **مصلحت دانستن**

**به مصلحت کسی بودن**: بە بەرژەوەندی کەسێک بوون؛ بە بەرژەوەندی زانین بۆ کەسێ؛ بە قازانجی کەسێ بوون؛ بە خێری کەسێ بوون.

**مصلحت‌اندیش** / maslahat'andîš ، ـها؛ ـان /: [عربی/ فارسی] صفت. خێربین؛ قازانج‌بین؛ بەرژەوەندبین. هەروەها: **مصلحت‌اندیشی**

**مصلحتی** / maslahatî /: [عربی] صفت. مەسڵەحەتی؛ بە پێی بەرژەوەندی.

**مصلوب** / maslûb /: [عربی] صفت. چوارمێخە؛ چوارنیخە؛ لە خاچدراو؛ بە سەلیب‌کێشراو؛ بە مێخداکراو؛ هەر چوار پەل بەسراو ‹گفته می‌شود حضرت عیسی(ع) مصلوب شد: وا دەڵێن حەزرەتی عیسا(س) چوارمێخە کێشرا›.

**مصلی** / mosallā /: [عربی] ☜ **مصلّا**

**مصمت** / mosammat ، ـها /: [عربی] صفت. [زبان‌شناسی] کپ؛ کپەنە؛ قپ؛ بێدەنگ.

**مصمم** / mosammam/: [عربی] *صفت.* کوپڕە؛ لەزگ؛ لێبڕاو؛ پێگرتی؛ سوور لە سەر مەبەست و دڵگەرم لە دۆزدا ‹مصمم است که بماند: لێبڕاوە بمێنێتەوە›.

**مصنف** / mosannef ، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی]/سم. دانەر ‹مصنف می‌گوید ۱۰ سال بر روی کتابش کار کرده است: دانەر دەڵێ ۱۰ ساڵ لە سەر پەرتووکەکەی کاری کردووە›.

**مصنفات** / mosannafāt/: [عربی]/سم. نووسراوەگەل؛ سەرجەمی ئەو نووسراوانە لە لایەن کەس یان تاقمێکەوە لە سەردەم یان ولاتێکی دیاریکراودا دانراون ‹مصنفات ملا عبدالکریم مدرس: نووسراوەگەلی مەلا کەریم›.

**مصنوع** / masnû'/: [عربی] *صفت.* دەسکرد. ۱. /ات/ چێکراو؛ وەبەرهێنراو ۲. دەسکردی ۳. *[ادبی]* تایبەتمەندی پەخشانێک کە زۆر جوانکاری تێکڵی لە سەر کراوە.

**مصنوعات**/ masnû'āt/: [عربی]/سم. بەرهەمگەل؛ بەرهەمان؛ کۆی ئەو شتانە چێکراون، بەتایبەت بەرهەمگەلی پیشەسازی ‹مصنوعات داخلی: بەرهەمگەلی ناوخۆیی›.

**مصنوعی** / masnû'î/: [عربی] *صفت.* دەسکرد. ۱. دەسکار؛ دەستکرد؛ کاری دەست بەتایبەت لە ڕێی پیشەسازییەوە ‹ابریشم مصنوعی: هەورێشمی دەسکرد› ۲. *[کنایی]* ڕواڵەتی؛ ناڕەسەن؛ نەک بە ڕاستی ‹رفتار مصنوعی: ئاکاری ڕواڵەتی›.

**مصوب** / mosavvab/: [عربی] *صفت.* پەسەنکراو؛ وەرگیراو ‹قانون مصوب سال گذشته: قانوونی پەسەنکراوی ساڵی پێشوو›.

**مصوبات** / mosavvabāt/: [عربی] جمعِ ☜ **مصوبه**

**مصوبه** / mosavvabe ، ـها؛ مصوبات/: [عربی]/سم. ۱. پەسندکراوە؛ پەسەنکراو؛ وەرگیراوە؛ ئەوەی لە دامەزراوەیەکی فەرمیدا ڕای لە سەر درابێ ‹مصوبه‌ی مجلس: پەسندکراوەی پارلەمان› ۲. پەسەندنامە.

**مصوت** / mosavvat, mosavvet ، ـها/: [عربی] *صفت. [زبان‌شناسی]* دەنگدار.

**مصور** / mosavvar/: [عربی] *صفت.* وێنەدار؛ نیگارکراو؛ نیگاردار ‹کتاب مصور: پەرتووکی وێنەدار›.

**مصون** / masûn/: [عربی] *صفت.* پاڕێزراو؛ بێوەی؛ دوور لە زیان و ئازار ‹جان و مال هر کس باید از تعرض مصون باشد: گیان و مالی هەموو کەسێ ئەبێ بپارێزرێ›.

**مصونیت** / masûnîy(y)at ، ـها/: [عربی]/سم. پاڕێزراوی: ۱. بار و دۆخی بێوەی بوون ‹نمایندگان از مصونیت سیاسی برخوردارند: نوێنەران لە پاڕێزراوی سیاسی بەشدارن› ۲. هێزی بەرگری لە ئاست نەخۆشیەکی دیاریکراو بۆ تووشیار نەبوونی ‹واکسن تولید مصونیت می‌کند: واکسین پاڕێزراوی بەرهەم دێنێ›.

**مصیبت** / mosîbat ، ـها؛ مصایب/: [عربی]/سم. ۱. کارەسات؛ چام؛ پەتەر؛ چۆرتم؛ کەڵەمە؛ ئاشێو؛ نەگبەت؛ دومات؛ لێقەوماوی؛ گرگاشە؛ نەیامەت؛ نەهامەت؛ ئاپۆر؛ ئاپۆرە؛ قەدا؛ ڕووشە؛ مسیبەت؛ ناراو؛ تەنگ و چەڵەمە؛ چەل و مل؛ تەگەرە و تووشی؛ بەسەرهات و ڕووداوی ناخۆش ‹بیچاره دچار بد مُصیبتی شد: بەستەزمان تووشیاری کارەساتێکی خراپ هات› ۲. خەم؛ کەسەر؛ خەفەت؛ جەخار؛ مەینەت؛ کوڵ؛ پەژارە؛ تەمیان؛ مۆژە ‹ما را در مصیبت خود شریک بدانید: ئێمەش هاوبەشی خەمی خۆتان بزانن›.

**مصیبت بار** / mosîbatbār/: [عربی/ فارسی] *صفت.* خەمهێنەر؛ پەژارەدەر؛ خەمخێز؛ مەینەتاوی؛ تەمیانی.

**مصیبت‌دیده** / mosîbatdîde ، ـها؛ ـگان/: [عربی/ فارسی] *صفت.* لێقەوماو؛ تووشیاری چەڵەمە و چۆرتم هاتوو.

**مصیبت‌کشیده** / mosîbatkešîde / ـها؛ ـگان/: [عربی/ فارسی] *صفت.* لێقەوماو؛ لە ژێر باری تەنگ و چەلەمە و نەگبەتیدا ژیاو.

**مضار** / mazār(r)/: [عربی] جمعِ ☜ **مَضَرَّت**

**مضاربه** / mozārebe/: [عربی]/سم. *[اقتصاد]* موزارەبە؛ جۆرێک سەودا، کە لایەنێک بە مال و ئەوی‌دیش بە کار دەبنە هاوبەش و داهاتەکەی بەش دەکەن.

**مضاربه‌ای** / mozārebe'î/: [عربی] *صفت.* موزارەبەیی؛ بە شێوەی موزارەبە.

**مضارع** / 'mozār/: [عربی]/سم. *[دستور]* ئێستا؛ ڕانەبورد؛ ڕانەبردوو؛ ڕانەبوار؛ کاتی کرداری ئێستا و داهاتوو (وەک: می‌آیم: دێم، می‌خوریم: دەخۆین، می‌نشینی: دادەنیشێ و...).

▣ **مضارع اخباری:** *[دستور]* ڕانەبردووی هەوالی؛ دۆخی هەوالی کردار لە کاتی ئێستادا (وەک: می‌روم: دەچم).

**مضارع التزامی:** *[دستور]* ڕانەبردووی مەرجی سادە؛ کرداری ڕانەبردوو، وێڕای دڕدۆنگی و ئەگەر یان جەختکردن (وەک: باید بروم: دەبێ بڕۆم، شاید برود: ڕەنگە بڕوا).

**مضاعف** / mozā'af/: [عربی] *صفت.* دووهێندە؛ دووئەوەندە؛ دووبەرانبەر؛ دووبەرامبەر؛ دووچەنانە؛ دووقات؛ دووچەندانە؛ دووئەوننە؛ دووجار هێندە ‹در طی دو سال گذشته هزینه‌ها مضاعف شده، ولی درآمد تغییری نکرده است: لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا مەزاخ دووهێندە بۆتەوە، بەڵام داهات هەروەک خۆی ماوە›.

**مضاف** / mozāf/: [عربی]/سم. *[دستور]* ناوێ کە خراوەتە پاڵ ناوێکی‌ترەوە (وەک «کتێبی ئارام» «کتێب» خراوەتە پاڵ «ئارام»ەوە).

▣ **مضاف بر:** لە سەرینەی؛ زیادلە؛ جیا لە ‹مضاف بر این‌ها، ثبت‌نام هم نکرده‌اید!: لە سەرینەی ئەمانە، ناویشتان نەنووسیوە›.

**مضافاً** / mozāfan/: [عربی] *قید.* سەرەڕای ئەمە؛ سەرڕا؛ زیادە لەوە؛ زیاد لەوە ‹مضافاً گفته می‌شود که او فعلاً در دیاربکر است: سەرەڕای ئەمە دەڵێن ئێستاکە لە دیاربەکرە›.

**مضاف‌الیه** / mozāfon'elayh/: [عربی]/سم. *[دستور]* ناوێ کە ناوێکی‌تر دەخرێتە پاڵی (وەک «برای من»، «برای» خراوەتە پاڵ «من»ەوە).

**مضامین** / mazāmîn/: [عربی] جمعِ ☜ **مضمون**

**مضایقه** / mozāyeqe/: [عربی]/سم. کۆتایی؛ دەس‌ڕاگری؛ کوتری؛ کۆتاهی؛ دڕێغ؛ دڕێخی؛ کار و ڕەوتی دەست ڕاگرتن بەتایبەت لە دانی شتێ.

▣ **مضایقه کردن:** کۆتایی‌کردن؛ دەس ڕاگرتن؛ دڕێغ‌کردن ‹از کمک به ما مضایقه کرد: لە یارمەتی دانمان کۆتایی کرد›.

**مضایقه نداشتن:** دەس ڕانەگرتن؛ کۆتایی نەکردن؛ دڕێغ نەکردن ‹من از پرداخت پول مضایقه ندارم، ولی نمی‌توانم با شما بیایم: من لە دانی پارەدا دەس ڕاناگرم، بەڵام ناتوانم لەگەڵتان بێم›.

**مضبوط** / mazbût/: [عربی] *صفت.* ۱. تۆمارکراو ‹بخشی از تاریخ کرد و کردستان در شرفنامه‌ی بدلیسی مضبوط است: بەشێک لە مێژووی کورد و کوردستان لە شەرەفنامەی بدلیسیدا تۆمارکراوە› ۲. مرێس؛ تەکووز؛ ڕێک‌وپێک؛ تەکوویس؛ تەکوویز؛ ڕاست و دروست.

**مضحک** / mozhek/: [عربی] *صفت.* پێکەنینی؛ گاڵتەجاڕ؛ پێکەنیناوی؛ کەنیندار؛ قەشمەر ‹تصویر مضحک؛ رفتار مضحک: وێنەی پێکەنینی؛ کردەوەی قەشمەر›.

**مضحک‌قلمی** / mozhekqalamî/: [عربی/ معرب] *اسم. [نامتداول]* ۱. کارتۆن؛ فیلمی کارتۆنی ۲. *[قدیمی]* کاریکاتۆر.

**مضحکه** / mazhake/: [عربی]/سم. گاڵتەجاڕ؛ گاڵتەباز: ۱. ئەوەی پێکەنین بێنێ، بەتایبەت شانۆی کۆمێدی ۲. گەپجاڕ؛ کەس یان شتێ کە

www.perawipepwle.com


ببێتـه ڕیشـخەنی خەڵـک ‹تـو بـا ایـن رفتـارت مضحکەی مردم شده‌ای: تۆ بـەم ئاکـارەت بوویتەسـه گاڵتەجاڕی خەڵک›.

**مضـر** / mozer(r)/: [عربـی] صـفت. زیـانۆک؛ زەرەردەر؛ زیاندار؛ گەزەندار؛ وەزەندار؛ به زیـان؛ به ئازار؛ به وەی.

**مضراب** / mezrāb ، ـها/: [عربـی]/سـم. دەنووکـه؛ پێژەن؛ لەتەیەکی بچووک و باریک لـه ئێسـک، پلاستیک، چێو یان کانزا که سازی ژێداری پـێ دەژەنن.

**مضرات** / mazarrāt/: [عربی] جمعِ ☜ **مَضَرَّت**

**مضـرب** / mazrab ، ـها/: [عربـی]/سـم. لێـدراوه؛ بەرهەمی لێکدرانی ژمارەیەک له ژمارەیەکی‌تـر ‹۳۵ مضرب ۵ و ۷ است: ۳۵ لێدراوەی ۵ و ۷ ە›.

▣ **مضرب مشترک**: لێـدراوەی هاوبـەش؛ ژمـاره یـان هەنـدێ کـه بـه سـەر دوو یـان چـەن ژمارەی‌تردا دابەش دەبێ ‹۳۵ مضرب مشترک ۵ و ۷ و ۳۵ اسـت: ۳۵ لێـدراوەی هاوتـای ۵ و ۷ و ۳۵ ە›.

**مضرت** / mazarrat ، ـها؛ مضرات؛ مضار/: [عربـی] /سـم. ۱. ئـازار؛ ئاسـیب؛ ئاسـیو؛ گـەزەن؛ درم ۲. زیـان؛ زەرەر؛ وەزەن؛ وەزەنـگ؛ تـەوەرە؛ تەمەرە؛ پێوەر.

**مضرس** / mozarras/: [عربی] صفت. گرنج‌ـگـرنج؛ ددانەدار.

**مضروب** / mazrûb/: [عربی]/سم. لێدراو: ۱. ـها؛ ـین/ ئەوی لێیان داوه ‹ مضروب شـکایت کـرده اسـت: لێـدراو شـکاتی کـردووه› ۲. *[ریاضـی]* ژمارەیەک که به ژمارەیەکی‌تر لێدراوەتـەوه ‹در ۲۴=۸×۳، عدد ۳ مضروب است: له ۲٤=۸×۳دا ژمارەی ۳ لێدراوه›: **بس‌شُمُرده**

**مضـروب‌فیـه** / mazrûbonfîh/: [عربـی]/سـم. *[ریاضی]* لێدراوه؛ ژمارەیـێ کـه ژمارەیـەکی‌تـری لێدەدەن ‹در ۲۴=۸×۳، عدد ۸ مضروب‌فیه است: له ۲٤=۸×۳دا ژمارەی ۸ لێدراوەیه›: **بس‌شُمُر**

**مضـطر** / moztar/: [عربـی] صـفت. *[ادبـی]* داماو؛ داماگ؛ قوڕەماو؛ لێقەوماو.

**مضـطرب** / moztareb ، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربـی] صـفت. پـەڕۆش؛ پەشـێو؛ هـەژیو؛ واژ؛ دڵـخور؛ دڵخورت؛ شـێواو؛ تووشـی دڵـەڕاوکێ؛ تووشـی دڵەخورپێ ‹از شنیدن این خبر خیلی مضطرب شد: لـه بیستنی ئەم هەواڵه زۆر پەرۆش بوو›.

**مضمحل** / mozmahel(l)/: [عربی] صفت. بنەبـڕ؛ تەفر و تووناو؛ فـەوتاو؛ نـەماو؛ لـه بـەین چـووگ ‹ارتـش شاهنشـاهی در مـدت کوتـاهی مضـمحل شـد: ئەرتەشی شاهەنشاهی له ماوەیـەکی کەمـدا تـەفر و تووناو کەوت›.

**مضموم** / mazmûm/: [عربی] صفت. بـۆرەدار؛ بـه نیشانی فونێتیکی بۆرەوه. (وەک له وشەی «شُما» دا، پیتی «ش» بۆرەداره. ئەم نیشـانه لـه ڕێنووسـی کوردیدا بۆته «و»).

**مضمون** / mazmûn ، ـها؛ مضامین/: [عربـی]/سـم. ناوەڕۆک؛ ناوەڕۆکه؛ ناوەڕۆک؛ چەمک؛ نـاواخن: ۱. مەبەستێ که له تۆی وتار یان نووسراوەیەکدا دەرئەبـڕدرێت ‹مضـمون نامـەاش شـکایت از وضـع خودش بود: ناوەڕۆکی نامەکەی گلەیی له بار و دۆخی خۆی بوو› ۲. ئەوەی هونەرمەند له بەرهەمەکەیدا دەری ئەبڕێ ‹فیلمی با مضمون تربیتی ساخته اسـت: فیلمێکی به چەمکی پەروەردەیی دروست کـردووه› ۳. *[ادبی]* مانایەکی ورد و جـوان کـه شـاعیر لـه هۆنراوەیەکدا ئەیخولقێنێ.

▣ **مضمون کوک کردن**: حەنـەک هەڵبەسـتن؛ لێب ساز دان؛ قسەی گاڵته و گـەپ دروسـت کردن ‹رفقا بـرایش مضـمون کـوک کـرده بودنـد: دۆستان حەنەکیان بو هەڵبەستبوو›.

**مضـیقه** / mazîqe ، ـها/: [عربـی]/سـم. تەنگانـه؛ تەنگژە؛ تەنگەبەری؛ تەنگاوی؛ تەنگ و چەڵـەمه؛ تەنگی: ۱. هەڵومەرجی دژوار و ئاسـتەم ‹بـرای آب در مضیقه بودنـد: بـۆ ئـاو لـه تەنگانـەدا بـوون› ۲. تەنگدەستی؛ نەداری؛ بێدەرەتانی؛ بێپارەیی

‹در مضیقه افتادن: کەوتنە تەنگانەوە›.

▣ **در مضیقه افتادن:** کەوتنە تەنگانەوە؛ وەتەنگاوی کەوتن؛ کەوتنە تەنگەبەری؛ تەنگەتاو بوون. هەروەها: **در مضیقه بودن**

**مطابق** / motābeq/: [عربی] صفت. هاوەدەق؛ هەمبەر؛ بەرامبەر؛ ئاوتا؛ وێکهاتوو؛ سازگار؛ هاوتا؛ بەرامپێل.

**مطابقت** / motābeqat، ـهـا/: [عربی]/سم. هاوەدەقی؛ هەمبەری؛ دەقاودەقی؛ سازگاری؛ دوخ و چۆنیەتی سازگار بوون و وێکهاتنەوە لەگەڵ شتێکدا ‹بررسی کردم با اصل مطابقت داشت: تاوتوێم کرد دەگەڵ ئەسڵەکەیدا هاوەدەقی هەبوو›.

▣ **مطابقت دادن:** بەرامبەرکردنەوە؛ هەمبەر نان؛ لە بەر یەک نان/ ڕانان.

**مطابقت داشتن:** وێک هاتنەوە؛ هەمبەر بوون؛ دەقاودەق بوون.

**مطابقت کردن:** ۱. بەرامبەرکردنەوە؛ لە بەر یەک ڕانان ‹این صد صفحه نمونەی اول را با خبر مطابقت کن!: ئەم سەد لاپەڕە نموونەی یەکەمە لەگەڵ خەبەرەکەدا بەرامبەر کەوە!› ۲. دەقاودەق بوون؛ وێک هاتنەوە ‹نسخەی شما با اصل مطابقت می‌کند: ئەم ڕوونووسەی ئێوە لەگەڵ ئەسڵەکەیدا دەقاودەقە›.

**مطاع** / motā'/: [عربی] صفت. لەسەر چاوان؛ لەسەر سەر؛ شیاوی فەرمانبەری و مەڵاکێشی ‹امر جنابعالی مطاع است: دەستووری جەنابتان لە سەر چاوانە›.

**مطالب** / matāleb/: [عربی] جمعِ ☜ **مطلب**

**مطالبات** / motālebāt/: [عربی]/سم. داخوازی؛ داخواز؛ داخواست: ۱. سەرجەمی ئەوەی دەبێ وەربگیردرێ ‹مطالبات شرکت از مشتریان هنوز وصول نشده است: داخوازی بەشدارگە لە مشتەریەکانی هێشتا وەرنەگیراوە› ۲. داواکاری؛ سەرجەمی ئەو شتانەی داواکراون ‹مطالبات مردم باید برآورده شود: داواکاری خەڵک دەبێ جێبەجێ بێ›.

**مطالبه** / motālebe/: [عربی]/سم. داوا: ۱. کار و ڕەوتی خواستن؛ ویستن ‹آمده بودند و کمک مطالبه می‌کردند: هاتبوون و داوای یارمەتیان دەکرد.

**مطالعات** / motāle'āt/: [عربی] جمعِ ☜ **مطالعه**

**مطالعه** / motāle'e/: [عربی]/سم. ۱. کار و ڕەوتی وەخوێندن؛ ئەوەوەنەی؛ وەندش؛ خوێندنەوە زۆرتر هەر بە چاو و بێدەنگ ‹مطالعەی کتاب: خوێندنەوەی کتێب› ۲. /ـها؛ مطالعات/ کار و ڕەوتی کۆڵینەوە؛ توێژینەوە؛ لێڕوانین ‹روی بیماری جذام مطالعه می‌کند: لە سەر نەخۆشی خۆرە دەکۆڵێتەوە›.

**مطامع** / matāme'/: [عربی]/سم. جێتەما؛ جێگەی چاو تێبڕین ‹مطامع آمریکا: جێتەمای ئەمریکا›.

**مطایبات** / motāyebāt/: [عربی] جمعِ ☜ **مطایبه**

**مطایبه** / motāyebe، ـها؛ مطایبات/: [عربی]/سم. /ادبی/ شۆخی؛ گاڵتە؛ گەمە.

**مطب** / matab(b)، ـها/: [عربی]/سم. مەتەب؛ مەحکەمە؛ شوێنێ کە بژیشک نەخۆشی لێ دەبینێ.

**مطبخ** / matbax، ـها/: [عربی]/سم. /قدیمی/ چێشتخانە؛ ئاشگە؛ ئاشپەزخانە؛ شوێنێ کە چێشت و نانی لێ چێ دەکەن.

**مطبعه** / matba'e، ـها/: [عربی]/سم. /قدیمی/ چاپخانە.

**مطبق** / motabbaq/: [عربی] صفت. /نامتداول/ تۆتۆ؛ چین‌چین؛ چین لە سەر چین؛ بنەڵبن؛ تۆ سەر تۆ.

**مطبوع** / matbû/: [عربی] صفت. ۱. خۆش؛ خوەش؛ وەش؛ دڵخواز؛ دڵواز ‹هوای مطبوع؛ غذای مطبوع: هەوای خۆش؛ چێشتی خۆش› ۲. /قدیمی/ چاپی؛ چاپکراو؛ لە چاپدراو.

**مطبوعات** / matbû'āt/: [عربی]/سم. چاپەمەنی: ۱. بەڵاڤۆک؛ بڵاڤۆک؛ پەخشە؛ سەرجەمی ئەو

چاپەمەنیانەی لە ماوەگەلی دیاریکراودا لە چاپ دەدرێن و بڵاو دەبنەوە (وەک ڕۆژنامە و گۆڤار) ٢. سەرجەمی ئەو شتانەی لە چاپ دەردەچن ‹مطبوعات پیش از انقلاب: چاپەمەنی پێش لە شۆڕش›.

**مطبوعاتی**[1] / matbû'ātî ، ـهـا/: [عربی]/سم. ڕۆژنامەفرۆشی؛ فرۆشگای چاپەمەنی.

**مطبوعاتی**[2]: صفت. ١. چاپەمەنی؛ سەر بە چاپەمەنی ‹فعالیت مطبوعاتی: چالاکی چاپەمەنی› ٢. ڕۆژنامەوان ‹شوهرش مطبوعاتی است: میردەکەی ڕۆژنامەوانە›.

**مطران** / metrān ، ـهـا/: [معرب از یونانی]/سم. مەتران؛ مێتران؛ سەرۆکی کلیسای پارێزگا یان وڵاتێک لە کلیسای ڕۆژهەڵاتدا.

**مطرب** / motreb ، ـها؛ ـان/: [عربی]/سم. [گفتاری] لۆتی؛ سازنە؛ گۆرانیبێژ؛ سازژەن بۆ سەما، بەتایبەت ئەوانەی هەڵپەڕکێ، گۆرانی و ئاهەنگی خێڵەکی بەڕێوە دەبەن.

**مطربی** / motrebî/: [عربی]/سم. لۆتیگەری؛ گۆرانیبێژی؛ کاری لۆتی.

**مطرح** / matrah/: [عربی] صفت. جێباس؛ لە بەر سەرنج و گفتوگۆ ‹ این موضوع مطرح نیست: ئەم بابەتە جێباس نیە›. هەروەها: **مطرح بودن؛ مطرح شدن؛ مطرح کردن**

**مطرود**[1] / matrûd ، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی] صفت. وەلانراو؛ لاوەنراو؛ دەرکراو؛ دوورخراو؛ نەویستراو ‹سیاستمدار مطرود: ڕامیاری وەلانراو›.

**مطرود**[2]: قید. بە دەرکراوی؛ بە لانراوی ‹مطرود ترک دیار کرد: بە دەرکراوی وڵاتی بەجێهێشت›.

**مطلا** / motallā/: [عربی] صفت. زێڕکفت؛ زێڕساو.

**مطلب** / matlab ، ـها؛ مطالب/: [عربی]/سم. ١. داخواز؛ خواست؛ داوا ‹آزاد آمد و مطلب خود را به پدرش گفت: ئازاد هات و داخوازی خۆی بە بابی گوت› ٢. مەبەست؛ چەمک؛ درغە؛ هەوال؛ خەبەر یان مەبەستێ کە لە تۆی وتار یان نووسراوەیەکدا دێ ‹مقالەاش فقط پرحرفی بود و هیچ مطلبی نداشت: وتارەکەی هەر فرەوێژی بوو، دەنا هیچ مەبەستێکی تێدا نەبوو› ٣. نووسراوەیێ (وەک هەوال، گوزارش یان چیرۆک) کە بۆ چاپ لە بەلاڤۆک یان بڵاوکردنەوە لە ڕادیۆ ڕەچاو دەکرێ.

**مطلع** / 'matla/: [عربی]/سم. ١. جێ هەلات؛ جێ دەرکەوتنی تەنێکی ئاسمانی (وەک مانگ و خۆر) ٢. ـها/ سەرهۆنە؛ یەکەمین بەیتی شێعر (غەزەل، قەسیدە) ٣. سەرەتا؛ دەسپێک ‹مطلع سخن: سەرەتای قسە›.

**مطلع** / 'mottale ، ـان؛ ـین/: [عربی] صفت. ئاگا؛ هاگا؛ ئاگادار؛ ئاگار؛ هایا؛ خەبەردار؛ هایلێ؛ هایدار؛ بە ئاگا؛ ئایە. هەروەها: **مطلع بودن؛ مطلع شدن؛ مطلع کردن**

**مطلق** / motlaq/: [عربی] صفت. ١. تەواو؛ بێسنوور؛ بێکەمایەتی ‹آزادی مطلق؛ زیبایی مطلق: ئازادی بێسنوور؛ جوانی تەواو› **مطلقه** ٢. [دستور] دەرباز؛ دەرباس؛ ڕەها؛ بێهیچ پێوەندیەک لەگەڵ ماکی ڕێزمانیتردا ‹اسم مطلق اسمی است که با هیچ اسم یا صفتی همراه نیست: ناوی دەرباز ناوێکە وا لەگەڵ هیچ ناو یان ئاوەڵناوێکدا هاوڕێ نیە› ٣. بێوێنە و بێشەریک.

**مطلقاً** / motlaqan/: [عربی] قید. ١. بە تەواوی؛ تەواو؛ یەکسەرە ‹مطلقاً دروغ می‌گوید: بە تەواوی درۆ ئەکا› ٢. قەت؛ هەر؛ هەرگیز؛ هەرگیزای‌هەرگیز؛ بە هیچجۆر؛ ببرای‌ببرای؛ ببرای‌بڕ ‹مطلقاً او را ندیده‌ام: قەت نەمدیوە›.

**مطلقه** / motallaqe ، ـهـا/: [عربی] صفت. تەلاقدراو؛ تلاق‌دریەی؛ جیاوەبوو ‹همسر مطلقه‌ی او شکایت کرده است: ژنە تەلاقدراوەکەی شکاتی کردووە›.

**مطلقه** / motlaqe/: [عربی] ☜ **مطلق ـ١**

**مطلوب** / matlûb/: [عربی] صفت. ١. خوازراو؛ داواکراو؛ ویستراو ‹کمال مطلوب: کەمالی خوازراو›

۲. باش؛ شیاو؛ لەبار؛ پەسەن ‹وضعیت مطلوب: بار و دۆخی باش›.

**مطلوبیت** / matlûbîyyat/: [عربی]/سم. لەباری؛ شیاوی؛ پەسەنیەتی؛ دۆخ یان چۆنیەتی باش بوون.

**مطمئن** / motma'en(n)/: [عربی] صفت. خاترجەم؛ دڵنیا: ۱. بێخەم؛ ئەرخەیان؛ ئارخەیان؛ فریقەت ‹از خودش مطمئن است: لە خۆی دڵنیایە› ۲. شیاوی دڵنیایی ‹از او مطمئن باش: لێ خاترجەم بە›.

**مطمئناً** / motma'ennan/: [عربی] قید. خاترجەم؛ بێشەک؛ حەتمەن ‹مطمئناً الآن می‌آید: خاترجەم ئێستا دێ›.

**مطنجن** / motancan/: [از عربی؟]/سم. [قدیمی] حەوترینگە؛ حەوترینگینە؛ حەفتترینگە؛ حەفتترینگین؛ حەفتترنگینە؛ مزراویلکە؛ مزراویکە؛ مزەورە؛ مرارۆکە؛ متەنجەنە؛ جلبڕ؛ جلبڕووکە؛ شۆربای سماق و هێلکە.

**مطنطن** / motantan/: [عربی] صفت. ۱. [نامتداول] بەناوبانگ؛ ناوبەدەر ۲. بەقاوقوو؛ بە دەنگدانەوە ‹سخنرانی مطنطن: وتارێژی بەقاوقوو›.

**مطهر** / motahhar/: [عربی] صفت. [ادبی] پاک؛ خاوێن؛ پاک و پوار؛ پاکتاو؛ پاکژ؛ پاکیزە.

**مطیع** / 'motî ، ـها؛ ـان/: [عربی] صفت. گوێڕایەل؛ فەرمانبەر؛ ڕام؛ ژێرفەرمان؛ بەردەست؛ سەرخوار؛ ڕاژێر؛ گوێلەمست؛ ملداو؛ گوێدێر ‹مرد مطیع؛ کارگر مطیع: پیاوی فەرمانبەر؛ کرێکاری گوێڕایەل›.

**مظالم** / mazālem/: [عربی] جمع ☜ **مظلمه**

**مظان** / mazān(n)/: [عربی] /سم. [ادبی] جێ شک؛ جێگومان؛ جێی شک و دڕدۆنگی ‹در مظان تهمت بودن: لە جێشکی بوختاندا بوون›.

**مظاهر** / mazāher/: [عربی] جمع ☜ **مَظهَر**

**مظروف** / mazrûf/: [عربی]/سم. ناوەڕۆکی دەفر؛ ئەوەی لە ناو دەفردایە.

**مظفر** / mozaffar/: [عربی] صفت. [ادبی] سەرکەوتوو؛ سەرکەفتی؛ زاڵ.

**مظلم** / mozlem/: [عربی] صفت. [ادبی] نووتەک؛ تنۆک؛ ئەنگوستەچاو؛ تاریک و تنۆک؛ زۆر تاریک.

**مظلمه** / mazlame ، مظالم/: [عربی]/سم. ۱. ستەم؛ گووج؛ زۆر؛ زوڵم؛ زۆرداری ۲. [قدیمی] دادخوازی؛ دادبەری؛ دادخوایی.

**مظلوم**[1] / mazlûm ، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی]/سم. بەشخوراو؛ چەوساوە؛ زۆرلێکراو؛ مەزلووم؛ ئەوی ستەمی پێکراوە.

**مظلوم**[2]: صفت. ۱. ستەمکێش؛ بەشخوراو؛ دەشەنی؛ چەوساوە؛ بەرەش ۲. [مجازی] فقیر؛ بێئازار؛ بەستەزمان.

**مظلومانه** / mazlûmāne/: [عربی/ فارسی] قید. بەبێ تاوان؛ مەزلوومانە؛ بێگوناحانە ‹مظلومانه کشته شد: بەبێ تاوان کوژرا›.

**مظلومیت** / mazlûmîyyat ، ـها/: [عربی]/سم. چەوساوەیی؛ بەشخوراوی؛ دۆخ و چۆنیەتی مەزلووم بوون.

**مظنون** / maznûn/: [عربی] صفت. ۱. ـها؛ ـان؛ ـین/ بەرشک؛ بەرگومان؛ لە بەر دڕدۆنگی و شکدا ‹فرد مظنون دستگیر شد: کەسی بەرشک گیرا› ۲. بەشک؛ دڕدۆنگ؛ دارای شک و دڕدۆنگی ‹به او مظنون شدم: لێی بەشک بووم›.

**مظنه** / mazanne/: [عربی]/سم. نرخ؛ مەزەندە؛ مەزەننە (زاراوەی بازار).

⊡ **مظنه دست کسی آمدن**: هاتنە دەستی کەسێک؛ مەزننە هاتنە دەس کەسێ ‹تا وضع را دیدم مظنه دستم آمد که این کار شدنی نیست: هەر بارودۆخەکەم دیت هاتە دەستم کە ئەم کارە ناکرێ›.

**مظنه کردن**: مەزننەکردن؛ نرخ پرسین؛ قیمەتکردن.

**مظهر** / mazhar ، ـها؛ مظاهر/: [عربی]/سم. نمانا؛ دیاردە؛ نیشانە؛ سەمبول؛ شتێ کە بە هۆی

پێوەند یان لێکچوویی لەگەڵ شتێکی‌تر، یان بە گوێرەی بڕیارێ، نیشاندەر و وەبیر خەرەوەی ئەو شتەیە، بەتایبەت نیشانەیەکی دیار و بەرچاو لە شتێکی نادیار ‹شیر مظهر شجاعت است: شێر نمانای ئازایەتیە›.

▣ **مظهر قنات**: چاوکەی کاریز؛ ئەو شوێنە کە ئاوی کاریز دەگاتە سەر زەوین.

**معاً** / ma'an/: [عربی] *قید.* پێکەوە؛ بە یەکەوە؛ لە تەک یەکا؛ پێکڤە؛ وێڕای یەک؛ پێوە؛ یۆوە.

**معابد** / ma'ābed/: [عربی] جمعِ ☜ **معبد**

**معابر** / ma'āber/: [عربی] جمعِ ☜ **معبر**

**معاد** / ma'ād, mo'ād/: [عربی]/*اسم. [اسلام]* ۱. پەسڵان؛ ڕەوتی هەستانەوە؛ زیندوو بوونەوەی مردوان لە ڕۆژی قیامەتدا بۆ پێڕاگەیشتن بە کار و باری ژیانی پێشوویان ۲. قیامەت؛ دنیای‌تر.

**معادل** / mo'ādel ، ـها/: [عربی] *صفت.* هاوپەڕا؛ هاوسەنگ؛ بەرانبەر: ۱. بارتەقا؛ هاوکێش؛ هاوڕێژە؛ بە چۆنیەتی، چەندیەتی یان بایەخی بەرانبەرەوە ۲. هاوشان؛ هامشان؛ هاوتەراز؛ هەڤسەر؛ هاوسەر؛ بە گرینگی و وەجی یەکسانەوە.

**معادلات** / mo'ādelāt/: [عربی] جمعِ ☜ **معادله**

**معادله** / mo'ādele ، ـها؛ مُعادلات/: [عربی]/*اسم.* هاوکێشە؛ هەڤکێشە: ۱. *[ریاضی]* ڕستەیەکی بریتی لە ژمارە و نیشانە، نیشاندەری بەرامبەری و هاوسەنگی دوو لایەنی ڕستەکە ۲. *[شیمی]* ڕستەیەک دوو لایەنەی بریتی لە ناوی چەند ماکی کیمیایی و نوێنەری ئاڵوگۆڕێکی کیمیاوی ۳. *[کنایی]* هاوسەنگی؛ بار و دۆخی دامەزران لە سەر بڕیارێک.

**معادل‌یابی** / mo'ādelyābî/: [عربی/ فارسی]/*اسم.* هاوواتادۆزی؛ کار و ڕەوتی دۆزینەوەی وشەی وا لە زمانێکدا کە لە بواری مانا و بە کار هێنانەوە هاوتای وشەی زمانی ڕەچاوکراو بێ.

**معادن** / ma'āden/: [عربی] جمعِ ☜ **معدن**

**معاذیر** / ma'āzîr/: [عربی] جمعِ ☜ **عُذر**

**معارض** / mo'ārez ، ـان؛ ـین/: [عربی] *صفت.* دژ؛ هۆگەچ؛ بەرهەڵست؛ سەرپێچ؛ نەتل؛ نەیار؛ خەریکی دژمنی و بەربەرەکانێ ‹نیروی معارض نظام: هێزی دژی ڕژیم›.

**معارضه** / mo'āreze ، ـها/: [عربی]/*اسم.* دژایەتی؛ بەربەرەکانێ: ۱. دوژمنایەتی؛ نەیاری ‹معارضه با نظام: دژایەتی لەگەڵ ڕژیم› ۲. *[نامتداول]* بەرهەڵستی؛ ناسازگاری؛ ناڕەزایەتی.

**معارف** / ma'āref/: [عربی]/*اسم.* ۱. جمعِ ☜ **معرفت** ۲. *[قدیمی]* فەرهەنگ.

**معارفه** / mo'ārefe/: [عربی]/*اسم.* ۱. کار و ڕەوتی ناساندن ‹مراسم معارفه بە عمل آمد: ڕێوڕەسمی ناساندن بەڕێوە چوو› ۲. ئاشنایەتی ‹مجلس معارفه: کۆڕی ئاشنایەتی›.

**معاریف** / ma'ārîf/: [عربی]/*اسم.* ناسراوان؛ سەرشناسان؛ سەرناسان؛ ئەو کەسانەی بە باشی دەناسرێن ‹معاریف شهر: ناسراوانی شار›.

**معاش** / ma'āš, mo'āš/: [عربی]/*اسم.* بژیو؛ پێژی؛ گوزەرانی ژیان ‹تأمین معاش؛ وسیله‌ی معاش: دابینی بژیو؛ ئامرازی بژیو›.

**معاشر**[1] / mo'āšer ، ـان؛ ـین/: [عربی]/*اسم.* هاودەم؛ هاونشین؛ ئاودەم؛ هامدەم.

**معاشر**[2]: *صفت.* خوێنگەرم؛ گەرمگر؛ خۆڕێخەر.

**معاشرت** / mo'āšerat ، ـها/: [عربی]/*اسم.* هاودەمی؛ ئاودەمی؛ ئامووشە؛ ئاموشۆ؛ هاتوچۆ؛ ئامشۆڕەفت.

**معاشرتی** / mo'āšeratî/: [عربی] *صفت. [گفتاری]* خوێنگەرم؛ گەرمگر؛ خۆڕێخەر.

**معاشقات** / mo'āšeqat/: [عربی] جمعِ ☜ **معاشقه**

**معاشقه** / mo'āšeqe ، ـها؛ معاشقات/: [عربی]/*اسم.* عەشقبازی؛ دڵداری.

**معاصر** / mo'āser ، ـان؛ ـین/: [عربی] *صفت.*

www.perawipepwle.com



هاوچـــەرخ؛ هەڤـــچاخ؛ هاوزەمـــان؛ هاوچـــاخ: ۱. هەڤـــدەم؛ هەڤـــبەز؛ هاورۆژگـــار؛ هاوســـەردەم ‹شیخ رضا طالبانی معاصر ناصرالدین شاه بود: شێخ رەزا تالەبانی هاوچەرخی ناسرەدین شا بوو› ۲. ســـەر بـــەم ســـەردەمە ‹نویسندەی معاصر؛ زمان معاصر: نووسەری هاوچەرخ؛ سەردەمی هاوچەرخ›.

**معاصی** / ma'āsî/: [عربی] جمعِ ☜ **معصیَّت**

**معاضدت** / mo'āzedat ، ـها/: [عربی]/سم. یـاری؛ یارمەتی؛ هاوکاری؛ هاریکاری؛ کۆمەک؛ یارەدەی.

**معـــاف** / mo'āf/: [عربـــی] *صـــفت.* بەخشـــراو؛ بەخشیاگ؛ مەعاف؛ لەکۆل کەوتوو.

**معـــافی** / mo'āfî/: [عربـــی]/ســـم. بەخشـــراوی؛ مەعافی: ۱. بـار و دۆخ یـان چونیـەتی مـەعاف بوون ‹معافی از خدمت سربازی: مەعافی لە خزمـەتی سەربازی› ۲. *[گفتاری]* بڕوانامە یا پەڕەی مـەعاف بوون ‹رفتم معافی گرفتم: ڕۆشتم مەعافیم وەرگرت›

*** معافیت**

**معافیت** / mo'āfîyyat/: [عربی] ☜ **معافی**

**معـــالج** / mo'ālec/: [عربـــی] *صـــفت.* دەرمانکـــەر؛ دەرمانیار؛ عیلاج کەر.

**معالجات** / mo'ālecāt/: [عربی] جمعِ ☜ **معالجه**

**معالجـــه** / mo'ālece, mā:lece ، ـهـا؛ معالجـات/: [عربی]/سم. چارەسەر؛ چارە؛ عیلاج؛ چار؛ دەرمان ‹کمردردم را معالجـه کـرد: پشتێشـەکەمی چارەسـەر کرد›.

**مـعالوصـف** / ma'alvasf/: [عربـی] *حـرف.* بـەو حالەش؛ بـەم حالەشـەوە؛ بـە گشـت ئەمانـەوە؛ بەمەیشەو؛ بەوەشەوە کە گـوترا؛ هێشـتایچ؛ پـی حالەیچەوە ‹هرچند سابقەی خوبی نداشت، مع‌الوصف استخدامش کـردیم: ئەگـەرچی ڕابردوویـەکی باشـی نەبوو، بەو حالەش دامانمەزراند›.

**معاملات** / mo'āmelāt/: [عربی] جمعِ ☜ **معامله**

**معامـلـــه** / mo'āmele ، ـهـــا/: [عربـــی]/ســـم. ۱. /معـــاملات/ ســـەودا؛ مامەلـــە؛ دانوســـان؛ دانوســـتان؛ ئـــاڵووێـــر؛ داوبســـێن؛ داوبســـە؛ دادوبسەت؛ ئالشت؛ ڕشت؛ ئالش‌وێرش؛ کـرین و فرۆشتن ‹امروز آن خانه را معامله کـردم: ئەمـڕۆ ئـەو ماڵەم سەودا کرد› ۲. هەڵـس‌وکـەوت؛ کـردەوە؛ ئاکار؛ ڕەوشت؛ کار و ڕەوتی جوولانەوە ‹با مـردم این‌طور معامله نکن!: لەگەڵ خەڵکدا وا هەڵس‌وکەوت مەکە!› ٤. *[کنایی، گفتاری]* گیزوگوڵەنگ؛ بارخانە؛ وردەوالە؛ ئەندامی زا و زێی پیاو ‹شلوارش پـاره و معاملـــه‌اش پیـــدا بـــود: شەڵـــوارەکەی درابـــوو، گیزوگوڵەنگی دیار بوو›.

**معامله‌به‌مثل** / mo'āmelebemesl/: [عربـی]/سـم. مامەڵەی کەس لە کەس/ کەسمان لە کەس.

**معاند** / mo'āned ، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی] *صفت.* دژ؛ دژمن؛ نەیار؛ گاڤبەر؛ نەتەڵ.

**معانی** / ma'ānî/: [عربی] جمعِ ☜ **معنی**

**معانی و بیان** / ma'ānî-yo-bayān/: [عربی]/سم. *[ادبیات]* زانستێکی وێژەوانی کە دەپەڕژێتە سـەر چۆنیەتی جوان و ڕازاوە قسەکردن یان نووسـین بە لەبـەرچاوگرتنی بەرهەمـە سـەرکەوتووەکانی شاعیران و نووسەرانی گەورە.

**معـــاود** / mo'āved ، ـان؛ ـیـن/: [عربـــی]/ســـم. هەڵگەڕاوە؛ ئەوەی کە لە شوێنێ هەڵگەڕابێتەوە ‹معاود عراقی: هەڵگەڕاوەی عیراقی›.

**معاودت** / mo'āvedat/: [عربی] /سم. *[ادبی]* کـار و ڕەوتی هەڵـگەڕانەوە؛ گەڕانـەوە؛ هەڵـەوگەڕیان؛ ئەوەگێڵەی.

**معواضـــات** / mo'āvezāt/: [عربـــی] جمـــعِ ☜ **معاوضه**

**معاوضه** / mo'āveze ، ـها؛ معاوضات/: [عربـی]/سـم. ئاڵوگۆڕ؛ واڕوگۆڕ؛ هەڤگەلی؛ بەردیل؛ بـەردیلی؛ گوهـەڕ؛ گوهێـرەک؛ کـار یـا ڕەوتی گۆڕینـەوە؛ گۆڕانەوە؛ واڕایوە؛ هەڤگوهارتن؛ گوهەڕین ‹خانـه را با یـک آپارتمـان معاوضـه کـردم: مالـەکەم لەگـەڵ وارخانێک گۆڕیەوە›.

**معـاون** / mo'āven ، ـها؛ ـان؛ ـیـن/: [عربـی]/سـم. ۱. جێگر؛ جێگەدار؛ میرک؛ بریکار؛ دووەم پلە لە

زەنجیرەپلەی ئیداری ‹معاون وزیر؛ معاون اداره: جێگری وەزیر؛ میرکی مەزرینگە› ۲. *[حقوق]* هاوەدەست؛ دەستیار؛ یارمەتیدەر ‹معاون جرم: هاوەدەستی تاوان›.

▣ **معاون جرم:** هاو تاوان؛ یاریدەری تاوانکار؛ هاوەدەستی تاوانبار؛ ئەو کەسە تاوانباری یارمەتی داوە.

**معاونت** / mo'āvenat/: [عربی]/سم. دەستیاری: ۱. جێگری؛ جێگرایەتی؛ میرکی؛ بریکاری؛ پیشە و پلەی میرک ۲. /ها/ هاوەدەستی؛ هاوکاری.

**معاهدات** / mo'āhedāt/: [عربی] جمعِ ☜ **معاهده**

**معاهده** / mo'āhede ، ـها؛ معاهدات/: [عربی]/سم. ۱. پەیمان؛ پەیمانە؛ بڕیار؛ بەنوبەس؛ بەڵێن ۲. بڕیارنامە؛ پەیماننامە؛ بەڵێننامە؛ ڕێکەوتننامە.

**معایب** / ma'āyeb/: [عربی] جمعِ ☜ **عیب**

**معاینات** / mo'āyenāt/: [عربی] جمعِ ☜ **معاینه**

**معاینه** / mo'āyene, mā:yene ، ـها؛ معاینات/: [عربی]/سم. دەویان؛ سەح؛ کار و ڕەوتی لێڕوانین و تۆژینەوەی شتێ یان شوێنێ، بەتایبەت تۆژینەوەی لەش یا بەشێک لە لەشی گیاندار بۆ دەرخستنی ئازار، نەخۆشی یان لە بەر دڵنیایی لە ساخ بوونی.

▣ **معاینەی فنی:** تاقیکردنی دەزگا یان ئامێرێ بۆ دڵنیایی لە ساخ بوونی.

**معبد** / ma'bad ، ـها؛ معابد/: [عربی]/سم. پەرستگە؛ دێوەڵ؛ مزگان؛ مزگ؛ هورمزگ؛ جێگەی لە خوا پارانەوە، بەتایبەت هی جگە لە موسوڵمانان ‹معبد بودایی: پەرستگەی بوودایی›.

**معبر** / ma'bar ، ـها؛ معابر/: [عربی]/سم. بوار؛ بگار؛ بوارگە؛ گوزەرگا؛ ڕێبازگە؛ ڕێگا؛ ویەر؛ ویار؛ ڕاگە؛ ڕاڕەڤ؛ گوزەر.

**معبر** / mo'abber ، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی]/سم. شرۆڤەکەر؛ شرۆکەر؛ خەولێکدەر؛ لێکدەرەوەی خەون.

**معبود**[1] / ma'bûd/: [عربی]/سم. خوا؛ خودا؛ خودێ؛ بینایی‌چاوان.

**معبود**[2]: صفت. پەرستراو؛ پەرسیاگ ‹خدای معبود: خودای پەرستراو›.

**معتاد** / mo'tād, mo:tād ، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی] صفت. هۆکارە؛ گیرۆدە؛ لۆس: ۱. ئالووده ‹معتاد به تریاک: ئالوودەی تریاک› ۲. خۆگرتوو؛ ڕاهاتوو؛ خۆپێگرتوو ‹معتاد به مطالعه: هۆکارەی خوێندنەوە›.

**معتبر** / mo'tabar, mo:tabar/: [عربی] صفت. ۱. جێمتمانە؛ بە ئیتوار؛ جێبڕوا؛ جێباوەڕ؛ بە بڕشت؛ جێگەی متمانە ‹تاجر معتبر؛ خبر معتبر: بازرگانی جێبڕوا؛ هەوالی جێباوەر› ۲. *[قدیمی]* گرینگ ‹پل معتبری ساخته بودند: پردێکی گرینگیان دروست کردبوو›.

**معتدل** / mo'tadel, mo:tadel/: [عربی] صفت. ۱. فێنک؛ هنک؛ هۆنک؛ هێنک؛ هوون؛ هووینک؛ هوونک؛ هینگ؛ فوونکی؛ فۆنکایی؛ نە گەرم نە سارد ‹آب و هوای معتدل: ئاو و هەوای فینک› ۲. میانەڕۆ؛ مامناوەندی ‹سیاستمدار معتدل: ڕامیاری میانەڕۆ›.

**معترض** / mo'tarez, mo:tarez ، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی] صفت. بەرهەڵست؛ بەرتەکداو؛ بەرپەرچدەر؛ لێوەستاو؛ ڕەخنەگر ‹او به این کار معترض است: ئەو بەرهەڵستی ئەم کارەیە›.

**معترضه** / mo'tareze, mo:tareze/: [عربی] ☜ **جمله‌ی معترضه، جمله**

**معترف** / mo'taref, mo:taref/: [عربی] صفت. موکوڕ؛ مکوڕ؛ مقیر؛ درکێن؛ دانپیانەر؛ پێڵێنەر؛ ددانپێدانەر؛ دۆخی پێهاتن و هەڵە یان تاوانباری خۆ گرتنە ئەستۆ ‹او به گناهش معترف است: بە گونای خۆی موکور هاتووە›.

**معتزله** / mo'tazele/: [عربی]/سم. موعتەزیلە؛ ڕێبازێکی کەلامی و فەلسەفی کە لە سەدەی دووهەمی کۆچیەوە لە ناو موسوڵماناندا سەری هەڵدا و جەخت دەکاتە سەر عەقڵ و بایەخدان

به بەڵگە، سەربەست بوونی مرۆڤ و خولقاو بوونی قورئان.

**معتزلی** / mo'tazelî/: [عربی] *صفت.* موعتەزیلی: ۱. سەر بە موعتەزیلە ‹افکار معتزلی: بیر و ڕای موعتەزیلی› ۲. ـلە؛ ـان/ هۆگر و شۆنەڕای موعتەزیلە.

**معتقد** / mo'taqed, mo:'taqed ، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی] *صفت.* بڕوامەند؛ باوڕدار؛ بڕوادار: ۱. بەبڕوا؛ خاوەن‌باوەڕ ‹شخص معتقد به اصالت ماده: کەسی بڕوامەند بە ڕەسەنی ماک› ۲. بە ئیمان ‹معتقد به اسلام: بڕوادار بە ئیسلام›.

**معتقدات** / mo'taqedāt, mo:taqedāt/: [عربی] جمعِ ☜ **عقیده**

**معتمد** / mo'tamed, mo'tamad ، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی]/*سم.* جێباوەڕ؛ جێمتمانە؛ ڕاست و ئەمین؛ باوڕپێکراو؛ جێبڕوا و دڵنیایی خەڵک ‹معتمد محل: جێباوەری گەڕەک›.

**معتنابه** / mo'tanābeh/: [عربی] *صفت.* زۆر و زەبەند؛ چاوگر؛ مشەمەر؛ فرە ‹مقدار معتنابه: ڕادەی زۆر و زەبەند›.

**معجر** / ma'car ، ـها/: [عربی]/*سم. [گفتاری]* مەعجەر؛ مەعجەرە؛ پێکهاتەیەک لە بەرد، چێو یان کانزا بۆ بەرهێوان یان لە پەنای پلیکان: **محجر**

**معجز** / mo'cez, mo:cez ، ـها/: [عربی]/*سم. [گفتاری]* پەرجوو؛ پەرجۆ؛ مۆجزە.

**معجزات** / mo'cezāt, mo:cezāt/: [عربی] جمعِ ☜ **معجزه**

**معجز آسا** /mo'cezāsā, mo:cezāsā, mo'cez'āsā/: [عربی/ فارسی] *صفت. [ادبی]* پەرجۆئاسا؛ مۆجزاسا؛ زۆر سەیر، بەتایبەت لە بواری هەڵکەفتی ڕووداو ‹نجات معجزه‌آسا؛ پیروزی معجزه‌آسا: ڕزگاری پەرجوئاسا؛ سەرکەوتنی مۆجزاسا›.

**معجزه** / mo'ceze, mo:ceze ، ـها؛ معجزات/: [عربی]/*سم.* پەرجۆ؛ پەرجوو؛ مۆجزات؛ مۆجزە؛ نووزە؛ مووزات: ۱. کاری زۆر سەیر و سەمەرە کە لە پێغەمبەرانەوە بینراوە و نیشاندەری دەستڕۆشتوویی هێزی ئاسمانی لە ژیانی مرۆڤە ۲. دیاردە، شت یان کارێکی زور سەیر و ناڕاسایی.

**معجون** / ma'cûn/: [عربی]/*سم.* ماجووم؛ مەعجوون: ۱. ـها/ دەرمانێکی خۆراکی و هێزدەر، پتر وەکوو مرەبا یان هەڵوا کە لە تێکەڵاوکردنی چەند ماک بەرهەم دێ ۲. چەشنێ خۆراک بە شێوەی تێکەڵاوی شیلەی خورما، شیر، گوێز، پستە، بادام، کونجی و نارگیل و هەنگوێن.

**معدل** / mo'addel ، ـها/: [عربی]/*سم.* ناوین؛ ناڤنج؛ ناوگین؛ بەرئەنجام؛ کۆئەنجام؛ ژمارەیەک کە لە کۆکردنەوەی بۆ وێنە دە ژمارە و ئەمجار دابەش‌کردنی سەرجەم بە سەر ژمارەی دەدا بەرهەم دێ.

**معدل‌النهار** / mo'addelonnahār/: [عربی]/*سم.* هەر کام لەو دوو شۆنکاتە لە سااڵدا کە درێژایی شەو و ڕۆژ وەک یەک دێتەوە (ئاخر شەوی زستان و دوایین ڕۆژی هاوین).

**معدن** / ma'dan, ma:dan ، ـها؛ معادن/: [عربی] /*سم.* کان؛ جان؛ کاراک؛ کارە؛ کانگا؛ کانگە؛ ناوک؛ ناوکە؛ کەن؛ مەڵبەن؛ مەڵبەند؛ کەند: ۱. کۆگای کانەگەلی سروشتی ۲. ڕەهەند و دااڵنی کەنراو لە ژێر زەویدا بۆ دۆزینەوە و دەرهێنانی کانە ۳. *[مجازی]* خەزینە؛ هەمان؛ شوێنێ کە بە فراوانی شتێکی لێ بێ ‹معدن ماهی؛ معدن علم: کانی ماسی؛ کانی زانست›.

▣ **معدن زغالسنگ**: کەمران؛ کانی بەردەخەڵووزە.

**معدن سنگ**: کەرخانە؛ کانەبەرد؛ کانەکوچک؛ کانی بەرد لێ هەڵکەندن.

**معدن گچ**: گەچینە؛ کانی گەچ؛ کانەگەچ.

**معدن نمک**: خوێڵێن؛ خوالێن؛ نمەکلۆ؛ کانی

خوێ.

**معـدنچی** / ma'dančî, ma:dan- ، ـهـا؛ ـان/: [عربی/ ترکی]/سم. کانکەن؛ کرێکاری نێو کان.

**معـدنکار** / ma'dankār, ma:dan- ، ـهـا؛ ـان/: [عربی/ فارسی]/سم. کانکار؛ کانەوان؛ ئەوەی بە کار و باری کانگاوە دەپەرژێ ‹وەک کانکەن، ئەندازیار یان خاوەنی کان›.

**معـدنکاری** / ma'dankārî, ma:dan-/: [عربی/ فارسی]/سم. کانکاری؛ کانەوانی؛ سەرجەم کار و باری دانەوە، دەرهێنان و کەلک وەرگرتن لە کاراک.

**معـدنی** / ma'danî, ma:danî/: [عربی] صفت. کانی؛ کانگەیی: ۱. کانزایی؛ لە کاندا بەرهەم هاتوو ‹فرآوردەهای معدنی: بەرهەمگەلی کانزایی› ۲. سەر بە کان ‹مادەی معدنی: ماکی کانی›.

▣ **آب معدنی** ☜ **آب**

**معـدود** / ma'dûd, ma:dûd/: [عربی] صفت. تاکوتووک؛ زۆر کەم؛ کەمژمار ‹معدودی فرار کردند: تاکوتووکێک هەلاتن›.

**معدوم** / ma'dûm/: [عربی] صفت. ۱. توونابوو؛ تەفروتوونا؛ تیاچوو؛ لەناوچوو؛ لەبەینچوو؛ فەوتاو ‹آن همه کتاب معدوم شد: ئەو هەمکە کتێبە تەفروتوونا بوون› ۲. ئێعدام کراو؛ تێدابراو؛ کوژراو ‹افسر معدوم: ئەفسەری ئێعدام کراو›.

**معـده** / me'de, me:de/: [عربی]/سم. گەدە؛ گەدگ؛ گەدک؛ گەدێ؛ گەیە؛ گرگ؛ ورگ؛ گیپاڵ؛ هوور؛ کرش؛ سیق؛ مەن؛ ئاشک؛ هۆلمان؛ ماعور؛ عوور؛ ئوور؛ عورگ؛ حورگ؛ مەعدە؛ کیسەی ماسولکەیی نێو کۆندامی هەرسەک، لە نێوان سورانچک و ڕیخۆڵەدا کە خۆراک دوای قووت دان دەڕژێتە ناوی.

**معدی** / me'dî/: [عربی] صفت. ورگی؛ گەدەیی؛ گەدگی؛ ئاشگی؛ هۆلمانی؛ سەر بە گەدە ‹بیماری معدی: نەخۆشی ورگی›.

**معذالک** / ma'zālek, ma:zālek/: [عربی] حرف. بەم حالەشەوە؛ بەو حالەش؛ هێشتایچ؛ بەمەیشەوە؛ پینەیچەوە ‹معذالک بهتر است با او مشورتی بکنید: بەم حالەشەوە باشترە ڕاوێژێکی لەگەڵدا بکەن›: **معهذا؛ معذلک**

**معذب** / mo'azzab/: [عربی] صفت. ناڕەحەت؛ ئاراو ‹از شرکت در این گونه مجالس معذب می‌شود: لە بەشدار بوون لەم چەشنە کۆڕانەدا ناڕەحەت دەبێ›.

**معذرت** / ma'zerat, ma:zerat ، ـها/: [عربی]/سم. داوای لێبوواردن؛ مەعزەرەت؛ عوزر ‹از تأخیرم معذرت می‌خواهم: لە بەر دێر هاتنم داوای لێبووردن دەکەم›.

**معذرت‌خواهی** / ma'zeratxāhî, ma:zerat-/: [عربی/ فارسی]/سم. [گفتاری] داوای لێبووردوویی؛ عوزرخوازی؛ کاری داوای لێبووردن کردن.

**معذلک** / ma'zālek/: [عربی] ☜ **معذالک**

**معـذور** / ma'zûr, ma:zûr/: [عربی] صفت. ۱. بەعوزر ۲. بێدەسەلات؛ ناتەوان ‹بیمار معذور است: نەخۆش بێدەسەلانە› ۳. دۆخی ژن لە کاتی نەخۆشی مانگانەیدا.

**معذوریت** / ma'zûrîyyat, ma:zûrîyyat ، ـهـا/: [عربی]/سم. چۆنیەتی بەعوزر بوون.

**معراج** / me'rāc, me:rāc/: [عربی]/سم. میعراج: ۱. [اسلام] کار و ڕەوتی چوون بۆ ئاسمان و گەیشتنە لای خودا، بەتایبەت لەمەڕ پێغەمبەری ئیسلامەوە ۲. [کنایی] عوروج؛ ڕەوتی بەرز بوونەوە و هەڵچوون ۳. پلیکانە؛ پەیژە؛ سەرخەرە؛ ئامێر و هۆی هەڵچوون و سەرکەوتن.

**معرب** / mo'arrab/: [عربی] صفت. عەرەبیکراو ‹جرجان معرب گرگان است: جورجان عەرەبیکراوی گورگانە›.

**معرب** / mo'rab/: [عربی] صفت. مووفرکدار؛ بە سەرە و ژێرە و بۆرە.

**معرض** / ma'raz, ma:raz/: [عربی]/سم. پێشانگە؛ پیشانگە؛ ڕانگە؛ بەرچاو؛ نمایشگا؛ جێگەی ڕانان.

▣ **به معرض چیزی گذاشتن**: وە بەر شتێ ڕانان؛

وەبەر شتێ نان؛ وە بەر شتێ خستن ‹خانە را بە معرض فروش گذاشتیم: مالەکەمان دانا بۆ فرۆش›.

**در معرض چیزی بودن: خەریک شتێ بوون؛ لە بەر کارتێکەری شتێکا بوون** ‹خانە در معرض ویرانی است: مالەکە خەریکە بروخێ›.

**در معرض چیزی قرار دادن: وە بەر شتێ خستن؛ خستنە بەر شتێ** ‹خود را در معرض خطر قرار داد: خۆی خستە بەر مەترسی›: **در معرض چیزی گذاشتن**

**در معرض چیزی قرار گرفتن: کەوتنە بەر شتێ** ‹با آغاز جنگ شهرهای کشور در معرض حملەی دشمن قرار گرفت: بە دەسپێکردنی شەڕ شارەکانی ولات کەوتنە بەر هێرشی دژمن›: **در معرض چیزی واقع شدن**

**در معرض چیزی گذاشتن** ☜ **در معرض چیزی قرار دادن**

**در معرض چیزی واقع شدن** ☜ **در معرض چیزی قرار گرفتن**

**معرف** / mo'arref / ـها/: [عربی]/سم. شناس؛ بناس؛ ناسێنەر: ۱. /ـان؛ ـین/ ئەوەی کەسێک دەناسێت و دەتوانێ سەبارەت بەو زانیاری بدا ‹دو نفر معرف معرفی کنید!: دوو شناس ناو بەرن!› ۲. *[ئیمی]* ناسێنە؛ ئەندیکاتور؛ ماکێکی کیمیایی کە بە پای ڕەنگیدا هەبوون یان نەبوونی ماکی‌تر دەردەخا ۳. *[منطق]* شتێکی ئاشکرا و بێقسە کە دەبێتە هۆی دەرکەوتنی شتێکی نادیار.

**معرفت** / ma'refat, ma:refat ، ـها؛ معارف/: [عربی]/سم. ۱. ناسیاری؛ بار و دۆخ یان چۆنیەتی ناسینی شتێ بە هوی ئاشنا بوونی لە ڕێگەی ئەزموون یان پێوەندیەوە ۲. زانست؛ بەرهەمی ئەم جۆرە ناسینە ۳. زانست؛ سەردەرچوویی لە زانست، فەن یان هونەرێک ٤. زانست؛ بەرهەمی ئەم ئاشنایەتیە ۵. ناسیاری؛ زانیاری؛ دۆخ یان چۆناوچۆنی تێگەیشتن لە ڕاستەقینە ‹معرفت علمی؛ معرفت شهودی: ناسیاری زانستی؛ زانیاری خویایی› ٦. ئاگاداری؛ زانیاری ۷. *[گفتاری]* ماریفەت؛ ئاشنایەتی لەگەڵ فەرهەنگی پەسەندکراوی کۆمەڵ و بە گوێرەی ئەوە جوولانەوە ‹اگر معرفت داشتی رفیقت را جا نمی‌گذاشتی: ئەگەر ماریفەتت هەبوایە هاوالەکەت بەجێ نەدەهێشت›.

**معرفت‌شناسی** / ma'refatšenāsî, ma:refat-/: [عربی/ فارسی] ☜ **شناخت‌شناسی**

**معرفه** / ma'refe/: [عربی] ☜ اسم معرفه، اسم

**معرفی** / mo'arrefî/: [عربی]/سم. کار و ڕەوتی ناساندن.

▣ **معرفی شدن**: ناسران؛ ناسیان؛ ئەژناسیەی ‹امروز وزیران تازه به مجلس معرفی شدند: ئەمڕۆ وەزیرانی نوێ بە پارلەمان ناسران›.

**معرفی کردن**: ناساندن؛ پێناساندن؛ پێناسین ‹خواهشمند است خودتان را معرفی کنید: داوا دەکەین خۆتان بناسێنن›.

**معرفی‌نامه** / mo'arrefînāme ، ـها/: [عربی/ فارسی]/سم. پێناسنامە؛ نووسراوەیەکی ڕەسمی کە شایەدی لە سەر کەسایەتی، لێهاتوویی یان ڕاسپێراوی کەسێ دەدا.

**معرق** / mo'arreq ، ـها/: [عربی] صفت. ئارەقپێکەر؛ ئارەقدەردەر؛ بە تایبەتمەندی ئارەق پێ دەردانەوە.

**معرقکاری** / mo'arraqkārî/: [عربی/ فارسی]/سم. موعەڕەقکاری: ۱. کار و ڕەوتی تاشین و پێکەوە نانی تیکەی چێو یان کاشی بۆ داهێنانی نەخشێکی جوان ۲. /ـها/ نەخشێ کە لەو کارە بەرهەم دێت.

**معرکه**[1] / ma'reke, ma'rake, ma:reke ، ـها/: [عربی]/سم. ۱. شەڕگە؛ شەڕگا؛ هێل؛ حەچەڵ؛ مارەکە؛ گوڕەپانی شەڕ و لێکدان ۲. مەعرەکە؛ شانۆی سیرکئاسای ناوگەڕەکان (وەک مار گرتن و زۆرەزمێ و...) ۳. مەعرەکە؛ شوێنی بەڕێوە

www.perawipepwle.com



چوونی ئەو شانۆیانە ٤. شوێنی جەنجاڵ و جێی مەترسی.

▣ **معرکە گرفتن:** مەعرەکە خستنە ڕێ؛ شانۆی وەکوو سیرک بەڕێوە بردن لە ناو کووچە و کۆڵانان.

**وارد معرکە شدن** ☜ **وارد**

**معرکە**[۲]: *صفت. [گفتاری]* سەیر؛ سەمەرە.

▣ **معرکە کردن:** کاری سەیر و سەمەرەکردن.

**معرکەگیری** / ma'rekegîrî, ma'rake-, ma:reke- ـها/: [عربی/فارسی]/سم. کار و ڕەوتی مەعرەکە خستنە ڕێ. هەروەها: **معرکەگیر**

**معروض** / ma'rûz/: [عربی] صفت. ڕانراو؛ پیشاندراو؛ ڕۆنراو؛ ڕۆکراو؛ ئرمانیا؛ وە بەر چاو خراو.

▣ **معروض داشتن:** ۱. *[نامتداول]* ڕانان؛ پێشاندان؛ ڕۆنان؛ ئرمانەی ۲. پێشکەش کردن؛ گوتن؛ وتن ‹گزارش آن را به ترتیب زیر معروض می‌دارد: گوزارشەکەی بەم شێوە پێشکەش دەکرێ›.

**معروف**/ ma'rûf/: [عربی] صفت. ناسراو؛ ئەژناسیا: ۱. ناسیاو ‹این خیابان معروف است، از هر کسی بپرسی نشانت می‌دهند: ئەم شەقامە ناسراوە لە هەر کەس بپرسی نیشانت ئەدا› ۲. بەناوبانگ؛ ناودار؛ دەنگین؛ ناوبەدەر؛ بەرزەناو؛ سەرناس ‹نویسندەی معروف: نووسەری بەناوبانگ›. هەروها: **معروف بودن؛ معروف شدن؛ معروف کردن**

**معروفە** / ma'rûfe ، ـها/: [عربی]/سم. ژنی داوێنپیس کە تێکەڵی دەوڵەمەندان دەبێ.

**معروفیت** / ma'rûfîyyat/: [عربی]/سم. ۱. بەناوبانگی؛ ناسیاوی؛ ناوداری؛ ناوبەدەری؛ ناسراوی؛ سەرناسی ‹دلیل معروفیت او چیست؟: هۆی بەناوبانگی ئەو لە چیدایە؟› ۲. /ـها/ ناوبانگ؛ دەنگان؛ دەنگ ‹خیلی معروفیت پیدا کرد: ناوبانگێکی زۆری داخست›.

**معزز** / mo'azzaz/: [عربی] صفت. خۆشەویست؛ ئازیز.

**معزول** / ma'zûl/: [عربی] صفت. (لە کار) لابراو؛ لەکارلادراو؛ لەکارکریاگ؛ دەرکراو؛ کاربەدەستی وەلانراو ‹مدیر معزول: بەرپرسی لابراو›.

**معسر** / mo'ser ، ـان؛ ـین/: [عربی] صفت. هەژار؛ نەدار؛ دەستەنگ؛ بەلەنگاز؛ فەقیر.

**معشوق** / ma'šûq ، ـها/: [عربی]/سم. گراوی؛ خۆشەویست: ۱. پیاوێ کە ژنێک خۆشی ئەوێ ۲. دڵبەر؛ دڵدایی؛ ژنێ کە پیاوێ عاشقیەتی.

**معشوقە** / ma'šûqe ، ـها؛ ـگان/: [عربی]/سم. ۱. لەیل؛ گراوی؛ دڵبەر؛ دڵبەر؛ مەحبووب؛ خۆشەویست؛ یار؛ مەحبووبە؛ دڵبەند؛ دڵدایی؛ کچ یا ژنێ کە ئەویندارێ بن ۲. ماشقە؛ ماشکە؛ واشتا؛ مساوێ؛ دۆستی مێوینە؛ ژنێ کە وێڕای پیاوێ بێجگە مێردەکەی ئەویندارێ بکا.

**معصره** / me'sare/: [عربی]/سم. *[ادبی]* هێسل؛ گوشینگە؛ جێگەی ترێ گووشین.

**معصوم**[۱] / ma'sûm ، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی]/سم. *[شیعه]* پێغەمبەر، فاتمی کچی و دوازدە ئیمام.

**معصوم**[۲]: *صفت.* پاک؛ پاک و پوار؛ مەعسووم؛ بەهرەمەند لە پاکی بە هۆی دوورگرتن لە گوناه .

**معصومانه**[۱] / ma'sûmâne/: [عربی/ فارسی] صفت. پاک؛ بێگوناهانە؛ وەک مەعسووم ‹قیافەی معصومانەای داشت: سیمایەکی پاکی بوو›.

**معصومانه**[۲]: *قید.* ڕاست و پاک؛ بێگوناهانە ‹معصومانه گفت من برداشتم: ڕاست و پاک گوتی من هەڵمگرت›.

**معصومیت** / ma'sûmîyyat ، ـها/: [عربی]/سم. بێگوناهی؛ پاکی؛ بێتاوانی ‹معصومیت از سر تا پایش می‌بارید: بێگوناهی لە سەر تا پای ئەباری›.

**معصیت** / ma'siyat, ma:siyat ، ـها؛ معاصی/: [عربی]/سم. تاوان؛ گوناه ؛ سووچ.

**معضل** / mo'zal, mo:zal ، ـها؛ ـات/: [عربی]/سم. کۆسپ؛ گرفت؛ تەگەرە؛ بەلا؛ گیر ‹تأمین هزینەی بیمارستان برایمان معضل بزرگی شده بود: دابینی

خەرجی نەخۆشخانە ببوە گرفتێکی گەورە بۆمان›.

**معطـر** / mo'attar/: [عربـی] *صـفت.* بۆنخـۆش؛ عەتراژن.

**معطـل** / mo'attal, ma'tal/: [عربـی] *صـفت.* ۱. ماتڵ؛ مەحتـەڵ؛ دەسەوسـان؛ دەستەوسـان؛ دەستەوستان؛ بێکار بە هۆی نەبوونی ئـامرازەوە ‹ماشین نبـود و یـک سـاعت در خیابـان معطـل مانـدم: ماشین نەبوو، سەعاتێک لـە شـەقامدا مـاتل بـووم› ۲. ماتڵ؛ چاوەڕوان؛ چاوەنۆڕ؛ چاوەڕێ؛ چاڤـنێر؛ چەمەڕا ‹یک ساعت معطل ماشـین شـدم: سـەعاتێک چاوەروانـی ماشین بووم› ۳. داماو؛ تێداماو؛ تێماو؛ داماگ ‹در جـوابش معطـل مانـدەام: بـۆ وەڵامـی داماوم›.

**معطلی** / mo'attalî, ma'talî ، ـها/: [عربـی]*اسـم.* ۱. ماتڵـی؛ مەحتـەلی؛ تەمایـەری؛ چاڤـنێری ‹ببخشید که باعث معطلی شـما شـدم: ببـوورن بوومـە هۆی ماتڵیتان› ۲. دێرهـات؛ دواکـەوت؛ درەنـگ ‹خراب شدن ماشین و دوری راه باعث معطلی مـن شـد: خراپ بوونی ماشین و دووری ڕێگە بوو بە هۆی ئـەو دێرهاتـنەم›.

**معطـوف** / ma'tûf/: [عربـی] *صـفت. [ادبـی]* هەڵگەڕاوە؛ گەڕاوە؛ باداوە (بۆ لای شتێ).

▣ **معطوف بـه سـابقه بـودن:** هەڵـگەڕانەوە سـەر پێشینە؛ پێشینەدار بوون ‹عمـل او معطـوف بـه سابقه اسـت: کردەوەکـەی هەڵـدەگەڕێنەوە سـەر پێشینەی›.

**معطـوف کـردن:** بـڕین؛ ئـاوڕ لـێدانـەوە؛ لا لێ کردنەوە ‹همه توجهش را معطوف برادرش کرده بود: هەموو هۆش و بیری بڕیبووە براکەی›.

**معظم** / mo'azzam/: [عربی] *صفت.* مەزن؛ مـازن؛ گەورە؛ پایەبەرز.

**معظم** / mo'zam/: [عربی] *صفت.* بەشکۆ؛ گـەورە؛ شکۆدار ‹کاخ معظم: کۆشکی بەشکو›.

**معظـم‌لـه** / mo'azzamo(n)lah/: [عربـی] *ضـمیر.* بەڕێزیان؛ وان؛ ئەوان (لە کاتی ڕێز نان لە پیـاو بـە کار دێ) ‹معظم‌له فرمودند: بەڕێزیان فەرموویان›.

**معظم لها** / mo'azzamo(n)lahā/: [عربـی] *ضـمیر.* بەڕێزیان؛ مە زنیان؛ وان؛ ئەوان (لە کاتی ڕێزنیـان لە ژن بە کار دێ).

**معقد** / mo'aqqad/: [عربی] *صفت.* دژوار؛ ئاریشـە؛ پڕگرێ؛ سەخت.

**معقـول** / ma'qûl, ma:qûl/: [عربـی] *صـفت.* گونجاو: ۱. ژیـر؛ لـەبار؛ بـەڕێ و جـێ؛ بـەجێ؛ ئەوی ئاوەز پەسندی بکا ‹ کار معقـول؛ آدم معقـول: کاری گونجاو؛ مرۆڤی ژیر› ۲. /ـات/ ئەو چـەمک و باسانەی کە ئـاوەز لێـی تێدەگا (وەک چـەمکی فەلسەفی و بیرۆکەیی).

**معقـولات** / ma'qûlāt/: [عربـی]*اسـم.* ۱. *[فلسـفه]* ئەوی هەسـتی پـێ بکـرێ ۲. *[گفتـاری]* قسـە و باسی وا کە هەموو کەسێکی تێنەگا.

▣ **وارد معقولات شدن** ☜ وارد

**معکـوس** / ma'kûs/: [عربـی] *صـفت.* ئـاوەژوو؛ چەپەوانە؛ پێچەوانە؛ بەراوەژوو؛ بـەراوەژۆ؛ واژی؛ بەرواژی؛ بەراوەژی؛ تەرسە؛ چەواشـە؛ چوارشـی ‹تصـویر در آینـه معکـوس اسـت: وێنـه لـه ئاوێنـەدا پێچەوانەیە›.

**معلق**[1] / mo'allaq/: [عربی]*اسم.* تـۆمپز؛ مەلـەق؛ تەقلە؛ مەقولات؛ سـەرمەقولات؛ سـەرمەقوتانی؛ جڤلمبە؛ لە هەوادا هەڵسووڕان.

▣ **معلق زدن:** مەلەق لێدان؛ سەرمەقولات بردن؛ سـەرمەقولتان دان؛ سـەرمەقوتان پێکـەی؛ قلۆزان؛ محەللەق لێدان؛ تەقلە لێدان.

**معلـق**[2]: *صـفت.* ۱. تـۆمپز؛ ئـاوێزان؛ هەڵواسـراو؛ هەڵاوەسـرای؛ دولـویز؛ ئەڵـخ؛ هـادار؛ میـوەک؛ شـۆڕەوبووگ؛ شـندل؛ داهێنـدراو؛ بـەل؛ دوڕ؛ بەلەچـەک؛ دەنگلـەوێز؛ دارەلـووس؛ دارەلـۆز؛ داهـێلاو؛ ئالـۆچیا؛ دالـەقاو؛ دالـۆچکە؛ دەلالـەکۆچکێ ۲. *[مجـازی]* هەڵپەسـاردوو؛ هەڵپەسـاردە؛ هەڵپەسـێراو؛ هەڵپەسـارتە؛ بـۆ ماوەیێ بێکارکراو.

▣ **معلـق شـدن:** ۱. هەڵواسـران؛ شـۆڕەوکران؛ داهێڵـــران؛ ئەرەئاڵـــۆچیەی؛ داهێنـــدران ۲. *[مجـازی]* هەڵپەسـێران؛ بـــۆ ماوەیـــێ لەکارکران. هەروەها: **معلق کردن**

**معلـق گذاشـتن:** *[مجـازی]* هەڵپەسـاردن؛ بـۆ ماوەیەک داخستن.

**معلـق مانـدن:** ۱. ئـاوێزان مـان؛ داهێڵـران؛ بەڵەچەک مان؛ دالەقاو مان؛ دارەڵـووس مـان ۲. *[مجـازی]* بـــە داخـــراوی مانـــەوە؛ بـــە هەڵپەسێراوی مان.

**معلـم** / mo'allem / ـهـا؛ ـان؛ ـیـن/: [عربـی]/سـم. مامۆسـتا؛ مامۆسـا؛ فێرکـار؛ هەڤـۆتکار؛ سـەیدا؛ ڕاهـێن؛ هێنـدار؛ وانـەبێژ؛ دەرسـبێژ؛ هینکـار؛ هینکـەر؛ هێکـەر؛ هێکـار؛ هینـەر؛ ئـەو کەسـە خەریکی دەرس وتنەوە و ڕاهێنانە.

▣ **معلم خصوصی:** مامۆستای تایبەتی؛ سـەیدای تایبـــەتی؛ مامۆســـتایێ کـــە لـــە دەرەوەی قوتابخانە بە قوتابیانی دەرس دەڵێتەوە.

**معلم سرخانه:** مامۆسـتای سـەرماڵ؛ سـەیدای سەرماڵ؛ وانەبێژێ کە لە ماڵـی قوتابیەکەیـدا دەرسی پێ دەڵێتەوە.

**معلمه** / mo'alleme / ـهـا/: [عربی]/سـم. *[نامتـداول]* کچ یا ژنێ کە مامۆستا بێ.

**معلمی** / mo'allemî/: [عربـی]/سـم. مامۆسـتایی؛ مامۆسـایی؛ سـەیدایی؛ هێنـداری؛ هەڤـۆتکاری؛ وانـــەبێژی؛ فێرکـــاری؛ هێکـــاری؛ هینکـــاری؛ هینکـــەری ‹مـدتی هـم بـه معلمـی مشـغول بـود: ماوەیەکیش خەریک مامۆستایی بوو›.

**معلول**[1] / ma'lûl / ـهـا/: [عربی]/سـم. ۱. ـلـان؛ ـیـن/ نوقسـان؛ نقوسـتان؛ سـەقەت؛ سـەکەت؛ مفـڕۆ؛ کـــەمئەنـــدام (وەک کـوێر؛ کـەڕ؛ کـوچ؛ شـەل) ۲. بەرهۆ؛ بەرهەمی هۆ ‹از معلول می‌توان بـه علـت پی برد: لە بەرهۆوە دەکرێ هۆ بدۆزینەوە›.

**معلول**[2]: *صفت.* ۱. مفڕۆ؛ کەمئەنـدام؛ کەمەنـدام؛ بە یەک یان چەند ئەندامی لەکارتە یا ناتەواوەوە ‹معلـول جنگـی: کەمئەنـدامی شـەڕ› ۲. شـۆنهات؛ بەرهۆ؛ هۆدار؛ دارای هۆ ‹بسیاری از ناهنجاری‌هـای جامعـه معلـول فقـر اسـت: زۆرێ لـە ناتەباییـەکانی کۆمەڵگا شۆنهاتـی هەژاریە›.

**معلولیـت** / ma'lûlîyyat / ـهـا/: [عربـی]/سـم. مفڕۆیی؛ کەمئەنـدامی؛ کەمەنـدامی؛ بـار و دۆخ یان چۆنیەتی کەمئەندام بوون ‹بـه دلیـل معلولیـت قادر به انجام کار نیست: بە هۆی کەمەندامیەوە ناتوانێ کار بکا›.

**معلوم** / ma'lûm/: [عربی] *صفت.* ۱. دیار؛ ئاشکرا؛ ڕۆشن؛ زانراو؛ خویا؛ مالوم؛ زەق ‹معلـوم اسـت کـه نمی‌خواهی کار بکنی؛ تکلیف تو هم که معلوم شد: دیارە ناتـەوێ کـار بکـەی؛ ئـەرکی تـۆش ڕوشـن بـۆوە›

۲. ☜ فعل معلوم، **فعل**

▣ **معلوم شدن:** دەرکەوتن؛ ڕوون بوونەوە.

**معلوم کردن:** دەرخستن؛ ڕۆشن کردنەوە.

**معلـوم کسـی کـردن:** بـه کەسـێک فامانـدن؛ کەسێ تێگەیاندن.

**معلومـات** / ma'lûmāt/: [عربـی]/سـم. زانیـاری؛ سەرجەمی هەموو جۆرە ئاگادارییـەک بەتایبـەت ئـەوەی بـه خوێندنـەوە دەس کـەوتبێ ‹آرام معلومات خوبی داشت: ئارام زانیاری باشی هەبوو›.

**معلوم‌الحال** / ma'lûmolhāl / ـهـا؛ ـان/: [عربـی] *صفت.* ۱. به بار و دۆخی ناسراو و زۆرتر نالەبارەوە ۲. *[مجازی]* ناوزڕاو؛ بەدناو؛ نافنۆ؛ نامڤەت ‹عده‌ای معلوم‌الحال گردهم‌آیی دانشجویان را بـرهم زدنـد: بـرێ ناوزراو کۆبوونەوەی قوتابیانیان تێک دا›.

**معما** / mo'ammā / ـهـا/: [عربـی]/سـم. ۱. لەگـەز؛ لەغەز؛ لیچار؛ مەتـەل؛ چمـام؛ قـاف؛ پـەردەک؛ مەتەلـۆکە؛ مەتەلـۆک؛ مەتهەلـۆک؛ تشـتانۆک؛ چمامـک؛ بابـەت یـان گەلالـەیێ کـه وەک پرسـیارێک دەگـوترێ و بـەرپرس دەبـێ نـاوی شتێ، کەسێ یان بابەتێکی تێدا بدۆزێتـەوە، بـۆ هەلسـەنگاندنی هـۆش و وریـایی ۲. دۆخ یـان ڕووداوێک کە تێگەیشـتنی دژوارە ‹معمـای قتـل

جوان سنندجی: لەگەڵی کوژرانی لاوی سنەیی›.

**معمار** / me'mār ، ـها؛ ـان/: [عربی]/سم. نژیاروان؛ نژیارڤان؛ ئاڤاهی‌ساز: ۱. کەسێ کە گەلالەی خانووبەرە دەڕژێنێ و بۆ کردنەوەی سەرپەرستی دەکا ۲. بیناساز؛ کەسێ کە بە ئەزموونی خۆیەوە گەلالەی خانووبەرە دەڕێژێ و کارەکە بەڕێوە دەبا.

**معماری** / me'mārî/: [عربی]/سم. نژیارڤانی؛ نژیاروانی؛ ڕێکار یان هونەری گەلالە داڕشتن و کردنەوەی بینا، بەتایبەت ماڵ و خانووبەرە.

**معمر** / mo'ammar ، ـین/: [عربی] صفت. [ادبی] پیر؛ بەسالاچوو؛ دانساڵ؛ دان‌عومر؛ تەمەن‌درێژ؛ بە تەمەن ‹مرد معمری در آنجا بود: پیاوێکی بەسالاچووی لێ بوو›.

**معمم** / mo'ammam ، ـین/: [عربی] صفت. ۱. میزەر بە سەر؛ میزەرە لە سەر؛ سەر بە میزەرە؛ شاشک بەسەر؛ سەرپێچ بە سەر ۲. مەلا؛ خاوەن کار یان پلەی مەلایەتی.

**معمور** / ma'mûr/: [عربی] صفت. ئاوەدان؛ ئاوا؛ ئاڤا؛ قەوغا؛ ئاڤەدان؛ ئاوان.

**معمول** / ma'mûl, ma:mûl/: [عربی] صفت. ۱. بەڕێوەچوو؛ کراو ‹مطابق سنوات قبلی معمول شده است: بە گوێرەی سالانی پێشوو بەڕیوە چووە› ۲. باو؛ داب؛ دام و دەستوور؛ نەریت ‹معمول است که زمین‌ها را در پاییز شخم می‌زنند: وا باوە لە پاییزدا زەوی و زار دەکێڵن›.

**معمولاً** / ma'mûlan/: [عربی] قید. پتر؛ زۆرتر؛ فرەتر؛ زیاتر؛ بە شێوەی ئاسایی؛ لە دۆخی ئاسایی ‹معمولاً ناهار را در خانه می‌خورم، مگر کاری پیش بیاید: پتر لە ماڵەوە فراوین دەکەم، مەگین کارێ بێتە ڕێم›.

**معمولی** / ma'mûlî, ma:mûlî ، ـها/: [عربی] صفت. ئاسایی: ۱. بە بار و دۆخ یان چۆنیەتیەکەوە کە باوە ‹در همان وقت معمولی آمدم: هەر لە کاتی ئاساییدا هاتم› ۲. ڕەمەکی؛ بەبێ سەرتری و هەڤیازی ‹لباس معمولی؛ قیافەی معمولی: جلی ڕەمەکی؛ دەموچاوی ئاسایی› ۳. وەک خۆی؛ وەک بووە؛ لەسەر دەقی خۆی ‹همه چیز معمولی است: هەموو شتێک ئاساییە›.

**معنا** / ma'nā/: [عربی] ☜ **مَعنی**

**معناً** / ma'nan/: [عربی] قید. ۱. بە مانا؛ لە باری ماناوە ۲. لە باری مەعنەویەوە.

**معنادار** / ma'nādār/: [عربی/ فارسی] ☜ **معنی‌دار**

**معناشناسی** / ma'nāšenāsî/: [عربی/ فارسی] ☜ **معنی‌شناسی**

**معنایی** / ma'nāyî/: [عربی] صفت. مانایی؛ واتایی؛ گوزارەیی؛ هاوگەر یا سەر بە مانا ‹اختلاف معنایی: جیاوازی مانایی›.

**معنوی** / ma'navî/: [عربی] صفت. [ادبی] ۱. مەعنەوی؛ سەر بە ئاوەز، بیر، هەست ‹فعالیت معنوی: چالاکی مەعنەوی› ۲. مەعنەوی؛ سەر بە هەرچی باری ماکی تێدا نەبێ ‹کمک معنوی: یارمەتی مەعنەوی› ۳. مانایی؛ واتایی؛ گوزارەیی؛ سەر بە مانای وشە.

**معنویات** / ma'navîyyāt/: [عربی]/سم. ۱. سەرجەمی بەرهەمەکانی ئاوەز و بیر و هەست ۲. سەرجەمی ئەوانەی بایەخ و وەجی غەیرە ماکییان هەیە.

**معنویت** / ma'navîyyat ، ـها/: [عربی]/سم. ۱. بەرهەمی بیر و ئەندێشە ۲. بەستراو بە بار و دۆخی غەیرە ماکیەوە.

**معنی** / ma'nî ، ـها/: [عربی]/سم. مانا؛ مانێ؛ مەبەست: ۱. /معانی/ کار و ڕەوتی ڕوون کردنەوەی وشە یان ساڕستەیەک بە یارمەتی وشە و ڕستەگەلی زمانێک ‹این شعر را معنی کنید!: مانای ئەم شیعرە لێکدەنەوە!› ۲. ئەو چەمکە وا لە وشە یان زاراوەیێ تێدەگەین ‹معنی حقیقی؛ معنی اصطلاحی: مانای ڕاستەقینە؛ مانای زاراوەیی› ۳. نیاز؛ واز ‹معنی این کار چیست: نیاز لە ئەم کارە

چیه› ٤. مەبەستی گرینگ و بەتایبەت شاراوە لە شتێکدا ‹ایـن حـرفش خیلـی معنـی داشـت: ئـەم قسەیە زۆری مانا هەبوو› * **معنا**

▣ **معنی اصطلاحی:** مانای زاراوەیی؛ ئـەو مانایـە کە بۆ هەمووان یەکێک نیە (وەک «چنین» کە لای جووتیـار مانایـەکی هەیـە و بـۆ پیـتچن مانایەکی‌تر).

**معنـی حقیقـی:** مانـای ڕاسـتەقینە؛ واتـای ڕاستەکی؛ مانایێ کە لە پلەی یەکەمدا بە بـیر و ئاوەزدا دێ و سـەر بـە شـتێکی راسـتەکیە ‹معنی حقیقی نان همان مادەی خوراکی است: واتای ڕاستەکی نان هەر ئەو ماکە خۆراکیەیە›.

**معنی مجازی:** مانای خوازمانی؛ ئەو مانایە کـە بێجگە لە مانای ڕاستەقینەی خۆی بە کار دێ ‹معنی مجازی نان غذا است و نه یک مادەی خوراکی

**معین:** مانای خوازمانی نـان بژیـوە و نـە مـاکێکی خۆراکی تایبەت›.

**به معنی اخص:** بە مانای تایبەت ‹آزادی به معنی اخص عبارتست از...: ئـازادی بـە مانـای تایبـەت بریتیە لە...›.

▣ **معنی کردن:** مانا کردن/ کردنەوە؛ مانا لێدان/ لێدانەوە؛ واتا لێدان.

**معنـی‌دار** / ma'nîdār/: [عربـی/ فارسـی] *صـفت.* مانادار: ۱. بـە مانـا ‹یـک واژەی معنـی‌دار بگوییـد: وشـەیەکی مانـادار بێـژن› ۲. بـە گرینگـی یـان چۆنیەتیەکی تایبەتەوە ‹خندەاش معنـی‌دار بـود و از خشم و حسد پنهانش حکایت مـی‌کـرد: پێکەنینەکـەی مانـادار بـوو، تـووڕەیی و چـاوچنۆکی شـاراوەی دەردەبڕێ› * **معنادار**

**معنی‌شناسی** / ma'nîšenāsî/: [عربی/ فارسی]/*سم. [زبـان‌شناسـی]* ماناناسـی: ۱. کـار و ڕەوتی تۆژینەوەی مێژوویی و دەروننناسانە و ڕیزبەنـدی گۆڕانکاریگـەل و گرینگـی وشـە وەک هۆکـاری پـەرە سـاندن و پێشـکەوتی زمانناسـی ۲. سیمانتیک؛ لێکۆڵینەوە لەمەڕ پێوەندی نێوان نیشـانە و دروشمـی زمانگـەلی سروشـتی و داهێنراو لەگەڵ واتا و کارکردیاندا * **معناشناسی**

**معوج** / mo'vac/: [عربی] *صفت.* گێـڕ؛ گێـڕیاگ؛ گێڕیاو؛ لار؛ خوار و خێچ؛ خێچ، بەتایبەت بە پێچ و قەمچێ ناڕێکەوە.

**معوق** / mo'avvaq/: [عربـی] *صفت.* دواکـەوتوو؛ دواخراو.

▣ **معوق گذاشتن:** پاش خستن؛ خسـتنە دواوە؛ دواخستن.

**معوق مانـدن:** دواخـران؛ دواکـەوتن؛ کەوتنـە دواوە.

**معهـذا** / ma'hāzā, ma:hāzā/: [عربـی] ☜ **مَعذالِک**

**معهـود** / ma'hûd/: [عربـی] *صـفت.* ۱. دانـراو؛ داندراو ۲. باو؛ بڕیاردراو.

**معیـار** / me'yār, me:yār ، ـها/: [عربـی]/*سم.* سـەنگ: ۱. پێـوەر؛ پێومـان؛ ئـەوی بـۆ هەڵسەنگاندن و بەراوردی بایی یـان لێهـاتوویی شتێک لەگەڵ شتێکی‌تردا بە کار دەچـێ ‹معیـار خوبی و بدی؛ معیار درستی و نادرستی؛ معیـار کوشـش: پێـوەری باشـی و خـراوی؛ سـەنگی دروسـتی و نادروسـتی؛ پیومانـی تێکۆشـان› ۲. ئـامێرێ بـۆ هەڵسـەنگاندنی پلـەی بێخەوشـی کـانزا ۳. *[گفتاری]* سەرمەشق؛ نموونە.

**معیـت** / ma'îyyat/: [عربـی]/*سـم.* هاوڕێیـێ؛ هاوڕایی؛ هاڤڕێیی؛ هەڤڕێکی؛ ئامڕایی.

▣ **در معیت کسی:** لەگەڵ کەسێک؛ لە خزمـەت کەسێ؛ (لە) تەک کەسێ؛ لێل کەسێکا؛ چنی/ چەنی یۆی؛ وێـڕای کەسـێک ‹در معیـت پـدرم رفتیم و خرید کردیم: لەگەڵ بابم ڕۆشتین و شتمان کڕی›.

**معیشت** / ma'îšat/: [عربی]/*سم.* ۱. ژیـوار؛ ئـەوی پێ دەژین ۲. ژیان.

**معیل** / mo'îl ، ـها؛ ـان/: [عربـی] *صفت.* خێزانبـار؛ خێزاندار.

www.perawipepwle.com


**معین** / mo'ayyan/: [عربی] *صفت.* دیاریکراو؛ شینبەر؛ دیارکری؛ دانراو؛ دەسنیشانکراو ‹در وقت معین حاضر شدیم؛ در جای معین قرار داده شد: لە کاتی دیارکراودا هاتین؛ لە شوێنی دەسنیشانکراودا دانرا›. هەروەها: **معین بودن؛ معین شدن؛ معین کردن**

**معین** / mo'în/: [عربی]*/سم.* ۱. */ادبی/* یاریدەر؛ یاریدە؛ کۆمەک؛ هاریکار؛ یارمەتیدەر؛ یار؛ یاوەر؛ یاریکار؛ ئاریکار ۲. */قدیمی/* بەردەست؛ دەسیار؛ دەستیار ۳. ☜ فعل معین، **فعل**

**معیوب** / ma'yûb ، ـها/: [عربی] *صفت.* سەقەت؛ گۆسپە؛ عەیبدار؛ عەیبار؛ زەدە؛ زەدەدار؛ هاجرتی ‹یک چشمش معیوب است: چاوێکی سەقەتە›.

**مغ** / moq ، ـها؛ ـان/: *اسم. [قدیمی]* موغ؛ ئەندامی گرۆیەکی دینی لە ئێرانی کەوناردا (تێبینی: لەمەڕ موغ و چۆناوچۆنی پێوەندی لەگەڵ دینی زەردەشتدا قسە و باس زۆرە و یەک ناگرنەوە).

▣ **مگس پراندن:** *[کنایی]* مێش قەپاندن؛ مێش خەساندن؛ خیاوان گەزکردن؛ گون تەقاندن؛ پا لە پەیین دان؛ تەواو بێکار و بەتاڵ و قەتاڵ بوون ‹صبح تا شب نشسته‌ایم مگس می‌پرانیم: لە بەیانیەوە خەریکی مێش‌قەپاندنین›.

**مگس‌پران** / magasparān ، ـها/: *اسم.* بەرچاوکە؛ بەرچاوە؛ بەرچاویلە؛ بەرچاویلکە؛ دەسکردێکی ڕیشاڵ-ڕیشاڵ لە هەودای پەت و چەرم بۆ مێش دەرکردن لە سەر و چاوی چارەوا.

**مگسک** / magasak ، ـها/: *اسم.* نگ؛ برج؛ سیپە؛ سێرە؛ سەهرک؛ سەبەتانە؛ جاسووسە؛ مەگەسەک؛ زیچکەی سەر لوولەی تفەنگ و شەستیر بۆ نیشانەگرتن.

**مگس‌کش** / magaskoš ، ـها/: *اسم.* مێش‌کوژ؛ مەگەزکوژ؛ مەشکوش؛ کەرستەیەک بۆ لێدان و کوشتنی مێرووی بالدار، بەتایبەت مێش.

**مگس‌گیر** / magasgîr/: *اسم.* ١. ـها؛ ـان/ هەنگەچین؛ هەنگەچنە؛ هەنگەخۆرکە؛ هەنگەخۆرە؛ تیرەیێ پەلەوەری گچکە و پتر دارژی بە دەنووکی تەخت و بنپان و لەشی ڕاستەوە کە بەتەنێ دەژین و نێر و مایان وەک یەک نیە: **مرغ مگس‌گیر؛ مرغ زرین‌پر** ٢. هەنگەچنە؛ هەنگەچینە؛ مێشگر؛ تەلەی مێش؛ مێشگرە؛ گیایێکی دەشتەکی بە گوڵی سپی یان سوورەوە، مێرووی وردی بالدار بە سەریەوە دەنیشن، گەلاکەی لینجاوێکی چەسپن دەر دەدا و دەیانگرێ و دەیانخوا.

**مگس‌وزن** / magasvazn/: [فارسی/ عربی]/*اسم.* کێشێ لە ڕیزبەندی وەرزشی مشت‌بازیدا تا ٥١ کیلۆ.

**مگنت** / magnet/: [انگلیسی] ☜ **ماگنت**

**مگو** / magû/: *صفت. [گفتاری]* لە وتن نەهاتوو؛ نەوتنی ‹راز مگو: ڕازی لە وتن نەهاتوو›.

**مل** / mel/: *اسم.* مڵ؛ گەردی نەرم و سپی، تێکەڵاو لە گەچی پاریس و گەردی تالک کە بۆ سپی‌کردنەوە و ڕەنگ‌کاری مال، دروست‌کردنی میدادی گەچی و گەچی دروومان بەکار دێ.

**مل** / mol/: *اسم.* بادە؛ مەی بەتایبەت شەراو.

**ملا** / mollā/: [از عربی]/*اسم.* مەلا؛ مەلا: ١. ـها؛ ـان/ مامۆستای ئایینی، بەتایبەت مامۆستای موسڵمان ٢. *[مجازی]* میرزا؛ خوەنەوار؛ دەرس خوێندوو و سەوادار ٣. *[مخفف]* مەلانەسرەدین.

**ملأ** / 'mala/: [عربی]/*اسم.* پڕی؛ تژی؛ پەیتاوی؛ کەڵەکەیی. بەرانبەر: **خلأ**

▣ در ملأ عام: لە پێش چاوی خەڵکەوە؛ لە بەر چاوی گشت؛ دەنێو خەڵکیدا؛ لە نێوان حەشاماتدا ‹روزه‌خواری در ملاء عام؟!: ڕۆژوو خواردن لە پێش‌چاوی خەڵکەوە؟!›.

**ملائکه** / malā'eke ، ـها؛ ملایک/: [عربی]/*اسم. [گفتاری]* مەلایکە: ١. فریشتە؛ مەلایەکەت ٢. کۆمەڵی فریشتەگەل.

**ملات** / malāt/: [از عربی]/*اسم.* مەلات؛ مەلات؛ هەویری لە قوڕ، ساروج، سیمان و... بۆ پێکەوە لێکاندنی خشت و بەرد: **ملاط**

**ملاج** / malāc/: *اسم.* مەلاژ؛ مەلاژگ؛ مەلاشی؛ بۆڵی؛ شلکەی سەر؛ بەشی پێشەوەی کاپۆل لە

ژوور تەوێڵەوە تا تەپڵی سەر کە لە منداڵی ساوادا هێشتا نەگرساوە.

**مـلاح** / mallāh / ، ـهـا؛ ـان/: [عربـی]/سـم. ۱. مەلەوان؛ مەلیەوان ۲. زەریاوان؛ زرێوان.

**ملاحت** / malāhat/: [عربی]/سم. خوێن‌شیرینی؛ دڵڕفێنی (بۆ مرۆ، بەتایبەت کچ و ژن).

**ملاحظات** / molāhezāt/: [عربی]/سم. ۱. جمعِ ☜ **ملاحظه** ۲. تێبینی.

**ملاحظه** / molāheze ، ـها؛ ملاحظات/: [عربی]/سم. هەمەت: ۱. کار و ڕەوتی دیتن؛ بەردان؛ چاو لێ‌کردن ‹این را ملاحظه کنید: ئەمە ببینن› ۲. لێکدانەوە؛ وردکردنەوە؛ تۆژینەوە ۳. هۆش پێوە بوون؛ بایەخ دان؛ ئاوڕ لێ‌دانەوە ‹خیلی ملاحظه‌ی او را داشتند: زۆریان هۆش پێوە بوو› ٤. نیشانک؛ بابەتێ کە لە بڕیار یا داوەریەکدا گرینگە ‹در انتخاب او ملاحظه‌های حزبی خیلی مؤثر بود: لە هەڵبژاردنی ئەودا هەمەتی حیزبی زۆر کاریگەر بوو› ۵. پەروا؛ پارێز ‹آن روز بدون ملاحظه همه‌ی حرفهایم را زدم: ئەو ڕۆژە بەبێ پەروا قسەی دڵی خۆمم کرد›.

▣ **ملاحظه داشتن**: ۱. بەپارێز بوون ‹مثل اینکه از او ملاحظه داری: وا دیارە لێی بەپارێزی› ۲. لەبەرچاو بوون؛ لەپێش‌چاو گرتن ‹چرا ملاحظه‌ی بزرگتر را نداری؟: بۆ گەورەترت لەبەرچاو نیە› * **ملاحظه کردن ـ۵**

**ملاحظه کردن**: ۱. دیتن؛ دین؛ هێل‌کردن؛ چاو پێکەوتن؛ بەدی‌کردن ‹من چیزی ملاحظه نکردم: ئەمن شتێکم نەدی› ۲. لێکدانەوە؛ سەنگاندن ‹کتاب را به دقت ملاحظه کرد: کتێبەکەی بەوردی لێکداوە› ۳. تێفکرین؛ تێڕوانین؛ تێڕامان؛ بیرکردنەوە؛ لێکۆڵینەوە ‹خوب که ملاحظه کرد، دید کار او نیست: باش کە تێفکری، زانی کاری ئەو نیە› ٤. وریا بوون؛ خۆ پاراستن؛ هۆش هەبوون ‹کمی ملاحظه کن! نزدیک بود بیفتی: تۆزێ وریا بە! وەخت بو بکەوی›

۵. ☜ **ملاحظه داشتن**

**ملاحظه کار** / molāhezekār ، ـها؛ ـان/: [عربی/فارسی] *صفت*. پارێزکار: ۱. بەپارێز ۲. کارقایم؛ قایمکار؛ دوورگر لە مەترسی. هەروەها: **ملاحظه‌کاری**

**ملاحی** / mallāhî/: [عربی]/سم. مەلەوانی؛ زەریاوانی؛ کاری مەلەوان و زەریاوان.

**ملاخور** / mollāxor/: [از عربی/ فارسی] *صفت*. مەلاخۆر؛ داگیرکراو لە لایەن مەلاوە.

▣ **مُلاخور کردن**: شتێک بە فێڵ و تەڵەکە بەڵام بەبێ زۆر و شەڕ داگیرکردن.

**مُلاخور شدن**: ۱. بە نامەردی فەوتان ۲. هەرزان بوون.

**ملازم** / molāzem ، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی] *صفت*. هاوڕێ؛ هامڕا؛ وێڕا ‹هر دو ملازم یکدیگرند: هەر دووک هاوڕێی یەکن›.

**ملازمت** / molāzemat ، ـها/: [عربی]/سم. هاوڕێیی؛ هەڤاڵەتی؛ هامڕایی.

**ملازمه** / molāzeme/: [عربی]/سم. هاوڕێیەتی؛ هاوتەکی؛ دۆخی دوو یان چەند شت کە پێکەوە بەستراون.

**ملازه** / malāze ، ـها/: *اسم. [قدیمی]* بەڵەزمانە؛ بەڵەزوانە؛ ئەڵەنگە؛ ئەڵنگە؛ زمانۆک؛ زانک؛ زیل؛ زمانەچکۆڵە.

**ملاس** / malās/: [فرانسوی]/سم. ۱. شەربەتی خەست و قاوەیی چەوەندەر کە نابێتە بلۆر و لە ڕەوتی بەرهەم هێنانی قەندا بەرهەم دێت ۲. گلواتە؛ تەلفارەی چۆنەری قەن.

**ملاط** / malāt/: [عربی] ☜ **ملات**

**ملاطفت** / molātefat ، ـها/: [عربی]/سم. *[ادبی]* دڵۆڤانی؛ مێهرەوانی؛ بە ڕوحمی.

**ملافه** / malāfe ، ـها/: [از عربی]/سم. مەلافە؛ چەرچەف؛ سەرجێ؛ سەرجی؛ هویزار؛ ڕووە؛ پارچەی پان و نەرم بۆ سەر دۆشەکە یان ژێر پێخەف و پەتوو: **ملحفه**

www.perawipepwle.com



**ملاقات** / molāqāt ، ـها/: [عربی]/سم. دیدار؛ دیمانه؛ دیه‌نی؛ دیده‌نی؛ پێرگین؛ پەرگین؛ کار و ڕەوتی چاو پێکەوتن ‹امروز با رییس ملاقات کردم: ئەمڕۆ دەگەڵ سەرۆک دیدارم کرد›. هەروەها: **ملاقات داشتن؛ ملاقات شدن؛ ملاقات کردن؛ به ملاقات کسی رفتن**

**ملاقاتی** / molāqātî ، ـها/: [عربی]/سم. دیه‌نی‌کەر؛ کەسێ کە دەچێتە دیداری یەکێ‌تر‌ەوە (وەک نەخۆش یان بەندی) ‹امروز ملاقاتی نداشتم: ئیمڕۆ دیه‌نی‌کەرم نەو›.

**ملاقه** / malāqe ، ـها/: [از عربی]/سم. کەپچە؛ کەوچێز؛ کەوجێز؛ کەوجز؛ کەشتێلە؛ کشتێل؛ کوندەز؛ مەلاک؛ ئەسکوو؛ وسکی؛ هەسکە؛ هسکۆ؛ هەسکۆ؛ هەسکوێ؛ خەرشەب؛ قەلووخە؛ قولەغە؛ قەلووخ؛ ئەسکوێ؛ ئەسکو؛ چەمچک؛ چەمچە؛ چمچە؛ کاسۆڵەی دەسک‌درێژ بۆ ترا‌و گۆزتنەوە: **ملعقه**

**ملاک** / mallāk ، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی]/سم. مالک؛ خاوەن ملک (وەک زەوی و باخ).

**ملاک** / melāk ، ـها/: [عربی]/سم. پێومان؛ ئەو شتەی وەک بنەما بۆ داوەری یا نرخاندن ڕەچاو دەکرێ ‹ملاک گزینش دانشجو: پێومانی هەڵبژاردنی خوێندکار›.

**ملال** / malāl ، ـها/: [عربی]/سم. دڵتەنگی؛ دڵێشاوی؛ وەڕەزی؛ ئازراوی؛ شەکەتی؛ ماندوویی ‹از فرط ملال نزدیک به مرگ بودم: لە تاوی دڵتەنگیدا خەریک بوو بمرم›.

**ملال آور** / malālāvar/: [عربی/ فارسی] صفت. دڵتەنگ‌کەر؛ خەمهێنەر؛ خەمهێنەر؛ وەڕەزکەر؛ شەکەتی‌هێن.

**ملالت** / malālat ، ـها/: [عربی]/سم. دڵتەنگی؛ وەڕەزی؛ ئازراوی؛ پەشێوی.

**ملالت بار** / malālatbār/: [عربی/ فارسی] صفت. خەمهێنەر؛ دڵتەنگ‌کەر؛ هۆی دڵتەنگی زۆر.

**ملامت** / malāmat ، ـها/: [عربی]/سم. لۆمە؛ تانە؛ سەرکۆنە ‹بعد مرا ملامت می‌کنی که چرا نگفتی: دواجار لومەم دەکەی کە بۆچ نەتگوت›.

**ملامین** / melāmîn/: [فرانسوی]/سم. مەلامین؛ میلامین؛ ناوی جۆرێک پلاستیکی گەرماسەخت کە دەفر و کەل‌وپەلی ناومال و پیشەسازی لێ دروست دەکەن.

**ملانصرالدین** / mollānasreddîn/: [از عربی]/سم. مەلانەسرەدین؛ مەلانەسرەدین؛ کەسایەتی حەنەک‌ویژ و پێکەنینی نێو چیرۆکان.

**ملانقطی** / mollānoqatî ، ـها/: [از عربی]/سم. [گفتاری] ڕواڵەت‌بین؛ ئەو کەسەی گرینگی زۆرتر دەدا بە ڕێنووس و ڕواڵەتی وشە تا کاکڵە و ماناکەی.

**ملانکولی** / melānkolî/: [فرانسوی]/سم. [روان‌شناسی] ئەسپەک؛ ماخولیا؛ میلانخۆلی؛ ماخۆلان؛ نەخۆشی ماتەمینی وێڕای ترس و خەفەت.

**ملانین** / melānîn/: [فرانسوی]/سم. میلانین؛ ڕەنگدانەی ڕەش یان کەمکۆلی تۆخ کە لە قژ، پێست و پەردەی چاودا هەیە.

**ملایزقل** / mollāyazqal/: [از عربی/ ؟]/سم. ۱. جوو؛ جوولەکە؛ مووسایی ۲. ڕژد؛ چکووس؛ دەس‌قووجاو.

**ملایک** / malāyek/: [عربی] جمعِ ☜ **ملائکه**

**ملایم** / molāyem/: [عربی] صفت. نەرم؛ هێواش؛ هووک؛ هۆک؛ ئارام؛ هێدی؛ هێدیکا؛ شێنە؛ بێ‌تووندی، سەختی یان تەوژم ‹صدای ملایم: دەنگی نەرم›.

▣ **ملایم طبع**: نەرم و نیان.

**ملایمت** / molāyemat/: [عربی]/سم. نە رمی: ۱. ئارامی؛ هێدیکایی؛ سەوری؛ شێنەیی ‹با ملایمت دستی بر سر بچه کشید: بە ئارامی دەستێکی بە سەر منداڵەکەدا هێنا› ۲. /ـها/ نەرم و نیانی؛ لەسەرخۆیی ‹اگر ملایمت نشان بدهی کسی حرفت را گوش نمی‌کند: ئەگەر نەرم‌ونیانی بنوێنی کەس بە

قسەت ناکا› ۳. دڵۆڤانی؛ میهرەبانی.

**ملبس** / molabbas/: [عربی] *صفت.* به جل‌وبەرگ؛ پۆشەندار؛ به پۆشەن؛ پۆشراو؛ لیباس لە بەر؛ جل‌وبەرگ لە بەر ‹ ملبس بە لباس روحانیت: بە جل‌وبەرگی مەلایی›.

**ملبوس** / malbûs ، ـات/: [عربی]/*سم.* پۆشەن؛ پۆشاک؛ جل؛ بەرگ؛ لیباس؛ گنج؛ هنجگ؛ کنج؛ جل‌وبەرگ.

**ملت** / mellat ، ـها؛ ملل/: [عربی]/*سم.* گەل: ۱. نەتەوە؛ گەورەترین کۆمەڵگای مرۆڤ کە لە فەرهەنگ یان مێژوویەکی هاوبەشەوە سەر هەڵدەدەن ۲. جەماوەر؛ کۆمار؛ سەرجەمی کەسانی ولاتێک ۳. *[مجازی]* جەماوەر؛ پسات؛ کۆمرە؛ خەڵک؛ خەڵکی؛ ئاپۆرە؛ حەشامات؛ پرایی و کۆمای مەردم ‹ملت و دولت: گەل و دەولەت› ٤. *[گفتاری]* خەڵکی؛ خەڵک؛ مەردم ‹ملت داشتند نگاه می‌کردند: خەڵکی تەمەشایان دەکرد›.

**ملتحمه** / moltaheme/: [عربی]/*سم.* لکێنە؛ کاژی ناسک و ڕوونی دیوی ناوەوەی پێڵوو کە سەر گلێنەی چاویش داپۆشێ.

**ملتزم** / moltazam ، ان؛ ـین/: [عربی]/*سم.* پێبەند؛ پابەن؛ دەربەست؛ دەروەن؛ بەڵێندار ‹او را ملتزم کردند از شهر خاج نشود: پێبەندیان کرد لە شار نەچێتە دەر›.

**ملتزم** / moltazem ، ان؛ ـین/: [عربی]/*سم.* هاوڕێ؛ هامڕا (زۆرتر لەگەڵ ناوداراندا) ‹او هم ملتزم رکاب پادشاه بود: ئەویش هاوڕێی شا بوو›.

▣ **ملتزم رکاب**: هاوڕێ؛ هامڕا؛ کەسێ کە وێڕای کەسایەتیەک سەفەر دەکا.

**ملتفت** / moltafet/: [عربی] *صفت.* تێگەیشتوو؛ هاگا؛ ئاگا ‹آخر هم ملتفت نشد چه می‌گویم: ئاخریش تێنەگەیشت چی دەڵێم›.

**ملتهب** / moltaheb/: [عربی] *صفت.* ۱. هەڵایساو؛ هەڵمساو؛ پەنەماو؛ هەڵماسیو؛ ئاوساو؛ هەوکردوو ‹گلویم کمی ملتهب است: قوڕگم تۆزێ هەڵایساوە› ۲. *[مجازی]* هەڵگرساو؛ هەڵگراو؛ گرگرتوو؛ گرگرتی ‹با حالتی ملتهب خودش را به من رساند: بە هەڵگرساوی خۆی پێ گەیاندم›.

**ملجأ** / 'malca ، ـها/: [عربی]/*سم.* پەناگا؛ پەناوا؛ سامە؛ پەنا؛ لیز؛ لیزگە؛ چراخ؛ چەپاڵە؛ حەشارگە؛ پەنامگە؛ دالدە؛ هەڤانگە؛ جێ‌پەنا؛ پەسارگە؛ جێ‌حەوانەوە.

**ملچ ـ مولوچ** / malačmûlûč, -molûč/: *صوت.* ۱. مەلچەمەلچ؛ ملچەملچ؛ دەنگی لێکدانی زمان و مەلاشوو ۲. ماچ و موچ.

**ملح** / melh ، املاح/: [عربی]/*سم.* خوێ؛ خوا؛ مەکی؛ نمەک.

**ملحد** / molhed ، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی] *صفت.* ۱. خوانەناس؛ خودانەژناس ۲. بێدین؛ لامەزهب.

**ملحفه** / malhafe/: [عربی] ☜ **ملافه**

**ملحق** / molhaq(q)/: [عربی] *صفت.* پێوەست؛ پاشکۆ؛ لکاو به دیتریەوە.

▣ **ملحق شدن**: وێڕا کەوتن؛ یەک گرتن؛ یەک گرتنەوە؛ یۆ وەگێرتەی؛ کەوتنە یەک؛ وێکهاتن؛ پێکهاتن ‹رفت و به دوستانش ملحق شد: ڕۆیشت و وێڕای هاوالانی کەوت›. هەروەها: **ملحق کردن**

**ملحقات** / molhaqqāt/: [عربی]/*سم.* پاشکۆوان؛ پەیوستگەل.

**ملخ** / malax ، ـها/: *سم.* ۱. کوللە؛ کولۆ؛ کلۆ؛ کولە؛ کللۆ؛ کوللۆ؛ کولی؛ کولەهە؛ کوسک؛ کووسک؛ مەلەکوڕ؛ مەلە؛ ملۆ؛ مەلیە؛ مێرووییەکی باریکی سەر و چاو گەورەی شاخەک کورت به دوو جووت باڵ و دوو پێی دریژەوە کە پێی هەڵدەبەزێ ۲. ☜ **پروانه ـ۳**

▣ **ملخ بالدار**: کولەی باڵدار؛ جۆرێ کولە کە نەخۆشی تاعوونی لێ دەبێتەوە.

**ملخ بی‌بال**: کوللەی بێباڵ؛ جۆرێ کوللە کە

ئافەتی خەلەبە.

**ملـخ پابلنـد:** سیسـرە؛ سیسـرک؛ شێرشـێرە؛ زیرزیرە؛ مەشکەدڕ؛ جـۆرێ کولـەی کەسـکی باڵتەسکە بە شاخەکی بەرز و لاقـی درێـژەوە بۆ بازدان، کە پتر شەوانە دەکەوێتە جوولـە و نێرەکەی بە شەو سیرەی دێ.

**ملزم** / molzam/: [عربی] *صفت.* ناچار؛ مـەجبوور؛ نـاعیلاج؛ لەسـەرکراو ‹متخلف ملـزم بـە پرداخـت خسارت شد: هەڵەکار ناچار کرا تاوان بدا›.

**ملـــزوم** / malzûm، ـات/: [عربـــی] صـــفت. پێداویست؛ پێکهێنـەری ویسـت ‹نویسـندە و قلـم لازم و ملزوم هستند: نووسـەر و پێنـووس پێویسـت و پێداویستـن›.

**ملزومات** / malzûmāt/: [عربی]/سم. پێداویستی؛ ئەو شتانەی بۆ بەڕێوە چوونی کارێک پێویستن.

**ملس** / malas/: *صفت. [گفتـاری]* مـزر؛ مەلـەس؛ مێخۆش؛ مەیخۆش: ۱. ترش و شیرین پێکـەوە ۲. خۆش؛ دڵخواز؛ بەردڵ.

**ملســی** / malasî/: /سـم. مـــزری؛ مەلەســی؛ مێخۆشـی؛ مەیخۆشـی: ۱. دۆخ یـان چۆنیـەتی مزر بوون ۲. تامی نێوان ترشی و شیرینی.

**ملعبه** / mal'abe/: [عربـی]/سـم. *[ادبـی]* گـەپجارِ؛ گەمە؛ کایـە ‹نمـی‌خـواهم ملعبـەی دسـت ایـن و آن بشوی: نامەوێ ببیتە گەپجارِی خەڵک›.

**ملعقه** / mal'aqe/: [عربی] ☜ **ملاقه**

**ملعـــون** / mal'ûn، ـها؛ ـان/: [عربـــی] صـــفت. تووکـڵێکـراو؛ نفرەڵـێکـراو؛ مـەلعوون ‹آن مـرد ملعـون مـی‌خواسـت شـما را فریـب بدهـد: ئـەو پیـاوە تووکـڵێکراوە دەیهەویست فریوتان بدا›.

**ملغمـــه** / malqame/: [عربـــی]/سـم. مەلـغەمە؛ ئالیاژی جیوە و کانزایەکی‌تـر کـە دەکـرێ ڕەق یان نەرم بێ: **ملقمه**

▣ **ملغمەی طلا:** مەلغەمەی زێڕ؛ زێڕی سروشتی بە ٦٠٪ جیوەوە.

▣ **ملغمـه کـردن:** مەلـغەمەکردن؛ پێکهێنـانی ئالیاژی کانزایەک لەگەڵ جیوەدا.

**ملغی** / molqā/: [عربی] *صفت.* هەڵوەشاوە؛ بەتاڵ؛ بەتاڵ کـراو؛ بەتاڵـەوکراو؛ بەتاڵـەوبووگ ‹قـرارداد ملغی: بەڵێنی هەڵوەشاوە›.

**ملفوظ** / malfûz/: [عربی] *صفت.* بێژراو؛ بێژەکراو؛ دەربڕاو.

**ملقب** / molaqqab/: [عربی] *صفت.* ناسـراو ‹سـید محمد امین شیخ‌السلامی مکری ملقب به هیمن: سـەید محەمەد ئەمین شێخەلیسسلامی موکری ناسراو بـە هێمن›.

**ملقلق** / molaqlaq/: [عربی] *صفت.* تەقوڕەق؛ بـە گرێ و گۆڵ؛ دژوار ‹یک مشت کلمات ملقلق سـرهم کرده: بڕێک وشەی تەقوڕەقی پێز کردووە›.

**ملقمه** / malqame/: [عربی] ☜ **ملغمه**

**ملک** / malek، ملوک/: [عربی]/سم. *[ادبی]* مەلیک؛ پادشا؛ پاشا؛ پاڵشا.

**ملک** / melk، ـهـا؛ املاک/: [عربـی]/سـم. ملـک: ۱. زەمینی تایبەتی (وەک مەزرا، باخ یـان مـاڵ) ‹بیش از صد هکتار ملک داشت: زۆرتر لە سەد هیکتار ملکی هەبوو› ۲. *[حقوق]* ئەوەی خاوەنی هەبێ.

▣ **ملک طلق:** ملکی شەش‌دانگ؛ ملکێ کـە بـە تەواوی هی کەسێک بێ.

**ملک مشاع:** ملکی بەشدار/ هاوبەش؛ ملکێ کە دوو یان چەن خاوەنی هەبێ.

**ملک** / molk، ـهـا؛ ممالـک/: [عربـی]/سـم. *[ادبـی]* وڵات؛ وەلات؛ مەملەکەت.

**ملکات** / malekāt/: [عربی] جمع ☜ **ملکه**

**ملکـداری** / melkdārî/: [عربـی/ فارسـی]/سـم. مالکی؛ دۆخـی خـاوەن بـوونی زەوی و بـەڕێوە بردنی کار و باری کشتوکاڵ.

**ملکـوت** / malakût/: [عربـی]/سـم. جـەهانی پەریان؛ دنیای بـاڵا؛ عاڵـەمی سـەروو؛ جیهـانی ئاسمانی.

**ملکوتی** / malakûtî/: [عربی] *صفت.* ۱. ئاسمانی؛ سەر بە دنیای نەدیار ۲. *[مجازی]* پـاک؛ خـاوێن؛

بێ‌گەرد.

**ملکول** / molekûl ، ـها/: [فرانسوی]/سم. *[شیمی]* مولوکوول؛ بچووکترین وردیله‌ی تەنێکی ساکار یان تێکەڵ، کە هەموو تایبەتمەندیەکانی ئەو تەنەی تێدابێ: **مولکول**

**ملکولی** / molekûlî/: [فرانسوی] صفت. *[شیمی]* مولوکوولی؛ سەر بە مولوکوول ‹ساختمان ملکولی: پێکهاتەی مولوکوولی›: **مولکولی**

**ملکە** / maleke, malake ، ـها/: [عربی]/سم. ۱. شاهینە؛ شاژن؛ ژنێ کە بۆخۆی شای ولاتێک بێ ‹ملکەی الیزابت: شاهینەی ئەلیزابت› ۲. ژنی شا؛ پاشاژن؛ شابانوو؛ قەڕالیچە ۳. دایکی شا ٤. *[جانورشناسی]* ماک؛ مەلەکە؛ مێوینەی ئاوس لە کۆمەڵگای مێروواوان (وەک هەنگ، مێروولە، مۆریانە) کە گەرا دەخات ۵. *[مجازی]* مەلەکە؛ ئەوەی لە بیردا جێدەگرێ و لە بیر ناچێتەوە.

▣ **ملکەی زیبایی**: شاجوان؛ شاژنی جوانی؛ هەڵبژاردەی جوان لە نێو کیژ و ژنی بەشدار لە کێبەرکێی جوانیدا.

**ملکی** / melkî/: [عربی] صفت. ملکی؛ سەر بە ملک ‹درآمد ملکی: داهاتی ملکی›.

**ملکیت** / melkîyyat/: [عربی]/سم. ملکیەت؛ ملکداری؛ خاوەندارێتی.

**ملل** / melal/: [عربی] جمعِ ☜ **ملّت**

▣ **ملل راقیه**: ولاتە پێشکەوتووەکان.

**ملمع** / molamma' ، ـات/: [عربی]/سم. *[ادبی]* هۆنراوەیێ کە هەر بالێکی بە زمانێکە (وەک شیعری کوردی و فارسی یان کوردی و عەرەبی).

**ململ** / malmal/: /سم. مەلمەڵ؛ مەڕمەڕشا؛ خامی تەسک و ناسک و هەرە سپی.

**ملموس** / malmûs/: [عربی] صفت. بەرهەست: ۱. هەساندنی؛ ساوانی کراو ۲. *[مجازی]* دیار؛ بەرچاو؛ هەست پێکراو.

**ملندوغ** / malandûq/: صفت. *[گفتاری]* سووک و چرووک؛ هەرچی و پەرچی.

**ملنگ** / malang/: صفت. *[گفتاری]* ۱. سەرمەس؛ سەرخۆش؛ سەرخوەش؛ سەروەش ۲. گێل؛ گەوج؛ کەمئاوەز.

**ملوان** / malavān ، ـها؛ ـان/: [کردی]/سم. مەلەوان؛ مەلیەوان؛ مەلەڤان؛ مەلوو؛ دەریاوان؛ گەمیەوان؛ ئەو کەسەی لە سەر کەشتی کار دەکا.

**ملوانی**[1] / malavānî/: [کردی]/سم. مەلەوانی؛ دەریاوانی؛ مەلۆنی؛ گەمیەوانی؛ کار و پیشەی مەلەوان.

**ملوانی**[2]: صفت. مەلەوانی؛ دەریاوانی؛ پێوەندیدار یان سەر بە مەلەوان ‹کلاه ملوانی: کڵاوی مەلەوانی›.

**ملوث** / molavvas/: [عربی] صفت. پیس؛ چڵکن؛ گەمار؛ پڵکن؛ زیرگن؛ چەپەڵ؛ پیسی پێوەتلاو.

**ملودرام** / meloderām ، ـها/: [فرانسوی]/سم. مێلودرام: ۱. بەرهەمی شانۆیی (شانۆنامە، فیلمنامە، شانۆ یان فیلم) وێڕای جرتوفرتی (وەک هەڵپەڕکێ، گۆرانی، هەرا، گریان و پێکەنین) زۆرتر لە ڕادەی ئاسایی ۲. *[ادبی]* داستانێکی پڕخەم و تەم کە ئاخرێکی خۆش بێنێتەوە.

**ملودی** / melodî ، ـها/: [فرانسوی]/سم. *[موسیقی]* ئاهەنگ؛ نەغمە؛ دوابەدوایی چەند دەنگی موسیقایی (سازی یان ئاوازی) بە شێوەیەک کە بەشێکی تەواو پێکبێنن.

**ملودیکا** / melodîkā ، ـها/: [فرانسوی]/سم. مێلودیکا؛ سازی باژەنی چکۆلە کە وەک ئۆرگ بە قامک دەژەنرێ.

**ملوس** / malûs/: [عربی] صفت. ژیکەلانە؛ ژیکەڵە؛ کتکال؛ جوان و ناسک و نوال ‹بچەی ملوس: منالی ژیکەلانە›.

**ملوک** / mulûk, molûk/: [عربی] جمعِ ☜ **مَلِک**

**ملوک‌الطوایفی** /mulûkottavayefî, molûk-/:

[عربی]/سم. دەرەبەگایەتی: ۱. ڕژیمی ولاتێکی بەش ـ بەش کە هەر بەشێکی سەربەخۆیە و قانوونی تایبەت بە خۆی هەیە ۲. حوکمەتی ملهوڕان.

**ملوکانە** / mulûkane, molûkane /: [عربی/ فارسی] صفت. شایانە؛ شاهانە ‹سفر ملوکانە: سەفەری شاهانە›.

**ملول** / malûl /: [عربی] صفت. زگار: ۱. دڵتەنگ؛ دڵگیر؛ دڵمەند؛ دڵپڕ ‹هوای پاییزی آدم را ملول می‌کند: هەوای پاییزان مرۆ دڵگیر دەکا› ۲. خەمبار؛ خەمگین؛ خەمین ‹از شنیدن این خبر خیلی ملول شد: بە بیستنی ئەو هەواڵە گەلێک خەمبار بوو›.

**ملولی** / malûlî ، ـها/: [عربی]/سم. زگاری: ۱. دڵتەنگی؛ دڵگیری؛ دڵمەندی؛ دڵپڕی؛ دڵپەڕیشانی ۲. خەمباری؛ خەمینی.

**ملون** / molavvan /: [عربی] صفت. [ادبی] ڕەنگاوڕەنگ؛ ڕەنگین؛ ڕەنگامە.

**ملهم** / molhem /: [عربی] صفت. [ادبی] سەرۆپێکراو؛ سەرۆگرتوو؛ گۆواربوو؛ بە دڵدا هاتوو ۲. وەرگیراو.

**ملی** / mellî /: [عربی] صفت. نەتەوەیی؛ گەلی؛ گەلێر: ۱. سەر بە گەل ‹تیم ملی: تیمی نەتەوەیی› ۲. گشتی؛ هەموانی ‹بانک ملی: بانکی نەتەوەیی› ۳. [قدیمی] نادەوڵەتی؛ تایبەتی ٤. /ملیۆن/ گەلپەرست ‹حکومت ملی: حکوومەتی نەتەوەیی›.

▣ **ملی شدن**: بوونە نەتەوەیی: ۱. چوونە ژێر دەستەلاتی دەوڵەت ۲. بوونە گشتی؛ نادەوڵەتی بوونەوە. هەروەها: **ملی کردن**

**میلیارد**[1] / melyārd, milyārd ، ـها/: [فرانسوی] /سم. ملیارد؛ میلیارد؛ ژمارەی سەرەکی بەرانبەر بە هەزار ملیۆن: ۱۰[9]): **بلیۆن؛ بیلیون؛ میلیارد**

**میلیارد**[2]: صفت. ملیارد؛ میلیارد: ۱. بە ئەندازە و چەنیەتی ملیاردەوە ۲. لە جێگە و پلەی ملیارددا: **میلیارد**

**میلیاردر** / melyārder, milyārder ، ـها/: [فرانسوی] صفت. [مجازی] ملیاردر؛ یەکجار دەوڵەمەند؛ دەوڵەمەندی خاوەن یەک یان چەند ملیارد: **میلیاردر**

**میلیاردم** / melyārdom, milyārdom /: [فرانسوی/ فارسی] صفت. ملیاردەم؛ بە پلە، جێگە یان ڕیزی میلیاردەوە: **میلیاردم**

**ملی‌پوش** / mellîpûš ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] صفت. ئەندامی تیمی نەتەوەیی ولاتێک.

**ملیت** / mellîyyat /: [عربی]/سم. نەتەوایەتی: ۱. بار و دۆخی سەر بە نەتەوەیەکی تایبەت بوون ۲. بار و دۆخی هەبوونی نیشتمانێکی هاوبەش.

**ملیت‌پرستی** / mellîyyatparastî /: [عربی/ فارسی] ☜ **ملی‌گرایی**

**ملیح** / malîh /: [عربی] صفت. مەکین؛ زەڕەدار؛ زەڕەشیرین؛ دڵپەسەند؛ دڵنشین؛ خوێن‌شیرین ‹چهره‌ی ملیح: سیمای مەکین›.

**ملی‌گرا** / mellîgerā ، ـها؛ ـیان/: [عربی/ فارسی] صفت. گەلپەرست؛ نەتەوەپەرست؛ نەتەوەخواز؛ گەلحەز ‹حزب ملی‌گرا: پارتی گەلپەرست›.

**ملی‌گرایی** / mellîgerāyî /: [عربی/ فارسی]/سم. گەلپەرستی؛ نەتەوەپەرستی؛ نەتەوەخوازی؛ گەلحەزی؛ دڵبەستەیی و بڕوا بە گەلی خۆ، بەتایبەت بڕوا بە سەرتری گەلی خۆ و پێداگری لە سەر فەرهەنگ و قازانجی گەل لە بەرامبەر گەلانی‌تر‌ەوە: **ملیّت‌پرستی**

**ملیله** / malîle ، ـها/: /سم. مەلیلە؛ هەودای باریک لە کانزا (بەتایبەت زێڕ، زێو یان کانزای بریقەداری دی) کە بۆ جوانی بە جل‌وبەرگیدا دەدوورن یان لە دەفر و کەرستەی دەدەن.

**ملیله دوزی** / malîledûzî /: /سم. مەلیلەدووری: ۱. کاری دووڕینی نەخش و نیگار بە مەلیلە ۲. پارچەی نەخشێنراو بە مەلیلە.

www.perawipepwle.com



**ملیله کاری** / malîlekārî/: /سم. مەلیلەکاری؛ ڕازاندنەوەی دەفر و کەرستەی کانزایی بە تالە هەودای زێڕ، زێو یان پاقر.

**ملین** / molayyen ، ـها/: [عربی]/سم. بڕوێن؛ ڕەوێنەک؛ ڤژۆکەر؛ ئەو دەرمانەی زک ڕەوان دەکا.

**ملیون**[1] / melyûn, milyûn, milyon ، ـها/: [فرانسوی]/سم. ملیۆن؛ میلیۆن؛ ژمارەی تەرتیبی بەرانبەر بە هەزار هەزار یان ۱۰[6]: **میلیون**

**ملیون**[2]: صفت. ملیۆن؛ میلیۆن: ۱. بە ڕێژە و ئەندازەی ملیۆن ۲. بە جێگا، ڕێز یان پلەی ملیۆن * **میلیون**

**ملیون** / mellîyyûn/: [عربی]/سم. گەلپەرستان؛ نەتەوەخوازان؛ گەلحەزان؛ هۆگرانی قازانج و ئامانجەکانی گەل.

**ملیونر** / melyûner, milyûner, milyoner ، ـها/: [عربی] صفت. [مجازی] ملیۆنر؛ مایەوەر؛ دارا؛ ساماندار؛ مایەبۆش؛ دەوڵەمەند؛ دەوڵەمەن؛ بە مال و سامانێک ئەوەندەی یەک یان چەند ملیۆن: **میلیونر**

**ملیونم** / melyûnom, milyonom/: [فرانسوی/فارسی] صفت. ملیۆنم؛ بە ڕیز، ڕزن، پلە یان جێگای ملیۆنەوە: **میلیونم**

**ملیونی** / melyûnî, milyûnî, milyonî/: [فرانسوی] صفت. ملیۆنی؛ بە ژمارەیەکی زۆر، ئەوەندەی یەک ملیۆن یان زۆرتر ‹جمعیت ملیونی: جەماوەری ملیونی›: **میلیونی**

**ممات** / mamāt/: [عربی]/سم. [ادبی] مەرگ؛ ڕەوتی مردن؛ نەمان؛ نەمەنەی ‹حیات و ممات: ژیان و مەرگ›.

**ممارست** / momāresat ، ـها/: [عربی]/سم. ڕاهاتوویی؛ هەڤڕوتی؛ فێرەکاری بەتایبەت بە هۆی چەن جاران پێوە ماندوو بوونەوە.

▣ **ممارست یافتن**: ڕاهاتن ‹مدتی کە تمرین بکنی ممارست خواهی یافت و می‌توانی عهده‌دار کار شوی: ماوەیێ کە خەریک بی، ڕادیی و دەتوانی کار لە ئۆدە بگری›.

**مماس** / momās/: [عربی] صفت. ۱. ڕێکنووساو؛ لێکەوتە؛ وێک‌کەوتە؛ لێک‌تەقیو ۲. ☜ خط مماس، **خط**

**مماشات** / momāšāt ، ـها/: [عربی]/سم. کار یان ڕەوتی ساچان؛ سازان؛ ڤەخوراندن ‹مدتی مماشات کرد تا راه‌حلی پیدا شود: ماوەیەک ساچا تا چارەیەک بدۆزێتەوە›.

**ممالک** / mamālek/: [عربی] ۱. جمع ☜ **مُلک** ۲. جمع ☜ **مَملَکَت**

**ممانعت** / momāne'at ، ـها/: [عربی]/سم. پێشگری؛ بەرگری؛ کار یان ڕەوتی پێش‌گرتن؛ بەر لێ/ پێ گرتن.

▣ **ممانعت شدن**: بەرگری‌کران؛ پێشگری‌کران؛ پێش پێ گیران ‹از ورود او ممانعت شد: لە هاتنە ژوورەوەی بەرگری کرا›. **هەروەها: ممانعت کردن**

**ممتاز** / momtaz/: [عربی] صفت. ۱. هەڤیاز؛ لەسەر؛ ژمارەدە؛ هەڵبژاردە؛ بژارە؛ بژاردە؛ قوتحە؛ بە چۆنیەتیەکی سەرتر، باشتر و بەرچاوترەوە ۲. جیاکار؛ جیاواز.

**ممتحن** / momtahen ، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی]/سم. تاقی‌کار؛ تاقی‌کەرەوە؛ ئەزموونگر.

**ممتد** / momtad(d)/: [عربی] صفت. بێ‌برانەوە؛ دوور و درێژ: ۱. درێژخایەن؛ بە درێژایی لە باری کاتەوە ‹کف زدن‌های ممتد: چەپڵەڕێزانی بێ‌برانەوە› ۲. درێژ؛ بە درێژایی لە باری مەوداوە ‹خط ممتد: هێڵی درێژ›.

**ممتنع** / momtane'/: [عربی] صفت. ۱. بەرخۆگر؛ پارێزکەر ۲. نەکردنی؛ نەکراو؛ بووزنەخۆر.

**ممد** / momed(d)/: [عربی] صفت. یاوەر؛ یارمەتیدەر؛ یاریدەر؛ ئاریکار.

**ممدوح** / mamdûh ، ـان؛ ـین/: [عربی] صفت. پەسن‌دراو؛ پەسندکراو ‹این عمل ممدوح همگان

است: ئەم کارە پەسندراوی هەموانە›.

**ممر** / mamar(r)/: [عربی]/سم. ڕێ؛ ڕا؛ ڕێگە؛ ڕاگە؛ بوار؛ بگار.

▣ **ممر معاش**: بواری ژین؛ ڕێگەی بەڕێوە بردنی ژیان.

**ممزوج** / mamzûc/: [عربی] *صفت. [ادبی]* تێکەڵ؛ تێکەڵاو؛ تێکدراو؛ کەرچلی؛ ئامێتە؛ ئاوێتە؛ تەڤلهەڤ؛ لێکدراو؛ تێکەڵکراو؛ تێکەڵشێلدراو.

**ممسک** / momsek، ـان؛ ـین/: [عربی] *صفت. [ادبی]* ڕژد؛ چکووس؛ چکود؛ لەچەر؛ بزگیر؛ نانکوور.

**ممکن** / momken/: [عربی] *صفت.* کردنی؛ ڕەوتی بۆبوون: ۱. گونجاو؛ ئەوەی هەڵگرێ، بۆی ببێ و لە کردن بێت ۲. /ـات/ ڕێکەوت؛ هەڵکەوت؛ ڕەخساو؛ ڕەخسیو؛ ڕووداوێک بە پێی سروشت، عادەت یان داب‌ونەریت ۳. بووزخۆر؛ لواو؛ بە دۆخی ئەوەی بۆی هەیە ڕوو بدا یا نەدات ٤. بووزخۆر؛ بە دۆخی ئەوەی دەکرێ دروست یا نادروست بێ.

**ممکنات** / momkenāt/: [عربی]/سم. کردنیگەل؛ بووزخۆرگەل؛ ئەو کارانەی بۆیان هەیە بکرێن: بەرانبەر: **محالات**

**مملکت** / mamlekat, mamlakat، ـها؛ ممالک/: [عربی]/سم. ۱. ولات؛ وەلات؛ مەملەکەت ‹مملکت چین: ولاتی چین› ۲. بەر و بووم؛ سەرزەوی ‹مملکت خُراسان: بەر و بوومی خوراسان›.

**مملکتی** / mamlekatî, mamlakatî/: [عربی] *صفت.* ولاتی؛ مەملەکەتی ‹مقامهای مملکتی؛ امور مملکتی: پایەدارانی ولاتی؛ کاروباری مەملەکەتی›.

**مملو** / mamlow, mamlo:, mamlov/: [عربی] *صفت.* تژی؛ پڕ؛ پڕاوپڕ؛ لێوانلێو؛ دارمال؛ پەڕ؛ سەرڕێژە؛ لیوانە ‹دلها مملو از شادی بود: دلان تژی لە شادی بوون›.

**ممنوع** / 'mamnû/: [عربی] *صفت.* قاخە؛ قەدەغە؛ یاساخ؛ بەرگیراو؛ ڕێ(ڕێ)نەدراو ‹سیگار کشیدن ممنوع است: جگەرە کێشان قەدەغەیە›.

▣ **ممنوع کردن**: ڕێ (ڕێ) نەدان؛ هەماندن؛ کردنە پاوان؛ قەدەغەکردن. هەروەها: **ممنوع بودن؛ ممنوع شدن**

**ممنوع‌الانتشار** / mamnû'ol'entešār/: [عربی] *صفت.* بەبێ مافی چاپ و بلاو بوونەوە.

**ممنوع‌الخروج** / mamnû'olxurûc, mamnû'xorûc/: [عربی] *صفت.* بەبێ مافی چوونە دەر لە شوێنێک.

**ممنوع‌القلم** / mamnû'olqalam/: [عربی/ معرب] *صفت.* بەبێ مافی نووسینی بەرهەمێک بۆ بلاو بوونەوە.

**ممنوع‌الملاقات** / mamnû'olmolāqāt/: [عربی] *صفت.* بەبێ مافی چاو پێکەوتن و دیداری خەڵک، بەتایبەتی کەس و کاری نزیک.

**ممنوع‌الورود** / mamnû'olvurûd, -vorûd/: [عربی] *صفت.* بەبێ مافی چوونە ناوەوە.

**ممنوعه** / mamnû'e/: [عربی] *صفت.* بەرگیراو؛ بەر پێگیراو؛ قەدەغەکراو ‹کالای ممنوعه: کالای بەرگیراو›.

**ممنوعیت** / mamnû'îyyat، ـها/: [عربی]/سم. بەرگیراوی؛ قەدەغەیی؛ دۆخ یان چۆنیەتی قەدەغە بوون ‹ممنوعیت تردد: بەرگیراوی هاتوچۆ›.

**ممنون** / mamnûn/: [عربی] *صفت.* شوکرانەبژێر؛ سپاسگوزار؛ سپاسوێژ؛ سپاسکەر؛ منەتبار؛ منەتکار؛ بەر منەت؛ مەمنوون؛ چاکە لە سەر ‹همیشه ممنون شما خواهد بود: هەمیشە شوکرانەبژێرتان دەبێ›. هەروەها: **ممنون بودن؛ ممنون ساختن؛ ممنون شدن؛ ممنون کردن**

**ممه** / mame، ـها/: /سم. ۱. *[کودکانه]* مەمە؛ مەم؛ مەمل؛ مەمێ؛ مەمکە؛ مەمک ۲. *[کودکانه]* مەمکەمژ؛ مەملە؛ مۆستک؛ مەمکەمژە ۳. *[مجازی]* شیر؛ شۆت.

▣ ممه را لولو بردن: *[تعریض]* مەمکە سەگ خواردن؛ دووکان هەلچنیان؛ هەل لە کیس چوون ‹آن ممه را لولو برد، بعد از این فقط در برابر کار می‌توانی پول بگیری: ئەو مەمکە سەگ خواردی، لەمە بەدوا تەنیا لە بەرامبەر کارەوە پوول دەگری›.

**ممهور** / mamhûr/: [از مُهر به سیاق اسم مفعول عربی] *صفت.* مۆرکراو.

**ممیز** / momayyez ، ـها/: [عربی]/*سم.* ۱. مومەیز؛ نیشانەی «/» کە دووبەشی ژمارە لەیەک جیا دەکاتەوە (وەک لە نێوان ۲ و ۵ لە ۲/۵ دا) ۲. /ـان؛ ـین/ بەراوردکار؛ هەلسەنگێنەر؛ نرخێنەر؛ نرخبڕ ‹ممیز مالیاتی: بەراوردکاری پیتاک› ۳. سانسۆرچی.

▣ ممیز مالیاتی: بەراوردکاری پیتاک؛ ئەو کەسە ئەندازەی پیتاک دەسنیشان دەکا.

**ممیزی** / momayyezî ، ـها/: [عربی]/*سم.* بەراورد؛ هەلسەنگێنی؛ کار و ڕەوتی نرخ بڕین؛ هەلسەنگاندن؛ نرخاندن.

**من**[1] / man/:/*سم.* ۱. مەن؛ منە؛ کێشێکی کۆنی ئێرانی ۲. *[روان‌شناسی]* بەشێک لە سێ‌بەشی دەروون لە دۆزی دەروونکۆلیدا (ئەوانی تر «اَبَرمَن» و «نهاد»).

▣ من تبریز: مەنی تەبرێز؛ کێشێکی کۆنە بەرامبەر بە پێنج‌کیلۆ.

من ری: مەنی ڕەی؛ کێشێکی کۆن بەرانبەر بە دوازدە کیلۆ.

من شاه: مەن؛ کێشێکی کۆنە بەرامبەر بە سێ کیلۆ.

**من**[2]: *ضمیر.* ئەمن؛ مە؛ ئەم؛ من؛ ئەز؛ مو؛ جێناوی تاکی وێژەر.

**منابر** / manâber/: [عربی] جمعِ ☜ **مَنبَر**

**منابع** / manâbe'/: [عربی] جمعِ ☜ **منبع**

▣ منابع انسانی: هێزی مرۆڤی.

منابع طبیعی: سەرچاوەی سروشتی؛ ئەو سامانەی سروشت داویە (وە کانگا، دارستان، کانی و ...).

منابع مالی: سەرچاوەی مالی؛ ڕێوشوێنی پوول دەرهێنان.

**مناجات** / monâcât ، ـها/: [عربی]/*سم.* نزا؛ سەلا؛ مناجات؛ ڕاز و نیاز؛ کازکاز: ۱. کاری لالانەوە لە خودا و سپاس و پێزانینی خۆ دەربڕین ۲. ئەو شیعر و دۆعایانەی بەم مەبەستەوە دەگوترێ.

**منادا** / monâdâ/: [عربی] *اسم. [ادبی]* بانگ کراو؛ خووەندی؛ بەربانگەواز؛ قاولێ‌کریاگ.

**منادی** / monâdî ، ـها؛ ـان/: [عربی]/*سم.* بانگ‌ڕایەل؛ بانگکەر؛ جارچی؛ ڕاگەیێن؛ قاوکەر؛ بانگەوازکەر؛ کەرەلیاس؛ کەسێ وا بە دەنگی بەرز خەبەر و باسێک بە هەمووان ڕادەگەیێنێ.

**منار** / menâr ، ـها/: [عربی]/*سم. [گفتاری]* مناڕە؛ مەناڕە؛ بینایەک گرۆڤەری هەلچوو وەکوو بەشێک لە مزگەوتان بۆ بانگ لە سەر دان.

**مناره** / menâre ، ـها/: [عربی]/*سم.* مناره.

**منازع** / monâze' ، ـان/: [عربی] *صفت. [ادبی]* شەڕکەر؛ دژمن؛ نەیار.

**منازعات** / monâze'ât/: [عربی] جمعِ ☜ **منازعه**

**منازعه** / monâze'e ، ـها؛ منازعات/: [عربی]/*سم.* داوا؛ شەڕ و هەرا.

**منازل** / manâzel/: [عربی] جمعِ ☜ **منزل**

**مناسب** / monâseb/: [عربی] *صفت.* لەبار: ۱. شیاو؛ هاوڵە؛ لەجێ؛ بەجێ؛ هەموار؛ لەباو؛ دەرخۆر؛ کێس؛ ژێهاتی؛ گونجاو ‹کار مناسب: کاری شیاو› ۲. ڕێک؛ هاوڕێژە ‹قد و قامت مناسب: بەژن و بالای ڕێک›.

**مناسبات** / monâsebât/: [عربی]/*سم.* بۆنەگەل؛ پەیوەندی نێوان چەن شت.

**مناسبت** / monâsebat ، ـها/: [عربی]/*سم.* ۱. لەباری؛ لێکڕێکی؛ هاوڕێژەیی ۲. بۆنە؛ هۆ ‹به مناسبت برگشت شما: به بۆنەی هاتنەوەی ئێوە› ۳. بۆنە؛ کاتی سەر بە ڕووداوێکی گرینگ یان تایبەت ‹آنها در مناسبتهای مختلف همدیگر را

می‌بینند: ئەوان لە بۆنەگەلی جۆراوجۆردا یەکتر دەبینن›.

**مناسک** / manāsek/: [عربی]/سم. ۱. ڕێوڕەسمی ئایینە دینیەکان ۲. [فقه] ڕێوڕەسمی حەج.

▣ **مناسک حج**: ڕێوڕەسمی حەج.

**مناصب** / manāseb/: [عربی] جمعِ ☜ **منصب**

**مناصفه** / monāsefe/: [عربی]/سم. [ادبی] کاری کردنە دوو لەت؛ دوو کوت‌کردن؛ دوو نیوکردن.

**مناطق** / manāteq/: [عربی] جمعِ ☜ **منطقه**

**مناظر** / manāzer/: [عربی] جمعِ ☜ **منظره**

**مناظرات** / monāzerāt/: [عربی] جمعِ ☜ **مناظره**

**مناظر و مرایا** / manāzer-o-marāyā/: [عربی]/سم. دیمانە؛ پرسپیکتیڤ؛ وێنەی سێ بەری هەر شتێک دە سەر پەڕی کاغەزدا.

**مناظره** / monāzere ، ـها؛ مناظرات/: [عربی]/سم. قسەملانێ؛ بەربەرەکانێی نێوان بڕوادارانی جۆراوجۆر بۆ دەربڕین و سەلماندنی بیر و ڕای خۆیان؛ کاری ڕابەزاندن.

**مناعت** / manā'at/: [عربی]/سم. ۱. بەرزی؛ بلندی؛ بڵیندی ۲. ـها/ بەرزەمژی.

▣ **مناعت طبع**: بەرزەمژی؛ دڵفەرایی؛ جامێری؛ جوامێری؛ بایەخ نەدان بە پووڵ و پارە.

**منافات** / monāfāt/: [عربی]/سم. ناسازگاری؛ ناتەبایی.

**منافذ** / manāfez/: [عربی] جمعِ ☜ **منفذ**

**منافع** / manāfe'/: [عربی] جمعِ ☜ **منفعت**

**منافق** / monāfeq ، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی] صفت. دووڕوو؛ ڕووبین؛ ناڕاست؛ دوڕاز؛ دووقوون؛ قەفراخ؛ فرەڕو؛ حەفت‌ڕەنگ؛ دووسەر؛ دوپڵ؛ هوکارە و هۆگری دووڕوویی.

**منافقی** / monāfeqî/: [عربی]/سم. دوڕازی؛ دووڕوویی؛ ناڕاستی؛ دووسەری؛ حەفت‌ڕەنگی؛ بە ڕوالەت لایەنگری‌کردن لە کەس یان بیرێ کە لە دڵەوە نەیار و دژمنی بێ.

**منافی** / monāfî/: [عربی] صفت. ۱. حاشاڵێکەر ۲. دژ؛ ناتەبا؛ ناکۆک.

▣ **منافی عفت**: ناتەبا لەگەڵ داوێنپاکی.

**مناقب** / manāqeb/: [عربی] جمعِ ☜ **منقَبَت**

**مناقشات** / monāqešat/: [عربی] جمعِ ☜ **مناقشه**

**مناقشه** / monāqeše ، ـها؛ مناقشات/: [عربی]/سم. گێرە و کێشە؛ کێشە؛ سواژ؛ مشت و مڕ ‹مدتی بر سر میراث مناقشه بود: ماوەیەک لە سەر بەشە میرات گێرە و کێشە بوو›.

**مناقصات** / monāqesāt/: [عربی] جمعِ ☜ **مناقصه**

**مناقصه** / monāqese ، ـها؛ مناقصات/: [عربی]/سم. کێ‌کەمتر؛ جۆرێ کڕین کە فرۆشیاران بانگهێشتن دەکرێن کێهەیان هەرزانتری بدا، لەوی دەستێنن.

**منال** / menāl/: [از عربی]/سم. [نامتداول] شوێنی داهات ☜ **مال‌ومنال**

**من‌باب** / membābe, menbābe/: [عربی] حرف. بۆ؛ بوو؛ لەبۆ؛ پەی؛ ئەڕای.

▣ **من‌باب مثال**: بۆ وێنە ‹من باب مثال دخترعمویت را در نظر بگیر: بۆ وێنە دوتمامت بێنە بەرچاو›.

**منبت** / monabbat/: [عربی]/سم. مونەبەت؛ بەرهەمی دارینەی (وەک مێز، سنۆق و...) ڕازاوە بە نەخش و نیگاری هەلکۆڵراو لە دار.

**منبت‌کار** / monabbatkār ، ـها؛ ـان/: [عربی/فارسی]/سم. مونەبەتکار؛ ڕازێنەری چێو.

**منبت‌کاری** / monabbatkārî/: [عربی/فارسی]/سم. مونەبەتکاری: ۱. هونەری تاشین و هەلکۆڵینی چێو و دەرهێنانی نەخشی زۆپ لە سەری ۲. پیشەی مونەبەتکار ۳. ـها/ کارگەی مونەبەتکار ٤. [گفتاری] بەرهەمی ئەو کارە.

**منبر** / mambar, membar, manbar ، ـها؛ منابر/: [عربی]/سم. ۱. دوانگە؛ نیەر؛ مینبەر؛ شوێنی بەرز بۆ وتار دان و مۆچیاری‌کردن ۲. مێز یان سەکۆی

نانەوایی بۆ نان لە سەر هەڵخستن.
▣ بالای/ بە منبر رفتن: *[کنایی]* چوونە سەر مینبەر؛ کردنە بان مینبەرا: ۱. ئامۆژیاری دان؛ نەسیحەتکردن؛ پەند دان ۲. فرەوێژی کردن؛ قسە تووڕ دان.

**منبسط** / mombaset, monbaset/: [عربی] *صفت.* فش؛ فۆڵ؛ فرت؛ کراوە؛ کێش‌هاتوو. بەرانبەر: **منقبض** ‹هر جسمی در گرما منبسط می‌شود و حجمش افزایش می‌یابد: هەموو شتێ لە گەرمادا فش دەبێ و قەبارەی زۆر دەکا›.

**منبع** / mamba', manba' ، ـها؛ منابع/: [عربی]/*سم.* ۱. سەرچاوە؛ بناوان؛ چاوگە؛ سەرچەمە؛ سەرچاوکە؛ سەرچاوگە؛ چاوگ؛ ژێدەر؛ شوێنی سەرهەڵدان و دۆزینەوەی شتێک ‹منبع آلودگی: سەرچاوەی پیسی› ۲. چاوگ؛ چاوگە؛ ژێدەر؛ سەرچاوە؛ سەرچاوکە؛ سەرچاوگە؛ کەس یا نووسراوەیێ کە زانیاری بە دەستەوە دەدات ‹منبع خبر: سەرچاوەی هەوال› ۳. خەزینە؛ دەفری تراو هەڵگرتن ‹منبع نفت: خەزینەی نەوت›.

**منبعث** / momba'es, monba'es/: [عربی] *صفت.* سەرچاوەگرتوو؛ هەڵستاو؛ هەڵساو؛ هەڵهاتوو ‹نیروی دولت از ملت منبعث است: هێزی دەوڵەت لە گەلەوە سەرچاوەی گرتووە›.

**من بعد** / memba'd, menba'd/: [عربی] *قید.* لەمەوڵا؛ لەمەودوا؛ لەمە بە دواوە؛ لە شوێن ئەمە؛ لەمەوڵاوە؛ ئیساوڵا؛ ئیسەوڵا؛ ئیسە و دما؛ چیەودما؛ ئیسە و چەوڵا؛ چیەوڵا ‹من‌بعد باید زودتر بیایی: لەمەوڵا دەبێ زووتر بی›.

**منت** / mennat/: [عربی]/*سم.* چکی؛ منەت؛ منەتە؛ منە: ۱. منەتباری ‹منت داشتن: منەتبار بوون› ۲. چاکە؛ خاسی؛ پیاوەتی ‹منت گذاشتن: چاکە کردن›.
▣ منت داشتن: منەتبار بوون ‹اگر این کار بشود منت داریم: ئەگەر ئەم کارە بکرێ، منەتبارین›.
منت سر کسی گذاشتن: منەت نانە سەر کەسێ؛ کەسێ منەتبارکردن؛ چاکە و خزمەت بەچاودا دانەوە ‹برای این ماشین قراضه چقدر سر ما منت گذاشتی: بۆ ئەم ماشینە داشقە، چەندەت منەت نایە سەرمان›.
منت کشیدن: منەتکێشان؛ منەتکێشتەی؛ داوا کردنی شتێ لە کەسێک بە نابەدڵی و لە سەر ناچاری وێڕای بەخۆدا شکانەوە و سووک بوون ‹برای این یک لقمه نان مجبورم منت این و آن را بکشم: بۆ ئەم پارووە نانە ناچارم منەتی کەس و ناکەس بکێشم›.
منت گذاشتن: منەت نان/ نیان؛ منەت نیەی؛ چاکە و باشی لەڕادەبەدەرکردن ‹بر ما منت گذاشتند و تشریف آوردند: منەتیان نایە سەرمان و تەشریفیان هێنا›.

**منتج** / montac(c)/: [عربی] *صفت.* وەرگیراو؛ بەرهەمهاتوو.

**منتجه** / montacce/: [عربی]/*سم.* *[فیزیک]* ئاکام؛ ئەنجام؛ بەرهات.

**منتخب** / montaxab/: [عربی] *صفت.* ۱. ـات/ هەڵبژێردراو ‹نماینده‌ی منتخب: نوێنەری هەڵبژێردراو› ۲. ـها؛ ـان؛ ـین/ هەڵبژاردە ‹اشعار منتخب: هۆنراوەگەلی هەڵبژاردە›.

**منتدار** / mennatdār/: [عربی/ فارسی] *صفت.* شوکرانەبژێر؛ پێزان؛ سپاسگوزار؛ منەتدار ‹همیشه منتدار شما خواهم بود: هەمیشە شوکرانەبژێرتان دەبم›.

**منتر** / mantar/: *اسم.* ۱. *[نامتداول]* ئەفسوونێک بۆ کەوی‌کردنی جڕ و جانەوەر ۲. *[گفتاری]* گەپچار؛ دارەدەس؛ ئەو کەسەی دەسەڵاتی لە خۆی نیە و دەبێتە دارەدەستی ئەم و ئەو.
هەروەها: **منتر شدن؛ منتر کردن**

**منتسب** / montasab, montaseb ، ـها/: [عربی] *صفت.* ۱. لێدراو؛ وەپاڵدارو ‹اتهام منتسب واهی است: ئەو بوختانە لیدراوە، پڕوپووچە› ۲. ـان؛ ـین/ سەر بە؛ هاوگەر؛ بەستە ‹از چریکهای منتسب حزب

www.perawipepwle.com



بود: له‌و چریکه سەر به حیزبه‌کان بوو›.

**منتش** / mantaš ، ـها/: [؟]/سم. تـەوەق؛ ئالـقەی کانزایی دەوری چەرخ (گاری، فـاتیوون و...) کـه تەگەرەی تێدەچێ.

**منتشـا**/ mantaša ، ـهـا/: /سـم. /[دبـی]/ متەشـا؛ مەنتەشـا؛ مەنتەشـه؛ دارده‌سـتی گرێـدار و ئەستووری دەستی دەورێشان.

**منتشـر** / montašer/: صـفت. بلاوکـراو؛ بلاوبـوو؛ بلاوەبوو؛ پەخش‌بوو؛ پەخشەوەبوو.

▣ **منتشر شدن**: بلاو بوونـەوە؛ پـەخش بوونـەوە: ۱. پڕش و پەلا بوون ‹این خبر در همه جا منتشر شد: ئەم هەواڵە لە هەموو شوێنێکدا بلاو بووەوە› ۲. دەرچوون؛ لـە چـاپ دران؛ چوونـە چـاپ ‹سالی چهار شماره منتشر می‌شود: ساڵـێک چـوار ژمارەی لێ بلاو دەبێتـەوە›. هـەروەها: **منتشـر کردن**

**منتظـر** / montazer ، ـان؛ ـین/: [عربـی] صـفت. چاوەڕوان؛ چاوەنوار؛ چاوەنۆڕ؛ چاوەنێر؛ چاڤـنێر؛ چەشدار؛ چاوەڕێ؛ چەمـەڕا؛ چەشـرێ؛ بەتـەما؛ تەمادار.

▣ **منتظر خدمت**: به تەمای کـار؛ کارمەنـد یـان کارگێڕێکی دامەزراوەیێ که به بۆنەیەکەوە بـۆ ماوەیەک وەلانراوە و چاوەڕوانە بانگی بکەنەوە سەر کارەکەی.

▣ **منتظر بودن**: چاوەڕوان بوون؛ چاوەڕێ بـوون؛ چاوەنۆڕ بوون؛ چاوەنوار بوون؛ چەمەڕا بیـەی؛ به تەما بوون؛ تەمادار بوون ‹منتظر پـدرش بـود: چاوەڕوانی باوکی بوو›. هەروەها: **منتظر شـدن؛ منتظر گذاشتن؛ منتظر ماندن**

**منتظم** / montazam/: [عربی] صفت. ڕێک وپێـک؛ لەبار و تەرز.

**منتفـع** / montafe' ، ـان؛ ـین/: [عربـی] صـفت. بەهرەمەند؛ بەهرەبەر؛ بەهرەوەرگر.

**منتفـی** / montafî/: [عربـی] صـفت. نـەلێکراو؛ هەڵوەشاوە.

▣ **منتفی بودن**: بەتاڵ بوون؛ پێک نەهاتن؛ سـەر نەگرتن ‹احتمال کودتا منتفی است: شـیمانەی کودەتا بەتاڵە›.

**منتفی شدن**: هەڵوەشانەوە ‹سفر سلیمانیه منتفی شد: سەفەری سلێمانی هەڵوەشایەوە›.

**منتقد** / montaqed ، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربـی]/سـم. ڕەخنەگر: ۱. ئەو کەسە لە بەرهەمێکی هونەری ورد دەبێتەوە و هەڵیدەسەنگێنێ ۲. پەڵپگر؛ ئەو کەسەی عەیب لە کـەس، شـت یـان شـوێنێک دەگرێ.

**منتقـل** / montaqel/: [عربـی] صـفت. گـوێزراوە؛ ڕاگوێزراوە؛ گواستراوە؛ ئەوەواڕیا.

▣ **منتقـل شـدن**: گوێزرانـەوە؛ گوزرانـەوە؛ ئەوەواڕیەی؛ واڕیایوە؛ لە شـوێنێ بـۆ شـوێنێ بران یان ناردران.

**منتقل کردن**: ۱. بـردن؛ نـاردن؛ کەسـێ یـان شتێ لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی‌تر گواستنەوە ‹وسایل را به خانه‌ی جدید منتقل کردم: کەلپەلەکەم بـرده مالـی تـازەوە› ۲. فێرکـردن؛ دان یـان سپاردنی زانست یان ئاگادارییەک بـە کـەس یان تاقمێ ۳. گواستنەوە؛ گوزینەوە؛ گوزینی شـوێنی کـاری کارمەنـد لـە شـارێکەوە بـۆ شارێکی‌تر ‹ما را به قروه منتقل کردند: ئێمـەیان گواستەوە قوروە› ٤. تێگەیاندن؛ فامانـدن ‹هـر چه تلاش کردیم، نتوانستیم مطلب را بـه آنهـا منتقل کنیم: هەر چێکمان کـرد و کۆشـا، نـەمانتوانی لـە مەبەستەکەیان تێبگەیێنین›.

**منت کش**[1] / mennatkeš/: [عربـی/ فارسـی]/سـم. ۱. منەت‌کێش؛ چاوبەرەژێر؛ لـە دوو کـەس کـە پێکەوە شـەڕیانە، ئـەوەی کـە دەیـەوێ ئاشـت بکاتەوە.

**منت کـش**[2]: صـفت. منـەت‌کـێش؛ چاوبـەرەژێر؛ بنبار؛ بەر باری منەت.

**منت کشی** / mennatkešî/: [عربـی/ فارسـی]/سـم. منـەت‌کێشـی؛ چاوەبـەری؛ کـار و ڕەوتی؛

چاف‌دانان؛ منەت هەڵگرتن: ۱. منەت‌کێشان ۲. *[گفتاری]* کار و کردەوەی وا کە نیشاندەری داخواز بوون بۆ ئاشت بوونەوە بێ.

**منت‌گزار** / mennatgozār/: [عربی/ فارسی] *صفت.* پێزان؛ شوکرانەبژێر؛ سپاسگوزار.

**منتها**[1] / montahā/: [عربی]/*سم.* ئەوپەڕ؛ ئاخر ‹منتهای تلاش خود را کرد: ئەوپەڕی هەوڵی خۆی دا›.

**منتها**[2]: *حرف.* بەڵام؛ وەڵێکان ‹برو، منتها شب زود برگرد: بڕۆ، بەڵام شەو زوو وەڕەوە›.

**منتهی** / montahî/: [عربی] *صفت.* دواهاتوو؛ بڕاوە.

▣ **منتهی شدن:** دوایی هاتن؛ کۆتایی هاتن؛ بڕانەوە ‹این خیابان به آن میدان منتهی می‌شود: ئەم شەقامە بەو مەیدانە دوایی دێت›.

**منثور** / mansûr/: [عربی] *صفت.* پەخشانی؛ تایبەتمەندی نووسراوەی بەبێ کێش و قافیە. بەرانبەر: **منظوم**

**منجر** / moncar/: [عربی] *صفت.* گەیشتوو؛ کێشراو ‹کار به آنجا منجر شد که از هم متارکه کنند: کار گەیشتە ئەوێ لێک جیا ببنەوە›.

**منجلاب** / mancalāb ، ـها/: [از عربی ؟/ فارسی] /*سم.* ۱. زلقاو؛ تلۆل؛ چلپاو؛ حەڕیاتراو؛ چالەگەنکاو. ۲. *[مجازی، گفتاری]* تەنگ و چەڵەمە.

**منجم** / monaccem ، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی]/*سم.* ئەستێرەناس؛ ئەستێرەگەر.

**منجمد** / moncamed/: [از عربی] *صفت.* ۱. بەستوو؛ ڕچاو؛ ڕچیاگ؛ بیا؛ جەمدی؛ یەخبەستوو؛ یەخکردوو؛ سەهۆڵکردوو؛ ڕیق؛ لە سەرما ڕەقهەڵاتوو ۲. *[گفتاری]* وشک و بێجەموجوول ۳. *[گفتاری]* سارد و سڕ.

▣ **منجمد کردن:** ڕچاندن؛ قڕاندن؛ جەمداندن.

**منجمله** / mencomle/: [عربی] *حرف.* لەوانە؛ لەوانەدا؛ لەمانەدا؛ لەمانا؛ لەمانە؛ لەوناوەدا؛ چینیشانە ‹من‌جمله نالی و محوی را می‌توان نام برد: لەوانە دەتوانین نالی و مەحوی ناو ببەین›.

**منجنیق** / mancanîq ، ـها/: [معرب از یونانی]/*سم.* مەنجەنیق؛ هێلکال: ۱. ئامرازی ئاگر هاویشتنە سەر قەڵا لە شەڕدا ۲. جۆرێک گرانکێشی دەستی.

**منجوق** / moncûq, mancûq ، ـها/: [ترکی]/*سم.* زەنگیانە؛ زەنیانە؛ زەنگیاڵێ؛ منمنە؛ منجوق؛ نمنۆک؛ نمنمۆک؛ نەنم؛ مەنجوخ؛ سسڵە و پپڵە؛ پڵپڵە؛ موورووی زۆر وردی بریکەدار کە بۆ جوانی بە جلوبەرگیدا دەدڕوون.

**منجوق‌دوزی** / moncûqdûzî, mancûq-/: [ترکی/ فارسی]/*سم.* زەنگیانەدووری: ۱. کاری زەنگیانە چنین ۲. جلوبەرگی زەنگیانە پێدا دورواو.

**منجی** / moncî ، ـها؛ ـان/: [عربی]/*سم.* ڕزگاریدەر؛ ڕزگارکەر؛ نەجاتدەر.

**منج** / menč/: [؟]/*سم.* منج؛ مینج؛ کایەی دوو، سێ یان چوار کەسی لە سەر پەڕەیەکی چوارگۆش، کە هەر کام لە کایەکەران چوار مۆرەی هاوڕەنگیان هەیە، دەبێ بە تاس هەڵخستن لە نێو خانووەکاندا بیانبەنە پێش، تا پاش خولێکی تەواو بگاتە مەنزل. لە سەر ڕێ دەکرێ لە مۆرەی هاوملەکانیان بدەن یان مۆرەی خۆیان بەر لێدان بکەوێ و بگەڕێنەوە خانی ئەوەڵ: **مینج**

**منچو** / mančû/:/*سم.* مەنچوو: ۱. /ـها/ خەڵکی مەنچووری ۲. لە زمانەکانی ئۆرال- ئاڵتایی.

**منحرف**[1] / monharef/: [عربی]/*سم. [هندسه]* چوارگۆشەی ناڕێک.

**منحرف**[2]: *صفت.* لادەر؛ کلاۆ؛ هەتلە؛ ئاچمڕێ: ۱. چەوت؛ دارای چەوتی ۲. لەڕێلادەر ۳. /ـها؛ ـان؛ ـین/ ڕێلێگۆڕاو؛ بە بیر و کردەوەی نادروست.

▣ **منحرف شدن:** *[مجازی]* کلا بوون؛ خریان؛ لاڕێ بوون؛ تلاسان؛ زەلان؛ بە هەڵەدا چوون؛

له ڕێ دەرچوون.

**منحصر** / monhaser/: [عربی] *صفت.* تایبەت؛ بەندیوار.

**منحصربەفرد** / monhaserbefard/: [عربی/ فارسی/ عربی] *صفت.* تاقانە؛ تاکانە؛ تاقالە؛ تاک ‹فرزند منحصربەفرد خانواده: مندالی تاقانەی مال›.

**منحط** / monhat(t)/: [عربی] *صفت.* بەفێڕۆچوو؛ ڕوو لە خەسار؛ نەوی.

**منحل** / monhal(l)/: [عربی] *صفت.* هەڵپێچراو؛ هەڵوەشاو؛ ئەوەپێچیا.

▣ **منحل شدن:** هەڵپێچران؛ هەڵوەشانەوە؛ ئەوەپێچیەی ‹با تصمیم هیئت مدیره شرکت منحل شد: لە سەر بڕیاری لێژنەی بەڕێوەبەرایەتی بەشدارگەکە هەڵپێچرا›.

**منحل کردن:** هەڵپێچان؛ هەڵوەشاندنەوە؛ ئەوەپێتەی ‹شرکت را منحل کردند: بەشدارگەیان هەڵپێچا›.

**منحله** / monhalle/: [عربی] *صفت.* هەڵوەشاوە؛ هەڵپێچراو ‹شرکت منحلە: بەشدارگەی هەڵوەشاوە›.

**منحنی**[1] / monhanî/: [عربی] *صفت.* ۱. خط منحنی ☜ **خط** ۲. کەوانە؛ پێڵە؛ نوانەی گۆڕانکاری ‹وەک زۆر بوونی جەماوەر یان نرخ›.

▣ **منحنی صعودی:** کەوانەی ڕووبەبان/ سەرەوژوور.

**منحنی نزولی:** کەوانەی ڕوو بە خوار/ سەرەوژێر.

**منحنی**[2]: *صفت.* چەماو؛ چەماوە؛ چەمیاگ؛ کوور؛ چەمیای ‹خط منحنی: هێڵی چەماو›.

**منحوس** / manhûs/: [عربی] *صفت.* بەودم؛ بێفەڕ؛ بەدفەڕ؛ دوموهر؛ دوومۆر؛ جووتقۆشە؛ قۆشە؛ واژەوەند؛ نەحس.

**منحول** / manhûl/: [عربی] *صفت. [ادبی]* دزراو؛ دزلێداو؛ دزبردوو.

**من‌حیث‌المجموع** / menheysolmacmû'/: [عربی] *قید.* بە گشتی؛ سەرجەم؛ سەرهەم؛ لە ڕووی یەک؛ بە گشتەوە؛ لە سەر یەک ‹من حیث المجموع کار خوب پیش می‌رود: بە گشتی کار بە باشی دەڕواتە پێشێ›.

**منخرین** / manxareyn/: [عربی]/*سم. [ادبی]* بڕناخ؛ بڕناخێ؛ خمخمکان؛ خمخمان؛ دوو کونی لووت.

**ـ مند** / mand/: *پسوند.* ـــ مەند؛ ـ مەن؛ ـ وەر؛ خاوەن ‹آرزومند؛ بهره‌مند: ئارەزووەمەند؛ بەهرەوەر›.

**منداب** / mandāb ، ـها/:/*سم.* کناولە؛ کناولی؛ قناولە؛ قناولی؛ قنگاولە؛ گیایەکی ئالیکی یەک یان دووسالان بە گوڵی سپی مەیلەو زەرد یان پەمەیی و دەنکی چەورەوە.

**مندایی** / mandāyî/:/*سم.* مەندایی: ۱. دینێکی باو لە باشووری عیراق و خووزستان، کە شوێنکەوتووانی خەت و زمانێکی تایبەتیان هەیە و ئاوی خوڕ و تیشکیان بەلاوە پیرۆزە: صُبّه ۲. /ـها؛ ـان/ هەر کام لە شوێنکەوتووانی ئەو دینە

*** مانداییی**

**من‌درآوردی** / mandarāvardî/: *صفت. [گفتاری]* هەڵبەستە؛ درۆیی؛ خۆکردی؛ خۆدەرهێن؛ خۆهەڵبەست؛ لەخۆیی ‹خبرها و شایعه‌های من‌درآوردی: هەواڵ و بەنگوباوی هەڵبەستە›.

**مندرج** / mondarec, mondarac/: [عربی] *صفت.* نووسراو ‹این مطلب در کتاب فیزیک مندرج است: ئەم بابەتە لە کتێبی فیزیکدا نووسراوە›.

**مندرجات** / mondarecāt/: [عربی]/*سم.* نووسراوەگەل؛ کۆی ئەو شتانەی لە شوێنێکدا نووسراونەتەوە ‹مندرجات کتاب فیزیک: نووسراوەگەلی کتێبی فیزیک›.

**مندرس** / mondares/: [عربی] *صفت.* کۆنە؛ کۆن؛ شنگر؛ پواو؛ داڕزاو ‹لباس مندرس: جلوبەرگی کۆنە›.

**مندلفیم** / mendelefyom/: [فرانسوی]/*سم.* مەندلفیوم؛ توخمی شیمیایی کانزایی لە

دەستەی ئاکتنیدەکان، بە ژمارە ئەتۆمی ۱۰۱، کە بە شێوەی دەسکرد بەرهەم دێت: **مِندِلوِیُم**

**مندلک** / mandalak / ـها/: /سم. کاهوەمارانە؛ گیایەکی پایا بە ڕیشووی ئەستوور و درێژ، چەن لاسک و گەلای پانی سەوز و خۆراکیەوە کە هاوینان شین دەبێ: **کاهوی افعی**

**مندلویم** / mendelevyom/: [فرانسوی] ☜ **مِندِلفیُم**

**مندلیسم** / mendelîsm/: [فرانسوی]/سم. مەندیلیسم؛ سەرجەمی بنەما و کارکردی قانوونی مەندیل.

**مندیل** / mandîl ، ـها/: [عربی]/سم. مێزەر؛ مێزەرە؛ سەرپێچ؛ شاشک؛ دەسمال سەر؛ دەسرەی سەرپێچان.

**منزجر** / monzacer/: [عربی] صفت. وەڕەز؛ وەرز؛ جارڕ؛ وێرس؛ وێزار؛ بێزار؛ قەلس؛ یاس؛ گیانەسەر ‹با رفتار خود همه را منزجر کرد: بە کردەوەی خۆی هەمووی وەڕەز کرد›.

**منزجرکننده** / monzacerkonande/: [عربی/ فارسی] صفت. بێزارکەر؛ وەڕەزکەر.

**منزل** / manzel ، ـها/: [عربی]/سم. ۱. /منازل/ مال؛ خانوو؛ خانە؛ یانە؛ خانک؛ خانگ؛ خانی؛ مار؛ هوونە؛ دەمانە ۲. *[مجازی]* خان؛ مال؛ خانەخان؛ قۆناغ ‹هنوز در منزل اوّل این کار بزرگ هستیم: هێشتا لە خانی یەکەمی ئەم کارە گەورەداین› ۳. *[مجازی]* بەر؛ مەقسەد ٤. *[مجازی]* جێ؛ جێگا؛ شوێن ٥. مەنزل؛ یەکەی کۆنی ڕێگا، ئەوندەی شەش فرسەخ، سیوشەش کیلۆمیتر.

▣ **منزل کردن**: نیشتەجێ بوون؛ هێورین ‹در هتل منزل کردیم: لە هوتێل نیشتەجێ بووین›.

**منزلت** / manzelat, manzalat ، ـها/: [عربی]/سم. وەج؛ قەدر؛ پلە و پایەی کۆمەلایەتی.

**منزلگاه** / mazelgāh ، ـها/: [عربی/ فارسی]/سم. گیهانەک؛ جامال؛ مالگە؛ شوێنی مانەوە و هێورین لە ناو ڕێ.

**منزلە** / manzele, manzale/: [عربی] ☜ **بە منزلەی**

**منزوی** / monzavî ، ـها/: [عربی] صفت. گۆشەگیر؛ سووچنشین؛ دوورەپەرێز؛ دووری گر؛ کونجگر؛ قوڕنەتگیر؛ لاتەریک.

**منزه** / monazzah/: [عربی] صفت. پاک؛ خاوێن؛ پاقژ؛ پاکژ؛ پاک و پوار.

**منسجم** / monsacem/: [عربی] صفت. تۆکمە؛ یەکپارچە.

**منسوب**[1] / mansûb ، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی]/سم. ۱. بەندیوار؛ بەستراو ۲. خزم؛ کەس؛ کەسوکار.

**منسوب**[2]: صفت. هاوگەر؛ پێوەندیدار.

**منسوج** / mansûc ، ـات/: [عربی]/سم. ۱. کر؛ تەنراو؛ چنراو؛ تەون؛ جۆلایی کراو ۲. *[قدیمی]* گنج؛ کنج؛ هنجگ؛ جلوبەرگ.

**منسوخ** / mansûx/: [عربی] صفت. هەلگیراو؛ هۆرگیریا؛ لەباوکەوتوو؛ بێبڕەو ‹این رسمها دیگر منسوخ شده است: ئەم داب و نەریتانە ئیدی هەلگیراون›.

**منسی** / mansî/: [عربی] صفت. *[ادبی]* لەبیرچوو؛ لەبیرکراو؛ فەرامۆشبوو؛ فەرامۆشکراو.

**منش** / maneš ، ـها/: /سم. تووک؛ خۆوخدە؛ گەد؛ ڕەوشت؛ شێوازی جوولانەوە لەگەل خەلک، بە گوێرەی کەسایەتی و دۆزەنەیەکی بایەخی دیاریکراو.

**منشآت** / monša'āt/: [عربی]/سم. *[ادبی]* کۆمەلە نامە؛ نامەگەل؛ نامێ.

**منشأ** / manša'/: [عربی]/سم. سەرچاوە: ۱. /ـها/ ژێدەر؛ بنەما؛ سەرچاوکە؛ زاگە ۲. *[مجازی]* هۆ؛ بۆنەی سەرهەلدان ‹امیدوارم بتوانم منشأ خدمتی بشوم: هیوادارام بتوانم ببمە هۆی خزمەتێک›.

▣ **منشأ گرفتن**: سەرچاوە/ سەرچاوکەگرتن؛ سەرهەلدان؛ وەشانەوە؛ بەدیهاتن؛ لێدەرهاتن؛ لێدەرکەوتن ‹همەی این مشکلات

از گرانی منشأ می‌گیرد: هەموو ئەم گرفتانە لە گرانیەوە سەرچاوە دەگرن›.

**منشعب** / monša'eb/: [عربی] *صفت.* ۱. لق ـ لق؛ شاخە ـ شاخە؛ پەل ـ پەل ۲. پەلکێش؛ لێوەبوو؛ ئاژۆ ‹در اینجا جاده منشعب می‌شود: لێرەدا جادەکە پەلکێش دەبێ› ۳. جیاوەبوو؛ لێوەبوو ‹گروه منشعب از حزب: تاقمی جیاوەبوو لە حیزب›.

**منشور** / manšûr ، ـها/: [عربی]/*سم.* ۱. پەخشنامە؛ ئاگاداری؛ بلاوکراوە؛ بەلافۆک ‹منشور حقوق بشر: پەخشنامەی مافی مرۆ› ۲. *[هندسە]* پوازک؛ تەشکێکی چەن‌پاڵوو ۳. ئاوێزە؛ تەنێکی ڕوون بە دوو لاپاڵی ناهاوشان بۆ لارکردنەوە و شی‌کردنەوەی لیزگی تیشک.

**منشی** / monšî ، ـها؛ ـان/: [عربی]/*سم.* ئینشابەند؛ سەرقەڵەم؛ مونشی: ۱. ئەو کەسە کاروبار و نامەی نووسینگەی سەرۆک بەڕێوە دەبا ۲. ئەو کەسەی باس و بڕیاری دانیشتنێک دەنووسێتەوە.

▣ **منشی تلفنی** ☜ **پیامگیر**

**منشی صحنه**: مونشی نیار/ شانۆ؛ ئەو کەسەی هەموو وردەکاریەکانی سەر شانۆی فیلم تۆمار دەکا و پێیان ڕادەگا.

**منشیگری** / monšîgarî/: [عربی/ فارسی]/*سم.* کار یان پیشەی مونشی.

**منصب** / mansab ، ـها؛ مناصب/: [عربی]/*سم.* ۱. پلە؛ پایە ۲. پیشە؛ ئیش؛ کار (بەتایبەت کاری گرینگ).

**منصرف** / monsaref/: [عربی] *صفت.* پاشگەز؛ دەسبەڵگر؛ پەشیمان ‹از تصمیم خودم منصرف شدم: لە بڕیارەکەم پاشگەز بوومەوە›.

**منصف** / monsef ، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی] *صفت.* بە ئینساف؛ دادپەروەر.

**منصف الزاویه** / monassefozzāviye/: [عربی] ☜ **نیمساز**

**منصفانه**[1] / monsefāne/: [عربی/ فارسی] *صفت.* دادپەروەرانە.

**منصفانه**[2]: *قید.* لە ڕووی ئینسافەوە؛ بە ئینسافەوە؛ بە دادپەروەریەوە ‹منصفانه قضاوت کن، ببین حق با کیست: بە ئینسافەوە دادوەری بکە، بزانە کێ ڕاستە›.

**منصوب** / mansûb ، ـان؛ ـین/: [عربی] *صفت.* دانراو؛ ڕاسپاردە؛ ڕاسپارە.

▣ **منصوب شدن**: دانران؛ ڕاسپێردران ‹به ریاست مدرسه منصوب شد: بۆ سەرۆکایەتی قوتابخانە دانرا›. **هەروەها: منصوب کردن**

**منصور** / mansûr/: [عربی] *صفت. [ادبی]* سەرکەوتوو.

**منضبط** / monzabet/: [عربی] *صفت.* مرێس؛ تەکووز؛ ڕێک‌وپێک.

**منضم** / monzam/: [عربی] *صفت.* پێوەلکاو؛ پەیوەستکراو؛ دەپاڵخراو.

**منطبق** / montabeq/: [عربی] *صفت.* بەرانبەر؛ بەرامبەر ‹منطبق با حقیقت است: بەرانبەر بە ڕاستیە›.

**منطق** / manteq/: [عربی]/*سم.* ۱. مەنتیق؛ زانستی سەلماندن و ئاکام لێوەرگرتنی قسە و باس ۲. *[مجازی]* بەڵگە و بڕنۆی ژیرانە ۳. *[مجازی]* بیری دروست ٤. *[مجازی]* شێوازی هشاندن؛ تێفکرین ٥. وتە؛ وتار؛ گوتە ٦. *[قدیمی]* زمان؛ زوان ۷. *[قدیمی]* کار و ڕەوتی پەیڤین؛ ئاخاوتن؛ چەلمین.

**منطق** / monteq/: [عربی] ☜ عدد گویا، **عدد**

**منطقدان** / manteqdān ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] *اسم.* مەنتیق‌زان؛ پسپۆڕی مەنتیق.

**منطقه** / mantaqe ، ـها؛ مناطق/: [عربی]/*سم.* ناوچە؛ نافچە؛ ناوان؛ هەرێم؛ هەوێرکە؛ قاچ؛ مەڵبەند؛ ئاقار؛ کافار: ۱. بەشێک لە ڕووبەرێک ‹منطقه‌ی وسیعی را آب فراگرفته بود: ئاو ناوچەیەکی زۆری داگرتبوو› ۲. سەرزەوین؛ دیو ‹منطقه‌ی کردنشین: مەڵبەندی کوردان› ۳. *[جغرافیا]* هەر

www.perawipepwle.com



بەشێکی گۆی زەوی ‹منطقه‌ی گرمسیری: ناوچەی گەرمەسێر› ٤. وڵکە؛ ئولکە؛ ئۆلکە؛ محاڵ؛ مەهال؛ کۆمەڵە ئاوایی یان کۆمەڵە شەقام و کۆڵانی ناوشار کە سەر بە ناوەندێکن.

▣ **منطقه‌ی استوا:** ناوچەی ئوستوا؛ بەشێ لە گۆی زەوی لە نێوان ٢٧′ ٢٣° بەری باکووری و باشوورییدا کە هەمیشە گەرمە و گۆڕانی وەرزی تێدا بەدی ناکرێ.

**منطقه‌ی حارّه** ☜ **مَدارگان**

**منطقه‌ی قطب** ☜ **منطقه‌ی منجمد**

**منطقه‌ی معتدل:** ناوچەی فێنک؛ هەر کام لە دوو بەشی گۆی زەوین لە نێوان ناوچەی ئوستوا و ناوچەی بەستەڵەکدا.

**منطقه‌ی منجمد:** ناوچەی سەهۆڵبەندان؛ ناوچەی بەستەڵەک/ تلوونج؛ هەر کام لە دوو جەمسەری گۆی زەوی لە نێوان دوو بەری ٣٣′ ٦٦° باکووری و باشوورییدا کە هەمیشە سەرد و ڕچەیە: **منطقه‌ی قطب**

**منطقه‌البروج** /mantaqatolburûc,-borûc/: [عربی] ☜ **دایرةالبروج**

**منطقه‌ای** /mantaqe'î/: [عربی] *صفت.* ناوچەیی؛ هەرێمی؛ سەر بە ناوچە.

**منطقی** /manteqî/: [عربی] *صفت.* ژیرانە؛ گونجاو؛ ڕێک و تەبا ‹عمل منطقی؛ حرف منطقی: کاری ژیرانە؛ قسەی گونجاو›.

**منظر** /manzar/: [عربی]/*سم.* دیمەن: ١. ڕوانگە؛ پێشچاو؛ چاوگە؛ دیامان؛ خویانەک؛ بەرجەوەن؛ بەرژەوەند؛ شوێنی لێڕوانین ‹از منظر علم فیزیک: لە ڕوانگەی زانستی فیزیکەوە› ٢. ڕەنگ و ڕوو؛ سیما.

**منظره** /manzare/، ـها؛ مناظر/: [عربی]/*سم.* دیمەن؛ دیا: ١. ئەوەی بەرچاو دەکەوێت ‹آن منظره همیشه پیش چشمم مجسم می‌شود: ئەو دیمەنە هەموو کات دێتە بەرچاوم› ٢. وێنەی لە دوورەوەی سروشت ‹منظره‌ی طبیعت می‌کشید و می‌فروخت: دیمەنی سروشتی دەکێشا و دەیفرۆت› ٣. دیامان؛ ڕوانگە؛ بەرژەوەند؛ بەرجەوەن.

**منظم** / monazzam/: [عربی] *صفت.* تەکووز؛ تەکویز؛ تەکویس؛ ڕێکوپێک؛ لەبار؛ پۆڕ ‹کار منظم: کاری تەکووز›.

**منظور** / manzûr، ـها/: [عربی]/*سم.* مەبەست؛ مخەت؛ مەبەس؛ چەمک؛ نیاز.

▣ **منظور داشتن:** ١. دانان ‹این کار را برای شما منظور داشتم: ئەم کارەم بۆ ئێوە دانا› **منظور کردن** ٢. مەبەست بوون ‹از این حرف منظور داشت: لەم قسەیە مەبەستێکی بوو›.

**منظور کردن** ☜ **منظور داشتن ـ١**

**منظوم** / manzûm/: [عربی] *صفت.* هۆنراو؛ هەڵبەستە؛ هەڵبەستراو؛ بە شێوەی شیعر. بەرانبەر: **منثور** ‹حکایت منظوم: داستانی هۆنراو›.

**منظومه** / manzûme، ـها/: [عربی]/*سم.* ١. هەڵبەست؛ هۆنراوە؛ داستان یان بەسەرهاتێکی هۆنراوە ‹منظومه‌ی خَج و سیامند: هەڵبەستی خەج و سیامەند› ٢. *[نجوم]* کۆمەڵە؛ کۆی گەڕۆک و مانگێ کە لە دەوری ئەستێرەیەک هەڵدەسووڕن ‹منظومه‌ی شمسی: کۆمەڵەی ڕۆژ›.

▣ **منظومه‌ی شمسی:** کۆمەڵەی ڕۆژ؛ خۆر، زەوین و هەشت گەڕۆکی دیکە و مانگەکانیان.

**منع** / 'man/: [عربی]/*سم.* بەرگری؛ بەرگیری؛ بەربەست؛ مەنع؛ کار و ڕەوتی ڕێگە نەدان؛ بەرگرتن؛ نەهێشتن؛ نەهێلان. هەروەها: **منع شدن؛ منع کردن**

**منعقد** / mon'aqed/: [عربی] *صفت.* ١. بەستراو (بۆ پەیمان) ٢. ئەماس؛ مەیو؛ مەییو؛ مەیس؛ گرساو؛ گرسی (بۆ تراو) ٣. کار و ڕەوتی بەڕێوە چوون ‹مراسم عروسی منعقد شد: ڕێوڕەسمی زەماوەند بەڕێوە چوو›.

**منعکس** / mon'akes/: [عربی] *صفت.* هەڵگەڕاوە؛ وەرگەڕاو؛ هەڵگەڕاو؛ هەڵەوگەڕیاگ؛ تووشی

گەرانەوە بوو ‹نور منعکس از آیینه: تیشکی هەلگەڕاوە لە ئاوێنە›.

**منعم** / mon'em ، ـان؛ ـین/: [عربی] *صفت. [ادبی]* دارا؛ مایەوەر.

**من غیرمستقیم** / menqeyremostaqîm/: [عربی] *قید.* ناڕاستەوخۆ ‹من غیرمستقیم بە او فهماندم کە نخواهم رفت: ناڕاستەوخۆ تێگەیاند کە ناڕۆم›.

**منفجر** / monfacer/: [عربی] *صفت.* تەقیو؛ تەقاو؛ تەقیگ؛ تەقیاگ؛ تەقیای؛ تڕەقیو؛ پەقیو.

▣ **منفجر شدن:** تەقین؛ تەقیان؛ پەقین؛ پەقان؛ پژقیان؛ تەقینەوە؛ تەقانەوە؛ تەقیانەوە؛ ئەوەتەقەی؛ تەقایوە؛ تڕەکین ‹مین منفجر شد: مینەکە تەقیەوە›.

**منفجر کردن:** تەقاندنەوە؛ تەقانن؛ تەقاندن؛ بەقتاندن؛ پەقاندن؛ تەڕەقاندن؛ ئەوەتەقنەی؛ تەقنایوە؛ تڕەقاندن؛ گودە؛ هەڵتڕەکان ‹یک پل را منفجر کردند: پردێکیان تەقاندەوە›.

**منفذ** / manfaz ، ـها؛ منافذ/: [عربی]/*سم.* دەروو: ۱. ماوش؛ کون؛ کونا؛ ولە؛ تەشە؛ واجە ۲. دەربیجە؛ دەریچە ۳. *[ادبی]* بوارگە؛ جێبگار.

**منفرجه** / monfarece/: [عربی] *صفت.* ۱. ئاوەڵا؛ گوشا؛ کراوە ۲. ☜ زاویەی منفرجه، **زاویه**

**منفرد** / monfared/: [عربی] *صفت.* ۱. تەنیا؛ تەنها؛ تاک ۲. ـان؛ ـین/ سەربەخۆ ‹نمایندەی منفرد: نوێنەری سەربەخۆ›.

**منفصل** / monfasel/: [عربی] *صفت.* ۱. *[نامتداول]* جیاوەبوو؛ جیابووگ؛ جیاوەبیە ۲. جیا؛ جوێ؛ جگا ۳. لابراو؛ داتەکیو؛ دابڕاو ‹از سمتش منفصل شد: لە کارەکەی لابرا›.

**منفعت** / manfa'at ، ـها؛ منافع/: [عربی]/*سم.* قازانج؛ بەهرە؛ فێدە؛ هاڤل؛ سوود.

▣ **منفعت بردن:** قازانج‌کردن؛ بەهرە بردن؛ هاڤل بوون. هەروەها: **منفعت داشتن؛ منفعت کردن**

**منفعل** / monfa'el/: [عربی] *صفت.* ۱. بەرکار؛ وەبەر ڕووەدانی کاریک ۲. *[مجازی]* شەرمەزار؛ شەرمزار؛ تەریقەوەبووگ؛ خەجالەتبار؛ بەخۆداشکاو ‹از رفتار خودش منفعل شد: لە کردەوەی خۆی شەرمەزار بوو› ۳. بێدەسەلات؛ لەکارتە؛ پەکەوتە ‹نیروهای ملی منفعل بودند و کودتاچیان فعال: هێزەکانی گەل بێدەسەلات بوون و کوودەتاچیەکان بەکار› * **انفعالی**

**منفک** / monfak(k)/: [عربی] *صفت.* ۱. جیاوەبوو؛ لێوەبوو ۲. کەنراو؛ دابڕاو.

**منفور** / manfûr/: [عربی] *صفت.* نەگەویس؛ پێرم؛ بەر بێزکەوتوو؛ بەر ڕقکەوتوو؛ (لە) بەر چاوکەوتوو؛ کەسنەویس ‹او در آن شهر منفور بود: (ئەو) لەو شارەدا نەگەویس بوو›.

خـۆش گـەرەک/ هـەرەک بـوونی کەسـێک؛ کەسـێک خـۆش ویسـتن؛ یـۆ وەش سـیا/ گەرەک بیەی؛ حەز لە کەسێ کردن ‹سالها مهر او را در دل می‌پروراند: زۆرسالان دلی پیوه بوو›.

مهر ورزیدن: خۆش ویستن؛ خـۆش گـەرەک بوون؛ وەش ئەسیای/ سیەی/ گەرەک بیـەی؛ هەباندن ‹به میهنش مهر می‌ورزید: نیشـتمانەکەی خوش دەویست›.

**مهر** / mohr ، ـهـا/: *اسم.* ۱. مـۆر؛ مـۆرە؛ مـوهر؛ واژۆ؛ ناو، نەخش، یان نووسراوەی لە سـەر کـانزا یان پلاستیک کەندراو بۆ شوێن لە سـەر کاغـەز دانان ۲. *[شیعه]* بەردەمۆر؛ مۆری جـێ ئـەنی لـە سوژدەدا ۳. *[قدیمی]* ژتون؛ ژیتون.

▣ **مهـر کـردن**: مـۆرکردن؛ مـوهرکردن؛ مـۆر کەردەی.

**مهـراز** / mehrāz ، ـهـا؛ ـان/: *اسم.* نژیارڤـان؛ میعمار؛ ئارشیتکت.

**مهرآمیـز** / mehrāmîz/: *صفت.* خۆشەویسـتانە؛ خۆشویستانە؛ بە دلۆڤانیەوە؛ میرەبانانە.

**مهربان** / mehr(a)bān/: *صفت.* دلۆڤان؛ دلـنەرم؛ دل‌تەنک؛ میڕیڤان؛ میهرەبان؛ میهرەوان؛ خاوەن بەزەیی و دلنەرمی ‹مادر مهربان: دایکی دلوقان›.

**مهربانانـــه** / mehr(a)bānāne/: *قیـد.* بـــه میهرەبانیەوە؛ بە دلۆڤانیەوە؛ میڕەبانانە ‹مهربانانـه او را در آغوش گرفـت: بـه میهرەبانیـەوە لـه ئـامێزی گرت›.

**مهربانی** / mehr(a)bānî ، ـهـا/: *اسم.* ۱. دلۆڤـانی؛ میهرەبانی ۲. بەزەوی؛ دلنەرمی؛ بەزەیی.

**مهرپرستی** / mehrparastî/: *اسم.* خۆرپەرسـتی؛ ڕۆجیارپڕیسی: **میترائیسم**

**مهرگـان** / mehr(e)gān/: *اسـم.* میهرەگـان؛ میڕەگان؛ میهرەجان؛ جەژنێکی کۆنی ئێرانیە لە شازدەی مانگی ڕەزبەر (میهر) دا دەگیرا.

**مهرگیـاه** / mehrgiyāh ، ـهـا/: *اسم.* گیاندەمـە؛ هەسەن‌بەگی؛ سێوەخووگانە؛ گیایـەکی ئـالیکی بە گوڵی سپی مەیلەو شین و بـەری گۆشـتن و زەردی وەک سێوە، ڕیشەکەی زۆر تیژ و بۆگەنە و بۆ دەرمان دەشێ: **سگ‌کن**

**مهـرورزی** / mehrvarzî ، ـهـا/: *اسـم.* دلۆڤـانی؛ میهرەبانی؛ خۆشەویستی؛ کـار و ڕەوتی خـۆش ویستن و میهرەبانی‌کردن.

**مهر و موم** / mohr-o-mûm/: *اسم. [قـدیمی]* لاک و مۆر؛ مۆر و مۆم.

**مهـره** / mohre ، ـهـا/: *اسـم.* مـۆرە: ۱. مـوورگ؛ موورووا؛ میەرە؛ میەرگ؛ کرک؛ لەتە خڕیلانە لـە بەرد، چێو، شووشە یان کانزا ۲. لەتەی وا بۆ نـاو کایە ‹مهرەی شطرنج: مۆرەی شەترەنج› ۳. ـگـان/ ئێسک و کرۆژەی پێکهێنەری بڕبڕاگـەی پشـت ٤. لەتەیەکی تەخت و کونی کانزایی ناو شـەقار بۆ توندکردنی پێچ.

▣ **مهرەی اتلس**: یەکەم مۆرەی گەردن؛ مۆرەی سەرووی مۆرەغە.

**مهرەی پشت**: مۆرە/ مۆرەغەی پشت؛ بڕبـڕەی پشت؛ هـەر کـام لـە دوازدە مـۆرەی بڕبـڕەی مرۆڤ لە نێوان مۆرەکانی مل و کەمەردا.

**مهرەی خروسکی**: مۆرەیەکی کـانزایی بـە دوو پەل لە هەر دوو لاوە بۆ بە دەسـتەوە گـرتن و پێچاندنی.

**مهره شطرنج**: مۆرەی شەترەنج؛ هـەر کـام لـە ۳۲ پەیکەرەی بچووکی نێو کایەی شەترەنج.

**مهرەی کمر**: مۆرە/ مۆرەغەی کەمەر؛ بڕبـڕەی کەمەر؛ هەر کام لە پێـنج مـۆرەی مـرۆڤ لـە نێوان مۆرەکانی پشت و سێبەندەدا.

**مهرەی گردن**: مۆرە/ مۆرەغەی مـل؛ بڕبـڕەی گەردن؛ هەر کام لە حەوت مۆرەی مرۆڤ لـە سەرترین بەشی بڕبڕاگەدا.

**مهرەی مار**: مۆرەی مار: ۱. *[قدیمی]* بەردێ کە لە پشتەسەری بڕێ مـارەوە دەڕوێ و دژەژارە ۲. *[زمـین‌شناسـی]* بـڕێ قاپلـۆخی وەک بـەرد لێ‌هاتوو کە لە زەوینی ئاهەکی سەر بە خولی

دووهەمی زەویناسیدا دەدۆزرێتەوە.

**مهرەی نرد:** مۆرەی تەختە؛ زاری تەختەنەرد؛ هەر کام لە ٣٠ لەتە خرتۆلەکانی کایەی تەختەنەرد.

▣ **مهرەی مار داشتن:** *[مجازی]* دۆعای زەرەشیرینی پێ بوون/ لا بوون؛ لە ڕاکێشانی خەڵک بەرەو خو، لێهاتوو بوون ‹زود همه را دور خودش جمع کرد، اِنگار مهرەی مار دارد!: زوو هەمووی بە دەوری خۆدا کو کردەوە، وەک بێژی دۆعای زەرەشیرینی پێبە!›.

**مهرەدار** / mohredār/ ، ـها؛ ـان/: *صفت. [زیست‌شناسی]* مۆرەدار؛ بڕبڕەدار؛ مۆرەغەدار؛ بە بڕبڕاگە و پێکهاتەی ئێسکی؛ گەورەترین گرۆی گیاندار کە لەشی ئێسک و کرۆژنەی تێدایە و بڕبڕاگەی هەیە (وەک ماسی، خزۆک، پەلەوەر و گواندار).

**مهرەماسوره** / mohremāsûre/ ، ـها/: */سم.* مۆرە و ماسووە؛ مۆرە و ماسوولە؛ لەتە کانزای ناوشەقار بۆ لێکنووساندنی دوو لوولە لە جێگایەکدا کە ڕێدەستی پێچاندنیان نیە.

**مهریه** / mahrîyye/: [از عربی] ☜ **مَهر**

**مهکشند** / mehkešand, -kašand/: */سم.* هەڵکشەی تەواو؛ بانترین ڕادەی هەڵکشانی ئاو لە نیوەی مانگدا.

**مه‌گرفته** / mehgerefte/: *صفت.* تەمداگرتوو: ١. مژ؛ مژگرتوو ‹هوای مەگرفته: هەوای مژ› ٢. لێل؛ بێنموود.

**مهلت** / mohlat/ ، ـها/: [عربی]/سم. دەرفەت؛ مەودا؛ مۆڵەت؛ والە؛ ماوە؛ ماوڵ؛ قانە؛ قان؛ ورینگ؛ دەرەق؛ کاتی پاشماوە بۆ جێبەجێ بوونی کارێ یان ڕووداوێک ‹برای پرداخت بدهی‌هایم دو روز مهلت دارم: بۆ دانەوەی قەرزەکانم دوورۆژم دەرفەت هەیە›.

**مه‌لقا** / mahlaqā/ ، ـیان/: [فارسی/ عربی] *صفت. [مجازی، ادبی]* مانگ؛ ماڕوخسا؛ گوڵڕوو؛ خوشیک؛ دەڵال؛ زۆر جوان.

**مهلک** / mohlek/: [عربی] *صفت.* کوژەر؛ گوژەر؛ بکوژ؛ کوشندە؛ کوشنەر؛ کوژەک؛ کوژننە ‹سم مهلک: ژاری کوژەر›.

**مهلکه** / mahlake/ ، ـها/: [عربی]/سم. قڕانگە؛ تالوکە؛ مۆڵەکە؛ جێگەی بڤە؛ شوێنی خەتەر؛ جێگەی ترس و مردن؛ جێگەی مەترسی ‹سعی کرد خودش را از آن مهلکه نجات دهد: هەوڵی دا خۆی لەو قڕانگە ڕزگار بکا›.

**مهم** / mohem(m)/: [عربی] *صفت.* گرینگ؛ گرنگ: ١. جێگەی سەرنج و بایەخ ‹شهر مهم: شاری گرینگ› ٢. بایەخدار ‹کار مهم؛ ڕویداد مهم: کاری گرنگ؛ ڕووداوی گرینگ›.

**مهمات** / mohemmāt/: [عربی]/سم. تەقەمەنی؛ ماکی تەقینەوە بۆ نێو چەکی گەرم (وەک نارنجۆک، فیشەک و بومب).

**مهمان** / mehmān/ ، ـها؛ ـان/: */سم.* میوان؛ مێوان؛ مێمان؛ مەیمان؛ میموو؛ مێڤان؛ میڤان؛ مەهڤان؛ مێهڤان؛ میرفان: ١. ئەوەی لە لایەن کەسێکی‌ترەوە ڕادەگیرێ و پەزێرایی لێ دەکرێ ٢. کەسێ کە لە ماڵی یەکێ‌تر نان دەخوا، دەخەوێ یا ڕێبوارە ‹امشب مهمان داریم: ئەمشەو میوانمان هەیە› ٣. ئەوەی کە خەرجێکی کەسێکی‌تر دەیدا ‹فروشنده گفت این دفعه را مهمان باشید: فرۆشیارەکە گوتی ئەمجارە میوان بن› ٤. مشتەری مێوانخانە یا مسافرخانە ✱ **میهمان**

▣ **مهمان ناخوانده:** مێوانی ناوەخت؛ میوانی بانگنەکراو کە چاوەڕوانی نەبووبێتن.

▣ **مهمان شدن:** بوونە میوان/ مێمان؛ میڤان بوون؛ مێمانەی. هەروەها: **مهمان کردن**

**مهمان‌پذیر** / mehmānpazîr/ ، ـها/: */سم.* مسافرخانە؛ میوانخانە.

**مهمانخانه** / mehmānxāne/ ، ـها/: */سم.* مێوانخانە؛ میوانخانە؛ مێمانخانە: ١. هوتیل؛ شوێنێک بۆ حەواندنەوە و پەزێرایی لە میوان بە

پاره ۲. لامەردو؛ لامەردە؛ لامێردە؛ لامێردان؛ دیوەخان؛ دیواخان؛ شوێنی میوانان لە مالدا.

**مهماندار** / mehmāndār / ـها؛ ـان/:/سم. میواندار: ۱. ڕاسپاردەی دامەزراوەیەک بۆ پێڕاگەیشتن و حەواندنەوەی میوانان ۲. کەسێ کە لە کەرەسەیەکی هاتوچووی گشتیدا لە موسافرەکان پەزێرایی دەکا ‹مهماندار هواپیما: میوانداری فڕۆکە›.

**مهماندوست** / mehmāndûst/: صفت. میوان‌خۆشەویست؛ مێمان‌دۆست؛ مێڤانهەوین؛ میوانەوین؛ میوان‌دۆست؛ وجاخ؛ میوانگر؛ بەخزمەت؛ هۆگر و حەز لە میوان. هەروەها:

**مهمان‌دوستی**

**مهمانسرا** / mehmānsarā ، ـها/:/سم. ۱. موتێل؛ میوانخانەی ناو ڕێگە ۲. شوێنێکی سەر بە دامەزراوەیەک لە شارێکدا کە ئەندامانی کاتی سەفەر بۆ ئەو شارە، لەوێ دەبن.

**مهمان‌نواز** / mehmān.navāz/: صفت. میوان‌دۆست؛ میوان‌خۆشەویست؛ وجاخ؛ میوانگر؛ میواندار؛ وجاخدار؛ میهماندار؛ هۆگر و هۆکارەی میوان ڕاگرتن ‹مردم ایلام خیلی مهمان‌نواز هستند: خەڵکی ئیلام زۆر میوان‌دۆستن›.

**مهمان‌نوازی** / mehmān.navāzî ، ـها/:/سم. میوان‌دۆستی؛ میوان‌خۆشەویستی؛ میوانداری؛ پێڕاگەیشتن و میهرەبانی لەگەڵ میواندا.

**مهمانی** / mehmānî ، ـها/:/سم. میوانی؛ مێوانی؛ مێمانی؛ میڤانی؛ مەیمانی؛ میهمانی؛ میهڤانی؛ قبوولی؛ قوبڵی؛ میرفانی؛ دەعوەت؛ خرێفەک: ۱. ڕێوڕەسمی بانگهێشتن و پەزێرایی لە میوانان ‹آرام مهمانی داده است: ئارام میوانی داوە› ۲. شوێنی بەڕێوە چوونی میوانی ‹دیشب مهمانی بودیم: دوێشەو لە میوانیدا بووین› * **میهمانی**

▣ به مهمانی رفتن: بۆ میوانی چوون؛ چوونە میوانی؛ بەشداری‌کردن لە ڕێوڕەسمی میوانیدا.

**مهمل**[1] / mohmal ، ـات/: [عربی]/سم. [دستور] ۱. بێمانا؛ وشەیێ کە بە تەنیا مانایەکی نیە و دەگەڵ وشەی‌تردا دێ (وەک کاغەز «ماغەز»، کتێو «متێو») ۲. تایبەتمەندی پیتێک کە خاڵی نیە (وەک «س» و «ح»).

**مهمل**[2]: صفت. بێخۆ؛ بێهۆ: ۱. خوێرپیلە؛ بە کارنەهاتوو؛ بەکەڵکنەهاتوو؛ بێکارە؛ دەردنەخۆر؛ دەردنەخواردگ؛ دەردنەوەر؛ بێ‌کەڵک ‹آدم مهمل؛ کار مهمل: مرۆی خوێرپیلە؛ کاری بێخۆ› ۲. بێمانا؛ بێبەهرە؛ بێقازانج ‹حرف مهمل؛ فکر مهمل: قسەی بێمانا؛ بیر و خەیالی بێخۆ›.

**مهملات** / mohmalāt/: [عربی]/سم. هیچکەوپووچکە؛ هیچەکە و پووچەکە؛ شتی بێمانا و بێکەڵک.

**مهمل‌بافی** / mohmalbāfî ، ـها/: [عربی/ فارسی]/سم. گەوجانەڕێسی؛ کار و ڕەوتی بڕێش‌کردن؛ ڕێسانی قسەی بێخۆ و بێمانا.

**مهمل‌گویی** / mohmalgûyî ، ـها/: [عربی/ فارسی]/سم. گەوجانەوێژی؛ گەوجانەڕێسی؛ گەوجەگەوج؛ کار و ڕەوتی گوتنی قسەی بێمانا و پووچەڵ.

**مهمیز** / mehmîz ، ـها/: [از عربی]/سم. ۱. مامزە؛ مامز؛ مامێز؛ میهمۆز؛ مەهمێز؛ مەموز؛ زەخت؛ چەنگ؛ زیخت؛ دەرزیک؛ ئاسنێکی نووک‌تیژە، سوار لە پاشپانیەی چەکمەی قایمی دەکا و پێی لە تەڕادی ئەسپی دەدا و تاوی لێ دێنێ.

▣ زیر مهمیز کشیدن ☜ زیر[3]

**مهنامه** / mahnāme ، ـها/:/سم. [مخفف] مانگ‌نامە؛ گۆڤاری مانگانە.

**مهناوی** / mahnāvî ، ـها؛ ـان/:/سم. گرووبانی هێزی چەکداری دەریایی.

**مهندس** / mohandes ، ـها؛ ـان؛ ـین/: [عربی از هندسه/ معرب از پهلوی]/سم. ئەندازیار؛ موهەندیس: ۱. دەرچووی زانکۆی ئەندازیاری ۲. نژیارڤان؛ ئارشیتکت؛ ئەندازیاری گەلاڵە داڕژتنی خانوو.

**مهندسی** / mohandesî/: [عربی]/سم. ئەندازیاری؛ موهەندیسی: ۱. کار یان پیشەی ئەندازیار: *الف)* فەننی نەخشەڕێژی ماشین ب) گۆڕان و ڕێکخستنی دیاردەکان ‹مهندسی ژنتیک: ئەندازیاری ژنیتیک› ۲. کاربەری زانست بەتایبەت بیرکاری و فیزیک، بۆ کەڵک بردن لە تایبەتمەندی ماک و وزە لە سروشتدا، بە شێوەی پێکهاتە، بەرهەم، دەزگا و شتی‌تر.

▣ **مهندسی سازه:** لقێک لە ئەندازیاری سەبارەت بە گەڵاڵەداڕێژی بۆ خانووبەرە بە شێوەیەک کە لە بەرانبەر بوومەلەرزە و مەترسی‌تر‌ەوە نەڕووخێ. هەروەها: **مهندسی برق؛ مهندسی سیستم؛ مهندسی سویل و...**

**مهوع** / 'mohavve/: [عربی] صفت. قیزەون: ۱. دڵشێوێن؛ دڵهەڵشێوێن؛ هێلنجهێنەر؛ هێلنجاوەر؛ هۆی ڕشانەوە؛ هۆی حاڵ خراپ بوون ۲. *[مجازی]* زۆر ناخۆش و نالەبار ‹غذای مهوع: چێشتی قیزەون›.

**مهیا** / mohayyā/: [عربی] صفت. ساز؛ تەیار؛ بەرهەڤ؛ چێ؛ گیڤ؛ گیف؛ پەرداغ؛ پەرداخ؛ چاخ؛ سازکری؛ کارکری؛ ئامادە بۆ کار یان بۆ سەفەر ‹برای رفتن مهیا شدیم: بۆ ڕۆشتن ساز بووین›.

▣ **مهیا شدن:** چلیان؛ ساز بوون؛ کارکرن؛ درووس بوون؛ دروست بوون؛ خۆ ئامادە و تەیارکردن. هەروەها: **مهیا بودن؛ مهیا ساختن؛ مهیا کردن**

**مهیب** / mahîb/: [عربی] صفت. بەسام؛ ترسناک؛ بەخۆف؛ بەمەترسی؛ سامدار؛ جێگەی ترس؛ بە هەیبەت؛ زەرندە ‹صدای مهیب: دەنگی بەسام›.

**مهیج** / mohayyec/: [عربی] صفت. زیچێن؛ هەستبزوێن؛ هەستهروووژێن.

**می** / mey/: /سم. ۱. *[ادبی]* مەی؛ بادە؛ مهە؛ خواردنەوەی ئەلکولی کە مرۆ مەست دەکا بەتایبەت شەراو ۲. ☜ **مِه ـ۲**

**مـی**[1] / mî/: [فرانسوی]/سم. *[موسیقی]* می؛ سێهەمین نۆتی گامی دیاتونیک.

**می ـ**[2]: *پیشوند.* دە ـ ؛ ئە ـ ؛ مە ـ ؛ م ـ ؛ نیشانەی دڕێژەدار بوونی کار ‹می‌آمد: می‌گویم: دەهاتم؛ ئەڵێم›.

**ـ می** / omî/: *پسوند.* ـەمی؛ نیشانەی بوون لە ڕیز، پلە یان جێگەیەکی دیاریکراودا ‹یکُمی: یەکەمی›.

**میادین** / mayādîn/: [عربی] جمع ☜ **میدان**

**میان** / miyān/: /سم. ۱. ناو؛ نێوان؛ ناوەڕاست؛ نێوەڕاست؛ ناوەڕاس؛ ناوڕاس؛ مابەین؛ نابەین؛ بەین؛ مابین؛ مابێن؛ مەیان؛ میان؛ مینە؛ مینجا؛ دڵێڕاسە؛ نافی ‹میان کوچه: ناو کۆلان› ۲. ناوەند؛ چۆنگ ‹از میان به دو نیم کرد: لە ناوەندەوە کردیە دوو بەش› ۳. *[ادبی]* کەمبەر؛ ناوقەد؛ نەوق؛ قەد؛ کەمەر؛ کەمەرە ‹میان کوه: کەمبەری کێو›.

▣ **در این میان:** لەم ناوەناوە؛ لەم ناوەدا؛ لەم وەختە؛ لەم وەختا؛ لەم ناوا؛ لەم بەینەدا؛ لەم بەینا؛ لەم بەینە؛ لەم کاتەدا؛ لەم کاتە؛ لەم کاتا؛ چی وەختەنە؛ چی بەینەنە ‹در این میان شوهرش هم رسید: لەم ناوەناوە شووەکەیشی گەیی›.

**یک در میان:** یەکان‌یەک؛ یەک‌نەیەک؛ یەک نا یەک؛ یۆ ناو یۆ؛ بە مەودایەکەوە ‹درختها را یک‌درمیان قطع کردند: دارەکانیان یەکان‌یەک بڕیەوە›. هەروەها: **دو در میان**

▣ **به میان آمدن:** ۱. هاتنە ئاراوە؛ هاتنە پێشەوە؛ هاتنە نێوەوە؛ ئامای دڵێ ‹حرف ورزش به میان آمد: قسەی یاری هاتە ناراوە› ۲. هاتنە بەین؛ دەست تێوەردان ‹پای بیگانه به میان آمد: پای غەواڕە هاتە بەین›. هەروەها: **به میان آوردن؛ به میان کشیدن؛ در میان بودن**

**در میان گذاشتن:** کێشانە پێشەوە؛ هێنانە بەین؛ قسە لێ‌کردن؛ باس لێ‌کردن؛ هێنانە بەڕەوە؛ هێنانە ئاراوە ‹موضوع عروسی را با او در

میان گذاشتم: باسی زەماوەندم لەگەڵیدا کیشایە پیشەوە›.

**میان** / miyāne/: *حرف.* نێوان؛ لە نێوان؛ نێو؛ نێوانی: ۱. لە نێو؛ لە ناو؛ نێوی؛ دڵێو؛ بەینوو؛ بەینی؛ لە بەینی ‹میان چهار نفر تقسیم شد: لە نیو چوار کەسدا بەش کرا› ۲. بەینی؛ بەینوو؛ لە یەکێکەوە تا یەکێکی تر ‹میان آن دو شهر پنجاه کیلومتر فاصله بود: لە نێوان ئەو دوو شارەدا پەنجا کیلۆمتر مەودا بوو› ۳. لە نێو؛ لە ناو؛ دە نێو؛ ناوی؛ دڵێو؛ دڵی؛ بەینوو؛ لە بەینی ‹میان لباس‌ها بود: لە نیو جلەکاندا بوو› ٤. لە بەین؛ بەین؛ لەمەڕ لایەن و ئەندامانداا ‹میان آنها شباهت زیادی وجود دارد: لە نیوانیاندا وێکچوویەکی زۆر هەیە› ٥. لە ناو؛ لە نێو؛ دە نێو؛ لەگەڵ؛ چنی؛ چەنی؛ لەیل؛ لێل؛ لێڵ؛ وێڕا ‹میان مردم زندگی می‌کند: لەنیو خەڵکدا دەژی› ٦. لە ناو؛ لە نێو؛ بەینوو؛ بەینی؛ لە بەین؛ لە یەکێ لە دوو لایەنی کار یان کردەوەیەک ‹میان دو دولت جنگ درگرفت: لە نێوان دوو دەوڵەتدا شەڕ هەڵگیرسا› ۷. لە نێو؛ دڵێ؛ ناو؛ لە ناو؛ بەینی؛ بە شێوەی هاوبەش ‹میان مردم شایعاتی وجود دارد: لە نیو خەڵکدا وتەوتێک هەیە›.

**میانبر** / miyānbar/: *اسم. [گیاه‌شناسی]* گۆشتی میوە؛ بەشی نێوان تووێکڵ و تۆمی میوە.

**میانبر** / miyānbor/: *صفت.* قەدبڕ؛ قەیبڕ؛ لابڕ؛ سەربڕ؛ نێوانبڕ؛ نێوبڕ؛ ناوبڕ؛ ناڤبڕ؛ نوابڕ؛ لابڕ؛ نزیکترین ڕێ بۆ گەیشتن ‹راه میانبر: ڕێگەی قەدبر›.

▣ **میانبر زدن:** قەدبڕکردن؛ نێوان بڕین؛ ناڤبڕ لێدان؛ لابڕ لێدان؛ قەدبڕ لێدان؛ سەربڕ ڕۆشتن ‹میانبر زدم و جلوتر از آنها به خانه رسیدم: قەدبڕم کرد و پێش لەوان گەیشتمەوە مال›.

**میانپرده** / miyānparde/: *اسم.* ـها/: ۱. بەین‌پەردە؛ پارچە شانۆیەکی کورت لە نێوان دوو بەشی بەرنامەیەکدا ۲. *[زیست‌شناسی]* دیافراگم: **میانشامەی ڕویانی**

**میان‌تهی** / miyāntohî/: *صفت.* ۱. بۆش؛ هڵۆڵ؛ هەڕۆڵ؛ هوڵۆڵ؛ ناوبەتاڵ؛ نێوبەتاڵ؛ ناوخاڵی؛ کولۆڕ؛ کلۆڕ؛ کوللۆڕ؛ قوڕۆڵ؛ قلۆڕ؛ بە بۆشایی و هەراوی لەناوەوە ۲. والا؛ بەتاڵ؛ پووت؛ بێ‌ناوک؛ بێ‌کاکڵ؛ پووچ؛ قەڵپووت؛ پووک؛ خافوور؛ والا؛ پووچەڵ؛ بێ‌ناوەڕۆک.

**میانجی** / miyāncî ، ـها/: *اسم.* ناوبژی؛ نێوبژی؛ ناڤبژی؛ ناوبجی؛ ناڤچی؛ ناڤچیت؛ نێونجی؛ مەنجی؛ بڕەڤان؛ بەریوان؛ بەریڤان؛ بەرەڤان؛ بەیس؛ بێس؛ هەجاس؛ هاجاس؛ هاجاس‌کەر؛ ناوبژیکەر؛ ناوبژیکار؛ نێوبژەکەر؛ نێوبژیکەر؛ ناڤبژیکەر؛ ناوجێکەر؛ ناوجێکەر؛ نیوانجی‌کەر؛ ناوەندیار؛ مەنجی؛ کەسێ کە تێدەکۆشێ دوو دژ ئاشت کاتەوە و شەڕ و کێشەیان داکوژێنێ.

**میانجیگری** / miyāncîgarî ، ـها/: *اسم.* هەجاسی؛ ناوبژیکەری؛ بەریڤانی؛ ناوجیکەری؛ ناوجێکەری؛ بەرەڤانی؛ کار یان ڕەوتی نێوان کردن؛ نێوبژی‌کردن.

**میاندار** / miyāndār ، ـها؛ ـان/: *اسم.* ۱. مەیاندار؛ پێشەوای چالاکی وەرزشی لە زۆرخانەدا کە وەرزشکارانی دیکە لەو چاو دەبڕن ۲. *[مجازی]* قوێخا؛ قەیخا؛ ڕێبەر یان بەڕێوبەری کاروباران ‹هر جا عروسی یا عزایی داشتند او میاندار مجلس بود: لە هەر کوێ شایی و شینێکیان دەبوو، ئەو قوێخای کۆڕەکەیان بوو›. هەروەها: **میانداری**

**میاندل** / miyāndel/: *اسم.* ۱. ☜ **میانشامه** ۱. ناودڵ؛ ناوەڕاست؛ نێوەڕاست؛ نێوان؛ چەق و ناوەڕاسی هەر شتێک.

**میاندوره** / miyāndowre, -do:re ، ـها/: [فارسی/عربی]/*اسم.* نیوەنیوەی ڕەوت یان زنجیرە چالاکیەک.

**میانزیوی** / miyānzîvî/: *اسم.* میزوزۆئیک؛ چوارەمین قۆناخی میژووی زەوی کە گواندارن و پەڵەوەران تێیدا سەریان هەڵدا و بە دەورانی دووهەم دەناسرێت.

www.perawipepwle.com



**میانسال** / miyānsāl ، ـها؛ ـان/: *صفت.* کال؛ کاله؛ کامل؛ نیڤنجی؛ قەرت؛ نافسال؛ نێوان‌سال؛ نه پیر و نه لاو به تەمەنێک له نێوان ٤٠ تا ٥٥ سالدا.

**میانشامه** / miyānšāme/: *اسم. [کالبدشناسی]* ناودل؛ چینی نێوەندی ماسوولکه‌کانی دەوری دل: **میاندل-۱**

▣ **میانشامه‌ی رویانی** ☜ **میانپرده-۲**

**میانطوسی** / miyāntûsî ، ـها/: *اسم.* گیایەکی ڕازاوەی دوو سالانه له گوزروان دەچێ، گوڵی درشت و بەری ڕەش و بریقەدار دەگرێ.

**میانگیر** / miyāngîr ، ـها/: *اسم.* نێوان‌گر؛ لەتە، کەرسته یان ماکێ که له ماشین یان ئامرازێکدا، بەر به لێدان، لێخشان و وەزەن دەگرێ.

**میانگین** / miyāngîn ، ـها/: *اسم.* ناڤین؛ ناڤنج؛ مام‌ناوەنجی؛ دەستە؛ ناوگین؛ ناونجی؛ بەینی زۆر و کەم؛ ڕادەی ناوەڕاست.

**میانمدت** / miyānmoddat/: [فارسی/ عربی] *صفت.* نێوان‌خایەن؛ ماوەی نه درێژ نه کورت.

**میانوند** / miyānvand ، ـها/: *اسم. [دستور]* نێوان‌گر؛ ناوگر؛ پیتێ که دەچێته نێوان دوو وشه و وشەیەکی نوێ دروست دەکا (وەک «ـاو» له «گەرماوگەرم» و «و» له «دەستودوو»دا).

**میانه** / miyāne/: *اسم.* نێوان: ۱. چۆنگ؛ پونگال؛ نیڤ؛ دلێ‌ڕاسه؛ داگ؛ گۆڕ؛ خاڵ یان بۆشاییەک له نزیک ناوەندەوە ‹میانەی میدان: نێوانی مەیدانەکە› ۲. چەق؛ بەین؛ مابەین؛ ناڤدار؛ ناڤبەین؛ دۆمەی؛ ناڤبەر؛ ناڤبرک ‹میانەی ڕاه: چەقی ڕێگا› ۳. میانه؛ نیڤی؛ ناونجی؛ نێونجی؛ ناڤنج؛ مامناوەند؛ چەنیەتی یان چۆنیەتیەکی ناوەڕاست و بە دوور له هێواشی و تونڈی ‹میانەرو: میانەڕۆ› ٤. *[هندسه]* لەتە هێڵێ که سەری سێ‌گوشەیەک بە لاسکی ڕووبەرووەوە دەلکێنێ و دەیکاتە دوو بەشی یەکسانەوە ٥. *[مجازی]* مەیانه؛ بەین؛ میانه؛ مەینه ‹میانەشان خوب نیست: بەینیان خۆش نیە›.

▣ **میانەای نداشتن:** *[مجازی]* بەین نەبوون؛ بەین‌خۆش نەبوون؛ نێوان‌خۆش نەبوون؛ بەین وەش نەبیەی ‹او با ورزش میانەای ندارد: لەگەل وەرزشدا بەینی نیە›.

**میانه را گرفتن:** *[مجازی]* بەین خۆش‌کردن؛ کەفتنە بەین؛ ناکۆکی داکوژاندن و ئاشت کردنەوەی دوو لایەنی دژبەیەک.

**میانه‌ی کسی با دیگری به هم خوردن:** *[مجازی]* نێوان دوو کەس تێکچوون؛ بەین شێویان.

**میانه‌ی کسی با دیگران شکراب شدن** ☜ **شکراب**

**میانه‌بالا** / miyānebālā/: *صفت.* بالاناوەندی؛ نه کورت و نه درێژ.

**میانه‌حال** / miyānehāl/: [فارسی/ عربی] *صفت. [مجازی]* حاڵ‌ناوەندی؛ نه دەستەنگ و نه دەوڵەمەن.

**میانه‌رو** / miyānerow ، ـها/: *صفت. [مجازی]* میانەڕۆ؛ نه زۆر توند و نه زۆر شل له مەبەست و ئاکاردا.

**میانه‌روی** / miyāneravî ، ـها/: *اسم. [مجازی]* میانەڕۆیی؛ بار و دۆخی میانەڕۆ بوون.

**میانی** / miyānî ، ـها/: *صفت.* ناوەندی؛ ناوانی؛ نێوانی؛ ناوەندین؛ ناوەنجی؛ میانی؛ له ناوەڕاست و نێواندا ‹گوش میانی: گوێی ناوەندی›.

**میانین** / miyānîn/: *صفت. [ادبی]* ناوەندی؛ نێوانی؛ ناوەنجی؛ میانی؛ ناوەندین.

**می‌پرست** / meyparast ، ـها؛ ـان/: *صفت. [مجازی، ادبی]* مەی‌پەرس؛ مەی‌پەرست؛ مەیدۆس؛ هۆگری خواردنەوەی ئەلکولی.

**میت** / mayyet, meyyet ، ـها؛ اموات/: [عربی] *اسم.* تەرم؛ مەیت؛ مردوو؛ مەرده؛ مردگ؛ مردووی مرۆڤ ‹مثل میّت دراز به دراز افتاده بود: وەک تەرم درێژاودرێژ کەوتبوو›.

**میترائیسم** / mîtrā'îsm/: [پهلوی/ انگلیسی] ☜

**مهرپرستی**

**میترایوز** / mîtrāyûz/: [فرانسوی]/اسم. *[نظامی]* مترالیوز؛ ئاگربار؛ شێستیر؛ ڕەشاش.

**میتولۆژی** / mîtolojî/: [فرانسوی]/اسم. ۱. دیرۆکناسی؛ ئوستووڕەناسی ۲. ـها/ دیرۆک؛ دێرۆک؛ ئوستووڕە.

**میتینگ** / mitîng ، ـها/: [انگلیسی]/اسم. میتینگ؛ گور؛ ڕەوتی کۆ بوونەوەی تاقمێ لە خەڵک بۆ دەربڕینی خواست و هەستیان.

▣ **میتینگ دادن**: کۆڕگرتن؛ خڕ بوونەوە؛ ڕێخستنی کۆ بوونەوەیەک و بەتایبەت وتار دان لەوێ.

**میثاق** / mîsāq ، ـها؛ مواثیق/: [عربی]/اسم. پەیمان؛ بەڵێن؛ عەهد.

**میجر** / meycer ، ـها/: [انگلیسی]/اسم. *[نامتداول]* مەیجیر؛ سەرگورد.

**میخ** / mîx ، ـها/:/اسم. بسمار؛ بزمار؛ پسماری؛ مێخ؛ قەمتەر؛ میلەیەکی خەڵەڵە یان قووچی نووکتیژ و سەرپان، بۆ تێهەڵچەقان و کوتان و قایمکردن یان بەستنەوەی شتێک بە شوێنێکەوە.

▣ **میخ زدن**: مێخکوتان؛ بزمارکوتان؛ مێخ/ بزمار لێدان؛ پسمارەرەکوەی؛ مێخکوای ‹دو تا میخ بزن به این میز: دوو بزمار بکوتە بەم مێزەدا›.

**میخ شدن**: *[مجازی، گفتاری]* مێخکوت بوون؛ وشک بوون؛ لە جێ خۆ وشک بوون ‹همین جور جلوی میز میخ شده بود: هەروا لە بەر مێزەکەدا میخکوت ببوو›.

**میخ کاری را کوبیدن**: *[مجازی]* بزماری کارێک داکوتان؛ کار گەیاندنە ڕادەیەک کە جێبەجێ بوونی مسەوگەرە ‹میخ ریاستش را کوبید: بزماری سەروکی خۆی داکوتا›.

**میخ کردن**: ۱. داکوتان؛ ئەرەکوەی؛ بە بزمار کوتان ‹این عکس را میخ کن به دیوار: ئەو وێنە داکوتە بە دیوارەکەدا› ۲. *[مجازی]* مێخکوت کردن؛ وشککردن؛ کەسێک بە پاوە ڕاگرتن.

**میخانه** / meyxāne ، ـها/:/اسم. *[ادبی]* مەیخانە؛ شەرابخانە؛ شەراوخانە؛ شوێنی ڕانان و خواردنەوەی مەی: **میکده**

**میختن** / mîxtan/: [از کردی] مصدر. *لازم. [قدیمی]* میزتن؛ میستن؛ میزیان؛ مێزیان؛ میزکردن؛ گمێزکردن/ کەردەی.

**میخچه** / mîxče ، ـها/:/اسم. بزماڕۆک؛ بزماتە؛ بزمەتە؛ بزمارە؛ بسمارە؛ مسمار؛ بسمارک؛ کەنگرۆشک؛ کەنگرۆک؛ مێخەکە؛ مێخچە؛ نیخچک؛ پۆڕگی ڕووش و ئەستووری سەر پێست کە بە هۆی زۆر کوتانەوەی شوێنێک لە پێست، بەتایبەت لە ژێر پێ و لەپی دەست و لە سەر قامکی دەست و پێ بەدیدێ.

**میخ طویله** / mîxtavîle ، ـها/: [فارسی/ عربی]/اسم. ئاڕێخ؛ ئاخیە؛ ئارنج؛ ئۆلک؛ مێخزنجیر؛ سکە؛ مەڕبەند؛ مێخسکە؛ کلب؛ گولمێخ؛ گولمێخ؛ میخانە؛ بزماری زلی سەر گۆپتکە.

**میخک** / mîxak ، ـها/:/اسم. مێخەک؛ مێخەکی؛ خەوناوکە: ۱. دارچکێکی جوانی گەلا هەمیشە شینی باریک و بەرامبەر بە یەکە ۲. گوڵی ئەو دارچکە کە زۆر بۆنخۆش و هەمەڕەنگەیە و بۆ دەرمان دەشێ.

**میخکش** / mîxkeš ، ـها/:/اسم. ۱. بزمارکێش؛ مێخهەڵکێش؛ گازکەرەکی؛ گازکی مێخ پێ هەڵکێشان ۲. گاز؛ گازئەمورِ؛ ئەمورِدەس.

**میخکوب** / mîxkûb/: صفت. ۱. بزماڕێژ؛ بزمارکوت؛ بە بزمار قایمکراو ۲. *[مجازی]* مێخکوت؛ وشک؛ نەجووڵ؛ نەجم.

▣ **میخکوب شدن**: *[مجازی]* وشک بوون؛ مێخکوت بوون؛ لە جێی خۆ وشک بوون ‹از ترس در جای خود میخکوب شدم: لە ترسان لە جێی خۆم وشک بووم›. هەروەها: **میخکوب کردن**

**میخکوبی** / mîxkûbî/:/اسم. مێخڕێژی؛ کاری

داکوتانی میخ به شتێکدا بۆ قایم‌کردنی.
**میخکی** / mîxakî/: *اسم.* میخەکی؛ ڕەنگی میخەک؛ سووری تۆخ و مات.
**میخوارگی** / meyxāregî/: *اسم. [ادبی]* ۱. مەینۆشی؛ مەی‌خوەری؛ کاری مەی خواردنەوە ۲. چەشتەیی و هۆکارەیی مەی خواردنەوە.
**میخواره** / meyxāre ، ـها؛ ـگان/: *صفت.* مەینۆش؛ مەیخۆر؛ مەیخۆرەوە؛ شەراوی؛ هۆگر و هۆکارەی مەی خواردنەوە.
**میخواری** / meyxārî/: *اسم.* مەینۆشی؛ مەیخۆری؛ کاری مەی خواردنەوە.
**میخوش** / meyxoš/: *صفت.* مەیخۆش؛ میخۆش؛ میخوەش؛ مزر؛ تامەز؛ ترش و شیرین.
**میخی** / mîxî/: *صفت.* ۱. میخی؛ بزماری؛ وەک بزمار ۲. خط میخی ☜ **خط**
**میدان** / meydān ، ـها؛ میادین/: *اسم.* مەیدان؛ مەیان؛ فیز؛ گۆڕەپان: ۱. ئاقارێکی خڕ لە برگەی چەند شەقامدا ‹میدان آزادی: مەیدانی ئازادی› ۲. مەودایەک تا چاو هەتەر دەکا ۳. کاد؛ قات؛ هێل؛ هێڵ؛ شەڕگە؛ مەیدانی ململانێ و شەڕ ٤. قات؛ کاد؛ زەوینی کایە و وەرزش ٥. ئاقارێ کە دەوراندەوی دووکانە و شتێکی دیاریکراوی لێ دەفرۆشن ‹میدان تره‌بار؛ میدان میوه: مەیدانی تەرەبار؛ مەیدانی میوە› ٦. ئاقار و بۆشاییێ کە لە ژێر کاریگەری شتێکدایە ‹میدان مغناطیسی: مەیدانی میگناتیسی› ۷. ئەو ئەندازە لە شوێن کە لە چاویلکەی کەرستەیەکەوە دەبینرێ ‹میدان دید: مەیدانی دیتن› ۸. *[مجازی]* جێگەی کار و چالاکی ‹میدان عمل: مەیدانی تێکۆشان›.
▣ **میدان اعدام**: گۆڕەپانێک بۆ کوشتنی حوکم‌دەرچووان.
**میدان الکتریکی**/ برقی: مەیدانی کارەبایی؛ بۆشایی لە ژێر کارتێکردنی باریکی کارەبایی.
**میدان جاذبه**/ گرانش: مەیدانی ڕاکێشی؛ مەیدانێ کە لەوێدا شتێک، شتێکی‌تر بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ.
**میدان مغناطیسی**: مەیدانی میگناتیسی؛ بۆشایی لە ژێر کارتێکردنی ئاسنڕفێن یان سیمێک بە ڕەوتی کارەباییەوە.
**میدان مین**: مەیدانی مین؛ ئاقارێ کە مین‌ڕژ کراوە.
▣ **میدان دادن**: *[مجازی]* بە دەمەوە دان؛ هەل و دەرفەت پێدان؛ دەرفەت دان؛ مەیان پێدان ‹اگر به او میدان بدهی می‌دانی چکار می‌کند؟: ئەگەر بدەی بە دەمیەوە، دەزانی چدەکا؟›.
**از میدان بدر کردن**: بەزاندن؛ شکاندن.
**به میدان آمدن**: هاتنە مەیدانەوە؛ بەرهەڤی کار یا چالاکی بوون ‹بعد از آن ناپلئون به میدان آمد و دوران دیکتاتوری تازه‌ای آغاز شد: پاشان ناپیلئۆن هاتە پێش دەورانی ملهوڕیەکی تازە دەستپێکرد›.
**به میدان آوردن**: *[مجازی]* هێنانە گۆڕ/ گۆڕێ؛ هێنانە پێشەوە؛ هاوردنە بەرەوە؛ هێنانە مەیدانەوە؛ نانە بەر کار و چالاکی ‹انگلیسی‌ها او را به میدان آوردند: ئینگلیسیەکان هینایانە گوری›.
**میدان‌دار** / meydāndār ، ـها؛ ـان/: *اسم.* مەیدانەدار؛ مەیاندار: ۱. سەرپەرستی مەیدان (وەک مەیدانی سەبزی و میوە) ۲. دووکانداری نێو وەها مەیدانێک ۳. ئەو کەسەی زنجیرەکارێک سەرپەرشتی دەکا و بەڕێوەی دەبا. هەروەها: **میداندار**ی
**میدانگاه** / meydāngāh ، ـها/: *اسم.* گۆڕەپان؛ شوێنێکی بەرباز لە ناوەڕاستی ڕێگا یان لە نێوان چەن خانووبەرەدا ‹وسط میدانگاه درخت نارون سرسبزی بود: چەقی گۆڕەپانەکە نارەوندێکی چڕی لێ بوو›: **میدانگاهی** *[گفتاری]*
**میدانگاهی** / meydāngāhî/ ☜ **میدانگاه**
**میدانی** / meydānî/: *صفت.* مەیدانی؛ مەیانی؛ سەر بە مەیدان ‹ورزش میدانی: وەرزشی

مەیدانی›.

**میر**[1] / mîr/: [از عربی]/سم. ۱. سەییید؛ سەیی ۲. /مخفف/ میر؛ ئەمیر.

**میر**-[2]: /پیشواژە. میر- ؛ سەرۆک؛ سەرەک ‹میراب: میراو›.

**میرا** / mîrā/: صفت. /ادبی/ نەمێن؛ نەمەن؛ بە تایبەتمەندی لە ناو چوون و فەوتانەوە.

**میرائی** / mîrā'î/ ☜ **میرایی**

**میراب** / mîrāb ، ـها؛ ـان/: [از عربی/ فارسی]/سم. وەراز؛ میراو؛ ئاریختێ؛ میراڤ؛ مەرداب؛ کەراخ؛ ئەو کەسەی بە سەر بەش‌کردنی ئاودا ڕادەگا.

**میراث** / mîrās ، ـها؛ مواریث/: [عربی]/سم. هشتە؛ کالکی؛ میراس؛ پاشماگە؛ میرات؛ جامەنە؛ کەلەپوور؛ کەلەپوور؛ ئەوی لە کەسێکەوە بۆ پاشماوەکانی دەمێنێتەوە.

**میراث‌خوار** / mîrāsxār ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] صفت. میراتبەر؛ میراتگر.

**میراخور** / mîrāxor ، ـها؛ ـان/: [از عربی/ فارسی] /سم. میراخور؛ کەسێ کە بە سەر تەویلەی خان و شادا ڕادەگا.

**میراندن** / mîrāndan/: مصدر. متعدی. // **میراندی**: مراندت؛ **می‌میرانی**: دەمرێنی؛ **بمیران**: بمرێنە// ۱. مراندن؛ مرانن؛ مرنەی؛ مرنای؛ کوشتن؛ مەرگ بڕین ۲. هەڵپڵۆسکاندن؛ تەفروتوونا کردن؛ لەناو بردن ۳. کوژاندن؛ کوژاندنەوە؛ دامرکاندن؛ داتەمراندن؛ ئەوەکوشتنەی؛ کوشنایوە؛ ئەرەمرنەی. هەروەها: **میراندنی**

■ صفت فاعلی: **میراننده** (مرێنەر)/ صفت مفعولی: **میرانده** (مرێنراو)/ مصدر منفی: **نمیراندن** (نەمراندن)

**میرایی** / mîrāyî/: /سم. ۱. نەمێنی؛ دوخ یا چۆناوچۆنی نەمان ۲. ڕەوتی داکشانی داوێنەی لەرە یان بزووتنی شەپۆلێک * **میرائی**

**میرزا** / mîrzā/: [از عربی/ فارسی]/سم. /قدیمی/ میرزا: ۱. ـها؛ ـیان/ مونشی؛ نویسیار؛ نووسەر ۲. ڕێزناوێک بۆ خوێندەواران بێجگە مەلا ‹میرزا حسین: میرزا حوسەین› ۳. ڕێزناوێک لە پاش ناوی شازادەکان ‹عباس میرزا: عەباس میرزا›.

**میرزابنویس** / mîrzāben(e)vîs ، ـها/: [از عربی/ فارسی]/سم. /تعریض/ میرزابنووس: ۱. نویسیار؛ مونشی ۳. ئەو کەسەی لە نووسینگەدا کاری کەمبایەخی لە ئەستۆدایە.

**میرزاقاسمی** / mîrzāqāsemî/: [از عربی/ فارسی/ عربی]/سم. میرزاقاسمی؛ چێشتێکی ئێرانی تایبەتی ناوچەی گیلانە لە باینجان، تەماتە، هێلکە، ڕۆن، سیر و خوێ دروست دەکرێ و لەگەڵ نان یا کەتەدا دەیخۆن.

**میرزاقشمشم** / mîrzāqašamšam ، ـها/: [از عربی/ فارسی/ از عربی]/سم. /مجازی، گفتاری/ باجی قشەمشەم؛ کەسێک کە زۆر بە خۆدا دێ و بە نابەجێ خۆی گەورە نیشان دەدا.

**میرزاقلمدان** / mîrzāqalamdān ، ـها/: [از عربی/ فارسی/ معرب/ فارسی]/سم. /گفتاری/ هەڕەموکەر؛ مرۆی باریکەڵە کە بە ئینجەوفینجە قسە دەکا.

**میرشکار** / mîršekār ، ـها؛ ـان/: [از عربی/ فارسی]/سم. /قدیمی/ میرشکار؛ سەرکردەی ڕاوچیان.

**میرغضب** / mîrqazab ، ـها؛ ـان/: [از عربی/ عربی]/سم. میرغەزەب؛ جەللاد؛ کاربەدەستی شا و خان بۆ کوشتن و ئازار دانی خەڵک.

**میز** / mîz ، ـها/: [مغولی]/سم. میز؛ مێز: ۱. تەختەی بە پێچکە بۆ شت لە سەر دانان ۲. کەرستەیەکی وا بە نەختێ جیاوازیەوە بۆ کاری تایبەت ‹میز بیلیارد: مێزی بیلیارد› ۳. /مجازی/ پۆست؛ پلە؛ مەقام ٤. /نجوم/ وێنەیەکی گەردوونی پچووکە لە نیوەگۆی باشووری ئاسماندا.

▣ میز اتو: مێزی ئوتوو؛ مێزێکی باریکەڵە بۆ ئوتوو لە سەر کێشان کە دەنووشتێتەوە.

میز گرد: /مجازی/ کۆڕ؛ دانیشتنێک بۆ وتووێژ کە هەر کەس بۆی هەیە بە نۆرە بیر و ڕای

خۆی دەربېرێ.

**میزامپلی** / mîzāmpelî/: [فرانسوی] ☜ **میزانپلی**

**میزان**[1] / mîzān/: [فرانسوی]/سم. ۱. /ـها/ ئەندازە؛ ئەنازە؛ شۆ ‹میزان درآمد شما چقدر است؟: ئەندازەی داهاتتان چەندە؟› ۲. ☜ **ترازو ۲** ۳. ڕەزبەر؛ حەوتمین برجی سال؛ یەکەم برجی پاییز ٤. /ـها/[موسیقی] میزان؛ هەر کام لە پاژە زەربیەکانی ئاهەنگێک کە تا دوایی وەک یەک دووپاتە دەبێتەوە ‹میزان دوضربی: میزانی دووزەربی›.

**میزان**[2]: صفت. کۆک؛ میزان؛ ڕێک ‹ساعت را میزان کردم، امروز حالم میزان نیست: سەعاتەکەم میزان کرد، ئەمڕۆ کۆک نیم›.

**میزان‌الحراره** / mîzānolharāre/ ، ـها/: [عربی] /سم. گەرماپێو؛ دەماپێو؛ قیرات؛ ئامرازی شاندانی پلەی گەرما و سەرما.

**میزانپلی** / mizānpelî, mizānpelî/: [فرانسوی] /سم. میزامپولی؛ ڕازاندنەوەی قژ بە فرِدان و پێچانەوە: **میزامپلی**

**میزانسن** / mîzānsen/: [فرانسوی]/سم. میزانسێن؛ کار و ڕەوتی ڕێکخستنی شوێن و ڕێی شانۆیاران و کەل‌وپەل لە سەر شانۆوە.

**میزبان** / mîzbān/ ، ـها؛ ـان/: /سم. ۱. خانەخوێ؛ خاوەن‌مال؛ خانەخوا؛ خانەخوێگ؛ میهمانداز؛ مازووقان؛ کەسێ کە یەک یان چەند میوانی بۆ چووە ‹آزاد میزبان ما بود: ئازاد خانەخوێمان بوو› ۲. [پزشکی] وەرگر؛ کەسێ کە ئەندامێکی پێوە پەیوەن دەکەن ۳. [پزشکی] گیانەوەرێک کە لاکوتی هەیە ٤. [ورزش] تیمێک کە لە شاری خۆیدا کایە دەکا.

**میزبانی** / mîzbānî/: /سم. ۱. میوانداری: مازووقانی؛ خاوەن‌مالی ۲. کاری بەڕێوە بردنی میوان.

**میزراه** / mîzrāh/: [کردی/ فارسی]/سم. میزۆک؛ ڕێمێز؛ میزەڕۆ؛ ڕۆگەی میز پیداهاتن لە میزەلدانەوە تا دەر.

**میزنای** / mîznāy/: [کردی/ فارسی]/سم. چوچ؛ میزەڕۆ؛ لوولەی میز پێداهاتن لە گورچیلەوە تا میزەلدان: **میزەنای**

**میزەنای** / mîzenāy/: [کردی/ فارسی] ☜ **میزنای**

**میسر** / moyassar/: [عربی] صفت. بووزخۆر؛ لواو؛ شیاوی دەسکەوتن یان پێگەیشتن. هەروەها: **میسر بودن؛ میسر شدن؛ میسر کردن**

**می‌سی‌سی‌پین** / mîsîsîpiyan/: [انگلیسی]/سم. می‌سی‌سی‌پیەن؛ پێنجەمین گەڕ لە دەورانی یەکەمی زەوییناسی.

**میسیون** / mîs(i)yon ، ـها/: [فرانسوی]/سم. لێژنە؛ شاند؛ کۆڕێک بریتی لە چەند کەس کە بۆ کارێکی تایبەت بۆ شوێنێک بەڕێ دەکرێن.

**میسیونر** / mîs(i)yoner ، ـها/: [فرانسوی]/سم. میسیۆنیر؛ ئەندامی لێژنەی بەڕێکراو، بەتایبەت ئەو کەسە کە بۆ ڕاگەیاندنی دینی مەسیحی بۆ ولاتانی دی دەڕوات.

**میش** / mîš ، ـها/: /سم. مەڕ؛ مەر؛ پەز؛ مێ؛ میە؛ مێیە؛ میە؛ مێش؛ مهی؛ میهی؛ مەهـ ؛ مەها؛ مەی.

**میش‌مرغ** / mîšmorq ، ـها؛ ـان/: /سم. مێشەسی؛ چێرگ؛ چرگ؛ چرک؛ باڵندەیەکی زل و قەڵەوی هەڕەمەخۆر، بە لاقی دریژ و ئەستوور و سەر و ملی بۆرەوە کە نێرەکانیان زلترن و هێلێک لە ملیانە.

**میشن** / mîšan/: /سم. ۱. چەرمی پەز ۲. تیماج؛ تیمانج؛ پێستی خۆش‌کراوی ئاژەڵ بۆ ئاسەڕی کەوش، کۆت و بەرگی کتێب.

**میشوم** / mîšûm/: [از عربی] ☜ **مَشئوم**

**میشی**[1] / mîšî/: /سم. مێشی؛ ڕەنگی قاوەیی کاڵ کە بۆ زەردی تۆخ دادەگەڕێ.

**میشی**[2]: صفت. مێشی؛ بە ڕەنگی قاوەیی کاڵ.

**میعاد** / mî'ād ، ـها/: [عربی]/سم. واده؛ ژوان؛

www.perawipepwle.com



جوان؛ بەڵێندراو ‹روز میعاد؛ جای میعاد: ڕۆژی وادە؛ جێ ژوان›.

**میعادگاه** / mî'ādgāh ، ـها/: [عربی/ فارسی]/سم. ژوانگە؛ میرە؛ جێژوان؛ جێگەی پێکگەیین.

**میعان** / maya'ān/: [عربی]/سم. کار و ڕەوتی ڤەبوهوژین؛ بوونە تەوش؛ لە گاز/ هەڵمەوە بوونە تراو/ ئاو.

**میقات** / mîqāt ، ـها/: [عربی]/سم. [ادبی] ژوانگە؛ میرە؛ جێژوان.

**میکا** / mîkā ، ـها/: /سم. میکا؛ ماکی کانی لە سیلیکاتی ڕەنگی و بێڕەنگ کە پەڕە ـ پەڕەی زۆر ناسکی لێدەردێ و لە پیشەسازیدا بەکەڵکە.

**میکادو** / mîkādo/: [فرانسوی]/سم. میکادۆ: ۱. ناوێ بۆ ئیمپراتوورانی ژاپۆن ۲. جۆرێ شیرینی وشک لە نانی بەستەنی و کاکاهوو.

**میکانیک** / mîkānîk/: [فرانسوی] ☜ **مکانیک**

**میکانیکی** / mîkānîkî/: [فرانسوی] ☜ **مکانیکی**

**میکده** / meykade/ ☜ **میخانه**

**میکرب** / mîkrob ، ـها/: [فرانسوی]/سم. ۱. هوورک؛جانەوەرێ کە بە چاو نابیندرێ ۲. میکرۆب؛ گیانداری یەکجار ورد بەتایبەت ئەوانەی کە دەبنە هۆی نەخۆشی گیانەوەران (وەک باکتری، یەکسیللولی و کارگ) * **میکروب**

**میکرب‌شناسی** / mîkrobšenāsî ، ـها/: [فرانسوی/ فارسی]/سم. میکرۆبناسی؛ لقێک لە زانستی ژینناسی کە دەپەڕژێتە سەر میکرۆب.

**میکربی** / mîkrobî/: [فرانسوی] صفت. میکرۆبی:۱. سەر بە میکرۆب ‹بیماری میکربی: نەخۆشی میکرۆبی› ۲. میکرۆباوی؛ بە میکرۆب؛ میکروبدار ‹سبزی میکربی: سەبزی میکرۆباوی›.

**میکرسکپ** / mîkroskop/: [فرانسوی] ☜ **میکروسکوپ**

**میکرفن** / mîkrofon/: [فرانسوی] ☜ **میکروفُن**

**میکرن** / mîkron ، ـها/: [فرانسوی]/سم. میکرۆن؛ یەکەی دریژایی ئەوەندەی یەک لە ملیۆنی میتر: **میکرومتر؛ میکرون**

**میکروارگانیسم** / mîkro'orgānîsm ، ـها/: [فرانسوی]/سم. هوورک؛ زیلە؛ هەر جانەوەرێکی ورد کە بە چاو نەبیندرێت.

**میکروب** / mîkrob/: [فرانسوی] ☜ **میکرُب**

**میکروبیولوژی** / mîkrobiyolojî/: [فرانسوی] /سم. میکرۆبناسی.

**میکروتم** / mîkrotom/: [؟] ☜ **ریزبُر**

**میکروسکپ** / mîkroskop/: [فرانسوی]/سم. میکرۆسکۆپ: ۱. ـها/ وردبین ۲. [نجوم] کەلوویەک لە ئاسمانی نیوەگۆی باشووریدا * **میکرسکپ؛ میکروسکوپ**

**میکروسکپی** / mîkroskopî/: [فرانسوی] صفت. ۱. میکرۆسکۆپی ‹تصویر میکروسکپی: وێنەی میکرۆسکۆپی› ۲. [مجازی] وردیلە؛ زۆر ورد.

**میکروسکوپ** / mîkroskop/: [فرانسوی] ☜ **میکرُوسکُپ**

**میکروفن** / mîkrofon ، ـها/: [فرانسوی]/سم. میکروفۆن؛ دەنگبەر؛ ئامرازێکە شەپۆلی دەنگ بۆ بڵاو بوونەوە یان تۆمارکردن، دەکاتە شەپۆلی ئەلکتریکی: **میکرُفُن؛ میکروفون**

**میکروفون** / mîkrofon/: [فرانسوی] ☜ **میکروفن**

**میکروفیش** / mîkrofîš ، ـها/: [فرانسوی]/سم. میکرۆفیش؛ پەڕەی میکرۆفیلمی، کە وێنەی زۆر وردی دەقێکی لە سەرە.

**میکروفیلم** / mîkrofîlm ، ـها/: [فرانسوی]/سم. میکرۆفیلم؛ فیلمی زۆر ورد.

**میکروکامپیوتر** / mîkrokāmpiyoter, -kāmpiyûter ، ـها/: [از انگلیسی]/سم. میکرۆکەمپیوتەر؛ کەمپیوتەری ئاسایی کە کەرستەی تۆمارکردنی لە ئامرازی یەکجار ورد پێکهاتووە.

**میکرومتر** / mîkrometr/: [فرانسوی]/سم. ۱. ـها/ میکرۆمیتر؛ ئامێرێک بۆ پێوانی مەودای زۆر کەم، کە دەخرێتە سەر میکرۆسکۆپ و

تەلەسکۆپ ۲. ☜ **میکرۆن**

**میکرون** / mîkron/: [فرانسوی] ☜ **میکرۆن**

**میکروویو** / mîkroveyv/: [فرانسوی] ☜ **مایکروۆیو**

**میکولۆژی** / mîkolojî/: [فرانسوی]/سم. قارچناسی؛ کارگناسی.

**میگرن** / mîgren/: [فرانسوی]/سم. سەرئاسێ؛ سەراسێ؛ شیشنگ؛ لاژانەسەر؛ ژانەسەرێکی تووشی تاوتاوەیە، نەخۆش دادەگرێ و تێکی دەدا.

**میگسار** / meygosār، ـها/: /سم. [ادبی]/ مەیخۆرە؛ کەسێ کە بادە ئەخواتەوە.

**میگساری** / meygosārî، ـها/: /سم. [ادبی]/ مەیخۆری.

**میگو** / meygû، ـها/: /سم. مەیگوو؛ ئەنگوش؛ کێچی دەریا؛ جۆرێ قرژالۆکەی دەپایە لە تیرەی رەقپێستان بە چنگالی درێژی درکاویەوە.

**میل** / meyl، ـها/: [عربی]/سم. واز: ۱. /امیال/ خواست؛ خواز؛ حەز؛ فز ۲. گرایش؛ گرەوشت؛ گریاشت ۳. ئیشتیا؛ کەیف؛ مگێز؛ حەز؛ گێول ‹میل به خوردن ندارم: وازم لە خواردن نیە›.

▣ **میل ترکیبی**: وازی تێکەلاوی؛ گری تێکئالاوی؛ تایبەتمەندی سروشتی توخمی کیمیایی بۆ تێکئالان لەگەل بڕێکی تردا.

**میل** / mîl، ـها/: [معرب از لاتینی]/سم. ۱. سووکە؛ قمشی؛ میلەی باریک ۲. /پزشکی/ سۆند؛ ئامرازی لێگەڕان یان هەراوکردنەوەی دەراوێکی لەش: **سُند؛ سوند** ۳. نیشانەی ڕێنموون؛ **مِسلّه؛ أبلیسک** ٤. [انگلیسی] مایل؛ یەکەی مەودا لە ئینگلیز و ئەمریکا بەرامبەر بە ۱۶۰۹ میتر: **مایل** ۵. /ورزش/ پارچە چێوێکی گەورەی دەسکدار کە لە زۆرخانەدا جووتێکی هەلدەگرن و لە سەر شان و باسکیان سووڕی دەدەن.

▣ **میل بافتنی**: سووکەسنگ؛ تەبەنە؛ میلەیەکی باریک و درێژی کانزایی یان پەلاستیکی بۆ دەسچنکردنی بەن و کاموا.

**میل دریایی**: مایلی دەریایی؛ یەکەی مەودا بەرامبەر بە ۱۸۵۲ میتر.

**میل سرمه**: کلچۆک؛ کلچێوک؛ میلچۆک؛ میلچێوک؛ ملچێوک؛ مالگ؛ کەلج؛ کلج؛ ملچۆک؛ کلچیو؛ کلچێو؛ کلچۆف؛ کلچک؛ کلچۆ؛ میلی چاو ڕشتن؛ ئەو چێوە لووس و باریکە کلی پێ دە چاو دەکێشن.

**میل کاردان** ☜ **میل‌کاردان**

**میل گرد** ☜ **میل‌گرد**

**میل محور**: شافت؛ شەفت؛ قورم؛ شفک؛ شفاک؛ دەستک؛ میلەیەک کە جوولەی ماشین لە بەشێکەوە دەداتە بەشێکیتر.

▣ **میل زدن**: میل دان؛ تێڕۆکردنی میل دە نێو دەراوی لەش بۆ بەردان و هەراو کردنەوەی، بەتایبەت میزەڕۆ.

**میلاب** / mîlāb، ـها/: [معرب/ فارسی]/سم. ئاونگ؛ لوولەیەکی دارینە لە قلیاندا کە سەرێکی دەنێو گۆزەلە ئاودایە و دووکەل لە ئاو دەپەڕێنێتەوە: **آبنی**

**میلاد** / mîlād/: [عربی]/سم. ۱. کاتی لە دایک بوون ۲. زایین؛ کاتی لە دایک بوونی عیسای مەسیح کە دەگاتە ٦٢١ سال پێش لە کۆچ ‹قبل از میلاد؛ بعد از میلاد: پێش زایین؛ پاش زایین›.

**میلادی** / mîlādî/: [عربی] صفت. زایینی ‹سال میلادی: سالی زایینی›.

**میلسنگ** / mîlsang، ـها/: [معرب/ فارسی]/سم. ئەو گاشەبەردانە مرۆی پێش لە مێژوو ڕاستی کردوونەوە، بەتایبەت لە ئوروپادا.

**میل کاردان** / mîlkārdān، ـها/: [معرب/ فرانسوی] /سم. مێلگاردان؛ میلکاردان؛ ئامێری گواستنەوەی هێز لە گیربوکسەوە بۆ دیفرنسیال: **کاردان؛ میل گاردان**

**میل‌گاردان** / mîlgārdān/: [معرب/ فرانسوی] ☜ **میل‌کاردان**

**میل گرد** / mîl(e)gerd/: [معرب/ فارسی]/سم. میڵ‌گرد؛ میڵه‌ی له پۆلا به ئەستووراییی یەک تا چەن سانتی‌میتر، بۆ ناو بیتون.

**میل‌لنگ** / mîl.lang ، ـها/: [معرب/ فارسی]/سم. میڵ‌له‌نگ؛ تەوەرە یان میڵه‌یەکی چەند لایی دە نێو موتوری ماشینەندا کە جوولەی هاتوچۆ دەکاتە سووڕانەوە.

**میل‌میلک** / mîlmîlak ، ـها/: [معرب/ معرب/ فارسی]/سم. *[نساجی]* میڵ‌میڵەک؛ دەستە بەن یان سیمی هاوشانی سەر ماشینی چنکاری کە هەر کام تاڵێک بان و خوار دەکەن و دەیخەنە سەر چنراوەکەوە.

**میله** / mîle ، ـها/: [معرب/ فارسی]/سم. ۱. میڵە؛ میلە؛ پارچەکانزای گرۆڤەری دریژ و باریک ‹میلەی پرچم: میلەی ئالا› ۲. ئەڵقە؛ ئالقە ۳. *[گیاەشناسی]* میلە؛ بەشی وەک دەرزی هەڵکشاوی نێرینەی گوڵ.

**میلیارد** / mîl(i)yārd/: [فرانسوی] ☜ **ملیارد**

**میلیاردر** / mîl(i)yārder/: [فرانسوی] ☜ **ملیاردر**

**میلیاردم** / mîl(i)yārdom/: [فرانسوی] ☜ **ملیاردم**

**میلیتاریزم** / mîlîtārîzm/: [فرانسوی] ☜ **میلیتاریسم**

**میلیتاریست** / mîlîtārîst ، ـها/: [فرانسوی] صفت. میلیتاریست؛ چەکسالار؛ هۆگر و لایەنگری میلیتاریسم.

**میلیتاریستی** / mîlîtārîstî/: [فرانسوی] صفت. میلیتاریستی؛ چەکسالارانە.

**میلیتاریسم** / mîlîtārîsm/: [فرانسوی]/سم. چەکسالاری؛ میلیتاریسم: ۱. دەسەلاتی چەکداران و ئامانجەکانیان بە سەر کۆمەڵگادا ۲. ڕێوشوێنی هەچی بەهێزترکردنی چەکداری و هەڵنانیان بۆ مەبەستی سیاسی: **میلیتاریزم**

**میلیشیا** / mîlîš(i)yā/: [لاتینی]/سم. ۱. هێزی چەکداری چریکی ۲. ـها/ چەکداری چریک.

**میلیگرم** / mîlîg(e)ram ، ـها/: [فرانسوی]/سم. میلی‌گرەم؛ یەکەی پێوانی کێش بەرامبەر بە ۰٫۰۰۱ی گرەم.

**میلی‌لیتر** / mîlîlîtr ، ـها/: [فرانسوی]/سم. میلی‌لیتر؛ یەکەی پێوانی بارستایی بەرامبەر بە ۰٫۰۰۱ی لیتر.

**میلیمتر** / mîlîmetr ، ـها/: [فرانسوی]/سم. میلی‌میتر؛ یەکەی پێوانی درێژایی بەرامبەر بە ۰٫۰۰۱ی میتر.

▣ **میلیمتر مربع**: میلی‌میتری چوارگۆشە؛ یەکەی پێوانی ڕووبەر ئەوەندەی ۰٫۰۱ی سانتی‌میتری چوارگۆش.

**میلیمتر مکعب**: میلی‌میتری چوارپاڵوو؛ یەکەی پێوانی بارستایی ئەوندەی ۰٫۰۰۱ی سانتی‌میتری چوارپاڵوو.

**میلین** / mîyelîn/: [فرانسوی]/سم. *[زیست شناسی]* میلین؛ ماکێکی چەوری سپی، چەرمێنەی هێلکەئاسا کە وەک کالان بڕێ دەماری داپۆشیوە.

**میلیون** / mîl(i)yon/: [فرانسوی] ☜ **ملیون**

**میلیونر** / mîl(i)yoner/: [فرانسوی] ☜ **ملیونر**

**میلیونم** / mîl(i)yonom/: [فرانسوی/ فارسی] ☜ **ملیونم**

**میلیونی** / mîl(i)yonî/: [فرانسوی] ☜ **ملیونی**

**میم** / mîm/: /سم. میم؛ نێوی عەرەبی بیست و هەشتەمین پیتی ئەلفوبێتکەی زمانی فارسی.

**میمنت** / meymanat/: [عربی]/سم. ممبارەکی؛ موبارەکی؛ بەفەڕی؛ پیرۆزی.

**میمون**[1] / meymûn/: /سم. مەیموون؛ مەیموونک: ۱. ناوی گشتی بۆ دەستەیەک لە

گوانـدارنی مـرۆ بـیچم ۲. نۆهـەمین سـاڵ لـە ساڵانی ڕۆژژمێری تورکستانی ☜ **تقویم**

▣ **میمـون بـی‌دم:** مـەیموونی بـێ‌کلـک؛ مـەیموونی دەسـت لـە پـێ دریژتـر کـە بـە پێیـان شـت دەگرێـت (وەک گوریـل، شامپانزە و ئورانئوتان).

**میمون دم‌دار:** مەیموونی بـەکلک؛ مـەیموونی دریژ کە کلکی زۆر بەهێزە و خـۆی پـێ شـۆڕ دەکاتەوە (وەک بووزینە).

**میمون شب:** مەیموونی شەوکار؛ مـەیموونێکی دنیای نوێیە بە کلکی ئەستوور و کولکی نەرم و چاوی درشت و سـەر و سـیمای پانکەلـەی وەک کوندەبوو: **جغدمیمون**

**میمـون**[۲]: [عربـی] *صـفت. [ادبـی]* موبـارەک؛ ممبارەک؛ پیرۆز؛ هەزەخ.

**میمـون‌رخ** / meymûnrox ، ـها؛ ـان/: *اسـم.* کوندەزێرە؛ جۆرێک کوندەبووی سەر و سەکەت وەک مەیموونە زۆرتـر لـە کـەلاوە و کۆنـەمالان هێلانە دەکا: **جُغد میمون‌رُخ**

**میمونی** / meymûnî / ☜ گل میمون، **گل**

**میمیک** / mîmîk/: [فرانسوی]*اسم.* میمیک؛ بیچم و شێوەی جوولانەوەی لەش و بەتایبەت سـەر و سیما.

**مین** / mîn ، ـها/: [فرانسـوی]*اسم.* لـوغم؛ لـەخم؛ مـین؛ جـۆرێ چـەکی شـەڕە بـە شـێوەی بەستەیەکی تەقەمەنی کە بە گەرما، دەنگ یـان تەوژم دەتەقێتەوە.

**ـ مین** / omîn/: *پسوند.* ـەمین؛ بە ڕزن، ڕیز، پلـە یان پێگەی دیاریکراوەوە ‹دهمین: دەهەمین›.

**مینا** / mînā/: [عربـی]*اسم.* مینا: ۱. کاژی یەکجار ڕەق و بریقەداری سەر ددان کـە عـاج و نـاخی ددان دەپارێزێ ۲. ماکی شووشـەیی ڕوونـاک و ڕەنگامە کە کاشـی و کـانزای پـێ دەڕازێننـەوە ۳. کاشـی یـان کـانزای بـە مینـا نەخشـراو ٤. ـها/ گولـەمینا؛ گـوڵنیشـان؛ گوڵەمەیشـە؛ گوراڵەچەرمە؛ گیایەکی ڕازێنەیی پایا بە گـەلای هێلکـەیی هێنـدێک ئەسـتوور و گولـی سـپی، پەمەیی یان ئاڵـەوە ۵. ـها/ مـەلێکی قـاوەیی سەرڕەشـی بـە کاکۆڵـە بـە بالـی خێڕ‌ـخێڕ و دەندووک و پای زەردەوە کە بە جووت دەژی و لاساکەرێکی سەیرە: **مرغ مینا؛ مرغ مقلد**

**مینائی** / mînā'î/: [عربی] ☜ **مینایی**

**مینـاکـاری** / mînākārî/: [عربـی/ فارسـی]*اسـم.* میناکاری: ۱. هونەر یان لێزانی بـە کـار بـردنی ماکی شیشەیی و ڕەنگاوڕەنگ لـە سـەر کاشـی یان کانزا ۲. بەرهەمی ئەو کارە.

**مینایی**[۱] / mînāyî/: [عربی]*اسم.* کـەوە؛ کـەوێ؛ کەوگ؛ کەوو؛ شینی تۆخ: **مینائی**

**مینایی**[۲]: *صفت.* ۱. کەوە؛ کەوێ؛ کـەوگ؛ کـەوو؛ بە ڕەنگی ئاوی تۆخ ۲. پێوەندیار یـان سـەر بـە مینا * **مینائی**

**مینچ** / mînč/: [؟] ☜ **مِنچ**

**مین گـذاری** / mîngozārî/: [فرانسـوی/ فارسـی] *اسم.* مین‌ڕێژی؛ دانـانی لـوغم بـۆ تەقینـەوە بـە دوژمندا.

**مینو** / mînû/: *اسم. [ادبی]* ۱. بەهەشت؛ بەهشـت ۲. ئاسمان.

**مینوت** / mînût ، ـها/: [فرانسوی]*اسم.* ڕەشنووس؛ چلکنووس؛ پێش‌نووس.

**مینوی** / mînavî/: *صفت. [ادبی]* ۱. بەهەشتی ۲. ئاسمانی.

**مین‌یاب** / mînyāb ، ـها/: [فرانسوی/ فارسـی]*اسـم.* مـین‌دۆز: ۱. ئامرازێـک بـۆ دۆزینـەوەی مـینی دەکـارکراو ۲. ـان/ ئـەو کەسـەی مـین دەدۆزێتەوە و لە کاری دەخا.

**مـین‌یـابی** / mînyābî/: [فرانسـوی/ فارسـی]*اسـم.* مـین‌دۆزی؛ کـار و ڕەوتی دۆزینـەوە و لـەکار خستنی مینی دەکارکراو.

**مینیاتور** / mînyātur, mîn(i)yātor/: [فرانسوی از لاتینی]*اسم.* مینیاتور: ۱. شـێوە نیگارکێشـیەکی

کۆنی ولاتانی ڕۆژهەلات کە کتێب و پەرتووکیان پێدەنەخشاند لە تایبەتمەندیەکانی ئەوەیە دوور و نزیکی تێدا بەدی ناکرێ ۲. /هـا/ نیگارکێشی بەو شێوە.

**مینیاتوری** /mînyāturî, mîn(i)yātorî/ [فرانسوی] *صفت. [مجازی]* مینیاتوری؛ جوانکیلە؛ زۆر جوان و خونجیلانە.

**مینیاتوریست** /mînyāturîst, mîn(i)yātorîst/ ، ـها/: [فرانسوی]/سم. مینیاتوریست؛ نیگارکێشی مینیاتور.

**مینیبوس** /mînîbûs/ ، ـها/: [انگلیسی]/سم. مینیبووس؛ پاسی چکۆلە بۆ ۱۵ تا ۲۲ مسافر.

**مینیژوپ** /mînîjûp/: [فرانسوی]/سم. مینیژووپ؛ کراس یان داوێنی کوڵی ژنانە کە ناگاتە سەر ئەژنۆ.

**مینیمم** /mînîmom/: [فرانسوی]/سم. لانی کەم؛ لای کەم؛ مینیمۆم: ۱. کەمینە؛ کەمترین و بچووکترین چەنیەتی ۲. خوارترین ڕادەی ڕێپێدراو.

**میو** /mîyow, mîyo:/: *صوت.* مەوژ؛ میاو؛ مێرە؛ دەنگی پشیلە.

**میوپ** /mîyop/: [فرانسوی] *صفت. [پزشکی]* نزیکبین.

**میوپی** /mîyopî/: [فرانسوی]/سم. *[پزشکی]* نزیکبینی.

**میوجات** /mîvecāt/: [فارسی/ از عربی] جمعِ ☜ **میوه**

**میوسن** /miyosen/: [فرانسوی]/سم. میوسن؛ چوارەمین خولی دەورانی سێیەمی زەوین‌ناسی.

**میوکارد** /miyokārd/: [فرانسوی]/سم. *[کالبدشناسی]* ناودڵ؛ تۆڕی ناوەندی دڵ کە ئەستوورترین تۆڕی دڵە و لە شانەی ماسوولکەیی پێکهاتووە.

**میوگراف** /miyog(e)rāf/: [فرانسوی] ☜

**ماهیچەنگار**

**میوه** / mîve ، ـها/: /سم. میوه؛ مێوه؛ میڤە: ۱. /میوجات/ بەر؛ خوزار؛ فێقی؛ فێکی؛ فیقی؛ یەمیش؛ بەشێ لە ئەندامی گیا کە لە هەڵپێچانی بشکۆژ بەدیهاتووە ۲. *[مجازی]* بەرهەم؛ ئاکام.

▣ **میوه دادن**: بەر دان: ۱. بەرهەم هێنان ۲. ئاکام دان.

**میهمان** /mîhmān/ ☜ **مِهمان**

**میهمانی** /mîhmānî/ ☜ **مِهمانی**

**میهن** /mîhan/: /سم. ۱. نیشتمان؛ زاینگە؛ زێد؛ زێو؛ ولاتی لە دایک بوون ۲. وەلات؛ ولات؛ زێد؛ ولاتی نیشتەجێ بوون ۳. نیشتمان؛ وەتەن؛ زێد؛ سەرزەوینێ کە دانیشتووانی پێکەوە زمان، فەرهەنگ و مێژوویەکی هاوبەشیان هەیە و لە سەریەک قازانجن.

**میهن‌پرست** /mîhanparast/ ، ـها؛ ـان/: *صفت.* نیشتمان‌پەروەر؛ وەتەن‌پەرەست؛ وەتەن‌دۆست؛ وەتەن‌پەروەر؛ ولات‌پارێز؛ ولات‌خۆشەویست؛ زێدپەرست؛ نیشتمان‌پەرەست؛ ئاواتەخوازی پێشکەوتن و سەربەرزی نیشتمان و هاوولاتیانی.

**میهن‌پرستانه** /mîhanparastāne/: *صفت.* نیشتمان‌پەروەرانە؛ وەتەن‌پەرستانە؛ وەتەن‌دۆستانە ‹احساسات میهن‌پرستانه: هەستی نیشتمان‌پەروەرانه›.

**میهن‌پرستی** /mîhanparastî/: /سم. وەتەن‌پەرستی؛ زێدپەرستی؛ وەتەن‌دۆستی.

**میهن‌دوست** /mîhandûst/ ، ـها؛ ـان/: *صفت.* نیشتمان‌پەروەر؛ وەتەنی؛ وەتەن‌پەرست؛ ولات‌پارێز.

**میهن‌دوستی** /mîhandûstî/: /سم. ولات پارێزی؛ نیشتمان پەرستی؛ نیشتمان پەروەری.

**میهنی** /mîhanî/: *صفت.* نیشتمانی ‹سرود میهنی: سروودی نیشتمانی›.

www.perawipepwle.com

# ن

**ن** / n/: *حرف.* ن؛ نیشانه‌ی پیتی بیست‌ونۆهه‌می ئه‌لفوبێتکه‌ی زمانی فارسی.

**ن** / ne/: *اسم.* نێ؛ ناوی بیست‌ونۆهه‌مین پیتی ئه‌لفوبێتکه‌ی فارسی.

**نـ ـ**/ na/: *پیشوند.* نه‌ـ: ۱. ـ مه؛ نیشانه‌ی نه‌بوونی کردار ‹ندیدم؛ نرفت؛ نکن!: نه‌مبینی؛ نه‌چوو؛ مه‌که!› ۲. نیشانه‌ی چاوگی نه‌ڕێنی ‹نیامدن؛ ندیدن؛ ننوشتن: نه‌هاتن؛ نه‌دیتن؛ نه‌نووسین› ۳. *[گفتاری]* نیشانه‌ی ئاوه‌ڵناوی نه‌ڕێنی ‹نخورده؛ نشُسته؛ ندیده: نه‌خوراو؛ نه‌شۆراو؛ نه‌بینراو›.

**ـ ن** / an/: *پسوند.* ـــ ن؛ ـ ئه‌ی؛ ـ ش؛ نیشانه‌ی چاوگ ‹دیدن: دیتن›.

**نا**[1] / nā/: *اسم.* ۱. *[گفتاری]* هێز؛ وزه؛ توانا؛ بڕس؛ بڕست؛ هاز؛ هازی؛ هه‌ره‌نگ؛ شنگ؛ گوڕ؛ گریک؛ ستین؛ تاو؛ تین؛ ده‌گه‌ر؛ قه‌وه‌تی له‌ش ‹من دیگر نا ندارم: ئه‌من چیتر هێزم نیه› ۲. بۆسار؛ بۆسارد؛ بۆچاڵ؛ بۆچالی؛ بۆمچ؛ بۆمچک؛ بۆمچه؛ بۆمچه‌و؛ بۆمچه‌وه؛ بۆگنخ؛ بۆگنخاو؛ نمه‌بۆ؛ بۆمچه‌وگ؛ هه‌فار؛ بۆنی شوێنی شێ‌گرتوو یان خواردنی کۆن و برش‌هێناو.

▣ **نا نداشتن**: وزه/ هێز تێدا نه‌مان؛ هێز و توان نه‌بوون؛ هێز تێدا نه‌بوون؛ هاز نه‌بیه‌ی چنه؛ تین و گوڕ نه‌مان.

**نا**ـ[2]: *پیشوند.* ۱. زڕ ـــ ؛ زره ـــ ؛ هه‌له‌ک ‹نامادری: زردایک› ۲. نا ـ ؛ نه ـ ؛ بێ ـ ؛ پێچه‌وانه‌که‌ره‌وه‌ی ناو و ئاوه‌ڵناو ‹ناآشنا؛ نارفته؛ ناآرام: نائاشنا؛ نه‌ڕۆیشتوو؛ بێ‌ئۆقره›.

**ـ نا**[3]: *پسوند.* ـــ به‌ره؛ ـ جێ؛ ـ ئایی؛ نیشانه‌ی چۆنیه‌تی جێ یان دۆخێ ‹تنگنا؛ فراخنا؛ درازنا: ته‌نگه‌به‌ره؛ هه‌راوه‌جێ؛ درێژایی›.

**ناآرام** / nā'ārām/: *صفت.* ۱. هار؛ هاج؛ هار و هاج؛ بزۆز؛ سه‌ربزۆک؛ نه‌ویس؛ نه‌وێست؛ سه‌ربزێو؛ سه‌رهار؛ نائارام؛ بێ‌قه‌را؛ بێ‌ئوقره؛ قاچان؛ هه‌دانه‌ده‌ر؛ دانه‌سه‌کاو؛ دانه‌سه‌کیاگ؛ ئه‌ره‌نه‌کاسیا؛ هوڵوولی؛ چڵ ـــ فڵی؛ هه‌وه‌نته؛ نه‌کامین؛ ئه‌ره‌نه‌مدرا ۲. ئاڵۆز؛ وه‌ڕه‌ز؛ تووڕه؛ ئاشۆ.

**ناآرامی** / nā'ārāmî ، ـها/: *اسم.* ۱. بزۆزی؛ سه‌ربزێوی؛ هاری؛ بێ‌قه‌راری؛ گڕی ـــ فڕی؛ که‌نه‌ما؛ نائارامی ‹ناآرامی این بچه خسته‌ام کرد: بزۆزی ئه‌م منداله وه‌ڕه‌زی کردم› ۲. *[مجازی]* بشێوه؛ پاشاگه‌ردانی؛ ئاڵۆزی؛ پشێوی؛ بوونی چۆنیه‌تیه‌ک که هێمنایه‌تی تێک‌بدا ‹برخی مناطق دستخوش ناآرمی شد: بڕێ شوێن تووشی بشێوه بوون›.

**ناآگاه** / nā'āgāh/: *صفت.* تێ‌نه‌گه‌یشتوو؛ نائاگا؛ بێ‌ئاگا؛ بێ‌خه‌به‌ر؛ بێ‌جه‌ی؛ های له هیچ نا ‹آدم ناآگاه این حرفها سرش نمی‌شود: مرۆی تێ‌نه‌گه‌یشتوو

**نابـاب** / nābāb/: [فارسی/ عربی] *صفت.* نالەبار؛ ناباو؛ نەباو؛ ناباب: ۱. بێ‌فرشک؛ ناجۆر؛ نەهێژا؛ تـرۆ؛ پێچ؛ لار؛ گێڕ ‹آدم ناباب: مرۆڤی نالەبار› ۲. نەشیاو لە بواری کۆمەلایەتی و ئاکاریەوە ‹جای ناباب: شوێنی ناباو›.

**نابالغ** / nābāleq/: [فارسی/ عربی] *صفت.* نـەگها؛ نابالغ؛ کاڵ و هێشتا پێ‌نەگەیشتوو.

**نابـاوری** / nābāvarî/: *اسم.* بـێ‌بـڕوایی؛ بێ‌متمانەیی؛ بێ‌ئێتواری ‹حاضران با ناباوری بە حرف‌هایش گوش می‌دادند: ئامادەبوان بە بێ‌بڕواییەوە گوێیان بۆ قسەی دەگرت›. هەروەها: **ناباور**

**نابجا** / nābecā/: *صفت.* نابـەجێ؛ بێجـێ؛ بێجـا؛ نابـەجـا؛ نـاڕەوا؛ بێڤـا: ۱. لـە کـات و شـوێنی نەشیاودا ‹حرف نابجا: قسەی نابەجێ› ۲. لـە شـوێنێک بێجگـە شـوێنی ڕاسـتەقینەی خـۆ ‹ریشەی نابجا: ڕەگی نابەجێ›.

**نابخرد** / nābexrad، ـان/: *صفت.* [ادبی] بێ‌ئـاوەز؛ بـێ‌یـۆل؛ بـێ‌عـەقڵ؛ هەقمـەق؛ هەبلـە؛ بلـح؛ دەبەنگ؛ گەوج.

**نابخردانـه** / nābexradāne/: *قید.* گەوجانـە؛ بێ‌ئەقلانـە؛ بـێ‌ئاوەزانـە؛ نەفامانـە ‹در این مورد نابخردانـه رفتـار کـرد: لـەم بابەتـەدا گەوجانـە جوولایەوە›.

**نابرابری** / nābarābarî، ـها/: *اسم.* نابەرامبـەری؛ نـاڕێکی؛ ناتـەرازی؛ دۆخ یـان چۆنیـەتی یەک‌چەشن نـەبوونی دوو یـان چەنـد شـت لـە باری چۆنیەتی یان چەندێتیەوە ‹نابرابری در مقابل قانون: نابەرامبەری لە حاندی قانوونداً›.

**نابرادری** / nābarādarî، ـها/: *اسم.* برای دایکـی/ باوکی؛ برای لە باوک یان دایکەوە جیاواز.

**نابرشته** / nāberešte/: *صفت.* نەبرژاو؛ نـەبرژیاگ؛ نەبریژیا؛ نەورشتە؛ نەبریژیەی.

**نابسامان** / nābesāmān/: *صفت.* نالـەبار؛ ناتـەواو؛ نەپۆڕ؛ ناحەز و بـێ‌سـەر و سـامان؛ نەمـەرزیاگ؛ نەمەرزاو؛ پەرێشان؛ پـڕژ و بـلاو؛ بـێ‌سـەروبـەر؛

**ناامن** / nā'amn/: [فارسی/ عربی] *صفت.* جێ‌خۆف؛ جێ‌مەترسی؛ نەتەکن؛ پڕمەترسی؛ نائەمن؛ بەبێ ئاسایش و هێمنی ‹شهر نـاامن بـود و خطر انفجار همیشه وجود داشت: شار جێ‌خـۆف بـوو، هـەموو دەم مەترسی تەقینەوە هەبوو›.

**نـاامنی** / nā'amnî، ـها/: [فارسـی/ عربـی]/*اسم.* نائـەمنی؛ بـار و دۆخـی هـەبوونی مەترسـی و نـەبوونی ئاسـایش ‹ بیشتر، جنگ موجب نـاامنی می‌شود: زۆرتر، شەڕ دەبێتە هۆی نائەمنی›.

**ناامیـد** / nā'omîd/: *صفت.* ناهمـێ؛ ناهومێـد؛ بێ‌هیوا؛ بـێ‌هێڤـی؛ هیوابـڕاو؛ نائومـێ؛ خۆبـان؛ بـێ‌ڤـەر؛ دڵسـار؛ دڵسـارد؛ دڵسـەرد؛ نسـک و ناهمـێ؛ بـەرچاوتاریک ‹خسته و نامیـد بـه خانـه برگشت: شەکەت و ناهمێ گەڕاوە بۆماڵ›.

▣ **ناامید شـدن**: دڵسـارد بوونـەوە؛ هیـوا بـڕان؛ هێڤی بڕان؛ ناهمێ بوون؛ بێ‌هێڤـی/ بـێ‌هیـوا بوون؛ هومێد نەمەنەی.

**ناامیـــدی** / nā'omîdî/: *اسم.* ناهومێـــدی؛ ناهمێـدی؛ دڵسـاردی؛ دڵسـەردی؛ دڵسـاری؛ بێ‌هیوایی؛ بێ‌هێڤێتی؛ هیوابڕاوی ‹ناامیدی بـه دل راه نده!: ڕێ بە ناهومیدی مەدە!›. هەروەها: **ناامید بودن**؛ **ناامید کردن**

**نااهـل** / nā'ahl، ـان/: [فارسـی/ عربـی] *صفت.* نەشیاو؛ نەشیاگ؛ نەشیا؛ لەونەش ‹شوهرش نااهل است و به حرف کسی گوش نمی‌دهـد: مێردەکـەی نەشیاوە و گوێی بۆ کەس شل نیە›.

**نائب** / nā'eb/: [عربی] ☜ **نایب**

**نائل** / nā'el/: [عربی] ☜ **نایل**

**ناب**[1] / nāb/: [عربی]/*اسم.* گیرگـە؛ کلـب؛ کێلـب؛ کێلبە؛ کەلب؛ کەلـبە؛ کەلـوە؛ کەلـپ؛ کـەلپ؛ کەلم؛ درۆک؛ ددانی بەری گیانداران، بەتایبـەت گیانداری درندە.

**ناب**[2]: *صفت.* بێ‌خـەوش؛ پـەتی؛ خـوڕی؛ ڕووت؛ بەبێ تێکەلاوی ‹طلای ناب: زێڕی بێ‌خەوش›.

بێسەرەو بەرە ‹زندگی نابسامان: ژیانی نالەبار›.

**نابسامانی** / nābesāmānî ، ـها/: *اسم.* پەرێشانی؛ نالەباری؛ ناتەواوی؛ ئالۆزی؛ دانەمەرزیاگی؛ نەمەرزاوی؛ بێسەرەوبەرەیی ‹ارثیەی پدر، او را از نابسامانی نجات داد: میراتی بابی لە پەرێشانی رزگاری کرد›.

**نابغه** / nābeqe ، ـها؛ نوابغ/: [عربی]/*اسم.* بلیمەت؛ بلیمەت؛ ژێهاتی؛ هەلکەوتوو؛ هەلکەوتە؛ هەلکەفتە؛ هەلکەفتگ؛ هلکەتی؛ بەرکەتی؛ هۆرکەوتە؛ مرۆی خاوەن لێهاتوویی و داهێنەری لەڕادەبەدەر ‹بیشتر مردم ادیسون را نابغه می‌دانند: زۆربەی خەلک ئیدیسۆن بە بلیمەت دەزانن›.

**نابکار** / nābekār ، ـها؛ ـان/: *صفت. [ادبی]* خراپکار؛ خراپەکار؛ خاوەن ئاکاری نەگونجاو و نالەبار ‹آن مرد نابکار قدر این فداکاری را نشناخت: ئەو پیاوە خراپکارە بەم لێبۆردوویەی نەزانی›.

**نابلد** / nābalad/: [فارسی/ عربی] *صفت.* نەشارەزا؛ ناشارەزا؛ نابەلەد؛ نابلەی ‹آزاد نابلد بود و شهر را نمی‌شناخت: ئازاد نەشارەزا بوو، بە شاری نەدەزانی›.

**نابود** / nābûd/: *صفت.* تەفروتوونا؛ تەرتوتوونا؛ فەوتاو؛ نابوود؛ تووناو؛ کلێس؛ بالمیش؛ هەللاداد؛ بنەبڕ؛ لەبەینچووگ؛ مەحف؛ قەکوداد؛ خەورخەزەو ‹ظرف یکماه همه‌ی ثروتش نابود شد: بە مانگێک هەموو سامانی تەفروتوونا کەوت›.

⊡ **نابود شدن**: لەناو چوون؛ تەفروتوونا/ تەرتوتوونا کەوتن؛ فەوتان؛ قەبڕیان؛ بڕانەوە؛ قڕ تێکەوتن؛ دلێنە شیەی؛ بنەبڕ بوون؛ دە نێو چوون؛ لە بەین چوون؛ نەمان ‹هرچه داشتیم نابود شد: هەرچێکمان هەبوو لەناو چوو›.

**نابود کردن**: لە ناو بردن؛ لە ناودان؛ فەوتاندن؛ لە بەین بردن؛ کامباخ کرن؛ نابوودکردن؛ بنەبڕکردن؛ بەینەنە بەردەی؛ هەشافتن؛ ئەلتەرەقانن؛ قەلار و سەلار کردن؛ قڕکردن ‹جنگ همه چیز را نابود کرد: شەڕ هەموو شتێکی لە ناو برد›.

**نابودی** / nābûdî ، ـها/: *اسم.* نابوودی؛ فەوتاوی؛ لە ناو چوویی؛ هەشافتی؛ قڕی؛ نەماوی ‹نابودی جنگل: نابوودی دارستان›.

**نابهنجار** / nābehancār/: [فارسی/سنسکریت] *صفت.* ۱. نەگونجاو؛ لاداو لە باری ئاسایی ۲. کەل؛ ناتەکووز.

**نابهنجاری** / nābehancārî ، ـها/: [فارسی/ سنسکریت]/*اسم.* نەگونجاوی؛ چۆنیەتی نائاسایی بوون.

**نابهنگام**[1] / nābehengām/: *صفت.* ناوەخت؛ بێوەخت؛ بێگاڤی؛ بێگاڤ؛ نەک لە کات و باری خۆیدا.

**نابهنگام**[2]: *قید.* بە ناوەخت؛ بێوەخت؛ بێگاڤی؛ بێگاڤ؛ بە شێوەیەکی نەک لە کات و باری خۆیدا.

**نابینا**[1] / nābînā ، ـها؛ ـیان/: *اسم. [ادبی]* کوێر؛ کۆر؛ مجرۆ؛ بێچاو؛ حافز؛ کۆرە؛ کۆر؛ نەوین ‹نابینایی عصازنان به راهی می‌رفت: کوێرێک بە گۆچانکوتانەوە بە ڕێگایەکدا دەڕۆیشت›.

**نابینا**[2]: *صفت. [ادبی]* کوێر؛ کۆر؛ کۆرە؛ مجرۆ؛ گللی‌کۆر؛ گێلکی‌کۆر؛ نەوین؛ بێچاو؛ گل؛ نەبینا؛ نابینا؛ بێبینایی و سۆمای چاو ‹مرد نابینا: پیاوی مجرۆ›.

**نابینائی** / nābînā'î/ ☜ **نابینایی**

**نابینایی** / nābînāyî/: *اسم.* کوێری؛ کۆری؛ مجرۆیی: ۱. دۆخ یا چۆناوچۆنی نەدیتن؛ نابینا بوون ۲. موقرایی؛ کوێرایی؛ کۆرایی؛ کوێرایەتی؛ نامایی؛ کەم و کووڕیەکی لەش کە دەبێتە هۆی نەمانی هەستی دیتن * **نابینائی**

**ناپاک** / nāpāk ، ـها/: ـان/: *صفت.* ناپاک؛ نەپاک: ۱. پیس؛ چەپەل؛ گەمار؛ چلکن ۲. *[مجازی]* بێناموووس؛ شوال‌چەپەل؛ داوێنپیس؛ داوێنتەر.

**ناپالم** / nāpālm/: [انگلیسی] ☜ بمب ناپالم، **بمب**

**ناپایدار** / nāpāydār/: *صفت.* نەپا؛ نەپاو؛ بێدەوام؛ خۆنەگر.

**ناپختگی** / nāpoxtegî ، ـها/: *اسم. [مجازی]* کالی؛ خاوی؛ بێئەزموونی؛ کال و کرچی؛ چاو نەکراوەیی ‹جوان است و قدری ناپختگی کرده: لاوە و هێندێک کالی کردووە›.

**ناپخته** / nāpoxte/: *صفت.* ۱. *لـها/[مجازی]* کال؛ کرچوکال؛ بێئەزموون؛ چاونەکراوە؛ نەگها؛ نەگەیشتوو؛ نەگهیشتی ‹جوان ناپختەای بود: گەنجێکی کال بوو› ۲. *[مجازی]* نابەجێ؛ بەبێ لێکدانەوە ‹مراقب باش عمل ناپختەای از تو سر نزند: وریا بە کارێکی نابەجێت لێ نەوەشێتەوە› ۳. کال؛ خاو؛ خاڤ؛ خام؛ نەکولاو؛ کەلی؛ ناتاو؛ نەپوختە؛ نەگریا.

**ناپدری** / nāpedarî ، ـها/: *اسم.* زرپاب؛ باوەپیارە؛ زرپاو؛ زرپاوک؛ مێردی دایک (جگە لە باب).

**ناپدید** / nāpadîd/: *صفت. [ادبی]* ۱. بەرپێوار؛ پێوار؛ داپۆشراو؛ نەدیار؛ نادیار؛ پەنا؛ پەنام ‹ماه در پشت کوه ناپدید شد: مانگ لە پشت کێوەکەوە بەرپێوار بوو› ۲. بزر؛ بەزر؛ ون؛ گم؛ گوم؛ نوخوم؛ نوقم؛ نقم ‹کتابم ناپدید شد: کتێبەکەم بزر بوو›.

هەروەها: **ناپدید شدن؛ ناپدید کردن**

**ـ ناپذیر** / nāpazîr/: *پیوازه.* ـ هەلنەگر؛ ـ نەخۆر؛ ـ ناپەزێر؛ ـ نەخواز؛ قەبوولنەکەر ‹چارەناپذیر: چارەهەلنەگر›.

**ناپرهیزی** / nāparhîzî ، ـها/: *اسم.* ناپاریزی؛ ناپارازی؛ گوێنەدەری؛ کار و رەوتی خۆ نزیک کردنەوە لە شتێ کە بڤەیە و ئەبێ لێی‌دوور بی.

**ناپز** / nāpaz/: *صفت. [گفتاری]* دێرکول؛ نەکول؛ بەکلۆک؛ زۆلک؛ زۆلە؛ زۆلەک ‹این گوشت خیلی ناپز است: ئەم گۆشتە زۆر دێرکولە›.

▣ **نرم شدن**: *[مجازی]* نەرم بوونەوە؛ هوور بوونەوە ‹آنقدر با او حرف زدم که کم‌کم نرم شد: ئەوەندە قسەم لەگەڵ کرد نەختەنەختە نەرم بووەوە›.

**نرم کردن**: نەرم کردن؛ گواندن: ۱. هارین؛ وردکردن؛ کردنە ئارد ۲. سەر پێ دانەواندن؛ هێنانە ژێر ڕکێف.

**نرم**[2]: *قید*. نەرم؛ بە نەرمی؛ بە شێنەیی؛ ڕەوان ‹ماشین نرم کار می‌کرد: ماشینەکە نەرم کاری دەکرد›.

**نرم** / norm/: [انگلیسی]/سم. هەنجار؛ پۆڕ؛ نورم؛ ڕادەی ئاسایی یان خوازراوی شتێک.

**نرم ماده** / narmāde/: *صفت*. نێر ـ ما؛ نێر ـ مێو؛ نێر و ما؛ نێرامێ: ۱. *[گیاهشناسی]* بە هەر دوو ئەندامی نێر و مێ دە گوڵدا ۲. *[جانورشناسی]* خاوەنی هەر دوو ئەندامی نێر و مێ: **نرموک**.

**نرم‌استخوانی** / narmostoxānî, -'ostexānî/: *سم*. ئێسک‌نەرمی؛ نەرمێسکی؛ نەرم بوونەوەی ئێسکی لەش وێڕای ژان و ئێش، لاواز بوونەوەی ماسوولکە، دڵ نەبردن و پێچوون بە هۆی کەمایەسی لە ڤیتامینی «د» یان کەلسیۆم و فوسفور.

**نرم‌افزار** / narmafzār/: ـها/: *سم*. نرمامێر؛ سەرجەمی بەرنامە، کردەوە و بەڵگەگەلی ئامێرێک، بەتایبەت لە کەمپیوتەردا.

**نرمال** / normāl/: [فرانسوی/ انگلیسی] *صفت*. ۱. ئاسایی ۲. سروشتی ۳. گونجاو؛ لەپۆڕ؛ لەبار.

**نرماندن** / naramāndan/ ☜ **رماندن**

**نرمباندن** / narombāndan/ ☜ **رمباندن**

**نرمبیدن** / narombîdan/ ☜ **رمبیدن**

**نرمتن** / narmtan/: ـها؛ ـان/: *سم*. نەرمڵەش؛ گیانداری بێمۆرەغەی لەش شلک کە زۆرتر پێستەیەکی ناسک دایپۆشیوە و لە نێو قەپاتێکی ڕەق و پتەودایە.

**نرمخو** / narmxû/: ـها؛ ـیان/: *صفت*. *[مجازی، ادبی]* لەسەرخۆ؛ هێمن؛ بەپشوو؛ هێدی؛ پشوودرێژ؛

پشووداز؛ مەند؛ مـەن؛ نـەرم و نیـان. هـەروەها:
**نرمخویی**

**نرمش** / narmeš/: *اسم.* ۱. *[مجازی]* سـازگاری؛ تەبایی ‹با همه نرمش داشت جز من: لەگـەل هـەموو کەسێکدا سازگاری هـەبوو بێجگـە مـن› ۲. ـهـا/ نەرمش؛ نەرمشت؛ جووڵە و بزاوی وەرزشـی بـۆ بەهێزکردن و ڕاهێنانی ماسوولکەی لەش.

**نـرم‌شـامه** / narmšāme/: *اسـم. [کالبدشناسـی]* ناوەکی‌ترین پەردەی دەوری مێشـک کـە پێـوە لکـاوە، بـە ڕەگێکـی زۆرەوە بـۆ خـوێن دان بـە مێشک و مۆخ.

**نرم کامه** / narmkāme/: *اسم. [کالبدشناسی]* مەلاژ؛ مەلاشـوو؛ مـەلاژگ؛ مەلاشـک؛ مـەلاژی؛ بـنی ئاسمانـەی دەم کـە نەرمـە و پەردەیـەک دایپۆشیوە.

**نرمک ـ نرمک** / narmaknarmak/ ☜ **نرم ـ نرمک**

**نرم ـ نرمک** / narmnarmak/: *قید.* وردە ـ وردە؛ هێدی‌ـ هێدی؛ شلە‌ـ شل؛ نەرم‌ـ نەرم؛ نەرمـە ـ نەرم؛ نەرمەنـەرمە؛ بە نـەرمی؛ بـە ئەسـپایی؛ وە سپاییەو؛ بە هێدیکایی؛ بە هێوری ‹نرم ـ نرمک قـدمی برمـی‌داشـت: هـیدی ـ هیدی هـەنگاوێکی دەگۆزاوە›: **نرمک ـ نرمک**

**نرموک** / narmûk/ ☜ **نرـ ماده ـ۲**

**نرمـه** / narme ، ـهـا/: *اسـم.* نەرمێنـە؛ نەرمـە؛ نەرمک؛ نەرمۆک: ۱. نەرمەلانی؛ بەشـی نـەرمی شتێک ‹نرمه‌ی گوش: نەرمیـەی گـوێ› ۲. خـاک یان ماسـەی نـەرم ۳. ئـەوەی بـە تـەواوی ورد کرابێ. بەرانبەر: **زبره**

▣ نرمه‌ی گوش: بـەلک؛ گووهـوک؛ نەرمێنـەی گوێ؛ جێ‌گواره؛ بەلـگەی گوێچکـە؛ شـلکەی گۆش.

**نرمی** / narmî/: *اسم.* نەرمی؛ شلکی.

**نرمیدن** / naramîdan/ ☜ **رمیدن**

**نرنجاندن** / narancāndan/ ☜ **رنجاندن**

**نرنجیدن** / narancîdan/ ☜ **رنجیدن**

**نـرو** / narow, naro/: *صـفت. [مجـازی، گفتـاری]* لاسار؛ یاخی؛ سـەربزێو؛ شـەقی؛ ناتـەبا؛ نـەبان؛ گوێ‌نەبیس.

**نروئیدن** / narû'îdan/ ☜ **نروییدن**

**نروییدن** / narûbîdan/ ☜ **رویید**

**نروک** / narûk/: *صفت.* ۱. هـۆڕ؛ ناخـار؛ نـاقۆلا ۲. بێ‌بەر(بۆ گیا) ۳. *[کنایی]* نەزۆک (بۆ گیانەوەر).

**نرون** / noron/: [فرانسوی] ☜ **نورون**

**نرویاندن** / narûyāndan/ ☜ **رویاندن**

**نرویدن** / narûyîdan/ ☜ **رویید: نروئیدن**

**نره ـ** / narre/: *پیشواژه.* نێرە‌ـ ؛ نەرەـ ؛ گیانـداری نێر ‹نره‌خر: نـرەکەر›.

**نرهاندن** / narahāndan/ ☜ **رهاندن**

**نری** / narî/: *اسم.* نێری؛ نـەری؛ نێرینـەیی؛ دۆخ یان چۆنیەتی نێر بوون.

**نریان** / nariyān ، ـهـا/: *اسـم.* ئەسـپ؛ جـووتی ماین.

**نریختن** / narîxtan/ ☜ **ریختن**

**نریدن** / narîdan/ ☜ **ریدن**

**نریسیدن** / narîsîdan/ ☜ **ریسید**

**نرینـه** / narîne ، ـهـا/: *اسـم.* نێـرەوەز؛ نێرینـه. بەرانبەر: **مادینه**

**نزاییدن** / nazā'îdan/ ☜ **نزاییدن**

**نزادن** / nazādan/ ☜ **زادن**

**نـزار** / nazār, nezār ، ـهـا/: *صـفت.* نـزار؛ کـز: ۱. لاواز؛ لەڕ ۲. ژار؛ زار؛ ناچاخ؛ بێ‌کەیف.

**نزاع** / nezā' ، ـهـا/: [عربی] *اسم. [ادبی]* شـەڕ؛ داوا؛ گەلش: ۱. کێشە؛ قەرقەش؛ خەرخەشە؛ کێشـە و هەرا؛ چەقە و هەرا؛ کێشەکێش؛ پاپی؛ جراجڕ؛ هەلا ۲. شەڕ و لێـدان؛ مشـت‌ومـڕ؛ خـڕ و جـز؛ ململانە.

**نزاکـت** / nezākat, nazākat/: [عربـی] *اسـم.* نەزاکەت؛ هەڵس‌وکەوت و کـردەوەی بەرامبـەر بە داب‌ونەریت ‹نزاکت سـرش نمـی‌شـود: نەزاکـەت سەری نابێتەوە›.

www.perawipepwle.com



**نزایاندن** / nazāyāndan/ ☜ **زایاندن**

**نزاییدن** / nazāyîdan/ ☜ **زاییدن؛ نزائیدن**

**نزد** / nazde/: *حرف.* پال؛ پالی؛ لاپالی؛ لای؛ لال؛ لجەم؛ لەکن؛ لەکنی؛ نک؛ لەنک؛ لنک؛ لبا؛ لایەن؛ لایین؛ لبال؛ لە لا؛ هند؛ لە پەنای؛ هۆست؛ ئامی؛ هاف؛ تەنشتی؛ تەشک؛ نەر؛ کەرخ؛ هەتەگ؛ هەتە؛ هەت؛ بال؛ دۆن؛ دەڤ؛ هێم؛ دیار؛ لێئانین؛ کست؛ لاو؛ نزیکی؛ نزیکوو؛ پالی؛ پالوو ‹نزد دیوار؛ رفتم نزد رئیس؛ کلید نزد من است: بال دیوار؛ ڕۆشتم بۆ لای سەرۆک؛ کلیدەکە لەکن منە›.

**نزدودن** /nazedûdan, nazudûdan, nazodûdan/ ☜ **زدودن**

**نزدیک** / nazdîk/: *صفت.* نزیک؛ نێزیک؛ نزاو: ۱. نێز؛ نزینگ؛ لوێ؛ نمنگ؛ نێژ؛ نەژدی؛ نێژدی؛ دۆن؛ به مەودایەکی کەمەوە ‹شب نزدیک است: شەو نزیکە› ۲. بە جیاوازیەکی کەمەوە ‹رنگها به هم نزدیک بود: ڕەنگەکان لێک نزیک بوون› ۳. نێوان‌خۆش ‹با هم نزدیک بودیم: پێکەوە نزیک بووین›.

▣ **نزدیک بودن:** نێزیک/ نزیک بوون؛ نەدوور بوون؛ دوور نەبوون ‹خانەشان نزدیک است: ماڵەکەیان نێزیکە›.

**نزدیک شدن:** نێزیک/ نزیک بوونەوە؛ نزیکەوە بیەی: ۱. مەودایەکی زۆر نەمان ‹به او نزدیک شدم: لێی نزیک بوومەوە› ۲. هاتنە بەرەوە؛ گەیشتن ‹عید نزدیک است: جێژن نزیکە›.

**نزدیک شدن به کسی:** نزیک بوونەوە لە کەسێ؛ نێوان خۆش بوون لەگەڵ کەسێدا.

**نزدیکه** / nazdîke/: *حرف.* لە لای؛ نزیکی؛ نزیکوو؛ لاو؛ لە نزیکی؛ لە کنی؛ توخنی؛ تخوونی؛ کوشی؛ بنبالی؛ له تەنیشتی؛ له پالی؛ لە بنبالی؛ لە نزاوی؛ لە نزیک کەس یان شتێکەوە ‹نزدیک من نشست: لە لای منەوە دانیشت›.

**نزدیکان** / nazdîkān/: *اسم.* خزمان؛ خوێشان؛ نێزیکان؛ نزیکێ؛ خزم وکەسی نزیک.

**نزدیک‌بین** / nazdîkbîn ، ـها/: *صفت.* نزیک‌بین: ۱. تایبەتمەندی چاوی تووش بە نەخۆشی نزیک‌بینی ۲. *[مجازی]* بێوەری لە وردبینی و تێبینی.

**نزدیک‌بینی** / nazdîkbînî/: *اسم.* نزیک‌بینی: ۱. جۆرێک کەمایەسی لە بینایی چاودا ۲. *[مجازی]* بار و دۆخی بێوەری لە وردبینی و دووربینی.

**نزدیکی** / nazdîkî ، ـها/: *اسم.* نزیکی؛ نێزیکی: ۱. دۆخ و چۆنیەتی نزیک بوون ‹نزدیکی راه باعث شد اینجا خانه بخرم: نزیکی ڕێگا بوو بە هۆی ئەوە لێرە ماڵ بکرم› ۲. کار و ڕەوتی دامەزراندنی پێوەندی ‹کار مشترک موجب نزدیکی بیشترشان شد: کاری هاوبەشی بووە هۆی نزیکی پتریان› ۳. *[مجازی]* هاوجێی؛ پێوەندی جنسی ٤. شوێنی نزیک ‹در آن نزدیکی خانه‌ای است: لەو نزیکیە ماڵێک هەیە›.

▣ **نزدیکی کردن:** ۱. نزیک بوونەوە؛ دامەزراندنی پێوەندی ۲. *[مجازی]* نزیکی‌کردن؛ هاوجێی کردن.

**نزع** / naz ، ـها/: [عربی]/*اسم. [ادبی]* سەرەمەرگ؛ گیانەلا؛ ئاویلکە؛ گیانەلاو؛ ئاوەزینگ؛ ئاوزینگ؛ گیانان؛ گیان‌کەنشت؛ ڕەوتی گیان دان.

**نزله** / nazle/: [عربی]/*اسم.* هەلامەت؛ پەسیوی؛ مرفینگ؛ بەر بوونەوەی ئاوی چاو و لووت هاوڕێ لەگەڵ هەڵماسین و سوورهەڵگەڕانی سەر و چاو.

**نزول** / nuzûl, nozûl/: [عربی]/*اسم.* ۱. کار یا ڕەوتی هاتنە خوارەوە؛ دابەزین؛ ئامایرە وار؛ دادان؛ ئەرەئامەی؛ وەرهاتن ‹نزول باران: هاتنە خوار یەوی باران› ۲. *[گفتاری]* سوو؛ سووت؛ بەهرەی پارە ‹هر ماه نصف درآمدم را نزول می‌دهم: هەموو مانگێ نیوەی داهاتم سوو دەدەم›.

▣ نزول اجلال کردن: *[ادبی]* تەشریف هێنان.
نزول کردن: بە سوو هێنان؛ وام بە سوو هاوردن ‹پول بیمارستان را نزول کرده: خەرجی نەخۆشخانەم بە سوو هێنا›.
**نزولات جوی** / -nuzûlātecavvî, nozûlāte/: [عربی]/سم. ئەوەی لە هەورەوە دەبارێ (وەک باران و بەفر و تەرزە).
**نزولخوار** / -nuzûlxār, nozûl/: [عربی/ فارسی] ☜ **نزولخور**
**نزولخور** / -nuzûlxor, nozûl، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی]/سم. *[گفتاری]* سووخۆر؛ سووخەور؛ سووتخۆر: **نزولخوار**
**نزولی** / nozûlî, nuzûlî/: [عربی] صفت. ۱. سەرەوخوار؛ سەرەوژێر؛ بەرەوخوار ‹سیر نزولی؛ منحنی نزولی: رەوتی سەرەوخوار؛ کەوانەی سەرەوژێر› ۲. دابارێو؛ بارێو ۳. تایبەتمەندی پارەیەک کە بە سوو هاتووە
**نزهت** / nozhat, nezhat/: [عربی]/سم. *[نامتداول]* خۆشی؛ شادی؛ گەشی.
**نزیبیدن** / nazîbîdan/ ☜ **زیبیدن**
**نزیستن** / nazîstan/ ☜ **زیستن**
**نژاد** / nejād، ـها/: /سم. رەگەز؛ بنیچە؛ نژاد؛ نەژاد؛ سۆلان؛ رەسەن؛ رەگ؛ بنەڕەت؛ تۆرەمە؛ رەچەلەک؛ بنەچەک؛ بنەچەکە؛ بنەچەق؛ بنچینە؛ توخم؛ خیم؛ کۆک؛ تۆمە؛ رەتەوە؛ تروم؛ وەچ و بەرە؛ چین؛ نوادە؛ لانەما؛ نەتەوە: ۱. تاقمێ لە گیاندارانی سەر بە یەک تیرە، کە نێر و مێیان پێکەوە جووت دەبن ۲. دەستەیەک لە خەلک، بە شێوە و ڕوالەتی وەکوو یەک (وەک ڕەنگی پێست، قژ یان چاو) ۳. هۆز یان خەلکی هاوپشت ٤. خەلکی سەر بە یەک هۆز و گەل.
▣ **نژاد سفید: سپی پێست. هەروەها: نژاد سیاه؛ نژاد زرد؛ نژاد سرخ**
**نژادپرستی** / nejādparastî/: /سم.
ڕەگەزپەرستی: ۱. بڕوا بەوەی کە ڕەگەز و تۆرەمە بۆ هێژایی و لێهاتوویی دەوری کارای هەیە ۲. بڕوا بەوەی کە ڕەگەز و تۆرەمەیەکی تایبەت مافی جیاواز و زۆرتریان هەیە.
**نژادشناسی** / nejādšenāsî/ ☜ **انسان‌شناسی**
**نژاده** / nejāde/: *صفت. [ادبی]* ڕەسەن؛ هێلاو؛ گران؛ نەجیم؛ ڕەگەزچاک؛ بەناوان؛ ڕەگەزدار؛ خانەدان؛ بنەچەدار.
**نژادی** / nejādî/: *صفت.* ڕەچەلەکی؛ ڕەگەزی.
**نژند** / najand/: *صفت. [ادبی]* ۱. ڕەنجاو؛ دلشکاو؛ پەشێو؛ پەژار؛ داچەکاو؛ خەمین ۲. ئازاردیتوو ۳. نەچێ؛ ناحەز؛ دزێو؛ قیزەون.
**نسائیدن** / nasā'îdan/ ☜ **نساییدن**
**نساج** / nassāc، ـها؛ ـان/: [عربی]/سم. جۆلا؛ چنیار.
**نساجی** / nassācî، ـها/: [عربی]/سم. جۆلایی؛ چنیاری.
**نساخ** / nassāx، ـها؛ ـان/: [عربی]/سم. *[ادبی]* نووسەرەوە؛ ڕوونووسکەر.
**نساخ** / nossāx/: [عربی] جمعِ ☜ **ناسِخ**
**نساختن** / nasāxtan/ ☜ **ساختن**
**نسار** / nasār/: [کردی]/سم. نسار؛ نزار؛ پەسار؛ نسرم؛ نێڵ؛ شوێنێ کە تاو نایگرێ، بەرانبەری خوەرەتاو: **نَسَر**
**نساییدن** / nasāyîdan/ ☜ **ساییدن؛ نسائیدن**
**نسب** / nasab، ـها؛ أنساب/: [عربی]/سم. پشت؛ ناوپشتە؛ تۆرەمە؛ ڕەتەوە.
**نسبت** / nesbat، ـها/: [عربی]/سم. ۱. پێوەند؛ پێوەن؛ ڕێژە ‹نسبت ۳ به ۴، مانند ۶ است به ۸: بەوەندی ۳ بە ٤، وەکوو ٦ە بە ۸› ۲. خزمایەتی؛ پێوەندی ‹با ما نسبت دوری دارد: خزمایەتیەکی دووری لەگەڵمان هەیە›.
▣ **نسبت به**: ۱. لەمەڕ؛ سەبارەت بە؛ لە حەنای؛ لە حاندی ‹نسبت به او بدی کردند: لەمەڕ ئەو خراپەیان کرد› ۲. لە چاو؛ بە پێی؛ لە پای؛ وە

پای؛ پاو؛ له هەمبەر؛ له ئاست ‹نسبت به جاهای دیگر ارزان است: له چاو شوێنانیتر هەرزانە›.
**نسبت سببی**: خزمایەتی بە ژن و ژنخواز.
**نسبت نسبی**: خزمایەتی بە خوێن.
▣ **نسبت دادن**: ڕەپاڵ دان؛ پێوە خستن؛ ڕەگەڵ خستن ‹همەی بدبختیهایمان را بە تقدیر نسبت مـی‌دادنـد: هـەموو کوێرەوەریـەکمان ڕەپـاڵ چارەنووسی دەدەن›.
**نسبتاً** / nesbatan/: [عربی] *قید.* تا ڕادەیەک؛ کـەم تا فرە؛ تا ئەنازێو ‹نسبتاً رشد کرده بود: تـا ڕادەیـەک گەشەی کردبوو›.
**نسبی** / nasabî/: [عربی] *صفت.* خوێنی ‹خویشاوند نسبی: خزمی خوینی›.
**نسـبی** / nesbî/: [عربـی] صـفت. ڕێژەیـی: ۱. پێوەندیدار بـە ڕێـژەوە ‹رشد نسبی: گەشـەی ڕیژەیی› ۲. خاوەنی ڕێژە ‹این که می‌گویند نسبی است، هم می‌تواند کم و هم زیاد باشد: ئەمەی دەیلـێن ڕیژەییە، هەم دەکرێ زۆر بێ هەم کەم›.
**نسـبیت** / nesbiyyat/: [عربـی]/سـم. دۆخ و چۆنیەتی ڕێژەیی بوون.
**نسپردن** / nas(e)pordan/ ☜ **سپردن**
**نسپوختن** / nasepûxtan/ ☜ **سپوختن**
**نستالژی** / nostāljî/: [فرانسوی]/سم. *[روان‌شناسی]* نوسـتالژی: ۱. مـەراق؛ تامـەزرۆیی زۆر و لەڕادەبـەدەر بـە گەڕانـەوە بـۆ شـوێن یـان سەردەمێکی بگارده کە تازە نایەتەوە ۲. دەردی غەریبی؛ خـەم و ئـازاری دووری لـە نیشـتمان، بنەماڵە و دۆستان.
**نستاندن** / nasetāndan/ ☜ **ستاندن**
**نستردن** / nasetordan/ ☜ **ستردن**
**نسـترن** / nastaran، هـا/: /سـم. شـیلان؛ گوڵەشـیلان؛ شیلانەدەشـتی؛ ولـەتووتی؛ دلـق؛ دلقی؛ دلیق؛ دلێـق؛ جلێـق؛ جڵـێق؛ ولـەتووت؛ نـاوی: ۱. نـاوی دارچکێکـی گـەلا پێـنج یـا حەوتپەڕی گوڵتاک یان کۆبـە ۲. گولـی ئـەو دارچکە کە بە ڕەنگی سپی و ئاماڵسوورە لە ڕۆژ دەکا بەلام گچکەتر و کەمپەڕترە.
**نستعلیق** / nasta'lîq/: [عربی]/سم. نەستەعلیق؛ لە شێوە نووسینەکانی ئێرانی کە لە سـەدەی نـۆی کۆچیـدا لـە ئاوێتـەکردنی دوو خـەتی نەسـخ و تەعلیق بەدیهات.
▣ **نستعلیق حـرف زدن**: *[تعـریض]* کتێـوی قسـە کردن.
**نستودن** / nasetûdan, nasutûdan/ ☜ **ستودن**
**نستوری** / nastûrî/ ☜ **نسطوری**
**نستوه** / nastûh/: *صفت. [ادبی]* بەگیرگـە؛ نەبـەز؛ کۆڵنەدەر؛ دەستەهەڵنەگر.
**نسـج** / nasc، هـا؛ نُسـوج؛ ئَساج/: [عربـی]/سـم. ۱. *[نساجی]* کر؛ هۆنە؛ بافت؛ وەن؛ هۆنراو؛ تـەنراو ۲. *[زیست‌شناسی]* شانە؛ کۆمەڵـە خانـەی وەکـوو یەک کە پێکـەوە کارێـک دەکـەن ‹نسج چربی: سانەی چەوری›.
**نسـخ** / nasx/: [عربـی]/سـم. ۱. کـار و ڕەوتی هەڵوەشـاندنەوە؛ تێکـدان؛ مەرکانـدن (وەکـوو قـانوون، داب و دەسـتوور و...) ۲. نەسـخ؛ شـێوە نووسـینێکی وڵاتـە ئیسـلامیەکان، زۆرتـر بـۆ نووسینەوەی قورئان.
**نسخ** / nosax/: [عربی] جمعِ ☜ **نسخه**
**نسخه** / nosxe، هـا؛ نُسَخ/: [عربی]/سم. ۱. نوسخە؛ نوشتە؛ ڕاچێتە؛ ڕاسپاردەی نووسـراوی بژیشـک بۆ نەخۆش ۲. بەرگ؛ یەکەی ژمارەدنی نووسراوە ‹یک نسخه از کتابش را بـرایم فرسـتاد: بـەرگێک لـە کتێبەکەی بۆم نارد› ۳. ڕوونووس ‹نسخه برداشـتن: ڕوونووس کردن›.
▣ **نسـخه‌ی اصـل**: دەقـی سـەرەکی؛ نمونـەی جـێبـڕوای نووسـراوەیەک کـە بنـەمای لێکۆڵینەوەیەکە.
**نسـخه‌ی چـاپی**: بـەرگی چـاپی؛ نموونـەی چاپکراوی نووسراوەیەک.
**نسـخه‌ی خطـی**: بـەرگی دەسـنووس؛

نموونه‌یه‌کی به دەست نووسراوه له دەقێک.

▣ **نسخه برداشتن:** ڕوونووس کردن؛ فەرکاندن؛ لێگرتنەوە؛ لە ڕوو نووسینەوە.

**نسخه پیچیدن:** نوسخه پێچان؛ کۆکردنەوە و ئامادەکردنی دەرمانگەلی نوسخەی بژیشک.

**نسخه نوشتن:** نوسخه نووسین؛ دەرمان نواندن.

**نسخه‌بدل** / nosxebadal ، ـها/: [عربی]/سم. ڕوونووس؛ لێگرتەی دەقێک.

**نسخه‌برداری** / nosxebardārī ، ـها/: [عربی/ فارسی]/سم. کار و ڕەوتی ڕوونووس کردن؛ لێگرتنەوەی دەقێک.

**نسر** / nasar/: [از کردی] ☜ **نَسار**

**نسر** / nasr/: [عربی]/سم./نجوم/ نەسر؛ ناوی دوو هەسارەی بە تیشک و تاوە لە وێنە گەردوونیەکانی شەهێن و کیسەڵدا.

**نسرشتن**/ nasereštan/ ☜ **سرشتن**

**نسرودن**/ nasurûdan, nasorûdan/ ☜ **سرودن**

**نسریدن**/ nasoridan/ ☜ **سریدن**

**نسرین**/ nasrîn ، ـها/:/سم. نەسرین؛ گوڵەچیا؛ گوڵەبەرامە؛ وڵەگوڵاوی؛ گیایەکی ڕازێنەیی پایای پیوازدارە بە گەڵای دڕێژی خێڕ- خێڕ و گوڵی بۆنخۆشی زەرد یان سپی هێشووییەوە.

**نسطوری** / nastûrî ، ـها؛ ـان/:/سم. نەستووری؛ لە ڕێبازەکانی ئایینی مەسیحی کە لە کلێسەی ئورتودوکس بووەتەوە و شوێنکەوتوانی لە ئێران، عیراق، سووریە و لوبنان، بەتایبەت دە نێوان ئاسووریەکاندا دەژین: **نستوری**

**نسق**/ nasaq/: [عربی]/سم. ۱. نەسەق؛ مافی کشت و کاڵ لە سەر مەزرای کەسیتر ۲. ڕێوڕەوش؛ ڕەوشت ۳. مرێس؛ دۆزنەوە؛ تەکووزی ٤. جزیا؛ سزا.

▣ **نسق کردن:** /قدیمی/ سزا دان؛ تاوان دان.

**نسق گرفتن:** /مجازی/ ئاوچاو سەندن؛ چاوترسێن کردن؛ جووچکەترسێن کردن؛ منالترسێن/ بەچەترسێن کردن؛ ترساندن.

**نسکافه** / neskāfe/: [فرانسوی]/سم. نسکافە؛ ناوی بازرگانی بۆ قاوەی ساز کە پێویستی بە کوڵان و دەمکێشان نیە.

**نسل** / nasl ، ـها/: [عربی]/سم. بەرە: ۱. /زیست‌شناسی/ تۆرەمە؛ ڕەچەڵەک؛ نفش؛ نەوش؛ دەڤل؛ قنگەزە؛ کۆمەڵێک لە گیانداران کە پێکەوە بنەچەکەیەک بەدیدێنن ‹نسل بشر: بەرەی مرۆڤ› ۲. خەڵکی سەردەمێ ‹نسل بعد از جنگ اروپا: بەرەی پاش شەڕی ئوروپا› ۳. چەشن یان دەستەیەک لە شتومەکی سەر بە سەردەمێک ‹نسل سوم کامپیوتر: بەرەی سێهەمی کەمپیوتەر› ٤. تۆرەمە؛ ئەو کۆمەڵانەی بەر بە دوابڕانی ژینەوەران دەگرن ‹نسل گیاهان: بەرەی ڕوەک›.

▣ **نسل کسی/ چیزی برافتادن:** دوای کەسێ/ شتێک بڕان؛ قڕ تێکەوتن ‹نسل دایناسور برافتاده است: دایناسورەکان دوایان براوە›. هەروەها:

**نسل کسی/ چیزی را برانداختن**

**نسلفیدن** / nasolfîdan/: [؟] ☜ **سلفیدن**

**نسل کشی** / naslkošî ، ـها/: [عربی/ فارسی]/سم. گەلکوژی؛ بەرەکوژی؛ ژینوسایید؛ کوشتاری بەکۆمەڵی گیاندارێک بۆ دوابڕینی تۆرەمەی.

**نسناس** / nasnās/: [عربی]/سم. ۱. ئوران ئوتان؛ ئورانگوتان؛ جۆرێ مەیموون ۲. مێردزمە؛ جانەوەرێکی درۆ و دزێو لە چیرۆکاندا ۳. زەبەلاح؛ زلحۆرت؛ جنێوێکە.

**نسنبیدن** / nasombîdan, nasonbîdan/ ☜ **سنبیدن**

**نسنجیدن** / nasancîdan/ ☜ **سنجیدن**

**نسوار** / nesvār/: [؟] ☜ **ناس**

**نسوان** / nesvān/: [عربی]/سم./ادبی/ ژنان.

**نسوج** / nusûc, nosûc/: [عربی] جمعِ ☜ **نسج**

**نسوختن** / nasûxtan/ ☜ **سوختن**

**نسودن** / nasûdan/ ☜ **سودن**

**نسوز** / nasûz/: صفت. نەسۆز؛ ئاگرنەگر؛ بە

خۆگری لە بەرامبەر ئاورەوە ‹پنبەی نسوز: پەمووی نەسووج›.

**نسوزاندن** / nasûzāndan/ ☜ **سوزاندن**

**نسیان** / nesyān/: [عربی]/سم. فەرامۆشی.

**نسیم** / nasîm/:[عربی] /سم. سروە؛ سۆسە؛ سووسە؛ شنە؛ شنەبا؛ شنۆ؛ شێنە؛ هۆنە؛ نەمرەیی؛ نەرمەبا؛ بای بسکان؛ وامیە؛ بای زۆر هێدی.

▣ **نسیم بامداد**: باد سحر ☜ **باد**

**نسیم صبح**: باد سحر ☜ **باد**

**نسیه**[1] / nesye/:[عربی] /سم. قەرز؛ جۆرێ مامەڵە کە پارەکەی ماوەیەک دوای فرۆش بدرێ. بەرانبەر: **نقد**

**نسیه**[2]: *قید.* بە قەرز؛ قەرز؛ قەرزی.

▣ **نسیه آوردن**: قەرز هێنان؛ کڕینی شتومەک لە شوێنێک بە قەرز. هەروەها: **نسیه بردن؛ نسیه خریدن؛ نسیه دادن؛ نسیه فروختن؛ نسیه گرفتن**

**نسیه کاری** / nesyekārî/: [عربی/ فارسی]/سم. قەرز و قەرزکاری؛ قەرزکاری؛ قەرز و قۆڵە؛ دان و ستان بە قەرز ‹پول کجا بود؟ همه کارشان نسیه‌کاری است: پوولی چی؟ کاریان بۆتە قەرز و قەرزکاری›.

**نشا** / nešā ، ـها/: [از عربی]/سم. ۱. چلاسک؛ شەتڵ؛ شەتڵە؛ شتل؛ شتڵ؛ گیایێ کە بە بنەوە دەردێ و لە شوێنێکی تردا دەنێژرێتەوە ۲. چووز؛ چووزە؛ چەکەرە؛ چەقەرە؛ چووەرە؛ نێرتکی تازەدەرهاتووی گیا.

▣ **نشا کردن**: شەتڵ چاندن؛ شەتڵ نیان؛ کانەنیا؛ شەتڵ نیەی.

**نشأت** / naš'at/: [عربی]/سم. ۱. چۆناوچۆنی یا ڕەوتی پەیدا بوون؛ سەرهەڵدان؛ ڕەخسان؛ بەدیهاتن؛ خویا بوون؛ هاتنە دی؛ کەوتەی دیار ۲. گەشە؛ گەشە و نەشە؛ پەروەرش؛ ڕەوتی بووژانەوە.

▣ **نشات کردن**: ڕەخسان؛ سەرچاوەگرتن؛ هاتنە دی؛ سەرهەڵدان ‹این پیروزی از ایمان و اتحاد آنان نشات کرفته است: ئەم سەرکەوتنە لە ئیمان و یەکیەتیانەوە ڕەخساوە›.

**نشادر** / nošādor/:/سم. نۆشادر؛ خوێیەکی سپی، بێبۆن و تیژە لە ئاودا دەتوێتەوە و بۆ دەرمان دەشێ: **نوشادر**

**نشازار** / nešāzār/: [از عربی/ فارسی]/سم. شتڵجار؛ شەتڵجار؛ شەتڵگە.

**نشاسته** / nešāste/:/سم. نشاستە؛ گەردێکی سپیە، لە ئاو، ئەلکولدا دەتوێتەوە، لە شی بوونەوەدا دەبێتە چەن جۆر دکسترین و گلۆکۆز، لە گیادا بە شێوەی هیدراتی کەربون پاشەکەوت دەبێ، زۆر ماکی خۆراکی، چەسپ و دا و دەرمانی لێ بەرهەم دێنن.

▣ **نشاسته‌ی حیوانی**: گلیکۆژین؛ نیشاستەی ئاژەڵی.

**نشاسته‌ای** / nešāste'î/: *صفت.* نیشاستەیی: ۱. لە جنسی نیشاستە ۲. بە نیشاستەوە.

**نشاشیدن** / našāšîdan/ ☜ **شاشیدن**

**نشاط** / nešāt, našat/: [عربی]/سم. *[ادبی]* نەشە؛ نەشە و گەشە؛ شادی؛ شایی؛ خۆشحالی؛ خۆشی.

**نشاط آور** / nešātāvar, našat-/: [عربی/ فارسی] *صفت. [ادبی]* شادیهێنەر؛ شادیبەخش؛ خەمڕەوێن؛ خەمدەرکەر: **نشاط‌بخش**

**نشاط انگیز** / nešātangîz, našat-/: [عربی/ فارسی] *صفت. [ادبی]* شادیهێنەر؛ نەهورێنەر.

**نشاط‌بخش** / nešātbaxš, našat-/: [عربی/ فارسی] ☜ **نشاط آور**

**نشاکاری** / nešākārî/: [از عربی/ فارسی]/سم. ۱. کار و ڕەوتی شەتڵ چاندن ۲. ـها/ شەتڵجار؛ زەوینێ کە تێدا شەتڵ چێندراوە.

**نشان**[1] / nešān ، ـها/:/سم. نیشان؛ نیشانە؛ نیشا: ۱. دروشم؛ ئارم؛ هەوە؛ وێنە یا وێنە و

www.perawipepwle.com



نووسـراوەیەکی تایبـەتی کـە وەک پێناسـەی ڕێکخراوە یان دەوڵەتێک بە کار دێ ‹نشان اسلام هلال ماه است و نشان مسیحیت صلیب: نیشانی ئیسلام مانگیلەیە و نیشانی مەسیحایەتی خاچ› ۲. نوان؛ شاندەر؛ نیشاندەر ‹این نشان انسانیت اوست: ئەمە نیشانەی مرۆڤایەتی ئەوە› ۳. میدال ٤. ناونیشان؛ شوێن؛ شۆن؛ شۆن؛ ڕێنج؛ ئاسەوار؛ شوێنەوار؛ شۆنەما؛ شۆنەمای.

▣ **نشان به آن نشانی:** بەو ناونیشانە؛ نیشان بەو نیشانە؛ نیشانەی ئەمەیە؛ بەو نیشانەیە؛ پا نیشانیێ ‹نشان به آن نشانی که باران می‌آمد و لباست خیس شده بود: بەو ناونیشانە کە باران دەباری و جلەکانت تەڕ ببوون›.

▣ **نشان دادن:** نیشان دان؛ نیشان داین؛ شاندان؛ ڕایدان؛ پیشان دان؛ شانی دان؛ ئەرمانای؛ نیشان دەی/ دای: ۱. نواندن؛ ناوتش؛ مۆژنایش؛ خستنە بەر چاو ‹از پشت بوته‌ها بیرون آمد و خودش را نشان داد: لە پشت پنچەکەکانەوە هاتەدەر و خۆی نیشان دا› ۲. سەیر و سەرنجی کەسێ بۆ لای شتێک کێشان ‹پرنده‌ی عجیبی را به ما نشان داد: مەلێکی سەیری پیشانمان دا› ۳. ڕێنوێنیکردن ‹راه را به ما نشان داد: ڕێگەی پێمان نیشان دا› ٤. ڕانان؛ نواندن؛ مۆژنایش؛ ناوتش؛ لە بەر چاو ڕانان ‹فیلم نشان می‌دادند: فیلمیان شان دەدا› ٥. بردنە سەیری شتێک و لە بارەیەوە قسەکردن ‹شهر را به آن‌ها نشان دادیم: شارمان پێیان نیشان دا›.

**نشان کردن:** نیشان کردن؛ دیاری‌کردن؛ کردنە دیاری؛ دیاری‌کەردەی: ۱. کردنە نیشانە ‹آن درخت را نشان کرده بودم: ئەو دارەم کردبووە نیشانە› ۲. کردنە چاو؛ هەڵبژاردن بۆ مەبەستێک ‹گرگ، گوسفندی را نشان کرده بود: گورگەکە پەزێکی کردبووە چاو›.

**ـ نشان**[۲]: *پیواژە.* ۱. ـ نیشان؛ خێوی دروشمی تایبەت ‹زرنشان: زێڕنیشان› ۲. ـکوژێن؛ ـدامرێن؛ ـ دامرکێن ‹آتش‌نشان: ئاگرکوژین› ۳. ـکفت؛ ـنیشان؛ ـکوت ‹جواهرنشان: گەوهەرکفت›.

**نشاندار** / nešāndār ، ـها/: *صفت.* ۱. دروشمدار؛ نیشاندار؛ ئارمدار ۲. ناسراو (زۆرتر بە خراپە).

**نشاندن** / nešāndan/: *مصدر متعدی.* // **نشاندی:** داتنیشاند؛ **می نشانی:** دادەنیشنی؛ **بنشان:** دانیشنە// ۱. دانیشاندن؛ ڕۆنیشاندن؛ ڕوونشتاندن؛ نیشاندن؛ ئەرەنیشنەی؛ نیشنایرە ‹او را بنشان روی زمین: دایبنیشە سەر زەوی› ۲. دانیان؛ دانان؛ نیشاندن؛ نیایرە ‹خسته سەر کار و پله‌یک ‹بر تخت پادشاهی نشاندن: لە سەر تەختی شایی دانان› ۳. خستن؛ نان؛ ئەنەنیەی ‹توپ را توی دروازه نشاندن: تۆپ خستنە نێو دەروازە› ٤. نان؛ نیەی؛ نیای ‹الماس کوچکی را روی انگشتری نشاند: ئەڵماسێکی بچووکی بە ئەنگوستیلەکەوە نا› ٥. نیان؛ نان؛ چاندن؛ چانن؛ داچکاندن؛ داچکیلاندن؛ ناشتن؛ ناژتن؛ نەژراندن؛ چەقاندن؛ چەقانن؛ چەقنای؛ چەقنەی؛ دابنارتن؛ نیشاندن؛ شتلاندن؛ نیەی؛ نیای ‹درخت نشاندن؛ دار نیان› ٦. دامرکاندن؛ داکوژاندن؛ کوژاندنەوە؛ هەدراندن؛ مرنایرە؛ ئەوەکوشنەی؛ کوشنایوە ‹آتش را نشاندن: ئاگر دامرکاندن› ۷. خستن؛ تووش/ تووشیارکردن ‹ما را به این روز نشاندند: ئێمەیان خستە ئەم ڕۆژەوە› ۸. *[گفتاری]* ژنێک بۆ لۆکاندن و ئیلاقە ی نارەوا ڕاگرتن * **نشانیدن.**

هەروەها: **نشاندنی**

■ **صفت فاعلی: نشاننده** (دانیشنەر)/ **صفت مفعولی: نشانده** (دانیشنراو)/ **مصدر منفی: نَنشاندن** (دانەنیشاندن)

**نشانده** / nešānde ، ـها؛ ـگان/: *اسم. [گفتاری]* سووتل؛ سووتلی؛ سوتلێ؛ سویتلی؛ قەپاتمە؛ ئەو ژنەی بۆ حەز و لۆکاندنی نارەوا ڕاگیرابێ ‹چند وقتی نشانده‌ی ارباب بود: ماوەیەک سووتلی ئاغا بوو›.

**نشانگان** / nešān(e)gān/: *اسم.* نیشانەگەل: ۱. *[پزشکی]* ئەو نیشانانەی لە نەخۆشێکدا پێکەوە

سەر هەڵدەدەن و نەخۆشی و بەرژەنگێ دەناسێنن ۲. کۆمەڵە شتێکی هاوکات کە دەبێتە هۆی ناسینەوەی شتێکی تایبەت.

**نشانگر** / nešāngar ، ـها/:/سم. نیشاندەر؛ نیشانەک؛ ئامێری نیشان دانی شتێک لە سەر پەڕە ‹نشانگر مونیتور: نیشانەکی مونیتۆر›.

**نشانه** / nešāne ، ـها/:/سم. نیشانە؛ نیشانێ: ۱. هەڵسوکەوت، جووڵە یان حاڵەتێ کە بیر و باوڕ یان دەستوورێک دەردەبڕێت ‹نشانەی مخالفت: نیشانەی دژایەتی› ۲. وێنە، پیت یان تەشکێ کە مەبەستێک ڕادەگەیێنێ «؟» نشانەی پرسش است: «؟» نیشانەی پرسیارە› ۳. ئارم؛ هەوە ٤. کار یان دیاردەیێ کە هەواڵ لە دۆخ و ڕووداوێک دەدا ‹خمیازه نشانەی خواب‌آلودگی است: باوێشک نیشانەی خەوالوویە› ٥. شوێنەوارێ کە لە دیاردە یان کارێک بە جێ دەمێنێ ‹مربا را تو خوردەای، نشانەاش هم لکەی روی پیراهنت است: تۆ مرەباکەت خواردووە و نیشانەکەشی ئەو پەڵەیە بە سەر کراسەکەتەوە› ٦. کێڵک؛ ئامانج؛ ئەوەی تیری بۆ دەخەن.

▣ **نشانه‌های اختصاری**: نیشانەی کورتکراوە؛ ئەو پیت و نیشانانەی لە جێی سارستە و ناو دەنووسرێن (وەک «ز» یانی «زایینی»).

▣ **نشانه رفتن** ☜ **نشانه گرفتن**

**نشانه گرفتن**: نیشان‌گرتن؛ کردنە نیشان؛ سێرە هەڵگرتن؛ نیشان لێ‌گرتن؛ نیشانەوەگێرتەی؛ هشت لێ‌گرتن: **نشانه رفتن**

**نشانه‌شناسی** / nešānešenāsî /:/سم. نیشانەناسی؛ زانستی ناسین و زانینی مانای نیشانە و نمانا و چۆناوچۆنی بە کار هێنانیان بەتایبەت لە نووسراوەدا.

**نشانی** / nešānî ، ـها/:/سم. ناونیشان؛ ناو و نیشان؛ ناو و نیشانە؛ نیشانی: ۱. ئادرەس؛ ئەو زانیارییانەی هەواڵ لە جێوشوێنی کەس یان شتێک دەدا ‹نشانی خود را روی پاکت بنویسید: ناونیشانی خۆتان لە سەر پاکەتەکە بنووسن› ۲. ئەو زانیارییانەی کەس یان شتێک دەناسێنن ‹وقتی نشانی دادم مرا شناخت: کاتێ ناونیشانم دا ناسیمیەوە›.

▣ **نشانی پستی**: ناونیشانی پۆستی؛ ئەو زانیارییانەی لە سەر هەنارده پۆستیەکان دەنووسرێت (وەک ژمارەی مال، ناوی کۆلان، شەقام و شار، کۆدی پۆستی یان ژمارەی سندۆقی پۆستی).

**نشانی فرستنده**: ناونیشانی بنێر؛ ناونیشانی ئەو کەسەی هەنارەدەی پۆستی دەنێرێت.

هەروەها: **نشانی گیرنده**

▣ **نشانی دادن**: ناونیشان دان؛ نیشانی دان؛ ناساندن.

**نشانیدن** / nešānîdan/ ☜ **نشاندن**

**نشنه**[1] / naš'e/: [عربی]/سم. نەشەیی؛ سەرخۆشی؛ سەرخوەشی؛ سەروەشی؛ هەستێکی تایبەت بە هۆی خواردنی ماکی خاوکەرەوە ‹این مواد در شخص نشنه ایجاد می‌کنند: ئەم ماکانە لە مرۆڤدا نەشەیی بەدی دێنن›.

**نشنه**[2]: صفت. نەشە؛ سەرخۆش؛ سەرخوەش؛ سەروەش ‹وقتی چند پُک زد و نشنه شد صحبتش گل انداخت: کاتێ چەن مژی لێدا و نەشە بوو قسەی گوڵی کرد›.

**نشپیل** / našpîl ، ـها ☜ **قلاب ۱**

**نشت** / našt/:/سم. نمتک؛ دزە؛ ئێق؛ ڕەوتی وەرڤین؛ وەرفتن؛ دەڵانی نەختەنەختەی شتێک (وەک ئاو، گاز، تیشکی ڕادیۆئەکتیڤ و...) لە دیوارەی شوێنێکی کپ‌کراوەوە. هەروەها: **نشت کردن**

**نشتاب** / naštāb ، ـها/:/سم. ئاودزە؛ ئاوەزۆ؛ ئاوی دەڵاو.

**نشتافتن** / našetāftan/ ☜ **شتافتن**

**نشتر** / neštar ، ـها/:/سم. نشتەر؛ نەشتەر؛ نژتەر؛ نژ؛ نژد؛ نشتێر؛ نشتەل؛ نێشتەر؛ شفرە؛ کاردێکی

نووک‌تیژ بۆ هەڵدڕینی دەمڵ و برین.
▣ نشتر زدن: نشتەر وەشاندن؛ نەشتەر دان؛ بە نشتەر هەڵدڕێن (زۆرتر ئەندامێک).
**نشتی**[1] / našti ، ـها/:/سم. دزە؛ نمتک ‹لوله نشتی دارد: لوولەکە دزە دەکا›.
**نشتی**[2]: صفت. دەڵاو؛ وەرقی؛ نمتکاو؛ دزەکردوو ‹آبِ نشتی: ئاوی دەڵاو›.
**نشت‌یاب** / naštyāb ، ـها/:/سم. نمدۆز؛ کەس یان کەرستەیێ کە شوێنی دزەکردنی شتێک (بەتایبەت ئاوی لوولکێشی) دەدۆزێتەوە.
**هەروەها: نشت‌یابی**
**نشخوار** / nošxār/:/سم. کاوێژ؛ کاویژ؛ کاویچ؛ قاویچ؛ قاوێچ؛ قاویش؛ کایی؛ ژا؛ ژاو؛ کائین؛ مشوت؛ کنشت؛ وەکار؛ ڕەوتی جاوینەوەی پەلخۆر.
▣ نشخوار کردن: کاوێژکردن: ۱. پۆرساندن؛ کاوینەوە؛ کاوانەوە؛ وەکاریان؛ کایین؛ قەکایین؛ جاوینەوەی پەلخۆر ۲. *[مجازی]* مزەمزکردن؛ ڕیوەڕیو کردن؛ ژاوەژاوکەردەی؛ زۆرپاتە کردنەوەی قسەی بێتام.
**نشخوارکننده** / nošxārkonande ، ـها؛ ـگان/: صفت. کاوێژکەر؛ قەکایی؛ تایبەتمەندی دەستەیەک لە گواندارانی جووتسم (وەک گا، وشتر، ئاسک، پەز، بزن و...) کە ئەوی دەیخۆن نایجاون، قووتی دەدەن و دیسانەوە هەڵیدێننتەوە ناو دەم و ئەمجار دەیجاون.
**نشدن** / našodan/ ☜ **شدن**
**نشر** / našr/: [عربی]/سم. ۱. بڵاوە؛ پەخش؛ کار و ڕەوتی پەرەدان ‹نشر شایعات: بڵاوەی دەنگۆ› ۲. نەشر؛ چاپ و پەخش؛ پیشە و کاری چاپ و پەخش‌کردنی کتێب و بەلاڤۆک ۳. پەخشانگا؛ دەنگاو؛ دامەزراوەی چاپ و پەخش ‹نشر آزادی: پەخشانگای ئازادی›.
**نشریات** / našrîyyāt/: [عربی] جمعِ ☜ **نشریه**
**نشریه** / našrîyye ، ـها؛ نشریات/: [عربی]/سم. بەلاڤۆک؛ پەخشە؛ بلاڤۆک؛ نووسراوە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە (وەک گۆڤار، ڕۆژنامە و...).
▣ نشریه‌ی ادواری: بلاڤۆکی دەورەیی؛ بلاڤۆکێ کە لە هەر ماوەیەکی دیاریکراودا (وەک مانگ، وەرز و...) جارێک دەردەچێ.
**نشست** / nešast ، ـها/:/سم. کۆبوونەوە؛ دانیشتن: ۱. کار و ڕەوتی یەک‌گرتنی چەن کەس لە شوێنێکدا بۆ لە سەر چوونی بابەتێکی دیاریکراو ‹در روز دو نشست داشتیم: لە ڕۆژدا دوو کۆبوونەوەمان هەبوو› ۲. ڕەوتی نیشتن؛ تەپین؛ نشستکردن ‹متوجه نشست دیوار نشد: بە نیشتنی دیوارەکەی نەزانی›.
**نشستن** / našostan/ ☜ **شستن**
**نشستن** / nešastan, nešestan/: *مصدر. لازم.* // **نشستی**: دانیشتی؛ **می‌نشینی**: دادەنیشی؛ **بنشین**: دانیشە// ۱. دانیشتن؛ ڕۆنیشتن؛ نیشتن؛ نشتن؛ نیشتنە خوار؛ نیشتەی؛ نیشتەیرە؛ ڕوونان؛ ڕوونین؛ ڕۆنین؛ دایین؛ ڕووی نیشتن؛ نستەن؛ نستەنە؛ نشتش؛ نشتەنە؛ ڤەنشتن: *الف)* قنگ/ قوون دانەوە؛ عنەرەدەی؛ قورسایی لەش خستنە سەر سمت ‹از نشستن خسته شده‌ام: لە دانیشتن وەڕەز بووم› ب) قنگ نانە سەر شتێک ‹روی زمین نشستن: دانیشتنە سەر زەوی› ج) *[ادبی]* پلە و پایەیێک وەرگرتن ‹به تخت پادشاهی نشست: نیشتە سەر تەختی شایی› ۲. نیشتن: *الف)* جێگرتن ‹تیر به قلبش نشست: تیرەکە نیشتە سەر دڵی› ب) بەرپەسن بوون؛ خۆش هاتن ‹به دل نشستن: بە دڵەوە نیشتن› ج) ڕووبەرێک داپۆشان ‹برف به زمین نشسته بود: بەفر نیشتبوو› د) هامشۆکردن؛ بەین بوون ‹با آدم‌های ناباب نشستن: دەگەڵ مرۆی نالەبار دانیشتن› هـ) بە کارێکەوە پەرژان؛ خەریک بوون ‹پشت فرمان نشستن: نیشتنە پشت فەرمان› ۳. کەوتن؛ تەکان و جوولە لێبڕان ‹از پای نشستن: لە پێ کەوتن› ٤. نیشتەجێ بوون؛ ژیان ‹در کوچه‌ی ما می‌نشیند: لە کۆلانی ئێمەدا

نیشته‌جیبه› ۵. چاوه‌ڕوان بوون ‹پنج سال به پایش نشست: پێنج سال به دیاریه‌وه دانیشت› ٦. *[مجازی]* دامرکان؛ نیشتنه‌وه؛ داسه‌کنان ‹یک لیوان آب بخور عَطَشت بنشیند: په‌رداخێ ئاو بخۆوه تینوه‌تیت دامرکێ› ۷. ڕاوه‌ستان؛ وێسیان؛ خۆگرتن؛ سه‌برکردن ‹بنشین باران بند بیاید: راوه‌سته باران خۆش بکاته‌وه› ۸. نیشتن؛ چه‌قین؛ تێڕۆچوون ‹کشتی به گل نشست: که‌شتیه‌که نیشته قوڕ› ۹. نیشتن؛ تووش بوون؛ تووشیار هاتن ‹به عزا نشستن: نیشته پرسه‌وه› ۱۰. هاوجێی‌کردنی ژنی خراپه له‌گەڵ مشته‌ریدا.

■ صفت مفعولی: **نشسته** (دانیشتوو)/ مصدر منفی: **نَنشستن** (دانه‌نیشتن)

**نشستنکی** / nešastanakî/: *قید. [گفتاری]* به دانیشتنه‌وه؛ به دانیشتانه‌وه؛ به نیشتنه‌وه ‹همینطور نشستنکی خوابم برد: هه‌روا به دانیشتنه‌وه خه‌وم لێ‌که‌وت›.

**نشستنی** / nešastaniî/: *صفت.* نیشته‌نی؛ دانیشتوو؛ تایبه‌تمه‌ندی که‌سێ که بیه‌وێ بمێنێته‌وه و نه‌ڕوا.

**نشست‌وبرخاست** / nešast-o-barxāst/، ـها/: *اسم.* هامشۆ؛ ئامشۆ؛ هاموشۆ؛ هه‌ڵسان و دانیشتن؛ ئه‌ڵس‌بنیش؛ هورز و ئه‌ره‌نیشت؛ هه‌ڵس‌ودانیشت؛ هه‌ڵس‌وبنیشت؛ هه‌ڵس‌وکه‌وت ‹دو بار با آن‌ها نشست‌وبرخاست کنی متوجه می‌شوی: دووجار له‌گه‌ڵیاندا هامشو بکه‌ی تێده‌گه‌ی›. هه‌روه‌ها: **نشست و برخاست داشتن؛ نشست و برخاست کردن**

**نشسته** / nešaste/: *قید.* به دانیشتنه‌وه؛ به دانیشتانه‌وه؛ ئه‌ره‌نیشته‌ی ‹یاد گرفته بود نشسته بخوابد: فێر ببوو به دانیشتنه بخه‌وێ›.

**نشسته** / našoste/: *صفت.* نه‌شۆراو؛ نه‌شۆردراو؛ ئه‌وه‌نه‌شۆریا؛ نه‌شۆریاگ ‹میوه‌ی نشسته: میوه‌ی نه‌شوراو›.

**نشکافتن** / našekāftan/ ☜ **شکافتن**

**نشکستن** / našekastan/ ☜ **شکستن**

**نشکفتن** / našekoftan/ ☜ **شکفتن**

**نشکن** / naškan/، ـها/: *صفت.* نه‌شکه‌ن؛ خۆگر له به‌رامبه‌ر ته‌وژم و لێکه‌وتنه‌وه.

**نشکیبیدن** / našakîbîdan/ ☜ **شکیبیدن**

**نشگون** / nešgûn/ ☜ **نیشگون**

**نشمردن** / našemordan/ ☜ **شمردن**

**نشمه** / našme/، ـها/: *اسم. [گفتاری]* ماشۆقه؛ ماشقه؛ ژنێ که ده‌گەڵ پیاوێکدا به دزیه‌وه که‌ین و به‌ینی هه‌یه.

**نشناختن** / našenāxtan/ ☜ **شناختن**

**نشناساندن** / našenāsāndan/ ☜ **شناساندن**

**نشنیدن** / našenidan/ ☜ **شنیدن**

**نشوراندن** / našûrāndan/ ☜ **شوراندن**

**نشوریدن** / našûridan/ ☜ **شوریدن**

**نشو و نما** / našv-o-nemā/: [عربی/ فارسی]/*اسم.* گه‌شه؛ گه‌شه و نه‌شه؛ هه‌راش؛ فراژی؛ ڕه‌وتی سه‌ر هه‌ڵدان و به خۆدا هاتن.

**نشیب** / našîb/، ـها/: *اسم. [ادبی]* نشێف؛ نشیو؛ نشێو؛ نشوڤ؛ شڤ: ۱. سه‌رنجه؛ جێ نزم ۲. سه‌ر به‌ره‌و ژێر؛ لێژ؛ سه‌ر به‌ره ژێر؛ به‌ره‌و خوار؛ لێژایی؛ به‌ره‌وخواری؛ سه‌ره‌وخواری؛ سه‌ربه‌ره‌ژێر؛ سه‌ره‌وچێری؛ شوێنی سه‌ربه‌ره‌خوار.

**نشیمن** / nešîman/، ـها/: *اسم.* ۱. نیشمه‌ن؛ نشیمه‌نگا؛ نشینگه: *الف)* جێگه‌ی ڕۆنیشتن *ب)* له‌بار بۆ ژیان ‹اتاق نشیمن: دیوی نشیمه‌ن› ۲. قنگ؛ سمت.

**نشیمنگاه** / nešîmangāh/: *اسم.* ڕوونه‌ک؛ قنگ؛ سمت؛ سمته؛ عننه؛ که‌ماخ؛ سورین؛ کولۆت؛ قاڵچه؛ ئه‌و به‌شه له ئه‌ندامی گیاندار (به‌تایبه‌ت مرۆ) که له دانیشتندا ده‌که‌وێته سه‌ر زه‌وی و قورسایی له‌ش ده‌که‌وێته سه‌ری.

**نشین**[1] / nešîn/: *اسم.* ۱. کۆم؛ ئاخری ڕێخۆله‌ی گه‌وره ۲. زڕتک؛ کووم؛ پند؛ پندرۆ؛ قولته‌فسه؛

سوو؛ خرِک؛ تریزه؛ بالوور؛ قیت؛ پیزی؛ کونای قنگ.

**ـ نشین**[۲]: *پیواژه.* ـ نشین: ۱. ئەوەی لە شوێنێکدا دەژی یا دەمێنێتەوە ‹روستانشین: گوندنشین› ۲. جێگە یان شوێنی مانەوەی کەسێک ‹شاەنشین: شانشین›.

**ـ نشینی** / nešînî/: *پیواژە.* ـ نشینی؛ دانیشتن لە شوێنێک ‹شهرنشینی: شارنشینی›.

**نص** / nas(s)/: [عربی]/*سم.* دەق ‹نص قانون: دەقی قانوون›.

**نصاب** / nassāb ، ـها/: [عربی]/*سم.* دانەر؛ دامەزرێنەر؛ ئەوەی خەریکی پێکەوەنان و ڕێخستنی کەرستە لە شوێنێکی دیاریکراودایە.

**نصاب** / nesāb/: [عربی]/*سم.* ۱. ☜ حدّ نصاب، **حد** ۲. *[ادبی]* وشەدانی هۆنراو بە شیعر.

**نصارا** / nesārā, nasārā/: [عربی]/*سم. [قدیمی]* فەلان؛ خاچپەرستان؛ مەسیحیگەل.

**نصایح** / nasāyeh/: [عربی] جمعِ ☜ **نصیحت**

**نصب** / nasb/: [عربی]/*سم.* کار و ڕەوتی دانان؛ دانیان؛ دامەزراندن: ۱. پێکەوەنان و ڕێخستنی شتێ لە شوێنێک. هەروەها: **نصب بودن؛ نصب شدن** ۲. کار و ڕەوتی دەسنیشانکردنی کەسێ بۆ کارێک، بەتایبەت پێسپاردنی پلە و پایەیەک ‹نصب فرماندەی نیروی انتظامی: دانانی قوماندەی هێزی ئاسایش›.

**نصرت** / nosrat/: [عربی]/*سم. [ادبی]* ۱. سەرکەوتوویی ۲. یارمەتی؛ یاری؛ یاریدە؛ کۆمەگ.

**نصف**[۱] / nesf ، ـها/: [عربی]/*سم.* نیوە؛ نیمە؛ نیف؛ نیڤی؛ نێمە؛ نسم؛ هەر کام لە دوو بەشی هاوئەندازە لە شتێک ‹نصف من، نصف تو: من نیوە و تۆ نیوە›.

▣ **نصف شب** ☜ **نیمەشب**

**نصف**[۲]: *صفت.* نیوە؛ دوونیو؛ دووکوت؛ بە یەک ئەندازە دەگەڵ ئەو بەشەکەی‌تردا ‹نان را نصف کن!: نانەکە نیوەکە!›.

**نصف‌العمر** / nesfol'omr/: [عربی] ☜ **نصفەعمر**

**نصف‌النهار** / nesfonnahār/: [عربی]/*سم.* ۱. جەغزی گرێمانەیی وا کە بە سەر دووجەمسەری زەویدا دەکشێ و ناوەندی هەر ناوەندی زەوینە ۲. نیوە جەغزێک لە نیوان دوو جەمسەری زەویدا ۳. کاری نیشاندانی ئاوا جەغزێک لە سەر نەخشەی گۆی زەوین بە ژمارەوە.

**نصف بە نصف** / nesfbenesf/: [عربی/ فارسی/ عربی] *قید.* نیوەبەنیوە؛ نیف ـ نیف؛ نیمە ـ نیمە؛ نیوە ـ نیوە؛ نیوبەنیو ‹نصف به نصف قسمت می‌کنیم: نیوەبەنیوە بەشی دەکەین›.

**نصفه**[۱] / nesfe ، ـها/: [عربی/ فارسی] *صفت. [گفتاری]* نیڤی؛ نیوە؛ نیمە؛ نسمە: ۱. بە نیو ئەوندەی کە دەیدێرێت ‹این ظرف چرا نصفه است: ئەم دەفرە بۆ نیوەیە› ۲. نیوەچڵ؛ نیوە و ناتەواو ‹کار هنوز نصفه است: کارەکە هێشتا نیوەیە›.

**نصفه**[۲]: *پیشواژه.* نیوە ـ ؛ نیمە ـ ؛ نیڤە ـ : ۱. بەشێک لە دوو بەشی هاوئەندازە ‹نصفەسیب: نیوەسێو› ۲. ناوەڕاستی مەودا و کات ‹نصفەراه: نیوەڕێ› ۳. نیوەچڵ؛ نیوە و ناتەواو ‹نصفەکاره: نیوەکاره›.

**نصفه‌روز** / nesferûz/: [عربی/ فارسی] *صفت. [گفتاری]* نیوەوەخت؛ نیوەڕۆژە؛ بە کار و تێکۆشانی لە نیوەی ڕۆژدا (بەیانی یان دوای نیوەڕۆ) ‹کار نصفەروز؛ مدرسەی نصفەروز: ئیشی نیوەوەخت؛ قوتابخانەی نیوەڕۆژە›.

**نصفه‌شب** / nesfešab/: [عربی/ فارسی] ☜ **نیمەشب**

**نصفه‌عمر** / nesfe'omr/: [عربی] *صفت.* نیوەگیان؛ نیوەعومر؛ تووشیاری ترس، پەژارە یان پەرێشانی زۆر بوون ‹از ترس نصفەعمر شدم: لە ترسان نیوەگیان بووم›: **نصف‌العمر**

**نصفه‌کاره**[۱] / nesfekāre/: [عربی/ فارسی] *صفت.*

www.perawipepwle.com



ناته‌واو؛ نیوه‌کاره ‹خانه هنوز نصفه‌کاره است: مالـه‌که هێشتا ناته‌واوه›.

**نصـفه کـاره**[۲]: *قیـد.* ناتـه‌واو؛ بـه ناتـه‌واوی؛ بـه نیمـه‌کاره‌یی ‹کـار را نصـفه کـاره گذاشـت و رفـت: کاره‌که‌ی ناته‌واو جێ هێشت و ڕۆی›.

**نصفه نیمه** /nesfenîme/: [عربـی/ فارسـی] *صفت. [گفتاری]* نیوه و ناته‌واو؛ کەل و کوته‌ر؛ نیوه‌چڵ.

**نصـفی** /nesfî/: [عربـی] *قیـد. [گفتـاری]* لـه‌تێک؛ کوتێـک؛ نیوه‌یـه‌ک ‹یکـی و نصـفی؛ نصـفی نـان برداشتم: دانه و له‌تێک؛ کوتێک نانم هەڵگرت›.

**نصیب** / nasîb ، ـها/: [عربی]/سـم. بـه‌ش؛ بـێش؛ به‌شه؛ نسیب؛ نسیو؛ واش؛ وەش؛ پـش؛ بیـه‌ش؛ به‌ری؛ گیهەڤ؛ هۆخ؛ ئەوی له بـه‌ش‌کردنـه‌وەدا بەر که‌سێ دەکەوێ.

▣ **یا نصیب و یا قسمت:** یا عـومر؛ هـه‌یهوو؛ تـازه کوا ‹کی بشود دوباره شما را ببینیم؟ یـا نصـیب و یـا قسـمت؛ یـا عـومر تـا دیسـان چاومـان بـه ئێـوه بکەوێته‌وه›.

▣ **نصیب بردن:** به‌ش بردن؛ به‌شدار بوون ‹من از آن پول نصیبی نبردم: ئـه‌من لـه‌و پاره‌یـه به‌شیکم نه‌برد›.

**نصیب شدن:** لێ‌که‌وتن؛ پێ‌گه‌یشتن؛ پێ‌بـڕان؛ (وه)به‌رکه‌وتن ‹بیشترش نصیب تو شد: زۆربه‌ی له تۆ که‌وت›.

**نصـیب کـردن:** بـه‌ش دان؛ پـێ‌دان؛ به‌شـدار کردن.

**نصـیحت** / nasîhat ، ـها؛ نصـایح/: [عربـی]/سـم. ئاموژگـاری؛ ئاموژچیـاری؛ مۆچیـاری؛ مۆژگـاری؛ مۆجگـاری؛ مـۆج؛ پەنـد؛ قسـه‌یه‌ک کـه بـۆ تێگه‌یاندن، وریا کردنه‌وە یان ڕێنوێنی که‌سێک، پێی دەگوترێ.

▣ **نصیحت کردن:** ئاموژگاری/ مۆچیاری‌کردن.

**نضج** /nozc/: [عربی]/سـم. ڕەوتی پـاگرتن؛ خـۆ گرتن؛ به‌رز بوونه‌وە؛ به‌ره‌و سه‌ر ڕۆیشتن.

**نطربوق** /natarbûq/ ☜ **نَتَربوق**

**نطفه** / notfe ، ـها/: [عربی]/سم. توو؛ تـۆم؛ تۆمـه؛ تـۆو: ۱. سـیللولی جنسـی نێـر ۲. *[گفتـاری]* سیللولی به‌دیهاتوو له سیللولی نێر و مێ.

**نطق** / notq/: [عربـی]/سـم. ۱. وتـاربێژی؛ گۆتـار ۲. *[گفتاری]* قسه؛ قسێ؛ قسیه؛ پەیڤ؛ وته؛ گوته.

▣ **نطـق کـردن:** دوان: ۱. وتـار دان؛ قسـه بـۆ کـۆڕێ کـردن ۲. *[تعـریض]* فـه‌رمایش‌کـردن؛ قسه‌ی زۆر و نابه‌جێ‌کردن.

**نطق کسی باز شدن:** که‌سێک هاتنه قسه؛ دەم که‌سێ کریانه‌وە؛ زوانی که‌سێ بەر بوون.

**نطق کسی کور شدن:** *[مجازی]* زمـانی که‌سـێ گیران/ به‌سیان؛ دەم که‌سـێک قولـف بـوون؛ که‌سێ له قسه‌که‌وتن.

**نطق** / notoq/: [از عربـی] /سـم. *[گفتـاری]* قسـه؛ قسیه؛ وته؛ گوته؛ پەیڤ: **نتق**

▣ **نطق زدن/ کشیدن:** دەم‌کردنه‌وە؛ لێو بزواندن؛ هەناسه‌دان؛ قسه‌کردن ‹کسی جرأت نداشت نطق بزند: که‌س نه‌دەمێڕا دەم بکاته‌وە›.

**نطلبیدن** / natalabîdan/: [فارسی/ عربـی/ فارسـی] ☜ **طلبیدن**

**نظائر** / naz'āer/: [عربی] ☜ **نظایر**

**نظار** / nozzār/: [عربی] جمع ☜ **ناظِر**

**نظـارت** / nezārat, nazārat ، ـها/: [عربـی]/سـم. چـاوەدێری؛ چـاودێری؛ چاویـاری؛ چافـدێری؛ پـایین؛ بـەرداین؛ کـار و ڕەوتی پێڕاگەیشـتن، پرسینه‌وە و چاو لێ‌کردن بۆ دڵـنیایی لـه بـاش به‌ڕێوه چوونی کارێک. هـه‌روەها: **نظارت داشتن؛ نظارت شدن؛ نظارت کردن**

▣ **نظارت استصوابی:** چاودێری له ڕاسـت و ڕەوا بوونی کار.

**نظـاره** / nezāre, nazāre/: [عربـی]/سـم. سـه‌یر؛ ته‌مه‌شا؛ تماشا؛ نیگا؛ مه‌یزه؛ کاری ڕوانـین؛ چـاو لێ‌کردن ‹از ایوان خانه‌اش باغ را نظاره مـی‌کـرد: لـه به‌رهێوانی ماله‌که‌یه‌وە سه‌یری باخه‌که‌ی دەکرد›.

**نظـاره‌گـر** / nezāregar, nazāre- ، ـها؛ ـان/:

[عربی/ فارسی]/سم. بینەر؛ وێنەر؛ وینەر؛ سەیرکەر؛ تەماشاچی.

**نظافت** / nezāfat, nazāfat/: [عربی]/سم. پاکی؛ پاکژی؛ تەمیسی؛ خاوێنی.

▣ **نظافت کردن**: خاوێن‌کردنەوە؛ تەمیس‌کردن.

**نظافتچی** / -nezāfatî, nazāfat ، ـها؛ ـان/: [عربی/ ترکی]/سم. کەسێ کە خاوێن‌کردنەوەی شوێنێ، بەتایبەت دامەزراوەیەکی لە ئەستۆدایە.

**نظام** / nezām ، ـها؛ ـات/: [عربی]/سم. ۱. پێکهاتە؛ دوزەنە؛ سەرجەمی قانوون، داب و دەستوور و نەریتی پێکهێنەری دەزگایەک ‹نظام پزشکی؛ نظام طبیعت: پێکهاتەی بژیشکی؛ دوزەنەی سروشت› ۲. دوزەنە؛ کۆندام؛ سەرجەمی دام و دەزگای ڕامیاری و کۆمەلایەتی ‹نظام سەرمایەداری: دوزەنەی سەرمایەداری› ۳. ڕژیم؛ دوزەنە؛ دام و دەزگای حوکمەتی ‹نظام جمهوری: ڕژیمی کۆماری› ٤. ئەرتەش؛ سەرجەمی سپای ولاتێک.

▣ **نظام وظیفه**: ۱. خزمەتی سەربازی ۲. مەزرینگەی کۆکردنەوە و ناردنی لاوان بۆ سەربازی.

**نظامنامه** / nezāmnāme ، ـها/: [عربی/ فارسی] /سم. دەستووری حوکمەتی؛ قانوون و بڕیاری داندراو لە لایەن بەڕپرسانی حکوومەتەوە کە پێویستە بەڕێوە بچێ.

**نظامی**[1] / nezāmî ، ـها؛ ـان/: [عربی]/سم. ئەرتەشی؛ سپایی؛ قۆشەنی؛ نیزامی؛ کەسێ کە لە ئەرتەشدا کار دەکا.

**نظامی**[2]: صفت. چەکداری؛ ئەرتەشی؛ سەر بە هێزی چەکداری ‹لباس نظامی: بەرگی چەکداری›.

**نظامیگری** / nezāmîgarî/: [عربی/ فارسی] ☜ **میلیتاریسم**

**نظایر** / nazāyer/: [عربی] جمعِ ☜ **نظیر: نظائر**

**نظر** / nazar ، ـها/: [عربی]/سم. ۱. نیگا؛ نیا؛ تواشا؛ تەماشا ‹یک نظر دیدمش: تاقە نیگایەک دیتم› ۲. ڕا؛ بیر و ڕا؛ ڕاوێژ؛ تەگبیر ‹نظر تو در این باره چیست؟: ڕای تۆ لەم بارەوە چیە؟› ۳. ویست؛ خوازە؛ خواست؛ ڕەوتی گەرەک بوون ‹در نظر داشت خانەای بخرد: گەرەکی بوو مالێک بسێنێ› ٤. بیر؛ ویر؛ هزر ‹به نظرم رسید: بە بیرمدا هات› ۵. /اَنظار/ پێش‌چاو؛ بەرچاو؛ بەرچاوان ‹از نظر افتادن؛ نظر کسی را گرفتن: لە پێش‌چاو سووک بوون؛ بەرچاو کەسێ گرتن› ٦. بار؛ لایەن؛ سۆنگە ‹از نظر سیاسی: لە باری ڕامیاریەوە›.

▣ **نظر بد**: ۱. چاوی پیس؛ چاو خراو ۲. دڵی پیس؛ دڵی ڕەش.

**نظر به راست**: *[نظامی]* شێوە ڕاوەستانێک کە سەر بە لای ڕاستدا گەڕابێ. هەروەها: **نظربه‌چپ**

▣ **نظر انداختن**: چاو (پێدا) خشاندن؛ سەرسەری و بێورد بوونەوە لێ‌ڕوانین ‹یک نظر به این مقاله بیندازا: چاوێک بەم وتارەدا بخشێنە!›.

**نظر دادن**: بیر و ڕای خۆ دەربڕین.

**نظر داشتن**: ۱. چاو/ دڵ لە دوو بوون ۲. بەمراز بوون ۳. لە سەر بڕوایەک بوون.

**نظر کردن**: ۱. سەیرکردن؛ تەمەشا کردن ۲. ورد بوونەوە ۳. چاو لێدان؛ کردنە چاوەوە.

**نظر کسی را جلب کردن**: چاو کەسێ گرتن؛ سەرنجی کەسێک ڕاکێشان.

**نظر کسی را گرفتن**: چاوی کەسێک گرتن؛ سەرنجی کەسێ ڕاکێشان.

**از نظر کسی افتادن**: لە پێش چاوی کەسێک سووک بوون؛ لە بەرچاو کەسێک کەفتن.

**از نظر گذراندن**: ۱. چاو لێ‌کردن؛ سەیرکردن ۲. چاو پێدا خشاندن.

**به نظر آمدن/ رسیدن**: ۱. کەوتنە بەر چاو؛ دیتران؛ هاتنە پێش چاو ۲. وا دیار بوون.

**تحت نظر بودن** ☜ **تحت نظر، تحت**

**نظرآزمایی** / nazarāz(e)māyî ، ـها/: [عربی/ فارسی]/سم. ڕاوێژ؛ ڕازمووني؛ پرس و ڕا لە خاوەن ڕایان لەمەڕ بابەتێکەوە.

**نظربازی** / nazarbāzî ، ـها/: [عربی/ فارسی]/سم. چاوبازی؛ قۆقی: ۱. بە چاو ئەویندارێکردن؛ چاو لێککردنی دوو دڵدار ۲. چاولەوەڕێنی؛ چاوچڕێنی؛ چاوچەڕێنی؛ سەیری لەشی جنسی تر بۆ کەیف و خۆشی.

**نظربلند** / nazarboland/: [عربی/ فارسی] ☜ **بلندنظر**

**نظرتنگ** / nazartang/: [عربی/ فارسی] ☜ **تنگنظر**

**نظرتنگی** / nazartangî/: [عربی/ فارسی] ☜ **تنگنظری**

**نظرخواهی** / nazarxāhî ، ـها/: [عربی/ فارسی] /سم. ڕاخوازی؛ پرسیار لە بیر و ڕای خەڵک یان تاقمێکی تایبەت لەمەڕ شتێکەوە.

**نظرسنجی** / nazarsancî ، ـها/: [عربی/ فارسی] /سم. ڕائەزموونی؛ ڕازموونی؛ تۆژینەوە لە سەر بیر و ڕای خەڵک یان تاقمێکی تایبەت لەمەڕ شتێکەوە.

**نظرقربانی** / nazarqorbānî ، ـها/: [عربی]/سم. چاوەزار؛ دۆعای چاوزار؛ مۆروو یان نوشتەیەک کە بۆ بەرگری لە چاوی پیس لە ملی منداڵی دەکەن یان بە کراسیەوە هەڵدەواسن.

**نظرگاه** / nazargāh ، ـها/: [عربی/ فارسی]/سم. ڕوانگە: ۱. بەرچاوگە؛ بەرژەوەند؛ بەرجەوەن؛ دیامان ۲. بیر و ڕا؛ بڕوا.

**نظرگیر** / nazargîr/: [عربی/ فارسی] صفت. سەرنجڕاکێش.

**نظری** / nazarî/: [عربی] صفت. هزری؛ ویری: ۱. تایبەتمەندی هونەر یان زانستێک کە بناغەی لە سەر باری بیرکردنەوە و تێڕامانە تا تاقیکاری ‹فیزیک نظری؛ موسیقی نظری: فیزیک هزری؛ مووسیقای هزری› ۲. خاوەن باری زەینی ‹بررسی نظری: تاوتوێ کردنی هزری› ۳. *[گفتاری]* بەگومان؛ سۆسەیی ‹نظری حرفی زد: بەگومان قسەیەکی کرد›.

**نظریات** / nazarîyyāt/: [از عربی] جمعِ ☜ **نظریّه**

**نظریه** / nazarîyye ، ـها؛ نظریات/: [عربی]/سم. ۱. بیرۆکە؛ لێدوانێک بە دانستە بۆ ڕوون کردنەوەی نهێنیەکی زانستی یان مەبەستێکی بیرەوانی ۲. بیرۆکە؛ کڕ و کاشی هێندێک دیاردە لە باری پێوەندیان پێکەوە ۳. بڕوا، ڕوانگە یان شێوازێ کە وەک بناغەیەک هەڵدەبژێردرێ و ئاراستە دەکرێ * **نگره**

▣ **نظریهٔ مهبانگ** ☜ **مهبانگ**

**نظریه‌پرداز** / nazarîyyepardāz ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی]/سم. بیرۆکوان؛ بیرۆکەوان؛ دانەری بیرۆکە. هەروەها: **نظریه‌پردازی**

**نظم** / nazm/: [عربی]/سم. ۱. تەکووزی؛ مرێسی؛ ڕێکوپێکی ‹کارها با نظم کامل پیش می‌رود: کارەکان بە تەکووزیەکی تەواوەوە بەرەو پێش دەچن› ۲. دامەزراوی؛ هێمنی؛ بار و دۆخی بەبێ ئاژاوە و بشێوە ۳. ـها/ هۆنراوە؛ هۆنە؛ شیعر؛ گوتە و نووسراوەی بە کێش و قافیە.

**نظمیه** / nazmîyye ، ـها/: [عربی]/سم. *[قدیمی]* شارەوانی؛ شارەبانی؛ کەڵانتەری.

**نظیر** / nazîr ، ـها؛ نظایر/:[عربی] /سم. هاوتا؛ ئاوتا؛ ئامتا؛ لنگە.

**نظیف** / nazîf/: [عربی] صفت. *[ادبی]* پاک؛ خاوێن؛ پاقژ؛ پوختە؛ بێگەرد؛ بێخەوش؛ پوار؛ پێک؛ تەمیس ‹با یک پارچەی نظیف ببندید: بە پارچەیەکی پاکژ ببەستن›.

**نعره** / na're ، ـها/: [عربی]/سم. نەعرەتە؛ نەعرەتێ؛ نەعرە؛ نارەتە؛ نەڕە؛ نەڕڕە؛ هەلان؛ گوڕە؛ گوڕڕە؛ دەنگی بەرز و گڕی بێواتا کە زۆر جار لە سۆنگەی تووڕەیی، ژان یان بۆ هەڕەشە دەردێت، بەتایبەت هاواری گیاندارانی درندە ‹نعره‌ی شیر: نەعرەتەی شێر›.

▣ **نعره زدن/ کشیدن**: گرماندن؛ هاڕەکردن؛ گوڕان؛ گوڕاندن؛ نەڕاندن؛ نەڕان؛ نەڕانن؛

هرمژاندن؛ هرمژین؛ تومەین؛ نەڕەی؛ نەڕای؛ نەعرەتە پێکەی.

**نعره‌زنان** / na'rezanān /: [عربی/ فارسی] *قید.* بە نەڕەوە؛ نەڕەنەڕ؛ گوڕەگوڕ؛ بە نەعرەتەوە؛ بە گوڕاندنەوە ‹شیر نعره‌زنان حمله کرد: شێر بە نەڕەوە هەڵمەتی دا›.

**نعش** / na'š ، ـها/: [عربی]/سم. تافێر؛ جەنازە؛ تەرم؛ لاشە؛ لاک؛ کەلاش؛ کەلەخ؛ کەلەش؛ جەندەک؛ بەلاتە؛ کەلاک؛ جەستەی گیانداری مردوو.

**نعش‌کش** / na'škeš ، ـها/: [عربی/ فارسی]/سم. لاشەکێش؛ لاکێش: ۱. جەنازەکێش؛ کەرستەی مردووگۆزتنەوە ۲. کەسێ کە لاشەی مردوو بە سەر شانەوە دەگرێ و دەیبا بۆ سەر قەبران.

**نعش‌کشی** / na'škešî ، ـها/: [عربی/ فارسی]/سم. *[تعریض]* لاشەکێشی؛ کاری جەنازە کێشان.

**نعل** / na'l ، ـها/: [عربی]/سم. نال؛ نالە؛ نال: ۱. لەتە ئاسنی وەک کەوان کە دەیکوتنە ژێر سمی چارەوێ و ولاخدا ۲. نالچە؛ نالەکی؛ نالی کەوش؛ مێخی سەر پان و تەختکراو کە دەیدەنە ژێر پاژنەی کەوشدا.

▣ **نعل کردن**: نال‌کردن؛ نالێ‌کەردەی؛ یەکسم نال کردن.

**نعل وارونه زدن**: *[مجازی]* شوێنەگومکێ کردن؛ پێچەوانەی نیازی دڵ نواندن، بۆ فریو دان.

**نعل‌اسبی** / na'l(e)'asbî /: [عربی/ فارسی] ☜ **نعلی**

**نعلبکی** / nalbakî, na'lbakî ، ـها/: [عربی/ فارسی] /سم. نالبەکی؛ ژێرئیسکان؛ ژێرپیالە؛ نالەکی؛ نالووکی؛ تەپلک؛ دەردەنگ؛ تەبلە؛ تابلە؛ بن‌پیالە؛ گەبۆل؛ بن‌بادە؛ گالش؛ دەفرە چکۆلەی زۆرتر لە چینی بۆ ژێرئیسکان و فنجان.

**نعلبند** / na'lband ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی]/سم. سۆلبەند؛ نالبەند؛ نالبەن؛ نالوەن؛ نالڤەن؛ قەڵەمتراش؛ سم‌تراش؛ کەسێ کە یەکسم نال دەکا.

**نعلبندی** / na'lbandî /: [عربی/ فارسی]/سم. نالبەندی: ۱. کاری نال‌کردن ۲. پیشەی نالبەن ۳. ـها/ کارگەی نالبەن.

**نعلی** / na'lî /: [عربی] *صفت.* نالین؛ نالی؛ وەک نال ‹ماهیچەی نعلی: ماسوولکەی نالی›: **نعل اسبی**

**نعلین** / na'leyn ، ـها/: [عربی] *سم.* نالک؛ نالێن؛ کاڵە؛ سۆل؛ قاپقاپ؛ کەوشی سووک و بێ‌پاژنە.

**نعمات** / na'amāt /: [عربی] جمعِ ☜ **نِعمَت**

**نعمت** / ne'mat ، ـها؛ نعمات/: [عربی]/سم. بەش؛ نیعمەت: ۱. شتێکی باش کە لە لایەن کەسێکی مەزن، بەتایبەت خواوە خەڵات دەکرێ ۲. ئەوەی دەبێتە هۆی هێمنی و ئارخەیانی ۳. تایبەتمەندی و دانستەیەکی بەرچاو لە کەسێکدا ‹نعمت زیبایی: بەشی جوانی›.

**نعمت‌اللهی** / ne'matollāhî /: [عربی] ☜ **نِعمَتی**

**نعمتی**[1] / ne'matî ، ـها/: [عربی]/سم. نیعمەتی؛ هەر یەکە لە شوێنکەوتووانی تەریقەتی شا نیعمەتوواللاهی وەلی (ـ ۸۳٤ کۆچی): **نعمتی**

**نعمتی**[2]: *صفت.* نیعمەتی؛ بەندیوار بە تەریقەتی شا نیعمەتوللاهی وەلیەوە.

**نعنا** / na'nā ، ـها؛ ـیان/: [از عربی]/سم. نەعنا؛ نەعنە؛ نەناخی؛ هێزا؛ بوودینە؛ گیایەکی گەلاوردی تامتیژی بۆنخۆشە، وشک دەکرێ و بۆ تام بۆ دە چێشتی دەکەن: **نعناع**

▣ **نعنای کوهی/ صحرایی**: پوونگەکێویلە؛ پوونگەڕێوی؛ تهناوک؛ تهناڤک؛ تەهتاڤک؛ تەتاڤک؛ نەعنەکێویلکە؛ جاترە؛ ڕوەکێکی کێوی و خۆڕسکە، گەلاکانی بۆنی نەعنا ئەدەن: **نعناع کوهی/ صحرایی**

**نعناداغ** / na'nādāq /: [از عربی/ فارسی]/سم. نەعناداخ؛ نەعنای وشکەوەکراو کە دە نێو ڕۆنی چۆقاوی دەکەن و وەک تام لەگەڵ بڕێ

چێشتدا دەیخۆن.

**نعناع** / na'nā'/: [عربی] ☜ **نعنا**

▣ **نعناع کوهی/ صحرایی** ☜ **نعناع کوهی صحرایی**

**نعوذبالله** / na'ûzobellāh/: [عربی] دعا. نەعوزوبیللا: ۱. پەنابەخوا ۲. خوانەکەردە؛ خوای نەکەردە؛ خوانەکردوو.

**نعوظ** / no'ûz, nu'ûz/: [عربی]/سم. ڕەقی؛ ڕەپی؛ بەلی؛ قیتی؛ دۆخی ڕەق بوون؛ ڕەپ بیەی؛ ڕەق و ڕاست بوونی ئەندامێک کە پێشتر شل بووە، بەتایبەت ئەندامی نێرینە.

**نغریدن** / naqorrîdan/ ☜ **غریدن**

**نغز** / naqz/: صفت./ادبی/ ۱. دڵخواز؛ دڵگر؛ دڵنشین؛ خۆش؛ وەش ۲. باش؛ چاک؛ قەنج؛ عال؛ نووک ۳. ڕێکوپێک؛ تەکووز ٤. جوان؛ زێوا؛ قەشەنگ ۵. تەڕ و بەڕ؛ پاراو.

**نغلتاندن** / naqaltāndan/ ☜ **غلتاندن**

**نغلتیدن** / naqaltîdan/ ☜ **غلتیدن**

**نغمات** / naqamāt/: [عربی] جمع ☜ **نَغمه**

**نغمه** / naqme ، ـها؛ نَغَمات/: [عربی]/سم. نەوا؛ ئاواز؛ نەغمە؛ دەنگ: ۱. سۆزە؛ دەنگی هاوکێش و خۆش ۲. ئاهەنگ؛ نەوای مووسیقا بەتایبەت دیلان ۳. گۆرانی؛ ستران؛ کۆت؛ زار؛ کزە.

**نغمه‌خوان** / naqmexān ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی]/سم. گۆرانیبێژ؛ دەنگبێژ؛ سترانبێژ؛ گۆرانیواچ؛ گۆرانیچڕ. هەروەها: **نغمه‌خوانی**

**نغمه‌سرا** / naqmesarā ، ـها؛ ـیان/: [عربی/ فارسی] /سم. گۆرانیوان؛ سترانڤان: ۱. سترانهۆن؛ ئەوەی ئاهەنگی گۆرانی دەهۆنێتەوە ۲. گۆرانیبێژ؛ سترانبێژ؛ چڕگەر؛ ئەوەی گۆرانی دەخوێنێ.

**نغمه‌سرایی** / naqmesaryî ، ـها/: [عربی/ فارسی] /سم. سترانڤانی؛ گۆرانیوانی: ۱. کار و ڕەوتی دانانی ئاهەنگی مووسیقا ۲. کاری خوێندنی گۆرانی.

**نفاخ** / naffāz/: [عربی] صفت. بادار؛ وادار؛ بە تایبەتمەندی با دروستکردن لە نێو ڕیخۆلەدا.

**نفاس** / nefās/: [عربی]/سم. ۱. زایمان؛ زان؛ زای؛ زا؛ زەهـا؛ زۆمـە؛ زایەنـە ۲. بلـیمانە؛ بلـیمان؛ بریوان؛ خوێنێ کە لە کاتی منال بووندا دەڕژێ.

**نفاسـت** / nefāsat, nafāsat/: [عربـی]/سـم. گرانکێشـی؛ گرانباییـەتی؛ دۆخ یـا چۆنیـەتی نرخدار بوون.

**نفاق** / nefāq/: [عربی]/سم. دووبـەرەکی؛ لنجـی؛ ناڕێکی؛ دووبەندی؛ دووپلێ: ۱. دووڕوویی؛ بار و دۆخی هاودڵ و هاودەنگ نەبوون ‹نفاق ورزیدن: دووڕوویی کردن› ۲. /ـها/ دژایەتی لـە بـیر و ڕادا ‹نفاق افکندن: دووبەرەکی نانەوە›.

▣ **نفاق افتادن**: دووبەرەکی کەوتن/ داکەوتن.

**نفاق افکندن/ انداختن**: دووبـەرەکی نانـەوە/ خستن/ داخستن.

**نفاق ورزیدن**: دووڕوویی کردن.

**نفاق‌افکـن** / nefāq'afkan ، ـان/: [عربـی/ فارسـی] صفت. گێرەشێوێن؛ دووبەرەکیداخەر.

**نفاق‌افکنی** / nefāq'afkanî ، ـها/: [عربی/ فارسـی] /سـم. گێرەشـێوێنی؛ کارەڕەهـاتی دووبـەرەکی داخستن.

**نفـت** / naft/:/سـم. نـەفت؛ نـەوت؛ نەوتـە: ۱. تراوێکی خەستی بۆگەنە بە ڕەنگی قـاوەیی تۆخ لە ژێر زەویدا، بریتی لـە تێکـەڵاوی چەنـد هیدرۆکەربون وەک هیگزان، هیپتان، ئوکتـان و ماکی ئالیتر کە لە پالاوتنی زۆر شتی جۆراوجۆر بەرهەم دێ : **نفت خام** ۲. نەوتی سـپی؛ نـەوتی چرا: **نفت چراغ؛ نفت سفید**

▣ **نفت چراغ** ☜ **نفت ـ۲**

**نفت خام** ☜ **نفت ـ۱**

**نفت سفید** ☜ **نفت ـ۲**

**نفت سیاه**: نەوتەڕەشە؛ مازووت؛ نەوتە سیاوێ.

**نفت کاز**: گازۆییل.

**نفت آلود** / naftālûd/: صفت. نەوتینە؛ نـەوتاوی؛ نەفتاوی؛ بە نەوتەوە تلاو.

www.perawipepwle.com



نفتالین / naftālîn/: [فرانسوی]/سم. نەفتالین؛ بلۆرێکی سپی بۆن‌تیژە لە بەرێکەوە گازی ژەهراوی لێ دەبێتەوە و دژی مێروو بەتایبەت مۆردە و لە پیشەسازیشدا بە کار دەچێ.

نفتخیز / naftxîz/: صفت. نەوتی؛ نەفتی؛ نەوتدار؛ نەوتەوەر؛ خاوەن بەرهەمی نەوتی ‹سەرزمین نفتخیز: ولاتی نەوتی›.

نفت سوز / naftsûz/: صفت. نەفتی؛ نەفتین؛ نەوتی؛ نەوتین؛ بە تایبەتمەندی کارکردن بە نەوت ‹بخاری نفت‌سوز: سۆبەی نەوتی›.

نفتکش / naftkeš ، ـها/: /سم. نەوتبەر؛ نەوتکێش؛ کەرستەی گواستنەوە، تایبەتی ڕاگوێزانی نەوت ‹کشتی نفتکش: گەمیەی نەوتبەر›.

نفتگر / naftgar ، ـان/: /سم. نەوتکار؛ ئەوەی لە سەنعەتی نەوتدا کار دەکا ‹نفتگران ایران جمعیت بزرگی را تشکیل می‌دهند: نەوتکارانی ئێران جەماوەرێکی زۆر پێک دێنن›.

نفتی ' / naftî ، ـها/: /سم. [گفتاری] نەوتی؛ نەفتی: ۱. نەوت‌فرۆش؛ نەفت‌فرۆش؛ نەوت‌وەرەش ۲. نەوت‌فرۆشی؛ فرۆشگای نەوت.

نفتی ': صفت. نەوتی؛ نەفتی: ۱. سەر بە نەوت ‹درآمدهای نفتی: داهاتە نەوتیەکان› ۲. تایبەتمەندی ئەوەی بە نەوت کار دەکا ۳. نەوتاوی؛ نەوتین؛ بە نەوتەوە تلاو ‹دستم نفتی شد: دەستم بەنەوتی بوو›.

نفخ / nafx/: [عربی]/سم. ۱. با؛ وا؛ بای سک؛ بایێ کە لە نێو کۆندامی هەرسەکدا دروست دەبێ ۲. با؛ وا؛ پەرچەوت؛ خەمەرە؛ ئاوسانی ورگ و ژان و پێچ پێداهاتنی بە هۆی بای سکەوە ۳. کار و ڕەوتی دەماندن؛ تێتووڕاندن؛ دەمنەی.

▣ نفخ داشتن: با هەبوون ‹شکمش نفخ دارد: ورگی بای هەیە›.

نفخ کردن: با کردن؛ وا کەردەی ‹بعد از خوردن شیر شکمش نفخ می‌کند: دوای خواردنی شیر سکی بای دەکرد›.

نفخ آور / nafxāvar/: [عربی/ فارسی] صفت. واکەر؛ بادار؛ بە تایبەتمەندی بەدیهێنانی با دەنێو زگدا.

نفر / nafar ، ـها/: [عربی]/سم. ۱. /ـات/ کەس؛ نەفەر؛ یەکەی ژمارەدنی مرۆڤ ۲. سەر؛ یەکەی ژمارەدنی وشتر ‹چهار نفر شتر: چوار سەر وشتر› ۳. /ـات/[نظامی] سەرباز؛ کەسی چەکدار.

نفرات / nafarāt/: [از عربی]/سم. ۱. کەسان؛ کەسێ؛ کەسگەل؛ کەسەیل؛ کەسێل ۲. سەربازان؛ چەکدارانی بێنیشان.

نفربر / nafarbar ، ـها/: [عربی/ فارسی]/سم. نەفەربەر؛ کەرستەی گواستنەوەی سەرباز.

نفرت / nefrat ، ـها/: [عربی]/سم. قین؛ ڕق؛ ڕک؛ گرخ؛ بار و دۆخی پێخۆش نەبوون و بێزار بوون لە کەس یان شتێک.

▣ نفرت داشتن: قین/ ڕق لێبوون؛ بێزار بیەی؛ خوەش نەهاتن؛ حەز لێ نەکردن ‹از پیاز نفرت دارد: قینمە لە پیاز›.

نفرت کردن: قین هەستان/ هەلسان؛ بێزار بوون؛ قین هاتن.

نفرت آور / nefratāvar/: [عربی/ فارسی] ☜ **نفرت‌انگیز**

نفرت‌انگیز / nefratangîz/: [عربی/ فارسی] صفت. قین‌هەلسێن؛ وەڕەزکەر؛ بێزارکەر.

نفرستادن / naferestādan/ ☜ **فرستادن**

نفرمودن / nafarmûdan/ ☜ **فرمودن**

نفروختن / nafurûxtan, naf(o)rûxtan/ ☜ **فروختن**

ـ نفره / nafare/: [عربی/ فارسی] پیواژه. ـ نەفەرە؛ ـکەسە؛ ـکەسی؛ سەر بە ئەژماری کەسان ‹یک‌نفره: یەک‌نەفەرە؛ دوو نفره: دووکەسە›.

نفری ' / nafarî/: [عربی] صفت. کەسی؛ نەفەری؛ پێوەندیدار بە ژمارەی کەسانەوە ‹اتاق دو نفری: ژووری دوو کەسی›.

نفری ': قید. ۱. کەسی؛ قۆڵی؛ بە شێوەی

ژمارەی کەسان ‹دو نفری مبل را بلند کردند؛ سەنفری رفتیم: دوو کەسی موبلەکەیان هەلگرت؛ سێ قولی ڕۆیشتین› ۲. سەرەو؛ سەروو؛ هەر کەس؛ هەر کەسە؛ یۆ؛ یەکێ؛ یەکێک ‹باید نفری صد هزار تومان بپردازید: دەبێ سەرەو سەد هەزار تمەن بدەن›.

**نفریت** / nefrît/: [فرانسوی]/سم. ۱. *[پزشکی]* هەر جۆرە نەخۆشی پێوەندیدار بە هەوکردنی گورچیلەوە ۲. *[کانی‌شناسی]* جۆرێکی هەرزانبایی لە یەشم بە ڕەنگی سپی تا سەوزی تۆخ.

**نفریدن** / nafrîdan/: مصدر. متعدی. *[قدیمی]* ڕتان؛ ڕتاندن؛ تووک‌کردن؛ تووک لێکردن؛ سنگ لێکوتان؛ پێهەلکالان؛ دۆعای شەڕ/ خراپ کردن.

**نفریفتن** / nafarîftan/ ☜ **فریفتن**

**نفرین** / nefrîn ، ـها/: /سم. تووک؛ زۆتی؛ نفرە؛ نفر؛ پشۆر؛ نەفرین؛ نفرین؛ نفرینی؛ لەکۆلەڕۆ؛ ڕت؛ ئاهـ ونزووله؛ نەوز؛ نووەڕ؛ نوڕ؛ دۆعای شەڕ.

▣ نفرین شدن: تووک لێ‌کران ‹این خانه نفرین شده است: ئەم خانووە تووکی لێکراوە›.

نفرین کردن: دۆعا کردن؛ ڕتاندن؛ تووک لێکردن؛ سنگ لێکوتان؛ نووەڕکردن؛ نفرین کرن ‹مادرتان او را نفرین کرد: دایکتان دۆعای کرد›.

نفرین کسی گرفتن: دۆعای کەسێ گیرا بوون؛ نزای کەسێ گرتن ‹نفرین او ما را هم می‌گیرد: دۆعای نەو لە ئێمەش گیرا دەبێ›.

**نمایشنامه‌نویس** / nemāyešnāmenevîs, namāyeš- ، ـها؛ ـان/: *اسم.* شانۆنامەنووس؛ ئەو کەسەی چیرۆک بۆ شانو دەنووسێ ‹شکسپیر نمایشنامه‌نویس نامدار انگلیسی: شکسپیر شانۆنامەنووسی بەناوبانگی ئینگلیسی›.

**نمایشی** / nemāyešî, namāyešî/: *صفت.* شانۆیی؛ سەر بە شانۆ ‹هنرهای نمایشی: هونەرگەلی شانۆیی›.

**نمایندگی** / nemāyandegî, namāyandegî/: *اسم.* نوێنەرایەتی؛ بریکاری: ۱. کاری نوێنەر ‹نمایندگی تهران را داشت: نوێنەرایەتی تارانی هەبوو› ۲. چۆنیەتی و دۆخی بریکار بوون ‹به نمایندگی انتخاب شد: بۆ بریکاری هەڵبژێردرا› ۳. ـها/ نووسینگە و شوێنی کاری نوێنەر ‹نمایندگی فروش چرخ خیاطی: نوێنەرایەتی فرۆشی چەرخی دروومان›.

**نماینده** / nemāyande, namāyande ، ـها؛ ـگان/: *اسم.* نوێنەر؛ بریکار؛ جێدار؛ نوێنە؛ نووینە؛ بەرکەیە: ۱. ئەو کەسە لە لایەن دەستە، تاقم یان کۆمەڵێکەوە بۆ بەشداری لە کۆڕ، ئەنجومەن یان لێژنەیەک هەڵدەبژێردرێ تا دەمراست و پارێزەری بەرژەوندی وان بێ ‹نماینده‌ی مجلس: نوێنەری ئەنجومەن› ۲. ئەو کەسە لە لایەن کەس یان دامەزراوەیەکەوە بۆ خزمەت بە خۆیان هەڵدەبژێردرێ ‹نماینده‌ی بازرگانی؛ نمایندەی سیاسی: نوێنەری بازرگانی؛ بریکاری ڕامیاری›.

**نمایه** / nemāye, namāye ، ـها/: *اسم.* ناونامە؛ پێڕستێ لە ناوی کەسان، جێگاکان و... کە بە گوێرەی دوزەنەیەکی تایبەتی (وەک ڕیزی ئەلفوبێ) لە سەرەتا یان زۆرتر لە دوایی کتێبەوە دێ.

**ـ نمایی** / nemāyî, namāyî/: *پیوازه.* ـ نوێنی؛ ـ نمایی؛ ـ نوایی؛ ڕانان؛ نواندن ‹خودنمایی؛ درشتنمایی: خۆپیشاندان؛ درشت‌نمایی›: **ـ نمائی**

**نمبند** / namband ، ـها/: *اسم.* نمگر؛ شێگر؛ ماک یان بەرهەمێک بۆ بەرگری لە نم.

**نمچینی** / namčînî/: *اسم.* نمکێشی؛ نمچنی؛ دۆخی هەڵمژینی هەڵم و بۆقی هەوا لە بڕێ شتدا.

**نمد** / namad ، ـها/: *اسم.* لباد؛ لبا؛ لوا؛ لۆپ؛ لەوا؛ لەبو؛ نەوگ؛ نەوو؛ نمەد؛ لمەد؛ کولاو؛ کولاف؛ تات؛ تاتی؛ یان؛ تەحت؛ لێی: ۱. بەرگنی پەستواو بۆ ڕایەخ، فەرەنجی، کلاو و... ۲. مووکیت یان قوماش‌ئاسایەک کە بە ڕیشالی دەسکرد و لە کارخانە دروست دەکرێ.

▣ **نمدی آفتاب کردن:** *[مجازی]* پایەک داکێشان؛ وچانێک دان؛ هەل و دەرفەتێک بۆ حەسانەوە دەس خستن.

**از آبِ نمد کلاهی رسیدن:** *[مجازی]* لەم خەرمانە خەلەیەک بردن؛ لە بەرهەم و داهاتی کارێک بەش بردن ‹حواست باشد به ما هم از آبِ نمد کلاهی برسد: وریا بە ئێمەش لەم خەرمانە خەلەیەک بدرێ›.

**نمدار** / namdār/ ☜ **زیرفون**

**نمدار** ٢: *صفت. [گفتاری]* نماوی؛ نمدار؛ شێدار؛ شەدار؛ نمسار؛ هیتە؛ هووتن؛ شۆدار ‹پارچه‌ی نمدار: قوماشی نماوی›.

**نمدزین** / namadzîn ، ـها/: *اسم.* نەرمەزین؛ وەرزین؛ نمەدزین؛ مەعرەکە؛ گردەڵە؛ ئارەقگیری بن زین.

**نمدمال** / namadmāl ، ـها؛ ـان/: *اسم.* بگێڕ؛

www.perawipepwle.com



نه‌وگ‌مال؛ که‌چه‌چی؛ له‌بوچی؛ کولاف‌که‌ر؛ ئه‌و که‌سه‌ی به‌رگن ده‌پەستێوی و ده‌یکاته لبار.

**هەروەها: نمدمالی**

**نمدی** / namadî ، ـها/: *صفت.* لبادی؛ نه‌وگی؛ نمه‌دی؛ کولاوی؛ ته‌حتی: ۱. له نمه‌د ‹کلاه نمدی: کلاوی لباوی› ۲. وه‌ک نمه‌د ‹موکت نمدی: موکیتی نمه‌دی›.

**نمرات** / nomarāt/: [معرب] جمع ☜ **نُمره**

**نمردن** / namordan/ ☜ **مردن**

**نمره** / nomre ، ـها: نُمرات/: [معرب از ایتالیایی]/سم. نمره: ۱. ژماره ‹نمره‌ی عینک: ژماره‌ی چاویلکه› ۲. نیشه؛ ژماره‌یێ که ڕاده‌ی زانیاری، فێرکاری یان لێهاتوویی خوێندکاران نیشان ده‌دا ‹نمره‌ی ادبیاتش همیشه ۲۰ بود: نمره‌ی وێژه‌ی هەموو جارێک ۲۰ بوو›.

▣ **نمره‌ی تک**: نمره‌ی ته‌ک؛ نمره‌ی ژێر ۱۰.

▣ **نمره آوردن**: نمره هێنان/ هاوردن/ گرتن؛ نیشه هێنان ‹در هنر نمره نیاورد: له هونه‌ردا نمره‌ی نه‌هێنا›.

**نمره دادن**: نمره دان: ۱. دیاری‌کردنی نمره‌ی وانه ‹نمره‌ی همه‌ی بچه‌ها را داده‌م: نمره‌ی هەموو منداڵه‌کان ده‌دەم› ۲. پێدانی نمره‌یه‌ک زۆرتر له‌و ڕاده‌یه که شیاوی خوێندکار یان قوتابیه ‹فشار آوردند که به او نمره بدهم: زۆریان هێنا نمره‌ی پێ بدەم›. **هەروەها: نُمره گرفتن**

**نمس** / nems ، ـها/: [عربی]/سم. بانه‌وانک؛ بان‌بانکه؛ بانبانک؛ مریشکخۆره؛ گیانه‌وەرێکه وه‌کوو ده‌له‌ک، به قه‌د پشیله‌یه‌ک، مریشک و مار و هێلکه ده‌خوا.

**نم‌سنج** / namsanc ، ـها/: /سم. نم‌پێو؛ شێ‌پێو: **رطوبت‌سنج**

**نمط** / namat ، ـها/: [عربی]/سم. /ادبی/ شێوه؛ شێواز؛ ته‌رز؛ پێودان؛ زێ ‹گر تو قرآن بدین نمط خوانی/ ببری رونق مسلمانی: ئا به‌م شێوه ئه‌تۆ قورئان بخوێنی/ موسوڵمانیش له دینی ده‌تارێنی›.

**نمک** / namak/: /سم. خوێ؛ نمه‌ک؛ مه‌ک؛ مه‌کی: ۱. خێ؛ خوا؛ خوه؛ خوه‌ی؛ پێکهاته‌یه‌کی بلۆری له کلوروری سودیوم، به ڕەنگی سپی و تامی سوێره‌وه که به زۆری له سروشتدا ده‌ست ده‌که‌وێ و تامێ چێشته: **نمک طعام** ۲. /ها/ /شیمی/ هەر یه‌که له‌و ماکانه‌ی له کاردانه‌وه‌ی نێوان ئه‌سید و بازدا به‌رهه‌م دێن ۳. /مجازی/ تام؛ دانسته و چۆنیه‌تێکی له‌بار و به‌ردڵ، که حەز و سه‌رنجی خه‌ڵک ڕاده‌کێشێ.

▣ نمک طعام ☜ **نمک ـ۱**

▣ **نمک بر / به زخم کسی پاشیدن**: /کنایی/ زام/ برینی که‌سێک کولاندنه‌وه؛ له سه‌ر زگی که‌سێ هەڵپەڕین؛ زۆرترکردنی ئازار و ڕەنجی که‌سێک ‹نخواستم نمک بر زخمش بپاشم: گه‌ره‌کم نه‌بوو زامی یه‌کێتر وه‌ها بکه‌مه‌وه›.

**نمک پاشیدن**: خوێ‌کردن؛ خوێ پێوه‌کردن؛ مه‌ک‌که‌رده‌ی/ شه‌ی/ شانای؛ خوێ/ نمه‌ک پژاندن.

**نمک خوردن و نمکدان (را) شکستن**: /کنایی/ نان خواردن و سفره دڕین؛ ئاو واردەی و گۆزه‌ڵێ ماڕه‌ی؛ ناسپاسی‌کردن.

**نمک داشتن**: /مجازی/ به‌تام و خوێ بوون؛ مه‌کین بیه‌ی؛ دڵگر بوون؛ له به‌ر دڵان بوون.

**نمک ریختن**: /تعریض/ خۆ بێ‌تام‌کردن؛ گاڵته‌ی نابه‌جێ و بێ‌مانا کردن.

**نمک زدن**: نمه‌ک/ خوێ پێوه‌کردن؛ خوێ لێدان؛ خوێ‌کردن ‹نمک زنی خوشمزه‌تر می‌شود: خوێی سوه‌کانی خۆشتر ده‌بێ›

**نمکاهی** / namkāhî/: /سم. کزری؛ دۆخی که‌م بوونه‌وه‌ی ته‌ڕایی زه‌وی به هۆی هەڵم و بۆقی گڕ و گیا.

**نمک‌به‌حرام** / namakbeharām ، ـها/: [فارسی/ عربی] صفت. /گفتاری/ نمه‌ک‌به‌حه‌رام؛ نمه‌ک‌کوێر؛ سپله؛ بێ‌ئه‌مه‌گ؛ به‌دنمه‌ک؛ پێ‌نه‌زان.

**نمک‌پاش** / namakpāš /، ـها/: *اسم.* خوێدان؛ خواداڵ؛ نمەکدان؛ دەفری چکۆلەی زۆرتر گرۆفەری بە کلاوەی کون-کونەوە، بۆ خوێ پێوە کردن.

**نمک‌پرورده** / namakparvarde /: *اسم.* نانخۆر؛ نمەک‌پەروەردە؛ ئەوەی بۆ ماوەیەک میوانی دلۆڤانی، چاکە و میوانداری یەکێکی‌تر بووبێت.

**نمکخواه** / namakxāh / ☜ **نمکدوست**

**نمکدان** / namakdān /، ـها/: *اسم.* خوێدان؛ نمەکدان؛ مەکداڵ؛ خوێ‌دانک؛ خواداڵ؛ دەفری چکۆلەی جێ خۆی بۆ سەر سفرە.

**نمکدوست** / namakdûst /: *صفت. [گیاه‌شناسی]* خوێواز؛ نمەکواز؛ لێهاتوو بۆ هەڵکردن و گەشە کردن لە شۆرەزاردا: **نمکخواه**

**نمکرده** / namkarde /، ـها/: *اسم. [گفتاری]* ماشقە؛ دۆس؛ کچ یان ژنێ کە بە نهێنی هاوجێی پیاوێ دەکا.

**نمکزار** / namakzār /، ـها؛ ـان/: *اسم.* خێ‌بەندان؛ خوێڵێن: ۱. دەشتێ (وەکوو تەختایی ڕووبار یان گۆمێکی وشکەوبووی کۆن) کە خوێ داپۆشیوە ۲. شۆرەکات؛ شۆرەک؛ شۆراخ؛ شۆرەزار؛ شامات؛ دەشتێ کە خاکەکەی خوێی تێدایە.

**نمکسنج** / namaksanc /، ـها/: *اسم.* خوێ‌پێو؛ نمەک‌پێو؛ کەرستەیەک بۆ هەڵسەنگاندنی ڕێژەی خوێ لە نموونەیەکدا.

**نمکسود** / namaksûd /: *صفت.* خوێکراو؛ نیم‌نمەک؛ نمەک لێدراو؛ خوێ پێوەکراو (خۆراک) بە مەبەستی نمچن‌کردن و بەرگری لە سەرهەڵدان و گەشەی میکرۆب.

**نمکگیر** / namakgîr /: *صفت.* نمەک‌گیر؛ گیرۆدە بە هۆی ئەمەگناسی لە ئاست چاکەی کەسێکدا.

**نمکنشناس** / namaknašnās /، ـها؛ ـان/: *صفت. [گفتاری]* نەمەکناس؛ نمەک‌کوێر؛ نمەک مەشناس؛ ناسپاس؛ سپڵە؛ بێ‌ئەمەگ؛ پێ‌نەزان.

**نمکی** / namakî /، ـها/: *اسم. [گفتاری]* کۆنەسێن «این خرت‌وپرت‌ها را بده [illegible] ببرد: ئەم خرۆپڕانە بدە کۆنەسێ ببا».

**نمکی** : *صفت.* ۱. سوێر؛ سۆڵ؛ شۆر ۲. بە هۆی لە ناو خوێدا بوون، وەک خوێ هەڵگەڕاو ۳. *[گفتاری]* مەکین؛ نمەکین؛ خوێن‌شیرین؛ ڕەزاسووک.

**نمکین‌دان** / namekîdam, namakîdan / ☜ **مکیدن**

**نمکین** / namakîn/: *صفت. [ادبی]* نمەکین؛ خوێن‌شیرین؛ لەبەردڵان؛ مەکین؛ جوانی دڵکێش.

**نمگیر** / namgîr/: *اسم.* نمگر؛ شێگر؛ بە تایبەتمەندی گرتنی نمەوە: **رطوبت‌گیر**

**نمگیری** / namgîrî/: *اسم.* نمگری؛ شێگری؛ کار و ڕەوتی هەڵمژین و وەخۆ گرتنی ئاو و هەڵمی دەور و بەر: **رطوبت‌گیری**

**نمناک** / namnāk/: *صفت.* شێدار؛ نماوی؛ نمسار؛ نمدار؛ نمین؛ نمرچ؛ شەدار؛ شۆدار؛ هیوی؛ نمناک «اتاق [illegible]؛ لباس [illegible]: دیوی [illegible]؛ جلی [illegible]».

**نم ـ نم** / namnam/: *اسم.* نمە ـ نمە؛ نم ـ نم؛ نمەنم؛ نم‌نمە؛ نمەناز؛ نمەنۆڵ؛ ڕەشیش؛ خوناوکە؛ خوناڤ؛ خوناو؛ وەشت؛ تووکە؛ ڕشێنە؛ تووکەتووک؛ بارشتی کەمکەم و لەسەرخۆ «نم نم باریدن: [illegible] بارین».

**نم‌نما** / namnemā /، ـها/: *اسم.* شێنوێن؛ ئامرازێک بۆ پیشان دانی ڕادەی نم و بان و خوار کردنی لە هەوادا.

**نم‌نمک** / namnamak/: *قید.* نەرمە ـ نەرمە: ۱. هێدی ـ هێدی؛ ئارام ـ ئارام « [illegible] صدای تاری می‌آمد: دەنگی تارێک [illegible] دەهات» ۲. لەسەرخۆ؛ بە ئارامی؛ بە ئەسپایی؛ وەسپایی؛ شێنەی؛ وەش ـ وەش؛ بە هێدیکایی «[illegible]

می‌رفتیم: لەسەرخۆ دەچووین›.

**نمو** / nemov(v)/:/سم. گەشە؛ وەرار: ۱. خیف؛ خێزیان؛ فەراژی؛ فراژی؛ ڕەوتانەی گەورە بوون؛ هەراش بوون؛ گەشە کردن؛ گر بوون؛ فراژ بوون؛ هەلدان؛ بووژان؛ به خۆدا هاتن؛ سەر دەرهێنان و بالا کردن ‹نمو درخت: گەشەی دار› ۲. زۆر بوون؛ زیا کردن؛ پەرە سەندن ‹نمو جمعیت: زۆر بوونی جەماوەر›.

**نمود** / nemûd, nomûd/:/سم. نموود؛ نمو: ۱. ڕەوتی گەوتنە بەرچاو؛ دەرکەوتن و سەرنجڕاکێش بوون ‹به تدریج کارش نمود پیدا کرد و دیگران متوجه ارزش آن شدند: نەختە ــ نەختە کارەکەی نموودی هێنا و خەلک بایەخیان زانی› ۲. بەرچاوی؛ سەرنجڕاکێشی ‹اینجا نمود ندارد باید بالاتر برود: لێرە بەرچاوی نیە دەبێ بچێتە سەرترەوە›.

**نمودار**[1] / nemûdār ، ـها/:/سم. ۱. خشتە؛ نوانە؛ گەلالەی خەتی بۆ دەربڕینی پێوەندی نێوان پاژگەلی گەلالەیەک ۲. **شاخص ـ۱**

**نمودار**[2]: صفت. ۱. نوێنەر؛ نیشاندەر؛ پیشاندەر؛ شاندەر؛ ناسێنەر ‹این عمل نمودار بزدلی است: ئەمکارە نیشاندەری ترسەنۆکیە› ۲. دیار؛ ئاشکرا؛ خویا؛ بەرچاو.

**نمودن** / nemûdan, nomûdan/: مصدر. متعدی. لازم. [ادبی] // **نمودی**: نواندت؛ **می نمایی**: دەنوێنی؛ **بِنما**: بنوێنە// □متعدی. ۱. نواندن؛ نیشاندان؛ پیشاندان؛ شاندان؛ له بەرچاو ڕانان؛ مۆژنایش؛ ڕمانەی؛ ئەرمانەی ‹راه نمودن: ڕێگا نواندن› □ لازم. ۲. دان؛ کردن ‹سعی نمودن: هەولدان›. هەروەها: **نمودنی**

■ صفت فاعلی: **نماینده** (نوێنەر)/ صفت مفعولی: **نموده** (نوێنراو)/ مصدر منفی: **نَنمودن** (نەنواندن)

**نمور** / namûr/: صفت. [گفتاری] نمین؛ نمناک؛ نمدار؛ شێدار؛ نمسار؛ شۆدار؛ هوتن.

**نمونک** / nemûnak ، ـها/:/سم. ماکیت.

**نمونه**[1] / nemûne, nomûne ، ـها/:/سم. نموونە؛ نمانا؛ نموودە؛ نمینە؛ نمانە؛ نەموچ؛ نموج؛ نمووچ؛ نەمووش: ۱. پاژ یان ڕێژەیەک لە کۆمەڵێ، بۆ پیشاندان و لێکدانەوەی چۆنیەتی کۆمەڵەکە ‹برایمان نمونه بیاورید تا بررسی کنیم: نموونەمان بۆ بێنن تا لێکی دەینەوە› ۲. کەس یان شتێک کە ناسێنەری تاقم، دەستە یان جۆرێکی دیاریکراوە ‹نمونەی انسانیت: نمانەی مرۆڤایەتی› ۳. بەشێکی کەم لە جەماوەرێکی ئاماری کە لە دانستەکانی دەکۆڵنەوە تا ئەمجار لەمەڕ گشت کۆمەڵەکەوە زانیاری دەست بخەن ‹نمونەی آماری: نمانەی ژمێرکۆیی› ٤. ئەو شتە وا کۆمەڵە شتێکی هاوجۆری لە ڕوو دروست دەکەن ‹این کفش‌ها را از روی نمونه‌ی ایتالیایی دوخته‌ایم: ئەم کەوشانەمان لە ڕووی نموونە ئیتالیاییەکەی دووریوە› ۵. دەقێک لە نووسراوی پیتچن‌کراو بۆ هەڵەگرتن ‹نمونه‌ی اول خیلی پرغلط است: نموونەی یەکەم هەڵەی زۆرە›.

**نمونه**[2]: صفت. وێنە؛ نوێنەک؛ نمێنەک؛ گرۆبەر؛ سەرمەشق؛ خاوەن تایبەتمەندیەکی وا کە ببێتە پێوەر بۆ دیتران ‹زن نمونه: ژنی نموونە›.

**نمونه‌برداری** / nemûnebardârî ، ـها/:/سم. [پزشکی] نموونەهەڵگری؛ بیوپسی؛ کار و ڕەوتی هەڵگرتنی پاژێکی پچووک لە شانەیەکی زیندوو (وەک ئێسک، ماسوولکە و...) بۆ تۆژینەوەی ورد و جێ‌متمانە.

**نمونه‌خوان** / nemûnexân ، ـها؛ ـان/:/سم. هەڵەچن؛ هەڵەگر؛ ئەوەی نموونەی چاپی دەخوێنێتەوە و هەڵەکانی لێدەگرێ. هەروەها: **نمونه‌خوانی**

**نمونه‌گیری** / nemûnegîrî ، ـها/:/سم. نموونەگری: ۱. کار و ڕەوتی کۆکردنەوەی هێندێک نموونە لە ئەندامانی کۆمەڵەیەک بۆ لێکدانەوەی دانستەکانی ئەو کۆمەڵە ۲. [پزشکی] کاری هەڵگرتنی نموونەیەک لە خوێن، میز

و...ی نه‌خۆش بۆ تاقیکاری بژیشکی.

**نمونه‌وار** / nemûnevār/: *صفت.* وەک نموونە؛ بۆ نموونە ‹چند مورد را نمونه‌وار ذکر می‌کنم: چەند بابەت وەک نموونە ناو دەبەم›.

**نمیراندن** / namîrāndan/ ☜ **میراندن**

**ننازیدن** / nanāzîdan/ ☜ **نازیدن**

**ننالیدن** / nanālîdan/ ☜ **نالیدن**

**ننر** / nonor ، ـها/: *صفت.* بیانووگر؛ بیان‌کواز؛ بیانگ‌واز؛ گوێ‌نەبیس و وازوازی بە هۆی بە دەمەوە دانی دیتران.

**ننشاندن** / nanešāndan/ ☜ **نشاندن**

**ننشستن** / nanešastan/ ☜ **نشستن**

**ننگ** / nang ، ـها/: *اسم.* شوورەیی؛ شووڕە؛ کەترە؛ سەرشۆڕی؛ نەنگ؛ عەیب؛ عار؛ مایەی ئابڕوو چوون.

▣ **ننگ آمدن:** *[گفتاری]* پێ عەیب بوون؛ شەرم هاتن ‹ننگش می‌آمد بگوید از چه خانواده‌ای است: پی عەیب بوو بێژێ لە چ بنەماڵەیەکە›.

**ننگ بستن:** تۆمەت دان؛ ناونیتکە لێ‌دان/ لێ‌نان.

**ننگ داشتن:** شەرمەزار بوون؛ خەجالەت کێشان.

**ننگ کردن:** کەتن‌کردن؛ کاری ناشیرین و ئابڕووبەرەکردن.

**ننگ‌آور** / nangāvar/ ☜ **ننگین**

**ننگاشتن** / nanegāštan/ ☜ **نگاشتن**

**ننگبار** / nangbār/ ☜ **ننگین**

**ننگریستن** / nanegarîstan/ ☜ **نگریستن**

**ننگین** / nangîn/: *صفت.* نەنگین؛ ئابڕووبەر؛ ئابڕووبەرە؛ ناشیرین؛ هۆی شەرمەزاری، سەرشۆڕی و بێئابڕوویی ‹عمل ننگین: کردەوەی نەنگین›. هەروەها: **ننگ‌آور؛ ننگبار**

**ننمایاندن** / nanemāyāndan/ ☜ **نمایاندن**

**ننمودن** / nanemûdan/ ☜ **نمودن**

**ننو** / nanû ، ـها/: *اسم.* هەلۆرک؛ هەلۆرکە؛ هالێن؛ چەمچیر؛ لەیلوک؛ دەیدەک؛ دەیدیک؛ لەلوو؛ لەلۆ؛ لەلوک؛ لەلوە؛ لەیلوێ؛ دەرگوش؛ دەرگووش؛ دەرگوشک؛ جێ ڕاکشان و نووستنێکی زۆرتر لە پارچە کە بە تەنافەوە لە نێوان دوو دار یان دوو کۆڵەکەی هەڵدەبەستن.

**ننواختن** / nanavāxtan/ ☜ **نواختن**

**ننوردیدن** / nanavardîdan/ ☜ **نوردیدن**

**ننوشاندن** / nanûšāndan/ ☜ **نوشاندن**

**ننوشتن** / naneveštan/ ☜ **نوشتن**

**ننوشیدن** / nanûšîdan/ ☜ **نوشیدن**

**ننه** / nane ، ـها/: *اسم. [گفتاری]* دایە: ۱. دایک؛ داک؛ دالک؛ ئەدا؛ ماک؛ مادەر ۲. نەنە؛ ئانە؛ ئامە؛ ماما؛ دایەگەورە؛ دایکی دایک یا باوک ۳. خزمەتکاری ژن، بەتایبەت سال بەسەردا چوو ٤. دایەپیرە؛ نازناوێک بۆ ژنانی پیر.

**ننهادن** / nanahādan, nanehādan/ ☜ **نهادن**

**ننهفتن** / nanehoftan, nanahoftan, nanohoftan/ ☜ **نهفتن**

**ننه‌قمر** / naneqamar ، ـها/: [فارسی/ عربی] *اسم. [کنایی]* باجی‌کلاو؛ باجی شلپیتاو؛ باجی شرپینە: ۱. ڕوو هەڵماڵیاگ؛ ژنی بێحەیا ۲. هەرچی پەرچی؛ هەرکەسێکی خوێڕی و بەرەڵا.

**ننه‌مرده** / nanemorde ، ـها/: *صفت. [گفتاری]* دایکمردوو؛ دایکمردگ؛ ئەدامەردە؛ بەستەزمان؛ بەدبەخت؛ داماو؛ بێدەرەتان ‹آن ننه‌مرده که تقصیری نداشت: ئەو دایکمردووە خۆ تاوانێکی نەبوو›.

**ننه‌من‌غریبم** / nanemanqarîbam/: [فارسی/ عربی/ فارسی] *اسم. [تعریض، گفتاری]* مووسایی‌بازی.

▣ **ننه‌من‌غریبم درآوردن:** مووسایی‌بازی دەرهێنان؛ خۆ لە کزی و هەژاری دان ‹متهم یک ننه من غریبمی درآورد که همه به گریه افتادند: تاوانیەکە مووسایی‌بازیەکی دەرهێنا گشتی کردە گریانەوە›.

**نو** / now, no: / ـها/: *صفت.* نوێ؛ نۆ؛ نەو؛ نوو؛

نفت؛ نفار؛ نووی؛ نوه ؛ نووڤ؛ تازه: ۱. چێ‌کراو، دابین‌کراو یان ناسراو لە ماوەیەکی نزیکدا ‹خانەی نو: مالی نوێ› ۲. بێ‌هاومال لە ڕابردوودا ‹سبک نو: شێوازی نوێ› ۳. ئەو شتەی بە هۆی کارەوە خراپ نەبووبێ ‹قالی هنوز نو است: قالیەکە هێشتا نوبیە›.

▣ از نو: سەر لە نوێ؛ لە نوو؛ ژ نوو؛ نۆز؛ نۆژەن؛ دیسا؛ ئێدن؛ لە سەرەوە؛ لە سەرەو؛ هەم؛ لە هەوەڵەوە؛ دیسان؛ دیسانەوە؛ هەمیسان؛ هەمدیس ‹از نو بخوان: سەر لە نوێ بخوێنەوە›.

▣ نو شدن: نوێ بوونەوە؛ تازە بوونەوە؛ تازەوە بیەی.

نو کردن: نوێکردنەوە؛ تازەکردنەوە؛ نوێ کرن؛ شتێکی نوێ هێنانە جێی کۆن ‹لباسش را نو کرده بود: جلکوبەرگی نوی کردبوود›.

**نو ـ**[۲]: *پیشواژە.* نۆ ـ ؛ نوێ ـ ؛ نوو ـ ؛ ـنێن؛ تازە ـ : ۱. بە تازەیی؛ تازە بە تازە ‹نوبهار: نوبەهار› ۲. تازەدانراو ‹نوبنیاد: تازەدانراو›.

**نوآموز** / -'āmûz, nowāmûz ، ـها؛ ـان/: *اسم.* نۆمس؛ ئەوەی تازە فێر بوونی کارێک دەست پێدەکا.

**نوآوری** / -'āvari, nowāvari ، ـها/: *اسم.* داهێنەری؛ نۆژەنی؛ کار و ڕەوتی داهێنان؛ داهاوردن؛ داهانین؛ وەدی هێنانی شتی نوێ. هەروەها: **نوآور**

**نوآیین** / -'āyîn, nowāyîn/: *صفت.* ۱. تازەڕازاو؛ خاوەن جوانکاری نوێ ۲. نۆئایین؛ نۆدین؛ خێوی دینی نوێ.

**نوا** / navā ، ـها/: *اسم.* نەوا: ۱. *[موسیقی]* یەکێک لە حەوت دەزگای مۆسیقای ئێرانی ۲. *[ادبی]* چریکە؛ نەغمە؛ دەنگ و ئاواز ‹نوای موسیقی: نەوای مووسیقا› ۳. *[ادبی]* نان و بەرگ؛ پێداویستی ژیان.

▣ به نوایی رسیدن: گەیشتنە نان و بەرگێک/ ئاوێک؛ تیکە نانێک دەست کەوتن.

**نواب** / novvāb/: [عربی] جمعِ ☜ **نایب**

**نوابغ** / navābeq/ [عربی] جمعِ ☜ **نابغه**

**نواحی** / navāhî/ [عربی] جمعِ ☜ **ناحیه**

**نواخت** / navāxt/: *اسم.* نەوانی: ۱. شێوە؛ بار و دۆخێکی دیاریکراو ۲. /ـها/ *[موسیقی]* ☜ **ضرب-۶**

**نواختر** / -'axtar, nowaxtar ، ـها؛ ـان/: *اسم.* نۆئەستێر؛ هەر کام لەو ئەستێرانەی لە کوتوپڕا تیشکیان زۆر دەکا و پاش چەند مانگ وەک خۆیان لێ دێتەوە.

**نواختن** / navāxtan/: *مصدر. متعدی. [ادبی]* // **نواختی**: ژەندت؛ **می‌نوازی**: دەژەنی؛ **بِنواز**: بژەنە// ۱. ژەندن؛ ژەنین؛ ژەنن؛ ژەنەی؛ لێدان؛ داونەی؛ دەنگ دەرهێنان لە ئامێری مۆسیقاوە ‹تار نواختن: تار ژەندن› ۲. لاواندن؛ لاواندنەوە؛ لاونایوە؛ پەلاندن؛ نەوازش‌کردن؛ نازکێشان؛ نازدان؛ ڤەخۆندن؛ هەوێنایش ‹او را نواخت و در کنار خود نشاند: لاواندیەوە و لە لای خۆی داینا› ۳. مالین؛ مالاندن؛ دان ‹مشتی چند بر سر و رویش نواخت: چەن مستەکۆلێکی مالی بە سەر و چاویدا›: **نوازیدن**. هەروەها: **نواختنی**

■ صفت فاعلی: **نوازنده** (ژەنیار)/ صفت مفعولی: **نواخته** (ژەنراو)/ مصدر منفی: **نَنواختن** (نەژەندن)

**نوادر** / navāder/: [عربی]/*اسم.* هەڵکەوتووان؛ کەسانی کەمویَنە ‹بوعلی‌سینا از نوادر روزگار بود: بووعەلی‌سینا لە هەڵکەوتووانی ڕۆژگار بوو›.

**نوادە** / navāde ، ـها؛ ـگان/: *اسم.* ۱. نەوە؛ پشتی دووەم ۲. نەبیرە؛ نەتیژە؛ نەڤی‌چرک؛ نەوەزازا؛ پشتی سێهەم.

**نوار** / navār ، ـها/: *اسم.* شریت؛ شریتە؛ تلیمە: ۱. هەودایەکی باریک، تەخت و زۆرتر نەرم لە شتێک: *الف)* تیزمالک؛ باریکە؛ ڕووبان؛ ڕیبسە؛ باریکەیەک لە قوماش بۆ ڕازاندنەوەی پرچ یان بەرگ، یا خۆ بۆ جوان بەستنەوەی شتێک *ب)* برین‌پێچ؛ تیزمالک؛ باند؛ لەفافە؛ پارچەی

www.perawipepwle.com



باریکی نەرم و خاوێن بۆ بەستنی برین و شکاوی ج) نەوار؛ هەودایەکی باریک و زۆرتر پلاستیکی و میغناتیس‌کراو بۆ تۆماری دەنگ یان دەنگ و ڕەنگ د) *[پزشکی]* نەوار؛ هەودایەکی کاغەزی بۆ تۆمارکردنی زانیاری بە شێوەی نوانە ‹نوار قلب؛ نوار مغز: شریتی دل؛ شریتەی مێشک› ۲. هێڵ؛ پارچە زەویەکی باریک، زۆرتر لە لێوار یان بە دەوری شتێکدا ‹نوار مرزی: هێلی سنووری›.

▣ **نوار بهداشتی:** لەتە تیزمالکی چەن‌لۆ لە ماکی هەڵمژ (وەک لۆکە و تەنزیف) بۆ لە خۆ گرتنی پیسار و بێنوێژی ژنان.

**نوار تصویری:** شریتی ڤیدیۆیی؛ شریتی میغناتیسی‌کراو بۆ هەڵگرتنی وێنە و ڕەنگ.

**نوار چسب:** نەوارچەسپ؛ باریکەیەکی یەک‌لا چەسپ (لە جنسی سیلوولۆز، پارچە، کاغەز یان پلاستیک) بۆ چەسپکاری وشک.

**نوار خام:** شریتی خاو؛ نەوار خاڵی؛ شریتێ کە هیچی لە سەر تۆمار نەکرابێ.

**نوار صوتی:** شریتی دەنگ؛ شریتێ کە بۆ تۆماری دەنگ، میغناتیس کرابێ.

**نوار قلب:** *[پزشکی]* شریتی دل؛ نەوار قەلب؛ شریتێ کە جوولەی ماسوولکەکانی دڵ (وەکوو چەند هێلی بان و خوار) لە سەری تۆمارکراوە.

**نوار مرزی:** هێلی سنووری؛ باریکەیەک لە خاکی وڵاتێک لە سەر سنوور.

**نوار مغز:** *[پزشکی]* شریتەی مێشک؛ شریتێ کە شەپۆلەکانی مێشک (وەکوو چەند هێلی بان و خوار) لە سەری تۆمارکراوە.

▣ **پشت سر کسی نوار گذاشتن:** *[کنایی]* لە پشتەسەر کەسێکەوە قسەکردن؛ غەیبەتی کەسێک کردن.

**نوارپیچی** / navārpîčî/:/اسم/ ۱. نەوارپێچی؛ کاری تیزمالک تێوەپێچان ۲. برین‌پێچی؛ کار و ڕەوتی بەستنی شوێنی بریندار لەش بە باند.

**نواری** / navārî/: *صفت.* شریتی؛ نەواری؛ وەکوو نەوار.

**ـ نواز** / navāz/: *پیواژه.* ۱. ـ ژەن؛ ژەنیار ‹نی‌نواز: نەی‌ژەن› ۲. ـ حاوێن؛ ـ لاوێنەر؛ نازدەر ‹گوشنواز: گوێ‌حاوێن›.

**نوازش** / navāzeš ، ـها/:/اسم. نەوازش: ۱. کار و ڕەوتی حاواندنەوە؛ لاواندنەوە؛ ناز دان؛ هەوێنایش؛ هەڵسوکەوتی ئاوێتە لەگەڵ خۆشەویستی و بەزەیی ‹بچه را نوازش کرد و بوسید و در آغوش گرفت: منداڵەکەی حاواندەوە و ماچی کرد و لە باوەشی گرت› ۲. کاری پەلاندن؛ بە ئەسپایی دەست پێدا هێنان.

**نوازشگر** / navāzešgar/: *صفت.* لاوێنەر؛ حاوێنەر: ۱. بە تایبەتمەندی یان توانایی لاواندنەوە ‹دست نوازشگر مادر: دەستی لاوێنەری دایک› ۲. هاندەری هەستی لاواندن ‹سخن نوازشگر: پەیڤی حاوێنەر›.

**نوازندگی** / navāzandegî/:/اسم. ژەنیاری: ۱. دۆخ یان چۆنیەتی ژەندن ۲. کار و پیشەی ژەنیار.

**نوازنده** / navāzande ، ـها؛ ـگان/:/اسم. ژەنیار؛ سازڤان؛ سازبەند؛ سازژەن : ۱. ئەوەی لە سۆنگەی ئامێریکی موسیقاوە، گۆرانی دروست دەکا ۲. بەڕێوەبەری ئاهەنگی موسیقا.

**نوازیدن** / navāzîdan/: *مصدر. متعدی. [ادبی]*

☜ **نواختن**

**نوافلاطونی** / nowaflātûnî,-'aflātûnî/: [فارسی/ معرب]/اسم. نوێ ئەفلاتوونی؛ ڕێبازێکی فەلسەفی کە لە ڕەنگدانەوەی فەلسەفەی مەششایی و ڕۆژهەلاتی لە سەر فەلسەفەی ئەفلاتوونی پێکهات و لە ئەسکەندەریە لە سەدەکانی نزیک بە زایین سەری هەڵدا و دەڵێ عالەم هەموو، تیشکێک لە خودایە و ڕۆح بۆ لای ئەو دەگەڕێتەوە.

**نواقص** / navāqes/: [عربی] ۱. جمعِ ☜ **نَقیصه** ۲. جمعِ ☜ **نَقص**

**نواله** / navāle ، ـها/: /سم. نه‌والـه؛ نوالـه؛ بابۆلـه هه‌ویرێ که بـه چوارپێیـان به‌تایبـه‌ت وشـتری ده‌ده‌ن.

**نـوامبر** / novām(b)r/: [فرانسـوی]/سـم. نـوامبر؛ نوڤامبر؛ مانگی یازده‌هه‌می سالی زایینی که ۳۰ ڕۆژه و له ۱۰ی خه‌زه‌لوه‌ره‌وه ده‌ست پێده‌کا.

**نوامیس** / navāmîs/: [عربی] جمعِ ☜ **ناموس**

**نوانخانـه** / navānxāne ، ـهـا/: /سـم. ژاڕخانـه؛ گه‌داخانه؛ هه‌تیمخانه؛ که‌ته‌خانه؛ له‌نگه‌رخانـه؛ نه‌وانخانه؛ شوێنی ڕاگرتنی بێمال و حاڵان.

**نواندیش** / nowandîš, -'andîš ، ـها؛ ـان/: صفت. ڕۆشـنبیر؛ زانـا بـه دابی زه‌مـان؛ تێگه‌یشـتووی پێگه‌یشتوو ‹ئارام انسانی هوشـمند و نواندیش است: ئارام مرۆڤێکی هۆشیار و ڕوشنبیره›.

**نوئـل** / no'el/: [فرانسـوی] ۱. ☜ **کریسـمس** ۲. ☜ **بابانوئل**

**نوباوگی** / nowbāvegî/: /سم. ساوایی؛ ساڤـایی: ۱. دۆخ یان چۆنیـه‌تی سـاوا بـوون ۲. ته‌مـه‌نی پاش له شیر بڕانه‌وه (له مرۆڤدا) تا نزیک به پێنج سالان.

**نوباوه** / nowbāve ، ـها؛ ـگان/: /سم. سـاوا؛ ساڤـا: ۱. منداڵی تازه پێڕه‌وکه تا ده‌گاته پێنج سـالان ۲. /مجازی/ منداڵ؛ منـاڵ؛ زارۆ.

**نوبت** / nowbat, no:bat ، ـها/: [عربی]/سم. نۆره؛ نۆبه؛ نۆوه؛ نۆگه؛ نۆب؛ نۆر؛ نۆبەت؛ نەوبه؛ نەوب؛ نەوەته؛ سووڕ؛ سەره؛ سڕه؛ سره؛ بـه‌دیل؛ چـه‌ل؛ ده‌رب؛ گه؛ گەھ ؛ گه‌ی؛ گیوه: ۱. هـه‌ل؛ حـه‌ل؛ باو؛ کات یان ماوه‌یه‌کی تـه‌رخان‌کـراو بـۆ هـه‌ر یه‌ک له ئه‌ندامانی کۆمه‌ڵه‌یه‌ک بـۆ ئه‌نجامـدانی کارێ یان وه‌رگـرتنی ڕاژه‌یـه‌ک ‹جمعـه‌ها نوبت نظافت بود: هه‌ینیان نۆره‌ی خاوێنکاری بوو› ۲. جار؛ که‌ڕەت؛ ڕا؛ گل؛ گلان؛ ده‌حه؛ گه‌لانکه؛ محـه‌ل ‹روزی سه نوبت غذا می‌خوریم و یک نوبت کار می‌کنیم: ڕۆژێ سـێ جـار نـان ده‌خـۆین و کـه‌ره‌تێک کـار ده‌که‌ین›.

▣ به نوبت ☜ **آسیا به نوبت**

▣ **نوبت دادن**: نـۆره/ نۆبـه/ نۆگـه دان؛ دیـاری کردنی کات بۆ ئه‌نجامدانی کارێک ‹ساعت ۱۰ فردا نوبت داده‌اند که بـروم دکتـر: بـۆ ۱۰ی بـه‌یانی نۆره‌یان داوه بڕۆم بۆ دوکتور›.

**نوبت کسی بودن**: نۆره/ نۆبه/ نۆگه‌ی که‌سێک بوون؛ مـاف یـان ئـه‌رکی که‌سـێک بـوون تـا کارێک که دیاریکراوه ئه‌نجامی بدا یـان بـۆی جێبه‌جێ بکەن ‹نوبت شماست که نـان بگیریـد: نۆره‌ی ئێوه‌یه نان به‌رن›. هـه‌روه‌ها: **نوبت کسی شدن**

**نوبـت کسـی گذشـتن**: نـۆره/ نۆبـه/ نۆگـه‌ی که‌سێک فه‌وتان/ چوون/ ڕۆیشـتن؛ ڕابـوردنی ماوه‌ی دیاریکراو بۆ که‌سێک ‹دیر آمدید، نوبت شما گذشت: دره‌نگ هاتنه‌وه نۆره‌که‌تان فه‌وتا›.

**نوبت گذاشتن**: کردنه نۆره/ نۆبه/ نۆگه؛ نـۆره/ نۆبه/ نۆگه دانان؛ دیـاری‌کـردنی نـۆره ‹نوبت گذاشتیم هـر شـب یکـی از مـا کشـیک بدهـد: ڕێکمانه‌وتن هه‌ر شه‌وێک و یه‌کمان کێشک بدا›.

**نوبت گرفتن**: نـۆره/ نۆبـه/ نۆگـه‌گرتن؛ گـه‌ی گردن؛ وه‌سه‌فیایش ‹از بیمارستان نوبت گرفتیم: له نه‌خۆشخانه نۆره‌م گرتووه›.

**نوبـت کـاری** / nowbatkārî, no:bat-/: [عربـی/ فارسی]/سـم. نۆره‌کـاری؛ نۆبـه‌کاری؛ نۆگـه‌کاری؛ کارێ که به پێی سه‌عاته‌کانی ڕۆژ یـا ڕۆژه‌کـانی حه‌فته نۆره‌ی ده‌گۆڕێت.

**نـوبتی**[1] / nowbatî, no:batî/: [عربـی] صـفت. نـۆره‌یی؛ نۆبـه‌یی؛ نۆگـه‌یی ‹کـار نـوبتی: کـاری نۆره‌یی›.

**نوبتی**[2]: قید. به نۆره؛ به نۆبه؛ بـه نۆگـه؛ نۆبـه‌یی؛ نۆره‌یی ‹نوبتی می‌خوابیم: به نۆره ده‌خه‌وین›.

**نـوبر**[1] / nowbar/: /سـم. نۆبـه‌ر؛ نۆبـه‌ره؛ خیـوه؛

خیفه؛ خیڤه؛ خیف؛ بالاته؛ ناخوری؛ تانه؛ ته‌سق؛ ته‌روه‌نده: ۱. میوه‌ی زووڕه‌س ۲. میوه‌یێ که له سه‌ره‌تای وه‌رزی خوێدا دێته بازاڕ.

▣ **نـوبر چیـزی را آوردن:** *[تعـریض]* نوبـه‌ره‌ی شتێک هێنان؛ شـتێکی نـوێ یـان ده‌گمـه‌ن ڕانان ‹چه خبر اسـت؟ مگـر نـوبرش را آورده‌ای؟!: چخه‌بره؟ مه‌گه‌ر نوبه‌ردت هـناوه؟›.

**نوبر کردن:** نۆبه‌ر/ نۆبه‌ره کردن؛ یه‌کەم جار له میوه‌یه‌ک خواردن ‹امسال هنوز انار نوبر نکرده‌ام: ئه‌وسال هێشتا هه‌نارم نوبه‌ر نه‌کردووه›.

**نـوبر**[۲]: *صفت.* تـازه؛ نـوێ؛ نـه‌و؛ کـه‌بار؛ کوبـار؛ کوباری.

**نوبرانه** / nowbarāne/: *صفت.* نۆبه‌ر؛ به دۆخ یان چۆنیه‌تی نۆبه‌ره‌وه ‹خیار نوبرانه: خه‌یاری نوبه‌ر›.

**نـوبلیم** / nobelyom/: [فرانسـوی]/*سم.* نوبلیـوم؛ تـوخمی کیمیـایی کـانزایی ڕادیـۆئـه‌کتیڤ، لـه ده‌سته‌ی ئاکتنیده‌کان بـه ژمـاره ئـه‌تۆمی ۱۰۲، که به ده‌سکرد به‌رهه‌م دێت.

**نوبنیـــاد** / nowbonyād/: *صـــفت.* نۆبنیـــات؛ تازه‌بنیات؛ نووچێ؛ تازه دروست‌کـراو یـان تـازه وه‌کارکه‌وتوو ‹دانشگاه نوبنیاد: زانستگای نوبنیات›.

**نوبه** / nowbe, no:be/: [عربـی]/*سم.* ۱. ☜ تـب نوبه، **تب** ۲. /ـها/ نۆره؛ نۆبه؛ نۆگه؛ سه‌ره؛ چه‌ل.

**نوبهار** / nowbahār، ـان/:*سم.* نۆبـه‌هار؛ نۆبـار؛ تازه‌به‌هار؛ سه‌ره‌به‌هار؛ نۆوه‌هار؛ نۆبار؛ سـه‌ره‌تای وه‌رزی به‌هار.

**نوپا** / nowpā، ـها/: *صفت.* نۆپێچکه؛ نۆپا؛ نۆپـێ: ۱. داره‌دارکـه‌ر؛ تـازه پێگرتـوو؛ لـه سـه‌ره‌تای پێڕه‌وکـه بـوون ‹کودک نوپا: منداڵـی نوپێچکـه› ۲. تازه ده‌ست بـه کـار؛ لـه سـه‌ره‌تای ده‌سـت پێ‌کردن یان کار کردندا ‹کشور نوپا: ولاتی نوپا›.

**نوپانی** /nowpā'î/ ☜ **نوپایی**

**نوپایی** / nowpāyî/:*سم.* نۆپـایی: ۱. دۆخ یـان چۆنیه‌تی نۆپا بوون ۲. به‌رباوشـی؛ به‌رمـه‌مکانی؛ به‌رمه‌مکـه‌یی؛ نۆپێچکـه‌یی؛ مـه‌ودای ته‌مـه‌نی نێوان یه‌ک تا دوو سال * **نوپائی**

**نوپرداز** / nowpardāz، ـها؛ ـان/: *صفت.* نۆداهێن؛ ئه‌نجامده‌ری کاری تازه، بێ‌وێنه یان خاوه‌ن ڕێ و شێوازی نوێ ‹شاعر نوپرداز: هۆنه‌ری نوداهین›.

**نوت** / not/: [فرانسوی] ☜ **نُت**

**نوترون** / notron, nutron، ـها/: [فرانسـوی]/*سم.* نوترۆن؛ وردیله‌ی بناغـه‌یی بـێ‌بـار، هاوسـه‌نگی پروتۆن که جگه له هیدرۆژن له ناوکه‌ی هـه‌موو توخمه‌کاندا هه‌یه.

**نوترینو** / notrîno, nutrîno، ـها/: [فرانسوی]/*سم.* نۆترینـۆ؛ وردیلـه‌ی بناغـه‌یی بـێ‌بـاری یـه‌کجار سووک که لانی‌کەم به دوو شێوه ده‌بینرێ.

**نوجوان** / nowcavān، ـها؛ ـان/:*سم.* تـازه‌لاو؛ تـازه‌جوان؛ لاجـک؛ لاوک؛ لاجـه‌ک؛ لاژه‌ک؛ لاوژۆک؛ لاوژۆکـه؛ نـه‌وهال؛ لاویـژه؛ نۆجـوان؛ نۆگهـا؛ نۆچـه: ۱. لاوێـژ؛ لاوێـژه؛ کەسـێ تـازه منداڵی ناوه‌تـه پشـته سـه‌ر ۲. کەسـێ کـه لـه قۆناخی تازه‌لاویدایه.

**نوجوانی** / nowcavānî/:*سم.* لاوکی؛ تازه‌لاوی؛ لاوێژی؛ نه‌وهالی؛ لاویژه‌یی؛ نۆجوانی؛ نۆچـه‌یی: ۱. سه‌ره‌تای تافی لاوی ۲. مه‌ودای ته‌مه‌نی ۱۳ تا ۱۷ سالان له مرۆدا.

**نوجونی** / nowcûnî/ ☜ **نوجویی**

**نوجـویی** / nowcûyî/: نوێخـوازی؛ تامـه‌زرۆی دۆزینه‌وه‌ی شتی تازه و بـێ‌پیشـینه: **نوجـوئی**. هه‌روه‌ها: **نوجو**

**نـوچ** / nuč/: *صفت. [گفتـاری]* دۆچـن؛ لـۆچن؛ شیره‌یین؛ لچ؛ چه‌سپن به هۆی شیلاوی بوونه‌وه ‹خربزه خوردم، دستم نوچ شد: کاله‌کم خوارد، ده‌سـتم دوچن بوو›.

**نوچـه** / nowče, no:če، ـها/:*سم.* ۱. نۆچـه؛ شاگرد؛ نۆمس؛ به‌رده‌ست؛ وه‌رده‌ست؛ تازه‌کـار، به‌تایبه‌ت له چالاکی وه‌رزشیدا ۲. ☜ **شفیره**

**نوحـه** / nowhe, no:he، ـهـا/: [عربـی]/*سم.* چه‌مه‌ری؛ نۆحه؛ سه‌روه؛ سه‌ردولکه؛ شـیعر یـان

بەستەیەکی شیوەناوی کە لە پرسەدا بە ئاوازەوە دەیخوێنن.

**نوحەخوان** / nowhexān, no:he- ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی]/سم. نەهاری؛ بلاو؛ سەردولکەبێژ؛ مردووولاوێن.

**نوحەخوانی** / nowhexānî, no:he- ، ـها/: [عربی/ فارسی]/سم. نەوحەوێژی؛ چەمەرگێڕی؛ کاری نەوحە خوێندن.

**نوخاستە** / nowxāste/: صفت. ۱. ـها/ تازە پێگەیيو؛ تازەبالغ ‹کودک نوخواستە: منداڵی تازە پێگەیيو› ۲. نۆپا؛ نۆپێ؛ تازە دەست بە کار کردوو ‹کارگاه نوخاستە: کارگەی نۆپا›.

**نود**[1] / navad/:/سم. نەوەد؛ نەوەت؛ نەوە؛ ناواری؛ نۆت؛ نۆهەت؛ نۆهەد؛ نەوای؛ نۆتی؛ نەهوێت؛ ژمارەی سەرەکی پێش نەودویەک و پاش هەشتاونۆ.

▣ **بعد از نود و بوقی**: [تعریض] دوای سالان و مانگان؛ لە دوای سالێ سلامالێ؛ پاش ماوەیەکی دوور و درێژ ‹بعد از نود و بوقی، یک روز هم که آمدەای، می‌خواهی زود بروی؟!: دوای سالان و مانگان ڕۆژێک هاتووی، دەتهەوێ زوو بڕۆی؟!›.

**نود**[2]: صفت. نەوەد؛ نەوەت: ۱. یەکێک زۆرتر لە هەشتاونۆ دانە ۲. نەوەدەم.

**نودم** / navadom/: صفت. نەوەدەم؛ نەوەتەم؛ نۆتەم؛ لە جێگا و پلەوپایەی نەوەددا.

**نودمی** / navadomî ، ـها/: ضمیر. نەوەدەمین؛ ئەوی لە پلە، ڕیز یان جێگای نەوەدەمە.

**نودمین** / navadomîn/: صفت. نەوەدەمین؛ نەوەتەمین؛ نۆدەهەمین؛ نەواپین؛ بە تەرتیب، ڕیز و پلەی نەوەدەمەوە.

**نودولت** / nowdowlat ، ـان/: [فارسی/ عربی] صفت. [ادبی] نۆکیسە؛ نۆبەخت؛ تازەکیسە؛ دەولەمەن چلکن؛ تازەپێداکەوتوو؛ تازەپیاکەوتوو؛ تازەپیاکەفتگ.

**نور** / nûr ، ـها؛ أنوار/: [عربی]/سم. تیشک؛ نوور؛ تریسک؛ تیژک؛ نیر؛ شۆق؛ شەوق: ۱. ڕۆشنایی؛ ڕووناکی؛ ڕووناهی؛ ڕووژنای؛ پرشنگێ کە دەبێتە هۆی دەرکەوتن و بینینی شت ‹نور خورشید: تیشکی خۆر› ۲. [فیزیک] پرشنگی ئەلکترۆمیغناتیسی لە شەبەنگی ژێرسوور تا ژوور بنەوش و تیشکی ئیکس کە بە خێرایی ۳۰۰۰۰۰ کیلۆمیتر لە چرکەدا تێدەپەڕێ ۳. ڕادەی درەوشانەوە ‹این چراغ نور ندارد: ئەم چرایە سوفی نیە› ٤. سۆما؛ سۆ؛ سۆمایی؛ بینایی؛ هێزی دیتن ‹چشمم کم‌نور شده است: چاوم سۆمای کەم بۆتەوە›.

▣ **نور بالا**: نوور بان؛ نوور بالا؛ تیشکێ (لە ماشێندا) کە دوور ڕوون دەکاتەوە.

**نور پایین**: نوور خوار؛ تیشکێ (لە ماشێندا) کە نزیک ڕوون دەکاتەوە.

**نور خورشید**: تیرێژ؛ تیرەژ؛ ترێژ؛ پرشنگی هەتاو.

**نور دیده**: [ادبی] نووری چاو؛ بینایی چاو؛ نوورو چەما: ۱. سۆمای چاو؛ هێزی دیتن ۲. [مجازی] زۆر خۆشەویست.

▣ **نور افتادن**: تیشک‌کەوتن ‹نور ماه توی اتاق افتاده بود: تیشکی مانگ کەوتبووە نێو دیوەکەوە›.

**نور انداختن**: شەوق خستن؛ تیشک خستن؛ ڕۆشن‌کردن بە هۆی ناردنی تیشکەوە ‹با چراغ قوه نور انداخت توی صورتم: بە چرا قوە شەوقی خستە نێو چاوانمەوە›.

**نور دادن**: تیشک پێدان؛ نوور پێدان؛ لە بەر نوور ڕاگرتن؛ خستنە بەر تیشک ‹چقدر باید نور بدهم تا عکس ظاهر شود؟: چەندەی نوور پێدەم تا وێنەکە ڕوون بێتەوە؟›.

**نور دیدن**: تیشک دیتن؛ ڕووناکی دین؛ ڕۆشنایی/ نوور دیتن؛ کەوتنە بەر تیشک ‹مدتها بود نور آفتاب را ندیده بود: لە میژبوو تیشکی هەتاوی نەدیبوو›.

نور گرفتن: ڕۆشنایی بۆ هاتن؛ تیشک‌گرتن؛ ڕۆشنایی/ ڕۆژنایی گرتن ‹اتاق از دو پنجره نور می گرفت: دیوه‌که له دوو په‌نجه‌ره‌وه ڕۆشنایی بۆ ده‌هات›.

**نورابرق**/ nûrābarq/: [عربی] ☜ **فتوالکتریک**

**نورافشان**[1] / nûrafšān ، ـها/: [عربی/ فارسی]/سم. چل‌چرا؛ لووستر.

**نورافشان**[2]: صفت. نوورپرشێن؛ تیشکده‌ر؛ ڕووناکیده‌ر؛ به تایبه‌تمه‌ندی بڵاوکردنه‌وه‌ی تیشک.

**نورافشانی** / nûrafšānî ، ـها/: [عربی/ فارسی]/سم. نوورپرشێنی؛ تیشکده‌ری؛ کار ڕه‌وتی تیشکدانه‌وه؛ بڵاوکردنه‌وه‌ی تیشک.

**نورافکن** / nûrafkan, -'afkan ، ـها/: [عربی/ فارسی]/سم. پروژیکتور؛ چرایه‌کی کاره‌بایی پڕ شۆق که تیشکی تا مه‌ودایه‌کی که پێویسته، بڵاوه ناکا.

**نورالژی** / norāljî/: [فرانسوی]/سم. [پزشکی] نۆرالژی؛ ژانی تاو تاو له تێپه‌ڕگای یه‌ک یان چه‌ن ده‌مار، به‌بێ هیچ گۆڕانکاریه‌ک له پێکهاته‌ی ده‌ماره‌که‌دا.

**نورانی** / nûrānî/: [عربی] صفت. ۱. پڕشۆق؛ شۆقدار؛ نووراني؛ پڕشنگدار؛ به‌تیشک و بریقه ‹خانه نورانی شده بود: ماله‌که پرشوق بوو› ۲. پیرۆز؛ ممباره‌ک.

**نورانیت** / nûrānîyyat/: [عربی]/سم. ۱. شۆقداری؛ پڕ تیشکی؛ پڕشۆقی؛ دۆخ و چۆنیه‌تی شۆقدار بوون ۲. پیرۆزی؛ ممباره‌کی.

**نورباران** / nûrbārān/: [عربی/ فارسی] صفت. [کنایی] نووربارانی؛ نووراوارانی؛ تیشک‌باران: ۱. زۆر ڕووناک ‹دشت از پرتو ماه نورباران بود: ده‌شت له تیشکی مانگ نووربارانی ببوو› ۲. نوورپرشێنی؛ به تیشکدانه‌وه‌ی زۆر و زه‌به‌ند له چه‌ن لاوه ‹شهر را نورباران کردند: شاریان تیشکباران کرد›.

**نورپردازی** / nûrpardāzî ، ـها/: [عربی/ فارسی] /سم. کار و ڕه‌وتی پۆڕاندن و ڕۆنانی تیشکی له‌بار بۆ سه‌ر شانۆ. هه‌روه‌ها: **نورپرداز**

**نورتاب** / nûrtāb ، ـها/: [عربی/ فارسی] ☜ **آباژور**

**نورترسی** / nûrtarsî/: [عربی/ فارسی] ☜ **نورهراسی**

**نورچشمی** / nûr(e)češmî ، ـها/: [عربی/ فارسی] /سم. ۱. نوور(ی) چاو؛ نووری دیه؛ خۆشه‌ویست؛ که‌سی زۆر هێژا و ئازیز ‹نور چشمی را ببوسید: ئه‌و نووری حاوه ماچ بکه‌ن› ۲. [کنایی] ئازیزباوان؛ ئه‌و که‌سه‌ی له به‌ر خزمایه‌تی له‌گه‌ڵ سه‌رزلان هه‌میشه سه‌ر پشکه ‹هر شغل نان و آبداری که باشد مال نورچشمی‌هاست: هه‌ر کارێکی چه‌ور هه‌بێ هی نازیزباوانه‌کانه›.

**نورخان** / nûrxān ، ـها/: [عربی/ فارسی]/سم. پاسیۆ؛ ڕۆژنه؛ ڕۆچنه.

**نورد**[1] / navard ، ـها/: /سم. ۱. ☜ **غلتک ـ۱** ۲. وه‌ردێنه؛ وه‌ردانه؛ که‌سمه‌بڕ؛ ئامێرێک بۆ پان کردنه‌وه‌ی هه‌ویری نان.

**ـ نورد**[2]: پیوازه. ـ وان؛ ـ پێو؛ ـ پیم؛ ـ ڤان؛ ئه‌وه‌ی ده‌پێوێ ‹کوهنورد: که‌ڕۆوان›.

**نوردرمانی** / nûrdarmānî/: [عربی/ فارسی]/سم. [پزشکی] تیشک‌ده‌رمانی؛ ده‌رمانی نه‌خۆشی به تیشکی ژێرسوور و ژووربنه‌وش.

**نوردکاری** / navardkārî/: /سم. لووڵان؛ نواله‌کاری؛ کار و ڕه‌وتی نووشتاندنه‌وه و بادانی پۆڵا به تێپه‌ڕاندن له نێوان چه‌ن گلێندا.

**نوردوست** / nûrdûst/: [عربی/ فارسی] ☜ **نورگرا**

**نوردوستی** / nûrdûstî/: [عربی/ فارسی] ☜ **نورگرایی**

**ـ نوردی** / navardî/: پیوازه. ـ وانی؛ ـ ڤانی؛ ـ پێوی؛ پێوان ‹دریانوردی: زه‌ریاوانی›.

**نوردیدن** / navardîdan/: مصدر. متعدی. [ادبی] // **نوردیدی**: پێوات؛ **می نوردی**: ده‌پێوی؛ **بنورد**: بپێوه// ۱. پێوان؛ پێماین؛ پێڤان؛ پیمه‌ی؛ پیمای؛ گرتنه به‌ر؛ دانه به‌ر؛ به شوێن، ناوچه یان ڕێگایه‌کدا، له

www.perawipepwle.com



شوێنێکەوە بۆ شوێنی تر ڕۆیشتن ‹کوە نوردبن: کێو ببڕێ›: **درنوشتن**[ادبی]/۲. پێچاندنەوە؛ لوول دان؛ پێچ دان؛ نوالە کردن؛ تێوەپێچان؛ پێچنای؛ لوولان؛ بادان؛ پەرپتاندن. هەروەها: **نوردیدنی**

■ صفت مفعولی: **نَوردیده** (پێوراو)/ مصدر منفی: **نَنوردیدن** (نەپێوان)

**نورزی** / nûrzî / ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] صفت. [زیست‌شناسی] نوورزی؛ تیشکژی؛ ئاتاجی نوور بۆ سەر هەڵدان و گەشەکردن.

**نورزیدن** / navarzîdan/ ☜ **ورزیدن**

**نورس** / nowras/: صفت. نۆڕەس؛ تازەپێگەیشتوو: ۱. تازەگەییو ‹میوەی نورس: میوەی تازەگەییو› ۲. تازەبالغ ‹جوان نورس: لاوی تازەپێگەیشتوو›.

**نورساخت** / nûrsāxt/: [عربی/ فارسی] ☜ **فتوسنتز**

**نورسته** / nowraste/: صفت. نۆڕسک؛ تازەڕواو ‹نهال نورسته: نەمامی نورسک›.

**نورسنج** / nûrsanc ، ـها/: [عربی/ فارسی]/اسم. نوورپێو؛ تیشکپێو؛ ئامرازێک بۆ بەراوردی ڕادەی ڕووناکی.

**نورسیده** / nowresîde ، ـها؛ ـگان/:/اسم. ۱. تازەبوو(گ)؛ تیلە؛ مندالی تازە بە دنیاهاتوو ‹قدم نورسیده مبارک: پاوقامی تازەبووک مبارەک› ۲. ئەوەی تازە گەیشتۆتە بەرەوە.

**نورشناخت** / nûršenāxt/: [عربی/ فارسی]/اسم. ☜ **أپتیک**

**نورشناسی** / nûršenāsî/: [عربی/ فارسی] ☜ **أپتیک**

**نورعلی‌نور** / nûr(e)'alānûr/: [عربی] صفت. [مجازی] لە چاک چاکتر؛ لە خاس خاس‌تر.

**نورگرا** / nûrgerā/: [عربی/ فارسی] صفت. نووروواز؛ تیشکدۆس؛ تیشکەوگر: **نوردوست**

**نورگرایی** / nûrgerāyî/: [عربی/ فارسی]/اسم. [زیست‌شناسی] نووروازی؛ تیشکەوگری؛ گەشە کردن یان لا کردنەوە بەرەو تیشک، بەتایبەت لە ڕوەکدا: **نوردوستی**

**نورگیر**[1] / nûrgîr/ ، ـها/: [عربی/ فارسی]/اسم. ڕۆچنە؛ ڕۆژنە؛ نوورگیر؛ دەلاقە یان کونێک لە دیوار یان میچەوە بۆ هاتنە ژووری تیشک.

**نورگیر**[2]: صفت. بەرتاو؛ بەرهەتاو؛ بەررۆژ؛ بەرتیشک؛ لە بەر تیشکی ڕووناهیدا ‹این اتاق نورگیر نیست: ئەم دیوە بەرتاو نیە›.

**نوروز** / nevroz/: [فرانسوی] ☜ **روان‌نژندی**

**نوروز** / nowrûz/:/اسم. نەورۆز؛ نەڤرۆز؛ نیرۆژ؛ سەرسال؛ گەورەترین جێژنی نەتەوەگەلی ئێران، لە سەرەتای سالی نوێی هەتاویدا.

**نوروگلی** / noroglî/: [فرانسوی]/اسم. [زیست‌شناسی] نۆرۆگلی؛ شانەی پاڕێزەری مێشک و موخ.

**نورولژی** / norolojî/: ☜ [فرانسوی] **عصب‌شناسی**

**نورون** / noron ، ـها/: [فرانسوی]/اسم. [زیست‌شناسی] نورۆن؛ یەکەی پێکهاتەی شانەی دەماری: **نُرون**

**نوره** / nûre/: [عربی]/اسم. واجبی؛ نەورە؛ نووڕە؛ دەرمانێک بۆ لابردنی مووی لەش.

**نورهراسی** / nûrharāsî/: [عربی/ فارسی]/اسم. [روان‌شناسی] دۆخی نەبوونی وزەی خۆڕاگری لە بەرامبەر تیشکەوە، بەتایبەت گەزن لێکەوتن لە بەر تیشکی بەقەوەتەوە: **نورترسی**

**نوری** / nûrî/: [عربی] صفت. نووری؛ تیشکی؛ بەندیوار بە نوورەوە ‹سال نوری: سالی نووری›.

**نوزا** / nowzā/:/اسم. نێئوژێن؛ ناوی دوو خولی دوایی، لە دەورانی سێهەمی زەوین‌ناسی: **نِئوژن**

**نوزاد** / nowzād ، ـها؛ ـان/:/اسم. ساوا؛ کۆرپە؛ ساڤا؛ نووزا؛ نووزاک؛ نویزادە؛ لەیر: ۱. تازەزاو؛ گیانداری کە تازە هاتبێتە دونیاوە ۲. بەبە؛ چلەدار؛ بەبک؛ بەبلە؛ وەوە؛ شپل؛ وەرمەکی؛ مندالی مرۆڤ تا چەن حەفتە پاش لە دایک

بوون.

**نوزایی** / nowzāyî /:/سم. بووژانەوە؛ ژیانەوە: ۱. ڕەوتی کەوتنە سەر بڕەو و چالاکی پاش ماوەیەک مەندی و قەیران ۲. ڕونیسانس؛ سەردەمی بە خۆدا هاتنەوەی ئوروپا کە لە سەدەی پانزدەهەم لە ئیتالیاوە دەستی پێکرد و تا سەدەی حەڤدەهەم هەموو ئوروپای داگرت، لەم سەردەمەدا وێژە، هونەر، زانست و پیشە بووژایەوە.

**نوزدە**[1] / nûzdah /:/سم. نۆزدە؛ ژمارەی سەرەکی پاش هەژدە و پێش بیست.

**نوزدە**[2]: صفت. نۆزدە: ۱. دانەیێ زیاتر لە هەژدە دانە ۲. نۆزدەهەم.

**نوزدەم** / nûzdahom /: صفت. نۆزدەهەم؛ نۆزدەهەم؛ لە جێگا و پلەی نۆزدەدا.

**نوزدەمی** / nûzdahomî /: ضمیر. نۆزدەهەمین؛ ئەوەی لە جێگا و پلەی نۆزدەهەمدایە.

**نوزدەمین** / nûzdahomîn /: صفت. نۆزدەمین؛ نۆزدەهەمین.

**نوزیوی** / nowzîvî /: /سم. نۆژینی: ۱. دوامین و نۆترین قۆناخی مێژووی زەوی کە بە دوو دەورانی سێهەم و چوارەم دابەش دەبێ ۲. دەورانی سێهەمی زەویناسی کە مرۆی تێدا بەدیهاتووە * **سِنوزوئیک؛ نئوزوئیک**

**نوساز** / nowsāz ، ـها/: صفت. نوساز؛ نوێساز؛ تازەساز؛ بە بیچم یان بینای تازەوە ‹خانەی نوساز: خانووی نوساز›.

**نوسازی** / nowsāzî ، ـها/:/سم. کەلتە: ۱. کار و ڕەوتی دروست کردنەوە؛ چاککردنەوەی خراپی، پرتووکاوی و کۆنەیی ۲. گوندەلبەست؛ کار و ڕەوتی ئاوەدان کردنەوە؛ ئاوان کردنەوە؛ نوێکردنەوە؛ چا کردنەوەی ڕووخاو.

**نوسان** / navasān ، ـها؛ ـات/: [عربی]/سم. لۆژە؛ سەنگەلا؛ شندل؛ لەرە؛ هاتوچۆ؛ هاتوچوو؛ لەپ ـ لەپ: ۱. هەڕاز؛ کاروانە؛ هەلۆر؛ هاتوچۆی لەپەستا بۆ چەپ و ڕاست یان بان و خوار (وەک بزاوتنی بێشکە) ۲. بان و خوار؛ ڕەوتی گۆڕانی لە پەستای چەنیەتیەک ‹نوسان قیمت: بالا و جوارای نرخ›.

**نوسانساز** / navasānsāz /: [عربی/ فارسی] ☜ **نوسانگر**

**نوسانگر** / navasāngar ، ـها/: [عربی/ فارسی]/سم. ڕاژێنەر؛ هەژێنەر؛ کەرستەیەک بۆ لەرە پێ خستن، بەتایبەت فریکانسی ڕادیۆیی: **نوسانساز**

**نوسانی** / navasānî /: [عربی] صفت. ڕاژێنی؛ سەر بە ڕاژان و جوولەی هاتوچۆیی.

**نوستیزی**/ nowsetîzî ، ـها/: صفت. کۆنەپەرستی؛ دژایەتی و بەرەنگاری لەگەڵ داهێنان، گۆڕانگاری و کەلک وەرگرتن لە دیاردە و بەرهەم و شێوازی نوێ.

**نوسنگی** / nowsangî /:/سم. نۆبەردینە؛ دەورانی پێش لە مێژوو کە مرۆڤی سەرەتایی، ئامێر و کەرستەی لە بەرد چێکردووە: **نئولیتیک**

**نوسواد** / nowsavād ، ـان/: [فارسی/ عربی]/سم. نۆمس؛ کەسێ کە تازە فێری نووسین و خوێندن بووە.

**نوش**[1] / nûš /:/سم. ۱. ئاوبارە؛ ئاوارە؛ نۆش؛ هەلاڵەی هەنگ؛ تراوێکی شیرین لە گوڵدا کە هەنگ دەیکاتە هەنگوین.

**نوش**[2]: صفت. گوارا؛ نۆش.

**نوش ـ**[3]: پیشواژه. شیرین ـ ؛ دڵخواز ‹نوش‌خواب: شیرین‌خەو›.

**ـ نوش**[4]: پیواژه. ـ نۆش؛ ئەوی دەخواتەوە ‹بادەنوش: مەی‌نوش›.

**نوشابه** / nûšābe ، ـها/:/سم. نووشابە: ۱. خواردنەوەی بێجگە ئاو ۲. کۆلا؛ خواردنەوەی بێئەلکولی گازدار.

▣ **نوشابەی الکلی**: نووشابەی ئەلکولی؛ نووشابەی ئەلکولدار؛ خواردنەوەیێ کە ئەلکولی تێدایە یان لە ئەلکول بەرهەم

هاتووه. هەروەها: **نوشابەی غیرالکلی**

**نوشادر** / nošādor/ ☜ **نُشادُر**

**نوشـــاندن** / nûšāndan/: *مصـــدر. متعـــدی.* // **نوشـــاندی:** نۆشـاندت؛ **مـــی‌نوشـــانی:** دەنۆشـێنی؛ **بِنوشان:** بنۆشێنە// نۆشاندن؛ نۆشنای؛ وەردایش؛ خـوەرانن؛ تـراو دەرخـوارد دان؛ تـراو کردنـە دەمەوە: **نوشانیدن.** هەروەها: **نوشاندنی**

■ صـفت فـاعلی: **نوشـــاننده** (نۆشـێنەر)/ صـفت مفعولی: **نوشانده** (نۆشێنراو)/ مصدر منفی: **نَنوشاندن** (نەنۆشاندن)

**نوشانیدن** / nûšānîdan/ ☜ **نوشاندن**

**نوشتار** / neveštār ، ـها/: *اسم.* نووسراو؛ نووسراوە؛ نووساو؛ نڤیسراو؛ ئەوەی نووسراوەتەوە، بەتایبەت بۆ وتار.

**نوشـــتاری** / neveštārî/: *صـــفت.* نووســـینی؛ نڤیسینی؛ پێوەندیـدار بـە نووسـین ‹فرهنـگ نوشتاری: فەرهەنگی نووسینی›.

**نوشـــتافـــزار** / -'afzār ,neveštafzār/: *اسم.* ئامرازی نوسین (وەک قەڵەم، کاغەز و...).

**نوشـــتجات** / neveštecāt/: (!) [فارسی/ از عربی] جمع ☜ **نوشته**

**نوشـــتن** / neveštan/: *مصـــدر. متعـــدی.* // **نوشـــتی:** نووسیت؛ **می نویسی:** دەنووسی؛ **بِنـــویس:** بنووسـە // نووسین؛ نڤیسین؛ نڤیستن؛ نڤیساندن؛ نووسان؛ نووســـانن؛ نوشـــتش؛ نووســـاندن؛ نویســـتەی؛ نویســـەی؛ نیســـتەی؛ نوســـتەنە؛ نووســـیەی: ۱. کێشـانی پـیتی ئـەلفوبێتکـە، ژمـارە و نیشانەکانی نووسـین لـە سـەر ڕووبـەرێ ‹نامـە نۆشتن: نامە نوسین› ۲. دەربـڕینی هـەواڵ یـان مەبەسـتێک بـەم شـێوە ‹خبـر نوشـتن: هـەواڵ نوسین› ۳. دانان؛ نووسینی پەرتووک و کتێـب ‹نوشتن کتاب: نوسینـی کتێب› ٤. تۆمـارکردن ‹اسـم کسـی را نوشـتن: نـاوی کەسـێک نوسـین›.

هەروەها: **نوشتنی**

■ صفت فاعلی: **نویسنده** (نووسەر)/ صفت مفعـولی: **نوشته** (نووسراو)/ مصدر منفی: **ننوشتن** (نەنووسین)

**نوشتنی** / neveštanî/: *صفت.* نووسینی؛ نووسین؛ بۆ نووسین: ۱. نووسیانی؛ پێویست بە نووسـین ‹مقداری کار نوشتنی دارم: هەنـدێ کـاری نووسـینم هەیە› ۲. شیاو بۆ لە سەر نووسین ‹ کاغذ نوشتنی لازم دارم: کاغەزی بۆ نووسینم پێویستە›.

**نوشته** / nevešte ، ـها؛ نوشتجات/: *اسم.* نووســراوە؛ نووسراو؛ ئەوەی نووسراوەتەوە (وەک کتێب، وتـار و...).

**نوش‌جان** / nûšecān/: *دعا.* نۆشی گیـان؛ نـۆش گیان؛ نووشوو گیانی؛ نزای بە خێرێ کە لە پاش خواردن یان خواردنەوەی شتێک دەگوترێ.

▣ **نوش‌جان کردن:** کردنە نۆشـی گیـان؛ نـۆش کردن؛ خوراندن.

**نوشخند** / nûšxand/: *اسم. [ادبی]* بزە؛ پێکـەنینی بە بۆنەی شادیەوە.

**نوشدارو** / nûšdārû ، ـها/: *اسم.* ژاربـەر؛ ژاربـڕ؛ دژەژار؛ نۆشداروو؛ دەرمانی ژار.

▣ **نوشـدارو پـس از مـرگ سـهراب:** *[کنـایی]* کەپەنـــەکی دوای بـــاران؛ دوای تـــرێ خەمشەبڕێ؛ چارە، دەرمان یـان یارمەتیـەک کە درەنگ بگا و کەڵکی نەبێ.

**نوشـکفته** / nowšekofte ، ـها؛ ـگان/: *صـفت.* تـازەکراوە؛ تازەپشـکۆتوو؛ نۆپشـکووت؛ نۆگـوڵ؛ خێـوی تـازەیی و جـوانی ‹گـل نوشـکفته: گوڵـی تازەکراوە›.

**ـ نوشی** / nûšî/: *پیوازه.* ـنۆشی؛ ـخۆری؛ ـوەری؛ خواردنەوە ‹بادەنوشی: بادەنۆشی›.

**نوشـیدن** / nûšîdan/: *مصـدر. متعـدی. [ادبـی]* // **نوشیدی:** نۆشـیت؛ **مـی نوشـی:** دەنۆشـی؛ **بِنـوش:** بنۆشە// نۆشین؛ نۆشان؛ خواردنەوە؛ وەخـواردن؛ نۆشای؛ نۆش‌کردن؛ فـڕکردن؛ فـڕکرن؛ وەردش؛ ڤەخوارن. هەروەها: **نوشیدنی**

■ صفت فـاعلی: **نوشنده** (نۆشـەر)/ صـفت مفعـولی: **نوشیده** (نۆشراو)/ مصدر منفی: **نَنوشیدن** (نەنۆشین)

**نوشیدنی** / nûšîdanî ، ـها/: /اسم. خواردنەوە؛ خواردنەوەیی؛ نووشابە ‹نوشیدنی چە دارید؟: خواردنەوە چتان هەیە؟›.

**نوشین** / nûšîn/: *صفت. [ادبی]* شیرین؛ شیرین؛ خۆش و لەبەردلان ‹خواب نوشین: خەوی شیرین›.

**نوزهور** / nowzohûr, -zuhûr/: [فارسی/ عربی] *صفت.* تازەداهاتوو؛ نووژەن؛ نیڤار؛ نۆژەن ‹پدیدەی نوظهور: دیاردەی تازەداهاتوو›.

**نوع** / now', no:' ، ـها؛ انواع/: [عربی] /اسم. جۆر؛ چەشن؛ پێل؛ تەرز؛ گۆنە: ۱. تەخلیت؛ کسم؛ لەون؛ تاقمێک کە دانستەی هاوبەشیان هەبێ ‹این نوع آدمها را باید خوب شناخت: ئەم جۆرە مرۆڤانە دەبێ چاک بناسی› ۲. چۆنیەتی؛ مارک ‹لطفا نوع خوبش را بدهید: تکایە لە جۆرە باشەکەی بدەن› ۳. *[زیست‌شناسی]* تاقم؛ پچووکترین بەش لە ڕێزبەندی گیاندار و ڕوەکدا ٤. ڕەگەز ‹هم نوع: هاو ڕەگەز›.

**نوعا** / now'an, no:'an/: [عربی] *قید.* لە باری جۆر، تەرز یان چەشنەوە.

**نوع‌پروری** / now'parvarî, no:'-/: [عربی/ فارسی] /اسم. مرۆدۆستی؛ بەشەردۆستی؛ کار و ڕەوتی خۆش ویستن و یارمەتی دانی مرۆ بە گشتی. هەروەها: **نوع‌پرور**

**نوع‌دوستانه** / now'dûstāne, no:'-/: [عربی/ فارسی] *صفت.* مرۆدۆستانە؛ بەشەردۆستانە؛ هاومالدۆستانە.

**نوع‌دوستی** / now'dûstî, no:'-/: [عربی/ فارسی] *اسم.* مرۆدۆستی؛ بەشەردۆستی. هەروەها: **نوع‌دوست**

**نوعروس** / now'arûs ، ـها؛ ـان/: [فارسی/ عربی] *اسم.* تازەبووک؛ نۆبووک؛ تازەوەوی؛ تازەوەیوە: ۱. بوویکانوو؛ گەورەکچێ کە تازە بۆتە بووک ۲. *[مجازی]* زەری؛ ژنی تازەلاو ۳. *[مجازی]* شتی زۆر جوان و لەبەردلان.

**نوعی** / now'î/: [عربی] *صفت.* چەشنی؛ جۆری؛ تاقمی؛ بەندیوار بە چەشنەوە ‹ویژگی‌های نوعی: تایبەتمەندیگەلی جەنسی›.

**نوغان** / nowqān, no:qān/: /اسم. ۱. کەکلێ؛ هالیە؛ هاریبە؛ کرمی ئاوریشمی؛ کرم هەورێشم ۲. کەلوو؛ تەتلە؛ تەتلەمیوە؛ پیلە؛ مالی کرمی هەورێشم.

**نوغاندار** / nowqāndār, no:qān- ، ـها؛ ـان/: /اسم. ئەوی کرمی ئاوریشم بار دێنێ. هەروەها: **نوغانداری**

**نوک** / nuk, nok ، ـها/: /اسم. دەنووکە؛ دندۆکە؛ نووک؛ نۆک؛ نک: ۱. تک؛ تووک؛ نوچک؛ سەری باریکەوەبوو یان باریک‌کراوی هەر شتێک ‹نوک مداد: نووکی قەلەم› ۲. دەنووک؛ دندۆک؛ داندوک؛ دوندوک؛ دەندوک؛ دندوول؛ نەقور؛ نیکل؛ نووکل؛ شەند؛ نووکی پەلەوەر ۳. *[مجازی]* کەپۆی ماسی.

▣ **نوک پا راه رفتن**: بە سەرپەنچە ڕۆیشتن ‹چرا این بچه هنوز نوک‌پا راه می‌رود؟: ئەم منداله بۆچی هێشتا بە سەر پەنجە دەڕوا؟›.

**نوک زبان بودن**: لە سەر زمان بوون؛ لە سەر زارەوە بوون؛ لە ئاسانەی بیر هاتنەوەدا بوون ‹آقا! نوک زبانم بود و داشتم می‌گفتم: کاکە! لە سەر زمانم بوو، خەریک بوو دەمگوت›.

**نوک زبانی حرف زدن**: پسک قسەکردن؛ پسکەپسک قسەکردن؛ زمان پاک نەکردنەوە؛ جوان قسە نەکردن (وەک منداڵێ کە تازە زمان دەگرێ).

**نوک زدن**: دەندووک/ دەنووک لێدان؛ نۆک لێدان؛ دەنووک داونەی؛ بە دەندووک لە شتێک دان بۆ خواردن یان خواردنەوە.

**نوک کسی را چیدن/ قیچی کردن**: *[مجازی]* زاری کەسێک بەستن؛ کەسێک بێ دەنگ کردن؛ نقی کەسێک چنین؛ نقە لە کەسێ بڕین؛ فزەی کەسێک بڕین.

**نوک‌تیز** / nuktîz, nok- ، ـها/: *صفت.* نووک‌تیژ؛

سه‌رتیژ؛ به سه‌ری باریک و تیژه‌وه.

**نوکر** / nowkar, no:kar ، ـها؛ ـان/: [مغولی]/سم. نۆکه‌ر؛ نووکه‌ر؛ پاکوڕه؛ ئیرمان: ۱. ده‌رماله؛ ده‌رمالی؛ ئایم؛ خولام؛ خولام؛ غولام؛ پێکوڕه؛ مه‌سته‌ر؛ خزمه‌تکار؛ خزمه‌تچی؛ پیاوێ که خزمه‌تکاری مالێکه یان کاری که‌سێک جێبه‌جێ ده‌کا ۲. مزبگیر؛ به‌کرێ‌گیراو.

▣ **نوکر بی‌جیره و مواجب**: نۆکه‌ری بێ‌مز/ خۆڕایی.

**نوکر دولت**: کارمه‌ندی ده‌وله‌ت.

**نوکرباب** / nowkarbāb, no:kar-/: [مغولی/ عربی] صفت. نۆکه‌رانه؛ وه‌ک یان شیاوی نۆکه‌ر ‹سر و وضع نوکرباب: سه‌ر و سه‌که‌تی نوکه‌رانه›.

**نوکری** / nowkarî, no:karî/: [مغولی]/سم. نۆکه‌ری؛ نۆکه‌راتی؛ نۆکه‌رایه‌تی: ۱. گوره‌یش؛ گۆڕایش؛ کاری نۆکه‌ر ‹دو سال در خانه‌ی یک حاجی نوکری کردم: دوو ساڵ له ماڵی حاجیه‌ک نۆکه‌ریم کرد› ۲. دۆخ یان چۆنیه‌تی نۆکه‌ر بوون ‹کارم شده بود نوکری این و آن: کارم ببووه نۆکه‌ری ئه‌موئه‌و›.

**نوکلاسیک** / nowkelāsîk/: [فارسی/ فرانسوی] /سم. نۆکلاسیک؛ ڕاپه‌ڕینی هونه‌ری و وێژه‌یی بۆ بووژاندنه‌وه‌ی هۆرته و به‌ره‌ی کلاسیک: **نئوکلاسیک**

**نوک‌مدادی**[1] / nukmedādî, nok-/: [فارسی/ عربی]/سم. دووکه‌ڵی؛ ڕه‌نگی که‌وه‌ی خه‌ست و بریقه‌دار که بۆ خۆڵه‌مێشی داده‌کشێ.

**نوک‌مدادی**[2]: صفت. دووکه‌ڵی؛ به ڕه‌نگی که‌وه‌ی خه‌ست و بریقه‌داری مه‌یله‌و خۆڵه‌مێشی.

**نوکیسه** / nowkîse/:[فارسی/ از عربی] صفت. نۆکیسه؛ تازه‌کیسه؛ نۆبه‌خت؛ دیتۆک؛ تازه‌پێداکه‌وتوو؛ ده‌وڵه‌مه‌ن‌چڵکن؛ له کوتوپڕا ده‌وڵه‌مه‌ند بووی لێنه‌زان.

**نوگرایی** / nowgerāyî/:/سم. نۆخوازی؛ نوێوازی: ۱. لایه‌نگری له شێوه و ڕێبازی تازه‌ی هونه‌ری و وێژه‌یی ۲. لایه‌نگری له شێوازی فه‌رهه‌نگی و کۆمه‌ڵایه‌تی نوێ. هه‌روه‌ها: **نوگرا**

**نوول** / novel ، ـها/: [فرانسوی]/سم. نوڤێل؛ چیرۆک؛ ڕۆمان؛ به‌سه‌رهات یان داستانی دانداراو له ئه‌زموونی مرۆڤ به شێوه‌ی په‌خشانێکی دوور و درێژ که له سه‌ر ڕووداوێکی سه‌ره‌کی هۆنرابێته‌وه: **نووِل**

**نول** / nul/: [فرانسوی] صفت. ۱. پووچه‌ڵ؛ به‌تاڵ؛ هۆڵ ۲. هاوسه‌نگی سیفر.

**نوليست** / novelîst ، ـها/: [فرانسوی]/سم. چیرۆک‌نوس؛ نوڤێل‌نووس؛ ڕۆمان‌نووس.

**نومسلمان** / nowmosalmān ، ـها/: [فارسی/ عربی] صفت.//دبی/ نۆموسوڵمان؛ تازه‌بسڵمان.

**نومید** / nowmîd, no:mîd/: صفت. ناهمێ؛ نائۆمێد؛ لێڤه‌ر؛ خۆبان؛ هیوابڕاو؛ دڵسارد؛ دڵسه‌رد؛ بێهیڤی.

▣ **نومید شدن**: ناهومێد/ ناهمێ بوون؛ لووت شکان؛ هیوا/ هومێد بڕان؛ دڵسارد بوونه‌وه؛ ته‌واسان؛ ته‌واسیان؛ ته‌واسیانه‌وه؛ ته‌واسیای.

**نومید کردن**: ناهومێد/ ناهمێ کردن؛ لووت شکاندن؛ دڵساردکردنه‌وه؛ بێهیوا کردن؛ ته‌وسانن؛ ته‌وساندن.

**نومیدانه**[1] / nowmîdāne, no:mîdāne/: صفت. ناهمێدانه؛ ناهومێدانه؛ نائومیدانه؛ هیوابڕاوانه ‹تلاش نومیدانه: کردوکاشی ناهمیدانه›.

**نومیدانه**[2]: قید. به ناهمێدیه‌وه؛ به ته‌وه‌ساویه‌وه؛ ناهومێدانه ‹برای نجات او نومیدانه تلاش می‌کرد: بۆ ڕزگار کردنی به ناهمیدیه‌وه هه‌ولی ده‌دا›.

**نومیدی** / nowmîdî, no:mîdî ، ـها/:/سم. نائومێدی؛ ناهومێدی؛ ناهمێدی؛ دڵساردی؛ دڵسه‌ردی؛ ته‌وساوی.

**نون** / nûn/:[عربی] /سم. نێ؛ ناوی عه‌ره‌بی بیست و نۆهه‌مین پیتی ئه‌لفوبێتکه‌ی زمانی فارسی.

**نونوار** / nownavār/: [فارسی/ ؟] صفت. نک‌نوار؛

www.perawipepwle.com



نۆنەوار: ۱. تەرپۆش؛ بە جلوبەرگی تازە و ڕازاوەوە ‹ئارام را دیدم حسابی نۆنوار شدە بود: ئارامم بینی تەواو تەرپۆش ببوو› ۲. نفتونۆل؛ تازە و نوێ؛ نفتونوێ (بۆ جلوبەرگ و کەوش) ‹کفش‌ها را شستم و واکس زدم، نۆنوار شد: کەوشەکانم شت و بۆیەم کردن، نفتونۆل بوونەوە›.

**نونهال** / nownahāl ، ـان/: *اسم [مجازی]* نۆنەمام؛ نەونەمام؛ منداڵ، بەتایبەت منداڵی شەش تا دوازدە ساڵان.

**نوول** / novel/: [فرانسوی] ☜ **نۆل**

**نوه** / nave ، ـها/: *اسم* منالەزا؛ نەڤی؛ نەوە؛ نەوکی؛ منداڵی‌منداڵ؛ بەچەزا؛ کوڕەزا و کچەزا؛ پشتی دووهەم.

**نوهراسی** / nowharāsî/: *اسم* نۆترسی؛ ترس لە شتی تازە.

**نوید** / navîd ، ـها/: *اسم [ادبی]* مزگێنی؛ مزگانی؛ مزگینی؛ نزانی؛ مژدە؛ موژدە ‹سوسوی چند چراغ از دور، نوید پیدا شدن یک آبادی را می‌داد: تروکەتروکی لە دوورەوەی چەن چرا، مزگینی دەرکەوتنی ئاوایەکی دەدا›.

**نویدبخش** / navîdbaxš/: *صفت.* دڵخۆشکەر؛ مزگێنی‌دەر؛ مزگانی‌دەر؛ مژدەدەر ‹اظهارات پزشکان بسیار نویدبخش بود: قسەی دوکتورەکان زۆر دڵخوشکەر بوو›.

**ـ نویس** / nevîs/: *پیواژە.* ـنووس؛ ـنڤیس؛ ـنویس؛ نووسەر ‹نمایشنامەنویس: شانۆنامەنووس›.

**نویسـاندن** / nevîsāndan/: *مصدر متعدی.* // **نویساندی**: پێتنووسی؛ **می‌نویسانی**: پێدەنووسی؛ **بِنویسان**: پێبنووسە// پێنووسین؛ نویسەی پنەی؛ پەنە نویسەی: **نویساندن**. هەورەها: **نویساندنی**

■ صفت فاعلی: **نویساننده** (پێنووسەر)/ صفت مفعولی: **نویسانده** (پێنووسراو)

**نویساندن** / nevîsānîdan/ ☜ **نویساندن**

**نویسندگی** / nevîsandegî/: *اسم* نووسەری؛ نویسننەیی؛ نڤیساری: ۱. کاری نووسین ‹از نویسندگی نان می‌خورد: لە ڕێی نووسینەوە بەڕێ دەچێ› ۲. کار و ڕەوتی کێشانی پیتگەلی ناسراو ۳. هونەری نوسین ‹نویسندگی را در مدرسه یاد نمی‌دهند، آدم خودش باید یاد بگیرد: نووسەری لە قوتابخانەدا فێر ناکرێ، دەبێ بۆخۆت فێر بی›.

**نویسنده** / nevîsande ، ـها؛ ـگان/: *اسم* نووسەر؛ نڤیسەر؛ نڤیسکار؛ نڤیسار؛ نڤیسەڤان؛ نوشتۆخ؛ نووسندە: ۱. بنووس؛ ئەوەی شتێکی نووسیوە ‹نویسندەی مقالە: نووسەری وتار› ۲. ئەوەی بەرهەمێک (وەکوو کتێب، وتار، شانۆنامە و...) دەنووسێ.

**نویسه**[1] / nevîse ، ـها/: *اسم* ۱. پیت؛ هەر کام لە نیشانەکانی خەتێک (وەک «ا» و «ب» و ... یان «a» و «b» و ... ) ۲. سەرجەمی چەند پیت کە بڕگەیەک پێک دێنن (وەک «شەو» یان «گار» لە «شەوگار»دا).

**نویسه**[2]: *صفت.* نووسراوە؛ نووسیاگ ‹شکل نویسەی واژە: شێوەی نووسراوەی وشە›.

**ـ نویسی** / nevîsî/: *پیواژە.* ـ نووسی؛ ـ نڤیسی؛ ـ نویسی؛ نووسین ‹داستان‌نویسی: چیرۆک‌نووسی›.

**نوین** / novîn, navîn/: *صفت.* تازە؛ نوێ؛ وێ؛ نوهین؛ نفتونەو.

**نه**[1] / na/: *اسم.* نە؛ نا؛ نۆ؛ نەو؛ نەی؛ نێ؛ نیشانەی وەرامی پێچەوانە ‹او به کسی نه نمی‌گفت: نەی بە کەس نەدەگوت›.

**نه**[2]: *قید.* نە؛ نا: ۱. نیشانەی دژایەتی دەگەڵ قسە و پێشنیاری کەسێک ‹نه، این لباس خوب نیست: نە، ئەم جلە باش نیە› ۲. نیشانەی وەڵامی پێچەوانەی پرسیاری کەسێک ‹سارا آمد؟ نه، نیامد: سارا هات؟ نە، نەهات› ۳. نیشانەی پێداگری ‹نه، دیگر از این کارها نمی‌کنم: نە، ئیدی کاری وا ناکەم› ٤. نەکوو؛ نەوەکوو؛ نەوەک؛ نەکا؛ نەکوا؛ نەوا ‹نه خیال کنی با این کار مخالفم: نە پێت وابێ دژ بەم کارەم›.

**نه**[۳]: *حرف.* نه؛ نه‌ک؛ نه‌کوو؛ نیشانه‌ی پێچه‌وانه کردنه‌وه‌ی دۆخ یان چۆنیه‌تیه‌ک ‹کتاب را می‌خواست، نه تو را: کتێبه‌که‌ی ده‌ویست، نه تۆ›.

**نه**[۴]: *صوت.* نه‌یژی؛ نه‌که‌ی؛ نه‌له‌ی؛ نه‌لێی؛ نه؛ نه‌توخوا؛ نه‌واچی؛ نیشانه‌ی سه‌رسووڕمان و بڕوا نه‌کردن ‹کتابم را گم کردم. نه! مگر ممکن است: کتێبه‌که‌م ون کرد. نه‌یژی! چۆن شتی وا ده‌بێ؟›.

**نه**[۱] / noh/: *اسم.* نۆ؛ ژماره‌ی سه‌ره‌کی پێش ده و پاش هه‌شت.

**نه**[۲]: *صفت.* ۱. نۆ؛ یه‌کێک زۆرتر له هه‌شت دانه ‹نه مرد؛ نه کتاب: نۆ پیاو؛ نۆ کتێب› ۲. نۆهه‌م؛ نۆیه‌م ‹طبقه‌ی نه: نهۆمی نۆهه‌م›.

**نهانی** / nahā'î/: [عربی] ☜ **نهایی**

**نهاد** / nahād ، ـها/: *اسم.* هێم؛ هه‌یم: ۱. *[ادبی]* بنه‌ما؛ بنه‌ڕه‌ت؛ بنچینه؛ سرشت ‹بدنهاد: دژهه‌م› ۲. *[جامعه‌شناسی]* ناوه‌ند؛ بنکه؛ ئه‌نستیتۆ؛ بنه و ده‌زگایه‌کی سه‌قام‌گرتوو (وه‌کوو بنه‌ماله، زانکۆ و...) ۳. کار، پێوه‌ندی یان ده‌زگایه‌کی گرینگ له کۆمه‌لگا یا فه‌رهه‌نگێکدا ‹نهاد زناشویی: هیمی ژنامێردی› ٤. *[منطق]* سروشت؛ نهاد؛ تێز؛ یه‌که‌مین و کورت‌ترین قۆناخی دیالکتیک ٥. *[دستور]* به‌شێک له ڕسته که هه‌والی به شوێندا دێ ٦. *[روانشناسی]* یه‌کێ له سێ به‌شی ئاوەز له بیرۆکه‌ی ده‌روونکۆلیدا که وریا نیه و سه‌رچاوه‌ی هێزه‌کانی ده‌روونه (ئه‌وانی‌تر: «مَن» و «اَبرمَن»).

**نهادن** / nahādan/: *مصدر. متعدی. [ادبی]* // **نهادی**: داتنا؛ **می نهی**: داده‌نی؛ **بِنِه**: دانێ // دانان؛ دانیان؛ دانین؛ نان؛ نیان؛ ناین؛ نیه‌ی؛ نیای؛ نه‌یایش؛ ئه‌ره‌نیه‌ی؛ نیایره؛ نه‌ییش. هه‌وره‌ها: **نهادنی**

■ صفت مفعولی: **نهاده** (دانراو)/ مصدر منفی: **نَنهادن** (دانه‌نان)

**نهاده** / nahāde ، ـها/: *اسم. [منطق]* سروشت؛ هێم؛ نهاد؛ تێز.

**نهادینه** / nahādîne/: *صفت.* سه‌قامگیر؛ دامه‌زراو؛ سه‌قامگرتوو.

▣ **نهادینه شدن**: سه‌قام‌گرتن؛ دامه‌زران؛ ڕیشه داکوتان. هه‌وره‌ها: **نهادینه کردن**

**نهار** / nahār/ ☜ **ناهار**

**نهال** / nahāl, nehāl ، ـها/: *اسم.* نه‌مام؛ ده‌رخ؛ ده‌رخک؛ سوه؛ هال؛ توله‌ک؛ شه‌یبووک؛ بنتا؛ بنه‌تا؛ چلاک؛ چله‌ڕیشه‌ی یه‌ک ساڵه‌ی دار.

**نهالستان** / nahālestān , nehāl- ، ـها/: *اسم.* داردان؛ پارچه زه‌وینی نه‌مام تێیدا نێژراو که خۆی بگرێ، ئانجا بگۆزرێته‌وه شوێنی خۆی.

**نهالی** / nahālî, nehālî ، ـها/: *اسم.* ۱. *[گفتاری]* نالێچه؛ دۆشه‌کۆله؛ دوشه‌کچه؛ ژێره‌خه‌ر بۆ دانیشتن ۲. *[ادبی]* دۆشه‌که؛ دۆشه‌ک؛ نالیک: **نهالین**

**نهالین** / nahālîn, nehālîn/ ☜ **نهالی ـ۲**

**نهان**[۱] / nahān, nehān/: *صفت. [ادبی]* پێوار؛ به‌ڕێوار؛ شاراوه؛ نادیار؛ نه‌دیار؛ نهێن؛ په‌نام؛ نه‌په‌ن؛ قایم.

**نهان ـ**[۲]: *پیشواژه.* نهێن ـ ؛ پێوار ـ ؛ په‌نام ـ ؛ په‌ناو ـ ؛ به ئه‌ندامێکی نادیاره‌وه ‹نهانزاد: نهێنزا›.

**نهانگاه** / nahāngāh ، ـها/: *اسم.* حه‌شارگه؛ نوانی؛ جێگای خۆ شاردنه‌وه.

**نهانی**[۱] / nahānî. nehānî/: *صفت. [ادبی]* نهێنی؛ نه‌هێنی؛ نیهانی؛ شاراوه؛ په‌نامه‌کی ‹راز نهانی: ڕازی نهێنی›.

**نهانی**[۲]: *قید. [ادبی]* به‌نهێنیه‌وه؛ به‌دزیه‌وه؛ نه‌هێنی؛ نهێنی؛ په‌نامه‌کی ‹نهانی چنین گفت با دوستان: به‌نهێنیه‌وه ئاوای گوت به هاوالان›.

**نهایات** / nahāyāt/: [عربی] جمعِ ☜ **نهایت**

**نهایت** / nahāyat ، ـها: نهایات/: [عربی]/*اسم.* ئه‌وپه‌ڕ: ۱. کۆتایی؛ دوایی؛ دوماهی؛ دمایی؛ ئه‌نجام؛ بنه‌تا؛ ئاخر ‹علم نهایت ندارد: زانست کوتایی بۆ نیه› ۲. سه‌رترین؛ زۆرترین؛ دوایین؛ ئاخرین ‹نهایت تلاش: زورترین ته‌قالا›.

**نهایتا** / nahāyatan ، ـها/: [عربی] *قید.* ئاخری؛ له

ئاخره‌وه؛ له ئه‌نجامدا؛ سه‌ره‌نجام؛ له کۆتاییدا ‹نهایتاً تصمیم گرفته شد او را به بیمارستان بفرستند: ناخری برپار درا بینێرن بۆ نه‌خۆشخانه›.

**نهایی** / nahāyî/: [عربی] *صفت.* کۆتایی؛ دمایی؛ دوماهی ‹امتحان نهایی: ئه‌زموونی کۆتایی›: **نهائی**

**نه تنها** / natanhā/: *حرف.* نه‌ک هه‌ر؛ نه‌ته‌نیا؛ نه‌ته‌نها ‹نه‌تنها کار بلد نیست، بلکه دروغگو هم هست: نه‌ک‌هه‌ر کار نازانێ، درۆزنیشه›.

**نهر** / nahr/: [عربی]/*اسم.* ۱. /ـها؛ اَنهار/ شه‌قه‌جۆ؛ جۆ؛ جۆگا؛ جۆگه؛ جۆله؛ جۆبار؛ چه‌ماو؛ ئاوڕۆی سروشتی یان ده‌ستکرد، به تایبه‌تی گه‌وره ۲. *[نجوم]* وێنه‌یه‌کی ڕاکێشراو له ئاسمانی نیوه‌گۆی باشووردا.

**نهراساندن** / naharāsāndan/ ☜ **هراساندن**

**نهراسیدن** / naharāsîdan/ ☜ **هراسیدن**

**نهران** / nahrān/ [؟] ☜ مثلث جنوبی، **مثلث**

**نهشت** / nahešt, nehešt ، ـها/: *اسم. [زمین‌شناسی]* لم؛ ئه‌وه‌ی ئاو، با و به‌فره‌چاڵان ڕایده‌مالێ و له شوێنێکدا که‌ڵه‌که‌ی ده‌که‌ن.

**نهصد**[۱] / nohsad/: *اسم.* نۆسه‌د؛ نۆسه‌ت؛ ژماره‌ی سه‌ره‌کی پاش هه‌شتسه‌د و نه‌وه‌د و نۆ و پێش نۆسه‌د و یه‌ک.

**نهصد**[۲]: *صفت.* نۆسه‌د؛ نۆسه‌ت: ۱. یه‌کێک زۆرتر له هه‌شتسه‌د و نه‌وه‌د و نۆ دانه ۲. نۆسه‌دم؛ نۆسه‌ته‌م.

**نهصدم** / nohsadom/: *صفت.* نۆسه‌دم؛ نۆسه‌ته‌م؛ به پله و جێگای نۆسه‌ده‌مه‌وه.

**نهصدمی** / nohsadomî/: *ضمیر.* نۆسه‌ده‌می؛ نۆسه‌ته‌می؛ ئه‌وه‌ی له ڕیز، ڕزن یان پله‌ی نۆسه‌ده‌مدایه.

**نهصدمین** / nohsadomîn/: *صفت.* نۆسه‌ده‌مین؛ نۆسه‌ته‌مین؛ به پله، ڕیز و ڕزنی نۆسه‌ده‌م.

**نهضت** / nehzat, nahzat ، ـها/:[عربی] /*اسم.* ڕاپه‌ڕین؛ بزووتنه‌وه؛ هه‌ڵته‌زینه‌وه؛ به‌زاف؛ جووڵانه‌وه؛ ژمژیه؛ ژیل ‹نهضت شیخ سعید پیران: ڕاپه‌ڕینی شێخ سه‌عیدی پیران›.

**نهفتگی** / nahoftegî, nohoftegî/: *اسم.* ۱. شاراوه‌یی؛ شاردراوه‌یی؛ شاراوه‌یی؛ داشاریاگی؛ نهێنیه‌تی؛ په‌نامی؛ دۆخ یان چۆنیه‌تی شاراوه بوون ۲. *[زیست‌شناسی]* نووستوویی؛ خه‌و لێکه‌وتوویی؛ دۆخێ که بڕێ له گیانداران (وه‌ک هێندێک گیا و گیانه‌وه‌ر) تێیدا سڕ ده‌بن و به هۆی بار و دۆخی ژینگه خه‌ویان لێ ده‌که‌وێ: **خفتگی** ۳. کومون؛ ماوه‌ی نێوان ڕۆچوونی میکرۆب بۆ ناو له‌ش تا سه‌رهه‌ڵدانی نه‌خۆشی.

**نهفتن** / nahoftan, nohoftan/: *مصدر. متعدی. [ادبی]* // **نهفتی**: شاردته‌وه؛ **نهان می کنی**: ده‌شاریه‌وه؛ **نهان کن**: بشاره‌وه// شاردنه‌وه؛ هه‌شاردان؛ وه‌شاردن؛ وه‌شارتن؛ ڤه‌شارتن؛ ڤه‌شاردن؛ ڤه‌شارن؛ شرانه‌وه؛ ناپاندن؛ شارته‌یوه؛ ئه‌وه‌شاره‌ی؛ ئه‌وه‌شارته‌ی؛ نخفتن؛ وه‌دایه‌نه؛ نومتش؛ نه‌په‌ندن؛ ڤه‌سهاندن. هه‌روه‌ها: **نهفتنی**

■ صفت مفعولی: **نهفته** (شاردراوه)/ مصدر منفی: **ننهفتن** (نه‌شاردنه‌وه)

**نهفته**[۱] / nahofte, nohofte/: *صفت. [ادبی]* پێوار؛ نه‌دیار؛ شاراوه؛ شاردراوه؛ شاریاگه‌وه؛ شراوه؛ قایم؛ به‌رپیوار؛ نهێنی؛ نه‌هێنی؛ په‌نامه‌کی ‹سخن نهفته: قسه‌ی شاراوه›.

**نهفته**[۲]: *قید. [ادبی]* په‌نامه‌کی؛ نهێنی؛ نه‌هێنی؛ به نهێنیه‌وه؛ به دزیه‌وه.

**نهم** / nohom/: *صفت.* نۆیه‌م؛ نۆهه‌م؛ خێوی ڕیز و جێگای نۆ.

**نهمی** / nohomî ، ـها/: *ضمیر.* نۆیه‌می؛ نۆهه‌می؛ ئه‌وه‌ی له ڕیزی نۆیه‌مدایه.

**نهمین** / nohomîn/: *صفت.* نۆیه‌مین؛ نۆهه‌مین؛ خێوی ڕیز و جێگای نۆهه‌م.

**نهنج** / nahanc ، ـها/: *اسم.* کلاوه؛ جهال؛ به‌شێک له گوڵ که ئه‌ندامی داپۆشه‌ر و زاوزێی له سه‌ره.

**نهنگ** / nahang/: *اسم.* نه‌هه‌نگ؛ نهنگ: ۱. ☜

**وال** ۲. پێنجەمین سال لە سالانی سالۆمێری تورکستانی ☜ **تقویم** ۳. /ـها؛ ـان/ تیمساح؛ کرۆکۆدیل.

▣ **نهنگ آمریکایی** ☜ **آلیگاتور**

**نهنگ رودخانه** ☜ **تمساح**

**نهنگ عنبر** ☜ **کاشالوت**

**نه و نو** / na-vo-nû/: *اسم. [گفتاری]* مینگەمینگ؛ منجەمنج؛ نه ـ نه ‹بی‌خودی نه و نو نکن! از این بهتر گیرت نمی‌آید: لە خۆڕا مینگەمینگ مەکە! لەمە باشترت دەس ناکەوێ›.

**نهی** / nahy/: [عربی]/*اسم.* نەهی؛ کار و ڕەوتی پریگاندنەوە؛ سڵەماندنەوە؛ دوورکردنەوە؛ هەوڵدانی بە قسە بۆ بەرگری لە ئەنجامی کارێک ‹او را از این کار نهی می‌کردند: ئەویان لەم کارە دەپریگاندەوە›.

▣ **نهی از منکر**: پریگاندنەوە لە خراپە؛ پێشگری لە ئەنجامی کاری خراپ.

**نهیب** / nahîb ، ـها/: [عربی]/*اسم.* گوڕ؛ گوڕە؛ نەڕە؛ نەعرە؛ نەعرەتە؛ نارەتە؛ قرم؛ دەنگێکی بەرز و بەسام، بەتایبەت بۆ ترساندن یان ئاگادارکردن.

▣ **نهیب زدن**: دەنگ دان؛ داکاڵیان؛ دەنگ لێ‌کردن؛ تێ‌خوڕین؛ داخوڕین؛ قوولاندن؛ شاخاندن؛ قرماندن؛ نەڕاندن؛ گوڕاندن.

**نی ـ** / nay/: *پیشوند.* نەـ ؛ نیشانەی پێچەوانە کردنی ئەو چاوگانەی بە ئەلفەوە دەست پێ‌دەکەن ‹نیافتادن؛ نیامدن؛ نیاشامیدن: نەکەوتن؛ نەهاتن؛ نەخواردنەوە›.

**نی** / ney ، ـها/:/*اسم.* نەی: ۱. بلوێر؛ بلوور؛ بلووڵ؛ لوولێ؛ ئامێرێکی مووسیقا کە لە ساقەتەی قامیش یان چێوێکی باریکی هەڵۆل دروست دەکرێ، پێنج کونی لە سەرەوە و کونێکیش لە خوارەوە هەیە بۆ جێ قامک و ڕێک‌کردنی دەنگ، درزێک لە سەرێکەوە بۆ ناو دەم و کونێک لە بنەوە ۲. قامیش؛ لوولەیەکی زراف (شووشەیی یان لە پلاستیک) بۆ خواردنەوەی تراو ۳. ☜ قلم نی، **قلم** ٤. قامیش؛ قامووش؛ چیتک؛ قەمیش؛ چیت؛ زەل؛ لەم؛ لەبەن؛ لەوەن؛ لەقەل؛ کامر؛ ژاژ؛ ڕوەکێکی ساقەبەرزی یەک تا چوار میتری بە گەڵای گەورە و پانەوە، کە لە زەلکاوان شین دەبێ و لە ساقەتەکەی حەسیر و سەوەتە دەچنن ۵. زەل؛ قامیش؛ ساقەتی ئەو ڕوەکە.

▣ **نی پیچ** ☜ **نی‌پیچ**

**نی خیزران** ☜ **خیزَران**

**نی شنی**: قامیشی ریخەڵان؛ گیایەک لە تیرەی گەنم کە بۆ بەرگری لە بە دەم باوە چوونی رمڵ و پەرە ساندنی بیاوان دەیکێڵن: **شندوست**

**نی قلیان**: ئاونگ؛ لاسکی قلیاناوی کە سەرێکی دەچێتە نێو کووزی قلیانەوە.

**نی هندی**: قامیشی هیندی؛ گیای چەن‌ساڵەی لە تیرەی گەنم، بە ساقەتەی بەرز و هەڵۆڵی گرێ‌گرێ و گەڵای درێژ و گوڵی تۆپەڵ لە سەر لاسکەوە.

▣ **نی زدن**: بلوێر ژەندن؛ نەی ژەندن؛ بلوێر لێدان؛ لوولێ ژەنەی؛ لێدانی ئاهەنگ بە بلوێر.

**نی** / nî/: *قید. [ادبی]* نەک؛ نەوەک؛ نە وەکوو؛ نە ‹تو برای وصل کردن آمدی/ نی برای فصل کردن آمدی: تۆ بۆ ئاشت‌کردنەوەی تۆراوان هاتی/ نەک بۆ جیایی خستنە نێوان هاتی›.

**نیا** / niyā ، ـها؛ نیاکان/:/*اسم.* کاڵ؛ باپیر؛ باپیرە؛ باواڵ؛ بابەگەورە؛ باوەگەورە؛ باواگەورە؛ بابا؛ بنەباب.

**نیابت** / niyābat/: [عربی]/*اسم.* ۱. جێگری؛ جێنشینی ‹نیابت او را داشت: جێگری ئەوی هەبوو› ۲. جێگرایەتی؛ جێگریەتی؛ کاری جێگر ‹عهده‌دار نیابت شد: جێگریەتی گرتە ئەستۆ›.

**نیابتاً** / niyābatan/: [عربی] *قید.* لە جێ؛ بە جێ؛ لە جێی؛ بە جێگری؛ بە جێگرایەتی؛ بە شێوە

یان وەکوو جێگر ‹از طرف پدرم، نیابتاً امضا کردم: له جیی باوکم ئیمزام کرد›.

**نیاپرستی** / niyāparastî/: /اسم/ کال‌پەرەستی؛ ئایینی پەرەستنی باب و کالان وەکوو خاوەنانی هێزی ژوورسروشتی.

**نیات** / nîyyāt/: [عربی] جمع ☜ **نیّت**

**نیاراستن** / nayārāstan/ ☜ **آراستن**

**نیارامیدن** / nayārāmîdan/ ☜ **آرامیدن**

**نیارستن** / nayārastan/ ☜ **یارستن**

**نیارمیدن** / nayāramîdan/ ☜ **آرمیدن**

**نیاز** / niyāz، ـها/: /اسم/ نیاز: ۱. پێداویستی؛ پێویستی؛ حەوجە ‹نیازەکانی خود را بنویسید: پێداوێستەکانتان بنووسن› ۲. نەداری؛ ئاتاجی؛ هەژاری ‹نیاز او را به این‌کار واداشت: نەداری ئەم کارەی پێکرد› ۳. /ادبی/ داماوی؛ بێسەروبەریی؛ دۆخی نەبوونی هێز و دەسەلات ٤. نەزر و نیاز؛ بەخشش بۆ وەدیهاتنی ئاواتێک.

**نیازردن** / nayāzordan/ ☜ **آزردن**

**نیازمند** / niyāzmand/: صفت. ۱. پێویست؛ پێدڤی ‹این کار نیازمند صرف وقت زیادی است: ئەمکارە وەختی زۆری پێویستە› ۲. /ـها؛ ـان/ نەدار؛ هەژار؛ ئاتاج؛ دەستەنگ؛ وەج؛ بێکەرستە یا هۆی دلخواز، شیاو یان بەکەلک ‹مردم نیازمند: خەلکی نەدار›.

**نیازمندی** / niyāzmandî، ـها/: /اسم/ ۱. دەستەنگی؛ نەداری؛ هەژاری؛ دۆخ یان چۆنیەتی دەستەنگ بوون ۲. پێویستی؛ پێداویستی؛ ئەوەی بوونی بۆ ئەنجامی کارێ یان گەیشتن بە ئامانجێک پێویستە.

**نیازمودن** / nayāz(e)mûdan/ ☜ **آزمودن**

**نیازیدن** / nayāzîdan/ ☜ **یازیدن**

**نیاسودن** / nayāsûdan/ ☜ **آسودن**

**نیاسین** / niyāsîn/: [انگلیسی]/اسم/ نیاسین؛ ڤیتامین بێ کومپلێکس؛ ئەسیدێکی بێڕەنگی بلۆرین کە تالە و نەختێک لە ئاودا دەتوێتەوە و یەک لە پێویستەکانی گیانەوەرە.

**نیاشامیدن** / nayāšāmîdan/ ☜ **آشامیدن**

**نیاشفتن** / nayāšoftan/ ☜ **آشفتن**

**نیاشوباندن** / nayāšûbāndan/ ☜ **آشوباندن**

**نیاشوبیدن** / nayāšûbîdan/ ☜ **آشوبیدن**

**نیاغشتن** / nayāqeštan/ ☜ **آغشتن**

**نیافتن** / nayāftan/ ☜ **یافتن**

**نیافریدن** / nayāfarîdan/ ☜ **آفریدن**

**نیاکان** / niyākān/: جمع ☜ **نیا**

**نیاکندن** / nayākandan/ ☜ **آکندن**

**نیاگاهانیدن** / nayāgāhānîdan/ ☜ **آگاهانیدن**

**نیالودن** / nayālûdan/ ☜ **آلودن**

**نیام** / niyām، ـها/: /اسم/ ۱. کالان؛ کیلان؛ کایلان؛ کاڤلان؛ کاولان؛ قلاف؛ قاب؛ قاپ؛ قافک؛ کالەنی؛ بەرگی شیر و خەنجەر و... ۲. /گیاه‌شناسی/ قنگەگەلا؛ بنەگەلا؛ دریژەی بڕێ گەلا کە لاسکی گیا دادەپۆشێ ۳. /گیاه‌شناسی/ کەلو؛ کلو؛ پیل؛ جۆرێ بەری گیا کە چەن دەنکی بەڕیزی تێدایە و کە دەگا بە دریژادا شەق دەبا.

**نیامدن** / nayāmadan/ ☜ **آمدن**

**نیامرزیدن** / nayāmorzîdan/ ☜ **آمرزیدن**

**نیاموختن** / nayāmûxtan/ ☜ **آموختن**

**نیاموزاندن** / nayāmûzāndan/ ☜ **آموزاندن**

**نیامیختن** / nayāmîxtan/ ☜ **آمیختن**

**نیانبان** / neyambān, -anbān، ـها/: /اسم/ دەفدەفینک؛ دەفدەفێکە؛ دووزلەمەشکە؛ بلوێر و زورنایێ کە فووی لە هەنبانەوە دەدەنێ: **نای‌انبان**

**نیاوردن** / nayāvardan/ ☜ **آوردن**

**نیاویختن** / nayāvîxtan/ ☜ **آویختن**

**نیایش** / niyāyeš، ـها/: /اسم/ نزا؛ نقا؛ گازە؛ دۆعا؛ دوعا: ۱. کار و ڕەوتی خوێندنی دۆعا ۲. سکالا؛ دۆعایێ کە بە دەرگانەی خوا دەکرێ.

www.perawipepwle.com



**نی‌پیچ** / neypîč / ـها/:/سم. دەمنە؛ لوولەیەکی باریک و هلۆل کە سەریکی بە قلیانەوەیە و ئەوی سەرەکەی بە دەمەوە دەنێن.

**نیت** / niyyat / ـها؛ نیّات/: [عربی]/سم. نیاز؛ قەست: ۱. ڕەوتی لە دڵەوە لێبڕان بۆ ئەنجامدانی کارێک ‹نیت کردە بودیم بیاییم پیش شما، ولی برایمان مهمان آمد: نیازمان وابوو بین بۆ لاتان، بەڵام میوانمان بۆ هات› ۲. مراز؛ گاڤین؛ مەراق؛ نیهاد؛ مەبەست یان دۆزێک کە تەمای پێگەیشتنی هەیە ‹نیت او کمک کردن به شماست: نیازی ئەو یارمەتی دانی ئێوەیە›.

**نیترات** / nîtrāt / ـها/: [فرانسوی]/سم. /شیمی/ نیترات؛ خوێی اسید نیتریک.

▣ **نیترات نقره**: نیتراتی نوقرە؛ ماکی بلۆری بێڕەنگ کە بە تواندنەوەی زێو لە ئەسید نیتریکدا بەرهەم دێ، لە ئاودا دەتوێتەوە و لە بژیشکیدا زۆر بەکەڵکە: **نیترات دارژان؛ سنگ جهنم**

**نیترات دارژان**/ nîtrātdārjān/ ☜ نیترات نقره، **نیترات**

**نیتراته** / nîtrāte(h)/: [فرانسوی] صفت. /شیمی/ نیتراتە؛ بە ماکی نیتراتدارەوە.

▣ **نیتراته شدن** ☜ **نیترایش-۲**

**نیتراته کردن** ☜ **نیترایش-۱**

**نیترایش** / nîtrāyeš/:[فرانسوی/ فارسی] /سم. ۱. شۆرەسازی؛ کاری تێکئالانی ماک لەگەڵ ئەسیدنیتریکدا: **شوره‌سازی؛ نیتراته کردن** ۲. ڕەوتی بوونە نیتراتی ماکی نیترۆژندار (گیانەوەری و گیایی) لە خاکدا بە هۆی باکتری تایبەت ئەم کارەوە: **نیتراته شدن** * **نیتریفیکاسیون**

**نیتروبنزن** / nîtrobanzan/: [فرانسوی]/سم. /شیمی/ نیترۆبەنزەن؛ ڕۆنی دەسکردی بادامی تاڵ، کە تراوێکی زەردی ژاراویە و هێندێک لە ئاودا دەتوێتەوە، لە پیشەسازی کیمیاویدا زۆری کەڵک هەیە و وەکوو جێگری ڕۆنی سروشتی بادامی تاڵیش بە کار دەچێ.

**نیتروژن** / nîtrozen/: [فرانسوی]/سم. نیترۆژن؛ توخمێکی کیمیایی ناکانزا، بە ژمارەی ئەتومی ۷ و کێشی ئەتۆمی ۱٤، گازێکی بێڕەنگ و بێتام و بۆنە کە ۷۵٪ بارستایی هەوا پێکدێنێ: **ازت**

▣ **نیتروژن دیوکسید** ☜ دیوکسید نیتروژن، **دیوکسید**

**نیتروگلیسیرین** / nîtrogelîsîrîn, -g(i)lîsirîn/: [فرانسوی]/سم. نیترۆگلیسرین؛ ڕۆنێکی زەردە کە لە ئاودا ناتوێتەوە و تەقەمەنی جۆراوجۆر بەتایبەت دینامیتی لێ دروست دەکەن: **نیتراتگلیسیرین**

**نیتریفیکاسیون** / nîtrifikāsyon/: [فرانسوی] ☜ **نیترایش**

**نیتریک** / nîtrîk/: [فرانسوی] صفت. /شیمی/ نیتریک؛ پێوەندیدار بە نیترۆژنەوە.

**نیچه** / neyče / ـها/:/سم. ۱. ئاوتکێن؛ ئەنبیق؛ مژۆک؛ دەزگایەکی کۆن بۆ دڵۆپاندن ۲. دەمنە؛ ئامرازێکی لوولەیی کە لە شیشەسازیدا بۆ دەماندنی شیشە کەڵکی لێوەردەگرن.

**نیرزیدن** / nayarzîdan/ ☜ **ارزیدن**

**نیرنگ** / neyrang, nîrang / ـها/:/سم. /ادبی/ فێڵ؛ گزی؛ گزە؛ گز؛ بەن؛ بەند؛ دەک؛ وەین؛ لێپ؛ لەبان؛ گەف؛ قورۆک؛ فند؛ فەرەج؛ قۆپیە؛ فرۆفێڵ؛ گەڕوگوڕ؛ هەنگ؛ فاک؛ خاپ؛ حیلە؛ دەهۆ؛ ساختە؛ شندی‌مندی؛ کەڵەک؛ گغنی؛ هەر کارێ کە بۆ فریو دانی خەڵک بکرێ.

**نیرنگباز** / neyrangbāz, nîrang- / ـها؛ ـان/: صفت. گزن؛ گزنی؛ گزیکار؛ فێڵباز؛ فێڵزان؛ فێڵەزان؛ داوباز؛ ساختەچی؛ فەنەک؛ فەنەکباز؛ فێڵاوی؛ هەنگباز؛ کەڵەکباز؛ خووگرتوو بە فریودانی خەڵک: **نیرنگ‌زن**

**نیرنگ‌بازی** / neyrangbāzî, nîrang- / ـها/:/سم. /ادبی/ فێڵەزانی؛ فێڵبازی؛ داوبازی؛ گزیکاری؛

ساخته‌چێتی؛ کارەڕەهاتی فریو دانی خەڵک.

**نیرنگ‌زن**/ neyrangzan, nîrang-/ ☜ **نیرنگباز**

**نیرو** / nîrû ، ـها/: *اسم.* هێز؛ وزە؛ هاز؛ ئاز؛ هازی: ۱. شنگ؛ قام؛ هەرەنگ؛ کۆسە؛ کومسە؛ گرک؛ گوڕ؛ دەگەر؛ گورد؛ نەوا؛ نهێم؛ ستین؛ هێل؛ هەس؛ هێس؛ زۆر؛ توانای کردنی کارێک یان دانانی شۆنەمایەک ۲. توان و قەوەتی دڵ یان زەین ‹نیروی عقل: هێزی ئاوەز› ۳. کەسان یا شتگەلێک بە لێهاتوویی دیاریکراوەوە ‹نیروی جوان؛ نیروی باد: هێزی لاو؛ هێزی با› ٤. کۆمەڵێک سەرباز و کەڵوپەلی شەڕ ‹نیروی زمینی: هێزی زەوینی› ٥. کارەبا؛ بەرق؛ ئەلکتریسیتە، بەتایبەت لە پێوەندی لەگەڵ بەرهەم هێنان و بڵاو کردنەوەیدا ‹خط انتقال نیرو: هێڵی گواستنەوەی کارەبا.

▣ **نیروی امدادی**: *[نظامی]* هێزی فریاڕەس/ یارمەتیدەر؛ هێزی پشتیوانی؛ هێزێک بۆ یارمەتی دان و فریاکەوتنی هێزی پێشوو لە ناوچەدا: **قوای امدادی**

**نیروی امنیتی**: هێزی ئاسایش/ هێمنی: ۱. کۆمەڵێک لەو کەسانەی ئاسایش دابین دەکەن ۲. ڕێکخراوەی ئاسایش * **قوای تأمینی**

**نیروی انتظامی**: هێزی پولیس: ۱. کۆمەڵێک لەو کەسانەی هێمنی و ڕێکوپێکی دابین دەکەن ۲. ڕێکخراوەی پۆلیس* **قوای انتظامی**

**نیروی انسانی**: هێزی مرۆڤ/ مرۆڤی؛ هێزی ئینسانی: ۱. هێزێ کە بە هۆی چالاکی جەستەوە پێک دێت ‹برای پیشرفت این کار، نیروی انسانی نقش مهمی دارد: بۆ بەرەو پێش چوونی ئەم کارە، هیزی مروڤ دەوڕێکی بالای هەیە› ۲. کۆمەڵەی ئەو کەسانە کە لە بنکە یان ڕێکخراوێکدا کار دەکەن ‹نیروی انسانی کارخانه: هیزی مروڤی کارخانه› ۳. هێزی کار؛ کۆمەڵی ئەو کەسانە کە دەتوانن کار بکەن ‹نیروی انسانی کشور: هیزی مروڤی ولات›.

**نیروی ثقل** ☜ **گرانی-۲**

**نیروی جاذبه** ☜ **گرانی-۲**

**نیروی دریایی**: هێزی زەریایی؛ هێزی دەریایی؛ سەرجەمی کەس، ئامێر و ڕێکخراوی سەربازی کە بۆ بەرەنگاری یان هێرش لە نێو ئاودا ڕاهاتوون. هەروەها: **نیروی زمینی؛ نیروی هوائی**

**نیروی نظامی**: هێزی چەکداری؛ هێزی سەربازی؛ سەرجەمی کەسان و چەک و ڕێخراوەکانیان.

**نیروبخش** / nîrûbaxš/: *صفت.* هێزنک؛ وزەدەر؛ هێزبەخش؛ هێزدەر: ۱. بە تایبەتمەندی بەهێز کردن و هێزدان ۲. بووژێنەر.

**نیروزا** / nîrûzā ، ـها/: *صفت.* وزەدەر؛ بووژێنەر؛ بە تایبەتمەندی بووژاندنەوە و وزە تێخستن ‹غذاهای نیروزا: خۆراکی وزەدەر›.

**نیروسنج** / nîrûsanc ، ـها/: *اسم.* وزەپێو؛ هێزپێو؛ ئامێرێک بۆ پێوانی هێزی میکانیکی.

**نیرومند** / nîrûmand/: *صفت.* بەهێز؛ هێزان؛ هێزدار؛ یەمان؛ توانا؛ بەگوڕ؛ بەگوژم؛ بزاخ.

**نیرومندی** / nîrûmandî/: *اسم.* بەهێزی؛ هێزداری؛ دۆخ یان چۆنیەتی توانا بوون.

**نیز** / nîz/: *قید. [ادبی]* ۱. ـ یش؛ ـ یچ؛ ـ ژی؛ وەک کەس یان کەسانیتر ‹او نیز می‌آید: ئەویش دێت› ۲. هەروەها؛ هەروا؛ هەروە؛ هەروەتر؛ هەر پاسە ‹نیز گفته بود مواظب باشم: هەروەها گوتبووی وریابم›.

**نیزار** / neyzār ، ـها؛ ـان/: *اسم.* زەلجار؛ قامیشەلان؛ قامیشەڵێن؛ ژاژەلان؛ چیتەلان؛ شەخەلان؛ ژاژۆک؛ زەوینێ کە زەلی زۆری لێ ڕووابێ: **نیستان**

**نیزن** / neyzan ، ـها/: *اسم.* بلوێرەژەن؛ بلووڕژەن؛ نایژەن؛ نەیژەن؛ نەیڤان؛ نەیچی؛ بلوول‌بێژ: **نی‌نواز**

**نیزه** / neyze, nîze ، ـها/: *اسم.* ڕم؛ سونگی؛ سوننی؛ نێزە؛ نەیزە؛ مێلەیەکی بەرز و

نووک‌تیژ، بۆ شەڕ و وەرزش.

**نیزه‌ای** / neyze'î/: *صفت.* ڕمبی؛ نەیزەیی؛ وەکوو ڕمب.

**نیزه‌ماهی** / neyzemāhî/ ☜ **ئەرەماهی**

**نیسان** / neysān/: [معرب از سریانی]/*اسم.* نیسان: ۱. مانگی چوارەمی سالی هەتاوی هەندێ لە وڵاتە عارەبەکان ڕێکەوتی مانگی ئاڤریلی ئەوروپی ۲. مانگی حەوتەمی سالی مەسیحی و مانگی یەکەمی سالی جوولەکە.

**نیست** / nîst/: *اسم.* نەبوو؛ نەبووگ؛ دۆخ یان چۆنیەتی نەبوون.

▣ **نیست شدن:** نەمان؛ نەمەنەی: ۱. گوم بوون؛ بزر بوون؛ ون بوون؛ نوقوم بوون؛ مەحفەو بوون ‹یک دفعه ساک جلو چشمم نیست شد: لە پڕا ساکەکە لە بەرچاوم نەما› ۲. لە ناو چوون؛ تێدا/تیاچوون؛ نەمان؛ فەوتان. هەروەها: **نیست‌کردن**

**نیستان** / neyestān/ ☜ **نیزار**

**نیست‌درجهان** / nîs(t)darcahān/: *صفت. [گفتاری]* خێڵەڕەشی؛ نەبوو؛ خەیاڵی ‹در کشور نیست در جهان پادشاهی بود: لە وڵاتی خیلەڕەشیدا پاتشایەک هەبوو›.

**نیستی** / nîstî/: *اسم.* نەبوونی: ۱. دۆخ یان چۆنیەتی نەبوون ۲. دۆخ یا چۆنیەتی نەمان؛ مردن ۳. بالمیش؛ دۆخ یا چۆنیەتی فەوتان؛ لە ناو چوون ٤. *[ادبی]* هەژاری؛ نەدرای.

**نیش** / nîš، ـها/: *اسم.* ۱. نێش؛ نووک؛ سەری باریکی هەر شتێکی تیژ (وەکوو دەرزی، نەشتەر و...) ۲. چڕ؛ چزوو؛ چزە؛ چزێ؛ چووزە؛ قەگەز؛ ئەستنگ؛ بەشێک لە ئەندامی گیاندارانی چزدار (وەکوو مار، دووپشک و زەرگەتە و...) کە ژاری خۆیانی پێ دەڕژێننە نێو لەشی مرۆڤ وگیاندارانی‌تر‌ەوە ۳. ☜ دندان نیش، **دندان**

▣ **نیش ترمز:** سۆکەتورموز؛ سووکەتورمز؛ نووکە تورمز ‹یک نیش ترمز بزن من پیاده بشوم: سووکەتورمزێ بکە من دابەزم›.

**نیش زبان:** *[مجازی]* تانە؛ تیر و تانە؛ تەشەر؛ چزی زمان ‹کسی از نیش زبان او در امان نبود: کەس لە تانەی ئامانی نەبوو›.

▣ **نیش زدن:** ۱. پێوەدان؛ چز پێوەدان؛ چزاندن؛ چزنە؛ چزنای؛ پۆدای؛ داپوەی؛ چزوونە؛ ڤەدان؛ ڤەگەزاندن؛ چزوو تێڕۆکردن ‹زنبور نیشم زد: زەرگەتە پیوەی دام› ۲. *[مجازی]* چز وەشاندن؛ چز پێوەدان؛ تانە لێدان ۳. چەکەرە دان؛ ڕووانی شتێکی نووک‌تیژ ‹نیش زدن دندان: چەکەرە دانی ددان›.

**نیش کسی باز شدن:** *[تعریض]* دەمی کەسێ پانەوە بوون؛ لە خۆشحاڵی پێکەنین (بەلام نابەجێ) ‹چه خبر است؟ باز نیشت باز شده: چخەبەرە؟ هەمیسان دەمت بان بوتەوە›.

**به نیش کشیدن:** *[تعریض]* قەپاندنەوە؛ کڕاندنەوە؛ ئەوەکڕنەی؛ کڕنایوە؛ بە ددان کەندنەوە و خواردن ‹داشت یک ران مرغ را به نیش می‌کشید: خەریک بوو ڕانەمریشکێکی نەقەپاندەوە›.

**نیشتر** / nîštar/ ☜ **نِشتر**

**نیشخند** / nîšxand، ـها/: *اسم.* بزەی تاڵ؛ بزەیەک بۆ سووکایەتی‌کردن یا بێزاری پیشان دان.

**نیشدار** / nîšdār/: *صفت.* چزوودار؛ چزدار: ۱. خاوەن چز ۲. *[مجازی]* ئازاردەر؛ بە تەوس و توانج.

**نیشکر** / neyšekar، ـها/: [فارسی/ سنسکریت]/*اسم.* نەیشەکەر؛ نەیشەکر؛ گیای پایای لە تیرەی گەنم بە لقی ئەستوور و هەڵچووی گرێ-گرێوە کە ناوەکەی پرپەتی لە شەکری ساکاروز. لەم گیایە شەکر بەرهەم دێنن.

**نیشگان** / nîšgān/ ☜ **نیشگون**

**نیشگون** / nîšgûn، ـها/: *اسم.* نوقورچک؛ قونچرک؛ قورنیشک؛ کورنیشک؛ قورنج؛ قورنچ؛ قورینج؛ نقورچ؛ نقووچ؛ نقووچ؛ نقوچ؛ نەقوس؛ نەقوسکی؛ کورینگان؛ کورچی؛ قورنچک؛

قورینجان؛ قورینچەک؛ قولینجێ؛ کونجڕک؛ کونجڕکە؛ خڕمووسک؛ گفشک؛ گشک؛ چین‌چینک؛ کاری گرتن و گوشار دانی پاژێک لە پێستی لەش بە دوو قامک: **نخجل؛ نشگون؛ نیشگان؛ ویشگون**

▣ نیشگون گرفتن: نقورچک گرتن؛ نقووچاندن.

**نیش‌ونوش** / nîš-o-nûš/: *اسم. [مجازی]* خۆشی و تاڵی؛ خاسی و خراپی؛ خۆشی و ناخۆشی؛ وەشی و تشی؛ دیاردە، ڕووداو یان هۆکاری لەبار و نالەبار.

**نیفتادن** / nayoftādan/ ☜ **افتادن**

**نیفراشتن** / nayafrāštan/ ☜ **افراشتن**

**نیفروختن** / nayafrûxtan/ ☜ **افروختن**

**نیفزودن** / nayafzûdan/ ☜ **افزودن**

**نیفشاندن** / nayafšāndan/ ☜ **افشاندن**

**نیفشردن** / nayafšordan/ ☜ **افشردن**

**نیفکندن** / nayafkandan/ ☜ **افکندن**

**نیفه** / nîfe/: *اسم. [قدیمی]* ۱. پزوو؛ پزگ؛ پزگە؛ پسێ؛ پزی؛ نیفەک؛ بەشی دەق‌کراو و دووراوی کەمەری شوال، جێی هۆجەنە ۲. هۆجەنە؛ دۆخین؛ دۆخن؛ بەنی ناو پزووی شوال.

**نیک**[1] / nîk/: *صفت. [ادبی]* چاک؛ باش؛ خاس؛ نووک؛ نک؛ عال ‹ کار نیک: کاری چاک›.

**نیک ـ**[2]: *پیشواژه. [ادبی]* ـ کەڵە؛ ـ خێر؛ ـ باش؛ ـ چاک؛ ـچاکە؛ ـ خاس ‹نیک‌مرد: کەڵەپیاو›.

**نیک‌اختر** / nîkaxtar/: *صفت. [ادبی]* بەختەوەر؛ بەبەخت؛ بەختدار؛ بە چارەنووس و داهاتووی باشەوە.

**نیک‌انجام** / nîkancām/: *صفت. [ادبی]* ئاخرخێر؛ ئاخرخەیر؛ ئەنجام‌باش؛ ئاخرخاس؛ سەرۆخەیر؛ سەرەوخەیر؛ بە ئاکامی باش و پەسەندکراوەوە.

**نیک‌اندیش** / nîkandîš/: *صفت. [ادبی]* خێرخواز؛ چاوباش و بە دڵێ پڕ لە ئاواتی خێرەوە بۆ خەڵک.

**نیک‌بخت** / nîkbaxt ، ـان/: *صفت. [ادبی]* خۆشبەخت؛ بەختەوەر؛ بەختباش؛ بەختخاس.

**نیکخواه** / nîkxāh ، ـان/: *صفت. [ادبی]* خەیرخواز؛ چاکەخواز؛ خێرخوا؛ خوازیاری بەختەوەری و سوود و قازانجی خەڵک.

**نیکدل** / nîkdel ، ـان/: *صفت. [ادبی]* دڵپاک؛ دڵڕوون.

**نیکل** / nîkel/: [فرانسوی]/*اسم.* نیکل: ۱. تۆخمی کیمیایی کانزایی، بە ژمارەی ئەتۆمی ۲۸ و کێشی ئەتۆمی ۵۸,۹۶، بە ڕەنگی سپی مەیلەو زێو کە چەکوچخۆرە، لە ئاوادا ناتوێتەوە و بۆ کاتالیزۆر و پۆشەنی گالوانیزەی کانزاکانی‌تر و لێدانی دراو و میدال و کەرەستەی نەشتەرگری و ددان‌بژیشکی کەڵکی لێ وەردەگرن ۲. /ـها/ هەر شتێکی لە نیکل دروست کراو.

**نیکلی** / nîkelî ، ـها/: [فرانسوی] *صفت.* نیکلی: ۱. نیکلدار؛ تێکەڵ بە نیکل ۲. لە نیکل دروست‌کراو.

**نیکنام** / nîknām/: *صفت. [ادبی]* خۆشناو؛ ناوخاس؛ وەش‌نام؛ ناوچاک؛ خاوەن وەج و ئابرووی کۆمەڵایەتی. هەروەها: **نیکنامی**

**نیکو**[1] / nîkû/: *صفت. [ادبی]* جوان: ۱. چاک؛ باش؛ خاس؛ عال؛ نووک ‹کار نیکو: کاری چاک› ۲. /نیکوان، nîkovān/ بەدەو؛ قەشەنگ؛ زەریف ‹روی نیکو: ڕۆخساری جوان›.

**نیکو**[2]: *قید. [ادبی]* بەجێ؛ بەجوانی؛ بە باشی؛ جوان؛ باش؛ خاس ‹چە نیکو گفتەاند کە اول اندیشە وانگهی گفتار: چەند ئەو گوتە بەجێیە، بیر کەوە جا باخێوێ›.

**نیکو ـ**[3]: *پیشواژە. [ادبی]* ـ جوان؛ ـ باش؛ ـ چاک؛ ـ خاس: ۱. شیاو ‹نیکوخصال: ئاکارجوان› ۲. خۆش ـ ؛ بەدەو؛ خوشیک؛ زەریف؛ قەشەنگ ‹نیکومنظر: دیمەن جوان›.

**نیکوتین** / nîkotîn, nîkutîn/: [فرانسوی]/*اسم.* نیکوتین؛ ژارقەندە؛ ژارقەنگە؛ ژارقەننە؛ ئالکالوئیدی نێو گەلای تووتن، کە ڕۆنێکی

بـێڕەنگـە و لـە بـەر هـەوادا زەرد دەبـێ و نەختـە نەختە بۆر دادەگەڕێ، تامی تیـژە و لـە ئاو و ئەلکول و ڕۆندا دەتوێتەوە.

**نیکوخصال** / nîkûxesāl/: [فارسی/ عربـی] *صفت. [ادبـی]* ڕەوشـتجـوان؛ ئاکارچـاک؛ ئاکـارجوان؛ خێوی خوو و ڕەوشتی شیاو و پەسەندکراو.

**نیکوسرشـــت** / nîkûserešt/: *صـــفت. [ادبـــی]* ڕەوشتجـوان؛ ئاکارچـاک؛ ئاکـارجوان؛ خێـوی خوو و خده و ئاکاری بەرز و جوان: **نیکوطینت**

**نیکوسـیرت** / nîkûsîtat/: [فارسـی/ عربـی] *صفت. [ادبی]* ڕەوشتجوان؛ ئاکارجوان؛ ئاکارباش.

**نیکوطینـت** / nîkûtînat/: [فارسـی/ عربـی] ☜ **نیکوسرشت**

**نیکوکـــاری** / nîkûkārî/: *اســم.* چاکـــەکاری؛ خێرکاری؛ خێر؛ کاری یارمـەتی دانی دامـاوان و هەژاران. هەروەها: **نیکوکار**

**نیکومنظر** / nîkûmanzar/: [فارسی/ عربی] *صفت. [ادبی]* جوان‌چاک؛ جوان‌خاس؛ دیمەن‌جوان؛ قۆز؛ بە دیمەنی جوانەوە.

**نیکـی** / nîkî ، ـهـا/: *اسم. [ادبـی]* باشـی؛ چـاکی؛ چاکێتی؛ نێـوەک؛ خاسـی: ۱. دەرخـواردوویی؛ دۆخ یان چۆنیـەتی چـاک بـوون ‹سکی موجب سربلندی است: باسی هـۆی سـەربەرزیە› ۲. چاکـە؛ چاکەکاری؛ کار و ڕەوتی دڵۆڤانی کردن و یاریدە دانی خەڵکی ‹از نیکی کردن به کسی دریـغ نداشـت: لە چاکە بۆ خەڵک خۆی نەدەبوارد›.

**نیل** / nayl/: [عربی]/*سم.* کار و ڕەوتی گەیشـتن؛ گەیین؛ ڕەسین؛ یاوەی؛ دەسکەوتنی مەبەسـت ‹برای نیل به آرزوهایش تلاش می‌کرد: بۆ گەیشتن بـە ئاواتەکانی هەوڵی دەدا›.

**نیل** / nîl/: [سنسکریت]/*سم.* نیل: ۱. خـم؛ خـوم؛ هەش؛ چویت؛ لیلەنگ؛ دەرمانێکی شینی تۆخە لە شیرە و گەڵای گیای هەش بەرهەمی دێنن و خام و بەنی پێ شین دەکەن ۲. ـهـا/ گیای خم؛ گیایـەکی گەرمەسـێریە لـە شـیرە و گەڵاکـەی ڕەنگی شین‌تۆخ بەرهەم دێنن.

**نی‌لبک** / neylabak ، ـهـا/: *اسم.* بلـوول؛ پلـوول؛ بلـول‌نهـ ؛ لوولـک؛ دووزەلـە؛ چووزەلـە؛ لوولـە؛ لوولێ؛ لیولی؛ لولی؛ لیلوولی؛ نـایژە؛ نایـە؛ نهـە؛ بلوێرشامی؛ جۆرێ بلوێری گچکەیە.

**نیلفام** / nîlfām/: [سنسکریت/ فارسی] *صفت. [ادبی]* نیلی؛ کەوە؛ کـەوگ؛ شـین؛ هەشـی؛ هەشـین؛ خمی؛ چـویتی؛ چـویتلی؛ ئـاوی تـۆخ: **نیلگـون** *[ادبی]*

**نیلگون** / nîlgûn/: [سنسکریت/ فارسی] ☜ **نیلفام**

**نیلـوفر** / nîlûfar/: *اسـم.* نیلووفـەڕ؛ نیلووپـەڕ؛ لیلووپـەڕ؛ لوولەپـەڕ؛ لەیلووپـەڕ؛ لیلووفـەڕ؛ پەڕپەڕەک؛ پەڕپەڕۆک؛ شەڤبشکێڤ؛ گیایـەکی ئاڵـفی بـە گوڵـی زەرد و سـپی و لینجـاوێکی زۆرەوە کە بۆ دەرمان دەشێ.

▣ **نیلـوفر آبـی**: شـلێرە چـۆم؛ شـلێرە ئـاوی؛ لەولاوی ئاوی؛ گیـای ئـاوی پایـا لـە تیـرەی نیلووپەڕ بە گەڵای ساف و وردکەڵـە و گوڵـی درشتی سپی بۆنخۆشـەوە کـە لـە زەلکاوانـدا دەڕوێ.

**نیلوفر پیچ/ صحرایی**: لەولاوە؛ لەولاو؛ گیایەکی یەکسالانە بە گوڵـی سـپی، پەمـەیی و ئـاوی شـەپیووری بۆنخۆشـەوە، بـە لقـی دارانـدا دەهاڵێ و هەڵدەکشێ.

**نیلی** / nîlî/: [سنسکریت]/*سم.* کـەوە؛ کـەوگ؛ کەوێ؛ شین‌تۆخ؛ چویتی؛ هەشی؛ خمی؛ نیلـی؛ ڕەنگی ئاوی تۆخ کە بۆ بنەوش داگەڕێ؛ ڕەنگـی ئاسمان.

**نیلی** / *صفت.* کەوە؛ کەوگ؛ نیلی؛ چویتی؛ خمی؛ شین؛ هەشین؛ هەشی؛ بە ڕەنگی شینی تۆخ.

**نیم** / nîm/: *اسم.* نیو؛ نیوە؛ نیم؛ نیڤ؛ نیڤی؛ نسم.

**نیم ـ**: *پیشواژه.* ۱. نیـو ـ ؛ نـیڤـ ؛ نـیـم ـ ؛ بـە ئەندازەیـەکی بچـووکتر ‹نیم‌کاسـه: نیوکاسـه› ۲. نیـو ـ ؛ نیڤـ ؛ نیم ـ ؛ بە شێوەی نیوەیەک لـە شتێ ‹نیمتاج: نیوتاژ› ۳. نیوە ـ ؛ نیمـە ـ ؛ ـ نیڤە؛ لە

www.perawipepwle.com



ناوەندی شتێکدا ‹نیمشب: نیوەشەو› ٤. نیوەـ ؛ نیمەـ ؛ ناتەواو؛ کەل ‹نیمسیر: نیوەتێر›.

**نیمانیم** / nîmānîm/: *قید. [ادبی]* نیوەبەنیوە؛ نیوبەنیو؛ نیوەونیو؛ نیمەونیم: ۱. بە شێوەی دوو نیوەی وەک یەک ۲. دووکوتی؛ نیوەکاری؛ بە شێوەی نیوەیەک لە هەر کام لە ئەندامەکان.

**نیمبند**/ nîmband/: *صفت.* پەلەشت: ۱. دەڵەمە؛ دۆڵەمە؛ دۆڵەمێ؛ نەگرساو؛ خۆنەگرتوو؛ شل ‹تخم‌مرغ نیمبند: هێلکەی دەڵەمە› ۲. سرێشلەمە؛ جەڵغە؛ ناتەواو؛ ناپوخت؛ نێوەچڵ؛ نیوەکار ‹کار نیمبند: کاری سرێشلەمە›.

**نیمپرده** / nîmparde/: *اسم. [موسیقی]* نیوپەردە؛ مەودایەک بەرامبەر بە نیوەی یەک پەردە.

**نیمپز** / nîmpaz/: *صفت.* نیوەکوڵ؛ نیمکوڵ؛ نیمەگریا؛ نیم‌پەز؛ نیم‌پوخت؛ نیڤبژیا.

**نیمتاج** / nîmtāc/: [فارسی/ معرب]/*اسم.* نیمتاج؛ نیوتاج؛ ئاڵقەیێ کە لە بەرەوە وەک تاج ڕازابێتەوە.

**نیم تخت** / nîmtaxt/: *اسم.* ژێرە؛ لەتە چەرم یان لاستیکێک کە لە بنی کەوشی دەدن.

▣ **نیم‌تخت انداختن**: ژێرەکوتان؛ ژێرە لێ خستن.

**نیمتنه**[1] / nîmtane ، ـها/: *اسم.* ۱. گنج؛ کنج؛ نیمتەنە؛ کەوای کوڵی بەرباز کە تا سەر کەمەر دادەپۆشێ ۲. نیوقەد؛ لە پشتێنە بەرەو ژوور یان بەرەوخوار.

▣ **نیمتنه‌ی بالا**: ژوور پشتێنە؛ لە پشتێنە بەرەوژوور. هەروەها: **نیم‌تنه‌ی پایین**

**نیمتنه**[2]: *صفت.* نیوقەد؛ نیوەی لەش بەتایبەت بەشی ژوورو ‹عکس نیمتنه: وێنەی نیوقەد›.

**نیمچه**[1] / nîmče/: *اسم.* ۱. وارۆک؛ واروک؛ بارۆکە؛ بارۆکە؛ وارۆکە؛ وارۆک؛ فڕووج؛ جووجەڵە مریشکی ساڵ تەواوکردوو ۲. شیری کورت؛ شمشێر کۆتا.

**نیمچه**[2]: *صفت.* نیوە؛ نیمە؛ نیمچە؛ نیڤچە؛ یارم؛ بە ئەندازە، چۆنیەتی یان گەشەی کەم و ناتەواوەوە ‹نیمچه مردی شده: نیوەپیاوێکە بۆ خۆی›.

**نیمخط** / nîmxat ، ـها/: [فارسی/ عربی]/*اسم. [هندسه]* نیوخەت؛ نیوەهێڵ؛ هێڵێ کە بە لایەکدا کۆتایی هاتبێ.

**نیمخورده** / nîmxorde/: *صفت.* نیوەخوراو؛ نیوخوراو؛ نیمەخوریاگ ‹نخورد شیر نیمخورده‌ی سگ: شیر بێت و قەت نیوەخوراوەی سەگ ناخوا›.

**نیمخیز** / nîmxîz/: *صفت.* لاخێز؛ ئاخێز؛ لە دۆخی نیوە هەستاودا ‹از جای خود نیمخیز شد و مرا صدا کرد: لاخیزێکی کرد و بانگی کردم›.

**نیمدار** / nîmdār/: *صفت.* نیوداشت؛ نیمداشت؛ لە کۆن و تازەییدا ناونجی و بۆ کەڵک وەرگرتن لواو (زۆرتر بۆ بەرگ و ڕایەخ دەگوترێ) ‹یک دست لباس نیمدار تنش بود: دەستێ جل‌وبەرگی نیوداشتی دەبەردا بوو›.

**نیمدایره** / nîmdāyere/: [فارسی/ عربی]/*اسم.* نیوجەغز؛ نیوەجەغز؛ هەلەک؛ قاش؛ پێڵە؛ نیڤگۆڤەند؛ لەتێکی تەواو لە جەغزێک.

**نیمدری** / nîmdarî ، ـها/: *اسم.* درگای بچووکی نێو تای گەورەی دەروازە بۆ هاتوچۆی هاسان.

**نیمرخ** / nîmrox ، ـها/: *اسم.* لاجامە؛ لاڕوو؛ لاولا؛ نیوەڕوو: ۱. نیمەڕوو ۲. وێنەی لە تەنشتەوە.

**نیم‌رسانا** / nîmresānā ، ـها/: *اسم. [فیزیک]* نێوگەیێنەر؛ ماکی وەک ژیرمانیوم یا سیلیکون کە ڕادەی تێپەڕ بوونی کارەبا، تێیاندا بە تین، تیشک یان شتی‌تر، بان و خوار دەکا: **نیمه‌هادی؛ نیمه‌رسانا**

**نیمرو** / nîmrû/: *اسم.* هێلکەوڕۆن؛ هیلکەوڕۆن؛ هێڵەڕوەنی؛ خایەڕۆن؛ خاوڕۆن؛ هێک و ڕۆن؛ هێکەڕۆن؛ هێکڕۆن؛ هێکەڕووں؛ هێڕووں؛ خارۆن؛ خاورووین؛ یەکڕوە؛ نیوڕوو؛ نیمڕوو؛ خواردنێک لە هێلکەی دە نێو ڕۆنی قرچاو.

**نیمروز** / nîmrûz/: *اسم. [ادبی]* نیمەڕۆ؛ نیمەڕوو؛ نیڤڕۆ؛ نیوەڕۆ؛ نیوەڕۆژ؛ ناڤڕۆجە؛ میانێ‌هەلە؛

میانی‌هەلل؛ نیوڕان.

**نیمساز** / nîmsāz ، ـها/: *اسم. [هندسه]* هێڵێ کە گۆشەدەکاتە دوو نیوەی وەک یەک: **منصّف‌الزاویه** *[قدیمی]*

**نیمسال** / nîmsāl/: *اسم.* نیوسال؛ نیمسال؛ نیمسەرا؛ نیمسەرە؛ ترم؛ یەکەی مەودای خوێندن بەرامبەر بە نیوەی یەک سالی خوێندن ‹در نیمسال اول مریض شدم و نتوانستم به دانشگاه بروم: لە نیوسالی یەکەمدا نەخۆش کەوتم و نەمتوانی بڕۆم بۆ زانستگا›.

**نیمسوخته** / nîmsûxte/: *صفت.* لاسووتاو؛ نیوەسووتاو؛ نیمەسووتیاگ؛ نیمەسووچیا؛ نیمەسۆتە؛ قەچیل؛ چومەت؛ سووتاوی نەکتەواو ‹کبریت نیمسوخته: شەمچەی نیوەسووتاو›.

**نیمسوز**[1] / nîmsûz/: *اسم.* بزۆت؛ بزووت؛ بزۆتک؛ بزووتک؛ سەربزۆت؛ سەرەبزووت؛ سەرسۆت؛ سەرچومەت؛ سەلکەبزووت؛ پەلەبزووت؛ نیمەسۆز؛ سۆتەک؛ سووتەڵ؛ چاوڵە؛ ئەخترمە؛ چولوسک؛ چلووسک؛ چلووسک؛ بسۆت؛ چریسک؛ چلاسک؛ چلیسک؛ ختیرە؛ بەیسوس؛ چۆڵەچرا؛ خەتیرە؛ چلۆسک؛ چیلکە و داری سەر بە ئاور ‹یک نیمسوز برداشت و با آن سیگار را روشن کرد: بزۆنێکی هەڵگرت و جگەرەکەی پێ داگیرساند›.

**نیمسوز**[2]: *صفت.* نیوەسووتاو؛ نیمەسووتیاگ؛ نیمسۆز ‹شمع نیمسوز: مۆمی نیوەسووتاو›.

**نیمشب** / nîmšab/ ☜ **نیمه‌شب**

**نیمصفحه** / nîmsafhe ، ـها/: *اسم. [هندسه]* نیوپەڕە؛ پەڕەیێ کە بە لایەکدا کۆتایی هاتبێ.

**نیمکاسه** / nîmkāse ، ـها/: *اسم.* جامۆڵە؛ جامەڵە؛ نیمچە؛ کاسەی بچووکی نەختێ لە پیالە گەورەتر.

**نیمکت** / nîmkat ، ـها/: *اسم.* کەت؛ نیمکەت؛ چوارپایەی دریژ بۆ لە سەر دانیشتنی دوو یان چەند کەس ‹دوتا نیمکت چوبی گذاشته بودند که پشتی هم نداشت: دوو کەنی چنوبیان بەبێ پشتی دانابوو›.

**نیمکره** / nîmkore ، ـها/: *[فارسی/ عربی]/اسم.* نیوەگۆ؛ نیمەگۆ؛ هەر کام لە دوو نیوەی گۆیەک.

▣ **نیمکره‌ی جنوبی**: نیوەگۆی باشووری؛ بەشێک لە گوێ زەوی کە لە باشووری هێڵی ئوستوادایە. هەروەها: **نیمکره‌ی شمالی**

**نیمکره‌ی شرقی**: نیوەگۆی ڕۆژهەڵاتی؛ بەشێک لە گوێ زەوی کە لە ڕۆژهەڵاتی نیوەڕۆژەی گرینێچدایە. هەروەها: **نیمکره‌ی غربی**

**نیمکوب** / nîmkûb ، ـها/: *صفت.* نیوەکوت؛ نیوەکوتراو ‹برنج نیمکوب: برنجی نیوەکوت›.

**نیمگرد** / nîmgerd ، ـها/: *اسم. [موسیقی]* نیوەگرد؛ یەکەی کات لە نوت نووسیدا، بەرامبەر بە سپیەک یان دوو چەنگ.

**نیم‌وجبی** / nîmvacabî ، ـها/: *صفت. [مجازی]* بستەبالا؛ بنگوسەبالا؛ زۆر گچکە ‹بچه‌ی نیم‌وجبی: منداڵی بستەبالا›.

**نیمه**[1] / nîme/: *اسم.* نیوە؛ نیمە؛ نیڤە: ۱. ناوەندی ڕێگا و مەودایەک ‹استکان تا نیمه پر بود: ئیسکانەکە تا نیوە پڕ بوو› ۲. نیمەئاجۆر؛ نسمە؛ کەڕپووچی نیوە.

**نیمه ـ**[2]: *پیشواژه.* نیوە ـ ؛ نیمە ـ ؛ نیڤە ـ ؛ نیڤی ـ : ۱. بە بار و دۆخێکی نیوەچڵەوە ‹نیمه‌باز: نیوەباز› ۲. ناوەڕاستی مەودا یان کات ‹نیمه‌شب: نیوەشەو› ۳. ناتەواو ‹نیمه‌کاره: نیوەکارە›.

**نیمه‌تراوا** / nîmetarāvā/: *صفت.* نیوەدەڵێنە؛ بە تایبەتمەندی بواردانی تراو و ڕاگرتنی ماکی تێدا تێکەڵکراو.

**نیمه‌جان** / nîmcān/: *صفت. [مجازی]* نیوەگیان؛ نیوەمردوو؛ نیمەگیان: ۱. بە بار و دۆخێک لە

نێوان مان و نەماندا ‹وقتی پیدایش کردیم، نیمەجان بود: کاتێ کە دۆزیمانەوە نیوەگیان بوو› ۲. زۆر ناساخ و نەخۆش ‹چرا دست از سر این پیرمرد نیمەجان برنمی‌دارید؟: بۆ لەم پیرەمێردە نیوەگیانە نابنەوە؟›.

**نیمەرسانا** / nîmresānā/ ☜ **نیمرسانا**

**نیمەساز** / nîmesāz/: *صفت.* نیوەکارە؛ نیوەچل؛ ناتەواو ‹خانەی نیمەساز: مالی نیوەکارە›.

**نیمەشب** / nîmešab ، ـها؛ ـان/: *اسم.* نیوەشەو؛ نیمەشەو؛ نسم‌شەو؛ نیڤاشەوێ؛ نیوەشەوێ: ۱. نزیک بە کاتژمێری ۱۲ی شەو ۲. *[مجازی]* درنگانی شەو؛ دێروەخت؛ چەن کاتژمێر پاش ئێواران * **نیم‌شب؛ نصف شب؛ نصفەشب**

**نیمەکارە** / nîmekāre ، ـها/: *صفت.* نیوەچڵ؛ نیوەکارە؛ نیمەکارە؛ نیوەکار؛ نیوەتەواو؛ نیوەوناتواو ‹درس نیمەکارە بە چە درد مێخورد؟!: دەرسی نیوەچڵ بە کەڵکی چی دێ؟!›.

**نیمەکارە**: قید. بە نیوەچڵی؛ نیوەکارە؛ نیمەکارە؛ نیوەکار؛ نیمەوناتواو؛ نیوەتواو؛ وەرتاخ؛ وەرتاق؛ بە نیوەکارەیی ‹نیمەکارە ول کرد و رفت: بە نیوەچڵی جێ هێشت و ڕۆیشت›.

**نیمەوقت** / nîmevaqt/: [فارسی/ عربی] *صفت.* کاتی؛ نیوەکات؛ نیمەوەخت؛ بە چالاکی لە بەشێک لە سەعات یا ڕۆژانی کاردا ‹استاد نیمەوقت: مامۆستای نیمەوەخت›.

**نیمەهادی** / nîmehādî/: [فارسی/ عربی] ☜ **نیمرسانا**

**نینباشتن** / nayanbāštan/ ☜ **انباشتن**

**نینجامیدن** / nayancāmîdan/ ☜ **انجامیدن**

**نینداختن** / nayandāxtan/ ☜ **انداختن**

**نیندوختن** / nayandûxtan/ ☜ **اندوختن**

**نیندودن** / nayandûdan/ ☜ **اندودن**

**نیندیشیدن** / nayandîšîdan/ ☜ **اندیشیدن**

**نینگاشتن** / nayangāštan/ ☜ **انگاشتن**

**نینگیختن** / nayangîxtan/ ☜ **انگیختن**

**نینگیزاندن** / nayangîzāndan/ ☜ **انگیزاندن**

**نینواز** / neynavāz/ ☜ **نی‌زن**

**نینی** / nînî/: *اسم.* ۱. ـها/*[کودکانه]* بەبێ؛ بەبە ۲. *[گفتاری]* ببیلە؛ ڕەشکینە؛ گلێنەی چاو.

**نینی کوچولو** / nînîkûčûlû ، ـها/: *اسم. [گفتاری]* بەبێ بووچانە؛ بەبەچکۆلە؛ بەبەویکلانە (ساوا، شیرخۆر یان کۆرپە).

**نیوییم** / niyobiyom/: [فرانسوی] *اسم.* نیوبیوم؛ توخمی کیمیایی کانزایی، بە ژمارەی ئەتۆمی ٤١ و کێشی ئەتۆمی ٩٢,٩٠، بە ڕەنگی خۆڵەمێشی بریقەدار کە لە پێکهاتەگەلی خۆڕاگر لە بەرامبەر گەرمادا بە کار دێت: **کُلمبیُم**

**نیوتن** / niyoton/: [انگلیسی] *اسم. [فیزیک]* نیوتون؛ یەکەیەکی فیزیکی بۆ پێوانی هێز.

**نیوشیدن** / niyûšîdan/: *مصدر. لازم. [ادبی]* // **نیوشیدی**: بیستت؛ **می‌نیوشی**: دەبیسی؛ **بنیوش**: ببیسە// گوێگرتن؛ گوش دەی/ دارەی: ۱. بیستن؛ بهیستن؛ ژنەفتن؛ شنەفتن؛ ئەژنیەی؛ شنەفتەی ۲. فەرمان بردن؛ گوێڕایەڵ بوون؛ فەرمانبەری‌کردن.

■ **صفت فاعلی: نیوشنده** (بیسەر)/ **صفت مفعولی: نیوشیده** (بیسراو)

**نیوکاسل** / niyûkāsel/: [انگلیسی] *اسم. [پزشکی]* نیووکاسڵ؛ نەخۆشیەکی ویروسی پرمەترسی دەنێو مەلاندا کە کۆندامی هەناسە و دەماریان تووش دەکا.

**نیهیلیست** / nihilîst ، ـها/: [فرانسوی] *صفت.* هیچخواز؛ هیچواز؛ نیهیلیست.

**نیهیلیستی** / nihilîstî/: [فرانسوی] *صفت.* هیچخوازانە؛ هیچوازانە؛ هیچخوازی.

**نیهیلیسم** / nihilîsm/: [فرانسوی] *اسم.* هیچخوازی؛ هیچوازی.

**نیی** / neyî/: *صفت.* قامیشی؛ زەلی؛ دروستکراو لە قامیش.

**نیین** / neyîn/: *صفت. [ادبی]* قامیشی؛ زەلین.

# و

**و** / v/: *حرف.* و؛ نیشانه‌ی سیهه‌مین پیت له پیته‌کانی ئه‌لف‌وبێته‌کەی زمانی فارسی.

**و** / ve/: *اسم.* وێ؛ واو؛ سیهه‌مین پیتی ئه‌لف‌وبێی فارسی.

**و** / va/: *حرف.* و؛ پیتی پێوه‌ندی؛ بۆ پێوه‌ندی نێوان دوو وشه یان دوو به‌شی ڕسته‌یه‌ک.

**ـــ و** / û/: *پسوند. [گفتاری]* ـــ ن؛ ـــ وو؛ ـــ ۆک؛ ـه‌نۆک؛ ـ نۆک؛ ـــ ه‌ک؛ له ناو، ئاوه‌ڵناو ساز ده‌کات (وێڕای سووکایه‌تی) ‹شاشۆ؛ ڕیشۆ؛ ترسۆ؛ میزن؛ ڕیشن؛ ترسه‌نۆک›.

**وا**[1] / vā/: *صفت. [گفتاری]* باز؛ واز؛ وا؛ یا؛ ئاوه‌لا؛ ئاواله؛ والا؛ وه‌لا؛ تاک؛ به‌ربه‌تاک؛ تاق؛ به‌تاق ‹وا کردن: باز کردن›.

**وا**[2]: *صوت.* ۱. ئاخ؛ داخ؛ په‌کوو؛ وته‌ی خه‌م و تاسه ‹واحسرتا!: ئاخ حه‌یفی!› ۲. *[گفتاری]* ئه‌یه‌ڕۆ؛ هه‌یڕۆ؛ هه‌یه‌ڕۆ؛ نیشانه‌ی سه‌رسووڕمان (زۆرتر ژنان ده‌یڵێن) ‹وا! این چه حرفی است؟: ئه‌مه‌وا! جا ئه‌وه بوو به قسه؟› ۳. ها؛ نیشانه‌ی پێداگری ‹این کار را نکنی وا!: ئه‌م کاره نه‌که‌ی ها!›.

**وا ـ**[3]: *پیشوند. [گفتاری]* ۱. ـــ وه؛ ـــ وه؛ ئه‌وه ـــ ؛ ڤه‌ـ؛ بۆ پێداگری یان به مانای دیسان، دیسانه‌که، هه‌میسان ‹واایستادن: وابریدن: وه‌ستانه‌وه؛ بڕینه‌وه› ۲. دا‌ـ ؛ وه‌ڕ ـ ؛ دێته سه‌ر چاوگێک، چاوگێکی‌تر دروست ده‌بێ ‹واماندن: واگشتن: دامان؛ وه‌ڕگه‌ڕان› ۳. ـــ دوا؛ ـــ دواوه؛ نیشانی به‌ره‌وپاش چوون ‹واپس؛ وازدن: به‌ره‌ودوا؛ دانه‌دواوه›.

**ـ وا ـ**[4]: *میانوند.* ـ او ـ ؛ ـ وا ـ ؛ ـ به‌ـ ؛ له هه‌موو شێوه و شێوازێک ‹جوروواجور؛ رنگ‌وارنگ: جۆراوجۆر؛ ڕەنگاوڕەنگ›.

**واب** / vāb/: *اسم.* کەش؛ ئاو و هه‌وا؛ کەش و هه‌وا.

**وابران** / vābarān/: *صفت. [فیزیولژی]* ۱. تایبه‌ت و لێهاتوو له ڕاگواستنه‌وه‌ی پەیامی کۆئەندامی ناوه‌ندی ده‌مار بۆ ئەندامان (له‌مەڕ ده‌ماره‌وه). به‌رانبه‌ر: **آوران** ۲. تایبه‌ت و لێهاتوو بۆ ڕاگواستنه‌وه‌ی خوێن له دڵه‌وه بۆ ئەندامان (له‌مەڕ ڕەگەوه): **بَرَنده**

**وابستگی** / vābastegî ، ـها/: *اسم.* ۱. به‌ندیواری؛ به‌سراوه‌یی؛ بار و دۆخی به شتێکه‌وه به‌ند بوون ‹وابستگی انسان به مکنت دنیا: به‌ندیواری مرۆ به مالی دنیا› ۲. پێوه‌ندی؛ په‌یوه‌ندی ‹با هم وابستگی خانوادگی دارند: پێکه‌وه پیوه‌ندی خزمایه‌تیان هه‌یه›.

**وابسته**[1] / vābaste ، ـها؛ ـگان/: *اسم.* نوێنه‌ر؛ ئەندامی باڵوێزی ولاتێک له ولاتێکی‌تردا، به لێزانیه‌کی تایبه‌ته‌وه ‹وابسته‌ی بازرگانی؛ وابسته‌ی فرهنگی: نوێنه‌ری بازرگانی؛ نوێنه‌ری فه‌رهه‌نگی›.

**وابسته**[2]: *صفت.* به‌ند؛ به‌ن؛ پێوه‌ندیدار: ۱. قه‌متی؛ گرێدراو؛ گرێدای؛ په‌یوه‌ندی؛ خاوه‌نی پێوه‌ندی (خزمی، دڵۆڤانی، کاری)

۲. بەسراو؛ ئاتاج و داماو بە شتێکی دیکە ‹زندگی جانداران وابستە بە وجود هواست: ژیانی گیاندااران بەسراوەتە هەواوە›.

**واب شناسی** / vābšenāsî/: /اسم. ئاووهەواناسی؛ کەشناسی؛ هەواناسی.

**واپس** / vāpas/: /اسم. دوا؛ دما؛ پاش؛ دواو؛ دواوە؛ بەرەودوا.

▣ **واپس رفتن**: کشانەوە؛ بەرەو دوا چوون؛ پاشەکشەکردن؛ پاشگەز بوونەوە؛ پاشەگەز کردن؛ وەرسووڕانەوە؛ فەتلین؛ گەڕانەوە؛ کێشانە دواوە؛ کێشتەیوە دما.

**واپسگرا** / vāpasgerā ، ـها؛ ـیان/: صفت. کۆنەپەرەست؛ سەر بە کۆنەپەرستی.

**واپسگرایی** / vāpasgerāyî/: /اسم. ۱. بار و دۆخی بەرەو دوا چوون ۲. کۆنەپەرەستی؛ دژایەتی‌کردن لەگەڵ وەرگرتنی بیر و ڕای نوێ، بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگا.

**واپسین** / vāpasîn/: صفت. دوا؛ دواخرین؛ هەردەوا؛ پشتگین؛ دوماهی؛ ئاخری؛ ئاخرەمین؛ هەرەپاشین؛ دوادەم؛ دوادوایی؛ دواییین؛ دوامین؛ ئاخرین؛ دواگین؛ دماییین ‹واپسین دم؛ واپسین روز: دواهەناسە؛ دواڕۆژ›.

**وات** / vāt/: [انگلیسی]/اسم. وات؛ یەکەی پێوانی هێزی کارەبایی کە دەبێتە یەک ژوول لە چرکەیەکدا.

**واترپروف** / vāterp(o)rûf/: [انگلیسی] صفت. ئاونەدز؛ خۆڕاگر لە ئاست ئاو تێچوون و نمدان.

**واترپولو** / vāterpolo/: [انگلیسی]/اسم. واترپولۆ؛ یاریەک لە نێوان دوو تیمی مەلەوان لە ناو هەسێڵێکی گەورەدا کە یاریزانان تێدەکۆشن بە دەست توپ باوێنە ناو دەروازەی بەرامبەرەوە.

**واترقیدن** / vātaraqîdan/: [فارسی/ از عربی/ فارسی] مصدر. لازم. [گفتاری] // **واترقیدی**: دوا کەوتی؛ **وامی‌ترقی**: دوا دەکەوی؛ **وابترق**: دوا بکەوە// دوا کەوتن؛ بۆ دواوە گەڕان؛ بەرەو دواوە چوون؛ پاشکەوتن؛ دماکەوتەی؛ پاشەوە چوون؛ بەرەوپاش چوون؛ دابەزین و خراپتر بوونی بار و دۆخی کار یان ڕابواردنی ژیان.

■ صفت مفعولی: **واترقیده** (دواکەوتوو)

**واتسنج** / vātsanc ، ـها/: [انگلیسی/ فارسی]/اسم. وات‌پێو؛ کەرستەی پێوانی هێزی لەکارکراو لە خولگەیەکی کارەباییدا بە گوێرەی وات: **واتمتر**

**واتمتر** / vātmetr/: [انگلیسی/ فرانسوی] ☜ **واتسنج**

**واثق** / vāseq/: [عربی] صفت. [ادبی] ۱. دڵنیا؛ ئارخەیان؛ ئەرخەیان؛ بە متمانە ۲. [نامتداول] پتەو؛ خۆڕاگر؛ ڕاوەستاو؛ خۆگر.

**واج** / vāc ، ـها/: /اسم. ۱. [زبانشناسی] واج؛ فونیم؛ بچووکترین یەکەی قسە ‹«سَر» و «سار» هر یک از سه واج تشکیل شده است و «دَست» و «بیست» چهار واج: «سەر» و «سار» هەر کام لە سێ واج پێکهاتوون و «دەست» و «بیست» چوار واج›: **فونم** ۲. [قدیمی] وشە؛ واژە؛ لەبز.

**واجار** / vācār/: /اسم. [گفتاری] ۱. جار؛ قال ۲. بازار؛ وازار؛ سویک.

▣ **واجار کردن**: جار دان؛ درکاندن؛ زڕاندن؛ دەرخستن؛ خستنە ڕوو؛ ئاشکراکردن.

هەروەها: **واجار شدن**

**واجب** / vāceb ، ـها؛ ـات/: [عربی] صفت. ۱. پێویست؛ واژوو؛ واجوو؛ بە پێداویست زانراو بە پێی قانوون، شەرع یان دابونەریتی کۆمەڵایەتی ۲. ئەرک ‹خدمت به میهن بر هر کس واجب است: خزمەت بە نیشتمان ئەرکی هەمووانە›.

▣ **واجب عینی**: [فقه] کارێ کە لە سەر هەمووانە.

**واجب کفایی**: [فقه] کارێ کە ئەگەر کەسێ بیکا لە سەر ئەوانی‌تر دەکەوێ.

**واجبی** / vācebî/: [عربی/ فارسی]/اسم. نیرە؛ نووڕە؛ نەورە؛ مووخۆر؛ دەرمان؛ دەرمان حەمام؛ واجبی؛ دەوایەکی خۆمالی لە ئاهاک، زەرنیخ و

www.perawipepwle.com


خولەمێش کە وەک هەویر دەیگرنەوە و تووک و مووی لەشی پێ دەسڕنەوە.

**واجد** / vāced/: [عربی] *صفت.* خاوەن؛ دارا ‹واجد شرایط؛ واجد صلاحیت: خاوەنی مەرج؛ دارای لێوەشاوی›.

**واج‌شناسی** / vācšenāsî/: *اسم.* واجناسی؛ فونیمیک: ۱. بەشێک لە زمانناسی کە لە سەر واجەکان دەکۆڵێتەوە ۲. پێکهاتەی زمان بە گوێرەی واجەکانی ❋ **فونمیک**

**واچیدن** / vāčîdan/: *مصدر. متعدی. [گفتاری]* چنینەوە؛ ئەوەچنینەی؛ چنیەیوە؛ ڤەچنانden.

**واحات** / vāhāt/: [معرب بە قاعدەی عربی] جمعِ ☜ **واحه**

**واحد**[1] / vāhed ، ـها/: [عربی]/*اسم.* ۱. یەک؛ ئێک؛ یۆ؛ وێژنگ؛ ئەوەلین و بچووکترین ژمارەی ئاسایی ۲. یەکە؛ بەش؛ چاوە ‹واحد مسکونی؛ واحد اداری: یەکەی مال؛ یەکەی کارگێڕی› ۳. واحید؛ یەکەی دەرس کە خوێندکار لە خولێکدا دەیخوێنێ ٤. *[نظامی]* پەل؛ یەکان؛ دەستەی چەکداری لەباری مەرزینگەییەوە سەربەخۆ ٥. یەک؛ ڕادەیەکی داندراو و بەرچاو لە هەر شتێک کە دەبێتە کێشانەی پێوانی ئەو شتە ‹واحد طول؛ واحد زمان؛ واحد وزن: یەکەی درێژایی؛ یەکەی کات؛ یەکەی کێش›.

▣ **واحد اندازه‌گیری:** یەکەی پێوان.

**واحد**[2]: *صفت.* تاق؛ تاک؛ تەک؛ تەنیا؛ ئێک؛ یەک.

**واحه** / vāhe، ـها؛ واحات/: [معرب از قبطی]/*اسم.* خەمرک؛ کانی و شینایی لە ناو بیاباندا.

**واخ** / vāx/ ☜ **واه**

**واخواست** / vāxāst/: *اسم. [حقوق]* بەرتەک؛ بەرهەڵستی؛ پێشبڕی؛ لێڕابوونی؛ کار و ڕەوتی بەرپەرچ دانەوە؛ کارێکی قانوونی دژ بە قەرزدار بۆ دانەوەی قەرزەکەی لە کاتی خۆیدا.

▣ **واخواست شدن:** هەڵگەڕانەوە؛ نەدرانەوەی قەرزی بەڵگەدار (وەکوو بەرات یان سفتە) لە کاتی دیاریکراودا.

**واخواه** / vāxāh ، ـان/: *اسم. [حقوق]* ئەوەی بەرهەڵستی ڕای دادگا دەبێت.

**واخواهی** / vāxāhî/: *اسم. [حقوق]* بەرهەڵستی لە ئاست ڕای دادگا.

**واخوردگی** / vāxordegî/: *اسم.* دژداماوی؛ حەپەساوی؛ واقوڕماوی؛ دۆخ یان چۆنیەتی دژدامان.

**واخوردن** / vāxordan/: *مصدر. لازم. [گفتاری]* // **واخوردی:** دژدامای؛ **وامی‌خوری:** دژدادەمێنی؛ ـ // ۱. دژدامان؛ حەپەسان؛ عەبەسان؛ هەوەسیان؛ واق وڕمان؛ واق وڕ بوون؛ جحنین؛ مات بیەی/ مەنەی؛ بە هۆی سەرسووڕمانەوە تەواسان ‹از دیدن قیافه‌اش واخوردم: لە دیتنی سەر و سیمای دژدامام› ۲. شکست خواردن؛ نوشست هێنان؛ بۆڕ خواردن؛ بەزین؛ بەزیەی؛ شکان.

■ *صفت مفعولی:* **واخورده** (دژداماو)

**واخورده** / vāxorde ، ـها؛ ـگان/: *صفت.* ۱. ناکام؛ ناهمێ؛ ناهمێو؛ بە ئاوات نەگەیشتوو ۲. دژداماو؛ دۆژداماو.

**وادادن** / vādādan/: *مصدر. لازم. [گفتاری]* // **وادادی:** کۆڵت دا؛ **وامی‌دهی:** کۆڵ دەدەی؛ **وابِده:** کۆڵ بدە // ۱. کۆڵ دان؛ مل دان؛ هاتنە بار؛ هاتنە بەر بار؛ سەردانەواندن ۲. داهێزان؛ زک دان؛ لێک بەر بوون ‹دیوار خودش را وادادە: دیوارەکە داهێزاوە›.

■ *صفت مفعولی:* **وادادە** (کۆڵدەر)/ *مصدرمنفی:* **وانَدادن** (کۆڵنەدان)

**وادار**[1] / vādār ، ـها/: *اسم.* ۱. سەردەرانە؛ تیرەکی سەر دەرگا ۲. ئەستوونەکی نێوان دوو لنگەی درگا یان دەلاقە.

**وادار**[2]: *صفت.* هەڵپێچراو؛ ناچار؛ ناگوزیر؛ ڕانیا؛ ناعیلاج بۆ کردنی کارێ یان مل دان بە شتێ.

▣ **وادار شدن:** ناچار بوون؛ بە زۆر پێکران؛

هەڵپێچیان؛ هەڵپێچران ‹بعد از آن حادثه وادار شدم خانه را بفروشم و پول مردم را بدهم: دوای ئەو ڕووداوە ناچار بووم مالەکە بفرۆشم و پارەی خەڵک بدەمەوە›.

**وادار کردن**: هەڵپێچان؛ هەڵپێچاندن؛ هەڵنان؛ پێکردن؛ ناچارکردن ‹تو مرا وادار کردی دست به آن کار بزنم: تۆ هەڵتپێچام قەرەی ئەو کارە بکەوم›.

**واداشتن** / vādāštan/: مصدر. متعدی. // **واداشتی: هەڵتپێچا؛ وامێداری**: هەڵدەپێچی؛ **وابِدار: هەڵپێچە**// ۱. هەڵپێچان؛ هەڵپێچاندن؛ زۆر لێ کردن؛ ناچارکردن؛ ناعیلاج‌کردن ‹او را واداشتم که برگردد: هەڵمپێچا بگەڕێتەوە› ۲. دنەدان؛ هەڵنان؛ بزواندن ۳. *[گفتاری]* دامەزراندن؛ دامەزراندن؛ دانیان؛ ئەرەمەرزنەی. هەروەها: **واداشتنی**

■ صفت فاعلی: **وادارنده** (هەڵپێچەر)/ صفت مفعولی: **واداشته** (هەڵپێچراو)/ مصدر منفی: **وانَداشتن** (هەڵنەپێچان)

**وادی** / vādî ، ـها/: [عربی]/اسم. ۱. دەشتایی؛ دەشت؛ سفتیک؛ دۆڵەپان؛ تەختایی نێوان دوو کێو ۲. شیو؛ دۆڵ؛ دەرە؛ گەلێ ۳. *[مجازی]* مەڵبەند؛ ولات؛ سەرزەوی؛ سەرزەوین.

**وادیج** / vādîc ، ـها/: *[قدیمی]* اسم. کەڵەژ؛ ماهشەل؛ قایمەمێو؛ داربەستی داری ڕەز.

**ـ وار**/ vār/: پسوند. ـ وار؛ ـەوار: ۱. ـ انە؛ ـ ئاسا؛ وەکوو ‹پیروار؛ دیوانەوار؛ پیرانە؛ شێتانە› ۲. ـــ دار؛ ـ بار؛ خاوەنی شتێ ‹امیدوار؛ سوگوار؛ هیوادار؛ ئازیەتبار› ۳. ـــ بار؛ ئەندازە و هەند ‹خروار؛ خەروار›.

**وارث** / vāres، ـها؛ ـان؛ وُرّاث؛ وَرَثه/: [عربی]/اسم. میراتبەر؛ میرات‌گر؛ بەشبەر؛ کەڵەپوورگر؛ شرەگر؛ کەسێ کە شتێ بە میرات دەبا.

**وارد** / vāred/: [عربی] صفت. ۱. تێڕۆچوو؛ تێوەچوو بۆ شوێنێک ۲. *[مجازی]* شارەزا؛ لێزان؛ سەردەرچووگ ۳. بەجێ؛ بەجێگە.

⊡ **وارد آمدن**: لێکەوتن؛ (پێ)گەیشتن؛ بە سەردا هاتن؛ وە بەر شتی ناخۆش و نالەبار کەوتن ‹ضرر زیادی به آنها وارد آمده بود: خەساری زۆریان لێکەوتبوو› **وارد شدن ـ۳**

**وارد آوردن**: لێدان؛ پێ‌گەیاندن؛ پێداکێشان؛ پیاکێشان؛ وەبەر شتی ناخۆش و نالەبار خستن ‹ضربه‌ای به سرم وارد آورد: زەرپێکی لە سەرم دا› **وارد کردن ـ۳**

**وارد بودن**: ۱. *[مجازی]* شارەزا بوون؛ سەر دەرچوون؛ لێزانین؛ چەنە زانای ‹او به کارش وارد است: لە کاری خۆیدا شارەزایە› ۲. ڕەوا بوون؛ بەجێ بوون ‹اتهام وارد است: تاوانەکە ڕەوایە›.

**وارد شدن**: ۱. گەیشتن؛ چوونە ناو/ نێو؛ لوای دڵ؛ چوونی کەسێک بۆ شوێنێک ‹وزیر نفت وارد بغداد شد: وەزیری نەوت گەیشتە بەغدا› ۲. هێنران؛ لە شوێنێکی دیکەوە بۆ هاتن ‹هفت میلیون تن گندم وارد شد: حەفت ملیۆن تۆن گەنم هێنرا› ۳. ☜ **وارد آمدن**

**وارد کردن**: هێنان ۱. بردنە ناو؛ بۆ ناو شوێنێک بردن ‹او را به شهر وارد کردند: بردیانە ناو شارەوە› ۲. لە شوێنێکی دیکەوە هاوردن ‹از تایلند برنج وارد کردند: لە تایلەندەوە برینجیان هێنا› ۳. ☜ **وارد آوردن** ٤. لێ‌دان؛ دانەپاڵ ‹به او تهمت وارد کردند: تۆمەتیان لێدا›.

**وارد معرکه شدن**: هاتنە مەیدانەوە؛ خۆ تێ هەڵقورتان/ هەڵقوتان؛ خۆ خستنە ناو ڕووداوێکی گرینگ و پڕ گرمووقاڵەوە ‹در این موقع مخالفان وارد معرکه شدند: لەم کاتەدا نەیاران هاتنە مەیدانەوە›.

**وارد معقولات شدن**: *[تعریض]* خۆ تێ کوتان؛ دەم تێوەردان؛ خۆ تێکەڵ‌کردن ‹لازم نیست تو وارد معقولات بشوی: پێویست ناکا خوتی تێبکوتی›.

**واردات** / vāredāt/: [عربی]/اسم. هاوردەی؛ هاوردە؛ ئاوردە: ۱. ئەوی لە ولاتێکی‌ترەوە

هاتبێ (به گشتی) ۲. *[اقتصاد]* شتومەکی لە ولاتێکی‌ترەوە هاتوو.

**وارداتی** / vāredātî /: [عربی] *صفت.* هاوردەیی؛ سەر بە هاوردە ‹برنج وارداتی: برینجی هاوردەیی›.

**وارده** / vārede /: [عربی] *صفت.* گەیشتوو؛ گەییو؛ گەییگ؛ یاوا ‹نامەهای وارده: نامەی گەیشتوو›.

**واردی** / vāredî /: [عربی] *اسم. [گفتاری]* لێزانی؛ شارەزایی؛ سەردەرچوویی؛ سەردەرچووگی؛ ‹تجارت واردی می‌خواهد وگرنە ورشکست می‌شوی: سەودا لێزانی دەوێ دەنا تێدەشکی›.

**وارستگی** / vārastegî /: *اسم.* سەربەستی؛ ئازادەیی؛ دۆخ یان چۆنیەتی دەرباز بوون لە بەندەواری دنیا و مالی دنیا.

**وارسته** / vāraste ، ـها؛ ـگان /: *صفت.* سەربەست؛ دەرباز؛ ئازاد و ڕزگار لە بەندەواری.

**وارسی** / vārasî, vāresî ، ـها /: *اسم. [گفتاری]* ۱. کار یان ڕەوتی پشکنین؛ وشکاندن؛ هلکەواشتن؛ هلکەوشاندن؛ وشکنەی ۲. لێڕوانی؛ ڕەوتی بە دوادا چوون؛ لێکۆڵینەوە؛ تۆژینەوە و تاوتوێکردن لە شوێنێک، شتێک یان بابەتێک بە ئاریکاری بیر و هزر و ئەزموون و هەروەها خوێندنەوە و پرس و ڕا لە ئاگاداران ۳. کار و ڕەوتی پێداچوونەوە؛ بینینەوە؛ وینایوە.

▣ **وارسی کردن**: پشکنین؛ هلکەوشاندن؛ هلکەواشتن؛ لێکۆڵینەوە.

**وارسیدن** / vārasîdan /: *مصدر. لازم.* ۱. لێکۆڵینەوە؛ تۆژینەوە؛ تاوتوێکردن ۲. *[گفتاری]* کەلک نەمان؛ چرووک بوونەوە ‹نوبت ما که شد، وارسید: گەیشتە ئێمە، کەلکی نەما›.

**وارفتگی** / vāraftegî /: *اسم.* فلی؛ داهێزاوی؛ داهێزراوی؛ دارای؛ دۆخ یان چۆنیەتی شل و شەوێق بوونەوە.

**وارفتن** / vāraftan /: *مصدر. لازم.* // **وارفتی**: داهێزای؛ **وامی‌روی**: دادەهێزی؛ ـ// داهێزان؛ داهێزیان؛ داهێزران: ۱. داشۆڕان؛ داشۆڕیان؛ داچۆڕان؛ شل و شەوێق بوونەوە ‹قیر پشت بام جلو آفتاب وارفته بود: قیری سەربان لەبەر تاوەوە داشۆڕابوو› ۲. *[کنایی]* وەرە بەردان؛ پچڕان؛ پرچیەی؛ پڕووکان؛ پڕووکیەی؛ هێز تێدا نەمان ‹از خستگی وارفتن: لەبەر ماندوویی داهێزران› ۳. شی بوونەوە؛ لەبەریەک چوون؛ هەڵوەشانەوە؛ داوەشان؛ پەرتین؛ پەڕپتین؛ فرەقین؛ شنیایرە ‹وقتی پیراهنم را شستم، وارفت: کاتێ کراسەکەم شت، شی بوود› ٤. دژدامان؛ هەست بە داماوی کردن ‹از شنیدن خبر وارفتم: لە بیستنی هەواڵەکە داهێزام› ۵. داچەکان؛ کرچیان؛ ئاڵۆچیایرە؛ شۆڕ بوونەوە بە هۆی ژاکانەوە ‹برگ‌ها بر اثر گرما و بی‌آبی وارفته‌اند: گەڵاکان لە بەر تاو و بێئاوی داهێزاون›.

■ **صفت مفعولی: وارفته** (داهێزاو)/ مصدر منفی: **وانَرفتن** (دانەهێزان)

**وارفته** / vārafte /: *صفت.* داهێزاو؛ داچەکاو؛ فل؛ شل و شەوێق: ۱. بێ‌پتەوی؛ شل و ول؛ سست و نەرم ‹خمیر وارفته: هەویری داهێزاو› ۲. ـها/ *[کنایی]* خاو و خلیسک؛ بێهێزوگوڕ ‹پیرمرد وارفته: پیرەمێردی داچەکاو›.

**وارو**[1] / vārû /: *اسم.* واروو؛ جۆرێ سەرمەقوڵات دان بەبێ ئەوەی دەست زەوی بگرێ. بەرانبەر: **پُشتَک**

**وارو**[2]: *صفت. [گفتاری]* پێچەوانە؛ چەپەوانە؛ سەرەوخوار؛ واروو؛ ئاوەژوو؛ واژ.

**وارو**[3]: *قید. [گفتاری]* پشتەوڕوو؛ ئاوەژوو؛ بە پێچەوانە؛ چەپەوانە؛ پەشتەڕوانەی؛ بەرەو پشت ‹روی صندلی وارو نشسته بود: لە سەر سەندەلیەکە پشتەوروو دانیشتبوو›.

**وارون** / vārûn /: *صفت. [ادبی]* وەرگەڕاو؛ نخون؛ قڵپ؛ سەرەوخوار؛ سەربەرەوخوار؛ سەرەو ژێر؛ سەرەونخوون؛ دەمبەرەوخوار؛ دەمەونخوون؛ بەرسوف؛ ئاوەژووکراو.

**وارونگی** / vārûnegî /: *اسم.* سەرنخوونی؛ وەرگەڕاوی؛ گۆلی؛ دۆخ یان چۆنیەتی

دەمەونخوون بوون.

**وارونه**[1] / vārûne/: *صفت.* ۱. پێچەوانه؛ ئاوەژوو؛ بەراوەژوو؛ واژ؛ واژی؛ بەراوەژی؛ بەرەواژ؛ بەرقاژی؛ قاژی؛ بەلۆقاژی؛ ژبەرقاژیفە؛ وەرگەڕاو؛ وەرگێڕاو؛ سەرەونخون؛ سەرەوقوون؛ سەرابن؛ بەرشوش؛ تەرسە؛ بەرپاش؛ بەرسوڤ؛ قلپ؛ نقۆت؛ نۆر؛ سەرەوژێر؛ دەمەوخوار؛ سەرەوخوار؛ بەرەولا؛ دۆخ یا چۆنیەتیەکی نائاسایی و دژبەر ‹کار وارونە: کاری پێچەوانە› ۲. بەر و پشت؛ پشتوڕوو؛ دێواندێو؛ دیواودیو؛ دیواندیو؛ چەپەوانه؛ وارو؛ بە باری پێچەوانەدا (زۆرتر بۆ جلوبەرگی دەبەرکراو).

**وارونه**[2]: *قید.* سەرەوخوار؛ بە پێچەوانه؛ چەپەوانه؛ سەرەونوون؛ سەرنخووون؛ سەرابن؛ گەردڵەوڕوو ‹شیشه را وارونه گرفته بود: شووشەکەی سەرەوخوار گرتبوو›.

**واره**[1] / vāre/: *اسم. [گفتاری]* ئیشتیا؛ بژۆک؛ گێڤڵ؛ مەگێز؛ مجێز؛ جوفا؛ مرخ؛ واز؛ وەشتی؛ واشتش؛ ڕەوتی دڵ بردن.

▣ **واره‌ی کسی را آب بردن:** *[مجازی]* ئاو کەوتنه ژێر مالی کەسێک؛ شوێن مالی کەسێک بوون به جارەپیواز؛ تێکچوونی کاری کەسێک.

**ـ واره**[2]: *پسوند.* ۱. ـ ئاسا؛ ـ سا؛ وەکوو؛ وێنەی ‹ماهواره: مانگناسا› ۲. ـ اره؛ پێوەندیدار یان هاوگەر ‹گوشواره: گوارە›.

**واره‌گیر** / vāregîr/: *صفت. [گفتاری]* بەردڵ گیر؛ بەردڵ‌گر؛ قورس؛ تێرکەر.

**ـ واری** / vārî/: *پسوند.* ـ داری؛ ـ واری؛ ـ هەواری؛ هەبوونی دۆخ یان چۆنیەتیەک ‹امیدواری: بزرگواری: هیواداری؛ ڕێزداری›.

**واریته** / vār(i)yete ، ـها/: [فرانسوی]/اسم. ۱. شەو؛ بەرنامەیەک بریتی لە هەڵپەڕکێ، گۆرانی، شانۆ و... کە لە لایەن بەڕێوبەرانی جۆراوجۆرەوە ئاراستە دەکرێ ۲. *[زیست‌شناسی]* جۆر؛ چەشن.

**واریز** / vārîz/: *اسم. [حسابداری]* ۱. کاری پارە ڕژاندنه حیساب ۲. دارماوی؛ ڕمیاگی ‹واریز دیوار حیاط: دارماوی دیواری حەوشە›.

▣ **واریز کردن:** ڕژاندنه حیساب؛ خستنه حەساو ‹پول‌ها را به حساب بانکی شرکت واریز کردم: پارەکەم ڕژاندە حیسابی بەشدارگە›. هەروەها:

**واریز شدن**

**واریس** / vārîs/: [فرانسوی]/اسم. پاگرە؛ فێڵپا؛ واریس؛ نەخۆشی ماسین و گرێوگۆڵ بوونی ڕەگی لەش (شینەدەمار، سوورەدەمار یان ڕەگی لەنفاوی) بەتایبەت لە پێدا.

**وازدگی** / vāzadegî/: *اسم.* ۱. دژداماوی؛ دۆخ یان چۆنیەتی دژدامان ۲. بێبایەخی؛ بێکەڵکی ۳. وەڕەزی؛ بێزاری.

**وازدن** / vāzadan/: *مصدر متعدی.* // **وازدی:** وەڵاتنا؛ **وامەزنی:** وەلادەنی؛ **وابزن:** وەلانێ// ۱. وەلانان؛ خستنه لاوه؛ وستەیوه لا؛ نەپەژیران؛ وەرنەگرتن و نانه لاوه به هۆی باوی دڵ نەبوون ۲. *[کنایی]* دژدامان؛ کز و مات بوون ۳. داشکان؛ کەمکردن؛ نیانه کزی. هەروەها: **وازدنی**

■ صفت مفعولی: **وازده** (وەلانراو)

**وازده** / vāzade ، ـها/: *صفت. [مجازی، گفتاری]* ۱. ـگان/ دژداماو؛ کز و مات ‹آدم وازده: مرۆڤی دژداماو› ۲. بێبایەخ؛ بێکەڵک؛ مەراش؛ هاش؛ شیاوی فڕێ دان؛ بۆ ڕژاندن ‹جنس وازده: کالای بێبایەخ› ۳. وەڕەز؛ وێڕس؛ بێزار؛ وەستاو ٤. هەپیلۆک؛ بێقابل؛ هیچ لێ نەهاتوو.

**وازلین** / vāzelîn/: [فرانسوی]/اسم. وازلین؛ ڕۆنێکی خەستە، تێکەڵاوی چەند هیدرۆکەربونی دەستەی پارافین کە زۆر مەڵهەمی لێ دروست دەکەن.

**واژک** / vājak ، ـها/: *اسم.* بێژەک؛ بچووکترین یەکەی ماناداڕ لە زمانێکدا.

**واژگان** / vājegān/: *اسم.* دەستەوشە؛ پێڕستێک بریتی لە سەرجەمی وشەی کتێب، بابەت یان زمانێک. ‹واژگان ریاضی: دەستەوشەی بیرکاری›.

**واژگون** / vājgûn/: *صفت.* وەرگەڕاو؛ دەمەوخوار؛ دەمەونخون؛ دەمەوژێر؛ دەمەوڕوو؛ سەرەوژێر: ۱. ئاواژی؛ بەراوەژوو؛ قڵپ؛ واژی؛ بەرەواژی؛ بەرۆڤاژی؛ بەلەڤاژی؛ ئاوەژوو ۲. هەڵدێراو؛ ژێر و ژوور؛ ژێر و بان؛ ژێر و ڕوو؛ هەڵگەڕاوە؛ دەرنخون؛ سەرەونخون؛ دەرنەخوون؛ قڵپ؛ بەروپشت؛ بەراوپشت؛ سەرنخون؛ پەرت؛ سەرەونوون؛ سەرنوخین؛ ژێربان ❋ **باژگون**

**واژگونگی** / vājgûnegî/: *اسم.* سەرەونخوونی؛ وەرگەڕاوەیی؛ دەمەوخواری؛ دەمەوژێری؛ ئاوەژووییی؛ بەراوەژوویی؛ دۆخ یان چۆنیەتی سەرەونخوون بوون.

**واژگونە**[1] / vājgûne/: *صفت.* سەرەونخوون؛ دەمەوخوار؛ ئاواژی؛ دەمەوژێر؛ ئاوەژوو؛ واژی؛ هەڵدێراو؛ بەراوەژوو.

**واژگونە**[2]: *قید.* بە سەرەونخوونیەوە؛ دەمەوخوار؛ دەمەوڕوو؛ ئاوەژوو.

**واژگونی** / vājgûnî/: *اسم.* وەرگەڕاوی؛ ڤاجایی؛ بەراوەژوویی؛ سەرەونخوونی؛ دەمەوخواری؛ دۆخ یان چۆنیەتی سەرەوژێر بوون.

**واژن** / vājan ، ـها/: [فرانسوی]*اسم.* ژن؛ دۆلان؛ لوولەی ماسوولکەیی لە نێوان پزدان و شەرمی ژناندا.

**واژە** / vāje ، ـها؛ ـگان/: *اسم.* وشە؛ وتە؛ گوتە؛ کوتە؛ بێژە؛ وێژە؛ واژە؛ لەبز؛ کەلیمە؛ سەرجەمی چەند پیت کە یەکەیێکی سەربەخۆی مانادار پێکدێنێ (وەک نان، باش، هاتم، ئاخ، کردار و...).

**واژەسازی** / vājesāzî/: *اسم.* وشەسازی؛ کار و ڕەوتی داڕشتنی وشە.

**واژەگزینی** / vājegozînî/: *اسم.* وشەبژێری؛ کاری هەڵبژاردنی وشەی لەبار یان پێویست.

**واژەنامە** / vājenāme ، ـها/: *اسم.* وشەدان: ۱. کتێبێکی سەربەخۆی جووتزمان، بریتی لە وشەی تایبەتی لقێکی زانستی زمانێک بە زمانێکیتر ۲. پێڕستی وشە دژوارەکانی کتێبێک لە پاشکۆی کتێبەکەوە ۳. فەرهەنگ.

**واژەنما** / vājenemā ، ـها/: *اسم.* وشەیەک لە سەرەوەی لاپەڕەی وشەدان یا کتێبی چاوگەوە کە نیشانەی یەکەمین یان ئاخرین لێمایە لەو لاپەڕەدا.

**واژەیابی** / vājeyābî/: *اسم.* وشەدۆزی؛ کار و ڕەوتی دۆزینەوەی وشەگەلی لەبار و پێویست.

**واسال** / vāsāl ، ـها؛ ـان/: *اسم. [قدیمی]* زاوت؛ نوێنەری خاوەن زەوی و زار بۆ پێڕاگەیشتن بە کاری کشتوکاڵ و کۆکردنەوەی پیتاکی سەپێنراو بە سەر جووتیاراندا.

**واسرنگ** / vāsarang, vāserang ، ـها/: *اسم. [گفتاری]* هێرش؛ شاڵاو؛ پەلامار؛ هوروژم؛ هەڵمەت؛ هەشاول؛ هاشاول؛ هاشاڵ.

▣ **توی دل کسی واسرنگ رفتن**: هاشاول بردن بۆ کەسێ؛ ئامبازی کەسێ بوون؛ پەلامار دانە سەر کەسێک.

**واسرنگیدن** / vāsarangîdan, vāserangîdan/: *مصدر. متعدی. [گفتاری]* // **واسرنگیدی**: پەلامارت دا؛ **وامی‌سرنگی**: پەلامار دەدەی؛ **واسرنگ**: پەلامار دە// ۱. پەلامار دان/ بردن؛ ڕاهێشتن؛ پەلەمار دەی/ دای؛ هەڵمەت بۆ بردن؛ هاشاول/ شاڵاو بردن؛ هوروژم بردن؛ هێرش کردنە سەر ۲. ڕوو وەرگەڕاندن؛ لا لێ نەکردنەوە.

■ صفت مفعولی: **واسرنگیده** (پەلامارداراو)

**واسطه** / vās(e)te ، ـها/: [عربی]*اسم.* ۱. *[وسایط نامتداول]* ناوجی؛ نێونجی؛ نێوان‌گیر؛ ناوبژیوان؛ ناڤبژیوان؛ سنگە؛ ئەوی بۆ بەرگری لە شەڕ یان ئاشتکردنەوە دێتە پێشەوە ۲. شناس؛ ئاشنا و ڕۆشنا؛ پارتی؛ ئەو کەسە دەستی دەڕوا و کار جۆر دەکا ‹برای این کار دست به دامن چند تا واسطه شدم: بۆ ئەم کارە پەنام بەر چەن شناس برد› ۳. دەڵاڵ؛ ڕێخەری مامەڵەی کڕیار و فرۆشیار.

**واسطه‌گری** / vās(e)tegarî/: [عربی/ فارسی]*اسم.*

www.perawipepwle.com



دەلالی؛ پیشە و کاری دەلال.

**واسکازین** / vāskāzîn /: [انگلیسی]/سم. واسکازین؛ ڕۆنێکی خەستە لە وەچەی نەوت، تایبەتی گیربوکس و دیفرانسیلی ماشین کە لە بەرانبەر گەرما و تەوژمەوە زۆر هەڵدەکا.

**واسە** / vāse /: حرف. *[گفتاری]* بۆ؛ ژبۆ؛ لەبۆ؛ ئەڕا؛ پەی؛ پەرێ ‹واسەی چی؟؛ واسە شما بود: بۆ چی؟ ربو ئێوە بوو›.

**واشر** / vāšer ، ـها/: [انگلیسی]/سم. بەرپێچ؛ واشیر؛ ئالقەیەکی تەخت و تەنکە دەخرێتە نێوان پێچ و مۆرەوە بۆ کپ بوون، ئاو نەدان یان نەکرانەوە.

**واشە** / vāše /: [کردی]/سم. واشە؛ باشوو؛ باشووک؛ بالەوان؛ تورمتە؛ مەلێکی پچووکی ڕاوکەرە زۆرتر چۆلەکە دەگرێ.

**واصل** / vāsel /: [عربی] صفت. گەیشتوو؛ دەسکەوتوو؛ گەییوو؛ گەییگ.

▣ **واصل شدن**: گەیشتن؛ گەیین؛ بە شوێن یان بە دەستی کەسێک گەیشتن.

**واضح**[1] / vāzeh /: [عربی] صفت. ڕوون؛ ئاشکرا؛ خویا؛ پەیا؛ پەیدا؛ دیار؛ شیاوی لێ تێگەیشتن ‹تصویر واضح: وێنەی ڕوون›.

**واضح**[2]: *قید.* بە ئاشکرا؛ ئاشکرا؛ ڕوون؛ ڕاشکاو؛ بە ڕاشکاوی؛ بە ئاشکرایی؛ بە ڕوونی ‹واضح دیده می‌شد: بە ئاشکرا دەبینرا›.

**واضع** / vāze' ، ـان/: [عربی] صفت. ۱. بەدیهێنەر؛ پێکهێنەر ۲. دانەر؛ بەتایبەت دانەری دەستوور و نەریت ‹واضع قانون: دانەری قانوون›.

**واعظ** / vā'ez ، ـها؛ ـان؛ ـین؛ وعّاظ/: [عربی]/سم. ئامۆژیار؛ ئامۆژگاری‌دەر؛ مۆچیاری‌کەر.

▣ **واعظ غیر متّعظ**: گووپی کەر؛ ئامۆژیاری بێ کردار؛ کەسێ کە گوێی بۆ قسەی خۆی شل نیە.

**وافر** / vāfer /: [عربی] صفت. زۆر؛ فرە؛ فریە؛ فراوان؛ زەبەند؛ زەحف؛ فرەوان ‹پول وافر داشت: پارەی زۆری بوو›.

**وافور** / vāfûr ، ـها/: [لاتینی]/سم. بافوور؛ وافوور؛ ئامرازی تریاک کێشان، بریتی لە لوولەیەکی چێوی کورت کە لکاوەتە پیالەیەکی زارتەنگی زۆر چکۆلەوە: **بافور** *[گفتاری]*

**وافوری** / vāfûrî ، ـها/: [لاتینی] صفت. بافووری؛ مەفەنگی؛ شیرەیی؛ تریاکی؛ هۆکارەی تریاک کێشان بە بافوور.

**وافی** / vāfî /: [عربی] صفت. *[ادبی]* تەواو؛ تێر و پڕ؛ بەسندە؛ پڕ بە پێست؛ چڕ و پڕ؛ بە ئەندازەی شیاو.

**واق** / vāq /: صوت. *[گفتاری]* وەڕە؛ حەپە؛ گەفە؛ گەف؛ عەف؛ هەف؛ ڤڕ؛ ڤڕاسە؛ دەنگی سەگ.

**واقع**[1] / vāqe' /: [عربی]/سم. *[گفتاری]* ڕووداو؛ ڕووداوە؛ ئەوی ڕووی داوە ‹خلاف واقع: بە پێچەوانەی ڕووداو›.

**واقع**[2]: صفت. ۱. ڕووداو؛ ڕووداوە؛ کار و ڕەوتی قەومان؛ قەومیان؛ قۆمیەی؛ ڕووداو ‹این حادثه دیروز واقع شد: ئەم کارەساتە دوێنێ ڕووی دا› ۲. هەڵکەوتوو؛ بە دۆخ یان چۆنیەتی بوون لە شوێنێکدا ‹خانه‌ی او در یکی از کوچه‌های اصلی واقع بود: ماڵەکەی لە کۆڵانێکی سەرەکیدا هەڵکەوتووە›.

هەروەها: **واقع شدن**

**واقعا** / vāqe'an /: [عربی] *قید.* لە ڕاستیدا؛ بە ڕاستی؛ بە ڕاسی ‹واقعا درس می‌خواندم؛ واقعا نمی‌خواست برود: بە ڕاستی دەرسم دەخوێند؛ لە ڕاستید نەیدەویست بڕوا›.

**واقع بینانه**[1] / vāqe'bînāne /: [عربی/ فارسی] صفت. ڕاستبینانە؛ ڕاس‌بینانە؛ بەشدار لە ڕاستبینی ‹ارزیابی واقع‌بینانه: هەڵسەنگاندنی ڕاستبینانە›.

**واقع بینانه**[2]: *قید.* ڕاستبینانە؛ بە ڕاستبینیەوە؛ هاوڕێ دەگەڵ ڕاستبینیدا ‹واقع‌بینانه قضاوت کرد: ڕاستبینانە داوەری کرد›.

**واقع بینی** / vāqe'bînî ، ـها/: [عربی/ فارسی]/سم. ۱. ڕاستبینی؛ ڕاس‌بینی؛ ڕەوتی گرنگی دان و سەرنج دان بە ڕاستی و چاوپۆشی لە خەیاڵی خاو ۲. کار یان توانایی دیتن، فامین و بەراوەرد

کردنی ڕووداو و دیارده بەو شێوە کە هەیە. هەروەها: **واقع‌بین**

**واقعگرا** / vāqe'gerā ، ـها؛ ـیان/: [عربی/ فارسی] *صفت.* ڕاستیواز؛ هۆگر و شوێنکەوتووی ئەوی ڕاستی ڕووداوە.

**واقعگرایی** / vāqe'gerāyî ، ـها/: [عربی/ فارسی] */سم.* ڕاستیوازی؛ ڕیئالیسم: ۱. ئۆگرەتی و سەرنج بەرەو ئەوی ڕێتێ دەچێ ڕوو بدا یان ڕووی داوە و خۆ پاراستن لە خەیالی خاو ۲. ئامۆژەیی کە جەهان بە بوونەوەرێکی ڕاستەکی و لە دەرەوەی ئاوەزی مرۆڤ دەزانێ ۳. بڕوا بەوەی کە هەر چی مرۆڤ لێی تێبگا، بوونی هەیە و ڕاستەکیە ٤. ئەمەگداری بە سروشت و ژیانی ڕاستەکی و پاڕێز لە خەیالات

*** اصالت واقع**

**واقعه** / vāqe'e ، ـها؛ وَقایع/: [عربی]/*سم.* کارەسات؛ ڕووداو؛ پێشهات (زۆرتر ناخۆش و نالەبار)؛ ‹واقعەی کوی دانشگاه: ڕووداوی گەڕەکی زانستگا›.

**واقعی** / vāqe'î/: [عربی] *صفت.* ڕاستەکی؛ بە بوونێکی ڕاستەقینەوە ‹آرام یک دوست واقعی بود: ئارام دۆستێکی ڕاستەکی بوو›.

**واقعیات** / vāqe'îyyāt/: [عربی] جمعِ ☜ **واقعیّت**

**واقعیت** / vāqe'îyyat ، ـها؛ واقعیّات/: [عربی]/*سم.* ڕاستەقینە؛ ڕاستەقانی؛ ڕاستی: ۱. دۆخ یان چۆنیەتی ڕاست بوون ۲. کۆمەڵە شت و ڕووداوی بە ڕاستی ‹تلاش برای فرار از واقعیت بیهوده است: هەوڵ بۆ دەرچوون لە ڕاستەقینە بێخۆیە› ۳. ڕاست؛ چۆنیەتی، چییەتی یان شێوەی ڕاستەکی ‹رویای او به واقعیت پیوست: خەیاڵەکەی بوو بە ڕاست›.

**واقف**[1] / vāqef ، ـان/: [عربی]/*سم.* خەیرومەند؛ کەسێ کە شتێک وەقف دەکا.

**واقف**[2]: *صفت.* ئاگادار؛ ئاگا؛ هاگا؛ باخەبەر ‹او به همه‌ی اسرار زندگی ما واقف بود: ئەو لە ژیر و بنی ژیانی ئێمە ناگادار بوو›. هەروەها: **واقف بودن؛ واقف شدن؛ واقف کردن؛ واقف گشتن**

**واق‌ـواق** / vāqvāq/: *صوت.* وەڕەوەڕ؛ حەپەحەپ؛ عەوعەو؛ عەوەعەو؛ هەفەهەف؛ عەوتەعەوت؛ حەوحەو؛ حەپەی لەسەریەکی سەگ.

**واکس** / vāks/: [روسی]/*سم.* واکس؛ بۆیاخ؛ بۆیاغ؛ ڕەنگی کەوشان؛ ڕۆنێکی خەستی بریقەدار (و ڕەنگی) بۆ بریقە پێخستنی: *الف)* ڕووکاری کەوش و کەلوپەلی چەرمی ب) تەختپۆش ج) ڕووکاری بڕێ کەرستەی ئاسنی.

▣ **واکس زدن**: واکس کردن؛ بۆیاخ دان؛ پێداساوینی واکس ‹کفش‌هایی که تازه واکس زده بودم، یکپارچه گلی شد: ئەو کەوشانەی تازە واکسم کردبوون، یەکسەر بوونە قوڕ›.

**واکسن** / vāksan ، ـها/: [فرانسوی]/*سم.* واکسین؛ واکسەن؛ هەوێنێ لە میکڕۆبی نیوەگیان و کوژراوی پەتایێ کە بۆ بەرگری لە تووشیار بوون، دەیخۆنەوە یان دەیوەشێنن.

**واکسی**[1] / vāksî ، ـها/: [روسی]/*سم.* واکسی؛ بۆیەچی؛ بۆیاغچی؛ کەوش بۆیاخکەر ‹واکسی سر کوچه‌ی ما بود: واکسی سەر کۆڵانی ئێمە بوو›.

**واکسی**[2]: *صفت.* واکساوی؛ تلاو بە واکسەوە ‹جورابم را هم واکسی کرد: گۆرواکانیشمی واکساوی کرد›.

**واکسیل** / vāksîl ، ـها/: [روسی]/*سم.* واکسیل؛ پەلکە قەیتانی سەرشانی چەکداران.

**واکسیناسیون** / vāksînās(i)yon/: [فرانسوی] */سم.* واکسیناسیۆن؛ کوتان؛ کاری تێڕۆکردنی واکسین بۆ ناو لەش.

**واکسینه** / vāksîne/: [فرانسوی] *صفت.* کوتاو؛ دەرزی لێدراو؛ واکسینە؛ دەرزی کوتراو/ وەشراو.

▣ **واکسینه شدن**: واکسینە بوون؛ واکسەن چوونە لەشەوە. هەروەها: **واکسینه کردن**

**واکمن** / vākman ، ـها/: [انگلیسی]/*سم.* واکمەن؛ ناوی بازرگانی بۆ دەزگای چکۆلەی

بلاوکەرەوەی دەنگ.

**واکنش** / vākoneš / ـها/: *اسم.* ۱. زیچ؛ کاردانەوە؛ کار یان ڕەوتێک لە وەڵامی کار یان ڕەوتێکی تردا ۲. بەرهەڵستی؛ بەرەنگاری؛ نەیاری و نارەزایەتی لە ئاست دۆخی ڕووداودا ۳. بەرپەرچ؛ وەڵامی ناویستەکی لەش لە ئاست دنەدەرێکدا ٤. *[شیمی]* گۆڕانکاری کیمیایی.

**واکە** / vāke ، ـها/: *اسم. [زبان‌شناسی]* دەنگدار.

**واکی‌تاکی** / vākîtākî ، ـها/: [انگلیسی]/*اسم.* واکی‌تاکی؛ دەزگای بچووک و دەستهەڵگری ناردن و گرتنی دەنگی ڕادیۆیی.

**واگذار** / vāgozār/: *صفت.* سپاردە؛ ڕەوتی سپاردن.

▣ **واگذار شدن**: سپێردران؛ پێدران؛ پێبڕان؛ کەوتنە ژێر دەستی کەسێکی‌تر ‹اختیارات رئیس به معاونش واگذار شد: دەسەڵاتی سەرۆک بە جێگرەکەی سپێردرا›.

**واگذار کردن**: سپاردن؛ پێسپاردن؛ دان بە کەسێک ‹همه چیز را به همسرش واگذار کرد: هەموو شتێکی بە ژنەکەی سپارد›.

**واگذاردن** / vāgozārdan/ ☜ **واگذاشتن**

**واگذاری**[1] / vāgozārî/: *اسم.* کار یان ڕەوتی شتێ بە کەسێک دان؛ بەخشین؛ دانان ‹با واگذاری املاکش به انجمن‌های خیریه خود را خلاص کرد: بە بەخشینی مال و داراییەکی بە ئەنجومەنە خێرخوازەکان خۆی لێ ڕزگار کرد›.

**واگذاری**[2]: *صفت.* بەخشراو؛ دراو؛ ڕاگوێزراو؛ دریاگ ‹زمین‌های واگذاری: زەوینە بەخشراوەکان›.

**واگذاشتن** / vāgozāštan/: *مصدر. متعدی. [ادبی]* // **واگذاشتی**: ڕاتگوێزا؛ **وامی گذاری**: ڕادەگوێزی؛ **واگذار**: ڕاگوێزە // ۱. ڕاگوێزان؛ ڕاگواستن؛ سپاردن؛ دەسەڵات یان مافی شتێک بە کەسێ دان ‹نوبت را به دیگری واگذاشتن؛ ملک را به خریدار واگذاشتن: نۆرە بە دیتری ڕاگوێزان؛ ملک بە کڕیار سپاردن› ۲. بەخشین؛ دان؛ پێشکەشکردن ‹خانه را به زنش واگذاشت: ماڵەکەی بەخشیە ژنەکەی› ۳. دەس لێبەردان؛ وێڵکردن * **واگذاردن**. هەروەها: **واگذاشتنی**

■ صفت فاعلی: **واگذارنده** (ڕاگوێزەر)/ صفت مفعولی: **واگذاشته** (ڕاگوێزراو)/ مصدر منفی: **واناگذاشتن** (ڕانەگوێزان)

**واگرا** / vāgarā/: *صفت.* ۱. بلاوەخواز؛ دوورەوەگر؛ دۆخ یان چۆنیەتی لێک پڕش و بلاو بوونەوە ‹جمعیت واگرا: ئاپۆرەی بلاوەخواز› ۲. *[فیزیک]* بلاو؛ تایبەتمەندی تیشکێ کە بلاوەدەکا ‹پرتو واگرا: موج واگرا: تیشکی بلاو؛ شەپۆلی بلاو›.

**واگشت**/ vāgašt/: *اسم.* ئەواگێڵ؛ گۆڕانی باری هەڵگرتنی با بە پێچەوانەی خولی کاتژمێر.

بەرانبەر: **گشت**

**واگن** / vāgon ، ـها/: [انگلیسی]/*اسم.* واگۆن: ۱. هەر کام لەو ئۆدانەی قەتار کە بە لکومۆتیڤ یان ئۆدەی‌تر‌ەوە بەستراوە ۲. هۆدەیەکی بێموتور کە بە شوێن ماشێنیەوە دەبەستن ۳. *[قدیمی]* جۆرێک شەمەندەفەر کە بە ئەسپ دەکێشرا: **واگن اسبی * واگون**

▣ واگن اسبی ☜ **واگن ـ۳**

**واگون** / vāgon/ [انگلیسی] ☜ **واگن**

**واگویه** / vāgûye ، ـها/: *اسم. [گفتاری]* کار و ڕەوتی گەڕاندنەوە؛ گوتنەوە؛ گێڕانەوە؛ وتنەوە؛ گێڵنایوە ‹این حرف را جایی واگویه نکن!: ئەم قسە لە هیچ شوێنێک مەکێرەوە!›.

**واگیر** / vāgîr/: *اسم.* گیرۆیی.

**واگیردار** / vāgîrdār/: *صفت.* گیرۆ؛ ئاهۆ؛ درم؛ پەژیک؛ بە تایبەتمەندی گۆزانەوە لە کەسێکەوە بۆ کەسێتر و کارتێکردنی ‹خنده و گریه هم مانند برخی بیماری‌ها واگیردار هستند: گریان و پێکەنینیش وەک بڕێ نەخۆشی گیرۆن›.

**واگیری** / vāgîrî/: *اسم.* گیرۆیی؛ کێنج؛ دۆخ یان چۆنیەتی گیرۆ بوون.

**وال** / vāl/: *اسم.* وال: ۱. [هندی] لێچەک؛ تووڵ؛

جورێ پارچەی ناسکی شاش کە ئەو دیوی لێوە دیارە ۲. /ـها/ ـان/ [یونانی/انگلیسی] گەورەترین گیاندارێ زەوی کە گواندارێکی ئاوژیە و لە ماسی دەچێ، گۆشتی دەخۆن و ڕۆنەکەی بۆ دەرمان بە کەڵکە: **بالن، نهنگ ـا**

**والا** / vālā/: *صفت.* بالا: ۱. بەرز؛ سەر؛ بان؛ خاوەن پلە و پایەی گرینگ ۲. هەرەباش؛ هەرەچاک ۳. خۆشەویست؛ خوەشەویس؛ عەزیز ٤. ڕەسەن؛ نەجیب.

**والا** / vāllā/: [از عربی] *قید. [گفتاری]* وەللا: ۱. بەخودا؛ بەخوا؛ خودێ؛ وەللاهی؛ سوێندێکە ۲. بە ڕاستی؛ بە ڕاس؛ لە ڕاستیدا ‹والا نمی‌دانم: بە ڕاستی نازانم›.

**والا** / va'ellā/: [عربی] *قید.* دەنا؛ ئەگەرنە؛ ئەگینا؛ ئەنا؛ ئننا؛ وەگەرنە؛ ئەنیا ‹سر وقت بیا، والا بیرونت می‌کنند: لە کاتی خوێدا بێ، دەنا دەرت دەکەن›.

**والاحضرت** / vālāhazrat ، ـها/: [فارسی/عربی] *اسم.* ڕێزدار؛ بەڕێز؛ سەرناوێک بۆ شازادەیان.

**والاگهر** / vālāgohar/: *صفت.* نەجیبزادە؛ نەجیبزا. هەروەها: **والاتبار**

**والامقام** / vālāmaqām/: [فارسی/عربی] *صفت.* پایەبەرز؛ خاوەن پلە و پێگەی بان و گرینگی کۆمەلایەتی و ڕامیاری.

**والان** / vālān ، ـها/: *اسم.* ۱. [فرانسوی] والان؛ سەرپەردە؛ کولەپەردەیەکی جوان کە بە سەر پەردەدا هەلێدەواسن ۲. لێوارەیەکی چێندارە بۆ جوانی لە پالداوێن، سەرقۆل و...ی دەدەن.

**والد** / vāled/: [عربی] *اسم. [ادبی]* باب؛ باوک؛ بابە؛ تاتە.

**والده** / vālede/: [عربی] *اسم. [ادبی]* دایک؛ دایە؛ دالک؛ داک؛ دا؛ ئەدا.

**والدین** / vāledeyn/: [عربی] *اسم. [ادبی]* دایک و باب؛ دایک و باوک؛ دایە و بابە؛ ئەدا و تاتە.

**والذاریات** / vazzārîyyāt/: [عربی] *اسم. [مجازی، گفتاری]* ۱. چۆرتم؛ دومات؛ تەمەرە؛ چام؛ بەلا؛ ڕۆژڕەشی؛ نەهامەتی؛ نامەتی؛ بەوبەختی؛ بەلا و موسیبەتی خراپ ۲. شین و شەپۆری بێئاکام ❋ **والزّاریات**

▣ والذاریات خواندن: *[کنایی]* نالەونکە/ نکەونالە کردن؛ شین‌وشەپۆرکردن؛ بە ناهەق گلە و سکالا کردن.

گرفتار والذاریات شدن: تووشی نەهامەتی هاتن؛ تووشی ڕۆژڕەشی بوون؛ پێوە بوون؛ تووشی بەلای بۆگەن هاتن.

**والریان** / vāleriyān/: [فرانسوی] ☜ **سُنبُل‌الطّیب ـ۲**

**والرین** / vāleriyan/: [فرانسوی] ☜ **سُنبُل‌الطّیب ـ۲**

**والزاریات** / vazzārîyāt/: [عربی] ☜ **والذّاریات**

**والس** / vāls ، ـها/: [فرانسوی]/*اسم.* والس: ۱. جۆرێ هەڵپەڕکێی جووت و ئارامی ڕۆژاوایی کە لەگەڵ مووسیقایەکی تایبەتدا بەڕێوە دەچێ ۲. ئاهەنگی سێ زەربی تایبەت بەم هەڵپەڕکێیە.

**والسلام** / vassalām/: [عربی] *شبه‌جمله.* ۱. سەلامەتیت؛ تەواو؛ تەواوبوو؛ لە بڕانەوەی قسە یان نامەدا بە کار دەچێ ۲. چی‌ترنە؛ چی‌ترنا؛ هەر ئەمە و بەس؛ ئاوێک بێنە و دەستان بشۆ.

**والک** / vālak ، ـها/: *اسم.* کۆل؛ گیایەکی گەلا پانە، بۆنێکی تۆندی وەک سیری هەیە و دەخورێت: **سیر کوهی**

**والله** / vallāh/: [عربی] *شبه‌جمله.* بەخودا؛ بەخوا؛ وەخودا؛ خودێ؛ وەللا؛ وەللاهی؛ سوێند بە خوا.

**والو** / vālv ، ـها/: [فرانسوی]/*اسم.* سووپاپ؛ والف؛ پارچە کانزایەکی بە تیۆپی تەگەرەوە لکاو کە وەک شێری هەوا کار دەکا.

**والور** / vālor/: [فرانسوی]/*اسم.* والۆر: ۱. /ـها/ ناوی بازرگانی بۆ جۆرێک چرای چێشت لێنان کە بە نەوت دەسووتێ و پلیتەی گردە ۲. گرینگایەتی؛ پلە و پایە لە ناو کۆمەڵدا.

**واله** / vāle(h)/: [عربی] *صفت.* ۱. شەیدا؛ لێوە؛ هەڤین‌گەرم؛ هەوایی؛ شێت و هار لە دڵداریدا ۲. سەرسام؛ هەیرو؛ سەرسڕماو؛ سەرلێشێواو.

**والی** / vālî ، ـها؛ ـان/: [عربی]/*سم. [قدیمی]* والی؛ پارێزگار؛ حاکمی ولات.

**والیبال** / vālîbāl/: [انگلیسی]/*سم.* والیبال؛ یاریەکی دوو تیمیە بە تۆڕێک لە ناوەڕاستدا کە تۆپ بۆ یەک دەهاون و نابێ بهێڵن لە ئەرز بکەوێ.

**والیبالیست** / vālîbālîst ، ـها/: [از انگلیسی]/*سم.* والیبالیست؛ یاریکەری والیبال.

**وام** / vām ، ـها/:/*سم.* وام؛ واو؛ وا؛ قا: ۱. کەر؛ قەر؛ قەرز؛ قەرت؛ سامە؛ سەڵەف؛ پارەیێ کە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو وەردەگیردرێ و دەدرێتەوە ‹از بانک وام گرفتم: لە بانک وامم گرت›.

▣ **وام شرافتی:** وامی بێدەستەبەر؛ وامێ کە بێ ناسینی زامن یان گرەودانان دەدرێ.

▣ **وام دادن:** وام دان؛ قەرز دان. هەروەها: **وام گرفتن**

**وام داشتن:** قەرزدار بوون؛ وامدار بوون؛ قەرزار بوون؛ دانەوەی قەرزێک لە ئەستۆ بوون.

**وامانـدگی** / vāmāndegî/:/*سم.* ۱. داماوی؛ داماگی؛ کەشەنگی؛ دۆخ یان چۆنیەتی قەتیس بوون ‹از واماندگی‌اش بیرونش کردند: لەبەر داماوی دەریان کرد› ۲. دواکەوتوویی؛ پاشکەوتوویی؛ دۆخی دواکەوتن و بەجێمان.

**واماندن** / vāmāndan/: *مصدر. لازم.* // **واماندی:** داماى؛ **وامی‌مانی:** دادەمێنی؛ **وامان:** دابمێنە// ۱. دامان؛ قەتیس بوون؛ پەککەوتن؛ لە دریژەدان بە کارێک مانەوە ۲. بەجێمان؛ پاشکەوتن؛ لە دوا مانەوە؛ دواکەوتن؛ قەمان؛ کەوتنەوە ۳. ماندوو بوون؛ مانگ بوون؛ شەکەت بوون؛ ئەرخین؛ دەوخین؛ قەرمین؛ قەرملین؛ لەبکین؛ جەفلین؛ مانیەی؛ مانیای.

■ صفت مفعولی: **وامانده** (داماو)/ مصدر منفی: **وانماندن** (دانەمان)

**وامانده** / vāmande ، ـها؛ ـگان/: *صفت.* ۱. داماو؛ قەتیس؛ پەککەوتوو؛ پەککەوتە؛ پەککەفتی ۲. بەجێماو؛ پاشکەوتە؛ پاشکەوتوو؛ دواکەوتوو؛ دماکەوتە؛ قەمای؛ چەلەنگ.

**وامپیر** / vāmpîr ، ـها/: [فرانسوی]/*سم.* وامپیر؛ شەشەمەکوێرەی خوێنمژ؛ جۆرێ شەوکۆرەی درشتی خوێنمژ.

**وامخواه** / vāmxāh ، ـان/:/*سم.* وامخواز؛ کەس یان دامەزراوەی خوازیاری وام.

**وامخواهی** / vāmxāhî/:/*سم.* وامخوازی؛ کار و ڕەوتی داوای وام کردن.

**وام‌دهنـده** / vāmdahande ، ـها؛ ـگان/:/*سم.* وام‌دەر؛ قەرزدەر؛ کەس یان دامەزراوەیێ کە وام دەدات.

**وام‌گیرنـده** / vāmgîrande ، ـها؛ ـگان/:/*سم.* قەرزگر؛ وام‌گر؛ وام گیر؛ کەسێ یان دامەزراوەیێ کە وام دەگرێ.

**وان** / vān ، ـها/: [روسی]/*سم.* وان؛ لەگانی گەورەی خۆ تێدا شۆردن لە حەمام.

**وانـادیم** / vānād(i)yom/: [فرانسوی]/*سم.* وانادیوم؛ توخمی کیمیایی کانزایی، بە ژمارەی ئەتۆمی ۲۳ و کێشی ئەتۆمی ۵۰,۹۴، بە ڕەنگی خۆڵەمێشی کاڵ یان زێوی کە لە ئەسیددا دەتوێتەوە و وەک کاتالیزۆر بە کاری دێنن.

**وانایستادن** / vāna'îstādan/ ☜ **وایستادن**

**وانـت** / vānet ، ـها/: [انگلیسی]/*سم.* وانیت؛ تاکسی‌بار؛ ماشینی باری بچووک بۆ هەڵگرتنی باری کەمتر لە دوو تۆن: **وانت‌بار**

**وانت‌بار** / vānetbār/: [انگلیسی/ فارسی] ☜ **وانت**

**واندادن** / vānadādan/ ☜ **وادادن**

**وانداشتن** / vānadāštan/ ☜ **واداشتن**

**وانرفتن** / vānaraftan/ ☜ **وارفتن**

**وانفسا** / vānafsā/: [از عربی] *صفت.* گرکاشە؛ فەرتەنە؛ نەنگواز؛ دۆخی زۆر سەخت و پڕ ئاژاوە

www.perawipepwle.com



که هەر کەسێک تەنیا لە بیری ڕزگارکردنی خۆیدایە ‹در این روزگار وانفسا: لەم ڕۆژگارە کرکاسەدا›.

**وانگذاشتن** / vānagozāštan/ ☜ **واگذاشتن**

**وانگهی** / vāngahî/: *قید.* ئەوساکەش؛ ئەوسا؛ ئەو جار؛ ئەو جارەکەش؛ ئەو جاریش؛ ئەمجار؛ ئینجا؛ ئیمجا؛ وانگا؛ جیا لەمە ‹وانگهی این پول مال تو نیست که می‌خواهی خرجش کنی!: ئەوساکەش ئەم پارە هی تۆ نیە، وا دەتەوێ خەرجی بکەی!›.

**وانماندن** / vānamāndan/ ☜ **واماندن**

**وانمود** / vānemûd/:/سم. کار و ڕەوتی وانواندن؛ وانیشاندان؛ واپیشاندان؛ خستنە پێش چاوی ئاکارێکی درۆیین، بۆ خەڵک بە هەڵەدا بردن ‹وانمود می‌کرد که انگار مرا نمی‌شناسد: وای دەنواند کە گوایە نامناسێ›.

**وانیل** / vānîl ، ـها/: [فرانسوی]/سم. وانیل: ۱. گیایەکی هەڵچووی ناوچەی ئەمریکای ناوەندی، بە گەڵای خڕی گۆشتن، گوڵی سپی و بەری بۆنخۆشەوە ۲. ماکی بۆنخۆشی بلۆرین لە توێخی بەری گیای وانیل کە بێ‌ڕەنگە و لە ئاودا دەتوێتەوە و بۆ بەهارات دەشێ.

**وانیلی** / vānîlî ، ـها/: [فرانسوی] صفت. وانیلی؛ وانیلدار ‹بستنی وانیلی: بەستەنی وانیلی›.

**واو** / vāv/:/سم. واو؛ ناوی عەرەبی سیهەمین پیتی ئەلفوبێتکەی زمانی فارسی.

▣ **واو عطف**: واوی بادانەوە؛ واوی گەڕانەوە؛ پیتی «و» کە لە زیادکردنی وشە یان ڕستەیەک بە وشە یان ڕستەیەکی‌تر دێت (وەک من «و» تۆ).

**واو معدوله**: پیتی «و» کە دەنووسرێ و ناخوێنرێتەوە (وەک لە فارسیدا «خواهر»).

▣ **یک واو هم نمی‌دادختن** ☜ **یک**[۲]

**واویلا** / vāveylā/: [عربی] شبەجملە. هەیڕۆ؛ وەیڕۆ؛ ئەیڕۆ؛ ئەیەڕۆ؛ واوەڕێز؛ وشەیەک بۆ دەربڕینی لێقەوماوی.

▣ **واویلا بودن**: ئەستەم بوون؛ سەختەت بوون؛ بار و دۆخ زۆر خراپ بوون.

**واه** / vāh/: *صوت.* تەح؛ پەح؛ عای؛ ئای؛ پیف؛ پەف؛ پف؛ وشەیەک بۆ بێزاری دەربڕین لە شتێک ‹واه چه بویی!: تەح چ بۆنێ!›: **واخ**

**واهمه** / vāheme ، ـها/: [عربی]/سم. ترس؛ تەرسی؛ بیم؛ سام؛ سەهم؛ هەراسە؛ ئەنێش؛ ئەنێشە؛ هاس؛ خۆف؛ خۆفی؛ باک.

**واهی** / vāhî/: [عربی] *صفت.* ۱. نادروست؛ ناڕاست؛ خەیاڵی ‹اتهام واهی: بوختیانی نادروست› ۲. *[مجازی]* هیچ‌وپووچ؛ ڕووپووچ؛ قۆڕ؛ پووچەڵ ‹خیال واهی؛ حرف واهی: خەیاڵی هیچ‌وپووچ؛ قسەی ڕووپووچ›.

**وای** / vāy/: *صوت.* وەی؛ ئای: ۱. وەی ــ وەی؛ ئاخ؛ ئایای؛ ئۆف؛ وایش؛ ویش؛ وەخ؛ وتەی داد لە دەس ژان و ئێش ‹وای سرم!: وەی سەرم!› ۲. وای؛ داخ؛ نیشانەی هەڕەشەکردن یان بە داخ بوون ‹وای بر من!: وەی لە من!›.

**وایت‌برد** / vāytbord ، ـها/: [انگلیسی]/سم. تەختەسپی؛ وایتبورد؛ تەختە ئاسایەکی سفت و ساف و سپی کە بە دیواریەوە هەڵدەواسن بۆ لە سەر نووسین و چاو لێکردنی دیتران (بەتایبەت قوتابیان).

**وایستادن** / vāystādan/: *مصدر. لازم. [گفتاری]* //

**وایستادی**: ڕاوەستای؛ **وامی ایستی**: ڕادەوەستی؛ **وایستا**: ڕاوەستە // ڕاوەستان؛ ڕاوستان؛ وێسیان؛ وێسان؛ وەستان؛ هوساین؛ وسیاین؛ وسان؛ مدرەی؛ مردەی ‹وایستا ببینم کجا می‌روی؟: ڕاوەستە بزانم بۆ کوێ دەچی؟›. هەروەها:

**وایستادنی**

■ صفت مفعولی: **وایستاده** (ڕاوەستاو)/ مصدر منفی: **واناایستادن** (ڕانەوەستان)

**وایستادنکی** / vāystādanakî/: *قید. [گفتاری]* بەسەر پێوە؛ بە پێیەوە؛ بە پاوە ‹مرد گنده وایستادنکی می‌شاشید: زلحورت بەسەر پیوە دەمیزا›.

**وایکینگ** / vāykîng ، ـها/: [انگلیسی]/سم. وایکینگ؛ هەر کام لە مەلەوانانی شەڕکەری سکاندیناوی لە سەدەکانی ۹ تا ۱۱ی زایینیدا کە هێرشیان دەبردە سەر ولاتانی‌تر و جارجار لەوێ نیشتەجێ دەبوون، بەلام زۆرتر ولاتانی کناڕێنیان تالان دەکرد.

**وبا** / vabā/: [عربی]/سم. وەبا؛ یەختەسار؛ کول؛ کولک؛ دروشە؛ ئاهۆ؛ چاوقوللکە؛ فەتا؛ چاوقوللی؛ درمی ڕشانەوە؛ پەتایەکی تووشی ناوچەی گەرمێن کە مرۆ تووشی زگەشۆڕە، ڕشانەوە، سارد بوونەوە، کەم بوونەوەی ئاوی لەش و لە ئاکامدا خەست بوونەوەی خوێن و شین و ڕەش هەڵگەڕانی پێست دەکا.

▣ **وبای التور**: وەبای ئەلتور؛ نەخۆشیەکی وەکوو وەبا بەلام سووک‌تر.

**وبال** / vabāl/: [عربی]/سم. ۱. سەختی؛ تووشی؛ دژواری؛ سەختی؛ دەردیسەر؛ زاول ۲. ئاز و باز؛ تاوان؛ گوناه ؛ ئۆبال؛ وەبال.

▣ **وبال گردن شدن**: بوونە چەل و مل؛ بوونە لکی مل؛ بوونە باری سەرشان ‹این ماشین قراضه هم وبال کردن شده، نه می‌شود تعمیرش کرد، نه می‌شود فروخت: ئەم ماشینە ئاسنجاوەش بوونە چەل و ملمان، نە چاک دەبێتەوە، نەش دەفرۆشرێ›.

**وتر** / vatar ، ـها/: [عربی]/سم. ۱. *[کالبدشناسی]* بەندۆک؛ بەندۆکە؛ بەندۆل؛ سیرمەئاسای نیو جومگە کە سەری ئێسک ڕادەگرێ ۲. *[هندسه]* وەتەر؛ لاسکی ڕووبەڕووی گۆشەی ۹۰° لە سێ‌گۆشدا ۳. *[هندسه]* وەتەر؛ لەتە خەتێکی ڕاست کە جەغز دەکاتە دوو بەشی نابەرامبەرەوە.

**وتو** / veto/: [فرانسوی]/سم. ویتۆ؛ ڤیتۆ: ۱. بەرگری زۆردارانە ‹وتو کردن: ویتۆ کردن› ۲. دەسەلاتی کەس یان دامەزراوەیەک لە هەڵوەشاندنەوەی کار یان بڕیارێکدا ‹حق وتو: مافی ویتۆ›.

▣ **وتو کردن**: ویتۆ/ ڤیتۆکردن؛ هەڵگەڕانەوە و پووچەڵ‌کردنەوەی بڕیاری شاند و کۆڕێکی قانوونی ‹آمریکا تحریم علیه اسرائیل را وتو کرد: ئەمریکا ئابلۆقە دژی ئیسرائیلی ڤیتۆ کرد›.

**وثوق** / vosûq/: [عربی]/سم. بڕوا؛ باوەڕ؛ دڵنیایی؛ ئارخەیانی؛ خاترجەمی؛ متمانە؛ ڕابینی.

**وثیقه** / vasîqe ، ـها/: [عربی]/سم. گرەو؛ بارمتە: ۱. پارە و مالێ کە بۆ دڵنیا کردنی کەسێک تا بەڕێوە چوونی بەڵێن پێی دەسپێردرێ ۲. مالێ کە کاتی گرتنی وام بە لای وامدەرەوە دایدەنێن کە هەرگا وامەکەی درایەوە، ئەویش بیداتەوە ‹بانک وثیقه می‌خواست، سند خانه را وثیقه گذاشتم: بانک بارمتەی دەویست، سەندی مالەکەم نایە کردو›.

**وج** / vac/ ☜ **اوجا**

**وجاهت** / vecāhat, vacāhat/: [عربی]/سم. *[ادبی]* ۱. جوانی؛ قەشەنگی؛ زەریفی ‹وجاهت منظر: جوانی دیمەن› ۲. خۆشەویستی ‹وجاهت سیاسی: خوشەویستی ڕامیاری› ۳. گونجاوی؛ دۆخ یان چۆنیەتی گونجاو بوون ‹وجاهت قانونی: گونجاوی قانونی›.

**وجب** / vacab/: *اسم*. بست؛ بس؛ بنگوست؛ بوهوست؛ بنگس؛ بنگووس؛ بۆست؛ بنست؛ بوست؛ بهۆست؛ بهوست؛ بنگست؛ بنگز؛ بنگێس؛ بۆس؛ یەسە؛ گێر؛ گەر؛ وەژە؛ وێژە؛ یەکەی درێژایی کە دەکاتە سەری تووتە تا سەری قامکە گەورە، بە بڵاوی دەوری ۲۵ سانتی‌میتر.

▣ **وجب کردن**: بست‌کردن؛ بنگووس‌کردن؛ یەس‌کەردەی؛ وەژەکردن؛ پێوانی ئەندازەی شتێک بە بس.

**وجبی** / vacabî/: *قید*. به بست؛ به بنگووس؛ به یەسە ‹وجبی اندازه گرفتم: بە بنگوس پێوام›.

**وجد** / vacd /: [عربی] /سم. /ادبی/ خۆشی؛ شادی؛ کەیفخۆشی؛ دڵخۆشی؛ خۆشحاڵی؛ کەیف: ۱. شایی وێڕای چەپڵە لێدان و هەڵپەڕین ‹بچەها چە وجدی می‌کردند: منداڵەکان چ خۆشیەکیان دەکرد› ۲. شاگەشکە؛ ئەو شادیەی لەش دێنێتە جمووجووڵ ‹همه به وجد آمده بودند: هەمووان شاگەشکە ببوون›.

**وجدان** / vocdān, vecdān /: [عربی] /سم. دەرف؛ نهاد؛ قەرە؛ وێژدان؛ هەستی دڵ و دەروون لە ئاست چاکە و ڕق لە خراپە کە مرۆ بۆ چاکە هان دەدا.

**وجدانا** / vocdānan, vecdānan /: [عربی] قید. بەوێژدان؛ وێژدانەن؛ لە ڕووی وێژدانەوە ‹وجدانا حق با اوست: بەوێژدانی ئەو ڕاست دەکا›.

**وجدانی** / vocdānî, vecdānî /: [عربی] صفت. وێژدانی: ۱. پێوەندیدار یان سەر بە وێژدان ۲. پێوەندیدار بە خووخدە، حاڵ و وازی دەروون ‹دین در شمار مسائل وجدانی است: دین وەکوو چەمکێکی وێژدانی دێتە ئەژمار›.

**وجنات** / vacanāt /: [عربی] /سم. ناوچاو؛ دیمەن؛ ڕوومەت؛ دەم و چاو؛ جەمین؛ ئەندامانی دەم و چاو، بەتایبەت ئەوانەی کە هەست و حاڵی مرۆ بنوێنن ‹ترس و شرمساری در وجنات او نمایان بود: ترس و شەرمەزاری بە ناوچاویدا دیار بوو›.

**وجوب** / vucûb, vocûb /: [عربی] /سم. پێویستی؛ دۆخ یان چۆنیەتی پێویست بوون.

**وجود** / vucûd, vocûd /: [عربی] /سم. ۱. دۆخ یان چۆنیەتی هەبوون؛ بوون؛ بوویین؛ بین؛ بیەی؛ هەبین؛ هەبوونی شتێک لە شوێنێک ‹در اینجا چیزی وجود دارد: لێرەدا شتێک هەیە› ۲. هەبوو؛ هەسی؛ هەستی؛ بیەی؛ زات؛ کۆمەڵە شتانی ئەو دنیایە ۳. گیان؛ ئازای ئەندام؛ تەن؛ قەوارە؛ لەشی بوونەوەری زیندوو ‹ترس همه‌ی وجود او را فراگرفته بود: ترس هەموو گیانی داگرتبوو› ٤. /مجازی/ کەس؛ بوونەوەر ‹وجود نازنینی است: بوونەوەرێکی نازارە›.

▣ **وجود خارجی**: بوونی ڕاستەکی/ دەرەکی؛ بار و دۆخی بوون لە دەرەوەی خەیاڵ و ئاوەزدا.

**وجود ذهنی**: بوونی زەینی/ خەیاڵی؛ بار و دۆخی بوون لە خەیاڵ و زەیندا.

**وجود عینی**: بوونی بەرهەست/ بەرچاو؛ بار و دۆخێک لە بوون کە بەر هەست بکەوێ.

▣ **وجود داشتن**: بوون؛ هەبوون؛ هەبین؛ بین؛ بیەی.

**به وجود آمدن**: پێکهاتن؛ بەدیهاتن؛ وەدیهاتن. هەروەها: **به وجود آوردن**

**وجودی** / vucûdî, vocûdî /: [عربی] صفت. هەبوونی؛ پێوەندیدار یان سەر بە بوون ‹فلسفه‌ی وجودی آن چیست؟: فەلسەفەی هەبوونی (ئەو) چیە؟›.

**وجوه** / vucûh, vocûh ، ات /: [عربی] جمعِ ☜ **وَجْه**

**وجوهات** / vucûhāt, vocûhāt /: (!) [عربی] جمعِ ☜ **وَجْه**

**وجه** / vach، وُجوه /: [عربی] /سم. ۱. /وُجوهات/ پارە؛ دراو؛ دراڤ؛ پووڵ ‹وجه نقد: پارەی نەخت› ۲. شێوە؛ شێواز؛ تەرز؛ جۆر؛ کلۆج؛ کولۆج؛ چەشن ‹به هر وجه بود از دستش فرار کردم: بە هەر شێوەیەک بوو لە دەستی هەڵاتم› ۳. هۆ ‹وجه تسمیه: هۆی ناونیان› ٤. /دستور/ دۆخ؛ شێواز ‹وجه اخباری: دۆخی هەواڵی› ۵. پاڵوو؛ پاڵ؛ هەر کام لە ئاستگەلی دەرەوەی تەنێکی هیندسی.

▣ **وجه احسن**: شێوازی جوان؛ شێوەی جوان؛ باشترین بیچم؛ جوانترین شێوە.

**وجه اخباری**: /دستور/ دۆخی هەواڵی؛ کرداری کە هەواڵ بدات (وەک ڕۆشتم، دەهات، بردی).

**وجه اشتراک**: خاڵی هاوبەش؛ باری هاوبەشی ‹وجه اشتراک آنها علاقه به کتاب‌های علمی بود: خاڵی هاوبەشیان هۆگری بە کتێبی زانستی بوو›.

**وجه التزامی**: /دستور/ دۆخی هاوڕێیی؛ کرداری

که وشەیەکی تری ڕەگەڵە (وەک دەمەوێ بڕۆم، خەریکم دێم، ناتوانێ بیخوا).
وجه امتیاز: هۆی سەرپشکی/ هەڤیازی.
وجه تسمیه: هۆی ناونان.
وجه تشبیه: باری لێکچوون.
وجه دستی: دەسقەرز؛ دەسەوام؛ قەرزی دەساودەس و بەبێ بەڵگە و گرەو ‹از دادن نسیه و وجه دستی معذوریم: قەرز و دەسقەرز، باسی مەکە!›.
وجه شرطی: /دستور/ کرداری کە مەرجی هەیە (وەک ئەگەر بێت).
وجه ضمان: پارەی گرەو؛ پارەی بارمتە؛ پارە یان مالێ کە وەک بارمتە بە دادگا یان پلە و پایەی قانوونی دەسپێڕن ‹برای متهم قرار یک میلیون وجه ضمان صادر شد: بۆ تاوانبار ملیۆنێک پارەی گرەو بڕیار درا›.
وجه مصالحه: ئەو شتە کە بۆ پێکهاتی ئاشتی نێوان دوو لایەن، دەکەوێتە بەر سەوداوە.
در وجه: بۆ؛ بە؛ ژبۆ؛ لەبەر ‹در وجه حامل پرداخت شود: بە هێنەر بدرێ›.
**وجهه** / veche/: [عربی]/سم. ئابڕوو؛ وەج ‹با این کار وجهەی خودش را خراب کرد: بەم کارە ئابڕووی خۆی برد›.
▣ وجهەی همت ساختن/ قرار دادن: /ادبی/ شان لێشل کردن؛ قۆڵ لێ هەڵکردن/ هەڵماڵین؛ چاک لێ هەڵکردن؛ چاک لێ بەلادا کردن؛ خۆ بۆ تاو دان؛ هەوڵ و تەقالای بەردەوام دان ‹آموختن زبان را وجهەی همت ساخت: ئینایی لێی شل کرد زمان فێر ببێ›.
**وجین** / vecîn/: /سم. بژار؛ بژارە؛ ئادە؛ ئاویە؛ کاخ؛ وجێس؛ خەپار؛ کشکە؛ سلمتە؛ حەپارە؛ کاژەنگ؛ وجێز؛ وجز؛ وژن؛ ناوەژیە؛ کاری خاوێن کردنەوەی مەزرا لە گژ و گیای خۆڕسکی بێ کەڵک.
**وجیه** / vacîh/: [عربی] صفت. /ادبی/ ۱. جوان؛ خان‌ومان؛ شەنگ ۲. خۆشەویست.
**وجیه‌الملة** / vacîholmelle ، ـها/: [عربی] صفت. /ادبی/ خۆشەویستی خەڵک؛ لە نێو دڵی خەڵک.
**وحدانیت** / vahdānîyyat/: [عربی]/سم. تاقانەیی؛ تەنێتی؛ یەکایەتی؛ تەنیایی؛ بێهەواڵەتی؛ تاکانەیی؛ تاکی؛ دۆخ یان چۆنیەتی تاقانە بوون ‹مسلمان به وحدانیت خدا اعتقاد دارد: موسوڵمان بە تاقانەیی خودا باوەڕی هەیە›.
**وحدت** / vahdat/: [عربی]/سم. یەکیەتی؛ یەکەتی: ۱. یەکبوونی؛ دۆخ یان چۆنیەتی یەک بوون ‹وحدت رویه: یەکیەتی ڕێباز› ۲. یەکگری؛ یەکگرتوویی؛ هەڤگری ‹وحدت نیروها؛ وحدت مردم: یەکگری هێزەکان؛ یەکگرتوویی خەڵک›.
**وحدت‌وجود** / vahdatevucûd, -vocûd/: [عربی]/سم. هەرخودایی: ۱. ئایینێ کە هەموو هێزێکی سروشت بە خودا دەزانێ: **همه‌خدایی** ۲. ئایینێ کە خودای هەموو ئایینەکان دەپەرستێ و بە یەکیان دەزانێ.
**وحدت‌وجودی** / vahdatevucûdî, -vocûdî/: [عربی] صفت. ۱. شوێنکەوتووی ئایینی هەرخودایی ۲. پەیوەندیدار یان سەر بە ئایینی هەرخودایی.
**وحش** / vahš ، وُحوش/: [عربی]/سم. لاور؛ ڕاور؛ کێوی؛ کێفی؛ دەشتەکی؛ هۆڤ ‹حیات وحش: ژیانی لاور›.
**وحشت** / vahšat/: [عربی]/سم. تۆقاوی؛ هەڵەتاوی؛ زەرتڵاق؛ سییەن؛ ترسی زۆر.
▣ وحشت داشتن: یەکجار ترسان؛ هەڵەتاو بوون ‹از موش وحشت داشت: لە مشک یەکجار دەترسا›.
وحشت کردن: تۆقین؛ تۆقیان؛ تۆقەی؛ زیرە کردن؛ دڵ نەمان؛ ڕۆح تۆقین؛ زاڵە تەرەکین؛ زاڵەتەرەک بوون؛ زاور چوون ‹از دیدن قیافەاش وحشت کردم: لە دیتنی سەر و سەکوتی تۆقیم›.
به وحشت افتادن: تۆقیان؛ دڵ/ ڕۆح تۆقان؛

زاله تره‌کان؛ ڕۆح/ دل نه‌مان؛ زیره کردن؛ تووشی ترسی زۆر هاتن ‹با شنیدن آن خبر به وحشت افتاد: که ئەو هەواڵەی بیست، نۆقا›.

**وحشت‌آور** / vahšatāvar/: [عربی/ فارسی] *صفت.* تۆقێنەر؛ ڕۆح‌تۆقێن؛ زاڵه‌تره‌کێن؛ زارۆبەر؛ هۆی ترسی زۆر.

**وحشت‌انگیز** / vahšatangîz/: [عربی/ فارسی] *صفت.* تۆقێنەر؛ زارۆبەر؛ زاڵه‌تره‌کێن.

**وحشت‌زده** / vahšatzade/: [عربی/ فارسی] *صفت.* تۆقاو؛ تۆقا؛ تۆقیاگ؛ زاڵه‌تره‌ک؛ زارۆچووگ ‹دیروز عمه را دیدم خیلی وحشت‌زده به نظر می‌رسید: دوێنێ پوورم دی زۆر نۆقاو ئەهاته پێش چاو›.

**وحشتناک** / vahšatnāk/: [عربی/ فارسی] *صفت.* سامناک؛ سامدار؛ تۆقینەر؛ زارۆبەر.

**وحشی** / vahšî ، ـها/: [عربی] *صفت.* ۱. کێوی؛ کێڤی؛ کێڤی؛ کوویه‌ی؛ کوی؛ ده‌شتی؛ به ژیانێکی ته‌واو سروشتی و دوور له خه‌ڵک ‹اسب وحشی: ئەسپی کێوی› ۲. خۆڕسک؛ خۆرست؛ خۆڕست؛ کێوی؛ کەشی؛ ڕەخساو و سەرهەڵداو بێ ئەوەی مرۆ دەستی تێدا بێ یان بپارێزێ ‹بادام وحشی: بادامی خۆڕسک› ۳. بەون؛ بوور؛ بۆره؛ دەژ؛ بەیار؛ بەیاز؛ نەکێڵدراو و ئامادە نەکراو بۆ ژیان ‹سرزمین وحشی: زەوینی بەون› ٤. درۆ؛ درننە؛ واهش؛ سەربزێو؛ دوور لە بنەما سەرەکیەکانی کۆمەڵگا ‹بر اثر خشم وحشی شده بودند: لە بەر تووڕەیی در ببوون› ٥. چەتوون؛ نەپارێز؛ خاوەن جموجوول و هەڵسووڕانی زۆر ‹توفان وحشی: گژەبای چەتوون› ٦. ـان/[تعریض] دەشتەکی؛ کێفیلە؛ بێوەری لە ژیار و فەرهەنگ.

**وحشیانه** / vahšiyāne/: [عربی/ فارسی] *قید.* ۱. بە پەت بڕاوی؛ بە پەت پساوی؛ بەبێ تێڕامان و کۆ کردنەوە ۲. بە بەرەڵایی؛ بە شێوەی دوور لە بنەمای کۆمەڵایەتی ۳. بە درندەیی؛ درندانە.

**وحشیت** / vahšîyyat/: [عربی]/*سم.* درندایەتی: ۱. دۆخ یان چۆنیەتی درندە/ درِ بوون ۲. درندەخۆیی.

**وحشیگری** / vahšîgarî ، ـها/: [عربی/ فارسی]/*سم.* درننەیی؛ درندەخۆیی؛ هۆڤیتی؛ هۆڤینی: ۱. ئاکاری جەنایەتکارانە ۲. کردەوەی نەگونجاو و پێچەوانەی نەریتی ژیار و فەرهەنگ.

**وحوش** / vohûš/: [عربی] جمعِ ☜ **وَحش**

**وحی** / vahy/: [عربی]/*سم.* پێخەم؛ وەحی؛ پەیامی ئاسمانی؛ پەیامی خودایی؛ پەیام یان وریا کردنەوەیەک لە لایەن خوداوە بۆ کەسێ (بەتایبەت پێغەمبەران).

**وخامت** / vexāmat/: [عربی]/*سم.* نالەباری؛ تووشی؛ دۆخ یان چۆنیەتی جێ‌مەترسی بوون ‹وخامت اوضاع؛ وخامت بیماری: نالەباری بار و دۆخ؛ نالەباری نەخۆشی›.

**وخیم** / vaxîm/: [عربی] *صفت.* ۱. نالەبار؛ ناخۆش؛ تووش ‹وضع وخیم: دۆخی نالەبار› ۲. پرمەترسی؛ سەخت؛ جێ مەترسی ‹بیماری وخیم: نەخۆشی پرمەترسی›.

**وداد** / vedād/: [عربی]/*سم.*/*ادبی*/ دۆستی؛ دۆستایەتی.

**وداع** / 'vedā/: [عربی]/*سم.*/*ادبی*/ مالاوایی؛ مالاڤایی؛ خواحافیزی.

▣ **وداع کردن**/ گفتن: مالاوایی کردن؛ خواحافیزی‌کردن ‹با ما وداع کرد: لەگەڵ ئێمەدا مالاوایی کرد›.

**ودایع** / vadāye'/: [عربی] جمعِ ☜ **ودیعه**

**ودکا** / vodkā/: [روسی]/*سم.* ودکا؛ خواردنەوەیەکی ئەلکولی بێڕەنگە، لە ئەلکولی سروشتی گەنم دروس دەکرێ.

**ودیعه** / vadî'e ، ـها؛ ودایع/: [عربی]/*سم.* سپارده؛ ئەسپارده؛ بارمتە؛ تەڵپ؛ گرک؛ گرەو: ۱. پارەیەک وا بۆ دەستەبەری جێبەجێ‌کردنی کارێک لای کەسێکەوە دادەنرێ ۲. شتێ کە بە ئەمانەت بۆ ماوەیەک بە کەسێ دەسپێردرێ.

**ور** / var/:/*سم.* ۱. *[گفتاری]* لا؛ ئالی؛ نک؛ بەر؛

www.perawipepwle.com



وەر ‹این وِر؛ آن وِر: ئەم لا؛ ئەو لا›.

**ور-**[۲]: *پیشوند. [گفتاری]* هەل-؛ ئەل-؛ هل-؛ هن-؛ هۆر-؛ وەر- ‹وِرافتادن؛ وِرچیدن: هەلپیچان؛ هەلچنین›.

**-ور**[۳]: *پسوند.* - دار؛ - وەر؛ - ئەوەر ‹نامور؛ بەهرەور؛ ناودار؛ بەهرەوەر›.

**ور** / vare/: *حرف. [گفتاری]* لە پەنا؛ لە پەنای؛ لە کن؛ لە پال؛ پاڵ؛ تەنیشت؛ لە تەنیشت؛ لە لای؛ لاو ‹وِر دیوار نشستە بود: لە پەنا دیوارەکە دانیشتبوو›.

**ور** / ver/: *اسم. [تعریض، گفتاری]* وِر؛ چەنە؛ چناکە؛ چەناکێ؛ قسەی قۆڕ؛ هەڵیت‌وپەڵیت؛ قسەی زۆر و بێتام.

▣ **ور زدن**: وِر لێدان؛ فرەوێژی‌کردن؛ وِراجی کردن؛ چەنە لێدان؛ چناکە دان؛ چەناکە دای.

**-ور** / ûr/: *پسوند.* - دار؛ - وەر؛ -ەوەر؛ خاوەنی شتێک ‹رنجور؛ گنجور: ڕەنجدار؛ گەنجدار›.

**ورا** / varā/: [عربی]*/سم.* ۱. ئەوپەڕ؛ ئەودیو؛ ئەولا ‹در ورای درختان سایه‌ای دیده می‌شد: لە ئەوپەڕی دارەکانەوە سێبەرێک بەدی دەکرا› ۲. بان؛ سەر؛ ژوور ‹در ورای ابرها پرواز می‌کرد: لە بان هەورەوە دەفڕی›.

**وراث** / vorrās/: [عربی] جمع ☜ **وارث**

**وراثت** / verāsat/: [عربی]*/سم.* ۱. میراتگری؛ میراتبەری؛ شڕەگری؛ دۆخی پێگەیشتنی ماڵ، پلە و پایە یان چۆنیەتیەک لە مردووانەوە ۲. دۆخی میرات بردن ۳. کێشانە سەر؛ ڕەوتی پێگەیشتنی بڕێک تایبەتمەندی لە دایک و باوک یان باب و باپیرانەوە ٤. ژنیتیک.

**وراثتی** / verāsatî/: [عربی] *صفت.* میراتی؛ پێگەیشتوی؛ بۆماوەیی؛ پێوەندیدار یان سەر بە میرات.

**وراج** / verrāc ، ـها/: [از عربی] *صفت. [گفتاری]* دڕێژدادڕ؛ چەنەباز؛ هەرەوەڕ؛ هەرزەبێژ؛ چەنەدڕێژ؛ چەناگەدڕێژ؛ چەڵتەباز؛ گاڵەگوڕی؛ چەقەسڕۆ؛ زۆروەڕ؛ وِراج؛ لاکێش؛ گیڕ؛ بێژۆک؛ پنات؛ چناکەشکیاگ؛ چەناکەمڕیا؛ ئاواوۆک؛ دەقڵەڕۆ؛ هەرزەچەنە؛ دەقڵەژەن؛ دەمدرێژ؛ بەکێش؛ بەڵەبڵ؛ بەجوج؛ چەنەوەر؛ دەلوقەل: ۱. گەوجانەڕێس؛ لەوجڕ؛ دەمگەوج؛ مفتبێژ؛ چەڵتەکەر؛ قسەی مفت‌کەر ۲. زۆربلێ؛ فرەوێژ؛ فرەبێژ؛ بەدەم؛ کەرنڕ؛ قسەی فرەکەر.

**وراجی** / verrācî ، ـها/: [از عربی]*/اسم. [گفتاری]* زۆربێژی؛ دڕێژدادڕی؛ چەنەبازی؛ چەقەسڕۆیی؛ لاکێشی؛ لەوتلەوت؛ چەڵتەچەڵت؛ چنەچن؛ تڕەتڕ؛ گێژەگێژ؛ وڕە؛ چەنەبازی؛ وِرەوِر؛ چەقەکەری؛ گیە؛ گیڕە؛ دەمهەڕاشی؛ دەقڵەژەنی؛ دەمدرێژی؛ چەنەوەری.

**ورآمدن** / varāmadan/: *مصدر. لازم.* // **ورآمدی**: هەڵکەنرای؛ **ورمی‌آیی**: هەڵدەکەنرێی؛ **وربیا**: هەڵکەنرێ// ۱. هەڵکەنران؛ هەڵکەنیان؛ هەڵکنیان؛ هەڵکەندران؛ هەڵکنران؛ دەرهاتن؛ لێوە بوون؛ هۆرکنیەی ‹کشیدم، دستەاش ورآمد: کێشام، دەستەکەی هەڵکەنرا› ۲. ماسین؛ هەڵماسین؛ ماسەی؛ هەڵپەنەمین؛ پەنەمیان؛ با کردن؛ وا کەردەی ۳. هەڵاتن؛ هەڵهاتن؛ هۆرئامەی؛ پفەک/ پەتڵەککەردەی؛ ئامادە بوونی هەویر.

■ صفت مفعولی: **ورآمده** (هەڵکەنراو)/ مصدر منفی: **ورنَیامدن** (هەڵنەکەنران)

**ورافتادن** / varoftādan/: *مصدر. لازم. [گفتاری]* هەڵپێچران؛ هەڵپێچان؛ هەڵپێچیان؛ هەڵپێچرانەوە؛ هۆرپێچیایوە؛ هۆرەوەپیچیەی؛ فەوتان؛ فەوتیان. هەروەها: **وارفتادنی**

■ صفت مفعولی: **ورافتاده** (هەڵپێچراو)/ مصدر منفی: **ورنَیفتادن** (هەڵنەپێچران)

**ورانداختن** / varandāxtan/: *مصدر. متعدی. [گفتاری]* ڕووخاندن؛ هەڵوەشاندن؛ تێکدان؛ لە ناو بردن؛ خاپوورکردن؛ ڕماندن؛ تێدا بردن؛ هەڕشاندن؛ هەڕفاندن؛ وڕنەی؛ وڕنای؛ ناسەی؛

نەهێشتن.

**وراندار** / varandāz/: *اسم. [گفتاری]* بەراورد؛ کار و ڕەوتی هەڵسەنگاندن؛ هێژاندنی شتێ یان کەسێک هەر بە چاو.

**ورپردن** / varparîdan/: *مصدر. لازم. [گفتاری]* // **ورپریدی:** فجیقت کرد؛ **ورمی پری:** فجیق ئەکەی؛ **ورپڕ:** فجیق کە// فجیق کردن؛ پەڕماسەی؛ کتوپڕ/ کوتوپڕ کردن؛ تووشی مفاجا بوون.

■ صفت‌مفعولی: **ورپریده** (فجیق کردوو)/ مصدرمنفی: **ورنَپریدن** (فجیق نەکردن)

**ورپریده** / varparîde ، ـها/: *صفت. [گفتاری]* گلاراو؛ کوتوپڕ: ۱. کوتوپڕ کوشتوو؛ فجیق‌کردوو؛ قرپە لێ‌کەوتوو؛ قرپە لێ‌کەفتگ؛ چووزەنەپڕا؛ پەڕماسا؛ ئۆرناقی؛ هار و هاجی ئازاردەر، بەتایبەت بۆ منداڵ (جۆرێک جنێوە) ‹ئەهای وریریده! تا حالا کجا بودی؟؛ هۆی کوتوپڕ کوشتوو! تا ئێستا لە کوێ بووی؟› ۲. بە هێماوە و بۆ خۆشەویستی بە کەسێکی دەڵێن ‹وریریده چقدر خوشگل شده!: گلاراوە چەند جوان بووە!›.

**ورثه** / varase/: [عربی] جمعِ ☜ **وارث**

**ورجه ـ وورجه** / varcevûrce/: *اسم. [گفتاری]* هەڵبەز ـ دابەز؛ جرت‌وفرت؛ هەڵپەڕ ـ داپەڕ؛ قونەقون؛ وەرجسە؛ وەرچسە؛ هەڵقون ـ هەڵقون؛ هەڵتیق ـ داتیق؛ هەڵخەوداخە؛ هەرەزیلکان؛ کاری هەڵتیقان و جریتان‌کردن ‹بچەها توی اتاق ورجه ـ وورجه می‌کردند: منداڵەکان لە دیوەکەدا هەڵبەز ـ دابەزیان دەکرد›.

**ورجهیدن** / varcahîdan/: *مصدر. لازم.* هەڵبەزین؛ قەفازتن؛ پەڕین؛ ڕاپەڕین؛ لونایش؛ لوونایش؛ هەڵوەزین؛ قەگەمزین؛ لۆقژین؛ جامبازە کردن؛ بازبازان کەردەی. هەروەها: **ورجهیدنی**

■ صفت مفعولی: **ورجهیده** (هەڵبەزیو)/ مصدر منفی: **ورنجهیدن** (هەڵنەبەزین)

**ورچیدن** / varčîdan/: *مصدر. متعدی. [گفتاری]* ۱. چنینەوە؛ ئەوەچنیەی؛ هەڵگرتنەوەی پڕژاو ۲. ماشتنەوە؛ ئەوەماشتەی ۳. هەڵگرتن؛ هەڵپێچاندن. هەروەها: **ورچیدنی**

■ صفت مفعولی: **ورچیده** (چنراوە)/ مصدرمنفی: **ورنَچیدن** (نەچنینەوە)

**ورد** / vard/: [معرب از پهلوی]/*اسم. [قدیمی]* ۱. گوڵباخی؛ ولی؛ گوڵی سوور ۲. [عربی] گوڵ.

**ورد** / verd ، ـها؛ اُوراد/: [عربی]/*اسم.* ۱. ورد؛ ویرد؛ دوعای ژێر لێوان ۲. جەلجەلووت؛ پرتە؛ ورت؛ ورتە؛ گوتەی سەیر و بێمانای جادووگەران.

▣ **ورد زبان:** قسەی سەرزار؛ قسەی سەر زوان؛ قسەی دەم؛ قسەیێ کە لە پەستا دەیڵێنەوە ‹همیشه ورد زبان او پول بود: هەمیشە قسەی سەر زاری پارە بوو›.

**وردار ـ ورمال** / vardārvramāl/: *صفت. [گفتاری]* هەرچی ـ پەرچی؛ لۆتی ـ پۆتی؛ ساختەچی و بێشەرم.

**ورداشتن** / vardāštan/: *مصدر. متعدی. [گفتاری]* هەڵگرتن؛ هۆرگیرتەی؛ ئەڵگرتن. هەروەها: **ورداشتنی**

■ صفت مفعولی: **ورداشته** (هەڵگیراو)/ مصدر منفی: **ورنَداشتن** (هەڵنەگرتن)

**وردست**[1] / vardast ، ـها/:*اسم. [گفتاری]* بەردەست؛ بەردەس؛ یاریدەر؛ یارمەتیدەر؛ ئاریکار؛ دەسیار ‹شده بود وردست نانوا: ببووە بەردەستی نانەوا›.

**وردست**[2]: *قید. [گفتاری]* (لە) بەردەست؛ لە ژێردەس ‹وردست بنا کار می‌کرد: لە بەردەستی بەنادا کاری دەکرد›.

**وردنه** / vardane ، ـها/:*اسم.* نابوونیک؛ نابووینک؛ نابینک؛ وەردێنە؛ وەردەنە؛ وەردێنکە؛ وەردانە؛ وەردێنک؛ تیرەنان؛ بازی؛ کەسمەبڕ؛ تیرۆکی ئەستووری هەویر پان‌کردنەوە.

**وررفتن** / var.raftan/: *مصدر. متعدی. [گفتاری]* //

**ورزفتی:** پێوه چووی؛ **ورمی‌روی:** پێوه دەچی؛ **وربرو:** پێوه بچۆ // پێوه چوون: ۱. دەس تێوەردان بۆ: *الف)* پشکنین *ب)* ڕێکوپێک کردن؛ تەکووز کردن *ج)* گەمەکردن؛ کایەکردن ۲. سەر تێکردن؛ پێوه پەرژان ‹مدتی با آن ورفتم: ماوەیەک سەرم تێکرد› ۳. پێدا چوونەوە؛ لێکدانەوە ‹قدری با آن مقاله ورفتم: نەختێ بەو وتارەوە چووم› ٤. *[مجازی]* لۆکاندن؛ ئاوقا بوون؛ ئاوقە بوون ‹گفتم این‌قدر با آن دختر ورنرو کار دستت می‌دهد: گوتم هێند بەو کچەوە مەچۆ، تووشت دەکا›. هەروەها: **ورفتنی**

■ مصدر منفی: **ورنَرفتن** (پێوه نەچوون)

**ورز**[1] / varz/: [کردی]*/اسم. [نامتداول]* وەرد؛ کەش؛ کاری کە دووپاتە و چەن‌پاتە ببێتەوە.

▣ **ورز دادن:** وەرد دانەوە؛ وەرزین؛ هەڵوڵاین؛ مالین و شێلان و تێکەڵکردن ‹ورز دادن خمیر: وەرد دانەوەی هەویر›.

- **ورز**[2]: *پیواژه.* ـگێڕ؛ ئەنجامدەری کارێک ‹کارورز: کارکێر›.

**ورزا** / varzā ، ـها/: [کردی]*/اسم.* وەرزا؛ وەرزە؛ گای جووت: **ورزاو**

**ورزاو** / varzāv/: [کردی] ☜ **ورزا**

**ورزش** / varzeš ، ـها/:*/اسم.* وەرزش: ۱. چالاکی ڕێکوپێک و بە بەرنامە بۆ بار هێنان و پاراستنی لەش ۲. کاری ڕاهێنان؛ ئەو کارەی بۆ ڕاهاتن و پاراستنی ژێهاتوویی دەکرێ.

▣ **ورزش آبی:** وەرزشی ئاوی؛ ئەو وەرزشانەی دە نێو ئاودا دەکرێن (وەکوو مەلە، خلیسکێنی سەر ئاو و...)

**ورزش آماتوری:** وەرزشی ئاماتۆری؛ وەرزشێ کە ئیش و پیشەی وەرزشکار نیە. بەرانبەر: **ورزش حرفه‌ای**

**ورزش انفرادی:** وەرزشی تاکەکەسی؛ هەر کام لەو وەرزشانەی بە تەنیایی ئەنجام دەدرێن، واتە وەرزشکار بە تەنیایی دەچێتە مەیدانی حەریفەکەی (وەک زۆربانی، مشتێن و...). بەرانبەر: **ورزش تیمی**

**ورزش باستانی:** وەرزشی باستانی؛ وەرزشی زۆرخانەیی؛ هەر کام لە وەرزشە خۆمالیەکانی ئێران کە لە زۆرخانەدا بەڕێوە دەچێ.

**ورزش تیمی:** وەرزشی یانەیی؛ یارییێ کە چەن‌کەسی بەڕێوە دەچێ. بەرانبەر: **ورزش انفرادی**

**ورزش حرفه‌ای:** وەرزشی پیشەیی؛ وەرزشێ کە دەبێتە پیشە و کاری وەرزشکار. بەرانبەر: **ورزش آماتوری**

**ورزش رزمی:** وەرزشی ڕەزمی؛ وەرزشێ کە وەرزشکار بۆ بەربەرەکانێ ڕادێنێ (وەک جودۆ، کونگ‌فۆ، کاراتە و...).

**ورزش زمستانی:** وەرزشی زستانی؛ ئەو وەرزشانەی تەنیا لە زستاندا دەڕەخسێن (وەک خلیسکێن، پاتیناژ).

**ورزش سوندی:** وەرزشی سوێدی؛ ئەو جەموجوولە نەرمانەی بۆ پاراستنی لەش دەکرێ (وەک جوولانەوەی ڕێکوپێک و نەرمی دەست، پێ، سەر و مل، نووشتانەوە و ڕاست بوونەوە).

▣ **ورزش کردن:** وەرزین؛ وەرزش‌کردن.

**ورزشکار** / varzeškār ، ـها؛ ـان/:*/اسم.* وەرزشکار؛ لیزەڤان؛ وەرزشوان؛ یاریزان؛ ڕاهاتوو بە وەرزش.

**ورزشگاه** / varzešgāh ، ـها/:*/اسم.* یاریگە؛ وەرزشگا؛ بینایەکی گشتی دەورگیراوی سەرباز بە سەکۆ و سەندەلی لە پەرانپەڕەوە بۆ دانیشتنی سەیرکەران و مەیدانی جۆراوجۆر لە ناوەندا.

**ورزشی** / varzešī/: *صفت.* وەرزشی؛ پێوەندیدار بە وەرزشەوە ‹مسابقەی ورزشی: کێبەرکێی وەرزشی›.

**ورزگار** / varzgār/: [از کردی]*/اسم. [قدیمی]* وەرزیار؛ وەرزێڕ؛ جووتیار؛ جووتێر؛ جفتیار؛

جۆتیار؛ هیتیار؛ جووت‌به‌نده.

**ـ ورزی** / varzî/: *پیواژه.* ـگێڕی؛ ـکەری؛ ـکاری؛ ڕەوتی بەڕێوە بردن؛ ئەنجامدان ‹کارورزی: کارگێڕی›.

**ورزیدگی** / varzîdegî ، ـها/: *اسم.* باڕهاتوویی؛ ڕاهاتوویی؛ دۆخ یان چۆنیەتی کارامە بوون بە هۆی خو ڕاهێنانەوە ‹ورزیدگی خوبی داشت، مثل فرفره کار می‌کرد: ڕاهاتوویەکی باشی هەبوو، وەکوو فرفرە کاری دەکرد›.

**ورزیدن** / varzîdan/: *مصدر. متعدی.* // **ورزیدی:** کردت؛ **می‌ورزی:** دەکەی؛ **بِورز:** بکە// کردن؛ بەجێ هێنان؛ بەڕێوە بردن؛ کار یان خۆ و خدەیەک بۆ ماوەیەکی زۆر درێژە پێدان ‹عشق ورزیدن: ئەویندارى کردن›.

■ صفت فاعلی: **ورزنده** (ـ)/ صفت مفعولی: **ورزیده** (کراو)/ مصدرمنفی: **نَورزیدن** (نەکردن)

**ورزیده** / varzîde/: *صفت.* باڕهاتوو؛ ڕاهاتوو: ۱. /ـها؛ ـگان/ کارامە؛ لێهاتوو؛ ژێهاتی؛ کارزان؛ کارا ‹کارگر ورزیده: کرێکاری کارامە› ۲. *[مجازی]* کرژ؛ گورج؛ بەهێز و توان ‹بدن ورزیده: لەشی باڕهاتوو›.

**ورس** / vars/ ☜ **بَرس**

**ورساد** / versād ، ـها/: [روسی]/*اسم. [چاپ]* وێرسات؛ کەرستەیەک وەکوو سینیەکی پچووک بۆ داچنینی دەستی پیتی چاپ کە بەرەکەی بە قەد دێرەکان کەم و زۆر دەکرێ.

**ورشکست** / varšekast/: *صفت. [گفتاری]* تێشکاو؛ تێکشکاو؛ تەختە؛ وەرشکست؛ مایەپووچ؛ مایەپووت؛ مالکەتی؛ مافندی؛ مافنگی؛ دەملەپووش؛ شکس‌گەن؛ دارایی لە دەس‌چووگ.

▣ ورشکست شدن: تێشکان؛ لێکەوتن؛ لێکەفتن؛ لە دەسەلات کەوتن؛ مال‌کەتن؛ دەملەپووش بوون؛ مایەپووچ بوون.

**ورشکستگی** / varšekastegî/: *اسم.* تێشکاوی؛ تێکشکاوی؛ لێکەوتوویی: ۱. بار و دۆخی کەس یان دامەزراوەیێ کە سەرمایەکەی لە قەرزدا ڕۆشتبێ و هێشتاش قەرزار بێ ۲. *[مجازی]* بار و دۆخی بێدەسەلات کەوتن و وەج نەمان ‹ورشکستگی سیاسی: تێشکاوی سیاسی›.

**ورشکسته** / varšekaste ، ـها؛ ـگان/: *صفت.* تێشکاو؛ لێکەوتوو؛ مالکەتی؛ لێکەوتە؛ لێکەفتگ؛ لێکەفتە؛ دەولەمەندی لێقەوماو ‹تاجر ورشکسته: بازرگانی لێکەوتوو›.

**ورشو** / varšow, varšo: /[لهستانی]/*اسم.* وەرشۆ؛ وەرشەو؛ ڤەرشە: ۱. هەر ئالیاژێکی سپی بە ٤٦ تا ٦۳٪ مس، ٦ تا ۳۰٪ نیکل و ۱۸ تا ۳٦٪ ڕۆح کە بۆ دروستکردنی سەماوەر، سینی، دەفر و ئامان و ئامرازی تیژ، کەلکی لێ وەردەگرن ۲. پارچە کانزای ئاوکاری‌کراو کە ماشینی پێ دەڕازێننەوە.

**ورشوی** / varšovî/: [لهستانی] *صفت.* وەرشۆیی؛ ڤەرشەیی؛ وەرشەوی؛ لە جنسی وەرشۆ یان تێکەڵاو بە وەرشۆ ‹سینی ورشوی: سینی وەرشویی›: **ورشویی**

**ورشویی** / varšoyî/: [لهستانی] ☜ **ورشوی**

**ورطه** / varte/: [عربی]/*اسم. [ادبی]* ۱. تەنگەژە؛ تەنگژە؛ تەنگەلان؛ چاڵێکی قوول مەترسیدار وەکوو بیری ئاو ۲. گێژاو؛ گێژەن ۳. فەرتەنە؛ شوێنی دژوار و نالەبار و جێی مەترسی لە گیان.

**ورع** / 'vara/: [عربی]/*اسم. [ادبی]* خۆپارێزی؛ پارێزکاری؛ کار و ڕەوتی خۆ پاراستن لە کاری ناڕەوا.

**ورق** / varaq ، ـها/: [عربی]/*اسم.* پەڕە؛ پەڕ؛ وەرەق؛ وەرەقە: ۱. تەڵش؛ گەڵا؛ یەکەی ژمارەدنی کەڵوپەلی تەخت و ناسک ‹یک ورق کاغذ: پەڕەیێ کاغەز› ۲. کاغەز؛ کاغەزی زۆرتر ۵۰×۳۰ بۆ چاپ ۳. /اوراق/ بەشێک لە دەفتەر، کتێب یان بلاڤۆک کە لە دوو لاپەڕەی پشت و ڕوو پێک دێت ٤. پاسوور؛ وەرەق؛ گەنجەفە؛

پەنجاوچوار پەڕی دریژۆکەی نەخشارا لە مقەبا یان پلاستیک کە کایەی پێ دەکەن ۵. هەر کام لەو پەڕەیانە.

▣ **ورق برگشتن:** *[مجازی]* وەرەق هەڵگەڕانەوە/ هەڵگەڕیانەوە/ هەڵەوگەڕیان؛ بار گۆڕیان؛ ئاسا و هۆرگیلایوە؛ ئاڵوگۆڕ بە سەردا هاتنی بار و دۆخ ‹وقتی کودتا شد و ورق برگشت، مجبور شد شبانه فرار کند: هەرکە کودەتا کرا و وەرەق هەڵگەڕایەوە، ناچار بوو بە شەودا ڕاکا›.

**ورق خوردن:** هەڵدرانەوە: ۱. لاپەڕە درانەوە؛ گۆڕیانی لاپەڕە ‹صفحات کتاب از باد کولر ورق خورد: لاپەڕەی کتێبەکە بە هۆی بای کوولێرەوە هەڵدرایەوە› ۲. *[مجازی]* هەڵگەڕانەوە؛ بە سەر چوون؛ تێپەڕ بوون؛ ئاڵوگۆڕکردنی بار و دۆخ ‹صفحەی دیگری از تاریخ ورق خورد: بەرگێکی‌تری مێژوو هەڵدرایەوە›.

**ورق زدن:** ۱. پەڕە/ لاپەڕە دانەوە؛ لاپەڕە هەڵدانەوە؛ پەڕە دان؛ وەرەق لێدان ۲. چاو پێدا خشاندن؛ بە سەردا چوون؛ ڕەمەکی خوێندن یان لێکۆڵینەوە ‹داشت کتابی را ورق می‌زد و به دنبال مطلبی می‌گشت: خەریک بوو چاوی بە کتێبێکدا دەخشاند و لە شوێن بابەتێ دەگەڕا›.

**ورق‌بازی** / varaqbāzî/: [عربی/ فارسی]/اسم. پاسووران؛ گەنجەفە؛ وەرەق‌بازی: ۱. هەر کام لەو کایە جۆراوجۆرانە بە پاسوور دەکرێ ۲. کاری کایە کردن بە پاسوور. هەروەها:

**وَرَق‌باز**

**ورق‌پاره** / varaqpāre ، ـها/: [عربی/ فارسی]/اسم. لەتەقاغەز؛ کوتەقاقەز: ۱. تیکە قاغەزی بچووک ۲. *[مجازی]* بلاڤۆک یان کتێبێکی بێبایەخ ۳. بەڵگەی کەم بایەخ ‹بعد از دوازده سال درس خواندن ورق‌پاره‌ای به دستم داده‌اند که به هیچ دردی نمی‌خورد: دوای دوازده ساڵ خوێندن لەتەقاغەزێکیان دا بە دەستمەوە، کە بە کەڵکی هیچ نایە›.

**ورقلمبیدن** / varqolombîdan, -qolonbîdan/: *مصدر. لازم. [گفتاری]* // **ورقلمبیدی:** هەڵتۆقای؛ **ورمی قلمبی:** هەڵدەتۆقی؛ **وربِقلمب:** هەڵتۆقە// هەڵتۆقان؛ هەڵتۆقیان؛ هەڵتۆقین؛ هەڵهاتن؛ هەڵماسین؛ هەڵمسان؛ ماسین؛ ماسیان؛ ماسەی؛ هەڵپفان؛ پەنەمان؛ پەنەمیان؛ باکردن ‹جیبش ورقلمبیده بود: گیرفانی هەڵتۆقیبوو›:

**ورقلنبیدن**

■ صفت مفعولی: **ورقلمبیده** (هەڵتۆقیو)

**ورقلنبیدن** / varqolonbîdan/ ☜ **ورقلمبیدن**

**ورقه** / varaqe ، ـها/: [عربی]/اسم. ۱. پەڕ؛ پەڕە؛ گەڵا؛ وەرەقە ‹ورقه‌ی کاغذ: وەرەقەی کاغەز؛ ورقه‌ی مقوا: پەڕی قاغەز؛ پەڕەی مقەبا› ۲. ☜ **برگ-۲**

▣ **ورقه شدن:** پەڕە پەڕە بوون؛ گەڵاگەڵا بوونەوە؛ وەک پەڕە لێهاتن. هەروەها: **ورقه کردن**

**ـ ورقی** / varaqî/: [عربی] *پیواژه.* ـ وەرەقی؛ ـپەڕەیی؛ پەیوەندیدار و سەر بە ئەندازەی وەرەق ‹نیم‌ورقی؛ دوورقی: نیم‌وەرەقی؛ دووبەردیی›.

**ورک** / varak/: *اسم. [گیاه‌شناسی]* گوڵەزەرد؛ زەنگوڵەگیا؛ بەرزەلەنگ؛ بەرزەلەنگ؛ دارچکێکی ڕازاوەیی لە تیرەی گوڵباخی بە گوڵی زەرد و لاسکی درکاویەوە کە خۆرسکە بەلام دەشێچێنن.

**ورکشیدن** / varkešîdan/: *مصدر. متعدی. [گفتاری]* // **ورکشیدی:** هەڵتکێشا؛ **ورمی‌کشی:** هەڵدەکێشی؛ **وربِکش:** هەڵکێشە// هەڵکێشان؛ هەڵکێشاندن؛ هۆرکێشتەی ‹پاشنه را ورکشید و راه افتاد: پاژنەکەی هەڵکێشا و کەوتەڕێ›.

■ صفت مفعولی: **ورکشیده** (هەڵکێشراو) / مصدر منفی: **ورنکشیدن** (هەڵنەکێشان)

**ورم** / varam ، ـها: اُورام/: [عربی]/اسم. *[پزشکی]* پەنەم؛ پەنام؛ ماس؛ پەرچڤ؛ وەرهەم؛ وەرەم؛ خانەبا؛ خانەما؛ پەشام؛ کیس؛ دیاردەی

www.perawipepwle.com



هەڵماسین و ئەستوور بوونی ئەندام.

▣ **ورم مغزی:** مێشک‌پەنەمی؛ ئانسیفالیت؛ نەخۆشی ئاوسانی مێشک.

**ورم ملتحمه:** نەخۆشی ئاوسانی پێڵووی چاو.

▣ **ورم کردن:** پەنەمان؛ پەنەمین؛ پەنەمیان؛ ئەوسان؛ ئاوسان؛ ماسان؛ ماسین؛ ماسەی؛ خڕ بوون؛ پەرچڤین؛ واکەردەی؛ هەڵپفان؛ هەڵماسیان؛ هەڵماسین؛ سوور هەڵگەڕان و ئەستوور بوونی برین یان شوێنێکی لەش ‹دست و پایش ورم کرده بود: دەس و پای پەنەماوو›.

**ورمالیدن** / varmālîdan/: *مصدر. متعدی. لازم.* // **ورمالیدی:** هەڵتکرد؛ **ورمی‌مالی:** هەڵدەکەی؛ **ورمال:** هەڵکە // □ *متعدی.* ۱. هەڵکردن؛ هەڵماڵین؛ هەڵپێچان؛ ڤەمشتن؛ هەڵماڵان؛ هۆرمالەی؛ لە خوارەوە بۆ سەر بە سەر یەکدا پێچان (زۆرتر بۆ قۆل و دەرلینگ) □*لازم.* ۲. *[مجازی]* هەلاتن؛ دەرباز بوون؛ دەرچوون؛ بەرشیەی؛ پەکین.

■ صفت مفعولی: **ورمالیده** (هەڵکراو)

**ورم کرده** / varamkarde/: [عربی/ فارسی] *صفت.* ئاوسا؛ ئاوساو؛ ئاوسیاگ؛ هەڵمساو؛ ئاوساگ؛ پەنەماو؛ ئاوپەڕ.

**ورموت** / vermût/: [فرانسوی]/*اسم.* وەرموت؛ جۆرە شەراوێکی شیرینە، دەگەڵ خواردنەوەی‌تر تێکەڵی دەکەن.

**ورمیشل** / vermîšel/: [فرانسوی]/*اسم.* هەرشتە فەرەنگی؛ جۆرێک هەرشتەی باریکتر و کولتر لە ماکارۆنی.

**ورنچیدن** / varnačîdan/ ☜ **ورچیدن**

**ورنداشتن** / varnadāštan/ ☜ **ورداشتن**

**ورنرفتن** / varnaraftan/ ☜ **وررفتن**

**ورنکشیدن** / varnakešîdan/ ☜ **ورکشیدن**

**ورنی** / vernî/: [فرانسوی]/*اسم.* لەعاب؛ ویرنی؛ تراوێکی خەست و چەسپنی سروشتی یان دەسکردە کە بە سەر کەوش و کیف و...دا دەیساون، کە وشک بووەوە دەبێتە تۆژاڵێکی سفت و بریقەدار، بۆ جوانی و پاراستنی چەرم دەچێتە کار.

**ورنیامدن** / varnayāmadan/ ☜ **ورآمدن**

**ورنیفتادن** / varnayoftādan/ ☜ **ورافتادن**

**ورنیه** / vernîye ، ـها/: [فرانسوی]/*اسم.* ورنیە؛ ئامرازێکی پێوانی مەودای زۆر کورت (کەمتر لە میلی‌میتر).

**وروجک** / vurûcak, vorûcak ، ـها/: *صفت.* جرتی و فرتی؛ زیکل؛ هار و هاج؛ دانەسەکناو؛ ئەرەنەکاسیا؛ گوێزی ناو بێژنگ؛ تایبەتمەندی منداڵێ کە بە دەست و پاوە ناوەستێ.

**ورود** / vorûd, vurûd/: [عربی]/*اسم.* ۱. کاری چوونە ژوورەوە؛ چوونە ناو؛ لوای دلێ ۲. دەسپێک؛ کار و ڕەوتی دەسپێکردنی بابەتێک ۳. دەرگانە؛ زارک.

**ورودی**[1] / vorûdî, vurûdî ، ـها/: [عربی]/*اسم.* دەرگانە: ۱. دراوێ کە بۆ چوونە شوێنێک دەبێ بدرێ: **ورودیه** ۲. مەیدان و بۆشایی کە بۆ چوونە ژوور، بەوێدا تێدەپەڕن ‹ورودی ساختمان: دەرکانەی خانووبەرە›.

**ورودی**[2]: *صفت.* چوونە ژوور(ەوە)؛ چوونە ناو ‹در ورودی؛ آزمون ورودی: دەرگای چوونە ژوور؛ ئەزموونی چوونە ناو›.

**ورودیه** / vorûdîyye, vurûdîyye/: [عربی] ☜ **ورودی**[1]ـ۱

**ورووره** / ververe/:/*اسم. [قدیمی]* جەلجەلوت؛ پرتەپرتی بن‌لێوانی جادووگەر.

**وريد** / varîd ، ـها/: [عربی]/*اسم. [کالبدشناسی]* سیارەگ؛ ڕەشەدەمار؛ سیاوڕەگ؛ ئەو ڕەگەی خوێن دەگەڕێنێتەوە بۆ دڵ.

▣ **وريد اجوف:** ڕەشەدەماری گەورە.

وريد اجوف اسفل: بزرگ سیاهرگ زیرین ☜ **بزرگ سیاهرگ**

وڕید اجوف اعلا: بزرگ سیاهرگ زبرین ☜ **بزرگ سیاهرگ**

**وریسم** / verîsm/: [فرانسوی]/سم. ڤریسم؛ شێوازێکی هونەری که وازی له بابەتی ئاسایی و ڕۆژانەیە و خۆی لە ئوستووره و دیرۆکان دەبوێرێ.

**وز** / vez/: صفت. گژ؛ گرژ؛ درژ؛ کرژ؛ بژ: ١. شێواوی و پڕکردوویی مووی سەر، بەتایبەت لە کەش و هەوای نمداردا ‹باد و باران زده بود و موهایش وز کرده بود: با و باران لێی‌دابوو، قژی کز کردبوو› ٢. لوول؛ بە چینچینی ورد و لێکهالاوەوە (وەک مووی ڕەش‌پێستان).

▣ **وز کردن**: گژ بوون؛ قژکردن؛ دەژیەی؛ گژگژین؛ شپرز بوون و پڕکردنی مووی سەر: **وزکرده**

**وزارت** / vezārat/: [معرب از پهلوی]/سم. وەزارەت: ١. وەزیری؛ شالیاری؛ کار و پلەی وەزیر ٢. وەزارەتخانە ‹وزارت صنایع: وەزارەتی پیشەسازی›.

**وزارتخانه** / vezāratxāne ، ـها/: [معرب/ فارسی] /سم. وەزارەتخانە: ١. دامەزراوەیەکی دەولەتی کە لە ژێر چاودێری وەزیرێکدا بەڕێوە دەچێ ٢. یانەی ناوەندی ئەو دامەزراوەیە کە شوێنی کاری وەزیرە.

**وزارتی** / vezāratî/: [معرب] صفت. وەزارەتی؛ سەر بە وەزارەت ‹مقام وزارتی: پێگەی وەزارەتی›.

**وزان** / vazān/: قید. شنەشن؛ بە شنیانەوە؛ بە شنینەوە؛ بە هەڵکرد؛ بە شنەشن.

**وزاندن** / vazāndan/: مصدر. متعدی. // **وزاندی**: هەڵتکرد؛ **می‌وزانی**: هەڵدەکەی؛ **بوزان**: هەڵکە// هەڵکردن؛ هۆرکەردەی؛ بزواندن؛ هەژاندن: **وزانیدن**

■ صفت فاعلی: **وزاننده** (هەڵکەر)/ صفت مفعولی: **وزانده** (هەڵکراو)

**وزانیدن** / vazānîdan/ ☜ **وزاندن**

**وزر** / vezr/: [عربی]/سم. [ادبی] ١. گوناه ؛ گوناه؛ پیازه؛ بەزه؛ هارس؛ تاوان؛ سووچ؛ گوناسە؛ گوناسا ٢. باری گران.

**وزرا** / vozarā/: [عربی] جمع ☜ **وَزیر**

**وزش** / vazeš ، ـها/:/سم. شنە؛ ڕەوتی هەڵکردن؛ شنیان ‹وزش نسیم: شنەی سروە›.

**وزغ** / vazaq ، ـها/:/سم. تڕتڕە؛ گیاندارێکی دووژی بۆقئاسایە بە لەشی قەڵەو، پای کورت و زۆرێک لووی لک ـ لک وەکوو بالووک لە سەر پێستەوە: **وزق**

**وزق** / vazaq/ ☜ **وزغ**

**وزکرده** / vezkarde/ ☜ وز کردن، **وز**

**وزن** / vazn، ـها؛ اوزان/: [عربی]/سم. ١. کێش؛ قورسایی؛ سەنگ؛ سەنگینی؛ گرانی؛ گرانایی: *الف)* قورسی ‹وزن آن سنگ چقدر است؟: قورسایی ئەو بەردە چەندە؟› *ب)* ئەندازەی قورسی بە پێی یەکەی ستاندارد ‹وزن آن بیش از ٢٠٠ کیلو بود: گرانایەکەی زۆرتر لە ٢٠٠ کیلۆ بوو› *ج)* پێوانێک بۆ ڕێزکردنی بەشدارانی بڕێ کێبەرکێ وەرزشی (وەک زۆرەبانی، مشتێن و...) ٢. *[مجازی]* بایەخ؛ قیمەت ‹حرف او پیش مردم وزنی ندارد: قسەی بەڵای خەڵکەوە بایەخێکی نیە› ٣. هەڤدەن؛ ڕەوت؛ کێشی شێعر؛ ژمارەی برگە لە شێعرێکدا ٤. کێش؛ کێشانە؛ کێشی وشە؛ ئاهەنگی هاتنە سەر زاری وشە، لە بواری ژمارەی برگە و بزاڤەکانیەوە ‹کبیسه بر وزن همیشه: کەبیسە لە سەر کیسی هەمیشە› ٥. *[موسیقی]* ڕیتم؛ کێشی مووسیقا.

▣ **وزن اتمی**: کێشی ئەتومی؛ ژمارەی جرمی؛ نیوانەی جرمی ئەتۆمی توخمێک لە ئاست ١٢/١ جرمی کەربونی ١٢.

**وزن شعر**: کێشی شیعر؛ ڕەوت؛ هەڤدەن؛ ڕەوتی هەڵبەست؛ چۆناوچۆنی چنینی وشەی هەر بالێک لە بواری ئاهەنگی خوێندنەوەیانەوە.

**وزن ضربی**:*[موسیقی]* کێشی زەربی؛ کێشێکی

موسیقایی له ئاهەنگێکدا، که له سەرەتاوە تا برانەوە هەر دووپاتە دەبێتەوە (وەک ئاهەنگی هەڵپەڕکێ یان مارش).

**وزن عروضی**: کێشی عەرووزی؛ کێشی شیعر به گوێرەی بنەمای زانستی عەرووز و ڕیزی ئەفاعیل.

**وزن مخصوص**: /فیزیک/ کێشانەی تایبەت؛ قورسی یەکەیێک له بارستایی بۆ هەر شتێ (وەک دەڵێن کێشانەی تایبەتی ئاو دەکاتە یەک، یانێ قورسی سانتیمیترێکی چوارپاڵووی ئاو، یەک گرەمە).

**وزن ملکولی**: /شیمی/ کێشانەی مولکوولی؛ کێشی مولکوول گرەمێک ($۶,۰۲\times۱۰^{۲۳}$ دانە) له هەر ماکێ.

**وزن هجایی**: کێشی برگەیی؛ کێشی شێعر به پێی یەکسانی یان هاوڕێژەیی برگەکانی هەر باڵێک.

▣ **وزن کردن**: کێشان؛ کێشاندن؛ هەڵسەنگاندن؛ هەڵسەنگانن؛ کەراندش؛ کێشانەکردن؛ کێشانەکەردەی؛ دیاریکردنی قورسایی شتێک به پێی یەکەیەکی دیاریکراو ‹بچە را وزن کردند، ۴،۵ کیلو بود: منداڵەکەیان کێشا، ٤،٥ کیلۆ بوو›. هەروەها: **وزن شدن**

**وزنه** / vazne ، ـها؛ اوزان/: [عربی]/سم. ۱. سەنگ؛ کێشانه؛ کوتێک له بەرد یا کانزا به قورساییەکی دیاریکراوەوە بۆ دەسنیشانکردنی کێشی کەل‌وپەل ۲. سەنگ؛ کوتە کانزایەکی قورس که دەزگا و ماشینی پێ هاوسەنگ دەکەن (وەک له ئاسانسۆردا) ۳. وەزنە؛ هاڵتیر؛ پارچەکانزای به بیچمی جۆراوجۆرەوە بۆ وەرزش ‹وزنه را یک‌ضرب بلند کرد: هاڵتیرەکەی یەکتەکان بەرز کردەوە› ٤. وەج؛ ڕێز؛ حورمەت ‹وزنه‌ی سیاسی: وەجی ڕامیاری›.

**وزنه‌بردار** / vaznebardār ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی]/سم. وەزنەهەڵگر؛ وەرزشکاری که هاڵتەر هەڵدەگرێ.

**وزنه‌برداری** / vaznebardārî/: [عربی/ فارسی]/سم. وەزنەهەڵگری؛ وەرزشێکی تاکەکەسی به شێوەی هەڵگرتن و بەرزکردنەوەی مێلەیەکی دوو سەر سەنگ (هاڵتیر) تا بانی سەر.

**وز ـ وز** / vezvez/: صوت. جیزەجیز؛ ویزەویز؛ وزەوز؛ گیزەگیز؛ ڤزەڤز؛ دەنگی زۆر باریکی مێش و میشوولە یان هەر دەنگێکی وا.

▣ **وز ـ وز کردن**: جیزەجیز/ ویزەویز/ وزەوز/ کردن؛ ویزاندن؛ وزەکردن؛ ویزنەی؛ ویزنای.

**وزی ـ وزی** / vezvezî/: صفت. گژگژی؛ گژنە؛ گژگژاویلکە؛ گژکردوو؛ پفکردوو؛ به سەر و سەکوتێکی شپرز و ئاڵۆزاوەوە.

**وزیدن** / vazîdan/: مصدر. لازم. // **وزیدی**: شنیای؛ **می‌وزی**: دەشنی؛ **بوز**: بشنە // شنین؛ شنیان؛ شنان؛ شهین؛ هەڵکردن؛ وەزان؛ وەزین ‹باد آرامی وزید: بایەکی نەرم شنیا›. هەروەها: **وزیدنی**

■ صفت فاعلی: **وزنده** (ـ)/ صفت مفعولی: **وزیده** (شنیاگ)/ مصدر منفی: **نوزیدن** (نەشنیان)

**وزیر** / vazîr/: [معرب از پهلوی]/سم. وەزیر؛ شاریار؛ شالیار: ۱. ـها؛ ـان؛ وُزَرا/ بەرپرسی وەزارتخانە و ئەندامی کابینەی دەوڵەت ۲. مۆرەیەکی شەترەنج که له هەموو لایەکەوە دەتوانێ ببزوێ و هەر یاریکەرێک یەکێکی هەیە ۳. بەردەسی شا له هێندێ گەمەدا.

▣ **وزیر مختار**: باڵوێز؛ باڵیۆز؛ ڕاسپاردەی ڕامیاری دانیشتوو له ناوەندی ولاتێکی هەندەراندا.

**وزیر مشاور**: وەزیری ڕاوێژکار؛ ڕاوێژکاری سەرۆکوەزیر یان کۆڕی وەزیران.

**وزیری** / vazîrî/: [معرب]/سم. ۱. وەزیری؛ شالیاری؛ کاری وەزیر ‹روستازادگان دانشمند، به وزیری پادشا رفتند: لادێی ژیر و زانا، چوون بۆ وەزیری پاشا› ۲. ☜ قطع وزیری، **قطع**

**وزین** / vazîn /: [عربی] *صفت.* سەنگین؛ گران: ۱. *[مجازی]* گرانمایە ‹شخصیت وزین: کەسایەتی سەنگین› ۲. *[ادبی]* قورس؛ بەکێش ‹جسم وزین: تەنی قورس›.

**وسائط** / vasā'et /: [عربی] ☜ **وسایط**

**وسائل** / vasā'el /: [عربی] ☜ **وسایل**

**وساطت** / vesātat, vasātat ، ـها /: [عربی]/سم./ ناوبژی؛ نێوبژی؛ نێوان‌گری؛ ناوجیکەری؛ ناوجیگەری؛ ناوبژیکەری؛ ناوجیەکەری؛ نێوبژێری؛ مانجیگەری؛ نێوانجیگەری ‹همسایەها وساطت کردند و دعوا تمام شد: هاوسێکان ناوبژیان کرد و شەڕ تەواو بوو›.

**وسایط** / vasāyet /: [عربی] جمعِ ☜ **واسطه: وسائط**

▣ **وسایط نقلیه:** کەرەسەی گواستنەوە؛ ئامرازی پێڕاگوێز.

**وسایل** / vasāyel /: [عربی] جمعِ ☜ **وسیله: وسائل**

▣ **وسایل نقلیه** ☜ وسیلەی نقلیه، **وسیله**

**وسط**[1] / vasat ، ـها /: [عربی]/سم. نێوان؛ ناوەند؛ نێوەند؛ ناوە؛ ناوەڕاست؛ نێوەڕاست؛ ناوڕاس؛ نێوەڕاس؛ ناوەڕاس؛ نخس؛ پونگال؛ شەق؛ دل؛ دڵەڕاسە؛ ناوقەد؛ هاویر؛ چەق؛ ناڤ؛ نێوجەرگە؛ ناوجەرگە؛ نێوەند؛ کونەلە؛ دوڕ؛ نێرەک؛ نیڤی؛ نیڤ؛ ئۆرت؛ داگ؛ گرە؛ ناڤی؛ ناڤەند؛ نابەین؛ مینە؛ مینجە؛ مینجا؛ ناڤبەند؛ وەرتە؛ وەرت ‹وسط حیاط؛ وسط جمعیت؛ وسط سیب: نێوان حەوشە؛ ناوەراستی جەماوەر؛ ناوەندی سێو›.

▣ **وسط را گرفتن:** *[گفتاری]* ناوبژی کردن؛ ناوجی کردن؛ نێوبژی‌کردن ‹آرام وسط را گرفت و نگذاشت کار بالا بگیرد: ئارام ناوبژی کرد و نەیهێشت شەڕ داگیرسێ›.

**وسط**[2]: *صفت.* ناوەندی؛ ناونجی: ۱. ناوەڕاست؛ ناوڕاس؛ میانێن؛ ناڤگین؛ نابەین؛ ناوگین؛ دلێ ڕاسەین؛ ناوەڕاستین؛ ناوەڕاسن؛ لە نێوان دوو یان چەن شتدا ‹اتاق وسط؛ در وسط: دیوی ناوەڕاست؛ درگای ناوگین› ۲. *[گفتاری]* مامناوەنجی؛ مامناوەندی؛ نە چاک نە خراپ ‹جنس وسط: جنسی ناونجی›.

**وسط**[3]: *قید. [گفتاری]* ناوەڕاست؛ نێوانەوە؛ ناوەڕاس؛ نێوەڕاست؛ لە ناو ڕاستدا؛ لە نێواندا؛ نێوان ‹وسط افتادن؛ وسط گذاشتن: کەوتنە ناوەراستەوە؛ نانە نێوانەوە›.

▣ **وسط افتادن:** *[گفتاری]* کەوتنە نێوانەوە/ ناوەوە: ۱. خۆ خستنە ناو؛ خۆ دەکارێکەوە تێوەردان ‹پدرم افتاد وسط و از همسایەها پول جمع کرد: باوکم کەوتە نێوانەوە و لە هاوساکان پارەی کۆ کردەوە› ۲. کەوتنە نێوان؛ کەوتنە بەین؛ کەوتنە مابەینی کەسانی‌تر ‹توی ماشین، من وسط دو تا آدم چاق افتاده بودم: لە نێو ماشیندا، کەوتبوومە نێوان دوو مرۆی قەڵەوەوە›.

**وسط کشیدن:** هێنانە پێشەوە؛ هاوردنە بەرەوە؛ ئاردەینە بەین ‹حرف پول را وسط کشیدن: قسەی پارە هینانە پیش›: **به وسط کشیدن**

**وسط گذاشتن:** *[گفتاری]* هێنانە پێشەوە؛ هاوردنە بەرەوە؛ ڕۆکردن؛ کردنە ناوەڕاست؛ ئەنەوەردەس نیەی ‹هرچه داشتیم گذاشتیم وسط: هەر شتێکمان هەبوو هینامانە پیشەوە›.

**به وسط کشیدن** ☜ **وسط کشیدن**

**وسط** / vasate /: [عربی] *حرف.* نێو؛ ناو؛ ناوەڕاسی؛ ناوەڕاستی؛ نێوەڕاستی؛ دلێ ڕاسەو ‹وسط حیاط؛ وسط مردم: نیو حەوش؛ نیو خەڵک›.

▣ **وسط حرف کسی دویدن** ☜ توی حرف کسی دویدن، **تو**[2]

**وسط دعوا نرخ طی/ تعیین کردن:** لە ناو وتوویژێکدا، قسەی خۆ وەک شتێکی بڕاوە دەربڕین.

**وسطی**[1] / vasatî ، ـها /: [عربی] *صفت.* ناوەندی؛ ناوەنجی؛ ناوەڕاس؛ ناوەڕاست؛ ناوەڕاسن؛ دلێ ڕاسین؛ دلێ ڕاسینە ‹انگشت وسطی: قامکی

ناوەندی›.

**وسطی**[۲]: ضمیر. ناوەڕاست؛ ناوەندی؛ ناوەنجی؛ ناوەڕاس؛ ناوەڕاسین؛ دلێڕاسین؛ دلێڕاسینە؛ کەسێک یان شتێ کەوتبێتە ناوەڕاستەوە ‹وسطی مال من است: ناوەڕاستیەکە هی منە›.

**وسطی** / vostā/: [عربی] صفت. ناوین؛ ناڤین؛ ناوەندی؛ ناوەڕاست؛ دلێڕاسین ‹آسیای وسطی؛ قرون وسطی: ئاسیای ناوین؛ سەدەگەلی ناوەندی›.

**وسع** / 'vos/: [عربی]/سم. دەسڕۆیی؛ دەسچوویی؛ توانایی؛ توانایی مالی ‹وسع من نمی‌رسد لباس تازه بخرم: دەستم ناڕوا جلی نوێ بکڕم›.

**وسعت** / vos'at/: [عربی]/سم. ۱. پانتایی؛ بەرینی؛ بەرینایی؛ بەربلاوی ‹وسعت این باغ چقدر است؟: پانتایی ئەم باخە چەندە؟› ۲. پانایی؛ پێچەوانەی دریژایی ‹وسعت این خیابان ۳۰ متر است: پانایی ئەم شەقامە ۳۰ میترە› ۳. زۆری؛ فرەیی؛ فراوانی؛ زەحفی.

**وسمه** / vasme ، ـها/: [عربی]/سم. وەسمە؛ وسمە؛ وزمە؛ خم؛ خوم؛ تەتەران: ۱. گیایەکی ئالیکی دووسالانە بە گوڵی زەرد و بەری تووڕەکەییەوە کە گەلاکەی ماکی ڕەنگی تێدایە ۲. خەتات؛ خەنەوڕەنگ؛ ڕەنگی نێو گەلای ئەو گیایە کە لە برۆی دەدەن.

**وسنی** / vasnî ، ـها/: *اسم. [قدیمی]* وەسنی؛ هەوێ؛ هەڤی؛ هەنە؛ هەوی؛ هەوو؛ هەوە.

**وسواس** / vasvās ، ـها/: [عربی]/سم. وەسواس: ۱. *[روان‌شناسی]* ڕا-ڕا؛ واز-واز؛ بیر و هەستێکی تێکەڵ بە شک و دڕدۆنگی بەتایبەت لەمەڕ پاکی و ناپاکی و دڵنیا نەبوون لە سەر خاوێنبوونەوەی هەموو شتێک ۲. *[مجازی]* وردی، وردبینی و شوێنگیری زۆر و لەڕادەبەدەر ۳. شک؛ دوودڵی؛ دڕدۆنگی.

**وسواسی** / vasvāsî ، ـها/: [عربی] صفت. *[روان‌شناسی]* ڕاڕایی؛ وازوازی؛ وەسواسی؛ هووک؛ بەبێ توانستی بڕیار دان و دڵنیا بوون ‹با آدم وسواسی در افتادن مشکل است: ئاوقای مرۆی ڕا-ڕایی بوون دژوارە›.

**وسوسه** / vasvase ، ـها/: [عربی]/سم. وەسوەسە؛ بیر یان هەستێک کە لە پەستا مرۆ بۆ کردنی کارێک هان دەدا.

▣ **وسوسه شدن**: کەوتنە وەسوەسە. هەروەها: **وسوسه کردن**

به **وسوسه افتادن**: تووشی وەسوەسە بوون.

هەروەها: **به وسوسه انداختن**

**وسیع** / 'vasî/: [عربی] صفت. هەراو؛ هیرا: ۱. فرەوان؛ پان و بەرین؛ بەربلاو؛ بەرفراوان؛ بەرفرەوان ‹دشت وسیع؛ کشور وسیع: دەشتی هەراو؛ ولاتی هیرا› ۲. گەورە؛ گوشا؛ بلاو؛ پان؛ ئاوەلا؛ پان‌وپۆڕ ‹سوراخ را قدری وسیع کردیم: کونەکەمان نەختێ هەراو کردەوە› ۳. بەربلاو؛ هەمەلایەنە؛ هەمەلایەن ‹مطالعه‌ی وسیع: لێکۆڵینەوەی بەربلاو›.

**وسیله** / vasîle، ـها؛ وسایل/: [عربی]/سم. ۱. ئەسپاپ؛ ئامێر؛ ئامراز؛ کەرەسە؛ کەرەستە؛ ئەوەی بۆ بەڕێوە بردنی کار یان گەیشتن بە ئامانجێک پێویستە ‹وسیله‌ی نقلیه: کەرستەی گواستنەوە› ۲. هۆ؛ سۆنگە؛ نێوانگر و کارڕێکخەر ‹او وسیله‌ی آشنایی ما شد: ئەو بووە هۆی ئاشنا بوونمان›.

▣ **وسیله‌ی ارتباط جمعی**: ☜ رسانه‌ی گروهی/ همگانی/ جمعی، **رسانه**

وسیله‌ی تفریح: هەوی؛ کەرستەی خۆ خلافاندن و ڕابواردن.

وسیله‌ی نقلیه: ئامرازی پێڕاگوێز؛ کەرەسەی گواستنەوە.

**وش**[۱] / vaš/: *اسم.* گوده؛ قۆزلاخ؛ قۆزلاخە؛ حەپی؛ کەلووی پەمۆ؛ قۆزاخەی پەمۆ؛ پەمووی خاو.

**ـ وش**[۲]: *پسوند.* ـئاسا؛ ـسا؛ ـوەش؛ ـواش؛ ـواژ؛ ـبەش؛ شێوە؛ وەکوو؛ وێنە ‹پریوش: پەری‌ئاسا›.

www.perawipepwle.com



**وشا** / vašā /:/سم. به‌هه‌ک؛ جه‌وگه‌به‌هه‌ک؛ شیله‌ی گیای به‌هه‌ک.

**وشتن** / vaštan /: مصدر. لازم. [قدیمی] هه‌لپه‌رین؛ هه‌لپه‌ڕان؛ له‌یزتن؛ له‌یستن؛ له‌هستین؛ لیزین؛ وازین؛ ڕه‌خسین؛ سه‌ما کردن؛ هۆرپه‌ڕه‌ی؛ هۆرپڕای؛ هه‌لپه‌ڕکێ کردن.

**وشق** / vašaq ، ـها/: [ترکی]/سم. [قدیمی] گه‌ره‌ویلک؛ وشه‌گ؛ ورشه‌ک؛ گوێڕه‌ش؛ هه‌نگوێن‌خۆره؛ جانه‌وه‌ڕێکه له تیره‌ی پشیله به کلکی کورت، تووکی نه‌رم و پڕ و شتێکی وه‌ک کاکۆل به سه‌ر هه‌ر دوو گوێوه، بۆ که‌وله‌که‌ی ڕاوی ده‌که‌ن: **وَشَک**

**وشک** /vašak/: [از ترکی] ☜ **وَشَق**

**وصال** / vesāl /: [عربی]/سم. ۱. ڕه‌وتی پێک‌گه‌یشتن؛ پێک‌گه‌یین؛ به یه‌ک گه‌یشتن؛ گه‌یشتن به دڵدار و ده‌سته‌وملان بوونی ۲. ده‌سکه‌وتن؛ ده‌ست پێگه‌یشتن؛ گه‌یشتن به شتێک و بوونه خاوه‌نی.

**وصایا** / vasāyā /: [عربی] جمعِ ☜ **وصیت**

**وصایت** / vesāyat /: [عربی]/سم. ڕاسپارده‌یی: ۱. کار و پیشه‌ی ڕاسپارده ۲. کارێک که به پێی ئه‌وه که‌سێ، که‌س یان که‌سانێکی‌تر ڕاسپێرێ دوای مه‌رگی شتێ بکه‌ن.

**وصف** / vasf ، ـها؛ اوصاف/: [عربی]/سم. ڕاوه؛ ڕاژ؛ ڕاڤه؛ وتنه‌وه‌ی چۆنیه‌تی شت، که‌س یان ڕووداوێک وه‌ها که وێنه‌یه‌ک له‌و بهێنێته به‌رچاو.

**وصف‌ناپذیر** / vasfnāpazîr /: [عربی/ فارسی] صفت. له گوتن نه‌هاتوو؛ له وتن نه‌هاتگ ‹شادی وصف‌ناپذیر: خۆشیه‌کی له گوتن نه‌هاتوو›.

**وصفی** / vasfî /: [عربی] صفت. ڕاوه‌یی؛ ڕاڤه‌یی؛ ڕاژه‌یی.

**وصل** / vasl /: [عربی]/سم. ۱. کار و ڕه‌وتی لێدان؛ لکاندن؛ لکنه‌ی؛ جووش‌دایین ‹دوشاخه را به پریز وصل کرد: دو شاخه‌که‌ی دا له پریز›

۲. پێک‌گه‌یشتن؛ به یه‌ک گه‌یشتن ‹شب وصل: شه‌وی پێک‌که‌یشتن›.

**وصلت** / vaslat ، ـها/: [عربی]/سم. خزمایه‌تی؛ لف‌بژێری؛ پێوه‌ندی، به‌تایبه‌ت به هۆی ژن و ژنخوازه‌وه ‹این نتیجه‌ی وصلت با شما بود: ئه‌مه ئاکامی خزمایه‌تی له‌گه‌ڵ ئێوه بوو›.

▣ **وصلت دادن**: ده‌ست دان؛ ده‌سکه‌وتن؛ به ده‌س هاتن ‹پولی که می‌خواهی این ماه وصلت نمی‌دهد: ئه‌و پاره ده‌ته‌وێ ئه‌م مانگه ده‌ست ناداً›.

**وصلت کردن**: خزمایه‌تی‌کردن؛ ژن و ژنخوازی کردن؛ دابین‌کردنی پێوه‌ندی بنه‌ماڵه‌یی.

**وصله** / vasle ، ـها/: [عربی]/سم. ۱. پینه؛ دۆن؛ پسپان؛ پنج؛ ڕینگۆڵ؛ بزگۆڕ؛ تیتۆڵ؛ پاتک؛ پاخ؛ ڕیت؛ پارچه‌ی له قوماش، چه‌رم یان کانزای به سه‌ر کون، دڕاو یان سواودا گیراو ۲. که‌ژنه؛ پارچه‌پینه؛ پاتک؛ په‌ڕۆ؛ له‌ته چه‌رم یان په‌ڕۆیێ که بۆ جوانی یاخۆ بۆ به‌رگری له دڕان به چۆک و ئه‌نیشکی جل‌وبه‌رگیدا ده‌دوورن ۳. [مجازی] بوختان؛ بوختیان ‹به او وصله‌ی دزدی زدند و به زندانش انداختند: بوختانی دزییان لێدا و له زیندانیان کرد›.

▣ **وصله‌ی تن**: [مجازی] به‌ندی/ به‌نن دڵ؛ به‌ندی هه‌ناو؛ هێزی هه‌ناو؛ جگه‌رگۆشه؛ بۆ ده‌ربڕینی خۆشه‌ویستی به منداڵ ده‌گوترێ ‹آرام وصله‌ی تنم بود، چطور می‌توانستم ولش کنم؟: ئارام به‌ندی دڵم بوو، چۆن ده‌متوانی ده‌ستێ لێ به‌رده‌م؟›.

**وصله‌ی ناجور**: ۱. پینه‌ی ناتاو/ ناپۆڕ؛ پینه‌یه‌کی دوو ڕه‌نگ ۲. [مجازی] دۆستی ناباب؛ ئاوااڵی خراپ.

▣ **وصله انداختن/ زدن/ کردن**: پینه کردن/ لێدان/ کوتاندن؛ په‌ره‌سپاندن؛ په‌ره‌سپان؛ پسپان‌کردن؛ پینه و په‌ڕۆکردن/ که‌رده‌ی ‹شلوارش را وصله زده بود: شه‌روااڵه‌که‌ی پینه کردبوو›.

**وصله ای** / vasle'î /: [عربی] صفت. پینه‌وپه‌ڕۆکراو؛

پینه‌دار؛ به‌تیتۆل؛ بـه‌بزگوڕ ‹یـک شـلوار وصـله‌ی تنش بود: پاتۆلێکی پینەوبەڕۆکراوی له پێدا بوو›.

**وصـله‌دار** / vasledār /: [عربـی/ فارسـی] صـفت. پینـه‌کراو؛ بـه‌تیتۆل؛ بـه‌بزگوڕ؛ پینەوپـەڕۆکراو ‹لباس وصله‌دار: جلی پینەکراو›.

**وصول** / vusûl, vosûl /: [عربی]/سم. کار و ڕەوتی گرتن؛ وەرگرتن؛ ساندن؛ سەندن؛ گورەتەنە.

▣ وصول شـدن: وەرگـیران ‹طلبت وصـول شـد: قەرزەکەت وەرگیرا›. هەروەها: **وصول کردن**

**وصـولی** / vusûlî, vosûlî ، هـا/: [عربـی] صفت. وەرگیراو: ۱. سەنراو؛ ساندراو؛ سـەندراو ‹مبلغ وصولی به حساب بانکی شما واریز شد: پارەی وەرگیراو خرایـه نێـو حیسـابی بانکیتانـەوە› ۲. شـیاوی وەرگرتن ‹برات وصولی: بەراتی وەرگیراو›.

**وصـی** / vasî ، اوصـیا/: [عربـی]/سـم. قـەویت؛ سەروەسـیەت؛ سـەرەوگرد؛ ڕاسـپاردەی وەسیەتکەر بۆ بەڕێوە بردنی وەسیەت.

**وصـیت** / vasîyyat ، هـا؛ وصـایا/: [عربـی]/سـم. وەسیەت؛ قـەویتی؛ قـەوینتی؛ وەلی: ۱. کـاری ڕاسـپاردن بـه کـەس یـان کەسـانێ کـه پـاش مەرگی ڕاسپێر به کـار و بـاری ڕابگـەن ‹وصـیت کرده بوده خانه را بدهند به دخترش: وەسـیەتی کردبوو خانووەکە بدەن به کچەکەی› ۲. ئەو شـتەی کـه بەم جۆرە ڕاسپێردراوە ‹به وصـیت او عمـل کردنـد: وەسـیەتەکەیان بـەڕێوە بـرد› ۳. ئامۆژگـاری؛ ئامۆژیاری؛ پەند ‹از من به تو وصـیت، از این‌جور آدمها دوری کن!: لە منەوە بۆ تۆ وەسیەت بێ، توخنی ئـەم جۆرە کەسانە نەکەوی!›.

**وصـیت‌نامـه** / vasîyyatnāme ، هـا/: [عربـی/ فارسی]/سم. وەسیەتنامە؛ ڕاسپێری و قـەوینتی به نووسراوی ‹در وصـیت‌نامه هم ذکـر شـده بـود: لـه وەسیەتنامەکەشدا ناوی لێ برابوو›.

**وضـع** / 'vaz ، هـا؛ اوضاع/: [عربـی]/سـم. ۱. بـار؛ مەرەو؛ حاڵ؛ چلۆنایەتی؛ دۆن؛ دارەت؛ لـۆر؛ دەق؛ مەڕەو؛ دۆخ؛ چۆنیـەتی ‹وضـع مـالی او بـد اسـت و وضع روحی‌اش هم از آن بـدتر: بـاری مالـی خراپـه و باری ڕۆحیشی لەو خراتر› ۲. کاری دانان؛ دانیان؛ هێنانـه ئـاراوە ‹مجلس قـانون تـازه‌ای وضـع کـرد: ئەنجومەن قانوونێکی تازەی دانا›.

▣ وضـع حمـل: ڕەوتی زایـین؛ زان؛ زای؛ بـار دانان؛ منال هاوردن.

**وضعی** / vaz'î/: [عربی] صفت. ۱. دانراو؛ دانـدراو؛ دانریـاگ ۲. جێگـەیی؛ شـوێنی ‹حرکت وضـعی: بزاوی جێگەیی›.

**وضـعیت** / vaz'îyyat/: [عربـی]/سـم. بـار و دۆخ؛ دارەت؛ چلۆنایەتی؛ چۆنیەتی؛ چلۆنایەتی حاڵ و هەواڵ ‹وضعیت آن‌جا را برایم بنـویس: بـار و دۆخـی ئەوێم بۆ بنووسە›.

**وضـوو** / vuzû, vozû/: [عربـی]/سـم. دەسـنوێژ؛ دەسـتنوێژ؛ دەسـنمێژ؛ دەسمێـژ؛ دەسـنۆژ؛ دەسمێ؛ دەسـنماز؛ ئـایینی تایبـەتی شـۆردنی سەرو دەست پێ و خـۆ خـاوێن‌کردنـەوە پـێش دابەستنی نوێژ.

▣ وضو گرفتن: دەسنوێژگرتن/ شتن؛ دەس‌ودیم گێرتەی.

**وضـوح** / vuzûh, vozûh/: [عربـی]/سـم. ڕوونی؛ ئاشکرایی؛ ڕۆشـنی؛ دەرکـەوتوویی؛ دیـاردەری؛ دۆخ یان چۆنیەتی ئاشکرا بوون؛ ڤیژەرین ‹وضـوح عکس‌ها خوب نیست: ڕوونی وێنەکان باش نیە›.

**وطن** / vatan ، هـا؛ اوطان/: [عربـی]/سـم. وەتـەن: ۱. ولات؛ وەڵات؛ وەلات؛ ولـگـە؛ نیشـتمان ۲. زێـد؛ شـوێنی لـه دایـک بـوون ۳. ژیگـه؛ نشیمەن؛ نشـیمەنگا؛ مەڵبـەند؛ جێگـەی ژیـان؛ شوێنی دیماتی و مانەوەی هەمیشەیی ‹سال‌ها آن ده وطنش بود: ساڵەها ئەو دێیە زێکەی بوو›.

▣ وطن کردن: نیشتەجێ بوون؛ جـێگیر بـوون؛ کردنه وەتەن؛ دامەزران.

**وطـن‌پرسـت** / vatanparast ، هـا؛ ان/: [عربـی/ فارسـی]/سـم. نیشـتمان‌پەرسـت؛ ولات‌پـارێز؛ زێدپەرست؛ ولات‌پەرست؛ وەتەن‌پرێس.

**وطن‌پرستانه** / vatanparastāne /: [عربی/ فارسی] *صفت.* نیشتمان‌په‌رستانه.

**وطن‌پرستی** / vatanparastî /: [عربی/ فارسی]/*سم.* نیشتمان‌په‌رستی؛ ولات‌پاریزی؛ ولات‌په‌رستی؛ وه‌ته‌ن‌پریسی؛ وه‌لاتێنی.

**وطنخواه** / vatanxāh ، ـان/: [عربی/ فارسی] *صفت.* ولات‌خواز؛ نیشتمان‌خواز؛ نیشتمان‌دۆس؛ ولات‌دۆست.

**وطنخواهی** / vatanxāhî /: [عربی/ فارسی]/*سم.* نیشتمان‌خوازی؛ ولات‌دۆسی.

**وطن‌دوست** / vatandûst ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] *صفت.* نیشتمان‌خواز؛ نیشتمان‌دۆست؛ وه‌ته‌ن‌دۆس.

**وطن‌دوستی** / vatandûstî /: [عربی/ فارسی]/*سم.* نیشتمان‌خوازی؛ ولات‌دۆسی.

**وطنی** / vatanî /: [عربی] *صفت.* نیشتمانی: ۱. پێوه‌ندیدار یان سه‌ر به ولاته‌وه ‹احساسات وطنی: هه‌ستی نیشتمانی› ۲. درووس‌کراوی ولات ‹کالای وطنی: کالای نیشتمانی›.

**وظائف** / vazā'ef /: [عربی] ☜ **وظایف**

**وظایف** / vazāyef /: [عربی] جمعِ ☜ **وظیفه: وظائف**

▣ **وظایف اعضا**: کاره‌ندام؛ کارئه‌ندام‌ناسی؛ فیزیۆلۆژی.

**وظیفه** / vazîfe /: [عربی]/*سم.* ۱. ـ‌ها؛ وظایف/ ئه‌رک؛ کار، ئاکار یان راژه‌یێ که له کەس (به هۆی بوون له نێو تاقمێک) چاوه‌ڕوانی ده‌کرێ ‹وظیفه‌ی ملی؛ وظیفه‌ی دینی: ئه‌رکی نه‌ته‌وه‌یی؛ ئه‌رکی دینی› ۲. ئیجباری؛ کار و خزمه‌تێکی دیاریکراو، به‌تایبه‌ت خزمه‌تی سه‌ربازی ۳. ـ‌ها؛ وظایف/ ئه‌رک؛ ئه‌رکی سه‌رشان؛ ئه‌وه‌ی ئه‌خلاق یان قانوون بۆ مرۆڤی ده‌برێته‌وه ‹وظیفه حکم می‌کرد ساکت ننشینیم: ئه‌رکی سه‌رشانمان بوو بێ‌ده‌نگ نه‌بین› ٤. ـ‌ها؛ وظایف/ ئه‌رک؛ کار؛ هه‌رمانه؛ فه‌رمان؛ فرمان؛ کارێ که کردنی له ئه‌ستۆی که‌س یان شتێکدایه ‹وظیفه‌ی چشم دیدن است: کاری چاو دیتنه› ۵. مه‌واجب؛ مووچه‌یێ که پاش مردنی کارمه‌ند به بنه‌ماڵه‌ی ده‌درێ.

**وظیفه‌بگیر** / vazîfebegîr ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی]/*سم.* مه‌واجب‌گیر؛ مه‌واجب‌گر؛ که‌سێ که مه‌واجب ده‌گرێ.

**وظیفه‌شناسی** / vazîfešenāsî /: [عربی/ فارسی] *سم.* ئه‌رک‌ناسی؛ ئاگا بوون له ئه‌رکی سه‌رشانی خۆ له به‌رامبه‌ر خه‌ڵکه‌وه. هه‌روه‌ها: **وظیفه‌شناس**

**وعاظ** / vo'āz /: [عربی] جمعِ ☜ **واعظ**

**وعد و وعید** / va'd-o-va'îd ، ـها/: [عربی]/*سم.* کار و ڕه‌وتی دڵخۆش‌کردن و ترساندن (تێبینی: ئه‌وڕۆکه هه‌ر به‌مانای دڵخۆش‌کردنی پەیتا-پەیتایه): **وعده وعید؛ وعده و وعید**

**وعده** / va'de ، ـها/: [از عربی]/*سم.* ۱. /مَواعید/ بڕیار؛ به‌ڵێن؛ گفت؛ په‌یمان؛ واده؛ وایه؛ کار یا ڕه‌وتی ڕاگه‌یاندنی کردنی کارێک له داهاتوودا ‹وعده داده بود اسم او را در مدرسه بنویسند: بڕیاری دابوو ناوی له قوتابخانه‌دا بنووسێ› ۲. ژەم؛ ژه‌مه؛ ژوم؛ ژه‌مه‌ن؛ جه‌مه‌نان؛ جه‌م؛ هه‌ڵی نان خواردن ‹روزی دو وعده غذا می‌خورم: ڕۆژێک دوو ژەم نان ده‌خۆم› ۳. *[گفتاری]* ده‌نگ؛ بانگێشتن؛ بانگهێشتن ‹از ما برای فردا ناهار وعده گرفت: ئێمه‌ی بۆ سبه‌ی نیوه‌ڕۆ دەنگ کرد› ٤. *[گفتاری]* بڕیار؛ ژوان؛ به‌ڵێن؛ گفت؛ واده‌ی چاو پێکه‌وتن ‹آن روز سر وعده حاضر نشد: ئه‌و ڕۆژه نه‌هاته سه‌ر بڕیاره‌که‌ی›.

▣ **وعده‌ی سر خرمن**: *[کنایی]* حه‌واله‌ی سه‌ر چاله‌به‌فر؛ واده‌ی سه‌ر خه‌رمان؛ واده‌ی به‌تاڵ؛ به‌ڵێنێ که جێبه‌جێ ناکرێ.

▣ **وعده دادن**: واده دان؛ به‌ڵێن دان؛ قەوڵ دان؛ ڕاگه‌یاندنی به‌ڕێوه چوونی کارێک له داهاتوودا.

وعده کرفتن: دەنگ‌کردن؛ بانگهێشتن کردن؛ بانگێشتن‌کردن؛ داوەت‌کردن.

به وعده وفا کردن: پەیمان بەڕێوە بردن؛ بەڵێن بەجێهێنان؛ گفت/ قەوڵ بردنە ڕێوە؛ ئەنجامدانی کارێکی بەڵێن پێدراو.

**وعده خلافی** / va'dexalāfî /: [از عربی/ عربی] *اسم. [گفتاری]* پەیمان‌شکێنی؛ کاری لە سەر بڕیار نەمان؛ پەیمان شکاندن.

**وعده‌دار** / va'dedār /: [از عربی/ فارسی] *صفت.* ماوەدار؛ واده‌دار ‹چک وعده‌دار: چەکی ماوەدار›.

**وعده‌گاه** / va'degāh ، ـها/: [از عربی/ فارسی]/سم. جێژوان؛ ژوانگە.

**وعده وعید** / va'deva'îd /: [از عربی/ عربی] ☜

**وعد و وعید**

**وعده و وعید** / va'de-o-va'îd /: [از عربی/ عربی] ☜

**وعد و وعید**

**وعظ** / va'z ، ـها/: [عربی]/سم. ئامۆژیاری؛ ئامۆژگاری؛ وتاردانێکی نەستەق و پڕ لە ئامۆژیاری دینی.

**وغ ــ وغ** / vaqvaq /: *صوت.* قڕەقڕ؛ قیڕەقیڕ؛ قۆڕەقۆڕ؛ دەنگی لەسەریەکی بۆق.

**وفا** / vafā /: [عربی]/سم. ئەمەگ؛ وەفا؛ بەینەت؛ شۆن؛ سفەت؛ خۆڕاگری لە سەر ئیمان، دۆستی یان بەڵێن ‹خیلی باوفا بود، هرگز پدر و مادرش را فراموش نکرد: زۆر بە ئەمەک بوو، قەت دایک و باوکی لەبیر نەکرد›.

▣ **وفا داشتن:** بە ئەمەگ بوون؛ ئەمەگدار بوون.

**وفا کردن:** ۱. بەجێ هێنان؛ بردنە سەر؛ بەڕێوە بردن ‹به عهد خود وفا کرد: بەڵێنی خۆ بردنە سەر› ۲. گەیاندن؛ هێنان؛ بڕ کردن ‹عمرش وفا نکرد تا داماد شدن پسرش را ببیند: عومری نەیکەیاند کوڕەکەی بە زاوایی ببینێ›.

**وفات** / vafāt /: [عربی]/سم. کۆچی دوایی؛ دواکۆچ؛ مردن؛ تێدا چوون؛ مەرگ ‹دوم اسفند، سالگرد وفات استاد هژار: دووهەمی ڕەشەمە، سالەهاتی کۆچی دوایی ماموستا هەژار›.

▣ **وفات کردن/ یافتن:** کۆچی دوایی‌کردن؛ (دوا) مالاوایی‌کردن؛ دنیای ڕوون بەجێ هێشتن؛ مردن ‹حافظ در سال ۷۹۲ هجری وفات یافت: حافز لە سالی ۷۹۲ی کۆچیدا، کۆچی دوایی کرد›.

**وفادار** / vafādār ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] *صفت.* ئەمەگدار؛ وەفادار؛ ئەمەگناس؛ بەینەتدار؛ ڕاوەستاو لە سەر بەڵێن و دۆستایەتی ‹دوست وفادار یک گنج است: دۆستی ئەمەگناس گەنجینەیە›.

**وفاداری** / vafādārî ، ـها/: [عربی/ فارسی]/سم. ئەمەگناسی؛ ئەمەگداری؛ وەفاداری؛ ڕاوەستاوی لە سەر بەڵێن، دۆستی، قسە و بڕوای خۆ.

**وفاق** / vefāq /: [عربی]/سم. هاوڕێیی؛ یەکگرتوویی؛ هاوکاری؛ دۆخ یان چۆناوچۆنی؛ پێکهاتن؛ ڕێک‌کەوتن؛ یەک‌گرتن ‹وفاق ملی: هاوڕیی نەتەوەیی›.

**وفق** / vefq /: [عربی]/سم. *[ادبی]* تەبایی؛ سازش؛ سازشت.

▣ **بر وفق مراد:** بە کەیفی دڵ؛ بەرانبەر بە ویست؛ خۆزگەی دڵ ‹کارها بر وفق مراد پیش رفت: کارەکان بە کەیفی دل بەڕێوە چوون›.

▣ **وفق دادن:** ڕێکخستن؛ پێکهێنان؛ ڕاهێنان؛ ساز دان؛ ڕێک‌کەردەی؛ هەڤگەهین؛ هاوڕێ کردن ‹خودش را با مردم وفق می‌داد: خۆی دەگەڵ خەڵکدا ڕێکدەخست›.

**وفقی** / vefqî /: [عربی] *صفت.* تەبا؛ پێکهاتوو؛ سازگار ‹مربع وفقی: چوارگۆشەی سازگار›.

**وفور** / vufûr, vofûr /: [عربی]/سم. زۆری؛ فرەیی؛ فراوانی؛ زۆر و زەبەندی؛ مشەممەری.

**وفیات** / vafayāt /: [عربی]/سم. *[ادبی]* ڕۆیشتووان؛ کۆچ‌کردووان؛ مردووان.

**وقاحت** / veqāhat, vaqāhat /: [عربی]/سم. بێشەرمی؛ بێحەیایی؛ بێئابڕوویی؛ ڕووداری؛ ڕووداماڵاوی؛ سورتکی ‹وقاحت می‌خواهد که آدم به پدرش بگوید تو نمی‌فهمی، حرف نزن!: بێشەرمی

دەوێ کەسێ بە بابی خۆی بڵێ تۆ نافامی، قسە مەکە!).

**وقاد** / vaqqād/: [عربی] *صفت.//ادبی/* وریا؛ وشیار؛ شیار؛ وردبین؛ زیت و زیرەک.

**وقار** / vaqār, veqār/: [عربی]/سم. مەندی؛ سەنگینی؛ لەسەرخۆیی؛ گونجاوی لە ئاکار و قسەدا: *//ف)* لەسەرخۆیی لە قسە و کردەوەدا ب) خۆپارێزی لە تونڈی و شڵی.

**وقایع** / 'vaqāye/: [عربی] جمعِ ☜ **واقِعه**

**وقایع‌نگاری** / vaqāye'negārî ، ـها/: [عربی/فارسی]/سم. ڕووداونووسی؛ کار و ڕەوتی نووسینی گوزارشی ڕووداوان. هەروەها: **وقایع‌نگار**

**وقت** / vaqt ، ـها/: [عربی]/سم. کات؛ وەخت؛ کات و سات: ۱. هەل؛ زەمان ‹وقت طلاست: کات زێڕە› ۲. /اوقات/ دەم؛ هەل؛ تان؛ دان؛ ئان؛ عان؛ حان؛ چاخ؛ زەمان؛ گام؛ گامە؛ گۆم؛ گاڤ؛ گاو؛ گڕ؛ کێڵی؛ بەنگ ‹وقت بازی؛ وقت رفتن: کاتی کایە؛ هەلی ڕۆیشتن› ۳. زەمانێک کە بە پێی کاتژمێر بۆ هەر شوێنێک دیاریکراوە ‹ساعت چهار به وقت اربیل: کاتژمێری چوار بە کاتی هەولێر› ٤. هەل؛ تان؛ دان؛ ئان؛ حان؛ کێڵی؛ بەنگ؛ ماوەیەک کە بۆ کارێک تەرخانکراوە ‹فقط سه دقیقه وقت داری: تەنیا سێ خولەک پەحمت هەیە›.

▣ **وقت آزاد**: کاتی بەتاڵ؛ ئەو کاتەی مرۆڤ لە کار و ئەرک دەبێتەوە: **وقت فراغت**

**وقت اداری**: کاتی مەزرینگەیی؛ وەخت ئیداری؛ ئەو بەشە لە ڕۆژ کە لە مەزرینگە کار دەکرێ.

**وقت شرعی**: کاتی شەرعی؛ کاتی دیاریکراو بۆ بەڕێوە بردنی عیبادەت.

**وقت فراغت** ☜ **وقت آزاد**

**وقت کل نی**: گوڵێ بێتەو لە کانی؛ شەمە بڕیۆ مانگەنە؛ هیچ کات ‹گفتم کی بر می‌گردی؟ گفت وقت کل نی!: وتم کەی دەگەڕیتەوە؟ وتی کوڵی نیتەو لە کانی!›.

**وقت ملاقات**: کاتی/ چاو پێکەوتن/ دیتن/ دیمانە ‹امروز از وزیر وقت ملاقات گرفتم: ئەورۆ لە وەزیر کاتی چاوپێکەوتنم وەرگرت›.

**اول وقت**: سەر لە بەیانی؛ سوح زوو؛ سەرەتای دەسپێکردنی کاری ڕۆژانە.

**این وقت روز**: ۱. ئاوا دێر؛ کاتێک لە ڕۆژ ڕۆیشتوو ۲. ناوەخت؛ نەک لە کاتی خۆیدا.

**این وقت شب**: ۱. بەو نیوەشەوەدا؛ ئابەم شەوا ۲. ناوەخت؛ نەک لە کاتی خۆیدا.

**سر وقت** ☜ **سر**[۳]

▣ **وقت بردن**: خایاندن؛ کات بردن؛ کودان؛ کوداندن؛ پێچوون؛ وەخت بردن ‹این کار یک ماه وقت می‌برد: ئەم کارە مانگێک دەخایەنێ›.

**وقت خواستن**: کات/ وەخت ویستن؛ وەخت داوا کردن؛ وەخت گەرەک بوون: ۱. داوای کات کردن بۆ چاو پێکەوتن ‹از رییس وقت خواستم بروم پیشش: لە سەرۆک وەختێکم داوا کرد بچمە لای› ۲. ماوە ویستن؛ دەرفەت خواستن ‹چند روزی وقت خواستم تا دربارەاش فکر کنم: چەن ڕۆژێک مەوەم ویست تا بیری لێ بکەمەوە›.

**وقت دادن**: کات دان؛ وەخت دان: ۱. بەرایی دان بۆ دیمانەیەک لە سەر کاتی دیاریکراودا ‹فردا ساعت ۸ وقت ملاقات داده: بۆ سبەی ساعەتی ۸ وەختی دەدە› ۲. ماوە دان؛ دەرفەت دان؛ موولەت دان.

**وقت داشتن**: وەخت بوون؛ دەرفەت هەبوون ‹وقت داری برویم تئاتر؟: وەختت هەیە بڕۆینە تیئاتر›.

**وقت سرخاراندن نداشتن**/ نیافتن: یەکجار سەرقاڵ بوون.

**وقت کردن**: کات هەبوون؛ دەرفەت دۆزینەوە ‹اگر وقت کردی بیا برویم تئاتر: ئەگەر کاتت هەبوو با بڕۆین بۆ تیئاتر›.

**وقت کسی را گرفتن**: کات/ وەختی کەسێک

www.perawipepwle.com



گرتن؛ بوونه هۆی له کار بوونی کەسێک ‹آمد و دو ساعت وقت همه را گرفت: هات و دوو سەعات کاتی هەموویی گرت›.

وقت گذاشتن: کات دانان؛ وەخت دانیان ‹دو روز وقت گذاشتم و تمامش را خواندم: دوو ڕۆژ وەختم دا و هەموویم خوێندەوە›.

وقت گذراندن: خۆ خلافاندن؛ کات دانە سەر ‹دو ساعت در خیابان وقت گذراندم تا شب شد: دوو سەعات لە شەقامدا خۆم خلافاند تا بوو بە شەو›.

وقت گذشتن: کات تێپەڕ بوون؛ کات بە سەر چوون؛ دەم نەمان: ۱. تێپەڕ بوونی ماوەیەکی دیاریکراو ‹وقت چه زود می‌گذرد!: چەندە خێرا کات تێپەڕ دەبی!› ۲. وەخت/ کات لادان؛ دێر بوون؛ نەمان و تێپەڕ بوونی کات و دەرفەتێکی لەبار بۆ ئەنجامدانی کارێک ‹وقت خواب دیگر گذشت، باید بروم سر کار: لە وەختی خەو لای دا، دەبێ بڕۆمە سەر کار›.

وقت گرفتن: وەخت‌گرتن؛ کات‌گرتن: ۱. لە کەسێک بەرایی گرتن بۆ دیمانە لە کاتێکی دیاریکراودا ‹برای سارا از دکتر وقت گرفتم: بۆ سارا لە دوکتور وەختم گرت› ۲. ئەندازە گرتنی کاتی پێویست بۆ کار یان ڕەوتێک ‹وقت بگیر ببینم چقدر طول می‌کشد: کات بگرە بزانم چەندی دەخایەنێ› ۳. کات/ وەخت بردن؛ خایاندن؛ بەشێکی دیاریکراو لە کات داگرتن ‹این کار ده روز وقت گرفت: ئەم کارە دەڕۆژ کاتی گرت›.

**وقت‌شناس** / vaqtšenās/: [عربی/ فارسی] صفت. وەخت‌ناس؛ کات‌ناس؛ وادەدرووس؛ بە خوو و خدەی ئەنجامدانی کار لە سەروەختی دیاریکراودا.

**وقت‌شناسی** / vaqtšenāsî ، ـها/: [عربی/ فارسی] اسم. وەخت‌ناسی؛ کاتناسی؛ وادەدرووسی؛ دۆخ یان چۆنیەتی وەخت‌ناس بوون.

**وقت‌کش** / vaqtkoš/: [عربی/ فارسی] صفت. وەخت‌کوژ؛ کات‌کوژ؛ زۆرخایەن و بێ‌کەلک.

**وقت‌کشی** / vaqtkošî ، ـها/: [عربی/ فارسی] اسم. وەخت‌کوژی؛ کار و ڕەوتی کات بە فیڕۆ دان.

**وقت‌گذرانی** / vaqtgozarānî ، ـها/: [عربی/ فارسی] اسم. کار و ڕەوتی خۆ خلافاندن؛ کات بە سەردان؛ وەخت گوزەراندن؛ پڕکردنەوەی کات بە شتی هیچ‌وپووچ و لە بەر بێکاری.

**وقتگیر** / vaqtgîr/: [عربی/ فارسی] صفت. کاتبەر؛ دریژخایەن؛ وەختگیر؛ بە پێویست بۆ تێپەڕانی کاتێکی زۆر ‹این کار خیلی وقتگیر است: ئەم کارە زۆر کاتبەرە›.

**وقت‌نگهدار** / vaqtnegahdār ، ـها/: [عربی/ فارسی] اسم. کات‌ڕاگر؛ ئەو کەسە کاتی بەسەرچوو لە یاریەکدا ئەندازە دەگرێ.

**وقت و بی‌وقت** / vaqt-o-bîvaqt/: [عربی/ فارسی/ عربی] قید. وەخت و ناوەخت؛ گا و بێ‌گا؛ گوڕای‌گوڕ؛ بەشێوەی پەیتاپەیتا و لە کاتی نالەباردا ‹صاحب‌خانه وقت و بی‌وقت می‌آمد و پول اجاره‌اش را می‌خواست: ساحێبمال وەخت و ناوەخت دەهات و داوای کرێمالەکەی دەکرد›.

**وقتی** / vaqtî/: [عربی] قید. کاتێک؛ کاتێ؛ لە کاتێکدا؛ وەختێک؛ لە وەختێکدا؛ وەختێو؛ وەختیە: ۱. لەو کاتەدا؛ لەو دەمەدا؛ ئەو کاتە؛ ئەو دەم؛ ئەو کات ‹وقتی تو آمدی، شام می‌خوردیم: کاتێک تۆ هاتی، شێومان دەخوارد› ۲. وەختاری؛ وەختارێو؛ هەر کات؛ هەر دەم ‹وقتی تو نمی‌خواهی کاری بکنی صد تا بهانه می‌تراشی: کاتی نەتەوێ کارێک بکەی سەد بیانوو دێنێتەوە›.

**وقزده** / vaqzade/: صفت. [گفتاری] زاق؛ دەرپەڕیو؛ بۆق؛ ماق؛ زەق؛ بەرپڕا؛ داپچڕاو ‹چشم وقزده: چاوی دەربەڕیو›.

**وقس علیهذا** / vaqes'alāhāzā/: [عربی] قید. ۱. هەروەها؛ هەرئاوەها؛ وە هەروەها؛ هەروەسا؛ هەرپاسە ۲. وا لێکیدەوە.

**وقع** / vaq'/: [عربی] اسم. [ادبی] بایەخ؛ گەم؛ گرینگیەتی؛ گرینگی؛ بڕ؛ ئەرزش؛ وەح.

▣ **وقع نهادن:** بایەخ دان/ دانان؛ گرینگی پێدان.

**وقف** / vaqf ، ـها/: [عربی]/سم. وەقف: ۱. بڕیارێ کە دان و ستان و دەستێوەردانی مال یا ملکێ قەدەغە دەکا و داهاتیشی تەنیا بۆ کار یان شوێنێکی تایبەت دەبێ ۲. /اوقاف/ ملک یان مال و داراییەک کە بڕیاری وای لە سەر دراوە.

▣ **وقف خاص:** وەقفی تایبەتی؛ وەقفێ کە داهاتی بۆ کەسانێکی‌تر تەرخان‌کراوە.

**وقف عام:** وەقفی گشتی/ هەمووانی؛ وەقفێ کە بۆ کەڵکی هەمووانە.

**وقف‌نامه** / vaqfnāme ، ـها/: [عربی/ فارسی]/سم. وەقف‌نامە؛ نووسراوەیێ کە بڕیار لە سەر وەقف بوونی شتێک دەدا.

**وقفه** / vaqfe ، ـها/: [عربی]/سم. گت؛ لەنگە؛ لەنگی: ۱. ئاشۆ؛ مەودایەک لە ڕەوتی کارێکدا ‹بە علت از کار افتادن ماشین، یک هفته در کارمان وقفه افتاد: بە هۆی لەکارکەوتنی ماشینەکە، حەوتەیەک کارەکەمان تووشی گت بوو› ۲. کار یا ڕەوتی وەستان؛ وێسان؛ ڕاوەستان؛ وێسیان ‹کار ساختمان دچار وقفه شده است: کاری خانووبەرەکە ڕاوەستاوە›.

**وقفی** / vaqfî ، ـها/: [عربی] صفت. وەقفی؛ وەقف‌بوو ‹خانەی وقفی: مالی وەقفی›.

**وقوع** / voquû', voqû/: [عربی]/سم. ڕووداوی؛ قۆماوی؛ قەوماوی.

▣ **وقوع یافتن:** ڕووداون؛ پێش هاتن؛ قەومیان؛ قۆمیان؛ قۆمیەی؛ قۆمیای ‹در آن خانه قتلی وقوع یافته بود: لەو ماڵە قەتڵێ ڕووبدابوو›: **به وقوع پیوستن**

به وقوع پیوستن ☜ **وقوع یافتن**

**وقوف** / voqûf ,vuqûf/: [عربی]/سم. ئاگایی؛ شارەزایی؛ بەخەبەری.

▣ **وقوف داشتن:** ئاگادار بوون؛ خەبەر لێبوون؛ شارەزا بوون؛ بەخەبەر بوون؛ هاگەدار بیەی ‹او به همه‌ی امور اداره وقوف داشت: ئەو لە هەموو کار و باری مەرزینگە ئاگادار بوو›.

**وقوف یافتن:** شارەزا بوون؛ ئاگادار بوون؛ بەخەبەر بوون ‹از اول کوشید به همه‌ی امور وقوف یابد: لە سەرەتاوە هەوڵی دا لە هەموو کار و باریک شارەزا بی›.

**وقیح** / vaqîh/: [عربی] صفت. بێشەرم؛ بێئاوڕوو؛ بێئابڕوو؛ بێحەیا؛ کوڵەش؛ کەلپزا؛ کەلپزە؛ ڕووداماڵیاگ؛ سورتک؛ چەتاوەڕوو؛ چەرداوەڕوو؛ چەقاوەسوو.

**وقیحانه**[1] / vaqîhāne/: [عربی/ فارسی] صفت. بێشەرمانە؛ ڕووداڕانە؛ بێئابڕوویانە؛ بێئاوڕوویانە؛ بێحەیایانە؛ بێوەڕی لە شەرم و شووڕەیی زانین ‹رفتار وقیحانه: ئاکاری بێسەرمانە›.

**وقیحانه**[2]: قید. بێشەرمانە؛ بێحەیایانە؛ بەبێ شەرمیەوە؛ بەبێ حەیاییەوە؛ بەبێ شەرم و شووڕەیی زانین ‹وقیحانه خندید و گفت شوخی کردم: بێسەرمانە پێکەنی و گوتی گاڵتەم کرد›.

**وکالت** / vekālat ، ـها/: [عربی]/سم. ۱. بریکاری؛ پاریزەری؛ کار یان پیشەی بریکار ‹وکالت متهم را پذیرفت: بریکاری بەرتاوانەکەی وە ئەستۆ گرت› ۲. نوێنەری؛ نوێنەرایەتی ‹به وکالت مجلس انتخاب شد: بە نوێنەرایەتی پەرلەمان هەڵبژێردرا›.

▣ **وکالت دادن:** نمیناندن؛ کردنە بریکار؛ وەکاڵەت دان؛ بە ناوی بریکار کەسێک دەس‌نیشان کردن ‹به برادرم وکالت دادم خانه را بفروشد: براکەمم نمیناند خانووەکە بفرۆشێ›.

**وکالت کردن:** بریکاری‌کردن؛ وەکاڵەت‌کردن؛ بەڕێوەبردنی کار و ئەرکی بریکاری ‹سه سال است در بیجار وکالت می‌کند: سێ ساڵە لە بیجارەوە بریکاری دەکا›.

**وکالتا** / vekālatan/: [عربی] قید. بە بریکاری؛ وەک بریکار؛ بە ناوی بریکار. بەرانبەر: **اصالتاً** ‹وکالتا از طرف شرکت اقامه‌ی دعوا کرد: بە بریکاری لە لایەن شیرکەتەوە دادخوازی کرد›.

**وکالت‌نامه** / vekālatnāme ، ـها/: [عربی/ فارسی]

/سم. بریکاری‌نامه؛ وەکالەت‌نامە؛ نووسراوەیەک کە بە پێ ئەوە کەسێک، کەسێکی‌تر وەک بریکاری خۆی دەناسێنێ.

**وکالت‌نامه‌ای** / vekālatnāme'î/: [عربی/ فارسی] قید. وەکالەت‌نامەیی؛ بە وکالەتنامە؛ لە ڕێگەی بریکارینامەوە ‹تلفن را وکالت‌نامه‌ای واگذار کرد: تەلەفوونەکەی وەکالەتنامەیی دا›.

**وکالتی** / vekālatî/: [عربی] صفت. بریکاری؛ بریکارانە؛ وەکالەتی؛ سەر بە بریکار ‹امور وکالتی: کار و باری بریکاری›.

**وکلا** / vokalā/: [عربی] جمع ☜ **وکیل**

**وکیل** / vakîl ، ـها؛ ـان؛ وُکلا/: [عربی]/سم. بریکار: ۱. وەکێل؛ دەمڕاس؛ کەسێ کە لە لایەن کەسێکی‌ترەوە بۆ ئەنجامدانی کارێک ڕادەسپێردرێ ‹آزاد را وکیل خودم کردم تا خانه‌ی سردشت را بفروشد: ئازادم کردە بریکاری خۆم، مالەکەی سەردەشت بفرۆشێ› ۲. نەوەنگە؛ بەندەر؛ نوێنەر؛ نیوەر؛ نۆنەر ‹وکیل اول ایلام بود: نوێنەری یەکەمی ئیلام بوو› ۳. ناڤبێژ؛ پارێزەر؛ مافپارێز ‹وکیل متهم، پرونده را نخوانده بود!: بریکاری بەرتاوانەکە، پەروەندەکەی نەخوێندبۆوە!›.

▣ **وکیل تسخیری**: ناڤبێژی سەپاو؛ بریکاری دیاریکراو؛ بریکارێ کە دادگا بۆ لە سەر کردنەوەی بەرتاوان، هەلدەبژێرێ.

**وکیل دادگستری**: بریکاری داد؛ ئاوقات؛ ئاوقاتی؛ مافزانێک کە خەلک بۆ دادخوازی ڕێنوێنی دەکا و پارە وەردەگرێ.

**وکیل مجلس**: نوێنەری پەرلەمان؛ نوێنەری ئەنجوومەن.

**وکیل مدافع**: بریکار؛ پارێزەر؛ ناڤبێژ؛ نافبێژە؛ قانوونزانێک کە لە دادگا لە سەر کردنەوە و پاراستنی مافی بەرتاوانی گرتوتە ئەستۆ.

**وگرنه** / vagarna/: قید. دەنا؛ ئەنا؛ ئەگینا؛ ئەگەنا؛ ئەگەرنە؛ ئەگەرنا؛ ناکۆ؛ ئنا؛ وەرنا؛ وەرنە؛ یانە؛ وەئیلا؛ وەگەرنە؛ ئەگەر وا نەبێ ‹باید کار تمام شود وگرنه من نمی‌آیم: دەبێ کارەکە دوایی بێت دەنا من نایەم›.

**ول** / vel/: صفت. وێل؛ ڤێل؛ وەل: ۱. [گفتاری] وەر؛ ڕەها؛ بەرەلا ‹ول کردن: وێل کردن› ۲. فێڕۆ؛ بێئامانج؛ لەخۆڕایی؛ بێخۆ ‹ول گشتن: وێل گەڕیان›.

▣ **ول چرخیدن**: وێل گەڕان/ گەڕیان؛ وێل-وێل خولانەوە؛ وێل- وێل گەڕان/ گێڵەی؛ لەخۆڕا سوور خواردن؛ بێخۆ یان بێئامانج هاتوچۆ کردن ‹برای چه ول می‌چرخی؟: بۆچی وێل دەکەری؟›.

**ول دادن**: بەردان؛ وێل‌کردن؛ وەردەی ‹تناب را ول داد به پایین: تەنافەکەی بەردا بۆ خوارەوە›.

**ول کردن**: بەردان؛ ئازادکردن؛ وێل‌کردن؛ وەردای؛ وێل‌کەردەی؛ ڤێل‌کرن؛ بەرەڵلا کردن ‹گنجشکی را که گرفته بود ول کرد: ئەو چۆلەکە گرتبووی بەرەللای کرد›.

**ول گشتن**: وێل‌گەڕیان؛ لە خۆڕا سوور خواردن؛ بێخۆ خول خواردنەوە ‹توی خیابان ول می‌گشتم: لە نێو شەقامدا وێل دەگەڕام›.

**ول گفتن**: گەوجانە ڕستن؛ قسەی مفت/ بێخۆ/ گەوجانە/ قۆڕ کردن؛ مفت‌بێژی‌کردن ‹از ول گفتن و حرف بیخود زدن خوشش می‌آید: بە گەوجانە ڕستن و قسەی قۆڕ کردن کەیفی سازە›.

**ول معطل بودن**: لە هیچ مەحتەل بوون؛ بێخۆ بە تەما بوون؛ لە خۆڕا ماتل بوون ‹فهمیدم در آن شرکت ول معطلم، راهم را کشیدم و آمدم بیرون: زانیم لەو شیرکەتەدا لە هیچ مەحتەلم، ڕێی دەرەوەم گرتە بەر و هاتم›.

**ول** / vol/: [؟] ☜ **اُرس**

**ولا** / valā/: [عربی]/سم. [ادبی] دۆسی؛ دۆستی؛ دۆستایەتی؛ دۆسایەتی؛ هەڤالی؛ هەوالی.

**ولادت** / velādat/: [عربی]/سم. وەلدین؛ لە دایک بوون؛ پەیدا بیەی؛ چاو هەلهێنان:

١. ڕەوتی هاتنە دنیا ‹در سال ٥٣٩ هجری در سُهرورد ولادت یافت: لە سالی ٥٣٩ی کۆچی لە سوورەبەرد لە دایک بوو› ٢. لەدا/[مجازی] ڕۆژی لە دایک بوون ‹ولادت فرزندت را تبریک می‌گویم: لە دایک بوونی منداڵەکەت لێ پیرۆز بێ›.

**ولایات** / velāyāt/: [عربی] جمع ☜ **وِلایَت**

**ولایت** / velāyat/: [عربی]/سم. ١. لە/ها؛ ولایات/[قدیمی] وڵات؛ وەڵات؛ وەڵات ‹ولایت کردستان: وڵاتی کوردستان› ٢. [گفتاری] شار یان گوندی بێجگە لە پاتەخت ٣. لادێ؛ دێ؛ ئاوایی ٤. سەرپەرشتی؛ خوێداری.

**ولایتی** / velāyatî/: [عربی] صفت. لادێیی؛ لادەگایی؛ دێهاتی؛ پێوەندیدار یان سەر بە دێهاتەوە ‹لهجەی ولایتی: زاراوەی لادێیی›.

**ولت** / volt/: [فرانسوی]/سم. وڵت؛ یەکەی پێوانی ڕەوتی کارەبایی.

**ولتاژ** / voltāj/: [فرانسوی]/سم. وڵتاژ؛ ڕادەی هێزی بزوێنەری کارەبایی بە گوێرەی وڵت.

**ولت آمپر** / voltāmper/: [فرانسوی]/سم. وڵتئامپێر؛ یەکەی پێوانی هێزی کارەبا کە دەکاتە یەک وڵت لە یەک ئامپردا.

**ولتامتر** / voltāmetr ، ها/: [فرانسوی]/سم. وڵتامیتر؛ کەرستەی پێوانی ڕادەی کارەبای تێپەڕیو لە سیمێک.

**ولت سنج** / voltsanc/: [فرانسوی/ فارسی] ☜ **ولتمتر**

**ولتمتر** / voltmetr ، ها/: [فرانسوی]/سم. وڵتمیتر؛ کەرەسەیەک بۆ پێوانی جیاوازی پوتانسیەل لە خاڵی جۆراوجۆری خولگەیەکدا بە گوێرەی وڵت: **ولتسنج**

**ولخرج** / velxarc ، ها/: [فارسی/ عربی] صفت. هەڵەخەرج؛ ئەبلەخەرج؛ دەسبلاو؛ دەستبلاو؛ دەسبا؛ دەسباد؛ دەس‌شاش؛ دەستشاش؛ قەللاش؛ دەست بە قرپ؛ گەنەخەرج؛ خاوەن خوو و خدە یان ئۆگرەتی بە خەرج‌کردنی بەبێ هۆ ‹آدم ولخرج مثل تو کی می‌تواند پس‌انداز کند؟: کەسی هەڵەخەرجی وەکوو تۆ، کەی دەتوانێ پاشەکەوتێ خا؟›.

**ولخرجی** / velxarcî ، ها/: [فارسی/ عربی]/سم. هەڵەخەرجی؛ چەنگ‌لفە؛ دەسبلاوی؛ باش و بۆشی؛ کاری مال بە خۆڕایی خەرج کردن ‹تو به خریدن لباس و وسیله‌ی کار می‌گویی ولخرجی؟: تۆ سەندنی جل‌وبەرگ و کەرستەی کار، ناو دەنێی هەڵەخەرجی؟›.

**ولرم** / velarm/: صفت. شیتین؛ شیرتین؛ شیلەتین؛ شیرەوتین؛ شلەتین؛ شەڵۆ؛ شیلوو؛ شلوێ؛ ملەما؛ نیوەگەرم؛ نیمەگەرم؛ شیرەگەرم؛ شیلە و گەرم؛ تراوی نە سارد و نە داخ ‹آب ولرم: ئاوی شیرتین›.

**ولش** / velš/: [انگلیسی]/سم. ویلش: ١. لە/ها/ خەڵکی ناوچەی ویلز (لە بریتانیا) یان لەو ڕەتەوە ٢. لە زمانەکانی سێلتی، زمانی خەڵکی ویلز.

**ولع** / 'vala/: [عربی]/سم. [ادبی] چڵیسی؛ چڵ؛ چنۆکی؛ واز و حەزی پەتبڕاو بۆ کردنی کارێک.

**ولفرام** / volf(e)rām/: [انگلیسی] ☜ **تنگستن**

**ولفرامیت** / volf(e)rāmît/: [انگلیسی]/سم. ڤولفرامیت؛ کانزای تەنگستەن.

**ولکانیت** / volkānît/: [فرانسوی]/سم. [شیمی] ڤولکانیت؛ لاستیکی سەختی بەرهەمهاتوو لە تین دانی کائۆچۆ دەگەڵ گۆگرد.

**ول کن** / velkon/: صفت. [گفتاری] دەس‌هەڵگر؛ دەسهەڵگیر؛ دەسەڵگر؛ دەستبەردار؛ دەسبەردار؛ وازهێنەر؛ لەبار بۆ دەسبەردان لە بڕیار، کار یا ئاکارێکی خۆ ‹ول کن دعوا نبود: دەس‌هەڵگری شەڕەکە نەبوو›.

▣ **ول کن بودن**: دەسهەڵگر نەبوون؛ دەس‌هەڵگیر نەبوون؛ دەسبەردار نەبوون؛ شێلگیر بوون.

**ولگرد** / velgard ، ها؛ ان/: صفت. گەڕاڵ؛ لووگی؛

بێکاره؛ بـه‌ره‌لا؛ به‌رهه‌لـدا؛ هه‌لـه‌گه‌ڕ؛ کـۆلانی؛ خوێـڕی؛ بـه‌تاڵ‌پـا؛ خـوت‌وخوێـڕی؛ گـه‌ڕیانۆخ؛ قه‌لاش؛ ده‌رگێڵ؛ فستووقی؛ به‌ێ شوێن و کاری به‌رچاو ‹جوانان ولگرد روزبه‌روز بیشتر می‌شوند: لاوانی گەرال ڕۆژ له دووی ڕۆژ زۆرتر ده‌بنه‌وه›.

**ولگـردی** / velgardî ، ـها/: /سم. گه‌ڕالـی؛ به‌ره‌لایی؛ به‌تاڵ‌پایی؛ خوێڕیگـه‌ری؛ خوێڕیـه‌تی؛ هه‌لـه‌گه‌ڕی؛ ده‌رگێڵـی: ۱. دۆخ یـان چۆنیـه‌تی بێکـار و بـێ‌ڕێ و شـوێن بـوون ۲. کـاری خولانه‌وه‌ی بێخۆ و بێ ئامانج.

**ولنگـار** / velengār ، ـها؛ ـان/: صـفت. ۱. بـێ‌هه‌وسـار؛ بـێ‌هه‌فسـار؛ سـه‌ربزیو ۲. که‌مته‌رخه‌م؛ بێ‌خه‌یال. هه‌روه‌ها: **ولنگاری**

**ولنگ و واز** / veleng-o-vāz/: صفت. *[گفتاری]* ۱. به‌ره‌لا؛ وێڵ؛ بێ‌بار؛ پرتۆک؛ گه‌وه‌نـد؛ گـه‌للا؛ بێ لـه بـه‌رچاو گـرتنی داب‌ونـه‌ریتی کۆمه‌ڵـگا ۲. وراق؛ پان‌وپۆڕ؛ گـه‌وره‌ی بـێ‌بایـه‌خ ۳. بـه‌رز (هه‌نگاو).

**ولنگیدن** / velangîdan/: مصدر. لازم. *[گفتاری]* // **ولنگیـدی**: خوێنـدت؛ **مـی‌ولنگـی**: ده‌خـوێنی؛- // خوێنـدن؛ هه‌ڵسـکانن؛ پاشـه‌ملەگوتن؛ پاشملـه وتن؛ پاشمله لـێ‌دوان؛ پشـته سـه‌ر قسـه‌کردن؛ پشته‌مل قسه‌کردن؛ له نه‌بوونی که‌سێکدا، خراپه وتنی ‹می‌نشینند و پشت سرمان می‌ولنگند که بله او آدم بشو نیست: داده‌نیشـن و لـه پشته‌سـه‌رمانه‌وه ده‌خوینن که فلانی نابێ به بنیاده‌م›.

**ولـو** / valow, valo: /: [عربی] *قید*. ئه‌گـه‌ریش؛ ئه‌گـه‌ریچ؛ ئه‌گـه‌رچی؛ ته‌نانـه‌ت؛ گـه‌رچی؛ ئه‌گه‌رچی ‹پـولم را ولو بـه زور، از او خـواهم گرفت: پووله‌کەم نه‌گەریش به زۆر بێ لێی ده‌ستێنم›.

**ولـو** / velo, velow, velo: /: صـفت. *[گفتـاری]* ۱. پان؛ تخێڵ؛ ڕه‌هێڵ ‹ولو شد روی زمین: پان بـۆوه بـه سـه‌ر زه‌ویـدا› ۲. پـڕز و بـلاو؛ پـه‌رڕژ؛ پڕش‌وبلاو؛ پرش؛ وه‌لا؛ بلاو؛ پژگ و بلاو؛ هـاویر ‹پول‌هایش را روی میز ولو کرد: پووله‌کانی پرش‌وبلاو کرده سه‌ر مێزه‌که‌دا›.

▣ **ولو شدن**: ڕه‌هێڵ بوون؛ تخێڵ بوون؛ تـه‌خت به زه‌ویدا دریژ بوونه‌وه. هه‌روه‌ها: **ولو بودن؛ ولـو کردن**

**ولوله** / velvele ، ـها/: [عربی]/سم. زلـه؛ هـه‌را و هوریا: ۱. لیلیله؛ قوو؛ گرم و قـال؛ هه‌راـهـه‌را؛ قاله‌قال؛ زه‌نا‌ـزه‌نا؛ ده‌نگ و هه‌رای زۆر ‹ببین چه ولوله‌ای است!: چـاو چ زلـه‌یه‌که!› ۲. بشـێوه؛ پاشاگه‌ردانی ‹توی شهر ولوله بود: شار بسیود بوو ›.

▣ **ولوله افتادن**: ۱. زلە هەسـتان؛ بوونـه زەلـه؛ گـرم و قـال لێکه‌وتنـه‌وه ۲. بشـێوه قـه‌ومان؛ بوون به ئاژاوه. هه‌روه‌ها: **ولوله انداختن؛ ولولـه کردن**

**ولوم** / volûm/: [انگلیسی]/سم. ولۆم؛ پێچی کەم و زۆر کردنی ده‌نگی ده‌زگایه‌کی ده‌نگده‌ر.

**ولونتاریسـت** / volûntārîst ، ـها/: [فرانسـوی] *صفت*. ولوونتاریست؛ شوێنکه‌وتوو یان لایـه‌نگری ولوونتاریسم.

**ولونتاریسـتی** / volûntārîstî/: [فرانسـوی] *صفت*. ولوونتاریستی؛ پێوه‌ندیدار به ولوونتاریسمه‌وه.

**ولونتاریسـم** / volûntārîsm/: [فرانسـوی]/سـم. ولوونتاریسم؛ ولوونتـاریزم: ۱. بـڕوا بـه‌وه‌ی کـه هێـزی ویسـتی مـرۆ لـه بـه‌دیهێنانی هـه‌ر خواز‌ه‌یه‌کدا ده‌وری گرینگ و سه‌ره‌کی ده‌گێڕێ ۲. *[سیاست]* بڕوا به‌وه‌ی که پێشه‌وا یان پـارتێکی سیاسی ده‌توانێ به کار و کرده‌وه‌ی خۆی بـار و دۆخی سیاسی بگۆڕێ * **اراده‌گرایی**

**ولی** / valî ، اولیا/: [عربی]/سم. ۱. سه‌رپه‌رەسـت؛ سه‌رپه‌رشـت ۲. وه‌لی؛ قه‌دیسـی موسلـمانان؛ پیاوی ئاسمانی که ده‌گەڵ خودادا دۆسته.

▣ **ولـی دم**: *[فقـه]* خـاوەن خـوێن؛ خوێنـه‌خوا؛ میراتبـه‌ری بالـغ و پێگه‌یشـتووی کەسـی کوژراو.

**ولی** / :valî/: [از عربی] *حرف*. به‌لام؛ به‌ڵان؛ وه‌لێ؛ وه‌لێکان؛ وه‌لێکانێ؛ لێ؛ به‌لێ‌پـا؛ بـه‌س؛ ئـه‌مما؛

www.perawipepwle.com



بەل؛ پیتی هاوێر ‹می‌خواستم بروم، ولی هواپیما نبود: دەمەویست برۆم، بەلام فڕۆکە نەبوو›.

**ولیعهد** / valî'ahd ، ـها/: [عربی]/سم. وەلیعەهد؛ ئەو کەسەی لە سەرینایەتی پادشادا، بۆ جێگری ئەو ناودێر دەکرێ.

**ولیعهدی** / valî'ahdî/: [عربی]/سم. وەلیعەهدی؛ پلە و پایە یان کاری وەلیعەهد.

**ولیک** / valîk ، ـها/: [؟]/سم. گوێز؛ گوویز؛ گویز؛ گیووز؛ گفیشک، گیڤشک؛ بلچ؛ دارەپنچکێکی دڕکاوی بە گوڵی سپی مەیلەو پەمەیی و بەری خڕیلانەی گۆشتن و سوور و زەردەوە.

**ولیکن** / valîkan/: [عربی] حرف. بەلام؛ وەلێ؛ وەلێکان؛ وەلێکانێ.

**ولیمه** / valîme ، ـها/: [عربی]/سم. مێوانی؛ مێمانی؛ سوور؛ میوانی بە بۆنەیەکی خۆشەوە.

**ولی‌نعمت** / valîne'mat ، ـها/: [عربی]/سم. ئەو کەسە هۆشی بە کەسێکەوەیە و ژیانی دابین دەکا.

**ون** / van ، ـها/: /سم. داروەن؛ داربەن؛ بناو؛ بناڤ؛ بەناڤ؛ بەناو؛ وناو؛ بناوی؛ بناوچ؛ بناوچ؛ وناوچ؛ زوانەمەلووچکە؛ زوانەمەلیچک؛ داری کورتەبالای لە تیرەی زەیتوون بە گەلای بڕگە ــ بڕگەی پشت لووس و گوڵی سپی و میوەی خێڕدارەوە کە لە قەدپاڵ و پاڵداوێنی زاگرۆسدا زۆرە و بنێشتی لێدەگرن.

**وند**[1] / vand ، ـها/: /سم. [دستور] بەند؛ وەند؛ وەن؛ یەک یان چەن بڕگە یان پیت کە بە سەرەتا، ناوەڕاست یان ئاخری وشەوە دەلکێ و مانایەکی نوێی پێدەدا.

**ـ وند**[2]: پسوند. ـگر؛ ـ بەند ‹پسوند؛ میانوند: پاشگر؛ نێوانگر›.

**ونگ** / vang/: صوت. [گفتاری] زووپە؛ زیپە؛ زیق؛ زیقە؛ زریکە؛ قیژە و هاواری بەرزی گیاندارانی بچووک (وەک منداڵی ساواو، پشیلە و تووتکەسەگ).

▣ **ونگ زدن**: زریکاندن؛ زیقاندن؛ زریکنەی؛ زووپەکردن؛ زریکەزریک‌کردن؛ زیڕاندن؛ زیڕەزیڕکردن.

**ونوس** / venûs/: [فرانسوی]/سم. ناهید؛ زوهرە؛ دووهەمین گەڕۆکی خولگەی هەتاوی کە لە ڕووناک‌ترین تەنەکانی ئاسمانە.

**ووشو** / vošo, vûšo/: [انگلیسی از چینی]/سم. ویشۆ؛ جۆرێ وەرزشی شەڕانی وڵاتی چینە، وەکوو کاراتە، بە بەرگی تایبەتی خۆیەوە.

**وول** / vûl/: /سم. [گفتاری] جم و جوول؛ جمەجم؛ جووڵەجوول؛ پێچ و تاو؛ پێچ و خول؛ قەمچ و پێچ؛ پێچ و با.

▣ **وول خوردن/ زدن**: پێچ خواردن؛ جم و جوول کەردەی؛ خۆ بادان؛ جووڵەجوول‌کردن ‹چقدر وول می‌خوری!: چەندە پێچ دەخوی!›.

**وه** / vah/: صوت. واخ؛ پەیک؛ ئەک؛ حەک؛ دەک؛ پیەح؛ حا؛ عا؛ بە؛ بەخ؛ وشەیێ کە لە سەیرمان، پەسندکردن یان پێ ناخۆش بوونداا دەیڵێن.

**وهابی** / vahābî، ـها؛ ـان؛ ـون/: [عربی] صفت. وەهابی؛ شوێنکەوتووی وەهابیەت.

**وهابیت** / vahābîyyat/: [عربی]/سم. وەهابیەت؛ لقێک لە شوێنکەوتووانی تون و تیژی مەزهەبی حەنبەلی کە لە سەدەی ۱۲ی کۆچی و لە سەر بیر و ڕای موحەممەد کوڕی عەبدولوەهابەوە سەری هەڵدا، کە قورعان و سونەتی پێغەمبەر بنەڕەتی باوەڕیانە و پەنا بە غەیری خودا بردن بە شەریک بۆ خودا دانان دەزانن.

**وهله** / vahle/: [عربی]/سم. ۱. جار؛ کەڕەت؛ بار ‹وهلەی دومی بود که می‌دیدمش: جاری دووهەم بوو کە دەمبینی› ۲. پلە؛ پلەک؛ قۆناغ؛ قۆناخ ‹در وهلەی اوّل باید هوشیار باشی: لە یەکەم پلەدا دەبێ وریا بی›.

**وهم** / vahm ، ـها؛ اوهام/: [عربی]/سم. ۱. وەژارە؛ گومان؛ خەیاڵ؛ بیر و هزرێ کە دەگەڵ جەهانی

دەرەوەدا پێکنایە ٢. *[گفتاری]* ترس؛ سام؛ تەرسی ٣. خۆف؛ هەڵەتاوی؛ ترسی بێخۆ کە لە گومانەوە سەرچاوە دەگرێ.

▣ وهم برداشتن: خۆفکردن؛ ترس داگرتن؛ سام داگرتن؛ تووشی شتێکی بێهۆ یان بە هۆی گومانەوە بوون.

**وهنگ** / vahang ، ـها/:/سم. چاکل؛ چاکلە؛ چەمەرە؛ قەف؛ هیچک؛ هێچک؛ هەچک؛ قولف؛ ولەف؛ ولۆف؛ قلف؛ چەڵەم؛ چەڵەمە؛ یەچک؛ هەچەڵ؛ هەجی؛ ئالقەی سەری گوریس کە کاتی بەستنەوەی شتێک ئەو سەرەکەی لێوە دەردەکەن و دەیکێشن سفت دەبێتەوە.

**وی** / vey/: *ضمیر./ادبی]* ئەو؛ هەو؛ ڤی؛ ڤێ؛ ئڤی؛ یا؛ یۆ؛ یەی؛ یی؛ هاو؛ وە؛ وی (بۆ نێر)؛ وێ (بۆ مێ)؛ ئاد (بۆ نێر)؛ ئادە (بۆ مێ)؛ جێناوی ئاماژە بۆ سێهەم کەسی تاک.

**ویار** / viyār/:/سم. بێزوو؛ وێزوو؛ بێزی؛ بێزگ؛ بێژی؛ بێژین؛ مەهبیران؛ مەجیرانی؛ مەگیرانی؛ مژن؛ مەورانی؛ مەبرانی؛ تاس؛ کەربا؛ کەرب؛ کەربایەی؛ کەربایی؛ کەروایی؛ کەروا؛ کەڤرا؛ نەوریان؛ مەوریان؛ مەهگران؛ کەوژ؛ نەبیران؛ بێز و وازی ژن لە سەرەتای زگپڕبدا.

▣ ویار کردن: بێزگ/ بێزوو/ مەگیرانی/ کەوژ کردن؛ کەرباندن؛ کەوژین؛ مژنکەردەی.

**ویارانه** / viyārāne ، ـها/:/سم. بێزووانە؛ بێزگانە؛ مژنانە؛ ئەو شتەی ژنی ئاوس بێزگی پێوە دەکا: **آرزوانه؛ هوسانه**

**ویاردار** / viyārdār ، ـها/:/سم. بێزگەوان؛ مەگیرانیکەر؛ بێزووکەر؛ ژنی ئاوس لە تۆفی بێزووکردندا.

**ویتامین** / vîtāmîn ، ـها/: [فرانسوی]/سم. ویتامین؛ هەر کام لە پێکهاتە ئالیەکانی نێو خۆراک یان لەشی گیاندارانن کە بۆ ژیان پێویستە بەڵام وزەی لێ بەرهەم نایە.

▣ ویتامین آ: ویتامین ئا؛ ڕێتینۆل؛ هەر کام لەو ویتامینانەی دە نێو چەوریدا دەتوێنەوە و کەم بوونەوەیان لە لەشدا دەبێتە هۆی قەڵشان و ڕەقێلە بەستنی پێست و شەوکوێری. لە زەردێنە، شیر و ڕۆنی جەرگی ماسیدا هەیە.

**ویتامین ا**: ویتامین ئی؛ ویتامینێ کە لە زاوزێ و گەورە بوونی ماسوولکەدا دەوری هەیە و وێدەچێ تا ڕادەیەک پێش بە پیر بوونی سیللول بگرێ: **ویتامین ئی**

**ویتامین ئی** ☜ **ویتامین ا**

**ویتامین ب۱**: ویتامین بێ١؛ تیامین؛ ویتامینی دەئاودا تواوەی بی، کە بە هۆی کەم بوونەوەی، نەخۆشی بیری ــ بیری سەرهەڵدەدا. لە جەرگ و هێلکە و ئاوجۆدا هەیە: **ویتامین بی؛ تیامین**

**ویتامین ب۲**: ویتامین بێ٢؛ ڕیبوفلاوین؛ تێکەڵاوێکی زەردی بڵۆرینە کە دەبێتە هۆی گەشەی لەش و لە شیر و جەرگدا هەیە.

**ویتامین ب۶**: ویتامین بێ٦؛ لە ویتامینەکانی دەستە بێیە کە لە سووت و سازی ئەسیدی ئامینەدا دەورێکی گرینگی هەیە و هەروەها بەر بە دڵ هەڵشێوان و ڕشانەوە دەگرێ.

**ویتامین ب۱۲**: ویتامین بێ١٢؛ سیانوکومالامین؛ دارستەیەک لە کوبالتە کە بەتایبەت دە نێو جەرگدا بۆ بەرهەم هێنانی خوێن، کاری کۆندامی دەماری و گەشەی لەش پێویستە.

**ویتامین ب کمپلکس**: ویتامین بێ کومپلکس؛ کۆمەڵەویتامینی لە ئاودا تواوە، کە لە نێو ئاوجۆی ترشاو، ناوکە، هێلکە، جەرگ، ئێسک و سەوزیدا هەیە، ئیشتیا زۆر دەکاتەوە و بۆ ساغی کۆندامی دەماری پێویستە.

**ویتامین بی** ☜ **ویتامین ب۱**

**ویتامین ث**: ویتامین سێ؛ ئەسید ئاسکوربیک؛ ویتامینی لە ئاودا تواوەی سێ کە دە نێو میوە و سەوزی تازەدا هەیە و چاک بوونەوەی برین

لەز دەکا، سووت و سازی ئەسیدی ئامینە و وەرگرتنی ئاسن زۆر دەکاتەوە: **ویتامین ثی**

ویتامین ثی ☜ **ویتامین ثِ**

ویتامین د: ویتامین دێ؛ ویتامینی لە چەوریدا تواوەی دێ کە لە نێو ڕۆنی جەرگی ماسی، زەردێنەی هێلکە و شیردا هەیە و بۆ گەشە کردن و پتەو بوونی ئێسک و ددان پێویستە: **ویتامین دی**

ویتامین دی ☜ **ویتامین دِ**

ویتامین کا: ویتامین کا؛ ویتامینی پێویست بۆ بەرهەم هێنانی پڕۆترومبین و بەرگری لە خوێن‌چوونە. لە زردێنەی هێلکە، تەماتە و سەبزیدا هەیە: **ویتامین کِی**

ویتامین کی ☜ **ویتامین کا**

**ویتامینە** / vîtāmîne /: [فرانسوی] *صفت.* ویتامین‌دار؛ ویتامینە ‹شربت ویتامینە؛ شامپوی ویتامینە: شەربەتی ویتامیندار؛ شامپۆی ویتامیندار›.

**ویترای** / vîtrāy /: [فرانسوی] *اسم.* ویترای؛ نەقاشی بە ڕەنگی هەویری یان ڕۆنی لە سەر شیشە.

**ویترین** / vîtrîn ، ـها/: [فرانسوی] *اسم.* ویترین: ۱. پێکهاتەیەک بە دیواری شیشەییەوە بۆ ڕانانی کەل‌وپەلی فرۆشگا ۲. سندۆقی جام؛ قاپ‌ئاوێنە؛ جابەی لە شیشە کە بە ملیەوە هەلێدەواسن شتی وردیلەی بۆ فرۆش تێدەچنن.

**ویدئو** / vîde'o ، ـها/: [انگلیسی] *اسم.* ویدیۆ؛ ویدئۆ؛ دەزگای تۆمارکردن و بلاوکردنەوەی میغناتیسی دەنگ و ڕەنگ: **ویدیو**

**ویدئوکلوپ** / vîde'okulûb, -kolûb ، ـها/: [فرانسوی] *اسم.* ویدیوکلووب؛ دامەزراوەی کرێ دانی فیلمی ویدیۆیی.

**ویدئوکنفرانس** / vîde'okonf(e)rāns /: [؟] ☜ **دورسُخَنی**

**ویدئویی** / vîde'oyî /: [انگلیسی] *صفت.* ویدیۆیی؛ ویدئۆیی؛ پێوەندیدار یان سەر بە ویدیۆوە ‹فیلمهای ویدیویی: فیلمگەلی ویدیۆیی›: **ویدیویی**

**ویدیو** / vîdîyo /: [انگلیسی] ☜ **ویدئو**

**ویدیویی** / vîdîyoyî /: [انگلیسی] ☜ **ویدئویی**

**ویر** / vîr /: *اسم. [گفتاری]* وەسوەسە.

▣ **ویر کسی گرفتن**: کەوتنە سەری کەسێک؛ دان لە سەری کەسێ ‹یک روز ویرش گرفت برود فرنگ: ڕۆژێک کەوتە سەری بڕوا بۆ فەرەنگ›.

**ویراژ** / vîrāj ، ـها/: [فرانسوی] *اسم.* ویراژ؛ چوونی پێچاوپێچ، بەتایبەت بە ماشین یان موتورسیکلێت.

▣ **ویراژ دادن**: ویراژ دان؛ پێچاوپێچ ڕۆشتن و لار بوونەوە بۆ چەپ و ڕاست ‹موتورسوارها توی پیادەرو از وسط جمعیت ویراژ می‌دهند: موتورسوارەکان لە نێو پیادەڕۆدا لە ناوەڕاستی جەماوەرەکەوە ویراژ دەدەن›.

**ویراستار** / vîrāstār ، ـها؛ ـان/: *اسم.* نویسیار؛ نقیسیار؛ ئیدیتۆر؛ کەسێ کە بەرهەمی نووسەرانی دی هەلەگری، ڕێکوپێک و ئامادەی چاپ دەکا.

**ویراستاری** / vîrāstārî /: *اسم.* نویسیاری؛ نقیسیاری؛ ئیدیتۆری؛ کاری نویسیار.

**ویراستن** / vîrāstan /: *مصدر. متعدی.* ۱. هەلوەژارتن؛ هەلوەژاردن؛ ڕێکوپێک کردنی دەقی نووسراوەیەک بۆ بلاوکردنەوە ونارکردن ۲. *[قدیمی]* پووپین؛ هەلاڵ کردن؛ خاراندن؛ دەباغ کردن؛ خۆشەکردنی چەرم. هەروەها: **ویراستنی**

■ صفت مفعولی: **ویراسته** (هەلوەژارتە)

**ویران** / vîrān /: *صفت.* کاول؛ وێران؛ قێران؛ دێران؛ دێرس؛ کەلارێ؛ کامباخ؛ کەمباخ؛ کایل؛ کەییل؛ قەترمە؛ کەلار؛ کەلارێ؛ کافڵ: ۱. بێ بەش لە ئاوەدانی ‹دهِ ویران؛ باغ ویران: دێی کاول؛ باخی کاول› ۲. ڕووخاو؛ ڕخیاو؛ ڕمیاو؛ ڕمیاگ؛ پەشیل؛ هەڕفتی؛ شنیار؛ شنیارە؛ زەمەر؛ خاپوور؛ خارخاپوور ‹خانەی ویران: خانووی

رووخاو›.

▣ **ویران شدن**: پەشیلان؛ پەشیلین؛ ڕمین؛ هەڕفتن؛ کاول بوون؛ کاولەو بوون؛ کاول بیەی؛ وێران بوون/ بیەی؛ تێکتەپین.

**ویران کردن**: خاپوورکردن؛ کاولکردن؛ وێران کردن؛ زەمەردا پوەی؛ هلساندن؛ ڕووخاندن؛ ڕماندن؛ پەشیلاندن؛ کاولکەردەی؛ ئاوەدانی و سامانی شوێنێک لە نێو بردن ‹دشمن شهر را ویران کرد: دوژمن شاری خاپوور کرد›. هەروەها:

**ویران بودن**

**ویرانگر** / vîrāngar/: *صفت.* ڕووخێنەر؛ کاولکەر؛ وێرانکەر؛ فەوتێنەر؛ هۆکار و هۆی کاولی ‹سپاه ویرانگر؛ زمین‌لرزەی ویرانگر: هێزی ڕووخێنەر؛ بوومەلەرزەی کاولکەر›.

**ویرانگری** / vîrāngarî/: *اسم.* کاولکاری؛ وێرانکاری؛ کارەڕەهاتی ڕووخاندن و لە ناو بردن؛ پەشیلاندن.

**ویرانه** / vîrāne ، ـها/: *اسم.* کەلاوە؛ کەلاری؛ خوپان؛ خراوە؛ وێرانە؛ شوێنی کاول ‹شهر به ویرانه‌ای تبدیل شد: شار بوو به کەلاوەیەک›.

**ویرانی** / vîrānî ، ـها/: *اسم.* کاولی؛ وێرانی؛ دێرسی؛ دۆخ یان چۆنیەتی وێران بوون ‹جنگ ویرانی بسیار به بار آورد: شەڕ کاولی زۆری بار هێنا›.

**ویرایش** / vîrāyeš ، ـها/: *اسم.* نقیساری؛ نویسیاری؛ ئیدیت؛ کار و ڕەوتی هەلەگرتن و وناکردنی دەقی نووسراوەیەک بۆ بلاوکردنەوە ‹قرآن کردی تاکنون دو بار ویرایش شده است: قورئانی بەکوردی تا ئێستا دوو جار نقیساری کراوە›.

**ویرگول** / vîrgûl ، ـها/: [فرانسوی]/*اسم.* ویرگوول؛ کاما؛ گت؛ نیشانەیەکی وا «،» کە دوو وشە یان دوو پاڕی ڕستەیەک دیاری دەکا.

**ویروس** / vîrûs ، ـها/: [فرانسوی]/*اسم.* ویرووس؛ ڤایروس: ۱. گیانداری یەکجار وردیلەی هۆی زۆر نەخۆشی وەک شەپلەی منداڵان، سووریجە، پەتا، هاری و... ۲. بەرنامەیەکی کەمپیۆتری بۆ تێکدانی کار و ڕەوتی ئاسایی کەمپیۆتر

**ویروسی** / vîrûsî/: [فرانسوی] *صفت.* ویرووسی؛ ویرووسدار یان لە ویرووس بەدیهاتوو ‹بیماری ویروسی: نەخۆشی ویرووسی›.

**ویری** / vîrî/: *صفت. [گفتاری]* سەرشێت؛ هەوکی؛ هۆکی ‹این برادر ما یک آدم ویری است، وقتی ویرش می‌گیرد کاری بکند، کسی جلودارش نیست: ئەم برای ئێمە کابرایەکی سەرشێتە، کە دای لە سەری کارێ بکا، بۆ کەس بەری ناگیرێ›.

**ویزا** / vîzā ، ـها/: [فرانسوی]/*اسم.* ویزا؛ بەرایی چوونە ولاتێک بۆ بیانیان، کە لە لایەن نوێنەری ئەو ولاتەوە دەدرێ.

**ویزیت** / vîzît ، ـها/: [فرانسوی]/*اسم.* ویزیت: ۱. کار و ڕەوتی بینین؛ چاو پێکەوتن؛ دیتن و تۆژینەوەی نەخۆش بۆ زانینی هۆی نەخۆشی ‹دکتر هنوز مریض‌ها را ویزیت نکرده است: دوکتور هێشتا نەخۆشەکانی نەبینیوە› ۲. بازاڕدۆزی؛ کار و ڕەوتی دۆزینەوەی کڕیار ‹آمده بود یخچال ویزیت می‌کرد: هاتبوو بۆ ویزیتی یەخەچال› ۳. پارەی ویزیت ‹ویزیت دکتر ده هزار تومان است: ویزیتی دوکتور دە هەزار تمەنە›.

**ویزیتور** / vîzîtor ، ـها/: [فرانسوی]/*اسم.* ویزیتۆر؛ بازاڕدۆز؛ کەسێ کە پیشەی دۆزینەوەی کڕیارە بۆ کالا.

**ویزیتوری** / vîzîtorî/: [فرانسوی]/*اسم.* ویزیتۆری؛ بازاڕدۆزی؛ کاری دۆزینەوەی کڕیاران.

**هموژن**/ homojen, hemojen /: [فرانسوی] *صفت.* *[شیمی]* یەکدەست؛ بە تایبەتمەندی یەکجۆر بوون لە باری تێکەلاوی و خەستی و تەڕیەوە: **همگن ـ۲**

**هموژنیزه** / hemojenîze /: [فرانسوی] *صفت.* یەکدەستکراو.

**هموطن**[1] / hamvatan ، ـها؛ ـان /: [فارسی/ عربی] *اسم.* هاونیشتمان؛ هاوزێد؛ هاوزێ؛ هاوواڵات؛ هەرکام لەو کەسانەی لە باری ولاتەوە هاوبەشن.

**هموطن**[2]: *صفت.* هاونیشتمان؛ هاوزێد؛ هاوزێ؛ هاوواڵات؛ هەمباژار؛ هەمباژێر؛ هامووەلات؛ بە نیشتمانی هاوبەش لەگەڵ کەس یان کەسانی‌تردا.

**هم و غم** / hamm-o-qam /: [عربی]/*اسم.* *[ادبی]* کردوکۆش؛ کردوکاش؛ پەلوپۆ؛ هەول و تێکۆشان؛ هەول و تەقالا ‹همه‌ی هم و غم او رفتن به آمریکاست: هەموو کردوکۆسی ڕویشتن بۆ ئەمریکایە›.

**همه‌وفیلی** / hemofîlî /: [فرانسوی]/*اسم.* خوێن‌نەگرسی؛ هیمۆفیلی؛ جۆرێک نەخۆشی خوێنی کە ئەگەر نەخۆش بریندار بوو خوێنی ناگرسێتەوە.

**همه‌گلوبین** / hemog(e)lobîn /: [فرانسوی]/*اسم.* *[زیست‌شناسی]* هیموگلۆبین؛ ماکی ئاسنداری گلوبوولی سووری خوێن کە ئوکسیژن بە لەشدا بڵاو دەکاتەوە.

**همولیز** / hemolîz /: [فرانسوی]/*اسم.* *[پزشکی]* ڕەوتی شی بوونەوەی گلوبوولە سوورەکانی خوێن و بەر بوونی هیموگلۆبین بە هۆی نەخۆشی یان خوێنی ناتەبا کردنە ناو لەشەوە.

**همونده** / hamvand ، ـها /: *اسم.* *[ادبی]* ئەندام؛ پاژێکی تا ڕادەیەک سەربەخۆی لەش (وەک سەر، دەست، پێ).

**همه**[1] / hame /: *صفت.* هەموو؛ حەموو؛ هەمێ؛ حەمێ؛ هەمە؛ هەمن؛ گشت؛ گش؛ گشک؛ گژ؛ گرد؛ گێ؛ یەکبەیەک؛ تاکبەتاک؛ تەکبەتەک؛ تەمام؛ خڕ؛ سەرپاک؛ لەبن؛ تێکڕا؛ سەرلەبەر؛ سەرانسەر؛ حەپو؛ تەواو؛ تەڤ ‹همه‌ی شهرها؛ همه‌ی مردم: هەموو شارێک؛ کێس خەلک›.

**همه**[2]: *قید.* *[گفتاری]* تێکڕا؛ بە تێکڕایی؛ بە گشتی؛ گش؛ گشت؛ هەموو؛ هەمووان؛ گرد؛ بە تەواوی؛

به هەموان؛ به هەمووانەوە؛ بەیەکەوە ‹ما همه منتظر شما هستیم: ئێمە هەر چاوەڕوانی ئێوەین›.
همه ٔ: ضمیر. هەموو؛ هەمی؛ گشت؛ گش؛ گرد؛ هەمن؛ گژ؛ حەپو ‹همه رفتند: هەر بردیم توی انبار: هەموو ڕۆیشتن؛ هەموومان بردە نێو هەمارەوە›.
همه ـ ٔ: پیشواژه. گ ـ ؛ گش ـ ؛ گشت ـ ؛ گرد ـ ؛ هەموو ـ ؛ هەمە ـ ؛ هەرچی ـ ؛ هەر ـ ؛ سەرجەم ‹همه‌ساله؛ همه‌وقت: گشسالێ؛ هەموکات›.
همه‌اش / hame'aš/: قید. [گفتاری] هەر: ۱. لە پەستا؛ دایمە؛ پەسایپەس؛ بە شێوەی بەردەوام و شوێنگر ‹همه‌اش می‌خورد: هەر دەیخوارد› ۲. ئەم هەمووە؛ ئەم گشتە؛ ئی گردە؛ ئەوەندە فرە ‹همه‌اش درس می‌خوانی که چه؟: هەر دەخوێنی کە چی بێ؟›.
همه‌پرسی / hameporsî ، ـها/: اسم. ڕاپرسی؛ ڕیفڕاندوم؛ کۆمەڵپرسان؛ کۆپرسان؛ لێ‌پرسینەوەی گشتی، بۆ سەلماندن یا لابردنی قانوونێک.
همه‌جا‌گیر / hamecāgîr/: صفت. پەرەسێن؛ هەموولاداگر؛ داگری هەموو شوێنێ ‹بیماری همه‌جاگیر: نەخۆشی هەرسێن›.
همه‌جانبه / hamecānebe/: [فارسی/ عربی] صفت. هەمەلایەنە ‹تلاش همه‌جانبه؛ حملەی همه‌جانبه: هەوڵی هەمەلایەنە؛ هێرشی هەمەلایەنە›.
همه‌چیز‌تمام / hamečîztamām/: [فارسی/ عربی] صفت. بێ‌کەم و کوڕ؛ بێ‌کەم و کووڕی؛ بێ‌کەمایەسی؛ تەواو.
همه‌چیزخوار / hamečîzxār ، ـها/: ان/: صفت. هەموشت‌خۆر؛ بە تایبەتمەندی یان توانایی خواردنی هەموو شتێک (وەک گیا، گۆشت و...).
همه‌خدایی / hamexodayî/ ☜ وحدت‌وجود
همه روزه ٔ / hamerûze/: صفت. گرۆژە؛ گش ڕۆژە؛ گرۆ؛ هەرچی ڕۆژە؛ هەر ڕۆژە؛ گرۆیە؛ هەموو ڕۆژە؛ هەر ڕۆژە؛ ڕۆژانە؛ گرد ڕۆ؛ هەرچی ڕۆژە ‹برنامه‌ی همه‌روزه‌ی آنها همین بود: بەرنامەی گرۆردیان هەر ئەمە بوو›.
همه‌روزه ٔ: قید. هەموو ڕۆژێ؛ گش ڕۆژێ؛ گشت ڕۆژێ؛ گرۆژێک؛ هەموو ڕۆژێک؛ هەرچی ڕۆژە؛ هەرچی ڕوێ؛ لە هەرچی ڕۆژدا ‹همه‌روزه همین کار را می‌کنند: هەموو ڕۆژی ئەم کارە دەکەن›
همه‌ساله / hamesāle/ ☜ هرساله[۲]
همه‌سویه / hamesûye/: صفت. هەمەلایەنە؛ گش‌لایەنە.
همه‌فن‌حریف / hamefanharîf ، ـها/: [فارسی/ عربی] صفت. هەزارپیشە؛ بە توانایی جێبەجێ کردنی هەموو کارێک ۲. فێڵباز؛ ساختەچی.
همه‌کاره / hamekāre ، ـها/: صفت. [مجازی] هەمەکارە؛ هەموکارە؛ هەرچی‌کارە: ۱. دەسچووگ؛ دەس‌ڕۆیگ ‹او در آن اداره همه‌کاره است: لەو مەزرینگەیەدا خۆی هەمەکارەیە› ۲. هۆکارەی هەموو کارێ ‹همه‌کاره هیچکاره است: هەرچی کارە هیچ‌کارەیە› ۳. لەبار بۆ کاری زۆر ‹پیچ‌گوشتی همه‌کاره: پێچ‌گوشتی هەمەکارە›.
همه‌گیر / hamegîr/: صفت. [پزشکی] گیرۆ؛ ئامۆ؛ ئاهۆ؛ شەوب؛ ئیپیدیمیک.
همه‌گیری / hamegîrî/: اسم. [پزشکی] گیرۆیی؛ ئاهۆیی؛ پەتایی؛ درمی؛ ئیپیدیمی.
همه‌گیری‌شناسی / hamegîrîšenāsî/: اسم. [پزشکی] گیرۆناسی؛ درمناسی؛ پەتاناسی؛ ئاهۆناسی؛ ئیپیدیمولۆژی.
همهمه / hamhame ، ـها/: [عربی]/اسم. هەرا و هوریا؛ هەرا و هووریا؛ هەرا ـ هەرا؛ کێشە و هەرا؛ هێل‌هێلەک؛ چەقە؛ گورە و زەنا؛ زەنا ـ زەنا؛ چەقە و گورە؛ گانەگوڵ؛ قاووقریشک؛ قاوقوو؛ قاوقیژە؛ دەنگەدەنگ؛ قاڵمەقاڵ؛ هەڵا؛ زڵە؛ دورزو؛ قیڕوقار؛ کوتوکەش؛ خوڵخوڵە؛ هەرا و چەقە؛ خوڵۆ؛ خوڵوو؛ هۆرپەهۆرپ؛ گەپگور؛ چەقەچەق؛ گۆمەڵ؛ گوڵمەز؛ گێڵەشۆ؛ گێڵەشۆک؛ قووڵەقوول؛ گۆنگەڕ؛ هومەڵفەزا؛ ڕۆمەڵغەزا؛ کەپۆرە؛ گرموقاڵ؛ قیژە و هەرا؛

www.perawipepwle.com



حەشە و قۆ: ۱. دەنگی نادیاری وتووێژی چەن‌کەس ‹ناگهان همهمه شد و دیگر صدای سخنران شنیده نمی‌شد: له ناکاو بووه هەرا و هۆریا و چیتر دەنگی وتاربێژەکە نەدەبیسترا› ۲. دەنگی زۆری لە دوور ‹همهمه‌ی کوچه بیدارم کرد: قالمەقالی ناو کۆلان خەبەرمی کردەوە›.

**همیاری** / hamyārî /:/سم. ۱. هاوقۆڵی؛ ئاریکاری؛ هاریکاری؛ هەڤبەندی؛ هەڤکاری؛ یاریدەری؛ یارمەتی و هاوکاری چەند کەس پێکەوە ۲. هەرەوەز؛ زبارە؛ کاری بە کۆمەڵ بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی بەرچاو.

**همیان** / hamyān / ☜ **انبان**

**همیانه** / hamyāne / ☜ **انبان**

**همیشک** / hamîšak ، ـها /:/سم. قنگاوڵە؛ قنگاوڵێ؛ دووپەڵە؛ دووپەڕە؛ پنچکەگیایەکی دایمەشین بە گەڵای درکاوی و گوڵی جوانی نارنجی و بۆنخۆشەوە کە بۆ جوانی چەپکەی دەکەن.

**همیشگی** / hamîšegî /: صفت. هەمیشەیی؛ بێبڕانەوە؛ بێپسانەوە؛ تممی؛ هەتاهەتایی ‹کار همیشگی: کاری هەمیشەیی›.

**همیشه** / hamîše /: قید. هەمیشە؛ هەمەتە؛ دەم‌بەدەم؛ تاسەر؛ هەتاسەر؛ تەوتم؛ هەموکاتێ؛ هەموو دەمێ: ۱. لە هەر کاتێکدا ‹همیشه می‌شد او را پیدا کرد: هەمیشە شوێنی هەڵدەکرا› ۲. هەر؛ هەتاـهەتایە ‹همیشه به یادم می‌ماند: هەر لە بیرم دەمێنێ›.

**همیشه‌بهار** / hamîšebahār ، ـها /:/سم. هەمیشەبەهار؛ هەمیشەبەهارە؛ هەمیشەوەهار؛ هەمیشەجوان؛ بەیبوونە کێویلە؛ گیایەکی جوانی یەکسالەیە بە گەڵای کولکن، دوو جۆر گوڵی زمانەیی و لوولەیی زەرد و بەری وەک فندقەوە کە لە چواروەرزی سالدا گوڵ دەکا: آذرگون ـ۳؛ آذریون

**همیشه‌سبز** / hamîšesabz ، ـها /: صفت. *[گیاەشناسی]* هەمیشە سەوز؛ هەمیشە سەرسەوز؛ دایمەشین (وەک داری کاج): **پیوسته‌سبز**

**همین** / hamîn /: صفت. ئەم؛ هەر ئەم؛ هەر ئی: ۱. ئاماژە پێکراو یان گوترا‌و ‹از همین کار نان می‌خورد: لە ئەم کارەوە نان دەخوا› ۲. بە مەودایەکی کەمتر ‹همین بغل دست ماست: ئەم لا دەستەمانە›.

**همین** ۲ / ـها /: ضمیر. ئائەمە؛ ئەئەمە؛ هەرئەمە؛ ئامە؛ هەر ئینە؛ ئەیە؛ ئەمە؛ هەو؛ هەرەو ‹همین بود که خورد به سرم: ئائەمە بوو دای لە سەرم›.

**همینطور** / hamîntowr /: [فارسی/ عربی] قید. هەروا؛ هەروە؛ هەرئاوا؛ هەرهۆ؛ هەرئاوها؛ هەروسا؛ ئابەم جۆرە ‹داشتم همینطور می‌رفتم: هەروا خەریک بووم دەڕۆیشتم›.

**همین که** / hamînke /: قید. هەرکە؛ هەرکر؛ هەرکوو؛ تا؛ تاکوو ‹همین که خواست بلند شود، سرش گیج رفت: هەرکە ویستی هەستێ، سەری لە گێژەوە چوو›.

**هم‌یوغ** / hamyûq /: [فارسی/ ترکی]/سم. هاونێلە؛ هاونیلە؛ هاوگا؛ هاونێر؛ هاونیر؛ هاوتا؛ دووگا لە پەنا یەکتر کە پێکەوە جووتیان پێ دەکەن.

**هن** / hen(n) /: صوت. خن؛ شن؛ شنە؛ خنە؛ هانە؛ هانکە؛ هەنکە؛ حەنکەحەنک؛ هەسکەهەسک؛ هانکەهانک؛ دەنگی هەناسەدانی لەسەریەکی ماندوو.

**هنجار** / hancār ، ـها /:/سم. ۱. هەنجار؛ پێودان؛ شێوە، ڕەوت یان پێوەرێکی باوەڕپێکراو ۲. پۆڕ؛ نەریتێکی گونجاو بۆ کاری دروست کە ئەندامانی دەستەیەک پێکەوە گرێ دەدا و ئاکاری دروست و گونجاو بەڕێوە دەبا.

**هندبال** / handbāl /: [انگلیسی]/سم. *[ورزش]* هەندبال؛ یاریەکی وەک فووتبال کە بە دەست تۆپەکە دەهاوێن.

**هندسه** / hendese, handase /: [معرب از پهلوی] /سم. هەندەسە: ۱. لقێ لە زانستی بیرکاری کە

به ئەندازەگیری، تایبەتمەندی و پێوەندیەکانی خاڵ، هێڵ، ڕووبەر، گۆشە و بارستاییەوە دەپەڕێ ٢. کتێبێک لەمەڕ هەندەسەوە.

▣ هندسەی اقلیدسی: هەندەسەی ئۆقلیدوسی؛ هەندەسەیێ کە بە گوێرەی بنەمای هاوڕێکی (تەوازی) ڕێکخراوە.

هندسەی تحلیلی: هەندەسەی شیکارانە/ لێکدانەوەیی؛ لێکۆڵینەوەی دانستەی هەندەسی بە کرداری جەبری.

هندسەی تصویری: هەندەسەی وێنەیی/ شێوەیی.

هندسەی فضایی: هەندەسەی سێلایی/ فەزایی/ بۆشایی؛ بەشێک لە هەندەسە کە بە لێکۆڵینەوەی تەشککەلی فەزاییەوە دەپەڕێ.

هندسەی مسطحه: هەندەسەی دوولایی/ دووبەری؛ بەشێک لە هەندەسە کە بە لێکۆڵینەوەی تەشکی سەر پەڕەوە دەپەڕێ.

هندسەی نااقلیدسی: هەندەسەی نائۆقلیدوسی؛ هەر یەک لەو هەندەسانەی کە بنەمای هاوڕێکی (تەوازی) تێدا وەرنەگیراوە.

هندسی / hendesî, handasî/: [معرب] صفت. هەندەسی: ١. سەر بە هەندەسە ٢. بە بیچمێکی ڕێکوپێک.

هندل / hendel, handel ، ـها/: [انگلیسی]/سم. [قدیمی] هیندل؛ ئامرازێ بۆ هەڵکردنی ماشین.

▣ هندل زدن: هیندل لێدان؛ هەڵسووڕاندنی هیندل بۆ هەڵکردنی ماشین.

هندو / hendû/:/سم. هیندوو: ١. دینێکی خەڵکی هیند ٢. ـها؛ هندوان hendovān/ هەرکام لە شۆنەڕاکانی دینی هیندوو ٣. [قدیمی] هیندی ناموسڵمان.

هندوانه / hendevāne ، ـها/:/سم. شووتی؛ شۆتی؛ شتی؛ شبتی؛ شمتی؛ شمستی؛ شفتی؛ شمتوو؛ شمتن؛ شیتوو؛ شووتوو؛ شامی؛ شوومی؛ سمتوو؛ سمتن؛ سمتی؛ هەنی؛ هەننی؛ هەندی؛ هەنگی؛ هەینی؛ هندی؛ هیندوویی؛ جەبەش؛ زەبەش؛ زەربەش؛ جەبەژ؛ ژەبەش؛ زەبەز؛ ژەبەژ: ١. شەتڵە گیایێ لە تیرەی خەیار، بە گەڵای شەقار- شەقار، لاسکی خەوتوو، گوڵی زەرد و میوەی ئاوداری خۆراکیەوە ٢. میوەی خڕی ئەو گیایە بە تۆپکڵێکی ئەستووری سەوز، گۆشتی سوور یان زەردی شیرین و ئاوارەوە کە دەنکەکانی تێیدا بڵاون.

▣ هندوانەی ابوجهل: کاڵەکەمارانە؛ شوویتەمارانە؛ گوژاڵک؛ کوژاڵک؛ هەنزەل؛ زەرەنگ؛ زەرەند؛ گووژەڵ؛ گوهێ شەیتانک؛ تەحلەسێف؛ تەحلەسێڤ؛ خەیاردێمی؛ ژوژاڵک؛ زڕکەتاڵ؛ شفتی تاڵک؛ شفتی تاڵە؛ شمتی تاڵک؛ شوومی شەیتونی؛ گونەسر؛ گوێبەڵە؛ گیایەکی وەک شووتی کە تاڵ و ژاراویە: **حنظل**

▣ هندوانه ر بر نعل کسی دادن: [کنایی] با کردنە قول کەسێ؛ کەسێک لە خشتە بردن؛ شووتی دانە بن‌هەنگڵی کەسێک؛ بە پێدا هەڵگوتنی بێجێ، کەسێک لەخۆبایی‌کردن ‹هندوانه زیر بغلش نداد و او را فرستاند جلو: ناباب کرده قولی و ناردیانه بەرەوە›.

با یک دست دو هندوانه برداشتن ☜ **یک**[٢]

هندو- اروپایی / hendo-urûpāyî, -orûpāyî/: [فارسی/ فرانسوی]/سم. هیندو- ئۆروپایی؛ کۆمەڵە زمانێک بە چەن لقی زمانیەوە کە زۆربەی خەڵکی ئۆروپا، ئەمریکا، ئوسترالیا و بەشێکی زۆر لە ڕۆژهەڵاتی ناوین قسەی پێدەکەن.

هندو ـ ایرانی / hendo-îrānî/:/سم. هیندو- ئێرانی؛ لقێکی گەورە لە زمانگەلی هیندو-ئوروپایی کە بۆ خۆی دوو لقی هیندی و ئێرانی لێ دەبێتەوە.

هندوستانی / hendûstānî/:/سم. هیندووستانی؛ لە زمانەکانی باوی هیند کە تێکەڵاوێکە لە

هیندی و ئوردوو.

**هندی**[1] / hendî /:/اسم/ هیندی: ۱. زمانی ویژەیی و ڕەسمی هیندەکان، لە زمانەکانی هیندوـ ئێرانی ۲. /ها؛ ـان/ هەرکام لە خەڵکی ناوخۆیی هیندەکان ۳. /نجوم/ وێنەیەکی ئاسمانی باشووری کە لە خوار پای تیرهاوێژدایە.

**هندی**[2]: صفت. هیندی؛ سەر بە وڵاتی هیند.

**هنر** / honar /، ـها/:/اسم/ هونەر؛ جەوهەر: ۱. کاری شاندان و دەربڕینی وەستایانەی هزر و بۆچوون لە دیاردە و ڕووداوەکانی جەهانی دەرەوە ۲. وەستایی و لێهاتوویی لە پیشاندانی ئەو بۆچوونانە ۳. دەسڕەنگینی؛ جوانکاری؛ بەکار هێنانی هەستیارانە و داهێنەرانەی خەیاڵ، بۆ بەرهەم هێنانی بەرهەمی جوان و ڕازاوە ٤. هونەرە جوانەکان (وەک: مووسیقا، نیگارڤانی، پەیکەرتراشی، شیعر و...) ۵. لێزانی و کارامەیی بە هۆی ئەزموون، دیتن یان خوێندنەوە (هنر فروشندگی: هونەری فرۆشیاری) ٦. /مجازی/ کاری گرینگ و بەرچاو.

▣ هنر تجسمی: هونەری هزری؛ هەرکام لەو هونەرانەی وا کاریان بەدیهێنانی شتی بەرچاو و جێی تێڕامانە (وەک: نیگارڤانی، میعماری، پەیکەرتراشی و...).

هنر نمایشی: هونەری شانۆیی؛ هەرکام لەو هونەرانە وا دەپەرژێنە سەر نیشاندان (وەک شانۆک، فیلم، ئۆپێرا و ...).

هنرهای زیبا: هونەرە جوانەکان: ۱. ئەو هونەرانەی پێویستیان بە وردەکاری و جوانکاریە ۲. ئەو هونەرانەی سەر بە داهێنانی بەرهەمی جوان و ڕازاوەن (وەک مووسیقا، نیگارکێشی، پەیکەرسازی).

▣ هنر کردن: /مجازی/ هونەرکردن؛ کارامەیی زۆر نیشاندان.

**هنرآموز** / honarāmûz /، ـها؛ ـان/:/اسم/ ۱. فێرکاری هونەر (هنرآموز خیاطی: فێرکاری هونەری دروومان) ۲. قوتابی هونەریستان.

**هنرپرور** / honarparvar /، ـان/: صفت. هونەرپەروەر؛ بارهێنەر یان حاوێنەری هونەر و هونەرمەند (سرزمین هنرپرور: وڵاتی هونەرپەروەر).

**هنرپیشگی** / honarpîšegî /:/اسم/ شانۆیاری؛ شانۆگەری؛ نیاری؛ هونەربازی؛ هونەرپیشەیی؛ کار و ئیشی نیارڤان.

**هنرپیشه** / honarpîše /، ـها؛ ـگان/:/اسم/ شانۆیار؛ هونەرباز؛ نیار؛ نیارڤان؛ کۆسەکار؛ شانوگەر؛ ئەو کەسەی لە شانۆدا کایە دەکا (هنرپیشه‌ی سینما: شانۆگەری سینەما).

**هنرجو** / honarcû /، ـها؛ ـیان/:/اسم/ هونەرواز؛ خوێندکاری زانکۆی هونەر.

**هنردوست** / honardûst /، ـها؛ ـان/: صفت. هونەردۆست. هەروەها: **هنردوستی**

**هنرستان** / honarestān /، ـها/:/اسم/ هونەرستان؛ هونەرگە؛ فێرگەی هونەر؛ قوتابخانەی دواناوەندی کە دەرسی هونەر یان فێرکاری تێدا دەڵێنەوە.

▣ هنرستان عالی: هونەرستانی بالا؛ زانکۆ یان قوتابخانەی بالا کە یەکێک لە ڕشتەگەلی هونەری یان فێرکاری تێدا دەڵێنەوە.

**هنرستانی** / honarestānî /: صفت. هونەرستانی؛ سەر بە هونەرستان (دانش‌آموز هنرستانی: قوتابی هونەرستانی).

**هنرسرا** / honarsarā /، ـها/:/اسم/ ۱. یانەی هونەر؛ دامەزراوەی فێرکاری بۆ ڕاهێنانی مامۆستایانی هونەر ۲. هونەرستان.

▣ هنرسرای عالی: دامەزراوەی فێرکاری بالا؛ قوتابخانەی دریژەپێدانی ڕشتەگەلی هونەری یان فێرکاری.

**هنرکده** / honarkade /، ـها/:/اسم/ یانەی هونەر؛ دامەزراوەی بالای فێرکاری هونەر (هنرکده‌ی نقاشی: یانەی هونەری نیگارکێشی).

هنرمند / honarmand ، ـهـا: ـان/: /سم. هۆنەر؛ هونەرمەند؛ هونەری؛ هونەروەر؛ هونەرمەن؛ کەسێ کە بەرهەمی هونەری بەدی دێنێ ‹یک هنرمند کرد موفق به دریافت جایزه‌ی بین‌المللی ونیز شد: هونەرمەندێکی کورد خەلاتی نێونەتەوەیی وینیزی وەرگرت›.

هنرمند ۲: صفت. هونەرمەند؛ هونەری؛ بە جەوهەر و هونەر؛ جوانکار؛ دەس‌ڕەنگین؛ بە هونەر؛ مایەوەر؛ هونەروەر؛ وردەکار؛ شیرین‌کار؛ هونەرمەن؛ کارجوان؛ لێهاتوو بۆ بەدیهێنانی بەرهەمی هونەری ‹مستوره‌ی اردلان زنی هنرمند و هنردوست بود: مەستوورەی ئەردەڵان ژنێکی هونەرمەند و هونەردۆست بوو›.

هنرمندانه / honarmandāne/: قید. هونەری؛ هونەرمەندانە.

هنرمندی / honarmandî/: /سم. هۆنەری؛ هونەرمەندی؛ هونەروەری؛ دەس‌ڕەنگینی؛ دۆخ یان چۆنیەتی هونەرمەند بوون.

هنرنمایی / honarnemāyî ، ـهـا/: /سم. هونەرنوێنی؛ کار یان ڕەوتی ڕانانی بەرهەم و چالاکیە هونەریەکان.

هنرور / honarvar ، ـان/: صفت. /ادبی/ هۆنەر؛ هونەرمەن؛ هونەروەر؛ کارزان.

هنری / honarî/: صفت. هونەری؛ سەر بە هونەر ‹اثر هنری: بەرهەمی هونەری›.

هنگ / hang ، ـهـا/: /سم. ۱. /نظامی/ تابوور؛ فەوج؛ هەنگ؛ هێز؛ دەستەی هەزارکەسی لەشکەر ۲. /قدیمی/ سپا؛ لەشکر ۳. /قدیمی/ ئاوەز؛ ئاوز؛ ژیری ٤. زۆر؛ هێز؛ شەنگ؛ هازی.

هنگام / hengām/: /سم. کات؛ واده؛ وایە؛ وەعدە؛ عان؛ وەخت؛ سات؛ هەنگاف؛ کێلی؛ گاف؛ قاس؛ جەنگە؛ قات؛ حەل؛ نیر؛ حان؛ وا؛ زەمانی پێوەندیدار یان لەبار بۆ کار یان ڕووداوێک ‹هنگام شب؛ هنگام بهار: کاتی شەو؛ وەختی بەهار›.

هنگامه / hengāme/: /سم. ئەنگامە؛ هەنگامە: ۱. هەرا و هووریا؛ زەنا؛ گۆتاوەڕۆ؛ گۆنگەشە؛ گۆنگەر؛ گوردەم؛ زلە؛ چڕەبەندان؛ گورمۆڕە؛ گرم و هۆڕ؛ چەقە و گوڕە؛ تێکەوە هاوێش؛ هەڵا؛ هەراهور؛ هەقڵیمەقۆ؛ دۆخی بریتی لە ئاپۆرەدان و هەرا-هەرای خەڵکی لە شوێنێکدا ‹امروز در خیابانها هنگامه‌ای بود، بیا و ببین!: ئەمڕۆ لە نێو شەقامدا هەرا و هووریایەک بوو، مەپرسە!› ۲. ئاژاوە؛ ئاشۆ؛ گاشە؛ پشێوی؛ گۆبەند؛ گۆتاوەڕۆ؛ گۆتاڵ ۳. /قدیمی/ گۆبەند؛ گۆڤەن؛ کۆڕ و بەزمێ لە گەڕەکدا کە حیکایەتی تێدا دەخوێننەوە یان کارگەلی شانۆیی لێدەگێڕن ٤. هەڕەت؛ کات؛ جەنگە؛ گۆبەن ٥. /گفتاری/ کاری گەورە و سەیر و سەمەرە.

هنگامه‌جو / hengāmecû ، ـهـا: ـیان/: صفت. /ادبی/ گۆبەندگێڕ؛ ئاژاوەچی؛ لە دووی شەڕ هەڵخراندن و ئاژاوە نانەوە.

هنگامی / hengāmî/: قید. /ادبی/ کاتێ؛ کاتێک؛ لەوکاتەدا؛ لەدەمێکا؛ دەمێکی؛ گاڤا؛ گاڤەک؛ هەڵێ؛ یەو دەمە؛ وەختایەک؛ وەختارێک؛ وەختارێ؛ وەختاریو؛ وەختاریە؛ ئەو دەم؛ سەردەمێک؛ عانێ ‹کار هنگامی تمام شد که هوا تاریک شده بود: کارەکە کاتی دوایی هات کە شەو داهاتبوو›.

هنگفت / hangoft,hengoft/: صفت. بۆش؛ زۆر و زەبەند؛ زەبەند؛ فرەفرە؛ یەکجار زۆر ‹خرج هنگفت؛ پول هنگفت: خەرجی بۆش؛ پارەی زۆر و زەبەند›.

هنوز / hanûz/: قید. هێشتا؛ هیشتەی؛ هێشتای؛ هێشتانەکی؛ هێشتاکە؛ هێشتاکانی؛ هێشتاکوو؛ هێشتاکۆنی؛ هێشتاکێنی؛ هێشتاکانێ؛ هێشتان؛ هێش؛ هێشا؛ ئێستا؛ تائێستەش؛ تا ئێستەیشە؛ ئائیسەیچە؛ تا ئیسەکەتی؛ تا ئێستێ؛ وێستا؛ ویستا؛ تا ئێستە؛ تا ئێستایش؛ تا ئێستاش؛ یەمە؛ هەتانۆکە؛ هەما؛ هەی‌ما؛ هێما؛ هێمان؛ هما؛ هلا؛ هەلای؛ هێرا؛ هەمین؛ هێ؛ هامرای؛ جارێ؛

جاریکان؛ جاریو؛ جاریه؛ هۆنا؛ ئیسه‌یچه؛ تا ئیسه‌تێ؛ هەنووکه: ۱. تا ئەم یا ئەو کات ‹هێشتا نرسیده بود: هیشتا نەگەیشتبوو› ۲. لەم کاتەدا و تا ماوەیەکی دوایی ‹هێشتا نمی‌خورم: هیشتا ناخۆم› ۳. هەر؛ هەروەها؛ ئاوەها ‹هێشتا خانەمان همانجاست: هیشتا مالمان لەوێدایە› ٤. دەگەڵ ئەم هەموو؛ لەتەک ئەم هەمکە ‹هێشتا سیر نشده‌ام: هیشتا تێر نەبووم›.

▣ هێشتا کە هێشتا است: *[گفتاری]* ئێستە و ئێستەش؛ ئیسه و ئیسه‌یشه؛ ئیسه و ئیسه‌یچ.

**هن‌وهن** / henn-o-hen/: *صوت.* هانکەهانک؛ نکەنک؛ هەنکەهەنک؛ فشافش؛ خنەخن؛ مشەمش؛ هەناک ـ هەناک؛ هەسکەهەسک؛ هەلکەهەلک؛ هانە ـ هانە؛ شنەشن؛ دەنگی پشووسواری لە بەر کاری زۆر و ماندوویەتی.

▣ به هن‌وهن افتادن: کەوتنە هەسکەهەسک؛ هەلاکان؛ کەوتنە هانکەهانک؛ هەنکیان؛ هەناکیەی؛ نەفەس بڕان؛ کەوتنە هەناسەبڕکێ؛ تەنگەنەفەس بوون ‹چهار تا پله را که بالا می‌رفتم به هن‌وهن می‌افتادم: چوارپلیکان دەچوومە سەر دەکەوتمە هەسکەهەسک›.

هن‌وهن کردن: هانەهان کردن؛ هانکەهانک کردن؛ هەنکیان؛ نرکاندن؛ هەسکەهەسک کردن.

**هو** / how, ho:/*اسم.* ۱. *[گفتاری]* قوو؛ دەنگۆ ۲. [کُردی] هۆ؛ هەو؛ هەوکێم؛ کێم؛ کێخ؛ چلک؛ ئاودز؛ ئاوجز.

▣ هو افتادن: *[گفتاری]* قوو داکەوتن؛ قوو بەرزەو بوون؛ قووکەوتەیرە؛ دەنگۆ بلاوەوە بوون؛ قسە بلاو بوونەوە؛ قسە کەوتنە سەر زمان ‹هو افتاده بود که قرار است وام مسکن بدهند: هوو کەوتبوو کە بڕیارە وامی خانوو بدەن›.

هو انداختن: *[گفتاری]* قوو داخستن؛ قوو کردن؛ دەنگۆ بلاوکردنەوە ‹معلوم شد دلال‌ها هو انداخته‌اند: دەرکەوت دەلالەکان قووی...

هو ۲ / hū/: *صوت.* ۱. عیو؛ عۆ؛ هوو؛ دەنگێک بە نیشانەی تیز و گاڵتە یان نارەزایەتی دەربڕین ۲. دەنگەدەنگ؛ زلە؛ قاوقیژ ۳. *[تعریض]* هۆ؛ هەی (بۆ دەنگدان) ‹هو! مواظب باش! پامو له کردی: هو! وریای خۆت بە! پامت پان کردەوە›.

▣ هو کردن: هووکردن؛ هوو لێکردن؛ بە دەردانی دەنگی هوو نارەزایەتی دەربڕین و تیز و گاڵتە پێکردن ‹مردم سخنران را هو کردند: خەلکی وتاربێژەکەیان هوو کرد›.

هو کشیدن: هووکێشان ‹یک دقیقه همه هو کشیدند: خولەکێک، بەتێکڕا هووکێشا›.

**هوا** / havā/: [عربی]/*اسم.* هەوا: ۱. کژ؛ تێکەڵی نادیار و بێبۆنی گازی جۆراوجۆر (وەکوو نیترۆژن و ئۆکسیژن) لە کەشی زەویدا ‹در و پنجره را باز کن هوا عوض شود: درگا و پەنجەرەکە بکەوە با هەوا تازە بێتەوە› ۲. *[مجازی]* حەوا؛ حەوەیلێ؛ ئاسمان؛ حەواو؛ بەرانبەر: **زمین** ‹پرنده در هوا پرواز می‌کرد: بالندە بە هەوادا دەفڕی› ۳. *[مجازی، گفتاری]* پلە؛ دەرەجە؛ نمرە ‹قدش یک هو بلندتر است: بالای هێندێک بەرزترە› ٤. *[گفتاری]* هۆش؛ وشیاری؛ ئاگەداری؛ وریایی؛ چاوەدێری ‹هوای کارش را داشته باش!: هەستت بە کارەکەیەوە ببێ!› ٥. *[مجازی]* تاسە؛ ئەلها؛ ئەڵها؛ ئاڵها؛ کورکە؛ هاش؛ حەز؛ خواست؛ ئاوات و ئارەزوو ‹دلم هوی شهرم را کرده بود: دڵم تاسەی شارەکەمانی کردبوو›: **هوی** ٦. دۆخی کەش و هەوا ‹هوا بارانی است: هەوا بارانیە› ۷. ئاو و هەوا ‹هوای کویری: هەوای کەویری› ۸. *[مجازی، گفتاری]* بار؛ هەل و مەرج؛ بار و دۆخ؛ دۆخی شوێنێک ‹هوا پس است: بارەکە نالەبارە›.

▣ هوای آزاد: هەوای ئازاد؛ شوێنێکی سەرباز و دەورنەگیراو کە لەوێدا هەوا بە باشی دێت و دەڕوا.

هوای آفتابی: خۆرەتاو؛ خوەرەتاو؛ وەرەتاو؛

www.perawipepwle.com



تاو؛ دۆخێ کە ئاسمان بێهەورە و خۆری تێدا دیارە. هەروەها: **هوای ابری؛ هوای برفی** هـوای خفـە: خـەف؛ هـەوای ڕاوەسـتاو کـە هەناسەدانی تێیدا ئەستەمە: **هوای سنگین** هوای دم کردە: بۆق؛ هەڵم؛ هـەوای گـەرم و هەڵماوی.

هوای سنگین ☜ **هوای خفه**

هـوای صـاف: سـامال؛ سـا؛ سـاو؛ سـایەقە؛ ئاسمانی بێهەور.

هـوای کـرگـومـیش: بوومـەلێل؛ شـەوەکی؛ بوولێلـە؛ شـەو و ڕۆژان؛ تـاریکی و ڕۆشـنایی تێکەڵ؛ سەرەتای بەربەیان یان ئێوارە.

به هوای چیزی/ کسی: به تاسەی/ بـە هـەوای شتێ/ کەسێکەوە؛ چاوەڕوان بوونی شتێ یـان کەسێک ‹به هوای تو آمده بود: بـه تاسـەی تـۆوە هاتبوو›.

▣ هوا برداشتن: *[مجازی]* خەیاڵ هەڵگرتن؛ سوار ئەسپی با بـوون؛ لێکـەوتن؛ خـەیاڵاوی بـوون ‹هوا برش داشته بود گویا می‌خواهند او را رییس کنند: خـەیاڵ هەڵـگـرتبوو گوایـە دەیانـەوێ بیکەنـە سەرۆک›.

هوا پس بودن: *[مجازی، گفتاری]* بار/ بار و دۆخ/ هەوا نالـەبار بـوون؛ بـار و دۆخ خـراپ بـوون ‹وقتی دید هوا پس است، فرار کرد: که دیـدی بـار و دۆخ ناڵەبارە، هەڵات›.

هوا خوردن: هەوا خـواردن؛ هـەوا لێکـەوتن: ۱. هـەوا دان؛ کەوتنـە بـەر ڕەوتی هـەواوە ‹لباسها را پهن کن، کمی هوا بخورند: لیباسـەکان هەڵـخـە تـۆزێ هـەوا بخـۆن› ۲. هـەواخوەری کردن ‹رفتم کمی هوا بخورم: ڕۆشتم نەختێ هەوا بخۆم›.

هوا دادن: دانە پا؛ دانە بەر هەوا؛ هەڵخسـتن؛ بەر هەوا دان/ خستن ‹رختخـوابهـا را هـوا دادند: نوێنەکانی دایە هـا›.

هـوا کـردن: *[گفتاری]* هەڵـدان؛ حـەوا دان؛ خسـتنە حـەوا ‹بچـەهـا بادبـادک هـوا کردنـد: منداڵەکان بەرزەحەوایلەیان هەڵدا›.

هـوای چیزی بـە سـر کسـی زدن/ افتـادن: *[مجـازی]* بـیر/ هـەوای شـتێ کەوتنـە سـەر کەسێ؛ خەیاڵی شتێ دانـە سـەری کەسـێک ‹هوای سفر به سرش زده بود: هەوای سەفەر کەوتبووە سەری›.

هوای چیزی/کسی را داشتن: *[مجـازی]* هـۆش بە شتێک یان کەسێکەوە بوون؛ ئاگا لە شتێ/ کەسێک بوون ‹تو برو، من هوایش را دارم: تۆ بـڕۆ من هۆشم پێوەیە›.

هوای چیزی/ کسی را کردن: تاسەی کەسـێ/ شـتێ کـردن ‹دلـم هـوای تـو کـرد: تاسـەتم دەکرد›.

به هوا پریدن: هەڵخستنەوە؛ هۆرەوە وسـەی؛ هەڵپەڕینەوە ‹از شادی به هوا پرید: لـە خۆشـیدا هەڵپەڕیەوە›.

به هوا رفتن: چوونە ئاسمانا؛ لوەی ئاسمانـەرە؛ لە بەین چوون؛ نوقم بوون؛ فەوتیان ‹دود شدن و به هوا رفتن: بوونە دووکەڵ و چوونە ئاسمانا›.

**هوائی** / havā'î/: [عربی] ☜ **هوایی**

**هوابر** / havābar ، ـا/: [عربی/ فارسی]/سم. هوود؛ هەوابەر؛ کەرسـتەی کارەبـایی بـۆ هەڵکێشـانی هەوا و دەرکردنی بۆن و دووکەڵ.

**هوابرد** / havābord/: [عربی/ فارسی]/سم. ئـەو چەکدارانەی بە فڕۆکـە بـۆ شـەڕ دەبـرێن و بـە چەتر دادەپەڕن.

**هوابند** / havāband/: [عربی/ فارسی] صفت. (بـەر) هـەواگر؛ هەوابـڕ؛ بەتایبەتمەنـدی و لـەبار بـۆ بەرگرتنی هەوا.

**هوابندی** / havābandî/: [عربـی/ فارسـی]/سـم. هەوابڕی؛ کاری کەرستە یان ئاقارێک بـۆ بـڕینی هاتوچۆی هەوا.

**هواپرست** / havāparast ، ـان/: [عربـی/ فارسـی] صفت. هەواپەرست؛ هەوایی؛ هوکارە و هۆگری لە

دووی حەز و هەوای دەروون چوون. هەروەها: **هواپرستی**

**هواپیما** / havāpeymā ، ـها/: [عربی/ فارسی]/سم. فڕۆکە؛ بالافڕ؛ تەیارە؛ تیارە؛ کەرستەی گواستنەوەی هەوایی، کە بە کاردانەوەی دینامیکی لە هەوادا دەفڕێ.

▣ **هواپیمای اطلاعاتی**: فڕۆکەی سێخوڕی؛ فڕۆکەی شۆفاری.

**هواپیمای بمب افکن**: فڕۆکەی بۆمبهاوێژ؛ تەیارەی بومبڕێژ.

**هواپیمای بی‌موتور** ☜ **گلایدر**

**هواپیمای شکاری**: فڕۆکەی شەڕقانی؛ فڕۆکەی تایبەت بۆ شەڕ لەگەڵ فڕۆکەی دژمن.

**هواپیماربا** / havāpeymārobā ، ـیان/: [عربی/ فارسی]/سم. فڕۆکەڕفێن؛ فڕۆکەدز؛ تەیارەدز. هەروەها: **هواپیماربایی**

**هواپیمایی** / havāpeymāyî/: [عربی/ فارسی] ☜ **هوایی**[1] ـ ٣

**هواخواه** / havāxāh ، ـان/: [عربی/ فارسی] صفت. هەوادار؛ لاگر؛ داژدار؛ هەواخوا؛ خواهان؛ پشتیوان؛ پالوبەن؛ خوازیار؛ لایەن‌گیر؛ لایەنگر؛ هۆگر.

**هواخواهی** / havāxāhî ، ـها/: [عربی/ فارسی] /سم. لاکۆشکە؛ لاکۆشی؛ هەواخوایی؛ هۆگری؛ لاگری؛ داژداری؛ پشتیوانی؛ هەڤالداری.

**هواخوری** / havāxoî ، ـها/: [عربی/ فارسی]/سم. هەواخۆری؛ هەواخەوەری؛ هەواوەری؛ کار و ڕەوتی کەڵک وەرگرتن لە هەوای تازە.

**هوادار** / havādār ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] صفت. داژدار؛ لایەن‌گر؛ لایەن‌گیر؛ ئاگادار؛ پارێزدار؛ یەودەست؛ هۆگر؛ هەوادار؛ تەنخوا؛ لە سەر؛ پشتیوان؛ پالوبەن ‹هوادار کردستان؛ هوادار اسلام: لایەنگری کوردستان؛ هۆگری ئیسلام›.

**هواداری** / havādārî ، ـها/: [عربی/ فارسی]/سم. لایەنگری؛ لایەنگیری؛ هۆگری؛ پشتیوانی؛ لاکۆشکە؛ لاکۆشی؛ داژداری: ١. کردەوەیێ کە نیشاندەری پشتیوانی لە کەس یان شتێکە ٢. کردەوەیێ کە نیشاندەری لایەنگری‌کردن لە لایەنێکی شەڕ و کێشەیە.

**هوار** / havār ، ـها/: /سم. [گفتاری]/ ١. های؛ هاوار؛ هەرا؛ قیرە؛ قیڕە؛ قاڵ؛ گاڵ؛ بانگ؛ هەی‌هاوار؛ دا و بێدا؛ داد و بێداد ٢. کەلاوە؛ ئاوار؛ لاوار؛ دار و پەردوو؛ سەخمە؛ هەڕفتە.

▣ هوار زدن ☜ **هوار کشیدن**

هوار شدن: ڕووخان؛ ڕمیان؛ ڕمان؛ وڕای؛ وڕەی؛ داتەپین؛ ڕمیای؛ ئەرەوڕیەی ‹سقف روی سرش هوار شد: بانەکە بە سەریدا ڕووخا›.

هوار کشیدن: هاوارکردن؛ گاڵ‌کەردەی؛ بانگ و هەرا کردن؛ دا و بێدا کردن ‹دیگر چرا هوار می‌کشی؟: ئیدی بۆچی هاوار دەکەی؟›: **هوار زدن**

**هوازدگی** / havāzadegî/: [عربی/ فارسی]/سم. ١. بیماری ارتفاع ☜ **بیماری** ٢. هەواکەوتەیی؛ شوێنەواری وەزەنی هەوا بە سەر شتێکدا (وەک ژەنگ هێنانی ئاسن).

**هوازی** / havāzî ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] صفت. /زیست‌شناسی/ هەواژی؛ تایبەتمەند و هۆکارە بە ژیان لە هەوادا.

**هوابر** / havāsor/: [عربی/ فارسی] ☜ **گلایدر**

**هوابنج** / havāsanc ، ـها/: [عربی/ فارسی]/سم. هەواپێو؛ کەش‌پێو؛ کەرستەیەک بۆ پێوانی تۆکمەیی هەوا و گاز.

**هواشناسی** / havāšenāsî/: [عربی/ فارسی]/سم. هەواناسی؛ هەواشناسی؛ کەشناسی؛ زانستی لێکدانەوەی دیاردەگەلی کەش (وەک هەور، با، باران، گەرما، سەرما). هەروەها: **هواشناس**

**هواکش** / havākeš ، ـها/: [عربی/ فارسی]/سم. هەواکێش: ١. دەراوێک بۆ دەرچوونی هەوا لە شوێنێکی سەربەستەدا ٢. هەوابەر؛ کەرستەیەکی وەک پەنکە بۆ ڕاوەنانی هەوای

خراپ و هێنانه ژووری هەوای باش.

**هـواگیری** / havāgîrî/: [عربـی/ فارسـی]/سـم. هەواگیری؛ کار و ڕەوتی دەرکردنی هـەوای نێـو دەزگایەک.

**هوانـاو** / havānāv ، ـها/: [عربـی/ فارسـی] ☜ **هاورکرافت**

**هوانورد** / havānavard ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] /سم. فڕۆکەوان؛ فڕۆکەڤان؛ لێخـوڕی کەرستەی گواستنەوەی هەوایی.

**هوانوردی** / havānavardî/: [عربی/ فارسـی]/سم. ١. زانسـت و پیشـەی سـەر بـە کەرەسـتەی گواستنەوەی هەوایی ٢. فڕۆکـەوانی؛ زانسـت و لێزانی ئاژۆتنی کەرەسەی گواستنەوەی هەوایی ٣. فڕۆکەوانی؛ کار یان پیشەی فڕۆکەوان.

**هـوانیروز** / havānîrûz/: [عربـی/ فارسـی]/سـم. یەکەی هەوایی هێزی زەوینی.

**هـوایی**[1] / havāyî/: [عربـی] صـفت. هـەوایی: ١. پێوەندیدار یان سـەر بـە بـەرزتر لـە ئاستی زەویـن ‹انـدامهای هـوایی: ئەندامگـەلی هـەوایی› ٢. سەر بـە فڕۆکـەوانی ‹نیـروی هـەوایی: هێـزی هەوایی› ٣. فڕۆکەیی؛ پێوەندیدار یـان سـەر بـە فڕۆکـە ‹شـرکت هـوایی: دابەشـگەی هـەوایی›: **هواپیمـایی** ٤. *[گفتـاری]* هـەوایی؛ بـایی هـەوا؛ شـەیدایی؛ ئـاوەز تێکچـوو، هـۆش لـێبـڕاو؛ سەرلێشێواو ‹از عشق دختر پاک هوایی شده بود: لـە ئەوینی کچەکەدا تەواو هەوایی ببوو› * **هوائی**

**هوایی**[2]: *قید.* ١. هەوایی؛ بەرەو ئاسمان ‹هەوایی شلیک کرد: هەوایی گوللـەی دەرکـرد› ٢. *[گفتـاری]* هـاکۆ؛ هـەیکۆ؛ وەهـاکۆ؛ ڕەمـەکی؛ لـە خـۆوە ‹این‌طور هوایی حرف نزن!: ئاوا هاکۆ قسە مەکـە!› * **هوائی**

**هـوبره** / hûbare ـهـا/: *اسـم.* میشەسـی؛ مێشەسپی؛ چێـرک؛ چـرک؛ چێـرگ؛ چیـرگ؛ چرگ؛ هـودەرە؛ هـوەوەرە؛ هـووەرە؛ تـودەرە؛ هۆوهرە هۆورە؛ گەڤرک؛ بالـندەیەکی وشـکەژیە بە مل و پای درێژ، بالی پان، دندووکی ئەستوور و هێندێک پانەوە کە لە سەر زەوی هێلانە دەکا و نێر و مێوینەی لە یەک ناچن.

**هوچی** / howčî, ho:čî ، ـها؛ ـان/: [فارسی/ ترکی] *صفت.* ئاژاوەچی؛ ئاژاوەگێڕ؛ بـە شـەڕوگەڕ ‹افـراد هوچی فرصتی یافتند تا هرچـه دلشـان خواست بکننـد: ئاژاوەخیـەکان هـەلێکیان بـۆ ڕەخسـا تـا هـەرچی ویستیان بیکەن›.

**هوچیگری** / howčîgarî, ho:čî- ، ـها/: [فارسـی/ ترکـی/ فارسـی]/سـم. ئاژاوەگێـڕی؛ شـەڕوگەڕی؛ تڕۆکاری؛ کار و ڕەوتی بشێوە نانەوە و جـەنجاڵ کردن.

**هود** / hûd ، ـها/: [انگلیسی]/سم. هوود؛ هەوابـەر؛ کەرستەیەک بە سەر کوانـوو یـان ئوجاقـەوە بـۆ هەڵکێشان و دەرکردنی هەڵم، بۆق، بۆن و چڕ و چەوری نێو چێشتخانە.

**هـودج** / hûdac, ho(w)dac ، ـهـا/: [معـرب از کـردی]/سـم. *[قـدیمی]* کـەژاوە؛ کیـژاوە؛ مەئافـە؛ کورسیئاسایەک بۆ دانیشـتنی ڕێبـوار لـە سـەر چواڕێ یان لە سەر شانی باربەرانەوە.

**هوده** / hûde/: *اسم. [نامتداول]* هۆ؛ خۆ: ١. کەڵ؛ بـەهرە؛ فایـدە؛ بـارە؛ کەڵـک؛ قـازانج؛ بەرهـەم ٢. ئاکام؛ سەرئەنجام؛ داهات.

**هورا** / hûrā/: [فرانسوی] صوت. هوورا؛ هـۆرا؛ وڕا؛ بژی؛ دەنگی کومەڵ بۆ ئافەرین لە کەسێ.

▣ هـورا کشـیدن: هـوورا کێشـان ‹مـردم بـرای سـخنران دسـت زدنـد و هـورا کشـیدند:خەڵـک بـۆ وتاربێژەکە چەپڵەیان لێدا و هوورایان کێشا›.

**هورت** / hort/ ☜ **هُرت**

**هـورمن** / hormon ، ـهـا/: [فرانسـوی]/سـم. هورمون: ١. *[فیزیولوژی]* بەرهەمی ئـالی خانـەی زیندوو کە بە تراوی نێو لەش یان شیرەی گیادا دەگـەڕێ و کـاری خانـەکان خێـرا دەکاتـەوە ٢. بەرهـەمی دەسـتکری هورمـون * **هُـرمُن؛ هورمون**

**هورمون** / hormon/: [فرانسوی] ☜ **هورمُن**

**هـوز** / havvaz/: [عربی]/سم. هـەووەز؛ نێـوی دووهەمین گرۆی پیتی ئەبجەد.

**هـوس** / havas ، ـهـا/: [عربی]/سم. هـەوەس؛ ئیشتیا؛ ئەلیا؛ ئالها؛ ئـەلها؛ کەلکـەل؛ کەلکەلـە؛ کەلکەلە؛ خولیا؛ قرم؛ خیتک؛ هەژ؛ هـەز؛ حـەز؛ واز؛ هاش؛ گێول؛ فلووف: ١. ئـارەزووی کـاتی و زوو ڕابر ٢. *[مجازی]* هۆک؛ ئیشتیای گان.

▣ **هوس کردن**: ١. مـرخ خـۆش‌کـردن؛ تـەماح کردن؛ قرم خۆش‌کردن؛ نـۆس‌کـردن؛ لـووت خوریـان؛ کەوتنـە سـەر ٢. ئیشـتیا کـردن؛ ئـارەزووکردن ‹هـوس قورمـەسـبزی دەردەم: ئیشتیای سەوزی‌قاورمەم کردووە›.

**به هوس انداختن**: ئیشتیا بزواندن ‹بـوی کـباب رهگـذران را بـه هـوس مـی‌انـداخـت: بـۆی کـەباب ئیشتیای ڕێبـوارانی دەبزاند›. هـەروەها: **بـه هوس افتادن**

**هوس انگیز** / havasangîz/: [عربی/ فارسی] *صفت*. هۆکاوی؛ حەزاوی؛ هەوەساوی؛ ئالۆشاوی؛ هـۆی هاندانی حەزی جینسی.

**هوسانه** / havasāne/: [عربی/ فارسی] ☜ **ویارانه**

**هوسـباز** / havasbāz ، ـهـا؛ ـان/: [عربـی/ فارسـی] *صفت*. دڵچەڕان؛ دڵبڕۆک: ١. به ئالۆش؛ زەنەک (بۆ پیاو)؛ حەشەری (بۆ ژن)؛ شاوەتی ٢. فلووفـا؛ به حەز و ئارەزووی زوو ڕابر و کاتیەوە.

**هوسبازی** / havasbāzî ، ـهـا/: [عربی/ فارسی]/سم. دڵـــچەڕێنی؛ دڵـــبڕۆکی: ١. کـــار و ڕەوتی دڵـــچەڕاندن ٢. دۆخ یـان چۆنیـەتی خـۆش ڕابواردن؛ له دووی حەزکەوتن، بەبێ لەبەر چـاو گرتنی داب و نەریتی کۆمەڵگا.

**هوسـران** / havasrān/: [عربـی/ فارسـی] *صفت*. دڵچەڕان؛ دڵچەڕێن؛ هەوەسباز؛ خۆش‌ڕابوێر.

**هوسرانی** / havasrānî ، ـهـا/: [عربی/ فارسی]/سم. دڵچەڕێنی؛ دڵچەرانی؛ خـۆش‌ڕابـوێری: ١. دۆخ یـان چۆنیـەتی خـۆش ڕابـواردن ٢. شـاوەتی؛ ئالۆشی؛ ئەلۆڕی.

**هوسـناک** / havasnāk/: [عربـی/ فارسـی] *صفت*. فلووفا؛ ئالۆشاوی؛ هۆکاوی.

**هوش** / hûš/: /سم. هۆش؛ بیر؛ ویـر؛ وێـر؛ منـە؛ وش؛ هێش؛ شەس؛ شەست؛ زەین: ١. توانـایی بەکارهێنانی زانیاری بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە دەگەڵ دەوروبەری خۆ یا خود بیرکردنەوەیەکی جیـاواز ٢. فام؛ فکر؛ هزر؛ توانایی فێر بوون، تێگەیشـتن یان ڕووبەڕوو بوونەوە دەگەڵ بار و دۆخـی تـازە یان ئەستەمدا ٣. ئاریش؛ ئاوەز؛ شـۆش؛ هـەش؛ هش؛ لێهـاتوویی بـیر و زەیـن بـۆ لێکدانـەوەی زانیـاری هەسـتی یـان وەرگـرتنی زانیـاری لـە جەهانی دەوروبەر.

▣ **هوش مصنوعی**: هۆشی دەسـکرد؛ لێهـاتوویی ماشینێک بـۆ لاسـایی‌کردنـەوەی کـردەوەی ژیرانەی مرۆڤ.

▣ **هوش از سر کسی پریدن/ رفتن**: *[مجازی]* بـیر و هۆش بۆ کەسێک نـەمان؛ هـۆش لـێ‌بـڕان؛ سەر کەسێ سـووڕمان ‹از دیـدن آن همـه پـول هوش از سرش پرید: لە دیتنی ئەو هەمکە پارەیـە، بیر و هۆشی بۆ نەما›. هـەروەها: **هـوش از سـر کسی بردن**

**از هوش رفتن**: لە سـەر خـۆ چـوون؛ بێهـۆش بوون؛ خاوێر بوونـەوە؛ بووڕانـەوە؛ ویـەردەیوە؛ سەروو وێ شیەی. بەڕانبەر: **به هـوش آمـدن** ‹به زمین افتاد و از هوش رفت: کەوت و لەسەرخوی چوو›.

**به هوش آمدن**: هاتنـەوە سـەر خـۆ؛ هاتنـەوە هۆش؛ وشیار بوونەوە؛ هاتنەوە هۆش؛ ئامـایوە هۆش. بەڕانبەر: **از هوش رفتن** ‹بعد از دو روز بـه هـوش آمـد و توانسـت حـرف بزنـد: پـاش دوو ڕۆژ هاتەوە سەر خوی و توانی قسە بکا›.

**به هـوش آوردن**: هێنانـە هـۆش؛ هاوردنـەوە سەر خۆ؛ وشیار کردنـەوە؛ هۆشـیارەو کـردن؛ ئاگا کردنەوە؛ ئاردەیوە هۆش ‹به زور شوک او را

بـه هـوش ئـوردنـد: بـه زەبـری شـۆک هینایانـەوە هوش›.

**هوشبری** / hûšbarî/: /سم. [پزشکی]/ هۆشبەری: ١. کار و ڕەوتی بێهۆشکردن ٢. کۆمەڵە کار یان شێوەگەلی بێهۆشکردنی گیانەوەر، بەتایبەت مرۆ.

**هوشمند** / hûšmand ، ـان/: صفت. زیرەک؛ وشیار؛ وریا؛ مەژودار؛ بە ئاوەز؛ زیرە؛ مەزگدار؛ خاوەن مژگ؛ زرینگ؛ هایا: ١. بە هۆش و لێهاتوویی زەینی زۆرەوە ٢. بە بیر و هۆش؛ نیشاندەری دادوەری باش یان ئاوەز و بیری گەشاوە.

**هوشمندانه**[1] / hûšmandāne/: صفت. ژیرانە؛ بە ئاوەزەوە؛ بە مەزگداری؛ وریایانە ‹ڕفتار هوشمندانە؛ سخنان هوشمندانه: ئاکاری ژیرانە؛ وتەی ژیرانە›.

**هوشمندانه**[2]: قید. زیرەکانە؛ وریایانە؛ ژیرانە؛ بە بیر و هۆشەوە؛ ئاگایانە؛ بە هۆش و گۆش؛ بە وریایی؛ هاوڕێ دەگەڵ هۆش و توانایی زەینی ‹در رویارویی با مشکلات هوشمندانه ڕفتار می‌کرد: لە ڕووبەڕوو بوونەوە دەگەڵ کەندوکۆسپاندا، ژیرانە دەجوولایەوە›.

**هوشمندی** / hûšmandî ، ـها/: /سم. وریایی؛ وشیاری؛ مەژوداری؛ ژیری؛ دۆخ یان چۆنیەتی بە هۆش بوون؛ بەئاوەز بوون.

**هوشی** / hûšî/: صفت. هۆشی؛ سەر بە هۆش ‹ضریب هوشی؛ بهره‌ی هوشی: بەرئەنجامی هوشی؛ بەهرەی هوشی›.

**هوشیار** / hûš(i)yār ، ـان/: صفت. وریا؛ وشیار؛ هۆشیار؛ هەدار؛ هایە؛ زرینگ؛ زرنگ؛ زیرەک؛ هایا؛ زەقەڵ؛ ئاگادار؛ هاگیدار؛ وسڵ؛ قوتە؛ لەسەرهەست؛ بەبیر؛ دلاوەدان؛ دڵزیندە؛ چارچاف؛ چارچەش؛ بەهۆش؛ چراخ؛ ئەغیار؛ ئەیار؛ شەشبێدار؛ هەشار؛ شیار.

**هوشیاری** / hûš(i)yārî ، ـها/: /سم. وشیاری؛ هوشیاری: ١. ژیری؛ بەهرەمەندی لە هۆشی زۆر

٢. ڕەوتی کەڵک وەرگرتنی تەواو لە هەست بۆ وەرگرتنی زانیاری لە ڕووداوان.

**هوفاریقون** / hûfārîqûn/: [معرب از یونانی] ☜ **هزارچشم**

**هول**[1] / howl, ho:l/: [عربی]/سم. ترس؛ تەرس؛ تەرسی؛ سام؛ یاس؛ سوهن؛ ساو؛ هاس؛ باک؛ زەرتلاق؛ پڕی؛ خەزە؛ قورف؛ چورچ؛ چرچ؛ هەراس؛ سیم؛ تاو؛ زیلە؛ زار؛ زڕاو؛ زاور؛ تناب.

**هول**[2]: صفت. /گفتاری/ هەوڵ؛ هوول؛ هوویل؛ شڵەژاو؛ پەشۆکاو؛ سەرسام؛ دەسەپاچە؛ سەرلێشێواو؛ سەراسیمە؛ لەبکۆک؛ سەرلێتێکچوو.

▣ **هول شدن**: هەوڵ بوون؛ سەر لێشێوان؛ سەرلێتێکچوون؛ هۆش بلاو بوون؛ لەبکین؛ خەبسین؛ پەشۆکان؛ پەشۆکیەی؛ پەشێویای؛ شێویان؛ پەشێو بوون ‹هول شده بود، نمی‌دانست چه بکند: هەوڵ ببوو، نەیدەزانی چبکا›.

**هول کردن**: ١. شڵەژان؛ ترسان؛ زاڵەترەک بوون؛ بە هۆی ترسی زۆرەوە وشیاری خۆ لە دەست دان ‹بچه هول کرده، کمی نمک بدهید بلیسد: ئەو منداله شلەژاوە، نەختێ خوێی بدەنێ بیلێسێتەوە› ٢. هەوڵکردن؛ لەبکاندن؛ پەشۆکاندن؛ پەشۆکنەی؛ سەر لێ شێواندن؛ تووشی هەشتاو و سەرلێشێواوی کردن ‹هولش نکنید! بگذارید فکر بکند: هەوڵی مەکەن! لێی گەڕن با بیر بکاتەوە›.

**از هول هلیم توی دیگ افتادن**: /کنایی/ لە تاو زگ دەم سووتان؛ لە بەر هەڵپە و چاوچنۆکی، تووشی زەحمەت بوون ‹بیجاره از هول هلیم افتاد توی دیک: بەستەزمان لە تاو زگی دەمی سووتا›.

**هول‌انگیز** / howlangîz, ho:l-/: [عربی/ فارسی] صفت. ترسناک؛ خۆفناک؛ خەوفناک؛ سامناک؛ ترسێنەر؛ بەسام؛ سامدار؛ زەرنده.

**هولناک** / howlnāk, ho:l-/: [عربی/ فارسی] صفت. سامناک؛ ترسناک؛ ترسێنەر؛ بەسام؛

www.perawipepwle.com



ب‌سه‌هم؛ زه‌رنده؛ به هه‌یبه‌ت؛ گیان‌سووچ؛ سامدار.

**هولوسن** / holosen /: [فرانسوی]/سم. *[زه‌مین‌ناسی]* هولوسێن؛ یه‌که‌مین خول له ده‌وراني چواره‌می زه‌ویناسی: **هُلوسن**

**هولوگرافی** / holog(e)rāfî /: [فرانسوی]/سم. هولوگرافی؛ شێوه‌ی دروست‌کردنه‌وه‌ی وێنه‌ی سێ‌به‌ر له سه‌ر فیلمی وێنه‌گه‌ری به تیشکی له‌یزر.

**هولوگرام** / holog(e)rām /: [فرانسوی]/سم. هولوگرام؛ وێنه‌ی دروست‌کراوه‌ی سێ‌به‌ر به شێوه‌ی هولوگرافی.

**هول و ولا** / howl-o-valā, ho:l- /: [عربی]/سم. *[گفتاری]* دله‌راوکێ؛ دله‌ته‌پێ؛ ترس و نیگه‌رانی ‹با این خبر همه را به هول و ولا انداختی: به‌م هه‌واله هه‌موو خسته دله‌راوکێوه›. هه‌وره‌ها: **به هول و ولا افتادن؛ به هول و ولا انداختن**

**هول هولکی** / holholakî /: *قید. [گفتاری]* په‌له‌په‌ل؛ هه‌وله‌هه‌وڵ؛ هه‌لمه‌هه‌لم؛ بریو- بریو؛ به‌له‌ز؛ به‌په‌له ‹هول‌هولکی غذا خورد و رفت: به‌په‌له نانی خوارد و ڕۆشت›.

**هوله** / ho(w)le ، ـها/: [؟]/سم. خاولی؛ خاڵو؛ هه‌وله؛ حه‌وله؛ مه‌رحه‌مه.

**هوم** / hûm /: *صوت. [گفتاری]* ئێ؛ به‌ڵێ؛ ئه‌ری؛ ئم؛ ئه‌هه؛ وشه‌ی پشتگری یان پێداگری.

**هومئوپاتی** / home'opātî /: [انگلیسی] ☜ **هُمئوپاتی**

**هونگ** / havang / ☜ **هاوَن**

**هوو** / havû ، ـها/: /سم. هه‌وو؛ هه‌وێ؛ هه‌ڤی؛ هه‌وه؛ هه‌نه؛ هام‌شوو؛ هه‌وگ؛ ئه‌نه؛ وسنی؛ وه‌سنی؛ ژنێ که له‌گه‌ڵ ژن یان ژنانی‌تر مێردێکی هه‌یه.

▣ **هوو آوردن به سر کسی**: هه‌وو/ ژن هێنانه سه‌ر که‌سێک؛ هه‌وێ سه‌روو یۆینه ئاردەی ‹خبر شد که شوهرش می‌خواهد به سرش هوو بیاورد: خه‌به‌ریان دا مێرده‌که‌ی ده‌یه‌وێ هه‌وو بهێنێته سه‌ری›. هه‌روه‌ها: **هوو آمدن به سر کسی**

**هووادار** / havûdār /: *صفت.* هه‌وێبار؛ هه‌وه‌سار.

**هووداری** / havûdārî /:/سم. هه‌وه‌ساری؛ هه‌وێباری؛ هه‌ڤینی؛ هه‌وینی.

**هو و جنجال** / hov-o-cancāl /:/سم. *[گفتاری]* هه‌راوهوریا؛ هه‌را و هاوار؛ گوڕه و هه‌را؛ چه‌قه و هه‌را؛ هه‌له‌به‌ل؛ قوولاقوول؛ شه‌ڕهۆمللێ؛ شه‌ماته؛ ده‌نگ و دۆر؛ هه‌ره و مه‌زات؛ زله‌زل؛ زه‌نا ـ زه‌نا؛ گاله‌گال؛ هه‌للا ـ هه‌للا؛ چه‌قه‌چه‌ق؛ گوڕه‌و چه‌قه؛ گرم و قال؛ قڕه و مشه؛ قرم و قال؛ هه‌را و جه‌نجال.

**هوی** / havā /: [عربی] ☜ **هوا ـ ۵**

**هوییت** / hovîyyat /: [عربی]/سم. پێناس؛ شوناس: ۱. ئه‌وه‌ی که‌سێکی پێوه ده‌ناسرێ و هۆی جیاوازی له دیترانه (وه‌ک ناو، ناوی باوک و...) ۲. تایبه‌تمه‌ندی که‌سایه‌تی و فه‌رهه‌نگی که‌س که له دیترانی جوێ ده‌کاته‌وه.

**هویج** / havîc ، ـها/: [از عربی]/سم. گێزه‌ر؛ گزه‌ر؛ گه‌زه‌ر؛ گزر؛ گزه‌رکی؛ یارکۆک؛ هه‌ویج: ۱. ئالفه‌گیایه‌کی دووساڵانه‌یه به ڕیشه‌ی ڕاست و ئه‌ستوور و لقی ساف و گه‌ڵای باڵاو و گوڵی چکۆڵه‌ی سپی کۆمه‌ڵ وه‌کوو چه‌تره‌وه ۲. بنی ئه‌و گیایه که گرۆڤه‌ڕێکی ئه‌ستووری نارنجی یان نارنجی مه‌یله‌و زه‌رده و ده‌خورێ.

**هویج‌پلو** / havîcpolow, -polo: /از عربی/فارسی]/سم. هه‌ویج‌پلاو؛ گزه‌رپلاو؛ جۆرێ پلاو به گۆشت و مره‌بای گه‌زه‌ره‌وه.

**هویدا** / hoveydā /: *صفت. [ادبی]* دیار؛ ئاشکرا؛ دیتبار؛ خویا؛ دیارمان؛ هاینه؛ به‌رچاو؛ خوانه؛ خوانی ‹شادی عمیقی در سیمایش هویدا بود: خۆشیه‌کی بێ‌بن له سیمایدا دیار بوو›.

**هویه** / hoviye ، ـها/: [؟]/سم. هه‌ویه؛ که‌رسته‌ی له‌حیمکاری به تینی ناوه‌کی (کاره‌با) یان ده‌ره‌کی (ئاگر)ه‌وه.

هی / hey/: *قید. [گفتاری]* پەسایپەس؛ لە پەستا؛ هەر؛ حەر؛ لێکدا- لێکدا؛ پەیتا- پەیتا؛ سەرەمر ‹هی حرف می‌زد و همه راخسته کرده بود: پەسایپەس قسەی دەکرد و هەمووی هیلاک کردبوو›.

هی ٢: *صوت. [گفتاری]* هەی: ١. هۆی؛ هۆ؛ ئۆ؛ هەو؛ هەی؛ ئەهەی (بۆ بانگکردنی کەسێک) ‹هی! با تو هستیم: هوی! دەگەل تۆمانە› ٢. هێ؛ هەچە؛ وەحە؛ هنگ؛ ئوش؛ دەنگێ بۆ لێخورینی چوارپێ ‹گوسفندان را هی کرد و برد: هی لە پەزەکان کرد و بردنی›.

▣ هی زدن: هەی لێکردن؛ هەرا لێکردن؛ هاوار لێ کردن؛ هەرا کردن لە کەسێ بۆ ئاگا کردنەوەی لە مەترسی.

هی کردن: هەی‌کردن؛ حەی‌کردن؛ هەی لێکردن؛ هێ‌کردن؛ هەرا کردن؛ تێ‌خورین؛ بە هاوار لێخورین.

هیات / hay'at/: [عربی] ☜ **هیئَت**

هیاکل / hayākel/: [عربی] جمعِ ☜ **هیکَل**

هیاهو / hayāhû/: *اسم.* دەنگەدەنگ؛ هەرا و هوریا؛ قال؛ چەقەچەق؛ زێرەزێر؛ هەراهەرا؛ گرم و قال؛ قالقوو؛ گال و قوو؛ قالمەقالم؛ قالەقال؛ هەرا و زەنا؛ خولخولە؛ هەرا و چەقە؛ قواقو؛ رۆکلە؛ سنگەسنگ؛ سرمەسرم؛ هاوها؛ هایهو؛ زەنا و چەقە؛ هەرا و دەنگ؛ زەنگ و قۆڕ ‹ناگهان هیاهو بلند شد: لەپڕا هەڵاوهەڵا بەرزەوە بوو›.

هیئت / hey'at/: [عربی]/*اسم.* ١. /ـها/ شاند؛ دەستە؛ لێژنە؛ وەفد ‹هیئت اعزامی به کنگره: شاندی نارداو بۆ کونگرە› ٢. بیچم؛ نزم؛ شێوە؛ تووز؛ شکل و هەندام ‹به هیئت یک شیر: بە بیچمی شێرێک› ٣. لقێ لە زانستی جوگرافیا کە بە ئەندازەگرتنی لایەنەکانی گوێ زەویەوە دەپەڕژێ ٤. لقێک لە زانستی ئەستێرەناسی کە لە شوێن و مەودا و ئەندازەی هەسارە و گەڕۆکان دەکۆڵێتەوە ٥. /ـها/ تەلمیس؛ دەسە؛ دەستەی تایبەت بۆ شینگێڕی ئایینی (زۆرتر لە ناو شیعەدا) * **هیأت**

▣ هیئت اعزامی: شاند؛ دەستە/ وەفدی نارداو.

هیئت امنا: لێژنەی دەسپاک؛ دەستەی باوەڕ پێکراو؛ تاقمێ جێڕێز و بڕوای هەمووان کە کاری هەڵبژاردنی بەڕێوەبەرانیان لە ئەستۆدایە.

هیئت تحریریه: دەستەی نووسیاری/ نڤیسیاری؛ وەفدی نووسەران/ نڤیسین؛ لێژنەی نووسەران.

هیئت دولت: لێژنەی دەوڵەت؛ بریتیە لە سەرۆک کۆمار یان سەرەک وەزیر و وەزیرەکانی.

هیئت رییسه: لێژنی بەرپرس/ سەرۆکایەتی.

هیئت مدیره: لێژنە/ دەستەی بەڕێوبەرایەتی.

هیئت نمایندگی: دەستەی نوێنەرایەتی؛ لێژنەی نوێنەران.

هیبت / heybat/: [عربی]/*اسم.* سام؛ ساو؛ ساویر؛ ساهمەک؛ هەیبەت؛ حێوەت: ١. ترسی هاوڕێ لەگەڵ ڕێزدا کە کەسێک لە دیتراندا بەدی دێنێ ٢. خۆف؛ ترسی زۆر ٣. جەلال؛ گەورەیی؛ شکۆ.

▣ هیبت کسی دیگران را گرفتن: سامی کەسێک کەسانی دی گرتن ‹هیبت دبیر تازه، همه‌ی بخشها را گرفته بود: سامی ماموستای تازه، هەموو بەشەکانی گرتبوو›.

هیبرید / hîbrîd، ـها/: [فرانسوی] *صفت. [زیست‌شناسی]* دووڕەگە؛ دووڕەگەز؛ دووڕە؛ دوراج؛ دوراجی؛ دڕاجە؛ مەلەز؛ دووڕێژ؛ دوو تۆمە؛ دووڕێژە؛ بەدی هاتوو لە دوو ڕەگەزی جیاواز.

هیپرتونیک / hîpertonîk/: [انگلیسی] *صفت. [شیمی]* پرتەوژم؛ بە تەوژم؛ پڕفشار.

هیپرون / hîperon، ـها/: [؟]/*اسم. [فعل]* هیپیرۆن؛ لە گەردیلە بنەڕەتیەکانی ئەتوم کە لە

پروتون و نوترون قورستره بەلام تەمەنی کەمترە.

**هیپنوتیزم** / hîpnotîzm/: [فرانسوی] ☜ **هیپنوتیسم**

**هیپنوتیزور** / hîpnotîzor ، ـها/: [فرانسوی]/سم. ئەو کەسەی کاری هیپنۆتیزم کردنە.

**هیپنوتیسم** / hîpnotism/: [فرانسوی]/سم. هیپنۆتیسم؛ بار و دۆخی خەوی دەسکرد کە مرۆ دەسەلاتی دەکەوێتە بەر کاریگەری کەسی دی: **هیپنوتیزم**

**هیپوتالاموس** / hîpotālāmûs/: [فرانسوی]/سم. هیپۆتالاموس؛ بەشی ژێرەوەی مێشکی نێوانی گواندارن کە لە ژێر تالاموسدایە و ناوەندەکانی رێکخستنی چالاکیە ناویستەکانی ژیان لە خۆ دەگرێ.

**هیپوتونیک** / hîpotonîk/: [فرانسوی] صفت. *[تیمی]* هیپۆتونیک؛ کەمتەوژم.

**هیپوفیز** / hîpofîz/: [فرانسوی]/سم. هیپۆفیز؛ لوویەکی خرپلانە لە سەر ئێسکی پەپوولەیی کاپۆلدا کە بە ئەندازەی فندقێکە و هەموو لووەکانیتری لەش رێبەری دەکا.

**هیپی** / hîpî ، ـها/: [انگلیسی]/سم. هیپی؛ ئەو لاوانەی لە دژی نەریتی کۆمەڵگای رۆژاوادا، جلی سەیر و سەمەرە لە بەر دەکەن و خۆیان نائاسایی دەرازێننەوە و ماک و دەوای سرکەر بەکار دێنن.

**هیتر** / hîter ، ـها/: [انگلیسی]/سم. هیتیر؛ وەجاخی کارەبایی.

**هیتی** / hîtî/: *اسم*. هیتی: ١. ـها؛ ـان/ هۆزی سپی پێستی کەونارا کە لە هەزارەی دووهەمی پێش لە زایین لە ئاسیای بچووک و سووریادا دەولەتێکی بەهێزیان پێکەوە نابوو ٢. زمانی ئەو هۆزە؛ لە زمانەکانی هێندو-ئوروواپایی.

**هیجان** / hayacān, hayecān ، ـها؛ ـات/: [عربی] /سم. زیج؛ هەیەجان: ١. کاردانەوەیەکی هەستی یان ئاکاری لە بەرامبەر دۆخێکی چاوەڕوانی نەکراوەوە ٢. کاردانەوەی ڕەوانی و لەشی (وەکوو ترس) کە بە شێوەی هەستێکی بەهێز دەبێتە هۆی گۆڕانکاریەکی لەشی و ئامادە بوون بۆ چالاکیەکی دەسبەجێ.

**هیجان‌آور** / hayacānāvar, hayecān-/: [عربی/ فارسی] ☜ **هیجان‌انگیز**

**هیجان‌انگیز** / hayacānangîz, hayecān-/: [عربی/ فارسی] صفت. ١. زۆر سەیر و خۆش ٢. هۆی بەدیهێنانی ئەو بار و دۆخە * **هیجان‌آور**

**هیجانی** / hayacānî, hayecānî/: [عربی] صفت. هەیەجانی: ١. پڕ هەیەجان ‹فیلم هیجانی: فیلمی هەیەجانی› ٢. پێوەندیدار بە هەیەجانەوە ‹رفتارهای هیجانی: کردەوەگەلی هەیەجانی›.

**هیجده** / hîcdah/ ☜ **هجده**

**هیچ**[1] / hîč/: *صفت*. هیچ؛ حیچ؛ هۆچ؛ هوویچ؛ هێچ؛ تو: ١. هیچوپووچ؛ مەراش؛ نەتشت؛ ژخۆ؛ کەمبایەخ یان بێبایەخ ‹این کارها هیچ است: ئەم کارانە هیچوپوچن› ٢. نەبوو؛ نەبووگ ‹هیچ کس اینجا نیست: هیچ کەسێک لێرەدا نیە›.

**هیچ**[2]: *قید*. هیچ؛ حیچ: ١. ئەرێ؛ هەر؛ ئایا؛ ئاخۆ ‹هیچ می‌دانی؟؛ هیچ دیدەای؟؛ نەری زانیوتە؟؛ هەر دیوتە؟› ٢. قەت؛ قەد؛ هەر؛ هەرگیز ‹هیچ ندیدەام؛ هیچ نرفتە بود: قەت نەمدیوە؛ هەرگیز نەڕۆشتبوو› ٣. زێدە لە وەش؛ زیاد لەوەش ‹پول کتاب را که نداد هیچ، پولی هم قرض گرفت: هیچ پارەی کتێبەکەی نەدا، پارەشی لێم ساند!›: **هیچی** *[گفتاری]*

**هیچ**[3]: ضمیر. هیچ؛ حیچ؛ حیچیە؛ هیچێ؛ هیچێک؛ حیچێ؛ چ؛ چی ‹هرچه پرسیدند، من هیچ نگفتم: هەرچی پرسیان، من هیچم نەگوت›.

**هیچ**[4]: *پیشواژە*. هیچ- ؛ حیچ- ‹هیچکاره؛ هیچکس؛ هیچیک: هیچکارە؛ هیچکەس؛ هیچکام›.

**هیچ‌چیز** / hîč.čîz/: ضمیر. هیچ‌شتێ؛ هیچێ؛ هووچ چیشت؛ هیچ چێو؛ هیچیە؛ حیشتێ ‹آرام هیچ‌چیز نداشت: ئارام هیچ‌شتێکی نەبوو›.

**هیچکاره** / hîčkāre/: *صفت.* هیچکاره: ۱. بێ‌کار و پیشه ‹همه‌کاره هیچکاره است: هه‌مه‌کاره هیچکاره‌یه› ۲. بێ‌ده‌سه‌لات؛ ده‌ست‌نه‌رۆیشتوو؛ ده‌س‌نه‌لوا ‹او در آن اداره هیچکاره است: له‌و مه‌رزینگه‌دا هیچکاره‌یه›.

**هیچکدام** / hîčkodām/ ☜ **هیچ‌یک**

**هیچکس** / hîčkas/: *ضمیر.* هیچ‌که‌س؛ هووچکه؛ هیچکه؛ نه‌که‌سێک ‹در آنجا هیچکس نبود: هیچکه‌س له‌وێ نه‌بوو›.

**هیچگاه** / hîčgāh/: *قید. [ادبی]* قه‌د؛ قه‌ت؛ هیچ‌وه‌خت؛ هیچ‌کات؛ هیچکه‌ی؛ هیچکای؛ هه‌رگیز؛ هه‌رگیزای‌هه‌رگیز؛ هه‌رگیزاوهه‌رگیز ‹او هیچگاه سفر نکرده است: قه‌ت سه‌فه‌ری نه‌کردووه›.

**هیچگرا** / hîčgerā ، ـیان/: *صفت.* هیچ‌واز؛ هیچ‌خواز؛ هیچه‌وگر.

**هیچ‌گرایی** / hîčgerāyî/: *اسم.* هیچ‌وازی؛ هیچ‌خوازی؛ هیچ‌وپووچ‌وازی؛ هیچه‌وگری: ۱. بڕوا به‌وه‌ی که بایه‌خێک نیه و ژیان بێخۆ و هیچ‌وپووچه ۲. ئایینێ که ڕاستی و به‌تایبه‌ت ئاکار به هیچ ده‌زانێ ۳. ئایینێ که ده‌ڵێ پێکهاته‌ی دنیا هێند خراپه که به‌ر له دروست کردنه‌وه‌ی ده‌بێ کاول کرێ.

**هیچ‌گونه** / hîčgûne/: *قید.* به هیچ جۆر؛ هیچ‌جۆرێ؛ هیچ‌کلووجێ؛ هیچ چه‌شنه؛ هیچ جۆرێک؛ هیچ جۆر.

**هیچمدان** / hîčmadān ، ـان/: *صفت. [ادبی]* هیچ‌نه‌زان؛ ناشاره‌زا؛ نائاگا ‹حالا شما از بنده‌ی هیچمدان می‌خواهید که راهی پیش پایتان بگذارم؟!: ئێسته ئێوه له منی هیچ‌نه‌زان ده‌تانه‌وێ ڕێتان پێ نیشان بده‌م؟!›.

**هیچوقت** / hîčvaqt/: [فارسی/ عربی] *قید.* قه‌ت؛ قه‌د؛ هه‌رگیز؛ هیچ‌وه‌خت؛ هیچ‌کات؛ هیچکه‌ی؛ هیچکا؛ هیچ‌سات ‹هیچ‌وقت او را ندیده‌ام: قه‌ت نه‌یمدیوه›.

**هیچی**[1] / hîčî/ ☜ **هیچ**[2] **ـ۳**

**هیچی**[2]: *ضمیر. [گفتاری]* هیچ؛ حیچ؛ هیشتێ؛ هیشتێک؛ هیچێ؛ هیچێک ‹هیچی نگفت: هیچی نداشتم: هیچی نه‌گوت؛ هیشتیکم نه‌بوو›.

**هیچ‌یک** / hîčyek/: *ضمیر.* ۱. هیچکام؛ هیچکامه؛ شتاق؛ نه‌یی: ۱. دانه‌یێ؛ نه‌یه‌ک‌له‌مانه؛ هیچ‌دانه‌ی؛ هیچ‌یۆ ‹هیچ‌یک از این کتاب‌ها به درد نمی‌خورد: دانه‌یی له‌م کتێبانه به کار نایێ› ۲. که‌س؛ هیچ‌که‌س ‹هیچ‌یک از آنها خبر نداشت: که‌سیان خه‌به‌ری نه‌بوو› * **هیچکدام**

**هیدر** / hîder ، ـها/: [فرانسوی] *اسم. [زیست‌شناسی]* هیدر؛ ئیدر؛ ساکارترین گیانه‌وه‌ری پرخانه‌یی که له ئاوی شیرینداا ده‌ژی.

**هیدرات** / hîdrāt ، ـها/: [فرانسوی] *اسم. [شیمی]* هیدرات؛ ئیدرات؛ ئه‌و ماکه‌ی له‌گه‌ڵ ئاودا تێکه‌ڵ بووه: **ئیدرات**

▣ هیدرات کربن: هه‌ر مولکوولێکی پێکهاتوو له که‌ربون، ئوکسیژن و هیدروژن (وه‌ک شه‌کر، نیشاسته و سیلولوز): **کربوهیدرات**

**هیدراته** / hîdrāte/: [فرانسوی] *صفت.* هیدارته؛ ئیدراته؛ ماکی کیمیایی ئاودار: **ئیدراته**

**هیدراسیون** / hîdrās(i)yon/: [فرانسوی] *اسم.* هیدراسیۆن؛ ئیدراسیۆن؛ تێک‌ئالان له‌گه‌ڵ ئاودا: **ئیدراسیون**

**هیدروالکتریک**/ hîdro'elekterîk, -'elektirîk/: [فرانسوی] *صفت.* هیدرۆئیلێکتریک؛ پێوه‌ندیدار به وه‌رگرتنی به‌رق له ئاو: **ئیدروالکتریک**

**هیدروتراپی** / hîdrot(e)rāpî/: [فرانسوی] *اسم.* ئاوده‌رمانی؛ هیدرۆتراپی؛ ئیدرۆتراپی: ۱. ده‌رمانی بڕێ نه‌خۆشی به وه‌رزشی تایبه‌ت له ئاودا ۲. ڕه‌وشێکی ته‌ندورستی به خواردنه‌وه‌ی ئاو: **ئیدروتراپی**

**هیدروتروپیسم** / hîdrot(e)ropîsm/: [فرانسوی] *اسم.* ئاوخوازی؛ ئاوه‌گری؛ هیدرۆتڕۆپیسم؛ تایبه‌تمه‌ندیه‌ک له گیادا که ئه‌بێته هۆی به‌خۆدا هاتن و گه‌شه کردن له ڕاسته‌ی ڕه‌وتی ئاودا:

**ئیدروتروپیسم**

هیدرور / hîdrûr/: [فرانسوی] ☜ **هیدرید**

هیدروژن / hîdrojen/: [فرانسوی]/سم. هیدروژن؛ ئیدروژێن؛ ساکارترین و سوکترین توخمی کیمیاوی بە ژمارەی ئەتۆمی ١ و کێشی ئەتۆمی ١ کە گازێکی بێڕەنگ و بۆنە، زوو ئاگر دەگرێ و یەکێک لە دوو توخمی پێکهێنەری ئاوە و لە بژیشکی و پیشەسازیدا زۆر بەکەڵکە: **ئیدروژن**

▣ هیدروژن سنکین: دوتریوم؛ هیدروژنی قورس؛ ئیزۆتوپی یەک نوترۆنی هیدروژن.

هیدروژناسیون / hîdrojenās(i)yon/: [فرانسوی] /سم. هیدروژێناسیون؛ ئیدروژناسیۆن؛ هیدروژندار کردنی بڕێ ماکی کیمیایی: **ئیدروژناسیون**

هیدروژنش / hîdrojeneš/: [فرانسوی]/سم. هیدروژێنێش؛ ئیدروژێنێش؛ کار و ڕەوتی گرتنە ژێر کارتێکەری هیدروژنی ماکێکی کیمیایی یان تێکئالانی لەگەڵ هیدروژندا: **ئیدروژنش**

هیدروژنە / hîdrojene/: [فرانسوی] صفت. هیدروژندار؛ ئیدروژنە؛ بە ئەتومی هیدروژن لە ناو فرمووڵی کیمیاییدا: **ئیدروژنە**

هیدروستاتیک / hîdro('e)stātîk/: [فرانسوی] /سم. هیدروستاتیک؛ لقێک لە زانستی میکانیک کە لە سەر دۆخی مەندی تراو و هێزەکانی سەر بەوە دەکۆڵێتەوە: **ئیدروستاتیک**

هیدروسفالی / hîdrosefāli/: [فرانسوی]/سم. /پزشکی/ هیدروسیفالی؛ ئیدروسیفالی؛ دۆخی زۆر بوونەوەی تراوی نێو مێشک: **ئیدروسفالی**

هیدروسفر / hîdrosfer/: [فرانسوی]/سم. هیدروسفیر؛ سەرجەمی ئاوگەلی زەوی: **ئیدروسفر**

هیدروفویل / hîdrofoyl ، ـها/: [فرانسوی]/سم. هیدرفۆیل؛ جۆرێ کەشتی کە بنەکەی تەختە و بە سەر ئاودا دەڕوا: **ئیدروفویل**

هیدروفیل / hîdrofîl/: [فرانسوی] صفت. هیدرۆفیل؛ ئاودۆس: **ئیدروفیل**

هیدروکربن / hîdrokarbon/: [انگلیسی]/سم. /شیمی/ هیدرۆکەربون؛ ئیدرۆکەربون؛ پێکهاتەیەک لە کەربون و هیدرۆژن: **ئیدروکربن؛ ئیدروکربور؛ کربورهیدروژن؛ هیدروکربن**

هیدروکربور / hîdrokarbûr/: [فرانسوی] ☜ **هیدروکربن**

هیدرولۆژی / hîdrolojî/: [فرانسوی]/سم. ئاوناسی؛ هیدرۆلوژی؛ ئیدرۆلوژی؛ زانستی ناسینی ئاو: **ئیدرولوژی**

هیدرولیز / hîdrolîz/: [فرانسوی]/سم. /شیمی/ هیدرۆلیز؛ ئیدرۆلیز؛ شی کردنەوەی شیمیایی بە ئاو.

هیدرولیک / hîdrolîk/: [فرانسوی]/سم. هیدرۆلیک؛ ئیدرۆلیک؛ لقێک لە زانست و تەکنۆلۆجی کە لە سەر تایبەتمەندیگەلی فیزیکی و کەلک گرتن لێیان دەکۆڵێتەوە: **ئیدرولیک**

هیدرولیک: صفت. هیدرۆلیکی؛ ئیدرۆلیکی؛ سەر بە هیدرۆلیک.

هیدرولیکی / hîdrolîkî/: [فرانسوی] صفت. هیدرۆلیکی؛ ئیدرۆلیکی؛ سەر بە هیدرۆلیک.

هیدرومتر / hîdrometr ، ـها/: [فرانسوی]/سم. هیدرۆمیتر؛ ئیدرۆمیتر؛ تراوپێو؛ ئاوپێو: **ئیدرومتر**

هیدرید / hîdrîd ، ـها/: [انگلیسی]/سم. /شیمی/ هیدرید؛ ئیدرید؛ تێکئالاوی کانزا و هیدرۆژن یان کانزا و ناکانزا پێکەوە: **ئیدرید؛ هیدرو**

هیرودین / hîrodîn/: [؟]/سم. هیرۆدین؛ ماکی گیرسێنەری خوێن کە لە لیکی زالوو دەدەلێ.

هیراکس / hîrāks/: [؟] ☜ **موشکُلە**

هیروگلیف / hîyerog(e)lîf, hîrog(i)lîf/: [فرانسوی] ☜ خط هیروگلیف، **خط**

هیر و ویر / hîr-o-vîr/: /سم. /گفتاری/ بگرە و بەردە؛ گیر و داو؛ هەرەمەزات؛ گورمۆرە؛ بار و دۆخی جەنجاڵ و شپرز و شێواو.

هیز / hîz/: صفت. حیز: ١. بە ئاڵۆش؛ زەنەک (بۆ

www.perawipepwle.com



پیاو)؛ حەشەری (بۆ ژن)؛ ئەلۆر؛ شاوەتی ۲. لاکوت؛ چاولەوەڕێن؛ نەزەرباز؛ چاوچەرێن؛ چاوچلێس؛ چاوحیز؛ تۆلاز.

هیزم / hîzom / ـها/: *اسم.* زەنگ؛ ئیزنگ؛ کەلەدار؛ بڕەدار؛ هێزم؛ هێزمێ؛ هێزنگ؛ ئێزنگ؛ ئێزینگ؛ کولک؛ کۆلی؛ ئەنجینە؛ ئەنجێنە؛ قلاشکەری؛ قەلاشکەری؛ گەل؛ پێلەوار؛ موور؛ هیمە؛ زەنگەتلیش؛ ئاگردوو؛ خچچیلە؛ چیلی؛ داری کە بۆ سووتان تایبەت کراوە.

▣ هیزم تر بە کسی فروختن: *[تعریض]* خراپە بۆ کەسێک بوون؛ خراوی بۆ کەسێ بوون ‹مگر من چە هیزم تری بە تۆ فرۆشتبێ بووم کە رفتی از دستم شکایت کردی؟: مەگەر من چ خراپەیەکم بۆ بووە، ڕۆشتووی شکاتمت کردووە؟›.

هیزم‌شکن / hîzomšekan ، ـها؛ ـان/: *اسم.* دارکەر؛ داربڕ؛ ئێزنگ کۆکەرەوە؛ کەسێ کە پیشەی شکاندنی چێو یان بڕینەوەی دارە بۆ هێزنگ.

هیزی / hîzî/: *اسم.* حیزی؛ هیزی: ۱. دۆخ یان چۆنیەتی حیز بوون ‹مرد به آن هیزی ندیده بودم: پیاوم بەو حیزە نەدیبوو› ۲. *[مجازی]* زیناکاری ‹چرا بترسم؟ مگر دزدی کردم؟ هیزی کردم؟: بۆ بترسم؟ مەگەر دزیم کردووە؟ حیزم کردووە؟›.

هیس / hîs/: *صوت.* هس؛ هیس؛ هەش؛ هوس؛ وس؛ خوس؛ وست؛ هش؛ هوش؛ پس؛ پست؛ وتەی فەرمان بە بێدەنگ بوون ‹هیس! ساکت باش!: وس! بێدەنگ بە!›.

هیستری / hîsterî/: [فرانسوی]/*اسم. [روان‌شناسی]* هیستری: ۱. ڕەنجانی دەروون کە بە تێکچوونی هەست و کاری ئەندامانی هەناو خۆی دەردەخا ۲. ترس و زیچی زۆر.

هیکل / heykal ، ـها؛ هَیاکل/: [معرب از عبری]/*اسم.* بەژن؛ پەیکەر؛ هەیکەل؛ هەیکەل؛ قەلافەت؛ نژم؛ لەش؛ کەلەش؛ کەلەخ؛ کەڤال؛ کەلەستە؛ گۆدە؛ گۆڤدە؛ تەن؛ بەچک؛ تووز ‹هیکل قشنگی داشت: هێکی جوانی بوو›.

